# پوختەی فیقهی شەریعەت

تصویر ابو عبد الرحمن الكردي

## بەبەڵگەی قورئان و سوننەت

(عبادات) - (معاملات)

www.iqra.ahlamontada.com منتدى اقرأ الثقافي

www.iqra.forumarabia.com منتدى اقرأ الثقافي





نووسینی
طارق حسن هەمەوەندی

2006

منتدى إقرأ الثقافي

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )

منتدى إقرأ الثقافي

ن و القلم وما ...
15000

# پوختەی

# فیقهی شەریعەت

# بە بەلگەی

# قورئان و سوننەت

**نوسینی:**

**طارق حسن هەمەوەندی**

منتدى إقرأ الثقافي

بسم الله الرحمن الرحيم

قَالَ تَعَالَى: ﴿ فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ . . . ﴾ (التوبة: ١٢٢)

وَقَالَ أيضاً ﴿ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا . . ﴾ (الحشر: ٧)

وَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) : «مَنْ يُرِدِ اللهُ بِهِ خَيْراً يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ»

[رواه البخاري (٣٢١٦) ومسلم (١٠٣٧)].

---


- ناوی کتێب: پوختەی فیقهی شەریعەت بە بەڵگەی قورئان و سوننەت..
- دانانی: طارق حسن عزیز هەمەوەندی.
- ژمارەی چاپ: چاپی پێنجەم ﴿ چاپخانەی شارستان ﴾
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە.
- ژمارەی سپاردنی (١٦٩)ی ساڵی ١٩٩٨ای پێدراوە لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریەوە.



- مافی لە چاپدان و لە بەرگرتنەوەی پارێزراوە.



لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی مەریوان



منتدى إقرأ الثقافي

# پێشەکی

(( إِنَّ الحَمْدَ لِلَّهِ ، نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَسَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ ،

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقَاتِهِ ، وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ﴾ (آل عمران: ١٠٢)

﴿ يَآ أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ ، وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا ، وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاءً ، وَاتَّقُوا اللهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ ، إِنَّ اللهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً ﴾ (النساء: ١)

﴿ يَآ أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللهَ ، وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً ، يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ، وَمَنْ يُطِعِ اللهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيماً ﴾ (الاحزاب: ٧٠-٧١)

أَمَّا بَعْدُ فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتَابُ اللهِ ، وَخَيْرُ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ(ﷺ) وَشَرُّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا ، وَكُلُّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ ، وَكُلُّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ ، وَكُلُّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّارِ ))(أ)

برا موسلمانەکان ، بەڕاستی زانستی فیقهی شەرعی یەکێکە لە پیرۆزترین و باشترین زانستەکان چونکە بەم زانستە پەرستنەکان ڕاست دەکرینەوە ، ئەو پەرستنانەی کەمەبەستی سەرەکی یە لەدروست کردنی مرۆڤدا وەک خوای گەورەو مەزن دەفەرموێ:

﴿وَمَا خَلَقْتُ الجِنَّ وَالإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ (الذاريات: ٥٦)

جا ئەگەر چی مرۆڤ لە بنەڕەتدا ڕزگاری نابێت تەنها بە ڕاستی بیروباوەر (صِحَّةُ الإِعْتِقَادِ) نەبێت ، وە سەلامەت بوونیشی لە پۆخڵەواتی شیرک ، هەروەها ئەو ڕزگار بوونەش بە تەواوەتی نایەتە دی مەگەر بە ڕاستی پەرستنەکان ( صِحَّةُ العِبَادَةِ ) وە سەلامەت بوونیشی لە پۆخڵەواتی بەدیهێنراوەکان ( البِدَع ).

---

(أ) ئەم پێشەکی یە پێی دەوترێت ( خُطْبَةُ الحَاجَةِ ) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ووتار و ئامۆژگاری و وانەکانی پێوە دەست پێدەکرد ، وە ( الشَّيْخُ الأَلْبَانِي ) نامیلکەیەکی بە سوودی هەیە لەو بارەیەوە ، دەتوانیت تەماشای بکەیت .

منتدى إقرأ الثقافي

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمێ: (( مَنْ يُرِدِ اللهُ بِهِ خَيْراً يُفَقِّهُ فِي الدِّينِ ))
واتە: ئەگەر خوای گەورە ویستی چاكەی ببێت بەهەر كەسێك شارەزای دەكات لە شەریعەتدا [رواه البخاري (٣٢١٦) ومسلم (١٠٣٧)].

وەپیرۆزی وەزنی ئەم زانستە زیاتر لەوەدا دەردەكەوێت كەوا مرۆڤ لە هەموو هەڵس وكەوتەكانی ژیانی دا پێویستی پێی دەكەوێت ، ئیتر چی ئەوەی لە نێوان خۆی و پەروەردگاری دا بێت یان لە نێوان خۆی و خەڵكی دا بێت ، چونكە بەو پەتی پەیوەندی نێوان بەندە و پەروەردگار توند تر دەبێت لە نهێنی و ئاشكرا دا ، بەوەی لە دەست نوێژ گرتن و نوێژ كردن و زەكات دان و ڕۆژوو گرتن و حەج كردن .. هتد دا دەخوێنرێت.

وە بەویش ئاڵای ئیسلام بەرز دەبێتەوە ، وە ووشەی بەرزی ( الله) لە سەر زەوی دا بڵاو دەبێتەوە بەوەی لە فیقهی جیهاد و غەزا و پەیمان و ...هتد دا دەخوێنرێت.

وە هەر بەویش بە دوای ڕۆزی حەلاڵدا دەگەڕێت ، وە دوور دەكەویتەوە لە حەرام و تاوان بەوەی لە فیقهی ( مُعَامَلَات) وكڕین و فرۆشتن و سوود(رِبَا) وەرگرتن .. هتد دا دەخوێنرێت.

وە هەروەها بەویش دەتوانرێت میرات بەو شێوەیەی خوا داوای كردوە دابەش بكرێت ومافی خاوەن مافەكان نەخورێت و پێشێل نەكرێت بەوەی لە فیقهی دابەش كردنی میرات (الفَرَائِض) دا دەخوێنرێت .

وە بەویش خۆشترین ژیانی ژن ومێردایەتی بە سەر دەبرێت و دووریش دەبێت لە هەموو جۆرە ستەمێكی نەفامی ، بەوەی لە فیقهی( نِكَاح ) و(طَلَاق ) ... دا دەخوێنرێت .

وە هەروەها لە هەموو بوارەكانی تری ژیاندا فیقهی شەریعەتی ئیسلام جوانترین و ڕێك و پێك ترین یاسایە ، چۆن وانابێت ، شەریعەتێك دانەرەكەی (عَلِيْمُ الحَكِيْم ) بێت كەوا هەر خۆی باش دەزانێت چی بە كەڵكە و چیش بێ كەڵكە ...

وە لە بەر ئەوەی شەریعەتی ئیسلام هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ یەك ڕا(رَأيٌ وَاحِد ) ، ئەگەر چی جیاواز یشی تێدا دروست بووە ، بۆیە پێم باش بوو هەڵسم بە دانانی كتێبێكی فیقهی بە زمانی كوردی لە سەر بەڵگەی ئایەتی (قرآن ) و فەرموودەی ڕاست (كەوا زانا فەرموودە ناسەكان كۆن و تازە پەسەندیان كردبێت و بەڕاستیان دانابێت ) و بۆ چوونی ڕاست تری (الرَّاجِح )ی زانایانی فیقهی ئیسلامی لە هەر چوار مەزهەبەكەوزانایانی تریش بە بێ دەمارگیری كوێرانە بۆ هیچ كامێكیان ، (( چونكە بێ گومان ئەوان هەموویان زانای پایە

منتدى إقرأ الثقافي

بەرزی ئیسلامن و بەردەوام لە کۆشش(إجْتِهَاد)دا بوون بۆ ڕوون کردنەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ موسوڵمان لە ڕوانگەی قورئان و سوونەتەوە ، ئیتر جاری وا بووە ئەویان لە مەسەلەیەک دا نەیپێکاوە وە ئەوی تریان لە مەسەلەیەکی تردا ، بۆیە زۆر نا بەجێیە ئەگەر ئێمە دەمارگیری کوێرانەمان بۆ یەکێکیان هەبێت ، وە لە هەموو مەسەلەیەکدا هەر ڕاو بۆ چوونی ئەو هەڵبژێرین ، ئەگەر نەیشیپێکابێت ، وە ڕاو بۆ چوونی ئەوانی تر پشت گوێ بخەین لە هەموو مەسەلەیەکدا ، ئەگەر پێکابێتیشیان ، لە ڕاستیدا ئەمە ستەم و تاوانێکی زۆر گەورەیە کەوا ڕای زانایەک یا ڕای کۆمەڵێک زانا بکەی بە ئایین بۆ موسوڵمانان و ناوی لێ بنێی شەریعەتی ئیسلام !! چونکە بێ گومان شەریعەتی ئیسلام بریتییە لە پاڵفتەکردنی ڕاو بۆ چونی ڕاستی هەر هەموویان ، چونکە کاتێک تۆ - بۆ نموونە - ڕاو بۆچوونی ئیمامێکی پایە بەرزی وەک ئیمامی (شَافِعِي) لە هەموو شتێکدا بە شەریعەت و ئایینی ڕاست بزانیت ، ئەوە خۆی بۆخۆی _ بە مەبەستەوە بێت یان بە بێ مەبەست _ بە هەڵە خستنەوەی ڕای ئەو ئیمامە پایە بەرزانەی ترە وەک ئیمامی ( أَبُو حَنِيْفَة و مَالك و أَحْمَد و... هتد) لەو ڕایانەتان کە جیاوازن لە گەڵ ئیمامی (شَافِعِي)دا ، هەروەها ئەگەر ڕای زانا شافعیکان بە تەنها هەڵبژێریت و بە شەریعەت و ئایینی بزانیت ئەوە بە هەمان شێوە بە هەڵە خستنەوەی زاناکانی ترە ... جا ئەگەر یەکێک بڵێت وا نییە ، بەڵکو ئەمیشیان ڕاستە و ئەویشیان هەر ڕاستە ، ئیتر ئەوەی (شَافِعِي) مەزهەبە ، ئەوە ڕای شافعیکان وەردەگرێت وە ئەوەیشی (حَنَفِي) مەزهەبە، ئەوە ڕای حەنەفیکان وەردەگرێت و...هتد !! لەو کاتەدا <u>منیش بەو کەسە دەڵێم</u> : ئەم قسەیە دەقاو دەق پێچەوانەی(مُخَالف) ە لە گەڵ ئایەتی قورئاندا ، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرمێ: ﴿ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللهِ لَوَجَدُوا فِيْهِ اخْتِلَافًا كَثِيْرًا ﴾ (النساء: ٨٢) واتە : ئەگەر ئەم قورئانە لە لایەن غەیری خواوە بوایە ، ئەوە جیاوازی زۆریان تێدا دەبینی . کەوا بوو شەریعەتی خوا نابێت هیچ جیاوازیەکی تێدا ببێت ، چۆن دەبێت هەر لە شەریعەتی خوا دا لە یەک کاتدا بڵێی : دەست نوێژ لە دەست پێوەدانی پێستی ئافرەت دەشکێت وە هەروەها ناشکێتیش ، لە ڕاستیدا ئەمە قسەیەکی زۆر نابەجێیە .. ئەمە تارادەیەک ئەگەر کابرایەکی نەخوێندەواری تێ نەگەیشتوو بیڵێت ، لەوانەیە زۆر ناهەقی نەگیرێت ، بەڵام ئەگەر کەسێک ئەم قسەیە بکات کە خۆی بەجێ نشینی پێغەمبەر (ﷺ) بزانێت زۆر


منتدى إقرأ الثقافي

سەیرە !)) [ب] چونکە وا دەزانم خوێنەری کورد زمان زۆر پێویستی بە کتێبێکی وا هەیە ، کەوا بە کورتی و ئاسانی حوکمە شەرعیکان بە دەستەوە بدات لە گەڵ بەڵگەکانی دا ، جا لە بەرئەوە زیاتر سوود بەخش تر بێت و بتوانرێت لە بەر بکرێت ، حوکمە شەرعیکانم لە سەرەوە نووسیوەتەوە و کردومە، بە(مَتْن) و بەڵگەکانیشم لە خوارەوە نووسیوەتەوە و کردومەتە(شَرْح).

**وە ئەو سەرچاوانەی کە زیاتر پشتم پێ بەستوە لەکاتی نوسینەوەی ئەم کتێبەدا :-**

**١) الرَّوْضَةُ النَّدِيَّة شَرْح الدُرَرِ البَهِيَّة (مُحَمَّد صِدِّيق حَسَن خَان)**
**٢) الوَجِيْز فِي فِقْه السُّنَّة وَالكِتَابِ العَزِيْز (عَبْدُ العَظِيْم بْن بَدَوِي)**
**٣) فِقْهُ السُّنَّة ( سَيِّد سَابِق )**
**٤) تَمَامُ المِنَّة فِي التَّعْلِيْقِ عَلَى فِقْهِ السُّنَّة (الشَّيْخ العَلاَّمَة مُحَمَّد نَاصِرِ الدِّيْن الأَلْبَانِي)**
**٥) سُبُلُ السَّلاَم (الأَمِيْرُ الصَّنْعَانِي)**
**٦) نَيْلُ الأَوْطَار (الإِمَامُ الشَوْكَانِي)**
**٧) مَنَارُ السَّبِيْل (إِبْنُ ضَوْيَان)**
**٨) التَّذْهِيْب فِي أَدِلَّةِ الغَايَةِ وَالتَّقْرِيْب (د. مُصْطَفَى دِيْبُ البُغَا )**
**٩) صَحِيْح مُسْلِم مَعَ شَرْحه شَرْح صَحِيْح مُسْلِم (النَّوَوِي)**
**١٠) الأُم ( الإِمَامُ الشَّافِعِي )**
**١١) الأَدِلَّةُ الرَّضِيَّة لِمَتْنِ الدُرَرِ البَهِيَّة فِي المَسَائِلِ الفِقْهِيَّة (مُحَمَّد صُبْحِي حَسَن الحَلاَّق)**
**١٢) صَحِيْحُ البُخَارِي مَعَ شَرْحه فَتْحُ البَارِي (إِبْنُ حَجَر العَسْقَلاَنِي)**
**١٣) سُنَنُ أَبِي دَاوُد (الحَافِظ أَبِي دَاوُد سُلَيْمَانُ بنُ الأَشْعَث السِّجِسْتَانِي)**
**١٤) سُنَنُ التِّرْمِذِي وَشَرْحه تُحْفَةُ الأَحْوَذِي (أَبُو العُلاَ المُبَارَكْفُوْرِي)**
**١٥) صَحِيْحُ سُنَن إِبْنُ مَاجَةَ (مُحَمَّد نَاصِرالدِّيْن الأَلْبَانِي)**
**١٦) صَحِيْحُ سُنَنُ النَّسَائِي (مُحَمَّد نَاصِرالدِّيْن الأَلْبَانِي)**
**١٧) المُحَلَّى شَرْحُ المُجَلَّى (الإِمَامُ الجَلِيْل إِبْنُ حَزْم)**

---

(ب) بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم مەسەلەیە بڕوانە کتێبمان(وەڵامێك بۆ کتێبی چەند گوڵێك لە گوڵزاری ئیسلا پێشکەش بە..) کە ئەم مەسەلەیەمان بە ڕوون تر لەوێدا باس کردوە .



منتدى إقرأ الثقافي

١٨) المُوطَّأ للإمَام مَالك مَعَ شَرحه تَنْوِيرُ الحَوَالِك (السَّيُوطِي)
١٩) فِقْهُ الإسْلَامِي وَأدلَّتُهُ (د.وَهْبَةُ الزُّحَيْلِي)
٢٠) المُغْني وَالشَّرْحُ الكَبِير (إبْنُ قُدامَةُ المَقْدِسِي)
٢١) مجْمُوعَةُ الفَتَاوى (شَيْخُ الإسْلَام إبْنُ تَيْمِيَة)
وەچەندەها سەرچاوەی تر....

وە بۆ (تَخْرِيج)ی فەرموودەکان زۆربەی جار سوودم لە کتێبە بەنرخەکانی زانای پایە بەرزی فەرموودەناس (مُحمَّد نَاصر الدِّين الألبَانِي )وەرگرتوە ، وەک ( سِلْسِلَةُ الأحَادِيْث الصَّحِيْحَة ، سِلْسِلَةُ الأحَادِيْث الضَّعِيْفَة وَالمَوْضُوعَة ، إرْوَاءُ الغَلِيْل فِى تَخْرِيج أحَادِيْث مَنَار السَّبِيل ، أحْكَامُ الجَنَائِز ، تَمَامُ المِنَّة ، صَحِيْح جَامع الصَّغِيْر ، صَحِيْح أبِي دَاوُد ، صَحِيحُ سُنَن إبْنُ مَاجَة ، صَحِيْح سُنَن التِّرْمِذِي ، صَحِيْح النَّسَائِي و...) چونکە بە ڕاستی لەم چەرخەدا تاکە کەڵە پیاوی ئەو مەیدانەیە ، هەروەها سوودم لە هەندێ زاناو کتێبی تریش وەرگرتووە ، بۆیە زۆر جار ئەگەر فەرموودەکە لە ڕیوایەتی (بُخَارِی) و (مُسْلِم)یان لە ڕیوایەتی یەکێکیان نەبێت ، ئەوە ئاماژەم بۆ سەر چاوەیەکی (تَخْرِيج)ی ئەو فەرموودەیە کردوە بۆ زیاتر دڵنیا بوون لە پلەی فەرموودەکان .

لە کۆتایدا داوام وایە لە خوای پەروەردگاری جیهان کەوا سەرکەوتوم بکات لەم کارەم دا ، بۆ ئەوەی تۆسقاڵێک منیش بەشدار ببم لە خزمەت کردنی ئایینەکەیدا ، وە پاداشتیشم بە چاکە بداتەوە لە سەری ، وە لە هەڵەو کەم وکوڕیەکانیشم خۆش ببێت ... آمِيْن

﴿ رَبَّنَا إِنَّا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ ،
سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ ﴾

أبُو هُدَى (طَارِق حَسَن) الهَمَوَنْدِي
مُحَرَّم / ١٤١٩هجری - آیار/ ١٩٩٨مِیلادِي
کوردستان ـ کەلار
مزگەوتی تەقوا


منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی پاككردنەوە (الطَّهَارَة)

## جۆرەكانی ئاو ( أَقْسَامُ المِيَاه )

ئاو پاكە وپاك كەرەوەیشە [1] ، تاوەكو شتێكی پیسی تێكەڵ دەبێ ڕەنگی یان تامی یان بۆنی دەگۆڕێت ، ئەوە لەو حاڵەتەدا لەپاكی و پاك كەرەوەیش دەری دەكات [2] وەیان شتێكی پاكی تێكەڵ ببێ ڕەنگی یان تامی یان بۆنی بگۆڕێت ، ئەوە لەو حاڵەتەدا تەنها لە پاك كەرەوەیی دەری دەكات [3]

---

( ١ ) هیچ جیاوازیەك نی‌یە لە نێوان زانایاندا كەوا پاكەو پاك كەرەوەیشە ، خوای گەورە لە سورەتی (الانفال :١١) دا دەفەرمێ: ﴿ وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُمْ مِنَ السَّمَآءِ مَآءً لِيُطَهِّرَكُمْ بِهِ ﴾.. واتە : خوای گەورە لە ئاسمانەوە ئاوتان بە سەردا دادەبەزێنێت بۆ ئەوەی پاكتان بكاتەوە پێ‌ی . وە لەم بارەیشەوە فەرموودەی زۆر هەیە بڕوانە [البخاری (٢/٢٢٧–مع الفتح) ومسلم (٥/٩٦بشرح النووی) وأبوداود (١/١٥٣/ ٨٣) والترمذی (١/٤٧/ ٦٩) وابن ماجة (١/١٣٦/٣٨٦) وغيرهم ] .

( ٢ ) بە بەڵگەی یەكڕایی (إِجْمَاع )ی زانایانی ئیسلام ، بڕوانە [(الاجماع لابن منذر ل ٣٣) و(مختصر بدر المنير ل١٨) و((البحر للمهدی ١/٣١) و (المجموع) للنووی١/١١٠) و(المغنی لابن قدامة ١/٥٢)].

( ٣ ) شتی پاك وەكو ماست و سابون وهەوير و ئەو شتانەی كە زۆربەی جار تێكەڵ بەئاو نین، ئەگەر تێكەڵ ببن بەئاو لەناوی ئاوی ڕووت دەری كات وەك پێ‌ی بوترێت ماستاو یان سابوناو ئەوە ئاوەكە لە پاك كەرەوەیی دەر دەكات بەڵام هەر بەپاكی دەمێنێتەوە واتە : ئەگەر بدات لەلاشەو جل و بەرگ پێویست ناكات بیشۆرێت . بەڵام غوسلی پێ ناكرێت و دەست نوێژی پێ ناگیرێت . ئەمە بۆ ئەو شتانەی كە زۆربەی جار تێكەڵ بە ئاو نین ، بەڵام ئەو شتانەی كە زۆربەی جار (عَادَة) وایە تێكەڵن لە گەڵ ئاودا وەك قەوزە ، ئەوە با ڕەنگ یان تام یان بۆنیشی بگۆڕێت هەر پاكەو پاك كەرەوەیشە .

**تێبینی:** ئەو شتە پاكانەی كە زۆر بەی جار تێكەڵ بە ئاو نین ، ئەگەر تێكەڵ ببن بەڵام زۆر نەبوو ئەوە هیچ كارێك ناكاتە سەر پاك كەرەوەیی ئاوەكە با بۆنیشی بگۆڕێت.

منتدى إقرأ الثقافي

**جا هیچ جیاوازیەك نییە ئەگەر ئاوەکە زۆر بێت یان کەم [٤]، ڕاوەستاو بێت یان ڕێ بکات [٥]، بە کارهێنراو بێت یان بە کار نەهێنراو [٦].**

لە بەر فەرموودەکەی (أُمُّ عَطِيَّةَ الأنْصَارِيَّة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە ژوورەوە کاتێك کە کچەکەی وەفاتی کردبوو ، جا فەرمووی :(( **إِغْسِلْنَها ثَلَاثاً أوْ خَمْساً أوْ أكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ إنْ رَأَيْتُنَّ ، بِمَاءٍ وَسِدْرٍ واجْعَلْنَ فِي الآخِرَةِ كَافُوراً أوْ شَيْئاً مِنْ كَافُورٍ** )) واتە: بیشۆنەوە سێ جار یان پێنج جاریان زیاتر لەوە ئەگەر بە باشتان بینی ، بە ئاو و(سِدْر) وە دوایین جاریش (کافور)ی تێکەڵ کەن یان هەندێك لە (کافور)... [ رواه البخاری (٣/١٢٥/ ١٢٥٣) ومسلم (٢/٦٤٦/ ٩٣٩) ].

(٤) لەم مەسەلەیەدا کە ئاو پاکەو پاك کەرەوەیە تا شتێکی پیسی تێدەکەوێت ڕەنگی یان تامی یان بۆنی دەگۆڕێت ئەوە لەو کاتەدا پیس دەبێت یان شتێکی پاکی تێبکەوێت لە ناوی ئاوی ڕووت دەریکات ئەوە لە پاك کەرەوەیی دەری دەکات ، ئا لەم بنەرەتەدا جیاوازی نیە ئیتر ئاوەکە کەم بێت یان زۆر . بۆ زیاتر دڵنیا بوون لەم باسە بڕوانە [(شَرْحُ السُّنَّة)للبغوی (٢/٥٩) و(نیل الاوطار) للشوکانی(١/٣٠) و(جَوهَرُ النَّقِي) لابن الترکمانی الذی بذیل السنن الکبری للبیهقی (١/٢٥٦) ].

(٥) بەهەمان شێوە لەو بنەرەتەی پێشوو دا جیاوازی نی‌یە ئەو ئاوە ڕێ بکات یان ڕێ نەکات ، بۆ دڵنیا بوونیش لەمە بڕوانە [(احکام الاحکام ) لابن دَقیقِ العید (١/٢١) و (المُحلی)لإبْنِ حزم (١/١٨٤)].

(٦) ئاوی بەکارهێنراو ئەو ئاوەیە کە دەست نوێژی پێ گیرا بێت یان غوسلی پێ کرا بێت ، بەڵگەی (تَأْثِیر) نەکردنی لە سەر (قَاعِدَة)کەمان فەرموودەکەی (جَابِر)ە (خوای لێ ڕازی بێت) ، کەوا فەرمووی : (( **جَاءَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) يَعُودُنِي وَأَنَا مَرِيضٌ لاَ أَعْقِلُ فَتَوَضَّأَ وَصَبَّ عَلَيَّ وُضُوءَهُ** )) واتە: ڕۆژێك تووشی نەخۆشی‌یەك هاتم بێ هۆشی خستم ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەردانی کردم ، و دەست نوێژی گرت و ئاوی دەست نوێژەکەی بەسەرم دا کرد [رواه البخاری (١/رقم/١٩٤) ومسلم (٣/١٢٣٢/ ١٦١٦)].

ئەمە بەڵگەی پاکی ئاوی بە کارهێنراو ، وە بەڵگەی پاك کەرەوەیشی فەرموودەکەی (رُبَيِّعُ بِنْتُ مُعَوِّذ)ە (خوای لێ ڕازی بێت)فەرمووی: (( **أنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) مَسَحَ بِرَأْسِهِ مِنْ فَضْلِ مَاءٍ كَانَ فِي يَدِهِ** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەسحی سەری کرد بەپاشماوەی ئەو ئاوەی کە بەدەستیەوە بوو [رواه ابوداود١( ١/ ٩١ /١٣٠ ) وهو حدیث حسن ، بروانە الروضة الندية تحقيق محمد صبحي حلاق (١/ ٦٨)] .



منتدى إقرأ الثقافي

# ئەو شتانەی کە پیسن
# (النَّجَاسَات)

## ئەوانەی پیسن[7] ، پاشە ڕۆ[8] ومیزی مرۆڤە بە گشتی[9]

(٧) کە پێویستە مرۆڤ خۆی لێ پاك بکاتەوە ئەگەر لە لاشەی یان لە جل وبەرگی دا.

(٨) لە بەر فەرموودەکەی (أَبو سَعِيدُ الخُدْرِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (( إِذَا جَاءَ أَحَدُكُمْ المَسْجِدَ فَلْيُقَلِّبْ نَعْلَيْهِ وَلْيَنْظُرْ فِيهِمَا فَإِنْ رَأى خُبْثًا فَلْيَمْسَحْهُ بِالأَرْضِ وَلْيُصَلِّ فِيهِمَا )) واتە: هەر یەکێکتان ئەگەر هاتن بۆ مزگەوت ، ئەوە با (نَعْل)ەکانی دیواودیو بکاتەوە وتەماشای کات ، ئەگەر پیسیەکی پێوە بینی ، با بە زەویدا بیساوێت ، پاشان نوێژی بکات [رواه الإمام أحمد (٣/٢٠) وأبوداود (٢/٢٥٣) مع العون وغيرهما وهو حديث صحيح بروانه صحيح أبي داود (٦٠٥) ].

(٩) لە بەر فەرموودەکەی (أَبو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: پیاوێکی دەشتەکی لە مزگەوتدا هەستا میزی کرد ، جا خەڵکی پەلاماریان دا ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی: (( دَعُوهُ وَهَرِيقُوا عَلَى بَوْلِهِ سَجْلًا مِنْ مَاءٍ - أَوْ ذَنُوبًا مِنْ مَاءٍ - فَإِنَّمَا بُعِثْتُمْ مُيَسِّرِينَ وَلَمْ تُبْعَثُوا مُعَسِّرِينَ )) واتە: وازی لێ بهێنن ، پاشان سەتڵێك ئاو بکەنە سەریدا ، ئێوە نێرراون بۆ ئەوە سووك کەرەوە بن نەك توند و گران کەرەوە [رواه البخاري (١/٣٢٣/٢٢٠) وغيره].

بەڵام میزی کوڕی شیرە خۆر (عَفْو)ی لێ دراوە لە شەرعدا ، لە بەر فەرموودەکەی (أُمِ قَيْس بِنْت مُحْصِن ) (خوای لێ ڕازی بێت) (( أَنَّهَا أَتَتْ بِإِبْنٍ لَهَا صَغِيرٍ لَمْ يَأْكُلِ الطَّعَامَ إِلَى رَسُولِ اللهِ (ﷺ) فَأَجْلَسَهُ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) فِي حِجْرِهِ ، فَبَالَ عَلَى ثَوْبِهِ ، فَدَعَا بِمَاءٍ فَنَضَحَهُ وَلَمْ يَغْسِلْهُ )) واتە: کەوا کوڕێکی بچوکی هێنا بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە - هێشتا - خواردنی نەدەخوارد ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە باوشی خۆیدا داینا جا میزی کردە سەر جل وبەرگەکەیدا ، جا ئەویش داوای ئاوی کرد و پیَی ئاو پەرژێنی کرد ونەیشۆرد [رواه البخاري (١/رقم/٢٢٣) ومسلم (١/رقم/ ٢٢٧)].

وەهەروەها لەبەر فەرموودەکەی (أَبِي السَّمْح)ی خزمەت کاری پێغەمبەر (ﷺ) کەوا: (حَسَن) یان (حُسَيْن) میزیان کردە سەر سینگی پێغەمبەردا (ﷺ) ، منیش هاتم بیشۆم، ئەویش فەرمووی: (( يُغْسَلُ مِنْ بَوْلِ الجَارِيَةِ وَيُرَشُّ مِنْ بَوْلِ الغُلَامِ )) واتە: میزی کچ دەشۆرێت بەڵام میزی کوڕ ئاو پرژێن دەکرێت [ رواه أبوداود (٢/٢٣٢/٣٧٦) والنسائي (١/١٥٨/٣٠٤) وابن ماجة (١ / ١٧٥ / ٢٢٦ ) وغيرهم وقال إبن حجر في التلخيص (١/٥٠) وحسنه البخاري ، وە بروانە صحيح النسائي (٢٩٣)].


منتدى إقرأ الثقافي

وپاش میز (١٠) و(مَذِي) (١١) وخوێنی حەیزوزەیسانی (١٢) وئاژەڵی مردارەوە بوو (١٣)

(١٠) بە بەڵگەی یەکڕایی (الإجْمَاع) زانایان ، بڕوانە (المَجْمُوع) لِلنَّوَوِي (٢/٥٥٢).

(١١) (مَذِي): ئاوێکی ڕۆشنی سپی لیقە لەکاتی بیرکردنەوە لەجووت بوون (جِمَاع) دەردەچێت بەبێ ئەوەی هیچ هەستێکی پێ بکرێت، ئەم ئاوەیشە پیسە لەبەر فەرموودەکەی (عَلِي) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەپرسیاری لەپێغەمبەر (ﷺ) کرد ئەویش پێی فەرموو: (( تَوَضأْ وَاغْسِلْ ذَكَرَكَ ))واتە: دەست نوێژ بگرەوە و (ذکر)ت بشۆ – واتە: تارات بگرە پاشان دەست نوێژ بگرە [رواه البخاري (١/٢٣٠/١٣٢) ومسلم (١/٢٤٧/٣٠٣) واللفظ له].

(١٢) خوێنی حەیز پیسە، لەبەر فەرموودەکەی (أَسْمَاءُ بِنْتُ أَبِي بَكْرٍ) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا ئافرەتێك پرسیاری لەپێغەمبەری خوا کرد (ﷺ) : ئایا ئەگەر یەکێکمان خوێنی حەیز دای لەجل و بەرگەکەی چی بکات؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : (( إِذَا أَصَابَ ثَوْبَ إِحْدَاكُنَّ الدَّمُ مِنَ الحَيْضَةِ فَلْتَقْرُصْهُ ثُمَّ لِتَنْضَحْهُ بِمَاءٍ ثُمَّ لِتُصَلِّي فِيهِ )) واتە: ئەگەر یەکێکتان خوێنی حەیز دای لە جل وبەرگەکەی ئەوە بیوەرێنێت پاشان بیداتە دەستدا جا ئاوی پێدا بکات وپاشان نوێژی پێوە بکات [رواه البخاري (١/٤١٠/٣٠٧) ومسلم (١/٢٤٠/٢٩١) و اللفظ له].

وە خوێنی زەیسانیش هەر خوێنی حەیزە کۆبوەتەوە لە ماوەی سك پڕی ئافرەتدا.

تێبینی : ئەگەر خوێنەکە شوێنەواری هەرمایەوە پاش شۆردن ، ئەوە هیچ زیانێکی نییە ، لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لیٚ ڕازی بێت): کەوا (خَوْلَةُ بِنْتُ يَسَار) فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ، من تەنها یەك جل و بەرگم هەیە ، وە بەو جلەیشەوە تووشی حەیز دەبم ؟ پێغەمبەری خوا یش (ﷺ) فەرمووی: ((فَإِذَا طَهُرْتِ فَاغْسِلِي مَوْضِعَ الدَّمَ ثُمَّ صَلِّي فِيهِ )) واتە: جا ئەگەر پاك بوویتەوە ئەوە شوێنی خوێنەکە بشۆ ، پاشان نوێژی پێوەبکە ، ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر شوێنەواری هەر مایەوە ؟ فەرمووی: (( يَكْفِيكِ المَاءُ وَلا يَضُرُّكِ أَثَرُهُ )) واتە: تەنها ئاووت بەسە و شوێنەواری هیچ زیانێکت پێ ناگەیەنێت [رواه أبو داود (٢/٢٦/٣٦١) والبيهقي (٢/٤٠٨) وهوحديث صحيح بروانە صحيح أبی داود (٣٥١)].

(١٣) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لیٚ ڕازی بێت)، کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرمووی: ((إِذَا دُبِغَ الإِهَابُ فَقَدْ طَهُرَ ))واتە: ئەگەر پێست خۆشە بکرێت پاك دەبێتەوە ، کاتێك کەدای بەلای کاوڕێکی (مَيْمُونَة)دا مردار بووبووەوە ئەویش فەرمووی : (( أَلاَ انْتَفَعْتُمْ بِإِهَابِهَا ؟ )) واتە: ئایا بۆ سوود لە پێستەکەی وەرناگرن ؟ جا ئەم فەرموودەی فەرموو [الحديث رواه مسلم (١/٢٧٧/ ٣٦٤، ٣٦٦) وغيره]. جا ئەمەش بەڵگەیە کە مردارەوە بوو پیسە ، بۆیە پێستەکەی بەخۆشەکردن پاك دەبێتەوە.



منتدى إقرأ الثقافي

ولیكی سەگ [١٤] وپاشەڕۆ ومیزی ئاژەڵی گۆشتی نەخورێت [١٥] و گۆشتی بەراز [١٦] جگە لەمانە هەمووشتێكی تر پاكە [١٧].

## چۆن پیسی پاك دەكرێتەوە

## (كَيْفِيَةُ تَطْهِيرِ النَّجَاسَةِ)

شتی پیسی بە شۆردن پاك دەبێتەوە [١٨]، بە شێوەیەك هیچ شوێنەوارێكی ئەو پیسیەی پێوە نەمێنێت [١٩]،

(١٤) لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لیّ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( طَهُورُ إِنَاءِ أَحَدِكُمْ إِذَا وَلَغَ فِيهِ الكَلْبُ أَنْ يَغْسِلَهُ سَبْعَ مَرَاتٍ أُولاهُنَّ بِالتُّرَابِ ))واتە: ئەگەر سەگ دەمی خستە ناو قاپی هەریەكێكتانەوە ، با چی تێدایە بیڕێژێت پاشان حەوت جار بیشوات جاری یەكەمیان بە خۆڵ [رواه مسلم (٩١/٢٣٤/١) وغيره].

(١٥) لە بەر فەرموودەكەی (إِبْنُ مَسْعُود) (خوای لیّ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوو دەست بە ئاو بگەیەنێت ، جا فەرمانی پیّ كردم سیّ بەردی بۆ بێنم ، منیش دوو بەردم دۆزیەوە و بە دوای سێیەمیاندا گەڕام نەبوو ، جا تەرسەقولێكم بۆ هێنا پێغەمبەری خوایش هەردوو بەردەكەی لیّ وەرگرتم و تەرسەقوولەكەیشی فڕیّدا و فەرمووی: (( هَذَا رِكْسٌ )) واتە: ئەمە پیسە [رواه البخاري (١٥٦/٢٥٦/١) وغيره].

(١٦) لە بەر فەرموودەكەی خوای گەورە لە سورەتی (الأنعام آية: ١٤٥) دا كە دەفەرمیّ: ﴿ أَوْ لَحْمَ خِنْزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ﴾ واتە: یان گۆشتی بەراز كە بەڕاستی پیسە .

(١٧) چونكە لە بنەڕەت(الأصْل)دا هەمووشتێك پاكە(الأصْلُ فِي الأشْيَاءِ الطَّهَارَة) وە نابێت بە هیچ شتێك بووترێت پیسە مەگەر بە بەڵگەی شەرعی ، وە ئێمەش جگە لەوانەی كە باسمان كرد هیچ بەڵگەیەكی ڕاستمان نییە لە سەر پیسێتی هیچ شتێكیتر ، وە ئەوبەڵگانەی كە هەندێك زانا دەیهێننەوە بۆ سەلماندنی پیسێتی شتی تر – وەك : (مَنِي) وخوێن و بیّباوەڕ(مُشْرِك) و .. – یان ڕاست نین ، یان ئەو واتایە ناگەیەنن ، بڕوانە [ الأدلة الرضية (ل٢٣ – ٢٥) ] ، كە بە كورتی لەوێدا باسی كردوە .

(١٨) بەوەی بە ئاو بیشۆریت وەك لە شەرعدا هاتووە ، وەك فەرموودەكەی (أَسْمَاءُ بِنْتُ أَبِي بَكْر) بڕوانە (پ ١٢).

(١٩) شوێنەواریش ، ڕەنگ و بۆن و تامە ، چونكە بەوانەدا دەناسرێت ، كاتێك كە ئەوانەی نەما ئەوە ئەو پیسیە پاك دەبێتەوە ، كاتێك ئەگەر توانا هەبوو لابرێت ، بەڵام ئەگەر پاش هەوڵ دانیش هەر پاك نەبوویەوە ، وەك ڕەنگی خوێن ، ئەوە لەو كاتەدا شەرع لیّی دەبووڕێت وەك باسمان كرد ، بڕوانە تێبینی سەر (پ ١٢) .


منتدى إقرأ الثقافي

وە ئەمە بنەڕەت(الأَصْل) ە لە پاك كردنەوەدا هیچ جێگەی ناگرێتەوە مەگەر بە بەڵگەی شەرعی [٢٠]، وە ئەوەی بە شۆردن نەتوانرێت پاك بكرێتەوە ئەوە یان ئاوی بەسەردا دەكرێت [٢١] وە یان ئاوی لێ هەڵدەكێشرێت (دەردەكرێت) تا شوێنەواری پیسی‌یەكە نامێنێت [٢٢]، وەهەروەها گۆڕانی شتێكی پیس بۆ شتێكی پاك، خۆی پاك بوونەوەیە [٢٣].

(٢٠) ئاو (أَصْل)ە لە پاك كردنەوەدا بە بەڵگەی زۆر ، لەوانە فەرموودەی: ((إِنَّ المَاءَ طَهُورٌ لا يُنَجِّسُهُ شَيْءٌ)) [رواه ابوداود (١/١٢٧/٦٧) والترمذي (١/٤٥/٦٦ ) والنسائي (١/١٧٤) وصححه الألباني في الإرواء (١٤)].

وە ئەوەیشی كە شەرع ڕێگای پێداوە ، پاك كردنەوەی پێڵاو بە ساوینی بەزەویدا ، لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو سَعِيْد) لە(پ٨) ، وە پاك كردنەوەی پاینی درێژی جل وبەرگی ئافرەت ، لە بەر فەرموودەكەی (أُمُّ سَلَمَة) كەوا ئافرەتێك پرسیاری لێ كرد لە بارەی جل وبەرگەكەیەوە كە درێژەو بەزەوییدا دەخشێت وە بە سەر شوێنی پیسیشدا تێپەڕ دەبێت ؟ جا ئەویش فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( يُطَهِّرُهُ مَا بَعْدَهُ )) واتە: پاشی خۆی پاكی دەكاتەوە [رواه ابو داود (٢/٤٤/٣٧٩) والترمذي (١/٩٥/١٤٣) وابن ماجه (١/١٧٧/٥٣١) وهو حديث صحيح بروانە صحيح إبن ماجة (٤٣٠)].

(٢١) وەك فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة)(خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ ٩).

(٢٢) وەك بیر ، ئەگەر شتێكی پیسی تێ بكەوێت ، ئەوە شتە پیسەكە دەر دەكرێت ، پاشان لە ئاوەكەی هەڵدەكێشێت تا ڕەنگ و تام و بۆنی پیسیەكە نامێنێت .

(٢٣) وەك گۆڕانی پیسی مرۆڤ بۆ خۆڵ ، ئەگەر پاشەڕۆی مرۆڤ ماوەیەكی بە سەردا ڕۆیی وگۆڕا و بوو بە خۆڵ ، ئەوە ئەو خۆڵە پیس نییە ، چونكە ئێستا خۆڵە ، وە خۆڵیش پاكە ، بۆ زیاتر تێ گەیشتن لەم مەسەلەیە بڕوانە [ (سَيْلُ الجَرَّار) ی ئیمامی (شَوْكَانِي) (١/٥٢)].



منتدى إقرأ الثقافي

# دەست بە ئاو گەیاندن
# (قَضَاءُ الحَاجَة)

پێویست(وَاجِب)ە لە سەر ئەو كەسەی دەست بە ئاو دەگەیەنێت دوور بكەوێتەوە تا كەس چاوی لێ نەبێت[٢٤] ،

(٢٤) لە بەر فەرموودەكەی (جَابِر) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی (( خَرَجْنَا مَعَ رَسُوْلِ اللهِ (ﷺ) فِي سَفَرٍ ، وَكَانَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) لاَ يَأْتِي البَرَازَ حَتَّى يَتَغَيَّبَ فَلاَ يُرَى )) واتە: لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دەرچووین بۆ سەفەرێك ، وە پێغەمبەری خوا هەرگیز دەستی بە ئاو نەدەگەیاند تا تەواو وون دەبوو وكەس نەیدەبینی [ رواه أبوداود (٢/١٩/١) وابن ماجة (١/رقم/٣٣٥) وهذا لفظه وهو حديث صحيح بروانه صحيح أبو داود(٢) وصحيح إبن ماجة (٢٦٨) بنحوه ].

**تێبینی :**

دروستە كەسێك ئەگەر بە تەنها میزی كرد دوور نەكەوێتەوە ، بە مەرجێك عەورەتی نەبینرێت ، لە بەر فەرموودەكەی (حُذَيْفَةَ بْنُ اليَمَان) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەمووی: (( كُنْتُ مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) فَانْتَهَى إِلَى سُبَاطَةِ قَوْمٍ ، فَبَالَ قَائِماً فَتَنَحَّيْتُ فَقَالَ: أُدْنُهْ ، فَدَنَوْتُ حَتَّى قُمْتُ عِنْدَ عَقِبَيْهِ ، فَتَوَضَّأَ ، فَمَسَحَ عَلَى خُفَّيْهِ )) واتە: لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بووم جا گەیشتە سەر زبڵكوان(شیو)ی قەومێك ، بە پێوە میزی كرد ، جا منیش سەرم داخست ، ئەویش فەرمووی نزیك بەرەوە ، منیش نزیك بومەوە لێی تا لە پشتێوە ڕاوەستام ، جا دەست نوێژی گرت و مەسحی لە سەر خوففەكانی كرد [ رواه مسلم (٢٧٣/٢٢٨/١) والترمذي (١٣/١١/١) والبخاري (٢٢٥/٣٢٩/١) وبقية الجماعة ].

وە (إِبْنُ عُمَر) (خوای لێ رازی بێت) دەیفەرموو: (( أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ إِذَا أَرَادَ الحَاجَةَ لَمْ يَرْفَعْ ثَوْبَهُ حَتَّى يَدْنُوَ مِنَ الأَرْضِ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر ویستی دەست بە ئاوگەیاندنی ببوایە ، جلەكانی بەرز نەدەكردەوە تا نزیك دەبوویەوە لەزەوی – بۆ ئەوەی عەورەتی نەبینرێت – [رواه أبوداود (١٤/٣١/١) ، والترمذي (١٤/١١/١) من حديث أنس وهو حديث صحيح بروانە صحيح أبي داود(١١) والسلسلة الصحيحة(١٠٧١) وصحيح الجامع (٤٦٥٢)].


منتدى إقرأ الثقافي

وە لەو شوێنانەدا دانەنیشێت كە لە شەرعدا قەدەغەی لێ كرا بێت [(٢٥)] ، وە ڕوو لە قیبلە نەكات وپشتیشی تێ نەكات [(٢٦)] ، وە پێویست(وَاجِب)ە خۆ پاك كردنەوەكە بە سێ بەرد كەم تر نەبێت ، یا هەرشتێك جێگەی بەرد بگرێتەوە ، بەمەرجێك قەدەغەیشی لێ نەكرابێت ، وە بە دەستی ڕاستیش خۆی پاك نەكاتەوە [(٢٧)] .

(٢٥) لەوانە فەرموودەكانی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِتَّقُوا اللاَّعِنَيْن )) واتە: خۆ بپارێزن لەو دوانەی كە دەبنە هۆی نەفرەت (لَعْنَة)لێ كردنی خەڵكی ، ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ئەو دووشتە چین كە دەبنە هۆی نەفرەت ؟ ئەویش فەرمووی : (( الَّذِي يَتَخَلَّى فِي طَرِيقِ النَّاسِ أَو فِي ظِلِّهِم )) واتە: ئەوەی لە ڕێگای خەڵكیدا دەست بە ئاو بگەیەنێت یان لە سێبەریان دا _ كە تێیدا دادەنیشن وپشوو دەدەن _ . [رواه مسلم (١/٢٢٦/٢٦٩) وأبوداود (١/٤٧/٢٥)، وفي رواية لأبي داود (١/٢٨/٢٦) وابن ماجه (١/١١٩/٣٢٨) وغيرهما ، عن (مُعَاذُ بنُ جَبَل) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (( إِتَّقُوا المَلاعِنَ الثَّلاث ، البَرَازُ فِي المَوَارِدِ ، وقارِعَةِ الطَرِيْقِ ، والظِل )) واتە: خۆتان لەو سیانە بپارێزن كە دەبنە هۆی نەفرەت (لَعْنَة)لێ كردنی خەڵكی: دەست بە ئاوگەیاندن لە شوێنی ئاو هێنانی خەڵكی و لە سەر ڕێگای خەڵكی و لە سێبەر دا ].

وە فەرموودەكەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: (( أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) نَهَى أَنْ يُبَالَ فِي المَاءِ الرَّاكِدِ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی كردووە لە میز كردنە ناو ئاوی ڕاوەستاو دا [رواه مسلم (١/٢٣٥/٢٨١) والنسائي (١/٣٤) وابن ماجه (١/١٢٤/٣٤٣)].

وە فەرموودەكەی (حُمَيْد الحِمْيَري) كەوا فەرمووی: گەیشتم بە پیاوێك هاوەڵێتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) كردبوو وەك چۆن (أَبُو هُرَيْرَة) هاوەڵێتی كردووە ، جاپێی ووتم: (( نَهَى رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) أَنْ يَمْتَشِطَ أَحَدُنَا كُلَّ يَوْمٍ ، أَوْ يَبُوْلَ فِي مُغْتَسِلِهِ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی لێ كردین كەوا یەكێكمان هەموو ڕۆژێك سەر شانە بكەین یان میز بكەینە ئەو شوێنەی كە خۆمانی تێدا دەشۆرین [رواه أبوداود (١/٣٠/٢٨) والنسائي (١/١٣٠/٢٣٨) وهو حديث صحيح بروانه صحيح النسائي (٢٣٢)].

(٢٦) لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو أَيُّوبَ الأَنْصَارِي) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِذَا أَتَيْتُمُ الغَائِطَ فَلا تَسْتَقْبِلُوا القِبْلَةَ وَلا تَسْتَدْبِرُوهَا وَلَكِنْ شَرِّقُوا أَوْ غَرِّبُوا )) واتە: ئەگەر چوونە سەر ئاو ئەوە نەڕوو لە قیبلە


منتدى إقرأ الثقافي

ونەپشتیشی تێ بکەن ، بەڵکو ڕوو لە ڕۆژهەڵات بکەن یان لە ڕۆژ ئاوا ، جا (أَبُو أَيُّوب) دەیفەرموو: کاتێك کە هاتینە (شَام) بینیمان ئاو دەستەکان ڕوو بەرەو قیبلە دروست کراوون ، جا ئێمەش لار دەبووینەوە وداوای لێ بوردنمان لە خوای گەورە دەکرد [رواه البخاری (١/٤٩٨/٣٩٤) ومسلم (١/٢٢٤/٢٦٤) وغيرهما].

(٢٧) لە بەر فەرموودەکەی (سَلْمَانُ الفَارِسِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێیان ووت: ئێوە پێغەمبەرەکەتان هەموو شتێکی فێر کردون تەنانەت پیسی کردنیش ؟ ئەویش فەرمووی: (( أَجَلْ ، لَقَدْ نَهَانَا أنْ نَسْتَقْبِلَ القِبْلَةَ لِغَائِطٍ أوْ بَوْلٍ ، أوْ أنْ نَسْتَنْجِيَ بِاليَمِيْنِ ، أوْ أنْ نَسْتَنْجِيَ بِأَقَلِ مِنْ ثَلاثَةِ أحْجَار ، أوْ أنْ نَسْتَنْجِيَ بِرَجِيْعٍ أوْ بِعَظْمٍ )) واتە: بەڵێ ، بۆ - دەست بە ئاوگەیاندن - پیسی بێت یان میز قەدەغەی لێ کردوین ڕوو لە قیبلە بکەین ، یان بە دەستی ڕاست خۆ پاك بکەینەوە ، یان بە سێ بەرد کەمتر خۆ پاك بکەینەوە ، یان بە پاشەڕۆ و ئێسك خۆ پاك بکەینەوە _ جا ئیتر ئەو پاشەڕۆو ئێسقانە هی هەر شتێك بێت هەر دروست نییە _ [رواه مسلم (١/٢٢٣/٢٦٢) والترمذى (١/١٣/١٦) وأبوداود (١/٢٤/٧) وغيرهم].

وە هەروەها باشتر وایە بە ئاو خۆی پاك بکاتەوە ، لە بەر فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : (( كَانَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) يَدْخُلُ الخَلاءَ ، فَأَحْمِلُ أنَا وَغُلامٌ نَحْوِي إدَاوَةً مِنْ مَاءٍ وَعَنَزَة ، فَيَسْتَنْجِيَ بِالمَاءِ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەچوو بۆ سەر ئاو ، جا من و منداڵێکی وەك خۆم ، کوونەیەك (إدَاوَة) ئاوو دار(عَنَزَه) یەکمان بەدەستەوە دەگرت وبۆیمان دەبرد جائەو خۆی بەئاوەکە پاك دەکردەوە)) [رواه البخاری (١/٢٥٢/١٥٢) ومسلم (١/٢٢٧/٢٧١) والنسائى (١/٤٢) وليس عنده ذكر (العنزة)]

وە زەکەریشی بە دەستی ڕاستی نەگرێت، لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو قَتَادَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إذَا بَالَ أحَدُكُمْ فَلا يَمَسَّ ذَكَرَهُ بِيَمِنِهِ وَلا يَسْتَنْجِ بِيَمِنِهِ )) واتە: ئەگەر یەکێکتان میزتان کرد ئەوە با بە دەستی ڕاستی زەکەری نەگرێت وە خۆیشی بە دەستی ڕاست پاك نەکاتەوە [رواه إبن ماجه (١/١١٣/٣١٠) وهذا لفظه ورواه البخاری (١/٢٥٤/١٥٤) ومسلم(١/٢٢٥/٢٦٧) وغيرهم مطولا ومختصرا].


منتدى إقرأ الثقافي

وە لە پێشدا پەنا بگرێتە خوا [٢٨] وە لە پاشیشدا داوای لێ بووردنی لێ بکەیت [٢٩].

(٢٨) لە بەر فەرموودەکەی (أنس) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر کاتێك ویستی بوایە بچوایە بۆ سەر ئاودەیفەرموو: (( اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْخُبُثِ وَالْخَبَائِثِ)) واتە: ئەی خوایە من پەنات پێ دەگرم لە نێرینەی جنۆکە ومێیینەکانیان [رواه البخاري (١/٢٤٢/١٤٢) ومسلم (١/٢٨٣/٣٧٥)]. هەروەها سوننەتە لە پێشیدا بڵێت (بِسْمِ اللهِ) ، لە بەر فەرموودەکەی (عَلِي) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( سِتْرُ مَا بَيْنَ الجِنِّ وَعَوْرَاتِ بَنِي آدَمَ إِذَا دَخَلَ أَحَدُهُمُ الخَلاءَ أَنْ يَقُولَ بِسْمِ اللَّهِ )) واتە: پەردەی نێوان (جن) و عەورەتی ئادەمیزاد کاتێك چووە ئاودەستخانەوە ئەوەیە بڵێت: (بِسْمِ اللهِ) [رواه الترمذي (٢/٥٩/٦٠٣) وابن ماجه (١/١٠٩/٢٩٧) وهو حديث صحيح بروانە الإرواء(٥٠) وصحيح الجامع (٣٦١١)].

(٢٩) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر دەربچوایە لە ئاو دەستخانە دەیفەرموو: ((غُفْرَانَكَ)) واتە: داوای لێ بوردنت لێ دەکەم خوایە [رواه أبوداود (١/٥٢/٣٠) والترمذي (١/٧/٧) وغيرهما وهو حديث حسن بروانە الإرواء (٥٢) وصحيح أبي داود(٢٢) وصحيح الجامع (٤٧٠٧)].

## چەند تێبینییەك:

(أ) باش وایە لە کاتی چوونە ژوورەوە بۆ ئاو دەستخانە بە پێی چەپ بچێتە ژوورەوە ، وە لە کاتی دەرچوونیشدا بە پێی ڕاست دەربچێت ، چونکە لە فەرموودە دا هاتووە کەوا لای ڕاست بە کار بهێنرێت بۆ شتی پاك وپیرۆز ، وە لای چەپیش بۆ شتی پیس و بێ ڕێز ، لەو فەرموودانە فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٤٢) .

(ب) هەندێك لە زانایان دەڵێن دروست نییە شتێك لە گەڵ خۆیدا بباتە سەر ئاو کەوا ناوی خوا یان ناوی پێغەمبەری خوای (ﷺ) تێدا بێت ، وە بەڵگەشیان فەرموودەکەی (أَنس)ە (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی :(( أَنَّ النَّبِيَّ ( ﷺ) لَبِسَ خَاتَماً نَقْشُهُ مُحَمَّد رَسُولُ الله ، فَكَانَ إِذَا دَخَلَ الخَلاءَ وَضَعَهُ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) موستیلەیەکی لە پەنجەکانی دەکرد (نَقْش)ی (مُحَمَّد رَسُول الله)ی لە سەر کردبوو ، جا ئەگەر بچوایەتە سەر ئاو دایدەکەند [رواه أبو داود(١/رقم/١٩) والترمذي(رقم/ ٨٨، ١٧٤٦) وابن ماجة(رقم/٣٠٣) والنسائي(رقم/٥٢٢٨)والحاكم وهذا لفظه وقال أبو داود: هذا حديث منكر ، وقال النسائي: هذا حديث


منتدى إقرأ الثقافي

..........................

غير محفوظ ، وأشار الدار قطني إلى شذوذه ، وصححه الترمذي ، وقال النووي: هذا مردود عليه ، وقال الحافظ: إنّه معلول ، وە بەشی دووەمی فەرموودەکە(شيخ ألباني) (تضعيف)ی دەکات لە(المشكاة:٣٤٣) و(ضعيف أبي داود:٤٨) بڕوانە (ضعيف الجامع رقم:٤٣٩٠) ]. جا (حُكْم)ی(شَرْعِي)یش بە فەرموودەی (ضَعِيْف) دانامەزرێت ، جا هەتا ئەگەر فەرموودەکە (صَحِيْح)یش بوایە هەر نەدەبوە بەڵگە لە سەر ئەوەی کەوا حەرامە شتێك ناوی خوا یان ناوی پێغەمبەری تێدا ببێت دروست نەبێت ببرێتە ناو دەستخانەوە ، چونکە ئەوە کاتێك وایە ئەگەر ترسی هەبوو شتێکی پیس لێی بدات ، جا ئەگەر ئەو ترسەی نەبوو ، بەوەی لە گیرفانیدا بوو یان لە شوێنێکی تردا ترسی پیس بوونی نەبوو ئەوە هیچی تێدا نییە ئەگەر بیشی باتە ناو دەستخانەوە ، وە ئەمەیش تایبەت نییە بە ناو دەستخانەوە بەڵکو لە هەر شوێنێکی تریشدا هەر نابێت بهێڵێت شتی پیس لێی بدات.

(ج) میز کردن بە پێوە دروستە ، لە بەر فەرموودەکەی (حُذَيْفَةُ بْنُ اليَمَانِ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەمووی: (( كُنْتُ مَعَ النَّبِيِّ ( ﷺ ) فَانْتَهَى إِلَى سُبَاطَةِ قَوْمٍ ، فَبَالَ قَائِمَاً فَتَنَحَّيْتُ فَقَالَ: أُدْنُهْ ، فَدَنَوْتُ حَتَّى قُمْتُ عِنْدَ عَقِبَيْهِ ، فَتَوَضَّأَ ، فَمَسَحَ عَلَى خُفَّيْهِ )) واتە: لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بووم جا گەیشتە سەر زبڵکوان(شیو)ی قەومێك ، بە پێوە میزی کرد ، جا منیش سەرم داخست ، ئەویش فەرمووی نزیك بەرەوە ، منیش نزیك بومەوە لێی تا لە پشتێوە ڕاوەستام ، جا دەست نوێژی گرت و مەسحی لە سەر خوففەکانی کرد [ رواه مسلم (١/٢٢٨/٢٧٣) والترمذى (١/١١/١٣) والبخارى (١/٣٢٩/٢٢٥) وبقية الجماعة ].

بەڵام زۆربەی جار بە دانیشتنەوە میزی کردوە ، لە بەر فەموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( مَنْ حَدَّثَكُمْ أَنَّ النَّبِيَّ ( ﷺ ) كَانَ يَبُوْلُ قَائِمَاً فَلاَ تُصَدِّقُوْهُ ، مَا كَانَ يَبُوْلُ إِلاَّ قَاعِدَاً )) واتە: هەر کەسێك بۆی گێڕانەوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە پێوە میزی کردووە باوەڕی پێ مەکەن ، ئەو میزی نەدەکرد مەگەر بە دانیشتنەوە [رواه الترمذى (١/١٠/١٢) والنسائى وهو حديث صحيح بڕوانە سلسلة الاحاديث الصحيحة(٢٠١) وصحيح النسائى(٢٩)] . ئەم فەرموودەیەی (عَائِشَة) هیچ دژایەتیەکی فەرموودەکەی (حُذَيْفَة) ناکات ، چونکە (عَائِشَة) باسی بینینی خۆی دەکات و (حُذَيْفَة)یش باسی بینینی خۆی ، وە لە (أُصُول الفقه)یشدا زانراوە کەوا (المُثْبَتُ مُقَدَّمٌ عَلَى النَّافِي عِنْدَ التَّعَارُضِ لِأَنَّ مَعَهُ زِيَادَةُ عِلْمٍ) واتە: لە کاتی دژایەتی کردنی دوو فەرموودە دا ، ئەو فەرموودەیەیان کە (إِثْبَات)ی شتێك دەکات ، پێش ئەوەیان دەخرێت کە (نَفِي) دەکات ، چونکە ئەوەیان کە(إِثْبَات)ی


منتدى إقرأ الثقافي

دەکات زانیاریەکی زیاتری پێیە . جا فەرموودەکەی (حُذَیْفَة) (مُثْبَت)ە ، وە فەرموودەکەی (عَائِشَة)ە (نَافِي)یە کەوا بوو فەرموودەکەی (حُذَیْفَة) پێش دەخرێت کە(مُثْبَت)ە ، کەوابوو دروستە میز کردن بە پێوە ، ئەگەرچی تا بکرێت بە دانیشتنەوە باشترە ، چونکە وەك دایکە(عَائِشَة) دەیگێڕێتەوە زۆر جار پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دانیشتنەوە میزی کردووە .

(د) چەند شتێك هەیە پێی دەووترێت (سُنَنُ الفِطْرَة) واتە: سوننەتی هەموو پێغەمبەران بووە ، (أَبو هُرَیْرَة) (خوای لێ رازی بێت) فەرمووی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((خَمْسٌ مِنَ الفِطْرَةِ ، الإسْتِحْدَادُ وَالخِتَان وَقَصّ الشَّارِبِ وَنَتْفُ الإِبِطِ وَتَقْلِیمُ الأَظَافِرِ )) واتە: پێنج شت لە (فِطْرَة)ن – لە سوننەتی پێغەمبەرانە – : تاشینی مووی عەورەت (پاش وپێش) و خەتەنە کردن (کوڕو کچ) وبەر سمێڵ (شوارب) گرتن و هەڵکەندنی مووی بن باڵ ، نینۆك کردن [رواه البخاری (۱۰/۳۳٤/۵۸۸۹) ومسلم (۱/۲۲۱/۲۵۷) وغیرهما].

وە هەروەها لە فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((عَشْرٌ مِنَ الفِطْرَةِ ، قَصُّ الشَّارِبِ وإعْفَاءُ اللِّحْیَةِ والسِّوَاكُ وإسْتِنْشَاقُ المَاءِ وَقَصُّ الأَظَافِرِ وَغَسْلُ البَرَاجِمِ وَنَتْفُ الإِبِطِ وَحَلْقُ العَانَةِ وإنْتِقَاصُ المَاءِ – یَعْنِي الإسْتِنْجَاء – )) واتە: دە(۱۰) شت لە (فِطْرَة)ن : بەر گرتنی سمێڵ (شوارب)و هێشتنەوەی ڕیش ، وسیواك کردن ، وئاوهەڵدانە لووت و نینۆك گرتن و شۆردنی گرێی پەنجەکان، وهەڵکەندنی مووی بن باڵ ، وتاشینی مووی عەورەت وخۆ پاك کردنەوە لە میز وپیسی ، (مُصْعَب) – یەکێکە لەوانەی فەرموودەکە دەگێڕێتەوە – فەرمووی: وە دە(۱۰)یەمم لە یاد چووە ، ئەگەر (( المَضْمَضَة )) واتە: ئەگەر ئاو هەڵدانە دەم نەبێت [رواه مسلم (۱/۲۲۳/۲٦۱) وابوداود ( ۱ / ۷۹ / ۵۹) وغیرهما] .


منتدى إقرأ الثقافي

# دەست نوێژ (الوُضُوء)

## پایەکانی [30] دەست نوێژ (أرْكَانُ الوُضُوء)

نیەتی دەست نوێژ گرتن [31] وشۆردنی ڕوومەت (دەم وچاو) وشۆردنی هەردوو دەست لەگەڵ ئەنیشکەکان دا وەمەسح کردنی سەر و شۆردنی هەردووپێ لەگەڵ قاپەرەقەکان دا وبەجێ هێنانی ئەم پایانە بەریز. [32]

---

(٣٠) مەبەستمان بە پایە لە هەر پەرستنێکدا ، ئەوەیە کە لەناوی پەرستنەکەدایەو بەنەکردنی ئەو پەرستنەی پێ بەتاڵ دەبێتەوە، بۆ نموونە وەك (رُكُوع) بردن یا (سُجُود) بردن لە نوێژدا پایەیە (رُكْن)ە ، لە ناو نوێژەکەدایە وبە نەکردنی نوێژەکە بەتاڵ دەبێتەوە..

(٣١) لە فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (المائدة الآية: ٦) ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا...﴾ واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەگەر ویستتان بوو بۆ نوێژ هەڵسن ئەوە.. ، وە هەروەها لە بەر فەرموودەکەی (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ ...))واتە: بەڕاستی کردەوەکان هەموو بەنیەتە... [رواه البخاري (١/٩/١) ومسلم (١٩٠٧/١٥١٥/٢) وغيرهما].

تێبینی: شوێنی نیەت تەنها دڵە ، وە ووتنی بە دەم داهێنراوە (بِدْعَە)یە ، پێغەمبەری خوا خۆی بە دەم نەیوتوە ، وە فەرمانیشی پێ نەکردوە ، ونەیشیکردوە بە سوننەتیش بۆ ئوممەتەکەی ، وە هاوەڵان و شوێن کەوتوان وشوێن کەوتوانی ئەوانیش هیچیان بە دەم نیەتیان نەهێناوە ، بەڵکو ئەمە تەنها رای کەسانێکە لەم دوایەدا ، وە ڕای کەس نابێتە شەرع ، وە باشترین ڕێباز ڕێبازی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) .

(٣٢) لە بەر فەرموودەی خوای گەورەلە سورەتی (المائدة الآية: ٦) ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى المَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الكَعْبَيْنِ ﴾.. واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەگەر هەستان بۆ نوێژ ئەوە ڕوومەتتان و هەردوو دەستتان لە گەڵ ئەنیشکەکانتاندا بشۆن ، وە سەرتان مەسح بکەن ، وە هەردوو پێتان لە گەڵ قاپەرەقەکانتان دا بشۆن .

..........................................



منتدى إقرأ الثقافي

## چەند تێبینییەك :

**(أ) هەندێك لە زانایان دەڵێن:** بە ڕیز کردنی پایەکانی دەست نوێژ (تَرْتِيبُ أرْكَانِ الوَضُوءِ) لە پایەکانی دەست نوێژ نییە ، بەڵکو سوننەتە ، وە بەڵگەشیان فەرموودەکەی (مِقْدَامُ بنُ مَعْدِ يَكْرُب)ە (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أُتِيَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) بِوَضُوءٍ ، فَتَوَضَّأَ فَغَسلَ كَفَّيْهِ ثَلاثَاً ، وَغَسَلَ وَجْهَهُ ثَلاثَاً ، ثُمَّ غَسَلَ ذِرَاعَيْهِ ثَلاثَاً ، ثُمَّ تَمَضْمَضَ وَاسْتَنْشَقَ ثَلاثَاً ، ثُمَّ مَسَحَ بِرَأسِهِ وَأُذُنَيْهِ ظَاهِرَهُمَا وَبَاطِنَهُمَا )) واتە: ئاوی دەست نوێژیان بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)هێنا ، جا ئەویش دەست نوێژی گرت و دەستی سێ جار شۆرد و ڕوومەتیشی سێ جار شۆرد ، پاشان باڵی سێ جار شۆرد ، پاشان ئاوی هەڵدایە دەم ولووتیدا سێ جار ، پاشان مەسحی سەر وهەردوو گوێی کرد ، ناوەوە ودەرەوەی [رواه أبو داود (١/٢١١/١٢١) وهو حديث صحيح بروانە صحيح أبي داود (١١٢)].

***منیش دەڵێم:*** خۆی بەڕیز کردنی ئایەتەکە بەو شێوەیە کەوا مەسحی سەری خستووەتە نێوان شۆردنی دەست و پێوە خۆی بۆ خۆی بەڵگەیەکی ئاشکرایە لە سەر ئەوەی بەڕیز کردنی پایەکانی دەست نوێژ (رُكن)ە ، ئەگینا ئەوە چی سوودێکی هەیە ؟! و (ثُمَّ)یش لە زمانی عەرەبدا بۆ (تَرْتِيب)ە . وە فەرموودەکەی (مِقْدَاد) هیچ بەڵگەیەکی تێدا نییە کەوا پایەکانی دەست نوێژ بەڕیز نەکرابێت ، بەڵکو تەنها ئاو هەڵدانە دەم ولووتی تێدا دواخراوە ، ئەویش لە پێویستیەکان(وَاجِبَات)ی دەست نوێژە ، نەك لە پایەکانی ، چونکە لە ئایەتەکەدا باس نەکراوە ، وە هەرشتێکیش لە ئایەتەکەدا باس نەکرابێت یان پێویستە(وَاجِب)ە ، ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کردبێت ، وە یان سوننەتە ئەگەر فەرمانی پێ نەکردبێت و تەنها کاری پێ کردبێت .

**(ب) مەسح کردنی سەر دەبێت هەموو سەر بگرێتەوە نەك هەندێکی ،** وەك هەندێك لە زانایان دەڵێن ، چونکە ئایەتەکە بە گشتی دەفەرمێ : ﴿ وَامْسَحُوا بِرُؤُوسِكُمْ ﴾ وە لە فەرموودەکەی(عَبْدُالله بْنُ زَيْد) (خوای لێ ڕازی بێت) هاتوە (( أنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) مَسَحَ رَأسَهُ بِيَدَيْهِ ، فَأقْبَلَ بِهِمَا وَأدْبَرَ ، بَدَأ بِمُقَدَّمِ رَأسِهِ ثُمَّ ذَهَبَ بِهِمَا إِلَى قَفَاهُ ثُمَّ رَدَّهُمَا إِلَى المَكَانِ الَّذِي بَدَأَ مِنْهُ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ)مەسحی کردووە بە هەردوو دەستی ، جا لە پێشی سەریەوە دەستی پێ کردووە تا پشتی سەر ، پاشان هەردوو دەستی گێڕاوەتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێیەوە دەستی پێ کرد [رواه الجماعة]. جا


منتدى إقرأ الثقافي

..................................

ئەگەر بڵێین: لە فەرموودەکەی (مُغِيْرَةُ بنُ شُعْبَة)دا هاتووە (( أَنَّهُ (ﷺ) تَوَضَّأَ فَمَسَحَ بِنَاصِيَتِهِ وَعَلَى العَمَامَةِ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەسحی پێشی سەری (النَّاصِيَة) کردووە لە گەڵ مێزەرەکەیدا [رواه الترمذی]. ؟

*منیش دەڵێم :* ئەو فەرموودەیە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کەوا دروستە لە جیاتی هەموو سەر ئەگەر یەکێ مێزەری لە سەردا بوو ، کەوا مەسحی پێشی سەر و مێزەرەکە بکات ، ئیتر پێویست بەوە ناکات مێزەرەکە لا بدات ، وە هیچ نابێتە بەڵگە کەوا دروستە بە تەنها مەسحی پێشی سەر بکات ! جا ئەگەر وا بوایە وەك هەندێك لە زانایان دەڵێن ، ئەوە دەمانتوانی بڵێین: دروستە هەر مەسحیشی لە سەر نەکات ، چونکە لە فەرموودەکەی (عَمْرُو بنُ أُمَيَّةَ الضُمَري)دا (خوای لێ رازی بێت) هاتووە کەوا باوکی فەرمووی: (( رَأَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَمْسَحُ عَلَى عَمَامَتِهِ وَخُفَّيْهِ )) واتە: پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی مەسحی لە سەر مێزەرەکەی و هەردوو خوففەکەی کرد [رواه البخاری وأحمد وابن ماجة ، وله فەرموودەکەی (بیلال)یش دا (رواه الجماعة إلا البخاری وأبوداود) وە فەرموودەکەی (سلمان) و (ثوبان) (رواه أحمد) بڕوانە (نيل الأوطار (١/١٩٤-١٩٦)]. دەبینین تەنها مەسحی لە سەر مێزەرەکەی کرد ، بەڵام خۆی وا نییە ، چونکە ئەو فەرموودانە تەنها بەڵگەن لە سەر ئەوەی ئەگەر کەسێك مێزەر لە سەریدا بوو ئەوە دەتوانێت بە تەنها مەسح لە سەر مێزەرەکەی بکات ، یان لە سەر پێشی سەری(النَّاصِيَة) و مێزەرەکەی پێکەوە ، وە ئەگەر مێزەریشی لە سەردا نەبوو ئەوە مەسحی هەموو سەری دەکات .

**(ج) لە گەڵ مەسحی سەردا دەبێت مەسحی هەردوو گوێ بکرێت** ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمێ: (( الأُذُنَانِ مِنَ الرَّأسِ )) واتە: هەردوو گوێ – بەشێکە – لە سەر . [رواه إبن ماجة (١/١٥٢/٤٤٣) بڕوانە صحيح إبن ماجه (٣٥٧)].


منتدى إقرأ الثقافي

# پێویستیەكانی (٣٣) دەست نوێژ (وَاجِبَاتُ الوُضُوءِ)

دەست پێ كردن بە ناوی خوا (٣٤)، و شۆردنی هەردوو لەپ پێش ئەوەی بیكاتە ئاوی دەست نوێژەكەوە، ئەگەر لە خەو هەستا (٣٥)، وە ئاو هەڵدانە دەم ولووت و دەركردنەوەی (٣٦)،

---

(٣٣) پێویستیەكان(وَاجِبَات)ی هەموو پەرستن(عبادة)ێك ئەوەیە بە نەكردنی بە قەستەوە تاوانبار دەبێت، بەڵام پەرستنەكە بەتاڵ نابێتەوە – بۆ نموونە: وەكو (تَحِيَّات)ی یەكەمی نوێژە سێ ڕكاتی وچوار ڕكاتیەكان كە یەكێكە لە پێویستیەكانی نوێژ، ئەگەر بە قەستەوە نەخوێنرێت ئەوە نوێژەكەی پێ بەتاڵ نابێتەوە، بەڵام تاوانبار دەبێت، وە ئەگەر لە یادی چوو، ئەوە تاوانباریش نابێت وە تەنها دوو سوجدەی سەهوی بۆ دەبات لە خوێندنی (تَحيات)ی كۆتایی و پێش (سَلَام) دانەوە.

(٣٤) لە بەر فەرموودەكەی (أَبو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لا صَلَاةَ لِمَنْ لَا وُضُوءَ لَهُ وَلَا وُضُوءَ لِمَنْ لَمْ يَذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ تَعَالَى عَلَيْهِ )) واتە: نوێژی نیيە كەسێك ئەگەر دەست نوێژی نەبێت وە دەست نوێژیشی نیيە كەسێك ناوی خوای لە سەر نەبات [رواه أبو داود (١٠١/١٧٤/١) وابن ماجة (٣٩٩/١٤٠/١) وهو حديث حسن بروانه (صحيح إبن ماجه: ٣٢٠) للألباني].

(٣٥) لە بەر فەموودەكەی (أَبو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((إِذَا إِسْتَيْقَظَ أَحَدُكُمْ مِنْ نَوْمِهِ فَلَا يَغْمِسَنَّ يَدَهُ فِي الإِنَاءِ حَتَّى يَغْسِلَهُ ثَلَاثًا، فَإِنَّهُ لا يَدْرِي أَيْنَ بَاتَتْ يَدَهُ )) واتە: ئەگەر یەكێكتان لە خەو هەستا ئەوە دەست نەكاتە قاپەكەدا تا سێ‌جار دەیشوات چونكە نازانێت شەو دەستی لە كوێدا بووە – مەبەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەیە كەوا لەوانەیە دەستی لە زەكەری یان لە كۆمی دابێت وپیس بوبێت – [متفق عليه واللفظ لمسلم بروانه (شرح صحيح مسلم ١٧٨/٢) للنووي].

(٣٦) لە بەر فەرموودەكەی (أَبوهُرَيْـرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِذَا تَوَضَأَ أَحَدُكُمْ فَلْيَجْعَلْ فِي أَنْفِهِ مَاءً، ثُمَّ لِيَنْتَثِرْ ...)) واتە: ئەگەر یەكێكتان دەست نوێژی گرت ئەوە ئاو بكاتە لووتی و پاشان دەری بكاتەوە... [رواه أبو داود (١٤٠/٢٣٤/١) والنسائي (٦٦/١) وعند البخاري (١٦٢/٢٦٣/١) و مسلم (٢٣٧/٢١٢/١) بنحوه].


منتدى إقرأ الثقافي

وە دەست خستنە ناو پەنجەکانی دەست وپێی[(٣٧)] وە دەست خستنە ناو ریش[(٣٨)].

وە لە بەر فەرموودەکەی (لَقِيطُ بنُ صَبْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((أَسْبِغِ الوُضُوْءَ، وَخَلِّلْ بَيْنَ الأَصَابِعِ ، وَبَالِغْ فِي الإِسْتِنْشَاقِ إِلَّا أَنْ تَكُونَ صَائِمَاً )) واتە: دەست نوێژ بە جوانی بگرە و پەنجەبخەرە نێو پەنجەکانەوە و زیادەڕەوی لە ناو هەڵدانە لووتدا بکە مەگەر بە ڕۆژوو ببیت [رواه أبو داود (١/٢٣٦/١٤٢) وغيرهم وفي رواية أخرى لابي داود (( إِذَا تَوَضَأْتَ فَمَضْمِضْ )) واتە: ئەگەر دەست نوێژت گرت ئەوە ئاو لە دەمت هەڵدە وهو حديث صحيح بروانە صحيح ابی داود (١٢٩،١٣١)].

(٣٧) لە بەر فەرموودەکەی (لَقِيطُ بنُ صَبْرَة) (خوای لێ رازی بێت) بڕوانە (پ ٣٦).

(٣٨) لە بەر فەرموودەکەی (أَنَسُ بنُ مَالك) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أَنَّ رَسُوْلَ اللهِ (ﷺ) كَانَ إِذَا تَوَضَّأَ أَخَذَ كَفَّاً مِنْ مَاءٍ فَأَدْخَلَهُ تَحْتَ حَنَكِهِ فَخَلَّلَ بِهِ لِحْيَتَهُ ، وَقَالَ: هَكَذَا أَمَرَنِي رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر دەست نوێژی بگرتایە ، گوێلێك ئاوی هەڵدەگرت ودەیخستە ژێر چەناگەی، جا ناوی ریشی پێ تەڕدەکرد وە دەیفەرموو: ئا بەم شێوەیە پەروەردگارم فەرمانی پێ کردوم [رواه أبوداود (١/٢٤٣/١٤٥) والبيهقي (١/٥٤) وهو حديث صحيح بروانە الإرواء (٩٢)].

## سوننەتەكانی دەست نوێژ
## ( سُنَنُ الوُضُوءِ )

### شۆردنی هەردوو لەپ بۆ هەموو دەست نوێژێك (٣٩) سیواك كردن (٤٠) وسێجار سێجار بۆ هەموو ئەندامێك (٤١)

(٣٩) لە بەر فەرموودەكەی ئیمامی (عُثْمَان) (خوای لێ رازی بێت) كەوا داوای كرد ئاوی دەست نوێژی بۆ بێنن ، جا لە قاپەكە ئاوی كردە سەر هەردوو دەستیدا و سێجار شۆردی ، پاشان دەستی ڕاستی كردە ئاوی دەست نوێژەكەدا ، پاشان ئاوی هەڵدا دەم ولووتیدا و دەری كردەوە ، پاشان سێجار دەم وچاوی شۆرد وەهەردوو باڵیشی تا ئەنیشكەكانی ، پاشان مەسحی سەری كرد ، پاشان هەر پایەكی سێجار شۆرد ، پاشان فەرمووی: پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی بەم شێوەیە وەك دەست نوێژەكەی من دەست نوێژی گرت و فەمووی: (( مَنْ تَوَضَّأَ نَحْوَ وَضُوئِي هَذَا ، ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ لاَ يُحَدِّثُ فِيهِمَا نَفْسَهُ غَفَرَ اللهُ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ )) واتە: هەر كەسێك وەك ئەم دەست نوێژەی من بگرێت ، پاشان دوو ڕكات نوێژ بكات قسە لە گەڵ خۆیدا نەكات ئەوە خوای گەورە لە تاوانەكانی پێشووی خۆش دەبێت [رواه البخاري (١/٢٦٦/١٦٤) ومسلم (١/٢٠٤/٢٦٦)].

(٤٠) لە بەر فەرموودەكەی (أَبُوهُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لَوْ لا أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لَأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ مَعَ كُلِّ وُضُوْءٍ )) واتە: لە بەر ئەوە نەبێت كەوا لە سەر ئوممەتەكەم ناڕەحەت دەبێت ، ئەوە فەرمانم پێ دەكردن بەسیواك كردن لە گەڵ هەموو دەست نوێژێك دا [رواه الإمام أحمد (١/٢٩٤/١٧١) ويروانه صحيح جامع الصغير (٥٣١٦)].

(٤١) لە بەر فەرموودەكەی (أَنَس) (خوای لێ رازی بێت) كەوا ئیمامی (عُثْمَان) فەرمووی: (( أَلاَ أُرِيكُمْ وُضُوْءَ رَسُوْلِ اللهِ (ﷺ) ؟ ثُمَّ تَوَضَّأَ ثَلاَثاً ثَلاَثاً )) واتە: ئایا پیشانتان بدەم پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن دەست نوێژی دەگرت ، پاشان سێجار سێجار دەست نوێژیگرت [رواه مسلم (١/٢٠٧/٢٣٠)].

وە بۆ مەسح كردنی سەریش هەر سوننەتە سێجار بكرێت ، لە بەر فەرموودەكەی (عُثْمَان) (خوای لێ رازی بێت) كەوا (( أَنَّهُ تَوَضَّأَ فَمَسَحَ رَأْسَهُ ثَلاَثاً وَقَالَ: رَأَيْتُ رَسُوْلَ اللهِ (ﷺ) تَوَضَّأَ هَكَذَا )) واتە: دەست نوێژی گرت ، جا مەسحی سەری سێجار كرد وە فەرمووی: بینیم پێغەمبەری خوا بەم شێوەیە دەست نوێژی گرت [رواه أبوداود (١ /٧٩/١١٠) وهو حديث صحيح بروانە صحيح أبي داود (١٠١)].


منتدى إقرأ الثقافي

وە پێش خستنی لای ڕاست [٤٢]، وە کۆکردنەوەی ئاو هەڵدانە دەم ولووت بە یەك گوێل [٤٣]، وە شۆردنی دەم وچاوو دەست وپێ لە سنووری خۆی زیاتر [٤٤]، وە خوێندنی دوعای دوای دەست نوێژ [٤٥]،

(٤٢) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَةَ) (خوای لیّ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) يُعْجِبُهُ التَّيَمُّنُ فِي تَنَعُّلِهِ وَتَرَجُّلِهِ وَطُهُورِهِ وَفِي شَأْنِهِ كُلِّهِ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێش خستنی لای ڕاستی پێ خۆش بووە لە پێڵاو لە پێ کردندا ، وە لە سەر شانە کردندا ، وە لە غوسلو دەست نوێژ گرتندا ، وە لە هەموو کارەکانی تریدا [رواه البخاري (١/٢٦٩/ ١٦٨) ومسلم (١/٢٢٦/ ٢٦٨)].

(٤٣) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُاللهِ بن زَيْدِ بْنِ عَاصِمٍ الأَنْصَارِيِّ) (خوای لیّ ڕازی بێت) کەوا پێیان ووت: دەست نوێژمان بۆ بگرە وەکو دەست نوێژی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (( .. فَمَضْمَضَ وَاسْتَنْشَقَ مِنْ كَفٍّ وَاحِدَةٍ ، فَفَعَلَ ذَلِكَ ثَلاثًا ...)) واتە: .. جا بە یەك گوێل ئاوی ئاوی هەڵدایە دەم و لووتی ، وە سێ جاریش دووبارەی کردەوە ... [رواه مسلم (١/٢١٠/ ٢٣٥)].

(٤٤) لە بەر فەرموودەکەی (نُعَيْمُ بنُ عَبْدِاللهِ المُجْمِرِ)(خوای لیّ ڕازی بێت)کەوا فەرمووی: ((أَبو هُرَيْرَةَ)ەم بینی (خوای لیّ ڕازی بێت) دەست نوێژی دەگرت.... جا فەرمووی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (( أَنْتُمُ الغُرُّ المُحَجَّلُونَ يَوْمَ القِيَامَةِ ، مِنْ إِسْبَاغِ الوُضُوءِ ، فَمَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ فَيُطِلْ غُرَّتَهُ وَتَحْجِيلَهُ )) واتە: ئێوە وەکو ئەسپی توێڵ سپی لە ڕۆژی دواییدا بە شوێنەواری دەست نوێژەکانتاندا دەناسرێنەوە ، جا هەر یەکێکتان چەندێك پێی دەکرێت زیاتری لیّ بشوات ، با بیشوات [رواه البخاري (١/٢٣٥/ ١٣٦) ومسلم (١/ ٢١٦)].

(٤٥) لە بەر فەرموودەکەی (عُمَرُ بنُ الخَطَّابِ) (خوای لیّ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ يَتَوَضَّأُ فَيُسْبِغُ الوُضُوءَ ثُمَّ يَقُولُ: أَشْهَدُ أَنْ لاإِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لاشَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ ، إِلَّا فُتِحَتْ لَهُ أَبْوَابُ الجَنَّةِ الثَّمَانِيَةِ يَدْخُلُ مِنْ أَيِّهَا شَاءَ )) واتە: هەر یەکێك لە ئێوە دەست نوێژ بگرێت بە ڕێك وپێکی پاشان بڵێ ( أَشْهَدُ أَنْ لاإِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لاشَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ ) ئەوە هەر هەشت دەرگاکانی بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە لە کامیانەوە دەیەوێت دەچێتە ژوورەوە [رواه مسلم (١/٢٠٩/ ٢٣٤) وفي رواية الترمذي (بهوانه صحيح الترمذي / ٤٨) زيادة (( اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي مِنَ التَّوَّابِينَ وَاجْعَلْنِي مِنَ المُتَطَهِّرِينَ ))].

منتدى إقرأ الثقافي

## وە کردنی دوو ڕکات نوێژی دەست نوێژ (٤٦).

وە فەرموودەکەی (أَبُوسَعِيْدِ الخُدْرِي) (خوای لیّ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ تَوَضَأَ فَقَالَ : سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ ، كُتِبَ لَهُ فِي رِقٍّ ، ثُمَّ طُبِعَ بِطَابِعٍ ، فَلاَ يُكْسَرِ إِلَى يَوْمِ القِيَامَةِ )) واتە: هەر کەسێك دەست نوێژ بگرێت ، پاشان بڵێت: (( سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لاإِلَهَ إِلَّا أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ )) ئەوە لە لاپەڕەیەك دا بۆی دەنوسرێتەوە پاشان مۆری لیّ دەدرێت بەمۆرێك ناشکێت تا ڕۆژی قیامەت [(رواه الحاكم (٥٦٤/١) وهو صحيح بروانە صحيح الترغيب والترهيب (٢٢٠)].

(٤٦) لە بەر فەرموودەکەی (عُثْمَانُ بنُ عَفَّان) (خوای لیّ ڕازی بێت) بروانە (پ ٣٩).

### دوو تێبینی:

**(أ) سیواك کردن لە هەموو کاتێکدا سوننەتە ، بەڵام لە چەند حاڵەتێکدا زیاتر سوننەتە:**

**یەکەم:** لە گەڵ هەموو دەست نوێژێکدا: لە بەر فەرموودەکەی (أَبُوهُرَيْرَة) بروانە (پ ٤٠).

**دووەم:** لە گەڵ هەموو نوێژێکدا: لە بەر فەرموودەکەی (أَبُوهُرَيْرَة) (خوای لیّ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لَوْ لا أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ عِنْدَ كُلِّ صَلاَةٍ )) واتە: لە بەر ئەوە نەبێت لە سەر ئوممەتەکەم نارەحەت دەبێت ئەوە فەرمانم پێ دەکردن بە سیواك کردن لە گەڵ هەموو نوێژێکدا [(رواه البخاري (٨٨٧/٣٧٤/٢) ومسلم (٢٥٢/٢٢٠/١) وغيرهما إلا أن عند مسلم (( عِنْدَ كُلِّ صَلاَةٍ )) واتە: لە کاتی هەموو نوێژێکدا ].

**سێیەم:** لە کاتی قورئان خوێندن دا: لە بەر فەرموودەکەی (عَلِي) (خوای لیّ ڕازی بێت) کەوا فەمووی: فەرمانمان پیّ کراوە بە سیواك کردن ، وە فەرمووی: (( إِنَّ العَبْدَ إِذَا قَامَ يُصَلِّي أَتَاهُ مَلَكٌ فَقَامَ خَلْفَهُ يَسْتَمِعُ القُرْآنَ وَيَدْنُوا ، فَلاَ يَزَالُ يَسْتَمِعُ وَيَدْنُوا ، حَتَّى يَضَعَ فَاهُ عَلَى فِيْهِ ، فَلا يَقْرَأُ آيَةً إِلاَّ كَانَتْ فِي جَوْفِ المَلَكِ )) واتە: لە ڕاستیدا بەندە ئەگەر هەستا نوێژ بکات ، فریشتەیەك دێت لە پشتیەوە دەوەستێت گوێ لە قورئان دەگرێت ونزیك دەبێتەوە ، بە بەردەوامی گوێ دەگرێت و نزیك دەبێتەوە ، تا دەم دەخاتە سەردەمی ، جا هەر ئایەتێك دەخوێنێت دەچێتە قوڕگی فریشتەکەوە [(رواه البيهقي (٣٨/١) وهو حديث صحيح لغيره بروانە سلسلة الأحاديث الصحيحة (١٢١٣) للألباني].


منتدى إقرأ الثقافي

..............................

**چوارەم:** كاتێك دێتە ژوورەوە بۆ ماڵ: لە بەر فەرموودەكەی (المقْدَامُ بنُ شُرَيْحٍ عَنْ أبِيْهِ) (خوای لیّ رازی بێت) فەرمووی : (( **سَأَلْتُ عَائِشَةَ قُلْتُ: بِأَيِّ شَيْءٍ كَانَ يَبْدَأُ النَّبِيّ (ﷺ) إِذَا دَخَلَ بَيْتَهُ ؟ قَالَتْ: بِالسِّوَاكِ** )) واتە: پرسیارم لە (عَائِشَة) كردو ووتم : پێغەمبەری خوا (ﷺ) كاتێك دەگەڕایەوە ماڵەوە بە چی دەستی پێ دەكرد ؟ فەرمووی: بە سیواك كردن [رواه مسلم (١/٢٢٠/٢٥٣) وأبوداود (١/٨٦/٥٨) مع العون وغيرهما].

**پێنجەم:** كاتێك شەوان لە خەو هەڵدەسێت: لە بەر فەرموودەكەی (حُذَيْفَة) (خوای لیّ رازی بێت) كەوا فەرمووی: (( **كَانَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) إِذَا قَامَ لِيَتَهَجَّدَ يَشُوْصُ فَاهُ بِالسِّوَاكِ** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر هەڵبسایە بۆ شەو نوێژی دەمی پاك دەكردەوە بە سیواك [رواه البخاري (١/٣٥٦/٢٤٥) ومسلم (١/٢٢٠/٢٥٥) وهذا لفظه وغيرهما].

**(ب) هێشتنەوەی ریش و بەردانەوەی پێویست(وَاجِب)ە** ، وە تاشینیشی حەرامە ، چونكە گۆڕانی خەلقی خوایە ، وە لە كردەوەكانی شەیتانە كە دەڵێ: ﴿ **وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللهِ** ﴾ ( النساء الآية: ١١٩) واتە: وە فەرمانیان پێ دەكەم كەوا بەدیهێنراوەكانی خوا بگۆڕن .

وە تاشینیشی لاسایی كردنەوەی ئافرەتە ، كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەفرەت(لَعْنَة)ی لیّ كردووە (( **لَعَنَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) المُتَشَبِّهِيْنَ مِنَ الرِّجَالِ بِالنِّسَاءِ** )) [رواه البخاري (١٠/٣٣٢/٥٨٨٥) والترمذي (٤/١٩٤/٢٩٣٥)] ، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمان(أَمْر)ی بە هێشتنەوەی كردوە ، وە فەرمانیش بۆ (وَاجِب)ە وەك زانراوە ، لەوانە فەرموودەكەی (إبْنُ عُمَر)ە (خوایان لیّ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (( **خَالِفُوا المُشْرِكِيْنَ وَفِّرُوا اللِّحَى وَاحْفُوا الشَّوَارِبَ** )) واتە: جیاوازی و پێچەوانەی (مُشْرِك)ەكان بكەن ، ریش بهێڵێنەوە و فراوانی بكەن ، وە سمێڵ(شوارب)یش كورت بكەنەوە [رواه البخاري (١٠/٣٩٤/٥٨٩٢) ومسلم (١/٢٢٢/٢٥٩)].


منتدى إقرأ الثقافي

# ئەوەی دەست نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە

## ( مُبْطِلاتُ الوُضُوء )

### هەر شتێك لە پاش وپێشەوە دەربچێت (٤٧) وخەوتن (٤٨)

(٤٧) ئیتر ئەو شتە میز بێت یان هەرشتێکی تر بێت ، لە بەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (المائدة: ٦٠) دا ﴿ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنَ الغَـائِطِ ﴾ واتە: یان ئەگەر یەکێکتان لە ئاودەستخانەوە هاتنەوە .

وە لە بەر فەرموودەکەی (أَبُوهُرَيْرَة) (خوای لیّ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لا تُقْبَلُ صَلاةُ مَنْ أَحْدَثَ حَتَّى يَتَوَضأَ )) واتە: خوای گەورە نوێژ لە یەکێك وەرناگرێت ئەگەر تووشی (حَدَث) بێت تا دەست نوێژ نەگرێتەوە ، پیاوێکی (حَضْرَمَوت) ی وتی: ئەی (أَبُوهُرَيْرَة) (حَدَث) چییە ؟ ئەویش فەرمووی: (( فُساءٌ أَوْ ضُراطٌ )) واتە: تسە یان ترە. [رواه البخاري (١/٢٣٤/١٣٥) وأحمد (٢/٧٥/٣٥٢) وأصل الحديث عند غيرهم بدون الزيادة].

وە فەرموودەکەی (عَلِي) (خوای لیّ رازی بێت) بڕوانە (پ ١١) وە لە (إِبْنُ عَبَّاس)ەوە فەرمووی: (( المَنِي وَالوَدِي وَالمَذِي ، أَمَّا المَنِي فَهُوَ الَّذِي مِنْهُ الغُسْل ، وَأَمَّا الوَدِي وَالمَذِي فَقَالَ: إِغْسِلْ ذَكَرَكَ أَوْ مَذَاكِيرَك وَتَوَضَّأْ وُضُوْءَكَ لِلصَّلاَةِ )) واتە: مەنی وپاش میزو ومەزی ، مەنی ، ئەوە دەبێت غوسلی لیّ بکرێت بەڵام پاش میزو مەزی ، ئەوە: زەکەرت بشۆ ودەست نوێژ بگرەوە وەك چۆن بۆ نوێژ دەیگرێت)) [رواه البيهقي (١/١١٥) وهو حديث صحيح بروانە صحيح ابوداود (١٩٠)].

(٤٨) خەوتنێك کە بە ڕاستی پێی بووترێت خەوتن بەوەی هۆشی لای خۆی نەمێنێت، لە بەر ئەو هەموو فەرموودانەی کە لەو بارەوە هاتوون ، لە وانە فەرموودەکەی (عَلی) (خوای لیّ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( العَيْنُ وِكَاءُ السَّه ، فَمَنْ نَامَ فَلْيَتَوَضَأْ )) واتە: چاو پەتی بەستنی کۆمە ، جا هەر کەسێك خەوت ، ئەوە با دەست نوێژ بگرێتەوە – چونکە دەست نوێژی شکاوە – [رواه أبو داود (١/٣٤٧/٢٠٠) مع العون وإبن ماجه(١/رقم/٤٧٧) وهو حديث حسن بروانە الإرواء (١١٣) وصحيح أبي داود (١٩٨) وصحيح إبن ماجه (٣٨٦)].

جا ئەگەر خەوتن دەست نوێژ بشکێنێت ، ئەوە لە هۆش چوون ونەمانی عەقڵ پێشتر دەیشکێنێت چونکە مرۆڤ زیاتر بێ ئاگا دەکات .


منتدى إقرأ الثقافي

## وخواردنی گۆشتی ووشتر [٤٩] ودەست دانە پێش(ذَکَر)ەوە بە ئارەزوو [٥٠].

(٤٩) لە بەر فەرموودەکەی (البَرَّاءُ بنُ عَازِب) (خوای لێ رازی بێت) پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( تَوَضَّئُوا مِنْ لُحُومِ الإِبِلِ ، وَلا تَوَضَّئُوا مِنْ لُحُومِ الغَنَم ))واتە: دەست نوێژ لە گۆشتی ووشتر بگرنەوە بەڵام لە گۆشتی مەڕ مەیگرنەوە [رواه أبوداود (١/٣١٥/١٨٢) مع العون والترمذي (١/٥٤/٨١) وإبن ماجه (١/١٦٦/٤٩٤) وهو حديث صحيح بروانە الإرواء(١/١٥٢) وصحيح أبي داود(١٧٧) وصحيح إبن ماجه (٤٠١)].

(٥٠) لە بارەی دەست دانە زەکەرەوە دوو فەرموودەی (صَحِيح)مان هەیە لە ڕووکەش(ظَاهِر)دا دژ بە یەکن ، ئەویش فەرموودەکەی (بُسْرَةُ بِنْتُ صَفْوَان)ە (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ مَسَّ ذَكَرَهُ فَلْيَتَوَضَّأ ))واتە: هەر کەسێك دەستی دا بە زەکەریەوە با دەست نوێژ بگرێتەوە [رواه ابوداود (١/٣٠٧/١٧٩) مع العون وإبن ماجه (١/١٦١/٤٧٩) والنسائي (١/١٠٠) والترمذي (١/٥٥/٨٢) وهو حديث صحيح بروانە الإرواء(١١٦) وصحيح أبي داود(١٧٤) وصحيح إبن ماجه (٣٨٨)].

وە فەرموودەکەی (طَلْقُ بنُ عَلي) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پیاوێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بارەی پیاوێك دەست لە زەکەری بدات ئایە دەست نوێژی لە سەرە ؟ ئەویش فەرمووی: (( لَيْسَ فِيهِ وُضُوء ، إِنَّمَا هُوَ مِنْكَ )) واتە: نە ، دەست نوێژی لە سەر نییە ، لە ڕاستیدا ئەوە بەشێکە لە خۆت [رواه أبوداود (١/٣١٢/١٨٠) مع العون وإبن ماجه (١/١٦٣/٤٨٣) وهذا لفظه والنسائي (١/١٠١) والترمذي (١/٥٦/٨٥)وهو حديث صحيح بروانە المشكاة(٣٢٠) وصحيح أبي داود(١٧٥) صحيح ابن ماجه (٣٩٢)].

جا ئەم دوو فەرموودەیە لە (ظَاهِر)دا دژ بە یەکن وەك باسمان کرد ، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە ، چونکە فەرموودەکەی (طَلْق) ئامازەیەکی جوانی تێدایە ئەویش ئەوەیە کە دەفەرمێ: (( إِنَّمَا هُوَ مِنْكَ )) واتە: لە ڕاستیدا ئەوە بەشێکە لە خۆت . ئەمە ئامازەیە کەوا ئەو دەست پێوەدانە کە دەست نوێژ ناشکێنێت دەست پێوەدانێکە بە ئارەزووەوە نەبێت ، چونکە لەو حاڵەتەدا دەتوانی تەشبیهی بکەیتە هەر ئەندامێکی تری لاشەوە ، بە پێچەوانەی ئەوەوە ئەگەر بە ئارەزوو(شَهْوَة)ەوە دەستی پێوە بدرێت ، ئەوە دەست نوێژ دەشکێنێت ، چونکە لەو کاتەدا وەکو ئەندامەکانی تری لاشە نییە ، بەم شێوەیە هەردوو فەرموودەکە کۆ(جَمْع) دەکرێتەوە ، ئەمەش هەڵبژاردنی ورای (شَيْخُ الإِسْلام إِبْنُ تَيْمِيَّه)یە ...[بروانە تمام المنة في التعليق على فقه السنة للألباني (ل ١٠٣)].



منتدى إقرأ الثقافي

.......................................

## چەند تێبینییەك :

(أ) **هەندێك لە زانایان دەڵێن:** لە یەکدانی پێستی پیاو و ئافرەتی بێگانە (نا مەحرەم) دەست نوێژ دەشکێنێت ، بەڵگەشیان فەرموودەکەی خوای گەورەیە لە سورەتی(المائدة : ٦٠) ﴿...وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُباً فَاطَّهَرُوا وَإِنْ كُنْتُمْ مَرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنَ الغَائِطِ أَوْ لامَسْتُمُ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا...﴾ دەڵێن: (لَامَسَ) لە (حَقِيْقَة)دا بە واتای دەست پێوەدان دێت ...

***منیش دەڵێم:*** لە (أصْل)دا هیچ شتێك دەست نوێژ ناشکێنێت ، مەگەر بە بەڵگە( إلاّ بِدَلِيْل) ، جا ئەو ئایەتەی سورەتی(المائدة : ٦)یش زانایان لە بارەیەوە دەڵێن: (لَمْس) بە واتای (جِمَاع)کردنیش هاتوە لە ئایەت و فەرموودە دا ، وە لێرەیشدا بەو واتایە هاتوە ، وەك ئیمامی (عَلِي) و (تَرْجُمَانُ القُرْآنِ إبْنُ عَبَّاس) وا تەفسیریان کردوە ، وە(أُسْلُوب)ی ئایەتەکەش ئەوە دەگەیەنێت ، چونکە لە پێشی ئایەتەکەدا خوای گەورە باسی (طَهَارَة) بە ئاو دەکات بۆ کەسێك دەست نوێژی شکا بێت ، کە (حَدَثُ الأصْغَر)ە ، وەك دەفەرمێ: ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِيْنَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى المَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الكَعْبَيْنِ﴾ وە باسی (طَهَارَة) بە ئاویش دەکات بۆ کەسێك لەشی گران بێت کە( حَدَثُ الأكْبَر )ە ، وەك لە پاش ئەوە دەفەرمێ: ﴿ وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُباً فَاطَّهَرُوا ﴾ ، پاشان ئەگەر کەسێك توانای( طَهَارَة ) بە ئاوی نەبوو ، لە بەر نەخۆشی یان لە بەر سەفەر ﴿ وَإِنْ كُنْتُمْ مَرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ﴾ ئەوە بۆ (حَدَثُ الأصْغَر) کە گەڕانەوەیە لە سەر ئاو کردن ﴿ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنَ الغَائِطِ ﴾ وە بۆ (حَدَثُ الأكْبَر)یش کە (جِمَاع)کردنە لە گەڵ ئافرەتدا ﴿ أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ ﴾ ، ئەوە تەیمومیان بۆ بکەن بە خۆڵ ، بۆ(حَدَثُ الأصْغَر) و (حَدَثُ الأكْبَر)یش ، ئەگەر ئاو دەست نەکەوت ﴿ فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيْداً طَيِّباً فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيْكُمْ مِنْهُ مَا يُرِيْدُ اللهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّيْنِ مِنْ حَرَجٍ..﴾ (سورة المائدة :٦٠).

کەوا بوو هەر وەك چۆن ﴿ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنَ الغَائِطِ ﴾ بەرانبەری دەست نوێژەکەیە ، کە هەردوکیان(حَدَثُ الأصْغَر)ن ، بە هەمان شێوە ﴿ أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ ﴾ بەرانبەری ﴿ وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُباً ﴾ە ، کە هەردووکیان (حَدَثُ الأكْبَر)ن ، بەڵام ئەگەر بڵێیت (لَامَسَ) لێرەدا بە واتا دەست پێوە دانە ، ئەوە ئەو سوودە نامێنێت کە لە ئایەتەکە


منتدى إقرأ الثقافي

........................................

وەردەگیرێت کەوا خۆڵ جێگەی ئاو دەگرێتەوە بۆ(حَدَثُ الأكْبَر) ، وەك چۆن جێگەی دەگرێتەوە بۆ (حَدَثُ الأصْغَر) ، وە لەو کاتەشدا کۆتایی ئایەتەکە (مُخَالِف)ەی پێشەکەی دەکات .

ئەمە جگە لەو فەرموودانەیش کە ئەم (أصْل)ە بە هێز دەکەن ، لەوانە فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی:(( أنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) قَبَّلَ بَعْضَ نِسَائِهِ ثُمَّ خَرَجَ إِلَى الصَّلَاةِ وَلَمْ يَتَوَضَّأ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ماچی هەندێك لە خێزانەکانی کرد ، پاشان دەرچوو بۆ نوێژ و دەست نوێژیشی نەگرتەوە [رواه الإمام احمد وأبوداود والترمذي والنسائي وإبن ماجة وهو حديث صحيح صححه الألباني في المشكاة(٣٢٣) وصحيح أبي داود (١٧١) وصحيح إبن ماجة (٤٠٦) وصحيح الترمذي (٦٥)]. ئەم فەرموودەیە ئەگەر چی هەندێك لە زانایان بە(ضَعِيف)یان زانیوە ، بەڵام لە ڕاستیدا ڕێگاکانی یەکتری بە هێز دەکەن ، وە لەو زانایانەی کۆن کە ئەم فەرموودەیەیان بە(صَحِيح) داناوە ، (إبْنُ عَبْدِ البَرّ) کە فەرموویەتی: وروى هذا الحديث أيضا من طريق معبد بن نباتة ، وقال الشافعي : إنْ ثَبَتَ حَدِيثُ مَعْبَدُ بنُ نَبَاتَةَ فِي القُبْلَةِ لَمْ أرَ فِيهَا وَلَا فِي اللَّمْسِ وُضُوءَاً ، وە بڕوانە(بِدَايَةُ المُجْتَهِدِ وَنِهَايَةُ المُقْتَصِد لِإبْنِ رُشْد)(٢٧/١) و(نَيْلُ الأوْطَار لِلإمَامِ الشَّوْكَانِي)(٢٣٠/١-٢٣٣) کە باسی ئەم مەسەلەیە بە جوانی دەکەن ، وە لە بارەی ئەم فەرموودەیەوە( الشَّوكَانِي ) دەفەرمێ: صَحَّحَهُ إبْنُ عَبْدِ البَرّ وَجَمَاعَة وَشَهِدَ لَهُ حَدِيثُهَا الآتِي بَعْدَ هَذَا ، وَالحَدِيثُ يَدُلُّ عَلَى أنَّ لَمْسَ المَرْأةِ لا يَنْقُضُ الوُضُوءَ وَقَدْ تَقَدَّمَ ذِكْرُ الخِلافِ فِيهِ .

وە هەروەها شەیخی فەرموودە ناس(مُحَدِّث)ی ئەم سەردەمەیش ( شَيْخ الألْبَانِي) تصحيحی ئەم فەرموودەیەیی کردوە ، وەك ئاماژەمان بۆی کردوە .

وە هەروەها فەرموودەکەی تری(عَائِشَة) (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كُنْتُ أنَامُ بَيْنَ يَدَيِ النَّبِيِّ (ﷺ) ، وَرِجْلَايَ فِي قِبْلَتِهِ فَإذَا سَجَدَ غَمَزَنِي فَقَبَضْتُ رِجْلِي - وَفِي لَفْظٍ: فَإذَا أرَادَ أنْ يَسْجُدَ غَمَزَ رِجْلِي - )) واتە: لە بەر دەستی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دەخەوتم _ کاتێك کە نوێژی دەکرد _ وە هەردوو پێم لە لای قیبلەیەوە بوو ، جا ئەگەر سوجدەی ببردایە دەیژاندە منەوە _ پێی منەوە ، وەك لە(لَفظ)ێکیدا هاتوە _ منیش پێم دەکێشایەوە [متفق عليه بڕوانە فقه السنة (٤٧/١)].


منتدى إقرأ الثقافي

.........................................

وە هەروەها فەرموودەکەی (عَائِشَة)(خوای لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( فَقَدْتُ رَسُوْلَ اللهِ (ﷺ) لَيْلَةً مِنَ الفِرَاشِ ، فَالْتَمَسْتُهُ ، فَوَقَعَتْ يَدِي عَلَى بَطْنِ قَدَمَيْهِ وَهُوَ فِي المَسْجِد ، وَهُمَا مَنْصُوْبَتَانِ ، وَهُوَ يَقُوْلُ: اللَّهُمَّ ، أَعُوْذُ بِرِضَاكَ مِنْ سَخَطِكَ ، وَبِمُعَافَاتِكَ مِنْ عُقُوْبَتِكَ ، وَأَعُوْذُ بِكَ مِنْكَ ، لاَ أُحْصِي ثَنَاءً عَلَيْكَ ، أَنْتَ كَمَا أَثْنَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ )) واتە: شەوێك لە سەر جێگا پێغەمبەرم لیٚ وون بوو ، جا بە دوایدا گەڕام بینیمەوە ، دەستم لە سەر هەردوو پشت پیٚی دانا – لە سوجدە بردندا بوو – لە مزگەوتدا بوو ، وە دەیفەرموو: خوایە من پەنا بە ڕەزامەندیت دەگرم لە تورەبونت ، وە پەنا بە لێبوردنت دەگرم لە سزات ، وە پەنا بە تۆ دەگرم لە خۆت ، ... [رواه مسلم(١/رقم/٤٨٦) وغيره].

جا ئەم دوو فەرموودە(صَحِيْح)ە بەڵگەیەکی ڕوونن لە سەر ئەوەی کەوا دەست نوێژ لە دەست پێوەدانی ئافرەت ناشکێت ، وە(تَأْوِيْل)کردنەکەی (إِبْنُ حَجَر)یش لە(فَتْحُ البَارِي)دا – بەوەی لەوانەیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) شتێکی لە پێدا بووبێت ، یان لەوانەیە تایبەت ببێت بە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) – (تَكَلُّف)ە و پێچەوانەی (ظَاهِر)ە ، وەك ئیمامی(صَنْعَانِي) لە (سُبُلُ السَّلاَم)دا (١/١٠٢) و ئیمامی(شَوْكَانِي)یش لە(نَيْلُ الأَوْطَار)دا (١/٢٣١) وایان فەرمووە.

**( ب ) ئەوانەی کە پێویست(وَاجِب)ە دەست نوێژی بۆ بگیرێت ئەمانەن:**

**یەکەم:** نوێژ ، لە بەر ئایەتەکەی سورەتی (المائدة : ٦) کە پێشتر باسمان کرد.

**دووەم:** سووڕ خواردنەوە بە دەوری ماڵی خوای گەورە دا (الكَعْبَة) ، لە بەر فەرموودەکەی(إِبْنُ عَبَّاس)(خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( الطَّوَافُ بِالبَيْتِ صَلاَةٌ ، وَلَكِنَّ اللهَ أَحَلَّ فِيْهِ المَنْطِقَ ...)) واتە: سووڕ خواردنەوە بە دەوری (كَعْبَه)دا نوێژە ، بەڵام خوای گەورە قسە کردنی تێدا حەڵاڵ کردوە ... ... [رواه الترمذي (٢/٢١٧/٩٦٧). وهو حديث صحيح بروانە صحيح الجامع ( ٣٩٥٤ )].

وە جگە بۆ نوێژ و(طَوَاف) هیچ بەڵگەیەکی(صَحِيْح)مان نییە کەوا دەست نوێژ بۆ هیچ شتێکی تر پێویست بێت .

**( ج ) ئەوانەی کە سوننەتە دەست نوێژی بۆ بگیرێت ئەمانەن:**

**یەکەم:** زیکری خوا ، لە بەر فەرموودەکەی (المُهَاجِرُ بنُ قُنْفُذ) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((... إِنِّي كَرِهْتُ أَنْ أَذْكُرَ اللهَ إِلاَّ عَلَى طَهَارَةٍ ))


منتدى إقرأ الثقافي

واتە: لە ڕاستیدا من پێم خۆش نییە زیکری خـوا بکـەم مەگـەر بـە دەست نوێـژەوە [رواه أبوداود (١/٣٤/١٧) مع العون واللفظ له وابن ماجه (١/١٢٦/٣٥٠) بروانـه السلسلة الصحيحة(٨٣٤) وصحيح أبي داود(١٣) وصحيح إبن ماجه (٢٨٠)].

**دووەم:** خـەوتن ، لـە بـەر فەرموودەکـەی (الـبَرَّاءُ بـنُ عَـازِب) (خـوای لێ ڕازی بێـت) (( **إِذَا أَخَذْتَ مَضْجِعَكَ فَتَوَضَّأْ وُضُوءَكَ لِلصَّلاةِ ...** )) واتـە: ئەگـەر چویتـە سـەر جێگات بۆ خەوتن ، ئەوە دەست نوێژ بگرە وەکو دەست نوێـژ گرتنـت بـۆ نوێـژ [رواه البخاري (١١/١٠٩/٦٣١١) مع الفتح ومسلم (٤/٢٠٨١/٢٧١٠)].

**سێیەم:** لەش گران ئەگەر ویستی شت بخوات یـان بخواتـەوە یـان بخـەوێت یـان دووبـارە جیماع بکاتەوە ، لە بەر فەرموودەکەی (عَمَّـارُ بـنُ يَاسِـر) (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) (( **رُخِّصَ لِلْجُنُبِ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَـأْكُلَ أَوْ يَشْـرِبَ أَوْ يَنَـامَ أَنْ يَتَوَضَّأَ وُضُوءَهُ لِلصَّلاةِ** )) واتـە: ڕوخسـەتی داوە بـەو کەسـەی لەشـی گـران بێـت ئەگەر ویستی خواردن بخوات یان خواردن بخواتەوە یان بخەوێت ، کەوا دەسـت نوێـژ بگرێت وەکو دەست نوێژی نوێژ [رواه أبوداود (١/٣٧٥/٢٢٢) مع العون وهـو حديث صحيح بروانـه الوجيز (ل ٣٩)].

وە لە بەر فەرموودەکـەی (أَبُـو سَـعِيْد) (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: (( **إِذَا أَتَـى أَحَدُكُمْ أَهْلَـهُ ثُمَّ أَرَادَ أَنْ يَعُودَ فَلْيَتَوَضَّأْ** )) واتـە: ئەگەر یەکێکتان چوە لای خێزانەکەی – جیماعی لە گەڵدا کرد – پاشـان ویسـتی دوو بارەی بکاتەوە ، ئەوە با دەست نوێژ بگرێتەوە [رواه مسلم (١/٢٤٩/٣٠٨) وغيره].

**چوارەم:** ئەگەر خواردنێك بخوات بە ئاگر بـرژاو بێـت ، لـە بـەر فەرموودەکـەی (أَبُـو هُرَيْـرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: (( **تَوَضَّأُوا مِمَّا مَسَّتِ النَّارُ** )) واتە: دەست نوێژ بگرنەوە لەوەی ئـاگر لێـی دابێـت [رواه مسلم (١/٢٧٢/٣٥٢)].
وە ئەو فەرمانەیش بۆ سـوننەتە ، لـە بـەر فەرموودەکـەی (عَمْـرُو بـنُ أُمَيَّـةَ الضَّمَـرِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کـەوا فـەرمووی: (( **رَأَيْتُ النَّبِيَّ يَحْتَزُّ مِنْ كَتِفِ شَاةٍ فَأَكَلَ مِنْهَا فَدُعِيَ إِلَى الصَّلاةِ ، فَقَامَ وَطَرَحَ السِّكِّيْنَ وَصَلَّى وَلَمْ يَتَوَضَّأْ** )) واتە: بینیم پێغەمەری خوا (ﷺ) بە چەقۆ لە دەستی شـەکێکی دەبـڕی ولێـی دەخـوارد ، جـا کـە بانگ درا بۆ نوێژ چەقۆکەی دانا و نوێژی کرد و دەست نوێژی نەگرتەوە [رواه البخاري (١/٣١١/٢٠٨) مع الفتح ومسلم (١/٢٧٤/٣٥٥) وهذا لفظه].

**پێنجەم** : بۆ هـەموو نوێژێـك ، لـە بـەر فەرموودەکـەی (بُرَيْـدَة) (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا فەرمووی: (( **كَانَ النَّبِيُّ(ﷺ) يَتَوَضَّأُ عِنْدَ كُلِّ صَلاةٍ ، فَلَمَّا كَانَ يَوْمَ الْفَتْحِ تَوَضَّأَ وَصَلَّى الصَّلَوَاتِ بِوُضُوءٍ وَاحِدٍ . فَقَالَ لَهُ عُمَرَ: يَا رَسُولَ اللهِ إِنَّكَ فَعَلْتَ شَيْئاً لَمْ**


منتدى إقرأ الثقافي

تَكُنْ تَفْعَلُهُ ؟ فَقَال: عَمْداً فَعَلْتُهُ يَا عُمَر )) واته: پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆ هەموو نوێژێك دەست نوێژی دەگرت ، جا كە ڕۆژی (فَتْح)ی(مَكَه) هات دەست نوێژی گرت وەمەسحی لە سەر هەردوو(خُف)ەكانی كرد وهەموو نوێژەكانی بە یەك دەست نوێژ كرد ، جا (عُمَر) پێی ووت: ئەی پێغەمبەری خوا تۆ ئەمڕۆ شتێكت كرد لە پێشدا نەتدەكرد ؟ ئەویش فەرمووی: بە قەستەوە كردم ئەی (عُمَر) . [رواه مسلم (١/٢٣٢/٢٧٧) وغيره)].

**شەشەم** : لە كاتی هەموو دەست نوێژ شكاندنێكدا ، لە بەر فەرموودەكەی (بِلال) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: (( بِمَا سَبَقْتَنِي إِلَى الجَنَّةِ ، إِنِّي دَخَلْتُ البَارِحَةَ الجَنَّةَ فَسَمِعْتُ خَشْخَشَتَكَ أَمَامِي ؟ فَقَالَ بِلَال: يَا رَسُولَ اللهِ مَا أَذنْتُ قَط إِلَا صَلَّيتُ رَكعَتَيْنِ ، وَلاَ أَصَابَنْنِي حَدَثٌ قَط إِلاَّ تَوَضَّأْتُ عِنْدَهُ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): لِهَذَا )) واته: بە چی پێشم كەوتی لە بەهەشت ئەی (بِلال) من دوێنێ چومە بەهەشتەوە جا گوێم لە خشخشەت بوو لە پێشمەوە ؟ (بِلال)یش ووتی: ،ئەی پێغەمبەری خوا هەر كاتێك بانگم دابێت ئیللا لە پاشیدا دوو ركات نوێژم كردوە ، وە هەر كاتێكیش دەست نوێژم شكابێت ئیللا لەو كاتەدا دەست نوێژم گرتۆتەوە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: لە بەر ئەوەیە [رواه الترمذي (٥/٢٨٢/٣٧٧٢) وهو حديث صحيح بروانه صحيح الجامع (٧٨٩٤)].

**حەوتەم** : پاش ڕشانەوە ، لە بەر فەرموودەكەی (مَعْدَانُ بنُ أَبِي طَلْحَةَ عَنْ أَبِي الدَّرْدَاء) (خوای لێ رازی بێت) (( أَنَّ رَسُولَ اللهِ(ﷺ) قَاءَ فَأَفْطَرَ فَتَوَضَّأَ..)) واته: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕشایەوە جا ڕۆژووەكەی شكاند و دەست نوێژی گرتەوە [رواه الترمذي (١/٥٨/٨٧) وإسناده صحيح بروانه تمام المنة (ل ١١١)].

**هەشتەم** : پاش مردو هەلگرتن ، لە بەر فەموودەكەی پێغەمبەری خوا (ﷺ): (( مَنْ غَسَلَ مَيِّتَاً فَلْيَغْتَسِل وَمَنْ حَمَلَهُ فَلْيَتَوَضَّأ )) واتە: هەر كەسێك مردوویەكی شۆردەوە با خۆی بشۆرێت وە هەر كەسێك هەلیگرت با دەست نوێژ بگرێتەوە [رواه احمد (٢/١٤٥/٤٨٦) وغيره].

وە ئەم فەرمانەیشە بۆ سوننەتە ، لە بەر فەرموودەكەی (إِبْنُ عَبَّاس) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لَيْسَ عَلَيْكُمْ فِي غُسْلِ مَيِّتِكُمْ غُسْل إِذَا غَسَلْتُمُوهُ...)) واته: پێویست نییە لە سەرتان خۆتان بشۆن ئەگەر مردوویەكتان شۆردەوە [رواه الحاكم (١/٣٨٦) والبيهقي (٣/٣٩٨) وهو حديث حسن بروانه أحكام الجنائز للألباني (ل ٥٣)].



منتدى إقرأ الثقافي

# خۆ شۆردن (الغُسْل)

## ئەوەی خۆشۆردن پێویست دەکات (مُوجِبَاتُ الغُسْل)

**موسوڵمان بوون[٥١] ودابەزینی(مَني)بە ئارەزووەوە ئەگەر لە خەویشدا بێت[٥٢]**

(٥١) لە بەر فەرموودەکەی(قَيْسُ بنُ عَاصِم)(خوای لیّ رازی بێت) فەرمووی: (( أَتَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) أُرِيدُ الإِ سْلامَ ، فَأَمَرَنِي أَنْ أَغْتَسِلَ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ )) واتە: کەوا کاتێك موسوڵمان بوو ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کرد خۆی بشوات بە ئاو و بە(سِدْر) [رواه النسائی (١/١٠٩/١٨٨) والترمذی (٢/٥٠٢/٦٠٥) وابوداود (١/٢٥١/٣٥٥)وغيرهم وهو حديث صحيح بروانه الإرواء (١/١٢٨)].

وە لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لیّ رازی بێت) کەوا (ثُمَامَة الحَنَفِي) بە دیل گیرا ، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەیانیان دەیدا بە لایدا و دەیفەرموو: (( مَا عِنْدَكَ يَا ثُمَامَةَ ؟ )) واتە: چیت پێیە ئەی (ثُمَامَة) ؟ ئەویش دەیووت: (( إِنْ تَقْتُلْ تَقْتُلْ ذَا دَمٍ ، وَإِنْ تَمْنُنْ تَمْنُنْ عَلَى شَاكِرٍ ، وَإِنْ تُرِدِ المَالَ نُعْطِكَ مِنْهُ مَا شِئْتَ )) واتە: ئەگەر بکوژیت ئەوە خاوەن خوێنێك دەکوژیت ، وە ئەگەر منەتیش بکەیت - بەوەی بە بێ پارە ئازادم بکەی - ئەوە منەت دەکەیت بە سەر یەکێکدا سوپاس کەرە ، وە ئەگەر پارەتیش دەوێت ، ئەوە چەندت دەوێت پێت دەدەین . وە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێیان خۆش بوو بە پارە ئازاد بکرێت ، دەیانووت : ئێمە چی بە کوشتنی ئەمە بکەین ؟ جا ڕۆژێکیان پێغەمبەری خوا(ﷺ) دای بەلایدا ، موسوڵمان بوو ، جا ئازادی کرد و ڕەوانەی باغەکەی (أَبُو طَلْحَة)ی کرد ، و فەرمانی پێکرد خۆی بشوات ... [رواه أحمد وهو حديث صحيح أصله عند الشيخين بروانه فقه السنة (١/٥٨)].

(٥٢) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد) (خوای لیّ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (( إِنَّمَا المَاءُ مِنَ المَاءِ )) واتە: خۆشۆردن بە ئاو پێویست دەبێت بە هاتنەوەی ئاوی مەنی [رواه مسلم (١/٢٦٩/٣٤٣) و أبوداود (١/٣٦٦/٢١٤) مع العون].

وە هەروەها لە بەر فەرموودەکەی (أُمّ سَلَمَة) (خوای لیّ رازی بێت) کەوا (أُم سُلَيْم) ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ، لە ڕاستیدا خوای گەورە شەرم لە حەق ناکات ، ئایە ئافرەت خۆشۆردنی لە سەرە ، ئەگەر لە خەودا لەشی گران بوو ؟ فەرمووی: (( نَعَم ، إِذَا رَأَتِ


منتدى إقرأ الثقافي

## و چوونە ژوور رەوەی زەکەری پیاو بە پێش(رَحْم)ی یان پاش(کۆم)ی ئافرەتدا (٥٣) (٥٤)

المَاءَ )) واتە: بەڵێ ، ئەگەر ئاوی مەنی بینی [رواه البخاری (١/٢٢٨/١٣٠) مع الفتح ومسلم (١/٢٥١/٣١٣) والترمذي (١/٨٠/١٢٢)].

وە ئارەزوو(شَهْوَة) بە مەرج دەگیرێت لە کاتی نەخەوتندا نەك خەوتن ، لە بەر ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِذَا حَذَفْتَ المَاءَ فَاغْتَسِلْ مِنَ الجَنَابَةِ ، فَإِذَا لَمْ تَكُنْ حَاذِفَاً فَلاَ تَغْتَسِلْ )) واتە: ئەگەر ئاوت فڕێدا ئەوە خۆت بشۆ ، وە ئەگەر فڕێت نەدا ، ئەوە خۆت مەشۆ [روا احمد (١/٢٤٧/٨٢) وإسناده حسن صحيح بڕوانە الإرواء (١/١٦٢)].

ئیمامی (شَوكَانِي) لە(نَيْلُ الأَوْطَار) (١/٢٧٥) دا فەرمووی: ئەو سیفەتەیشە تەنها لە کاتی ئارەزوودا هەیە ، بۆیە (المُصَنِّف) – کە خاوەنی کتێبی(مُنْتَقَى الأَخْبَار)ە – ووتویەتی: ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەگەر ئەو ئاوە بە ئارەزووەوە دەرنەچوو ، ئیتر بە هۆی نەخۆشیەوە بێت یان بە هۆی سەرماوە ، ئەوە خۆشۆردن پێویست ناکات .

وە ئەگەر یەکێك خەوی بینی بەڵام ئاوی نەبینی ئەوە خۆشۆردنی لە سەر نییە ، وە هەر کەسێکیش ئاوی بینی بەڵام خەوی لە یاد نەبوو ، ئەوە خۆشۆردنی لە سەرە ، لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بارەی پیاوێك تەڕی دەبینێت بەڵام لە یادی نییە کەوا خەوی بینی بێت ؟ ئەویش فەرمووی: (( يَغْتَسِلِ )) واتە: خۆی دەشوات ، وە لە بارەی پیاوێکەوە وادەبینێت خەوی بینیوە بەڵام هیچ تەڕییەك نابینێت ؟ ئەویش فەرمووی: (( لاَ غُسْلَ عَلَيْهِ )) واتە: خۆشۆردنی لە سەر نییە [رواه الترمذي (١/٧٤/١١٣) وأبـوداود (١/٣٩٩/٢٣٣) مع العون وهو حديث صحيح بڕوانە صحيح أبی داود (٢١٦)].

(٥٣) حەرامە لە سەر پیاو جیماع لە گەڵ ژنەکەیدا بکات لە پاشەوە ، ئەگەر زەکەری بخاتە کۆمیەوە ، بە دەقی ئایەتی قورئان وفەرموودەی (صَحِيح)ی پێغەمبەریخوا (ﷺ) بڕوانە [تفسیری (ابن کثیر) تەفسیری ئایەتی (٢٢٢) ی سورەتی البقرة]، بەڵام دروستە لە پاشەوە جیماعی لە گەڵدا بکات بەو مەرجەی جیماعەکە لە شوێنی منداڵ بوونەوە بێت(ڕەحم) .

(٥٤) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((إِذَا جَلَسَ بَيْنَ شُعَبِهَا الأَرْبَعَ ثُمَّ جَهَدَهَا فَقَدْ وَجَبَ عَلَيْهِ الغُسْلُ ))


منتدى إقرأ الثقافي

## و مردن [٥٥] وبرانی خوێنی حەیز [٥٦] و زەیسانی [٥٧]

واتە: ئەگەر لە نێوان هەرچوار پەلیدا دانیشت ، پاشان کۆششی لە گەڵدا کرد – بەوەی زەکەری بخاتە رەحمی ئافرەتەکەوە – ئەوە خۆشۆردنی لە سەر پێویست بووە ، با (مَني)یشی دانەبەزێت [رواه مسلم (١/٢٧١/٣٤٨)].

(٥٥) واتە ئەگەر موسوڵمانێك مرد ، ئەوە پێویست دەبێت لە سەر موسوڵمانانی دەورووبەری بیشۆنەوە ، لە بەر فەرموودەکەی (أُمُّ عَطِيَّةَ الأَنْصَارِيَّة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك کە کچەکەی وەفاتی کرد هاتە ژوورەوە وفەرمووی: (( **إغْسِلْنَهَا ثَلَاثاً ، أَوْ خَمْساً ، أَوْ أكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ إِنْ رَأيْتُنَّ ذَلِكَ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ وَاجْعَلْنَ فِي الآخِرَةِ كَافُوراً ، أَوْ شَيْئاً مِنْ كَافُورٍ ، فَإِذَا فَرَغْتُنَّ فَآذِنَّنِي** )) واتە: بیشۆنەوە سێ جار یان پێنج جار یان زیاتر ئەگەر خۆتان بە باشتان بینی بە ئاو وبە کنار (سِدْر) ، وە دوایین جاریشی کافوری تێکەڵ بکەن [رواه البخاری (٣/١٢٥/١٢٥٣) ومسلم (٢/٦٤٦/٩٣٩)].

وە لە بەر فەرموودەکەی(إبْنُ عَبَّاس)(خوایان لێ رازی بێت) کەوا پیاوێك ووشترەکەی لەقەی لێدا ، وە ئێمەش لە گەڵ پێغەمبەری خوا دا بوین (ﷺ) کە لە(إِحْرَام) بوو ، جا فەرمووی: (( **إغْسِلُوهُ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ ، وَكَفِّنُوهُ فِي ثَوْبَيْنِ ، وَلَا تَمِسُّوهُ طِيباً ، وَلَا تُخَمِّرُوا رأسَهُ ، فَإِنَّ اللهَ يَبْعَثُهُ يَوْمَ القِيَامَةِ مُلَبِياً** )) واتە: بیشۆنەوە بە ئاو وبە(سِدْر) وە(كِفْن)ی بکەن لە دوو بەرگدا ، وە بۆنی لێ مەدەن ، وە سەریشی دامەپۆشن ، چونکە لە رۆژی دواییدا خوای گەورە زیندوی دەکاتەوە بە (( **لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ** ... )) [رواه البخاری (٣/١٣٧/١٢٦٧) ومسلم (٢/٨٦٥/١٢٠٦)].

(٥٦) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەر (ﷺ) بە (فَاطِمَةُ بِنْتُ أَبِي حُبَيْش)ی فەرموو: (( **إِذَا أَقْبَلَتِ الحَيْضَةُ فَدَعِي الصَّلَاةَ ، وَإِذَا أدْبَرَتْ فَاغْتَسِلِي وَصَلِّي** )) واتە: ئەگەر تووشی حەیز بوویت ، ئەوە واز لە نوێژ بێنە ، وە ئەگەر کۆتاییشی پێ هات ، ئەوە خۆت بشۆ و نوێژ بکە [رواه البخاری (١/٤٠٩/٣٠٦) ومسلم (١/٢٦٢/٣٣٣) وغيرهما والفاظ غير البخاري (( **فَاغْسِلِي عَنْكِ الدَّمَ وَصَلِّي** )) ].

(٥٧) زەیسانی وەکو حەیز وایە بە یەکڕای(إِجْمَاع)ی زانایانی ئیسلام [ بروانە المجموع شرح المهذب (٢/١٤٨) للنووی ].

منتدى إقرأ الثقافي

## ونوێژی جومعە (٥٨)

(٥٨) لە بەر فەرموودەکەی (أَبو سَعيد) (خـوای لێ رازی بێـت) کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمووی: (( غُسْلُ الجُمُعَةِ وَاجِبٌ عَلَى كُلِّ مُحْتَلِمٍ ... )) واتە: خۆشـۆردنی جومعـە پێویستە لە سەر هەموو موسوڵمانێکی پێ گەیشتوو ... [رواه الجماعة].

**تێبینی:**

خۆشۆردنی جومعە مەرج (شَرْط) نییە بۆ نوێژی جومعە بە یەکڕای(إِجْمَاع)ی زانایانی ئیسلام ، بەڵام زانایان لەوە دا جیاوازن ئایە پێویست(وَاجِب)ە یان سوننەتە.

**ئەوانەی کە دەڵێن: پێویست (وَاجِب)ە زیاتر ئەم بەڵگانەیان بە دەستەوەیە:**

**یەکـەم:** عَنْ (إِبْنُ عُمَر) قَـالَ: قَـالَ رَسُـولُ اللهِ (ﷺ): (( إِذَا جَاءَ أَحَدُكُـمْ إِلَـى الجُمُعَـةِ فَلْيَغْتَسِلْ ))واتە: ئەگەر یەکێکتان هاتن بۆ جومعە با خۆی بشوات [رواه الجماعة].

**دووەم:** عَنْ أَبِي سَعِيدٍ أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: (( غُسْلُ الجُمُعَةِ وَاجِبٌ عَلَى كُلِّ مُحْتَلِمٍ وَالسِّوَاكُ وَأَنْ يَمَسَّ مِنَ الطِّيبِ مَايَقْدِرُ عَلَيْهِ )) واتە: خۆشۆردنی جومعە پێویستە لە سەر هەموو پێگەیشتوویەك ، وە سیواك کردنیش ، وە بۆنیش لە خۆی بدات هـەر چەندێك توانای لێ بێت [متفق عليه].

**سێیەم:** عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: (( حَقٌّ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ أَنْ يَغْتَسِلَ فِي كُلِّ سَبْعَةِ أَيَّامٍ يَوْمـاً يَغْسِلُ فِيهِ رَأْسَهُ وَجَسَدَهُ )) واتـە: حەققـە لـە سـەر هـەموو موسوڵمانێك کەوا لە حەوت ڕۆژ جارێك ڕۆژێك دیاری بکات ، خۆی تێدا بشـوات ، سـەر و لاشەی بشوات [متفق عليه].

**چوارەم:** عَنْ إِبْنِ عُمَر : (( بَيْنَمَا هُوَ (عُمَر) قَائِمٌ مِنَ الخُطْبَةِ يَوْمَ الجُمُعَةِ إِذْ دَخَلَ رَجُلٌ مِنَ المُهَاجِرِينَ الأَوَّلِينَ ، فَنَادَاهُ عُمَر: أَيَّةُ سَاعَةٍ هَذِهِ ؟ فَقَالَ: إِنِّي شُغِلْتُ فَلَمْ أَنْقَلِبْ إِلَى أَهْلِي حَتَّى سَمِعْتُ التَّأْذِينَ فَلَمْ أَزِدْ عَلَى أَنْ تَوَضَّأْتُ ، قَالَ: وَالوُضُوءُ أَيْضًا وَقَدْ عَلِمْتَ أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) كَانَ يَأْمُرُ بِالغُسْلِ )) واتـە: (عُمَر) لـە سـەر مینبـەرەوە ووتـاری جومعـەی دەدا ، پیـاوێك لـە کۆچـەرە پێشـینەکان هاتـە ژووری مزگەوتەوە ، جا (عُمَر)یش بانگی لێ کـرد: ئێسـتا چـی کاتێکـە دێیـت بۆ مزگـەوت ؟ ئەویش ووتی: زۆر سەر قاڵ بووم ، جا نەگەڕامەوە بۆ ماڵ تا دەنگی بانگم بیست ، جا لە دەست نوێژ زیاتر هیچی ترم نەکرد ، جا ئەویش ووتی: دەست نوێژیشت گرتـوە ، وە دەیشزانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمانی بە خۆشۆردن دەکرد [ متفق عليه ].

وە ئەو پیاوە کۆچەرە ئیمامی (عُثْمَان) بوو ، وەك لە هەندێ ڕیوایـەتی فەرموودەکـەدا هاتوە.



منتدى إقرأ الثقافي

وە ئەوانەیش کە دەڵێن سوننەتە زیاتر ئەم بەڵگانەیان پێیە:
یەکەم: عَنْ سَمُرَةَ بنُ جُنْدُب أَنَّ نَبِيَ اللهِ (ﷺ) قَالَ: (( مَنْ تَوَضَّأَ لِلجُمُعَةِ فَبِهَا وَنِعْمَتْ، وَمَنْ إغْتَسَلَ فَذَلِكَ أَفْضَلَ )) واتە: هەر کەسێك دەست نوێژ بگرێت بۆ جومعە، ئەوە تەواوە وچاکی کردوە، وە هەر کەسێکیش خۆی بشوات ئەوە چاکترە [رواه الخمسة إلا إبن ماجة فأنه رواه من حديث جابر بن سمرة].
دووەم: عَنْ أَوْس بنُ أَوْسٍ الثَّقفي قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) يُقُولُ: (( مَنْ غَسَلَ وَاغْتَسَلَ يَوْمَ الجُمُعَةِ وَبَكَّرَ وَابْتَكَرَ وَمَشَى وَلَمْ يَرْكَبْ وَدَنَا مِنَ الإمَامِ فَاسْتَمَعَ وَلَمْ يَلْغَ كَانَ لَهُ بِكُلِ خُطْوَةٍ عَمَلُ سَنَةٍ أَجْرَ صِيَامِهَا وَقِيَامِهَا )) واتە: هەر کەسێك خۆی بشوات بە جوانی لە ڕۆژی جومعـە دا، وە زوو بڕوات بۆ مزگەوت، وە بە پێ بڕوات وسواری هیچ نەبێت، وە نزیکی ئیمام دانیشێت، جا گوێ بگرێت و قسە نەکات لە کاتی ووتار دانی ئیمامدا، ئەوە بە گشت هەنگاوێکی پاداشـتی کـردەوەی ساڵێکی بۆ هەیە بە ڕۆژوو و شەو نوێژەکانیەوە [رواه الخمسة ولم يذكر الترمذي (مَشَى وَلَمْ يَرْكَبْ)].
جا فەرموویانە: ئەم فەرموودەیەی (سَمُرَة) و فەرموودەکەی (أَوْس) (خوایـان لێ ڕازی بێت) ئەو فەرمانانە لە پێویست(وَاجِب)ەوە لا دەدەن بۆ سوننەت، وە هەروەهاوەڵێن: فەرموودەکەی (عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت) کە (إنْکَار)ی لە (عُثْمَان) کـرد وە فـەرمانی پێ نەکرد بڕواتەوە خۆی بشوات، بەڵگەیە لە سەر ئـەوەی سوننەتە!! وە هـەروەها دەڵێن: فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد) کەوا دەفەرمێ: خۆشۆردن (وَاجِب)ە، بـە ئاشـکرا (عَطف)ی سیواك کردن وبۆن لە خۆدانی لە سەر کراوە، کـە بـە (إجْمَاع) سوننەتن، کـەوا بـوو ئـەو (لَفظ)ی (وَاجِب)ە، بۆ زیـاتر جەخت(تَـأكِيْد)کردنە لـە سـەر ئـەو سوننەتە!!.
بەڵام ئەوانەی دەڵێن: خۆشۆردنی (جُمُعَة) پێویست(وَاجِـب)ە لـە وەڵامیـاندا دەڵێن: فـەرموودەکانی (وَاجِـب) بـوون زۆر بـە هـێزە وئاشـکرایە، بـەڵام فەرموودەکـەی (سَـمُرَة) (سَنَد)ەکەی زۆر بە هێز نییە، وە (دلالَة)کەی زۆر ڕوون نییە، پاشان کاتێك ئێمـە بـە دوای (قرِيْنَـە)دا دەگـەڕێین ئەگـەر بـە ڕاشکاوی (صَرَاحَـة) نەیفـەرموبێت خۆشـۆردنی جومعـە پێویستە، جا کاتێك ئاوا بە (صَرَاحَة) بفەرموێت (وَاجِب)ە، ئیتر پێویست ناکـات بـە دوای (قَرِيْنَةُ الصَّارِفَه)دا بگەڕێیت. وە لەوانەیە (( وَمَنْ تَوَضَّأَ )) بۆ کەسێك بێـت کـە لـە پێشدا خۆی شۆردبێت، بەڵام دەست نوێژی شکابێت، وە (إبْنُ دَقِيْقُ العِيْد) وەڵامیان دەداتەوە و


منتدى إقرأ الثقافي

..................................

دەفەرمێ: کاتێك واز لە (ظَـاهِر) ی (لَفظ)ی (( وَاجِـب )) و (( حَقٌّ عَلَـى )) دەهێـنرێت و (صَرْف) دەکرێت بۆ (تَأْكِيد) ئەگەر فەرموودە (مُعَارِض)ە کە (رَاجِح)تر بێـت لـە (دلالَـة)دا ، بەڵام بە هێز ترین بەڵگەیان کە (مُعَارِض)ەی ئەم فەرموودانـەی پـێ دەکـەن فەرموودەکـەی (سَمُرَة)یە کە (سَنَد)ەکـەی بـەرگری (سَنَد)ی ئـەم فەرموودانـە ناکـات . وە فەرموودەکـەی (عُمَر)یش کە (إِنْكَار)ی لە (عُثْمَان) کرد و فەرمووی: بە تەنها دەست نوێژیشت گرتـوە ، وە تۆیش دەزانیت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی بە خۆشۆردن کردوە ، ئەمە خـۆی بـۆ خـۆی بەڵگەیەکی ئاشکرایە کەوا هاوەڵانیش هەر بەو شێوەیە تێگەیشتوون کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمانی بە خۆشۆردنی (جُمُعَة) کردوە ، وە فەرمان نەکردنی (عُمَر) بە (عُثْمَـان) کـەوا بڕواتەوە خۆی بشوات ، لە بەر ئەوە بووە کەوا کاتی ئەوە نەمابوو ، ئەگـەر بڕوایتـەوە بـۆ خۆشۆردن ئەوە (جُمُعَه)کەی لە دەست دەردەچوو .

وە لای هەمووانیش زانراوە کە خۆشۆردن بۆ (جُمُعَـة) مـەرج(شَـرْط) نییـە بـۆ (جُمُعَـه) کردنەکە ، بەڵکو پێویست(وَاجِب)ە ، واتە: نەکردنی بە قەستیشەوە تەنها تاوان بار دەبێت ، بەڵام نوێژی(جُمُعَه)ەکەی پێ بەتاڵ نابێتەوە ، ئەمە ئەگەر بە قەستیشەوە غوسل نـەکات ، جا ئەگەر بە قەستەوە نەبێت ئەوە تاوان باریش نابێت .

وە بـۆ فەرموودەکـەی (أَبـو سَـعِيد) کـە دەڵێـن: (عَطْـف)ی سوننەتی کراوەتەسـەر ، (إِبْـنُ الجَوْزِي) لە وەڵامیاندا دەفـەرمێ: هیـچ قەدەغەیـەکی تێدا نییـە کـەوا (عَطْـف)ی شـتێکی سوننەت بکرێتە سەر شتێکی (وَاجِـب) ، بـە تایبـەتی کـاتێك کـە حوکمـی (مَعْطُـوف)کـە بـە (صَرَاحَة) نەوتراوە . جا ئەمەش ڕای (شَوكَانِي) و (صَنْعَانِى) و (أَلبَانِى) یە ، کە ئەوانیش لە زانا پێشینەکانەوە وەریان گرتوە . (النَّوَوِي) دەفەرمێ: فَحُكِيَ وُجُوبُهُ عَنْ طَائِفَةٍ مِنَ السَّلَفِ حَكَوْهُ عَنْ بَعْضِ الصَّحَابَةِ .

وە (ظَاهِر)یکانیش وا دەڵێن ، وە(إِبْنُ المُنْذِر) لە (مَالِك)ەوە دەیگێڕێتەوە ، وە هەروەها لە (أَبُو هُرَيْرَة) و (عَمَّار) و کەسانی تریشەوە دەیگێڕنەوە ، وە (إِبْنُ حَزْم)یش دەیگێڕێتەوە لە (عُمَر) و کۆمەڵێکی تر لە هاوەڵان و پاش ئەوانیش ، وە ئەمەشیان گێڕاوەتـەوە لـە (إِبْنُ خُزَيْمَه)یشەوە ، وە (الخَطَّابِى)یش لە (حَسَنُ البَصْرِي ومَالِك)ەوە دەیگێڕێتەوە .

جا بۆ زیـاتر شـارەزا بـوون لـەم مەسـەلەیە [ بڕوانە(نيل الأوطار للشوكاني ١/٢٧٢) و (سبل السلام للصنعاني ١/١٤١) و (المحلى لإبن حزم ٢/المسألة ١٧٨) و (تمام المنة للألباني ل ١٢٠) ].



منتدى إقرأ الثقافي

## پایەکانی خۆشۆردن ( أركَانُ الغُسْل )

**نیەت (٥٩) و تەڕ بوونی هەموو لاشە (٦٠)**

(٥٩) لە بەر فەرموودەکەی (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) (خوای لێ رازی بێت) بڕوانە (پ ٣١).

(٦٠) لە بەر فەرموودەکەی (عَائشَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **كَانَ رَسُولُ الله (ﷺ) إذَا إغْتَسَلَ مِنَ الجَنَابَةِ ، يَبْدأ فَيغْسِلُ يَدَيه ، ثُمَّ يُفرِغُ بِيَمِينِه عَلَى شِمَالِه ، فَيَغْسِلُ فَرْجَهُ ثُمَّ يَتَوَضَّأ وُضُوءَهُ لِلصَّلاة ، ثُمَّ يَأْخُذُ المَاءَ فَيُدْخِلُ أصَابِعَهُ فِي أُصُلِ الشَّعْرِ حَتَّى إذَا رَأى أنْ قَدْ إسْتَبْرَأ ، حَفَنَ عَلَى رَأسِه ثَلاثَ حَفَنَاتٍ ، ثُمَّ أفَاضَ عَلَى سَائِرِ جَسَدِه ، ثُمَّ غَسَلَ رِجْلَيْه** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر خۆشۆردنی لەش گرانی بکردایە ، لە پێشدا هەردوو دەستی دەشۆرد ، پاشان بە دەستی ڕاستی ئاوی دەکردە دەستی چەپیدا و عەورەتی پێ دەشۆرد ، پاشان دەست نوێژی دەگرت وەکو دەست نوێژی نوێژ ، پاشان ئاوی هەڵدەگرت جا پەنجەکانی دەخستە بنی مووی سەری تا ئەگەر بیبینیایە ئاو گەیشتۆتە پێستی سەری ، ئەوە سێ گوێڵ ئاوی دەکردە سەریدا ، پاشان ئاوی دەکردە هەموو لاشەیدا ، پاشان هەردوو پێی شۆرد [رواه البخاري (٢٤٨/٣٦٠/١) و مسلم (٣١٦/٢٥٣/١) وهذا لفظه].

**تێبینی:**

پێویست نیە لە سەر ئافرەت پەلکەکانی هەڵوەشێنێتەوە بۆ خۆشۆردنی لەش گرانی ، بەڵام دەبێت بیکاتەوە بۆ خۆشۆردنی حەیزو زەیسانی ، لە بەر فەرموودەکەی (أُمُّ سَلَمَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: ووتم ئەی پێغەمبەری خوا ، من ئافرەتێکم پەلکەکانی سەرم توند دەکەم ، ئایا هەڵیوەشێنمەوە بۆ خۆشۆردنی لەش گرانی ؟ فەرمووی: (( **لا ، إنَّمَا يَكْفِيكَ أنْ تَحثِي عَلَى رَأسِكِ ثَلاثَ حَثَيَاتٍ ثُمَّ تَفِيضِينَ عَلَيْكِ المَاءَ فَتَطْهُرِيْن** )) واتە: نە ، تەنها بەستە کەوا سێ گوێڵ بکەیتە سەرتدا ، پاشان ئاو بە هەموو لاشەت بکەی ، جا پاك دەبیتەوە [رواه مسلم (٣٣٠/٢٥٩/١) وابوداود (٢٤٨/٤٣٦/١) وغيرهما].

وە فەرموودەکەی (عَائشَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا (أسْمَاء) پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد لەبارەی خۆشۆردنی حەیزەوە، جا فەرمووی: (( **تَأْخُذُ إحْدَاكُنَّ مَاءَهَا وَسِدْرَتَها فَتَطَهَّرُ ، فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ ، ثُمَّ تَصُبُّ عَلَى رَأسِهَا فَتَدْلُكُهُ دَلْكاً شَدِيْداً ، حَتَّى تَبْلُغَ شُؤُنَ رَأسِهَا ، ثُمَّ تَصُبُّ عَلَيْهَا المَاءَ ، ثُمَّ تَأخُذُ فِرْصَةً مُمَسَّكَةً**



منتدى إقرأ الثقافي

# پێویستیەکانی خۆشۆردن (وَاجِبَاتُ الغُسْل)

## بە ناوي خوا دەست پێ کردن[٦١] و دەست نوێژ گرتن[٦٢].

فَتَطَهَّرُ بِهَا )) واتە: هەر یەکێکتان ئاوەکەی و (سِدْر)ەکەی ئامادە دەکات ، جا دەست نوێژێکی جوان دەگرێت ، پاشان ئاو دەکاتە سەریدا جا بە چاکی دەستی پێدا دەهێنێت ، تا دەگاتە بنی سەری پاشان ئاوی پێدا دەکات وپارچە پەمویەکی بۆن پێدا کراو دەگرێتە دەستەوە وخۆی پێ پاك دەکاتەوە . جا (أسْمَاء) ووتی: چۆن خۆی پێ پاك بکاتەوە ؟ ئەویش فەرمووی: (( سُبْحَانَ اللهِ تَطَهَّرِيْنَ بِهَا !! )) واتە: (سُبْحَانَ الله) خۆتی پێ پاك بکەرەوە ، جا (عَائِشَة) ووتی : – وەکو بیەوێ بیشارێتەوە – شوێنەواری خوێنەکەی پێ پاك دەکەیتەوە ، هەروەها پرسیاری لە بارەی خۆشۆردنی لەش گرانیەوە لێ کرد ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی (( تَأْخُذُ مَاءً فَتَطَهَّرُ ، فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ ، أوْ تُبْلِغُ الطُّهُورَ ثُمَّ تَصُبُّ عَلَى رَأسِهَا فَتَدْلُكُهُ ، حَتَّى تَبْلُغَ شُؤُنَ رَأسِهَا ، ثُمَّ تُفِيْضُ عَلَيْهَا المَاءَ )) واتە: ئاوەکەی دەبات دەست نوێژی پێ دەگرێت ، پاشان ئاو دەکاتە سەریدا و دەستی تێ دەخات تا دەگاتە بنی سەری ، پاشان ئاوی پێدا دەکات ، جا (عَائِشَة) فەرمووی : چاکترین ئافرەتان ئافرەتانی (أنْصَار)ە ، شەرم قەدەغەی ئەوەی لێ نەدەکردن کەوا لە ئایین تێ بگەن [رواه مسلم (١/٢٦١/٣٣٢)].

(٦١) لە بەر فەرموودەکەی (أبُو هُرَيْرَة) بڕوانە (پ ٣٤).

(٦٢) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) بڕوانە (پ ٦٠) .

وە لە بەر فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) کەوا فەرمووی: (مَيْمُونَة) فەرمووی: (( وَضَعْتُ لِلنَّبِي (ﷺ) مَاءً لِلغُسْلِ ، فَغسَلَ يَدَيْهِ مَرَّتَيْنِ أوْ ثَلاثاً ، ثُمَّ أفْرغَ عَلَى شِمَالِه فَغسَلَ مَذَاكِيْرَهُ ، ثُمَّ مَسَحَ يَدَهُ بِالأرْضِ ثُمَّ مَضْمَضَ وَاسْتَنْشَقَ ، وَغسَلَ وَجْهَهُ وَيَدَيْهِ ، ثُمَّ أفَاضَ عَلَى جَسَدِه ، ثُمَّ تَحَوَّلَ مِنْ مَكَانِهِ فَغسَلَ قَدَمَيْهِ )) واتە: ئاوی خۆشۆردنم بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانا ، جا هەردوو دەستی دوو جار یان سێ جار شۆرد ، پاشان ئاوی کردە سەر دەستی چەپیدا وعەورەتی پێ شۆرد ، پاشان دەستی ساوی بە زەویدا ، پاشان ئاوی هەڵدا بە دەم ولووتیدا ، پاشان ڕوومەت و هەردوو دەستی شۆرد ، پاشان ئاوی بە سەر هەموو لاشەیدا کرد ، پاشان جێگەکەی خۆی گۆڕی و هەردوو پێی شۆرد [رواه البخاری (١/ ٣٦٨/ ٢٥٧) ومسلم (١/٢٥٤/٣١٧)].



منتدى إقرأ الثقافي

## سوننەتەکانی خۆشۆردن ( سُنَنُ الغُسْل )

دەست هێنان بە هەموو لاشەدا [٦٣] ، پێش خستنی ڕاست لە شۆردندا [٦٤] دواخستنی شۆردنی هەردوو پێ لە دەست نوێژەکەدا تا کۆتایی خۆشۆردنەکە[٦٥].

## ئەو خۆشۆردنانەی کە سوننەتن ( الإغْتِسَالاتُ المُسْتَحَبَّة )

پاش مردوو شۆردنەوە[٦٦]،

---

(٦٣) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن زَيْد عَاصم المَازِني) (خوای لیّ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( رَأَيْتُ النَّبِيَ(ﷺ) يَتَوَضَّأُ فَجَعَلَ يَدْلُكُ ذِرَاعَيْهِ ))واتە: بینیم پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەست نوێژی دەگرت ، جا بە هەردوو دەستی باڵی دەساوی [رواه إبن حبان (٣٦٣/٢) والطيالسي (١٠٩٩/١٤٨) ومن طريقه رواه احمد (٣٩/٤) وإسناده صحيح بروانه الأدلة الرضية (ل٣٨)].

(٦٤) لە بەر فەرموودەکەی (عَائشَة) بڕوانە (پ ٤٢).

(٦٥) لە بەر فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لیّ ڕازی بێت) بڕوانە (پ ٦٢) .

تێبینی:

دروستە ژن و مێرد پێکەوە خۆیان بشۆن لە یەك شوێندا ، وە تەماشای یەکتریش بکەن ، لە بەر فەرموودەکەی (عَائشَة) (خوای لیّ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كُنْتُ أغْتَسِلُ أنَا وَرَسُولُ اللهِ (ﷺ) مِنْ إنَاءٍ وَاحِدٍ ، وَنَحْنُ جُنُبَانِ )) واتە: من و پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە یەك قاپدا خۆمان دەشۆرد ، وە هەردووکمان لەش گرانیش بووین [رواه البخاری (٢٦٣/٣٧٤/١) و مسلم (١/٢٥٦/ ٣٢١) وغيرهما].

(٦٦) لە بەر فەرموودەکەی (أبُو هُرَيْرَة) (خوای لیّ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ غَسَلَ المَيِّتَ فَلْيَغْتَسِلْ ، وَمَنْ حَمَلَهُ فَلْيَتَوَضَّأْ )) واتە: هەر کەسێك مردووی شۆردەوە ، با خۆی بشوات ، وە هەر کەسێکیش هەڵی گرت ، با دەست نوێژ بگرێتەوە [رواه أبوداود (٣١٦١/٥١١/٣) والترمذی (٩٩٣/٣١٨/٣) وأبن ماجة (١٤٦٣/٤٧٠/١) وهو حديث صحيح بروانه صحيح إبن ماجه (١١٩٥) ].

وە ئەم فەرمانە لە(وَاجِب)ەوە لا دەدرێت بۆ سوننەت ، بە فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لیّ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (( لَيْسَ عَلَيْكُمْ فِي غُسْلِ


منتدى إقرأ الثقافي

وە بۆ ئیحرام بەستن(٦٧) ، وە پێش چوونە مەککەوە(٦٨) ، وە بۆ هەردوو جەژنەکە (٦٩) ، وە پاش هاتنەوە هۆش لە بێهۆشی (٧٠)

---

مَيِّتِكُمْ غُسْلٌ إِذَا غَسَلْتُمُوهُ ، فَإِنَّ مَيِّتَكُمْ لَيْسَ بِنَجِسٍ فَحَسْبُكُمْ أَنْ تَغْسِلُوا أَيْدِيَكُمْ )) واتە: خۆ شۆردنتان لە سەر نییە لە شۆردنەوەی مردووەکەتاندا ، چونکە مردووەکەتان پیس نییە ، بەستانە تەنها دەستتان بشۆن [رواه البيهقى (٣/٣٩٨) والحاكم (١/٣٨٦) وهو حديث حسن بروانه أحكام الجنائز (٥٣)].

(٦٧) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَةَ) (خوای لێ رازی بێت) کەوا (أَسْمَاءُ بِنْتُ عُمَيْسٍ) تووشی زەیسانی بوو بە(مُحَمَّدُ بْنُ أَبِي بَكْرٍ) لە لای دارەکەدا (عِنْدَ الشَّجَرَةِ) ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی بە (أَبُوبَكْرٍ) کرد کەوا (( يَأْمُرَهَا أَنْ تَغْتَسِلَ وَتُهِلَّ )) واتە: فەرمانی پێ بکات خۆی بشوات وئیحرام ببەستێت [رواه مسلم (٢/٨٦٩/١٠٩)].

(٦٨) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَرَ) (خوایان لێ رازی بێت) (( أَنَّهُ كَانَ لاَ يَقْدُمُ مَكَّةَ إِلاَّ بَاتَ بِذِي طُوَى حَتَّى يُصْبِحَ وَيَغْتَسِلَ ، ثُمَّ يَدْخُلُ مَكَّةَ نَهَاراً ، وَيَذْكُرُ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ فَعَلَهُ )) واتە: کەوا نەدەچووە مەککەوە تا لە(ذِي طُوَى) ئەو شەوە دەمایەوە ، پاشان کە ڕۆژ دەبوویەوە خۆی دەشۆرد و دەچووە مەککەوە بە ڕۆژدا ، وە دەیفەرموو: پێغەمبەری خوا (ﷺ) وای دەکرد [رواه البخارى (٣/٤٣٥/١٥٧٣) مع الفتح ومسلم (٢/٩١٩_ ٢٢٧_ ١٢٥٩) وهذا لفظه ، وغيرهما].

(٦٩) لە بەر ئەو (أَثَر)ەی (عَلِي) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پیاوێك پرسیاری لێ کرد لە بارەی غوسلەوە ؟ ئەویش فەرمووی: (( إِغْتَسِلْ كُلَّ يَوْمٍ إِنْ شِئْتَ )) واتە: هەموو ڕۆژێك خۆت بشۆ ئەگەر ویستت لێ بوو . [ رواه البيهقي بروانه الوجيز في أصول الفقه (ل٤٧) ].

وە (أَثَر)ەکەی (إِبْنُ عُمَرَ)(خوایان لێ رازی بێت) (( أَنَّهُ كَانَ يَغْتَسِلُ يَوْمَ الفِطْرِ قَبْلَ أَنْ يَغْدُوا إِلَى المُصَلَّى )) واتە: کەوا غوسلی دەکرد ڕۆژی جەژن پێش ئەوەی بڕوێشتایە بۆ شوێنی نوێژی جەژن . [ رواه الأمام مالك في الموطأ (١/١٧٧/٢) والأمام الشافعي في الأم (١/٢٦٥) وهو أثر صحيح بروانه الأدلة الرضية (ل٣٩) ].

(٧٠) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَةَ) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: ڕۆژێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) بێ هۆش کەوت ، جا -کە هاتەوە هۆشی خۆی- فەرمووی: (( أَصَلَّى النَّاسُ ؟ )) واتە: خەڵکی نوێژیان کرد ؟ ووتمان: نە ، چاوەڕوانی تۆ دەکەن ئەی پێغەمبەری خوا ، جا فەرمووی: (( ضَعُوا لِيَ المَاءَ فِي المِخْضَبِ )) واتە: ئاووم بۆ بخەنە سەر لە (مِخْضَب)ەکەدا – کە قاپی ئاو گەرم کردنە – ، (عَائِشَةَ) فەرمووی: ئێمەش


منتدى إقرأ الثقافي

وە بۆ دووبارە کردنەوەی (جِمَاع) کردن [٧١]، وە ئافرەتی (مُسْتَحَاضَة) بۆ هەموو نوێژێك [٧٢] ،

ئاومان بۆ ئامادەکرد ، جا خۆی شۆرد ، پاشان ڕۆیشت بۆ نوێژ بچێت جارێکی تر بێ هۆش کەوتەوە ، پاشان هاتەوە هۆشی خۆی ، جا فەرمووی: (( أَصَلَّى النَّاسُ ؟ )) واتە: ئایا خەڵکی نوێژیان کرد ؟ ، ئێمەش ووتمان: نەء ، چاوەڕوانی تۆ دەکەن ئەی پێغەمبەری خوا ، جا فەرمووی: (( ضَعُوا لِيَ المَاءَ فِي المِخْضَبِ )) واتە: ئاووم بۆ بخەنە سەر لە( مِخْضَب)ەکەدا ، جا دانیشت خۆی شۆرد ، پاشان ڕۆیشت بۆ نوێژ بچێت جارێکی تر بێ هۆش کەوتەوە ، پاشان هاتەوە هۆشی خۆی ، جا فەرمووی: (( أَصَلَّى النَّاسُ ؟ )) واتە: ئایا خەڵکی نوێژیان کرد ؟ ، ئێمەش ووتمان: نەء ، چاوەڕوانی تۆ دەکەن ئەی پێغەمبەری خوا ، جا فەرمووی: (( ضَعُوا لِيَ المَاءَ فِي المِخْضَبِ )) واتە: ئاووم بۆ بخەنە سەر لە( مِخْضَب)ەکەدا ... [رواه البخاري (١/١٧٢/٦٨٧) ومسلم (١/٣١١/٤١٨)].

(٧١) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو رَافِع) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) شەوێك گەڕا بە سەر هەموو خێزانەکانیدا ، لە لای هەر یەکێکیان خۆی دەشۆرد ، جا (أَبُو رَافِع) ووتی: منیش ووتم ئەی پێغەمبەری خوا ، بۆ چی بۆ هەموویان یەك جار خۆت ناشۆریت ؟ ئەویش فەرمووی: (( هَذَا أَزْكَى وَأَطْيَبُ وَأَطْهَرُ )) واتە: ئەمەیان جوانترە وچاکترو پاکترە [رواه ابوداود (١/٢٧٠/٢١٦) وابن ماجه (١/١٩٤/٥٩٠) بروانه وهو حديث حسن بروانه صحيح إبن ماجه (٤٨٠)].

(٧٢) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا (أُمُّ حَبِيبَة) تووشی نەخۆشی ئافرەتان(إِسْتِحَاضَة)هات لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) (( فَأَمَرَهَا بِالغُسْلِ لِكُلِّ صَلَاةٍ )) واتە: جا فەرمانی پێ کرد کەوا بۆ هەموو نوێژێك خۆی بشوات [رواه أبوداود (١/٤٨٣/٢٩٢) بروانه وهو حديث صحيح بروانه صحيح ابی داود (٢٦٩)].

وە ئەم فەرمان(أَمْر)ە بۆ پێویست(وَاجِب) نییە بەڵکو بۆ سوننەتە ، چونکە لە ڕیوایەتی ئیمامی[(مُسْلِم)(١/رقم/٣٣٤) ]دا (عَائِشَة) دەفەرمێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: (( أُمْكُثِي قَدْرَ مَا كَانَتْ تَحْبِسُكِ حَيْضَتُكِ ، ثُمَّ إِغْتَسِلِي وَصَلِّي )) واتە: بە ئەندازەی ئەوەی تووشی حەیز دەبووی تێیدا دانیشە ، پاشان خۆت بشۆ – و نوێژ بکە – ، جا بۆ هەموو نوێژێك خۆی دەشۆرد .


منتدى إقرأ الثقافي

وە بۆ (دَفْن)كردنی(مُشْرِك) (٧٣).

## مەسح كردن لە سەر خوف (٧٤) وگۆرەوی
## (المَسْحُ عَلَى الخُفَّيْنِ وَالجَوْرَبَيْنِ)

**دەتوانرێت لە جیاتی پێ شۆردن مەسح بكرێت لە سەر (خُوْف)و گۆرەوی یان هەرشتێكی تر جێگەی خوف بگرێتەوە(٧٥).**

وە لە لای ئیمامی[(أبوداود)(١/رقم/٢٩٨) و(ابن ماجة)(١/٢٠٤/٦٢٤) وهو صحيح بروانه صحيح إبن ماجة(٥٠٧)]دا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (فَاطِمَةُ بِنْتُ أَبِي حُبَيْش)ی فەرموو: ((... تَوَضَّئِي لِكُلِّ صَلَاةٍ)) واتە: ... وە بۆ هەموو نوێژێك دەست نوێژ بگرە. كەوا بوو ئەو خۆشۆردنە (عَزِيْمَة)ە بەلام (رُخْصَة)یش ئەوەیە بۆ هەموو نوێژێك تەنها دەست نوێژ بگرێتەوە.

(٧٣) لە بەر فەرموودەكەی ئیمامی (عَلِي) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی بە پێغەمبەرم ووت: (أبوطَالِب) مرد، ئەویش فەرمووی: ((إِذْهَبْ فَوَارِه)) واتە: برۆ بیشارەوە (دفنی بكە). جا كاتێك گەرامەوە پێی ووتم: ((إِغْتَسِلْ)) واتە: خۆت بشۆ [رواه النسائي (١/١١٠) وأبوداود (٩/٣٢/٣١٩٨) مع العون وهو حديث صحيح بروانه أحكام الجنائز (ل ١٣٤)].

(٧٤) (خُوْف): لە شێوەی گۆرەوی(جَوْرَب)ە لە پێست دروست دەكرێت.

(٧٥) ئیمامی (النَّوَوِي) (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە [شرح (صحيح مسلم)دا (٣/١٦٤)] دەفەرمێ: ئەو زانایانەی كە(أَهْل)ی(إِجْمَاع)ن هەموویان یەكران لە سەر ئەوەی كە دروستە مەسح لە سەر (خُوْف) بكرێت، لە كاتی (سَفَر) و (حَضَر) دا، ئیتر لە بەر پێویستی بێت یان نەء، هەتا بۆ ئافرەتێكیش كە لە ماڵی خۆیدا بێت، یان بۆ كەسێك نەخۆش بێت لە سەر جێگا كەوتبێت، هەر دروستە مەسح بكەن، تەنها (شِيْعَة) و (خَوَارِج) نەبێت كە نكۆڵیان لێ كردوە، ئەوانیش گوێ بە جیاواز(خِلَاف)یان نادرێت، (حَسَنُ البَصْرِي) (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: هەفتا(٧٠) كەس لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆیان گێڕاومەتەوە كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەسحی لە سەر (خُوْف) كردوە.

وە باشترین بەلگەش فەرموودەكەی (جَرِيْر)ە (خوای لێ رازی بێت) كە(هَمَّامُ بنُ الحَارِث) دەفەرمێ: ((رَأَيْتُ جَرِيْرُ بنُ عَبْدِ اللهِ بَالَ، ثُمَّ تَوَضَّأَ وَمَسَحَ عَلَى خُفَّيْهِ ثُمَّ قَامَ فَصَلَّى، فَسُئِلَ، فَقَالَ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) صَنَعَ مِثْلَ هَذَا)) واتە: بینیم (جَرِيْرُ بنُ



منتدى إقرأ الثقافي

**ئەگەر بە دەست نوێژەوە لە پێ کرا بێت[٧٦] بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێک بۆ کەسێک لە ماڵدا بێت ، وە سێ شەو و سێ ڕۆژیش بۆ کەسێک لە سەفەردا بێت[٧٧]،**

عَبْدِاللهِ) میزی کرد ، پاشان دەست نوێژی گرت ومەسحی لە سەر هەردوو(خُف)ە کەی کرد ، پاشان هەستا نوێژی کرد ، جا پرسیاری لێ کرا ، ئەویش فەرمووی : بینیم پێغەمبەری خوا (ﷺ) وای کرد [رواه مسلم (١/٢٢٧/٢٧٢) والترمذي (١/٦٣/٩٣)] ، چونکە (جَرِیر) پاش دابەزینی سورەتی (المائدة) موسوڵمان بوو ، کە لەو سورەتەدا ئایەتی دەست نوێژی دابەزی ، کە تێیدا فەرمان بە پێ شۆردن کرا ، کەوا بوو ئەو ئایەتە مەسح کردنی سەر (خُوف) و گۆرەوی (نَسْخ) نەکردۆتەوە .

وە بۆ مەسح کردن لە سەر گۆرەوی و نەعل فەرموودەمان زۆر هەیە ، دەتوانی تەماشای نامیلکەی (تَمَامُ النُّصْحِ فِي أَحْكَامِ المَسْحِ)ی (مُحَمَّد نَاصِر الدِّيـنِ الأَلْبَانِي)بکەی کە بە جوانی باسی مەسح کردن دەکات ، وە هەموو فەرموودەکان لەو بارەوە دێنێتەوە ، وە یەکێك لەو فەرموودانە فەرموودەکەی (المُغِيْرَةُ بنُ شُعْبَه) یە (خوای لێ ڕازی بێت) (( أَنَّ رَسُوْلَ اللهِ (ﷺ) تَوَضَّأَ وَمَسَحَ عَلَى الجَوْرَبَيْنِ وَالنَّعْلَيْنِ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەست نوێژی گرت و مەسحی لە سەر گۆرەوی و نەعلەکانی کرد [رواه أبوداود (١/٢٦٩/١٥٩) والترمذی (١/٦٧/٩٩) وابن ماجه (١/١٨٥/٥٥٩) وەوحدیث صحیح بروانە الإرواء(١٠١) وصحیح أبي داود(١٤٧)].

(٧٦) لە بەر فەرموودەکەی (مُغِيْرَةُ بنُ شُعْبَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: شەوێك لە سەفەرێکدا لە گەڵ پێغەمبەری خوا دا بووم (ﷺ) جا پێی ووتم: (( أَمَعَكَ مَاءٌ ؟ )) واتە: ئایا ئاووت پێیە ؟ ووتم: بەڵێ . جا دابەزی لە ووشترەکەی _ بۆ دەست بە ئاو گەیاندن _ وە ڕێی کرد تا لە بەر چاو دیار نەما لە تاریکایی شەودا ، پاشان هاتەوە جا لە کوونەکە ئاووم کردە سەر دەستیدا ، جا ڕوومەتی شۆرد و (جُبَّە)یەکی(صُوف)ی لە بەردا بوو ، نەیتوانی لە قۆڵەکانیەوە دەستی دەر بکات ، تا لە ژێر (جُبَّە)کەوە هەردوو دەستی دەرکرد ، جا هەردوو باڵی پێ شۆرد و مەسحی سەری کرد ، پاشان داچەمیم بۆ ئەوەی (خُوف)ەکانی داکەنم ، فەرمووی: (( دَعْهُمَا ، فَإِنِّي أَدْخَلْتُهُمَا طَاهِرَتَيْنِ )) واتە: وازی لێ بێنە چونکە من هەردووکیم بە دەست نوێژە(طَهارة)وە لە پێ کردوە ، جا مەسحی لە سەر کرد . [رواه البخاری (١/٣٠٩/٢٠٦) ومسلم (١/٢٣/٢٧٤)].

(٧٧) لە بەر فەرموودەکەی (عَلي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( جَعَلَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) ثَلاثَةَ أَيَّامٍ وَلَيَالِهِنَّ لِلمُسَافِرِ وَيَوْمَاً وَلَيْلَةً لِلمُقِيْمِ )) واتە: پێغەمبەری


منتدى إقرأ الثقافي

وە ماوەکەی لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە یەکەم جار مەسحی لە سەر دەکات تا وەکو شکانی دوایین دەست نوێژی کە پێش تەواو بوونی کاتەکە گرتبوویێتی [٧٨]، وە تەنها مەسحی بان پێی دەکات [٧٩]، وە بەتاڵیش دەبێتەوە بە تەواو بوونی ماوەی دیاری کراو، وە بە لەش گرانی [٨٠] وە بە داکەندنی ئەو شتەی مەسحەکەی لە سەر کراوە [٨١].

---

خوا (ﷺ) سێ شەو و سێ ڕۆژی دانا بۆ یەکێك لە سەفەر دا بێت، وە شەو و ڕۆژێکیش بۆ یەکێك لە ماڵدا بێت [رواه مسلم (١/٢٣٢/٢٧٦) والنسائي (١/٨٤)].

(٧٨) بڕوانە نامیلکەی (فَتَاوَى فِي المَسْحَ الخُفَّيْنِ)ی (مُحَمَّد بنُ صَالِحِ العثَيمِيْن).

(٧٩) لە بەر فەرموودەکەی (عَلِي) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( لَوْ كَانَ الدِّيْنُ بِالرَّأيِ لَكَانَ أسْفَلُ الخُفُ أوْلَى بِالمَسْحِ مِنْ أعْلاهُ، لَقَدْ رَأيْتُ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) يَمْسَحُ عَلَى ظَاهِرِ خُفَيْهِ )) واتە: ئەگەر ئایین بە (رَأي) بوایە، ئەوە دەبوایە مەسحی ژێری (خُوْف) پێشتر بوایە تا بانی (خُوْف)، بەڵام پێغەمبەرم بینی (ﷺ) مەسحی بانی خوفەکانی کرد [رواه ابو داود (١/٢٧٨/١٦٢) وهو حديث صحيح بڕوانە الإرواء (١٠٣)].

(٨٠) چونکە مەسح ماوەیەکی بۆ دیاری کراوە نابێت لەو ماوەیە تێپەڕ بکات، وە لەش گرانیش بەتاڵی دەکاتەوە، لە بەر فەرموودەکەی (صَفْوَانُ بنُ عَسَّال) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كَانَ رَسُولَ اللهِ(ﷺ) يَأمُرُنَا إذَا كُنَّا سَفَراً ألَّا نَنْزِعَ خِفَافَنَا ثَلاثَةَ أيَّامٍ وَلَيَالِيْهِنَّ إلَّا مِنْ جَنَابَةٍ، لَكِنْ مِنْ غَائِطٍ وَبَوْلٍ وَنَوْمٍ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ دەکردین ئەگەر لە سەفەردا ببوایەین، کەوا سێ شەو و سێ ڕۆژ (خُوْف)ەکانمان لە پێ دانەکەنین، مەگەر بۆ لەش گرانی، نەك بۆ میز و پیسی و خەو [رواه الترمذي (١/٦٥/٩٦) والنسائي (١/٨٤)وهو حديث حسن بڕوانە الإرواء (١٠٤)].

(٨١) چونکە ئەگەر لە پێی داکەند، پاشان کردێوە پێی ئەوە بە (طَاهِر)ی لە پێی نەکردوە.

## تێبینی:

ئەگەر کاتی مەسح کردنەکە تەواو بوو یان (خُوْف)ەکانی داکەند، ئەوە ئیتر دروست نییە مەسحی تری لە سەر بکرێت – ئەگەر دەست نوێژی شکا – مەگەر دەست نوێژێکی تازە بکرێتەوە، لە گەڵ شۆردنی هەردوو پێیدا، بەڵام ئەگەر دەست نوێژی بوو کاتێك کە (خُوْف)ەکەی داکەند، یان کاتەکەی کۆتایی پێ هات، ئەوە دەست نوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە، تا ئەو دەست نوێژەی دەشکێت، وە دەتوانێت تا ئەو دەست نوێژەیشی دەشکێت هەر نوێژی پێوە بکات. بڕوانە [الوجيز في فقه السنة والكتاب العزيز (ل٤٣)].



منتدى إقرأ الثقافي

# تەیەمموم (التَّیَمُّم)

## کەی تەیەمموم دروستە ؟

**ئەوەی بە دەست نوێژ وخۆشۆردن حەلاڵ دەبێت ، بە تەیەممومیش بۆی حەلاڵ دەبێت (٨٢)**

---

(٨٢) تەیەمموم جێگەی دەست نوێژ دەگرێتەوە بۆ کەسێك لەش گران نەبێت ، لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( خَرَجْنَا مَعَ رَسُوْلِ الله (ﷺ) فِي بَعْضِ أَسْفَارِهِ حَتَّى إِذَا كُنَّا بِالبَيْدَاءِ - أَوْ بِذَاتِ الجَيْشِ - إِنْقَطَعَ عِقْدٌ لِي ، فَأَقَامَ رَسُوْلُ الله (ﷺ) عَلَى إِلْتِمَاسِه ، وَأَقَامَ النَّاسُ مَعَهُ ، وَلَيْسُوْا عَلَى مَاءٍ ، فَأَتَى النَّاس إِلَى أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيْقِ فَقَالُوا: ألاَ تَرَى مَا صَنَعَتْ عَائِشَةُ ؟ أَقَامَتْ بِرَسُوْلِ الله (ﷺ) وَالنَّاسِ ، وَلَيْسُوا عَلَى مَاءٍ وَلَيْسَ مَعَهُمْ مَاءٌ ، فَجَاءَ أَبُو بَكْرٍ وَرَسُوْلُ الله (ﷺ) وَاضِعٌ رَأْسَهُ عَلَى فَخْذِي قَدْ نَامَ ، فَقَالَ: حَبَسْتِ رَسُوْلَ الله (ﷺ) وَالنَّاسَ ، وَلَيْسُوْا عَلَى مَاءٍ وَلَيْسَ مَعَهُمْ مَاءٌ ، فَقَالَتْ عَائِشَةُ: فَعَاتَبَنِي أَبُوْ بَكْرٍ ، وَقَالَ مَا شَاءَ اللهُ أَنْ يَقُوْلَ ، وَجَعَلَ يَطْعَنُنِي بِيَدِهِ فِي خَاصِرَتِي ، فَلاَ يَمْنَعُنِي مِنَ التَّحَرُّكِ إِلاَّ مَكَانُ رَسُوْلِ الله (ﷺ) عَلَى فَخْذِي ، فَقَامَ رَسُوْلُ الله (ﷺ) حِيْنَ أَصْبَحَ عَلَى غَيْرِ مَاءٍ ، فَأَنْزَلَ اللهُ آيَةَ التَّيَمُّم ، ﴿ .. فَتَيَمَّمُوا .. ﴾ فَقَالَ أُسَيْدُ بْنُ الحُضَيْرِ: مَا هِيَ بِأَوَّلِ بَرَكَتِكُمْ يَا آلَ أَبِي بَكْر . قَالَتْ: فَبَعَثْنَا البَعِيْرَ الَّذِي كُنْتُ عَلَيْهِ ، فَأَصَبْنَا العِقْدَ تَحْتَهُ )) واتە: لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دەرچووم لە هەندێك لە سەفەرەکانیدا تا گەیشتینە بیابان ـ یان (ذَاتُ الجَيْش) ـ ملوانکەکەم پچڕا و وون بوو ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەوێدا مایەوە بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە ، وە خەڵکیش مانەوە لە گەڵیدا ، لە سەر ئاویش نەبوون ، جا خەڵکی ڕۆیشتن بۆ لای (أَبُوبَكْر الصِّدِّيق) ووتیان: چاووت لێیە (عَائِشَة) چی کرد ؟ بووە هۆی مانەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وخەڵکیش ، نە لە سەر ئاویشن ، وە نە ئاویشیان پێیە ، جا (أَبُوبَكْر) هات و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) سەری خستبووە سەر ڕانم و خەوتو بوو ، جا ووتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) و خەڵکیتیش گیردا ، وە نە لە سەر ئاوون ، وە نە ئاویشیان پێیە ، (عَائِشَة) فەرمووی: جا (أَبُوبَكْر) زۆر سەرزەنشتی کردم ، وە ئەوەی خوا ویستی لە سەر بێت پێی ووتم ، وە بە دەستی لە قەبرغە(خَاصِرَة)ی دەدام ، هیچ وای لێ نەدەکردم



منتدى إقرأ الثقافي

## بۆ كەسێك ئاوی دەست نەكەوێت (٨٣) ، یان ترسی ئەوەی هەبێت بە بە كارهێنانی ئاو زیانی لێ بكەوێت (٨٤).

نەجوولێمەوە تەنها شوێنی پێغەمبەری خوا نەبێت (ﷺ) كە سەری لە سەر ڕانم دانابوو ، جا كە بەیانی بوویەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەستا بە بێ ئاو ، جا خوای گەورە ئایەتی تەیەمومی دابەزاند ، جا هەموویان تەیەمومیان كرد ، وە (أُسَيْدُ بنُ حُضَيْر) دەیووت : ئەمە یەكەم بەرەكەتی ئێوە نییە ئەی كەس وكاری (آلَ أبِي بَكْر) ، (عَائِشَة) ووتی: كاتێك ئەو ووشترەمان هەڵساند كە من بە سەرێوە بووم ، ملوانكەكەمان لە ژێریدا دۆزیەوە [رواه البخاري (٣٣٤/٤٣١/١) ومسلم (٣٦٧/٢٧٩/١)].

وە هەروەها جێگەی خۆشۆردن دەگرێتەوە بۆ كەسێك لەشی گران بێت ، لە بەر فەرموودەكەی (عُمْرَانُ بنُ حُصَيْنِ الخُزَاعِي) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بینی پیاوێك دووری گرتووە ونوێژی لە گەڵ خەڵكیدا نەكرد ، جا پێی فەرموو: (( مَا مَنَعَكَ أَنْ تُصَلِّي ؟ )) واتە: ئەی فلان كەس ، چی وای پێ كردیت كەوا لە گەڵ خەڵكیدا نوێژ نەكەیت ؟ ئەویش ووتی: تووشی لەش گرانی بووم و ئاو نییە . پێغەمبەری خوایش فەرمووی: (( عَلَيْكَ بِالصَّعِيْدِ فَإِنَّهُ يَكْفِيْكَ )) واتە: تەیەموم بە سەر زەوی بكە ، چونكە ئەوەت بەسە . واتە: جێگەی ئاووت بۆ دەگرێتەوە [رواه البخاري (٣٤٤/٤٧٧/٤) ومسلم (٦٨٢/٤٧٤/١)].

(٨٣) لە بەر فەرموودەكەی خوای گەورە لە سورەتی (المائدة: ٦) ﴿ وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُبَاً فَاطَّهَّرُوا وَإِنْ كُنتُمْ مَرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِنكُمْ مِنَ الغَائِطِ أَوْ لَامَسْتُمْ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيْدَاً طَيِّبَاً فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ مِنْهُ..﴾ واتە: وە ئەگەر نەخۆش بوون یان لە سەفەردا بوون یان لە سەر ئاوەوە هاتنەوە یان جووت بوون لە گەڵ ئافرەتاندا و ئاوتان دەست نەكەوت – دەست نوێژ بگرن یان خۆتان بشۆرن – ئەوە تەیەموم بكەن بە سەر زەویەكی پاك و مەسحی ڕوومەت و هەردوو دەستانی پێ بكەن وە لە بەر فەرموودەكەی (عَائِشَة) و (عُمْرَان) بڕوانە (پ ٨٢).

(٨٤) ترسی زیان لێكەوتن ئەوەیە ترسی هەبێت نەخۆش بكەوێت ، یان نەخۆشێكەی زیاتر بكات ، یان ترسی كوشتنی هەبێت ... لە بەر ئایەتەكەی پێشوو ، وە لە بەر ئەو فەرموودانەیشی كە لەو بارەوە هاتوون ، وەك فەرموودەكەی (عَمْرُو بنُ العَاص) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕەوانەی كرد بۆ(غَزْوَة)ی (ذَاتُ السَّلاسِل) ، جا



منتدى إقرأ الثقافي

## پایەکانی تەیەمموم (أَرْكَانُ التَّيَمُّم)

**نیەت [٨٥] وەهەردوو دەست دان بە سەر زەویەکی پاکدا وەمەسح کردنی رووومەت وەهەردوو دەست [٨٦]،**

فەرمووی: لە شەوێکی زۆر سارد دا لەشم گران بوو، جا ترسام کەوا ئەگەر خۆم بشۆم تیا بچم، بۆیە تەیەممومم کرد، پاشان نوێژی بەیانیم بە هاوەڵەکانم کرد، جا کاتێك گەڕاینەوە، بۆ پێغەمبەریان گێڕایەوە، جا ئەویش فەرمووی (( يَا عَمْرُو، صَلَّيْتَ بِأَصْحَابِكَ وَأَنْتَ جُنُب ؟ )) واتە: ئەی (عَمْرُو) بە لەش گرانیەوە نوێژت بە هاوەڵەکانت کرد ؟ منیش ووتم: ئەو فەرموودەیەی خوای گەورەم یادکەوتەوە کە دەفەرمێ: ﴿ وَلَا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ إِنَّ اللهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا﴾ واتە: خۆتان مەکوژن بە ڕاستی خوای گەورە زۆر بە بەزەییە بەرانبەر بە ئێوە . جا بۆیە تەیەممومم کرد، پاشان نوێژم کرد، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێکەنی وەهیچی نەفەرموو [رواه أبو داود (٣٣٠/٥٣٠/١) وأحمد (١٦/١٩١/٢) وغيرهما وهو حديث صحيح بروانە صحيح ابی داود (٣٢٣)].

وە لە بەر فەرموودەکەی (جَابِر)یش (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: دەرچووین بۆ سەفەرێك جا پیاوێکمان بەردێك دای لە سەری، سەری شکاند، پاشان لەشی گران بوو، جا پرسیاری لە هاوەڵەکانی کرد ووتی: ئایە هیچ ڕوخسەتێك دەبینن بۆ من کەوا تەیەمموم بکەم ؟ ئەوانیش ووتیان : هیچ ڕوخسەتێك نابینین تا تۆ توانات لە سەر ئاو هەبێت، جا ئەویش خۆی شۆرد ومرد، کاتێك کە گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی ئەوەیان پێ ڕاگەیاند، ئەویش فەرمووی: (( قَتَلُوهُ قَتَلَهُمُ اللهُ أَلاَ سأَلُوا إِذَا لَمْ يَعْلَمُوا، فَإِنَّمَا شِفَاءُ العَيِّ السُّؤَالُ إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيْهِ أَنْ يَتَيَمَّم )) واتە: کوشتیان، خوا بیانکوژێت، ئایە بۆ پرسیاریان نەکرد، کاتێك کە نەیانزانی، چونکە شیفای هەموو نەخۆشیەك پرسیار کردنە، تەنها بەسی بوو تەیەمموم بکات [رواه أبو داود (٣٣٦/٢٣٩/١) وله زيادة ولكن الحديث الى حيث ذكرنا حسن بشواهده بروانە تمام المنة للألباني (ل ١٣١-١٣٥) وصحيح ابی داود (٣٢٦)].

(٨٥) لە بەر فەرموودەکەی (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) (خوای لێ رازی بێت) بروانە (پ ٣١).

(٨٦) لە بەر فەرموودەی خوای گەورە کە لە سورەتی (المائدة: ٦) ﴿..فَلَمْ تَجِدُوا مَـاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيْدًا طَيِّبًا فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ مِنْهُ﴾ بروانە (پ ٨٣) .



منتدى إقرأ الثقافي

وە پێویست(وَاجِب)ە بە ناوی خواوە دەست پێ بکرێت هەر وەکو دەست نوێژ. (٨٧)

## سوننەتەکانی تەیەمموم

**پێش خستنی دەستی ڕاست لە مەسح کردندا (٨٨) ، وە فوو کردن بە هەردوو لەپدا پێش مەسح کردنی ڕوومەت (٨٩)**

وە لە بەر فەرموودەکەی (عَمَّارُ بنُ يَاسِر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أجْنَبْتُ فَلَمْ أُصِبِ مَاءً ، فَتَمَعَّكْتُ فِيْ الصَّعِيْد وَصَلَّيْتُ ، فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لِلنَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: إنَّمَا كَانَ يَكْفِيْكَ هَكَذَا . وَضَرَبَ النَّبِيُّ (ﷺ) بِكَفَّيْهِ الأرْضَ وَنَفَخَ فِيْهِمَا ، ثُمَّ مَسَحَ بِهِمَا وَجْهَهُ وَكَفَّيْهِ )) واتە: لەشم گران بوو وئاووم دەست نەکەوت ، جا خۆمـم لە ناو خۆڵدا لکاندەوە – تلاندەوە – ونوێژم کرد ، جا ئەمەم گێڕایەوە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەویش فەرمووی : تەنها ئەوەت بەس بوو کەوا بکەیت ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەردوو ناو دەستی – لەپی – بەزەویدا دا و فووی پێدا کرد ، پاشان مەسحی ڕوومەت و هەردوو دەستی پێ کرد [رواه البخاري (١/٤٥٥/٣٤٧) ومسلم (١/٢٨٠/٣٨٦) وغيرهما].

**تێبینی:**

بنەڕەت(أصْل) لە تەیەممومم کردندا ئەوەیە کە لە جێگەی دەست نوێژە ، جا هەر شتێك بە دەست نوێژ حەلاڵ ببێت ئەوە بە تەیەممومیش حەلاڵ دەبێت ، وە دروستە پێش هاتنی کاتی نوێژ بکرێت ، هەر وەکو دەست نوێژ هیچ جیاوازیەك لە نێوانیان دا نییە ، وە هەروەها دروستیشە بە یەك تەیەممومم چەند نوێژێك بکرێت ، ئیتر فەرز بێت یان سوننەت.

(٨٧) چونکە تەیەممومم لە جێگەی دەست نوێژ دایە ، کەوا بوو چۆن (بِسْمِ الله)ی کردن بۆ دەست نوێژ پێویست(وَاجِب)ە ، هەروەها بۆ تەیەممومم کردنیش پێویست(وَاجِب)ە ، بڕوانە (پ٣٤) .

(٨٨) لە بەر فەرمودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە( پ٤٢) ، چونکە تەیەممومیش هەر ( طَهُور)ە .

(٨٩) لە بەر فەرمودەکەی (عَمَّارُ بنُ يَاسِر) (خوای لێ ڕازی بێت) ، بڕوانە(پ٨٦) .



منتدى إقرأ الثقافي

## ئەوانەی تەیەمموم بەتاڵ دەکەنەوە (مُبطِلاتُ التَّيَمُّم)

ئەوانەی دەست نوێژ بەتاڵ دەکەنەوە تەیەممومیش بەتاڵ دەکاتەوە ، وە نەمانی هۆکانی تەیەمموم کردنیش[٩٠] .

## حەیز و زەیسانی (الحَيْضُ وَالنِّفَاس)

لە شوێنی منداڵ بوونی ئافرەتەوە سێ جۆر خوێن دەردەچێت ، خوێنی حەیز[٩١] ،

(٩٠) چونکە تەیەمموم لە جێگەی دەست نوێژە ، بۆیە هەر شتێك دەست نوێژ بەتاڵ بکاتەوە ، تەیەممومیش بەتاڵ دەکاتەوە . وە هەروەها هەر کاتێکیش ئەو هۆیانە نەما کە بە هۆیەوە تەیەمموم حەلاڵ بووە ئەوە تەیەممومەکە بەتاڵ دەبێتەوە .

(٩١) ئەو خوێنەیە کە بە بێ هیچ نەخۆشی و هۆیەکی تر لە منداڵدانی ئافرەتی پێگەیشتوو(بَالِغ)ەوە دەردەچێت .

وە ئەم خوێنە بەردەوام دەبێت تا تەمەنی بێ ئومێدی ئافرەت لەمنداڵ بوون(سِنُّ اليأس) ، وە خوێنەکەشی لە پێشدا ڕەش و گەرمە و منداڵ دانی پێ دەقرچێت ، لای کەمی ماوەی بەردەوام بوونی لە شەرعدا دیاری نەکراوە ، هەروەها لای زۆریشی هەر دیاری نەکراوە ، بەڵام زۆربەی ئافرەتان شەش ڕۆژ یان حەوت ڕۆژ تووشیان دەبێت ، لە بەر فەرمودەکەی ( حَمْنَةُ بِنْتُ جَحْش )( خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ)پێی فەرموو (( إِنَّمَا هَذِهِ رَكْضَةٌ مِنْ رَكَضَاتِ الشَّيْطَانِ ، فَتَحِيضِي سِتَّةَ أَيَّامٍ أَوْ سَبْعَةً فِي عِلْمِ اللهِ ، ثُمَّ اغْتَسِلِي ، حَتَّى إِذَا رَأَيْتِ أَنَّكِ قَدْ طَهُرْتِ وَاسْتَنْقَيْتِ ، فَصَلِّي أَرْبَعًا وَعِشْرِينَ لَيْلَةً أَوْ ثَلَاثًا وَعِشْرِينَ وَأَيَّامَهُنَّ ، وَصُومِي ، فَإِنَّ ذَلِكَ يُجْزِئُكِ ، وَكَذَلِكَ فَافْعَلِي فِي كُلِّ شَهْرٍ ، كَمَا تَحِيضُ النِّسَاءُ وَكَمَا يَطْهُرْنَ لِمِيقَاتِ حَيْضِهِنَّ وَطُهْرِهِنَّ .. )) واتە: ئەمە پاڵێکە لە پاڵەکانی شەیتان ، جا شەش ڕۆژ تا حەوت ڕۆژ بە حەیز دەژمێریت لە زانستی خوا دا ، پاشان خۆت بشۆ ، تا ئەگەر بینیت کەوا پاك وتەمیز بویتەوە ، ئەوە بیست وچوار شەو یان بیست وسێ شەو بە ڕۆژەکانیەوە نوێژ بکە و ڕۆژوو بگرە ، ئەوە ئیتر لە سەرت دەکەوێت ، وە


منتدى إقرأ الثقافي

**و خوێنی زەیسانی( پاش منداڵ بوون ) [٩٢] ، و خوێنی نەخۆشی ئافرەتان( الإسْتِحَاضَة) [٩٣] .**

هەروەها بەم شێوەیە بکە لە هەموو مانگێکدا ، وەکو ئافرەتان چۆن تووشی حەیز دەبن ، وە چی کاتیش پاك دەبنەوە ، بە کاتی حەیز و پاکیتی ئەوان .[رواه ابو داود( ٢٨٤/٤٧٥/١) والترمذي(١٢٨/٨٢/١) وابن ماجة(٦٢٧/٢٠٥/١) بمعناه وهو حسن بروانه الإرواء ( ٢٠٥) ].

(٩٢) خوێنی زەیسانی خوێنی پاش منداڵ بوونە ، ئەم خوێنەش لای کەمی ماوەکەی دیاری نەکراوە ، ئافرەتی وا هەیە تەنها لە کاتی منداڵ بوونەکەدا خوێنی لێ دێت ، بەڵام لای زۆری ماوەکەی لە چل(٤٠) ڕۆژ زیاتر تێپەڕ ناکات ، جا ئەگەر لەوە زیاتر ئافرەت خوێنی لێ هات ئەوە بە نەخۆشی (الإسْتِحَاضَة) دەژمێرێت ، لە بەر فەرمودەکەی ( أمّ سَلَمَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : (( **كَانَتِ النُّفَسَاءُ تَجْلِسُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) أرْبَعِينَ يَوْمَاً** )) واتە: ئەو ئافرەتەی لە زەیسانیدا بوایە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) چل ڕۆژ دادەنیشت [رواه ابو داود ( ١/ ٣٠٧/٥٠١) والترمذي ( ١٣٩/٩٢/١ ) وابن ماجة (٦٤٨/٢١٣/١) وهو حديث حسن صحيح بروانه صحيح ابن ماجة (٥٣٠)].

(٩٣) ئەو خوێنەیە کەوا لە کاتێکی تردا جگە لە حەیز و زەیسانی بە هۆی نەخۆشییەوە توشی ئافرەت دەبێت ، یان جاری واهەیە بە دەمی حەیز و زەیسانی یەوە توشی دەبێت ، جا ئەگەر بە دەمی حەیزەوە نەبوو ئەوە دیارە ، بەڵام ئەگەر بە دەمی حەیزەوە بوو ئەوە **سێ حاڵەتی هەیە** :-

**یەکەم** : ئەوەیە ماوەی حەیزەکە لای ئافرەتەکە زانراو بێت پێش ئەوەی توشی نەخۆشی (إسْتِحَاضَة) ببێت ، لەم حاڵەتەدا ، ئەو ماوە زانراوە بە ماوەی حەیز بۆی دادەنرێت ، وە جگە لەوەیش بە نەخۆشی دەژمێرێت ، لە بەر فەرمودەکەی (أمّ سَلَمَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد لە بارەی ئافرەتێکەوە ، خوێنێکی زۆر لە گیانی دێت ، ئەویش فەرمووی: (( **لِتَنْظُرْ عِدَّةَ اللَّيَالِي وَالأيَّامِ الَّتِي كَانَتْ تَحِيضُهُنَّ مِنَ الشَّهْرِ قَبْلَ أنْ يُصِيبَهَا الَّذِي أصَابَهَا فَلْتَتْرِكِ الصَّلاةَ قَدْرَ ذَلِكَ مِنَ الشَّهْرِ ، فَإذَا خَلَّفَتْ ذَلِكَ فَلْتَغْتَسِلْ ، ثُمَّ لِتَسْتَثْفِرْ بِثَوْبٍ ، ثُمَّ لِتُصَلِّ** )) واتە: با تەماشا بکات ، بەماوەی ئەو شەو و ڕۆژانەی کەلە پێش دا تێیدا تووشی حەیز دەهات لەمانگێك دا ،پێش ئەوەی تووشی ئەوە ببێت کە تووشی بوو ، جا – لەوماوەیەدا – واز لە نوێژ بێنێت ، جا ئەگەر ئەوە نەما باخۆی بشوات و خۆی باش پاك بکاتەوە پاشان نوێژ بکات [رواه أبو داود(١/رقم/٢٧٤) إبن ماجة(١/رقم/٦٢٣) بمعناه و


منتدى إقرأ الثقافي

..........................

بقية الخمسة الا الترمذي وهو حديث صحيح بروانه صحيح أبي داود(٢٦٤-٢٦٨) وصحيح إبن ماجة(٥٠٦)] .

وەلەبەر فەرمودەکەی ( أُمُّ حَبِيْبَةَ بِنْتُ جَحْش) (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا پێی فەرموو (( امْكُثِي قَدْرَ مَا كَانَتْ تَحْبِسُكِ حَيْضَتُكِ ، ثُمَّ إغْتَسِلِي وَصَلِّي )) واتە: بمێنەوە بە ئەندازەی ئەوە کە لە کاتی حەیز دا دەمایتەوە ، پاشان خۆت بشۆ و نوێژ بکە [رواه مسلم (٣٣٤/٢٦٤/١) ].

**دووەم** : ئەوەیە کە بەردەوام خوێنی لیٚ بێت وە لە پێشیشدا ڕۆژانێکی زانراوی نەبووە ، یان لە یادی نەماوە ، وە یان هەر بە نەخۆشیەوە (بَالِغ) بووە ، وە خوێنی حەیزو نەخۆشی جیا ناکاتەوە لە یەك ، لەم حاڵەتەدا حەیزەکەی شەش ڕۆژ یان حەوت ڕۆژی بۆ دادەنرێت لە مانگەکەدا وەکو عادەتی زۆر بەی ئافرەتانە ، وە ڕۆژانی تریشی هەموو بە نەخۆشی بۆ دادەنرێت ، لە بەر فەرموودەکەی (حِمْنَةُ بِنْتُ جَحْش) (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی: تووشی نەخۆشی (إسْتِحَاضَة) هاتم زۆر بە توندی ، جا چووم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسیاری لیٚ بکەم وئاگاداری بکەمەوە ، جا لە ماڵی (زَيْنَبُ بِنْتُ جَحْش)ی خوشکمدا بینیمەوە و پێم ووت : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) مـن تووشی نەخۆشیەکی زۆر توند بووم ، جا تۆ چی دەفەرموویت ، وە قەدەغەیشی کردووم لە نوێژ کردن و ڕۆژوو گرتن ؟ جا ئەو یش فەرمووی : (( أَنْعَتُ لَكِ الكُرْسُفَ ، فَإِنَّهُ يُذْهِبُ الدَّمَ )) واتە: پارچە پەموویەك هەڵبگرە ، ئەوە خوێنەکە نایەڵێت ، ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا زۆر لەوە زۆرترە ، ئەویش فەرمووی : (( فَاتَّخِذِي ثَوْبًا )) واتە: جا هەڵیبەسە ، ووتم : ئەو ڕێ دەکات ڕێ ، جا فەرمووی: (( سَآمُرُكِ بِأَمْرَيْنِ أَيُّهُمَا فَعَلْتِ أَجْزَى عَنْكِ مِنَ الآخَرِ ، فَإِنْ قَوِيْتِ عَلَيْهِمَا فَأَنْتِ أَعْلَمُ قَالَ لَهَا: إِنَّمَا هَذِهِ رَكْضَةٌ مِنْ رَكَضَاتِ الشَّيْطَانِ ، فَتَحَيَّضِي سِتَّةَ أَيَّامٍ أَوْ سَبْعَةَ أَيَّامٍ فِي عِلْمِ اللهِ تَعَالَى ذِكْرُهُ ، ثُمَّ إغْتَسِلِي ، حَتَّى إِذَا رَأَيْتِ أَنَّكِ قَدْ طَهُرْتِ وَاسْتَنْقَأْتِ فَصَلِّي ثَلَاثًا وَعِشْرِيْنَ لَيْلَةً أَوْ أَرْبَعًا وَعِشْرِيْنَ لَيْلَةً وَأَيَّامَهَا وَصُومِي فَإِنَّ ذَلِكَ يُجْزِئُكِ ، وَكَذَلِكَ فَافْعَلِي كُلَّ شَهْرٍ كَمَا يَحِضْنَ [تَحِيضُ]النِّسَاءُ وَكَمَا يَطْهُرْنَ مِيْقَاتَ حَيْضِهِنَّ وَطُهْرِهِنَّ ، فَإِنْ قَوِيْتِ عَلَى أَنْ تُؤَخِّرِي الظُّهْرَ وَتُعَجِّلِي العَصْرَ فَتَغْتَسِلِ [فَتَغْتَسِلِيْنَ] وَتَجْمَعِيْنَ بَيْنَ الصَّلَاتَيْنِ الظُّهْرَ وَالعَصْرَ وَتُؤَخِّرِيْنَ المَغْرِبَ وَتُعَجِّلِيْنَ العِشَاءَ ثُمَّ تَغْتَسِلِيْنَ وَتَجْمَعِيْنَ بَيْنَ الصَّلَاتَيْنِ فَافْعَلِي



منتدى إقرأ الثقافي

................................

وَتَغْسِلِيْنَ مَعَ الفَجْرِ فَافْعَلِي وَصُومِي إِنْ قَدَرْتِ عَلَى ذَلِكَ . قَالَ رَسُولُ الله (ﷺ): وَهَذَا أَعْجَبُ الأَمْرَيْنِ إِلَيَّ )) واتە: فەرمانت پێ دەکەم بە دوو شت ، هەر کامیان بکەیت ، ئەوە ئەوی ترت لە سەر دەکەوێت ، جا ئەگەر توانای هەردووکیانت بوو ئەوە خۆت دەزانیت جا پێی فەرمووم : ئەمە پاڵێکە لە پاڵەکانی شەیتان ، جا شەش ڕۆژ تا حەوت ڕۆژ بە حەیز دەژمێریت لە زانستی خوا دا ، پاشان خۆت بشۆ ، تا ئەگەر بینیت کەوا پاك وتەمیز بویتەوە ، ئەوە بیست وچوار شەو یان بیست وسێ شەو بە ڕۆژەکانیەوە نوێژ بکە و ڕۆژوو بگرە ، ئەوە ئیتر لە سەرت دەکەوێت ، وە هەروەها بەم شێوەیە بکە لە هەموو مانگێکدا ، وەکو ئافرەتان چۆن تووشی حەیز دەبن ، وە چی کاتیش پاك دەبنەوە ، بە کاتی حەیز و پاکێتی ئەوان ، وە ئەگەر هێز وتوانات هەبێت لە سەر ئەوەی نوێژی نیوەڕۆ دوا بخەیت ونوێژی عەسریش پێش بخەیت وخۆت بشۆیت ، پاشان نوێژی نیوەڕۆ و عەسر پێکەوە بکەیت ، پاشان مەغریب دوا بخەیت و عیشایش پێش بخەیت و خۆت بشۆیت ، پاشان هەردوو نوێژەکە پێکەوە بکەیت ، ئەوە بیکە و خۆتیش لە گەڵ نوێژی بەیانیدا بشۆریت ونوێژ بکەیت ، ئەوە وا بکە و نوێژ بکە و ڕۆژوویش بگرە ئەگەر توانات لە سەری هەبوو ، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: وە ئەمەی دواییانم پێ خۆشترە [رواه أبو داود (١/٤٧٥/٢٨٧) والترمذي (١/٨٣/١٢٨) وغيرهما وهو حديث صحيح بروانه الإرواء (٢٠٥)].

**سێیەم** : ئەوەیە کە هەر عادەتی نەبوبێت ، بەڵام توانای هەیە خوێنی حەیز لە نەخۆشی جیا بکاتەوە ، لەم حاڵەتەدا کار بە جیا کردنەوەکەی خۆی دەکات ، لە بەر فەرموودەکەی (فَاطِمَةُ بِنْتُ أَبِي حُبَيْش) (خوای لێ رازی بێت): کەوا تووشی نەخۆشی (إِسْتِحَاضَة) هات ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: (( إِذَا كَانَ دَمُ الحَيْضِ فَإِنَّهُ دَمٌ أَسْوَدُ يُعْرَفُ ، فَإِذَا كَانَ ذَلِكَ فَأَمْسِكِي عَنِ الصَّلاةِ ، فَإِذَا كَانَ الآخَرُ فَتَوَضَّئِي وَصَلِّي )) واتە: ئەگەر خوێنی حەیز بێت ئەوە ڕەشە دەناسرێت ، جا ئەگەر وا بوو ، ئەوە واز بێنە لە نوێژ کردن ، بەڵام ئەگەر ئەوی تریان بوو ئەوە دەست نوێژ بگرە و نوێژ بکە... [رواه أبوداود (١/٤٧٠/٢٨٣) والنسائي (١/١٨٥) وهو صحيح بروانه الإرواء (٢٠٤)].


منتدى إقرأ الثقافي

# ئەوەی لەکاتی حەیزو زەیسانیدا حەرامە
# ( مَايَحْرُمُ بالحَيْضِ وَالنِّفَاس )

## نوێژ کردن و ڕۆژوو گرتن (٩٤) وسووڕ خواردنەوە بە دەوری(كَعْبَه)دا(٩٥)،

(٩٤) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْدُ الخُدْرِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕۆژی جەژنی قوربان یان ڕەمەزاندا دەرچوو بۆ شوێنی نوێژ(مُصَلّی) ، جا دای بە لای کۆمەڵێ لە ئافرەتاندا وپێی فەرموون: (( يَا مَعْشَرَ النِّساءِ تَصَدَّقْنَ ، فَإِنِّي أُرِيْتُكُنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ النَّارِ )) واتە: ئەی کۆمەڵی ئافرەتان خێر و بەخشین زۆر بکەن ، بە من پیشاندرا لە شەوی(مِعْرَاج)دا کەوا ئێوە زۆربەی خەڵکی دۆزەخن . ئەوانیش ووتیان: لە بەر چی ئەی پێغەمبەری خوا ؟ ئەویش فەرمووی: (( تُكْثُرْنَ اللَّعْنَ وَتَكْفُرْنَ العَشِيْرَ مَا رَأَيْتُ مِنْ نَاقِصَاتِ عَقْلٍ وَدِيْنٍ أَذْهَبُ لِلُبِّ الرَّجُلِ الحَازِمِ مِنْ إِحْدَاكُنَّ )) واتە: چونکە ئەفرەت زۆر دەکەن و کوفری ژیانیش دەکەن ، نەم دیوە کەسێك وەکو ئێوەی نوقصانی عەقڵ و دین کەوا مێشکی پیاوی ژیری زیرەك لە شوێنی خۆیدا نەهێڵن . ووتیان : ئەی نوقصانی عەقڵ و دینمان چییە ئەی پێغەمبەری خوا ؟ ئەویش فەرمووی : (( أَلَيْسَ شَهَادَةُ المَرْأَةِ نِصْفُ شَهَادَةِ الرَّجُلِ )) واتە: ئایا شایەتی دانی ئافرەت نیوەی شایەتی دانی پیاو نییە ؟ ووتیان : بەڵێ ، فەرموی: (( فَذَلِكَ مِنْ نُقْصَانِ عَقْلِهَا )) واتە: دەی ئەوە نوقصانی عەقڵێتی ، (( أَلَيْسَ إِذَا حَاضَتْ لَمْ تُصَلِّ وَلَمْ تَصُمْ )) واتە: ئەی باشە ئەگەر ئافرەت بکەوێتە حەیزەوە واز لە نوێژ کردن وڕۆژوو گرتن ناهێنێت ؟ ووتیان: بەڵێ ، فەرمووی: (( فَذَلِكَ مِنْ نُقْصَانِ دِيْنِهَا )) واتە: ئەویش نوقصانی دینێتی [رواه البخاری (١/٤٠٥/٣٠٤)].

(٩٥) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( الطَّوَافُ بِالبَيْتِ صَلاةٌ ، إِلاَّ أَنَّ اللهَ أَحَلَّ فِيْهِ الكَلامُ )) واتە: سووڕ خواردنەوە بە دەوری ماڵ - ی کەعبە - دا نوێژە ، بەڵام خوای گەورە قسە کردنی تێدا حەڵاڵ کردوە [رواه الترمذي (٢/٢١٧/٩٦٧) والحاكم (١/٤٩٥) وصححه ، وهو كذلك بروانە صحيح الجامع (٣٩٥٤)].


منتدى إقرأ الثقافي

**وجووت بوون لە گەڵ پیاودا [٩٦] ، وە دەبێت ڕۆژووەکە بە قەزا بداتەوە بەڵام نوێژەکە ناداتەوە [٩٧] ، وە ئەوەی بە هۆی حەیزو زەیسانی حەرام ببێت ، لە کاتیخوێنی نەخۆشی (إسْتحَاضَة) حەڵاڵە [٩٨] ،**

---

(٩٦) لە بەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة: ٢٢٢)دا ﴿ وَيَسْـــئَلُونَكَ عَنِ المَحِيْضِ قُلْ هُوَ أَذىً فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي المَحِيْضِ وَلَاتَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْـــهُرْنَ فَـإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللهُ ﴾.. واتە: پرسیارت لێ دەکەن _ ئەی پێغەمبەر _ لە بارەی حەیزەوە ، تۆیش بڵێ: ئەوە زیانی هەیە ، جا دوورکەونەوە لە – جیماع کردنی – ئافرەتان لە کاتی حەیزدا تا پاك دەبنەوە ، جا ئەگەر شۆردیان ئەوە بچنە لایانەوە – جیماعیان لە گەڵ بکەن – لەو شوێنەوە کە خوای گەورە فەرمانی پێ کردووە .

وە هەروەها لە بەر فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِصْنَعُوا كُلَّ شَيْءٍ إِلاَّ النِّكَاح )) واتە: هەموو شتێکیان لە گەڵدا بکەن تەنها جیماع کردن نەبێت [رواه مسلم (١/٢٤٦/٣٠٢)].

(٩٧) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا (مُعَاذَة) پرسیاری لێ کرد: ئایا بۆ ئافرەت پاش پاك بوونەوەی لە حەیز ڕۆژوو بە قەزا دەداتەوە بەڵام نوێژ بە قەزا ناداتەوە ؟ ئەویش فەرمووی: ئایا تۆ (حَرُورِيَه)یت ؟ جا (مُعَاذَة)یش ووتی: نەء ، من (حَرُورِيَه) نیم ، بەڵام تەنها پرسیار دەکەم ، (عَائِشَه)یش فەرمووی: (( كَانَ يُصِيْبُنَا ذَلِكَ فَنُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّوْمِ ولاَ نُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّلاَةِ )) واتە: ئێمە ئەوەمان تووش دەبوو لە کاتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) جا فەرمانی پێ دەکردین بە قەزا کردنەوەی ڕۆژوو ، بەڵام فەرمانی پێ نەدەکردین بە قەزا کردنەوەی نوێژ [رواه البخاري (١/٤٢١/٣٢١) ومسلم (١/٢٦٥/٣٣٥)] .

(حرورية): کۆمەڵی (خَوَارِج)ی گومرابوو بوون ، لە سەردەمی ئیمامی (عَلِي)دا لە فەرمانی (خَلِيْفَه) دەرچوون ، لە بەر هەندێك بەڵگەی عەقڵی ، جا یەکەم کۆبوونەوەیان لە (حَرُورَاء) کرد نزیکی (کوفَه) ، فەرموودەی زۆرمان هەیە لە بارەیانەوە ، کە لە پاش پێغەمبەری خوا (ﷺ) دێن و لە ئایینی ئیسلام دەردەچن ، وە بە سەگی دۆزەخیش ناویان دەبات ، جا یەکێك لە قسەکانیان دەیانووت دەبێت ئافرەت ئەگەر کەوتەوە حەیزەوە ، هەروەك چۆن ڕۆژوو بە قەزا دەداتەوە ، نوێژیش بە قەزا بداتەوە .

(٩٨) چونکە لە شەرعدا نەخۆشی (إِسْتِحَاضَة) حوکمی پاکیتی( طَهَارَة)ی هەیە.. لە نوێژ کردن و ڕۆژوو گرتن و جیماع کردن و (طَوَاف) کردن .. .

منتدى إقرأ الثقافي

**بەڵام بۆ هەموو نوێژێك پێویست(وَاجب)ە دەست نوێژ بگرێتەوە[99].**

(٩٩) لە بەر فەرموودەکەی (فَاطِمَةُ بِنْتُ أَبِي حُبَيْش) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: (( .. وَتَوَضَّئِي لِكُلِّ صَلَاةٍ )) واتە: ... پاشان بۆ هەموو نوێژێك دەست نوێژ بگرە [رواه أبوداود (١/٤٩٠/١٩٥) وإبن ماجة وهـو حديث صحيح بڕوانە صحيح إبن ماجة (٥٠٧) ] مەبەست لە هەموو نوێژێك ئەوەیە بۆ کاتی هەموو نوێژێکی فەرز دەست نوێژێك بگرێت ئیتر نوێژە فەرزەکە و سوننەتەکانیشی پێوە بکات ، (وَاللهُ أَعْلَم).

**تێبینی:**

ئیمامی (النَّوَوِي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ، دەفەرمێ: هەر کەسێك باوەڕی وابێت جوت بوون لە گەڵ ئافرەتەکەیدا حەڵاڵە کاتێك لە حەیزدا بێت ، ئەوە پێی کافر دەبێت ، وە ئەگەر یەکێك ئەو کارە بکات ، بەڵام بیروباوەڕی وا نەبێت کە حەڵاڵە ، ئەوە ئەو کەسە ئەگەر لە بیری چوو بێت یان نەزانێت ئافرەتەکەی لە حەیزدایە یان نەزانێت حەرامە یان مەکروهە ئەوە تاوان بار نابێت و کەففارەتیشی لە سەر نییە ، بەڵام ئەگەر بە قەست وزانینەوە ئەو کارە بکات بە بێ هیچ زۆر لێ کردنێك ، ئەوە تاوانێکی گەورەی کردووە (شَافِعِي) فەرموویەتی: تاوانی گەورەیە و پێویستە لێی پەشیمان ببێتەوە و تەوبەی لێ بکات . وە لە بارەی پێویست(وَاجب)بوونی کەففارەت لە سەری دوو ڕا هەیە ... [بڕوانە شرح صحيح مسلم (٣/٢٠٤)].

***دەڵێم:*** بەڵام ئەوەی ڕاستە کەففارەتی لە سەر پێویستە ، لە بەر فەموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بارەی ئەو پیاوەوە کە جیماعی لە گەڵ ئافرەتەکەیدا کرد کە لە حەیزدابوو پێی فەرموو: (( يَتَصَدَّقُ بِدِينَارٍ أَوْ نِصْفِ دِينَارٍ )) واتە: با دینارێك یان نیو دینار ببەخشێت [رواه أبـو داود (١/٤٤٥/٢٦١) والنسائي (١/١٥٣) وإبـن ماجـة (١/٢١٠/٦٤٠) وهـو حديـث صحيـح بڕوانـە الإرواء(١٩٧) و صحيـح إبـن ماجـه (٥٢٣)].

(إِبْنُ عَبَّاس) دەفەرموێ: جا ئەگەر لە سەرەتاکانی حەیزەکەوە جیماعی لە گەڵدا کرد ، ئەوە یەك دینار دەبەخشێت ، وە ئەگەر لە کۆتایەکانیدا بوو ، ئەوە نیو دینار دەبەخشێت [رواه مسلم (١/٢٦٤/٣٣٤)] .

وە ئەو دینارەی ئەو سەردەمەیشە (٤،٢٥) غرام ئاڵتوونی تێزابی ئێستایە.

**( الحَمْدُ لِلّه ! بەشی پاك کردنەوە کۆتایی پێ هات**

**و ئێستایش دەچینە سەر بەشی نوێژ.**

منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی نوێژ (الصَّلاة) (١٠٠)
# کاتەکانی نوێژ ( أوْقَاتُ الصَّلاة )

..................................

(١٠٠) نوێژ یەکێکە لە گرنگ ترین پایەکانی ئیسلام پاش شایەتمان (عَبْدُالله بن عُمَر) (خوایان لێ رازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( بُنِيَ الإِسْلامُ عَلَى خَمْسٍ شَهَادَةُ أنْ لا إلَهَ إلاَّ الله وَأنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَ رَسُولُهُ وَ إِقَامِ الصَّلاةِ وَإِيْتَاءِ الزَّكَاةِ وَحَجِّ البَيْتِ وَصَوْمِ رَمَضَانَ )) واتە: ئیسلام لە سەر پێنج پایە دامەزراوە : شایەتی دان بەوەی کەوا هیچ پەرستراوێك نییە شایەنی پەرستن بێت بە راستی جگە لە (الله) ، وە موحەممەدیش بەندە و نێرراو و پەیام بەری (الله)یە ، وە نوێژ کردنە ، وە زەکات دانە ، وە حە ج کردنی ماڵی خوایە ، وە ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزانە [رواه البخاری (١/٤٩/٨) ومسلم (١/٤٥/٢٠) واللفظ له، وغيرهما].

بۆیە هەر کەسێك باوەڕی پێی نەبێت وئینکاری بکات ، ئەوە کافرە ولە ئیسلام دەرچووە بە یەکڕایی زانایانی ئیسلام ، بەڵام زانایان جیاوازن لە بارەی کەسێکەوە نوێژ ناکات لە بەر تەمەڵی وباوەڕیشی بە(واجب)بوونی هەبێت ، هۆی ئەو جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەوا نوێژ نەکەر بە گشتی بە کافر ناو دەبات ، لەوانە فەرموودەکەی (بُرَيْدَه) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( العَهْدُ الَّذِي بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ الصَّلاةُ فَمَنْ تَرَكَهَا فَقَدْ كَفَرَ )) واتە: پەیمانی نێوان ئێمە — موسوڵمان — وئەوان _ کافران _ نوێژە جا هەر کەسێك نەیکات ئەوە کافرە [رواه إبن ماجه (١/٣٤٢/١٠٧٩) والنسائي (١/٢٣١) والترمذی (٤/١٢٥/٢٧٥٦)وهو حديث صحيح بروانە صحيح إبن ماجه (٨٨٤)].

وە فەرموودەکەی (جَابر)یش ( خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إنَّ بَيْنَ الرَّجُلِ وَبَيْنَ الشِّرْكِ وَالكُفْرِ تَرْكُ الصَّلاةِ )) واتە: لە نێوانی پیاو ولە نێوانی شیرك و بێباوەڕیدا ، واز هێنانە لە نوێژ کردن [ رواه مسلم (١/٨٨/٨٢) وهذا لفظه وأبو داود (١٢/رقم/٤٦٥٣)مع العون والترمذي (٤/١٢٥/٢٧٥١) وإبن ماجة (١/٣٤٢/١٠٧٨)].



منتدى إقرأ الثقافي

...............................

وە چەند فەرموودەیەکی تریش کە دوا ڕۆژی نوێژ نەکەر دەگەڕێنێتەوە بۆ ویستی خوا لەوانە: فەرموودەکەی (عُبَادَةُ بنُ صَامت) (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا فـەرمووی: بیسـتم پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: (( خَمْسُ صَلَوَاتٍ كَتَبَهُنَّ اللهُ عَلَـى العبَاد ، مَنْ أتَـى بِهِنَّ لَمْ يُضَيِّعْ منْهُنَّ شَيْئَاً إسْتخْفَافَاً بحَقِّهِنَّ كَانَ لَـهُ عنْدَ الله عَهْدٌ أنْ يُدْخِلَهُ الجَنَّةَ ، وَمَنْ لَمْ يَأت بِهِنَّ فَلَيْسَ لَهُ عنْدَ الله عَهْدٌ ، إنْ شَاءَ عَذَّبَهُ وَإنْ شَاءَ غَفَرَ لَهُ )) واتە: پێنج نوێژ خوای گەورە لە سەر بەندەکانی فەرزی کردوە ، هەر کەسێك بە جێی بـهێنێت وهیچی لێ نەفەوتێنێت – سوکایەتی کردن بە حەقیان – ئەوە خوای گەورە لای خۆیـەوە پـەیمانی داوە کەوا بیخاتە بەهەشتەوە ، وە هەر کەسێکیش بە جێی نـەهێنێت ئـەوە خـوای گـەورە لای خۆیەوە هیچ پەیمانێکی پـێ نـەداوە ، ئەگـەر ویستی بوو سزای دەدات وە ئەگـەریش ویسـتی بـوو ئـەوە لێی خۆش دەبێـت [رواه أحمد (٨٢/٢٣٤/٢) وأبـوداود (٤٢١/٩٣/٢) وابـن ماجـة (١٤٠١/٤٩٩/١)وغيرهم وهو حديث صحيح بروانە صحيح إبن ماجة (١١٥٠)].

**جا هەندێك لە زانایان دەڵێن:** لە بەر ئەوەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دوا ڕۆژی ئـەو نوێژ نەکەرەی گێڕاوەتەوە بۆ ویستی خوای گەورە ، دیارە (كَافر)بوونی نوێژ نەکەر (كُفر)ی بچوکە نەك (كُفر)ی گەورە کە لە ئیسلام دەری دەکات .

**بەڵام ئەوەی ڕاست بێت :** من پاش لێکۆڵینەوە و تاوتوێ کردنێکی زۆری بەڵگەکانی ئەم مەسەلەیە وڕای زانایان لە بارەیـەوە بە بـێ هیـچ دەمارگیریـەکی کوێرانـە ، بۆم ڕوون بویەوە کەوا بەڵگەکانی ئەوانەی کە دەڵێن نوێژ نەکەر (كَـافر)ە و لە ئیسـلام دەردەچێـت ، زۆر بە هێزن و واتاکانیشیان ڕوون ترە ، لە بەڵگەی ئەوانەی کە دەڵێن (كُفر)ی بچوکە .

وە فەرموودەکـەی (عُبَادَه)یش بـۆ کەسێك نییـە هـەرگیز نوێـژ نـەکات ، بـەڵکو بـۆ کەسێکە کەم تەرخەمی تێدا بکات ، بە جوانی پارێزگاری لێ نەکات ، وەك لـە ڕیوایەتـەکانی تریدا دەر دەکەوێت ، ئەگەر تەماشای بکەی ، ئەمـەیش ڕاو بۆچوونـی (شَيْخُ الإسْلام إبْنُ تَيْمِيَّة) یە [بروانە مجموعة الفتاوى (ج٢٢ل٣٢،٣٣)].

وە(إبْنُ حَزْم) (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) یـەکرایی(إجْمَاع)ی هاوەڵانی(صَحَابَـە)ی پێغەمبەری خوا دەگێڕێتـەوە لـە سـەر ئـەوەی (( کـەوا هـەر کەسێك یـەك نوێـژ نـەکات بـە ئەنقەستەوە تا کاتەکەی تێ دەپەڕێت ، ئـەوە(كَـافر)ە وهەڵگەڕاوەتـەوە لـە ئیسـلام )) [ بروانە المحلى لإبن حزم (٢/١٥٢،١٥٣/المسألةرقم:٢٧٩)].



منتدى إقرأ الثقافي

## ئـەو نوێژانـەی کـە خـوای گـەورە لـە سـەر بـاوەڕداری پـێ گـەیشـتووی ژیری [101]،

وە (إبْنُ القَيِّم)(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێ: قَالَ أَبُو مُحَمَّدُ بنُ حَزْم: وَقَدْ جَاءَ عَنْ عُمَر وَعَبْدالرَّحْمَن بن عَوْف وَمُعَاذُ بنُ جَبَل وَأَبِي هُرَيْرَة وَغَيْرُهُمْ مِنَ الصَّحَابَةِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمْ، أَنَّ تَرْكَ صَلاةَ فَرْضٍ وَاحِدَةٍ مُتَعَمِّداً حَتَّى خَرَجَ وَقْتُهَا فَهُوَ كَافِرٌ مُرْتَدٌّ، قَالُوا – أَيْ الْمُكَفِّرُونَ لِتَارِكِ الصَّلاةِ – وَلا نَعْلَمُ لِهَؤُلاءِ مُخَالِفاً مِنَ الصَّحَابَةِ، وَقَدْ دَلَّ عَلَى كُفْرِ تَارِكِ الصَّلاةِ الْكِتَابُ وَالسُّنَّةُ وَإِجْمَاعُ الصَّحَابَةِ ) [بڕوانە كتاب الصلاة لإبن القيم (ل١٥)]، پاشان دەست دەكات بە هێنانەوەی بەڵگەكان لە قورئان وسوننەت ویەك ڕایی (الإِجْمَاع).

وە( إبْنُ تَيْمِيَه)( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بۆ چوونی پێشینان(مَذْهَب السَّلَف) لەم بارەیەوە دەگێڕێتەوە لە (مَجْمُوعَةُ الفَتَاوَى)دا، وە دەفەرمێ: جیا خستنە نێوانی ئەوەی دان بە (وَاجِب)بوونی نوێژ دا بنێت، لە گەڵ ئەو كەسەی كە هەر نكوڵی لێ دەكات، وە (كَافِر)كردنی دووەمیان و(كَافِر)نەكردنی یەكەمیان، لە ڕاستیدا ئەمە (فُرُوع)ێكی بەتاڵ(فَاسِد)ن، لە هاوەڵان(صَحَابَە)ەوە شتی وا نەگێڕراوەتەوە [بڕوانە مجموعة الفتاوى(ج٢٢ل٣٢)].

وە ئەو (كُفْر)و(شِرْك)ە، (كُفْر)و(شِرْك)ی بچوك نییە، چونكە لە فەرموودەكەی (جَابِر)دا بە(مُعَرَّف بِأَل) هاتوە، وە هەر (كُفْر)ێكیش لە قورئان وسوننەتدا بە (صِيغَە)ی (مُعَرَّفْ بِأَل) بێت ئەوە (كُفْر)ی (أَكْبَر)ە نەك (أَصْغَر)، چونكە (أَلِفْ واللام) بەڵگەیە لە سەر ئەوەی كەوا ئەو (إِسْم)ە (إِسْتِغْرَاق)ی واتاكەی هەموو كردوە، ئەمەش ( أَهْلُ اللُّغَة) جیاوازیان تێیدا نییە.

(١٠١) لە بەر فەرموودەكەی (عَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلاثٍ، عَنِ النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ، وَعَنِ الصَّبِيِّ حَتَّى يَحْتَلِمَ، وَعَنِ الْمَجْنُونِ حَتَّى يَعْقِلَ )) واتە: پێنووسی تاوان هەڵگیراوە لە سەر سێ كەس: لە سەر خەوتوو تا لە خەو هەڵدەسێت، وە لە سەر منداڵ تا پێ دەگەیەت – بالغ دەبێت – ، وە لە سەر شێت تا ژیر دەبێتەوە [رواه أبوداود (٢/٧٨/٤٣٨٠) وهو حديث صحيح بڕوانە الإرواء (٢٩٧) وصحيح الجامع (٣٥١٣)].



منتدى إقرأ الثقافي

پێویست کردوە پێنج نوێژە [١٠٢] ، نوێژی نیوەڕۆ ، یەکەم کاتی ئەو نوێژە لادانی خۆرە لە ناوەڕاستی ئاسمان بەرەو لای ڕۆژ ئاوا ، وە دوایین کاتی ئەم نوێژە ئەوەیە ، سێبەر هەموو شتێك بە ئەندازەی خۆی پێ بێتەوە ، جگە لەو سێبەرەی کە مابوو کاتێك خۆر لە ناوەڕاستی ئاسماندا بوو ، وە نوێژی عەسر ، وە یەکەم کاتی ئەوەیە کە سێبەری هەموو شتێك هەندێك لە سێبەری خۆی زیاتر بێت جگە لەو سێبەرەی کە مابوو کاتێك کە خۆر لە ناوەڕاستی ئاسماندا بوو ، وە دوایین کاتیشی تا خۆر ئاوا بوونە ، بەڵام بۆ کەسێك (عُذْر)ی نەبێت دروست نییە نوێژی عەسر دوا بخات تا خۆر لار دەبێتەوە بۆ ئاوا بوون ، وە نوێژی شێوان(مَغْرِب) ، وە یەکەم کاتی ئەوەیە کە خۆر ئاوا ببێت ، وە دوایین کاتیشی تا سوورایی خۆر دەمێنێتەوە هەر بەردەوامە ، وە نوێژی عیشا ، وە یەکەم کاتی ئەوەیە سوورایی خۆری پاش خۆر ئاوا نەمێنێت ، وە دوایین کاتیشی تا دووەم بەشی شەوە ، بەڵام بۆ کەسێك(عُذْر)ی نەبێت دروست نییە نوێژی عیشا دوا بخات بۆ پاشی سێ بەشی یەکەمی شەو، وە نوێژی بەیانی ، وە یەکەم کاتی ئەوەیە کە ڕووناکی

(١٠٢) لە بەر فەرموودەکەی (أَنَسُ بنُ مَالك) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( فُرِضَتْ عَلَى النَّبِيِّ (ﷺ) الصَّلَوَاتُ لَيْلَةَ أُسْرِيَ بِهِ خَمْسِينَ ، ثُمَّ نُقِصَتْ حَتَّى جُعِلَتْ خَمْساً ، ثُمَّ نُودِيَ يَا مُحَمَّدُ إِنَّهُ لاَ يُبَدَّلُ القَوْلُ لَدَيَّ ، وَإِنَّ لَكَ بِهَذِهِ الخَمسِ خَمْسِين )) واتە: لە شەوی (إِسْرَاء)دا پەنجا نوێژ لە سەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرز کرا ، پاشان کەم کرایەوە تا کرا بە پێنج نوێژ – لە شەو و ڕۆژێك دا – ، پاشان بانگ دەرێك بانگی کرد ، ئەی (مُحَمَّد) وتەی من گۆڕانی بە سەردا نایەت ، بۆ تۆ – پێغەمبەری خوا و ئوممەتەکەیشی – هەر بەم پێنجە پاداشتی پەنجا نوێژت بۆ دەنووسرێت [رواه البخاري (٣٨٨٧/٢٠١/١) ومسلم (٢٥٩/٤٥/١)] .

وە لە بەر فەرموودەکەی (طَلْحَةُ بنُ عُبَيْدُالله) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پیاوێکی دەشتەکی تووك سەر تێك چوو ، هاتە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسیاری کرد: ئەی پێغەمبەری خوا ، پێم بڵێ خوا چەند نوێژی لە سەرم فەرز کردوە ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (( الصَّلَوات الخَمس إلاَّ أنْ تَطَّوَّعَ شَيْئاً )) واتە: پێنج نوێژەکە ، مەگەر خۆت زیاتر(تَطَوّع)بکەی [رواه البخاري (٤٦/١٠٦/١) ومسلم (١١/٤٠/١) وغيرهما].


منتدى إقرأ الثقافي

**دووەمی بەیانی دەربکەوێت کە پێی دەوترێت (الفَجْرُ الصَّادِق) ، وە دوایین کاتیشی تاخۆر دەرکەوتن هەر بەردەوامە (١٠٣) ،**

(١٠٣) بۆ دیاری کردنی کاتەکانی نوێژ ، فەرموودەمان زۆرە ، لەوانە فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدالله) (خوایان لێ رازی بێت) : (( أنَّ النَّبِيَّ (ﷺ)جَاءَهُ جِبْرِيلُ عَلَيْهِ السَّلَام فَقَالَ لَهُ: قُمْ فَصَلِّه ، فَصَلَّى الظُهْرَ حِيْنَ زَالَت الشَّمْسُ ، ثُمَّ جَاءَهُ العَصْرَ فَقَالَ: قُمْ فَصَلِّه ، فَصَلَّى العَصْرَ حِيْنَ صَارَ ظِلُ كُلِّ شَيْءٍ مِثْلَهُ ، ثُمَّ جَاءَهُ المَغْرِبَ فَقَالَ: قُمْ فَصَلِّه ، فَصَلَّى المَغْرِبَ حِيْنَ وَجَبَت الشَّمْسُ ، ثُمَّ جَاءَهُ العِشَاءَ فَقَالَ: قُمْ فَصَلِّه ، فَصَلَّى العِشَاءَ حِيْنَ غَابَ الشَّفَقُ ، ثُمَّ جَاءَهُ الفَجْرَ فَقَالَ: قُمْ فَصَلِّه ، فَصَلَّى الفَجْرَ حِيْنَ بَرِقَ الفَجْرُ ، أوْ قَالَ: سَطَعَ الفَجْرُ . ثُمَّ جَاءَهُ مِنَ الغَدِ لِلظُهْرِ فَقَالَ: قُمْ فَصَلِّه ، فَصَلَّى الظُهْرَ حِيْنَ صَارَ ظِلُ كُلِّ شَيْءٍ مِثْلَهُ ، ثُمَّ جَاءَهُ العَصْرَ فَقَالَ: قُمْ فَصَلِّه ، فَصَلَّى العَصْرَ حِيْنَ صَارَ ظِلُ كُلِّ شَيْءٍ مِثْلَيْه ، ثُمَّ جَاءَهُ المَغْرِبَ وَقْتَاً وَاحِداً لَمْ يَزَلْ عَنْهُ ، ثُمَّ جَاءَهُ العِشَاءَ حِيْنَ ذَهَبَ نِصْفُ اللَّيْلِ ، أوْ قَالَ: ثُلُثُ اللَّيْلِ فَصَلَّى العِشَاءَ ، ثُمَّ جَاءَ حِيْنَ أسْفَرَ جِدَّاً فَقَالَ: قُمْ فَصَلِّه ، فَصَلَّى الفَجْرَ ، ثُمَّ قَالَ: مَا بَيْنَ هَذَيْنِ الوَقْتَيْنِ وَقْتٌ )) واتە: (جِبْرِيل) هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فێری کاتەکانی نوێژی بکات ، جا (جِبْرِيل) چووە پێشەوە و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) لە پشتیەوە راوەستا وخەڵکیش لە پشتی پێغەمبەری خوا وە (ﷺ) راوەستان ، جا نوێژی نیوەڕۆی کرد ، کاتێك کە خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان لای دا ، وە هاتەوە کاتێك کە سێبەری — هەمووشتێك — بە ئەندازەی خۆی پێ هات ، جا ئەوەی کرد کە لە پێشدا کردی ، جا (جِبْرِيل) چوە پێشەوە و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) لە پشتیەوە و خەڵکیش لە پشتی پێغەمبەری خوا وە (ﷺ) راوەستان ، جا نوێژی عەسری کرد ، پاشان هاتەوە بۆ لای کاتێك کە خۆر ئاوا بوو ، جا (جِبْرِيل) چووە پێشەوە و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) لە پشتیەوە وخەڵیکش لە پشتی پێغەمبەری خوا وە (ﷺ) راوەستان ، جا نوێژی شێوان(مَغْرِب)ی کرد ، پاشان هاتەوە بۆ لای کاتێك کە سوورایی خۆر نەما ، جا (جِبْرِيل) پێش کەوت و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) لە پشتیەوە وخەڵکیش لە پشتی پێغەمبەری خوا وە (ﷺ) راوەستان ، جا نوێژی عیشای کرد ، پاشان هاتەوە بۆ لای کاتێك کە ڕووناکی بەرە بەیان لەت بوو بوو ، جا (جِبْرِيل) پێش کەوت و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) لە پشتیەوە وخەڵکیش لە پشتی پێغەمبەری خوا وە (ﷺ) راوەستان ، جا نوێژی بەیانی کرد . پاشان ڕۆژی دووەم هاتەوە بۆ لای کاتێك کە سێبەری پیاو ئەوەندەی خۆی پێهات ، جا ئەوەی کرد وەکو ئەوەی دوێنێ کردی ،


منتدى إقرأ الثقافي

**وە هەر کەسێك خەوتوو بێت لە کاتی نوێژێکدا یان لە یادی چوو بێت ئەوە هەر کاتێك کەوتەوە یادی دەیکاتـەوە (١٠٤)، وە هـەر کەسێکیش (عُذْر)ی بێت وبگات بە یەك ڕکاتی نوێژەکەدا پێش تێپەڕ بوونـی کاتەکـەی ، ئـەوە نوێژی لە کاتی خۆیدا کردوە(١٠٥).**

جا نوێژی نیوەڕۆی کرد ، پاشان هاتەوە بۆ لای کـاتێك کـە سێبەری پیـاو دوو ئـەوەندەی خۆی پێ هات ، جا ئەوەی کرد وەکو ئەوەی دوێنێ کردی ، جا نوێژی عەسری کرد ، پاشان هاتەوە بۆ لای کاتێك کە خۆر ئاوا بوو ، جا ئەوەی کرد وەکو ئـەوەی دوێنـێ کـردی ، جـا نوێژی شێوانی کرد ، جا خەوتین پاشان هەڵساینەوە پاشان خەوتینەوە پاشان هەڵساینەوە ، جا هاتەوە بۆ لای و ئـەوەی کرد وەکو دوێنـێ کـردی ، جـا نوێـژی عیشـای کـرد ، پاشـان هاتەوە بۆ لای کاتێك کە ڕووناکی بەرە بـەیان تـەواو ڕوون دەرکـەوت وئەسـتێرەکان تێکـەڵ بوون ، جا ئەوەی کرد وەکو ئـەوەی دوێنـێ کـردی ، پاشـان نوێـژی بـەیانی کـرد ، پاشـان فەرمووی: لە نێوانی ئـەم دوو نوێـژەدا – دوێنـێ وئـەمڕۆ – کـاتی نوێژەکانـە [رواه الترمذي (١/٢٨١/١٥٠) والنسائي (١/٢٥٥/٥١٣) وغيرهما، هو حديثٌ صحيح بروانە الإرواء(٢٥٠)وصحيح الترمذي(١٢٨)].

(١٠٤) لە بەر فەرموودەکەی (أنس) (خوای لێ ڕازی بێت) کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ نَسِيَ صَلاةً أوْ نَامَ عَـنْهَا ، فَكَفَّارَتُـهَا أنْ يُصَلِّيهَا إذَا ذَكَرَهَا )) واتـە: هەر کەسێك نوێژێکی لە یاد چـوو ، یان خـەوی لێ کـەوتوبوو __ لـە کاتەکـەی دا __ بـا هـەر کاتێك کەوتەوە یادی بیکاتەوە [رواه البخاري (٢/٧٠/٥٩٧) ومسلم (١/٤٧٧/٦٨٤) وغيرهما بألفاظ متقاربة وهذا أحد ألفاظ مسلم ].

(١٠٥) لە بەر فەرموودەکەی (أبو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ أدْرَكَ رَكْعَةً مِنَ الصَّلاةِ فَقَدْ أدْرَكَ الصَّلاةَ )) واتـە: هـەر کەسێك گەیشت بە ڕکاتێکی نوێژدا ، ئەوە بە نوێژە کـەدا گەیشـتووە [رواه البخاري (٢/٥٧/٥٨٠) ومسلم (١/٤٢٣/٦٠٧)].

منتدى إقرأ الثقافي

# ئەو کاتانەی کە نوێژ کردنی تێدا قەدەغە کراوە
# ( الأَوْقَاتُ الَّتِي نُهِيَ عَنِ الصَّلاَةِ فِيهَا )

وە چەند کاتێك هەیە قەدەغە کراوە نوێژی تێدا بکرێت ، پاش نوێژی بەیانی تاوەکو خۆر بەرز دەبێتەوە ، وە لەو کاتەدا کە خۆر وا لە ناوەڕاستی ئاسماندایە تا لار دەبێتەوە ، وە لە پاش نوێژی عەسر تا خۆر ئاوا دەبێت(١٠٦).

---

(١٠٦) لە بەر فەرموودەکەی (عُقْبَةُ بنُ عَامِر) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( ثَلاثُ سَاعَاتٍ كَانَ رَسُولُ اللهِ(ﷺ) يَنْهَانَا اَنْ نُصَلِّي فِيهِنَّ ، اَوْ اَنْ نُقْبُرَ فِيهِنَّ مَوْتَانَا حِينَ تَطْلُعُ الشَّمْسُ بَازِغَةً حَتَّى تَرْتَفِعَ ، وَحِينَ يَقُومُ قَائِمُ الظَّهِرَةِ حَتَّى تَمِيلَ الشَّمْسُ ، وَحِينَ تَضَيَّفُ الشَّمْسُ لِلْغُرُوبِ حَتَّى تَغْرُبَ )) واتە: سێ کات هەیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی لێ دەکردین کەوا نوێژی تێدا بکەین ، یا وەکو مردووی تێدا بنێژین - بخەینە گۆڕ - ، کاتێك کە خۆر دەردەچێت - هەڵدێت - تا بەرز دەبێتەوە ، وە کاتێکیش کە ووشتر هەڵدەسێت - لە گەرمیدا - تا خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمـان لا دەدات ، وە کاتێکیش کە خۆر بەرەو ئاوا بوون دەچێت تا ئاوا دەبێت [رواه مسلم (١/٥٦٨/٢٩٣) وابوداود (٨/٤٨١/٣١٧٦) وغيرهما].

وە لە بەر فەرموودەکەی (أَبُوسَعِيد الخُدْرِي) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لا صَلاةَ بَعْدَ الصُّبْحِ حَتَّى تَرْتَفِعَ الشَّمْسُ ، وَلا صَلاةَ بَعْدَ العَصْرِ حَتَّى تَغِيبَ الشَّمْسُ )) واتە: لە پاش نوێژی بەیانی نوێژ نییە تا خۆر بەرز دەبێتەوە ، وە لە پاش نوێژی عەسریش نوێژ نییە تا خۆر ئاوا دەبێت [رواه البخاري (٢/٦١/٥٨٦) ومسلم (١/٥٦٧/٢٨٨)].

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هۆی ئەم قەدەغە کردنە دیاری دەکات لە فەرموودەکەی (عَمْرُو بنُ عَبسَةَ) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: (( صَلِّ صَلاةَ الصُّبْحِ ، ثُمَّ اَقْصِرْ عَنِ الصَّلاةِ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ حَتَّى تَرْتَفِعَ ، فَإِنَّهَا تَطْلُعُ حِينَ تَطْلُعُ بَيْنَ قَرْنَيْ شَيْطَانٍ . وَحِينَئِذٍ يَسْجُدُ لَهَا الكُفَّارُ . ثُمَّ صَلِّ ، فَإِنَّ الصَّلاةَ مَشْهُودَةٌ مَحْضُورَةٌ ، حَتَّى يَسْتَقِلَّ الظِّلُّ بِالرُّمْحِ . ثُمَّ اَقْصِرْ عَنِ الصَّلاةِ ، فَإِنَّهُ حِينَئِذٍ تُسْجَرُ جَهَنَّمُ ، فَإِذَا اَقْبَلَ الفَيْءُ فَصَلِّ فَإِنَّ الصَّلاةَ مَشْهُودَةٌ مَحْضُورَةٌ ، حَتَّى تُصَلِّي

منتدى إقرأ الثقافي

..............................

العَصْرَ ، ثُمَّ أَقْصِرْ عَنِ الصَّلاةِ حَتَّى تَغْرُبَ الشَّمْسُ فَإِنَّهَا تَغْرُبُ بَيْنَ قَرْنَيْ شَيْطَانٍ ، وَحِينَئِذٍ يَسْجُدُ لَهَا الكُفَّارُ )) واتە: نوێژی بەیانی بکە ، پاشان واز لە نوێژ کردن بێنە تا خۆر دەردەچێت و بەرز دەبێتەوە ، چونکە کاتێك دەردەچێت لە نێوان دووشاخەی شەیتاندا دەردەچێت ، وە لەو کاتەدا کافرەکان (سُجُود)ی بۆ دەبەن ، پاشان نوێژ بکە چونکە لەو کاتەدا فریشتە ئامادە دەبن و دەبنە شایەت ، تا سێبەری رم نامێنێت ، پاشان واز لە نوێژ کردن بێنە چونکە لەو کاتەدا دۆزەخ گەرم دەکرێت ، جا ئەگەر سێبەری بۆ دروست بووەوە ، ئەوە نوێژ بکە چونکە فریشتە ئامادە دەبن و دەبنە شایەت ، پاشان واز لە نوێژکردن بێنە تا خۆر ئاوا دەبێت ، ئەوە لەو کاتەدا لە نێوان دووشاخەی شەیتاندا ئاوا دەبێت ، وە لەو کاتەدا کافرەکان ( سُجُود)ی بۆ دەبەن [رواه مسلم (١/٥٧٠/٨٣٢)].

مەبەست لە نێوان دووشاخەی شەیتان ئەوەیە(واللهُ أعْلَم) شەیتان دەزانێت کەوا خۆر پەرستەکان لەو کاتەدا (سُجُود) دەبەن بۆیە ئەویش شاخی دەداتە بەر خۆر بۆ ئەوەی (سُجُود) بۆ ئەویش ببەن .

## چەند تێبینی یەك:

(أ) ئەم قەدەغە کردنە بۆ ئەو نوێژانەیە کە بە بێ هۆ دەکرێت ، بەڵام ئەگەر نوێژێك هۆیەکی شەرعی بوو وەك قەزا کردنەوەی نوێژی فەرز - ئەگەر لە بیری چووبێت یان خەوتوو بێت - و نوێژی سووننەت ، و نوێژی دەست نوێژ ، ونوێژی سڵاوی مزگەوت (تَحِيَّةُ المَسْجِد) ، ئەوە دروستە لەو کاتە قەدەغە کراوانەدا بکرێت ، لە بەر فەرموودەی زۆر ، لەوانە :

فەرموودەکەی (أَنَسُ بْنُ مَالِك) (خوای لێ رازی بێت) بڕوانە (پ ١٠٤) .

وە فەرموودەکەی (أُمّ سَلَمَةَ) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوو ڕکات نوێژی لە پاش نوێژی عەسر کرد ، جا منیش پرسیارم لە ئەوە. لێ کرد ، ئەویش فەرمووی: (( يَا بِنْتَ أَبِي أُمَيَّةَ ، سَأَلْتِ عَنِ الرَّكْعَتَيْنِ بَعْدَ العَصْرِ ، وَإِنَّهُ أَتَانِي نَاسٌ مِنْ عَبْدِ القَيْسِ ، فَشَغَلُونِي عَنِ الرَّكْعَتَيْنِ اللَّتَيْنِ بَعْدَ الظُّهْرِ فَهُمَا هَاتَانِ )) واتە: ئەی کچی (بَنِي أُمَيَّة) پرسیارت لە بارەی ئەو دوو ڕکاتە نوێژەی پاش عەسر کرد ، ئەوە خەڵکانێك لە (عَبْدُ القَيْس)ەوە هاتن بۆ لام پاش نیوەڕۆ ، جا سەرقاڵیان کردم لە دوو ڕکاتەکەی پاش نوێژی نیوەڕۆ ، جا ئەمە ئەو دوو ڕکاتەیە [رواه البخاری (٣/١٠٥/١٢٣٣) ومسلم (١/٥٧١/٢٩٧)].

منتدى إقرأ الثقافي

.................................

وە فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَةَ) (خـوای لیٚ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتی نوێژی بەیانیدا بە (بلال)ی فەرموو : (( يَا بِلالُ حَدِّثْنِي بِأَرْجَى عَمَلٍ عَمِلْتَهُ ، عِنْدَكَ فِي الإِسْلامِ مَنْفَعَةً ، فَإِنِّي سَمِعْتُ اللَّيْلَةَ خَشْفَ نَعْلَيْكَ بَيْنَ يَدَيَّ فِي الجَنَّةِ )) واتـە: ئەی ( بِلال ) پێم بڵێ بە هیوا ترین کارت کە سوود بەخش بێت بۆت لە ئیسلامدا کردبێتت چیە ؟ چونکە من گوێم لە دەنگی هەردوو نەعلەکەت بوو لە پێشمەوە لە بەهەشتدا ، ئەویش ووتی : (( مَاعَمِلْتُ عَمَلاً فِي الإِسْلامِ أَرْجَى عِنْدِي مَنْفَعَةً ، مِنْ أَنِّي لاَ أَتَطَهَّرُ طُهُوْرَاً تَامَاً فِي سَاعَةٍ مِنْ لَيْلٍ وَلاَ نَهَارٍ ، إِلاَّ صَلَّيْتُ بِذَلِكَ الطُّهُوْرِ مَا كَتَبَ اللهُ لِي أَنْ أُصَلِّي )) واتە: هیچ کارێکم نەکردووە بە هیوا تر بێت لە لام ، لەوەی کە هەر کاتێك ، شەو بێت یان رۆژ ، دەست نوێژم گرتبێت (ئیللا) بەو دەست نوێژەوە چەندێك پێم کرابێت نوێژم پێوە کردووە [رواه مسلم(٤/رقم/٢٤٥٨) وأبوداود وابن ماجه وغيرهم بألفاظ مختلفة ].

وە فەرمودەکەی (أَبُو قَتَادَةَ)(خوای لیٚ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمووی: (( إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمُ المَسْجِدَ فَلْيَرْكَعْ رَكْعَتَيْنِ قَبْلَ أَنْ يَجْلِسَ )) واتە: ئەگەر یەکێکتان هاتنە ژووری مزگەوتەوە با دانەنیشێت تا دوو ڕکات نوێژ دەکات [رواه البخاري (٣/٤٨/١١٦٣) ومسلم(١/٤٩٥/٧١٤) وغيرهما].

وە هەروەها هەندێك کات و هەندێك شوێنیش لەم قەدەغە کردنە جیا دەکرێنەوە ، لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَةَ) (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (( مَنِ اغْتَسَلَ ثُمَّ أَتَى الْجُمُعَةَ فَصَلَّى مَا قُدِّرَ لَهُ ، ثُمَّ أَنْصَتَ حَتَّى يَفْرُغَ مِنْ خُطْبَتِهِ ، ثُمَّ يُصَلِّي مَعَهُ ، غُفِرَ لَهُ مَا بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْجُمُعَةِ الأُخْرَى ، وَفَضْلُ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ )) واتە: هەر کەسێك لە رۆژی جومعەدا خۆی بشوات ، پاشان بڕوات بۆ نوێژی جومعە ، وە چەندێك بۆی نوسرابێت نوێژ بکات ، پاشان بێ دەنگ بێت تا – ووتار خوێن – لە ووتارەکەی دەبێتەوە ، پاشان نوێژی لە گەڵدا بکات ، ئەوە خوای گەورە لە تاوانەکانی نێوان ئەو جومعە و جومعەکەی پێشووی دەبورێت ، لە گەڵ سێ رۆژی زیاتریشدا [رواه مسلم ( ٢/٥٨٧/٨٥٧)] .

ئەم فەرمودەیە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کەوا لە رۆژی جومعەدا دەتوانرێت نوێژی سوننەت بکرێت با خۆریش لە ناوەڕاستی ئاسماندا بێت .

وە هەروەها لە ( كَعْبَه)دا ( خوای گەورە پیرۆز تری کات ) دروستە لە هەموو کاتێکدا نوێژی تێدا بکرێت ، لە بەر ئەو فەرمودەیەی کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمێ: (( يَا


منتدى إقرأ الثقافي

# مەرجەکانی نوێژ ( شُرُوطُ الصَّلاة )

## زانینی کاتی نوێژ[107] ، وداپۆشینی عەورەت[108]

بَنِي عَبْدِ مَنَافٍ ، لا تَمْنَعُوا أَحَداً طَافَ بِهَذَا البَيْتِ وَصَلَّى أَيَّةَ سَاعَةٍ مِنَ اللَّيْلِ أَو النَّهَارِ )) واتە: ئەی نەوەی ( عَبْدُ مَنَافٍ ) بەرگری لە هیچ کەسێك مەکەن سووڕ بخوات بە دەوری ئەم ماڵەدا یان نوێژ بکات لە هەر کاتێکی شەودا بێت یان ڕۆژ [رواه ابن ماجه (١/٣٩٨/١٢٥٤) والترمذي (٢/١٧٨/٨٦٩) وغيرها ، وهو حديث صحيح بروانه صحيح ابن ماجة (١٠٣٦)].

( ب ) هەر وەك چۆن چەند كاتێك هەیە كەوا نوێژ كردنی تێدا قەدەغە كراوە . بە هەمان شێوە چەند شوێنێكیش هەیە كەوا نوێژ كردنی تێدا قەدەغە كراوە . پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێ : (( الأَرْضُ كُلُّهَا مَسْجِدٌ إِلاَّ المَقْبَرَةَ وَالْحَمَّامَ )) واتە: سەر زەوی هەمووی مزگەوتە جگە لە گۆڕستان و شوێنی خۆشۆردن (الحَمَّام) [رواه ابن ماجة (١/٢٤٦/٧٤٥) والترمذي (١/١٩٩/٣١٦) ، عن ابي سعيد الخدري وهو حديث صحيح بروانه صحيح ابن ماجه (٦٠٦)].

وە هەروەها ( البَرَاءُ بْنُ عَازِبٍ )(خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمێ : پرسیار لە پێغەمبەری خوا ﷺ كرا لە بارەی نوێژ كردن لە پەچا ڕانی ووشتر دا ؟ ئەویش فەرمووی: (( لا تُصَلُّوا فِي مَبَارِكِ الإِبِلِ فَإِنَّهَا مِنَ الشَّيَاطِيْنِ )) واتە: نوێژ مەكەن لە پەچا ڕانی ووشتردا ، چونكە ئەوە لە شەیتانەكانە ، وە پرسیاریان لێ كرد لە بارەی نوێژ كردن لە پەچا ڕانی مەڕدا ؟ ئەویش فەرمووی: (( صَلُّوا فِيهَا فَإِنَّهَا بَرَكَةٌ )) واتە: نوێژی تێدا بكەن چونكە ئەوە بەرەكەتە [رواه ابو داود (٢/١٥٩/٤٨٩) وهو حديث صحيح بروانه صحيح أبي داود(١٧٧) وصحيح الجامع(٧٣٥١)].

(١٠٧) لە بەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (النساء: ١٠٣)دا كە دەفەرمێ : ﴿ إِنَّ الصَّلاَةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَاباً مَوْقُوتاً ﴾ واتە : بە ڕاستی نوێژ لە سەر باوەڕداران فەرزێكی كات بۆ دیاری كراوە . ( باسی كاتەكانی نوێژمان لە پێشدا كرد ) .

(١٠٨) لە بەر فەرمودەكەی خوای گەورە لە سورەتی ( الأعراف: ٣١)دا كە دەفەرمێ: ﴿ يَابَنِي آدَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ ﴾ واتە : ئەی نەوەكەی ئادەم خۆتان برازێننەوە لە كاتی هەموو نوێژێكدا. (إِبْنُ عَبَّاسٍ)(خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرمێ : مەبەست لە (زِينَة) پۆشاكە لە نوێژدا [بروانه مغنى المحتاج (١/١٨٤)].

منتدى إقرأ الثقافي

وە هـەروەها (عَائِشَـةَ) (خـوای لیّ رازی بێـت) دەفـەرمێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: (( لا يَقْبَلُ اللهُ صَلاةَ الحَائِضِ إلاَّ بِخِمَار )) واتـە: خـوای گـەورە نوێـژ لـە ئافرەتی پێ گەیشتوو وەرناگرێت ، مەگەر بە سەر پۆشەوە (خِمَار) [رواه ابـوداود (٢/٣٤٥/٦٢٧) والترمذی (١/٢٣٤/٣٧٥) وابن ماجه (١/٢١٥/٦٥٥) وهو حدیث صحیح بروانه صحیح إبن ماجة (٥٣٤)] .

جا عەورەتی پیاو نێوانی ناووك وهەردوو ئەژنۆیەتی ، لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بْنُ عَمْرو) (خوایان لیّ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: (( مَا بَيْنَ السُّرَّةِ وَالرُّكْبَةِ عَوْرَة )) واتە: ئـەوەی لە نێوانی نـاووك و ئەژنۆدایـە عەورەتـە [رواه أحمد وابوداود والدار قطنی وهو حدیث حسن بروانه الإرواء ( ٢٧١ )].

وە لـە بـەر فەرموودەکـەی (جَرْهَدُ الأسْلَمِي) (خـوای لیّ رازی بێـت) کـەوا فـەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە نزیکمدا تێپەڕیوو و(بُرْدَه)یەك بە سەر شانمەوە بوو ڕانم کـەوتبووە دەر ، جا فەرمووی: (( غطِّ فَخْذَكَ فَإنَّ الفَخْذَ عَوْرَةٌ )) واتـە: ڕانـت داپۆشـە ، چونکـە ڕان عەورەتە [رواه الترمذی (٤/١٩٧/٢٩٤٨) وأبـوداود (١١/٥٢/٣٩٩٥) وهـو حدیـث صحیـح بروانـه الإرواء (٢٦٩) وه بروانه (تهذيب السنن ٦/١٧) لإبن القيم وتمام المنة في التعليق على فقه السنة (ل ١٥٩) للألباني)].

وە عەورەتی ئافرەتیش هەموو لاشەیەتی ، جگە لە هەردوو دەست(لەپ)ی و ڕوومەتی لە نوێـژدا ، لـە بـەر ئـەو فەموودەیـەیی کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: (( المَـرْأةُ عَوْرَةٌ)) واتە: ئافرەت عەورەتە [رواه الترمذی (٢/٣١٩/١١٨٣) وهو حدیث صحیح بروانه صحیح الجامع (٦٦٩٠)].

وە فەرموودەکەی دایکە(عَائِشَة) کە لـە پێشدا باسمـان کـرد ، کـەوا خـوای گـەورە نوێـژی ئافرەتی پێ گەیشتوو وەرناگرێت مەگەر بە سەر پۆشەوە ، جا کە مەرج(شَـرْط)بـوو سـەری داپۆشێت ، ئەوە شوێنەکانی تری لە پێشتر دەبێت داپۆشێت ، بەڵگـەش فەرموودەکـەی (عَائِشَة) یـە (خـوای لیّ رازی بێـت) کـەوا فـەرمووی: (( لَقَدْ كَانَ رَسُولُ الله (ﷺ) يُصَلِّي الفَجْرَ ، فَيَشْهَدَ مَعَهُ نِسَاءٌ مِنَ المُؤْمِنَاتِ مُتَلَفِّعاتٍ فِي مُرُوطِهِنَّ ، ثُمَّ يَرْجِعْنَ إلَى بُيُوتِهِنَّ مَا يَعْرِفُهُنَّ أحَد )) واتـە: ئافرەتـان لـە کـاتی پێغەمبـەری خـوادا (ﷺ) ئامـادەی نوێژی بەیانیان دەبـوون ، خۆیـان زۆر باش دەپێچایـەوە بـە جل و بەرگـەکانیان ، پاشـان دەگەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان ، وە کەس نەیدەناسینەوە [رواه البخاری رقم (٢/رقم/٣٧٢) وغیره].

وە دەبێت ئەو جل و بەرگە پاك بێت و لاشەی دەرنەخات ، خوای گەورە لـە سـورەتی (المدثر: ٤)دا دەفەرمێ: ﴿ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ ﴾ واتە: وە جل و بەرگەکەت پاك کەرەوە .

وە هەروەها بروانە (پ ٨) و (پ ١٢) .



منتدى إقرأ الثقافي

**و پاکی لاشە لە بێدەست نوێژی و لەش گرانی و هەموو جۆرە پیسیەك[١٠٩] ، وپاکی شوێنی نوێژکردنەکە[١١٠] ، و رووکردنە قیبلە[١١١].**

(١٠٩) لە بەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (المائدة: ٦) بڕوانە (پ ٣٢) و (پ ٨٣)

وە لە بەر فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر) (خوایان لیٚ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (( لاَ يَقْبَلُ اللهُ صَلاةً بِغَيْرِ طُهُورٍ )) واتە: خوای گەورە هیچ نوێژێك وەرناگرێت بە بێ پاکێتی (لە لەش گرانی و بێ دەست نوێژی) [رواه مسلم (١/٢٠٤/٢٢٤) والترمذي (١/٣/١)].

وە لە بەر فەرموودەکەی (عَلِي) (خوای لیٚ رازی بێت) بڕوانە (پ ١١) .

(١١٠) لە بەر فەرموودەکەی کابرای دەشتەکی بڕوانە (پ ٩) .

وە (صِدِّيق حَسَن خَان) لە (رَوْضَةُ النَّدِيَّةُ شَرْحِ الدُّرَرِ البَهِيَّة) دا دەفەرمێ: جەماوەری زانایان بۆچوونیان وایە کە پاکێتی ئەم سیانەیە (لاشە و جل و بەرگ و شوێنی نوێژ) پێویست(وَاجِب)ە ، وە کۆمەڵێکی تریش فەرموویانە مەرج(شَرْط)ە بۆ دروستێتی نوێژ ، وە کەسانێکی تریش ووتویانە سوننەتە ، بەڵام ئەوەی ڕاستە ئەوەیە کە پێویست (وَاجِب)ە ، جا ئەگەر کەسێك بە جل و بەرگی پیسەوە نوێژی کرد ، ئەوە پێویست(وَاجِب)ێکی نوێژی ئەنجام نەداوە ، بەڵام نوێژەکەی دروستە .

ئەم قسەیەی شێخ (صدِّيق) بە ڕەحمەت بێت ڕاستە ، بە بەڵگەی فەرموودەکەی (أبُوسَعِيْد) (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نوێژێکدا نەعلەکانی لە پێی داکەند ، جا هەموو هاوەڵانیشی دایانکەند ، جا پاش نوێژەکە فەرمووی : (( مَاحَمَلَكُمْ عَلَى إلْقَاءِ نِعَالِكُمْ )) واتە: ئەوە چی وای پێ کردن کەوا نەعلەکانتان لە پێ داکەنن ؟ ئەوانیش ووتیان : بینیمان تۆ لە پێت داکەند بۆیە ئێمەیش دامانکەند ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (( إنَّ جِبْرِيْلَ عَلَيْهِ السَّلامَ أتَى فَأخْبَرَنِي أنَّ فِيهِمَا قَذَراً... )) واتە: ( جبريل) سەلامی خوای لیٚ بێت هات و ئاگاداری کردمەوە کەوا نەعلەکانم پیسی پێوەیە ، .. هتد [رواه أبو داود (٢/٣٥٣/٦٣٦) وهو حديث صحيح بروانە صحيح أبي داود (٦٠٥)] .

جا دەبینین پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژەکەی دووبارە نەکردەوە ئەمەیش بەڵگە کە مەرج(شَرْط) نییە ، چونکە ئەگەر مەرج بوایە ئەبوایە دووبارەی بکردایەتەوە ... (وَاللهُ أعْلَم).

(١١١) لە بەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة: ١٥٠)دا کە دەفەرمێ: ﴿ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُمَا كُنْتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ ﴾ واتە: ڕوو لە مزگەوتی حەرام(مَكَّة)بکە – لە نوێژدا – وە لە هەرشوێنێکیشدا بوون ، ئەوە هەر ڕوو لەو ئاستە بکەن .

منتدى إقرأ الثقافي

وە لە بەر فەرموودەکەی ( البَرَاءُ بنُ عَازِبٍ) کەوا فەرمووی: (( صَلَّيْنَا مَعَ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) نَحْوَ بَيْتِ المَقْدِسِ سِتَّةَ عَشَرَ شَهْرَاً أوْ سَبْعَةَ عَشَرَ شَهْرَاً ، ثُمَّ صُرِفْنَا نَحْوَ الكَعْبَةِ )) واتە: لە گەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) شـازدە(١٦) مـانگ یـان حـەڤدە(١٧) مـانگ ڕوومان لە (بَيْتُ المَقْدِس) دەکرد لە نوێـژدا ، پاشان لا دراینـەوە بـەرەو (كَعْبَـة) [رواه مسلم (١/رقم/٥٢٥) والبخاري (٢/رقم/٣٩٠)].

وە دروستە لە دوو حاڵەتدا ڕوو لە قیبلە نەکەیت ، لە کاتی زۆر ترسدا ، وە بـۆ نوێـژی سوننەت لە سەفەردا ، بە سوار بوونەوە ، لە بەر فەرموودەکـەی خوایگـەورە لـە سـورەتی (البقرة: ٢٣٩)دا کە دەفەرمێ: ﴿ وَإِنْ خِفْتُمْ فَرِجَالًا أَوْ رُكْبَانًا ﴾ واتـە: وە ئەگـەر ترسـان ئەوە نوێژەکانتان بکەن ، ئیتر بە پیادە بێت یان بە سواریەوە ، (إبْنُ عُمَر) (خـوای لێ ڕازی بێت) لە تەفسیری کردنی ئەم ئایەتە دا فەرمووی: (( مُسْتَقْبِلِي القِبْلَةِ وَغَيْرَ مُسْتَقْبِلِيهَا )) واتە: ڕوو بەرەو قیبلە بێت یان ڕوو بەرەو قیبلە نەبێت ، (نَافِع) کە قوتـابی (إبْـنُ عُمَـر) بـوو فـەرمووی : وا دەزانم (إبْـنُ عُمَـر) ئـەم تەفسیرەی لەخۆیـەوە نـەکردوە (ئیـلـلا) مەگـەر لـە پێغەمبەری خواوە نەبێت (ﷺ) [رواه البخاري (٨/١٩٩/ ٤٥٣) ومالك (١٢٦/٤٤٢)] .

وە لە بەر فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر) (خوایـان لێ ڕازی بێـت) کـەوا فـەرمووی : (( كَانَ النَّبِيُ(ﷺ) يُسَبِّحُ عَلَى رَاحِلَتِهِ قِبَلَ أيِّ وَجْهٍ تَوَجَّهَ ، وَيُوتِـرُ عَلَيْهَا غَيْرَ أنَّهُ لا يُصَلِّي عَلَيْهَا المَكْتُوبَةَ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، نوێـژی سوننەتی لـە سـەر ووشـترەکەی دەکرد ڕووی لە هەر شوێنێ بکردایە ، وە نوێـژی ویتریشـی لـە سـەر دەکـرد ، بـەڵام نوێـژی فەرزی لە سەر ووشتر نەدەکرد [رواه مسلم (١/ ٤٨٣/ ٧٠٠) والبخاري (٢/ ٥٧٥/ ١٠٩٨) تعليقا].

## تێبینی :

ئەگەر یەکێك نەیزانی قیبلە لە کوێیە ئەوە پێویست(واجب)ە هەوڵی دۆزینەوەی بدات بە پرسیار کردن بێت یان بە بیر و کۆششی خۆی ، جا ئەگەر هەوڵیداو نوێژی کرد ، پاشان بۆی دەرکەوت هەڵەی کردوە ، ئەوە نوێژەکەی دووبارە ناکاتـەوە ، لـە بـەر فەرموودەکـەی (عَامِرُ بنُ رَبِيعَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : (( كُنَّا مَعَ النَّبِيِ (ﷺ)فِي سَفَرٍ فِي لَيْلَةٍ مُظْلِمَةٍ ، فَلَمْ نَدْرِ أيْنَ القِبْلَةَ فَصَلَّى كُلُّ رَجُلٍ مِنَّا عَلَى حِيَالِهِ ، فَلَمَّا أصْبَحْنَا ذَكَرْنَا ذَلِكَ لِرَسُولِ اللهِ(ﷺ) فَنَزَلَ ﴿ فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجْهُ اللَّهِ ﴾ واتە: شـەوێکی تـاریك لە گەڵ پێغەمبەری خوادا بووین (ﷺ) لە سەفەرێکدا ، جا نەمانزانی قیبلە ڕووی لە کوێیە ،


منتدى إقرأ الثقافي

# ئەوانەی قەدەغەی لێ کراوە لە نوێژدا

## جل وبەرگ لە ژێر قاپەڕەقەوەبێت(١١٢) ، و جوببە و پاڵتۆ دانە سەر شان دا (١١٣) ، و لە بەر کردنی جل و بەرگی هاوریشم (١١٤) ، و جل و بەرگی زەوت

جا هەر کەسێکمان ڕوو بەرەو شوێنێك نوێژی کرد ، جا کە ڕۆژ بویەوە گێرامانەوە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) جا خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند ﴿ فَأَيْنَمَا تُوَلُّواْ فَثَمَّ وَجْهُ اللّهِ﴾ (البقرة: ١١٥) [رواه الترمذی (١/٢١٦/٣٤٣) وابن ماجه (١/٣٢٦/١٠٢٠) وهو حديث حسن بروانه الإرواء(٢٩١) صحيح إبن ماجة (٨٣٥)].

(١١٢) لە بەر ئەو فەرموودە زۆرانەی کە لەو بارەوە هاتوون ، لەوانە فەرموودەکەی (أبوهُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِنَّ اللهَ لا يَنْظُرُ يَوْمَ القِيامَةِ إِلَى مِنْ جَرَّ إِزارَهُ بَطَراً )) واتە: خوای گەورە لە ڕۆژی دوایدا تەماشای کەسێك ناکات کەوا لە دونیادا کراسەکەی بە فیزەوە لە دوای خۆی ڕابکێشێت [رواه البخاری (١/٢٥٧/٥٧٨٨)].

وەهەروەها (أبو هُرَيْرَة) دەفەرمێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَا أسفَلَ مِنَ الكَعْبَيْنِ مِنَ الإزَارِ فَفِيْ النَّارِ )) واتە: ئەوەی لە ژێر قاپە ڕەقەوە بێت لە کراسدا ، ئەوە لە ئاگردایە [رواه البخاری(رقم:٥٧٨٧) وغيره].

(١١٣) لە بەر فەرموودەکەی (أبو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( إِنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) نَهَى عَنِ السَّدْلِ فِي الصَّلاةِ ، وَأنْ يُغَطِي الرَّجُلُ فَاهُ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە (سَدْل) بکرێت لە نوێژ دا ، وە هەروەها یەکێك دەمی هەڵبپێکێت [رواه أبوداود (٢/٣٤٧/٦٢٩) والترمذی (١/٢٣٤/ ٣٧٦) الجملة الأولى منه وهو حديث حسن بروانە صحيح أبو داود (٦٥٠)]. (سَدْل): ئەوەیە چاکەت یان پاڵتۆ و بکاتە سەر شان ، بێ ئەوەی دەست لە قۆڵەکانیەوە دەر بکات .

(١١٤) لە بەر فەرموودەکەی (أبو مُوسَى الأشْعَري) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( حُرِّمَ لِبَاسُ الحَرِيْرِ وَالذَّهَبِ عَلَى ذُكُورِ أُمَّتِي وَأحِلَ لِإِنَاثِهِمْ )) واتە: لە بەر کردنی پۆشاکی هاوریشم وئاڵتوون حەرام کراوە لە سەر پیاوانی ئوممەتەکەم ، وە حەڵاڵ کراوە بۆ ئافرەتەکانیان [رواه الترمذی (٤/٢١٧/١٧٢٠) واللفظ له والنسائي (٨/١٦١/٥١٤٨) وهو حديث صحيح ، بروانە صحيح الترمذي(١٤٠٤)].

منتدى إقرأ الثقافي

کراو لە بەرکردن (١١٥) ، و جل و بەرگی شوهرەت لە بەرکردن (١١٦) ، و لە بەرکردنی جل و بەرگێك لاشە دەربخات لە کاتی جوڵاندنەوەدا (١١٧) .

# بانگ دان ودابەستنی نوێژ
## ( الأَذانُ وَالإِقَامَةَ )

بانگ دان بۆ هەر پێنج فەرزەکە فەرزی (کفَايَه)یە (١١٨) ،

(١١٥) هەروەها نوێژ کردنیش لە ماڵ وزەوی زەوت کراودا حەرامە ، چونکە مولکی خۆی نییە ومولکی خەڵکی ترە ، وە لە ئیسلامیشدا ماڵی هیچ موسڵمانێك بۆ موسڵمانێکی تر حەلاڵ نییە مەگەر بە ڕەزامەندی خۆی ، وەك لە چەند ئایەت و فەرموودەدا ئامـاژەی بۆ کراوە ، وە (إجْمَاع) یشی لە سەر کراوە .

(١١٦) لە بەر فەموودەکەی (إبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێـت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ لَبِسَ ثَوْبَ شُهْرَةٍ أَلْبَسَهُ اللهُ يَوْمَ القِيَامَةِ ثَوْبَ مَذَلَّةٍ )) وفي رواية ((ثُمَّ أَلْهَبَ فِيْهِ النَّارُ )) واتە: هەر کەسێك جل و بەرگی بە ناو بانگ وشوهرەت لە بەر بکات ئەوە خوای گەورە لە ڕۆژی دوایدا جل و بەرگێکی وەکو ئەوەی لە بەر دەکات ، پاشان ئاگری تێ بەر دەدات [رواه أبوداود (٤/٣١٤/٤٠٢٩) وإبن ماجه (٢/١٩٢/٣٦٠٦) وهذا لفظه وهو حديث حسن بروانه االمشكاة(٤٣٤٦)وصحيح إبن ماجة(٢٩٠٥) والرواية الثانية رواه إبن ماجة (٢/١٩٢/٣٦٠٧)وهو حسن بروانه صحيح إبن ماجة(٢٩٠٦)].

(١١٧) لە بەر فەرموودەکەی (بُرَيْدَةَ) (خوای لێ ڕازی بێـت) کەوا (( نَهَى رَسُولُ اللهِ (ﷺ) أَنْ يُصَلِّي الرَّجُلُ فِي لِحَافٍ لا يَتَوَشَّحُ بِهِ ، وَالآخَرَ أَنْ يُصَلِّ فِي سَرَاوِيْلَ وَلَيْسَ عَلَيْهِ رِدَاءٌ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردوە لەوەی پیاوێك نوێژ بکات بە تەنها پۆشاکێکەوە خۆی پـێ بپێچێتـەوە ، وە لـە کەسێکی تریش کـە بـە تەنـها شەرواڵێکەوە نوێژ بکات وهیچی تری لە سـەرەوە نـەبێت [رواه أبوداود وغيره بروانه صحيح أبي داود (٦٤٦)].

(١١٨) (فَرْض)ی (كِفَايَه): ئەوەیە کەوا لـە هـەر وڵاتێکدا کۆمـەڵێك کـەس بیکـات و کارەکەیان پـێ ئەنجام بدرێت ، ئەوە لە سەر خەڵکی تری ئەو وڵاتە دەکەوێت ، بـەڵام ئەگـەر کەس نەیکات ، یان وەکو کەسانێك بیکـەن ، بـەڵام کارەکـەیان بە تـەواوەتی پـێ ئـەنجام نەدرێت ، ئەوە خەڵکی ئەو وڵاتە هەموویان تاوانبار دەبن بە هۆی ئەو کەمتەرخەمیەوە .


منتدى إقرأ الثقافي

بەو شێوەیەی کە لە سوننەتدا هاتوە بە بێ کەم وزیاد لە کاتی خۆیدا [119]،

(١١٩) لە بەر ئەو فەرموودانەی کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمان بە کردنی دەکات ، لەوانە فەموودەکەی (مَالِكُ بْنُ الحُوَيْرِثِ) (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِذَا حَضَرَتِ الصَّلاةُ فَلْيُؤَذِّنْ لَكُمْ اَحَدُكُمْ وَلْيَؤُمُّكُم اَكْبَرُكُمْ )) واتە: ئەگـەر کاتی نوێژ هاتە بەرەوە ئەوە با یـەکێکتان بانگتـان بۆ بدات ، وە بـا گـەورەترینتان پێش نوێژیتان بۆ بکات [رواه البخاری (٢/١١١/٦٣١) ومسلم (١/٤٦٥/٦٧٤)].

وەهەروەها بانگیش یەکێکە لە دروشمـە پیرۆزەکانی ئیسلام کە لـە ڕاستیدا ولاتـی ئیسلام بەوە دەناسرێت ، (أَنَس) (خوای لیٚ رازی بێت) دەفـەرمێ: (( اَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ إِذَا غَزَا بِنَا قَوْمَاً لَمْ يَكُنْ يَغْزُوا بِنَا حَتَّى يُصْبِحَ وَيَنْظُرَ ، فَإِنْ سَمِعَ اَذَانَاً كَفَّ عَنْهُمْ ، وَإِنْ لَمْ يَسْمَعْ اَذَانَاً اَغَارَ عَلَيْهِمْ )) واتـە: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئەگـەر ویسـتی ببوایە غـەزای قـەومێکی پـێ بکردایـەین ، ئـەوە غـەزای پـێ نـەدەکردین هـەتا ڕۆژ دەبویـە .وە و تەماشـای دەکـرد ئەگـەر دەنگـی بـانگی ببیسـتایە ئـەوە وازی لیٚ دەهێنـان ، بـەلام ئەگـەر دەنگی بانگی نەبیستایە ئەوە هێرشی بە سـەریاندا دەکـرد [رواه البخاری (٢/٨٩/٦١٠) واللفظ لـه ومسلم (١/٢٨٨/٣٨٢)بمعناه].

وە چۆنێتی بانگ لە کاتی پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) فەرموودەکەی(عَبْدُاللهِ بْنُ زَيْدُ بْنُ عَبْدُ رَبِّهِ ) هاتوە(خوای لیٚ رازی بێت) کـەوا فـەرمووی: کـاتێك کـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بڕیاریدا زەنگ لیٚ بدرێت بۆ بانگ کردن بۆ نوێژ ، کە خۆیشی حـەزی لیٚ نـەدەکرد چونکـە لـە کاری گاوورەکـان دەچـوو ، جـا لـە خـەوومدا پیـاوێك بـە دەورمـدا دەسـووڕایەوە دوو جلـی سەوزی لە بەردا بوو وەزەنگێکیشی بە دەستەوە بوو ، منیش پێم ووت: ئەی بەندەی خـوا ، ئایا ئەو زەنگە نافرۆشیت ؟ ووتی: تۆ بۆ چیتە ؟ ووتم : بانگی خەڵکی پێ دەکـەین بـۆ نوێژ . ئەویش ووتی: ئایا شتێکت پیشان نـەدەم لـەوە چاکتر بێـت ؟ ووتم: بـەڵێ ، جـا ووتی: بڵێن: ( اللهُ اَكْبَرُ اللهُ اَكْبَرُ ، اللهُ اَكْبَرُ اللهُ اَكْبَرُ ، اَشْهَدُ اَنْ لاَإِلَهَ إِلَّا اللهُ ، اَشْهَدُ اَنْ لاَ إِلَهَ إِلَّا اللهُ ، اَشْهَدُ اَنَّ مُحَمَّدَاً رَسُولُ اللهِ ، اَشْهَدُ اَنَّ مُحَمَّدَاً رَسُولُ اللهِ ، حَيَّ عَلَى الصَّلاةِ ، حَيَّ عَلَى الصَّلاةِ ، حَيَّ عَلَى الفَلاحِ ، حَيَّ عَلَى الفَلاحِ ، اللهُ اَكْبَرُ اللهُ اَكْبَرُ


منتدى إقرأ الثقافي

، لاَ إلهَ إلَّا الله ) پاشان ماوەیەك دوور كەوتەوە و جارێكی تر گەڕایەوە و ووتی: ئەگەر نوێژ دابەسترا بڵێن: ( اللهُ أكْبَرُ ، اللهُ أكْبَرُ ، أشْهَدُ أنْ لاَ إلهَ إلَّا الله ، أشْهَدُ أنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ الله ، حَيَّ عَلَى الصَّلاةِ ، حَيَّ عَلَى الفَلاحِ ، قَدْ قَامَتِ الصَّلاةُ ، قَدْ قَامَتِ الصَّلاةُ ، اللهُ أكْبَرُ ، اللهُ أكْبَرُ ، لاَ إلهَ إلَّا الله ) جا بەیانی هەڵسام وهاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) وهەواڵی ئەو خەوەم پێ دا ، ئەویش فەرمووی: (( إنَّهَا لَرُؤْيَا حَقٌّ إنْ شَاءَ الله )) واتە: ئەم خەوە حەققە ، ئەگەر خوا ویستی لە سەر بێت . پاشان فەرمانی بە بانگدان كرد ، جا (بِلال)ی (مَوْلَى)ی (أبوبَكْر) بەوە بانگی دەدا [رواه احمد (٣/١٤/٢٤٤) وابـوداود (٢/١٦٠١/٤٩٥) والترمذي (١/١٢٢/١٨٩) مختصرا وابن ماجه (١/٢٣٢/٧٠٦) وهو حديث حسن بروانە الإرواء(٢٤٦) صحيح أبي داود (٤٦٩)].

تێبینی:

بە داخەوە ئێستا لە وڵاتی ئێمەدا بە سەر بانگ دەری مزگەوتەكاندا سەپێنراوە كەوا لە پاش هەموو بانگێك جگە لە بانگی شێوان(مَغْرِب) سێ جار بڵێن: ( ألْفُ صَلاَةٍ وَسَلاَمٍ عَلَيْكَ وَعَلَى آلِكَ وَأصْحَابِكَ يَا رَسُولَ الله ) پاشان بڵێن: عَلَى رُوحِ فُلاَن وفُلاَن ... (الفَاتِحَة) . وە هەندێك لە بانگ دەرەكان لە خۆویستی خۆیانیشەوە هەندێك شتی تریش زیاد دەكەن لە پێش و پاشی بانگدا ، بە تایبەتی لە شەوی جومعەدا .

وە جاری وایش هەیە ووشەی شیركیشی تێدا بە كار دێنن وەك: داوا كردن وهاوار كردن بە غەیری خوا . جا ئەگەر تۆیش لێیان بپرسیت ئەمەیان لە كوێ هێناوە ؟ لەوەڵامدا پێت دەڵێن: سەڵاوات دان سوننەتە لە دوای بانگ وەك لە فەرموودەی (صَحِيح)ی ئیمامی (مُسْلِم)دا هاتوە ، مەبەستیان فەرموودەكەی (إبْنُ عُمَر)(خوایان لێ ڕازی بێت) كە لە (پ١٢٣)دا باسی دەكەین (إنْشَاءَ الله) ، وە هەندێكی تریان كە لەوانە نەفام ترن ، دەڵێن: دیارە تۆ وەهابیت و باوەڕت بە سەڵاوات نییە .

**جا منیش لەوەڵامیاندا دەڵێم:** سەڵاوات دان لە سەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) (وَاجِب)ە ، وە هەر كەسێك باوەڕی پێ نەبێت ، ئەوە پەنا بە خوا كافر دەبێت ولە ئیسلام



منتدى إقرأ الثقافي

**هەروەها قامەت کردنیش بۆ نوێژەکان (١٢٠)، وە سوننەتە لە بانگی یەکەمی بەیانی بانگدەر (تَثْوِيب)بکات(١٢١)،**

دەر دەچێت ، چونکە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دا فەرمانی پێ دەکات وەك لە سورەتی[ الأحزاب:٥٦]دا دەفەرمێ ﴿ إنَّ اللهَ وَمَلائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبي يَا أَيُّهَا الَّذِيْنَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيْمَاً ﴾ وە چەندەها فەرموودەی (صَحِيْح)ی پێغەمبەری خوایشمان هەیە(ﷺ) لە سەر سەڵاوات دان ، وە هەر کەسێکیش ئەگەر ناوی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بیست وسەڵاواتی نەدا ئەوە چروکە ، ئەمە شتێکە گومانی تێدا نییە ، وە هیچ موسوڵمانێك نکوڵی لەمە نەکردووە ، ئیتر شوێن کەوتووی (شَيْخ مُحَمَّد بنُ عَبْدِالوَهَّاب) بێت یان هەر کەسێکی تر کەوا باوەڕی بە پێغەمبەر وقورئان هێنا بێت ، بەڵام باوەڕ هێنان بە سەڵاوات شتێکە و تایبەت کردنیشی بەوەوە کەوا لە دوای بانگ بانگدەر بە دەم بانگەکەوە بە دەنگی بەرز سێ جار بەم شێوەیە بیڵێت شتێکی ترە .

سەڵاوات دان لە سەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دوای بانگ بۆ هەر کەسێك گوێی لە دەنگی بانگدەر بێت لە بەر خۆیەوە سوننەتە وەك پاش کەمێکی تر باسی لێ دەکەین ، بەڵام سەڵاوات دان بە دەنگی بەرز لە لایەن بانگدەرەوە سێ جار بەو شێوەیە بیدعەیە وکارێکی زۆر خراپە خوا وپێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی رازی نین [جا بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم مەسەلەیە وە ئەو بوختیانەیشی کە بۆ (مُحَمَّد بنُ عَبْدِالوَهَّاب) هەڵیان بەستوە ، تەماشای کتێبمان (وەڵامێك بۆ کتێبی چەند گوڵێك لە گوڵزاری ئیسلام) بکە کە بە درێژی لەوێدا باسمان کردوە].

(١٢٠) بڕوانە فەرموودەکەی (عَبْدُاللهِ بْنِ زَيْدٍ) (پ ١١٩) .

(١٢١) (تَثْوِيب): ئەوەیە پاش ( حَيَّ عَلَى الفَلاحِ ) لە بانگی یەکەمی بەیانیدا بانگدەر بڵێت: ( الصَّلاةُ خَيْرٌ مِنَ النَّومِ ) ( الصَّلاةُ خَيْرٌ مِنَ النَّومِ ) دوو جار ، تا وەکو خەڵکی لە خەو هەڵبسن ، لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو مَحْذُورَة) (خوای لێ رازی بێت) ، کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فێری بانگدانی کرد – کە تێیدا – پاش (( حَيَّ عَلَى الفَلاحِ ، حَيَّ عَلَى الفَلاحِ ) ( الصَّلاةُ خَيْرٌ مِنَ النَّومِ ، الصَّلاةُ خَيْرٌ مِنَ النَّومِ ) بڵێت – لە بانگی بەیانیدا – اللهُ أكْبَرُ ، اللهُ أكْبَرُ ، لاَ إلهَ إلا اللهُ )) [رواه النسائي (٢/٧) وابوداود (١/٣٤١/٥٠١) وهو حديث صحيح بڕوانە صحيح أبي داود(٥١٦) و صحيح النسائي (٦٢٨)].

منتدى إقرأ الثقافي

..................................

وە هەروەها فەرموودەکەی (إبنُ عُمر) (خوایان لیٚ رازی بێت) کـەوا فـەرمووی: (( كَانَ فِي الأَذانِ الأَوَّلِ بَعْدَ الفَلاحِ : الصَّلاةُ خَيْرُ مِنَ النَّوْمِ ، مَرَّتَيْنِ )) واتـە: لـە بـانگی یەکەمی بەیانیدا پاش ( حَيَّ عَلَى الفَلاحِ ) ( الصَّلاةُ خَيْرٌ مِنَ النَّومِ ) بووە ، دوو جـار [ رواه البيهقي في السنن الكبرى (٤٢٣/١) والطحاوي في شرح معاني الآثار (١٣٧/١) وحسن الحافظ إسناده. بروانه الأدلة الرضية (ل ٥٢)].

( إبنُ أَرْسَلان ) فەرموویەتی : ( تَثْوِيب) کـردن سـوننەتە لـە بـانگی یەکـەمی بـەیانیدا بکرێت ، چونکـە بـۆ ئەوەیـە خـەوتووەکان لـە خـەو هەڵسن ، بـەڵام بـانگی دووەم ئاگـادار کردنەوەیە ، کەوا کاتی نوێژی بەیانی هاتووە ، وە بانگ کردنە بۆ نوێژ [بڕوانـە سبل السلام (١٢٠/١)] .

## تێبینی :

ئێستا لە وڵاتی خۆماندا ئەم سوننەتە __ کەوا دوو بـانگ بـۆ نوێـژی بـەیانی بدرێـت — مرێنراوە ، چونکە تەنها یەك بانگ دەدرێت ، وە ( الصَّلاةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ )یش لـەو بانگـە دا دەڵێن ، جا ئەمە لە لایەکەوە مراندنی سوننەتێکە ، وە لە لایەکی تریشـەوە زیـاد کردنـی بیدعەیەکیشە ، چونکە بانگی یەکـەم سـوننەتە ، وە بـۆ هەڵسـاندنی __ ئاگـا کردنـەوەی __ خەڵکیە لە خەو ، وە ئاگا کردنەوەیشە بۆ ئەوانەی کەوا شەو نوێژی دەکەن ، کـەوا خۆیـان ئامادە بکەن بۆ نوێژی بەیانی ، چونکە کاتەکـەی نزیـك بوەتـەوە ، وە ئەگـەر نیـەتی ڕۆژوو گرتنیشیان هەبێت با پارشێو بکەن . لە بەر ئەو فەرموودانەی کە لەو بارەیەوە هاتوە لەوانە فەرموودەکـەی (إِبْنُ عُمَـر)(خوایـان لیٚ ڕازی بێـت) کـەوا فـەرمووی: پێغەمبـەری خــوا (ﷺ) فەرمووی (( إِنَّ بِلالاً يُؤَذِّنُ بِلَيْلٍ ، فَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يُنَادِيَ إِبْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ )) واتـە: (بلال) بە شەو – پێش کاتی نوێژی بەیانی – بانگ دەدات بۆیە __ ئەگەر پارشێوتان دەکرد واز لە خواردن وخواردنەوە مەهێنن بەڵکو __ بخۆن و بخۆنـەوە تـا (عَبْدُالله بـن أُمِّ مَكْتُـوم) بانگ دەدات [ رواه البخاري(٢/رقم/٦١٧) ومسلم(٢/٧٦٨/١٠٩٢)].

منتدى إقرأ الثقافي

**وە پێویست(وَاجِب)ە لە سەر هەر کەسێك گوێی لە بانگ وقامەت دەبێت وەڵامی بداتەوە وەکو لە سوننەتدا هاتووە(١٢٢)،**

وە فەرموودەکەی (إِبْنُ مَسْعُود)(خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (( لا يَمْنَعَنَّ أَحَدَكُمْ أَذَانُ بِلالٍ مِنْ سُحُورِهِ فَإِنَّهُ يُؤَذِّنُ - أَوْ يُنَادِي - لِيَرْجِعَ قَائِمَكُمْ ، وَلِيُنَبِّهَ نَائِمَكُمْ )) واتە: با بانگەکەی (بلال) قەدەغەی کەستان نەکات لە پارشێو کردنەکەی ، چونکە ئەو بانگ دەدات بۆ ئەوەی ئەوانەتان شەو نوێژی دەکەن بگەڕێنەوە ، وە ئەوانەتان خەوتوون ئاگایان بێتەوە بۆ نوێژ [رواه البخاري(٢/رقم/٦٢١) ومسلم(٢/٧٦٨/١٠٩٣)].

وە تێیدا پاش (حَيَّ عَلَى الصَّلاة) دوو جار بانگدەر دەڵێت: (الصَّلاةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ)، لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو مَحْذُورَة) و فەرموودەکەی(إِبْنُ عُمَر)(خوایان لێ ڕازی بێت)کە باسمان کرد ، بەڵام بانگی دووەم پێویست(وَاجِب)ە ، بۆ بانگکردنی خەڵکی بۆ نوێژی بەیانی ، وە دروست نییە تێیدا هیچ ووشەیەك زیاد بکرێت ، بەڵام ئەمان بانگی یەکەم نادەن کە سوننەتە ، وە لە بانگی دووەمیش کە پێویست(وَاجِب)ە و دروست نییە هیچی تێیدا زیاد بکەیت ، ئەوان (الصَّلاةُ خَيرٌمِنَ النَّوْمِ)ی تێیدا دەڵێن ، جا بەم شێوەیە سوننەتێکیان مراند و بیدعەیەکیشیان زیاد کرد (فَلا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ) .

(١٢٢) لە بەر ئەو فەرموودانە کە لەو بارەیەوە هاتوون ، لەوانە فەرموودەکەی (عُمَرُ بْنُ الخَطَّابِ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِذَا قَالَ المُؤَذِّنُ: اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ ، فَقَالَ أَحَدُكُمْ: اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ ، ثُمَّ قَالَ: أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلَّا اللهُ ، قَالَ: أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلَّا اللهُ ، ثُمَّ قَالَ: أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللهِ ، قَالَ: أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللهِ ، ثُمَّ قَالَ: حَيَّ عَلَي الصَّلاةِ ، قَالَ: لا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ ثُمَّ قَالَ: حَيَّ عَلَى الفَلاحِ ، قَالَ: لا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ ، ثُمَّ قَالَ: اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ ، قَالَ: اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ ، ثُمَّ قَالَ: لا إِلَهَ إِلَّا اللهُ ، قَالَ: لا إِلَهَ إِلَّا اللهُ ، مِنْ قَلْبِهِ دَخَلَ الجَنَّةَ )) واتە: ئەگەر بانگدەر ووتی: (اللهُ أَكْبَرُ ، اللهُ أَكْبَر) یەکێکیان بڵێن: (اللهُ أَكْبَر ، اللهُ أَكْبَر)، پاشان ووتی: (أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلَّا اللهُ) ئەویش بڵێت: (أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إلا اللهُ) پاشان ووتی: (أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللهِ) ئەویش بڵێت: ( أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللهِ) ، پاشان ووتی: (حَيَّ عَلَى الصَّلاةِ) ئەویش بڵێت : (لا حَولَ وَلا قُوَةَ إلاَّ بِاللهِ) ، پاشان ووتی: (حَيَّ عَلَى الفَلاحِ) ئەویش بڵێت : (لا حَوْلَ وَلا قُوَةَ إلاَّ بِاللهِ) ، پاشان ووتی: (اللهُ أَكْبَر ، اللهُ أَكْبَر) ئەویش بڵێت (اللهُ أَكْبَر ، اللهُ أَكْبَر) ، پاشان ووتی: (لاَ إِلَهَ إِلَّا اللهُ) ئەویش بڵێت: (لاَإِلَهَ إِلَّا اللهُ) لە دڵێوە ، ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە [رواه مسلم (١/٢٨٩/٣٨٥) وابوداود (٢/٢٢٨/٥٢٣)].

منتدى إقرأ الثقافي

**وە لە کۆتایی بانگەکەیشدا سەلاوات دان و دوعای دوای بانگ و هەر دوعایەکی تر سوننەتە (١٢٣).**

(١٢٣) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عُمَر) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا بیستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **إِذَا سَمِعْتُمُ المُؤَذِّنَ فَقُولُوا مِثْلَ مَا يَقُولُ ، ثُمَّ صَلُّوا عَلَيَّ فَإِنَّهُ مَنْ صَلَّى عَلَيَّ صَلاةً صَلَّى اللهُ بِهَا عَلَيْهِ عَشْراً ، ثُمَّ سَلُوا اللهَ لِيَ الوَسِيلَةَ ، فَإِنَّهَا مَنْزِلَةٌ فِي الجَنَّةِ ، لا يَنْبَغِي إِلَّا لِعَبْدٍ مِنْ عِبَادِ اللهِ ، وَأَرْجُوا أَنْ أَكُونَ أَنَا هُوَ ، فَمَنْ سَأَلَ لِيَ الوَسِيلَةَ حَلَّتْ لَهُ الشَّفَاعَةُ** )) واتە: ئەگەر بیستان بانگدەر بانگیدا ئەوە وەکو ئەو بڵێنەوە ، پاشان سەلاواتم لە سەر بدەن ، چونکە هەر کەسێك سەلاواتێك لە سەر من بدات خوای گەورە دە(١٠) جار سەلاواتی لە سەر دەدات ، پاشان داوای (الوَسِيْلَه)م لە خوای گەورە بۆ بکەن ، کە پلەو پایەیەکە لە بەهەشتدا تەنها بۆ یەك بەندەیە لە بەندەکانی خوا ، هیوام وایە ئەو بەندەیە من بم ، جا هەر کەسێك داوای (الوَسِيْلَه)م بۆ بکات ، ئەوە تکا(شَفَاعَة) کردنی من حەلاڵ دەکات بۆ خۆی [رواه مسلم (١/٢٨٨/٣٨٤) وأبوداود (٢/٢٢٥/٥١٩) وغيرهما].

وە (جَابر) (خوای لێ رازی بێت) دەفەرمێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **مَنْ قَالَ حِينَ يَسْمَعُ النِّدَاءُ : اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ وَالصَّلاةِ القَائِمَةِ آتِ مُحَمَّداً الوَسِيلَةَ وَالفَضِيلَةَ وَابْعَثْهُ مَقَاماً مَحْمُوداً الَّذِي وَعَدْتَهُ ، حَلَّتْ لَهُ شَفَاعَتِي يَوْمَ القِيَامَةِ** )) واتە: هەر کەسێك کاتێك دەنگی بانگ دەبیسێت بڵێ: **اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ وَالصَّلاةِ القَائِمَةِ آتِ مُحَمَّداً الوَسِيلَةَ وَالفَضِيلَةَ وَابْعَثْهُ مَقَاماً مَحْمُوداً الَّذِي وَعَدْتَهُ** ، ئەوە تکا (شَفَاعَة)کردنی منی حەلاڵ کردوە [رواه البخاری ( ٨/ ٢٩٩/ ٤٧١٩) وأبو داود (١/٣٦٢/٥٢٩) وغيرهما].

وە لە بەر فەرموودەکەی ( أنس) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **الدُّعَاءُ لا يُرَدُّ بَيْنَ الأذانِ و الإِقَامَةِ** )) واتە: دوعای نێوان بانگ و قامەت ناگەڕێتەوە . واتە بێ گومان خوای گەورە وەری دەگرێت [رواه البخاری (٨/٢٤٤/٥١٧) بڕوانە صحيح أبی داود (٤٨٩)].

منتدى إقرأ الثقافي

# نوێژە سوننەتەکان ( الصَلَوَاتُ المَسْنُونَة )

## چوار ڕکات پێش نیوەڕۆ و چواریش لە پاشی[(١٢٤)] ، وە چوار ڕکات پێش عەسر و دوو ڕکاتیش لە پاشی[(١٢٥)]، وە دوو ڕکات پێش شێوان(مَغْرِب) ودوو ڕکاتیش لە پاشی[(١٢٦)]،

(١٢٤) لە بەر فەرموودەکەی (أُمّ حَبِيْبَة) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ حَافَظَ عَلَى أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ قَبْلَ الظُهْرِ ، وَأَرْبَعٍ بَعْدَهَا حَرَّمَهُ اللهُ عَلَى النَّارِ )) واتە: کێ پارێزگاری لە چوار ڕکاتی پێش نیوەڕۆ و چواریش پاشی بکات ، ئەوە لاشەی لە ئاگری دۆزەخ حەرام دەبێت [رواه أبو داود (٢/٥٥/١٥٦٩) والترمذي (٢/٢٩٢/٤٢٧) وغيرهما وهو حديث صحيح بروانه صحيح سنن الترمذي (٣٥٢)].

(١٢٥) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لیٚ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( رَحِمَ اللهُ إِمْرِءاً صَلَّى قَبْلَ العَصْرِ أَرْبَعَاً )) واتە: خوای گەورە بەزەیی بە کەسێکدا دێتەوە کەوا چوار ڕکاتی پێش عەسری کردبێت [رواه أبوداود (٢/٥٣/١٢٧١) والترمذي (٢/٢٩٥/٤٣٠) وهو حديث حسن بروانه صحيح الترمذي (٣٥٤)].

وە فەرموودەکەی (عَائِشَة)(خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( صَلاتَانِ مَا تَرَكَهُمَا رَسُولُ اللهِ (ﷺ) فِي بَيْتِي قَطُّ ، لا سِرّاً وَلا عَلانِيَةً ، رَكْعَتَيْنِ قَبْلَ الفَجْرِ ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ العَصْرِ )) واتە: دوو نوێژ هەیە هەرگیز پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ماڵی من دا وازی لیٚ نەهێناوە ، دوو ڕکاتی پێش نوێژی بەیانی و دوو ڕکاتی پاش نوێژی عەسریش [ رواه مسلم (١/رقم/٨٣٥) ]. وە هەر لە (صَحِيْح)ی ئیمامی (مُسْلِم)دا چوار فەرموودەی تر هەیە لە بارەی دوو ڕکاتی دوای نوێژی عەسر.

(١٢٦) لە بەر فەرموودەکەی (أَنسُ بنُ مَالك) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كَانَ المُؤَذِّنُ إِذَا أَذَّنَ ، قَامَ نَاسٌ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (ﷺ) يَبْتَدِرُونَ السَّوَارِيَ ، حَتَّى يَخْرُجَ النَّبِيُّ (ﷺ) وَهُمْ كَذَلِكَ ، يُصَلُّونَ رَكْعَتَيْنِ قَبْلَ المَغْرِبِ ، وَلَمْ يَكُنْ بَيْنَ الأَذَانِ وَالإِقَامَةِ شَيْءٌ )) واتە: کاتێك بانگدەر بانگی بدایە - بۆ نوێژی مەغریب - خەڵکانێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەڵدەسان بە پەلە پێشبڕکێی دنگەکانی مزگەوتیان دەکرد تا وەکو پێغەمبەری خوا دەردەچوو بۆ نوێژ دوو ڕکاتیان دەکرد پێش نوێژی شێوان(مَغْرِب).

منتدى إقرأ الثقافي

## وە دوو ڕکات پاش عیشا[127]، وە دوو ڕکات پێش بەیانی[128]، وە نوێژی چێشتەنگاو(الضُحَى)[129]،

وە لە نێوان بانگ وقامەتدا شتێکی – ماوەیەکی – وا نەبوو [رواه البخاری رقم(٥٩٩) دیب البغا و مسلم (١/٥٧٣/٨٣٦،٨٣٧)].

وە لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( حَفِظْتُ مِنْ النَّبِيِّ (ﷺ) عَشْرَ رَكْعَاتٍ : رَكْعَتَيْنِ قَبْلَ الظُّهْرِ ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَهَا ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ المَغْرِبِ فِي بَيْتِهِ ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ العِشَاءِ فِي بَيْتِهِ ، وَرَكْعَتَيْنِ قَبْلَ صَلَاةِ الصُّبْحِ ، كَانَتْ سَاعَةً لا يُدْخَلُ عَلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فِيهَا )) واتە: لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دە(١٠)ڕکاتم لە بەر کردوە ، دوو ڕکات پێش نیوەڕۆ ، وە دوویش لە پاشی ، وە دوو ڕکات پاش شێوان لە ماڵی خۆیدا ، وە دوو ڕکاتی پاش عیشا لە ماڵی خۆیدا ، وە دوو ڕکاتیش پێش نوێژی بەیانی ، لە کاتێك بوو کەس تێیدا نەدەچوە ژورەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) [رواه البخاری (٣/٥٨/١١٨٠) وهذا لفظه والترمذی (١/٢٧١/٤٣١) نحوه].

(١٢٧) ، (١٢٨) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر)ی پێشوو بڕوانە (پ ١٢٦).

(١٢٩) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أَوْصَانِي خَلِيلِي (ﷺ) بِثَلَاثٍ: بِصِيَامِ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ فِي كُلِّ شَهْرٍ ، وَرَكْعَتَيِ الضُّحَى ، وَأَنْ أُوتِرَ قَبْلَ أَنْ أَنَامَ )) واتە: خۆشەویستەکەم (ﷺ) سێ وەسیەتی پێ کردووم ، ڕۆژووی سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێکدا بگرم ، وە دوو ڕکات نوێژی چێشتەنگاو بکەم ، وە نوێژی ویتر بکەم پێش ئەوەی بخەووم [رواه البخاری (٤/٢٢٦/١٩٨١) ومسلم (١/٤٩٩/٨٥) وغیرهما].

وە لای کەمی نوێژی چێشتەنگاودوو ڕکاتە وە لای زۆریشی هەشت ڕکاتە ، بە دوو ڕکات دوو ڕکات بکرێت ، وە باشترین کاتیشی کاتێکە کە ڕۆژ گەرم ببێت ، لە بەر فەرموودەکەی (أُمّ هَانِئ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) يَوْمَ فَتْحِ مَكَّةَ إِغْتَسَلَ فِي بَيْتِهَا فَصَلَّى ثَمَانَ رَكَعَاتٍ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕۆژی ڕزگار کردنی (مَكّة)دا خۆی شۆرد لە ماڵی ئەو دا ، وە هەشت ڕکات نوێژی – چێشتەنگای – کرد [رواه البخاری (٣/٥١/١١٧٦) ومسلم (١/٢٢٦/٣٣٦) وغیرهما].

وە فەرموودەکەی ( زَيْدُ بنُ أَرْقَم ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەرچوو بۆ لای خەڵکی (قُبَاء) ، ئەوان نوێژی چێشتەنگایان دەکرد ، جا فەرمووی: (( صَلَاةُ الأَوَّابِينَ إِذَا رَمِضَتِ الفِصَالُ )) واتە: نوێژی ئەو کەسانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ



منتدى إقرأ الثقافي

## وە شەو نوێژ ونوێژی تاك(وتر)[130] ،

لای خوای گەورە بە گوێڕایەڵی کردنی و پەرستنی ، ئەو کاتەیە کە پێی بەچکە ووشتر دەسووتێت لە گەرمیدا لە کاتی چێشتەنگادا [رواه مسلم (١/٥١٦/٧٤٨)].

(١٣٠) لە بەر فەموودەکەی (أبوهُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( أفْضَلُ الصِّيَام بَعْدَ رَمَضَان ، شَهْرُ اللهِ المُحَرَّم ، وَأفْضَلُ الصَّلاةَ بَعْدَ الفَرِيْضَةِ ، صَلاةُ اللَّيْلِ )) واتە: باشترین ڕۆژوو پاش مانگی ڕەمەزان ڕۆژووی مانگی موحەرەمە ، وە باشترین نوێژیش پاش نوێژە فەرزەکان شەو نوێژیە [رواه مسلم (٢/٨٢١/٢٠٢)].

* جا لای زۆری شەو نوێژی (١٣) ڕکاتە بە دوو ڕکاتی پێش نوێژی بەیانیەوە ، لە بەر فەموودەکەی (عُرْوَة) کەوا (( أنَّ عَائِشَةَ أخْبَرَتْهُ ، أنَّ رَسُوْلَ اللهِ (ﷺ) كَانَ يُصَلِّي ثَلاثَ عَشْرَةَ رَكْعَةً ، بِرَكْعَتَي الفَجْرِ )) واتە: (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) پێی ڕاگەیاندوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) (١٣) ڕکات – شەو نوێژ – ی دەکرد بە دوو ڕکاتی پێش نوێژی بەیانیەوە [رواه مسلم (١/٥٠٩/٧٣٧)].

* وە ڕکاتێك لەو ڕکاتانە بە تاك(وتْر) دەکات ، ئیتر بە تەنها بێت یان لە گەڵ چەند جووتێکدا بێت ، لە بەر فەموودەکەی (أبو أيُّوب الأنْصَارِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( الوِتْرُ حَقٌّ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ ، فَمَنْ أحَبَّ أنْ يُوْتِرَ بِخَمْسٍ فَلْيَفْعَلْ ، وَمَنْ أحَبَّ أنْ يُوْتِرَ بِثَلاثٍ فَلْيَفْعَلْ ، وَمَنْ أحَبَّ أنْ يُوْتِرَ بِوَاحِدَةٍ فَلْيَفْعَلْ )) واتە: نوێژی تاك حەققە لە سەر هەموو موسوڵمانێك ، جا هەر کەسێك پێی خۆشە پێنج ڕکات (وتْر) بکات با بیکات ، وە هەر یەکێکیش پێی خۆشە سێ ڕکات (وتْر) بکات با بیکات ، وە هەر یەکێکیش پێی خۆشە یەك ڕکات (وتْر) بکات با بیکات [رواه أبوداود (٢/١٣٢/١٤٢٢) وابن ماجه (١/٣٧٦/١١٩٠) وغيرهما وهو حديث صحيح بروانه المشكاة (١٢٦٥) وصحيح أبي داود(١٢٧٨) وصحيح إبن ماجة(٩٧٨)].

* وە سوننەتە پێش چوونە (رُكُوع)دا لە ڕکاتە تاکەکەدا دوعای (قُنُوت) بخوێنرێت ، لە بەر فەرموودەکەی (أُبَيُّ بنُ كَعْب)(خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أنَّ رَسُوْلَ اللهِ (ﷺ) قَنَتَ فِي الوِتْرِ قَبْلَ الرُّكُوْعِ )) واتە: کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نوێژی(وتْر)دا (قُنُوت)ی پێش ڕکوع کرد .[ رواه أبو داود(١/رقم/١٤٢٧) وهو حديث صحيح ، بروانه صحيح أبي داود(١٢٦٦)].



منتدى إقرأ الثقافي

..............................

* وە دوعای(قُنُوت)یش لە فەرموودەکەی (حَسَنُ بنُ عَلِي)دا هاتوە(خوایان لیٚ ڕازی بیٚت) کەوا فەرمووی : پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) چەند ووشەیەکی فیٚر کردم لە (وتر)دا بیلیٚم ، (( اللهُمَّ اهْدِنِي فِيمَنْ هَدَيْتَ ، وَعَافِنِي فِيمَنْ عَافَيْتَ ، وَتَوَلَّنِي فِيمَنْ تَوَلَّيْتَ ، وَبَارِكْ لِي فِيمَا أَعْطَيْتَ ، وَقِنِي شَرَّ مَا قَضَيْتَ ، إِنَّكَ تَقْضِي وَلا يُقْضَى عَلَيْكَ ، وَإِنَّهُ لا يَذِلُ مَنْ وَالَيْتَ وَلا يَعِزُّ مَنْ عَادَيْتَ ، تَبَارَكْتَ رَبَّنَا وَتَعَالَيْتَ )) واتە: ئەی خوای پەروەردگاری من ، ڕیٚمپیشاندە لە گەلٚ ئەوانەی ڕیٚتپیشان داوون ، وە لەش ساغمکە لە گەلٚ ئەوانەدا کە لەش ساغت کردوون ، وە یارمەتیم بدە وبمکەرە خۆشەویست ودۆستی خۆت ، لە گەلٚ ئەوانەدا کە یارمەتیان داوون وکردوتن بە دۆست وخۆشەویستی خۆت ، وە بەرەکەت بخەرە ئەوەوە کە پیٚمت داوە ، وە بمپاریٚزە لە شەڕی ئەوەی کە بڕیارت داوە ، بە ڕاستی هەر تۆ بڕیاردەری بە سەر هەموو شتیٚکدا ، وە کەس ناتوانیٚت بڕیار بە سەر تۆ دا بدات ، وە هەر کەسیٚك تۆ پالٚپشت ویارمەتیدەری بیت هەرگیز سەر شۆڕ نابیٚت ، وە هەر کەسیٚکیش تۆ دوژمنی بیت هەرگیز سەر بەرز نابیٚت ، پیرۆز بیت ئەی پەروەردگارمان و هەر بەرز و بلٚند بیت .

وە لە فەرموودەکەی (عَلِيُ بنُ أبِي طَالِب)یشدا هاتوە(خوای لیٚ ڕازی بیٚت) کەوا فەرمووی: پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) لە کۆتایی نویٚژی (وتر)دا دەیفەرموو: (( اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِرِضَاكَ مِنْ سَخَطِكَ ، وَبِمُعَافَاتِكَ مِنْ عُقُوبَتِكَ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْكَ لا أُحْصِي ثَنَاءً عَلَيْكَ ، أَنْتَ كَمَا أَثْنَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ )) واتە: خوایە من پەنا دەگرم بە ڕەزامەندیت لە تورە بوونت ، وە پەنا دەگرم بە لیٚبووردنت لە سزا دانت ، وە پەنا دەگرم بە تۆ لە تۆ ، من ناتوانم ژمارەی (ثَنَاء) بکەم لە سەر تۆ ، تۆ ئەوەی کە خۆت (ثَنَاء)ت کردوە لە سەر خۆت [ رواه أبو داود(١/رقم/١٤٢٧) والترمذي رقم(٣٥٦٦) والنسائي رقم(١٧٤٦) وابن ماجة رقم(١١٧٩) وهو حديث صحيح بروانه الإرواء(٤٣٠) وصحيح أبي داود(١٢٨٢) وصحيح الجامع(١٢٨٠)عن عائشة] .

* وە سوننەتە لە نویٚژی (وتر)دا سورەتی [ الأعْلَى وَ الكَافِرُون وَالإخْلاص ] بخویٚنریٚت ، وە لە پاش (سَلام) دانەوەیش سیٚ جار بلٚیٚ: ((سُبْحَانَ المَلِكِ القُدُّوس)) وە دەنگ بەرز بکەیتەوە لە سیٚیەم جار دا ، لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالرَّحْمَن بن أَبْزَى) کەوا فەرمووی (( أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) ، كَانَ يُوتِرُ بـ﴿ سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الأَعْلَى﴾ و﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا الكَافِرُونَ﴾ و﴿ قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ ﴾ وَكَانَ يَقُولُ إِذَا سَلَّمَ : ( سُبْحَانَ المَلِكِ

منتدى إقرأ الثقافي

..............................

القُدُّوس ) ثَلاثاً وَيَرفَعُ صَوتَهُ بِالثَّالِثَة )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی (وتر) بە ﴿ سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الأَعْلَى﴾ وە بە﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا الكَافِرُونَ﴾ وە بە﴿ قُلْ هُوَ اللهُ أَحَـــدٌ ﴾ دەکرد ، وە ئەگەر (سَلام)ی بدایەتەوە دەیفەرموو: (( سُبْحَانَ المَلِكِ القُدُّوس )) سێ جار ، وە لە جاری سێیەمدا دەنگی پێی بەرز دەکـردەوە .[ وهـو حديث صحيح بروانـه صحيح النسائي (١٦٣٥) ]

* وە ئەگەر کەسێك خەوی پێدا کەوت و نوێژی (وتر)ی نەکرد ، یان لە یادی چوو بیکات ، ئەوە دەتوانێت هەر کاتێك کەوتەوە یادی بیکات ، لە بەر فەرموودەکەی (أبُو سَعِيْد الخُدْرِي)(خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (( مَنْ نَامَ عَنْ وِتْرِهِ أَوْ نَسِيَهُ فَلْيُصَلِّهِ إِذَا ذَكَرَهُ )) واتـە: هـەر کەسێك ئەگـەر خـەوی پـێدا کـەوت لـە نوێـژی (وِتر)ەکەی دا ، یان لە یادی چوو ، ئەوە با هەر کاتێك یادی کەوتەوە بیکاتەوە [ رواه أبو داود (١/رقم/١٤٣١)و اللفظ له ، والترمذي رقم(٤٦٥) وإبن ماجة رقـم(١١٨٨) بنحـوه ، وهـو حديث صحيح بروانـه الإرواء( ٢/١٥٣) و صحيح إبن ماجة(٩٧٦) ] .

* ئەگەر کەسێك زانی شەو توانای هەڵسانی نییە نوێژی(وتر) بکـات ، ئـەوە پێش خەوتن بیکات باشە ، بەڵام ئەگەر زانی ئاگای دەبێتەوە ، ئەوە دوای بخات بۆ کۆتایی شـەو باشـە ، لـە بـەر فەرموودەکـەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله)(خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا فـەرمووی : پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـە (أَبُـو بَكْـر)ی فـەرموو (( أَيَّ حِيْـنٍ تُوتِـرُ ؟ )) واتـە: چـی کـاتێك نوێژی(وتر) دەکەی ؟ فەرمووی: سەرەتای شەو ، دوای نوێژی عیشـا . فـەرمووی (( فَأَنْتَ يَا عُمَر ؟ )) واتە: ئـەی تـۆ کـەی دەیکـەیت ئـەی (عُمَر) ؟ فـەرمووی: کۆتـایی شـەو . جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( أَمَّا أَنْتَ يَا أَبَا بَكْرٍ فَأَخَذْتَ بِالوُثْقَى ، وَأَمَّا أَنْتَ يَا عُمَرُ فَأَخَذْتَ بِالقُوَّةِ )) واتە: ئەی (أَبُو بَكْر) تۆ لای دڵنیا بوونت گرتـوە ، وە تۆیش ئـەی (عُمَر) لای هێزەکەیت گرتوە [ رواه أبو داود وإبـن ماجـة وغيرهمـا وهـو حديث صحيح بروانـه صحيح أبي داود(١٢٠٠و١٢٨٨) وصحيح إبن ماجة(٩٨٨) ] .

* وە نوێژی (وتر) لە سەفەریشدا دەکرێت ، وە دەتوانیت لە کاتی سواربوونیشدا بیکـەیت ، لـە بـەر ئـەو فەرموودانـەی کـە لـەو بـارەوە هـاتوە ، لەوانـە فەرموودەکـەی(إِبْـنُ عَبَّاس)( خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی (( أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ يُوتِرُ عَلَى رَاحِلَتِهِ ))

منتدى إقرأ الثقافي

**وە نوێـژی دەسـت نوێـژ (١٣١)، وە دوو ڕکـات لـە نێـوان هـەموو بـانگ وقامـەتێكدا (١٣٢)، وە دوو ڕکـات سـلاوی مزگـەوت (١٣٣)، وە نوێـژی (إسْتِخَارَة)(١٣٤)**

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی (وِتْر)ی بە سەر ووشترەوە دەکرد [وهو حديث صحيح بروانە صحيح إبن ماجة للألباني رقم(٩٨٧)]

(١٣١) لە بەر فەرمودەکەی ( عُثْمَانُ بنُ عَفَّان ) و (بِلال ) (خوایان لێ ڕازی بێت) بروانە ( پ ٣٩) و ( پ ١٠٦) تێبینی (أ).

( ١٣٢) لە بەر فەرموودەکـەی (عَبْدُالله بـن مُغَفَّـل) (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فـەرمووی: (( بَيْـنَ كُلِّ أَذَانَيْـنِ صَلاةٌ ، بَيْنَ كُلِّ أَذَانَيْـنِ صَلاةٌ )) واتە: لە نێوانی هەموو دوو بانگدا نوێژێك هەیە ، لە نێوان هەموو دوو بانگدا نوێژێك هەیـە . پاشان لە جاری سێ یەم دا فەرمووی: (( لِمَنْ شَاءَ )) واتە: بۆ هەر کەسێك ویستی لە سەر هەبێت [رواه البخاری رقم (٦٠١) ومسلم (٥٧٣/١/٣٠٤)].

وە مەبەستیش لـە هـەموو دوو بـانگ دا ، بـانگ و قامەتـە ، کـەوابوو بـە پـێی ئـەم فەرموودەیە لە پێش نوێژی عیشا دەتوانرێت دوو ڕکات نوێژی سوننەت بکرێت .

(١٣٣) لە بەر فەموودەکەی (أبو قَتَادَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بروانە (پ ١٠٦) تێبینی (أ).

**تێبینی:**

**هەندێك** لـە زانایـان ڕایـان وایـە ئـەو فەرمانـەی بـۆ نوێـژی (وِتْـر) و نوێـژی سـلاوی مزگەوت(تَحِيَّةُ المَسْجِد)ە کـراوە ، بۆ (وَاجِب)ە ، وە ئـەم دوو نوێـژە بـە پێویسـت(وَاجِب) دەزانن ، **بەڵام** ئێمە ئەو ڕایە بە ڕاست دەزانین کە دەڵێـت سوننەتە ، وە فەرمانـەکانیش بۆ زیاتر دووپات کردنەوەیە(لِلتَّأْكِيد) لە بەر چەند بەڵگەیـەکی بـەهێز ، کـە لـەم پوختەیـەدا بواری ئەوەمان نییە باسی بکەین ودرێژەی پێ بدەین ، ئەگەر خوا بواری بۆ ڕەخساندین لـە درێژەکەیدا باسی لێوە دەکەین .

(١٣٤) لە بەر فەموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) (خوایان لێ ڕازی بێـت) کـەوا فـەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فێری (إسْتِخَارَة)ی دەکردیـن لـە هـەموو کاروبارێکمـاندا ، هـەر وەکـو چۆن فێری سورەتێکی قورئانی دەکردین ، ودەیفەرموو: (( إِذَا هَمَّ أَحَدُكُمْ بِالأَمْرِ فَلْيَرْكَعْ رَكْعَتَيْنِ مِنْ غَيْرِ الفَرِيضَةِ ، ثُمَّ يَقُولُ : اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْتَخِيرُكَ بِعِلْمِكَ وَأَسْتَقْدِرُكَ بِقُدْرَتِكَ وَأَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ العَظِيمِ فَإِنَّكَ تَقْدِرُ وَلا أَقْدِرُ ، وَتَعْلَمُ وَلا أَعْلَمُ وَأَنْتَ عَلَّامُ الغُيُوبِ ،


منتدى إقرأ الثقافي

..................................

اللَّهُمَّ إِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الأَمْرَ خَيْرٌ لِي فِي دِيْنِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةُ أَمْرِي - أَوْ قَالَ: فِي عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ - فَاقْدِرْهُ لِي وَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الأَمْرَ شَرٌّ لِي فِي دِيْنِي وَ مَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي - أَوْ قَالَ فِي عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ - فَاصْرِفْهُ عَنِّي وَاصْرِفْنِي عَنْهُ وَاقْدِرْ لِي الْخَيْرَ حَيْثُ كَانَ ثُمَّ رَضِنِي بِهِ ، وَيُسَمِّي حَاجَتَهُ )) واتـه: جا ئەگـەر یەکێکتان بە بیرتاندا هات هەر کارێك بکـەن ، ئـەوە دوو ڕکـات نوێـژ بکـات(فـەرز نـەبێت) ، پاشان بڵێت : ئەی خوای پەروەردگاری من ، من داوای هەڵبژاردن لە تۆ دەکەم بـە زانینـی خۆت ، وە داوای توانا لە تۆ دەکەم بە توانای خۆت ، وە داوات لیٚ دەکەم لە چاکەی گەورە و فراوانی خۆت بیٚ بەشم نەکەی ، بە ڕاستی تۆ بە توانایت و من بیٚ توانـا ، وە تـۆ دەزانـی ومن نازانم ، وە تۆ زانای بـە هـەموو پەنـهانێکان ، ئـەی خـوای پـەروەردگاری مـن ، ئەگـەر دەزانی ئەم کارە چاکە بۆ من بۆ ئایینم ، بۆ ژیانم ، بۆ دوا ڕۆژم ، ئەوە بۆمی ڕێك بخـەیت ، وە ئەگەر دەزانی ئەم کارە خراپە بۆ من ، بۆ ئایینم ، بۆ ژیانم ، بـۆ دوا ڕۆژم ، ئـەوە لێمـی دوور بخەرەوە ، وە لێیشی دوورم خەرەوە ، وە کاری چاکەم بۆ ڕێك بخە لە هەر شـوێنێکدا هـەبێت ، پاشـان ڕازیشـمکە پێـی - وە نـاوی کارەکەیشـی دەبـات - [رواه البخـاری (٦٣٨٢/١٨٣/١١) وغیره].

منتدى إقرأ الثقافي

# چۆنیەتی نوێژ کردن

## پایـەکـانی نـوێـژ

## ( أرْكَانُ الصَّلاة )

**نیەت (١٣٥)، وە وەستان بە پێوە بە پێی توانا لە نوێژە فەرزەکاندا (١٣٦)،**

(١٣٥) لە بەر فەرمودەکەی (عُمَر)(خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٣١) .

وە باسی ئەوەشمان کرد کەوا نابێت نیەت بـە زمـان بڵـێـت چونکە ووتنـی بـە زمـان شتێکی داهێنراوە .

(١٣٦) لە بەر فەرمودەکەی (عِمْرَانُ بنُ حُصَيْن) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فـەرمووی: تووشی نەخۆشی مایەسیری( بَوَاسِيْر) هاتبووم ، جا پرسیارم لە پێغەمبەری خوا کرد (ﷺ) لە بارەی نوێژەوە ، ئەویش فەرمووی: (( صَلِّ قَائِمَاً ، فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَقَاعِدَاً ، فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَعَلَى جَنْبٍ )) واتـە: نوێـژ بە پێـوە بکـە ، جـا ئەگـەر توانـات نـەبوو ئـەوە بـە دانیشتنەوە بیکە ، جا ئەگەر توانات نـەبوو ئـەوە بـە هەڵاژیانـەوە(ڕاکشـانەوە) بیکـە [رواه البخاري (٢/٥٨٧/١١١٧) وغيره].

ئەمە لە نوێژە فەرزەکاندا ، بـەڵام لـە نوێـژە سوننەتەکاندا دروستـە بـە دانیشـتنەوە بیکات ، با توانای هەڵسانیشی هەبێت ، وە دەیشتوانێت هەندێك لە نوێژە سوننەتەکەی بە دانیشتنەوە بکات ، وە هەندێکیشی بە پێـوە ، لـە بـەر فەرموودەکـەی (عَائشـة) (خـوای لێ ڕازی بێت) کەوا (عَلْقَمَـة) پرسیاری لێ کـرد: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) چۆنـی دەکـرد لـە دوو ڕکاتیدا کاتێك بە دانیشتنەوە دەیکرد ؟ جا (عَائشـة) فـەرمووی: (( كَانَ يَقْرَأُ فِيْهِمَا فَإِذَا أَرَادَ أَنْ يَرْكَعَ قَامَ فَرَكَعَ )) واتە: قورئانی تێیاندا دەخوێنـد ، جـا ئەگـەر ویستـی (ڕُكُوْع)ی بوایە هەڵدەسا و (ڕُكُوْع)ی دەبرد [رواه مسلم].

وە فەرمودەکـەی تـری (عَائشـة) (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا فـەرمووی: (( مَا رَأَيْتُ رَسُوْلَ الله (ﷺ) يَقْرَأُ فِيْ شَيْءٍ مِنْ صَلاَةِ اللَّيْلِ جَالِسَاً قَطُّ حَتَّى دَخَلَ فِيْ السِّنِّ فَكَانَ يَجْلِسُ فِيْهَا فَيَقْرَأُ حَتَّى إِذَا بَقِيَ أَرْبَعُوْنَ أَوْ ثَلاَثُوْنَ آيَـةً قَامَ فَقَرَأَهَا ثُمَّ سَجَدَ )) واتـە: نەمبینی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە هیچ نوێژی شەو نوێژیدا بە دانیشتنەوە قورئـان بخوێنێـت ، تا وەکو چوە ناو تەمەنەوە ، جا دادەنیشت تێیدا و قورئانی دەخوێند ، تا چل(٤٠) یان

منتدى إقرأ الثقافي

**وە ووتنی (اللهُ أكْبَر)ی دەست پێ کردن – ئیحرام بەستنی نوێژ –[١٣٧]، وە خوێندنی سورەتی (الفَاتِحَة) لە هەموو ڕکاتێکدا[١٣٨]، وە(رُكُوْع)بردن و مانەوە تێیدا تا لە جووڵە دەبڕێت[١٣٩]،**

سی(٣٠) ئایەتی دەما ، هەڵدەسا بە پێوە دەیخوێند ، پاشان دەچوە (سُجُوْد)دا [رواه أصحاب السنن وأحمد] بۆ هەردوو فەرموودەکە بڕوانە [فقه السنة(١/١٥٤)].

(١٣٧) لە بەر فەرمودەکەی (عَلي)(خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مِفْتَاحُ الصَّلاةِ الطُّهُورُ ، وَتَحْرِيمُهَا التَّكْبِيرُ وَتَحْلِيلُهَا التَّسْلِيمُ )) واتە: کلیلی نوێژ ، پاك کردنەوەیە ، وە حەرام کردنیشی – مەبەست حەرام کردنی کار و گوفتارێکە کە لە نوێژدا نی یە – ( اللهُ أكْبَر)ی یەکەمە ، وە حەڵاڵ کردنیشی (سَلام) دانەوەیە [رواه ابو داود (١/٨٨/٦١) والترمذي (١/٥/٣) وابن ماجة (١/١٠١/٢٧٥) وهو حديث حسن صحيح بڕوانە صحيح ابن ماجة (٢٢٢)].

(١٣٨) لە بەر فەرمودەکەی (عُبَادَةُ بنُ صَامت)(خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لا صَلاةَ لِمَنْ لَمْ يَقْرَأ بِفَاتِحَةِ الكِتَابِ )) واتە: نوێژی نی یە کەسێك کە(فَاتِحَةَ الكِتَاب) نەخوێنێت [رواه البخاري (٢/٢٣٦/٧٥٦) ومسلم (١/٢٩٥/٣٩٤) وغيرهما] .

***تێبینی:***

ئەوەی ڕاستە لە ڕای زانایاندا ئەوەیە کە خوێندنی سورەتی( الفَاتِحَة)(رُكْن)ە... لە سەر یەکێك خۆی بە تەنیا نوێژ بکات ، وە لە سەر کەسێکیش لە نوێژی کۆمەڵدا دەنگی پێشەوا نەبیستێت ، بەڵام ئەگەر دەنگی پێشەوای بیست ، ئەوە لە سەرێتی تەنها گوێ بگرێت ، لە بەر فەرمودەی خوای گەورە لە سورەتی: (الأعراف:٢٠٤)دا کە دەفەرمێ: ﴿ وَإِذَا قُرِيءَ القُرْآنُ فَاسْتَمِعُواْ لَهُ وَأَنْصِتُواْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴾ وە لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو مُوسَى الأشْعَري) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( وَإِذَا قَرَأَ فَأَنْصِتُوا )) واتە: وە ئەگەر– پێش نوێژ –قورئانی خوێند ئەوە بێدەنگ بن [رواه مسلم (١/٣٠٤/٤٠٤) بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم مەسەلەیە بڕوانە (صفة صلاة النبي) (ﷺ) للألباني (ل٧٠–٧١) ] .

(١٣٩) لە بەر فەرمودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (الحج:٧٧)دا کە دەفەرمێ: ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ ارْكَعُواْ وَاسْجُدُواْ... ﴾ واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە (رُكُوْع) و(سُجُوْد) ببەن ...

وە لە بەر فەرمودەی ( المُسِيءُ صَلاتَه ) کە(أَبُو هُرَيْرَة) دەیگێڕێتەوە کەوا فەرمووی: پیاوێك هاتە ژووری مزگەوتەوە وپێغەمبەری خوایش (ﷺ) لە لایەکی مزگەوتەوە دانیشتبوو،

منتدى إقرأ الثقافي

........................................

جا نوێژی کرد ، پاشان هات و(سَلاَم)ی لێ کرد ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فـەرموو: (( وَعَلَيْكَ السَّلاَمُ ، ارْجِعْ فَصَلِّ فإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ )) واتە: (سَلاَم) لە سەر خۆت ، بگەڕێرەوە نوێژ بکە ، چونکە تۆ نوێژت نەکردوە . جا گەڕایەوە و نوێژی کرد ، پاشان هاتـەوە و(سَلاَم)ی لێ کرد ، جا پێی فەرموو: (( وَعَلَيْكَ السَّلاَمُ ، فَارْجِعْ فَصَلِّ فإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ )) واتە: (سَلاَم) لە سەر خۆت ، بگەڕێرەوە نوێژ بکە ، چونکە تۆ نوێژت نەکردوە . جا لە دووەم جار دا ، یان لەوەی دوای ئەوەدا ووتی: فێرم کە ئەی پێغەمبەری خـوا ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إذا قمت إلى الصلاة فأسبغ الوضوء ، ثم اقرأ بما تيسر معك من القرآن ، ثُمَّ ارْكَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ رَاكِعًا ، ثم ارفع حتى تستوي قائما ، ثم اسجد حتى تطمئن ساجدا ، ثم ارفع حتى تطمئن جالسا ، ثم اسجد حتى تطمئن ساجدا ، ثم ارفع حتى تطمئن جالسا ، ثم افعل ذلك في صلاتك كلها )) واتە: ئەگەر هەڵسای بۆ نوێژ ئەوە دەست نوێژ بە چاکی بگرە ، پاشان چەندێك بۆت ئاسان دەبێت قورئان بخوێنە ، پاشان (رُكوع)ببە و بمێنەوە تێیدا تا لە جووڵە دەبڕێیت ، پاشان بەرز بەرەوە تا ڕاست دەبیتەوە بە وەستانەوە ، پاشان (سُجود)ببە و بمێنەوە تێیدا تا لە جووڵە دەبڕێیت ، پاشان بەرز بەرەوە تا ڕاست دەبیتەوە بە دانیشتنەوە ، پاشان (سُجود)ببە و بمێنەوە تێیدا تا لە جووڵە دەبڕێیت ، پاشان بەرز بەرەوە تا ڕاست دەبیتەوە بە دانیشتنەوە ، پاشان ئەمە بکەرەوە لە هەموو نوێژەکەتدا [رواه البخاري (٦٢٥١/٣٦/١١) و مسلم (٣٩٧/٢٩٨/١) وغيرهما بألفاظ وزيادات مختلفة ].

__تێبینی:__

**سوننەتە لە کاتی (رُکوع)دا ئەم زیکرانە بخوێنرێت :** (حُذَيْفَة)(خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( صَلَّيْتُ مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) فَكَانَ يَقُولُ فِي رُكُوعِهِ: سُبْحَانَ رَبِّيَ العَظِيمِ ، وَفِي سُجُودِهِ: سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى )) واتە: من لە گەڵ پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) نوێژم کرد ، جا لە (رُکوع)یدا دەیفەرموو : سُبْحَانَ رَبِّيَ العَظِيمِ ، وە لە(سُجُود)یشیدا دەیفەرموو: سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى [ رواه أبو داود(١/رقم/٨٧١) والترمذي(٢٦١/١٦٤/١) والنسائي(١٩٠/٢) وهو حديث صحيح بروانە صحيح النسائي(١٠٠١)] .

وە لە فەرموودەکەی (عُقْبَةُ بنُ عَامِر)دا( خوای لێ ڕازی بێت) هاتوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) سێ جار ئەم زیکرەی دەکرد [رواه أبو داود(١/رقم/٨٧٠) وغيره وهو حديث صحيح بروانە صفة الصلاة للألباني:١٢٧ ] .

منتدى إقرأ الثقافي

### وە هەڵسانەوە لە (رُكُوْع) ومانەوە تێیدا تا لە جووڵە دەبڕێت(١٤٠)،

وە فەرموودەكەی (عَائِشَة)(خوای لیٚ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: (( أنَّ النَّبِيَّ(ﷺ) كَانَ يَقُوْلُ فِي سُجُوْدِهِ وَرُكُوْعِهِ : سُبُّوْحٌ قُدُّوْسٌ رَبُّ المَلائِكَةِ وَالرُّوْحِ )) واتـە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە (رُكُوْع) بردن و(سُجُوْد) بردنی دا دەیفەرموو: سُبُّوْحٌ قُدُّوْسٌ رَبُّ المَلائِكَةِ وَالرُّوْحِ [رواه مسلم(١/رقم/٤٨٧) وأبو داود(١/رقم/٨٧٢) وغيرهما ] .

وە فەرموودەكەی (عَلِي) (خوای لیٚ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: (( وَإذَا رَكَعَ قَالَ: اللَّهُمَّ لَكَ رَكَعْتُ ، وَبِكَ آمَنْتُ ، وَلَكَ أسْلَمْتُ ، خَشَعَ لَكَ سَمْعِي وَبَصَرِي وَمُخِّي وَعَظْمِي وَعَصَبِي )) واتە: وە ئەگەر (رُكُوْع)ی ببردایە دەیفەرموو : اللَّهُمَّ لَكَ رَكَعْتُ ، وَبِكَ آمَنْتُ ، وَلَكَ أسْلَمْتُ ، خَشَعَ لَكَ سَمْعِي وَبَصَرِي وَمُخِّي وَعَظْمِي وَعَصَبِي [رواه مسلم (١/رقم/٧٧١) وأبو داود وأحمد وغيرهم ] .

وە فەرموودەكەی (عَائِشَة) (خوای لیٚ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: (( كَانَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) يـكْثِرُ أنْ يَقُوْلَ فِي رُكُوْعِهِ وَسُجُوْدِهِ : سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَبِحَمْدِكَ ، اللَّهُمَّ إغْفِرْ لِي . يَتَأوَّلُ القُرْآنَ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر جار لە (رُكُوْع) بردن و(سُجُوْد) بردن دا دەیفەرموو: سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَبِحَمْدِكَ ، اللَّهُمَّ إغْفِرْ لِي ، كاری بە ئایەتی ﴿ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ ﴾ دەكرد [رواه البخاري (٩/رقم/٤٩٦٨) ومسلم(١/رقم/٤٨٤) وغيرهما ] .

(١٤٠) لە بەر فەرموودەكەی (أبُو مَسْعُود الأنْصَارِي) (خوای لیٚ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لا تُجْزِيءُ صَلاةٌ لا يُقِيْمُ الرَّجُلُ فِيْهَا صُلْبَهُ فِي الرُّكُوْعِ وَالسُّجُوْدِ )) واتە: نوێژێك تەواو نییە تاوەكو ئەو كەسە پشتی بە تەواوەتی لە پاش( رُكُوْع)و( سُجُود ) ڕاست دەكاتەوە [رواه ابو داود (٣ /٩٣/٨٤٠) والترمذي (١/١٦٥/٢٦٤) وغيرهما وهو حديث صحيح بروانە صحيح ابن ماجة(٧١٠)].

وە لە فەرموودەی ( المُسِيءُ صَلاتَـهِ)دا هـاتووە ((... ثُمَّ إرْفَعْ حَتَّى تَعْتَدِلَ قَائِمَاً...)) واتە: ... پاشان هەڵبسەرەوە لە(رُكُوع) تا بە تەواوەتی بە پێوە ڕاست دەبیتەوە ... بروانە(پ١٣٩) .

**تێبینی:**

قەدەغە كراوە لە تەماشا كردنی ئاسمان لە كاتی دوعا كردندا لە نوێژ دا ، لە بەر فەرموودەكەی (أبُو هُرَيْرَة)(خوای لیٚ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی:

منتدى إقرأ الثقافي

وە چوونە (سُجُوْد)دا و مانەوە تێیدا تا لە جووڵە دەبڕێت[١٤١] ،

((لَيَنْتَهِيَنَّ أَقْوَامٌ عَنْ رَفْعِهِمْ أَبْصَارَهُمْ عِنْدَ الدُّعَاءِ فِي الصَّلاةِ إِلَى السَّمَاءِ أَوْ لَتُخْطَفَنَّ أَبْصَارُهُمْ )) واتە: کەسانێك کە تەماشای ئاسمان دەکەن لە دوعا کردنی نوێژدا یان واز دێنن لەوە ، وە یان چاویان کوێر دەبێت [ رواه مسلم(١/٣٢١/٤٢٩) والنسائي(٣/٣٩)] .

(١٤١) لە بەر ئایەتەکەی پێشوو بڕوانە (پ١٣٩) .

وە لە بەر فەرموودەی: (المسيءُ صَلاته) کە تێیدا هاتووە (( ... ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِداً ، ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ جَالِساً ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِداً ... )) واتە: ... پاشان (سُجُود) ببە و بمێنەوە تێیدا تا لە جووڵە دەبڕێیت ، پاشان لە(سُجُود) هەڵسەرەوە و دانیشە تا لە جووڵە دەبڕێیت ، پاشان (سُجُود) ببەرەوە و بمێنەوە تا لە جووڵە دەبڕێیت ... بڕوانە (پ١٣٩) .

## چەند تێبینیەك:

**یەکەم:** ئەندامەکانی (سُجُود) حەوتن ، لە بەر فەرموودەکەی (إبنُ عبَّاس)(خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( أُمِرْتُ أَنْ أَسْجُدَ عَلَى سَبْعَةِ أَعْظُمٍ : عَلَى الجَبْهَةِ _ وَأَشَارَ بِيَدِهِ عَلَى أَنْفِهِ _ وَالْيَدَيْنِ وَالرُّكْبَتَيْنِ وَأَطْرَافِ الْقَدَمَيْنِ .. )) واتە: فەرمانم پێ کراوە کەوا (سُجُود) لە سەر حەوت ئێسقان ببەم ، لە سەر توێڵ _ وە بە دەستی ئاماژەی کرد بۆ لوتی _ و هەردوو دەست(لەپ) و هەردوو ئەژنۆ و پەنجەکانی هەردوو پێ .. [رواه البخاري (٢/٢٩٧/٨١٢) ومسلم(١/٣٥٤/٤٩٠)].

**دووەم:** قەدەغە کراوە ڕاخستنی هەردوو باڵ لە کاتی (سُجُود)دا ، لە بەر فەرموودەکەی (أنس)(خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (( إِعْتَدِلُوا فِي السُّجُودِ ، وَلا يَبْسُطْ أَحَدُكُمْ ذِرَاعَيْهِ إِنْبِسَاطَ الْكَلْبِ )) واتە: ڕێك وپێك بن لە (سُجُود) بردندا ، وە هیچ کەسێکتان باڵ ڕامەخەن وەکو ڕاخستنی سەگ [ رواه البخاري(٢/رقم/٨٢٢) ومسلم(١/٣٥٥/٤٩٣) وأصحاب السنن ] .

**سێیەم:** سوننەتە لە (سُجُود)دا ئەم زیکرانە بخوێنرێت: (( سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى _ سێ جار _ . سُبُّوحٌ قُدُّوسٌ رَبُّ الْمَلائِكَةِ وَالرُّوحِ . اللَّهُمَّ لَكَ سَجَدْتُ ، وَبِكَ آمَنْتُ ، وَلَكَ أَسْلَمْتُ ، سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِي خَلَقَهُ وَصَوَّرَهُ ، وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ ، تَبَارَكَ اللهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ . سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَبِحَمْدِكَ ، اللَّهُمَّ إِغْفِرْ لِي )) لە بەر فەرموودەکەی (حُذَيْفَة)و(عُتْبَة)و(عَائِشَة)و(عَلِي) (خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە تێبینی دوای(پ١٣٩) .

منتدى إقرأ الثقافي

وە دانیشتن لە نێوان هەردوو(سُجُوْد)ەکەدا و مانەوە تێیدا تا لە جوولە دەبڕێت[١٤٢]، وە دانیشتنی کۆتایی و خوێندنی تەحیات تێیدا و سەڵاوات دانە سەر پێغەمبەری خوا و کەس وکاری لە پاش تەحیاتەکە[١٤٣]،

(١٤٢) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو مَسْعُود الأنْصَارِي)(خوای لێ رازی بێت) بڕوانە (پ١٤٠) .

وەفەرموودەی (المُسِيءُ صَلَاتِهِ) بڕوانە(پ١٤١) .

**تێبینی:**

سوننەتە لە نێوانی هەردوو سوجدەکەدا ئەم زیکرانە بخوێنرێت ، (حُذَيْفَة)( خوای لێ رازی بێت) دەفەرمێ (( أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ يَقُوْلُ بَيْنَ السَّجْدَتَيْنِ: رَبِّ اغْفِرْ لِي ، رَبِّ اغْفِرْ لِي )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نێوانی هەردوو سوجدەکەدا دەیفەرموو: رَبِّ اغْفِرْ لِي ، رَبِّ اغْفِرْ لِي [ رواه إبن ماجة(١/٢٨٩/٨٩٧) وهو حديث صحيح بڕوانە صحيح إبن ماجة(٧٣١)].

وە(إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) دەفەرمێ (( أَنَّ النَّبِيَّ(ﷺ) كَانَ يَقُوْلُ بَيْنَ السَّجْدَتَيْنِ : اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي وَارْحَمْنِي وَاجْبِرْنِي وَاهْدِنِي وَارْزُقْنِي )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نێوانی هەردوو سوجدەکەدا دەیفەرموو: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي وَارْحَمْنِي وَاجْبِرْنِي وَاهْدِنِي وَارْزُقْنِي [ رواه أبو داود(١/رقم/٨٥٠) والترمذي(١/١٧٥/٢٨٣) وإبن ماجة(١/٢٩٠/٨٩٨) وهو صحيح بڕوانە صحيح إبن ماجة(٧٣٢) ] .

(١٤٣) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ مَسْعُود) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كُنَّا نَقُوْلُ فِي الصَّلَاةِ خَلْفَ رَسُوْلِ اللهِ (ﷺ) ، السَّلَامُ عَلَى اللهِ ، السَّلَامُ عَلَى فُلَانٍ ، فَقَالَ لَنَا رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) ذَاتَ يَوْمٍ : إِنَّ اللهَ هُوَ السَّلَامُ ، فَإِذَا قَعَدَ أَحَدُكُمْ فِي الصَّلَاةِ ، فَلْيَقُلْ ، التَّحِيَّاتُ للهِ وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ ، السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكَاتُهُ ، السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللهِ الصَّالِحِينَ _ فَإِذَا قَالَهَا أَصَابَتْ كُلَّ عَبْدٍ للهِ صَالِحٍ فِي السَّمَاءِ وَالأَرْضِ _ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ ثُمَّ يَتَخَيَّرُ مِنَ المَسْأَلَةِ مَا شَاءَ )) واتە: ئێمە لە پشت پێغەمبەری خواوە (ﷺ) نوێژمان دەکرد دەمانووت : السَّلَامُ عَلَى اللهِ ، السَّلَامُ عَلَى فُلَانٍ ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژێکیان فەرمووی: بە ڕاستی خوای گەورە خۆی (السَّلام)ە ، جا ئەگەر یەکێکتان دانیشت لە



منتدى إقرأ الثقافي

.............................

نوێژەکەی بۆ تەحیات خوێندن ، ئەوە با بڵێت : التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ ، السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكَاتُهُ ، السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللهِ الصَّالِحِينَ _ جا ئەگەر ئەوە بڵێت ئەوە هەموو بەندەیەکی پیاو چاکی خوای گەورە دەگرێتەوە لە ئاسمان و زەویدا _ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ ، پاشان هەرچی دوعایەك هەڵدەبژێرێت با بیکات [رواه البخاري (٦٢٦٥/٥٦/١١) مع الفتح ومسلم (٤٠٢/٣٠١/١)واللفظ له] .

وە تەحیات بە چەند ڕیوایەتێکی تریش هاتوە ، باشترینیان ئەمەی (ابنُ مَسْعُود)ە(خوای لێ ڕازی بێت) .

وە سەڵاوات دانە سەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە تەحیاتی کۆتاییدا(رُکن)ە لە نوێژ دا ، لە بەر فەرموودەکەی (فُضَالَةَ بن عُبَيْد)(خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پیاوێکی بینی نوێژی کرد سوپاس و ستایشی پەروەدگاری نەکرد و سەڵاواتی لە سەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەدا و نوێژەکەی تەواو کرد ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (( عَجِّلَ هَذَا )) واتە: ئەمە پەلەی کرد . جا بانگی کرد و بە ئەو و کەسانی تریشی فەرموو: (( إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ فَلْيَبْدَأ بِتَمْجِيدِ رَبِّهِ وَالثَّنَاءِ عَلَيْهِ وَلْيُصَلِّ عَلَى النَّبِيِّ (ﷺ) ، ثُمَّ يَدْعُوا بِمَا شَاءَ )) واتە: ئەگەر یەکێکتان نوێژی کرد با بە(تَمْجِيد)ی پەروەردگاری دەست پێ بکات ، وە ستایشی لە سەر بکات ، وە سەڵاوات لە سەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) بدات ، پاشان با داوای هەر شتێك بکات کە ویستی لێیەتی [رواه ابو داود (١٤٦٨/٣٥٤/٤) والترمذي (٣٥٤٦/١٨٠/٥) وهو حديث صحيح بروانە صحيح النسائي(١٢١٧) ].

وە شێوەی سەڵاوات دانە سەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە چەند جۆرێك هاتوە لە سوننەتدا ، لەوانە فەرموودەکەی (أَبُو مَسْعُودٍ الأَنْصَارِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أَتَانَا رَسُولُ اللهِ (ﷺ) وَنَحْنُ فِي مَجْلِسِ سَعْدِ بْنِ عُبَادَةَ ، فَقَالَ لَهُ بَشِيرُ إِبْنُ سَعْدٍ: أَمَرَنَا اللهُ تَعَالَى أَنْ نُصَلِّي عَلَيْكَ ، يَا رَسُولَ اللهِ ! فَكَيْفَ نُصَلِّي عَلَيْكَ ؟ قَالَ: فَسَكَتَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) ، حَتَّى تَمَنَّيْنَا أَنَّهُ لَمْ يَسْأَلْهُ . ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): قُولُوا: اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ ، وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ ، فِي العَالَمِينَ إِنَّكَ حَمِيدٌ



منتدى إقرأ الثقافي

وە(سَلام)دانەوەی یەکەم (١٤٤)، وە بە ڕیز کردنی ئەم پایانە لە نوێژ دا بە بێ پاش و پێش خستن (١٤٥).

---

مَجِيْدٌ . وَالسَّلَامُ كَمَا قَدْ عَلِمْتُمْ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ لامان ، کاتێك کە لە لای (سَعْدُ بنُ عُبَادَةَ)دا دانیشتووبوین ، جا (بَشِيْرُ إِبْنُ سَعْدٍ) پێی ووت: ئەی پێغەمبەری خوا ! ئێمە خوای گەورە فەرمانی پێ کردوین سەڵاواتت لە سەر بدەین ، جا چۆن سەڵاواتت لە سەر بدەین ؟ (أَبُو مَسْعُوْدِ الأَنْصَارِي) ووتی: جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بێدەنگ بوو ، تا خۆزگەمان خواست کەوا پرسیاری لێ نەکردایە ، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بڵێن: اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيْمَ ، وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيْمَ ، فِي العَالَمِيْنَ إِنَّكَ حَمِيْدٌ مَجِيْدٌ . وە(سَلَام)کردنیش بەو شێوەیە کە فێر بوون [رواه مسلم(١/رقم/٤٠٥)].

وە فەرموودەکەی (كَعْبُ بْنُ عُجْرَةَ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: ووتمان: — ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) — فێربوین چۆن (سَلَام)ت لە سەر بکەین ، ئەی چۆن سەڵاواتت لە سەر بدەین ؟ فەرمووی: بڵێن: (( اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيْمَ ، إِنَّكَ حَمِيْدٌ مَجِيْدٌ ، اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيْمَ ، إِنَّكَ حَمِيْدٌ مَجِيْدٌ )) [رواه مسلم(١/رقم/٤٠٦)] .

**تێبینی:**

لە جیاتی (( السَّلامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ )) هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پاش وەفات کردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیانفەرموو (( السَّلامُ عَلَى النَّبِيِ..)) چونکە (عَلَيْكَ)ە بۆ (خِطَاب)ەو بۆ کاتی زیندووی بووە ، بەڵام پاش وەفات کردنی دەبێت سەلام کردنەکە بە(غَائِب)بێت ، واتە بە(( السَّلامُ عَلَى النَّبِيِ..))بێت . جا بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم مەسەلەیە بڕوانە [فتح الباري لابن حجر العسقلاني (٢/٣١٤) و صفة صلاة النبي (ﷺ) للألباني (١٢٦)].

(١٤٤) لە بەر فەرموودەکەی (عَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ١٣٧) .

(١٤٥) لە بەر هەموو ئەو فەرموودانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) __ گوفتار بێت یان کردار __ کە باس لە چۆنێتی نوێژ کردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکات ، کە هەموویان کۆن لە سەر بە ڕیز کردنی ئەم پایانە ، وە هیچ فەرموودەیەکیشمان نییە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) جارێك لە نوێژ کردنیدا ئەم پایانەی بە ڕیز نەکردبێت .

منتدى إقرأ الثقافي

# پێویستیەکانی نوێژ
# (وَاجِبَاتُ الصَّلاة)

## دەست ڕاست خستنە سەر دەستی چەپ و دانانی لە سەر سینگ ، لە کاتی ڕاوەستاندا بۆ قورئان خوێندن(١٤٦)،

(١٤٦) لە بەر فەرموودەکەی (وَائِلُ بنُ حِجْر) (خوای لیٚ رازی بێت) : (( أَنَّهُ رَأَى النَّبِي (ﷺ) رَفَعَ يَدَيْهِ حِينَ دَخَلَ فِي الصَّلاةِ ... ثُمَّ وَضَعَ يَدَهُ اليُمْنَى عَلَى اليُسْرَى ... )) واتە: کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بینی دەستی بەرز کردەوە کاتێك دەستی بە نوێژ کردن کرد ... پاشان دەستی ڕاستی خستە سەر دەستی چەپی ... [رواه مسلم (١/٣٠١/٤٠١) و ابو داود بروانه الإرواء (٣٥٢)] .

وە لە بەر فەرموودەکەی (إِبنُ عَبَّاس)(خوایان لیٚ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِنَّا مَعْشَرَ الأَنْبِيَاءِ أُمِرْنَا بِتَعْجِيلِ فِطْرِنَا وَتَأْخِيرِ سُحُورِنَا ، وَأَنْ نَضَعَ أَيْمَانِنَا عَلَى شَمَائِلِنَا فِي الصَّلاةِ )) واتە: ئێمەی کۆمەڵی پێغەمبەران فەرمانمان پیٚ کراوە بە پەلەو زوو شکاندنی ڕۆژو و دواخستنی پارشێو ، وە دەستی ڕاستمان بخەینە سەر دەستی چەپمان لە نوێژدا [رواه ابن حبان في صحيحه (٨٨٥- موارد) والطبراني في الكبير والأوسط (١/١٠)ومن طريقهما الضياء المقدسي في المختارة (٦٣/١٠/٢) . وصححه السيوطي في التنوير الحالك (١/١٧٤) وصححه الألباني في صفة الصلاة (ل٦٠) الطبعة الخامسة عشر(بغداد) ].

وە فەرموودەکەی (سَهْلُ بنُ سَعْد) (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كَانَ النَّاسُ يُؤْمَرُونَ أَنْ يَضَعَ الرَّجُلُ يَدَهُ اليُمْنَى عَلَى ذِرَاعَهُ اليُسْرَى فِي الصَّلاةِ )) واتە: خەڵکی فەرمانیان پیٚ دەکرا کەوا هەر پیاوێك دەستی ڕاستی بخاتە سەر باڵی چەپی لە نوێژ دا . (أَبُو حَازِم) __ کە یەکێکە لەوانەی فەرموودەکە دەگێڕنەوە __ فەرمووی: (( لا أَعْلَمُهُ إِلاَّ يَنْمِي ذَلِكَ إِلَى النَّبِي (ﷺ) )) واتە: من وا دەزانم مەبەستی ئەوەیە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پیٚ دەکردن [رواه البخارى (٢/٢٢٤/٧٤٠) ومالك (١١١/٣٧٦) ].

وە فەرموودەکەی (وَائِلُ بنُ حِجْر) کەوا فەرمووی: (( صَلَّيْتُ مَعَ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) وَ وَضَعَ يَدَهُ اليُمْنَى عَلَى يَدِهِ اليُسْرَى عَلَى صَدْرِهِ )) واتە: نوێژم لە گەڵ پێغەمبەری خوا دا کرد (ﷺ) جا دەستی ڕاستی خستە سەر دەستی چەپی ، وە لە سەر سینگی داینا [رواه إبن خزيمه (١/٢٤٣/٤٧٩) وهو حديث صحيح بروانه الإرواء (٣٥٢)].

منتدى إقرأ الثقافي

**وە پەنا گرتن بە خوا لە شەیتان پێش(فَاتِحَە) خوێندنی ڕکاتی یەکەم[147] وە ووتنی (آمِیْن) پاش (فَاتِحَة) خوێندنی پێش نوێژ[148]، وە (اللهُ أَكْبَر)ەکانی نێوان پایەکان[149]، وە (سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ ، رَبَّنَا لَكَ الحَمْدُ)کردن پاش هەستانەوە لە (رُكُوْع)[150]،**

وە هەروەها بۆ زیاتر دڵنیا بوون کەوا هەر ئەمە سوننەتی ڕاستی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) بڕوانە [صفة الصلاة النبي (ﷺ) (ل ٦١) الطبعة الخامسة عشرة (بغداد)].

(١٤٧) لە بەر فەموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (النحل: ٩٨)دا کە دەفەرمێ: ﴿ فَإِذَا قَرَأْتَ القُرْآنَ فَاسْتَعِذْ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيْمِ ﴾ واتە: هەر کاتێ کە ویستت قورئان بخوێنیت پەنا بگرە بە خوا لە شەیتانی ڕەجیم .

وە لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيد) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((...پاشان دەڵێ: أَعُوْذُ بِاللهِ السَّمِيْعِ العَلِيْمِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيْمِ مِنْ هَمْزِهِ وَنَفْخِهِ وَنَفْثِهِ )) [رواه الترمذي (٢٤٢/٩/٢) وأبوداود (٧٧٥/٤٩٠/١) وغيرهما وهو حديث صحيح بروانه الإرواء (٣٤٢)]

(هَمْزِه): دەست وەشاندنی شەیتان ، (نَفْخِه): فیز زلی شەیتان ، (نَفْثِه): شیعری شەیتان.

[بروانه فقه السنة (١٢٥/١)].

(١٤٨) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( وَإِذَا قَالَ الإِمَامُ ﴿ غَيْرِ المَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّآلِّيْنَ ﴾ فَقُوْلُوا آمِيْن ، فَمَنْ وَافَقَ قَوْلُهُ قَوْلَ المَلَائِكَة ، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ )) واتە: ئەگەر پێش نوێژ ووتی: ﴿ غَيْرِ المَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّآلِّيْنَ ﴾ ئەوە ئێوەش بڵێن: (آمين) ، جا هەر کەسێك ووتەکەی لە گەڵ ووتەی فریشتەکاندا جووت بوو ئەوە _ خوای گەورە _ لە هەموو تاوانەکانی پێشی دەبوورێت [رواه البخاري (٤٤٧٥/١٥٩/٨)].

( آمِيْن): وەڵامم بدەرەوە ئەی خوایە .

(١٤٩) لە بەر ئەوەی هەندێك لە ڕیوایەتەکانی فەرموودەی (المُسِيءَ صَلَاتِـه) پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کردوە [رواه ابوداود (٨٤٢/٩٩/٣) وهو صحيح بروانه صحيح أبي داود (٧٦٣)].

وە بێ گومان فەرمان(أَمْر)یش بۆ پێویست(وَاجِب)ە مەگەر بەڵگەیەك لای بدات .

(١٥٠) ئەویش هەر لە فەرموودەکەی (المُسِيءَ صَلَاتِهِ)دا فەرمانی پێ کراوە ، بڕوانە (پ١٤٩) .

منتدى إقرأ الثقافي

**وە دانیشتن بۆ (تَحِيَّات)ی یەکەم و خوێندنی (تَحِيَّات) تێیدا [١٥١]، وە پەنا بردن بە خوا لە چوار شتەکە پێش (سَلام) دانەوە [١٥٢] ، وە دانانی (سُتْرَه) [١٥٣].**

(١٥١) لە بەر ئەوەی لە هەندێك لە ڕیوایەتەکانی فەرموودەی (المُسيءَ صَلاتَه)دا فەرمووی : (( **فَإِذَا جَلَسْتَ فِي وَسَطِ الصَّلاةِ فَاطْمَئِنْ وَافْتَرِشْ فَخِذَكَ الْيُسْرَى ثُمَّ تَشَهَّدْ** )) واتە: جا ئەگەر دانیشتیتەوە لە ناوڕاستی نوێژدا ، ئەوە لە سەر پێی چەپت دابنیشە و تەحیات بخوێنە..)) [رواه أبوداود (٨٤٥/١٠٢/٣) وهو حديث صحيح بروانه صحيح أبي داود (٧٦٦)].

(١٥٢) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **إِذَا فَرَغَ أَحَدُكُمْ مِنَ التَّشَهُّدِ الآخِرِ فَلْيَتَعَوَّذْ بِاللهِ مِنْ أَرْبَعٍ : مِنْ عَذَابِ جَهَنَّم ، وَمِنْ عَذَابِ القَبْرِ ، وَمِنْ فِتْنَةِ المَحْيَا وَالمَمَات ، وَمِنْ شَرِّ المَسِيحِ الدَّجَّال** )) واتە: ئەگەر هەر یەکێکتان لە خوێندنی تەحیاتی کۆتایی بوەوە ، ئەوە پەنا بگرێت بە خوای گەورە لە چوار شت: لە سزای دۆزەخ ، وە لە سزای ناو گۆڕ ، وە لە تاقی کردنەوەی ژیان و مردن ، وە لە خراپەی مەسیحی درۆزن [رواه مسلم (٥٨٨/٤١٢/١) وابو داود (٦٦٨/٢٧٢/٣) وغيرهما ].

(١٥٣) (سُتْرَه): ئەو شتەیە کە نوێژکەر دەیخاتە بەردەم خۆی کاتێك نوێژ دەکات ، بۆ ئەوەی هیچ شتێك بە بەردەم نوێژەکەیدا تێپەڕ نەبێت نوێژەکەی پێ ببڕێت ، وە بۆ ئەوەی چاویشی لەوە زیاتر تێپەڕ نەکات وبیری بە لای هیچی تر دا نەچێت .

وە پێویست(وَاجِب)یشە ، لە بەر ئەو فەرموودانەی کە فەرمان بە دانانی (سُتْرَه) دەکەن ، وە قەدەغەیش دەکەن لە نوێژ کردن بە بێ (سُتْرَه) لەوانە فەرموودەکەی (سَهْلُ بنُ أَبِي حَثْمَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ فَلْيُصَلِّ إِلَى سُتْرَةٍ ، وَلْيَدْنُ مِنْهَا ، لاَ يَقْطَعُ الشَّيْطَانُ عَلَيْهِ صَلاتَه** )) واتە: ئەگەر یەکێکتان نوێژتان کرد ، ئەوە با نوێژ بەرەو (سُتْرَه)یەك بکات ، وە لێیەوە نزیك ببێتەوە ، بۆ ئەوەی شەیتان نوێژەکەی پێ نەبڕێت [رواه الحاكم (٢٥١/١) وهذا لفظه و رواه ابو داود (٦٨١/٣٨٨/٢) والنسائي (٦٢/٢) بلفظ آخر : (( **إِذَا صَلَّى أَحَدُكُم إِلَى سُتْرَة ..** )) وهو حديث صحيح بروانە صحيح النسائي (٧٢٢)].

منتدى إقرأ الثقافي

.................................

وە ئەو (سُتْرَە)یە ئەنجام دەدرێت بە دیوار یان دنگە(پایە)ی مزگەوت یان دار یان هەر شتێکی تر بەرزێکەی نزیکەی (٣٠سم) ببێت ، بە بەڵگەی فەرموودەکەی (طَلْحَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِذَا وَضَعَ أَحَدُكُمْ مِثْلَ مُؤْخِرَةِ الرَّحْلِ فَلْيُصَلِّ ، وَلَا يُبَالِ مَنْ مَرَّ وَرَاءَ ذَلِكَ )) واتە: ئەگەر یەکێکتان لە بەردەم خۆیدا شتێکی دانا ئەوەندەی پشت بارێك ـــ باری ووشتر ـــ دەبوو ، ئەوە گوێ بەوە نەدا چی لەو دیوی (سُتْرَە) کەوە تێ دەپەڕێ [رواه مسلم (٤٩٩/٣٥٨/١) والترمذي (٣٣٤/٢١٠/١) وغيرهما] .

وە دووری ئەو (سُتْرَە)یە با لە دوو بست زیاتر نەبێت ، لە بەر فەرموودەکەی (سَهْلُ بنُ سَعْد) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كَانَ بَيْنَ مُصَلَّى رَسُوْلِ اللهِ (ﷺ) وَبَيْنَ الجِدَارِ مَمَرُّ الشَّاةِ )) واتە: لە نێوان شوێنی نوێژی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و دیوارەکەدا ـــ کە کردبووی بە(سُتْرَە) ـــ بە ئەندازەی تێپەڕ بوونی شەکێك بوو [رواه البخاری (٥٠٨/٥٧٤/١) ومسلم (٥٠٨ /٣٦٤/١) وغيرهما].

وە لە نوێژی کۆمەڵدا پێش نوێژ(إِمَام) خۆی (سُتْرَە)یە بۆ هەموو(مَأْمُوْم)ەکان ، بەڵام خۆی دەبێت (سُتْرَە)ی هەبێت .

وە دروستە کەسێك یان هەر شتێك بە نێوان ڕیزەکاندا تێبپەڕێت تەنها بە بەردەمی پێش نوێژ دا نەبێت ، لە بەر فەرموودەکەی (اِبْنُ عَبَّاس)(خوایان لێ ڕازی بێت) کە بە سواری جاشکێکەوە بە نێوان ڕیزەکانی نوێژ دا تێپەڕ بووە لە نوێژی کۆمەڵدا لە پشت پێغەمبەرەوە (ﷺ) وە کەسیش هیچی نەوتووە [رواه البخاری (٤٩٣/٥٧١/١) ومسلم (٥٠٤/٣٦١/١) وغيرهما].

وە لە ڕیوایەتی (البُخَارِي)دا زیادەیەك هەیە ، کەوا (اِبْنُ عَبَّاس) دەڵێت: وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دیوار لە پێشیدا نەبووە ، ئەم زیادەیە هەندێك دەیکەنە بەڵگە کەوا (سُتْرَە) پێویست(واجب)نییە ، **بەڵام** ئەمە وا نییە ، چونکە کاتێك فەرمووی دیوار لە پێشیدا نەبووە ، ئەمە مانای وا نییە کە هەر (سُتْرَە)ی نەبووە ، بەڵکو لەوانەیە (سُتْرَە)ەکەی دارێك ببێت ، وەك زۆر بەی جار لە (مُصَلَّى)دا دارێکیان بۆ چەقاندوە بە زەویدا و کردویانە بە (سُتْرَە) بۆی (ﷺ) ، (وَاللهُ أَعْلَم) .

منتدى إقرأ الثقافي

# سوننەتەکانی نوێژ
## (سُنَنُ الصَّلاة)

دەست بەرز کردنەوە ، بۆ (اللهُ أَكْبَر)ی دابەستنی نوێژ ، وە بۆ (اللهُ أَكْبَر)ی چوونە (رُكُوع)دا ، وە بۆ هەڵسانەوە لە (رُكُوع) ، وە بۆ هەڵسانەوە لە تەحیاتی یەکەم(١٥٤) ، وە جار بە جار دەتوانرێت بۆ هەموو دابەزین و بەرز بوونەوەیەکیش دەست بەرز بکرێتەوە(١٥٥) ،

(١٥٤) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أَنَّ رَسُوْلَ الله (ﷺ) كَانَ يَرْفَعُ يَدَيْه حَذْوَ مَنْكِبَيْه إِذَا إِفْتَتَحَ الصَّلاة ، وَإِذَا كَبَّرَ لِلرُّكُوْع ، وَإِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ الرُّكُوْع رَفَعَهُمَا كَذَلِكَ أَيْضَاً )) واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەگەر دەستی بە نوێژ بکردایە هەردوو دەستی بە ئەندازەی شانی بەرز دەکردەوە ، وە لە کاتی (اللهُ أَكْبَر)کردندا بۆ (رُكُوْع)یش ، وە لە کاتی هەڵسانەوە لە (رُكُوْع)یش هەردوو دەستی بەرز دەکردەوە [رواه البخاري (٢/٢١٨/٧٣٥) ومسلم (١/٢٩٢/٢٢) وغيرهما].

وە (نَافِع) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمووی: (( أَنَّ إِبْنَ عُمَر كَانَ إِذَا دَخَلَ فِي الصَّلاة كَبَّرَ وَرَفَعَ يَدَيْه ، وَإِذَا رَكَعَ رَفَعَ يَدَيْه ، وَإِذَا قَالَ: سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ رَفَعَ يَدَيْه ، وَإِذَا قَامَ مِنَ الرَّكْعَتَيْنِ رَفَعَ يَدَيْه ، وَرَفَعَ ذَلِكَ إِلَى نَبِي الله (ﷺ) )) واتە: (إِبْنُ عُمَر) ئەگەر دەستی بە نوێژ بکردایە (اللهُ أَكْبَر)ی دەکرد وهەردوو دەستی بەرز دەکردەوە ، وە ئەگەر (رُكُوْع)یشی ببردایە ، هەردوو دەستی بەرز دەکردەوە ، وە ئەگەر بیووتایە: سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ ، هەردوو دەستی بەرز دەکردەوە ، وە ئەگەر هەڵسایەتەوە پاش دوو ڕکات ، هەردوو دەستی بەرز دەکردەوە ، وە ئەمەی بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرز دەکردەوە [رواه البخاري (٢/٢٢٢/٧٣٩) وأبو داود (٢/٤٣٩/٧٢٧)].

(١٥٥) لە بەر فەرموودەکەی (مَالكُ بنُ الحُوَيْرِث) (خوای لێ رازی بێت) کەوا (( أَنَّهُ رَأَى النَّبِيَّ (ﷺ) رَفَعَ يَدَيْه فِي صَلاتِه ، وَإِذَا رَكَعَ ، وَإِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ الرُّكُوْع ، وَإِذَا سَجَدَ ، وَإِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ السُّجُوْد ، حَتَّى يُحَاذِي بِهِمَا فُرُوْعَ أُذُنَيْه )) واتە: پێغەمبەری خوای (ﷺ) بینی هەردوو دەستی بەرز دەکردەوە لە نوێژەکەیدا ، وە ئەگەر (رُكُوْع)ی ببردایە ، وە ئەگەر سەری لە( رُكُوْع ) بەرز بکردایەتەوە ، وە ئەگەر (سُجُوْد)ی ببردایە ، وە ئەگەر سەری لە(سُجُود) بەرز بکردایەتەوە ، تا نزیکی لای گوێی بەرزی دەکردەوە [رواه أحمد (٣/١٦٧/٤٩٣) والنسائي (٢/٢٠٦) وهو حديث صحيح ، بروانە صحيح النسائي (١٠٤٠)].


منتدى إقرأ الثقافي

وە خوێندنی دوعای دەست پێ کردن(الإسْتِفْتَاح)ی نوێژ[١٥٦] ، وە خوێندنی قورئان لە پاش خوێندنی(فَاتِحَة) لە ڕکاتی یەکەم ودووەمدا ، وە لە ڕکاتی سێیەم و چوارەمیشدا جار بە جار[١٥٧] ،

(١٥٦) کە پاش (اللهُ أكْبَر)ی دەست پێ کردن دەخوێنرێت ، وە چەند جۆرێکی هەیە ، هەر یەکێکیان بخوێنیت هەر دروستە ، یەکێکیان فەرموودەکەی (أبوهُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كَانَ رَسُولُ اللهِ(ﷺ) إِذَا كَبَّرَ فِي الصَّلاةِ سَكَتَ هُنَيَّةً قَبْلَ القِرَاءَةِ ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ ، بِأَبِي أَنْتَ وَأُمِّي ، أَرَأَيْتَ سُكُوتَكَ بَيْنَ التَّكْبِيرِ وَالقِرَاءَةِ مَا تَقُولُ ؟ قَالَ: أَقُولُ: اللَّهُمَّ بَاعِدْ بَيْنِي وَبَيْنَ خَطَايَايَ كَمَا بَاعَدْتَ بَيْنَ المَشْرِقِ وَالمَغْرِبِ ، اللَّهُمَّ نَقِّنِي مِنْ خَطَايَايَ كَمَا يُنَقَّى الثَّوْبُ الأَبْيَضُ مِنَ الدَّنَسِ ، اللَّهُمَّ اغْسِلْنِي مِنْ خَطَايَايَ بِالثَّلْجِ وَالمَاءِ وَالبَرَدِ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پاش (اللهُ أكْبَر)ی دابەستنی نوێژ هەندێك بێ دەنگ دەبوو پێش قورئان خوێندن ، جا منیش ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا ، لە جێی دایك و باوکم بیت ، ئایا لەو بێ دەنگ بوونەتدا لە نێوان (اللهُ أكْبَر)کردن و قورئان خوێندندا چی تێدا دەڵێی ؟ ئەویش فەرمووی ، دەڵێم: ئەی خوایە ، ئەوەندە لە تاوانەکانم دوورم بخەرەوە ، وەکو دووری نێوانی ڕۆژ هەڵات و ڕۆژ ئاوا ، ئەی خوایە ، پاکم کەرەوە لە تاوانەکانم ، وەکو چۆن پۆشاکی سپی لە چڵك پاك دەکرێتەوە ، ئەی خوایە ، بمشۆرەوە لە تاوانەکانم ، بە بەفر و ئاو و تەرزە [رواه البخاری (٢/٢٢٧/٧٤٤) ومسلم (١/٤١٩/٥٩٨) وغيرهما)].

(١٥٧) لە بەر فەرموودەکەی (أبُو قَتَادَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كَانَ النَّبِيُّ(ﷺ) يَقْرَأُ فِي الرَّكْعَتَيْنِ الأُولَيَيْنِ مِنْ صَلاةِ الظُّهْرِ وَالعَصْرِ بِفَاتِحَةِ الكِتَابِ وَسُورَةٍ ، وَيُسْمِعُنَا الآيَةَ أَحْيَاناً ، وَيَقْرَأُ فِي الرَّكْعَتَيْنِ الأُخْرَيَيْنِ بِفَاتِحَةِ الكِتَابِ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕکاتی یەکەم و دووەمی نوێژی نیوەڕۆ و عەسردا (فَاتِحَةُ الكِتَاب) و سورەتێکی تری دەخوێند ، وە جار بە جار ئایەتێکیشی بە دەنگی بەرز دەخوێندەوە بۆ ئەوەی گوێمان لێ بێت ، وە لە دوو ڕکاتی دواییدا تەنها (فَاتِحَةُ الكِتَاب)ی دەخوێند [رواه مسلم (١/٢٣٢/٤٢٦)].

وە سوننەتیشە جار بە جار لە دوو ڕکاتەکەی دواییشدا قورئان دوای (فَاتِحَة) بخوێنرێت ، لە بەر فەرموودەکەی (أبو سَعِيد) (خوای لێ ڕازی بێت) (( أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ يَقْرَأُ فِي صَلاةِ الظُّهْرِ فِي الرَّكْعَتَيْنِ الأُولَيَيْنِ فِي كُلِّ رَكْعَةٍ قَدْرَ ثَلاثِيْنَ آيَةً ، وَفِي

منتدى إقرأ الثقافي

وە پەنا گرتن بە خوا لە شەیتان لە هەموو ڕکاتێکدا پێش (فاتِحَة) خوێندن(١٥٨)، وە خوێندنی دوعای تریش پاش (سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ ، رَبَّنَا لَكَ الحَمْد)(١٥٩)،

---

الأُخْرَيَيْنِ قَدْرَ خَمْسَ عَشْرَةَ آيَة ، أَوْ قَالَ: نِصْفَ ذَلِكَ ، وَفِي العَصْرِ فِي الرَّكْعَتَيْنِ الأَوْلَيَيْنِ فِي كُلِّ رَكْعَةٍ قَدْرَ قِرَاءة خَمْسَ عَشْرَةَ آيَة ، وَفِي الأُخْرَيَيْنِ قَدْرَ نِصْفَ ذَلِكَ )) واتە: کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نوێژی نیوەڕۆدا لە دوو ڕکاتی پێشەوە دا لە هەر ڕکاتێکیدا بە ئەندازەی سی(٣٠) ئایەتی دەخوێند ، وە لە دوو ڕکاتی دوایش بە ئەندازەی پانزە(١٥) ئایەتی دەخوێند – یان ووتی : بە نیوەی ئەوە – وە لە نوێژی عەسر دا لە دوو ڕکاتی پێشەوە دا بە ئەندازەی پانزە(١٥) ئایەتی دەخوێند ، بەڵام لە دوو ڕکاتی دواییدا بە ئەندازەی نیوەی ئەوەی دەخوێندەوە [رواه مسلم (٤٥٢/٣٣٤/١)].

(١٥٨) لە بەر فەرموودەی خوای گەورە: ﴿ فَإِذَا قَرَأْتَ القُرْآنَ فَاسْتَعِذْ بِاللهِ ﴾ بڕوانە (پ١٤٧) .

وە فەرموودەکەی (أَبو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كَانَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) إِذَا نَهَضَ فِي الرَّكْعَةِ الثَّانِيَة ، إِفْتَتَحَ القِرَاءَةَ بِـ﴿ الحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ العَالَمِين ﴾ وَلَمْ يَسْكُتْ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر هەڵسایەتەوە بۆ ڕکاتی دووەم دەستی بە خوێندنی ﴿ الحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ العَالَمِين ﴾ دەکرد ، وە بێ دەنگ نەدەبوو [رواه مسلم] ، بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە جارێکی تر بێ دەنگ نەدەبوو کەوا دوعای (إِسْتِفْتَاح)ی تێدا بخوێنێت ، بەڵام بۆ پەنا گرتن و بسم الله کردن ، ئەوە پێویست بە بێ دەنگ بوونێکی زۆر ناکات ، تا وەکو خەڵکی هەستی پێ بکەن ، بەڵکو هەر لە کاتی هەڵسانەوەی ئەواندا دەیخوێنێت ، بۆیە هەستی پێ ناکرێت ، جا بۆیە ئەو فەرموودەیە نابێتە بەڵگە لە سەر ئەوەی کەوا سوننەت وایە (پەنا گرتن و بسم الله) نەخوێنرێت لە ڕکاتەکانی تردا ، بڕوانە [(تمام المنة في التعليق على فقه السنة (ل ١٧٦)].

(١٥٩) دوعای هەڵسانەوە لە(رُكُوع) پاش (سَمِعَ اللهُ...) چەند جۆرێکی هەیە ، لەوانە فەرموودەکەی (أَبو سَعِيد الخُدْرِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پاش (( سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ ، رَبَّنَا لَكَ الحَمْد )) دەیفەرموو: (( مِلْءَ السَّمَوَاتِ وَمِلْءَ الأَرْضِ ، وَمَا بَيْنَهُمَا ، وَمِلْءَ مَا شِئْتَ مِنْ شَيْءٍ بَعْدُ ، أَهْلَ الثَّنَاءِ وَالمَجْدِ ، لاَ مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ وَلا مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ وَلا يَنْفَعُ ذَا الجَدِّ مِنْكَ الجَدُّ )) [رواه مسلم (٤٧٨/٣٤٧/١) وأبوداود (٨٣٢/٨٢/٣) والنسائي (١٩٩/٢)].



منتدى إقرأ الثقافي

وه بــه دهنــگی بــهرز خوێندنــی قورئــان لــه چــهند نوێژێکــدا ، وه بــهرز نهکردنهوهیشی لـه چـهند نوێژێکـی تـردا(١٦٠) ، وه (آمِيـن)کـردن بـۆ هـهموو (فَاتِحَة)خوێندنێك(١٦١) ، وه دهست بردن پێش ئهژنۆ بۆ چوونه (سُجُود)دا(١٦٢) ، وه(إعْتِمَاد)کردنه سهر ههردوو دهست له کاتی ههڵسانهوهدا بۆ ڕکاتێکی تر(١٦٣) ،

---

(١٦٠) له نوێژه فهرزهکاندا نوێژی (شێوان وعیشا وبهیانی) له دوو ڕکاتی پێشهوهیدا سوننهته دهنگ بهرز بکرێتهوه ، وه له نوێژی (نیوهڕۆ وعهسر)یش سوننهته دهنگ بهرز نهکرێتهوه ، ههروهها نوێژی (جومعه وجهژن)یش دهنـگ بـهرز کردنـهوه لـه هـهردوو ڕکاتهکهیدا سوننهته ، له بهر ئهو فهرمووده زۆرانهی که له کتێبهکانی فهرمووده دا هاتووه به تایبهتی له [صحيح البخاري وصحيح مسلم].

(١٦١) له بهر فهرموودهکهی (وَائِلُ بنُ حجْر) (خوای لێ ڕازی بێت) کـهوا فـهرمووی: (( كَانَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) إِذَا قَرَأَ ﴿ وَلَا الضَّالِّيْن ﴾ قَالَ : آمِيْن ، وَرَفَعَ بِهَا صَوْتَهُ )) واتـه: پێغهمبهری خوا (ﷺ) ههر کاتێك (فَاتِحَة)ی بخوێندایه پاش ﴿ وَلَا الضَّالِّيْن ﴾ دهیفهرموو: (آمِيـن) ، وه دهنگیشی پـێ بـهرز دهکـردهوه [رواه ابـو داود (٣/٢٠٥/٩٢٠) وهـذا لفظـه والـترمذي (١/١٥٧/٢٤٨) وهو حديث صحيح بروانه صحيح الترمذي (٢٠٥) ] .

وه فهرموودهکهی (أَبو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بروانه (پ ١٤٨) .

(١٦٢) له بهر فهرموودهکهی (أَبو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کـهوا پێغهمبـهری خـوا (ﷺ) فهرمووی: (( إِذَا سَجَدَ أَحَدُكُمْ فَلا يَبْرُك كَمَا يَبْرُكُ البَعِيْرُ ، وَلْيَضَعْ يَدَيْهِ قَبْلَ رُكْبَتَيْهِ )) واته: ئهگهر یهکێکتان چوونه (سُجُود)دا ، ئهوه وهکو ووشتر دانهبـهزێت ، وه بـا ههردوو دهستی پێش ههردوو ئهژنۆی دابنێت [رواه أبو داود (٣/٧٠/٨٢٥) والنسائي (٢/٢٠٧) وغيرهما وهو حديث صحيح بروانه صحيح ابي داود (٧٤٦)].

(١٦٣) (أَيُّوب) دهفهرمێ : (أَبو قِلابَة) (ڕهحمهتی خوای لێ بێت) فهرمووی: (( جَاءَنَا مَالِكُ بْنُ الحُوَيْرِث ، فَصَلَّى بِنَا فِي مَسْجِدِنَا هَذَا ، فَقَالَ: إِنِّي لَأُصَلِّي بِكُمْ وَمَا أُرِيْدُ الصَّلاةَ ، وَلَكِنْ أُرِيْدُ أَنْ أُرِيَكُمْ كَيْفَ رَأَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يُصَلِّي ، قَالَ أَيُّوب : قُلْتُ لِأَبِي قِلابَةَ : وَكَيْفَ كَانَتْ صَلاتُهُ ؟ قَالَ: مِثْلَ صَلاةِ شَيْخِنَا هَذَا _ يَعْنِي عَمْرُوا بنُ سَلَمَة _ ، قَالَ أَيُّوب: وَكَانَ ذَلِكَ الشَّيْخُ يُتِمُّ التَّكْبِيْر ، وَإِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ عَنِ السَّجْدَةِ الثَّانِيَةِ جَلَسَ وَاعْتَمَدَ عَلَى الأَرْضِ ثُمَّ قَامَ )) واته: (مَالِكُ بنُ الحُوَيْرِث) هات بۆ مزگهوتهکهمان

منتدى إقرأ الثقافي

وە دانیشتنێکی کورت پێش هەڵسانەوە لە ڕکاتە تاکەکاندا[١٦٤] ، وە دانیشتن لە سەر پێی چەپ وچەقاندنی پێی ڕاست لە سەر پەنجەکان ، وە دەست چەپ خستنە سەر ڕانی چەپ و درێژ کردنی هەموو پەنجەکانی ڕوو بەرەو (قِبلَه) ، وە دەست ڕاست خستنە سەر ڕانی ڕاست وکێشانەوەی هەموو پەنجەکانیشی ، جگە لە پەنجەی شایەتمان کە بەردەوام دەیجوڵێنێ وتەماشای دەکات[١٦٥] ،

نوێژی پێ کردین وە فەرمووی: من کە نوێژتان پێ دەکەم مەبەستم نوێژ کردن نییە ، بەڵکو دەمەوێت پیشانتان بدەم چۆن پێغەمبەرم (ﷺ) بینیوە نوێژی کردوە ، جا (أَيُّوب)ووتی: بە (أبو قِلابَه)م ووت: ئەی نوێژەکەی چۆن بوو ؟ فەرمووی: وەکو نوێژی ئەو مامۆستایەمان بوو– مەبەستی (عَمْرُو بنُ سَلَمَة) بوو– ( أَيُّوب)یش ووتی: جا ئەو مامۆستایە بە جوانی (اللهُ أَكْبَر)ی دەکرد ، وە کاتێك سەری لە دووەم (سُجُود)بەرز دەکردەوە دادەنیشت وە هەردوو دەستی دەخستە سەر زەوی ، وە لە سەر دەستی هەڵدەسایەوە [رواه البخاری (٢/٣٠٢/٨٢٤) والشافعي في الأم (١/١٠١)].

(١٦٤) لە بەر فەرموودەکەی (أبو قِلابَة) کەوا فەرمووی: (مَالِكُ بنُ الحُوَيْرِث اللَّيْثِي) پێی ڕاگەیاندین (( أَنَّهُ رَأَى النَّبِيَّ (ﷺ) يُصَلِّي ، فَإِذَا كَانَ فِي وِتْرٍ مِنْ صَلاتِهِ لَمْ يَنْهَضْ حَتَّى يَسْتَوِيَ قَاعِداً )) واتە: کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بینی نوێژی دەکرد ، جا ئەگەر لە ڕکاتە تاکەکاندا بوایە لە نوێژەکەی هەڵنەدەسایەوە تا بە جوانی دادەنیشت [رواه البخاری (٢/٣٠٢/٨٢٣) وأبو داود (٣/٧٨/٨٢٩)].

(١٦٥) لە بەر فەرموودەکەی (أبو حُمَيْد) (خوای لێ ڕازی بێت) لە گێڕانەوەی چۆنێتی نوێژی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( فَإِذَا جَلَسَ فِي الرَّكْعَتَيْنِ جَلَسَ عَلَى رِجْلِهِ اليُسْرَى وَنَصَبَ اليُمْنَى ، وَإِذَا جَلَسَ فِي الرَّكْعَةِ الآخِرَةِ قَدَّمَ رِجْلِهِ اليُسْرَى وَنَصَبَ الأُخْرَى وَقَعَدَ عَلَى مَقْعَدَتِهِ )) واتە: کاتێك دابنیشتایە لە دوو ڕکاتیدا ، لە سەر پێی چەپی دادەنیشت ، وە پێی ڕاستی دەچەقاند ، وە کاتێك لە کۆتاییدا دابنیشتایە پێی چەپی پێش دەخست و ئەوی تری دەچەقاند ، وە لە سەر ڕانی چەپی دادەنیشت [رواه البخاری ( ٢/٣٠٥/٨٢٨)].

وە فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر)(خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) كَانَ إِذَا جَلَسَ فِي الصَّلاةِ وَضَعَ كَفَّهُ اليُمْنَى عَلَى فَخْذِهِ اليُمْنَى ، وَقَبَضَ

منتدى إقرأ الثقافي

ئەمە بۆ دانیشتنی(تَحْيَات)ی یەکەم . بەڵام بۆ دانیشتنی کۆتایی پێی چەپ دەردەکات بەرەو پێشەوە وە لە سەر ڕانی چەپی دادەنیشێت ، وە بە پەنجەکانی دەستی چەپ ئەژنۆی چەپی دەگرێت ، وە دەستی ڕاستیشی هەر وەکو دانیشتنی(تَحْيَات)ی یەکەم دادەنێت ، وە ئاماژە بە پەنجەی شایەتمان دەکات ودەیجوڵێنێتەوە(١٦٦).

---

أَصَابِعَهُ كُلَّهَا وَأَشَارَ بِأَصَابِعِهِ الَّتِي تَلِي الإِبْهَام ، وَوَضَعَ كَفَّهُ اليُسْرَى عَلَى فَخْذِهِ اليُسْرَى )) واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) کاتێك دانیشتایە لە نوێژدا بۆ تەحیات خوێندن دەستی ڕاستی دەخستە سەر ڕانی ڕاستی ، وە پەنجەکانی هەموو دەکێشایەوە ، وە بەپەنجەی شایەتمانی ئاماژەی دەکرد ، وە دەستی چەپیشی دەخستە سەر ڕانی چەپی [رواه مسلم (١/ ٤٠٨/٥٨٠) وأبو داود ( ٢/٢٧٧/٩٧٢)].

وە فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن الزُّبَيْر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی (( أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) كَانَ إِذَا قَعَدَ فِي التَّشَهُّدِ ، وَضَعَ كَفَّهُ اليُسْرَى عَلَى فَخْذِهِ اليُسْرَى ، وَأَشَارَ بِالسَّبَّابَةِ ، لا يُجَاوِزُ بَصَرَهُ إِشَارَتِهِ )) واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) کاتێك دانیشتایە لە نوێژدا بۆ تەحیات خوێندن ، دەستی چەپی دەخستە سەر ڕانی چەپی ، وە بە پەنجەی شایەتمان ئاماژەی دەکرد ، وە چاوی تەماشای پەنجەی دەکرد ، چاوی لە سەر لا نەئەدا [رواه أبو داود والنسائي وغيرهما وهو حديث صحيح بروانه صحيح أبي داود(٩١٠) وصحيح النسائي(١٢٠٩)] .

(١٦٦) لە بەر فەرموودەکەی (أَبو حُمَيْد)ی پێشوو بڕوانە (پ١٦٥) وە لە بەر فەرموودەکەی(عَبْدُالله بن الزُّبَيْر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی (( ... وَيُلْقِمُ كَفَّهُ اليُسْرَى رُكْبَتَهُ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دەستی چەپی ئەژنۆی چەپی دەگرت __ لە دانیشتنی کۆتاییدا __ [ رواه مسلم ( ١/رقم/٥٧٩) وغيره] .

وە فەرموودەکەی (وَائِل) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی (( ... ثُمَّ رَفَعَ اصْبِعَهُ فَرَأَيْتُهُ يُحَرِّكُهَا يَدْعُوا بِهَا )) واتە: پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەنجەی شایەتمانی بەرز کردەوە ، جا بینیم دەیجوڵاندەوە و دوعای پێ دەکرد [رواه أبو داود والنسائي وابن خزيمة وغيرهم وهو حديث صحيح بروانه صحيح أبي داود(٧١٧)وصحيح النسائي(٨٥٦) والإرواء(٢/٦٨__٦٩) ] .

وە بۆ زیاتر تێگەیشتن لەوەی کەوا ڕای ڕاستر لە بارەی شێوەی پەنجە لە تەحیاتدا ئەوەیە بیجوڵێنیٚ تا کۆتایی تەحیاتەکە ، دەتوانی تەماشای کتێبی (تَمَامُ المِنَّة فِي التَّعْلِيقِ عَلَى فِقْهِ السُّنَّة : ل٢١٧__ ٢٢٣) وە کتێبمان (وەڵامێك بۆ کتێبی چەند.. ل١٤٢-١٤٧) بکەی .

منتدى إقرأ الثقافي

**وە(سَلام)دانەوەی دووەم[١٦٧]، وە بەر كردنەوە بە لای ڕاست و چەپ دا لە كاتی (سَلام) دانەوەی یەكەم ودووەم دا.[١٦٨]**

(١٦٧) چونكە زۆربەی جار پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوو سەلامی داوەتەوە بە لای ڕاست وبە لای چەپیشدا ، وەك لە فەرموودەكەی (إِبْنُ مَسْعُود)دا هاتوە: (( أنَّ النَّبِيَّ(ﷺ) كَانَ يُسَلِّمُ عَنْ يَمِيْنِهِ وَعَنْ يَسَارِهِ: السَّلامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللهِ ، السَّلامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللهِ ، حَتَّى يُرَى بَيَاضَ خَدِّهِ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نوێژدا سەلامی بە لای ڕاست وچەپدا دەدایەوە و دەیفەرموو: السَّلامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللهِ ، السَّلامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللهِ ، تا سپێتی لای گۆنای دەبینرا [رواه أبو داود (٣/٢٨٨/٩٨٣) والنسائي (٣/٦٢) وهو حديث صحيح بروانە صحيح أبي داود (٨٧٨) وغيرهما].

وە جاری وایش هەبووە تەنها یەك سەلامی داوەتەوە ، وەك لە فەرموودەكەی (عَائِشَة) داهاتووە (خوای لیّ ڕازی بێت) (( أنَّ النَّبِيَّ(ﷺ) كَانَ يُسَلِّمُ فِي الصَّلاةِ تَسْلِيْمَةً وَاحِدَةً تِلْقَاءَ وَجْهِهِ ، يَمِيْلُ إِلَى الشِّقِّ الأَيْمَنِ شَيْئَاً )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نوێژدا یەك سەلامی دەدایەوە ، بەرەو پێشی خۆی هەندێك بە لای ڕاستی خۆی دا لاری دەكردەوە [رواه الترمذی (١/١٨٢/٢٩٥) وهو حديث صحيح بروانە صحيح الترمذی(٢٤٢)].

(١٦٨) بڕوانە فەرموودەكەی (إِبْنُ مَسْعُوْد) (خوای لیّ ڕازی بێت) بڕوانە(پ ١٦٧) .


منتدى إقرأ الثقافي

# زیکرو دوعای پاش نوێژ
# (الأذْكَارُ وَالأدْعِيَةُ عَقِبَ الصَّلاة)

سوننەتە پاش تەواو بوونی نوێژەکان سێ(٣)جار داوای لێ بوردن لە خوا(أَسْتَغْفِرُ اللهَ) بکرێت لە پاشان بڵێت: (اللَّهُمَّ أَنْتَ السَّلامُ وَمِنْكَ السَّلامُ تَبَارَكْتَ يَاذَا الجَلالِ وَالإكْرَام) [١٦٩]، پاشان بڵێت: (لاإِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لاشَرِيكَ لَهُ لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِير) بە تايبەت پاش نوێژی بەيانی وشێوان دە (١٠) جار دوو بارەی بكاتەوە ، پاشان بڵێ : (اللَّهُمَّ لا مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ وَلا مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ وَلا يَنْفَعُ ذَا الجَدِّ مِنْكَ الجَدُّ) [١٧٠]،

---

(١٦٩) لە بەر فەرموودەكەی (ثَوْبَان ) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) كاتێك لە نوێژ بوايەتەوە سێ جار (( أَسْتَغْفِرُ اللهَ ))ی دەكرد ، وە دەيفەرموو: (( اللَّهُمَّ أَنْتَ السَّلامُ وَمِنْكَ السَّلامُ تَبَارَكْتَ يَاذَا الجَلالِ وَالإكْرَام )) [رواه مسلم (١/٤١٤/ ٥٩١) والترمذي (١/١٨٤/٢٩٩) وغيرهما].

**تێبينی:**

لە هەندێ لە مزگەوتەكانی وڵاتی ئێمە دا بانگ بێژەكان دوای بانگدان وكردنی نوێژی سوننەت ، پێش ئەوەی قامەت بكەن بۆ نوێژە فەرزەكان هەندێك لە ذيكرەكان دە(١٠)جار ، دە(١٠)جار دووبارە دەكەنەوە ، جا ئەمە شتێكی داهێنراوە و هيچ بەڵگەيەكی شەرعی لە سەر نييە ، بۆيە دەبێت باوەڕدارانی لێ ئاگادار بكرێتەوە تا وەكو خۆيانی لێ دوور بگرن .

(١٧٠) لە بەر فەرموودەكەی (المُغِيرَةُ بنُ شُعْبَة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی:: پێغەمبەری خوا (ﷺ) كاتێك لە نوێژ ببوايەتەوە دەيفەرموو : (( لا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِير ، اللَّهُمَّ لا مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ وَلا مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ وَلا يَنْفَعُ ذَا الجَدِّ مِنْكَ الجَدُّ )) [رواه البخاري (٢/٣٢٥/٨٤٤) ومسلم (١/٤١٤/٥٩٣)].

وە هەروەها لە فەرموودەكەی (إِبْنُ الزُّبَيْر ) دا هاتووە (خوای لێ رازی بێت) كەوا پاش هەموو نوێژێك كە سەلامی دەدايەوە دەيفەرموو : (( لا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ

منتدى إقرأ الثقافي

پاشان (آيَةُ الكُرْسي)دەخوێنێ (١٧١)،

المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِير ، لا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلَّا بِالله ، لا إِلَهَ إِلَّا الله وَلا نَعْبُدُ إِلَّا إِيَّاهُ ، لَهُ النِّعْمَةُ وَلَهُ الفَضْلُ وَلَهُ الثَّنَاءُ الحَسَنُ ، لا إِلَهَ إِلَّا الله ، مُخْلِصِيْنَ لَهُ الدِّيْنَ وَلَوْ كَرِهَ الكَافِرُوْنَ )) وەدەیفەرموو: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم زیکرانەی دەکرد لە پاش هەموو نوێژێك [رواه مسلم (٥٩٤/٤١٥/١) وأبوداود (١٤٩٣/٣٧٢/٤) وغيرهما].

وە لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالرَّحْمَن بن غَنْم) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (( مَنْ قَالَ قَبْلَ أَنْ يَنْصَرِفَ وَيَثْنِي رِجْلَهُ مِنْ صَلاةِ المَغْرِبِ وَالصُّبْحِ : لا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ بِيَدِهِ الخَيْرُ ، يُحْيِي وَيُمِيْت وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيْر . عَشْرَ مَرَّاتٍ ، كُتِبَ لَهُ بِكُلِّ وَاحِدَةٍ عَشْرُ حَسَنَاتٍ وَمُحِيَتْ عَنْهُ عَشْرُ سَيِّئَاتٍ ، وَرُفِعَ لَهُ عَشْرُ دَرَجَاتٍ ، وَكَانَتْ حِرْزاً مِنْ كُلِّ مَكْرُوْهٍ ، وَحِرْزاً مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيْمِ ، وَلَمْ يَحِلَّ لِذَنْبٍ يُدْرِكَهُ إِلَّا الشِّرْك ، فَكَانَ مِنْ أَفْضَلِ النَّاسِ عَمَلاً ، إِلَّا رَجُلاً يَفْضُلُهُ يَقُوْلُ أَفْضَلَ مِمَّا قَالَ )) واتە: هەر کەسێك پێش ئەوەی هەڵبسێت لە پاش تەواو بوونی نوێژی شێوان و بەیانی بڵێت : لا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ بِيَدِهِ الخَيْرُ ، يُحْيِي وَيُمِيْت وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيْر ، دە(١٠) جار ئەوە بە هەر جارێك دە(١٠)چاکەی بۆ دەنوسرێت ، وە دە(١٠)خراپەی لە سەر دەسرێتەوە ، وە دە(١٠) پلە بەرز دەکرێتەوە ، وە دەبێتە قەڵغانێك لە هەموو خراپەیەك دەیپارێزێت ، وە هەروەها دەبێتە قەڵایەك لە شەیتانی نەفرین لێ کراو دەیپارێزێت ، وە حەڵاڵ نییە بۆ هیچ تاوانێك بە(هِلاك)دا بیبات جگە لە(شِرْك) ، جا لە هەموو خەڵکی کردەوەی چاکترە مەگەر پیاوێك لە ئەو چاکتر بێت کەوا لە ئەو زۆرتری ووتوبێت [رواه أحمد(٢٢٧/٤) والترمذي(٥١٥/٥) بدون (بيده الخير) ، والحديث حسن بشواهده بروانە تمام المنة في التعليق على فقه السنة (ل٢٢٨__٢٢٩) وانظر زاد المعاد(٣٠٠/١) أيضاً].

(١٧١) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو أُمَامَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ قَرَأَ آيَةَ الكُرْسِي دُبُرَ كُلِّ صَلاةٍ مَكْتُوْبَةٍ لَمْ يَمْنَعْهُ مِنْ دُخُوْلِ الجَنَّةِ إِلَّا أَنْ يَمُوْتَ )) واتە: هەر کەسێك (آيَةُ الكُرْسِي) پاش هەموو نوێژێکی فەرز بخوێنێت ، ئەوە هیچ بەرگری لێ ناکات لە چوونە بەهەشتەوە ، مەگەر مردن [ رواه النسائي في عمل اليوم والليلة(١٠٠) وابن السني(١٢١) والطبراني وهو حديث صحيح بروانە صحيح الجامع الصغير (٦٤٦٤) والسلسلة الصحيحة(٩٧٢)]. وە (آيَةُ الكُرْسِي): ئایەتی (٢٥٥)ی سورەتی (البَقَرَة) یە .



منتدى إقرأ الثقافي

وە سی وسێ(٣٣) جار (سُبْحَانَ اللهِ) وە سی وسێ(٣٣) جار (الحَمْدُ لِلَّهِ) وە سی وسێ(٣٣) جار (اللهُ أكبَر) دەخوێنێت ، وە تەواوی سەد(١٠٠)ەکە دەڵێ: ( لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيْكَ لَهُ ، لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيْرٌ )[١٧٢]، پاشان سورەتی (الإخْلاص وَالفَلَقْ وَالنَّاس) دەخوێنێت[١٧٣]،

(١٧٢) لە بەر فەرموودەکەی (أبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرمووی: (( مَنْ سَبَّحَ اللهَ فِي دُبُرِ كُلِّ صَلاةٍ ثَلاثاً وَثَلاثِيْنَ ، وَحَمِدَ اللهَ ثَلاثاً وَثَلاثِيْنَ ، وَكَبَّرَ ثَلاثاً وَثَلاثِيْنَ ، فَتِلْكَ تِسْعَةٌ وَتِسْعُوْنَ ، وَقَالَ تَمَامَ المَائَةِ: لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيْرٌ ، غُفِرَتْ خَطَايَاهُ وَإِنْ كَانَتْ مِثْلَ زَبَدِ البَحْرِ )) واتە: هەر یەکێك پاش هەموو نوێژێك سی وسێ(٣٣) جار بڵێ (سُبْحَانَ اللهِ) وە سی وسێ(٣٣) جار بڵێ (الحَمْدُ لِلَّهِ) وە سی وسێ(٣٣) جار بڵێ (اللهُ أكبَر) ئەوە دەکاتە نەوەت ونۆ(٩٩) ، وە بۆ تەواو کردنی سەدەکە(١٠٠) بڵێ: (لا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيْرٌ ) ، ئەوە خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانی خۆش دەبێت ، ئەگەر وەکو کەفی سەر دەریایش بێت [رواه مسلم (١/٤١٨/٥٩٧)].

**تێبینی:**

لە بارەی ژمارەی ئەم زیکرانەوە دە(١٠) جاریش هاتووە [ رواه البخاري (١١/١٣٢/٦٣٢٩)] .

وە پانزە(١٥) جاریش هاتووە [ رواه مسلم (١/٤١٧/١٤٣)] .

وە هەر چوار زیکرەکە هەر یەکەی بیست وپێنج(٢٥)جار هاتوە [رواه النسائي (٣/٧٦) وهو حديث صحيح بروانە صحيح النسائي (١٢٧٩)] .

جا هەر کام لەم شێوانە ئەنجام بدرێت هەر سوننەتە .

(١٧٣) لە بەر فەرموودەکەی (عُقْبَةُ بنُ عَامِر) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أمَرَنِي رَسُوْلُ اللهِ(ﷺ) أنْ أقْرَأ المُعَوِّذَاتِ دُبُرَ كُلِّ صَلاةٍ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کردم کەوا (مُعَوِّذَات) لە پاش هەموو نوێژێك بخوێنم [رواه أبوداود (٤/٣٨٥/١٥٠٩) والنسائي وهو حديث صحيح بروانە صحيح أبي داود(١٣٦٣) وصحيح النسائي (١٢٦٨)والسلسلة الصحيحة(١٥١٤)] .

(مُعَوِّذَات): سورەتی ﴿ قُلْ هُوَ اللهُ أحَد ...﴾ و ﴿ قُلْ أعُوذُ بِرَبِّ الفَلَق ...﴾ و ﴿ قُلْ أعُوذُ بِرَبِّ النَّاس ...﴾ە .

منتدى إقرأ الثقافي

**پاشان _ پاش نوێژی بەیانیان _ بڵێت: ( اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ عِلْماً نَافِعاً ، وَرِزْقاً طَيِّباً ، وَعَمَلاً مُتَقَبَّلاً ) ، وە لە پاش هەموو نوێژێك بڵێت: ( اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ )** (١٧٤)

(١٧٤) لە بەر فەرموودەکەی (أُمّ سَلَمَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی (( أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ يَقُولُ ، إِذَا صَلَّى الصُّبْحَ حِيْنَ يُسَلِّمُ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ عِلْماً نَافِعاً ، وَرِزْقاً طَيِّباً ، وَعَمَلاً مُتَقَبَّلاً )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر (سَلام)ی بدایەتەوە لە نوێژی بەیانی دەیفەرموو: ئەی خوایە ، مـن داوای زانیاریەکی بە سوودت لێ دەکەم ، وە داوای رۆزیەکی پاك وحەڵاڵت لێ دەکەم ، وە داوای کردەوەیەکی وەرگیراووت لێ دەکەم [رواه أحمد (٤/٥٥/٧٧٦) وابن ماجة (١/٢٩٨/٩٢٥) وهو حديث صحيح بروانە صحيح ابن ماجة(٥٧٣)] .

وە هەروەها لە بەر فەرموودەکەی (مُعَاذ بنُ جَبَل) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: کەوا هەردەم لە یادی نەکات پاش هەموو نوێژێك بڵێت: (( اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ )) واتە: ئەی خوایە ، یارمەتیم بدە لە سەر ئەوەی یادی تۆ بکەم وە سوپاست بکەم وە بە جوانی بدپەرستم [رواه أبو داود (٤/٣٨٤/١٥٠٨) والنسائي (٣/٥٣) وهو حديث صحيح بروانە صحيح الجامع (٧٩٦٩)].

**تێبینی:**

وە فەرموودەکەی (مُسْلِمُ بنُ الحَارِث) کە لە باوکیەوە دەیگێڕێتەوە (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: (( إِذَا صَلَّيْتَ الصُّبْحَ فَقُلْ قَبْلَ أَنْ تُكَلِّمَ أَحَداً مِنَ النَّاسِ : اللَّهُمَّ أَجِرْنِي مِنَ النَّارِ ، سَبْعَ مَرَّاتٍ ، فَإِنَّكَ إِنْ مِتَّ مِنْ يَوْمِكَ كَتَبَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ لَكَ جِوَاراً مِنَ النَّارِ ، وَإِذَا صَلَّيْتَ المَغْرِبَ فَقُلْ قَبْلَ أَنْ تُكَلِّمَ أَحَداً مِنَ النَّاسِ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الجَنَّةَ ، اللَّهُمَّ أَجِرْنِي مِنَ النَّارِ ، سَبْعَ مَرَّاتٍ ، فَإِنَّكَ إِنْ مِتَّ مِنْ لَيْلَتِكَ كَتَبَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ لَكَ جِوَاراً مِنَ النَّارِ )) واتە: کاتێك نوێژی بەیانیت کرد پێش ئەوەی قسە لە گەڵ کەسدا بکەی ، حەوت جار بڵێ: اللَّهُمَّ أَجِرْنِي مِنَ النَّارِ ، جا ئەگەر لەو رۆژەتدا بمریت ، ئەوە خوای گەورە دەتپارێزێت لە ئاگری دۆزەخ ، وە کاتێك نوێژی شێوانت کرد پێش ئەوە قسە لە گەڵ کەسدا بکەیت ، حەوت جار بڵێ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الجَنَّةَ ، اللَّهُمَّ أَجِرْنِي مِنَ النَّارِ ، ئەوە ئەگەر لەوشەوەتدا بمریت ، ئەوە خوای گەورە دەتپارێزێت لە ئاگری د ۆزەخ [رواه احمد وأبوداود بروانە فقه السنة (١/١٥٢) ] ، کە لە چاپەکانی پێشوودا باسمان کرد فەرموودەیەکی (ضَعِيْف)ە ، [ضعفه الألباني في ضعيف الجامع


منتدى إقرأ الثقافي

# ئەوانەی نوێژ بەتاڵ دەکەنەوە
# ( مُبطلاتُ الصَّلاة )

## قسە کردن بە قەستەوە(١٧٥)،

الصغير (٥٧١) والسلسلة الضعيفة(١٦٢٤) ] ، من ڕاستەو خۆ لە کتێبی (فقْه السُّنَّه)ی (سَیِّد سَابِق)ەوە وەرم گرتبوو ، وە شێخ(ألْبَاني)یش لە (تَمَامُ المنَّه فِي التَّعْلِيْقِ عَلَى فقْه السُّنَّه)دا ئاماژەی بۆ نەکردووە کە (ضَعِیْف)ە وەکو بۆ فەرموودە (ضَعِیْف)ەکانی تر ئاماژەی کردوە ، بۆیە منیش بە بێ ترس وەرم گرت ، بەڵام پاش چاپی دووەمی بەشی (عِبَادَات) بۆم دەرکەوت کەوا شێخ (ألْبَانِي) لە کتێبەکانی تریدا بە لاواز (ضَعِیْف) لە قەڵەمی داوە ، بە هەر حاڵ (الخَيْرُ فِيْمَا إخْتَارَهُ الله) ، وە لە بارەی ئەو دوعایەوە فەرموودەی (صَحِیْح)مان هەیە ، لەوانە فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( قَالَ رَسُوْلُ الله (ﷺ) لِرَجُلٍ: مَا تَقُوْلُ فِي الصَّلاة ؟ قَالَ: أَتَشَهَّدُ ثُمَّ أَسْأَلُ اللهَ الجَنَّةَ ، وَأَعُوْذُ بِالله مِنَ النَّارِ ، أَمَّا وَالله مَا أُحْسِنُ دَنْدَنَتَكَ ، وَلَا دَنْدَنَةُ مُعَاذ . قَالَ: حَوْلَهَا نُدَنْدِن )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە پیاوێکی فەرموو: لە نوێژ دا چی دەڵێیت ؟ ووتی: من تەحیات دەخوێنم ، پاشان داوای بەهەشت لە خوا دەکەم ، وە پەنای پێ دەگرم لە دۆزەخ ، بەڵام من ئەم ووتە ووتەی تۆ و (مُعَاذ) باش نازانم . فەرمووی: ئێمەیش ووتە ووتمانە بە دەوری ئەوە دا [ رواه أبو داود وابن ماجة(٢/رقم/٣٨٤٧) واللفظ له وهو حديث صحيح بروانە صحيح إبن ماجة(٣١٠٣)].

(١٧٥) لە بەر فەرموودەکەی (زَيْدُ بنُ أرْقَم)(خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كُنَّا نَتَكَلَّمُ فِي الصَّلَاةِ ، يُكَلِّمُ الرَّجُلُ صَاحِبَهُ وَهُوَ إِلَى جَنْبِهِ فِي الصَّلَاةِ حَتَّى نَزَلَتْ ﴿ وَقُوْمُوا لِلهِ قَانِتِيْنَ﴾(البقرة:٢٣٨) فَأُمِرْنَا بِالسُّكُوْتِ ، وَنُهِيْنَا عَنِ الكَلَام )) واتە: ئێمە لە نوێژدا قسەمان لە گەڵ یەکدا دەکرد ، لە گەڵ ئەوەی پاڵ(تەنیشت)ماندا قسەمان دەکرد ، لە نوێژدا تا ئایەتی: ﴿ وَقُوْمُوا لِلهِ قَانِتِيْنَ﴾ (البقرة: ٢٣٨) دابەزی ئیتر فەرمانمان پێ کرا بە بێ دەنگی ، وە قەدەغەی قسە کردنمان لێ کرا [رواه مسلم (٥٣٩/٣٨٣/١) والبخاري (١٢٠٠/٧٢/٣) بدون زيادة الأخيرة (وَنُهِيْنَا عَنِ الكَلَام) وغيرهما] .

وە فەرموودەکەی (مُعَاوِيَةُ بنُ الحَكَمِ السُّلَمِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی (( ... قَالَ _ رَسُوْلُ الله (ﷺ) _ : إِنَّ هَذِهِ الصَّلَاةَ لَا يَصْلُحُ فِيْهَا شَيْءٌ مِنْ كَلَامِ النَّاسِ

منتدى إقرأ الثقافي

وە خواردن وخواردنەوە(١٧٦) ، وە پێکەنین (١٧٧) ، وە بە جێ نەهێنانی مەرج(شَرْط)ێك لە مەرجەکانی نوێژ(١٧٨) ، وە بە جێ نەهێنانی پایە(رُکْن)ێك لە پایەکانی نوێژ(١٧٩) .

، إِنَّمَا هُوَ التَّسْبِيحُ وَالتَّكْبِيرُ وَقِرَاءَةُ قُرْآنٍ )) واتە: ... جا _ پێغەمبەری خوا (ﷺ) _ فەرمووی: ئەم نوێژە هیچ قسە کردنێکی خەڵکی تێدا دروست نییە ، بەڵکو ئەمە (سُبْحَانَ اللهُ)کردن و (اللهُ أَكْبَر)کردن و قورئان خوێندنە [رواه مسلم (٥٣٧/٣٨١/١)].

(١٧٦) ( إِبْنُ المُنْذِر) دەفەرمێ: زانایان یەکڕان لە سەر ئەوەی کەوا هەر یەکێك خواردن بخوات و خواردنەوە بخواتەوە لە نوێژی فەرز دا بە قەستەوە ، ئەوە دەبێت نوێژەکەی دووبارە بکاتەوە [بروانە الأجماع (٤٠) لأبن المنذر] .

وە هەروەها جەماوەری زانایان دەڵێن: لە نوێژی سوونەتیشدا هەر بەتاڵی دەکاتەوە ، چونکە ئەوەی فەرز بەتاڵ بکاتەوە سوونەتیش بەتاڵ دەکاتەوە .

(١٧٧) وە هەروەها (إِبْنُ المُنْذِر) فەرموویەتی : بە هەمان شێوە زانایان یەك ڕان لە سەر ئەوەی کە پێکەنین نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە .

ئیمامی(النَّوَوِي) دەفەرمێ : ئەم یەکڕایی کردنە لە سەر ئەوەیە کاتێك دوو پیتی پێکەنینەکە دەربکەوێت ، زۆربەی زانایان فەرموویانە: زەردە خەنە نوێژ بەتاڵ ناکاتەوە ، وە ئەگەر پێکەنین زۆری پێ هێنا و نەیتوانی خۆی بگرێت ، ئەوە نوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە بە مەرجێك زۆر نەبێت [بروانە فقه السنة (٢٢١/١)].

(١٧٨) وەکو دەست نوێژ و ڕوو لە قیبلە کردن و ... چونکە نەکردنی هەر مەرجێك ، پەرستنەکەی پێ بەتاڵ دەبێتەوە.

(١٧٩) وەکو نیەت و(رُکُوع) و(سُجُود) و ... چونکە نەکردنی هەر پایەیەك ، دەبێتە هۆی بەتاڵ بوونەوەی پەرستنەکە ، جا ئەگەر بە قەستەوە بێت ئەوە بەتاڵ دەبێتەوە ، وە ئەگەر بە قەستیشەوە نەبێت ، دەبێت هەر بیکاتەوە ، با (سَلام)ی نوێژیشی دابێتەوە .

## دوو تێبینی:

**تێبینی یەکەم:** چەند شتێك لە نوێژ دا حەڵاڵە بکرێت:

(أ) ڕێکردن لە نوێژ دا ، ئەگەر پێویست بوو ، لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة)(خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : (( كَانَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) يُصَلِّي فِي البَيْتِ ، وَالبَابُ عَلَيْهِ مُغْلَقٌ ، فَجِئْتُ فَاسْتَفْتَحْتُ فَمَشَى فَفَتَحَ لِي ، ثُمَّ رَجَعَ إِلَى مُصَلَّاهُ ، وَوَصَفَتْ أَنَّ البَابَ

منتدى إقرأ الثقافي

..............................

فِي القِبْلَةِ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی دەکرد لە ماڵدا ، وە دەرگایشی لێ داخرابوو ، جا منیش هاتم لە دەرگامدا ، ئەویش ڕێی کرد و بۆی کردمەوە ، پاشان گەڕایەوە بۆ شوێنی نوێژەکەی . وە وەسفی دەرگاکەی کرد کەوا ڕوو بەرەو قیبلە بوو [رواه أبو داود(٣/١٩٠/٩١٠) والترمذي(٢/٥٦/٥٩٨) والنسائي(٣/١١) وهو حديث حسن بروانە صحيح النسائي(١١٥١) ].

(ب) هەڵگرتنی منداڵ لە کاتی نوێژ دا ، لە بەر فەرموودەکەی (أبي قَتَادَة)(خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أنَّ رَسُولَ الله (ﷺ) كَانَ يُصَلِّي وَهُوَ حَامِلٌ أُمَامَةَ بِنْتَ زَيْنَبَ بِنْتِ رَسُولِ اللهِ(ﷺ) وَلِأَبِي العَاصِ بنِ الرَّبِيعِ ، فَإِذَا قَامَ حَمَلَهَا وَإِذَا سَجَدَ وَضَعَهَا )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی دەکرد و (أُمَامَه)ی کچی (زَيْنَب)ی کچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە کچی (أبو العَاص بن الرَّبِيع)ی هەڵگرتبوو ، جا ئەگەر هەڵبسایەتەوە هەڵیدەگرت ، وە ئەگەر سوجدەی ببردایە دایدەنا [ رواه البخاري(١/رقم/٥١٦) ومسلم(١/٣٨٥/٥٤٣) وغيرهما ] .

(ج) کوشتنی دوو پشك و مار لە نوێژ دا ، لە بەر فەرموودەکەی (أبو هُرَيْرَة) کەوا فەرمووی: (( أنَّ رَسُولَ الله (ﷺ) أمَرَ بِقَتْلِ الأَسْوَدَيْنِ فِي الصَّلاةِ ، العَقْرَب وَالحَيَّة )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کرد بە کوشتنی دوو ڕەشەکە لە نوێژدا ، دوو پشك — کوڵاژدم — و مار [ رواه أبو داود والترمذي(١/رقم/٣٩٠) وابن ماجة(١/رقم/١٢٤٥) وابن خزيمة(٢/٤١/٨٦٩) وهو حديث صحيح بروانە صحيح أبي داود(٨٥٤) وصحيح إبن ماجة(١٠٢٩) وصحيح الجامع(١١٤٧)].

(د) تف کردنە ناو دەسڕ یان جل و بەرگ لە نوێژ دا ، لە بەر فەرموودەکەی(جَابِر)(خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (( إنَّ أحَدَكُمْ إِذَا قَامَ يُصَلِّي فَإِنَّ اللهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى قِبَلَ وَجْهِهِ ، فَلا يَبْصُقَنَّ قِبَلَ وَجْهِهِ وَلا عَنْ يَمِينِهِ ، وَلْيَبْصُقْ عَنْ يَسَارِهِ تَحْتَ رِجْلِهِ اليُسْرَى ، فَإِنْ عَجِلَتْ بِهِ بَادِرَة فَلْيَقُل بِثَوْبِهِ هَكَذَا ، ثُمَّ طَوَى ثَوْبَهُ بَعْضَهُ عَلَى بَعْضٍ )) واتە: ئەگەر یەکێکتان هەستا نوێژ بکات ، ئەوە خوای گەورە ڕوو بەرەو ڕوویەتی ، جا با تف ڕوو بەڕووبەردەمی خۆی نەکات ، وە بە لای ڕاستیشیدا نەیکات ، وە با بە لای چەپیدا تف بکات ، بۆ ژێر پێی چەپی ، جا ئەگەر پەلەیی زۆری پێ هێنا ، ئەوە با وا بکات ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) جل و بەرگەکەی دابەسەر یەکدا [ رواه مسلم(٤/٢٣٠٣/٣٠٠٨) وأبو داود(١/رقم/٤٧٧)].

(ه) وەڵام دانەوەی (سَلام) بە ئاماژە کردن بە دەست ، ئەگەر کەسێك (سَلام)ی لێ کرد ، لە بەر فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر)(خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : (( خَرَجَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) إِلَى قُبَاءٍ يُصَلِّي فِيهِ ، فَجَاءَتْهُ الأَنْصَارُ فَسَلَّمُوا عَلَيْهِ وَهُوَ يُصَلِّي ، قَالَ:

منتدى إقرأ الثقافي

.........................

فَقُلْتُ لِبِلَال: كَيْفَ رَأَيْتَ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) يَرُدُّ عَلَيْهِمْ حِيْنَ كَانُوا يُسَلِّمُونَ عَلَيْهِ وَهُوَ يُصَلِّي ؟ قَالَ: يَقُولُ هَكَذَا ، وَبَسَطَ كَفَّهُ وَبَسَطَ جَعْفَرُ بنُ عَوْن كَفَّهُ ، وَجَعَلَ بَطْنَهُ أَسْفَلَ ، وَجَعَلَ ظَهْرَهُ إِلَى فَوْقَ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەرچوو بۆ مزگەوتی (قُبَاء) نوێژی پێ کردن ، جا هەندێك لە (أَنْصَار)ێکان هاتن بۆ لای و(سَلَام)یان لێ کرد ئەویش نوێژی دەکرد ، فەرمووی: بە(بلال)م ووت: چۆن بینیت پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەڵامی دانەوە ، کاتێك کە(سَلام)یان لێ کرد و ئەو نوێژی دەکرد ؟ فەرمووی: ئاوای دەکرد ، وە دەستی کردەوە ، وە( جَعْفَرُ بنُ عَوْن) — کە یەکێکە لەوانەی فەرموودەکە دەگێڕنەوە — دەستی کردەوە ، وە ناوی دەستی کردە ژێرەوە ، وە بانی دەستیشی کردە سەرەوە [ رواه أبو داود (١/رقم/٩٢٧) وهو حديث صحيح بروانە صحيح أبي داود (٨٢٠) ].

(و) (سُبْحَانَ اللهِ) کردن بۆ پیاو ، وە چەپڵە لێدان — بەوەی دەستی ڕاستی بدات بە سەر پشتی دەستی چەپیدا — بۆ ئافرەت ، ئەگەر پێش نوێژ(إِمَام) هەڵەیەکی کرد لە نوێژ دا ، بۆ ئاگادار کردنەوەی لە هەڵەکەی ، لە بەر فەرموودەکەی (سَهْلُ بنُ سَعْد)(خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((... يَا أَيُّهَا النَّاسُ مَا لَكُمْ حِيْنَ نَابَكُمْ شَيْءٌ فِي الصَّلَاةِ أَخَذْتُمْ فِي التَّصْفِيْقِ ، إِنَّمَا التَّصْفِيْقُ لِلنِّسَاءِ ، مَنْ نَابَهُ شَيْءٌ فِي صَلَاتِهِ فَلْيَقُلْ سُبْحَانَ اللهِ ... )) واتە: ... ئەی خەڵکینە ، ئەوە چیتانە ئەگەر بتانەوێ ئاگاداری پێشەوا بکەنەوە بە شتێك چەپڵە لێ دەدەن ، چەپڵە لێ دان تایبەتە بە ئافرەتەوە ، جا ئەگەر یەکێك ویستی ئاگاداری شتێك بکاتەوە لە نوێژ دا ، ئەوە با بڵێت (سُبْحَانَ اللهِ) ... [ رواه البخاري(٣/رقم/١٢٣٤) ومسلم(١/٣١٦/٤٢١) وغيرهما ] .

(ز) ڕاست کردنەوەی هەڵەی پێش نوێژ(إِمَام) لە قورئان خوێندندا ، لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر)(خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی (( أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) صَلَّى صَلَاةً فَقَرَأَ فِيهَا فَلُبِسَ عَلَيْهِ ، فَلَمَّا انْصَرَفَ قَالَ لِأُبَيٍّ: أَصَلَّيْتَ مَعَنَا ؟ قَالَ: نَعَمْ . قَالَ: فَمَا مَنَعَكَ ؟ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژێکی کرد ، جا کاتێك کە قورئانی تێدا خوێند لێی تێك چوو ، جا کە لە نوێژەکە بویەوە ، بە(أُبَي) فەرموو: ئایە لە گەڵماندا نوێژت کرد ؟ ئەویش ووتی: بەڵێ . فەرمووی: ئەی چی قەدەغەی لێ کردی کەوا یادم بخەیتەوە ؟ [رواه أبو داود(١/رقم/٩٠٧) وهو حديث صحيح بروانە صحيح أبي داود(٨٠٢)] .

منتدى إقرأ الثقافي

.........................

(ح) قەدەغە کردنی کەسێك بیەوێت بە بەر دەمیدا تێپەڕێت ، لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيد)(خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (( إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ إِلَى شَيْءٍ يَسْتُرُهُ مِنَ النَّاسِ ، فَأَرَادَ أَحَدٌ أَنْ يَجْتَازَهُ بَيْنَ يَدَيْهِ فَلْيَدْفَعْ فِي نَحْرِهِ فَإِنْ أَبَى فَلْيُقَاتِلْهُ فَإِنَّمَا هُوَ شَيْطَانٌ )) واتە: ئەگەر یەکێکتان نوێژی کرد وە شتێك ستری دەکرد لە خەڵکی ، جا ئەگەر یەکێك ویستی بە بەردەمیدا تێپەڕێت ، ئەوە پاڵ بنێت بە سینگێوە وانەهێڵێ تێپەڕ ببێت ، جا ئەگەر هەر نەگەڕایەوە ئەوە لە گەڵیدا بجەنگێت ، چونکە ئەوە شەیتانە [ رواه مسلم(١/٣٦٢/٥٠٥) ] .

(ط) گریان لە نوێژ دا ، لە بەر فەرموودەکەی (عَلي)(خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی (( مَا كَانَ فِينَا فَارِسٌ يَوْمَ بَدْرٍ غَيْرَ المِقْدَاد ، وَلَقَدْ رَأَيْتَنَا وَمَا فِينَا إِلاَّ نَائِمٌ ، إِلاَّ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) تَحْتَ شَجَرَةٍ يُصَلِّي وَيَبْكِي حَتَّى أَصْبَحَ )) واتە: لە ڕۆژی (بَدْر) سوارمان تێدا نەبوو جگە لە (مقداد) ، وە لەو شەوەدا کەسمانت نەدەبینی (ئیللا) خەوتوو بوو جگە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەبێت ، لە ژێر دارەکەدا نوێژی دەکرد و دەگریا تا ڕۆژ بویەوە [ رواه أحمد(٢١/٣٦/٢٢٥)وابن خزيمة(٢/٥٢/٨٩٩) وإسناده صحيح بروانە الوجيز في فقه السنة والكتاب العزيز(ل١٠٣)] .

وە فەرموودەکەی (مُطَرِّفُ عَنْ أَبِيه)(خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی (( رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) يُصَلِّي وَفِي صَدْرِهِ أَزِيزٌ كَأَزِيزِ الرَّحَى(المِرْجَلِ) مِنَ البُكَاءِ (ﷺ) )) واتە: بینیم پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی دەکرد ، وە لە سینگیدا گیزەیەك دەهات وەکو گیزەی قازان کاتێك دێتە کوڵ ، لە گریاندا (ﷺ) [ رواه أبو داود(١/رقم/٩٠٤) والنسائي رقم(١٢١٣) وهو حديث صحيح بروانە المشكاة(١٠٠٠) وصحيح أبي داود(٨٤٠) وصحيح النسائي(١١٥٦)] .

(ی) لا کردنەوە لە نوێژ دا لە بەر پێویستی ، لە بەر فەرموودەکەی (جَابِر)(خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی (( إِشْتَكَى رَسُولُ اللهِ(ﷺ) فَصَلَّيْنَا وَرَاءَهُ وَهُوَ قَاعِدٌ ، فَالْتَفَتَ إِلَيْنَا فَرَآنَا قِيَاماً فَأَشَارَ إِلَيْنَا فَقَعَدْنَا )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژێکان نەخۆش بوو ، جا ئێمە لە پشتێوە بە پێوە نوێژمان دەکرد ، وە ئەو بە دانیشتنەوە پێش نوێژی بۆ دەکردین ، جا لای کردەوە لای ئێمەوە بینی ئێمە ڕاوەستاوین ، جا ئامازەی بۆ کردین کەوا دانیشین ، جا ئێمەیش دانیشتین [رواه مسلم(١/٣٠٩/٤١٣) وأبو داود(٢/رقم/٥٨٨) والنسائي(٢/٩) وهو حديث صحيح بروانە صحيح النسائي للألباني(١١٤٥) ].

منتدى إقرأ الثقافي

..........

بەڵام ئەگەر پێویست نەبوو ئەوە باش نییە ، لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَـةَ)(خـوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پرسیارم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد لە بارەی لا کردنـەوە لـە نوێژ دا ، جا ئەویش فـەرمووی (( هُوَ إِخْتِلاسٌ يَخْتَلِسَهُ الشَّيْطَانُ مِنْ صَلاةِ العَبْدِ )) واتە: دزیەکە شـەیتان لـە نوێـژی بـەندە دەیـدزێ [ رواه البخاري(٢/رقم/٧٥١) أبي داود(/رقم/٩١٠) وغيرهما ] .

تێبینی دووەم: ئەوەی لە نوێژ دا باش نییە بکرێت :

(أ) جوڵاندنەوە بە بێ پێویستی ، لە بەر فەرموودەکەی (مُعَيْقِب)(خوای لێ ڕازی بێـت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بارەی پیاوێکەوە خۆڵی شوێنی سوجدەکەی خۆی چاك بکات فەرمووی: (( إِنْ كُنْتَ فَاعِلاً فَوَاحِدَةً )) واتە: ئەگەر هەر کردت ، ئەوە یەك جار بیکـە [رواه البخاري(٣/رقم/١٢٠٧) ومسلم(١/٣٨٨/٥٤٦) وأصحاب السنن ] .

(ب) تەماشا کردنی شتێکی سەرنج ڕاکێش ، لـە بـەر فەرموودەکـەی (عَائِشَـةَ)(خـوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە پۆشاکێکی(خَمِيصَه)وە نوێژی کرد کـە خەتی ڕەنگا و ڕەنگی پێوە بوو ، جا فەرمووی: (( شَغَلَتْنِي أعْلامُ هَذِهِ ، إذْهَبُوا بِهَا إِلَـى أَبِي جَهْمٍ ، وَائْتُونِي بِأَنْبِجَانِيَتِهِ )) واتە: ڕەنگاو ڕەنگی ئەمە سەر قاڵی کردم ، بیبەنەوە بۆ (أَبُو جَهْم) و (أَنْبَجَانِيَة)ەکەیم بۆ بێنن [ رواه البخاري(٢/رقم/٧٥٢) ومسلم(١/١٨٢/٩٠١) وغيرهما ] .

(أَنْبِجَانِيَه): پۆشاکێکی ئەستورە ، خەتی ڕەنگا و ڕەنگی تێدا نییە .

(ج) باوێشك دان ، لـە بـەر فەرموودەکـەی (أَبُـو هُرَيْـرَة)(خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا پێغەمبەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: (( التَّثَاؤُبَ فِي الصَّلاةِ مِنَ الشَّيْطَانِ ، فَإذَا تَثَاءَبَ أحَدُكُمْ فَلْيَكْظِمْ مَا اسْتَطَاعَ )) واتە: باوێشك دان لە نوێژ دا لە شەیتانەوەیە ، جـا ئەگـەر یـەکێکتان باوێشـکی هـات ، بـا قوتـی بداتـەوە تـا دەتوانێـت [ رواه الترمذي(١/٢٣٠/٣٦٨) و إبـن خزيمة(٢/٦١/٩٢٠) وغيرهما وهو حديث صحيح بروانە صحيح الجامع(٣٠١٢) ] .

(د) تـف کـردن ڕوو بـەرەو قیبلـە یـان بـەرەو لای ڕاسـت ، لـە بـەر فەرموودەکـەی (جَابِر)(خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە: تێبینی یەکەم ، لقی (د) .

(هـ) پەنجە کردنە ناو یەکتریدا ، لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْـرَة)(خـوای لێ ڕازی بـێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (( إِذَا تَوَضَّأَ أحَدُكُمْ فِي بَيْتِهِ ثُمَّ أتَى المَسْجِدَ كَانَ فِي صَلاةٍ حَتَّى يَرْجِعَ ، فَلا يَقُلْ هَكَذَا ( وَشَبَّكَ بَيْنَ أصَابِعِهِ ) )) واتە: ئەگەر یـەکێکتان دەسـت نوێـژی گـرت لـە ماڵـەوە ، پاشـان ڕۆیشـت بـۆ مزگـەوت ، ئـەوە لـە نوێـژ دایـە تـا دەگەڕێتەوە __ بە نوێژ دەنوسرێت __ ، جا با وا نەکات ( پەنجەکانی کردە ناو یەکدا ) [رواه الحاكم(١/٢٠٦) وهو حديث صحيح بروانە صحيح الجامع(٤٤٥) والسلسلة الصحيحة للألباني(١٢٩٤) ] .



منتدى إقرأ الثقافي

# ( سُجُوْد )ی هەڵە کردن
## ( سُجُوْدُ السَّهْو )

**(سُجُوْد)ی هەڵەکردن دوو(سُجُود)ە[180] ، پێش(سَلاَم)دانەوە دەبرێت – پاش تەواو کردنی(تَحِيَات)خوێندن – ئەگەر لە نوێژەکەدا کەم و کورتی هەبوو[181] ، یان گومانی هەبوو و یەکلایی نەبوەوە لە گومانەکەیدا[182] ،**

(١٨٠) لە بەر ئەو فەرموودەکەی(ثَوْبَان) (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لِكُلِّ سَهْوٍ سَجْدَتَانِ )) واتە: بۆ هەموو هەڵـەکردنێك _ لە نوێژدا _ دوو(سُجُوْد) دەبرێت [رواه أبو داود (١٠٢٥/٣٥٧/٣) وابن ماجة (١٢١٩/٣٨٥/١) وهو حديث حسن ، بروانه صحيح أبي داود ( ٩١٧ )].

(١٨١) لە بەر فەموودەکەی (عَبْدُاللهِ بْنِ بُحَيْنَة) (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( صَلَّى لَنَا رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) رَكْعَتَيْنِ مِنْ بَعْضِ الصَّلَوَاتِ ، ثُمَّ قَامَ فَلَمْ يَجْلِسْ ، فَقَامَ النَّاسُ مَعَهُ ، فَلَمَّا قَضَى صَلاَتَهُ وَنَظَرْنَا تَسْلِيْمَهُ كَبَّرَ قَبْلَ التَّسْلِيْمِ فَسَجَدَ سَجْدَتَيْنِ وَهُوَ جَالِسٌ ، ثُمَّ سَلَّمَ )) واتە: لە هەندێك نوێژەکاندا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دووەم ڕکاتدا هەڵسایەوە وتەحیاتی یەکەمی نەخوێند ، جا کە نوێژەکەی تەواو کرد ، چاوەڕوانی دانەوەی بووین ، (اللهُ أَكْبَر)ی کرد و دوو(سُجُود)ی هەڵە کردنی برد ، پاشان (سَلاَم)ی دایەوە [رواه البخاري (١٢٢٤/٩٢/٣) ومسلم (٥٧٠/٣٩٩/١)].

(١٨٢) لە بەر فەموودەکەی (أَبُو سَعِيْدِ الخُدْرِي) (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِذَا شَكَّ أَحَدُكُمْ فِي صَلاَتِهِ فَلَمْ يَدْرِ كَمْ صَلَّى ؟ ثَلاَثاً أَمْ أَرْبَعاً ؟ فَلْيَطْرَحِ الشَّكَّ وَلْيَبْنِ عَلَى مَا اسْتَيْقَنَ . ثُمَّ يَسْجُدُ سَجْدَتَيْنِ قَبْلَ أَنْ يُسَلِّمَ . فَإِنْ كَانَ صَلَّى خَمْساً ، شَفَعْنَ لَهُ صَلاَتَهُ ، وَإِنْ كَانَ صَلَّى تَمَاماً لِأَرْبَعٍ ، كَانَتَا تَرْغِيْماً لِلشَّيْطَانِ )) واتە: ئەگەر یەکێکتان کەوتنە گومانەوە لە نوێژەکەیدا و نەیزانی چەند ڕکاتی کردوە ، سێ یان چوار ، ئەوە با گومان بخاتە لاوە و نوێژەکەی بینا بکات لە سەر ئەوەندەی کە دڵنیایە تێیدا _ کە کەمەکەیانە _ ، پاشان دوو (سُجُود)ببات پێش (سَلاَم)دانەوە ، جا ئەگەر پێنج ڕکاتی کردبێت ئەوە نوێژەکەی بۆ جووت دەکاتەوە ، وە ئەگەر چواری تەواویشی کردبێت ئەوە لووت شکاندنی شەیتانە [رواه مسلم (٥٧١/٤٠٠/١) وغيره].


منتدى إقرأ الثقافي

وە پاش(سَلاَم )دانەوەیش دەبرێت ، ئەگەر شتێکی زیاتری کردبێت لە نوێژەکەیدا[١٨٣] ، یان لە گوماندا بووبێت ، بەڵام یەکلابوەوە تێیدا[١٨٤]، جا(اللهُ أَكْبَر)ی بۆ دەکرێت و(سَلاَم)یش دەدرێتەوە[١٨٥]،

---

(١٨٣) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بْن مَسْعُوْد) (خوای لیّ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أَنَّ رَسُوْلَ الله (ﷺ) صَلَّى الظُّهْرَ خَمْساً ، فَقِيْلَ لَهُ: أَزِيْدَ فِي الصَّلاَةِ ؟ فَقَالَ: وَمَا ذَاكَ ؟ قَالَ: صَلَّيْتَ خَمْساً ، فَسَجَدَ سَجْدَتَيْنِ بَعْدَمَا سَلَّمَ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێنج ڕکاتی کرد لە نوێژی نیوەڕۆدا ، جا پێی ووترا: ئایە نوێژ زیادی کردوە ؟ ئەویش فەرمووی: چی ڕووی داوە ؟ ووتیان: پێنج ڕکاتت کردوە ، جا دوو(سُجُود)ی برد پاش (سَلاَم)دانەوە [رواه البخاري (٣/٩٢/١٢٢٦) ومسلم (١/٤٠١/٥٧٢)].

(١٨٤) هەر لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بْن مَسْعُوْد) (خوای لیّ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( .. وَإِذَا شَكَّ أَحَدُكُمْ فِي صَلاَتِهِ فَلْيَتَحَرَّ الصَّوَابَ ، فَلْيُتِمَّ عَلَيْهِ ثُمَّ لِيُسَلِّمَ ، ثُمَّ يَسْجُدُ سَجْدَتَيْنِ )) واتە: وە ئەگەر یەکێکتان کەوتە گومانەوە لە نوێژەکەیدا ، ئەوە با هەوڵبدا ڕاستیەکەی بزانێت ، پاشان لە سەر ئەوە نوێژەکەی بینا بکات ، پاشان (سَلاَم) بداتەوە ، دوای ئەوەیش دوو(سُجُوْد)ببات [رواه البخاري (٣/٥٠٣/٤٠١) ومسلم (١/٤٠٠/٥٧٢)].

(١٨٥) لە بەر فەموودەکەی (أَبُوْ هُرَيْرَة) (خوای لیّ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( صَلَّى النَّبِيُّ (ﷺ) إِحْدَى صَلاَتَي العَشِيِّ _ قَالَ مُحَمَّد: وَأَكْثَرُ ظَنِّي أَنَّهَا العَصْرُ _ رَكْعَتَيْنِ ، ثُمَّ سَلَّمَ ، ثُمَّ قَامَ إِلَى خَشَبَةٍ فِي مُقَدَّمِ المَسْجِدِ فَوَضَعَ يَدَهُ عَلَيْهَا ، وَفِيْهِمْ أَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا فَهَابَا أَنْ يُكَلِّمَاهُ ، وَخَرَجَ سَرَعَانَ النَّاسِ ، فَقَالُوا: أَقُصِرَتِ الصَّلاَةُ ؟ وَرَجُلٌ يَدْعُوْهُ رَسُوْلُ الله (ﷺ) ذُو اليَدَيْنِ ، فَقَالَ: أَنَسِيْتَ أَمْ قَصُرَت ؟ فَقَالَ: لَمْ أَنْسَ وَلَمْ تُقْصَرْ ، فَقَالَ: بَلَى قَدْ نَسِيْتَ . فَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ ثُمَّ سَلَّمَ ، ثُمَّ كَبَّرَ فَسَجَدَ مِثْلَ سُجُوْدِهِ أَوْ أَطْوَلَ ، ثُمَّ رَفَعَ رَأْسَهُ فَكَبَّرَ ، ثُمَّ وَضَعَ رَأْسَهُ فَكَبَّرَ فَسَجَدَ مِثْلَ سُجُوْدِهِ أَوْ أَطْوَلَ ، ثُمَّ رَفَعَ رَأْسَهُ وَكَبَّرَ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) یەکێك لەو دوو نوێژەکەی(عَشِي)پێ کردین(کە نیوەڕۆ و عەسرە) - (إِبْنُ سِيْرِيْن) فەرمووی: وە زۆربەی گومانم بۆ عەسر دەچێت - جا دوو ڕکاتی پێ کردین ، پاشان (سَلاَم)ی دایەوە و هەستا بۆ لای دارێك کە لە ناو مزگەوتدا بە درێژی دانرابوو ، جا دەستی خستە سەری ، وە (أَبُوبَكْر) و (عُمَر)یش (خوایان لیّ رازی بێت) لە ناو خەڵکەکەدا بوون ، بەڵام لە هەیبەتدا


منتدى إقرأ الثقافي

**وە ئەگـەر پێش نوێـژ(إمَـام)(سـُجُوْد)ی هەڵـەکردنی بـرد ، دەبێـت شـوێن کەوتووان(مَأْمُوْمِیْن)یش لە گەڵیدا ببەن(١٨٦).**

نەیانتوانی قسەی لە گەڵدا بکەن ، وە خەڵکە کە بە پەلە لە مزگەوت چوونە دەرەوە ، جا ووتیان: ئایە نوێژ کـورت بوەتـەوە ؟ وە پیاوێك هـەبوو پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) پێی دەووت: (ذُوْالیَدَیْن) ، ووتی: ئەی پێغەمبەری خـوا ، ئایا لـە یادت چوو یان نوێـژ کـورت بوەتەوە ؟ ئەویش فەرمووی: نە لە یادم چوو و نە کورتیش بوەتەوە ، جا ووتی: بەڵێ لـە بیرت چوو ، جا دوو ڕکاتی کرد و پاشان (سَلاَم)ی دایەوە ، دوای ئـەوە (اللهُ أكْبَر)ی کـرد و (سُجُوْد)ێکی وەك ئەوەی پێشی برد یان درێژ تر ، پاشان سەری بەرز کردەوە و(اللهُ أكْبَر)ی کرد ، پاشان (اللهُ أكْبَر)ی کرد و (سُجُوْد)ێکی تری برد وەکو ئەوی تر یان درێژ تـر ، پاشـان سەری بەرزکردەوە و(اللهُ أكْبَر)ی کرد [رواه البخاري (١٢٢٨/٩٨/٣) ومسلم (٥٧٣/٤٠٣/١) وغيرهما وفي رواية لمسلم (٥٧٤/٤٠٤/١) وغيره عن (عِمْرَانُ بْنُ حُصَيْن) انه قال: (( .. وَسَلَّمَ )) واتـە: .. پاشـان (سَلاَم)یشی دایەوە].

(١٨٦) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بْن بُحَيْنَة) (خوای لێ رازی بێت) کە لـە(پ١٨١)دا هێناومانەوە ، کە لە هەندێك ڕیوایەتیدا هـاتووە کـەوا فـەرمووی: (( .. وَسَجَدَهُمَا النَّاسُ مَعَـهُ .. )) واتـە: .. وە خەڵکـیش لـە گـەڵ پێغەمبـەردا چوونـە (سـُجُوْد)دا ..
[ وهي رواية صحيحة بروانه صحيح الترمذي (٣٢٠/١٢٢/١)].

وە لە بـەر فەرموودەکـەی (أبُـو هُرَيْـرَة) (خـوای لێ رازی بێـت) کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: (( إِنَّمَا جُعِلَ الإِمَامُ لِيُؤْتَمَّ بِهِ ، فَـلاَ تَخْتَلِفُـوا عَلَيْـهِ ، .. وَإِذَا سَـجَدَ فَاسْجُدُوا .. )) واتە: پێشەوا دانراوە بۆ ئەوەی ببێتە سەر مەشق بـۆ شـوێن کـەوتووان ، بۆیە جیاوازی لە گەڵدا مەکەن .. وە ئەگەر چووە(سُجُود)دا ، ئێوەش بچن بـە (سـُجُود)دا ..
[رواه البخـاري (٧٢٢/٢٠٨/٢) ومسـلم (٤١٤/٣٠٩/١)]. وە تـەواوی ئـەم فەرموودەیـە لـە (پ٢٠٣)دا دەهێنینەوە ، (إِنْشَاءَ الله) ، دەتوانیت لەوێیشدا تەماشای بکەیت .


منتدى إقرأ الثقافي

# ( سُجُود )ی قورئان خوێندن
# ( سُجُودُ التِّلاوَة )

له قورئاندا له چوارده شوێندا ، باسی(سُجُود)بردنی تێدا كراوه(١٨٧)، سوننەته لەو چوارده شوێنەدا(سُجُود)ی تێدا ببرێت(١٨٨)، وه شێوەكەیشی تەنها یەك(سُجُود)ه به بێ(سَلاَم)دانەوه ، وه تێیدا زیكری(سُجُود)ی قورئان خوێندن دەخوێنرێت(١٨٩).

(١٨٧) ئەو چوارده شوێنه له قورئاندا ئەمانەن : (الأعْرَاف : ٢٠٦) ، (الرَّعْد : ١٥) ، (النَّحْل : ٤٩) ، (الإسْرَاء : ١٠٧) ، (مَرْيَم : ٥٨) ، (الحَجّ : ١٨) ، (الفرْقَان: ٦٠) ، (النَّمل : ٢٥) ، (السَّجْدَة: ١٥) ، (صٓ : ٢٤) ، (فصِّلَت : ٣٧) ، (النَّجْم : ٦٢) ، (الإنْشقَاق : ٢١) ، (العَلَق : ١٩) .

(١٨٨) له بەر فەرموودەكەی (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی: (( أنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَرَأَ سُورَةَ النَّجْمِ فَسَجَدَ بِهَا .. )) واته: پێغەمبەری خوا (ﷺ) سورەتی (النَّجْم)ی خوێندەوه و(سُجُود)ی تێدا برد .. [رواه البخاری (٢/٥٥٣/١٠٧٠) ومسلم (١/٤٠٥/٥٧٦) وغیرهما].

بەڵام ، (زَيْدُ بْنُ ثَابت) (خوای لێ رازی بێت) فەرمووی: (( قَرَأْتُ عَلَى النَّبِيِّ (ﷺ) وَالنَّجْمِ ، فَلَمْ يَسْجُدْ فِيهَا )) واته: سورەتی (وَالنَّجْم)م بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوێندەوه(سُجُود)ی تێدا نەبرد [رواه البخاری (٢/٥٥٤/١٠٧٣) ومسلم (١/٤٠٦/٥٧٧) وغیرهما].

بۆیه (إبْنُ حَزْم) دەفەرمێ: (سُجُود)ی قورئان خوێندن فەرز نییه ، بەڵكو (فَضْل)ه ، وه (سُجُود)ی بۆ دەبرێت له نوێژی فەرز و سوننەتدا ، وه له هەموو كاتەكانی تریشدا بێجگه له نوێژەكانیش ، وه له كاتی خۆر هەڵات وخۆر ئاوا بوونیشدا ، وه له كاتی وەستانیشیدا له ناوه ڕاستی ئاسماندا ، ڕوو بەرەو قیبله بێت ، یان بەرەو قیبله نەبێت ، به دەست نوێژەوه بێت ، یان به بێ دەست نوێژ بێت [بروانه المحلى (٥/١٠٦) لابن حزم].

(١٨٩) له بەر فەرموودەكەی (عَائشَة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی: (( كَانَ رَسُولُ الله (ﷺ) يَقُولُ فِي سُجُودِ القُرْآنِ بِاللَّيْلِ يَقُولُ فِي السَّجْدَةِ مِرَاراً: سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِي خَلَقَهُ وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ بِحَوْلِهِ وَقُوَّتِهِ )) واته: پێغەمبەری خوا (ﷺ) له (سُجُود)ی قورئان خوێندندا له شەواندا له هەر (سُجُود)ێكدا چەند جارێك دەیفەرموو:



منتدى إقرأ الثقافي

## (سُجُود)ی سوپاس کردنی خوا
## (سُجُودُ الشُّکر)

وە هەروەها (سُجُود)ی سوپاس کردن(شُکر) ، یەك(سُجُود)ە بە بێ (سَلاَم)[190].

سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِي خَلَقَهُ وَشَقَّ سَمعَهُ وَبَصَرَهُ بِحَوْلِه وَقُوَّته [رواه أبو داود (٤/٢٨٩/١٤٠١) والترمذي(٥/٤٧/٥٧٧) والنسائي(٢/٢٢٢) وفي رواية الحاكم ﴿ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِيْن ﴾ وهو حديث صحيح بروانە صحيح أبي داود(١٢٥٥)].

وە لە بەر فەرموودەکەی (عَلِي) (خـوای لێ رازی بێـت) کـەوا فـەرمووی: (( أَنَّ النَّبِيَّ(ﷺ) كَانَ إِذَا سَجَدَ قَالَ: (( اللَّهُمَّ لَكَ سَجَدْتُ وَبِكَ آمَنْتُ وَلَكَ أَسْلَمْتُ ، أَنْتَ رَبِّي ، سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِي شَقَّ سَمعَهُ وَبَصَرَهُ تَبَارَكَ اللهُ أَحْسَنُ الْخَالقِيْن )) واتـە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك (سُجُود)ی ببردایە دەیفەرموو: (( اللَّهُمَّ لَكَ سَجَدْتُ وَبِكَ آمَنْتُ وَلَكَ أَسْلَمْتُ ، أَنْتَ رَبِّي ، سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِي شَقَّ سَمعَهُ وَبَصَرَهُ تَبَارَكَ اللهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِيْن )) [رواه مسلم (١/٥٣٤/٧٧١) وابن ماجة (١/٣٣٥/١٠٥٤) وأبو داود (٢/٤٦٣/٧٤٦) وغيرهم].

(١٩٠) سوننەتە کاتێك یەکێك مژدەیەکی پێ دەدرێت (سُجُود)ی سـوپاس کـردن ببات بۆ خوای پـەروەردگاری ، لـە بـەر فەرموودەکـەی (أَبُو بَكْرَة) (خـوای لێ رازی بێـت) کـەوا فەرمووی: (( أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ إِذَا أَتَاهُ أَمرٌ يَسرُّهُ أَوْ يُسَرُّ بِهِ ، خَرَّ سَاجِداً ، شُكْراً لله تَبَارَكَ وَتَعَالَى )) واتـە: پێغـەمبەری خـوا (ﷺ) کـاتێك هـەواڵێکی دڵخۆشـکـەری پـێ بگەشتایە(سجود)ی شوکری دەبرد بـۆ خـوای گـەورە [رواه ابو داود (٧/٤٦٢/٢٧٥٧) والترمذي (٣/١٦٢٦) وابن ماجة(١/٤٤٦/١٣٩٤) وهذا لفظه ، وهو حديث حسن بروانە الإرواء(٤٧٤) وصحيح أبي داود(٢٤٧٩) وصحيح سنن إبن ماجة (١١٤٣)].

وە فەرموودەکەی (أَنَسُ بْنُ مَالك) (خوای لێ رازی بێت) کـەوا فـەرمووی: (( أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) بُشِّرَ بِحَاجَةٍ ، فَخَرَّ سَاجِداً )) واتە: پێغەمبەری خـوا (ﷺ) مژدەیـەکی پێویستیان پێدا ، جا چـوە(سُجُود)دا [رواه إبن ماجة(١/٤٤٦/١٣٩٢) وهو حديث حسن بروانە الإرواء(٢/٢٢٧-٢٢٨) وصحيح إبن ماجة(١١٤١)].

وە (أثر)ەکەی (عَبْدُ الرَّحمَن بْن كَعْب بْن مَالك)( خوايان لێ رازی بێت) لە باوکیەوە کـەوا فەرمووی: (( لَمَّا تَابَ اللهُ عَلَيْهِ خَرَّ سَاجِداً )) واتە: کاتێك خوای گـەورە لێـی خـۆش بـوو چوە (سُجُود)دا بـۆ خـوای گـەورە [رواه أبو داود وإبن ماجة(١/٤٤٦/١٣٩٣) وهو أثر صحيح ، بروانە الإرواء(٤٧٧) وصحيح أبي داود(٢٤٧٩) وصحيح إبن ماجة(١١٤٢)].

منتدى إقرأ الثقافي

# نـویـْـژی بـە کـۆمـەڵ کـردن
# ( صَلاَةُ الجَمَاعَة )

**پێویست(وَاجِب)ە لە سەر هەموو نێرێکی پێگەیشتوو کەوا پێنج فەرزە نوێژەکانی بە کۆمەڵ بکات[191]،**

(١٩١) لە بەر ئەو هـەموو فەرموودانـەی کـە فـەرمان بـە نوێـژی کۆمـەڵ دەکـەن ، وە هەڕەشە لەو کەسانە دەکەن کە کەم تەرخەمی تێدا دەکەن ، لەو فەرموودانە فەرموودەکەی (أبو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( وَالَّذِي نَـفْسِي بِيَدِهِ ، لَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ آمُرَ بِحَطَبٍ فَيُحْطَبَ ، ثُمَّ آمُرَ بِالصَّلاَةِ فَيُؤَذَّنُ لَهَا ، ثُمَّ آمُرَ رَجُلاً فَيَؤُمَّ النَّاسَ ، ثُمَّ أُخَالِفَ إِلَى رِجَالٍ فَأُحَرِّقَ عَلَيْهِمْ بُيُوْتَهُمْ .. )) واتـە: سوێند بـەو کەسەی کە نەفسی منی بە دەستە بە بیرمدا هاتووە کـەوا فـەرمان بـە سوتەمەنی بکـەم ، بۆم کۆبکرێتەوە ، پاشان فەرمان بە نوێـژ بکـەم ، بـانگی بۆ بدرێت ، پاشان فـەرمان بـە پیاوێك بکەم ، پێش نوێژی بۆ خەڵکی بکات ، پاشان دوا بکەوم بۆ پیاوانێك _ کە لە نوێـژی کۆمەڵ دوا دەکەون _ ماڵەکانیان بە سەردا بسوتێنم .. [رواه البخاري (٢/١٢٥/٦٤٤) ومسلم (١/٤٥١/ ٦٥١) وغيرهما)].

وە فەرموودەکەی تـری (أبـو هُرَيْـرَة) (خـوای لێ رازی بێـت) کـەوا فـەرمووی: (( أَتَـى النَّبِيُّ (ﷺ) رَجُلٌ أَعْمَـى فَقَالَ: يَـا رَسُـوْلَ الله ، إِنَّـهُ لَيْـسَ لِـي قَـائِدٌ يَـقُوْدُنِـي إِلَـى المَسْجِدِ ، فَسَأَلَ رَسُوْلَ الله (ﷺ) أَنْ يُرَخِّصَ لَهُ فَيُصَلِّيَ فِي بَيْتِهِ ، فَرَخَّصَ لَهُ ، فَلَمَّا وَلَّـى دَعَاهُ ، فَقَالَ: هَلْ تَسْمَعُ النِّدَاءَ بِالصَّلاَةِ ؟ فَقَالَ: نَعَمْ ، قَالَ: فَأَجِبْ )) واتـە: پیاوێکی کوێر هاتەخزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا من کەسێکم نییە دەستم ڕابکێشێت بۆ مزگـەوت ، جا داوای لـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) کـرد کـەوا ڕوخسەتی بدات بۆ ئەوەی لە ماڵی خۆیدا نوێژ بکات ، جا ڕوخسـەتی پێدا ، جا کـاتێك کـە پشتی هەڵکرد ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگی کردەوە و پێی فـەرموو: ئایا دەنگی بـانگ دەبیستیت ؟ ئـەویش ووتـی: بـەڵێ ، پێغەمبـەری خوایش (ﷺ) فـەرمووی: دەی وەڵامـی دەرەوە _ واتە: دەبێت هەر بێیت بۆ نوێـژی بـە کۆمـەڵ _ [رواه مسلم (١/٤٥٢/٦٥٣) والنسائي ٢/١٠٩)].

منتدى إقرأ الثقافي

مەگەر(عذر)ێکی شەرعی ببێت(١٩٢) .

وە فەرموودەکەی (إبـنُ عبَّـاس) (خوایان لیٚ رازی بێت) کەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ سَمِعَ النِّدَاءَ فَلَمْ يَأْتِهِ ، فَلاَ صَلاَةَ لَهُ إلاَّ مِنْ عُذْرٍ )) واتە: هـەر کەسێك دەنگی بانگ ببیسێت و وەڵامی نەداتەوە ونەچێت بۆ نوێژی بە کۆمەڵ ، ئـەوە نوێـژی نییـە مەگەر(عُذْر)ی هەبێت [رواه إبن ماجة (١/٢٦٠/٧٩٣) والحاكم(١/٢٤٥) والبيهقي (٣/١٧٤) وهو حديث صحيح ، بروانه صحيح إبن ماجة (٦٤٥)].

## تێبینی:

ئافرەتانیش دروستە بچن بۆ مزگەوت بەڵام پاداشتی نوێژی ماڵی خۆیان زۆر ترە ، تا لەوەی بچن بۆ مزگەوت ، لە بەر فەرموودەکەی (أمِّ حُمَيْدِ السَّاعِدِيَّةِ) (خوای لیٚ رازی بێت) ، کەوا هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پیٚی ووت: ئەی پێغەمبـەری خـوا ... من پێم خۆشە لە گەڵ تۆدا نوێژ بکـەم ، جا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: (( قَدْ عَلِمْتُ أنَّكِ تُحِبِّيْنَ الصَّلاَةَ مَعِي ، وَصَلاَتُكِ فِي بَيْتِكِ خَيْرٌ لَكِ مِنْ صَلاَتِكِ فِي حُجْرَتِكِ ، وَصَلاَتُكِ فِي حُجْرَتِكِ خَيْرٌ لَكِ مِنْ صَلاَتِكِ فِي دَارِكِ ، وَصَلاَتُكِ فِي دَارِكِ خَيْرٌ لَكِ مِنْ صَلاَتِكِ فِي مَسْجِدِ قَوْمِكِ ، وَصَلاَتُكِ فِي مَسْجِدِ قَوْمِكِ خَيْرٌ لَكِ مِنْ صَلاَتِكِ فِي مَسْجِدِي )) واتە: دەزانم تۆ پێت خۆشە نوێژ لە گەڵ مندا بکەیت ، ... وە نوێـژ کردنـت لـە ژوورەکـەی ماڵی خۆتدا باشترە بۆت لە نوێژ کردنت لە مزگەوتی هۆزەکەی خۆتدا ، وە نوێـژ کردنـت لـە مزگەوتی هۆزەکەی خۆتدا باشترە بۆت لە نوێژ کردنت لە مزگەوتەکـەی منـدا [رواه أحمد (٥/١٩٨/١٣٣٧) وإبن خزيمة (٢/٩٥/١٦٨٩) وهو حديث حسن بروانه الوجيز (ل ١٢٥)].

(١٩٢) لـە بـەر فەرموودەکـەی (إبـنُ عبَّـاس)ی پێشـوو (خوایـان لیٚ رازی بێـت) ، بڕوانە(پ١٩١).

**وە ئەو(عُذْر)انەی کە دەبنە (عُذْر) بۆ ئامادە نەبوون لە نوێژی بەکۆمەڵدا:**

(١) باران وسەرما ، لە بەر فەرموودەکـەی (إبـنُ عُمَـر) (خوایـان لیٚ رازی بێـت) کـەوا فەرمووی: (( إنَّ رَسُوْلَ اللهِ (ﷺ) كَانَ يَأْمُرُ المُؤَذِّنَ إذَا كَانَتْ لَيْلَةٌ ذَاتُ بَرْدٍ وَمَطَرٍ يَقُوْلُ ألاَ صَلُّوْا فِيْ الرِّحَالِ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك شـەوێکی سـارد وباران بوایـە فەرمانی بە بانگدەر دەکرد کـەوا لـە بانگەکـەیدا بڵێت: نوێـژەکانتـان لـە شـوێنی بارەکـانی خۆتاندا بکەن [رواه البخاري (٢/١٥٦/٦٦٦) ومسلم (١/٤٨٤/١٩٧) وغيرهما].


منتدى إقرأ الثقافي

**وە ئەو نوێژە جێ بە جێ دەبێت بە دوو کەس ، یەکێکیان پێشەوا(إمَام)بێت و ئەوی تریشیان شوێن کەوتوو(مَأمُوم)[(١٩٣)] ،**

(٢) ئامادە بوونی خواردن ، لە بەر فەرموودەکەی (إبنُ عُمَر) (خوایان لیّ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **إذَا وُضِعَ عَشَاءُ أحَدِكُمْ وَأُقِيمَتِ الصَّلاَةُ فَابْدَأُوا بِالعَشَاءِ ، وَلاَ يَعْجَلْ حَتَّى يَفْرُغَ مِنْهُ . وَكَانَ إبْنُ عُمَرَ يُوْضَعُ لَهُ الطَّعَامُ وَتُقَامُ الصَّلاَةُ فَلاَ يَأتِيهَا حَتَّى يَفْرُغَ ، وَإنَّهُ لَيَسْمَعُ قِرَاءَةَ الإمَامِ** )) واتە: ئەگەر خواردنی یەکێکتان ئامادە بوو بوو و نوێژ دابەسترا ، ئەوە دەست بە خواردنەکانتان بکەن ، وە پەلە مەکەن تا لێی دەبنەوە . وە (إبنُ عُمَر) خۆی خواردنی بۆ ئامادە دەکرا و نوێژیش دادەبەسترا ، ئەو نەدەهات تا لە خواردنەکەی دەبویەوە ، وە گوێشی لە پێشەوا بوو کاتێك قورئانی دەخوێند [رواه البخاري (٢/١٥٩/٦٧٢) ومسلم (١/٣٩٢/٤٥٩) بدون الزيادة الأخيرة].

(٣) تەنگاو بوون بە میزو پیسی ، لە بەر فەرموودەکەی (عَائشَة) (خوای لیّ رازی بێت) کەوا گوێی لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) دەیفەرموو: (( **لاَ صَلاَةَ بِحَضْرَةِ الطَّعَامِ ، وَلاَ هُوَ يُدَافِعُ الأخْبَثَيْنِ** )) واتە: نوێژ کردن نییە لە کاتی ئامادە بوونی خواردن وە لە کاتی تەنگاو بوون بە میزو پیسیشدا [رواه مسلم (١/٣٩٣/٥٦٠) وأبو داود (١/١٦٠/٨٩)].

(١٩٣) لە بەر فەرموودەکەی (مَالكُ بْنُ الحوَيْرث) (خوای لیّ رازی بێت) کەوا فەرمووی: من و هاوڕێیەکم هاتینە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، جا کاتێك کە ویستمان لای دەربچین و بگەڕێینەوە ، پێی فەرموویین: (( **إذَا حَضَرَتِ الصَّلاَةُ فَأذِّنَا وَأقِيمَا ، ثُمَّ لِيَؤُمَّكُمَا أكْبَرُكُمَا** )) واتە: ئەگەر کاتی نوێژ هات ، ئەوە بانگ بدەن و نوێژ دابەستن ، وە با گەورەترینی هەردوکتان پێش نوێژی ئەوی ترتان بکات [رواه البخاري(٢/رقم/٦٥٨) ومسلم(١/رقم/٦٧٤) وأبو داود(١/رقم/٥٨٩) وبقية الجماعة وفي رواية لأحمد ومسلم : (( **وَكَانَا مُتَقَارِبَيْنِ فِي القِرَاءَةِ** )) واتە: لەو کاتەدا هەردووکیان لە قورئان خوێندندا نزیك یەك بوون وفي الرواية لأبي داود (( **وَكُنَّا يَوْمَئذٍ مُتَقَارِبَيْنِ فِي العِلْمِ** )) واتە: لەو کاتەدا هەردووکمان لەزانیندا نزیك یەك بووین .

وە لە بەر فەرموودەکەی (إبنُ عَبَّاس) (خوایان لیّ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **نِمْتُ عِنْدَ مَيْمُونَةَ وَالنَّبِيُّ (ﷺ) عِنْدَهَا تِلْكَ اللَّيْلَةَ ،فَتَوَضَّأ ثُمَّ قَامَ يُصَلّي ، فَقُمْتُ عَنْ يَسَارِهِ ، فَأخَذَنِي فَجَعَلَنِي عَنْ يَمِينِهِ ..** )) واتە: شەوێکیان لای مەیموونە – خەوتم و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ئەو شەوە لای ئەو بوو ، جا دەست نوێژی گرت ، پاشان هەستا نوێژی کرد ، جا منیش هەستام لای چەپیەوە وەستام ، ئەویش گرتمی و لای ڕاستی خۆیەوە دانیام ..، [رواه البخاري (٢/١٩١/٦٩٨) ومسلم (١/٥٢٥/٧٦٣)].


منتدى إقرأ الثقافي

وە پاداشتی نوێژی بە کۆمەڵ(جَمَاعَة) بیست وحەوت(٢٧) ئەوەندەی نوێژی تاك(مُنْفَرِد)ە ، وە چەند ژمارەی کۆمەڵەکە زیاتر بێت ئەوە پاداشتەکەی زۆرترە[١٩٤] ، وە دروستیشە کەسێك لە پشتی پێشەوایەکەوە نوێژ بکات لە خۆی پلەی نزمتر بێت[١٩٥] ،

(١٩٤) لە بەر فەرموودەکەی (أُبَيُّ بْنُ كَعْب) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی:(( صَلَّى بِنَا رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) يَوْمَاً الصُّبْحَ فَقَال : أشَاهِدٌ فُلاَنٌ ؟ قَالُوا: لاَ ، قَالَ: أشَاهِدٌ فُلاَنٌ ؟ قَالُوا: لاَ ، قَالَ: إنَّ هَاتَيْنِ الصَّلاَتَيْنِ أثْقَلُ الصَّلَوَاتِ عَلَى المُنَافِقِيْنَ ، وَلَوْ تَعْلَمُوْنَ مَا فِيْهَا لأَتَيْتُمُوْهُمَا وَلَوْ عَلَى الرُّكَبِ ، وَإنَّ الصَّفَّ الأَوَّلَ عَلَى مِثْلِ صَفِّ المَلاَئِكَةِ وَلَوْ عَلِمْتُمْ مَا فَضِيْلَتَهُ لاَبْتَدَرْتُمُوْهُ ، وَإنَّ صَلاَةَ الرَّجُلِ مَعَ الرَّجُلِ أزْكَى مِنْ صَلاَتِهِ وَحْدَهُ ، وَصَلاَتَهُ مَعَ الرَّجُلَيْنِ أزْكَى مِنْ صَلاَتِه مَعَ الرَّجُلِ ، وَمَا كَثُرَ فَهُوَ أحَبُّ إلَى اللهِ عَزَّ وَجَلَ )) واتە: رۆژێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی بەیانی پـێ کردین و فەرمووی: ئەوە فلان کەس ئامادەیە ؟ وتیان: نەء ، فەرمووی: ئەی فلان کەس ئامادەیە ؟ وتیان : نە ء ، فەرمووی: بە راستی ئەم دوو نوێژە - عیشا وبەیانی - گرانترین نوێژن لە سەر دووڕووەکان ، جا ئەگەر دەزانن چی پاداشتێکی تێدایە ، ئەوە بۆی دێن ئەگەر بە سکە خشکێ وگاوڵکێش بێت ، بە راستی ڕیزی یەکەم وەکو ڕیزی فریشتە وایە ، وە ئەگەر دەزانن چەند پاداشتی زۆرە ئەوە پێشبڕکێی بۆ دەکەن ، وە نوێژی کەسێك لە گەڵ کەسێکی تردا چاکترە لە نوێژی خۆی بە تەنها ، وە نوێژیشی لە گەڵ دوو کەسدا ، لەو چاکترە لە گەڵ یەکێکدا بیکات ، وە چەند زۆر تر بێت ئەوە خوای گەورە پـێی خۆشترە [رواه ابو داود (١/٣٧٥/٥٥٤) والنسائي (٢/١٠٤/٨٤٣) وابن ماجة(١/رقم/٧٩٧) عن أبي هريرة مختصرا وهو حديث حسن بشواهده بروانه الإرواء(٤٨٦) وصحيح إبن ماجه(٦٤٩) والأدلة الرضية (ل ٧٢)].

(١٩٥) لە بەر فەرموودەکەی: (المُغِيْرَةُ بْنُ شُعْبَة) (خوای لێ رازی بێت) کە تێیدا فەرمووی: (( .. فَأقْبَلْتُ مَعَهُ حَتَّى نَجِدُ النَّاسَ قَدْ قَدَّمُوا عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ عَوْفٍ فَصَلَّى لَهُمْ ، فَأدْرَكَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) إحْدَى الرَّكْعَتَيْنِ ، فَصَلَّى مَعَ النَّاسِ الرَّكْعَةَ الآخِرَةَ ، فَلَمَّا سَلَّمَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ عَوْفٍ قَامَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) يُتِمُّ صَلاَتَهُ ، فَأفْزَعَ ذَلِكَ المُسْلِمِيْنَ ، فَأكْثَرُوا التَّسْبِيْحَ ، فَلَمَّا قَضَى النَّبِيُّ (ﷺ) صَلاَتَهُ أقْبَلَ عَلَيْهِمْ ثُمَّ قَالَ: أحْسَنْتُمْ . أوْ قَالَ: قَدْ أصَبْتُمْ . يَغْبِطُهُمْ أنْ صَلُّوا الصَّلاَةَ لِوَقْتِهَا )) واتە: جا لە گەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) گەڕاینەوە ، خەڵکی (عَبْدُ الرَّحْمَن بْن عَوْف)یان پێش خستبوو

**بـەڵام باشـتر وایـە پێشـەوا(إمَـام)نوێـژ چاکـترینی نوێژکـەران بێـت[١٩٦]، وە هەروەها دروستە پیاو بە تەنها بۆ ئافرەتان پێشەوایەتی نوێژ بکات[١٩٧]،**

پێشەوایەتیان بۆ بکات ، جا ئەویش پێش پێش نوێژی بۆ کردن ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشتە ڕکاتی کۆتاییدا ، جا کە(عَبْدُالرَّحْمَن) (سَلاَم)ی نوێـژی دایـەوە ، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هەڵسایەوە نوێژەکەی تەواو بکات ، جا ئەوە موسوڵمانانی ڕاچەڵـەکان ، بۆیـە زۆر (سُبْحَانَ الله)دەکرا، کـاتێك کـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لـە نوێژەکـەی بوویـەوە ، ڕووی تـێ کـردن و فەرمووی: چاکتان کرد ، یان فەرمووی: پێکاتـان . بـۆی دووپـات کردنـەوە ، کـەوا چاکیـان کردوە نوێژیان لە کاتی خۆیدا کردوە .. [رواه مسلم (١/٣١٧/٢٧٤)].

(١٩٦) لـە بـەر فەرموودەکـەی (أَبُـو مَسْعُـود الأَنْصَارِي)(خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: (( **يَـؤُمُّ القَـوْمَ أَقْرَؤُهُـمْ لِكِتَـابِ الله ، فَـإِنْ كَـانُوا فِـي القِرَاءَةِ سَوَاءً فَأَعْلَمُهُمْ بِالسُّنَّة ، فَإِنْ كَـانُوا فِـي السُّنَّةِ سَوَاءً فَأَقْدَمُهُمْ هِجْرَةً ، فَإِنْ كَانُوا فِي الهِجْرَةِ سَوَاءً فَأَقْدَمُهُمْ سِلْمَاً - قَالَ الأَشَجّ: فِي رِوَايَتِهِ مَكَانَ سِلْمَاً سِنَّاً - ، وَلاَ يَؤُمَّنَّ الرَّجُلُ الرَّجُلَ فِي سُلْطَانِهِ ، وَلاَ يَقْعُدَ فِـي بَيْتِـهِ عَلَـى تَكْرِمَتِـهِ إِلاَّ بِإِذْنِـهِ** )) واتە: زانا ترین کەستان بە کتێبەکەی خوا پێش نوێژی هەموو هۆزێك دەکات ، جا ئەگەر لە خوێندنەوەدا وەکو یەك وا بوون ، ئەوە زانا ترینیان بە سوننەتی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ، جا ئەگەر لە سوننەتیشدا وەکو یەك وا بوون ، ئەوە پێشترینیان لە کۆچ کردندا ، جا ئەگـەر لە کۆچ کردنیشدا هەر وەکو یەك وا بـوون ، ئـەوە پێشـترینیان لـە موسـوڵمان بووندا – لـە ڕیوایەتی (الأَشَجّ)دا: گەورە ترینیان لە تەمەندا – وە هیچ کەسێك پێش نوێژی کەس نەکات لە دەسەڵاتی خۆیـدا ، وە دایش نەنیشـێت لـە خزمـەتیدا لـە مـاڵی خۆیـدا بـە بـێ پـرس و ڕێپێدانی خۆی [رواه مسلم (١/٤٦٥/٦٧٣) وابو داود (٢/٢٨٩/٥٧٨) والترمذي (١/١٤٩/٢٣٥)].

(١٩٧) لە بەر فەرموودەکەی (أُبَيُّ بْـنُ كَعْـب) (خـوای لێ ڕازی بێـت) (( **أَنَّـهُ جَـاءَ إِلَـى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ الله عَمِلْتُ اللَّيْلَةَ عَمَلاً ، قَالَ: مَـا هُـوَ ؟ قَـالَ: نِسْوَةٌ مَعِـي فِي الدَّارِ ، قُلْنَ إِنَّكَ تَقْرَأُ وَلاَ نَقْرَأُ فَصَلِّ بِنَا ، فَصَلَّيْتُ ثَمَانِيَـاً وَالوِتْـر . فَسَكَتَ النَّبِـيُّ (ﷺ) . قَالَ: فَرَأَيْنَا سُكُوتَهُ رِضَاً** )) واتە: کەوا هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەم شەو کارێکم کرد ، فەرمووی: چیت کردوە ؟ ووتـی: ئافرەتـانێك لە گەڵمدان لە ماڵدا ووتیان: تـۆ دەزانیـت قورئـان بخوێنیتـەوە و ئێمـە کـەسمان نـازانین ، وەرە پێش نوێژیمان بۆ بکە ، جا منیش هەشت ڕکات نوێژ و ویتریشم بۆ کردن ، پێغەمبەری


منتدى إقرأ الثقافي

**یان ئافرەتان یەکێك لە خۆیان پێشەوایەتی نوێژیان بۆ بکات[198]، هەروەها دروستە منداڵ[199]،**

خوا (ﷺ) بێدەنگ بوو . ووتی : بینیمان بێدەنگ بوونەکەی بێدەنگی ڕازی بوون بوو [رواه أبو يعلى والطبراني في الأوسط بسند حسن بروانە فقه السنة (١/٢٠٠) وە هەروەها سبل السلام (٢/٤٢٧)].

(١٩٨) لە بەر فەرموودەکەی (رَيْطَةُ الحَنَفِيَّة) (خوای لێ ڕازی بێت) (( أَنَّ عَائِشَةَ أَمَّتْهُنَّ وَقَامَتْ بَيْنَهُنَّ فِي صَلَاةٍ مَكْتُوبَةٍ )) واتە: کەوا (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) پێش نوێژی بۆ کردن ، وە لە نێوانیاندا ڕاوەستا ، لە نوێژی فەرزدا [رواه عبد الرزاق (٣/١٤١/٥٠٨٦) وابن ابي شيبة (٢/٨٩) والدارقطني (١/٤٠٤/٢) والبيهقي (٣/١٣١) والحاكم (١/٢٠٣) وقال النووي في الخلاصة: سنده صحيح].

وە هەروەها (أُمِّ سَلَمَة)یش بە هەمان شێوەی دەکرد .

وە فەرموودەکەی (أُمِّ وَرَقَة) (خوای لێ ڕازی بێت) (( أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) أَمَرَهَا أَنْ تَؤُمَّ أَهْلَ دَارِهَا )) واتە: کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کرد پێش نوێژی کەس و کارەکەی ماڵی خۆی بکات [رواه أبو داود(١/رقم/٥٩٢) وصححه إبن خزيمة بروانە (سبل السلام ٢/٤٣٨) وحسنه الألباني في الإرواء].

جا (الأَمِيرُ الصَّنْعَانِي) لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا دەفەرمێ: ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کەوا دروستە ئافرەت پێش نوێژی بۆ کەس و کاری ماڵی خۆی بکات ، هەتا ئەگەر پیاویشیان تێدا بێت ، چونکە بانگدەرەکەی (أُمِّ وَرَقَة) پیاو بوو ، وە لە تەمەنیشدا پیر بوو ، وەك لە ڕیوایەتی تردا هاتووە ، وە وا دەردەکەوێت ئەو پێش نوێژی ئەو و (غُلَام) و(جَارِيَة)کەی دەکرد .

(أَبُو ثَوْر) و(مُزَنِي) و(طَبَرِي) ئەم بۆچوونە بە ڕاست دەزانن ، وە لەمەیشدا پێچەوانەی جەماوەری زانایانن .

(١٩٩) لە بەر فەرموودەکەی (عَمْرُو بْنُ سَلَمَة) (خوای لێ ڕازی بێت) (( لَمَّا كَانَتْ وَقْعَةُ أَهْلِ الفَتْحِ بَادَرَ كُلُّ قَوْمٍ بِإِسْلَامِهِمْ ، وَبَدَرَ أَبِي قَوْمِي بِإِسْلَامِهِمْ فَلَمَّا قَدِمَ قَالَ: جِئْتُكُمْ وَاللهِ مِنْ عِنْدِ النَّبِيِّ (ﷺ) حَقًّا فَقَالَ: صَلُّوا صَلَاةَ كَذَا فِي حِينِ كَذَا ، وَصَلُّوا صَلَاةَ كَذَا فِي حِينِ كَذَا ، فَإِذَا حَضَرَتِ الصَّلَاةُ فَلْيُؤَذِّنْ أَحَدُكُمْ ، وَلْيَؤُمَّكُمْ أَكْثَرُكُمْ قُرْآنًا ، فَنَظَرُوا فَلَمْ يَكُنْ أَحَدٌ أَكْثَرُ قُرْآنًا مِنِّي ، لِمَا كُنْتُ أَتَلَقَّى مِنَ الرُّكْبَانِ ، فَقَدَّمُونِي بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَأَنَا إِبْنُ سِتٍّ أَوْ سَبْعِ سِنِينَ )) واتە: کاتێك کە ڕووداوی فەتحی (مَكَّة) بوو ،


منتدى إقرأ الثقافي

**یان کوێر ، پێشەوایەتی نوێژ بۆ پیاوان بکەن[٢٠٠] ، وە کەسێك نوێژی فەرز بکات دەتوانێت لە پشتی پێشەوایەکەوە نوێژ بکات نوێژی سوننەت بکات[٢٠١] ، هەروەها بە پێچەوانەوە[٢٠٢] ،**

هەموو هۆزەکان پێشبڕکێیان دەکرد لە موسوڵمان بووندا ، وە باوکم پێشی هۆزەکەم کەوت لە موسوڵمان بوونیاندا ، جا کە گەڕایەوە ، ووتی: و(الله)ی مـن لـە لای پێغەمبـەری خـواوە (ﷺ) هـاتووم بـۆ لاتـان ، جا فـەرمووی: نوێـژی ئـەوە لـە کـاتی ئـەوەدا بکـەن ، وە ئەو نوێژەیش لە ئەو کاتەدا بکەن ، جا ئەگەر کاتی نوێژ ئامادە بوو ، ئەوە با یەکێکتان بانگتان بۆ بدات ، وە بـا ئـەوەتان کـە قورئـانی زۆر لـە بـەرە پێش نوێژیتـان بـۆ بکـات ، جا کـە تەماشایان کرد کەس نەبوو لە من قورئانی زیاتر لە بەر بێت بە هۆی ئەوەوە کە لە قافڵەکان وەرم دەگرت، بەویدا تێپەڕ دەبوون ، جا کردمیانە پێشەوای خۆیان ، لە کاتێکدا کـە تەمـەنم شەش یان حەوت ساڵ بوو [رواه البخاري (٨/٢٢/٤٣٠٢) و ابو داود (٢/٢٩٣/٥٨١) والنسائي(٢/٨٠)].

(٢٠٠) لـە بـەر فەرموودەکـەی (أنـس)(خـوای لێ رازی بێـت) (( أَنَّ النَّبِـيَّ (ﷺ) إِسْتَخْلَفَ إِبْنَ أُمِّ مَكْتُوْمٍ يَؤُمُّ النَّاسَ وَهُوَ أَعْمَى )) واتە: کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) (إِبْنُ أُمِّ مَكْتُوم)ی کرد بە جێنشینی خۆی ، پێش نوێژی بکات بۆ خەڵکی ، وە ئەو کوێریش بـوو [رواه أحمد و أبو داود(١/رقم/٥٩٥) وهو حديث صحيح بروانه الإرواء وصحيح أبي داود للألباني ].

(٢٠١) لە بەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بْنُ عَبْدِالله)(خوایان لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أَنَّ مُعَاذَ بْنَ جَبَلٍ كَانَ يُصَلِّي مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) ثُمَّ يَرْجِعُ فَيَؤُمُّ قَوْمَهُ )) واتـە: (مُعَـاذُ بْـنُ جَبَل) لە گەڵ پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) نوێژی دەکرد ، پاشان دەگەڕایەوە و پێش نوێژی بۆ هۆزەکەی خۆی دەکرد [رواه البخاری (٢/١٩٢/٧٠٠)ومسلم (١/٣٤٠/١٦٥)] .

(٢٠٢) واتە دروستە کەسێك نوێژی سوننەت لە پشت پێشەوایەکەوە بکات کە نوێژی فەرز بکات ، لە بەر فەرموودەکەی (يَزِيْدُ بْنُ الأَسْوَد) (خوای لێ رازی بێت) (( أَنَّهُ صَلَّى مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) وَهُوَ غُلَامٌ شَابٌّ ، فَلَمَّا صَلَّى إِذَا رَجُلَانِ لَمْ يُصَلِّيَا فِي نَاحِيَةِ المَسْجِدِ ، فَدَعَا بِهِمَا ، فَجِيْءَ بِهِمَا تَرْعَدُ فَرَائِصُهُمَا ، فَقَالَ: مَا مَنَعَكُمَا أَنْ تُصَلِّيَا مَعَنَا ؟ قَالَا: قَدْ صَلَّيْنَا فِي رِحَالِنَا، فَقَالَ: لاَ تَفْعَلُوا ، إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ فِي رَحْلِهِ ثُمَّ أَدْرَكَ الإِمَامَ وَلَمْ يُصَلِّ فَلْيُصَلِّ مَعَهُ فَإِنَّهَا لَهُ نَافِلَةٌ )) واتە: کەوا لەگەڵ پێغەمبەردانوێژی دەکرد لە کاتی لاوێتیدا ، جا پێغەمبەری خوا کە لە نوێژەکەی بویەوە ، دوو پیاوی بینی نوێژ ناکەن ، دووریان گرتووە ، لە سوچی مزگەوتەکەدا دانیشتوون ، جا بانگی کردن ، جا هێنایانیان


منتدى إقرأ الثقافي

................................

دەلەرزین ، جا پێی فەرموون : چی قەدەغەی لێ کردن کەوا نوێژمان لە گەڵدا نەکـەن ؟ ئەوانیش وتیان : ئێمە لە جێگای بارەکانماندا نوێژمان کردوە . جا پێغەمبەری خوایش (ﷺ) پێی فەرموون : کاری وا مەکەن ، ئەگەر یەکێکتان لە شوێنی باری خۆیدا نوێژی کردبوو ، پاشان گەیشت بە پێشەوایەکدا _ لە نوێژی کۆمەڵدا _ ئەوە با لە گەڵیدا نوێژ بکات ، چونکە ئەوە بە سوننەت بۆی دەنوسرێت [رواه ابو داود (٢/٢٨٣/٥٧١)والترمذي (١/١٤٠/٢١٩) والنسائي(٢/١١٢) وهو صحيح بروانه صحيح ابو داود (٥٣٨)].

## چەند تێبینیەك:

(أ) هەروەها دروستە نوێژی سوننەت لە پشتی پێشەوایەکەوە بکرێت کە نوێژی سوننەت بکات ، لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) ، بروانە(پ١٩٢) .

(ب) هەروەها دروستە کەسێك لە سەفەردا بێت و پێش نوێژی بۆ کەسانێك بکات کە لە ماڵی خۆیاندان ، لە بەر (أثر)ەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( صَلَّى عُمَرُ بِأَهْلِ مَكَّةَ الظُّهْرَ ، فَسَلَّمَ فِي رَكْعَتَيْنِ ثُمَّ قَالَ: أَتِمُّوا صَلاَتَكُمْ يَا أَهْلَ مَكَّةَ فَإِنَّا قَوْمٌ سَفر )) واتە: (عُمَر) نوێژی نیوەڕۆی بە خەڵکی (مَكَّه) کرد ، لە دووەم ڕکاتدا (سَلاَم)ی دایەوە ، پاشان فەرمووی: نوێژەکانتان تەواو بکەن ئەی خەڵکی (مَكَّه) ، چونکە ئێمە خەڵکێکین لە سەفەر داین [بروانە مصنف عبدالرزاق (٤٣٦٩) وصححه الارناؤوط في تحقيق جامع‌الاصول(٥/٧٠٨)].

(ج) ئەگەر کەسێك لە سەفەردا بوو و لە پشتی پێشەوایەکەوە نوێژی دەکرد کە لە سەفەردا نەبوو ، ئەوە دەبێت نوێژ کورت(قَصْر) نەکاتەوە ، لە بەر (أثر)ەکەی (أَبُو مُجْلَز) کەوا فەرمووی: (( قُلْتُ لِإِبْنِ عُمَر: المُسَافِرُ يُدْرِكُ رَكْعَتَيْنِ مِنْ صَلاَةِ القَوْمِ - يَعْنِي المُقِيمِيْن - أَتُجْزِيهِ الرَّكْعَتَانِ أَوْ يُصَلِّي بِصَلاَتِهِمْ ؟ فَضَحِكَ ، وَقَالَ: يُصَلِّي بِصَلاَتِهِمْ )) واتە: بە(إِبْنُ عُمَر)م ووت: ئایە کەسێك لە سەفەردا بێت و گەیشت بە دوو ڕکاتی کۆتایی کۆمەڵێکدا ڕێبوار نەبن ، ئایا تەنها ئەو دوو ڕکاتە بەسێتی ، یان دەبێت وەکو ئەوان نوێژ بکات ؟ (إِبْنُ عُمَر)یش پێکەنی و فەرمووی: وەکو ئەوان نوێژەکەی دەکات - واتە چوار ڕکات دەکات وەك ئەوان - [رواه البيهقي (٣/١٥٧) وهو حديث صحيح الإسناد بروانه الإرواء (ل ٢٢)].


منتدى إقرأ الثقافي

وە پێویســت(وَاجِــب)ە لــە ســەر شــوێن کــەوتووان(مَــأمُومِین) شــوێنی پێشــەوا(إمَــام)ی نوێـژ بکـەون ، مەگـەر لـە شتێکدا کـە نوێژەکـەیان بـەتاڵ بکاتەوە(٢٠٣) ،

(٢٠٣) لە بەر فەرموودەکەی (أبو هُرَیْرَة) (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِنَّمَا جُعِلَ الإمَامُ لِيُؤْتَمَّ بِهِ ، فَلاَ تَخْتَلِفُوا عَلَيْهِ ، فَإِذَا رَكَعُوا فَارْكَعُوا ، وَإِذَا قَالَ سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ ، فَقُولُوا رَبَّنَا لَكَ الحَمْدُ ، وَإِذَا سَجَدَ فَاسْجُدُوا ، وَإِذَا صَلَّى جَالِسَاً فَصَلُّوا جُلُوسَاً اجْمَعُوْنَ ، وَأَقِيمُوا الصَّفَّ فِي الصَّلاَةِ ، فَإِنَّ إِقَامَةَ الصَّفِّ مِنْ حُسْنِ الصَّلاَةِ )) واتە: پێش نوێژ دانراوە بۆ ئەوەی خەڵکی شوێنی بکەوون ، بۆیە جیاوازی لە گەڵدا مەکەن ، ئەگـەر (رُکـوع)ی بـرد ، ئێـوەش (رُکـوع)ببـەن ، وە ئەگـەر وتـی: ( سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ ) ئێوەیش بڵێـن: ( رَبَّنَـا لَـكَ الحَمْدُ) ، وە ئەگـەر چـووە (سُجُود)دا ، ئەوە ئێوەیش لە گەڵیدا بچنە(سُجُود)دا ، وە ئەگەر بە دانیشتنەوە نوێـژی کـرد ، ئەوە ئێوەیش هەمووتان بە دانیشتنەوە بیکەن ، وە ڕیزەکانتان ڕێك وپێك بکەن لە نوێژدا ، چونکە ڕێك وپێك کردنی ڕیز لە جوانی نوێژە [رواه البخاری (٢/٢٠٨/٧٢٢) ومسلم (١/٣٠٩/٤١٤)].

وە ئەمە ڕاو بۆچوونی (أحْمَد) و (إسْحَاق)ە .

بـەڵام (مَـالِك) دەفـەرمێ : هـەر دروسـت نییـە بـە هیـچ شێوەیەك نوێـژ لـە پشـتی پێشەوا(إمَام)ێکـەوە بکرێـت کـەوا دانیشـتبێت ، وە ئـەو فەرموودانـەیش تـەنها تایبـەتن بـە پێغەمبەرەوە (ﷺ) .

وە (أبو حَنِیفَة) و (شَافِعِي) و کەسانی تریش دەفەرمن: بەڵکو دروستە پێشەوا(إمَـام) دانیشێت وشوێن کەوتووان(مَأمُومِین)یش بە ڕاوەستانەوە نوێژ بکەن ، لە بەر فەرموودەکەی (عَائشَة) (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی : (( أَمَرَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) أَبَابَكْرٍ أَنْ يُصَلِّي بِالنَّاسِ فِي مَرَضِهِ ، فَكَانَ يُصَلِّي بِهِمْ . قَالَ عُرْوَة: فَوَجَدَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) فِي نَفْسِهِ خِفَّةً فَخَرَجَ ، فَإِذَا أَبُوبَكْرٍ يَؤُمُّ النَّاسَ ، فَلَمَّا رَآهُ أَبُوبَكْرٍ إِسْتَأْخَرَ ، فَأَشَارَ إِلَيْهِ أَنْ كَمَا أَنْتَ ، فَجَلَسَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) حِذَاءَ أَبِي بَكْرٍ إِلَى جَنْبِهِ ، فَكَانَ أَبُوبَكْرٍ يُصَلِّي بِصَلاَةِ رَسُوْلِ اللهِ (ﷺ) ، وَالنَّاسُ يُصَلُّوْنَ بِصَلاَةِ أَبِي بَكْرٍ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لـە نەخۆشیەکەیدا فەرمانی بە (أبوبَکر) کرد پێش نوێژی بۆ خـەڵکی بکـات ، جا ئـەویش بـۆی کردن ، (عُروَة) فەرمووی: جا کاتێك پێغەمبەریخوا (ﷺ) هەستی بە چاك بوونەوە کرد لـە ماڵ دەرچوو ، بینی (أبوبَکر) نوێژیان پیٚ دەکات ، کاتێك (أبوبَکر) پێغەمبەری بینی


منتدى إقرأ الثقافي

وە دروست نییە کەسێك پێش نوێژی کۆمەڵێك بکات پێیان ناخۆش بێت[٢٠٤]، وە دەبێت پێشەوا( إِمَام)ی نوێـژ لـە نوێژەکـەیدا تەماشـای لاوازترینـی ئـەو خەڵکە بکات[٢٠٥]،

هاتە دواوە، پێغەمبەریش ئاماژەی بۆ کرد ، کەوا لە شوێنی خۆتدا بمێنەوە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوو لە پاڵی (أَبوبَکر)دا (خوای لێ رازی بێت) دانیشت ، جـا (أَبوبَکـر) نوێـژی بـە نوێژی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکرد ، وە خەڵکیش نوێژیان بە نوێژی (أَبو بَکـر)ەوە دەکرد [رواه البخاری (٢/١٦٦/٦٨٣) ومسلم (١/٣١٤/٤١٨)] .

جا دەڵێن: ئەم فەرموودەیە (نَسْخ)ی ئەو فەرموودەیەی تر دەکاتەوە .

وە ئیمامی (أَحْمَد) بە جوانی ئەم دوو فەرموودەیە کۆ(جَمْع) دەکاتـەوە و دەفـەرمێ: ئەگەر پێشەوا بە دانیشتنەوە دەستی پێ کرد – بە هۆی نەخۆشـیەکەوە کە هیـوای چاك بوونەوەی لێ دەکرا – ئەوە شوێن کەوتووانیش هەر بە دانیشتنەوە دەیکەن ، بـەڵام ئەگـەر بە ڕاوەستانەوە دەستی پێ کرد ، ئەوە دەبێت ئەوانیش بە ڕاوەستانەوە بیکـەن ، ئیـتر لـە ناوی نوێژەکەدا هەر شتێك ڕوویدا کەوا پێویستی کـرد پێش نوێـژ دانیشـێت ، ئـەوە شـوێن کەوتووان هەر بە ڕاوەستانەوە دەیکەن .. [بڕوانە سبل السلام (٢/٤١٨)].

(٢٠٤) لە بەر فەرموودەکەی (أَبو أُمَامَة) (خوای لێ رازی بێـت) کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمووی: (( ثَلاثَةٌ لاَ تُجَاوِزُ صَلاَتُهُمْ آذَانَهُمْ ، العَبْدُ الآبِقُ حَتَّـى يَرْجِعَ ، وَاِمْرَأَةٌ بَاتَتْ وَزَوْجُهَا عَلَيْهَا سَاخِطٌ ، وَإِمَامُ قَوْمٍ وَهُمْ لَـهُ كَارِهُوْنَ )) واتـە: سـێ کـەس هەیـە نوێژەکانیـان لـە گوێیـان تێناپـەڕێت – خـێری بـەرز نابێتـەوە بـۆ لای خـوای گـەورە – ، بەندەیەك _ لە دەستی خاوەنەکەی _ ڕای کردبێت ، تـا دەگەڕێتـەوە ، وە ئـافرەتێك شـەو بمێنێتەوە و پیاوەکەی لێی توورە بێت ، وە پێشەوا(إِمَام)ی هۆزێك کەوا ئەوان – خـەڵکەکـە – قینیـان لێ بێـت [رواه الترمذی (٢/١٩٣/٣٦٠) وهـو حديث حسن بڕوانـە صحيح الـترغيب والـترهيب (٤٨٦) وصحيح الترمذي(٢٩٥)].

(٢٠٥) لـە بـەر فەرموودەکـەی (أَبـو هُرَيْـرَة) (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فـەرمووی: (( إِذَا صَلَّـى أَحَدُكُـمْ لِلنَّـاسِ فَلْيُخَفِّـفْ ، فَـإِنَّ فِيـهِمُ الضَّعِيـفَ وَالسَّقِيْمَ وَالكَبِـيْرَ ، وَإِذَا صَلَّـى أَحَدُكُـمْ لِنَفْسِـهِ فَلْيُطَـوِّلْ مَـا شَـاءَ )) واتـە: ئەگـەر یەکێکتان پێشەوایەتی نوێژتان بۆ خـەڵکی کـرد ، ئـەوە سـووکی بکەنـەوە ، چونکە لاواز و نەخۆش وپیاوی بە تەمەنیان تێدایە ، وە ئەگەر یەکێکتان بۆ خۆتـان – بە تەنها – نوێژتـان کـرد ، ئـەوە چـەندێك ویستی لێیـەتی بـا درێژی بکاتـەوە [رواه البخـاری (٢/١٩٩/٧٠٣) ومسـلم (١/٣٤١/٤٦٧)].



منتدى إقرأ الثقافي

وە بۆ پێشەوایەتی نوێژیش سوننەتە خوێندەوارترین و زاناترین کەس بە قورئان پێش بخرێت ، پاشان زاناترینیان بە سوننەت ، پاشان پێش ترینیان لە کۆچ کردندا ، پاشان پێش ترینیان لە موسوڵمان بووندا ، پاشان گەورە ترینیان لە تەمەندا ، وە خاوەن ماڵ و دەسەڵاتدار دەبێت پێش بخرێن لە ماڵ ودەسەڵاتی خۆیاندا ، مەگەر خۆیان ڕێ بە کەسێك بدەن(٢٠٦) ، وە ئەگەر نوێژی پێشەوای نوێژ کەم و کورتیەکی تێدا بوو ، ئەوە لە سەر خۆی بە تەنها دەکەوێت ، نەك لە سەر شوێن کەوتوان(٢٠٧) ، وە شوێن کەوتوانیش هەموو لە پشتی پێشەوای نوێژەوە ڕادەوەستن ، مەگەر تەنها یەك کەس بێت ، ئەوە لە لای ڕاستی پێشەواوە ڕادەوەستی(٢٠٨) ، بەڵام پێشەوای نوێژی ئافرەتان هەر لە ناوەڕاستی ڕیزەکەدا ڕادەوەستێت(٢٠٩) .

(٢٠٦) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو مَسْعُوْد الأَنْصَارِي) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ ١٩٦).

(٢٠٧) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( يُصَلُّوْنَ لَكُمْ ، فَإِنْ أَصَابُوا فَلَكُمْ وَلَهُمْ ، وَإِنْ أَخْطَأُوا فَلَكُمْ وَعَلَيْهِمْ )) واتە: — پێشەواکانتان — نوێژتان بۆ دەکەن ، جا ئەگەر پێکایان ئەوە _ پاداشتەکەی _ بۆ ئێوە و خۆیشیانە ، وە ئەگەر هەڵەیشیان کرد ، ئەوە — پاداشتەکەی — بۆ ئێوەیە و _ تاوانەکەیشی _ لە سەر خۆیانە [رواه البخاري (٢/١٨٧/٦٩٤)].

(٢٠٨) لە بەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بْنُ عَبْدِالله) (خوایان لێ ڕازی بێت) کە تێیدا هاتووە: (( .. ثُمَّ جِئْتُ حَتَّى قُمْتُ عَنْ يَسَارِ رَسُوْلِ اللهِ (ﷺ) ، فَأَخَذَ بِيَدِي فَأَدَارَنِي حَتَّى أَقَامَنِي عَنْ يَمِيْنِه ، ثُمَّ جَاءَ جَبَّارُ بْنُ صَخْرٍ فَتَوَضَّأَ ، ثُمَّ جَاءَ فَقَامَ عَنْ يَسَارِ رَسُوْلِ اللهِ (ﷺ) ، فَأَخَذَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) بِيَدَيْنَا جَمِيْعاً فَدَفَعَنَا حَتَّى أَقَامَنَا خَلْفَهُ .. )) واتە: .. پاشان هاتم تا لای چەپی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ڕاوەستام ، جا دەستی گرتم و بە پشتی خۆیدا گێڕاومیەوەی ، تا لای ڕاستی خۆیەوە ڕای وەستاندم ، پاشان (جَبَّارُ بْنُ صَخْر) هات و دەست نوێژی گرت وهاتە لای چەپی پێغەمبەری خواوە(ﷺ) ڕاوەستا ، جا پێغەمبەری خوایش دەستی هەردووکمانی گرت و پاڵی پێوەناین تا لە پشتی خۆیەوە ڕای وەستاندین .. [رواه مسلم (٤/٢٣٠٥/٣٠١٠)].

(٢٠٩) لە بەر فەرموودەکەی (رَيْطَةُ الْحَنَفِيَّة) ، بڕوانە (پ ١٩٨) .


منتدى إقرأ الثقافي

**وە ڕیزی پیاوان پێش ڕیزی منداڵان دەخرێت ، وە ڕیـزی منداڵانیش پێش ڕیزی ئافرەتـان دەخرێت[(٢١٠)] ، وە پێویست(وَاجِب)ە لە سـەر ئـەو کەسـانەی نوێژی بە کۆمەڵ(جَمَاعَة)دەکەن کەوا ڕیزەکانیان ڕێك وپڕ بکەنەوە و بۆشایی لە نێوانیاندا نەهێڵن[(٢١١)] ، وە لـە پێشـدا دەبێـت ڕیـزی یەکـەم پـڕ بکەنـەوە ، پاشان ڕیزی دووەم دروست بکرێت ، هەروەها تا کۆتایی ڕیزەکان[(٢١٢)] .**

(٢١٠) لە بەر فەموودەکەی (أَنَسُ بْنُ مَالِك) (خوای لێ ڕازی بێـت) (( أَنَّ جَدَّتَـهُ مُلَيْكَـةَ دَعَتْ رَسُوْلَ اللهِ (ﷺ) لِطَعَامٍ صَنَعَتْهُ ، فَأَكَلَ مِنْهُ فَقَالَ: قُومُوا فَلأُصَلِّيَ بِكُمْ . فَقُمْتُ إِلَى حَصِيْرٍ لَنَا قَدْ إِسْوَدَّ مِنْ طُوْلِ مَا لُبِثَ ، فَنَضَحْتُهُ بِمَاءٍ ، فَقَامَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) وَالْيَتِيْمُ مَعِي وَالعَجُوْزُ مِنْ وَرَائِنَا ، فَصَلَّى بِنَا رَكْعَتَيْنِ )) واتـە: کـەوا دایە پـیرەی (مُلَيْكَة) بانگی پێغەمبەری خوای کرد (ﷺ) بۆ خواردنێك دروستی کردبوو ، جا پێغەمبـەری خوا (ﷺ) لێی خوارد ، پاشان فەرمووی: هەستن با نوێژتان بۆ بکەم . جا (أَنَس) فەرمووی: منیش هەستام حەسیرێکمان بوو ڕەش بـو بـووەوە لـەوەی ئـەوەندە خرابوە ژێـر ، جا ئـاو پەرژێنم کرد ، پاشان پێغەمبەری خـوا (ﷺ) لـە سـەری ڕاوەستا و مـن وهەتیوەکـەیش لـە پشتیەوە ڕاوەستاین ، وە دایەپیرەشمان لە پشتی ئێمەوە ڕاوەسـتا ، جا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دوو ڕکـات نوێـژی پـێ کردیـن ، پاشـان ڕۆیشـت [رواه البخـاري (٨٦٠/٣٤٥/٢) ومسـلم (٦٥٨/٤٥٧/١) وغيرهما].

(٢١١) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ ٢٠٣) .

وە لـە بـەر فەرموودەکـەی (أَبُـو مَسْـعُوْد الأَنْصَـارِي) (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا پێغەمبەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: (( إِسْتَوُوا وَلاَ تَخْتَلِفُوا ، فَتَخْتَلِفَ قُلُوْبُكُمْ ، لِيَلِيَنِي مِنْكُمْ أُوْلُوا الأَحْلاَمِ وَالنُّهَى ، ثُمَّ الَّذِيْنَ يَلُوْنَهُمْ ، ثُمَّ الَّذِيْنَ يَلُوْنَهُمْ )) واتـە: ڕێـك و پێـك وجوان ڕاوەستن ، وە جیاوازی مەکەن ، دوایی جیـاوازی دەکەوێتـە نێـو دڵەکانتانـەوە ، بـا پیاو ماقووڵە پێ گەیشتووەکان لە پاش منەوە ڕابوەستن ، ئەمجار ئەوانەی پـاش ئـەوان ، ئەمجار ئەوانەی پاش ئەوان دێن [رواه مسلم (٤٣٢/٣٢٣/١)].

(٢١٢) لە بەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بْنُ سَمُرَة) (خوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا پێغەمبـەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( أَلاَ تَصُفُّوْنَ كَمَا تَصُفُّ المَلاَئِكَةُ عِنْدَ رَبِّهَا ؟ )) واتە: ئایە بۆ ڕیز


منتدى إقرأ الثقافي

# گێڕانەوەی نوێژە فەوتاوەکان
## ( قَضَاءُ الصَّلَوَات )

**ئەگەر یەکێك نوێژ لە کاتی خۆیدا نەکات بە بێ(عُذْر)ی شەرعی ، ئەوە بە هیچ شێوەیەك گێڕانەوەی نییە[٢١٣] ، وە دەبێت هەوڵ بدات سوننەت زۆر بکات ، بۆ ئەوەی جێگەی بگرێتەوە[٢١٤] ،**

---

نابن وەك فریشتە چۆن ڕیز دەبەستن لای پەروەردگاریاندا ؟ ئێمەش ووتمان: فریشتە چۆن ڕیز دەبن لای پەروەردگاریاندا ئەی پێغەمبەری خوا ؟ ئەویش فەرمووی: (( يُتِمُّوْنَ الصُّفُوْفَ الأَوَّلَ ، وَ يَتَرَاصُّوْنَ فِي الصَّفِّ )) واتە: لەپێشدا ڕیزەکانی پێشوو پڕ دەکەنەوە و تەواوی دەکەن ، وە بە جوانی ڕیز دەبن لە ڕیزەکاندا[رواه مسلم (١/٣٢٢/٤٣٠) وغيره].

(٢١٣) چونکە نوێژە فەرزەکان کاتی دیاری کراوی هەیە و دەبێت لێی دەرنەچێت ، وەك خوای گەورە لە سورەتی (النساء : ١٠٣)دا دەفەرمێ: ﴿ إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِيْنَ كِتَابَاً مَوْقُوْتَاً ﴾ واتە: بە ڕاستی نوێژ لە سەر موسوڵمانان فەرزێکی کات بۆ دیاری کراوە .

جا هەر نوێژێکیش خوای گەورە بە(نَص) فەرمانی پێ کردوە کەوا لە کاتێکی دیاری کراو دا بکرێت ، ئەگەر ئەو فەرمانە شکێنراو جێ بە جێ نەکرا ، ئەوە پێویستیمان بە (نَص)ێکی تری تازە هەیە ، جگە لەو فەرمان(أَمْر)ەی پێشوو کەوا فەرمان بکات یان (إِجَازَة) بدات بە گێڕانەوەی ئەو نوێژە فەوتاوە – وەك زۆربەی زانا (شَافِعِي) و (مَالِك)ی و هەندێکیش لە (حَنَفِي)یەکان دەڵێن – جا ئێمە هیچ (نَص)ێکمان نییە ، نە لە قورئان ونە لە سوننەتی (صَحِيْح)یشدا کەوا _ جگە لە کەسێك خەوتوو بێت یان لە یادی چووبێت _ کەسێك بۆی هەبێت ئەو نوێژانەی کە بە قەستەوە(عَمْداً) فەوتاوە بیگێڕێتەوە . بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم مەسەلەیە بڕوانە کتێبمان(وەلامێك بۆ کتێبی چەند گوڵێك..) (ل ١٣٨–١٤٣) کە بە ووردی ئەم مەسەلەیەمان تێدا ڕوون کردۆتەوە ..

(٢١٤) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِنَّ أَوَّلَ مَا يُحَاسَبُ بِهِ العَبْدُ المُسْلِمُ يَوْمَ القِيَامَةِ ، الصَّلَاةُ المَكْتُوْبَةُ ، فَإِنْ أَتَمَّهَا ، وَإِلاَّ قِيْلَ: انْظُرُوا هَلْ لَهُ مِنْ تَطَوُّعٍ ؟ فَإِنْ كَانَ لَهُ تَطَوُّعٌ أُكْمِلَتِ


منتدى إقرأ الثقافي

**بەڵام ئەگەر خەوتوبێت یان لە یادی چوو بێت ، ئەوە هەر کاتێك کەوتەوە یـادی دەیکاتـەوە[٢١٥] ، جگـە لـە نوێـژی جـەژن ئـەوە لـە دووەم ڕۆژیـدا دەیگێڕێتەوە[٢١٦].**

الفَرِيْضَةُ مِنْ تَطَوعِهِ ثُمَّ يُفعَلُ بِسَائِرِ الأَعْمَالِ المَفْرُوْضَةِ مِثْلُ ذَلِكَ )) واتـە: یەکەم شتێك کە بەندەی موسوڵمان لێپرسینەوەی لیٚ دەکرێت لە ڕۆژی دواییدا ، نوێژ کردنە ، جا ئەگەر بە تەواوەتی کردبێتی ، ئەوە چاکە ، بـەڵام ئەگـەر شتێکی لیٚ ناتـەواو بێـت ، ئەوە دەفەرمێ: تەماشا بکەن بزانن هیچ سوننەتی هەیە ؟ جا ئەگەر سوننەتی هەبێت ئـەوە فەرزەکانی بۆ تەواو دەکەن ، پاشان بۆ کردەوەکانی تریشـی هـەر وا دەکرێـت [رواه أبو داود والترمذي (١/٢٥٨/٤١١) والنسائيّ (١/٢٣٢) وابن ماجة (١/٤٥٨/١٤٢٥) وهذا لفظه وهو حديـث صحيح بروانە صحيح أبي داود(٨١٠)وصحيح إبن ماجة (١١٧٢)].

کەوا بوو پێویست(وَاجِب)ە لە سەر ئەو کەسەی نوێژی بە قەستەوە فەوتاوە ، نوێـژی سوننەت زۆر بکات ، تاوەکو جێگەی پڕ بکاتەوە .

(٢١٥) لە بەر فەموودەکەی (أَنَس) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ نَسِيَ صَلاَةً أَوْ نَامَ عَنْهَا ، فَكَفَّارَتُهَا أَنْ يُصَلِّيَهَا إِذَا ذَكَرَهَا )) واتـە: هەر کەسێك نوێژێکی لە یاد چوو ، یان لە کاتەکەیدا خەوتوبێت ، ئەوە ( كَفَّارَة)کەی ئەوەیە هەر کاتێك کەوتەوە یادی بیکاتەوە [رواه مسلم (١/٤٧٧/٦٨٤) والبخاري (٢/٧٠/٥٩٧) بلفظ آخر].

(٢١٦) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بْن أَنَس بْن مَـالِك) لـە چـەند مامەیەکیـەوە کـەوا هاوەڵێتی پێغەمبەری خوایان کردبوو (( أَنَّ رَكْبَاً جَاؤُوا إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) يَشْهَدُوْنَ أَنَّهُمْ رَأَوا الهِلاَلَ بِالأَمْسِ ، فَأَمَرَهُمْ أَنْ يُفطِرُوا وَإِذَا أَصْبَحُوا يَغْدُوا إِلَى مُصَلاَّهُمْ )) واتـە: کەوا کاروانێك هاتە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) شایەتیان دا کەوا دوێنیٚ مانگیان بینیوە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پیٚ کردن ڕۆژووەکانیان بشکێنن ، وە کاتێك بـەیانی ڕۆژیـان لیٚ دەبێتەوە ، بچـن بۆ شـوێنی نوێژیـان – بـۆ نوێـژی جـەژن – [رواه أبو داود (١/٦٨٤/١١٥٧) والنسائي (٣/١٨٠/١٥٥٧) وابن ماجة (١/٥٢٩/١٦٥٣) وغيرهم ، وهو حديث صحيح بروانـە الإرواء(٦٣٤) وصحيح أبي داود(١٠٥٠) وصحيح إبن ماجة(١٣٤٠)].


منتدى إقرأ الثقافي

# نـویـژی هەینی ( صَلاَةُ الجُمُعَـةِ )

**نویـژی هـەینی پێویسـت(وَاجِـب)ە لـە سـەر هـەموو موسـوڵمانێکی پـێ گەیشـتووی ئـازادی نـێری لـەش ساغ(٢١٧)، کـە لـە سـەفەردا نـەبێت(٢١٨)، وە کاتەکەی کاتی نوێژی نیوەڕۆیە(٢١٩)، وە دەتوانرێت پێش تریش بکرێت(٢٢٠)، وە نوێژەکەیشی هەر وەکو نوێژەکانی تر وایە(٢٢١)،**

(٢١٧) لە بەر فەرموودەکەی (طَارِقُ بْنُ شِهَاب) (خوای لیّ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( الجُمُعَةُ حَقٌّ وَاجِبٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ فِي جَمَاعَةٍ إِلاَّ أَرْبَعَةً: عَبْدٌ مَمْلُوكٌ أَوْ إِمْرَأَةٌ أَوْ صَبِيٌّ أَوْ مَرِيضٌ )) واتە: جومعە حەقێکی پێویستە لـە سـەر هـەموو موسوڵمانێك – بە کۆمەڵ بیکات – جگە لە چوار کەس: بەندەیەك موڵکی خەڵکی بێت ، یان ئافرەت ، یان منداڵ یان نەخۆش [رواه أبو داود (١/١٤٤/١٠٦٧) والبيـهقي (٣/٧٢) وغيرهما. وهـو حديث صحيح بروانە صحيح سنن أبي داود (٩٤٢) للشيخ الألباني].

(٢١٨) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لیّ رازی بێت) کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمووی: (( لَيْسَ عَلَى المُسَافِرِ جُمُعَةٌ )) واتە: جومعە لـە سـەر کەسێك نییـە لـە سەفەردا بێت [رواه الدارقطني (٤/٤/٢)) بروانە الوجيز (ل ١٤٢)].

(٢١٩) لە بەر فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لیّ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ يُصَلِّي الجُمُعَةَ حِيْنَ تَمِيلُ الشَّمْسُ )) واتە: کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی جومعەی کاتێك دەکرد کە خۆر لار دەبوویەوە لە ناوڕاستی ئاسمان [رواه البخاري (٢/٣٨٦/٩٠٤) وابو داود (٣/٤٢٧/١٠٧١) والترمذي (٢/٧/٥٠١)].

(٢٢٠) لە بەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) (خوایان لیّ رازی بێت) کەوا پرسیاری لیّ کرا: چی کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) جومعـەی دەکـرد ؟ فـەرمووی: (( كَانَ يُصَلِّي ، ثُمَّ نَذْهَبُ إِلَى جِمَالِنَا فَنُرِيحُهَا ، زاد عبدالله في حديثه: حِيْنَ تَزُولُ الشَّمْسُ )) واتـە: نوێژی جومعەی دەکرد ، پاشان دەچوین بۆ لای ووشـترەکانمان پشـوومان پێـی دەدا ، کـاتێك کـە خۆر لار دەبویەوە [رواه مسلم (٢/٥٨٨/٨٥٨)].

(٢٢١) بەڵام بە مەرج دانانی بوونی پێشەوای مـەزن(الإِمَامُ الأَعْظَم) وشاری گـەورە و ژمارەیەکی دیاری کراوی تایبەت و... هتد _ جگە لەو مەرجانەی پێشوو کە لە فـەرموودە دا هاتوە _ هیچ بەڵگەیەکی شەرعی لە سەر نییە [ جا بۆ زیاتر تیّ گەیشتن لـەم مەسـەلەیە بروانـە فقـه السنة (١/٢٥٨)].



منتدى إقرأ الثقافي

**بەڵام لە پێشـیدا دوو ووتـار(خُطبَة) دەخوێنرێتـەوە[222] ، وە سوننەتە پێـش خوێندنەوەی ووتار ، ووتاربێژ(خَطِيب) بچێتە سەر مینبەر و ڕوو لـە خـەڵکی بکات و(سَلام)یان لێ بکات[223] ،**

(٢٢٢) چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر بەردەوام وای کردوە و وازی لێ نەهێناوە ، وە هاوەڵانیش هەر لە سەر ئەم شێوەیە ڕۆیشتوون ، هـەروەها شوێن کـەوتووان و شـوێن کەوتووی شوێن کەوتووانیش ، کە شایەتی چاکێتیان بۆ دراوە لـە لایـەن پێغەمبـەری خـواوە (ﷺ) وەك لـە فەرموودەکـەی (عِمْرَانُ بنُ حُصَيْـن)دا هـاتوە (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فـەرمووی: (( **خَيْرُ النَّاسِ قَرْنِي ، ثُمَّ الَّذِيـنَ يَلُونَـهُمْ ، ثُمَّ الَّذِيـنَ يَلُونَهُمْ** ..)) واتە: باشترینی خەڵکی خەڵکی چەرخی منە ، پاشان ئەوانەی پـاش ئـەوان ، پاشان ئەوانەی پاش ئەوان .. [ رواه الترمذي وغيره وهو حديث صحيح بروانە السلسلة الصحيحة(٦٩٩) وصحيح الجامع(٣٢٩٤) ] .

(٢٢٣) لە بەر فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **أنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ إذَا صَعَدَ المِنْبَر سَلَّمَ** )) واتە: پێغەمبەری خـوا (ﷺ) ئەگـەر سـەر بکەوتایەتـە سەر مینبەر (سَلام)ی دەکرد [رواه إبن ماجة وفي سنده إبن لهيعة وهو ضعيف ، ولكن الحديث يتقوى بأثري شعبي وعطاء فيكون حسناً بروانە صحيح سنن إبن ماجة (٩١٠)] .

وە لە (شَعْبِي)یەوە دەیگێڕنەوە : کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر سـەر کەوتایەتـە سەر مینبەر ڕووی لە خەڵکەکە دەکرد ، پاشـان دەیفـەرموو: (( **السَّلامُ عَلَيْكُمْ** )) وە (أبُو بَكْر و عُمَر)یش هەر وایان دەکرد .

وە لە (عَطَـاء)یشـەوە هـەر ئـەوە دەگێڕنـەوە : کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئەمـەی کردوە .

جا (شَيْخ الألْبَانِي) لە [تمام المنة (ل ٣٣٢) دا] دەفەرمێ: ئەم دوو (مُرْسَل)ەی (شَعْبِي) و (عَطَاء) (إبْنُ أبِي شَيْبَة وَعَبْدُالرَّزَّاق) دەیگێڕنـەوە ، وە بـە هەردووکیانـەوە فەرموودەکـەی (جَابِر) بە هێز دەکەن ، بە تایبەتی کـاری خەلیفـەکان بـەم شێوەیە بـووە ، وەك چۆن لـە (سِلْسِلَةُ الأحَادِيْث الصَّحِيْحَة)دا (تَحْقِيق)م کردوە ، بڕوانە فەرموودەی ژمارە (٢٠٧٦) کە بـە شێوەیەکی وا لە شوێنی تردا نایبیینیتەوە (إنْ شَاءَ الله) .



منتدى إقرأ الثقافي

پاشان بانگ بدرێت و یەکسەر ووتار بخوێنرێت [٢٢٤]، بە پێوە [٢٢٥]، وە باش وایە بە(خُطْبَةُ الحَاجَة)دەست پێ بکات [٢٢٦]، وە پاش ووتاری یەکەم ماوەیەکی کەم دابنیشێت و پاشان ووتاری دووەم بخوێنێت هەر بەو شێوەیە [٢٢٧]، پاشان نوێژ دا دەبەسترێت و دوو ڕکات نوێژ بە کۆمەڵ دەکرێت [٢٢٨]،

(٢٢٤) لە بەر ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (( لە ڕۆژی جومعەدا لە ماڵەوە دەردەچوو یەکسەر دەچووە سەر مینبەرەکەی و (سَلام) ی دەکرد ، پاشان بانگ دەر بانگی دەدا ، پاش تەواو بوونی بانگەکە یەکسەر دەستی بە ووتار دان دەکرد پاش دوو ووتارەکە (بِلال) قامەتی دەکرد و نوێژی جومعەی پێ دەکردن )) [بروانە فتح البارى (٤٣٦/٢) ونيل الأوطار (٢١٢٩/٣) ومجموع فتاوى إبن تيمية (١٣٦٩/١) ومصباح الزجاجة فى زوائد إبن ماجه (٣٧٧/١) والدين خالص (٢٩٩/٤)].

تێبینی:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێش ووتاری جومعە هیچ نوێژی بە ناو سوننەتی پێش جومعەی نەکردوە [ بۆ زیاتر تێ گەیشتن لەم مەسەلەیە بروانە کتێبمان لادانی چل پەردەی شەیتانی لە سەر هەرتەلی ویرو راکانی (ل: ١٥٩)].

(٢٢٥) لە بەر فەموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) يَخْطُبُ قَائِماً ، ثُمَّ يَقْعُدُ ، ثُمَّ يَقُومُ ، كَمَا تَفْعَلُونَ الآن )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە پێوە ووتاری دەدا ، پاشان دادەنیشت ، پاشان هەڵدەسایەوە وەکو ئێستا ئێوەیەکەن [رواه البخارى (٩٢٠/٤٠١/٢) ومسلم (٨٦١/٥٨٩/٢) وغيرهما].

(٢٢٦) لە بەر ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ووتاری وئامۆژگاری ووانەکانی بەم ووتارە دەست پێ دەکرد [رواه مسلم (٨٦٨،٨٦٧/٥٩٢/٢) والنسائى (١٨٨/٣) وە شێوەی ووتاری (حَاجَة)بگەڕێرەوە بۆ پێشەکی ئەم پوختەیە].

(٢٢٧) لە بەر فەرموودەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ رازی بێت) بروانە (پ٢٢٥).

(٢٢٨) لە بەر فەرموودەکەی (عُمَر) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( صَلاَةُ السَّفَرِ رَكْعَتَانِ ، وَصَلاَةُ الجُمعَةِ رَكْعَتَانِ ، وَالفِطْرُ وَالأَضْحَى رَكْعَتَانِ ، تَمَامٌ غَيْرُ قَصْرٍ ، عَلَى لِسَانِ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم )) واتە: نوێژی سەفەر دوو ڕکاتە ، وە نوێژی جومعە دوو ڕکاتە ، وە نوێژی جەژنی ڕەمەزان و قوربانیش دوو ڕکاتە ، بە تەواوەتی



منتدى إقرأ الثقافي

**وە سوننەتە ووتارەکە کورت بێت و نوێژەکەی درێژبێت(٢٢٩)، وە ئەگەر لە گەڵ نوێژی جەژندا کەوتە یەك ڕۆژەوە، ئەوە جومعە دەبێتە سوننەت(٢٣٠).**

---

نەك بە کورت کراوەیی، لە سەر زمانی (محمد) (ﷺ) [رواه النسائي (٣/١١١/١٤٢٠) وابن ماجه (١/٣٣٨/١٠٦٤) وهو صحيح بروانه الإرواء(٦٣٨) صحيح إبن ماجه (٨٧٢)].

وە بۆ دابەستن(قامەت)ی نوێژی کردن، بڕوانە (پ ٢٢٤).

(٢٢٩) لە بەر فەرموودەکەی (عَمَّارُ بنُ يَاسِر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: (( **إِنَّ طُولَ صَلاةِ الرَّجُلِ، وَقِصَرَ خُطْبَتِهِ، مَئِنَّةٌ مِنْ فِقْهِهِ، فَأَطِيلُوا الصَّلاةَ وَاقْصُرُوا الخُطْبَةَ، وَإِنَّ مِنَ البَيَانِ سِحْراً** )) واتە: بە ڕاستی درێژە پێدانی نوێژی هەر پیاوێك - ووتاربێژ - و کورت کردنەوەی ووتارەکەی نیشانەی تێگەیشتنێتی، بۆیە نوێژ درێژ بکەنەوەو ووتار کورت بکەنەوە... [رواه مسلم (٢/٥٩٤/٨٦٩)].

**تێبینی:**

دەبێت ئەو درێژە پێدانی نوێژەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ دەکات زۆر درێژ نەبێت بە شێوەیەك خەڵکی بێزار ببێت، لە بەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بْنُ سَمُرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **كُنْتُ أُصَلِّي مَعَ رَسُولِ اللهِ (ﷺ)، فَكَانَتْ صَلاتُهُ قَصْداً، وَخُطْبَتُهُ قَصْداً** )) واتە: من لە گەڵی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) نوێژم دەکرد، جا نوێژەکەی مام ناوەندی بوو، وە ووتارەکەیشی هەر مام ناوەندی بوو [رواه مسلم(٢/ رقم/٨٦٦)]. بەڵکو لە ڕکاتی یەکەمدا بە ئەندازەی سورەتی (الأَعْلَى) بخوێنێت، وە لە ڕکاتی دووەمیشدا بە ئەندازەی سورەتی (الغَاشِيَة) بخوێنێت لە بەر فەرموودەکەی (النُّعْمَانُ بْنُ بَشِير) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **كَانَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) يَقْرَأُ فِي العِيدَيْنِ وَفِي الجُمُعَةِ، بِسَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الأَعْلَى، وَهَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الغَاشِيَةِ** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نوێژی جەژن ونوێژی جومعەدا سورەتی ( سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الأَعْلَى ) و سورەتی( هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الغَاشِيَةِ )ەی دەخوێند [رواه مسلم( ٢/رقم/٨٧٨)].

(٢٣٠) لە بەر فەرموودەکەی (زَيْدُ بنُ أَرْقَم) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) صَلَّى العِيدَ مِنْ أَوَّلِ النَّهَارِ ثُمَّ رَخَّصَ فِي الجُمُعَةِ** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی جەژنی کرد لە سەرەتای ڕۆژدا، پاشان ڕوخصەتی پێ داین بۆ جومعە [رواه أبو داود (١/٤٤٦/١٠٧٠) و إبن ماجة (١/٤٥١/١٣١٠) والنسائي (٣/١٩٤/١٥٩١) وغيرهم وهو حديث صحيح بروانە صحيح أبى داود(٩٨١) وصحيح إبن ماجة (١٠٨٢)].



منتدى إقرأ الثقافي

## ئەوانەی سوننەتە لە شەو ورۆژی جومعەدا بکرێت

وە سوننەتە لە شەو و ڕۆژی جومعەدا سەڵاواتی زۆر لە سەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) بدرێت (٢٣١)، وە خوێندنی سورەتی(الكَهْف)(٢٣٢)، وە دوعا کردن لە ڕۆژەکەیدا (٢٣٣)

---

(٢٣١) لە بەر فەرموودەکەی (أَوْسُ بنُ أَوْس) (خـوای لێ رازی بێـت) کەوا پێغەمبـەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِنَّ مِنْ أَفْضَلِ أَيَّامِكُمْ يَوْمَ الجُمُعَةِ ، فِيْهِ خُلِقَ آدَم وَفِيْهِ قُبِضَ ، وَفِيْهِ النَّفْخَة ، وَفِيْهِ الصَّعْقَة ، فَأَكْثِرُوْا عَلَيَّ مِنَ الصَّلاة فِيْه ، فَإِنَّ صَلاتَكُمْ مَعْرُوْضَةٌ عَلَيَّ ، قَالُوْا: يَا رَسُوْلَ الله ، وَكَيْفَ تُعْرَضُ عَلَيْكَ صَلاتُنَا وَقَدْ أَرِمْتَ ؟ فَقَالَ: إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ حَرَّمَ عَلَى الأَرْضِ أَنْ تَأْكُلَ أَجْسَادَ الأَنْبِيَاءِ )) واتـە: بـە ڕاسـتی باشـترینی ڕۆژانتان ڕۆژی جومعەیە کە تێیدا ( آدم ) بەدیهێنراوە ، وە تێیدا گیانی کێشراوە ، وە تێیدا فوو بە( صُور)دا دەکرێت ، وە تێیدا ڕاچەڵەکانەکەی ڕۆژی دوایی ڕوو دەدات ، بۆیـە لـەو ڕۆژەدا سەڵاوات زۆر بدەنـە سـەرم ، چونکـە سـەڵاواتەکانتان پێم دەگات ، ووتیـان: ئـەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، چۆن سەڵاواتەکانمان پێت دەگات لە کاتێکدا کە تۆ هـەموو گیـانت ڕزاوە ، جا ئەویش فەرمووی: بە ڕاستی خوای گەورە حـەرامی کـردوە لـە سـەر زەوی کـەوا گیانی پێغەمبەران بخوات [رواه ابو داود (٣/٣٧٠/١٠٢٤) وإبن ماجـه (١/٢٤٥/١٠٨٥) والنسائي (٣/٩١) وهـو صحيح بروانه الإرواء(٤) وصحيح أبي داود(٩٦٢)وصحيح إبن ماجه (٨٨٩)].

(٢٣٢) لـە بـەر فەرموودەکـەی (أَبـو سَـعِيْد الخُـدْرِي) (خـوای لێ رازی بێـت) کـەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ قَـرَأَ سُوْرَةَ الكَهْفِ فِي يَوْمِ الجُمُعَةِ أَضَاءَ لَهُ مِنَ النُّوْرِ مَا بَيْنَ الجُمُعَتَيْنِ )) واتە: هەر یەکێك لە ڕۆژی جومعەدا سورەتی (الكَهْف) بخوێنێـت ئەوە لە ڕووناکی ئەوەندەی بۆ دادەگیرسێت بە ئەندازەی نێوان هـەر دوو جومعەکـە [رواه الحاكم (٢/٣٦٨) والبيهقي ( ٣/ ٢٤٩) بروانه الإرواء(٦٢٦) و المشكاة(٢١٧٥) وصحيح الجامع رقم: (٦٤٧٠)].

(٢٣٣) لە بەر فەرموودەکەی (أَبوهُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: (( إِنَّ فِي الجُمُعَةِ لَسَاعَةً لاَ يُوَافِقُهَا مُسْلِمٌ قَائِمٌ يُصَلِّي ، يَسْأَلُ اللهَ خَيْرَاً ، إِلاَّ أَعْطَاهُ إِيَّاهُ )) واتـە: بـە ڕاستی لـە ڕۆژی جومعـەدا سـەعاتێك هەیـە هـەر موسوڵمانێك تێیدا نوێژ بکات ، داوا لە خوای گەورە بکات ، (ئیللا) خوای گەورە پێی دەدات [ رواه مسلم(٢/رقم/٨٥٢)] .


منتدى إقرأ الثقافي

## وە بۆن خۆش لە خۆدان وجل وبەرگی خاوێن لە بەر کردن(٢٣٤)،

وە فەرموودەکەی ( جابر)(خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( يَوْمُ الجُمُعَةِ ثِنْتَا عَشْرَةَ _ يُرِيْدُ سَاعَةً _ لاَ يُوْجَدُ مُسْلِمٌ يَسْأَلُ اللهَ شَيْئاً إِلاَّ آتَاهُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ ، فَالْتَمِسُوْهَا آخِرَ سَاعَةٍ بَعْدَ العَصْرِ )) واتە: ڕۆژی جومعە دوانزە(١٢) سەعاتە _ سەعاتێکی تێدایە _ هیچ بەندەیەکی موسوڵمان نییە تێیدا داوا لە خوای گەورە بکات (ئیللا) دەیداتێ ، جا لە سەعاتەکەی کۆتاییدا بە دوایدا بگەڕێن ، پاش نوێژی عەسر [رواه ابو داود(١/رقم/١٠٤٨)والنسائي واللفظ له والحاكم وقال صحيح على شرط مسلم ، وهو كذلك بروانە صحيح الترغيب رقم: ( ٧٠٥) ، وە هەروەها لەم بارەیەوە فەرموودەی تریش هەیە ، بروانە صحيح مسلم (٢/٥٨٤/٨٥٣)].

(٢٣٤) لە بەر فەرموودەکەی (سَلْمَانُ الفَارِسِي ) (خوای لێ رازی بێت) (کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لاَ يَغْتَسِلُ رَجُلٌ يَوْمَ الجُمُعَةِ وَيَتَطَهَّرُ مَا اسْتَطَاعَ مِنْ طُهْرٍ وَيَدَّهِنُ مِنْ دُهْنِهِ أَوْ يَمَسُّ مِنْ طِيْبِ بَيْتِهِ ، ثُمَّ يَخْرُجُ فَلاَ يُفَرِّقُ بَيْنَ إِثْنَيْنِ ، ثُمَّ يُصَلِّي مَا كُتِبَ لَهُ ، ثُمَّ يُنْصِتُ إِذَا تَكَلَّمَ الإِمَامُ ، إِلاَّ غُفِرَ لَهُ مَا بَيْنَهُ وَبَيْنَ الجُمُعَةِ الأُخْرَى )) واتە: هەرکەسێك خۆی بشوات لە ڕۆژی جومعەدا ، وە چەندێك توانی خۆی پاك بکاتەوە ، وە ڕۆن لە خۆی بدات لە ڕۆنی ماڵی خۆی ، یان بۆن لە خۆی بدات لە بۆنی ماڵی خۆی ، پاشان لە ماڵ دەربچێت و دوو کەس لە یەك نەکات ، وە چەندێك بۆی نوسرا بێت نوێژ بکات ، پاشان کاتێك پێشەوا دەست بە ووتاردان دەکات بێدەنگ بێت ، ئەوە خوای گەورە لە تاوانەکانی نێوان ئەو جومعە و جومعەی پێشووی دەبورێت [رواه البخاري (٢/٣٧٠/ ٨٨٣)] .

هەروەها فەرموودەکەی (أَبُو ذَر) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ إِغْتَسَلَ يَوْمَ الجُمُعَةِ فَأَحْسَنَ غُسْلَهُ ، وَتَطَهَّرَ فَأَحْسَنَ طُهُوْرَهُ ، وَلَبِسَ مِنْ أَحْسَنِ ثِيَابِهِ ، وَمَسَّ مَا كَتَبَ اللهُ لَهُ مِنْ طِيْبِ أَهْلِهِ ، ثُمَّ أَتَى الجُمُعَةَ ، وَلَمْ يَلْغُ وَلَمْ يُفَرِّقْ بَيْنَ إِثْنَيْنِ ، غُفِرَ لَهُ مَا بَيْنَهُ وَبَيْنَ الجُمُعَةِ الأُخْرَى )) واتە: هەر کەسێك ڕۆژی جومعە خۆی بشوات خۆ شۆردنێکی چاك ، وە خۆی پاك بکاتەوە بە چاکی ، وە باشترین جل وبەرگەکانی لە بەر بکات ، وە چەند خوای گەورە بۆی بکات لە بۆنی کەس وکاری خۆی لە خۆی بدات ، پاشان بێت بۆ جومعە و (لَغو)نەکات ، وە دوو کەس لە یەك نەکات ، ئەوە خوای گەورە لێی دەبورێت لە نێوان ئەو جومعە وجومعەکەی تردا [رواه إبن ماجة(١/رقم/١٠٩٧) وغيره وهو حديث حسن صحيح بروانە صحيح إبن ماجة(٩٠٠) وتعليق الترغيب(١/٢٥٨)] .



منتدى إقرأ الثقافي

## وە زوو ڕۆیشتن بۆ مزگەوت(٢٣٥)،

وە فەرموودەی تریش لەم بارەیەوە زۆرە [بڕوانە صحيح البخاری (كتاب الجمعة/ باب يلبس أحسن ما يجد) وسنن أبي داود( باب اللبس للجمعة/ رقم: ١٠٧٦_١٠٧٨ بڕوانە صحيح أبي داود رقم:٩٨٩) وصحيح إبن ماجة(باب ما جاء في الزينة يوم الجمعة / من رقم: ٨٩٨ —٩٠١) ].

**تێبینی:**

(أ) بۆن خۆشی لە خۆدان تایبەتە بە پیاوانەوە ، بۆ ئافرەتان دروست نیە بۆنی خۆش لە خۆیان بدەن هەر کاتێك دەرچن لە ماڵ ، بەڵام لە ماڵی خۆیاندا بۆ پیاوەکانی خۆیان دروستە ، لە بەر فەرموودەکەی (أَبُوهُرَيْرَةَ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لاَ تَمْنَعُوا إِمَاءَ اللهِ مَسَاجِدَ اللهِ ، وَلَكِنْ لِيَخْرُجْنَ وَهُنَّ تَفِلاَتٌ )) واتە: قەدەغەی ئافرەتانتان مەکەن لە مزگەوتانی خوا ، بەڵام با دەربچن لە ماڵ بە بێ ئەوەی بۆنی خۆشیان لە خۆیان دابێت [رواه ابو داود (٢/رقم/٥٦٥) واحمد (٥/١٩٢/١٣٢٨) وهو حسن صحيح بڕوانە صحيح أبي داود (٥٢٩) وە هەروەها بڕوانە فقه السنة (١/١٩٣)].

(ب) خۆشۆردنی جومعە پێویست(وَاجِب)ە ئەگەر چی لە گەڵ ئەم سوننەتانەیشدا باس کراوە. بڕوانە (پ٥٨) .

(٢٣٥) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَةَ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ إغْتَسَلَ يَوْمَ الجُمُعَةِ غُسْلَ الجَنَابَةِ ثُمَّ رَاحَ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ بَدَنَةً ، وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الثَّانِيَةِ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ بَقَرَةً ، وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الثَّالِثَةِ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ كَبْشاً أَقْرَنَ ، وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الرَّابِعَةِ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ دَجَاجَةً ، وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الخَامِسَةِ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ بَيْضَةً ، فَإِذَا خَرَجَ الإِمَامُ حَضَرَتِ المَلاَئِكَةُ يَسْتَمِعُونَ الذِّكْرَ )) واتە: هەر کەسێك لە ڕۆژی جومعەدا خۆی بشوات – وەکو – خۆشۆردنی لەش گرانی ، پاشان __ زوو __ بچێت بۆ مزگەوت ، وەك ئەوە وایە لە ڕێی خوادا ووشترێکی سەر بڕیبێت ، وە هەرکەسێك لە سەعاتی دووەمدا بچێت ، وەك ئەوە وایە مانگایەکی سەر بڕی بێت ، وە هەرکەسێك لە سەعاتی سێیەمدا بچێت ، وەك ئەوە وایە شەکێکی شاخ داری سەر بڕی بێت ، وە هەرکەسێك لە سەعاتی چوارەمدا بچێت ، وەك ئەوە وایە مریشکێکی سەر بڕی بێت ، وە هەرکەسێك لە سەعاتی پێنجەمدا بچێت ، وەك ئەوە وایە هێلکەیەکی لە ڕێی خوادا بەخشی بێت ، جا ئەگەر پێشەوا دەرچوو ، ئەوە فریشتەکان ئامادە دەبن گوێ لە زیکر دەگرن [رواه البخاری (٢/٣٦٦/٨٨١) ومسلم (٢/٥٨٢/٨٥٠)].


منتدى إقرأ الثقافي

وە ئـازار نـەدانی خـەڵکی[٢٣٦]، وە کردنـی دوو ڕکـات نوێـژی سـڵاوی مزگەوت(تَحِيَّةُ المَسْجِدِ) پێش دانیشتن[٢٣٧]، وە نوێژ کردنیش تا ووتار بێژ دەچێتە سەر مینبەر[٢٣٨].

(٢٣٦) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُاللهِ بن بُسْرٍ) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فـەرمووی (( كُنْتُ جَالِسَاً إِلَى جَانِبِهِ يَوْمَ الجُمُعَةِ ، فَقَالَ: جَاءَ رَجُلٌ يَتَخَطَّى رِقَابَ النَّاسِ ، فَقَالَ رَسُوْلُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ: أَي ، إِجْلِسْ ، فَقَدْ آذَيْتَ )) واتـە: ڕۆژی جومعـە لـە تەنیشتی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دانیشتبووم ، جا پیاوێك بەرەو پێش دەهات ، هەنگاوی بە سەر شانی خەڵکیدا دەنا ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) پێی فەرموو: ئەی ، دانیشە بە ڕاستی تۆ ئازاری خەڵکیت دا [رواه أبـو داود (١١١٨/٦٨٨/١) والنسائي (١٣٩٩/١٠٣/٣) وهـو حديـث صحيح بروانه التعليق الرغيب(٢٥٦/١) وصحيح أبي داود(١٠٢٤) وصحيح النسائي(١٣٢٦) ].

(٢٣٧) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو قَتَادَه) (خوای لێ رازی بێت) بڕوانە (پ١٠٦).

تێبینی:

وە ئەگەر کەسێك لە کاتی ووتاردانی ووتار بێـژدا هاتـە مزگەوتەوە ، ئـەوە دوو ڕکاتی پەلە دەکات و دادەنیشێت بۆ گوێ گرتن لە ووتارەکە ، لە بەر فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فـەرمووی: (( جَاءَ رَجُلٌ وَ النَّبِيُّ (ﷺ) يَخْطُبُ النَّاسَ يَوْمَ الجُمُعَةِ فَقَالَ: أَصَلَّيْـتَ يَـا فُلانُ ؟ قَـالَ: لاَ . قَـالَ: قُمْ فَارْكَعْ )) واتـە: پیـاوێك هاتـە ژووری مزگەوتەوە و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ووتـاری دەدا بـۆ خـەڵکی لـە ڕۆژی جومعـەدا ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: فلان کەس ، ئایا نوێژت کـرد ؟ ئـەویش ووتـی: نـەء . پێغەمبەری خوایش (ﷺ) پێی فەرموو: دەی هەستە نوێژ بکە [رواه البخاري (٩٣٠/٤٠٧/٢) ومسلم (٨٧٥/٥٩٦/٢) وغيرهما].

(٢٣٨) لە بەر فەرموودەکەی (سَلْمَانُ الفَارِسِي) (خوای لێ رازی بێت) بڕوانە (پ ٢٣٤).

تێبینی:

ئەگەر کەسێك گەیشت بە ڕکاتێکی نوێژی جومعەدا ، ئەوە گەیشتوە بە جومعەدا ، لـە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ أَدْرَكَ مِنْ صَلاةِ الجُمُعَةِ رَكْعَةً ، فَقَدْ أَدْرَكَ الصَّلاَةَ )) واتـە: هـەر کـەسێك بگـات بـە ڕکاتێکی نوێژی جومعەدا ، یان هەر نوێژێکی تریشدا ، ئەوە گەیشتوە بـە نوێژەکـەدا [رواه النسائي (٥٥٧/٢٧٤/١) وابن ماجه (١١٢٣/٣٥٦/١) وغيرهما وهو حديث صحيح بروانه الإرواء(٦٢٢) وصحيح الجامع (٥٩٩٦)].



منتدى إقرأ الثقافي

# نوێژی هەردوو جەژنەکە ( صَلاةُ العِيْدَيْنِ )

## نوێـژی هـەردوو جەژنەکـە پێویسـت(وَاجِـب)ە [٢٣٩] ، کاتەکەیشـی پـاش خۆردەرچوون وبەرزبوونەوەی بە ئەندازەی ڕمێك [٢٤٠]،

---

(٢٣٩) نوێژی جەژنی ڕەمەزان و قوربانیش پێویست(واجب)ە لە سەر ژن وپیاو ، لە بەر ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەردەوام دەیکرد و فەرمانیشی پێ کردوە کەوا بۆ جێ بە جێ هێنانی دەربچنە دەرەوەی شار ، وەك (أُمّ عَطِيَّة) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی (( أُمِرْنَا أَنْ نُخْرِجَ فَنُخْرِجَ الحُيَّضَ والعَوَاتِقَ وَذَوَاتِ الخُدُوْرِ ، فَأَمَّا الحُيَّضُ فَيَشْهَدْنَ جَمَاعَةَ المُسْلِمِيْنَ وَدَعْوَتِهِمْ وَيَعْتَزِلْنَ مُصَلاَّهُمْ )) واتە: فەرمانمان پێ کراوە کەوا دەربچین ، جا ئەو ئافرەتانەی کە لە حەیز دان و کچی تازە پێگەیشتوو و ئافرەتانی ماڵیش هەموو دەردەچوین ، جا ئەوانەی کە لە حەیزدان ئامادەی بانگ و جەماعەتی موسوڵمانان دەبوون ، بەڵام دووریان دەگرت لە شوێنی نوێژەکەیان _ واتە: بەشداری نوێژەکەیان نەدەکرد _ [رواه البخاري (٢/٤٦٣/٩٨١) واللفظ له ومسلم (٢/٦٠٥/٨٩٠) وغيرهما].

وە لە بەر فەرموودەکەی (حَفْصَةُ بِنْتُ سِيْرِيْن) کەوا ووتی: لە سەردەمی ئێمەدا قەدەغەمان دەکرد کچەکانمان دەربچن بۆ نوێژی جەژن ، جا ئافرەتێك هات لە قەسرەکەی (بَنِي خَلَف) مایەوە ، منیش چووم بۆ لای ، جا ئەویش باسی بۆ کردین کەوا مێردی خوشکەکەی لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دوانزە(١٢) جار دەرچووە بۆ غەزا ، خوشکەکەیشم لە شەش جاریاندا لە گەڵیاندا دەرچووە ، ئەویش ووتی: ئێمە لە گەڵیاندا دەردەچووین تیماری زامدارمان دەکرد و... جا بە پێغەمبەرم ووت: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئایا ئەگەر کەسێکمان _ لە ئافرەتان _ ئەگەر جل و بەرگی نەبوو دەربچێت – بۆ نوێژی جەژن – ئایا دەتوانێت دەرنەچێت ؟ پێغەمبەری خوایش(ﷺ) فەرمووی: (( لِتُلْبِسْهَا صَاحِبَتُهَا مِنْ جِلْبَابِهَا ، فَلْيَشْهَدْنَ الخَيْرَ وَدَعْوَةَ المُؤْمِنِيْنَ )) واتە: با هاوڕێکەی لە جل وبەرگی خۆی بکاتە بەری ، وە با ئامادەی خێرەکەو بانگی باوەڕداران ببن [رواه البخاري (٢/٤٦٩/٩٨٠) وغيره].

(٢٤٠) لە بەر (أَثَر)ەکەی(يَزِيْدُ بْنُ خُمَيْرِ الرَّحَبِي) کەوا فەرمووی: (( خَرَجَ عَبْدُاللهِ بنِ بُسْرٍ صَاحِبَ رَسُوْلِ اللهِ (ﷺ) مَعَ النَّاسِ فِي يَوْمِ عِيْدِ فِطْرٍ أَوْ أَضْحَىً ، فَأَنْكَرَ إِبْطَاءَ


منتدى إقرأ الثقافي

جا نوێژەکەی دوو ڕکاتە(٢٤١)، لە ڕکاتی یەکەمیدا، پێش قورئان خوێندن حەوت ( اللهُ أكبَر ) دەکرێت جگە لە( اللهُ أكبَر)ی دەست پێ کردن، وە لە ڕکاتی دووەمیشدا پێنج( اللهُ أكْبَر ) دەکرێت جگە لە ( اللهُ أكْبَر )ی هەڵسانەوە(٢٤٢)، پاشان ووتارێك دەخوێنرێت(٢٤٣)،

---

الإمَامِ ، فَقَالَ: إنَّا كُنَّا قَدْ فَرَغْنَا سَاعَتَنَا هَذِهِ ، وَذَلِكَ حِيْنَ التَّسْبِيْحِ )) واتە: (عَبْدُاللهِ بنِ بُسْرٍ)ی هاوەڵی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە گەڵ خەڵکیدا دەرچوو لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان یان قوربانددا ، و پێ ناخۆش بوونی خۆی دەربڕی لە دواکەوتنی پێشەوا و فەرمووی: ئێمە لەم کاتانەدا لێ دەبووینەوە ، ئەو کاتەیش کاتی نوێژی چێشتەنگاو بوو [رواه ابو داود(١/٦٧٥/١١٣٥) وابن ماجة (١/٤١٨/١٣١٧) وهو حديث صحيح ، بروانە الإرواء(٣/١٠١) وصحيح أبي داود(١٠٠٥)].

(٢٤١) لە بەر فەرموودەکەی ئیمامی (عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت) بروانە (پ٢٢٨).

(٢٤٢) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أنَّ رَسُوْلَ اللهِ (ﷺ) كَبَّرَ فِي الفِطْرِ وَالأَضْحَى سَبْعَاً وَخَمْسَاً سِوَى تَكْبِيْرَتَي الرُّكُوْعِ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نوێژی جەژنی قورباندا حەوت(اللهُ أكبَر) _ ی لە ڕکاتی یەکەمدا _ و پێنج (اللهُ أكبَر) – ی لە ڕکاتی دووەمدا – کرد جگە لە(اللهُ أكبَر)ی (رُكُوع) بردنەکان [رواه إبن ماجة (١/٤٠٧/١٢٨٠) و أبو داود (٤/رقم/١١٣٨) وهو حديث صحيح ، بروانە الإرواء(٦٣٩) وصحيح إبن ماجه(١٠٥٨)وصحيح أبي داود(١٠٤٣)].

(٢٤٣) لە بەر فەرموودەکەی (أبُو سَعِيْد) (خوای لێ ڕازی بێت) (( كَانَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) يَخْرُجُ يَوْمَ الفِطْرِ وَالأَضْحَى إلَى المُصَلَّي ، فَأَوَّلُ شَيْءٍ يَبْدَأُ بِهِ الصَّلاَةُ ، ثُمَّ يَنْصَرِفُ فَيَقُوْمُ مُقَابِلَ النَّاسِ _ وَالنَّاسُ جُلُوْسٌ عَلَى صُفُوْفِهِمْ _ فَيَعِظُهُمْ ، وَيُوَصِّيْهِمْ ، وَيَأْمُرُهُمْ . فَإِنْ كَانَ يُرِيْدُ أنْ يَقْطَعَ بَعْثَاً قَطَعَهُ أوْ يَأْمُرَ بِشَيْءٍ أمَرَ بِهِ ، ثُمَّ يَنْصَرِفُ )) واتە: کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان و قوربان دا دەرچوو ، جا یەکەم شتێك کە دەستی پێ دەکرد نوێژبوو پاشان هەڵدەسایەوە بەرانبەر خەڵکی وە خەڵکی دانیشتوو بوون لە ڕیزەکانیان دا ، جا ئامۆژگاری و وەسیەت و فەرمانی پێ دەکردن ، جا ئەگەر ویستی بووایە سوپایەك ڕەوانە بکات ، ئەوە ڕەوانەی دەکرد ، یان فەرمان بەشتێك بکات ، ئەوە فەرمانی پێ دەکرد پاشان دەڕۆیشت [رواه البخاري (٢/٤٤٨/٩٥٦) ومسلم (٢/٦٠٥/٨٨٩)].

وە ئیمامی (النَّوَوِي) دەفەرمووێ : هیچ بەڵگەیەکی ڕاست نەهاتوە لە بارەی ئەوەی کە بۆ جەژن دوو ووتار بدرێت . بروانە [فقه السنة (١/٢٧١)].



منتدى إقرأ الثقافي

وە بە(الحَمْدُ لِلهِ) دەست پێ دەکات(٢٤٤).

وە سوننەتیشــە لــە دەرەوەی مزگــەوت لــە چۆڵیــدا بکرێــت(٢٤٥)، وە بــانگ وقامەتیشی بۆ نــادرێت(٢٤٦)، وە لــە پێشــیدا هیــچ نوێژێــك نــاکرێت(٢٤٧)، وە خۆتی بۆ بشۆریت(٢٤٨)،

(٢٤٤) لە بەر ئەو بەڵگانەی کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەموو ووتارەکانی بــە (الحَمْدُ لِلهِ) دەست پێ دەکرد ، وە هیچ بەڵگەیەکی ڕاستیش نییە کــەوا پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) لــە پێشی ووتاری جەژن (اللهُ أكبَر)ی کردبێت . بڕوانە [فقه السنة (١/٢٧١-٢٧٢)].

(٢٤٥) لە بەر فەرموودەی زۆر لەوانە فەرموودەکەی (أمِّ عَطِيَّة) و (حَفْصَةَ بِنْتُ سِيرِين) بڕوانە (پ٢٣٩) .

وە فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر) (خوایان لیّ ڕازی بێـت) (( كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) يَغْدُوْ إِلَى المُصَلَّى وَالعَنَزَةُ بَيْنَ يَدَيْهِ تُحْمَلُ وَتُنْصَبُ بِالمُصَلَّى بَيْنَ يَدَيْهِ ، فَيُصَلِّي إِلَيْهَا )) واتە: کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) – بۆنوێژی جــەژن – بــەیانی زوو دەردەچوو بۆ شــوێنی نوێژ ... [رواه البخاری (٢/٤٦٣/٩٧٢) ومسلم (١/٣٥٩/٥٠١)].

(٢٤٦) لــە بــەر فەرموودەکــەی (إبْنُ عبَّاس) و (جَابِر) (خوایــان لیّ ڕازی بێــت) کــەوا فەرموویانە(( لَمْ يَكُنْ يُؤَذَّنُ يَوْمَ الفِطْرِ وَلاَ يَوْمَ الأَضْحَى )) واتە: بانگ و قامەت نــەدەدرا بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان وقوربانیش [رواه البخاری (٢/٤٥١/٩٦٠) ومسلم (٢/٦٠٤/٨٨٦)].

(٢٤٧) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لیّ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی (( أنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) خَرَجَ يَوْمَ الفِطْرِ فَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ لَمْ يُصَلِّ قَبْلَهَا وَلاَ بَعْدَهَا وَ مَعَهُ بِلاَلٌ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان دا دەرچوو بۆ شوێنی نوێژ — و دوو ڕکاتی نوێــژی جــەژنی __ کــرد نــە لــە پێشــیدا نوێــژی کــرد و نــە لــە پاشیش دا ، وە (بِلال)یشی لە گەڵدا بوو [رواه البخاری (٢/٤٧٦/٩٨٩) ومسلم (٢/٦٠٦/٨٨٤) وغیرهما].

(٢٤٨) لە بەر (أثر)ەکەی (زَاذَان) کەوا فەرمووی: (( سَأَلَ رَجُلٌ عَلِيًّا رَضِيَ اللهُ عَنْهُ عَنِ الغُسْلِ ؟ قَالَ: إغْتَسِلْ كُلَّ يَوْمٍ شِئْتَ ، فَقَالَ: لاَ ، الغُسْلُ الَّذِيْ هُوَ الغُسْلُ ؟ قَالَ: يَوْمَ الجُمُعَةِ ، وَيَوْمَ عَرَفَةَ ، وَيَوْمَ النَّحْرِ ، وَيَوْمَ الفِطْرِ )) واتە: پیاوێك پرسیاری لە(عَلِی)کرد (خوای لیّ ڕازی بێت) لە بارەی خۆشۆردنەوە ؟ ئەویش فەرمووی: هەموو ڕۆژێك خۆت بشــۆ ئەگەر ویستت لیّ بوو . جا ووتی: نەء ، ئەو خۆشۆردنە دەڵێــم کــە خۆشــۆردنە ؟ فــەرمووی: ڕۆژی جومعە ، وڕۆژی (عَرَفَه) ، وڕۆژی جەژنی قوربان ، وڕۆژی جەژنی ڕەمەزان [رواه البیهقی من طریق الشافعی بڕوانە الوجیز ( ل٤٧)].



منتدى إقرأ الثقافي

وە خۆتی بۆ جوان بکەیتەوە وبۆنی خۆش لە خۆ بدەیت (٢٤٩) ، وە سوننەتە پێش نوێژی جەژنی ڕەمەزان خواردنێك بخوات[٢٥٠] ، بەڵام بۆ نوێژی جەژنی قوربان لــە پــاش نوێــژ خــواردن بخــوات[٢٥١] ، وە لــە ڕێگایەکــەوە بــڕوات ولــە ڕێگایەکی ترەوە بگەڕێتەوە[٢٥٢] .

---

(٢٤٩) لە بـەر فەرموودەکـەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لیّ ڕازی بێـت) کـەوا فـەرمووی: (( كَانَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) يَلْبَسُ يَوْمَ العِيْدِ بُرْدَةً حَمْرَاء )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لـە ڕۆژی جەژندا (بُرْدَە)یەکی سووری لە بەر دە کرد [قال الهيثمي ف (مجمع الزوائد) (٢/٢٠١) رواه الطبراني في الأوسط ورجاله ثقات ، بڕوانە السلسلة الصحيحة (١٢٧٩)].

(٢٥٠) لە بــەر فەرموودەکـەی (أَنَس) (خـوای لیّ ڕازی بێـت) کـەوا فـەرمووی: (( كَانَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) لاَ يَغْدُو يَوْمَ الفِطْرِ حَتَّى يَأْكُلَ تَمَرَاتٍ )) واتـە: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەرنـەدەچوو بـۆ نوێـژی جـەژنی ڕەمـەزان تـا چـەند خورمایـەکی دەخـوارد [رواه البخـاری (٢/٤٤٦/٩٥٣) والترمذی (٢/٢٧/٥٤١)].

(٢٥١) لە بەر فەرموودەکەی (أَبو بُرَيْدَة) (خـوای لیّ ڕازی بێـت) کـەوا فـەرمووی (( أَنَّ رَسُوْلَ اللهِ كَانَ لاَ يَخْرُجَ يَوْمَ الفِطْرِ حَتَّى يُطْعِمَ ، وَلاَ يُطْعِمَ يَوْمَ النَّحْرِ حَتَّى يَذْبَحَ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەر نەدەچوو بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان تا خواردنی دەخوارد ، وە بۆ ڕۆژی قوربان خواردنی نەدەخوارد تا قوربانی سەر دەبڕی [رواه إبن خزيمة (٢/٣٤١/١٤٢٦) والترمذی (٢/٢٧/٥٤٠) وهـو حديـث صحيـح ، بڕوانـە صحيـح الـترمذي (٤٤٧) ، بـەڵام لـە ڕیوایەتەکـەی (ترمذی)دا: (( ... حَتَّى يُصَلِّي )) واتە: ... تا نوێژی جەژنی دەکرد] .

(٢٥٢) لە بەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) (خوایان لیّ ڕازی بێـت) کـەوا فـەرمووی (( كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) إِذَا كَانَ يَوْمُ عِيْدٍ خَالَفَ الطَّرِيْقَ )) واتـە: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لەڕۆژی جەژن دا ڕێگای دەگۆڕی [رواه البخاری (٢/٤٧٢/٩٨٦)] .

واتــە: ئەگـەر لە ڕێگایەکـەوە بـۆ شـوێنی نوێـژ بهاتبایـە ئـەوە لـە ڕێگایـەکی تــرەوە دەگەڕایەوە .

منتدى إقرأ الثقافي

# نوێژی تـرس (صَلاةُ الخَوْف)

## ئەگەر دوژمن لە ڕووی قیبلەوە بوو ، ئەوە بە چەند شێوەیەك دەكرێت(٢٥٣) ،

(٢٥٣) ئێمە هەر یەك شێوەیان باس دەكەین ، ئەویش فەرموودەكەی (جَابِر)ە (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی: (( شَهِدْتُ مَعَ رَسُوْلِ اللهِ (ﷺ) صَلاَةَ الخَوْفِ ، فَصَفَّنَا صَفَّيْنِ ، صَفٌّ خَلْفَ رَسُوْلِ اللهِ (ﷺ) وَالعَدُوُّ بَيْنَنَا وَبَيْنَ القِبْلَةِ ، فَكَبَّرَ النَّبِيُّ (ﷺ) وَكَبَّرْنَا جَمِيْعَاً ، ثُمَّ رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ الرُّكُوْعِ وَرَفَعْنَا جَمِيْعَاً ، ثُمَّ إِنْحَدَرَ بِالسُّجُوْدِ وَالصَّفُّ الَّذِيْ مَعَهُ ، وَقَامَ الصَّفُّ المُؤَخَّرُ فِي نَحْرِ العَدُوِّ ، فَلَمَّا قَضَى النَّبِيُّ (ﷺ) السُّجُوْدَ ،وَقَامَ الصَّفُّ الَّذِي يَلِيْهِ ، إِنْحَدَرَ الصَّفُّ المُؤَخَّرُ بِالسُّجُوْدِ ، وَقَامُوْا ، ثُمَّ تَقَدَّمَ الصَّفُّ المُؤَخَّرُ ، وَتَأَخَّرَ الصَّفُّ المُقَدَّمُ ، ثُمَّ رَكَعَ النَّبِيُّ (ﷺ) وَرَكَعْنَا جَمِيْعَاً ، ثُمَّ رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ الرُّكُوْعِ وَرَفَعْنَا جَمِيْعَاً ، ثُمَّ إِنْحَدَرَ بِالسُّجُوْدِ وَالصَّفُّ الَّذِي يَلِيْهِ الَّذِيْ كَانَ مُؤَخَّراً فِي الرَّكْعَةِ الأُوْلَى ، وَقَامَ الصَّفُّ المُؤَخَّرُ فِي نُحُوْرِ العَدُوِّ فَلَمَّا قَضَى النَّبِيُّ (ﷺ) السُّجُوْدَ وَالصَّفُّ الَّذِيْ يَلِيْهِ ، إِنْحَدَرَ الصَّفُّ المُؤَخَّرُ بِالسُّجُوْدِ ، فَسَجَدُوْا ، ثُمَّ سَلَّمَ النَّبِيُّ (ﷺ) وَسَلَّمْنَا جَمِيْعَاً ، قَالَ جَابِرُ: كَمَا يَصْنَعُ حَرَسُكُمْ هَؤُلاَءِ بِأُمَرَائِهِمْ )) واتە: لە گەڵ پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) ئامادەی نوێژی ترس بووم كەوا كردینی بە دوو ڕیزەوە ، ڕیزێك لە پشتی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ، وە دوژمن لە نێوانی ئێمەو قیبلەدا بوو ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) (اللهُ أكْبَر)ی كرد ، ئێمەیش هەموو (اللهُ أكْبَر) مان كرد هەردوو ڕیزەكە لە گەڵ پێغەمبەردا نوێژیان دابەست ، پاشان (رُكُوْع)ی برد ئێمەش هەموو (رُكُوْع)مان برد ، پاشان سەری لە(رُكُوْع) بەرز كردەوە ئێمەش هەموو سەرمان بەرز كردەوە ، پاشان (سُجُود)ی برد ، ڕیزەكەی پشتی خۆی لە گەڵیدا (سُجُود)یان برد ، وە ئەو ڕیزەكەی تر هەر بە پێوە ڕاوەستاون بەرانبەر دوژمن – چاو دێریان دەكەن – جا كە پێغەمبەری خوا هەڵسایەوە – بۆ ڕكاتی دووەم – و ڕیزەكەی پشتی خۆیشی لە گەڵیدا هەڵسانەوە ، ڕیزەكەی دوایان (سُجُود)یان برد و هەڵسانەوە ، پاشان ڕیزەكەی دوا چوونە پێشەوە وئەوانەی پێشیش گەڕانەوە دواوە ، پاشان كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) (رُكُوْع)ی برد ، هەموو پێكەوە (رُكُوْع)مان برد ، پاشان كە لە (رُكُوْع)سەری بەرز كردەوە ، هەموو پێكەوە سەرمان بەرز كردەوە ، پاشان كە (سُجُود)ی برد ڕیزەكەی پشتی (سُجُود)یان برد ، بەڵام ڕیزەكەی تر بەرانبەر دوژمن بە پێوە ڕاوەستاون ، جا كە پێغەمبەری خوا و ڕیزەكەی


منتدى إقرأ الثقافي

وە هەروەها ئەگەر دوژمن لە ڕووی قیبلەوە نەبوو ئەوە بە چەند شێوەیەکی تر دەکرێت[٢٥٤]، جا بە هەر شێوەیەکیان ئەنجام بدرێت هـەر دروستە ، وە ئەگەر تێرشان ڕوویدا یان ترسێکی زۆر دروست بوو ، ئەوە بە هەر شێوەیەک گونجا ئەنجام دەدرێت ، ئیتر بە سواری بێت یان بە دانیشتنەوە یان بە دەم ڕاکردنەوە ، ڕوو بەرەو قیبلە بێت یان ڕوو بەرەو قیبلە نەبێت[٢٥٥] .

---

پشتیشی (سُجُود)یان تەواو کرد – ودانیشتن بۆ تحیات خوێندن – ڕیزەکەی دوا (سُجُود)یان برد ، و(سُجُود) یان تەواو کرد ، پاشان پاش تـەحیات خوێندن پێغەمبـەری خـوا (سَلام)ی دایەوە ، ئێمەش هەموو پێکەوە (سَلام)مان دایەوە [رواه مسلم ١/٥٧٤/٨٤٠)].

(٢٥٤) هەروەها ئەمیشیان هەر یەک شێوەیان باس دەکەین ئەویش فەرموودەکەی ( عَبْدُالله بن عُمَر)ە (خوایان لێ رازی بێـت) کـەوا فـەرمووی: (( صَلَّى رَسُولُ اللهِ (ﷺ) صَلاَةَ الْخَوْفِ بِإِحْدَى الطَّـائِفَتَيْنِ رَكْعَـةً ، وَالطَّائِفَـةُ الأُخْرَى مُوَاجِهَـةُ الْعَدُوِّ ، ثُـمَّ انْصَرَفُوْا وَقَامُوْا فِي مَقَامِ أَصْحَابِهِمْ مُقْبِلِيْنَ عَلَى الْعَدُوِّ ، وَجَاءَ أُوْلَئِكَ ، ثُمَّ صَلَّى بِهِمْ النَّبِيُّ (ﷺ) رَكْعَةً ، ثُـمَّ سَلَّمَ النَّبِيُّ (ﷺ) ، ثُمَّ قَضَى هَؤُلاَءِ رَكْعَةً ، وَهَؤُلاَءِ رَكْعَـةً )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی ترسی کرد – کردنی بە دوو کۆمەڵەوە – بـە یـەکێک لـەو دوو کۆمەڵە ڕکـاتێکی کـرد ، کۆمەڵەکـەی تریـش بەرانبـەری دوژمـن ڕاوەستابوون ، پاشـان ڕۆیشتن لە شوێنی ئەو کۆمەڵەکەی تردا لە بەرانبەری دوژمـن ڕاوەسـتان ، ئـەو کۆمەڵەکـەی تریش هاتن ، پێغەمبەری خوا ڕکاتێکی پێ کردن ، پاشان (سَلام)ی دایەوە ، پاشان ئـەمان ڕکاتێکی تریان کێڕایەوە وە ئەوانی تریش ڕکاتێکیان کێڕایەوە [رواه البخاري (٢/٤٢٩/٩٤٢) ومسلم (١/٥٧٤/٨٣٩)].

واتە: پێشەوا دەیانکاتە دوو بەشەوە ، کۆمەڵێکیان لە گەڵیدا دەست بە نوێژ دەکەن ، وە ئەو کۆمەڵەکەیش بەرانبەر دوژمن ڕا دەوەستن ، جـا پێشـەوا ڕکاتی یەکـەم بـەو کۆمەڵـە دەکات ، وە کاتێک هەڵدەستێتەوە بۆ ڕکاتی دووەم ئەوان بـۆ خۆیـان ڕکاتەکـەی تـر دەکـەن و(سَلام) دەدەنەوە ، وە بە پەلە دەچنە جێگەی ئەوانەی بەرانبەر دوژمـن ڕاوەستاون ، وە ئەوانیش بە پەلە دەگەنە ڕکاتی دووەمی پێشەوا دا ، کە زیـاتر درێژی دەکاتـەوە ، جا کە پێشەوا (سَلام)ی دایەوە ، هەڵدەستنەوە و ڕکاتەکەی تریان تەواو دەکەن .

(٢٥٥) (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ رازی بێت) لە تەفسیری ئایەتی (٢٣٨، ٢٣٩) ی سورەتی (البقرة) ﴿ حَافِظُوْا عَلَى الصَّلَوَاتِ وَالصَّلاَةِ الْوُسْطَى وَقُوْمُوْا لِلَّهِ قَانِتِيْنَ ، فَإِنْ خِفْتُمْ

منتدى إقرأ الثقافي

# نوێژی کەسێك لە سەفەردا بێت
# ( صَلاةُ المُسَافِر )
# کورت کردنەوە و کۆ کردنەوەی نوێژ
# ( قَصْر وجَمْع )

پێویست(وَاجِب)ە لە سەر کەسێك لە سەفەردا بێت نوێژە چوار ڕکاتێکان کورت بکاتەوە بۆ دوو ڕکات[٢٥٦]،

---

فَرِجَالاً أَوْ رُكْبَاناً فَإِذَا أَمِنْتُمْ فَاذْكُرُوا اللهَ كَمَا عَلَّمَكُمْ مَالَمْ تَكُونُوا تَعْلَمُونَ ﴾دا فـەرمووی: (( .. فَإِنْ كَانَ خَوْفٌ هُوَ أَشَدُّ مِنْ ذَلِكَ صَلُّوا رِجَالاً قِيَاماً عَلَى أَقْدَامِهِمْ أَوْ رُكْبَانـاً مُسْتَقْبِلِي القِبْلَةِ أَوْ غَيْرَ مُسْتَقْبِلِيهَا )) واتە: جا ئەگەر ترسەکە لـەوە زیاتر بـوو – لـەو حاڵەتانەی پێشوو – ئەوە نوێژ بکـەن _ بـە هەرشێوەیەك بێـت _ بـە پێـوە بێـت یـان بـە سواری ، ڕوو بەرەو قیبلە بێت یان ڕوو بەرەو قیبلـە نـەبێت [رواه البخاری (٨/١٩٩/٤٥٣٥) ومسلم (١/٥٧٤/٩٣٩) بنحوه].

(٢٥٦) لە بەر فەرموودەی خوای گـەورە لـە سورەتی (النساء: ١٠١) دا کـە دەفـەرمێ: ﴿ وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَقْصُرُوا مِنَ الصَّـلاةِ إِنْ خِفْتُـمْ أَنْ يَفْتِنَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا .. ﴾ واتە : ئەگەر سەفەرتان کرد بە سەر زەویدا ، ئـەوە تاوانتـان لـە سەر نییە کەوا نوێژەکانتان کورت بکەنەوە ئەگەر ترسان تووشی فیتنەی ئەوانە ببن کە بـێ باوەڕن ..

(يَعْلِيُ بنُ أُمَيَّة) دەفەرمێ: پرسیارم لە(عُمَرُ بنُ خَطَّاب) (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـرد لـە بارەی ئەم ئایەتەوە کەوا خوای گەورە دەفەرمێ: ﴿ .. إِنْ خِفْتُـمْ أَنْ يَفْتِنَكُـمُ الَّذِيـنَ كَفَرُوا.. ﴾ دەی خۆ ئێستا خەڵکی ترسیان لە بێ باوەڕان نەماوە ، (عُمَر) فەرمووی: منیش لەوە سەرم سووڕما کە تۆ سەرت لێی سووڕماوە ، بۆیە پرسیارم لـە پێغەمبـەری خـوا کـرد (ﷺ) لە بارەی ئەوەوە ، ئەویش فـەرمووی: (( صَدَقَةٌ تَصَدَّقَ اللهُ بِهَا عَلَيْكُمْ ، فَاقْبَلُوا صَدَقَتَهُ )) واتە: ئەمە خێرو چاکەیەکی خوایـە بـە ئێـوەی داوە ، جـا ئێـوەش وەری بگـرن [رواه مسلم (١/٤٧٨/٦٨٦) وأبوداود (٤/٦٤/١١٨٧) وغيرهما].

وە لە بەر فەرموودەکە (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کـەوا فـەرمووی: (( فَرَضَ اللهُ الصَّلاَةَ عَلَى لِسَانِ نَبِيِّكُمْ (ﷺ) فِي الحَضَرِ أَرْبَعاً ، وَفِي السَّفَرِ رَكْعَتَيْنِ ، وَفِي



منتدى إقرأ الثقافي

**ئەگەر لە سنووری شوێنەکەی خۆی دەرچوو تا وەکو دەگەڕێتەوە[٢٥٧]،**

الْخَوْفِ رَكْعَةً )) واتە: خوای گەورە نوێژی لە سەر زمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرز کردوە لە ماڵدا چوار ڕکات وە لە سەفەردا دوو ڕکات وە لە ترسیشدا یەك ڕکات [رواه مسلم (١/٤٧٩/٦٨٧) وأبوداود (٤/١٢٤/١٢٣٤) وغيرهما].

وە فەرموودەکەی ئیمامی (عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٢٢٨).

وە فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( الصَّلاَةُ أَوَّلُ مَا فُرِضَتْ رَكْعَتَانِ ، فَأُقِرَّتْ صَلاَةُ السَّفَرِ ، وَاتِمَّتْ صَلاَةُ الحَضَرِ )) واتە: نوێژ یەکەم جار کە فەرز کرا دوو ڕکات بوو ، جا نوێژی سەفەر هەر بەو شێوەیە مایەوە ، بەڵام نوێژی ماڵ بە تەواوی دانرا – واتا کرا بە چوار ڕکات – [رواه البخاري (٢/٥٦٩/١٠٩٠) ومسلم(١/٤٧٨/٦٨٥) وغيرهما].

وە(إِبْنُ عُمَر)(خوایان لێ ڕازی بێت) فەرمووی: (( .. إِنِّي صَحِبْتُ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) فِي السَّفَرِ ، فَلَمْ يَزِدْ عَلَى رَكْعَتَيْنِ حَتَّى قَبَضَهُ اللهُ ، وَصَحِبْتُ أَبَا بَكْرٍ فَلَمْ يَزِدْ عَلَى رَكْعَتَيْنِ حَتَّى قَبَضَهُ اللهُ ، وَصَحِبْتُ عُمَرَ فَلَمْ يَزِدْ عَلَى رَكْعَتَيْنِ حَتَّى قَبَضَهُ اللهُ ، ثُمَّ صَحِبْتُ عُثْمَانَ فَلَمْ يَزِدْ عَلَى رَكْعَتَيْنِ حَتَّى قَبَضَهُ اللهُ ، وَقَدْ قَالَ اللهُ ﴿ لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِيْ رَسُوْلِ اللهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ ﴾ )) واتە: من هاوڕێیەتی پێغەمبەری خوام کرد (ﷺ) ، وە لە سەفەردا هەرگیز لە دوو ڕکات زیاتری نەکردووە ، تا خوای گەورە گیانی کێشا ، پاشان هاوڕێیەتی (أَبُوبَكْر)یشم کردوە ، ئەویش هەر دوو ڕکات زیاتری نەدەکرد تا خوای گەورە گیانی کێشا ، پاشان هاوڕێیەتی (عُمَر)یشم کردوە ، ئەویش لە دوو ڕکات زیاتری نەدەکرد تا خوای گەورە گیانی کێشا ، وە هاوڕێیەتی (عُثْمَان)یشم کردوە ، ئەویش هەر دوو ڕکات زیاتری نەدەکرد تا خوای گەورە گیانی کێشا ، وە خوای گەورە دەفەرمێ: ﴿ لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُوْلِ اللهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ ﴾( الأحزاب:٢١) واتە: بە ڕاستی لە پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) باشترین سەرمەشق هەیە بۆ ئێوە ئەی باوەڕداران [رواه البخاري (٢/٥٧٧/١١٠٢) ومسلم (١/٤٧٩/٦٨٩) واللفظ له وغيرهما].

(٢٥٧) جەماوەری زانایان ڕایان وایە: کەوا کورت کردنەوەی نوێژ دەست پێ دەکات بە دەرچوون لە سنووری شوێنەکەی خۆی – شار بێت یان دێ – وە نوێژ بە تەواوی ناکات تا دەگاتەوە سنووری شوێنەکەی خۆی . (إِبْنُ المُنْذِر) دەفەرمێ : وا نازانم پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی کورت کردبێتەوە لە هیچ سەفەرێکیدا تا لە(مَدِيْنَه) دەر دەچوو .



منتدى إقرأ الثقافي

.........................

وە(أنس) (خـوای لیٚ رازی بێـت) دەفـەرمێ: (( صَلَّيْتُ الظُّهْرَ مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) بِالمَدِيْنَةِ أرْبَعاً وَبِذِي الحُلَيْفَةِ رَكْعَتَيْنِ )) واتـە: لـە گـەڵ پێغەمبـەری خـوا دا نوێـژی نیوەڕۆم کرد لە(مَدِيْنَه) بە چوار ڕکـاتی ، وە – نوێـژی عەسریش – لـە(ذُوالحُلَيْفَة) بـە دوو ڕکاتی [رواه البخاری (٥٦٩/٢/١٠٨٩) ومسلم(٤٨٠/١/٦٩٠) وغيرهما ، وە مەبەستی بەوەی (ذُوالحُلَيْفَة) نوێـژی عەسرە ، وەك لە ڕیوایەتەکانی تری جگە لە ڕیواتەکەی (البخاری) دا ناوی بردوە ، جا بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم باسـە بگەڕێرەوە بۆ فقە السنة (٢٤٠/١-٢٤١) ].

وە(ذُوالحُلَيْفَة): شوێنێکە چەند میلێك لە(مَدِيْنَه)ەوە دوورە .

## چەند تێبینیەك :

(أ) دیارە کە کورت کردنـەوە(قَصْر)ی نوێـژ پێویسـت(وَاجِب) بـوو ، ئیتر ماوەیـەکی دیاری کراوی نییە ، بەڵکو چەندێك لە سەفەر دا بێت و نیەتی مانـەوە(إقَامَة)ی نـەبێت هـەر دەبێت نوێـژ کورت بکاتـەوە ، بـەڵام ئەگـەر بۆ ماوەیـەك لـە شوێنێکدا مایـەوە لـە بـەر پێویستیەك ، وە بڕیـاری مانـەوە(إقَامَة)ی تـەواوی نـەدا ، ئـەوە هـەر دەبێت نوێـژ کـورت بکاتەوە ، لە بەر فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أقَامَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) بِتَبُوْكَ عِشْرِيْنَ يَوْماً يَقْصُرُ الصَّلاَةَ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە(تَبُوْك) دا مایەوە بۆ ماوەی بیست(٢٠) ڕۆژ هەر نوێژی کورت دەکردەوە [رواه أبـو داود(١٠٢/٤/ ١٢٢٣) وهـو حديث صحيح ، بڕوانە صحيح أبي داود(١٠٩٤)] .

(إبْنُ القَيِّم) (ڕەحمـەتی خـوای لیٚ بێـت) دەفـەرمێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) بـە ئوممەتەکەی نەفەرموو ، هەر کەسێك ئەگەر لەوە زیاتر مایـەوە با نوێـژ کورت نەکاتـەوە ، بەڵکو وا جووت بوە کەوا مانەوەکەی ئەو ئەوەندە بێت . [بڕوانە فقه السنة (٢٤١/١)].

(ب) وە بۆ دووری ئەو سەفەرەی کە نوێژی تێـدا کـورت دەکرێتـەوە ، زانایـان بیسـت ڕای جیاوازیان هەیە ، بەڵام ئەوەی ڕاستە وئێمە هەڵی دەبژێرین ، ئەوەیـە کـەوا ئـەوەی لـە زمانی عەرەبدا پێی بووترێت سەفەر ، دەبێت نوێژی تێدا کورت(قَصْر) بکرێتـەوە ، چونکـە ئەگەر ئەندازەی دووری ئەو سەفەرە – کە نوێژی تێدا کورت دەکرێتەوە – سنووری ببوایە ئەوە بێ گومان خوای گەورە دیاری دەکـرد وپێغەمبـەری خوایش (ﷺ) ڕوونـی دەکـردەوە ، یان هیچ نەبێت هاوەڵان(صَحَابَه) پرسیاریان لەو بارەیەوە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکرد ، وە هەموویان یەك دەنگ دەبوون تێیدا ... [بڕوانە المحلى لإبن حزم (٢١/٥)].


منتدى إقرأ الثقافي

وە دەتوانێت نوێژی نیوەڕۆ وعەسر پێکەوە کۆ(جَمْع)بکاتەوە لە کاتی یەکێکیاندا بیکات ، هەروەها نوێژی شێوان وعیشایش[258] ، بە بانگێك ودوو قامەت بۆ هەردوو نوێژەکە[259]،

(٢٥٨) لە بەر فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كَانَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ)إِذَا إِرْتَحَلَ قَبْلَ اَنْ تَزِيْغَ الشَّمْسُ اَخَّرَ الظُهْرَ إِلَى وَقْتِ العَصْرِ ، ثُمَّ نَزَلَ فَجَمَعَ بَيْنَهُمَا ، فَإِنْ زَاغَتِ الشَّمْسُ قَبْلَ اَنْ يَرْتَحِلَ صَلَّى الظُهْرَ ثُمَّ رَكِبَ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر پێش ئەوەی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان لای بدایە بکەوتایەتە ڕێ ، ئەوە نوێژی نیوەڕۆی دوا دەخست بۆ کاتی عەسر ، پاشان دادەبەزی و هەردوو نوێژەکەی – نیوەڕۆ و عەسری – پێکەوە دەکرد ، وە ئەگەر پاش ئەوەی لە ناوەڕاستی ئاسمان لای بدایە بکەوتایەتە ڕێ ، ئەوە نوێژی نیوەڕۆی دەکرد ، پاشان سەر دەکەوت ودەکەوتە ڕێ [رواه البخاري (٢/٥٨٣/١١١٢) ومسلم (١/٤٨٩/٧٠٤) وغيرهما] .

وە لە بەر فەرموودەکەی (مُعَاذ) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ فِي غَزْوَةِ تَبُوكْ إِذَا إِرْتَحَلَ قَبْلَ اَنْ تَزِيْغَ الشَّمْسُ اَخَّرَ الظُهْرَ حَتَّى يَجْمَعَهَا إِلَى العَصْرِ يُصَلِّيهِمَا جَمِيْعَاً ، وَإِذَا إِرْتَحَلَ بَعْدَ زَيْغِ الشَّمْسِ صَلَّى الظُهْرَ وَالعَصْرَ جَمِيْعَاً ثُمَّ سَارَ ، وَكَانَ إِذَا إِرْتَحَلَ قَبْلَ المَغْرِبِ اَخَّرَ المَغْرِبَ حَتَّى يُصَلِّيَهَا مَعَ العِشَاءِ ، وَإِذَا إِرْتَحَلَ بَعْدَ المَغْرِبِ عَجَّلَ العِشَاءَ فَصَلاَّهَا مَعَ المَغْرِبِ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە غەزای (تَبُوك)دا ، ئەگەر پێش ئەوەی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان لای بدایە بکەوتایەتە ڕێ ، ئەوە نوێژی نیوەڕۆی دوا دەخست تا لە گەڵ عەسردا پێکەوە کۆی دەکردەوە ، وە ئەگەر پاش ئەوەی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان لای بدایە بکەوتایەتە ڕێ ، ئەوە نوێژی عەسری پێش دەخست و لە گەڵ نیوەڕۆدا پێکەوە کۆی دەکردەوە ، هەروەها ئەگەر پێش خۆر ئاوا بوون بکەوتایەتە ڕێ ، ئەوە نوێژی شێوان(مَغْرِب)ی دوا دەخست تا لە گەڵ عیشادا پێکەوە کۆی دەکردەوە ، وە ئەگەر پاش خۆر ئاوا بوون بکەوتایەتە ڕێ ئەوە نوێژی عیشای پێش دەخست و لە گەڵ شێواندا پێکەوە کۆی دەکردەوە [رواه أحمد (٥/١٢٠/١٢٣٦) وأبو داود (٤/٧٥/١١٩٦) والترمذي (٢/٢٣/٥٥١) وهو حديث صحيح بروانە صحيح ابى داود(١٠٦٧)].

(٢٥٩) لە بەر فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لێ رازی بێت) کەوا تێیدا هاتوە: (( ... ثُمَّ اَذَّنَ ، ثُمَّ اَقَامَ فَصَلَّى الظُهْرَ ، ثُمَّ اَقَامَ فَصَلَّى العَصْرَ ، وَلَمْ يُصَلِّ بَيْنَهُمَا ... )) واتە: ... پاشان بانگی دا ، پاشان قامەتی کرد جا نوێژی نیوەڕۆی کرد ، پاشان –


منتدى إقرأ الثقافي

**وە هـەروەها کـۆ(جَمْـع)کردنـەوەی نوێـژ دروسـتە بـۆ هـەر کەسـێکی تریـش (عُذْر)ێکی هەبێت [٢٦٠] .**

جارێکیتر — قامەتی کرد و نوێژی عەسریشی کرد ، وە هیـچ نوێژێکی لـە نێوانیـاندا نـەکرد ... [رواه مسلم (١٢١٨/٨٨٦/٢)].

(٢٦٠) دروستە کەسێك لە ماڵیشدا بێت نوێژ کۆ(جَمْع)بکاتەوە بە بێ کورت(قَصْر) کردنەوە ، ئەگەر (عُذْر)ێکی شەرعی هەبێت وەکو باران یان نەخۆشی یان هەر(عُذْر)ێکـی تـر کە پێویست بەوە بکات نوێژی بۆ کۆبکرێتەوە .

(نَـافِع) (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) دەفـەرمێ: ئەگـەر فـەرمانڕەواکان نوێـژی شـێوان وعیشایان کۆبکردایەتەوە لە بەر باران ، (إِبْنُ عُمَر) لە گەڵیاندا کـۆی دەکـردەوە [رواه مالك في الموطأ وصححه الألباني في الإرواء (٤٠/٣)].

و (هِشَامُ بنُ عُرْوَة) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێ: (عُرْوَة)ی باوکم و (سَعِيْدُ بـنُ المُسَيَّب) و (أَبُوبَكر بن عَبْدالرَّحْمَـن) هـەموویان نوێـژی شـێوان وعیشـایان کـۆ دەکـرەوە لـە شەوانی باراندا [رواه مالك (٣٢٨/١٠٢) بروانه الإرواء (٤٠/٣)] .

وە هەروەها لە (مُوسَى بنُ عُقْبَة)ەوە دەگێڕنەوە: کەوا ئەوان (عُرْوَة وسَعِيْد وأَبُوبَكـر) لە گەڵ (عُمَرُ بنُ عَبْدِ العَزِيْز)دا نوێژی شێوان وعیشایان کۆ دەکـردەوە ئەگـەر بـاران بوایـە.. [رواه البيهقي (١٦٩/٣) بروانه الإرواء (٤٠/٣)] .

وە هەروەها (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرمێ: (( **صَلَّى رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) الظُّهْرَ وَالعَصْرَ جَمِيْعاً بِالمَدِيْنَةِ ، فِي غَيْرِ خَوْفٍ وَلاَ سَفَرٍ** )) واتـە: کـەوا پێغەمبـەری خوا (ﷺ) نوێژی نیوەڕۆ و عەسری کۆ دەکردەوە ، وە شێوان وعیشایشی کۆ دەکردەوە بە بێ هۆی ترس و سەفەریش [رواه البخاري (رقم ٥١٨) ومسلم (٧٠٥/٤٨٩/١) وە لە ڕیوایەتێکی تـریدا (( .. **فِي غَيْرِ خَوْفٍ وَلاَ مَطَرٍ** .. )) واتـە: .. بە بـێ هـۆی تـرس و بـارانیش رواه مسلم (٧٠٥/٤٨٩/١)] .

ئەم فەرموودەیە ئەوە دەگەیەنێت کەوا کۆ(جَمْع)کردنـەوەی نوێـژ لـە بـەر تـرس یـان باران یان سەفەر لە کاتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بووە ، ئەگینا ئیتر سـوودی بـاس کردنـی لەم فەرموودەیەدا چییە ؟ [بروانه الإرواء (٤٠/٣)] .

وە ئەم فەرموودەیەی (إِبْنُ عَبَّاس) بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کەوا جگە لەو سێ(عُـذْر)ەیـش ، هەر شتێکی تری پێویست دەبێتە (عُذْر) بۆ کۆ کردنەوەی نوێژ ، وەك (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایـان لێ ڕازی بێت) خۆی بە کردەوە ئەنجامی داوە: وەك (عَبْدُالله بن شَقِيْق) دەیگێڕێتەوە کەوا


منتدى إقرأ الثقافي

..........................

فەرمووی: (( خَطَبَنَا إبْنُ عَبَّاسٍ يَوْماً بَعْدَ العَصْرِ ، حَتَّى غَرَبَتِ الشَّمْسُ وَبَدَتِ النُّجُوْمُ ، وَجَعَلَ النَّاسُ يَقُوْلُوْنَ: الصَّلاَةَ ، الصَّلاَةَ ، قَالَ: فَجَاءَهُ رَجُلٌ مِنْ بَنِي تَمِيْمٍ ، لاَ يَفْتُرُ وَلاَ يَنْثَنِي: الصَّلاَةَ ، الصَّلاَةَ ، فَقَالَ إبْنُ عَبَّاسٍ: أتُعَلِّمُنِي بِالسُّنَّةِ ؟ لاَ أُمَّ لَكَ ! ثُمَّ قَالَ: رَأَيْتُ رَسُوْلَ اللهِ (ﷺ) جَمَعَ بَيْنَ الظُّهْرِ وَالعَصْرِ ، وَالمَغْرِبِ وَالعِشَاءِ . قَالَ (عَبْدُاللهِ بنُ شَقِيْق) : فَحَاكَ فِي صَدْرِي مِنْ ذَلِكَ شَيْءٌ ، فَأتَيْتُ أبَا هُرَيْرَةَ ، فَسَألْتُهُ فَصَدَّقَ مَقَالَتَهُ )) واتە: (إبْنُ عَبَّاس) ڕۆژێك دوای نوێژی عەسر ووتاری بۆ داین تا خۆر ئاوا بوو و ئەستێرەکان دەرکەوتن ، وەخەڵکیش ووتیان: نوێژ ، نوێژ . تا پیاوێك لە (بَنِي تَمِيْم) هات و بێدەنگ نەدەبوو ، ووتی: نوێژ ، نوێژ . جا (إبْنُ عَبَّاس) پێی ووت: تۆ من فێری سوننەت دەکەی ؟ ئەی لە باری دایکت بچوایەیت ! پاشان فەرمووی : بینیم پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی نیوەڕۆ و عەسری کۆ دەکردەوە و ...هتد . جا (عَبْدُاللهِ بن شَقِيْق) ووتی: شتێك لە دڵمدا دروست بوو ، بۆیە چووم بۆ لای (أبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) وپرسیارم لێ کرد ، ئەویش فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس)ی بە ڕاست خستەوە [رواه مسلم(١/٤٨٩/٧٠٥) ] وە لە [شرح صحيح مسلم للنووي (٥/٢١٨-٢١٩)] دا ئیمامی (النَّوَوِي) دەفەرمێ: ( (إجْمَاع) نەکراوە لە سەر ئەوەی کار بە فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) نەکرێت بەڵکو قسەیان لەبارەیەوە کردوە ) جا پاش هێنانەوەی هەندێك لەو ڕایانە و لاوازکردنیان ، (النَّوَوِي) دەفەرمێ: ( .. **هەندێکی تریان** (تَأوِيْل)ی دەکەن بەوەی ، **نوێژی یەکەمی** دواخست ، تا کۆتایی کاتەکەی ، جا کاتێك کە کردی کاتی نوێژی دووەم هاتە بەرەوە ، جا یەکسەر ئەویشی کرد ، جا تەنها لە شێوەدا وەکو (جَمْع)ە ، بەڵام لە ڕاستیدا (جَمْع) نییە . ئەوەی ڕاست بێت ئەمەشیان هەر لاواز(ضَعِيْف)ە یان بەتاڵە ، چونکە پێچەوانەی (ظَاهِر)ە ، بە شێوەیەك کە هەرگیز هەڵنەگرێت ، وە کارەکەی (إبْنُ عَبَّاس) کە باسمان کرد ، کاتێك کە ووتاری دا و ئەو فەرموودەیەی هێنایەوە بە بەڵگە بۆ بە ڕاست خستنەوەی کارەکەی لە پاشان بە ڕاست خستنەوەی (أبُو هُرَيْرَة)یش بۆ کارەکەی (إبْنُ عَبَّاس) و قەدەغە نەکردنی ، بەڵگەیەکی ڕوون وئاشکرایە بۆ وەڵام دانەوەی ئەم (تَأوِيْل)کردنە .

وە **هەندێکی تریشیان** دەڵێن: ئەمە (حَمْل)دەکرێتە سەر (جَمْع)کردن بە(عُذْر)ی نەخۆشی یان هەر (عُذْر)یکی تری لەو جۆرە ، ئەمەش ڕای (أحْمَدُ بْنُ حَنْبَل) و (القَاضِي حُسَيْن)ە لە هاوەڵەکانی ئیمە( أصْحَابُ الشَّافِعِي ) ، وە(الخَطَّابِي) و (المُتَوَلِّي) و (الرُّوْيَانِي)

منتدى إقرأ الثقافي

# نوێژی خۆر گیران ومانگ گیران
# ( صَلاةُ الكُسُوْفَيْن )

## نوێژی خۆر گیران ومانگ گیران فەرزی(كِفَايَە)یە(٢٦١)،

لە هاوەڵەكانمان ئەمەیان هەڵبژاردووە ، وە ئەمەیش ڕای هەڵبژێرراوە بۆ (تَأْوِيْل)كردنی - ئەو فەرموودەیە - لە بەر (ظَاهِر)ی فەرموودەكە و كارپێ كردنی (إِبْنُ عَبَّاس)و(مُوَافَقَة)كردنی (أَبُوهُرَيْرَة) ، وە لە بەر ئەوەی ناڕەحەتی لەوەدا زۆرترە تا وەكو باران .

وە **كۆمەڵێكیش لە پێشەوایان** ڕایان وایە كەوا دروست(جَائِز)ە كۆ(جَمْع)كردنەوەی نوێژ لە ماڵدا لە بەر پێویستی ، بۆ كەسێك نەیكاتە باو وعادەت ، ئەمەش ڕاو بۆچوونی (إِبْنُ سِيْرِيْن) و (أَشْهَب)ە لە هاوەڵەكانی (مَالِك) . وە(الخَطَّابِي)یش گێڕاویەتەوە لە(القَفَّال) و (الشَّاشِي الكَبِيْر) لە هاوەڵەكانی (الشَّافِعِي) . وە لە(أَبُو إِسْحَاق الشِّيْرَازِي)ەوە ، ئەویش لە كۆمەڵێك لە (أَصْحَابُ الحَدِيْث)ەوە ، وە (إِبْنُ المُنْذِر) ئەمەی هەڵبژاردووە ، وە (ظَاهِر)ی ووتەكەی (إِبْنُ عَبَّاس)یش ئەم ڕایە سەر دەخات كە فەرمووی: (( أَرَادَ أَنْ لاَ يُحْرِجَ أُمَّتَهُ )) كە نەیبەستە نەخۆشی و شتی ترەوە ، بەڵكو بەستێ هەرشتێكەوە كە ئوممەت توشی ناڕەحەت بكات (وَاللهُ أَعْلَم) .

(٢٦١) (ظَاهِر)ی ئەو فەرمانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) كە لە فەرموودەكەی (عَائِشَة) و (أَبُو مُوْسَى) (ڕەزای خوایان لێ بێت) كە دەفەرمێ: ((... فَأَفْزِعُوا..)) [رواه البخاري (٥٢٢/٢/١٠٢٦) ومسلم (٦١٩/٢/٩٠١) وغيرهما] بۆ (وَاجِب)بوونە ، جا دەبێتە فەرزی (كِفَايَە) _ بڕوانە (پ ١١٨) _ وەك (أَبُوعَوَانَة) لە(صَحِيْح)ە كەیدا (٣٩٨/٢)دا دەفەرمێ: (بَيَانُ وُجُوْب صَلاة الكُسُوْف) پاشان چەند فەرموودەیەك دەهێنێتەوە كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمان بە كردنی دەكات .

هەروەها (إِبْنُ خُزَيْمَە)یش لە(صَحِيْح)كەیدا دەفەرمێ: (بَابُ الأَمْرِ بِالصَّلاةِ عِنْدَ كُسُوْفِ الشَّمْسِ وَالقَمَرِ..) .


منتدى إقرأ الثقافي

**وە دوو ڕکاتە وەك نوێژەکانی تر ، بەلآم لە هەر ڕکاتێکدا دوو(رُکوْع) و دوو ڕاوەستانی تێدایە (٢٦٢)،**

وە (الحَافظُ بنُ حَجَر) لە(فَتحُ البَارِي)دا (٢/٥٢٧) دەفەرمێ: جەماوەری زانایان لە سەر ئەوەن کە (سُنَّةُ المُؤكَّدَه)یە ، وە(أبُو عُوانَة) لە(صَحِيْح)ەکەیدا بە ڕاشکاوی(صَرَاحَة) دەڵـێ: (وَاجِب)ە ، وە جگە لە ئەو کەسی ترم نەدیوە وا بڵێت ، مەگەر ئەوەی کە حیکایـەت کراوە لە (مَـالك)ەوە ، کـە هـەر وەکـو جومعـە تەماشـای کـردوە ، وە (الزَّيْـنُ بـنُ المُنـيْن) لـە(أبُـو حَنِيْفَه)ەوە گێڕاویەتەوە کەوا (وَاجِب)ی کردوە ، هەروەها هەندێك لە(مُصَنَف)ە حەنەفیکان گێڕاویانەتەوە کە (وَاجِب)ە [بڕوانە تمام المنة ( ل ٢٦١)].

(٢٦٢) لـە بـەر فەرموودەکـەی (عَائِشَـة) (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا فـەرمووی: (( **خَسَفَتِ الشَّمْسُ فِي عَهْدِ رَسُوْلِ الله (ﷺ) ، فَصَلَّى رَسُوْلُ الله (ﷺ) بِالنَّاسِ فَقَامَ فَأطَالَ القِيَامَ ، ثُمَّ رَكَعَ فَأطَالَ الرُّكُوْعَ ، ثُمَّ قَامَ فَأطَالَ القِيَامَ __ وَهُوَ دُوْنَ القِيَامِ الأوَّلِ __ ثُمَّ رَكَعَ فَأطَالَ الرُّكُوْعَ ، وَهُوَ دُوْنَ الرُّكُوْعِ الأوَّلِ ، ثُمَّ سَجَدَ فَأطَالَ السُّجُوْدَ ، ثُمَّ فَعَلَ فِي الرَّكْعَةِ الثَّانِيَةِ مِثْلَ مَا فَعَلَ فِي الرَّكْعَةِ الأوْلَى ، ثُمَّ انْصَرَفَ وَقَدْ إنْجَلَتِ الشَّمْسُ ، فَخَطَبَ النَّاسَ ، فَحَمدَ اللهَ وَأثْنَى عَلَيْهِ ثُمَّ قَالَ: إنَّ الشَّمْسَ وَالقَمَرَ آيَتَانِ مِنْ آيَاتِ الله لاَ يَنْخَسِفَانِ لِمَوْتِ أحَدٍ وَلاَ لِحَيَاتِه ، فَإذَا رَأيْتُمْ ذلكَ فَادْعُوْا اللهَ وَكَبِّرُوْا وَصَلُّوْا وَتَصَدَّقُوْا . ثُمَّ قَالَ: يَا أُمَّةَ مُحَمَّدٍ ، وَالله مَا مِنْ أحَدٍ أغْيَرُ مِنَ الله أنْ يَزْنِيَ عَبْدُهُ أوْ تَزْنِيَ أمَتُهُ . يَا أُمَّةَ مُحَمَّدٍ ، لَوْ تَعْلَمُوْنَ مَا أعْلَمُ لَضَحِكْتُمْ كَثِيْراً وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيْراً** )) واتە: لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) خۆر گیرا ، جا پێغەمبەری خوایش نوێژی بە خەڵکی کرد و ڕاوەستا و ڕاوەستانەکەی درێژ کردەوە ، پاشان (رُکُوع)ی برد و (رُکُوع)ەکەیشی درێژ کردەوە ، پاشان هەستایەوە و ڕاوەستا و درێژەی پێدا ، بەلآم لە ڕاوەستانی یەکـەم کـەمتر بـوو ، پاشـان(رُکُوع)ی بـردەوە و درێژەی پێدایەوە ، بـەلآم لـە (رُکُوع)ی یەکـەم کـەمتر بـوو ، پاشـان (سُجُود)ی بـرد و درێـژەی پێـدا ، جـا لـە ڕکـاتی دووەمیشدا هەر بەو شێوەیەی کرد کە لە ڕکاتی یەکەمدا کردی ، پاشـان کـە کۆتاییـان پـێ هێنـا خـۆر دەرکـەوتبوو ، پاشـان ووتـارێکی بـۆ خـەڵکی دا و سوپاس وستایشـی خـوای گەورەی کرد و فەرمووی: بە ڕاستی خـۆر و مـانگ دوو بەڵگـە و نیشـانەن لـە نیشـانەکانی خوای گەورە ، بۆ مردن و ژیانی هیچ کەسێك ناگیرێن ، جا کاتێك بینیتان گیران ، ئـەوە داوا لە خوا بکەن ، وە(اللهُ أكْبَر) بکەن ، وە نوێژ بکەن ، وە لە پێناوی خودا ببەخشن . پاشان

منتدى إقرأ الثقافي

## هەروەها لەو کاتەدا سوننەتە بەخشین و زیکر کردن و داوای لیٚ خۆش بوون وپارانەوە(٢٦٣) .

فەرمووی : ئەی ئوممەتی موحەممەد ، سوێند بە خوا لە خوا بە غیرەت تر نییە لەوەی کەوا بەندەیەکی (زِنَا) بکات ، یان کەنیزەیەکی (زِنَا)بکات . ئەی ئوممەتی موحەممەد ، ئەگەر ئەوەی من دەیزانم ئێوە دەتانزانی ، ئەوە کەم پیٚ دەکەنین وزۆر دەگریان [رواه البخاري (٢/١٢٩/١٠٤٤) وهذا لفظه ومسلم (٢/٦١٨/٩٠١)] .

وە هەروەها (إِبنُ عَبَّاس) (خوایان لیٚ رازی بێت)یش بە هەمان شێوە دەیگێڕێتەوە ، بڕوانە [البخاری (٢/٥٤٠/١٠٥٢) ومسلم (٢/٦٢٦/٩٠٧)] .

وە لە (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله)یشەوە (خوایان لیٚ رازی بێت) هەر بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە [رواه مسلم(٢/٦٢٢/٩٠٤) وأحمد وابو داود بڕوانە الإرواء].

### تێبینی:

نوێژی خۆر گیران شێوەی تریشی هاتوە لە فەرموودەدا ، بەوەی دوو ڕکاتە وەکو نوێژەکانی تر ، هەر ڕکاتێك یەك ڕاوەستان و یەك (رُكُوع)ی تێدایە وەك ، لە فەرموودەکەی (عَبْدُالرَّحْمَن بن سَمُرَة)دا هاتوە (خوای لیٚ رازی بێت) کە ئیمامی [مسلم (٢/٦٢٩/٩١٣)] دەیگێڕێتەوە .

وە بە سیٚ ڕاوەستان و سیٚ (رُكُوع)یش لە هەر ڕکاتێکدا هاتووە ، وەك لە فەرموودەکەی (جَابِر)دا هاتوە (خوای لیٚ رازی بێت) کە [ مسلم (٢/٦٢٢/٩٠٤)] دەیگێڕێتەوە .

وە بە چوار ڕاوەستان و چوار (رُكُوع) یش هاتووە ، وەك لە فەرموودەکەی (إِبنُ عَبَّاس)دا هاتوە (خوایان لیٚ رازی بێت) کەوا [مسلم (٢/٦٢٧/٩٠٩)] دەیگێڕێتەوە .

وە هەروەها پێنج ڕاوەستان و پێنج (رُكُوع)یش هاتووە ، وەك لە فەرموودەکەی (أُبَيُّ بْنُ كَعْب)دا هاتوە (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا [أبو داود(١/رقم/١١٨٢) والحاكم(١/٣٣٣) والبيهقي في السنن الكبرى(٣/٣٢٩)وفي سنده أبو جعفر الرازي وهو سيء الحفظ ، وضعفه الألباني في الإرواء(٦٦١) ] دەیگێڕنەوە .

بەڵام ئەوەیان کە ڕاستە تەنها دوو ڕکاتە ، لە هەر ڕکاتێکدا دوو ڕاوەستان و (رُكُوع)ی تێدا بێت ، چونکە ئەم فەرموودانە (ضَعِيف)ن ، یان لە بەر ئەوەی (عِلَّه) لە(سَنَد)ەکانیان دا هەیە ، وە یان لە بەر ئەوەی (شَاذ)ن ، هەر وەکو (إِبنُ عَبْدِالبَرّ) وا دەفەرمیٚ [بڕوانە سبل السلام (ل ٥١١) وكذلك إرواء الغليل للألباني)].

(٢٦٣) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لیٚ رازی بێت) بڕوانە (پ٢٦٢) .

منتدى إقرأ الثقافي

**وە سوننەتیشە پێشەوا ووتارێك بدات ئامۆژگاری خەڵكی تێدا بكات(٢٦٤)، وە بانگی خەڵكیشی بۆ بكرێت بە(الصَّلاةُ جَامعَةٌ)(٢٦٥)،**

وە فەرموودەكەی (أبو مُوْسَى الأشْعَري) (خوای لێ رازی بێت) كـەوا فـەرمووی: (( **خَسَفَت الشَّمْسُ ، فَقَامَ النَّبِيُّ (ﷺ) فَزِعاً يَخْشَى أنْ تَكُوْنَ السَّاعَةُ ، فَأتَى المَسْجِدَ فَصَلَّى بِأطْوَلِ قِيَامٍ ورُكُوْعٍ وَسُجُوْدٍ رَأيْتُهُ قَطّ يَفْعَلُهُ ، وَقَالَ: هَذِهِ الآيَاتُ الَّتِي يُرْسِلُ اللهُ لاَ تَكُوْنُ لِمَوْتِ أحَدٍ وَلاَ لِحَيَاتِهِ ، وَلَكِنْ يُخَوِّفُ اللهُ بِهَا عِبَادَهُ ، فَإذَا رَأيْتُمْ شَيْئاً مِنْ ذَلِكَ فَأفْزَعُوْا إلَى ذِكْرِهِ وَدُعَائِهِ وَإسْتِغْفَارِهِ** )) واتە: خۆر گیرا ، جا پێغەمبەری خـوا (ﷺ) بـە ڕاچەڵەكانێكەوە هەڵسا ، دەترسا كەوا قیامەت بێت ، جا هات بۆ مزگەوت و نوێژی كرد بـە درێژترین ڕاوەستان(قِيَام) و(رُكُوع) و(سُجُود)ێك كە من هەرگیز لەوەو پێش نەم بینی بـوو ، وە فەرمووی: ئەم بەڵگە و نیشانانە كە خوا دەینێرێت ، لە بەر مردنی هیچ كەسێك یـان لـە بەر ژیانی هیچ كەسێك ڕوو نادات ، بەڵام خوای گەورە بەندەكانی خۆی پێ دەترسـێنێت ، جا ئەگەر شتێكتان لەوە بینی ئەوەڕابچەڵەكێن بۆ زیكر كردنی — خوا — و پاڕانەوە و داوای لێ بوردن كردن لێی [رواه البخاری (٢/٥٤٥/١٠٥٩) ومسلم (٢/رقم/٩١٢)].

وە هۆی ئەو ووتارەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە بوو ، ئەو ڕووداوە لەو ڕۆژەدا ڕوویـدا كـە (إبْرَاهِيْم)ی كوڕی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەفاتی كرد بوو ، جا خەڵكی وایان دەزانی ئەو خۆر گیرانە لە بەر مردنی (إبْرَاهِيْم) بـووە ، بۆیـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) وای فـەرموو ، وەك لـە فەرموودەكەی (جابر)دا (خوای لێ رازی بێت) بە ڕوونی هاتوە كەوا فـەرمووی: (( **إنْكَسَفَت الشَّمْسُ فِي عَهْدِ رَسُوْلِ اللهِ (ﷺ) ، يَوْمَ مَاتَ إبْرَاهِيْمُ إبْنُ رَسُوْلِ اللهِ (ﷺ) ، فَقَالَ النَّاسُ: إنَّمَا انْكَسَفَتْ لِمَوْتِ إبْرَاهِيْمَ ... فَقَالَ: يَا أيُّهَا النَّاسُ ! إنَّمَا الشَّمْسُ وَالقَمَرُ آيَتَانِ مِنْ آيَاتِ اللهِ ، وَإنَّهُمَا لاَ يَنْكَسِفَانِ لِمَوْتِ أحَدٍ مِنَ النَّاسِ ..** )) [رواه مسلم(٢/٦٢٢/٩٠٤)].

(٢٦٤) لە بەر فەرموودەكەی (عَائِشَة) و(أبو مُوْسَى) (خوایان لێ رازی بێت) بڕوانـە (پ ٢٦٢) وە( پ٢٦٣) .

(٢٦٥) لـە بـەر فەرموودەكـەی ( عَبْدُ اللهِ بـن عُمَـر ) (خوایـان لێ رازی بێـت) كـەوا فـەرمووی: (( **لَمَّا كَسَفَتِ الشَّمْسُ عَلَى عَهْدِ رَسُوْلِ اللهِ (ﷺ) نُوْدِيَ: إنَّ الصَّلاةَ جَامِعَةٌ** )) واتە: كاتێك كە خۆر گیرا لە سەردەمی پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) بـانگ كـرا : إنَّ الصَّلاةَ جَامِعَةٌ [رواه البخاری ( ٢/ ٥٣٣/ ١٠٤٥) ومسلم ( ٢/٦٢٧/ ٩١٠) وغیرهما].


منتدى إقرأ الثقافي

وە دەنگیش بەرز بکرێتەوە لە قورئان خوێندنەکەیدا وەکو نوێژی جەژن[٢٦٦].

## نوێژی داوا کردنی باران
## (الصَّلاةُ الإسْتِسْقَاء)

سوننەتە لە کاتی نەهاتی وبێ بارانیدا پێشەوا(إمَام) لە گەڵ خەڵکیدا دەربچن بۆ دەرەوە – بۆ شوێنی نوێژ – بە جل وبەرگی ئیش وکارەوە[٢٦٧]، دوو ڕکات نوێژیان پێ بکات وەك نوێژی جەژن[٢٦٨]،

(٢٦٦) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) جَهَرَ فِي صَلاَةِ الخُسُوفِ بِقِرَاءَتِهِ . فَصَلَّى أرْبَعَ رَكَعَاتٍ ، فِي رَكْعَتَيْنِ وَأرْبَعَ سَجَدَاتٍ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نوێژی خۆر گیراندا دەنگی بەرز کردەوە لە قورئان خوێندنەکەی ، جا چوار (رُکوع) و چوار (سُجُود)ی برد لە دوو ڕکاتدا ، [رواه البخاری(٣/رقم/١٠٦٩) ومسلم(٢/رقم/٩٠١) وهذا لفظ مسلم وفي رواية لهما البخاري(١/رقم/١٠٦٦) ومسلم(٢/رقم/٩٠١) (( ... فَبَعَثَ مُنَادِيَاً: الصَّلاةُ جَامِعَةٌ ...)) واتە: ... جا بانگ دەرێکی نارد بانگ بدات: الصَّلاةُ جَامِعَةٌ ... ] .

(٢٦٧) لە بەر فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) (( خَرَجَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) مُتَوَاضِعاً مُبْتَذلاً مُتَخَشِّعاً مُتَرَسِّلاً مُتَضَرِّعاً ، فَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ كَمَا يُصَلِّي فِي العِيْدِ ، وَلَمْ يَخْطُبْ خُطْبَتِكُمْ هَذِهِ )) واتە: کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە بێ فیز ، بە مل کەچی و بە دەم پاڕانەوەوە ، بە جل وبەرگی کارەوە ، لە سەر خۆ بەڕەو دەرەوە ، بۆ شوێنی نوێژ (مُصَلَّى) دەرچوو ، دوو ڕکات نوێژی کرد وەکو نوێژی جەژن ، پاشان وەك ئەم ووتار دانەی ئێوە ووتاری نەدا [رواه ابوداود (رقم ١١٦٥) والترمذی (٥٥٨) وابن ماجه (رقم ١٢٦٦) واللفظ له وغيرهم وصححه الترمذی وابوعوانة وابن حبان و الألباني ، بروانه صحيح سنن الترمذی (١/١٧٣/٤٥٩) وصحيح إبن ماجة(١٠٤٦)].

(٢٦٨) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُ الله بن زَيْد بن عَاصم المَازني) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی (( خَرَجَ النَّبِيُّ (ﷺ) إلَى المُصَلَّى فَاسْتَسْقَى وَاسْتَقْبَلَ القِبْلَةَ ، وَقَلَبَ رِدَاءَهُ ، وَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ شوێنی نوێژ دەرچوو ، داوای بارانی کرد لە خوای گەورە و ڕووی لە قیبلە کرد و پاڵتۆکەی دیواو دیو کردەوە و دوو ڕکات نوێژی کرد [رواه البخاری(٢/٥١٤/١٠٢٥) ومسلم (٢/٦١١/٨٩٤) واللفظ له وغيرهما وە لەڕوایەتی بوخاری دا



منتدى إقرأ الثقافي

پاشان ووتارێك بدات هانیان بدات لە سەر (تَوْبَة)كردن و پاڕانەوەی زۆر ، و گوێ ڕایەڵی كردنی فەرمانەكانی خوا و پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، وە دوور كەوتنەوەیش لە تاوان و خراپە كاری[٢٦٩] ،

---

زیادەیەك هەیە: (( .. جَهَرَ فِيهِمَا بِالقِرَاءَةِ )) واتە: وە دەنگی بەرز كردەوە بە قورئان خوێندنەكەی ].

وە لە بەر فەرموودەكەی (إِبْنُ عَبَّاس)ی پێشوو ، بڕوانە(پ ٢٦٧) .

(٢٦٩) بۆ نوێژی داواكردنی باران(الإِسْتِسْقَاء) ووتار دەدرێت ، لە بەر ئەو فەرموودە (صَحِيْح)انە كە لەم بارەیەوە هاتوون ، یەكێك لەوانە فەرموودەكەی (عَائِشَة)یە ، كە ئێستا باسی دەكەین ، وە ئەو(نَفي) كردنەی(إِبْنُ عَبَّاس) لە فەرموودەكەیدا لە(پ٢٦٧) ، (نَفي)كردنی ئەوەیە كە ووتاردانەكە وەكو ووتاری ئێستا بێت ، نەك (نَفي)كردنی ووتاردانە بە گشتی ، وە لە ڕوایەتی (أَبُودَاود)دا بۆ فەرموودەكە (إِبْنُ عَبَّاس) دەفەرمێ: (( ...فَرَقَى عَلَى المِنْبَرِ فَلَمْ يَخْطُبْ خُطْبَتَكُمْ هَذِهِ ... )) واتە: ... پاشان چووە سەر مینبەر ، جا ووتاری نەدا وەك ووتاردانەكەی ئێوە ... [ بڕوانە (سُبُلُ السَّلام لِلأَمِيرِ الصَّنْعَانِي) و(نَيْلُ الأَوْطَار لِلإِمَامِ الشَّوْكَانِي) كە بە جوانی باسی ئەم مەسەلەیە دەكەن ] .

وە فەرموودەكەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا دەفەرمێ: (( شَكَا النَّاسُ إِلَى رَسُوْلِ اللهِ (ﷺ) قُحُوْطَ المَطَرِ فَأَمَرَ بِمِنْبَرٍ فَوُضِعَ لَهُ فِي المُصَلَّى ، وَوَعَدَ النَّاسَ يَوْمًا يَخْرُجُوْنَ فِيهِ ، قَالَتْ عَائِشَةُ: فَخَرَجَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) حِيْنَ بَدَا حَاجِبُ الشَّمْسِ فَقَعَدَ عَلَى المِنْبَرِ ، فَكَبَّرَ وَحَمِدَ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ ثُمَّ قَالَ: إِنَّكُمْ شَكَوْتُمْ جَدْبَ دِيَارِكُمْ وَإِسْتِئْخَارِ المَطَرِ عَنْ إِبَّانِ زَمَانِه عَنْكُمْ وَقَدْ أَمَرَكُمُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ أَنْ تَدْعُوْهُ وَوَعَدَكُمْ أَنْ يَسْتَجِيْبَ لَكُمْ ، ثُمَّ قَالَ: الحَمْدُ للهِ رَبِّ العَالَمِيْنَ الرَّحْمَنِ الرَّحِيْمِ مَالِكِ يَوْمِ الدِّيْنِ ، لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ يَفْعَلُ مَا يُرِيْد ، اللَّهُمَّ أَنْتَ اللهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ الغَنِيُّ وَنَحْنُ الفُقَرَاءُ ، أَنْزِلْ عَلَيْنَا الغَيْثَ وَاجْعَلْ مَا أَنْزَلْتَ لَنَا قُوَّةً وَبَلاَغاً إِلَى حِيْنٍ . ثُمَّ رَفَعَ يَدَيْهِ ، فَلَمْ يَزَلْ فِي الرَّفْعِ حَتَّى بَدَا بَيَاضُ إِبْطَيْهِ ، ثُمَّ حَوَّلَ إِلَى النَّاسِ ظَهْرَهُ ، وَقَلَبَ أَوْ حَوَّلَ رِدَاءَهُ وَهُوَ رَافِعٌ يَدَيْهِ ، ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَى النَّاسِ وَنَزَلَ فَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ ، فَأَنْشَأَ اللهُ سَحَابَةً فَرَعَدَتْ وَبَرِقَتْ ثُمَّ أَمْطَرَتْ بِإِذْنِ اللهِ ، فَلَمْ يَأْتِ مَسْجِدَهُ حَتَّى سَالَ السُّيُوْلُ ، فَلَمَّا رَأَى سُرْعَتَهُمْ إِلَى الكِنِّ ضَحِكَ (ﷺ) حَتَّى بَدَتْ نَوَاجِذُهُ ، فَقَالَ: أَشْهَدُ أَنَّ اللهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيْر ، وَأَنِّي عَبْدُ اللهِ وَرَسُوْلُهُ )) واتە: خەڵكی سكاڵایان هێنایە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بێ بارانی و


منتدى إقرأ الثقافي

**پاشان پشت لە خەڵکەکە بکات وجلەکەی سەرەوەی دیواو دیو بکاتەوە بە دەم دوعا کردنەوە(٢٧٠).**

نەهاتی ، جا ئەویش فەرمانی دا مینبەری بۆ دابنێن ، ئەوانیش لە (مُصَلّی)دا بۆیان دانا ، پاشان پەیمانی دا ڕۆژێك دەربچن تێیدا ، (عَائِشَة) فەرمووی: جا پێغەمبەری خوا لە گەڵ دەرچونی خۆردا دەرچوو ، جا لە سەر مینبەرەکە دانیشت و( اللهُ أكْبَر) و حەمد و سەنای خوای کرد ، پاشان فەرمووی : ئێوە سکالای ووشکی و نەهاتی ولاتی خۆتانتان کرد ، وە دوا کەوتنی باران بارین بە سەرتاندا لە کاتی خۆیدا ، خوای گەورەیش فەرمانی پێ کردون کەوا داوای لێ بکەن ، وە پەیمانیشی پێ داوون کەوا وەلامتان بداتەوە ، پاشان فەرمووی:: الحَمْدُ لله رَبِّ العَالَمِيْنَ الرَّحْمَنِ الرَّحِيْمِ مَالكِ يَوْمِ الدِّيْنِ ، لاَ إلَهَ إلاّ الله يَفْعَلُ مَا يُرِيْد ، اللَّهُمَّ أنْتَ اللهُ لاَ إلَهَ إلاّ أنْتَ الغَنِيُّ وَنَحْنُ الفُقَرَاءُ ، أنْزِلْ عَلَيْنَا الغَيْثَ وَاجْعَلْ مَا أنْزَلْتَ لَنَا قُوَّةً وَبَلاغاً إلَى حِيْنٍ ، پاشان هەر دوو دەستی بەرز کردەوە ، وە بەردەوام بەرزی دەکردەوە ، تا سپێتی بن باڵەکانی دەرکەوت ، پاشان پشتی لە خەڵکەکە کرد و پاڵتۆکەی دیواو دیو کردەوە ، وە بە ردەوام هەر دوو دەستی بەرز کردبووەوە ، پاشان ڕووی کردەوە خەڵکەکە و دابەزی ، وە دوو ڕکات نوێژی کرد ، جا خوای گەورە هەورێکی پێك هێنا و دەنگی هەورە تریشقە دەستی پێ کرد ، پاشان بە فەرمانی خوای گەورە باران دەستی پێ کرد ، جا ــ خەڵکەکە ــ نەگەیشتنەوە مزگەوت تا ئاو لە سەر زەویدا هەڵسا ، جا کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بینی خەڵکەکە پەلە دەکەن بۆ ژێر تارمەی ماڵەکان پێ کەنی تا ددانەکانی دەرکەوت و فەرموی: شایەتی دەدەم کەوا خوای گەورە بە سەر هەموو شتێکدا بە توانایە ، وە منیش بەندە و پێغەمبەری خوام [رواه أبو داود ( ١/٦٩٢/ ١١٧٣) وهو حديث حسن ، بڕوانە تخريج محمد صبحي حسن الحلاق على الروضة الندية (١/٣٩٢)].

(٢٧٠) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٢٦٩) .

**( الحَمْدُ لله ) ئەوە بەشی نوێژیش کۆتایی پێ هات ، وە ئێستا دەچینە سەر یاساکانی مردوو .**



منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی یاساکانی مردو (أحْكَامُ المَيِّتُ)(*)

## پێویستیەکانی سەرەمەرگ (أحْكَامُ المُحْتَضر)

پێویستە نەخۆش گومانی چاك بە خوای خۆی ببات(٢٧١)، و(تَوْبَة) بكات وپەشیمان ببێتەوە لەو تاوانانەی کردویەتی(٢٧٢)، بە تایبەتی مافەکانی خەڵکی(٢٧٣)، وە پێویستیشە لە سەر موسوڵمان سەردانی برای نەخۆشی بكات(٢٧٤)،

---

(*) لە داڕشتنی ئەم بەشەی کتێبەکەماندا زۆر پشتمان بە کتێبی( أحْكَامُ الجَنَائِز)ی شێخ (مُحَمَّدُ نَاصرُ الدِّيْن الألبَانی) بەستوە ، بۆیە زۆربەی فەرموودەکانی ئەم بەشە ژمارەکانی و(تَصْحِيْح و تَحْسِيْن وتَضْعِيْف)یمان لەو کتێبە بە نرخەوە وەرگرتوە ، تکایە ئاگادار بن .

(٢٧١) لە بەر فەرموودەکەی (جَابِر ) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست پێش وەفات کردنی بە سێ رۆژ فەرمووی: (( لاَ يَمُوْتَنَّ أَحَدُكُمْ إِلَّا وَهُوَ يُحْسِنُ الظَنَّ بِاللهِ عَزَّ وَجَلَّ )) واتە: هیچ کەسێکتان نەمرێت (ئیللا) گومانی چاك بە خوای گەورە ببات [رواه مسلم (٤/٢٢٠٥/ ٢٨٧٧)].

(٢٧٢) لە بەر ئەو هەموو فەرمانانەی خوا وپێغەمبەری خوا (ﷺ) لە قورئان وفەرموودە دا . لەوانە فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (النور: ٣١)دا کە دەفەرمێ:: ﴿ وَتُوْبُوا إِلَى اللهِ جَمِيْعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُوْنَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُوْنَ ﴾ واتە: پەشیمان ببنەوە و بگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە هەمووتان ئەی باوەڕداران بۆ ئەوەی سەرفراز بن .

(٢٧٣) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَا حَقُّ إِمْرِيءٍ مُسْلِمٍ يَبِيْتُ لَيْلَتَيْنِ ، وَلَهُ شَيْءٌ يُرِيْدُ أَنْ يُوْصِيَ فِيْهِ إِلاَّ وَوَصِيَّتُهُ مَكْتُوْبَةٌ عِنْدَ رَأْسِهِ )) واتە: حەق نییە مرۆڤی موسوڵمان شتێکی هەبێت بیەوێت وەسێتی پێ بكات ، لە دوو شەو زیاتر بمێنێتەوە(ئیللا) وەسیەتەکەی نوسیبێتەوە لە لای خۆی [رواه البخاری (٥/ ٢٥٥/ ٢٧٣٨) ومسلم (٣/ ١٢٤٩/ ١٦٢٧) وغيرهما].

(٢٧٤) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی : لە



منتدى إقرأ الثقافي

**وە سوننەتە تەڵقین کردنی نەخۆش لە سەرەمەرگدا(٢٧٥) ، وە ئەگەر مرد چاوەکانی دابخرێت و دوعای خێری بۆ بکرێت(٢٧٦)،**

پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست کەوا فەرمووی: (( **حَقُّ المُسْلِمِ عَلَى المُسْلِمِ خَمْسٌ: رَدُّ السَّلَامِ ، وَعِيَادَةُ المَرِيْضِ ، وَإِتِّبَاعُ الجَنَائِزِ ، وَإِجَابَةُ الدَّعْوَةِ ، وَتَشْمِيْتُ العَاطِسِ** )) واتە: مافی موسوڵمان لە سەر موسوڵمان پێنجە: وەڵام دانەوەی (سَلام) کردن ، وە سەردانی نەخۆش ، وە شوێنکەوتنی جەنازە ، وە وەڵام دانەوەی (دَعْوَة)کردن بۆ نان خواردن ، وە دوعا کردنی پژمین – ئەگەر پژمی و ووتی: (الحَمْدُ للّه) ، ئەوەپێی بڵێت: (يَرْحَمُكَ اللهُ) ، ئەویش وەڵامی دەداتەوە ودەڵێ: (يَهْدِيْكَ اللهُ وَيُصْلِحُ بَالَكَ) – [رواه البخاري (١١٢/٣/ ١٢٤٠) ومسلم (٤/ ١٧٠٤/ ٢١٦٢)].

(٢٧٥) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد الخُدْرِي) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لَقِّنُوا مَوْتَاكُمْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله** )) واتە: مردوەکانتان یاد بخەنەوە بە لاَإِلَـهَ إِلا الله [رواه مسلم (٢/٦٣١/ ٩١٦) وأبو داود (٨/٢٨٦/٣١٠١) مع العون والترمذي(٢/٢٢٥/٩٨٣) وغيرهم].

مەبەست لە تەڵقین کردنی ئەوەیە: بەردەوام ئەوانەی لە دەورویەری دان (لاَإِلَهَ إِلاَّ الله) بخەنەوە یادی ، وە هەوڵی لە گەڵدا بدەن بە نەرمی کەوا بەردەوام بیڵێتەوە ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمێ: (( **مَنْ كَانَ آخِرَ كَلاَمِهِ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ دَخَلَ الجَنَّةَ** )) واتە: هەر کەسێك دواین ووتەی (لاَإِلَهَ إِلاَّ الله) بێت دەچێتە بەهەشتەوە [رواه أبو داود (٨/٢٨٥/ ٣١٠٠) مع العون ، عن معاذ بن جبل وهو حديث صحيح ، بروانە الإرواء(٦٨٧)].

(٢٧٦) لە بەر فەرموودەکەی (أُمِّ سَلَمَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) هاتە ژوورەوە بۆ لای (أَبُو سَلَمَة) بینی چاوی بریوەتە پشت سەری ، جا چاوەکانی نوقاند وفەرمووی: (( **إِنَّ الرُّوحَ إِذَا قُبِضَ تَبِعَهُ البَصَرُ** )) واتە: بە ڕاستی گیان کاتێك دەردەکرێت چاو لە شوێنی دەچێت . جا کەسانێك لە کەس و کاری نارەحەت بوون – و دوعایان لە خۆیان دەکرد – جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لاَ تَدْعُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ إِلاَّ بِخَيْرٍ ، فَإِنَّ المَلاَئِكَةَ يُؤَمِّنُوْنَ عَلَى مَا تَقُوْلُوْنَ** )) واتە: دوعا لە خۆتان مەکەن مەگەر بە چاکە بێت ، چونکە فریشتەکان (آمین )دەکەن لە سەر ئەوەی دەیڵێن ، پاشان فەرمووی : (( **اللَّهُمَّ اغْفِر لأَبِي سَلَمَةَ وَارْفَعْ دَرَجَتَهُ فِي المَهْدِيِّينَ وَاخْلُفْهُ فِي عَقِبِهِ فِي الغَابِرِيْنَ . وَاغْفِرْ لَنَا وَلَهُ يَا رَبَّ العَالَمِيْنَ وَافْسَحْ لَهُ فِي قَبْرِهِ ، وَنَوِّرْ لَهُ فِيْهِ** )) [رواه مسلم (٢/٦٣٤/ ٩٢٠)].


منتدى إقرأ الثقافي

کەسەی ماڵی خەڵکی داگیر کردوە بەڕاستەوە یان بەگاڵتەوە سودو کەڵکی لێ وەربگرێت وە پێویستە لەسەری یەکسەر بیگێڕێتەوە [٣٢٤] وەدروستە مرۆڤ بەرگری لەماڵی خۆی بکات وە ئەگەر بکوژرێتیش ئەوە شەهیدە [٣٢٥] وەهەرکەسێك شتێك لەزەوی کەسێکیتر داگیر بکات ئەوە تاوانێکی زۆر گەورەی کردوە [٣٢٦] وەئەگەر خانووی تێدا کردبێت یان داری تێدا

---

کەوا خوا لەکارو باری ستەم کاران بێ ئاگایە ، بەڵکو تەنها دوایان دەخات بۆ ڕۆژێك ، کەچاو لەو ڕۆژەدا (لەترسێ دا) ئەبلەق دەبێت ، بەپەلە دەچنە دەمی بانگکەری خواوە تەماشای سەرەوە دەکەن ، چاویان لەتروکان کەوتوە و دڵیان لەترسان دا لەتێ گەیشتن و بیرکردنەوە ڕاوەستاوە ، هیچی تێدا تەماوە وەکو بۆشایی و هەوای پێ هاتووە .

(٣٢٤) لەبەر فەرموودەکەی (السَّائِبُ بنُ يَزِيد) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (( لَا يَأْخُذَنَّ أَحَدُكُمْ مَتَاعَ صَاحِبِهِ لَاعِباً وَلاجَاداً وَإِنْ أَخَذَ عَصَا صَاحِبِهِ فَلْيَرُدَّهَا عَلَيْهِ)) واتە : هیچ کەسێکتان شت و مەکی هاوەڵەکەتان مەبەن نەبە گاڵتەوە و نەبە ڕاستەوە ، وەئەگەر یەکێکتان دار دەستی هاوەڵەکەی برد بابیگێڕێتەوە بۆی .[رواه احمد وابو داود (١٣/٢٤٦/٤٩٨٢ مع العون) والترمذي (٣/٣١٣/٢٢٤٩) وغيرهما بألفاظ متقاربة وهو حديث حسن بروانه الارواء (١٥١٨) والمشكاة (٢٩٤٨) وصحيح الجامع (٧٥٧٨) وأخذنا لفظ الحديث منه)] .

(٣٢٥) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ، ئایە ئەگەر پیاوێك هات ماڵەکەم ببات چی بکەم؟ فەرمووی : ((فَلَا تُعْطِهِ مَالَكَ)) واتە : جا ماڵەکەتی مەدەرێ . ووتی : ئایە ئەگەر جەنگی لەگەڵ کردم ؟ فەرمووی : (قَاتِلْهُ) واتە : تۆیش لەگەڵیدا بجەنگە . ووتی : ئایە ئەگەر کوشتمی ؟ فەرمووی : ((فَأَنْتَ شَهِيدٌ)) واتە : جا تۆ شەهیدی ، ووتی ئایە ئەگەر کوشتم ؟ فەرمووی : ((هُوَ فِي النَّارِ)) واتە : ئەوە دەخرێتە ئاگرەوە [رواه مسلم (١/١٢٤/١٤٠) والنسائي (٧/١١٤)].

(٣٢٦) لەبەر فەرموودەکەی (سَعِيدُ بنُ زَيْد) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو : ((مَنْ أَظْلَمَ مِنَ الأَرْضِ شَيْئاً طَوَّقَهُ عَلَىٰ سَبْعِ أَرَضِينَ)) واتە : هەرکەسێك ستەمی (داگیری) شتێك لەزەوی بکات ئەوە خوای گەورە لە


منتدى إقرأ الثقافي

ناشتبێت دەبێت خانوەکەی بڕوخێنرێت وەدارەکانی هەڵبکەنرێت [٣٢٧] وەئەگەر تۆویشی تێدا وە شاندبێت ئەوە بۆ خاوەن زەوییەکەیە وە چی

---

حەوت (طَبق)ەی زەوی (طَوق) دەکاتە گەردنی .[رواه البخاری .(٥/رقم/٢٤٥٢) ومسلم (١٦١٠/١٢٣٠/٣)] .

وەلەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ أخَذَ مِنَ الأَرْضِ شَيْئاً بِغَيْرِ حَقِّه خُسِفَ بِهِ يَوْمَ القِيَامَةِ إلى سَبْعِ أرْضِينَ)) واتە : هەرکەسێك شتێك لەزەوی خەڵکی بەناحەق داگیربکات ئەوە خوای گەورە لەڕۆژی قیامەت دا دەیباتە حەوت (طَبَق)ەی زەوی دا [رواه البخاری (٥/رقم/٢٤٥٤)] .

(٣٢٧) لەبەر فەرموودەکەی (سَعيدُ بنُ زَيْد) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((مَنْ أحْيَا أرْضاً مَيْتَةً فَهِيَ لَهُ وَلَيْسَ لِعِرْقٍ ظَالِمٍ حَقٌّ)) واتە : هەرکەسێك زەوییەکی مردو زیندو بکاتەوە ئەوە بۆ خۆیەتی و (عِرْقٍ ظَالِم) یش هیچ مافێکی نییە [رواه الترمذي (١٣٩٢/٤١٩/٢) وابو داود (٤٠١٣/٤٥٣/٣) والبيهقي (١٤٢/٦) وغيرهم وهو حديث صحيح بروانه صحيح سنن الترمذي (١١١٣) والارواء (١٥٢) ].

(عِرْق ظَالِم): ئەوەیە کابرایەك بێت لەزەوییەك دا کەکەسێکی تر زیندوی کردۆتەوە دار بچێنێت بۆ ئەوەی زەوییەکە بکاتە موڵکی خۆی ، جا ئەوە هیچ مافێکی بۆ نییە هەرچی ناشتبێت ڕیشە کێش دەکرێت و ئەگەر خانویشی تێدا کردبێت دەڕوخێنرێت .



منتدى إقرأ الثقافي

................................

گەورە فەرمانی پێ کردوە: ﴿ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ ﴾ اللَّهُمَّ أجِرْنِي فِي مُصِيْبَتِي وَاخْلُفْ لِي خَيْراً مِنْهَا ، (ئیللا) خوا لەوە باشتر دەخاتە جێگەی . (أُمِّ سَلَمَةَ) فەرمووی : جا کاتێك (أَبُوسَلَمَةَ) وەفاتی کرد ، ووتم : چی موسوڵمانێك لە(أَبُوسَلَمَةَ) باشترە ، یەکەم ماڵ بوو لە پێناوی خوادا کۆچی کرد ؟ پاشان دوعاکەم کرد ، جا خوای گەورە پێغەمبەری خوای خستە جێگەی بۆم [رواه مسلم (٢/ ٦٣١/ ٩١٨)].

وە حەرامیشە لە سەر کەس وکاری مردو شیوەن کردن و لەخۆدان و جل و بەرگ دڕین و سەرتاشین و سەر ڕووت کردن ، لە بەر ئەم فەرموودانە :

(أَبُومَالِك الأَشْعَرِي) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( أَرْبَعٌ فِي أُمَّتِي مِنْ أُمُوْرِ الجَاهِلِيَّةِ لاَ يَتْرُكُوْنَهُنَّ: الفَخْرُ فِي الأَحْسَابِ ، وَالطَّعْنُ فِي الأَنْسَابِ ، وَالأَسْتِسْقَاءُ بِالنُّجُوْمِ ، وَالنِّيَاحَةُ ، وَقَالَ: النَّائِحَةُ إِذَا لَمْ تَتُبْ قَبْلَ مَوْتِهَا تُقَامُ يَوْمَ القِيَامَةِ وَعَلَيْهَا سِرْبَالٌ مِنْ قَطِرَانٍ وَدِرْعٌ مِنْ جَرَبٍ )) واتە: چوار شت هەیە لە ئوممەتەکەمدا لە کاری نەفامیە ، وە هەر وازیشی لێ ناهێنن : شانازی کردن بە کاری باوك و باپیران ، و تانەدان لە نەسەب ، و تاڵو گەری و ئەستێرەناسی ، وشیوەن کردن ، وە فەرمووی: ئافرەتی شیوەن کەر ئەگەر پەشیمان نەبێتەوە پێش مردنی ، ئەوە لە ڕۆژی دواییدا دەوەستێنرێت وکراسێکی قەترانی ڕەشی لە بەردایە و پێستیشی یەك قات زامدار و گەڕ و گولە [رواه مسلم (٢/ ٦٤٤/٩٣٤)].

جا بەو دوو پۆشاکە ئەوەندەی تر سزای ئافرەتی شیوەن کەر ناڕەحەت تر دەبێت .

وە(أَبُومُوْسَى) (خوای لێ رازی بێت) فەرمووی: (( أَنَا بَرِيْءٌ مِمَّنْ بَرِيْءَ مِنْهُ رَسُوْلُ اللهِ ( ﷺ) فَإِنَّ رَسُوْلَ اللهِ ( ﷺ) بَرِيْءَ مِنَ الصَّالِقَةِ وَالحَالِقَةِ وَالشَّاقَةِ )) واتە: من بەریم لەوەی پێغەمبەری خوا ( ﷺ) خۆی لێ بەریی کردوە ، لە ئافرەتێك دەنگ بەرز کاتەوە وشیوەن بکات ، وە لە ئافرەتێکیش سەری بتاشێت لە بەر موسیبەت ، وە لە ئافرەتێکیش کراسەکەی دەدڕێت [رواه البخاری (٣/١٦٥/ ١٢٩٦) ومسلم(١/١٠٠/١٠٤) وغیرهما].


منتدى إقرأ الثقافي

# ئەوانەی پێویستە بۆ مردو بکرێت (مَا يَجِبُ لِلمَيِّت)

## یەکەم : شۆردنی مردو

مردو شۆردن پێویست(وَاجِب)ە لە سەر زیندووان [٢٨٠] ، وە ئەگەر کەس وکاری خۆی بیکات ئەوە چاکترە ، بە مەرجێك ئەگەر یەك ڕەگەز(جِنْس) بن [٢٨١] ،

---

(٢٨٠) لە بەر فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی : پیاوێك ووشترەکەی ملی شکاند و ئێمەش لە گەڵ پێغەمبەری خوادا بووین (ﷺ) ، جا ئەویش (إِحْرَام)ی بەستبوو ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **إِغْسِلُوْهُ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ ، وَكَفِّنُوْهُ فِي ثَوْبَيْنِ ، وَلاَ تُحَنِّطُوْهُ ، وَلاَ تُخَمِّرُوْا رَأْسَهُ ، فَإِنَّ اللهَ يَبْعَثُهُ يَوْمَ القِيَامَةِ مُلَبِّيَاً** )) واتە: بیشۆرنەوە بە ئاو و بە(سِدْر) ، وە کفنی بکەن لە دوو پۆشاکدا ، وە بۆنی خۆشی لێ مەدەن و سەری دامەپۆشن ، چونکە خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا بە(مُلَبِّيَاً) زیندوی دەکاتەوە [رواه البخاري (٣/١٣٧/ ١٢٦٧) ومسلم(٢/٨٦٥/ ١٢٠٦)] .

(مُلَبِّيَاً) واتە: بە ئیحرامەوە و بەدەم ووتنی ((لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ لاَ شَرِيْكَ لَكَ ... )) .

وە لە بەر فەرموودەکەی (أُمّ عَطِيَّةَ الأَنْصَارِيَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە ژوورەوە بۆ لامان کاتێك کە کچەکەی وەفاتی کرد ، جا فەرمووی: (( **إِغْسِلْنَهَا ثَلاَثَاً أَوْ خَمْسَاً أَوْ أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ إِنْ رَأَيْتُنَّ ذَلِكَ ، بِمَاءٍ وَسِدْرٍ ، وَاجْعَلْنَ فِي الآخِرَةِ كَافُوْرَاً أَوْ شَيْئَاً مِنْ كَافُوْرٍ** ... واتە: بیشۆرنەوە سێ جار یان پێنج جار یان زیاتر لەوە ئەگەر بە باشتان بینی ، بە ئاو و بە(سِدْر) ، وە لە دوایین جاریدا (كَافُوْر)ی تێکەڵ بکەن یان هەندێك لە(كَافُوْر) ... [رواه البخاري(٣/١٢٥/١٢٥٣) ومسلم(٢/٦٤٦/٩٣٩)].

( سِدْر): گەڵای دار کنار(گوەیژ)ە.

(٢٨١) چونکە ئەوانەی پێغەمبەری خوایان شۆردووە خزم وکەسەکانی خۆی بوون ، (عَلِي)(خوای لێ رازی بێت) دەفەرمێ : (( **غَسَّلْتُ رَسُوْلَ اللهِ ( ﷺ) فَجَعَلْتُ أَنْظُرُ مَا يَكُوْنُ مِنَ المَيِّتِ فَلَمْ أَرَ شَيْئَاً ، وَكَانَ طَيِّبَاً حَيَّاً وَمَيِّتَاً ( ﷺ)** )) واتە: پێغەمبەری خوام (ﷺ) شۆردەوە ، جا تەماشام کرد ، ئەوەی کە لە مردودا دیارە ، هیچم نەبینی و


منتدى إقرأ الثقافي

وە دروستە ئافرەت پیاوی خۆی بیشواتەوە ، وە هەروەها بە پێچەوانەیشەوە(٢٨٢) ، وە سێ جار دەیشۆرێت یان پێنج یان زیاتر بە ئاو و شتێك لاشەی پاك بكاتەوە ، وە دوایین جاریشی هەندێك بۆنی خۆش تێكەڵ بە ئاوەكە دەكرێت(٢٨٣) ، مەگەر(إِحْرَام)ی حەججی بەستبێت(٢٨٤) ، وە لە لای راستەوە ولە ئەندامەكانی دەست نوێژەوە دەست بە شۆردنی دەكرێت(٢٨٥) ،

پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە زیندویی و بە مردویی هەر بۆن خۆش و جوان بوو [رواه ابن ماجة (١/٤٧١/١٤٦٧) وهو حديث صحيح ، بږوانە صحيح إبن ماجة(١١٩٨)] .

وە ئەوەی كە دەڵێین یەك ڕەگەز بن _ واتە ئافرەت ئافرەت بیشواتەوە ، وە پیاویش پیاو بیشواتەوە _ ، چونكە بینینی عەورەتی یەكتر حەرامە بە زیندویی و بە مردوییش .

(٢٨٢) لە بەر فەرموودەكەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە(بَقِيع) گەڕایەوە بینی من سەرم دەیەشێت و دەڵێم : ئای سەرم ، جا ئەویش فەرمووی: (( بَلْ أَنَا وَا رَأْسَاهُ ، مَا ضَرَّكِ لَوْ مِتِّ قَبْلِي فَغَسَلْتُكِ وَكَفَّنْتُكِ ثُمَّ صَلَّيْتُ عَلَيْكِ وَدَفَنْتُكِ )) واتە: بەڵكو من ئای سەرم ، ئەی(عَائِشَة) ، پاشان فەرمووی: چی زیانێكت كردوە ئەی(عَائِشَة) ، ئەگەر پێشی من بمریت ئەوە لە سەرت ڕادەوەستام و دەمشۆردیت و كفنم دەكردیت و نوێژم لە سەر دەكردیت و د فنم دەكردیت (دەمناشتیت) [رواه ابن ماجة (١/٤٧٠/١٤٦٥) والدار قطني (٢/٧٤/١١) والدارمي (١/٣٧-٣٨) وهو حديث صحيح ، بږوانە صحيح إبن ماجة(١١٩٧)].

(٢٨٣) لە بەر فەرموودەكەی (أُمِّ عَطِيَّةَ الأَنْصَارِيَّة)(خوای لێ رازی بێت) بږوانە (پ٢٨٠).

(٢٨٤) ئەو مردوەی كە(إِحْرَام)ی حەججی بەستووبێت ئاوەكەی بۆنی خۆشی تێكەڵ ناكرێت ، لە بەر فەرموودەكەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) بږوانە(پ٢٨٠) .

(٢٨٥) لە بەر فەرموودەكەی (أُمِّ عَطِيَّةَ الأَنْصَارِيَّة) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێیانی فەرموو ، كاتێك كە(زَيْنَب)ی كچیان شۆردەوە : (( إِبْدَأْنَ بِمَيَامِنِهَا وَمَوَاضِعِ الوُضُوءِ مِنْهَا )) واتە: لە لای ڕاستەوە و لە ئەندامەكانی دەست نوێژەوە دەست بە شۆردنی بكەن [رواه البخاري (٣/١٣٠/١٢٥٥) ومسلم (٢/٦٤٨/٩٣٩)].


منتدى إقرأ الثقافي

**وە ئەو کەسەی لە جەنگی بێباوەڕاندا دەکوژرێت ناشۆرڕێتەوە(٢٨٦)، با لەش گرانیش بووبێت(٢٨٧)، وە سوننەتیشە بۆ ئەو کەسەی مردو دەشۆرڕێتەوە خۆی بشوات(٢٨٨).**

---

(٢٨٦) لە بەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله)(خوایان لیٚ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) کوژراوەکانی (أُحُد)ی دوو دوو لە پۆشاکێکدا کۆی دەکردەوە، پاشان دەیفەرموو: (( أَيُّهُم أَكْثَرُ أَخْذاً لِلْقُرآنِ ؟)) واتە: کامەیان زۆرتر قورئانی وەرگرتووە ؟ جا ئەگەر ئاماژە بۆ یەکێکیان بکرایە لە (لَحْد)ە کەدا پێش دەخرا، وە دەیفەرموو: (( أَنَا شَهِيدٌ عَلَى هَؤُلَاء )) واتە: من شایەتم لە سەر ئەمانە. جا فەرمانی دا کەوا بە خوێنەکانیانەوە بنێژرێن، وە نوێژی لە سەر نەکردن ونەیشیشۆردنەوە [رواه البخاری (٣/٢١٢/١٣٤٧)].

**تێبینی:**

ئەو شەهیدانەی کە لە جەنگی بێ باوەڕاندا نەکوژراون وەك، خنکا و ڕێبوار و ئەوەی بە نەخۆشی (طَاعُون) مردوە، وە ئەوەی بە ناوسك ئێشە مردوبێت، وە ئەوەی دیوار و خانوو بە سەریدا ڕوخا بێت و ... ئەمانە دەشۆرڕێنەوە و نوێژیشیان لە سەر دەکرێت، بە بێ هیچ جیاوازییەك. (النَّوَوِي) (ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت) وای فەرمووە لە [المجموع شرح المهذب (٥/٢٦٤)] دا، وە هەروەها (المَهْدِي)یش لە [البحر (٩٦/١)]دا یە کڕای(إِجْمَاع)ی هێناوەتەوە لە سەر ئەوەی کە ئەمانە دەشۆرڕێنەوە.

(٢٨٧) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن الزُّبَيْر) (خوایان لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی: بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك کە(حَنْظَلَةُ بن أَبِي عَامِر) کوژرا، پاش ئەوەی بەرانبەری (أَبو سُفْيَان) وەستاوە، جا (شَدَّادُ بنُ الأَسْوَد) بەرز بویەوە بە سەریدا و بە شمشێر لێیدا وکوشتی، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِنَّ صَاحِبَكُمْ تَغْسِلُهُ المَلَائِكَةُ فَاسْأَلُوا صَاحِبَتَهُ )) واتە: بە ڕاستی هاوڕێکەتان فریشتە دەیشواتەوە، پرسیار لە خێزانەکەی بکەن. ئەویش ووتی: کاتێك (حَنْظَلَة) بانگی غەزای بیست دەرچوو، لەشی گران بوو، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لِذَلِكَ غَسَلَتْهُ المَلَائِكَةُ )) واتە: لە بەر ئەوە فریشتەکان شۆردیانەوە [رواه الحاكم (٣/٢٠٤) صحيح على شرط مسلم ولم يخرجاه ووافقه الذهبي، ورواه البيهقي أيضا (١٥/٤) وسنده صحيح و رواه الطبراني في الكبير وقال الهيثمي وإسناده حسن، بروانە صحيح السيرةالنبوية لإبراهيم العلي (ص٢١٤ الفقرة:٣٣٩-٣٤٠)].

(٢٨٨) لە بەر فەرموودەکەی (أَبوهُرَيْرَة و إِبنُ عَبَّاس) (خوایان لی ڕازی بێت)، بروانە (پ ٦٦).



منتدى إقرأ الثقافي

# دووەم: داپۆشین(کفن) کردنی مردو
# (تَکْفِینُ الْمَیّت)

**پێویست(وَاجِب)ە مردو داپۆشرێت _ (کفن) بکرێت _ بە پۆشاکێك هەموو لاشەی داپۆشێت[(٢٨٩)]، وە سوننەتە لە ماڵ و پارەی خۆی (کفن)ی بۆ بکرێت، ئەگەر چی یەك جلیشی هەبێت[(٢٩٠)]،**

(٢٨٩) لە بەر فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت)، بڕوانە (پ ٨٠).

وە لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو الزُّبَیْر) کەوا گوێی لە (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) بوو (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا باسی ئەوەی دەگێڕایەوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژێك ووتاری دەدا، جا باسی ئەوەی کرد کەوا پیاوێك لە هاوەڵەکانی گیانی کێشراوە و(کفن) کراوە بە نا تەواوی، وە بە شەویش خراوەتە گۆڕ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کرد کەوا پیاوێك لە شەودا بنرێتە گۆڕ تا نوێژی لە سەر دەکرێت، مەگەر نەتوانرێت بمێنێتەوە تا ڕۆژ دەبێتەوە، جا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (( إِذَا كَفَّنَ أَحَدُكُمْ أَخَاهُ فَلْيُحَسِّنْ كَفَنَهُ )) واتە: ئەگەر یەکێکتان کفنی براکەی کرد با بە چاکی کفنی بکات [رواه مسلم (٢/٦٥١/٩٤٣) وغیره].

(٢٩٠) لە بەر فەرموودەکەی (خَبَّابُ بنُ الأَرَت) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: لە گەڵ پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) کۆچمان کرد مەبەستمان ڕەزامەندی خوا بوو، جا پاداشتمان کەوتە لای خوای گەورە، لێمان هەبوو مرد وهیچ لە پاداشتەکەی — لە دونیا — نەخوارد لەوانە (مُصْعَبُ بنُ عُمَیْر) (خوای لێ ڕازی بێت)، وە لێشمان هەیە بەرهەمەکەی پێگەیشتووە لێی دەکاتەوە، _ جا(مُصْعَبُ بنُ عُمَیْر) _ لە ڕۆژی (أُحُد)دا کوژرا، جا هیچمان نەبینیوە پێی کفن بکەین تەنها (بُرْدَە)یەك نەبێت، ئەگەر سەریمان پێ بپۆشیایە هەردوو پێی دەکەوتە دەر، وە ئەگەر هەردوو پێیمان پێی داپۆشیایە سەری دەکەوتە دەر، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کردین کەوا سەری داپۆشین و(الأذْخِر) بە سەر هەردوو پێیدا بکەین [رواه البخاري (٣/١٤٢/١٢٧٦) ومسلم (٢/٦٤٩/٩٤٠)].

(الأذخر): جۆرە ڕووەکێکی مەککەیە.


منتدى إقرأ الثقافي

وە سوننەتیشە ئەگەر هەیبێت لە سێ پۆشاکی سپیدا (کفن)بکرێت ، کەوا کراس وکلاّوی تێدا نەبێت(٢٩١) ، وە بۆنی خۆشیشی پێوە بکرێت(٢٩٢) .

(٢٩١) لە بەر فەرموودەکەی (عَائشَة) (خوای لیّ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( دَخَلْتُ عَلَى أَبِي بَكْرٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ ، فَقَالَ: فِي كَمْ كَفَّنْتُمُ النَّبِيَّ ( ﷺ) ؟ قَالَتْ: فِي ثَلاَثَةِ أَثْوَابٍ بِيْضٍ سَحُوْلِيَّةٍ لَيْسَ فِيهَا قَمِيْصٌ وَلاَ عِمَامَةٌ . وَقَالَ لَهَا: فِي أَيِّ يَوْمٍ تُوُفِّيَ رَسُوْلُ اللهِ ( ﷺ) ؟ قَالَتْ: يَوْمَ الإِثْنَيْنِ . قَالَ: فَأَيُّ يَوْمٍ هَذَا ؟ قَالَتْ: يَوْمُ الإِثْنَيْنِ . قَالَ: أَرْجُوا فِيمَا بَيْنِي وَبَيْنَ اللَّيْلِ . فَنَظَرَ إِلَى ثَوْبٍ عَلَيْهِ كَانَ يُمَرَّضُ فِيْهِ ، بِهِ رَدْعٌ مِنْ زَعْفَرَانٍ ، فَقَالَ: اغْسِلُوا ثَوْبِي هَذَا وَزِيْدُوا عَلَيْهِ ثَوْبَيْنِ فَكَفِّنُوْنِي فِيهَا ، قُلْتُ: إِنَّ هَذَا خَلَقٌ . قَالَ: إِنَّ الحَيَّ أَحَقُّ بِالجَدِيْدِ مِنَ المَيِّتِ ، إِنَّمَا هُوَ لِلْمُهْلَةِ . فَلَمْ يُتَوَفَّ حَتَّى أَمْسَى مِنْ لَيْلَةِ الثُّلاَثَاءِ ، وَدُفِنَ قَبْلَ أَنْ يُصْبِحَ )) واتە: چوومە ژوورەوە بۆ لای (أبوبکر) (خوای لیّ رازی بێت) ، جا فەرمووی: لە چەند (کفن)دا پێغەمبەری خواتان ( ﷺ) (کفن) کرد ؟ ئەویش فەرمووی: لە سێ پۆشاکی سپی (سُحُولی)دا کەوا نە کراسی تێدا بوو و نە کلاّویش ، وە پێی فەرموو: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) لە چی ڕۆژێکدا وەفاتی کرد ؟ ووتی: لە ڕۆژی دوو شەممەدا . فەرمووی: ئەی ئەمڕۆ چی ڕۆژێکە ؟ ووتی: ڕۆژی دوو شەممەیە . فەرمووی: هیوام وایە لە نێوان من وشەودا . جا تەماشای پۆشاکێکی کرد کە لە بەریدا بوو لە نەخۆشیێکەیدا ، پاشان فەرمووی: ئەم جلەی بەرم بشۆن و دوو پۆشاکی تری بۆ زیاتر بکەن و بیکەن بە(کفن) بۆم ، جا منیش ووتم: بە ڕاستی ئەم جلەی بەرت کۆن بووە ، فەرمووی: بێ گومان زیندو لە مردو مافدارترە بە پۆشاکە تازەکە ، ئەمەیش تەنها بۆ (مُهْلَه)یە – (مُهْلَة): ئەو چڵکە شلەیە کە لە مرۆڤەوە دەردەچێت پاش مردن – جا وەفاتی نەکرد تا ئێوارەی سێشەممە ، جا پێش ئەوەی بەیانی ببێتەوە (دَفْن)کرا [رواه البخاري (٣/٢٥٢/١٣٨٧)] .

(٢٩٢) لە بەر ئەو فەرموودەیەی کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِذَا جَمَّرْتُمْ ، فَأَجْمِرُوْهُ ثَلاَثًا )) واتە: ئەگەر بۆن خۆشتان کرد ، ئەوە سێ جار بۆنی خۆشی پێوە بکەن [رواه أحمد (٣/٣٣١) والحاكم (١/٣٥٥) وقال صحيح على شرط المسلم ووافقه الذهبي وصححه النووي في المجموع (٥/١٩٦) والألباني في احكام الجنائز (ل٦٤)] .

وە (أَبُو سَعِيْد و إِبْنُ عُمَر و إِبْنُ عَبَّاس)(خوایان لیّ رازی بێت) وەسیّتیان کردوە کەوا (کفن)ەکانیان بۆن خۆش بکرێت [فقه السنة(١/٤٣٦)] .


منتدى إقرأ الثقافي

وە شەهیدی جەنگ هەر بە پۆشاکی خۆیەوە ژێر خاك(دَفْن)دەكرێت[٢٩٣]، وە هەروەها كەسێكیش (إِحْرَام)ی حەججی بەستووبێت هەر بە پۆشاكی خۆیەوە ژێر خاك دەكرێت ، بەڵام سەری داناپۆشرێت و بۆنی پێوە ناكرێت[٢٩٤] .

## سێ یەم : نوێژی مردو ( صَلاَةُ الْمَيِّت )

**نوێژی مردو فەرزی (كِفَايَه)یە[٢٩٥]،**

---

(٢٩٣) لە بەر فەرموودەكەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) (خوایان لێ رازی بێت) بڕوانە(پ٢٨٦) .
وە بۆ كوژراوەكانی (أُحُد) پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمووی: (( زَمِّلُوهُمْ فِي ثِيَابِهِمْ )) واتە: هەر بە جل و بەرگەكانی خۆیانەوە بیانپێچنەوە [رواه أحمد (٤٣١/٥) بهذا اللفظ ، بڕوانە أحكام الجنائز(ل٦٠)].

(٢٩٤) لە بەر فەرموودەكەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) بڕوانە (پ ٢٨٠).

(٢٩٥) لە بەر ئەوەی لە پێغەمبەری خوا ( ﷺ) و هاوەڵانیەوە وا(ثَابِت) بووە كەوا فەرمانیان پێ كردوە ، وە بە بەردەوامیش كردویانە ، لەوانە فەرموودەكەی (زَيْدُ بنُ خَالد الجُهَنِي) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پیاوێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕۆژی (خَيْبَر)دا وەفاتی كرد ، جا بۆ پێغەمبەری خوایان (ﷺ) باس كرد ، ئەویش فەرمووی: (( صَلُّوا عَلَى صَاحِبِكُم ، ... )) واتە: نوێژ لە سەر هاورێكەتان بكەن ، ... [رواه أبو داود (٢٦٩٣/٣٧٨/٧) وابن ماجة (٢٨٤٨/٩٥٠/٢) والنسائي (٦٤/٤)].

وە جاری وایش هەبووە لە ژیانی پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) نوێژیان لە سەر مردو كردوە و بە پێغەمبەری خوایشیان ڕانەگەیاندوە ، وەك لە فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) هاتوە كەوا فەرمووی: (أَسْوَد) – پیاوێك بوو یان ئافرەتێك بوو – خزمەتی مزگەوتی دەكرد مرد ، وە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئاگادار نەبوو بە مردنی ، جا ڕۆژێك باسی كرد ، فەرمووی ((مَا فَعَلَ ذَلِكَ الأِنْسَان ؟)) واتە: ئەوە چی بە سەردا هات ؟ ووتیان: مرد ئەی پێغەمبەری خوا ، فەرمووی: (( أَفَلاَ آذَنْتُمُونِي ؟ )) واتە: ئەی بۆ منتان ئاگادار نەكردەوە ؟ ئەوانیش ووتیان: ئەو وابوو ، وابوو ـــ باسی بە سەر هاتیان كرد ـــ (أَبُو هُرَيْرَة) ووتی: لە پلە و پایەیان كەم كردەوە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( فَدُلُّونِي عَلَى قَبْرِهِ ))


منتدى إقرأ الثقافي

**پێشەوا لە لای سەرێوە رادەوەستێ بۆ پیاو ، وە لە لای ناوەڕاستێوە بۆ ئافرەت[(٢٩٦)] ، ڕوو بەرەو قیبلە[(٢٩٧)].**

واتە: گۆڕەکەیم پێ پیشان دەن . جا هاتە سەر گۆڕەکەی نوێژی لە سەر کرد [رواه البخاری (٣/٢٠٤/١٣٣٧) ومسلم (٢/٦٥٩/٩٥٦)].

(٢٩٦) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو غَالِبِ الخَيَّاط) کەوا فەرمووی: (( **شَهِدْتُ أَنَسَ بْنَ مَالِك صَلَّى عَلَى جَنَازَةِ رَجُلٍ ، فَقَامَ عِنْدَ رَأْسِه ، فَلَمَّا رُفِعَ ، أُتِيَ بِجَنَازَةِ امْرَأَةٍ مِنْ قُرَيْشٍ أَوْ مِنَ الأَنْصَارِ ، فَقِيلَ لَهُ : يَا أَبَا حَمْزَةَ هَذِه جَنَازَةُ فُلاَنَةُ ابْنَةُ فُلاَنَة فَصَلِّ عَلَيْهَا ، فَصَلَّى عَلَيْهَا ، فَقَامَ وَسَطَهَا ، وَفِينَا العَلاَءُ بْنُ زِيَادٍ العَدَوِي ، فَلَمَّا رَأَى اخْتِلاَفَ قِيَامِه عَلَى الرَّجُلِ وَالمَرْأَة ، قَالَ: يَا أَبَا حَمْزَةَ هَكَذَا كَانَ رَسُولُ الله (ﷺ) يَقُوْمُ حَيْثُ قُمْتَ ، وَمِنَ المَرْأَةِ حَيْثُ قُمْتَ ؟ قَالَ: نَعَمْ ، قَالَ: فَالْتَفَتَ إِلَيْنَا العَلاَءُ ، فَقَالَ: احْفَظُوا** )) واتە: لە گەڵ (أَنَسُ بنُ مَالِك)دا (خوای لێ رازی بێت) نوێژم لە سەر جەنازەی پیاوێك کرد ، جا لە لای سەرێوە ڕاوەستا ، پاشان جەنازەی ئافرەتێکی (قُرَيْش) یان (أَنْصَار)یان هێنا و ووتیان: ئەی (أَبُو حَمْزَة) نوێژی لە سەر بکە ، جا لای ناوەڕاستی جێگاکەوە ڕاوەستا _ جەنازەکە بە سەر جێگایەکەوە بوو _ ، جا (العَلاَءُ بنُ زِيَاد العَدَوِي)مان لە ناودا بوو ، کاتێك بینی ڕاوەستانەکەی بۆ پیاو وئافرەت جیاواز بوو ، ووتی : ئەی (أَبُو حَمْزَة) ، بەم شێوەیە پێغەمبەری خوات بینیوە ڕاوەستاوە لە سەر جەنازە ، وە لە سەر ئافرەتیش بەو شێوەیەی تۆ ڕاوەستا ، ئەویش فەرمووی: بەڵێ ، (أَبُو غَالِب) فەرمووی: جا (عَلاَء) بەری کردە لامانەوە و فەرمووی: ئەمە لە بەر بکەن [رواه ابو داود (٣/٥٣٣/٣١٩٤) والترمذي (٣/٣٥٢/١٠٣٤) وابن ماجة (١/٤٧٩/١٤٩٤) وهو حديث صحيح ، بروانە المشكاة(١٦٧٩) وصحيح إبن ماجة(١٢١٤)].

(٢٩٧) چونکە ئەمەیش نوێژە و هەر وەکو نوێژەکانی تر وایە ، وە لە بەر(أَثَر)ەکەی (نَافِع) لە (إِبْنُ عُمَر)ەوە (خوایان لێ رازی بێت) (( **أَنَّهُ صَلَّى عَلَى تِسْعِ جَنَائِزَ جَمِيْعَاً ، فَجَعَلَ الرِّجَالَ يَلُوْنَ الإِمَامَ ، وَالنِّسَاءَ يَلِيْنَ القِبْلَة ، فَصَفَّهُنَّ صَفَّاً وَاحِداً ، وَوُضِعَتْ جَنَازَةُ أُمِّ كُلْثُوم بِنْتِ عَلِي ، إِمْرَأَةُ عُمَرَ بْنَ الخَطَّاب ، وَإِبْنٌ لَهَا يُقَالُ لَهُ: زَيْد ، وَضِعَا جَمِيْعَاً . وَالإِمَامُ يَوْمَئِذٍ سَعِيْدُ بْنُ العَاص ، وَفِي النَّاسِ إِبْنُ عُمَر ، وَأَبُو هُرَيْرَة ، وَأَبُوسَعِيْد ، وَأَبُو قَتَادَة ، فَوُضِعَ الغُلاَمُ مِمَّا يَلِي الإِمَام . فَقَالَ رَجُلٌ: فَأَنْكَرْتُ ذَلِك ، فَنَظَرْتُ إِلَى إِبْنِ عَبَّاس ، وَأَبِي هُرَيْرَة ، وَأَبِي سَعِيْد ، وَأَبِي قَتَادَة ، فَقُلْتُ: مَا هَذَا ؟**

منتدى إقرأ الثقافي

**چوار (اللهُ أكبَر)ی لە سەر دەكات[٢٩٨] ، یان زیاتر تا نۆ(٩)(اللهُ أكبَر) بە (اللهُ أكبَر) ی دابەستنی نوێژەكەوە[٢٩٩] ،**

**قَالُوا: هِيَ السُّنَّة ))** واتە: كەوا (إبْنُ عُمَر) نوێژی لە سەر نۆ جەنازە كرد پێكەوە ، جا — جەنازەی — پیاوانی لە پاش پێشەوا(إمَام)وە دانا ، وە _ جەنازەی _ ئافرەتانی لە پاش قیبلەوە — لە نێوان پێشەواو قیبلە — دانا ، جا كردنی بە یەك ڕیز_ لە سەر درێژایی _ ، وە جەنازەی (أمّ كُلْثُوم بِنْت عَلِي)ی خێزانی (عُمَرُ بنُ خَطَّاب) و كوڕێكیشی كە (زَيْد)ی ناو بوو بە یەكەوە دانا ، وە پێشەوایش لەو ڕۆژەدا (سَعِيْدُ بنُ العَاص)بوو ، وە (إبْنُ عَبَّاس وأبُو هُرَيْرَة وأبُو سَعِيْد وأبُو قَتَادَة) یش لە ناو خەڵكەكەدا بوون ، جا منداڵەكەی لە پێش پێشەواوە دانا ، جا پیاوێك ووتی: من ئەوەم بە باش نەزانی ، جا تەماشای (إبْنُ عَبَّاس وأبُو هُرَيْرَة وأبُو سَعِيْد وأبُو قَتَادَة)م كرد ، ووتم: ئەمە چی‌یە ؟ ووتیان: ئەمە: سوننەتە [رواه النسائي (٧١/٤) وهو أثر صحيح بروانه صحيح النسائي(١٨٦٩) واحكام الجنائز (ل ١٠٣)].

(٢٩٨) لە بەر فەرموودەكەی (أبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا ((أنَّ رَسُوْلَ الله (ﷺ) **نَعَى النَّجَاشِي فِي اليَوْمِ الَّذِي مَاتَ فِيْهِ خَرَجَ إِلَى المُصَلَّى فَصَفَّ بِهِمْ وَكَبَّرَ أرْبَعَاً** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی مردنی (نَجَاشِي) بڵاو كردەوە لەو ڕۆژەدا كە تێیدا وەفاتی كرد ، جا دەرچوو بۆ (مُصَلَّى) و خەڵكەكەی ڕیز كرد و چوار( اللهُ أكبَر)ی لە سەر كرد [رواه البخاري (٢٤٥/١١٦/٣) ومسلم (٩٥١/٦٥٦/٢) وغيرهما].

(٢٩٩) لە بەر فەرموودەكەی (عَبْدُالرَّحْمَن بن أبِي لَيْلَى) كەوا فەرمووی: (( **كَانَ زَيْدٌ يُكَبِّرُ عَلَى جَنَائِزِنَا أرْبَعَاً ، وَإِنَّهُ كَبَّرَ عَلَى جَنَازَةٍ خَمْسَاً ، فَسَألْتُهُ فَقَالَ: كَانَ رَسُولُ الله ( ﷺ) يُكَبِّرُهَا** )) واتە: (زَيْدُ بْنُ أرْقَم) لە سەر جەنازەكانمان چوار(تَكْبِيْر)ی دەكرد ، بەڵام ڕۆژێك لە سەر جەنازەیەك پێنج (تَكْبِيْر)ی كرد ، جا پرسیارم لێ كرد ئەویش فەرمووی: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) بەم شێوەیە (تَكْبِيْر)ی دەكرد [رواه مسلم (٩٥٧/٦٥٩/٢) وغيره] .

وە لە بەر (أثَر)ەكەی (عَبْدُالله بن مَعْقِل) كەوا فەرمووی: (( **أنَّ عَلِيَّ بْنَ أبِي طَالِبٍ صَلَّى عَلَى سَهْلِ بْنِ حَنِيْفٍ ، فَكَبَّرَ عَلَيْهِ سِتّاً ، ثُمَّ الْتَفَتَ إِلَيْنَا ، فَقَالَ: إِنَّهُ بَدْرِي** )) واتە: (عَلِيُّ بنُ أبِي طَالِب) لە سەر (سَهْلُ بنُ حَنِيْف) شەش (اللهُ أكبَر)ی كرد ، پاشان ڕووی كردە لامانەوە و فەرمووی: ئەمە لەوانەن كە لە ( بَدْر)دا بەشداریان كردوە [رواه الحاكم (٤٠٩/٣) والبيهقي (٣٦/٤) وإسناده صحيح ، بروانه أحكام الجنائز(ل ١١٣)].


منتدى إقرأ الثقافي

## لە پاش (اللهُ أكبَر)ی یەکەم سورەتی(الفَاتِحَة) وسورەتێکی تر دەخوێنێت[٣٠٠]،

وە (مُوسَى بنُ عَبْدالله بن زَيْد) فەرمووی: (( أنَّ عَلِيَاً صَلَّى عَلَى أبِي قَتَادَةَ فَكَبَّرَ عَلَيْهِ سَبْعَاً وَكَانَ بَدْرِيَاً )) واتە: (عَلِی) (خوای لیٚ رازی بێت) نوێژی لە سەر (أبُو قَتَادَة) (خوای لیٚ رازی بێت) کرد ، جا حەوت (اللهُ أكبَر)ی لە سەر کرد ، وە(أبُو قَتَادَة) لە جەنگی (بَدْر)دا بەشداری کردبوو [رواه البيهقي (٣٦/٤) وإسناده صحيح بروانه أحكام الجنائز(ل١١٤) ].

وە(عَبْدُ خَيْر) فەرمووی: (( كَانَ عَلِي رَضِيَ اللهُ عَنْهُ يُكَبِّرُ عَلَى أهْلِ بَدْر سِتَّاً ، وَعَلَى أصْحَابِ النَّبِيِّ (ﷺ) خَمْسَاً ، وَعَلَى سَائِرِ النَّاسِ أرْبَعَاً )) واتە: ئیمامی (عَلِي) (خوای لیٚ رازی بێت) لە سەر ئەوانەی لە(بَدْر)دا بەشداریان کردوە شەش (اللهُ أكبَر)ی دەکرد ، وە لە سەر هاوەڵانی تری پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێنج(اللهُ أكبَر)ی دەکرد ، وە لە سەر خەڵکی تر چوار(اللهُ أكبَر)ی دەکرد... [رواه الدار قطني(٢/٧٣/٧) والبيهقي(٣٧/٤) وإسناده صحيح ، بروانه أحكام الجنائز(ل١١٣)] .

وە هەروەها فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن الزُّبَيْر) و (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لیٚ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) نۆ (اللهُ أكبَر)ی کرد لە سەر (حَمْزَه) (خوای لیٚ رازی بێت) [رواه الطحاوي في معاني الآثار (٢٠٩/١) والطبراني في الكبير (٣/١٠٧-١٠٨) وإسناده حسن ، بروانه أحكام الجنائز للألباني (ل ٨٢،١٠٤)].

(٣٠٠) لەبەر فەرموودەکەی (طَلْحَةُ بنُ عَبْدالله بن عَوف) کەوا فەرمووی: (( صَلَّيْتُ خَلْفَ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا عَلَى جَنَازَةٍ ، فَقَرَأ بِفَاتِحَةِ الكِتَابِ [ وَسُورَة ، وَجَهَرَ حَتَّى أسْمَعَنَا ، فَلَمَّا فَرَغَ أخَذْتُ بِيَدِهِ ، فَسَألْتُهُ ؟ فـ]قَالَ: [ إنَّمَا جَهَرْتُ ] لِتَعْلَمُوا أنَّهَا سُنَّةٌ [ وَحَقٌّ ] )) واتە: لە پشتی (إبْنُ عَبَّاس)ەوە (خوایان لیٚ رازی بێت) نوێژم کرد لە سەر جەنازەیەك ، جا(فَاتِحَةُ الكِتَاب) و سورەتێکی تری خوێندەوە ، وە دەنگیشی بەرز کردەوە تا وەکو بیستمان ، جا فەرمووی : من دەنگم بەرز کردەوە بۆ ئەوەی بزانن کەوا سوننەتە و حەقە [رواه البخاري (٣/٢٠٣/١٣٣٥) وأبي داود(٢/رقم/٣١٩٨) والترمذي(٢/٢٤٦/١٠٣٢) وابن ماجة(١/٤٧٩/١٤٩٥) والنسائي (٤/٧٤/١٩٨٧) وابن جارود في المنتقى(٢٦٤) والسياق للبخاري ، والزيادة الأولى للنسائي ، وسندهما صحيح ، ولإبن الجارود منها ذكر السورة ، ولهما الثالثة بالسند الصحيح ، وللحاكم الثانية من طريق أخرى عن إبن عباس بسند حسن ، بروانه أحكام الجنائز(ل١١٩) ].

منتدى إقرأ الثقافي

وە پاش (اللهُ أكْبَر)ی دووەم سەلاواتی ئیبراهیمی دەخوێنێت ، وە پاش (اللهُ أكْبَر)ی سێیەم و ئەو(تَكْبِيْر)ەكانی تریش ئەو دوعایانە دەخوێنێت كە لە سوننەتدا هاتووە(٣٠١).

(٣٠١) لە بەر فەرمودەكەی (أَبُو أُمَامَة) كەوا یەكێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی پێ داوە: (( أَنَّ السُّنَّةَ فِي الصَّلاَةِ عَلَى الجَنَازَةِ أَنْ يُكَبِّرَ الإِمَام ، ثُمَّ يَقْرَأَ بِفَاتِحَةِ الكِتَابِ بَعْدَ التَّكْبِيْرَةِ الأُولَى سِرّاً فِي نَفْسِهِ ، ثُمَّ يُصَلِّي عَلَى النَّبِيِّ (ﷺ) ، وَيخلصَ الدُّعَاء لِلجَنَازَةِ فِي التَّكْبِيْرَاتِ (الثَّلاَث) ، لاَ يَقْرَأ فِي شَيْءٍ مِنْهُنَّ ، ثُمَّ يُسَلِّمُ سِرّاً فِي نَفْسِهِ )) واتە: كەوا سوننەت وایە لە نوێـژی جەنازەدا پێشەوا (اللهُ أكْبَر) بكات پاشان (فَاتِحَةَ الكِتَاب) پاش(اللهُ أكْبَر)ی یەكەم بخوێنێت بە بێ دەنگی لە بەر خۆیەوە ، پاشان سەلاوات لە سەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) بدات ، وە دوعا بە(إِخْلاَص)ەوە بۆ مردوەكە بكات لە پاش سێ(اللهُ أكْبَر)كەی تر ، وە لە(اللهُ أكْبَر)ەكانی تردا هیچ قورئانی تێدا ناخوێنێت ، پاشان بە دەنگێكی نزم لە بەر خۆیەوە (سَلاَم) دەداتەوە _ بە لای ڕاستیدا _ [رواه الشافعي في الأم(١/٢٣٩٠-٢٤٠) ومن طريق البيهقي (٤/٣٩) وابن جارود (٢٦٥) عن الزهري عن ابي امامة بڕوانە أحكام الجنائز (ل١٢١-١٢٢)] .

## وە ئەم دوعایانە لە سوننەتدا هاتووە:

(أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لە سەر جەنازەیەك كرد و فەرمووی: (( اللَّهُمَّ إِغْفِرْ لِحَيِّنَا وَمَيِّتِنَا وَصَغِيْرِنَا وَكَبِيْرِنَا وَذَكَرِنَا وَأُنْثَانَا وَشَاهِدِنَا وَغَائِبِنَا ، اللَّهُمَّ مَنْ أَحْيَيْتَهُ مِنَّا فَأَحْيِهِ عَلَى الإِيْمَانِ وَمَنْ تَوَفَّيْتَهُ مِنَّا فَتَوَفَّهُ عَلَى الإِسْلَام ، اللَّهُمَّ لاَ تَحْرِمْنَا أَجْرَهُ وَلاَ تُضِلَّنَا بَعْدَهُ )) واتە: خوایە لە زیندو ومردو وگەورە وبچوك ونێر ومێ و ئامادە بوو وئامادە نەبوومان ببورە ، خوایە ئەوەمان بە زیندووی هێڵاوتەتەوە ئەوە لە سەر باوەڕ بیهێڵیتەوە ، وە ئەوەشمانت دەمرێنی لە سەر ئیسلام بیمرێنە ، خوایە لە پاداشتی ئەم مردوە بێ بەشمان مەكە وەلە دوای ئەوەش گومڕامان مەكە [رواه ابو داود(٣/٥٣٩/٣٢٠١) والترمذي (٣/٣٤٣/١٠٢٤) وابن ماجة(١/٤٨٠/١٤٩٨) وهو صحيح بڕوانە المشكاة(١٦٧٥) وصحيح إبن ماجة(١٢١٧)].

وە فەرموودەكەی (عَوْفُ بنُ مَالِكٍ الأَشْجَعِي)(خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو( ﷺ)كاتێ كە لە سەر جەنازە دەكرد دەیفەرموو: (( اللَّهُمَّ

منتدى إقرأ الثقافي

پاشان دوو(سَلاَم)دەداتەوە وەکو نوێژەکانی تر(٣٠٢)، وە دەتوانێت تەنها یەك (سَلاَم)یش بداتەوە(٣٠٣).

وە سوننەتە قورئان خوێندنەکە بە دەنگی نزم بێت(٣٠٤)،

إغفِرْ لَهُ وَارْحَمْهُ وَاعْفُ عَنْهُ وَعَافِهِ وَأكْرِمْ نُزُلَهُ وَوَسِّعْ مَدْخَلَهُ وَاغْسِلْهُ بِمَاءٍ وَثَلْجٍ وَبَرَد ، وَنَقِّهِ مِنَ الخَطَايَا كَمَا يُنَقِّي الثَّوْبُ الأَبْيَضُ مِنَ الدَّنَسِ ، وَأبْدِلْهُ دَاراً خَيْراً مِنْ دَارِهِ ، وَأهْلاً خَيْراً مِنْ أهْلِهِ وَزَوْجَاً خَيْراً مِنْ زَوْجِهِ ، وَقِهِ فِتْنَةَ القَبْرِ وَعَذَابَ النَّارِ )) واتە: خوایە لێی ببورە و بەزەیت پێیدا بێتەوە و عەفوی بکە و بیپارێزە ، وە ڕێزی لێ بگرە وشوێنی چاك بکە ، وە بیشۆرەوە لە گوناهەکانی بە ئاو و بەفر و تەرزە ، وە پاکی بکەرەوە وەك چۆن جلی سپی لە چڵك پاك دەکرێتەوە ، وە ماڵێکی بدەرێ لە ماڵەکەی دونیای باشتر بێت ، وە کەس وکارێك لە کەس وکاری خۆی باشتر ، وە ژنێك لە ژنەکەی خۆی باشتر ، وە بیپارێزە لە فیتنەی گۆڕ و سزای دۆزەخ . (عَوْف) فەرمووی: جا ئاواتە خواز بووم کەوا من ئەو مردوە بوایەم ، بۆ ئەو دوعایەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە بۆی کرد [رواه مسلم (٣/٥٩–٦٠) والنسائي(١/٢٧١)وابن ماجة(١/٤٢٥٦)].

(٣٠٢) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن مَسْعُود) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( ثَلاَثُ خِلاَلٍ كَانَ رَسُوْلُ الله( ﷺ)يَفْعَلُهُنَّ ، تَرَكَهُنَّ النَّاسُ ، إحْدَاهُنَّ التَّسْلِيْمُ عَلَى الجَنَازَةِ مِثْل التَّسْلِيْم فِي الصَّلاَةِ )) واتە: سێ(٣) شت پێغەمبەری خوا ( ﷺ) دەیکرد ، ئێستا خەڵکی وازیان لێ هێناوە ، یەکێکیان (سَلاَم) دانەوەی جەنازەی وەك (سَلاَم) دانەوەی نوێژ دەدایەوە [رواه البيهقي (٤/٤٣) وقال النووي ( في المجموع (٥/٢٣٩) اسناده جيد ، وفي مجمع الزوائد(٣/٣٤)قال: رواه الطبراني في الكبير ورجاله ثقات ، وبالجملة فإنَّ إسناده حسن بروانه أحكام الجنائز(ل١٢٧)].

(٣٠٣) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة)(خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أَنَّ رَسُوْلَ اللهِ ( ﷺ) صَلَّى عَلَى جَنَازَةٍ فَكَبَّرَ عَلَيْهَا أرْبَعاً ، وَسَلَّمَ تَسْلِيْمَةً وَاحِدَةً )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لە سەر جەنازەیەك کرد ، جا چوار (اللهُ أكْبَر)ی کرد و یەك (سَلاَم)ی دایەوە [أخرجه الدار قطني (١٩١) والحاكم (١/٣٦٠) وإسناده حسن بروانه احكام الجنائز(ل١٢٨)].

(٣٠٤) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو أُمَامَة) بڕوانە(پ ٣٠١) .

منتدى إقرأ الثقافي

وە دەست تەنها بۆ(اللَّهُ أكبَر)ی یەکەمی بەرز بکاتەوە[٣٠٥]، وە دەستی ڕاستی بخاتە سەر دەستی چەپی ولە سەر سینگی داینێ، هەر وەکو نوێژەکانی تر[٣٠٦]، وە سوننەتە پێشەوا خەڵکەکە بکاتە سێ ڕیزەوە[٣٠٧]،

(٣٠٥) لە بەر فەرموودەکەی (أبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) (( أنَّ رَسُولَ الله (ﷺ) كَبَّرَ عَلَى جِنَازَةٍ فَرَفَعَ يَدَيْهِ فِي أوَّلِ تَكْبِيرَةٍ ، وَوَضَعَ اليُمْنَى عَلَى اليُسْرَى )) واتە: کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) (اللَّهُ أكبَر)ی لە سەر جەنازە دەکرد ، وە هەردوو دەستی بەرز دەکردەوە لە(اللَّهُ أكْبَرِ) یەکەمدا ، وە دەستی ڕاستی لە سەر دەستی چەپی دادەنا [رواه الترمذي (١٦٥/٢) والدار قطني(١٩٢) وهذا الحديث سنده ضعيف ولكن يشهد له حديث إبن عباس التالي الذي أخرجه الدار قطني ، بڕوانە أحكام الجنائز(ل١١٦) ].

وە فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عَبَّاس)(خوایان لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی (( أنَّ رَسُولَ اللهِ كَانَ يَرْفَعُ يَدَيْهِ عَلَى الجَنَازَةِ فِي أوَّلِ تَكْبِيرَةٍ ، ثُمَّ لاَ يَعُودُ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەردوو دەستی بەرز دەکردەوە لە سەر جەنازە لە(اللَّهُ أكبَر)ی یەکەمدا ، پاشان دوو بارەی نەدەکردەوە [رواه الدار قطني بڕوانە أحكام الجنائز (ل١١٦)].

(٣٠٦) لە بەر فەرموودەکەی (أبُو هُرَيْرَة)ی پێشوو بڕوانە (پ٣٠٥) .

وە هەروەها بڕوانە (پ١٤٦) .

(٣٠٧) لە بەر فەرموودەکەی (أبُو أمَامَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( صَلَّى رَسُولُ اللهِ (ﷺ) عَلَى جِنَازَةٍ وَمَعَهُ سَبْعَةُ نَفَرٍ ، فَجَعَلَ ثَلاَثَةَ صَفّاً ، وَإثْنَيْنِ صَفّاً ، وَإثْنَيْنِ صَفّاً )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لە سەر جەنازەیەك کرد و حەوت کەسی لە گەڵ دابوو ، جا سیانی کردە ڕیزێك وە دووانیشی کرد بە ڕیزێکی تر وە دووی تریشی کردە ڕیزێك [رواه الطبراني في الكبير قال الهيثمي في المجمع (٤٣٢/٣)].

وە ئەم فەرموودەیە بە هێز دەبێت بە فەرموودەکەی (مَالِكُ بنُ هُبَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَمُوتُ فَيُصَلِّي عَلَيْهِ ثَلاَثَةُ صُفُوفٍ مِنَ المُسْلِمِينَ إلاَّ أوْجَبَ ( وفي لفظ: إلاَّ غُفِرَ لَهُ ) )) واتە: هیچ موسوڵمانێك نییە بمرێت ، و سێ ڕیز لە موسوڵمانان نوێژی لە سەر بکەن ئیللا خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش دەبێت [رواه ابو داود (٣١٥٠/٤٤٨/٨) مع العون والترمذي (١٠٣٣/٢٤٦/٢) وابن ماجة (١٤٩٠/٤٧٨/١) وغيرهم وهو حديث حسن بڕوانە احكام الجنائز (ل١٠٠)].

منتدى إقرأ الثقافي

**وە چەند کۆمەڵەکە زۆرتر بن ئەوە باشترە و سوود بەخش ترە بۆ مردوەکە(٣٠٨)، وە دروستە لە مزگەوتدا نوێژی لە سەر بکرێت(٣٠٩)، بەڵام لە دەرەوە و لە شوێنێکی دیاری کراودا بۆ نوێژی مردو باشترە(٣١٠)، وە قەدەغە کراوە لە ناو گۆڕستاندا نوێژی لە سەر بکرێت(٣١١)،**

(٣٠٨) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة)(خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **مَا مِنْ مَيِّتٍ تُصَلِّي عَلَيْهِ أُمَّةٌ مِنَ المُسْلِمِيْنَ يَبْلُغُوْنَ مِائَةً كُلُّهُمْ يَشْفَعُوْنَ لَهُ ، إِلاَّ شَفَعُوْا فِيْهِ ( وفي حديث آخر: غُفِرَ لَهُ )** )) واتە: هەر مردویەك بمرێت ، جا کۆمەڵێك لە موسوڵمانان نوێژی لە سەر بکەن ، کە ژمارەیان بگات بە سەد کەس ، هەموویان تکای بۆ بکەن (ئیللا) خوای گەورە لێی خۆش دەبێت [رواه مسلم (٢/٦٥٤/٩٤٧) والترمذي وصححه (٢/٢٤٧/١٠٣٤) والنسائي(٤/٧٥)] .

وە فەرموودەکەی ( إِبْنُ عَبَّاس)(خوایان لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **مَا مِنْ رَجُلٍ مُسْلِمٍ يَمُوْتُ ، فَيَقُوْمُ عَلَى جَنَازَتِهِ أَرْبَعُوْنَ رَجُلاً ، لاَ يُشْرِكُوْنَ بِاللهِ شَيْئَاً إِلاَّ شَفَّعَهُمُ اللهُ فِيْهِ** )) واتە: هەر پیاوێکی موسوڵمان بمرێت ، جا چل پیاو لە موسوڵمانان نوێژی لە سەر بکەن ، شەریك بۆ خوا بڕیار نەدەن (ئیللا) خوای گەورە تکاکەیان وەردەگرێت [رواه مسلم (٢/٦٥٥/٩٤٨) وابو داود (٨/٤٥١/٣١٥٤مع العون ) وغيرهما].

(٣٠٩) لە بەر فەرموودەکەی(عَبَّادُ بْنُ عَبْدُاللهِ بْنِ الزُّبَيْر ) کەوا فەرمووی: (( **أَنَّ عَائِشَةَ أَمَرَتْ أَنْ يُمَرَّ بِجَنَازَةِ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ فِي المَسْجِدِ ، فَتُصَلِّي عَلَيْهِ ، فَأَنْكَرَ النَّاسُ ذَلِكَ عَلَيْهَا ، فَقَالَتْ: مَا أَسْرَعَ مَا نَسِيَ النَّاسُ ! مَا صَلَّى رَسُولُ اللهِ (ﷺ) عَلَى سُهَيْلِ ابْنِ البَيْضَاءِ إِلاَّ فِي المَسْجِدِ** )) واتە: (عَائِشَة)(خوای لێ رازی بێت) فەرمانی کرد کەوا جەنازەکەی (سَعْدُ بْنُ أَبِي وَقَّاص) بە ناوی مزگەوتدا تێپەڕێنن ، بۆ ئەوەی نوێژی لە سەر بکات ، جا خەڵکی ڕەخنەی ئەوەیان لێ گرت ، جا فەرمووی : چەند زوو خەڵکی لە بیریان چوو ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەر (سُهَيْلُ بنُ بَيْضَاء) نوێژی نەکرد (ئیللا) لە ناو مزگەوتدا نەبێت [رواه مسلم (٢/٦٦٨/٩٧٣) وغيره].

(٣١٠) لە بەر فەرموودەکەی(أَبُو هُرَيْرَة)(خوای لێ رازی بێت) بڕوانە(پ٢٩٨) .

(٣١١) لە بەر فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **أَنَّ النَّبِيَّ( ﷺ) نَهَى أَنْ يُصَلَّى عَلَى الجَنَائِزِ بَيْنَ القُبُورِ** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە کەوا نوێژ لە سەر جەنازە بکرێت لە ناو گۆڕستاندا [أخرجه الطبراني في المعجم الاوسط (١/٨٠/٢) وقال الهيثمي في المجمع (٣/٣٦) واسناده حسن ، بروانە أحكام الجنائز(ل١٠٨)].

منتدى إقرأ الثقافي

## وە نوێژی مردو لە سەر شەهیدی جەنگ و منداڵی پێ نەگەیشتوو پێویست نییە(٣١٢) .

(٣١٢) لە بەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِاللهِ) بڕوانە (پ٢٨٦) .

وە لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَةَ)(خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : (( مَاتَ إِبْرَاهِيمُ إِبْنُ النَّبِيِّ (ﷺ) وَهُوَ إِبْنُ ثَمَانِيَةَ عَشَرَ شَهْراً فَلَمْ يُصَلِّ عَلَيْهِ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) )) واتە: (إِبْرَاهِيم)ی کوڕی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد کاتێك کە تەمەنی هەژدە مانگ بوو ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لە سەر نەکرد [رواه ابو داود (٣١٨٧/٤٧٦/٨) مع العون وهو حديث حسن الإسناد بڕوانە صحيح ابی داود(٢٧٢٩)].

### چەند تێبینیەك:

**یەکەم : دروستە نوێژ لە سەر ئەمانە بکرێت :**

(أ) **منداڵ هەتا ئەگەر لە باریش چوو بێت** ، لە بەر فەرموودەکەی (المُغيْرَةُ بنُ شُعْبَةَ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( ... وَالطِّفْلُ ( وفي رواية:السِّقْطُ ) يُصَلَّى عَلَيْهِ ، وَيُدْعَى لِوَالِدَيْهِ بِالمَغْفِرَةِ وَالرَّحْمَةِ )) واتە: ... وە منداڵ نوێژی لە سەر دەکرێت ، وە دوعای لێبوردن وبەزەیی بۆ باوك و دایکی دەکرێت [رواه ابو داود (٦٥/٢) وابن ماجة(١/رقم/١٥٠٧)والنسائي (٢٧٥/١) والترمذي رقم(١٠٤٢) وغيرهم وقال ابو داود وابن حبان (السقط)بدل(الطفل)وهو رواية للحاكم والبيهقي واحمد والحديث صحيح ، بڕوانە أحكام الجنائز(ل٧٣،٨٠) وصحيح إبن ماجه(١٢٢٤)].

(السِّقْط) : واتە منداڵی لە بار چوو .

(ب) **شەهید** ، فەرموودە زۆرە لە سەر ئەوەی کەوا دروستە نوێژی لە سەر بکەیت لەوانە فەرموودەکەی (شَدَّادُ بنُ الهَادِ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أَنَّ رَجُلاً مِنْ الأَعْرَابِ جَاءَ إِلَى النَّبِيِّ ( ﷺ) فَآمَنَ بِهِ وَاتَّبَعَهُ ، ثُمَّ قَالَ: أُهَاجِرُ مَعَكَ .. فَلَبِثُوا قَلِيلاً ، ثُمَّ نَهَضُوْا فِي قِتَالِ العَدُوِ، فَأُتِيَ بِهِ النَّبِيُّ ( ﷺ) يُحْمَلُ قَدْ أَصَابَهُ سَهْمٌ .. ثُمَّ كَفَّنَهُ النَّبِيُّ ( ﷺ) فِي جُبَّتِهِ ، ثُمَّ قَدَّمَهُ فَصَلَّى عَلَيْهِ .. )) واتە: کەوا پیاوێکی دەشتەکی هات بۆ لای پێغەمبەری خوا ( ﷺ) جا باوەڕی پێ هێنا و شوێنی کەوت ، پاشان ووتی : لە گەڵتدا کۆچ دەکەم ، ... پاشان هەڵسان بۆ جەنگی دوژمن ، جا هێنایان بۆ لای پێغەمبەری خوا ( ﷺ) هەڵگیرا بوو تیرێك لێی دابوو ... پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) کفنی کرد بە(جُبَّە)کەی خۆی ، پاشان پێشی خست و نوێژی لە سەر کرد ... [رواه النسائي (٢٧٧/١) والطحاوي في شرح المعاني (٢٩١/١) والحاكم (٥٩٥/٣)والبيهقي(٤/١٥-١٦) وإسناده صحيح بڕوانە أحكام الجنائز (ل٦١)].

منتدى إقرأ الثقافي

..........................................

**(ج) کەسێک لە (حَدّ)ێکی خوادا بکوژرێتەوە** ، لە بەر فەرموودەکەی (عُمْرَانُ بنُ حُصَيْن) (خوای لیّ رازی بێت) کەوا فەرمووی: ئافرەتێك لە(جُهَيْنَة) هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و(حَامِلَه)بوو لە (زِنَا) ، جا ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا من تووشی (حَدّ)ێك هاتووم ، لە سەرم بە جێی بهێنە ، جا پێغەمبەری خوایش بانگی سەرپەرشتیار(وَلِي)ەکەی کرد وفەرمووی: (( أَحْسِنْ إِلَيْهَا ، فَإِذَا وَضَعَتْ فَأْتِنِي بِهِ )) واتە: چاك بە لە گەڵیدا ، ئەگەر سکی دانا ئەوە بیهێنەوە بۆ لام . ئەویش جێ بە جێی کرد ، ... جا فەرمانیدا بەرد باران کرا ، پاشان نوێژی لە سەر کرد ، جا (عُمَر) فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو(زِنَا)ی کردووە ، تۆیش نوێژی لە سەر دەکەیت ؟ پێغەمبەری خوایش فەرمووی: (( لَقَدْ تَابَتْ تَوْبَةً لَوْ قُسِمَتْ بَيْنَ سَبْعِينَ مِنْ أَهْلِ الْمَدِينَةِ لَوَسِعَتْهُمْ ، وَهَلْ وَجَدَتْ تَوْبَةً أَفْضَلَ مِنْ أَنْ جَادَتْ بِنَفْسِهَا لِلَّهِ تَعَالَى ؟ )) واتە: لە ڕاستیدا پەشیمان بوونەوەیەك پەشیمان بۆتەوە ئەگەر دابەش بکرێتە سەر هەفتا کەس لە خەڵکی (مَدِينَه)دا بەشیان دەکات ... [رواه مسلم (١٢١/٥) وأبوداود (٢٣٣/٢) وغيرهما].

**(د) لە سەر کەسێکی تاوانبار وەك ، کەسێك خۆی کوشتبێت ، یان دزی لە دەستکەوتی جەنگی کردبێت یان قەرزار بێت و نەیبێت بیداتەوە وکەس بۆی نەداتەوە و ...** ، ئەمانە زانایان جیاوازن ئایە نوێژیان لە سەر دەکرێت یان نە ، **هەندێکیان دەڵێن:** لە سەر هەموو کەسێك کە(أَهْلُ القِبْلَه)بێت نوێژ دەکرێت ، با چەند تاوانباریش بێت — بەڵام لە ئیسلام دەرنەچووبێت _ ئەمەش ڕای (سُفْيَانُ الثَّوْرِي و إِسْحَاق)ە .

وە ئیمامی (أَحْمَد) دەفەرمێ: پێشەوا نوێژ لە سەر کەسێك ناکات خۆی کوشتبێت ، بەڵام کەسانی تر نوێژی لە سەر دەکەن .

وە (شَيْخ الإِسْلاَم إِبْنُ تَيْمِيَة) (ڕەحمەتی خوای لیّ بێت) دەفەرمێ: هەر کەسێك نوێژ نەکات لە سەریان بۆ ئەوەی ببنە پەند بۆ کەسانێکی تر وەك ئەوان ، ئەوە چاکە ، وە ئەگەر لە ڕووکەش(ظَاهِر)دا نەیکات بەڵام لە پاش ملەدا بیکات ، بۆ ئەوەی هەردوو بەرژەوەندی(مَصْلَحَة)ەکە کۆ بکاتەوە ئەوە پێشترە لەوەی یەکێك لە بەرژەوەندیکان بفەوتێت [الإختيارات العلمية (ل٥٢) بڕوانە احكام الجنائز (ل٨٢-٨٤)].

منتدى إقرأ الثقافي

..............................

**(هـ) کەسێک لە وڵاتێکدا بمرێت کەس نوێژی لە سەر نەکردبێت:** ئەوە دروستە نوێژی لە سەر بکەیت لە شوێنی خۆتەوە بە(صَلاَةُ الغَائِب) ، لە بەر فەرموودەکەی (أَبُوهُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ) نوێژی(غائب)ی لە سەر (نَجَاشِي) کرد [رواه البخاري (٣/٩٠،١٤٥،١٥٥،١٥٧) ومسلم (٣/٥٤) وبقية الجماعة ، وە هەروەها بڕوانە (پ٢٩٨) ، واحكام الجنائز (ل٨٩-٩٢)].

***دووەم:* وە حەرامە نوێژ کردن و داوای لێ بوردن و بەزەیی لە خوای گەورە بۆ بێ باوەڕو دووڕووەکان (الكُفَّار والمُنَافِقِيْن)**

لە بەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (التوبة: ٨٤)دا کە دەفەرمێ: ﴿ وَلاَ تُصَلِّ عَلَى أَحَدٍ مِنْهُمْ مَاتَ أَبَداً وَلاَ تَقُمْ عَلَى قَبْرِهِ إِنَّهُمْ كَفَرُواْ بِاللهِ وَرَسُولِهِ وَمَاتُواْ وَهُمْ فَاسِقُوْنَ ﴾ واتە: ئەی موحەممەد هەر کاتێك یەکێك لەوانە مرد ، ئەوە هەرگیز نوێژی لە سەر مەکە ، وە لە سەر گۆڕەکەیشی ڕامەوەستە — دوعای بۆ بکەی _ بە ڕاستی ئەوانە بێ باوەڕ بوون بە خوا و بە پێغەمبەرەکەی خوا ، وە هەر بە کافریش مردن .

وە هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە لە بارەی (عَبْدُالله بن أُبَي)یەوە بوو کە دووڕوو(مُنَافِق) بوو ، کاتێك کە مرد پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لە سەر کرد ، جا خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند ، ئیتر پاش ئەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لە سەر هیچ دوو ڕوویەك نەکرد .. [رواه البخاري (٣/١٧٧) ومسلم (٧/١١٦) وغيرهما عن إبن عمر].

***سێیەم:* دروستە نوێژ لە سەر گۆڕ بکرێت پاش ئەوەی مردووەکە بخرێتە گۆڕ**

لە بەر فەرموودەکەی (أَبو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) بڕوانە (پ٢٩٥) .

وە ئەو قەدەغە کردنەی فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ رازی بێت) کە لە (پ٣١١)دا باسمان کرد بۆ کاتێکە کە لە گۆڕ نەنرابێت و توانای ئەوە هەبێت لە دەرەوەی گۆڕستان نوێژی لە سەر بکرێت (وَاللهُ أَعْلَم) .

منتدى إقرأ الثقافي

# هەڵگرتنی جەنازە وپاداشتی شوێن کەوتنی
# ( حَمْلُ الجَنَازَةِ وَأجْرِ إتِّبَاعِهَا )

هەڵگرتنی جەنازە وشوێن کەوتنی پێویستە لە سەر موسوڵمانان[٣١٣]، وە پاداشتێکی زۆریشی هەیە بۆ پیاوان[٣١٤]، وە شوێن کەوتنیشی بە گریان بە دەنگی بەرزەوە یان بە ئاگرەوە دروست نییە[٣١٥].

---

(٣١٣) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە(پ٢٧٤) .

(٣١٤) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ صَلَّى عَلَى جَنَازَةٍ وَلَمْ يَتْبَعْهَا فَلَهُ قِيْرَاطٌ ، فَإِنْ تَبِعَهَا فَلَهُ قِيْرَاطَانِ ، قِيلَ: وَمَا القِيْرَاطَانِ ؟ قَالَ: أَصْغَرُهُمَا مِثْلُ أُحُدٍ )) واتە: هەر کەسێك نوێژ لە سەر جەنازە بکات وشوێنی نەکەوێت ئەوە (قِيْرَاط)ێك چاکەی بۆ دەنوسرێت ، جا ئەگەر شوێنیشی بکەوێت ئەوە دوو (قِيْرَاط)ی بۆ هەیە ، ووتیان دوو(قِيْرَاط) چی یە ؟ فەرمووی: بچووك ترینیان وەك کێوی (أُحُد)ە [رواه مسلم (٢/٦٥٣/٩٤٥) وغيره ] .

بەڵام بۆ ئافرەتان باش نییە شوێنی جەنازە بکەون ، لە بەر فەرموودەکەی (أُمِّ عَطِيَّة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( نُهِينَا عَنْ إتِّبَاعِ الجَنَازَةِ وَلَمْ يُعْزَمْ عَلَيْنَا )) واتە: قەدەغەمان لە سەر کرا کەوا شوێنی جەنازە بکەوین - مەبەست ئافرەتانە- بەڵام (عَزْم)یش نەکرا لە سەرمان [رواه البخاري (٣/١٤٤/١٢٧٨) ومسلم (٢/٦٤٦/٩٣٨) وغيرهما].

(٣١٥) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لاَ تُتْبَعُ الجَنَازَةُ بِصَوْتٍ وَلاَ نَارٍ )) واتە: نابێت شوێنی جەنازە بکەویت بە دەنگەوە ، وە بە ئاگریشەوە [رواه ابوداود (٨/٤٥٣/٣٥٥) وأحمد (٢/٤٢٧) وهو حديث حسن بشواهده بڕوانە أحكام الجنائز(ل٧٠)] .

وە(عَمْرُو بنُ العَاص)یش لە وەسییەت کردنەکەیدا فەرمووی: (( فَإِذَا أَنَا مِتُّ فَلاَ تَصْحَبنِي نَائِحَةٌ وَلاَ نَارٌ )) واتە: جا ئەگەر من مردم ئەوە با شیوەن کەر و ئاگر هاوڕێتیم نەکەن [رواه مسلم (١/٧٨) وأحمد (٤/١٩٩)].



منتدى إقرأ الثقافي

**یان بە زیکرکردن بە دەنگی بەرز[٣١٦] ، وە پێویست(واجِب)ە بە ڕێ کردنی خێراوە بەرەو گۆڕستان ببرێت[٣١٧] ، وە دروستە لە پێشی جەنازە و لە پاشیێوە ، لە لای ڕاستیێوە و لە لای چەپیێوە ڕێ بکرێت[٣١٨] ، ئەگەر چی باشتر وایە شوێنی بکەوێت[٣١٩] ،**

(٣١٦) لە بەر ووتەکەی (قَيسُ بنُ عَبَّاد) کەوا فەرمووی: (( **كَانَ أَصْحَابُ النَّبِيِّ (ﷺ) يَكْرَهُوْنَ رَفْعَ الصَّوْتِ عِنْدَ الجَنَائِزِ** )) واتە: هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێیان ناخۆش بوو لە کاتی – هەڵگرتنی – جەنازەدا دەنگ بەرز بکرێتەوە [رواه البيهقي (٧٤/٤) ورجاله ثقات بروانه أحكام الجنائز(ل٧١)] .

وە لە بەر ئەوەی لاسایی کردنەوەی گاوورەکانە ، چونکە ئەوان بە دەنگی و بە ئاوازەوە ئینجیل دەخوێنن وزیکر دەکەن [بروانه الأذكار للنووي (ل ٢٠٣)] .

وە لە هەمووی خراپتریش ئەو مۆسیقا لێدانەیە کە پێشی جەنازەکەی دەخەن لە هەندێك لە ووڵاتە بە ناو ئیسلامیەکان ، کە لاسایی بێ باوەڕانی پێ دەکەنەوە [بروانه أحكام الجنائز (ل٧١)].

(٣١٧) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بروانە (پ ٢٧٨) .

(٣١٨) لە بەر فەرموودەکەی (المُغِيْرَةُ بنُ شُعْبَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **الرَّاكِبُ خَلْفَ الجَنَازَةِ ، وَالمَاشِي حَيْثُ شَاءَ مِنْهَا** )) واتە: ئەوەی سوارە لە پشت جەنازەوە _ ڕێ بکات _ ، وە ئەوەی بە پێ ڕێ دەکات با لە هەر شوێنێکەوە ویستی لە سەرێتی _ ڕێ بکات _ [رواه أبوداود (٣١٦٤/٤٦٧/٨) مع العون والترمذي (١٠٣٦/٢٤٨/٢) والنسائي (٥٥/٤) وهو حديث صحيح بروانه صحيح الجامع(٣٥٣٣)].

(٣١٩) چونکە مەبەست لە (إِتِّبَاعُ الجَنَازَة) شوێن کەوتنی جەنازەیە ، ئەوەیش ئەوە دەگەیەنێت کەوا شوێنی بکەوێت .

وە هەروەها لە بەر (أَثَر)ەکەی (عَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : (( **المَشْيُ خَلْفَهَا أَفْضَلُ مِنَ المَشْيِ أَمَامَهَا ، كَفَضْلِ صَلَاةِ الرَّجُلِ فِي جَمَاعَةٍ عَلَى صَلَاتِهِ فَذّاً** )) واتە: ڕێ کردن لە پشتی جەنازەوە چاکترە لە ڕێ کردن لە پێشیەوە ، وەکو چاکی کەسێکە کە نوێژی بە کۆمەڵ کردبێت ، لە گەڵ کەسێکدا کە بە تەنها بیکات [رواه البيهقي(٢٥/٤) وابن ابي شيبة في المصنف (١٠١/٤) والطحاوي (٢٧٩/١) واحمد رقم(٧٥٤) وكذا إبن حزم في المحلى(١٦٥/٥) وسعيد بن المنصور من طريقين عنه . وهو أثر حسن بروانه أحكام الجنائز (ل٧٤)].

منتدى إقرأ الثقافي

بەڵام بۆ سوار هەر دەبێت تەنها شوێنی بکەوێت(٣٢٠)، وە سوننەتە بۆ ئەو کەسەی هەڵی دەگرێت دەست نوێژ بگرێتەوە(٣٢١)، وە سوننەتە بۆ خەڵکەکە هەموویان کاتێك دەگەنە گۆڕستان(سَلاَم) لە ئەهلی گۆڕستان بکەن و دوعای گۆڕستانیان بۆ بخوێنن(٣٢٢).

## چوارەم : ژێر خاك کردنی مردوو (دَفْنُ المَيِّتِ)

ژێر خاك کردنی وناشتنی مردو پێویست(وَاجب)ە(٣٢٣)،

(٣٢٠) لە بەر فەرموودەکەی (مُغيْرَه)ی پێشوو بڕوانە (پ ٣١٨) .

(٣٢١) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لیٚ رازی بێت) بڕوانە (پ٦٦) .

(٣٢٢) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَـة) (خـوای لیٚ رازی بێـت) کـەوا فـەرمووی: ووتم : ئەی چۆنیان پیٚ بڵێم ئەی پێغەمبەری خوا ؟ ئەویش فەرمووی: بڵـێ: (( السَّلاَمُ عَلَى أَهْلِ الدِّيَارِ مِنَ المُؤْمِنِيْنَ وَالمُسْلِمِيْنَ وَيَرْحَمُ اللهُ المُسْتَقْدِمِيْنَ مِنَّا وَالمُسْتَأْخِرِيْنَ ، وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللهُ بِكُمْ لاَحِقُوْنَ )) [رواه مسلم (٢/٦٦٩/٩٧٤) والنسائي (٤/٩٤)].

وە فەرموودەکەی (سُلَيْمَانُ بنُ بُرَيْدَةَ عَنْ أَبِيْهِ) (خـوای لیٚ رازی بێـت) کـەوا فـەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فێری دەکـردن کـاتێك دەردەچـوون بـۆ گـۆڕسـتان بڵێـن: (( السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الدِّيَارِ مِنَ المُؤْمِنِيْنَ وَالمُسْلِمِيْنَ ، وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللهُ بِكُمْ لاَحِقُوْنَ ، أَسْأَلُ اللهَ لَنَا وَلَكُمُ العَافِيَةَ)) [رواه مسلم (٢/٦٧١/٩٧٥) والنسائي (٤/٩٤)].

(٣٢٣) لە بەر فەرموودەکەی (هِشَامُ بنُ عَامِر) (خوایان لیٚ رازی بێت) کـەوا فـەرمووی: لە ڕۆژی (أُحُد)دا سکاڵایان بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێنا لەو هەموو کوژراو و زامدارانە ، جا ئەویش فـەرمووی: (( إِحْفِرُوْا وَأَوْسِعُوْا ، وَأَعْمِقُوْا ، وَأَحْسِنُوْا ، وَادْفِنُوْا الإِثْنَيْنِ وَالثَّلاَثَةَ فِي القَبْرِ ، وَقَدِّمُوْا أَكْثَرَهُمْ قُرْآنَاً ، قَالَ: فَكَانَ أَبِي ثَالِثُ ثَلاَثَةٍ ، وَكَانَ أَكْثَرُهُمْ قُرْآنَاً ، فَقُدِّمَ )) واتە: چاڵ بکـەن و فـراوان و جوانـی بکەنـەوە ، وە دوو دوو و سیٚ سیٚ بیانتێژن لە گۆڕێکدا ، وە ئەوەیان پێش بخـەن کـە زیـاتر قورئـانی لەبـەرە ، فـەرمووی: جا باوکم لە گەڵ سیٚ کەسدا خرایە گۆڕێکەوە ، وە لەوان قورئانی زیاتر لەبەر بوو ، بۆیە پێـش خـرا [رواه النسـائي (٤/٨٠/٢٠٠٩، ٢٠١٠) وأبـو داود(٣/رقـم/٣٢١٥) والـترمذي (٤/٢١٣/١٧١٣) وابـن ماجة(١/رقم/١٥٦٠)مختصراً وهو حديث صحيح بڕوانە الإرواء(٧٤٣) وصحيح النسائي(١٨٩٩)].

منتدى إقرأ الثقافي

**با بێباوەڕیش بێت[٣٢٤] ، وە باش وایە لە گۆڕستاندا بنێژرێت[٣٢٥] ، جگە لە شەهید کە باش وایە هەر لە جێگەی شەهید بوونیدا بنێژرێت[٣٢٦] ، وە دەبێت گۆڕەکەی قووڵ وفراوان وچاك بێت[٣٢٧] ،**

(٣٢٤) لە بەر ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (عَلِيُّ بنُ أبِي طَالب)ی (خوای لێ رازی بێت) فـەرموو کـاتێك کـە (أبـو طَـالِب) مـرد: (( إذْهَبْ فَوارِه )) واتـە: بڕۆ بیشارەوە [رواه النسائي (٤/٧٩) بروانه صحيح سنن النسائي (١٨٩٥)].

(٣٢٥) چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) مردوی موسوڵمانانی لە(البَقِيع)دا ژێر خاك دەکرد ، وەك بە(مُتَوَاتِر)ی پێمان گەیشتووە ، وە هەواڵی هیچ کەسێکمان پێ نەگەیشتووە کەوا لە گۆڕستاندا ژێر خاك نەکرابێت ، تەنها ئەوە نـەبێت کـە بـە(مُتَوَاتِـر)ی پێمـان گەیشـتووە کـە پێغەمبـەری خـوا ( ﷺ) خـۆی لــە ژوورەکـەی (عَائِشَـة)دا ژێـر خـاك کـرا ، ئەمـەش لـە تایبەتمەندێکانی پێغەمبەری خوایە( ﷺ) ، وەك لە فەرموودەکەی (عَائِشَة)دا هاتووە (خوای لێ رازی بێت) : کەوا کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد جیاوازی دروست بوو کەوا لـە کوێدا ژێر خاك بکرێت . جا (أبُوبَكر) (خوای لێ رازی بێت) فەرمووی: لە پێغەمبەری خـواوە شتێکم بیستوە لە یادم نەچۆتەوە فەرمووی: (( مَا قَبَضَ اللهُ نَبِيَّاً إلاَّ فِي المَوْضِعِ الَّذِي يُحِبُّ أنْ يُدْفَنَ فِيْه )) واتە: خوای گەورە گیانی هیچ پێغەمبـەرێکی نەکێشـاوە (ئیللا) لـەو شوێنەدا نەبێت کە پێی خۆش بووە تێیدا بنێژرێت . بۆیە هەر لە شوێنی جێگاکـەی خۆیـدا ناشتیان [رواه الترمذي (٢/٢٤٢/١٠٢٣) وهو حديث صحيح بروانه صحيح الجامع(٥٦٤٩)].

(٣٢٦) لـە بـەر فەرموودەکـەی (جَابِرُ بـنُ عَبْـدالله) (خوایـان لێ رازی بێـت): کـەوا فەرمووی: (( لَمَّا كَانَ يَوْمَ أحُدٍ ، حُمِلَ القَتْلَى لِيُدْفَنُوْا بِالبَقِيعِ ، فَنَادَى مُنَادِي رَسُوْلِ اللهِ ( ﷺ) : إنَّ رَسُوْلَ اللهِ ( ﷺ) يَأمُرُكُمْ أنْ تَدْفِنُوا القَتْلَى فِي مَضَاجِعِهِمْ )) واتـە: لـە ڕۆژی (أحُد)دا کوژراوەکان هەڵگیران بۆ ئەوەی لـە (البَقِيـع)دا ژێـر خـاك بکرێـن ، جـا بـانگ دەری پێغەمبەری خوا ( ﷺ) بانگی کرد: کەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمانتان پێ دەکات کەوا کوژراوەکان لە جێگاکانی خۆیـاندا ژێـر خـاك بکرێـن [رواه أبـو داود (٣/رقـم/٣١٦٥) والنسـائي (٤/٧٩/ رقـم:٢٠٠٣) والـترمذي (٣/١٣٠/١٧١٧) وابـن ماجـة(١/رقـم/١٥١٦) وهـو حديـث صحيـح بروانـه صحيـح إبـن ماجة(١٢٣٠) وصحيح النَّسَائي(١٨٩٢)].

(٣٢٧) لە بەر فەرموودەکەی (هِشَامُ بنُ عَامِر) (خوای لێ رازی بێت) ، بڕوانە (پ٣٢٣).



منتدى إقرأ الثقافي

وە دروستە بە شێوەی(لَحْد)بکرێت یان بە شێوەی(شَق) ، بەڵام(لَحْد)ەکە باشترە[٣٢٨] ، وە دەبێت پیاوان مردو بخەنە گۆڕەوە با مردوەکە ئافرەتیش بێت[٣٢٩] ، وە ئەگەر کەس وکاری مردوەکە خۆیان بینێژن ئەوە باشترە[٣٣٠] ،

(٣٢٨) لە بەر فەرموودەکەی (أَنَسُ بنُ مَالك) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( لَمَّا تُوفي النَّبِيُّ ( ﷺ) كَانَ بِالمَدِيْنَةِ رَجُلٌ يَلْحدُ ، وَآخَرٌ يَضْرَحُ ، فَقَالُوْا: نَسْتَخِيْرُ رَبَّنَا ، وَنَبْعَثُ إِلَيْهِمَا ، فَأَيُّهُمَا سَبَقَ تَرَكْنَاهُ ، فَأُرْسِلَ إِلَيْهِمَا ، فَسَبَقَ صَاحِبُ اللَّحْدِ ، فَلَحَدُوْا النَّبِيَّ( ﷺ) )) واتە: کاتێك پێغەمبەری خوا ( ﷺ) وەفاتی کرد ، لە(مَدِيْنَه)دا پیاوێك هەبوو (لَحْد)ی دەکرد وە یەکێکی تریش هەبوو (ضَرْح)ی دەکرد ، جا ووتیان هەڵبژاردنی دەدەینە دەست پەروەردگارمان ، ئێمە دەنێرین بە شوێنی هەردووکیاندا ، جا هەرکامیان لە پێشدا هاتن ئەوە ئەوەیان دەکەین ، جا ناردیان بە شوێنی هەردووکیاندا ، خاوەن (لَحْد)ەکەیان پێشدا ، بۆیە پێغەمبەریان (ﷺ) (لَحْد)کرد [رواه إبن ماجة (١/٤٩٦/١٥٥٧) والطحاوي (٤/٤٥) وأحمد (٣/٩٩) وهو حديث صحيح ، بڕوانە صحيح إبن ماجة(١٢٦٤)].

(لَحْد): ئەوەیە لە لاوە لە رووی قیبلەوە چاڵی بۆ بکرێت ، (شَق) یان (ضَرْح): ئەوەیە لە ژێرەوە چاڵ بکرێت وەك جۆگەی ئاو ... ئیمامی (النَّوَوِي) دەفەرمێ: زانایان کۆبوونەوەتەوە لە سەر ئەوەی کە (لَحْد) و (شَق) هەردووکیان دروستن ، بەڵام ئەگەر زەوییەکە رەق بوو نەدەروخا ئەوە (لَحْد)ەکە باشترە ، لە بەر ئەو بەڵگانەی پێشوو ، وە ئەگەر زەوییەکە زوو دەروخا ئەوە (شَق) چاکترە [بڕوانە المجموع شرح مهذب(٥/٢٨٧)].

(٣٢٩) لە بەر ئەوەی لە سەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵان و شوێنکەوتووان و شوێن کەوتووی شوێنکەوتووانەوە تا ئەمڕۆ هەر بەو شێوەیە هاتووە.. بڕوانە[ أحكام الجنائز (ل١٤٧)].

وە لە بەر فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ رازی بێت) کە لە (پ٣٣٠)دا باسی دەکەین.

(٣٣٠) لە بەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (الاحزاب: ٦)دا کە دەفەرمێ: ﴿ وَأُلُوْا الأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللهِ ﴾ واتە: وە لە کتێبی خوای گەورەدا خزمانی پشت پێشترن بۆ یەکتری .

وە لە بەر فەرموودەکەی (عَلي) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( غَسَلْتُ رَسُوْلَ اللهِ ( ﷺ) ، ... وَوَلِّـي دَفْنَهُ وَإِجْنَانه دُوْنَ النَّاسِ أَرْبَعَةٌ : عَلِيٌّ وَالعَبَّاسُ وَالفَضْلُ وَصَالِحُ مَوْلَى رَسُوْلِ اللهِ ( ﷺ) ، ..)) واتە: پێغەمبەری خوام ( ﷺ) شۆردەوە


منتدى إقرأ الثقافي

**وە لە لای پێی گۆڕەکەوە دادەبەزێنرێتە خوارەوە ، وە بە لای ڕاستدا ڕوو بەرەو قیبلە دادەنرێت (٣٣١)،**

... وە سەرپەرشتی لە ژێر خاك نانی و دابەزاندنی چوار كەس كردیان جگە لە هەموو خەڵك (عَلِيّ) و(العَبَّاس) و(الفَضْل) و(صَالِح)ی (مَوْلَى)ی پێغەمبەری خـوا (ﷺ) [رواه الحاكم (٣٦٢/١) والبيهقي (٥٣/٤) عنه بسند صحيح ، وصححه الحاكم على شرط الشيخين ووافقه الذهبي بڕوانە أحكام الجنائز(ل١٤٧)].

**تێبینی:**

وە دروستە مێرد خۆی سەرپەرشتی ناشتنی ژنی خۆی بكات ، لە بەر فەرموودەكە (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ ٢٨٢) وە هەروەها ڕێگایەكی تری هەیە ، بڕوانە [أحكام الجنائز للألباني (ل ١٤٨)] .

بەڵام ئەوە بە مەرجێك دروستە ئەگەر لەو شەوەدا جووت نەبووبێت لە گەڵ ئافرەتدا ، جا ئەگەر جووت بووبێت ، ئەوە كەسێكی تر ئەو كارە ئەنجام دەدات با (مَحْرَم)یش نەبێت ، بەڵام بە مەرجێك ئەویش لەو شەوەدا جووت نەبووبێت لە گەڵ ئافرەت دا ، لە بەر فەرموودەكەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: لە گەڵ پێغەمبەری خوادا بووین (ﷺ) جەنازەی كچێكیمان بۆ گۆڕستان برد ، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەر گۆڕەكە دانیشتبوو ، بینیم چاوەكانی فرمێسكی لێدەڕژا ، پاشان فەرمووی: (( **هَلْ مِنْكُمْ مِنْ رَجُلٍ لَمْ يُقَارِفِ اللَّيْلَةَ [أَهْلَهُ]** ؟ )) واتە: هیچ كەسێكتان هەیە ئەم شەو جووت نەبووبێت لە گەڵ خێزانیدا ؟ (أَبُو طَلْحَة) فەرمووی: بەڵێ ، من ئەی پێغەمبەری خوا ، فەرمووی: (( **فَانْزِلْ** )) واتە: دە دابەزە . ئەویش دابەزیە ناو گۆڕەكەی ، جا خستیە ناو گۆڕەكە [رواه البخاري (٢٠٨/٣/١٣٤٢) وغيره ، جا لە ڕیوایەتی ئیمامی أحمد (٢٢٩/٣-٢٧٠) والحاكم (٤٧/٤) دا هاتوە: ... جا(عُثْمَانُ بنُ عَفَّان) _ كە پیاوی خۆی بوو _ ڕاوەستا بوو نەچووە ناو گۆڕەكەوە ] .

ئیمامی (النَّوَوِي) دەفەرمێ: ئەم فەرموودەیە لەو فەرموودانەیە كە دەكرێتە بەڵگە لە سەر ئەوەی پیاوان سەرپەشتی ناشتنی مردو دەكەن ، هەتا ئەگەر مردوەكە ئافرەتیش بێت [بڕوانە المجموع (٢٨٩/٥)].

(٣٣١) لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو إِسْحَاق) كەوا فەرمووی: (( **أَوْصَى الحَارِثُ أَنْ يُصَلِّي عَلَيْهِ عَبْدُ اللهِ بْن يَزِيد ، فَصَلَّى عَلَيْهِ ، ثُمَّ أَدْخَلَهُ القَبْرَ مِنْ قِبَلِ رِجْلَي القَبْرِ ، وَقَالَ: هَذَا مِنَ السُّنَّةِ** )) واتە: ( الحَارِث) وەسیەتی كرد كەوا (عَبْدُالله بن يَزِيد) (خوای لێ ڕازی بێت) ، نوێژی لە سەر بكات ، جا ئەویش نوێژی لە سەر كرد ، پاشان لە لای هەردوو



منتدى إقرأ الثقافي

وە سوننەتە ئەو کەسەی دەیخاتە گۆڕەوە بڵێ: (بِسْمِ اللهِ وَعَلَى مِلَّةِ رَسُولِ اللهِ)[٣٣٢]، وە سوننەتە سێ چنگ خۆڵ بە سەری دابکەی[٣٣٣]، وە دروستە لە کاتی پێویستدا چەند کەسێك لە یەك گۆڕدا بنێژرێن ، وە ئەوەیشیان کە قورئانی زۆرتر لە بەرە پێش دەخرێت لە(لَحْد)ەکەدا[٣٣٤]، وە نابێت بێ باوەڕلە گۆڕستانی موسوڵماناندا ژێر خاك بکرێت[٣٣٥]،

---

پێی گۆڕەکەوە دایبەزاندە ناو گۆڕەکە و فەرمووی : ئەمە سوننەتە [رواه ابو داود (٣/رقم/ ٣٢١١) وابن ابي شيبة في المصنف (١٣٠/٤) وروىالبيهقي (٥٤/٤) وإسناده صحيح ، بڕوانە احكام الجنائز(ل١٥٠)].

وە لە سەر لای ڕاست دادەنرێت ڕوو بەرەو قیبلە ، لە بەر ئەوەی لە کاتی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) تا وەکو ئەمڕۆ هەر وابوە بە بێ هیچ جیاوازیەك .

وە لە بەر فەرمودەکەی(عُبَيْدُ بْنُ عُمَيْر) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بارەی (كَعْبَه)وە فەرمووی: (( ... قِبْلَتُكُمْ أَحْيَاءً وَأَمْوَاتًا )) واتە: قیبلەتانە بە زیندویی و بە مردویی [رواه أبو داود(٣/رقم/٢٨٧٥) والحاكم(٥٩/١) وهو حديث حسن ، بڕوانە الإرواء(٦٩٠)].

(٣٣٢) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر مردو بخرایەتە گۆڕ دەیفەرموو: (( بِسْمِ اللهِ وَعَلَى سُنَّةِ رَسُولِ اللهِ )) واتە: بە ناوی خوای گەورەوە ، وە لە سەر سوننەتی پێغەمبەری خوا [رواه أبو داود (٣١٩٧/٣٢/٩) والترمذي (١٠٥١/٢٥٥/٢) وابن ماجة (١٥٥٠/٤٩٩/١) وفي رواية: (( وَعَلَى مِلَّةِ رَسُولِ اللهِ )) وهو حديث صحيح الإرواء(٧٤٧) وصحيح إبن ماجة(١٢٦٠)].

(٣٣٣) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أَنَّ رَسُولَ اللهِ ( ﷺ) صَلَّى عَلَى جَنَازَةٍ ثُمَّ أَتَى المَيِّتَ فَحَثَى عَلَيْهِ مِنْ قِبَلِ رَأْسِهِ ثَلاَثًا )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) نوێژی لە سەر جەنازە کرد ، پاشان هاتە لای مردوەکە و لە لای سەریەوە سێ چنگ خۆڵی کردە سەر _ جەنازەکەدا لە ناو گۆڕەکە _ دا .. [رواه إبن ماجة (١٥٦٥/٤٩٩/١) وهو حديث صحيح ، بڕوانە الإرواء (٧٥١)] .

(٣٣٤) بڕوانە فەرموودەکەی (هِشَامُ بنُ عَامِر) (خوای لێ رازی بێت) ، بڕوانە (پ ٣٢٣).

(٣٣٥) بەڵکو دەبێت (كَافِر) و(مُشْرِك) لە گۆڕستانی بێ باوەڕاندا ژێر خاك بکرێن ، وە موسوڵمانیش لە گۆڕستانی موسوڵماناندا بنێژرێت ، چونکە لە سەردەمی پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) گۆڕستانی بێباوەڕەکان جیاواز بووە لە گۆڕستانی موسوڵمانان ، ئەمەیش بەردەوام بووە لە سەردەمی پێغەمبەری خوا وە (ﷺ) تا وەکو ئەمڕۆ .. [بڕوانە أحكام الجنائز (ل ١٣٦)] .


منتدى إقرأ الثقافي

**وە دروست نییە مردو لەو کاتەدا ژێر خاك بخرێت کە لە شەرعدا قەدەغەی لێ کراوە[٣٣٦] ، مەگەر زۆر پێویست بێت[٣٣٧] ، وە پاش لێ بوونەوە لە ژێر خاك کردنەکە سوننەتە گۆڕەکە بە ئەندازەی بستێك بەرز بکرێتەوە ، بۆ ئەوەی دیار بێت تا وەکو خەڵکی بزانن گۆڕە[٣٣٨] ، وە بە بەردێك یان هەرشتێکی تر دیاریش بکرێت ، بۆ ئەوەی کەس وکارەکانی لە نزیکیدا بنێژرێن[٣٣٩] ،**

---

وە لە بەر فەرموودەکەی (بَشِيْرُ بنُ الخَصَاصِيَةِ) (خـوای لێ رازی بێـت) کە بـە جوانـی ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتی گۆڕستانی(مُشْرِك)ەکـان جیاواز بـووە لـە گـەڵ گۆڕستانی موسـوڵمانانـدا ، جـا (شَيْخُ الألْبَانِي) لـە کتێبـی (أحکام الجنائز) دا(ل١٣٦) هێناویێتیەوە ، بە هەموو ڕیوایەتەکانیەوە ، دەتوانی تەماشای بکەیت .

(٣٣٦) ئەو کاتانەی کە ناشتنی مردوی تێدا قەدەغە کراوە چەند کاتێکە ، کـاتێك کـە خۆر هەڵدێت تا بەرز دەبێتەوە ، وە کاتێك کە خۆر لە ناوڕاستی ئاسمانداییە تـا لا دەداتـەوە بـە لای ئـاوا بووندا ، وە لـە کـاتی خۆر ئـاوا بوونـدا تـا بـە تـەواوی ئـاوا دەبێـت ، لـە بـەر فەرموودەکەی (عُقْبَةُ بنُ عَامِر) بڕوانە (پ ١٠٦) .

هەروەها بە شەویش قەدەغە کـراوە مـردو بنرێت لـە گـۆڕ ، لـە بـەر فەرموودەکـەی (جَابِر) بڕوانە (پ ٢٨٩) .

(٣٣٧) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایـان لێ رازی بێـت) کـەوا فـەرمووی: (( أَنَّ رَسُوْلَ اللهِ ( ﷺ) أَدْخَلَ رَجُلاً قَبْرَهُ لَيْلاً ، وَأَسْرَجَ فِي قَبْرِهِ )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) پیاوێکی بە شەو خستە گۆڕ ، وە چراشیان لـە گۆڕەکـەیدا داگیرسـاند [رواه إبن ماجة (٤٦٤/١) والترمذي (١٠٦٣/٢٦٠/٢)].

(٣٣٨) لە بەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أَنَّ النَّبِيَّ ( ﷺ) أُلْحِدَ لَهُ لَحْدٌ ... وَرُفِعَ قَبْرُهُ مِنَ الأَرْضِ نَحْواً مِنْ شِبْرٍ )) واتـە: پێغەمبەری خوا( ﷺ) (لَحْد)یان بۆ کرد و ... وە گۆڕەکەشیان بـە ئـەندازەی بستێك بـەرز کردەوە [رواه البيهقي( ٣/ ٤١٠) وإبن حبان في صحيحه( ٢١٦٠) وإسناده حسن ، بروانە أحكام الجنائز(ل١٥٣)].

(٣٣٩) لـە بـەر فەرموودەکـەی (المُطَّلِـبُ أَبِـي وَدَاعَـة) (خـوای لێ رازی بێـت) کـەوا فەرمووی: (( لَمَّا مَاتَ عُثْمَانُ بْنُ مَظْعُوْنٍ أُخْرِجَ بِجَنَازَتِه فَدُفِنَ ، فَأَمَرَ النَّبِيُّ (ﷺ) رَجُلاً أَنْ يَأْتِيَهُ بِحَجَرٍ ، فَلَمْ يَسْتَطِعْ حَمْلَهُ ، فَقَامَ إِلَيْهَا رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) وَحَسَرَ عَنْ ذِرَاعَيْهِ ، قَالَ المُطَّلِبِ: قَالَ كَثِيْرٌ: قَالَ المُطَّلِبُ: قَالَ الَّذِي يُخْبِرُنِي ذَلِكَ عَنْ رَسُوْلِ اللهِ (ﷺ):



منتدى إقرأ الثقافي

وە لە سەر گۆڕەکەیش بوەستێت و دوعای خێری بۆ بکات ، وە داوا لە ئامادەبوانیش بکات دوعای خێری بۆ بکەن(٣٤٠) ، وە دروستە لە کاتی ناشتنیدا دابنیشن لە لای گۆڕەکەدا بە مەبەستی یادکردنەوە ویادخستنەوەی مردن و .. بۆ خۆی وخەڵکی ..(٣٤١)

---

قَالَ: كَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَى بَيَاضِ ذِرَاعَيْ رَسُوْلِ اللهِ (ﷺ) حِيْنَ حَسَرَ عَنْهُمَا ، ثُمَّ حَمَلَهَا فَوَضَعَهَا عِنْدَ رَأْسِهِ ، وَقَالَ: أَتَعَلَّمُ بِهَا قَبْرَ أَخِي ، وَأَدْفِنُ إِلَيْهِ مَنْ مَاتَ مِنْ أَهْلِي )) واتە: کاتێك (عُثْمَانُ بْنُ مَظْعُون) وەفاتی کرد — کە برای شیری پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) — جەنازەکەیان دەرکرد و ناشتیان ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی بە پیاوێك کرد کەوا بەردێکی بۆ بێنێ ، جا کابرا نەیتوانی هەڵی بگرێت ، جا پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆی هەڵسا و هەردوو قۆڵی لێ هەڵکرد ، (مُطِّلب) _ کە لە (فَتْحُ مَكَّه)دا باوەڕی هێنا _ فەرمووی: ئەو کەسەی کە لە پێغەمبەرەوە بۆی گێڕامەوە وتی: وەکو ئێستا تەماشای سپێتی هەردوو باڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەم کاتێك هەڵی گرتبوو ، پاشان بەردەکەی هەڵگرت وخستیە سەر شانی و فەرمووی: بەم بەردە گۆڕی براکەم دەبینمەوە ، وە لە لایدا ژێر خاکی هەر کەسێك لە کەس و کارم بمرێت دەکەم [رواه أبوداود(٣/رقم/٣٢٠٦) وهو حديث حسن بروانه أحكام الجنائز(ل١٥٥)].

(٣٤٠) لە بەر فەرموودەکەی (عُثْمَانُ بْنُ عَفَّان) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كَانَ النَّبِيُّ ( ﷺ) إِذَا فَرَغَ مِنْ دَفْنِ المَيِّتِ وَقَفَ عَلَيْهِ فَقَالَ: اسْتَغْفِرُوْا لِأَخِيْكُمْ ، وَسَلُوْا لَهُ التَّثْبِيْت ، فَإِنَّهُ الآنَ يُسْأَل )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) هەر کاتێك لە ژێر خاك کردنی مردو ببوایەتەوە ، لە سەری ڕادەوەستا و دەیفەرموو: داوای لێ بوردن بۆ براکەتان بکەن ، وە داوای ئەوەی بۆ بکەن _ خوای گەورە _ جێگری بکات ، چونکە ئێستا ئەو پرسیاری لێ دەکرێت [رواه أبوداود (٣/رقم/٣٢٢١) و الحاكم (١/٣٧٠) وهو صحيح الإسناد ، بروانه أحكام الجنائز(ل١٥٦)].

(٣٤١) لە بەر فەرموودەکەی (البَرَّاءُ بنُ العَازِب) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: لە گەڵ پێغەمبەری خوا دا( ﷺ) دەرچووین لە شوێن جەنازەی پیاوێك لە (أَنْصَار) ، جا کە گەیشتینە لای گۆڕەکەی هێشتا (لَحْد) نەکرابوو ، جا پێغەمبەری خوا( ﷺ) دانیشت و ئێمەیش بە دەوروبەریدا دانیشتین ، وەکو باڵندە بە سەر سەرمانەوە نشتبێتەوە ، وە دارێکی بە دەستەوە بوو لە زەوی دەدا ، جا سەری بەرز کردەوە فەرمووی: (( إِسْتَعِيْذُوْا


منتدى إقرأ الثقافي

.........................

بِاللهِ مِنْ عَذَابِ القَبْرِ )) واتە: پەنا بگرنە خوا لە سزای ناو گۆڕ ، _ دوو جار یان سێ جار دوو بارەی کردەوە _ ، پاشان فەرمووی: (( إِنَّ العَبْدَ المُؤْمِنَ إِذَا كَانَ فِي إِنْقِطَاعٍ مِنَ الدُّنْيَا ، وَإِقْبَالٍ مِنَ الآخِرَةِ ، نَزَلَ إِلَيْهِ مَلَائِكَةٌ مِنَ السَّمَاءِ بِيْضُ الوُجُوْهِ كَأَنَّ وُجُوْهَهُمُ الشَّمْسُ ، مَعَهُمْ كَفَنٌ مِنْ أَكْفَانِ الجَنَّةِ ، وَحَنُوْطٌ مِنْ حَنُوْطِ الجَنَّةِ حَتَّى يَجْلِسُوْا مِنْهُ مَدَّ البَصَرِ ، ثُمَّ يَجِيْءُ مَلَكُ المَوْتِ عَلَيْهِ السَّلَامُ حَتَّى يَجْلِسَ عِنْدَ رَأْسِهِ ، فَيَقُوْلُ: أَيَّتُهَا النَّفْسُ الطَّيِّبَةُ [وفي رواية: المُطْمَئِنَّةُ] ، أُخْرُجِي إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنَ اللهِ وَرِضْوَانٍ ، قَالَ: فَتَخْرُجُ تَسِيْلُ كَمَا تَسِيْلُ القَطْرَةُ مِنْ فِيِّ السِّقَاءِ ، فَيَأْخُذُهَا ، فَإِذَا أَخَذَهَا[وفي رواية: حَتَّى إِذَا خَرَجَتْ رُوْحُهُ صَلَّى عَلَيْهِ كُلُّ مَلَكٍ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ ، وَكُلُّ مَلَكٍ فِي السَّمَاءِ ، وَفُتِحَتْ لَهُ أَبْوَابُ السَّمَاءِ ، لَيْسَ مِنْ أَهْلِ بَابٍ إِلاَّ وَهُمْ يَدْعُوْنَ اللهَ أَنْ يَعْرُجَ بِرُوْحِهِ مِنْ قِبَلِهِمْ] ، لَمْ يَدَعُوْهَا فِي يَدِهِ طَرْفَةَ عَيْنٍ حَتَّى يَأْخُذُوْهَا ، فَيَجْعَلُوْهَا فِي ذَلِكَ الكَفَنِ وَفِي ذَلِكَ الحَنُوْطِ [وفي ذلك قوله تعالى: ﴿ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لاَ يُفَرِّطُوْنَ ﴾]، وَيَخْرُجُ مِنْهَا كَأَطْيَبِ نَفْحَةِ مِسْكٍ وُجِدَتْ عَلَى وَجْهِ الأَرْضِ ، قَالَ: فَيَصْعَدُوْنَ بِهَا ، فَلاَ يَمُرُّوْنَ _ يَعْنِي _ بِهَا عَلَى مَلأٍ مِنَ المَلَائِكَةِ إِلاَّ قَالُوْا: مَا هَذَا الرُّوْحُ الطَّيِّبُ ؟ فَيَقُوْلُوْنَ : فُلَانُ بْنُ فُلَانٍ بِأَحْسَنِ أَسْمَائِهِ الَّتِي كَانُوْا يُسَمُّوْنَهُ بِهَا فِي الدُّنْيَا ، حَتَّى يَنْتَهُوْا بِهَا إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا ، فَيَسْتَفْتِحُوْنَ لَهُ ، فَيُفْتَحُ لَهُمْ ، فَيُشَيِّعُهُ مِنْ كُلِّ سَمَاءٍ مُقَرَّبُوْهَا ، إِلَى السَّمَاءِ الَّتِي تَلِيْهَا ، حَتَّى يُنْتَهَى بِهِ إِلَى السَّمَاءِ السَّابِعَةِ ، فَيَقُوْلُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: أُكْتُبُوْا كِتَابَ عَبْدِي فِي عِلِّيِّيْنَ ، [﴿وَمَا أَدْرَاكَ مَا عِلِّيُّوْنَ ، كِتَابٌ مَرْقُوْمٌ ، يَشْهَدُهُ المُقَرَّبُوْنَ﴾ ، فَيُكْتَبُ كِتَابُهُ فِي عِلِّيِّيْنَ ، ثُمَّ يُقَالُ ] : أَعِيْدُوْهُ إِلَى الأَرْضِ ، فَإِنِّي [وَعَدْتُهُمْ أَنِّي] مِنْهَا خَلَقْتُهُمْ ، وَفِيْهَا أُعِيْدُهُمْ ، وَمِنْهَا أُخْرِجُهُمْ تَارَةً أُخْرَى ، قَالَ: فَـ[يُرَدُّ إِلَى الأَرْضِ، وَ] تُعَادُ رُوْحُهُ فِي جَسَدِهِ ، [قَالَ: فَإِنَّهُ يَسْمَعُ خَفْقَ نِعَالِ أَصْحَابِهِ إِذَا وَلَّوْا عَنْهُ][ مُدْبِرِيْنَ] فَيَأْتِيْهِ مَلَكَانِ [شَدِيْدَا الإِنْتِهَارِ]فَـ[يَنْتَهِرَانِهِ ، وَ] يُجْلِسَانِهِ فَيَقُوْلَانِ لَهُ: مَنْ رَبُّكَ ؟ فَيَقُوْلُ: رَبِّيَ اللهُ ، فَيَقُوْلَانِ لَهُ: مَا دِيْنُكَ ؟ فَيَقُوْلُ: دِيْنِيَ الإِسْلَامُ ، فَيَقُوْلَانِ لَهُ: مَا هَذَا الرَّجُلُ الَّذِي بُعِثَ فِيْكُمْ ؟ فَيَقُوْلُ: هُوَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) ، فَيَقُوْلَانِ لَهُ: وَمَا عَمَلُكَ ؟ فَيَقُوْلُ: قَرَأْتُ كِتَابَ اللهِ ، فَآمَنْتُ بِهِ ، وَصَدَّقْتُ ، [فَيَنْتَهِرُهُ فَيَقُوْلُ: مَنْ رَبُّكَ ؟ مَا دِيْنُكَ ؟ مَنْ نَبِيُّكَ ؟ وَهِيَ آخِرُ فِتْنَةٍ تُعْرَضُ عَلَى المُؤْمِنِ ، فَذَلِكَ حِيْنَ يَقُوْلُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ يُثَبِّتُ اللهُ الَّذِيْنَ آمَنُوْا

منتدى إقرأ الثقافي

...............................

بالقَوْلِ الثَّابتِ فِي الحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾ فيقولُ: ربِّيَ اللهُ ، وديْنِي الإسلامُ ، ونبِيِّي مُحَمَّدٌ ( ﷺ) ] فيُنَادي مُنَادٍ في السَّمَاءِ: أنْ صدقَ عبْدِي ، فأفرِشُوهُ منَ الجنَّةِ ، والبِسُوهُ منَ الجنَّةِ ، وافتَحُوا لهُ بَابَاً إلى الجنَّةِ ، قالَ: فيأتيه منْ روْحِهَا وطِيبِهَا ، ويُفسَحُ لهُ في قَبْرِهِ مدَّ بصَرِهِ ، قالَ: ويأتيه [وفي رواية: يُمثَّلُ لهُ] رَجلٌ حسَنُ الوَجْهِ ، حسنُ الثِّيَابِ ، طيِّبُ الرِّيحِ ، فيقولُ: أبْشِرْ بالَّذي يسُرُّكَ ، [أبْشِرْ بِرضوَانٍ منَ اللهِ ، وجنَّاتٍ فيهَا نعِيمٌ مُقِيمٌ] ، هَذا يومُكَ الَّذي كُنْتَ تُوعَدُ ، فيقولُ لهُ: [وأنْتَ فَبَشَّرَكَ اللهُ بِخَيْرٍ] مَنْ أنْتَ ؟ فَوجهُكَ الوَجْهُ يَجِيءُ بالخَيْرِ ، فيقولُ: أنَا عمَلُكَ الصَّالِحُ [فوَاللهِ ما علمْتُكَ إلاَّ كُنْتَ سَرِيعاً في إطَاعَةِ اللهِ ، بَطِيئاً في مَعْصِيَةِ اللهِ ، فجزَاكَ اللهُ خيْراً] ، ثُمَّ يُفْتَحُ لهُ بابٌ منَ الجنَّةِ ، وبابٌ منَ النَّارِ ، فيُقالُ: هذا منْزِلُكَ لوْ عصَيْتَ اللهَ ، أبدلَكَ اللهُ بِهِ هذا ، فإذا رأى ما في الجنَّةِ قالَ: ربِّ عجِّلْ قِيَامَ السَّاعةِ ، كيْمَا أرْجِعُ إلى أهْلِي ومَالِي ، [فيُقالُ لهُ: اسْكُنْ] ، قالَ :

وإنَّ العبْدَ الكَافِرِ ( وفي رواية: الفَاجِر ) إذا كانَ في إنْقِطَاعٍ منَ الدُّنْيَا ، وإقبَالٍ منَ الآخرَةِ ، نزَلَ إليْهِ منَ السَّمَاءِ ملائكَةٌ [غِلاظٌ شِدادٌ] ، سُودُ الوُجُوهِ ، معَهُمُ المُسُوحُ [منَ النَّارِ] ، فيَجْلِسُونَ منْهُ مدَّ البَصَرِ ، ثُمَّ يجِيءُ ملَكُ الموْتِ حتَّى يجْلِسَ عنْدَ رأسِهِ ، فيقولُ: أيَّتُهَا النَّفْسُ الخَبِيثَةُ أخْرُجِي إلى سخَطٍ منَ اللهِ وغَضَبٍ ، قالَ: فتفرَّقُ في جسَدِهِ فيَنْتَزِعُهَا كمَا يُنْتَزَعُ السَّفُّودُ [الكَثِيرُ الشُّعَبِ] منَ الصُّوفِ المَبْلُولِ ، [فتُقَطَّعُ معَهَا العُرُوقُ والعَصَبُ] ، [فيلْعَنُهُ كُلُّ ملَكٍ بيْنَ السَّمَاءِ والأرْضِ ، وكُلُّ ملَكٍ في السَّمَاءِ ، وتُغْلَقُ أبْوابُ السَّمَاءِ ، ليْسَ منْ أهْلِ بابٍ إلاَّ وهُمْ يدْعُونَ اللهَ ألاَّ تُعرَجَ رُوحُهُ منْ قِبَلِهِمْ ] ، فيأخُذُهَا ، فإذا أخذَهَا ، لمْ يدَعُوهَا في يَدِهِ طرْفَةَ عيْنٍ حتَّى يجْعَلُوهَا في تلْكَ المُسُوحِ ، ويُخْرَجُ منْهَا كأنْتَنِ رِيحِ جِيفَةٍ وُجدَتْ على وجْهِ الأرْضِ ، فيَصْعَدُونَ بِهَا ، فلاَ يمُرُّونَ بِهَا على ملأٍ منَ الملائكَةِ إلاَّ قالُوا: ما هذا الرُّوحُ الخَبِيثُ ؟ فيقولُونَ: فلانُ إبْنُ فلانٍ بأقبَحِ أسْمَائهِ الَّتي كانَ يُسمَّى بهَا في الدُّنْيَا ، حتَّى يُنْتَهي بهِ إلى السَّمَاءِ الدُّنْيَا ، فيُسْتَفْتَحُ لهُ ، فلاَ يُفْتَحُ لهُ ، ثُمَّ قرَأ رسُولُ اللهِ ( ﷺ) ﴿ لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاءِ وَلَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ ﴾ (الأعراف: ٤٠) فيقولُ اللهُ عزَّ وجلَّ: أكْتُبُوا كتَابَهُ في سجِّينٍ ، في الأرْضِ السُّفْلَى ، [ثُمَّ يُقالُ: أعِيدُوا عبْدِي إلى الأرْضِ فإنِّي وعدْتُهُمْ أنِّي منْهَا خلَقْتُهُمْ ،


منتدى إقرأ الثقافي

..........................

وَفيهَا أُعيدُهُمْ ، ومِنْهَا أُخْرِجُهُمْ تَارَةً أُخْرَى] فَتُطْرَحُ رُوْحُهُ [مِنَ السَّمَاءِ] طَرحاً [حتَّى تَقعَ فِي جَسَدِهِ] ثُمَّ قَرَأَ ﴿ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ ﴾ (الحج: ٣١) ، فَتُعَادُ رُوْحُهُ فِي جَسَدِهِ ، [قَالَ: فإِنَّهُ لِيَسْمَعُ خفقَ نعَال أصحَابِهِ إِذَا وَلَّوْا عَنْهُ ] .

وَيَأْتِيهُ مَلَكَانِ [شَدِيْدَا الإِنْتِهَارِ ، فَيَنْتَهِرَانه ، وَ] يُجْلِسَانه ، فَيَقُوْلاَنِ لَهُ: مَنْ رَبُّكَ ؟ [فَيَقُوْلُ: هَاه هَاه لاَ أَدْرِي ، فَيَقُوْلاَنِ لَهُ: مَا دِيْنُكَ ؟ فَيَقُوْلُ: هَاه هَاه لاَ أَدْرِي ] ، فَيَقُوْلاَنِ: فَمَا تَقُوْلُ فِي هَذَا الرَّجُلِ الَّذِي بُعِثَ فِيْكُمْ ؟ فَلاَ يَهْتَدِي لِإِسْمِه ، فَيُقَالُ: مُحَمَّد ! فَيَقُوْلُ: هَاه هَاه لاَ أَدْرِي [سَمِعْتُ النَّاسَ يَقُوْلُوْنَ ذَاك ! قَالَ: فَيُقَالُ: لاَ دَرَيْتَ] ، [وَلاَ تَلَوْتَ] ، فَيُنَادِي مُنَادٍ مِنَ السَّمَاءِ أَنْ كَذَبَ ، فَأَفْرِشُوْا لَهُ مِنَ النَّارِ ، وَافْتَحُوْا لَهُ بَاباً إِلَى النَّارِ ، فَيَأْتِيه مِنْ حَرِّهَا وَسُمُوْمِهَا ، وَيُضَيَّقُ عَلَيْهِ قَبْرُهُ حَتَّى تَخْتَلِفَ فِيْه أَضْلاَعُهُ ، وَيَأْتِيه [وَفِي رِوَايَة: وَيُمَثَّلُ لَهُ] رَجُلٌ قَبِيْحُ الوَجْهِ ، قَبِيْحُ الثِّيَابِ ، مُنْتِنُ الرِّيحِ ، فَيَقُوْلُ: أَبْشِرْ بِالَّذِي يَسُوْؤُكَ ، هَذَا يَوْمُكَ الَّذِي كُنْتَ تُوْعَدُ ، فَيَقُوْلُ [وَأَنْتَ فَبَشَّرَكَ اللهُ بِالشَّرِّ] مَنْ أَنْتَ ؟ فَوَجْهُكَ الوَجْهُ يَجِيْءُ بِالشَّرِّ ! فَيَقُوْلُ: أَنَا عَمَلُكَ الخَبِيْثُ ، [فَوَاللهِ مَا عَلِمْتُكَ إِلاَّ كُنْتَ بَطِيْئاً عَنْ طَاعَةِ اللهِ ، سَرِيْعاً إِلَى مَعْصِيَةِ اللهِ] ، [فَجَزَاكَ اللهُ شَرّاً ، ثُمَّ يُقَيَّضُ لَهُ أَعْمَى أَصَمُّ أَبْكَمُ فِي يَدِهِ مِرْزَبَة ! لَوْ ضُرِبَ بِهَا جَبَلٌ كَانَ تُرَاباً ، فَيَضْرِبُهُ ضَرْبَةً حَتَّى يَصِيْرَ بِهَا تُرَاباً ، ثُمَّ يُعِيْدُهُ اللهُ كَمَا كَانَ ، فَيَضْرِبُهُ ضَرْبَةً أُخْرَى ، فَيَصِيحُ صَيْحَةً يَسْمَعُهُ كُلُّ شَيْءٍ إِلاَّ الثَّقَلَيْنِ ، ثُمَّ يُفْتَحُ لَهُ بَابٌ مِنَ النَّارِ ، وَيمهد مِنْ فُرُشِ النَّارِ] فَيَقُوْلُ: رَبِّ لاَ تُقِمِ السَّاعَةَ )) واتە: بە ڕاستی بەندەی باوەڕ دار ئەگەر لە دنیا ببڕێت و ڕوو لە دوا ڕۆژ بکات ، چەند فریشتەیەکی لە ئاسمانەوە بۆ لا دادەبەزێت ، دەم وچاویان سپی‌یە و ڕوویان وەکو خۆر وایە ، کفنیان پێیە لە کفنی بەهەشتە ، وە (حَنُوْط)یان پێیە لە (حَنُوْط)ی بەهەشت – (حَنُوْط) : ئەو بۆنەیە کە بۆ کفن و لاشەی مردوەکار دەهێنرێت – هەتا لە لایدا دادەنیشن چەند چاو بڕ بکات ، پاشان فریشتەی گیان کێشان ( (سَلاَم)ی خوای لێ بێت ) دێت تا لە لای سەریەوە دادەنیشێت و دەفەرمووێ: ئەی ڕووح و گیانی پاك ، دەربچۆ بۆ لێبوردن و ڕەزامەندی خوا ، فەرمووی: جا دەردەچێت وەکو چۆن قەترە ئاوێك لە دەمی پەرداخێك بەردەبێتەوە ، جا


منتدى إقرأ الثقافي

.....................................

ئەو(حَنُوْط)ە ، وە دەردەچێت لێیەوە وەك خۆشترین بۆنی میسك بینراو بێت لە سەر ڕووی زەویدا ، فەرمووی: جا بەرزی دەکەنەوە و تێ ناپەڕن بە لای هیچ کۆمەڵێکدا – کۆمەڵی فریشتەیە – (ئیللا) دەڵێن: ئەم ڕووحە پاکە کێیە ؟ ئەوانیش دەڵێن: فلانی کوڕی فلانە ، بە جوانترین ناوەکانی کە بانگیان پێی دەکرد لە دونیا ، تا دەیگەیەنن بە ئاسمانی دونیا ، جا لە دەرگا دەدەن ، دەرگایان بۆ دەکرێتەوە ، جا لە هەموو ئاسمانێك نزیکەکانیان __ لە خواوە __ شوێنی دەکەون تا دەیگەیەننە ئاسمانەکەی تر ، تا دەگەنە ئاسمانی حەوتەم ، جا خوای گەورە دەفەرمێ : نوسراوی بەندەکەم لە (عِلِّيِيْن) بنوسنەوە ، وە بیگێڕنەوە بۆ زەوی ، چونکە من لەوە بە دیم هێناون وە بۆ ئەوەیش دەیانگێڕمەوە ، وە لەوێشەوە دەریان دەکەمەوە جارێکی تر ، فەرمووی: جا ڕووحەکەی دەگێڕێتەوە بۆ لاشەکەی ، وە دوو فریشتە دێن بۆ لای دای دەنیشێنن ، وپێی دەڵێن: پەروەدگارت کێیە ؟ ئەویش دەڵێت: پەروەدگارم (الله)یە ، جا پێی دەڵێن: ئاینت چیە ؟ ئەویش دەڵێ: ئایینم ئیسلامە ، جا پێی دەڵێن: ئەو پیاوەی کە بۆتان ڕەوانە کرا چیە ؟ ئەویش دەڵێ: ئەو پێغەمبەری خوایە (ﷺ) ، جا پێی دەڵێن: زانیاریت چیە ؟ ئەویش دەڵێت: کتابی خوام خوێندەوە و باوەڕم پێ هێنا و بە ڕاستم خستەوە ، جا بانگ دەرێك لە ئاسمانەوە بانگ دەکات: کەوا بەندەکەم ڕاستی کرد ، جێگای لە بەهەشتەوە بۆ ڕاخەن ، وە جل وبەرگی لە بەهەشتەوە بکەنە بەر ، وە دەرگایەکی بۆ بکەنەوە بەرەو بەهەشت ، فەرمووی: جا لە باو بۆنی خۆشی بەهەشتی بۆ دێت ، وە گۆڕەکەی بۆ فراوان دەکەنەوە چەند چاوی بڕ بکات ، فەرمووی: وە پیاوێکی دەم وچاو جوان دێت بۆ لای ، جل و بەرگی جوانە ، بۆنی خۆشە ، پێی دەڵێت: مژدە بێت بەوەی دڵخۆشت دەکات ، ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە پەیمانت پێ دەدرا ، ئەویش پێی دەڵێت: تۆ کێی ؟ ڕووت ئەو ڕووەیە کە چاکە دێنێت . ئەویش دەڵێت: من کردەوە چاکەکانی تۆم ، جا دەڵێ: پەروەدگار قیامەت هەڵسێنە تا بگەڕێمەوە بۆ لای ماڵ وکەس و کارم .

فەرمووی: وە بەندەی بێباوەڕ ئەگەر لە دونیا ببڕێت و ڕوو لە دوا ڕۆژ بکات ، لە ئاسمانەوە چەند فریشتەیەکی دەم وچاو ڕەشی بۆ لا دادەبەزێت (مُسُوْح)یان پێیە ، جا لە لایدا دادەنیشن چەندێك چاو بڕ بکات ، پاشان فریشتەی گیان کێشان دێت تا لە لای سەر یەوە دادەنیشێت ، وە دەفەرمێ: ئەی ڕووح و گیانی پیس ، دەرچۆ بۆ قین و تووڕەیی



منتدى إقرأ الثقافي

خوای گەورە ، فەرمووی: جا بەش بەش دەبێتەوە لە لاشەیدا ، جا ڕای دەکێشێت هەر وەکو چۆن (سُفُوْد) — شیشی گۆشت سوور کردنەوە — بە ناو خوری تەڕدا ڕابکێشرێت ، جا دەیبات ، وە ئەگەر بردیشی یەك چاو تروکاندنێك بەری نادات تا دەیخەنە ناو ئەو (مُسُوْح)ەوە — کە کفنێکی زۆر زبرە — وە لێیەوە دەردەچێت وەك بۆگەنترین لاك بینراوبێت لە سەر ڕووی زەویدا ، جا بەرزی دەکەنەوە ، وە تێناپەڕن بە لای هیچ کۆمەڵێکی فریشتەدا (ئیللا) دەڵێن: ئەو ڕوحە پیسە کێیە ؟ جا دەڵێن : فلانی کوڕی فلانە بە ناخۆش ترین ناوەکانی کە پێی بانگ دەکرا لە دونیادا ، تا دەیگەیەننە دەرگای ئاسمانی دونیا ، جا لە دەرگا دەدەن بۆیان نایکەنەوە ، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاءِ وَلَا يَدْخُلُوْنَ الجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الجَمَلُ فِي سَمِّ الخِيَاطِ ﴾ (الأعراف: ٤٠) واتە: وە دەرگاکانی ئاسمانیان بۆ ناکرێتەوە ، وە نایشچنە بەهەشتەوە ، تا ووشتر دەچێتە کونی دەرزییەوە . جا خوای گەورە دەفەرمێ: نووسراوەکەی لە (سجّيْن)دا بنووسنەوە ، لە زەوی ژێریدا ، جا ڕوحەکەی فڕێ دەدەنەوە خوارەوە ، بە فڕێدان ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيْقٍ ﴾ (الحج: ٣١) واتە: وە هەر کەسێك هاوەڵ بۆ خوای گەورە بڕیار بدات ، وەك ئەوەیە لە ئاسمانەوە کەوتبێتە خوارەوە ، وە باڵندە بە هەوا دا بیڕفێنێ ، یان گژەبا فڕێی بداتە شوێنێکی دوور . جا ڕووحەکەی دەگێڕێتەوە بۆ لاشەکەی ، وە دوو فریشتە دێنە لای ودای دەنیشێنن و پێی دەڵێن: پەروەدگارت کێیە ؟ ئەویش دەڵێت: هاە هاە ، نازانم . جا پێی دەڵێن: ئایینت چیە ؟ ئەویش دەڵێت: هاە هاە ، نازانم . جا پێی دەڵێن: ئەو پیاوەی کە بۆتان ڕەوانە کرا چیە ؟ ئەویش دەڵێت: هاە هاە ، نازانم . جا بانگ دەرێك لە ئاسمانەوە بانگ دەکات: کەوا درۆی کرد جێگایەکی لە ئاگر بۆ ڕابخەن ، وە دەرگایەکی بۆ بکەنەوە بەرە و دۆزەخ ، جا لە گەرمی وناخۆشی دۆزەخی بۆ دێت ، و گۆڕەکەی لە سەر تەنگ دەبێتەوە و دێتەیەك تا پەراسوەکانی دەچن بە ناویەکدا ، وە پیاوێکی دەم وچاو ناشیرینی بۆ لادێت ، جل وبەرگ ناشیرین ، بۆگەن ، پێی دەڵێ: مژدە بێت بەوەی دڵ ناخۆشت دەکات ، ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە پەیمانت پێ دەدرا ، ئەویش دەڵێ: تۆ کێی ؟ ڕووت ئەو ڕووەیە کە شەڕ و خراپە دێنێت ؟ ئەویش دەڵێ: من کردەوە خراپەکانی تۆم ، جا دەڵێ: پەروەردگار قیامەت هەڵمەسێنە [رواه أحمد ( ٥٣/٧٤/٧) وأبو داود (٤/رقم/٤٧٥٣) وغيرهما وهو حديث صحيح ، بڕوانە ( أحكام الجنائز للألباني) (ل ١٥٧-١٥٩) ].



منتدى إقرأ الثقافي

## دڵ دانەوەی کەس وکاری مردو (تَعْزِيَةُ أَهْلِ المَيِّت)

سوننەتە دڵ دانەوەی کەس و کاری مردو بە شتێك لە دڵ تەنگی وناخۆشیەکانیان کەم بکاتەوە وە هانیان بدات لە سەر ئارام گرتن وڕازی بوون بە قەدەری خوا[٣٤٢]، وە دروست نییە کەس وکاری مردوەکە شوێنێك دیاری بکەن بۆ کۆبونەوە بۆ (تَعْزِيَة)، وە خواردن بۆ ئەو خەڵکە دروست بکەن کە دێن بۆ (تَعْزِيَة)[٣٤٣]،

---

(٣٤٢) لە بەر فەرموودەکەی (أُسَامَةُ بنُ زَيْد) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: لە لای پێغەمبەری خوا بووین (ﷺ) جا یەکێك لە کچەکانی ناردی بە شوێنیدا و بانگی کرد وپێی ڕاگەیاند کەوا کوڕێکی لە سەرە مەرگ دایە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِرْجِعْ إِلَيْهَا فَأَخْبِرْهَا: أَنَّ لِلَّهِ مَا أَخَذَ ، وَلَهُ مَا أَعْطَى ، وَكُلُّ شَيْءٍ عِنْدَهُ بِأَجَلٍ مُسَمًّى ، فَمُرْهَا فَلْتَصْبِرْ وَلْتَحْتَسِبْ ... )) واتە: بگەڕێرەوە بۆ لای و پێی ڕابگەیەنە: کەوا موڵکی خوایە ئەوەی بیباتەوە ، وە موڵکی ئەویشە ئەوەی بیبەخشێت ، وە هەمووشتێك لای ئەو بە ماوەیەکی دیاری کراوە ، جا فەرمانی پێ بکە با ئارام بگرێت و چاوەڕوانی پاداشتی خوا بێت ... [رواه البخاري (٣/١٥٠/١٢٨٤) ومسلم (٢/٦٣٥/٩٢٣)].

وە فەرموودەکەی (أُمِّ سَلَمَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٢٧٦) .

(٣٤٣) لە بەر فەرموودەکەی (جَرِيرُ بنُ عَبْدالله البَجَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كُنَّا نَعدُّ الإِجْتِمَاعَ إِلَى أَهْلِ المَيِّتِ ، وَصَنِيْعَةُ الطَّعَامِ بَعْدَ دَفْنِهِ مِنَ النِّيَاحَةِ )) واتە: ئێمە کۆبوونەوە لە لای کەس و کاری مردو( تَعْزِيَة) و دروست کردنی خواردن پاش ناشتنی مردو هەردووکیمان بە شیوەن دا دەنا – مەبەستی وەکو شیوەن بە حەرامیمان دەزانی _ [رواه إبن ماجة (٤/٥١٤/١٦١٢) وأحمد (٦٩٠٥) وصححه النووي في المجموع (٥/٣٢٠) والبوصيري في الزوائد وصححه الألباني في صحيح إبن ماجة(١٣٠٨)].

ئیمامی (النَّوَوِي) دەفەرمێ: وە دانیشتن بۆ (تَعْزِيَـە)(شَافِعِي) و (مُصَنِّف) – دانەری (مُهَذَّب)ە کە خۆی (مَجْمُوع)ی لە شەرحیدا داناوە – وە هاوەڵان _ هاوەڵانی شافعی _ (نَص)یان پێدا ناوە کە (مَكْرُوْه)ە ، فەرموویانە: مەبەست بە دانیشتن ئەوەیە کەس و کاری مردوەکە لە شوێنێکدا دانیشن ، وە ئەوانەیشی دەیانەوێت سەرخۆشیان لێ بکەن ڕوو بکەنە


منتدى إقرأ الثقافي

# ئەو شتانەی سوود بە مردو دەگەیەنێت

# ( مَا يَنْتَفِعُ بِهِ المَيِّت )

## دوعای موسوڵمانان (٣٤٤)

ئەو شوێنە ، فەرموویانە: بەڵکو دەبێت هەر کەسێك بۆ ئیش و کاری خۆی بڕوات ، جا هەر کەسێك پێیان گەیشت سەرخۆشیان لێ دەکات ، وە جیاوازی نییە ، لە نێوان پیاو وئافرەت دا لە (کَرَاهَة)ی دانیشتن دا [المجموع (٣٠٦/٥)].

وە مەبەستی (النَّوَوِي) بە (نَص)ی(شَافعي) ئەوەیە کە لە[الأم (٢٤٨/١)] دەیفەرمێ : ( وأكْرَهُ المَأْتَمَ ، وَهِيَ الجَمَاعَةُ وَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُمْ بُكَاء ، فَإِنَّ ذَلِكَ يُجَدِّدُ الحُزْنَ ويُكَلِّفُ المُؤْنَةَ مَعَ مَا مَضَى فِيْهِ مِنَ الأثَرِ ) واتە: (مأتم) بە باش نازانم ، ئەویش ئەو کۆبوونەوەیە کە بۆ کەس وکاری مردو دەکرێت تا خەڵکی سەر خۆشیان لێ بکات ، با گریانیشی لە گەڵدا نەبێت ، چونکە ئەوە دڵ تەنگیەکە تازە دەکاتەوە و ئەرکیش لە سەریان دروست دەکات ، لە گەڵ ئەو(أثر) انەی پێشوویش کە لە بارەیەوە هاتووە .

وە (النَّوَوِي) دەفەرمێ: وە (مُصَنِّف) و کەسانی تریش بەڵگەیەکی تریشی بۆ دەهێننەوە – لە سەر (کَرَاهَة)ی– ئەویش ئەوەیە کەوا شتێکی داهێنراوە و(بِدْعَه)یە .

بەڵکو سوننەتە خزم ودۆستان ودراوسێکانیان خواردنیان بۆ دروست بکەن ، لە بەر فەرمودەکەی (عَبْدُالله بن جَعْفَر) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا کاتێك (جَعْفَر) کوژرا پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) فەرمووی: (( إصْنَعُوْا لآلِ جَعْفَر طَعَاماً ، فَقَدْ أَتَاهُمْ أَمْرٌ شَغَلَهُمْ ، أَوْ أَتَاهُمْ مَا يُشْغِلُهُمْ )) واتە: خواردن بۆ کەس وکاری (جَعْفَر) دروست بکەن ، چونکە ئەوان ئەوەیان بە سەردا هاتووە کەوا سەرقاڵی کردوون [رواه أبو داود (٣١١٦/٤٠٦/٨) والترمذي (١٠٠٣/٣٣٤/٢) وابن ماجة (٤٩٠/١) وهو حديث حسن ، بڕوانە صحيح الجامع(١٠١٥) ].

(٣٤٤) لە بەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (الحشر: ١٠) دا دەفەرمێ: ﴿ وَالَّذِيْنَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُوْلُوْنَ رَبَّنَا اغْفِرْلَنَا وَلِإخْوَانِنَا الَّذِيْنَ سَبَقُوْنَا بالإيْمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوْبِنَا غِلًّا لِلَّذِيْنَ آمَنُوا رَبَّنَا إنَّكَ رَؤُوْفٌ رَحِيْمٌ ﴾ واتە: وە ئەوانەی کە لە دوای ئەوان – کۆچەران(مُهَاجِرِيْن) و سەرخەران(أَنْصَار) – دێن دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان لێمان ببورە وە لەو برایانەیشمان کە پێشمان کەوتوون لە باوەڕهێناندا و....



منتدى إقرأ الثقافي

**و بژاردنی قەرزەکانی[٣٤٥] ، وە گێڕانەوەی نەزرێك کە بە جێی نەهێنا بێت ئەگەر ڕۆژوویش بێت[٣٤٦] ، وە کارێکی چاکەی بەردەوام کە لە پاش خۆیشی بەردەوام بێت ، وە زانیاریەك کە لە پاش خۆی خەڵکی سوودی لێ وەربگرن ، وە ئەوەی نەوەی ساڵح بیکات لە کاری چاکە[٣٤٧].**

وە لە بەرفەرموودەکەی (أُمّ الدَّرْدَاء) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( دَعْوَةُ المَرْءِ المُسْلِمِ لِأَخِيْهِ بِظَهْرِ الغَيْبِ مُسْتَجَابَةٌ ، عِنْدَ رَأْسِهِ مَلَكٌ مُوَكَّلٌ ، كُلَّمَا دَعَا لِأَخِيْهِ بِخَيْرٍ ، قَالَ المَلَكُ المُوَكَّلُ بِهِ : آمِيْنَ ، وَلَكَ بِمِثْلٍ )) واتە: دوعای موسوڵمان بۆ برای موسوڵمانی بە پەنهانی وەرگیراوە ، لە لای سەریدا فریشتەیەکی تایبەتی بۆ دانراوە ، هەر کاتێك دوعای خێر بۆ براکەی بکات ، فریشتە تایبەتەکە دەڵێ: خوایە وەڵام بدەرەوە ، وە هەر وەها بۆ خۆیشی [رواه مسلم(٤/ ٢٠٩٤/٢٧٣٣)].

(٣٤٥) لە بەر فەرموودەکەی ( أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ ٢٧٩).

(٣٤٦) لە بەر ئەو فەرموودانەی کە لەو بارەیەوە هاتون ، لەوانە فەرموودەکەی (سَعْدُ بنُ عُبَادَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد و فەرمووی : (( إِنَّ أُمِّي مَاتَتْ وَعَلَيْهَا نَذْرٌ ؟ فَقَالَ: إِقْضِهِ عَنْهَا )) واتە: دایکم مرد و نەزری ڕۆژووی لە سەر بوو ؟ ئەویش فەرمووی : بیگێڕەوە بۆی [رواه البخاری (٥/٢٨٩/٢٧٦١) ومسلم ( ٣/١٢٦٠/١٦٣٨) وغيرهما].

(٣٤٧) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِذَا مَاتَ الإِنْسَانُ إِنْقَطَعَ عَمَلُهُ إِلاَّ مِنْ ثَلاَثٍ: إِلاَّ مِنْ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ ، أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ ، أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُوْا لَهُ )) واتە: ئەگەر ئادەمیزاد بمرێت کردەوەی دەبڕێت تەنها لە سێ – ڕێگاوە – نەبێت: لە چاکە و خێرێکی بەردەوام ، یان زانیارییەك سوودی لێ وەربگیرێت ، یان ڕۆڵەیەکی چاك دوعای خێری بۆ بکات [رواه مسلم (٣/١٢٥٥/١٦٣١) وابوداود(٨/٨٦/٢٨٦٣) وغيرهما].

## تێبینی:

ئێستا لە وڵاتی ئێمە ئەگەر کەسێك بمرێت دوای تەواو بوونی کۆڕی تەعزێی کە دوو ڕۆژ یان زیاتر دەخایەنێت ، کەس وکاری مردوەکە دەڕۆن کۆلکە مەلایەك پەیدا دەکەن ، تا وەکو ئیسقای تاوانەکان(إِسْقَاطُ الذُّنُوب)ی مردوەکەیان بکەن ، ئیتر نوێژی کردبێت یان نەء ، باوەڕدار بێت یان نەء ، کاکی کۆلکە مەلا دەست دەکاتە ژماردنی تاوانەکانی ، هەر لە


منتدى إقرأ الثقافي

# سەردانی گۆڕستان ( زِيَارَةُ القُبُور )

## دروستە سەردانی گۆڕستان بۆ پیاو و ئافرەت ، بە مەبەستی پەند وەرگرتن و یاد كردنەوەی دوا ڕۆژ (٣٤٨) ،

نوێژ نەكردنیەوە وڕۆژوو نەگرتن و زەكات نەدان و .. هتد هەموو تاوانەكانی لە سەر لا دەبات بە چەند دینارێكی بێ نرخ ، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەكی شەرعیان بەدەستەوە بێت ، مەگەر بەڵگەی عەقلی _ كە لە ڕاستیدا بەڵگەی بێ عەقلیە نەك عەقلی چونكە عەقلی پاك هەرگیز دژایەتی نەقلی ڕاست ناكات _ ، هەر وەكو گاورەكان(نَصَارى) كە لە سەر ساڵدا ڕوو دەكەنە كەنیسەكان و قەشەكان (صكوك الغفران)یان بۆ دەكەن ، بە هەندێك پارە هەرچیان كردبێت خوا لێیان دەبورێت ، (تَعَالَى اللهُ عَمَّا يَقُولُونَ عُلُوّاً كَبِيْراً ) .

(٣٤٨) لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو سَعِيْدِ الخُدْرِي) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِنِّي نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ القُبُورِ فَزُوْرُوْهَا فَإِنَّ فِيْهَا عِبْرَةً ، وَلاَ تَقُوْلُوْا مَا يُسْخِطُ الرَّبَّ )) واتە: من قەدەغەم لێ كردن كەوا سەردانی گۆڕستان بكەن ، دە ئێستا سەردانی بكەن ، چونكە پەند وئامۆژگاری تێدایە ، وە شتێك مەڵێن كە پەروەرگارتان لێ تووڕە بكات [رواه الحاكم (٣٧٤/١) والبيهقي (٧٧/٤) دون الجملة الأخيرة فأنها للبزار (٨٦١/٤٠٧/١) ومسلم عن (بريدة) بلفظ آخر ( ٩٧٧/٦٧٢/٢) وهو حديث صحيح ، بروانە أحكام الجنائز(ل١٧٩) ].

## تێبینی:

**وە ئافرەتیش وەكو پیاو وایە لە سەردانی گۆڕستاندا لە بەر ئەم هۆیانە:**

١- فەرموودەكەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) : (( .. فَزُوْرُوْهَا ..)) واتە: .. دە سەردانی بكەن .. (عام)ە وئافرەتیشی بەردەكەوێت .

٢- لە هۆی حەڵاڵ كردنەكەدا كە یاد كردنەوەی مردنە ، ئافرەت وپیاو وەك یەك وان .

٣- فەرموودەكەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كە لە (پ٣٢٢)دا هێناومانەتەوە ، بەڵگەیە كە ئافرەت دروستە سەردانی گۆڕستان بكات .

هەروەها فەرموودەكەی (عَبْدُاللهِ بنِ أَبِي مُلَيْكَة) كەوا فەرمووی: ڕۆژێك (عَائِشَة) لە گۆڕستانەوە هات ، جا ووتم: ئەی دایكی موسولمانان ، لە كوێوە دێیت ، فەرمووی: (( مِن قَبْرِ عَبْدِالرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي بَكْر )) واتە: لە لای گۆڕی (عَبْدُالرَّحْمَن بن أَبِي بَكْر)ەوە ، ووتم: ئەی باشە پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی نەكردوە لە سەردانی گۆڕستان ، فەرمووی:


منتدى إقرأ الثقافي

بە مەرجێك شتێك نەكات خوای گەورە پێی ڕازی نەبێت ، و قەدەغەی كردبێت(٣٤٩).

## ئەوانەی حەرامە لای گۆڕ بكرێت (مَايَحْرُمُ عِنْدَ القُبُوْرِ)

### سەربڕین با لە بەر خوایش بێت(٣٥٠)،

(( نَعَمْ ، ثُمَّ أمَرَ بِزِيَارَتِهَا )) واتە: بەڵێ ، لە پێشدا قەدەغەی كرد ، پاشان فەرمانی بە سەردانی كرد [رواه الحاكم في المستدرك (٣٧٦/١) وهو حديث صحيح ، بروانە أحكام الجنائز(ل١٨١)].

(٣٤٩) وەك (طَوَاف)كردن بە دەوریدا و هاوار پێ كردنی و داوا لێ كردنی وپەنا پێ بردنی و ... هتد ئەو جۆرە پەرستنانەی كە هەر دەبێت بۆ خوای گەورە بكرێت ، كە ئێستا لە وولاتی ئێمەو زۆربەی وولاتانی تری بە ناو ئیسلامدا بۆ غەیری خوا دەكرێت .

هەروەها شیوەن كردن یا شین گێڕانو ... هتد ئەو شتانەی كە دروست نییە لە سەر گۆڕ یان گۆڕستان بكرێت ، لە بەر ئەو بەڵگانەی پێشوو ، وە ئەو بەڵگانەی تریش كە لەمەو پاش باسی دەكەین لە باسی (ئەو شتانەی كە حەرامە لە لای گۆڕدا بكرێت) .

**تێبینی:**

هەندێك خەڵك لە وڵاتی ئێمەدا فێر بوون لە سەر گۆڕستانەكان بە پارە قورئان بۆ مردوەكان دەخوێنن ، دەگەڕێن بە سەر ئەو ئافرەتانەدا ، كە سەردانی مردوەكانیان دەكەن ، پێیان دەڵێن: بایی ئەوەندە قورئانت بۆ بخوێنم ؟ جا بە دینار و دوو بۆیان دەخوێنن ، لە ڕاستیدا ئەمە بازرگانی كردنە بە سەر ئایینی خواوە !!

(٣٥٠) لە بەر فەرموودەكەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لاَ عَقْرَ فِي الإِسْلاَمِ )) واتە: لە ئیسلامدا (عَقْر) نییە ، جا (عَبْدُالرَّزَّاق بن هَمَّام) لە واتای (عَقْر)دا فەرمووی: لە لای گۆڕەكەیدا مانگایەك یان شەكێكیان سەر دەبڕی [أخرجه أبو داود (٧١/٢) وقول عبد الرزاق له، والبيهقي (٥٧/٤) وأحمد (١٩٧/٣) وإسناده على شرط الشيخين].

(شَيْخُ الإِسْلاَمِ إِبْنُ تَيْمِيَة) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێ: سەربڕین لەوێدا — لە لای گۆڕدا — قەدەغەی لێكراوە بە گشتی ، هاوەڵەكانمان — حەنبەلیكان — و كەسانی تریش باسیان كردوە ، لە بەر ئەم فەرموودەیە ، (أَحْمَد) لە ڕیوایەتی (المَرْوَزِي)دا فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((لاَ عَقْرَ فِي الإِسْلاَمِ)) ، كاتێك كە مردویەكیان بمردایە ووشتریان لە سەر گۆڕەكەی سەر دەبڕی ، جا پێغەمبەری خوایش (ﷺ) قەدەغەی لەوە كرد



منتدى إقرأ الثقافي

**وە قەدەغەیش کراوە لە بەرزکردنەوەی ، وە لە هەڵگرتنی بە گەچ یان بە چیمەنتۆ ، وە لە نووسین لە سەری ، وە لە دروست کردنی خانوو لە سەری ، وە لە دانیشتن لە سەری(٣٥١)،**

وە (أبو عَبْدِالله) خواردنی گۆشتەکەیشی بە باش نەزانیوە _ هاوەڵەکانمان ووتویانە _ هەر وەك ئەوە وایە کەوا خەڵکێکی زۆری ئەم کاتەی خۆمان لای گۆڕدا نان و خواردن ... دەکەنە خێر [بڕوانە إقتضاء صراط المستقيم (ل: ١٨٢)].

هەروەها ئیمامی (النَّوَوِي) دەفەرمێ: سەربڕین و(عَقْر) کردن لە لای گۆڕدا (ذَم)کراوە ، لە بەر فەرموودەکەی (أنس) کە [أبوداود والترمذي ریوایەتیان کردووە وترمذی ووتویەتی: حديث حسن صحيح (٥/٣٢٠بروانە المجموع)] . ئەمە ئەگەر سەربڕینەکە بۆ خوا بوو بەڵام لەوێدا سەری ببڕن ، جا ئەگەر بۆ گۆڕەکە بیکات بە مەبەستی ئەوەی خۆی لێ نزیك بکاتەوە و کارێکی بۆ جێ بە جێ بکات _ سوودێکی پێ بگەیەنێت یا زیانێکی لە سەر لا بدات _ ئەوە شیرکی گەورەیەو بەری نەفرەتی خوای گەورە دەکەوێت ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمێ: (( لَعَنَ اللهُ (وَفِي رِوَايَةٍ: مَلْعُون) مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللهِ )) [رواه أحمد (٢٨١٧) بسند حسن عن إبن عباس ومسلم (٦/٨٤) عن علي نحوه]. وە خواردنیشی حەرامە ، لە بەر فەرموودەی خوای گەورە: ﴿ .. أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللهِ بِهِ ﴾ [بروانه الزواجر للفقيه الهيتمي (١/١٧١)].

(٣٥١) لە بەر فەرموودەکەی (جابر) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( نَهَى رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) أَنْ يُجَصَّصُ القَبْرُ ، وَأَنْ يُقْعَدَ عَلَيْهِ ، وَأَنْ يُبْنَى عَلَيْهِ ( أَوْ يُزَادَ عَلَيْهِ ) ( أَوْ يُكْتَبَ عَلَيْهِ ) )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە کەوا گۆڕ گەچ کاری بکرێت ، وە لە سەری دابنیشیت ، وە خانووی لە سەر دروست بکرێت ، یان زیاتر بەرز بکرێتەوە ، یان نووسینی لە سەر بکرێت [رواه مسلم (٢/٦٦٧/٩٧٠) والترمذي (٢/٢٥٨/١٠٥٨) والزيادتان لأبي داود (٩/٤٥/٣٢١٠) مع العون) والنسائي (١/٢٨٤)].

وە لە بەر فەرموودەکەی (أبو الهَيَّاجِ الأسْدي) کەوا فەرمووی: (عَلِيُّ بنُ أبِي طَالب) پێی ووتم: (( ألاَ ابْعَثُكَ عَلَي مَا بَعَثَنِي عَلَيْهِ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) ، أَنْ لاَ تَدَعَ تِمْثَالاً [وَفِي رواية: صُوْرَةً][فِي بَيْتٍ]إلاَّ طَمَسْتَهُ ، وَلاَ قَبْراً مُشْرَفَاً إلاَّ سَوَّيْتَهُ )) واتە: ئایە ڕەوانەت نەکەم بۆ ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) منی بۆ ڕەوانە کرد ، ئەوەی کە هیچ بتێك (وێنەیەك) نەهێڵیت لە هیچ ماڵێکدا (ئیللا) تێکی دەیت ، وە هیچ گۆڕێکی بەرزیش نەبینیت (ئیللا) تەختی کەیت [رواه مسلم (٣/٦١) وأبوداود(٢/٧٠) والترمذي ( ٢/١٥٣) وغیرهم وەفەرموودەی تریش زۆرە لەم بارەیەوە بروانە (أحكام الجنائز (ل ٢٠٤-٢١٠)].


منتدى إقرأ الثقافي

**وە لە نوێژ کردن ڕوو بەرەو گۆڕ[٣٥٢] ، وە لە نوێژ کردن لە لایدا با ڕوویشی تێ نەکرێت[٣٥٣] ، وە لە دروست کردنی مزگەوت لە سەری[٣٥٤] ،**

(٣٥٢) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو مَرْثَد الغَنَوِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لَا تُصَلُّوا إِلَى القُبُورِ ، وَلاَ تَجْلِسُوا عَلَيْهَا )) واتە: نوێژ بەرەو گۆڕ مەکەن ، وە لە سەریشی دامەنیشن [رواه مسلم (٢/٦٦٨/٩٧٢) وأبو داود (٩/٤٩/٣٢١٣مع العون) والترمذي (٢/٢٥٧/١٠٥٥) والنسائي (٢/٦٧)].

(٣٥٣) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد الخُدْرِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( الأَرْضُ كُلُّهَا مَسْجِدٌ إِلاَّ المَقْبَرَةِ وَالحَمَّام )) واتە: زەوی هەمووی مزگەوتە - پاکە بۆ نوێژ کردن لە سەری - جگە لە گۆڕستان و گەرماو(حَمَّام) _ شوێنی خۆ شۆردن _ نەبێت [رواه أبو داود (٢/١٥٨/٤٨٨) والترمذي (١/٩٩/٣١٦) وغيرهما وهو حديث صحيح ، بڕوانە الإرواء (٢٨٧) وصحيح الجامع(٢٧٦٧)].

وە لە بەر فەرموودەکەی(أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِجْعَلُوْا فِي بِيُوْتِكُمْ مِنْ صَلاَتِكُمْ ، وَلاَ تَجْعَلُوْهَا قُبُوْراً )) واتە: هەندێك لە نوێژەکانتان - نوێژی سوننەت - لە ماڵەکانتاندا بکەن ، وە ماڵەکانتان مەکەنە گۆڕستان [رواه البخاري (١/٤٢٠) ومسلم (٢/١٨٧) وغيرهما].

(٣٥٤) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( قَاتَلَ اللهُ اليَهُوْدَ ( وفي رواية: لَعَنَ اللهُ اليَهُوْدَ وَالنَّصَارَى ) إِتَّخَذُوْا قُبُوْرَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ )) واتە: خوای گەورە جوولەکە و گاوورەکان بکوژێت (نەفرەتی خوا لە جوولەکە و گاوورەکان) چونکە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کردە مزگەوت [رواه البخاري (١/٤٢٢) وأبوداود (٢/٧١) وغيرهما والرواية الثانية لمسلم وأبوعوانة (٢/٤٠٠)] .

وە فەرموودەکەی (عَبْدُالله بنِ مَسْعُوْد) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست کەوا فەرمووی: (( إِنَّ مِنْ شِرَارِ النَّاسِ مَنْ تُدْرِكُهُ السَّاعَةُ وَهُمْ أَحْيَاء ، وَمَنْ يَتَّخِذُ القُبُوْرَ مَسَاجِد )) واتە: خراپترین خەڵکی ئەو خەڵکەیە کەوا قیامەت هەڵدەسێت و ئەوان زیندوون ، وخەڵکێکە کە گۆڕ دەکەنە مزگەوت [رواه أحمد (٣٨٤٤) ورواه ابن ابي شيبة وابن حبان في صحيحه وهو حديث حسن ، بڕوانە أحكام الجنائز(ل٢١٧)].

وە فەرموودەی تر لەم بارەیەوە زۆرە بڕوانە [أحكام الجنائز (ل ١١٦-١١٩)].



منتدى إقرأ الثقافي

**وە لە کردنی بە شوێنی جەژن و شادی(٣٥٥)، وە لە سەفەر کردن وبار پێچانەوە بۆ لای(٣٥٦)، وە لە داگیرساندنی گڵۆپ وچرا لە سەری(٣٥٧)،**

(٣٥٥) بەوەی لە چەند کاتێکی دیاری کراو دا سەردانی بکرێت بە مەبەستی خواپەرستی کردن لە لایدا یا بۆ هەر مەبەستێکی تر ، لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَةَ) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لاَ تَتَّخِذُوْا قَبْرِي عِيْداً ، وَلاَ تَجْعَلُوْا بِيُوْتُكُمْ قُبُوْراً ، وَحَيْثُمَا كُنْتُمْ فَصَلُّوْا عَلَيَّ ، فَإِنَّ صَلاَتَكُمْ تَبْلُغُنِي** )) واتە: گۆڕەکەم مەکەنە جەژن ، وە ماڵەکانیشتان مەکەنە گۆڕستان ، وە لە هەر شوێنێك دا بوون ئەوە سڵاواتم لە سەر بدەن ، چونکە سڵاواتەکانتان پێم دەگات لە ڕێگەی ئەو فریشتانەی کە بۆ ئەو مەبەستە دیاری کراوە [رواه أبو داود (٢٦/٢-٣١/٦ مع العون)].

(٣٥٦) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَةَ) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لاَ تُشَدُّ الرِّحَالُ إِلاَّ إِلَى ثَلاَثَةِ مَسَاجِدَ: الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ ، وَمَسْجِدِ الرَّسُوْلِ(ﷺ) ، وَمَسْجِدِ الأَقْصَى** )) واتە: کوڵ بە کۆڵدا نادرێت و سەفەر ناکرێت بۆ هیچ شوێنێك _ لە بەر پیرۆزی _ تەنها بۆ سێ مزگەوت نەبێت ، بۆ مزگەوتی حەرام ومزگەوتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و مزگەوتی (الأقْصَى) [رواه البخاري (١١٨٩/٦٣/٣) ومسلم (١٣٩٧/١٠١٤/٢) وغيرهما، وەبۆ زیاتر تێ گەیشتن لەم باسە بڕوانە (أحكام الجنائز ل ٢٤٤-٢٣١)].

(٣٥٧) لە بەر ئەوەی شتێکی داهێنراوە ، پێشینان(السَّلَف) نەیانکردوە ، وە فەوتانی ماڵیشە بە بێ سوود ، کە لە شەریعەتدا حەرامە ، وە لاسایی کردنەوەی (مَجُوس)ە ئاگر پەرستەکانە ، کە فەرمانمان پێ کراوە جیاوازیان لە گەڵدا بکەین ، ئەمەیش ڕای (إِبْنُ حَجَرِ الهَيْتَمِي)ە ، لە [الزواجر (١٣٤/١)دا]. وە ئەو فەرموودەیەیش کە دەیکاتە بەڵگە _ وە (إِبْنُ القَيِّم)یش دەیکاتە بەڵگە _ لە (إِبْنُ عَبَّاس)ەوە دەیگێڕنەوە: (( **لَعَنَ اللهُ زَائِرَاتِ الْقُبُوْرِ وَالْمُتَّخِذِيْنَ عَلَيْهَا الْمَسَاجِدَ وَالسُّرُجَ** )) واتە: نەفرەتی خوای گەورە لەو ئافرەتانەی کەوا زۆر سەردانی گۆڕستان دەکەن ، وە لەو کەسانەیش کەوا مزگەوتی لە سەر دروست دەکەن ، وە لەوانەیشی کەوا چرای لە سەر دادەگیرسێنن [رواه ابو داود (٣٢٣٦/٥٥٨/٣) والنسائي (٢٠٤٣/٩٤/٤) والترمذي (٣٢٠/١٣٦/٢)] فەرموودەکە لە (سَنَد)ە کەیدا (بَاذَام)ی تێ دایە کە لای پیاو(رِجَال) ناسەکان زۆر لاوازە ، بڕوانە [تهذيب السنن (٣٤٢/٤)] وە بڕوانە [سلسلة الأحاديث الضعيفة: ٢٢٣] .



منتدى إقرأ الثقافي

وە قەدەغەیش کراوە لە شکاندنی ئێسقانی مردو[358].

(السُرُج): چراو گڵۆپ دەگرێتەوە . وە واتای ڕستەی یەکەم و ڕستەی دووەمیشی ڕاستە ، لە بەر ئەو فەرموودانەی کە باسمان کرد ، بڕوانە[ أحكام الجنائز (ل٢٣٢-٢٣٣)].

(٣٥٨) لە بەر فەرموودەکەی (عَائشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إنَّ كَسْرَ عَظْمِ المُؤْمِنِ مَيِّتاً ، مِثْلَ كَسْرِهِ حَيّاً )) واتە: شکاندنی ئێسقانی باوەڕدار بە مردویی ، وەکو شکاندنێتی بە زیندویی [رواه ابو داود (٢/٦٩) وابن ماجة (٤٩٢/١) وأحمد (٦/١٠٠) والدارقطني (٣٦٧) وغيرهم وهو حديث صحيح ، بڕوانە صحيح الجامع(٢١٤٣)].

ئیمامی (النَّوَوِي) دەفەرمێ: دروست نییە تێکدانی گۆڕ بە بێ هیچ هۆیەکی شەرعی بە یەك دەنگی هاوەڵان – شافعێکان – بەڵام ئەگەر هۆیەکی شەرعی هەبوو ئەوە دروستە [بڕوانە (المجموع (٥/٣٠٣)].

**( الحَمْدُ لِلَّه ) ئەوە بەشی یاساکانی مردویش کۆتایی پێ هات ، بە یارمەتی خوای گەورە ئێستا دەست بە باسکردنی بەشی زەکات دەکەین.**



منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی زەکات (الزَّكَاة)

## زەکات لە سەر کێ پێویستە ؟ (عَلَى مَنْ تَجِبُ الزَّكَاة ؟)

### زەکات دان پێویست (وَاجِب)ە[359]،

(٣٥٩) زەکات پایەیەکی گرنگە لە پایەکانی ئیسلام ، لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ١٠٠) .

وە لە قورئاندا خوای گەورە لە هەشتاو دوو(٨٢) شوێندا لە گەڵ نوێژدا پێکەوە باسی کردوون .

وە خوای گەورە لە قورئاندا وە پێغەمبەری خوایش (ﷺ) لە سوننەتدا زۆر هانی موسوڵمانان دەدەن لە سەر بە جێ هێنانی ئەم فەرزە ، خوای گەورە لە سورەتی (التوبة: ١٠٣)دا دەفەرمێ: ﴿ خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا﴾ واتە: وە لە پارە و ماڵەکانیاندا زەکاتیان لێ وەربگرە تا بە هۆیەوە ماڵ ودەروونیان پاک بکەیتەوە .

وە هەروەها لە سورەتی (الروم: ٣٩)دا خوای گەورە دەفەرمێ: ﴿ وَمَا آتَيْتُمْ مِنْ رِبًا لِيَرْبُوا فِي أَمْوَالِ النَّاسِ فَلاَ يَرْبُوا عِنْدَاللهِ ، وَمَا آتَيْتُمْ مِنْ زَكَاةٍ تُرِيدُونَ وَجْهَ اللهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُضْعِفُونَ ﴾ واتە: وە ئەوەی کە بە سوود(رِبَا) دەیدەن بە خەڵکی بۆ ئەوەی پارەتان زیاد بێت ، لای خوای گەورە هیچ زیاد ناکات و بێ بەرەکەتە ، وە ئەوی کە بە زەکات دەیدەن ، مەبەستان ڕەزامەندی خوایە ، ئا ئەوانەیە ماڵەکانیان چەند جار زیاد دەکات .

وە (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ تَصَدَّقَ بِعَدْلِ تَمْرَةٍ مِنْ كَسْبٍ طَيِّبٍ - وَلاَ يَقْبَلُ اللهُ إِلاَّ الطَّيِّبَ - فَإِنَّ اللهَ يَتَقَبَّلُهَا بِيَمِينِهِ ثُمَّ يُرَبِّيهَا لِصَاحِبِهَا كَمَا يُرَبِّي أَحَدُكُمْ فَلُوَّهُ ، حَتَّى تَكُونَ مِثْلَ الجَبَلِ )) واتە: هەر کەسێك بە ئەندازەی خورمایەك ببەخشێت لە کاسبی پاك وحەڵاڵی ، وە خوای گەورە پاك نەبێت وەری ناگرێت ، ئەوە خوای گەورە بە ڕاستی خۆی وەری دەگرێت ، پاشان بۆ خاوەنەکەی پەروەردە و زۆری دەکات ، هەر وەك چۆن یەکێکتان بەچکە ئەسپەکەی پەروەردە دەکات ، تا ئەوەندەی کێوێکی لێ دێت [رواه البخاری (٣/٢٧٨/١٤١٠) وهذا لفظه ومسلم (٢/٧٠٢/١٠١٤) وغیرهما].

هەروەها زۆریش موسوڵمانان ووریا دەکەنەوە لە جێ بە جێ نەهێنانی ، خوای گەورە لە سورەتی (التوبة: ٣٤-٣٥)دا دەفەرمێ: ﴿ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالفِضَّةَ و لاَ يُنْفِقُونَهَا


منتدى إقرأ الثقافي

..............................

فِي سَبِيلِ اللهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ، يَوْمَ يُحْمَىٰ عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَىٰ بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ ، هَٰذَا مَا كَنَزْتُمْ لِأَنفُسِكُمْ فَذُوقُوا مَا كُنتُمْ تَكْنِزُونَ ﴾ واتە: وە ئەوانەی کەوا ئالتون و زیو دەکەنە گەنجینە ولە پێناوی خوا دا لێی نابەخشن ، ئەوە مژدەیان بدەرێ بە سزایەکی بە ئازار ، لەو ڕۆژەدا کەوا لە ئاگری دۆزەخدا سوور دەکرێتەوە جا ڕوومەت وقەبرغە و پشتیانی پێ داخ دەکرێت ، وە پێیان دەڵێن: ئەمە بوو کەوا هەڵتاندەگرت ودەتانکرد بە گەنجینە بۆ خۆتان ، دەی لە سزاکەی بچێژن .

وە (أبو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَا مِنْ صَاحِبِ ذَهَبٍ وَلاَ فِضَّةٍ لاَ يُؤَدِّي مِنْهَا حَقَّهَا إِلاَّ إِذَا كَانَ يَوْمُ القِيَامَةِ ، صُفِّحَتْ لَهُ صَفَائِحَ مِنْ نَارٍ فَأُحْمِيَ عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ ، فَيُكْوَى بِهَا جَنْبُهُ وَجَبِينُهُ وَظَهْرُهُ ، كُلَّمَا بَرَدَتْ أُعِيدَتْ لَهُ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ ، حَتَّى يُقْضَى بَيْنَ العِبَادِ ، فَيُرَى سَبِيلَهُ إِمَّا إِلَى الجَنَّةِ وَإِمَّا إِلَى النَّارِ . قِيلَ: يَا رَسُولَ اللهِ فَالإِبِلُ ؟ قَالَ: وَلاَ صَاحِبُ إِبِلٍ لاَ يُؤَدِّي مِنْهَا حَقَّهَا ، وَمِنْ حَقِّهَا حَلَبُهَا يَوْمَ وِرْدِهَا ، إِلاَّ إِذَا كَانَ يَوْمُ القِيَامَةِ بُطِحَ لَهَا بِقَاعٍ قَرْقَرٍ ، أَوْفَرَ مَا كَانَتْ ، لاَ يَفْقِدُ مِنْهَا فَصِيلاً وَاحِداً ، تَطَؤُهُ بِأَخْفَافِهَا وَتَعَضُّهُ بِأَفْوَاهِهَا ، كُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ أُولاَهَا رُدَّ عَلَيْهِ أُخْرَاهَا ، فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ ، حَتَّى يُقْضَى بَيْنَ العِبَادِ ، فَيُرَى سَبِيلُهُ إِمَّا إِلَى الجَنَّةِ وَإِمَّا إِلَى النَّارِ )) واتە: هیچ خاوەن ئالتونێك نییە یان هیچ خاوەن زیوێك نییە کەوا مافی نەدات (ئیللا) کاتێك ڕۆژی قیامەت دێت ، (صَفِيْحَه)ی– وەك ئالتون وزیوەکان — لە ئاگر بۆ دەکرێت ، جا لە ئاگری دۆزەخدا گەرم دەکرێت ، وە دەموچاو و قەبرغەی وپشتی پێ داخ دەکرێت ، هەر کاتێك سارد ببێتەوە ، دوو بارەی دەکەنەوە بۆی ، لە ڕۆژێکدا کە درێژێکەی پەنجا هەزار ساڵە ، تا دادگایی لە نێوان بەندەکاندا دەکرێت ، جا ڕێگاکەی پێ پیشان دەدرێت یان بەرەو بەهەشت وە یان بەرەو دۆزەخ . ووترا: ئەی پێغەمبەری خوا ، ئەی ئەگەر کەسێك ووشتری بێت ؟ فەرمووی : ... [رواه مسلم (٢/٦٨٠/٩٨٧) وأبو داود (٥/٧٥/١٦٤٢)].

وە هەر کەسێك (إنكَار)ی فەرز بوونی بکات لە ئیسلام دەردەچێت ، وە بە بێ باوەڕی دەکوژرێت ، بەڵام ئەگەر کەسێك نەیدات و باوەڕیشی بە فەرز بوونی هەبێت ، ئەوە تاوان بار دەبێت ، وەدەسەڵاتدار دەتوانێت بە زۆر لێی بسێنێت و نیوەی ماڵەکەیشی ببات ، لە سزای ئەو کارەیدا ، لە بەر فەرموودەکەی (بَهْزُ بنُ حَكِيم) لە باوکیەوە لە باپیرەیەوە کەوا


منتدى إقرأ الثقافي

........................................

فەرمووی: بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **فِي كُلِّ سَائِمَةِ إِبِلٍ ، فِي أَرْبَعِينَ بِنْتُ لَبُونٍ ، لاَ يُفَرَّقُ إِبِلٌ عَنْ حَسَابِهَا ، مَنْ أَعْطَاهَا مُؤْتَجِراً بِهَا فَلَهُ أَجْرُهَا ، وَمَنْ مَنَعَهَا فَإِنَّا آخِذُوهَا وَشَطْرِ مَالِهِ عَزْمَةً مِنْ عَزَمَاتِ رَبِّنَا تَبَارَكَ وَتَعَالَى ، لَيْسَ لِمُحَمَّدٍ وَلاَ لِآلِ مُحَمَّدٍ مِنْهَا شَيْءٌ** )) واتە: لە هەموو ووشترێك دا كە بلەوەڕێت ، لە گشت چل دا (اِبْنَةُ لَبُون)ێك زەكاتە، ووشتر جیا ناكرێتەوە لە بەر ژمارەكەی ، كێ بیدات و داوای پاداشت لە خوا بكات ئەوە ، پاداشتی دەدرێتەوە ، وە هەر كەسێكیش نەیدات ئەوە ئێمە لێی دەسێنین وە نیوەی ماڵەكەیشی دەبەین(عُزْمَة)ێك لە لایەن پەروەردگارمانەوە ، هیچی حەلاڵ نییە بۆ كەس و كاری موحەممەد [رواه ابوداود (١٥٦٠/٤٥٢/٤) وأحمد (٢٨/٢١٧/٨) وهو حديث حسن ، بروانە الإرواء(٧٩١) وصحيح الجامع(٤٢٦٥)].

وە ئەگەر كۆمەڵێك زەكاتیان نەدا و باوەڕیشیان بەوە بوو كە فەرزە ، وە هێزو بەرگریشیان هەبوو ، ئەوە پێویستە جەنگیان لە گەڵدا بكرێت تا دەیدەن ، لە بەر ئەو فەرموودەیەی كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمێ: (( **أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَأَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللهِ ، وَيُقِيمُوا الصَّلاَةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ ، فَإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ فَقَدْ عَصَمُوا مِنِّي دِمَائَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلاَّ بِحَقِّ الإِسْلاَمِ ، وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللهِ** )) واتە: من فەرمانم پێ كراوە كەوا بجەنگم لە گەڵ خەڵكیدا تا شایەتی دەدەن كەوا هیچ پەرستراوێك نییە شایانی پەرستن بێت جگە لە(الله) ، وە (مُحَمَّد)یش نێرراوی (الله)یە ، وە نوێژ بكەن ، وە زەكات بدەن ، جا ئەگەر ئەوەیان كرد ئەوە خوێن و ماڵیان لە من پارێزراوە مەگەر بە مافی ئیسلام ، وە لێپرسینەوەیشیان لە لای خوای گەورەیە [رواه البخاري (٢٥/٧٥/١) وهذا لفظه ومسلم (٢٢/٥٣/١).].

وە (أَبو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: كاتێك كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی كرد و (أَبُوبَكْر) بوو بە جێ نشینی ، جا ئەوەی بێ باوەڕ بوییەوە لە عەرەب بێ باوەڕ بوویەوە ، (أَبُوبَكْر)یش بڕیاری دا لە گەڵیاندا بجەنگێت ، جا (عُمَر) فەرمووی: چۆن لە گەڵ خەڵكیدا دەجەنگیت ؟ وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: (( **أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ ، فَمَنْ قَالَهَا فَقَدْ عَصَمَ مِنِّي مَالَهُ وَنَفْسَهُ إِلاَّ بِحَقِّهِ وَحِسَابُهُ عَلَى اللهِ** )) واتە: من فەرمانم پێ كراوە لە گەڵ خەڵكیدا بجەنگم تا دەڵێن:


منتدى إقرأ الثقافي

**لە سەر هەموو موسوڵمانێك[٣٦٠] ، كەوا خاوەنی پارە و ماڵێكی وا بێت گەیشتبێتە ڕادە(نصَاب)ی زەكات لە شەرعدا[٣٦١] ،**

(لَاإِلَهَ إِلاَّ الله) ، جا هەر كەسێك بیڵێت ئەوە ماڵو نەفسی لە من پارێزراوە ، مەگەر بە حەققی ئەوە ، وە لێپرسینەوەیشیان لە لای خوای گەورەیە .

جا (أَبوبَكْر) فەرمووی: سوێند بێت بە خوای گەورە دەجەنگم لە گەڵ كەسێكدا جیاوازی بخاتە نێوان نوێژو زەكاتەوە ، لە ڕاستیدا زەكات حەققی ماڵە ، سوێند بێت بە خوا ئەگەر بەچكە بزنێكم پێ نەدەن كەوا دەیاندا بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ، ئەوە دەجەنگم لە گەڵیاندا لە سەر نەدانی ، جا (عُمَر) فەرمووی : سوێند بێت بە خوا هیچ نییە(ئیللا) خوای گەورە دڵی (أَبوبَكْر)ی هیدایەت داوە بۆ جەنگ كردن ، جا بۆم دەركەوت كەوا ئەو لە سەر حەقە [رواه البخاري (٣/٦٢٦/١٤٠٠) ومسلم (١/٥١/٢٠) وغيرهما].

(٣٦٠) چونكە زەكات پەرستن(عِبَادَة)ە وپەرستنیش تەنها لە موسوڵمانان وەردەگیرێت .

(٣٦١) لە بەر ئەو هەموو فەرموودانەی كە لە بارەی زەكاتەوە هاتوون كە هەموویان ڕادە(نِصَاب)ی بۆ دیاری دەكەن ، لەوانە فەرموودەكەی (أَبُو سَعِيْد الخُدْرِي) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لَيسَ فِيمَا دُوْنَ خَمْسِ ذَوْدٍ صَدَقَةٌ مِنَ الإِبِلِ ، وَلَيسَ فِيمَا دُوْنَ خَمْسِ أَوَاقٍ صَدَقَةٌ ، وَلَيسَ فِيمَا دُوْنَ خَمْسَةِ أَوْسُقٍ صَدَقَةٌ )) واتە: لە پێنج ووشتر كەمتردا زەكات نییە ، وە لە پێنج وەقە — (٢٠٠) درهەمی زیو — كەمتر زەكاتی تێدا نییە ، وە لە پێنج ویسق — (٦٥٣) كیلۆ — كەمتر زەكاتی تێدا نییە [رواه البخاري (٣/٣١٠/١٤٤٧) وهذا لفظه ومسلم (٢/٦٧٣/٩٧٩) وغيرهما].

**تێبینی:**

ویسقێك شەست(٦٠) (صَاع)ە ، وە (صَاع)ێكیش چوار گوێل(مُدّ)ە ، وە هەر گوێلێكیش (٥٤٤)غرامە ، كەوا بوو هەر(صَاع)ێك = ٥٤٤×٤=٢١٧٦ غرام دەكات ، وە هەر ویسقێكیش = ٦٠× ٢١٧٦=١٣٠،٥٦ كغم دەكات ، كەوا بوو (٥) ویسقەكە= ٥× ١٣٠،٥٦= ٦٥٢،٨ كغم دەكات [بڕوانە الفقه الإسلامي وأدلته /وهبة الزحيلي (جدول المقاييس)].


منتدى إقرأ الثقافي

وە ئەگەر ماڵەكەی پارە وئاژەڵ بێت ئەوە دەبێت ساڵیشی بە سەردا تێپەڕ بوبێت[٣٦٢]، بەڵام بەروبووم ودانەوێڵە لە كاتی پێ گەیشتن ودرەو كردنیدا زەكاتی دەكەوێتە سەر[٣٦٣].

## ئەو پارە و سامانانەی كە زەكاتی تێدا پێویست دەبێ
## (الأَمْوَالُ الَّتِي تَجِبُ فِيهَا الزَّكَاة)

زەكات پێویست دەبێت لە پارەوپووڵ و بەرووبوومو دانەوێڵەو ئاژەڵدا[٣٦٤].

## زەكاتی پارە و پوول ( زَكَاةُ الأَمْوَالِ وَالنُّقُوْد )

ڕادە(نِصَاب)ی زەكاتی پارە بە ئاڵتون بیست(٢٠)دینارە[٣٦٥]، وە بە زیویش دوو سەد(٢٠٠) درهەمە[٣٦٦]،

---

(٣٦٢) لە بەر فەرموودەكەی (عَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرموویەتی: (( لاَ زَكَاةَ فِي مَالٍ حَتَّى يَحُوْلَ عَلَيْهِ الحَوْلُ )) واتە: ماڵ زەكاتی تێدا نییە تا وەكو ساڵی بە سەردا تێپەڕ دەبێت [رواه إبن ماجة (١٧٩٢/٥٧١/١) والدارقطني (٣/٩٠/٢) وغيرهما وهو حديث صحيح بروانە الإرواء(٧٨٧) وصحيح أبي داود(١٤٠٣) وصحيح الجامع (٧٤٩٧)].

(٣٦٣) لە بەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (الأنعام: ١٤١)دا كە دەفەرمێ: ﴿ وَءَاتُوا حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ ..﴾ واتە: وە لە ڕۆژی درەو كردنیدا ماف(زەكات)ەكەی بدەن .

(٣٦٤) لە بەر ئەو بەڵگانەی كە لە شوێنی خۆیدا بە درێژی باسی دەكەین ، ( إِنْ شَاءَ الله).

(٣٦٥) واتە: (٢٠) مسقاڵە ، چونكە هەر دینارێكی ئەو كاتە یەك مسقاڵ ئاڵتونی پاك(خَالِص) بووە ، كە (٤،٢٥) غرامی ئێستا دەكات .

(٣٦٦) واتە: (١٤٠) مسقاڵە ، چونكە هەر درهەمێكی ئەو كاتە (٢،٩٧٥) غرامی ئێستا دەكات ، وە لەو كاتەدا یەك دینار دە(١٠) درهەم بووە ، واتە: (٢٠) دینارە ئاڵتونێكە (٢٠٠) درهەمی كردوە ، كەوا بوو (٢٠) مسقاڵ ئاڵتون لەو كاتەدا (١٤٠) مسقاڵ زیوی كردوە ، وە



منتدى إقرأ الثقافي

**وە ئەنداز(مِقْدار)ەی زەکاتیشی لە چل(٤٠)دا یەکە[٣٦٧]، وە هەروەها خشڵی ئافرەت(ملوانکەو بازنەو ... ی ئاڵتون وزیوو) ئەگەر گەیشتە ڕادە(نِصَاب)ی زەکات وساڵی بە سەردا تێ پەڕی دەبێ زەکاتی لێ بدرێت[٣٦٨].**

گشت مسقاڵێك ئاڵتون (٧) مسقاڵ زیووی کردووە ، بەڵام ئێستا وانییە ، چونکە نرخی زیو زۆر دابەزیوە ، بەڵام نرخی ئاڵتون هەر وەکو خۆی ماوە ، بە بەڵگەی فەرموودەکەی (عُرْوَةُ البَارِقِي) (خوای لێ ڕازی بێت) (( **أنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) أعْطَاهُ دِينَاراً يَشْتَرِي لَهُ بِهِ شَاةً ، فَاشْتَرَى لَهُ بِهِ شَاتَيْنِ ، فَبَاعَ إِحْدَاهُمَا بِدِينَارٍ ، فَجَاءَ بِدِينَارٍ وَشَاةٍ ، فَدَعَا لَهُ بِالبَرَكَةِ فِي بَيْعِهِ ، وَكَانَ لَوِ اشْتَرَى التُّرَابَ لَرَبِحَ فِيْهِ** )) واتە: کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دینارێکی پێدا بۆ ئەوەی شەکێکی بۆ بکڕێت ، جا ئەو دوو شەکی بەو یەك دینارە کڕی ، جا یەکێکی فرۆشت بە دینارێك ، وە دینارێك و شەکەکەی تریشی هێنایەوە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوعای بۆ کرد کەوا دەستی بە بەرەکەت بێ لە کڕین و فرۆشتندا ، بۆیە ئەگەر خۆڵی بکڕیایە قازانجی لێ دەکرد [رواه البخاری (٦/٦٣٢/٣٦٤٢) وغیره].

کەوا بوو دینارێکی ئاڵتون لەو کاتەدا شەکێك تا دوو شەکی کردوە ، وە ئێستایش یەك مسقاڵ ئاڵتونی پاك ، هەر ئەوە دەکات ، کەوا بوو نرخی هەر وەکو خۆی ماوە ، وە دە(١٠) درهەمی ئەو کاتە (یان حەوت(٧) مسقاڵ زیو) کە نرخی دینارێك بووە هەر ئەوەی دەکرد لەو کاتەدا کە یەك مسقاڵە ئاڵتونەکە کردویەتی ، بەڵام حەوت(٧)مسقاڵی زیوی ئێستا هەرگیز ئەوە ناکات ، بەڵکو زۆریش نرخی دابەزیوە ، کەوا بوو بۆ زانینی ڕادە(نِصَاب)ی زەکاتی پارەو پووڵی ئێستا پێویستە بەرانبەر بە ڕادەی زەکاتی ئاڵتون (قِیَاس) بکرێت نەك بەرانبەر بە زیو ، چونکە وەك باسمان کرد نرخی زیو زۆر دابەزیوە ، وە هەرگیز خاوەن (١٤٠) مسقاڵ زیوی ئێستا بە دەوڵەمەند نازمێررێت تا زەکاتی لە سەر بێت ، بەڵکو دەتوانیت بڵێی کەم دەست(مِسْکِین)یشە وپێویستە زەکاتی پێبدرێت (وَاللهُ أعْلَم).

(٣٦٧) واتە: لە بیست(٢٠) مسقاڵە ئاڵتونەکەدا نیو($\frac{1}{2}$) مسقاڵ زەکاتی دەکەوێتە سەر ، وە لە(١٤٠) مسقاڵە زیوەکەدا سێ مسقاڵو نیو($3\frac{1}{2}$) زەکاتی دەکەوێتە سەر ، وە هەرچەندە زیادی کرد ئەوە هەر بەو شێوە ژمارە دەکرێت ، هەروەها بۆ هەموو پارە وپولێکی تریش پاش گەیشتنی بە ڕادەی زەکات ، لە چلدا یەکی بە زەکات دەردەکرێت .

(٣٦٨) خشڵی ئافرەت زیو بێت یان ئاڵتون زەکاتی تێدایە ، لە بەر واتای گشتی(عُمُوم)ی ئایەتەکە ، وە لە بەر ئەو فەرموودانەیش کە باسی زەکاتی ئاڵتون و زیو

منتدى إقرأ الثقافي

..........................

دەكەن ، وە هیچ بەڵگەیەكیش نییە لەو (عُمُوم)ە دەری بكا ، ئەمە جگە لەو بەڵگە تایبەتیانەیش كە لەو بارەیەوە هاتوون ، وەك فەرموودەكەی (أُمِّ سَلَمَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: من ملوانكەیەكی ئاڵتونم لە مل دەكرد ، جا ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا ئایە ئەمە گەنجینەی(كَنْز)ە ؟ ئەویش فەرمووی: (( مَا بَلَغَ أَنْ تُؤَدِّي زَكَاتَهُ فَزُكِّيَ فَلَيْسَ بِكَنْزٍ )) واتە: ئەگەر گەیشتە ڕادەی زەكات و زەكاتەكەی دەركرا ، ئەوە گەنجینە نییە [رواه ابوداود (٤/٤٢٦/١٥٤٩) والدارقطني (٢/١٠٥) وهو حديث حسن بروانه صحيح الجامع (٥٥٨٢) والسلسلة الصحيحة (٥٥٩)].

وە فەرموودەكەی (عَمْرُو بنُ شُعَيْب)یش لە باوكیەوە لە باپیرەیەوە(خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: دوو ئافرەت هاتن بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بازنەی ئاڵتون لە دەستیاندا بوو ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموون: (( أَتُؤَدِّيَانِ زَكَاتَهُ ؟ )) واتە: ئایە زەكاتی ئەوە دەدەن ؟ ووتیان: نەء ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموون: ((أَتُحِبَّانِ أَنْ يُسَوِّرَكُمَا اللهُ بِسِوَارَيْنِ مِنْ نَارٍ ! )) واتە: ئایا پێتان خۆشە لە ڕۆژی دوایدا خوای گەورە بازنەی ئاگرین بكاتە دەستان ! ، ووتیان: نە ء ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( فَأَدِّيَا زَكَاتَهُ )) واتە: دە زەكاتی ئەوە بدەن كە لە دەستان دایە [رواه الترمذي وأبوداود بغير هذا لفظ وهو حديث حسن بروانه صحيح ابى داود رقم (١٣٩٦) وصحيح الترمذي (٥١٨) والمشكاة (١٨٠٩) والإرواء (٣/٢٩٦)].

وە فەرموودەكەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژێك هاتە ژوورەوە بۆ لام چەن كلكەوانە(موستیلە)یەكی زیوی لە دەستمدا بینی فەرمووی: (( مَا هَذَا يَا عَائِشَة ؟ )) واتە: ئەمە چییە ئەی (عَائِشَة) ؟ منیش ووتم: دروستم كردوە ، بۆ تۆ خۆمی پێ جوان بكەمەوە ئەی پێغەمبەری خوا ، فەرمووی: (( أَتُؤَدِّيْنَ زَكَاتَهُ ؟ )) واتە: ئەی زەكاتەكەی دەدەیت ؟ ووتم: نە ء ، یان ئەگەر خوا ویستی لە سەر بێت . فەرمووی: (( هُوَ حَسْبُكِ مِنَ النَّارِ )) واتە: ئەوەت بەسە لە ئاگری دۆزەخدا [ رواه أبوداود (٤/٤٢٧/١٥٥٠) والدارقطني (٢/١٠٥) وهو حديث صحيح بروانه صحيح أبي داود (١٣٨٤) ].


منتدى إقرأ الثقافي

# زەکاتی دانەوێڵە و بەروبوم
# (زَكَاةُ الحُبُوبِ وَالثِّمَار)

لە دانەوێڵە وبەروبومدا زەکات تەنها لە گەنم و جۆ و خورما و مێوژ دا هەیە[٣٦٩]، ڕادە(نِصَاب)ی زەکاتیشی تێدا پێنج ویسقە ، ئەگەر لەوە کەمتر بێت ئەوە زەکاتی تێدا نییە[٣٧٠]، جا ئەگەر بە ئاوی ڕوبار وباران ئاو درا ئەوە دە یەکی($\frac{1}{10}$) تێدایە ، بەڵام ئەگەر بە ئامێرێك ئاو بدرێت و(تَكْلِيف)ی تێدا بکات ئەوە بیست یەکی($\frac{1}{20}$) تێدایە[٣٧١]،

---

(٣٦٩) (أَبُو بُرْدَة) لە(أَبُو مُوسَى وَمُعَاذ)ەوە دەگێڕێتەوە( خوایان لێ ڕازی بێت) : (( أَنَّ رَسُولَ اللهِ ( ﷺ) بَعَثَهُمَا إِلَى اليَمَنِ يُعَلِّمَانِ النَّاسَ أَمْرَ دِيْنِهِمْ ، فَأَمَرَهُمْ أَنْ لاَ يَأْخُذُوا الصَّدَقَةَ إِلاَّ مِنْ هَذِهِ الأَرْبَعَةِ: الحِنْطَةُ وَالشَّعِيْرُ وَالتَّمْرُ وَالزَّبِيْبُ )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) ڕەوانەی کردن بۆ وڵاتی یەمەن خەڵکی فێری ئایین بکەن ، جا فەرمانی پێ کردن کەوا زەکات وەرنەگرن تەنها لەم چوارەدا نەبێت ، گەنم و جۆ و خورما و مێوژ [رواه الحاكم (٤/٤٢٧/١٥٥٠) والدارقطني (٢/١٠٥) والبيهقي في السنن الكبرى (٤/١٢٨) وسكت عنه الحاكم وصححه الذهبي وقال البيهقي: رواته ثقات وهو متصل نقله إبن حجر في تلخيص الحبير (٢/١٦٦) وهو حديث صحيح ، بروانه الإرواء(٨٠١) والسلسلة الصحيحة (٨٧٩)].

(٣٧٠) لە بەر فەموودەکەی (أَبُو سَعِيْد) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٣٦١).

(٣٧١) لەبەر فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمووی: (( فِيْمَا سَقَتِ الأَنْهَارُ وَالغَيْمُ العُشُوْر ، وَفِيْمَا سُقِيَ بِالسَّانِيَةِ نِصْفُ العُشُوْر )) واتە: ئەوەی بە ڕوبار و باران ئاو درا دە یەکی($\frac{1}{10}$) تێدایە ، وە ئەویشی بە (السَّانِيَة) ئاو درا بیست یەکی($\frac{1}{20}$) تێدایە [رواه مسلم (٢/٦٧٥/٩٨١)و الترمذي (٢/٦٩/٦٢٢) وغيرهما].

(السَّانِيَة): ئەو ووشترەیە کە ئاوی پێ دەردەکرێت لە بیر ، وە پێیشی دەووترێت (النَّاضِح) .

وە هەروەها لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( فِيْمَا سَقَتِ السَّمَاءُ وَالعُيُوْنُ أَوْ كَانَ عَثَرِيّاً العُشْرُ ، وَفِيْمَا سُقِيَ


منتدى إقرأ الثقافي

**وە ڕادە(نِصَاب)ی خورماو ترێ هەر بە دارەکەوە(تَخْمِین) دەکرێت ، پاش پێ گەیشتن ، پێش ئەوەی لە دارەکە بکرێتەوە(٣٧٢).**

**بِالنَّضْحِ نِصْفُ العُشْرِ** )) واتە: ئەوەی ئاسمان و کانی ئاوی بدات یان (عثَرِي) بێت دە یەکی($\frac{١}{١٠}$) تێدایە ، وە ئەویشی بە (نَضْح) ئاو بدرێت بیست یەکی ($\frac{١}{٢٠}$) تێدایە [رواه البخاري (٣/٣٤٧/١٤٨٣) وهذا لفظه ، وابوداود (٤/٤٨٥/١٥٨١) وغيرهما]. (عَثَرِي): گۆماوی بارانە .

(٣٧٢) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو حُمَيْد السَّاعِدي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **غَزَوْنَا مَعَ النَّبِيِّ(ﷺ) غَزْوَةَ تَبُوكَ ، فَلَمَّا جَاءَ وَادِيَ القُرَى إِذَا امْرَأَةٌ فِي حَدِيقَةٍ لَهَا ، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) لِأَصْحَابِهِ: اخْرِصُوا . وَخَرَصَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) عَشَرَةَ أَوْسُقٍ ، فَقَالَ لَهَا: احْصِي مَا يَخْرُجُ مِنْهَا** ... )) واتە: لە گەڵ پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) دەرچووین بۆ غەزای (تَبُوك) ، جا کە گەیشتە(وَادِي القُرَى) ئافرەتێکی بینی لە باخێکی خۆیدا بوو ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە هاوەڵەکانی فەرموو: (خَرْص)ی بکەن ، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی (خَرْص) دە(١٠) ویسقی کرد ، جا پێی فەرموو: خۆت بیژمێرە چەندی لێ دەردەچێت ... [رواه البخاري (٣/٣٤٣/١٤٨١) وابوداود صحيح ابي داود (٢٦٤٤)].

وە لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **كَانَ رَسُولُ اللهِ(ﷺ) يَبْعَثُ عَبْدَاللهِ بنَ رَوَاحَةَ فَيَخْرُصُ النَّخْلَ حِينَ يَطِيبُ قَبْلَ أَنْ يُؤْكَلَ مِنْهُ ، ثُمَّ يُخَيِّرُ يَهُودَ يَأْخُذُونَهُ بِذَلِكَ الخَرْصِ أَوْ يَدْفَعُونَهُ إِلَيْهِمْ بِذَلِكَ الخَرْصِ ، لِكَيْ تُحْصَى الزَّكَاةُ قَبْلَ أَنْ تُؤْكَلَ الثِّمَارُ وَتُفَرَّقَ** )) واتە: کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) (عَبْدُالله بن رَوَاحَة)ی دەنارد (خَرْص)ی دار خورماکانی دەکرد کاتێك کە پێ دەگەیشت ، پێش ئەوەی لێی بخورێت ، پاشان هەڵبژاردنی دەدایە دەست جوولەکە یان بەو (خَرْص)ە بیبەن یان بیدەن بە موسوڵمانان بەو (خَرْص)ە ، بۆ ئەوەی زەکات ژمێری کەن پێش ئەوە بەرەکەی بخورێت و بڵاو بکرێتەوە [رواه أبو داود (٩/٢٧٦/٣٣٩٦) مع العون وهو حديث حسن لغيره بروانە الإرواء (٨٠٥)].

(خَرْص): ئەوەیە بە عەقڵ تەخمینی بەری دارەکان بکرێت لە لایەن کەسێکی شارەزاوە . ئیمامی(تِرْمِذِي) لە هەندێك زاناوە تەفسیرەکەی دەگێڕێتەوە کەوا : بەروبووم ئەگەر پێ گەیشت ،دەسەڵات دار کەسێکی شارەزا دەنێرێت تەماشای دەکا و دەڵێ: لەم باغە ئەوەندە بەری خورمای لێ دەردەچێت ، پاشان دە یەك($\frac{١}{١٠}$)ەکە دیاری دەکا ، وە لە سەریان دەینوسێت و وازیان لێ دەهێنێت تا کاتی بەرکردنەوە ، لەو کاتەدا دە یەکەکەیان لێ دەسێنێت [بروانە فتح الباري (ب٣/ل ٤٠٣) طبعة دار الريان].

منتدى إقرأ الثقافي

## وە لە هەنگویندا زەکات نییە [٣٧٣].

(٣٧٣) ئەو فەرموودانەی کە لە بارەی هەنگوینەوە هاتوون تێیدایە (مُطْلَق)ە و (ضَعِيْفَه) ، وە تێشیدایە (مُقَيَّد)ە بە پاراستنەوە ، وەك فەرموودەکەی (عَمْرُو بْنُ شُعَيْب عَنْ أَبِيْهِ عَنْ جَدِّه) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( جَاءَ هِلَالٌ أَحَدُ بَنِي مَتْعَانَ إِلَى رَسُوْلِ اللهِ (ﷺ) بِعُشُوْرِ نَحْلٍ لَهُ ، وَكَانَ سَأَلَهُ أَنْ يَحْمِيَ لَهُ وَادِيًا يُقَالُ لَهُ (سَلَبَة) ، فَحَمَى لَهُ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) ذَلِكَ الوَادِي ، فَلَمَّا وَلِيَ عُمَرُ بْنُ الخَطَّاب ، كَتَبَ سُفْيَانُ بْنُ وَهَب إِلَى عُمَر يَسْأَلُهُ عَنْ ذَلِكَ ، فَكَتَبَ عُمَر : إِنْ أَدَّى إِلَيْكَ مَا كَانَ يُؤَدِّي إِلَى رَسُوْلِ اللهِ (ﷺ) مِنْ عُشُوْرِ نَحْلِهِ ، فَاحْمِ لَهُ (سَلَبَتُهُ) ، وَإِلَّا فَإِنَّمَا هُوَ ذُبَابُ غَيْثٍ يَأْكُلُهُ مَنْ يَشَاء )) واتە: (هِلَال) کە یەکێك بوو لە (بَنِي مَتْعَان) دەیەکی($\frac{1}{10}$) هەنگوینەکەی هێنا بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، کە داوای لێ کردبوو دۆڵێکی بۆ بپارێزێت کە پێی دەوترا (سَلَبَة) ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو دۆڵەی بۆ پاراست ، جا کە (عُمَرُ بْنُ خَطَّاب) بوو بە(خَلِيْفَة) ، (سُفْيَانُ بنُ وَهَب) بۆ (عُمَر)ی نووسی پرسیاری لە بارەی ئەوەوە لێ کرد ، ئەویش فەرمووی: ئەگەر ئەوەی پێ دای کە بە پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەدا لە دەیەکی($\frac{1}{10}$) هەنگوینەکەی ئەوە (سَلَبَه)کەی بۆ بپارێزە ، ... [حسن إسناده الألباني في تمام المنة (ل٣٧٤) وە فەرمووی: وهذا إسناد جيد ، وهو مخرج في الإرواء(٨١٠) وقـواه الحافظ في الفتح (٣٤٨/٣) فإنه قال عقبه: إِسْنَادُهُ صَحِيحٌ إلى عَمْرو وَتَرْجَمَةُ عَمْرو قَوِيَّةٌ عَلَى المُخْتَار ، لَكِن حَيْث لا تَعَارُض إلاّ أنَّه مَحْمُول على أنَّهُ في مُقَابلة الحِمَى كَمَا يَدُلُّ عَلَيْهِ كِتَابُ عُمَرَ ابْنُ الخطاب ].

وە (إِبْنُ زَنْجَوَيْه) لە(الأَمْوَال)دا (ل: ١٠٩٥) ، پاشان (الخَطَّابِي)یش لە (مَعَالِمُ السُّنَن)دا (٢٠٨/١) هەر وەرگرتنی ئەو دە یەکەیان بە مەرجی پاراستن(حِمَى)ەوە بەستوە . واتە: ئەگەر پاراستن نەبێت هیچی لە سەر نییە ، مەگەر بەخشینی (مُطْلَق) بەوەی خۆی چەندێك لە دەستی دەردەچێت بیدات ، وەکو ماڵی بازرگانی(عُرُوْض التِّجَارَة) کە لەمەو پاش باسی دەکەین (إنشاء الله) .

منتدى إقرأ الثقافي

## زەکاتی ئاژەڵ (زَكَاةُ الحَيْوَان)

لە سێ جۆر ئاژەڵ دا زەکات پێویست دەبێت: ووشتر و ڕەشەووڵاخ (مانگا وگامێش) ومەڕ و بزن[٣٧٤]، یەکەم ڕادەی(نِصَاب) زەکاتی ووشتر پێنجە – ئەگەر لە پێنج ووشتر کەمتر بوو ئەوە زەکاتی تێدا نییە[٣٧٥] – وە ئەندازەی زەکات تێیدا شەکێکە ئیتر هەر لە پێنج ووشتردا شەکێك زیاد دەکات، تا دەگاتە بیست وپێنج(٢٥) ووشتر، لەوکاتەدا بەچکە ووشترێکی مێینەی یەك ساڵی دەدرێتە زەکات تا سی وشەش(٣٦) ووشتر کە بەچکە ووشترێکی دوو ساڵە دەدرێت، تا چل وشەش(٤٦) ووشتر کە بەچکە ووشترێکی سێ ساڵی دەدرێت، تا شەست ویەك(٦١) ووشتر کە بەچکە ووشترێکی چوار ساڵی دەدرێت، تا حەفتاوشەش(٧٦) ووشتر کە دوو بەچکە ووشتری مێینەی دوو ساڵە دەدرێت تا نەوەت ویەك(٩١) دوو بەچکەی سێ ساڵە دەورێت، تا سەدو بیست ویەك(١٢١) کە سێ بەچکەی دوو ساڵە دەدرێت، پاشان لە هەموو چل(٤٠) ووشتردا بەچکەیەکی مێینەی دووساڵە زیاد دەکرێت وە لە هەموو پەنجا(٥٠)ووشتریش دا بەچکەیەکی سێ ساڵی زیاد دەکرێت[٣٧٦].

(٣٧٤) چونکە لە فەرموودەکاندا هەر لەم سێ جۆرەدا وەرگیراوە، وەك لە نووسراوەکەی (أَبُوبَكْر)دا هاتووە، کە باسی دەکەین، وە (إِبْنُ المُنْذِر)یش یەکڕایی(إِجْمَاع) زانایانی لە سەر دەهێنێتەوە [بڕوانە الإجماع (٨٥) لأبن المنذر].

(٣٧٥) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد) (خوای لێ ڕازی بێت)، بڕوانە (پ ٣٦١).

(٣٧٦) لە بەر فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا (أَبُوبَكْر) (خوای لێ ڕازی بێت) ئەم نووسراوەی بۆ نووسی کاتێك ڕەوانەی کرد بۆ (بَحْرَيْن): (( بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيْمِ، هَذِهِ فَرِيْضَةُ الصَّدَقَةِ الَّتِي فَرَضَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) عَلَى المُسْلِمِيْنَ، وَالَّتِي أَمَرَ اللهُ بِهَا رَسُوْلَهُ، فَمَنْ سُئِلَهَا مِنَ المُسْلِمِيْنَ عَلَى وَجْهِهَا فَلْيُعْطِهَا، وَمَنْ سُئِلَ فَوْقَهَا فَلاَ يُعْطِ : فِي أَرْبَعٍ وَعِشْرِيْنَ مِنَ الإِبِلِ فَمَا دُوْنَهَا مِنَ الغَنَمِ مِنْ كُلِّ خَمْسٍ شَاةٌ،


منتدى إقرأ الثقافي

..............................

إِذَا بَلَغَتْ خَمْساً وَعِشْرِيْنَ إِلَى خَمْسٍ وَثَلاَثِيْنَ فَفِيْهَا بِنْتُ مَخَاضٍ أُنْثَى ، فَإِذَا بَلَغَتْ سِتًّاً وَثَلاَثِيْنَ إِلَى خَمْسٍ وَأَرْبَعِيْنَ فَفِيْهَا بِنْتُ لَبُوْنٍ أُنْثَى ، فَإِذَا بَلَغَتْ سِتًّاً وَأَرْبَعِيْنَ إِلَى سِتِّيْنَ فَفِيْهَا حِقَّةٌ طَرُوْقَةُ الجَمَلِ ، فَإِذَا بَلَغَتْ وَاحِدَةً وَسِتِّيْنَ إِلَى خَمْسٍ وَسَبْعِيْنَ فَفِيْهَا جَذَعَةٌ ، فَإِذَا بَلَغَتْ – يَعْنِي سِتًّاً وَسَبْعِيْنَ – إِلَى تِسْعِيْنَ فَفِيْهَا بِنْتَا لَبُوْنٍ فَإِذَا بَلَغَتْ إِحْدَى وَتِسْعِيْنَ إِلَى عِشْرِيْنَ وَمِائَةٍ فَفِيْهَا حِقَّتَانِ طَرُوْقَتَا الجَمَلِ ، فَإِذَا زَادَتْ عَلَى عِشْرِيْنَ وَمِائَةٍ فَفِي كُلِّ أَرْبَعِيْنَ بِنْتُ لَبُوْنٍ وَفِي كُلِّ خَمْسِيْنَ حِقَّةٌ ، وَمَنْ لَمْ يَكُنْ مَعَهُ إِلاَّ أَرْبَعٌ مِنَ الإِبِلِ فَلَيْسَ فِيْهَا صَدَقَةٌ إِلاَّ أَنْ يَشَاءَ رَبُّهَا ، فَإِذَا بَلَغَتْ خَمْساً مِنَ الإِبِلِ فَفِيْهَا شَاةٌ ، وَفِي صَدَقَةِ الغَنَمِ فِي سَائِمَتِهَا إِذَا كَانَتْ أَرْبَعِيْنَ إِلَى عِشْرِيْنَ وَمِائَةٍ شَاةٌ ، فَإِذَا زَادَتْ عَلَى عِشْرِيْنَ وَمِائَةٍ إِلَى مِائَتَيْنِ شَاتَانِ ، فَإِذَا زَادَتْ عَلَى مِائَتَيْنِ إِلَى ثَلاَثَمِائَةٍ فَفِيْهَا ثَلاَثٌ ، فَإِذَا زَادَتْ عَلَى ثَلاَثمائة فَفِي كُلِّ مِائَةٍ شَاةٌ ، فَإِذَا كَانَتْ سَائِمَةُ الرَّجُلِ نَاقِصَةً مِنْ أَرْبَعِيْنَ شَاةً وَاحِدَةً فَلَيْسَ فِيْهَا صَدَقَةٌ إِلاَّ أَنْ يَشَاءَ رَبُّهَا . وَفِي الرِّقَّةِ رُبْعُ العُشْرِ ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ إِلاَّ تِسْعِيْنَ وَمِائَةً فَلَيْسَ فِيْهَا شَيْءٌ إِلاَّ أَنْ يَشَاءَ رَبُّهَا .. )) واتە: بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان ، ئەمە ئەو فەرزی زەکاتەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرزی کردوە لە سەر موسوڵمانان ، وە خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی کردوە ، جا هەر کەسێك لە موسوڵمانان داوای لیٚ کرا بەو شێوەیە ، با بیدات ، وە هەر کەسێکیش داوای لەوە زیاتری لیٚ کرا ، ئەوە با نەیدات ، لە بیست‌وچوار(٢٤) ووشتردا لەوە کەمتر لە مەڕ دەدرێت لە گشت پێنج ووشتر شەکێك ، جا ئەگەر گەیشت بە بیست وپێنج(٢٥) تا سی وپێنج(٣٥) سەر ئەوە (بِنْتُ مَخَاض)ێکی تێدایە ، جا ئەگەر گەیشتە سی‌وشەش(٣٦) تا چل‌و پێنج(٤٥) سەر ، ئەوە (بِنْتُ لَبُوْن)ێکی مێینەی تێدایە ، جا ئەگەر گەیشتە چل‌وشەش(٤٦) تا شەست(٦٠) سەر ، ئەوە (حِقە)یەکی کەڵ گرتووی تێدایە ، جا ئەگەر گەیشتە شەست و یەك(٦١) تا حەفتا وپێنج(٧٥) سەر ئەوە (جَذَعَه)یەکی تێدایە ، جا ئەگەر گەیشت – واتە بە حەفتاو شەش (٧٦) – تا نەوەت(٩٠) سەر ئەوە دوو (بِنْتُ لَبُوْن)ی تێدایە ، جا ئەگەر گەیشتە نەوەت و یەك(٩١) تا سەدو بیست(١٢٠) ئەوە دوو (حِقە)ی کەڵگرتووی تێدایە ، جا ئەگەر لە سەد و بیست(١٢٠) تێپەڕی کرد ئەوە هەر چل(٤٠) سەر (بِنْتُ لَبُوْن)ێك دەدرێت وە لە هەموو پەنجا(٥٠) سەریشدا(حِقە)یەك ، وە هەر کەسێك نەیبوو تەنها چوار(٤) ووشتر نەبێت ، ئەوە زەکاتی



منتدى إقرأ الثقافي

**وە یەکەم ڕادە(نِصَاب)ی زەکاتی ڕەشە وڵاخ سی(٣٠) سەرە ، ئەگەر کەمتر بوو زەکاتی تێدا پێویست(وَاجِب) نییە ، وە ئەندازە(مِقْدَار)ی زەکاتی ئەو سی(٣٠) سەرە گوێرەکەیەکی تەمەن یەك ساڵییە ، وە لە چل(٤٠) سەریشدا گوێرەکەیەکی تەمەن دوو ساڵی دەدرێت[٣٧٧] ،**

---

تێدا پێویست(وَاجِب)نییە ، مەگەر خاوەنەکەی خۆی ویستی لە سەر بێت ، جا ئەگەر گەیشتە پێنج(٥) سەر ووشتر ئەوە شەکێکی تێدایە... [رواه البخاري (٣/٣١٧/١٤٥٤) وأبو داود (٤/٤٣١/١٥٥٢) وغيرهما]. (بِنْتُ مَخَاض): ئەوەیە ساڵێکی تەواو کردوە و بەرە و دوو ساڵان دەچێت . (بِنْتُ لَبُون): ئەوەیە دوو ساڵی تەواو کردوە و بەرەو سێ ساڵان دەچێت ، (حِقة): سێ ساڵی تەواو کردوە و بەرەو چوار ساڵان دەچێت ، (جذَعَة): سێ ساڵی تەواو کردووە و بەرەو چوار ساڵان دەچێت.

**تێبینی:**

وە ئەگەر کەسێك ووشترێکی تەمەن دیاری کراوی لە سەر پێویست بوو بەڵام نەیبوو ، ئەوە دەتوانێت تەمەنێکی بچووك تر بدات ، وە لە گەڵیدا شەك بدات ، یان پارە بدات ، هەر لە بەر فەرموودەکەی (أَنَس)ی پێشوو کە لە پاش ئەوە دەفەرموێ: (( ... **مَنْ بَلَغَتْ عِنْدَهُ مِنَ الإِبِلِ صَدَقَةُ الجَذَعَةِ وَلَيسَتْ عِنْدَهُ جَذَعَةٌ وَعِنْدَهُ حِقَّةٌ فَإِنَّهَا تُقْبَلُ مِنْهُ الحِقَّةُ وَيَجْعَلُ مَعَهَا شَاتَيْنِ إِنِ استَيْسَرَتَا لَهُ أَوْ عِشْرِيْنَ دِرْهَماً** ... )) واتە: ئەگەر کەسێك ووشتری گەیشتە ژمارەیەك زەکاتەکەی (جَذَعَه)یەك کەوت ، بەڵام ئەو (حِقَّه)ی بوو ، ئەوە دەتوانێت (حِقَّه)کە بدات و دوو شەکیش لە گەڵیدا – ئەگەر هەبوو – یان بیست درهەم و... .

(٣٧٧) لە بەر فەرموودەکەی (مُعَاذُ بنُ جَبَل) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **بَعَثَنِي رَسُولُ اللهِ(ﷺ) إِلَى اليَمَنِ ، وَأَمَرَنِي أَنْ آخُذَ مِنَ البَقَرِ مِنْ كُلِّ أَرْبَعِينَ مُسِنَّةً ، وَمِنْ كُلِّ ثَلاَثِيْنَ تَبِيْعَاً أَوْ تَبِيْعَةً** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕەوانەی کردم بۆ یەمەن ، وە فەرمانی پێ کردم کەوا لە – زەکاتی – مانگادا لە هەموو چل(٤٠) سەردا (مُسِنَّه)یەك وەرگرم ، وە لە هەموو سی(٣٠) سەردا (تَبِيْع)ێك ، یان (تَبِيْعَه)یەك وەر بگرم [رواه أبو داود (٢/٢٣٤/١٥٧٦) والترمذي (٣/٢٠/٦٢٣) وابن ماجة (١/٥٧٦/١٨٠٣) ولغيره زيادة (( **وَمِنْ كُلِّ حَالِمٍ دِيْنَارَاً أَوْ عِدْلَهُ مَعَافِر** )) واتە: وە لە هەموو پێ گەیشتوویەك – لە خاوەن


منتدى إقرأ الثقافي

**وە ڕادە(نِصَاب)ی یەکەمی مەڕو بزن چل (٤٠) سەرە ، ئەگەر لەوە کەمتر بوو ئەوە زەکاتی تێدا پێویست(وَاجِب) نییە ، وە ئەندازە(مِقْدَار)ی زەکاتی ئەو چل(٤٠) سەرە شەکێکە ، تا دەگاتە سەدوبیست ویەك(١٢١) سەر ئەو کاتە دوو شەکی تێدایە ، تا دەگاتە دووسەدویەك(٢٠١) ئەوە سێ شەکی تێدایە ، پاش ئەوە هەر سەد(١٠٠) سەر و شەکێك زەکاتەکەی زیاتر دەکات(٣٧٨)،**

---

کتێبەکان کە موسوڵمان نەبوون – دینارێك سەرانە(جِزْيَة) وەربگرم ، یان بە ئەندازەی ئەو دینارە جل وبەرگی (مَعَافِر) وهو حديث صحيح بروانه صحيح أبي داود(١٣٩٤)] .

(مَعَافِر): (الشُّوكَانِي) دەڵێ ، گەڕەکێکە لە (هَمَدَان) ، بەڵام (الصَّنْعَانِي) دەڵێ: گەڕەکێکە لە (يَمَن) ، [بروانه (نيل الأوطار وسبل السلام)].

(مُسِنَّە): گوێرەکەیەکە دوو ساڵی تەواو کردبێت وپێی نابێتە سێ ساڵان .

(تَبِيْع): گوێرەکەیەکی نێرە یەك ساڵی تەواو کردووە وپێی ناوەتە دوو ساڵان .

(تَبِيْعَة): گوێرەکەیەکی مێینەیە یەك ساڵی تەواو کردووە وپێی ناوەتە دوو ساڵان .

(٣٧٨) لە بەر فەرموودەکەی (أَنَس) کە لە نوسراوەکەی (أَبُو بَكْر)دا هاتووە (( .. **وَفِي صَدَقَةِ الغَنَمِ فِي سَائِمَتِهَا إِذَا كَانَتْ أَرْبَعِيْنَ إِلَى عِشْرِيْنَ وَمِائَةٍ شَاةٌ ، فَإِذَا زَادَتْ عَلَى عِشْرِيْنَ وَمِائَةٍ إِلَى مِائَتَيْنِ شَاتَانِ ، فَإِذَا زَادَتْ عَلَى مَائَتَيْنِ إِلَى ثَلَاثِمَائَةٍ فَفِيْهَا ثَلَاثٌ ، فَإِذَا زَادَتْ عَلَى ثَلَاثِمَائَة فَفِي كُلِّ مِائَةٍ شَاةٌ ، فَإِذَا كَانَتْ سَائِمَةُ الرَّجُلِ نَاقِصَةً مِنْ أَرْبَعِيْنَ شَاةً وَاحِدَةً فَلَيْسَ فِيْهَا صَدَقَةٌ إِلاَّ أَنْ يَشَاءَ رَبُّهَا...**)) واتە: وە لە زەکاتی مەڕدا لە(سَائِمَە)کەیدا ئەگەر چل(٤٠) سەر بوو تا سەد وبیست (١٢٠) سەر شەکێکە ، جا ئەگەر زیادی کرد لە سەدو بیست(١٢٠) تا دوو سەد(٢٠٠) سەر دوو شەکە ، جا ئەگەر زیادی کرد لە دوو سەد(٢٠٠) تا سێ سەد(٣٠٠) سەر سێ شەکی تێدایە ، جا ئەگەر زیادی کرد لە سێ سەد(٣٠٠) ئیتر لە هەموو سەد(١٠٠) سەردا شەکێکە ، جا ئەگەر (سَائِمَە)ی هەر پیاوێك لە چل(٤٠) سەر کەمتر بوو ئەوە زەکاتی تێدا پێویست نییە ، مەگەر خاوەنەکەی خۆی ویستی لە سەر بێت ... [رواه البخاري (٣/٣١٧/١٤٥٤) وغيره]. هەروەها بروانە (پ ٣٧٦) .

(سَائِمَة): ئەو وولاخەیە کە زۆربەی ساڵ لە لەوەڕێکی بەلاشدا لەوەڕابێت .


منتدى إقرأ الثقافي

وە پێویستە لە سەر کرێکاری زەکات لە ئاژەڵە فرە چاکەکان زەکات دەر نەکات بەڵکو لە مامناوەندێکانی دەری بکات(٣٧٩)، وە ئەگەر دوو کەس یان زیاتر ئاژەڵی خۆیانیان تێکەڵ کرد وبەشی هیچ کەسێکیان لەوی تریان جیا نەدەکرایەوە، ئەوە هەر یەك زەکاتی دەدەن، وە بە یەك ماڵ دەژمێردرێت، وە دروست نییە لە ترسی زەکاتدا ئاژەڵی جیا جیا کۆ بکرێتەوە، یان ئاژەڵی کۆ جیا جیا بکرێتەوە(٣٨٠).

---

(٣٧٩) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) (مُعاذ)ی ڕەوانە کرد بۆ (یَمَن) پێی فەرموو: (( ... فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّ اللهَ قَدْ فَرَضَ عَلَيْهِمْ صَدَقَةً تُؤْخَذُ مِنْ أَغْنِيَائِهِمْ فَتُرَدُّ عَلَى فُقَرَائِهِمْ ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لَكَ بِذَلِكَ فَإِيَّاكَ وَكَرَائِمَ أَمْوَالِهِمْ ...)) واتە: جا پێیان ڕابگەیەنە کەوا خوای گەورە لە سەریانی فەرز کردوە زەکاتێك لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێت و دەدرێتەوە بە هەژارەکانیان، جا ئەگەر گوێڕایەڵت بوون لەوە دا، ئەوە وریا ی ماڵە ڕێزدارەکانیان بە ... [رواه البخاري (٣/٣٥٧/١٤٩٦) ومسلم (١/٥٠/١٩) وغيرهما].

وە لە بەر فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا لە نووسراوەکەی (أَبُو بَكْر)دا هاتوە کە خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردووە: (( .. وَلاَ يُخْرَجُ فِي الصَّدَقَةِ هَرِمَةٌ وَلاَ ذَاتُ عَوَارٍ ، وَلاَ تَيْسٌ إِلاَّ مَا شَاءَ الْمُصَدِّقُ .. )) واتە: .. کەوا لە زەکاتدا نابێت پیر و کوێر دەربکرێت، هەروەها بەرانیش مەگەر خاوەنەکەی خۆی ویستی لە سەر بێت [رواه البخاري(٤/رقم/١٤٥٥) وغيره]. وە بڕوانە (پ٣٧٦).

(٣٨٠) لە بەر فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا لە نووسراوەکەی (أَبُو بَكْر)دا هاتووە: (( وَلاَ يُجْمَعُ بَيْنَ مُتَفَرِّقٍ ، وَلاَ يُفَرَّقُ بَيْنَ مُجْتَمِعٍ خَشْيَةَ الصَّدَقَةِ ، وَمَا كَانَ مِنَ الْخَلِيطَيْنِ فَإِنَّهُمَا يَتَرَاجَعَانِ بَيْنَهُمَا بِالسَّوِيَّةِ )) واتە: وە ئاژەڵی جیا جیا کۆ ناکرێتەوە، وە ئاژەڵی کۆیش جیا جیا ناکرێتەوە، لە ترسی زەکات داندا، وە ئەوانەیش ماڵەکانیان تێکەڵە ئەوە _ پێکەوە زەکات دەدەن و _ بە یەکسانی دەیگێڕنەوە – دابەشی دەکەنەوە بە سەر خۆیاندا هەر کەسێك بە پێی بەشی خۆی بەشە زەکاتی دەکەوێتە سەر – [رواه البخاري(٤/رقم/١٤٥١،١٤٥٠)].

منتدى إقرأ الثقافي

# ئایا لە ماڵی بازرگانیدا زەکات پێویستە ؟
# ( هَلْ تَجِبُ الزَّكَاةُ فِي عُرُوْضِ التِّجَارَةِ ؟ )
## ماڵی بازرگانی زەکاتی تێدا پێویست نییە (٣٨١) ،

وە *نموونەی* جیا کردنەوەی ماڵی کۆ لە ترسی زەکات داندا ، ئەوەیە دوو پیاو بە شەریکی دوو سەدو یەك(٢٠١) سەر مەڕیان هەبێت سێ شەك زەکاتی دەکەوێتە سەر ، جا جیای دەکەنەوە بۆ ئەوەی هەر یەکەیان یەك شەکی بکەوێتە سەریان .

وە نموونەی کۆ کردنەوەی ماڵی جیا جیا لە ترسی زەکاتدا ، ئەوەیە سێ کەس هەر یەکە چل سەر مەڕیان هەبێت ، جا ئەگەر کۆی نەکەنەوە ئەوە هەر یەکەیان یەك شەك زەکاتیان دەکەوێتە سەر ، بەڵام ئەگەر کۆی بکەنەوە بە هەر سێکیانەوە یەك شەکیان دەکەوێت ، جا ئەمە درووست نییە چونکە فێڵە و ڕاکردنە لە حەقی خوای گەورە .

(٣٨١) هیچ بەڵگەیەکمان نییە ، نە لە قورئان ونە لە فەرموودەی (صَحِيْح)دا لە سەر پێویست(وَاجِب) بوونی زەکات لە ماڵی بازرگانیدا .

وە ئەو فەرموودەیەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة: ٢٦٧)دا کە دەفەرمێ : ﴿ وَأَنْفِقُوْا مِنْ طَيِّبَاتِ مَاكَسَبْتُمْ ﴾ واتە: وە ببەخشن لە چاکترین وپاکترینی ئەوەی دەستان دەکەوێت . کە هەندێك لە زانایان دەیکەنە بەڵگە لە سەر ئەوەی کەوا زەکات لە ماڵی بازرگانیدا هەیە ، بەڵگەیە لە سەر بەخشینی ڕەها(مُطْلَق) ، وەکو ئەو ئایەتەکانی تر کە فەرمان بە بەخشین دەکات بە گشتی ، وەك هەر لە پاش ئەوە لە هەمان ئایەتدا خوای گەورە دەفەرمێ:﴿ ... وَمِمَّا أَخْرَجْنَا لَكُمْ مِنَ الأَرْضِ...﴾ واتە: وە لەوەیش کە بۆمان دەرهێناون لە زەویەوە ببەخشن . وە لە هەمان سورەتیشدا ئایەتی(٢٥٤) دەفەرمێ: ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِيْنَ آمَنُوا أَنْفِقُوْا مِمَّا رَزَقْنَاكُمْ ..﴾ واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە لەو ڕۆزییەی کە پێمان داون ببەخشن.. . وە زانراویشە کەوا زەکات پێویست نییە لە سەر هەموو ئەوەی کە لە زەوییەوەیە وە لە هەموو ئەو ڕۆزییانەی کە خوای گەورە دەیدات بە مرۆڤ ، مەگەر بەخشینی (مُطْلَق) ، بەوەی خۆی چەندێك لە دەستی دەردەچێت بیدات ، بۆیە ئەو ئایەتە نابێتە بەڵگە بۆ پێویست(وَاجِب) بوونی زەکاتی بازرگانی ، وە ووشەی (مَا كَسَبْتُم) بە گشتی هەموو (كَسْب)ێك دەگرێتەوە هەتا کرێکاریو. . . هتد ، کە بە

منتدى إقرأ الثقافي

**مەگەر زەکاتی (مُطلَق)** [٣٨٢] .

یەکڕای(إجمَاع)ی زانایان زەکاتی تێدا پێویست نییە ، کەوا بوو ئـەو فەرمانـە بۆ بەخشینی گشتی‌یە کە کەوتوەتە دەستی خۆی چەندێك ببەخشێ وە لەچی کاتێکیشدا بیبەخشێت .

وە ئەو فەرموودانەیش کە دەیکەنە بەڵگە ، فەرموودەکەی (سَمُرَةُ بْنُ جُنْدُب) (خـوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أمَّا بَعْدُ ، فَإِنَّ رَسُوْلَ اللهِ ( ﷺ) كَانَ يَأْمُرُنَا أنْ نُخْرِجُ الصَّدَقَةَ مِنَ الَّذِي نُعِدُّ لِلْبَيْعِ )) واتە: پاشان ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ دەکردین کەوا (صَدَقَة) دەر بکەین لەوەی بۆ فرۆشتن ئامادەی دەکەین [رواه ابـو داود (٢/رقـم/١٥٦٢) وهـذا لفظه والدار قطني(٢/١٢٧/٩) والبزار حيث عـزاه إليـه إبـن حجـر في التلخيـص(٢/١٧٩) وقـال: إن في إسناده جهالـة ، وضعفه الألباني في الإرواء رقم(٨٢٧)].

وە فەرموودەکەی (أَبـو ذَرّ)یش (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا پێغەمبـەری خـوا ( ﷺ) فەرمووی: (( فِي الإِبِلِ صَدَقَتُهَا وَفِي الغَنَمِ صَدَقَتُهَا وَفِي البَزِّ صَدَقَتُهُ )) واتـە: لـە ووشتردا زەکاتی خۆی هەیە ، وە لە مەڕیشدا زەکاتی خۆی هەیە ، وە لە (بَزّ)یشدا زەکـاتی خۆی هەیە [رواه الحـاكم(١/٣٨٨) الدارقطني في السنن (٢/١٠١/٢٧) والبيهقي وقـد ضعفـه الحـافظ في الفتـح وفي التلخيص الحبير(٢/١٧٩/٨٦٠) ]. (البَزّ): جل و بەرگە.

ئـەم دوو فەرموودەیـە هـەردوکیان (ضَعِيـف)ن و (سَنَد)ێکـی (ثَـابِت)یـان نییـە ، بـۆ یەکەمیان بڕوانە [سلسلة الأحاديث الضعيفة (رقم: ١١٧٨)] وە بۆ دووەمیشیان بڕوانە [الإرواء: ٨٢٧]...

وە ئەوەی ڕاست بێت ئەوەیە کەوا ماڵی بازرگانی زەکاتی تێدا پێویست نییە ، جا بـۆ زیـاتر تێگەیشتن لەم مەسەلەیە بڕوانە [(تمام المنة في التعليق فقه السنة) للشيخ الألباني (ل ٣٦٣-٣٦٨) و(الروضة الندية) لمحمد صديق حسن خان (١/٤٧٦-٤٧٩) بتعليق محمد صبحي حلاق ]. کە زۆر بە جوانی باسی ئـەم مەسەلەیە دەکەن ، هەروەها تەماشای [(المحلى ) لإبن حزم (٦/٢٣٣-٢٤٠)] بکە کـە تێیـدا (إِبْنُ حَزْم) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ئەوە دەسەلمێنێت کەوا ماڵی بازرگانی زەکاتی تێدا نییە وە وەڵامی بەڵگەی هەموو ئەوانە دەداتەوە کـە دەڵێـن زەکـاتی تێـدا پێویسـتە بـە شـێوەیەکی زانیارانەی وورد ، هەروەها بڕوانە [(سيل الجرار) للشوكاني (٢/٢٦-٢٧)].

(٣٨٢) کـەوا هـەر چـەندێك نەفسـی خـۆی پـێ‌ی خـۆش بێـت بیـدات بـە بەڵگـەی ئـەو فەرموودەیەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة: ٢٦٧)دا دەفەرمێ: ﴿ وَأَنفِقُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ ﴾ واتە: ببەخشن لە پاکترینی ئەوەی دەستان دەکەوێت لە کاسـبی کردنتانـدا . وە لە بەر ئەو (أَثَر)انەی کە لەو بارەیەوە هاتوون ، بڕوانە ئەو سەرچاوانەی پێشوو لە (پ٣٨١) ئاماژەمان بۆی کرد .



منتدى إقرأ الثقافي

## زەکات دەبێت بەکێ بدرێت (المُسْتَحقُّوْن لِلزَّكَاة)

**ئەوانەی کە دروستە زەکاتیان پێ بدرێت هەشت جۆر کەسن خوای گەورە دیاریان دەکات[٣٨٣] : هەژار[٣٨٤]، ودەست کورت[٣٨٥]، وکرێکارانی زەکات[٣٨٦]،**

---

(٣٨٣) لە سورەتی (التوبة: ٦٠)دا کە دەفەرمێ: ﴿ إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِيْنِ وَالعَامِلِيْنَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالغَارِمِيْنَ وَفِيْ سَبِيْلِ اللهِ وَابْنِ السَّبِيْلِ فَرِيْضَةً مِنَ اللهِ وَاللهُ عَلِيْمٌ حَكِيْمٌ ﴾ واتە: زەکات تەنها بۆ ئەمانەیە : هەژاران و کەم دەستان و کرێکارانێك کە _ بۆ کۆکردنەوەی _ کاری لە سەر دەکەن ، و دڵڕاگیراوان ، و بۆ ئازاد کردنی بەندە ، و دانەوەی قەرزی قەرزاران ، و بۆ ڕێگای خوای گەورە ، و بۆ ڕێبواران ، ئەمە ئەرکێکی خوایە ، وە خوای گەورە زانا ودانایە .

(٣٨٤) ئەو کەسەیە کە هیچی نییە وناتوانێت کار بکات ، (إِبْنُ عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لاَ تَحِلُّ الصَّدَقَةُ لِغَنِي ، وَلاَ لِذِي مِرَّةٍ سَوِيٍ )) واتە: زەکات بۆ کەسێك حەڵاڵ نییە دەوڵەمەند بێت ، وە بۆ کەسێکیش بە هێز بێت وتوانای کار کردنی هەبێت [رواه أبوداود (٢/رقم/١٦٣٤) والترمذي (٢/٨١/٦٤٧) وغيرهما وهو حديث صحيح ، بروانە الإرواء(٨٧٧) وصحيح الجامع (٧٢٥١)].

(٣٨٥) ئەو کەسەیە کە هەیەتی بەڵام بەشی ناکات ، (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لَيْسَ المِسْكِيْنُ بِهَذَا الطَّوَّافُ الَّذِي يَطُوْفُ عَلَى النَّاسِ ، فَتَرِدُهُ اللُّقْمَةُ وَاللُّقْمَتَانِ ، وَالتَّمْرَةُ وَالتَّمْرَتَانِ . قَالُوا: فَمَا المِسْكِيْنُ يَا رَسُوْلُ اللهِ ؟ قَالَ: الَّذِي لاَ يَجِدُ غِنَىً يُغْنِيْهِ ، وَلاَ يُفْطَنُ لَهُ فَيَتَصَدَّقُ عَلَيْهِ ، وَلاَ يَسْأَلُ النَّاسُ شَيْئًا )) واتە: کەم دەست ئەو کەسە نییە کەوا بە سەر خەڵکیدا دەسووڕێتەوە ، لەم لاوە تیکەو دوو تیکەی بۆ دێت وە لەو لایشەوە خورما و دوو خورمای بۆ دێت . ووتیان: ئەی (مِسْكِيْن) کێیە ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی: ئەو کەسەیە کەوا ئەوەندەی نەبێت بەشی بکات ، وە پێیشی نازانرێت تا زەکاتی پێ بدرێت ، وە داوای هیچیش لە خەڵکی ناکات [رواه مسلم (٢/٧١٩/١٠٣٩) وهذا لفظه والبخاري (٣/٣٤١/١٤٧٩) وغيره].

(٣٨٦) ئەوانەی دیاری کراون بۆ کۆ کردنەوەی زەکات ، هەر لەو زەکاتە موچەیان بۆ دیاری دەکرێت ، وە دروستیش نییە ئەو کرێکارانە لە خزم و کەس وکاری پێغەمبەری خوا بن (ﷺ) ئەوانەی کە زەکاتیان لە سەر حەرامە ، لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُ المُطلِب بن

منتدى إقرأ الثقافي

ودڵ ڕاگیراوان(٣٨٧)،

رَبِيْعَة بن الحَارِث) کەوا خۆی و(فَضْـل بـن العَبَّـاس) (خوایـان لیٚ ڕازی بێـت) ڕۆیشـتن بـۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوایان لیٚ کرد بیانکاتە کرێکار لە سەر زەکات ، ئەویش فەرمووی: (( إِنَّ الصَّدَقَةَ لاَ تَحِلُ لِمُحَمَّدٍ وَلاَ لِآلِ مُحَمَّد ، إِنَّمَا هِيَ أَوْسَاخُ النَّاس )) واتە: بە ڕاسـتی زەکات حەڵاڵ نییە بۆ موحەممەد و کەس‌وکاری موحەممەد ، چونکـە ئـەوە چڵکـی خەڵکیـە [رواه مسلم (٢/٧٥٢/١٠٧٢) وأبو داود (٨/٢٠٥/٢٩٦٩) مع العون].

وە ئیمامی (نَوَوِي) لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا دەفەرمێ: واتای (چڵکـی خـەڵکی) ئەوەیە کەوا پاك کردنەوەی ماڵ و نەفسی خەڵكیە ، وەك خوای گەورە دەفەرمێ: ﴿ خُـذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيـهِم بِـهَا﴾ واتـە: ئـەی پێغەمبـەری خـوا زەکاتیـان لیٚ وەربگرە ، بۆ ئەوەی لاشەو دەروونیانی پیٚ پاك بکاتـەوە . جا ئـەوە وەکـو شـۆردنی چڵك وپیسی وایە [شرح النووی (٧/٢٥١)].

(٣٨٧) هەندێکیان پێیان دەدرێت بۆ ئەوەی موسوڵمان بـن ، وەك پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بە(صَفْوَانُ بنُ أُمَيَّـه)ی دەدا لـە دەسـتکەوتەکانی(حُنَيْـن) کـە لـەو کاتـەدا هێشـتا هـەر (مُشْرِك) بوو ، وەك خۆی دەڵێ: (( ... فَلَمْ يَزَلْ يُعْطِيْنِي حَتَّى صَارَ أَحَبُّ النَّاسِ إِلَيَّ ، بَعْدَ أَنْ كَانَ أَبْغَضُ النَّاسِ إِلَيَّ )) واتە: جا پێغەمبەری خـوا (ﷺ) بـەردەوام –پـارەی– پیٚ دەدام تا بووە خۆشەویسترین کەس لە لام ، کە لە پێشدا لـە هـەموو کـەس زیـاتر قینـم لیٚ بوو [رواه مسلم (٢/٧٥٢/١٠٧٢) و أبو داود (٨/٢٠٨/٢٩٦٩) وغيرهما].

وە هەندێکی تریان پێیان دەدرێت بـۆ ئـەوەی لـە سـەر موسوڵمان بوونەکـەی جێگیر ببێت ، وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لـە ڕۆژی (حُنَيْـن)دا بـە کۆمـەڵێك لـە سـەرۆك هۆزەکانی عەرەبی دا ، وە دەیفەرموو: (( إِنِّي لَأُعْطِي الرَّجُلَ وَغَيْرُهُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْهُ ، خَشْيَةَ أَنْ يَكُبَّهُ اللهُ عَلَى وَجْهِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمْ )) واتە: من بە پیاوی وا پارەوماڵ دەدەم ، کەسانی تر لەو خۆشەویسترن لە لام ، لە ترسی ئەوەدا خوای گەورە لە سەر سەر نەیخاتە ناو ئاگری دۆزەخەوە [رواه البخاری (١/٧٩/٢٧) ومسلم (١/١٣٢/١٥٠) وغيرهما].

وە هـەندێکی تریشیان پێیـان دەدرێـت بـۆ ئـەوەی کەسـانی تریـش وەکـو ئـەوان موسوڵمان ببن ، وە هەیشیانە بۆ ئەوە پێیان دەدرێت تا وەکو بـەرگری لـە سنووری وڵاتـی ئیسلام بکـەن ، بـەڵام لێرەدا ئـەو پرسیارە دێتـە ڕێگامـان ، ئایـە پـاش وەفـات کردنـی پێغەمبەری خوا ( ﷺ) هەر زەکاتیان پیٚ دەدرێت یان نەء ؟


منتدى إقرأ الثقافي

وكۆیله(٣٨٨)، وقەرزار(٣٨٩)،

لەمەدا زانایان جیاوازن (عُمَر وعَامِر وشَعْبِي) و كۆمەڵێكی تریش لە زانایان دەفەرموون: پێیان نادرێت ، چونكە خوای گەورە ئیسلام و موسوڵمانانی دەسەڵاتدار كردوە و خەڵكی بۆ زەلیل كردون ... ، بەڵام كۆمەڵێكی تر لە زانایان دەفەرموون: پێیان دەدرێت ، چونكە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پاش رزگاركردنی مەككەو شكاندنی (هَوَازِن)یش هەر پێیانی دەدا ، ئەمەیش جاری وا هەیە زەرورە ، بۆیە هەر پێیان دەدرێت [١].

(٣٨٨) كۆمەڵێك لە زانایان دەفەرموون : دەدرێت بەو كۆیلانەی كە خاوەنەكانیان نووسراویان بۆیان نووسیوە ، كەوا ئەگەر ئەوەندە پارەیان بۆ بێنن رزگاریان دەكەن ، جا لە ماڵی زەكات ئەوەندەیان پێ دەدرێت ، ئەمە رای (حَسَن البَصْرِي ومُقَاتِل و عُمَرُ بنُ عَبْدالعِزِيْز وسَعِيْدُ بنُ جُبَيْر) و كەسانی تریشە ، وە رای (شَافِعِي و لَيْث)یشە ، بەڵام (إِبْنُ عَبَّاس والحَسَن) دەفەرموون: دەتوانرێت بەندەی پێ بكڕێت وئازاد بكرێت ، ئەمەیش رای (أَحْمَد و مَالِك و إِسْحَاق)یشە .

(٣٨٩) چەند جۆرێكی هەیە ، هەیانە بۆ ئەوەی (مُشْكِلَه)یەك لە نێوان موسوڵماناندا گەورە نەبێتەوە لە بەر پارەو ماڵێك ، ئەم ئەو پارەیە دەخاتە سەر ئەستۆی خۆی و بۆیە لە سەری قەرزار دەبێت ، جا لە ماڵی زەكاتی پێ دەدرێت تا وەكو قەرزێكانی دەداتەوە . وە هەیشیانە قەرزێكی كەوتوەتە سەر و توانای دانەوەی نییە ، ئەگەر چی هەتا ئەو قەرزەیشی بە هۆی تاوانێكەوە تووش بوبێت ، بەڵام بە مەرجێك لێی پەشیمان بووبێتەوە ، ئەوە لە ماڵی زەكاتی پێ دەدرێت تاقەرزەكەی دەداتەوە وهیچی لە سەر نامێنێت ، لە بەر فەرموودەكەی (قَبِيْصَةُ بنُ مُخَارِق الهِلالِي) (خوای لێ رازی بێت) كەوا فەرمووی: قەرزارییەك بە سەرمدا كەوت بە هۆی چاك كردنی نێوان دوو كۆمەڵ لە موسوڵمانان ، جا هاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوام لێ كرد یارمەتیم بدات ، ئەویش فەرمووی: (( أَقِمْ حَتَّى تَأْتِيَنَا الصَّدَقَةُ فَنَأْمُرَ لَكَ بِهَا )) واتە: بمێنەوە تا زەكاتمان بۆ دێت ، جا فەرمانت بۆ دەكەین . جا (قَبِيْصَة) فەرمووی : پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( يَا قَبِيْصَةُ ، إِنَّ المَسْأَلَةَ لاَ تَحِلُّ إِلاَّ لأَحَد ثَلاَثَةٍ : رَجُلٌ تَحَمَّلَ حَمَالَةً فَحَلَّتْ لَهُ المَسْأَلَةُ حَتَّى يُصِيْبَهَا ثُمَّ يُمْسِكُ ، وَرَجُلٌ أَصَابَتْهُ جَائِحَةٌ اجْتَاحَتْ مَالَهُ فَحَلَّتْ لَهُ المَسْأَلَةُ حَتَّى يُصِيْبَ قَوَامَاً مِنْ عَيْشٍ — أَوْ قَالَ: سِدَاداً مِنْ عَيْشٍ — ، وَرَجُلٌ أَصَابَتْهُ فَاقَةٌ حَتَّى يَقُوْمَ ثَلاَثَةٌ مِنْ ذَوِي الحِجَا مِنْ قَوْمِهِ ، لَقَدْ أَصَابَتْ فُلاَنَاً فَاقَةٌ ، فَحَلَّتْ لَهُ المَسْأَلَةُ حَتَّى يُصِيْبَ قَوَامَاً مِنْ عَيْشٍ — أَوْ قَالَ: سِدَاداً مِنْ عَيْشٍ — ، فَمَا سِوَاهُنَّ مِنَ المَسْأَلَةِ يَا قَبِيْصَةُ



منتدى إقرأ الثقافي

**ولە ڕێگای خوادا[٣٩٠] ، و ڕێبوار[٣٩١] ، وە مەرجیش نییە بە هەموو جۆرەکان بدرێت ،**

سُحْتَاً يَأْكُلُهَا صَاحِبُهَا سُحْتَاً )) واتە: ئەی (قَبِيْصَة) داوا(سوالّ) کردن حەلاڵ نییە تەنها بۆ سێ کەس نەبێت: بۆ پیاوێك نێوان موسوڵمانانی چاك کردبێتەوە ، جا قەرزار بار بووبێت ، ئەوە حەلاڵە بۆی تا ئەوەی دەست دەکەوێتەوە ، پاشان دەست دەگرێتەوە لە داوا کردن ، وە پیاوێك تووشی بەڵایەك بووبێت ،ماڵەکەی تیا چووبێت ، جا بۆی حەلاڵە داوای بۆ بکات ، تا خۆی دەگرێتەوە و ژیانی پێ هەڵدەسێتەوە ، وە پیاوێك تووشی هەژاری و پێویستیەکی وا هاتبێت ، کە سێ کەسی ژیر لە هۆزەکەی بڵێن : بە ڕاستی فڵان تووشی هەژاریەکی زۆر هاتووە ، ئەوە حەلاڵە بۆی داوا بکات ، تا خۆی دەگرێتەوە و ژیانی پێ هەڵدەسێتەوە ، جا جگە لەمانە داوا(سوالّ) کردن ئەی (قَبِيْصَة) حەرامەو خاوەنەکەی بە حەرامی دەیخوات [رواه مسلم (٢/٧٢٢/١٠٤٤) وأبو داود (٢/رقم/١٦٤٠) وغيرهما].

(٣٩٠) ئەمە جەنگاوەرانی ڕێگای خوا دەگرێتەوە ، ئەوانەی کە مووچەی تایبەتیان نییە لە لایەن دەوڵەتەوە ، وە لە لای (أَحْمَد وَالحَسَن وَإِسْحَاق) حەججیش هەر ڕێگای خوایە ، لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ویستی حەج بکات ، جا ئافرەتێك بە پیاوەکەی خۆی ووت: حەججم پێ بکە لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) . ئەویش ووتی : هیچم نییە حەججت پێ بکەم لە سەری ، خێزانەکەشی پێی ووت: لە سەر فڵانە ووشترت حەججم پێ بکە ، ووتی: ئەوە گیردراوە لە ڕێی خوا دا ، جا هاتە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ووتی: خێزانەکەم (سَلَام)ت لێ دەکات ، وە داوای لێ کردووم لە گەڵ تۆدا حەججی پێ بکەم ، ووتی: حەججم پێ بکە لە گەڵ پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) ، جا منیش ووتم: هیچم نییە حەججت پێ بکەم لە سەری ، ئەویش ووتی: لە سەر فڵان ووشترت حەججم پێ بکە ، منیش ووتم : ئەوە گیر دراوە لە ڕێی خوا دا . جا پێغەمبەری خوایش (ﷺ) پێی فەرموو: (( أَمَا إِنَّكَ لَوْ أَحْجَجْتَهَا عَلَيْهِ كَانَ فِي سَبِيْلِ اللهِ )) واتە: ئەگەر تۆ حەججی پێ بکەی لە سەری ، ئەوەیش لە ڕێی خوای گەورەیە [رواه ابو داود (٢/رقم/١٩٩٠) وغيره وهو حديث حسن صحيح ، بروانە صحيح أبي داود (١٧٥٣)].

(٣٩١) ئەو (مُسَافِر)ەیە کە لە وڵاتێکی نامۆ(غَرِيْب)یی دایە ، وە هیچیشی پێ نییە یارمەتی بدات لە سەر گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی خۆی ، جا لە ماڵی زەکات ئەوەندەی پێ دەدرێت کەوا بەشی بکات تا دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی ، با لە شوێنی خۆیشیدا دەوڵەمەندبێت .

منتدى إقرأ الثقافي

با هەموویشیان لەو کاتەدا هەبن(٣٩٢).

## زەکاتی سەر فترە ( زَكَاةُ الفِطْر )

**زەکاتی دانی سەر فترە پێویست(وَاجِب)ە ، لە سەر هەموو موسوڵمانێکی دەستڕۆ(٣٩٣)،**

---

(٣٩٢) لە ڕاستیدا خوای گەورە کاتێك ئەو هەشت جۆرە پێکەوە باس دەکات لە ئایەتەکەدا ئەوە بۆ ئەوە نییە کە پێویستە بە سەر هەموویاندا دابەش بکرێت ، بەڵکو بۆ دیاری کردنی ئەو جۆرە کەسانەیە کە شایەنی ئەوەن زەکاتیان پێ بدرێت ، بۆیە ئەگەر کەسێك زەکاتی کەوتە سەر و بینی هەموو جۆرەکان هەن ، بەڵام جۆرێکیان زیاتر پێویستی پێیەتی دەتوانێت بیدات بەوەیان کە زۆرتر پێویستی پێیەتی ، چونکە هیچ بەڵگەیەك نەهاتووە لە سەر ئەوەی کەوا دەبێت بە سەر هەر هەموو جۆرەکاندا دابەش بکرێت ، بۆ زیاتر تێ گەیشتن لەم مەسەلەیە بڕوانە [(الروضة الندية شرح الدرر البهية/ لصديق حسن خان)] کە بە جوانی ئەمە ڕوون دەکاتەوە .

(٣٩٣) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لیّ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **فَرَضَ رَسُولُ الله ( ﷺ ) زَكَاةَ الفِطْرِ طُهْرَةً لِلصَّائِمِ مِنَ اللَّغْوِ وَالرَّفَثْ ، وَطُعْمَةً لِلْمَسَاكِيْنِ فَمَنْ أَدَّاهَا قَبْلَ الصَّلَاةَ فَهِيَ زَكَاةٌ مَقْبُولَةٌ ، وَمَنْ أَدَّاهَا بَعْدَ الصَّلَاةَ فَهِيَ صَدَقَةٌ مِنَ الصَّدَقَات** )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) زەکاتی سەر فترەی فەرز کرد پاککردنەوەیەك بێت بۆ ڕۆژووەوان لە قسەی هیچو پووچ وخراپو خواردنێکیش بێت بۆ کەم دەستان ، جا هەر کەسێك پێشی نوێژی جەژنی ڕەمەزان بیدات ئەوە زەکاتێکی وەرگیراوە ، وە هەر کەسێکیش پاش نوێژی بیدات ئەوە بەخشینێکە لە بەخشینەکان - واتە بە زەکات نازمێرێت - [رواه أبو داود(٢/رقم/١٦٠٩) وابن ماجة(١/٥٨٥/١٨٢٧) وغيرهما وهو حديث حسن ، بڕوانە الإرواء(٨٤٣) وصحيح أبي داود(١٤٢٧) وصحيح إبن ماجة (١٤٨٠)].

لەم فەرموودەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا سەرفترە خواردنێکە بۆ دەست کورتان(المَسَاكِيْن) ، کە هەندێك خواردنیان هەیە بەڵام بەشیان ناکات ، کەوا بوو ئیتر چۆن لە سەر کەسێك فەرزە کە شتێك لە خواردنی شەو و ڕۆژێك زیاتری هەبێت ، کە گومانی تێدا نییە ئەوە هەژار(فَقِيْر)ە ، کە حاڵی لە کەم دەست خراپترە ، بۆیە ئەوەی ڕاست بێت لەم مەسەلەیەدا ئەوەیە کە زەکاتی سەر فترە لە سەر ئەوانە پێویست(وَاجِب)ە کە دەستیان دەڕوات ، بۆ ئەوەی بیدەن بەوانەی دەستیان ناڕوات ، تا وەکو بتوانن لە ڕۆژی جەژندا


منتدى إقرأ الثقافي

**کەوا لە جیاتی خۆی و ئەو کەسانەی بە خێویان دەکات لە موسوڵمانان بیدات[٣٩٤]، بۆ هەر کەسێك نیو(صَاع) گەنم یان(صَاع)ێك جۆ یان خورما یان مێوژ یان هەر شتێك جێی ئەو خواردنانە بگرێتەوە[٣٩٥]،**

هەموو پێکەوە ژیانێکی خۆش بە سەر بەرن ، نەك هەژاران خواردنەکانیان بە یەکتری بدەن یان (حَل شرعي) بکەن کە لە ڕاستیدا ئەوە فێڵە نا شەرعیە ، وە ئایینی پیرۆزی ئیسلام لێی بەرییە ! !

(٣٩٤) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لیّ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **فَرَضَ رَسُوْلُ اللهِ ( ﷺ ) زَكَاةَ الفِطْرِ صَاعَاً مِنْ تَمْرٍ أَوْ صَاعَاً مِنْ شَعِيْرٍ عَلَى العَبْدِ وَالحُرِّ ، وَالذَّكَرِ وَالأُنْثَى ، وَالصَّغِيْرِ وَالكَبِيْرِ مِنَ المُسْلِمِيْنَ ، وَأَمَرَ بِهَا أَنْ تُؤَدَّى قَبْلَ خُرُوْجِ النَّاسِ إِلَى الصَّلاَةِ** )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) زەکاتی سەرفترەی فەرز کرد (صَاع)ێك لە خورما یان (صَاع)ێك لە جۆ لە سەر هەموو بەندە و ئازادێك وە نێر و مێیەك وە منداڵو گەورەیەك لە موسوڵمانان ، وە فەرمانی پێ کرد کەوا لە پێش دەرچوون بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان _ بدرێت [رواه البخاري (٣/٣٦٧/١٥٠٣) ومسلم (٢/٦٧٩/٩٨٦) وغيرهما].

وە لە فەرموودەیەکی تردا (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لیّ ڕازی بێت) فەرمووی: (( **أَمَرَ رَسُوْلُ اللهِ ( ﷺ ) بِصَدَقَةِ الفِطْرِ عَنِ الصَّغِيْرِ وَالكَبِيْرِ وَالحُرِّ وَالعَبْدِ مِمَّنْ تَمُوْنُوْنَ** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی بە زەکاتی سەر فترە کرد بۆ هەموو منداڵو گەورەیەك وئازادو بەندەیەك لەوانەی بە خێویان دەکەن [رواه الدارقطني (٢/١٤١/١٢) والبيهقي (٤/١٦١) وهو حديث صحيح بروانه الإرواء رقم(٨٣٥)].

(٣٩٥) لە بەر فەرموودەکەی (ثَعْلَبَةُ بنُ صعير) (خوای لیّ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) فەرمووی: (( **أَدُّوْا صَاعَاً مِنْ بُرٍّ أَوْ قَمْحٍ بَيْنَ إِثْنَيْنِ أَوْ صَاعَاً مِنْ تَمْرٍ أَوْ صَاعَاً مِنْ شَعِيْرٍ عَنْ كُلِّ حُرٍّ وَعَبْدٍ وَصَغِيْرٍ وَكَبِيْرٍ** )) واتە: (صَاع)ێك گەنم بۆ دوو کەس بدەن ، یان (صَاع)ێك لە خورما یان (صَاع)ێك لە جۆ بۆ هەموو ئازادو بەندەیەكو بچووكو گەورەیەك [ أخرجه أحمد (٥/٤٣٢) ورجاله كلهم ثقات وله شاهد آخر عند الدار قطني (٢/١٥١) عن جابر بسند صحيح ، بروانه صفة صوم النبي (ﷺ) في رمضان لسليم الهلالي وعلي حسن (ل١٠٥)].

وە فەرموودەکەی (عُرْوَةُ بنُ الزُّبَيْر) (خوایان لیّ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **أَنَّ أَسْمَاءَ بِنْتَ أَبِي بَكْرٍ كَانَتْ تُخْرِجُ عَلَى عَهْدِ رَسُوْلِ اللهِ ( ﷺ ) عَنْ أَهْلِهَا — الحُرِّ مِنْهُمْ وَالمَمْلُوْكِ — مُدَّيْنِ مِنَ الحِنْطَةِ أَوْ صَاعَاً مِنْ تَمْرٍ ، بِالمُدِّ أَوْ بِالصَّاعِ الَّذِي يَقْتَاتُوْنَ بِهِ** )) واتە: (أَسْمَاءُ بِنْتُ أَبِي بَكْر) (خوایان لیّ ڕازی بێت) لە کاتی پێغەمبەری خوادا ( ﷺ )


منتدى إقرأ الثقافي

..................................

زەکاتی سەرفترەی دەر دەکرد لە جیاتی کەس و کاری – ئازادو بەندەیان – دوو گوێل( نیو صاع) لە گەنم یان (صَاع)ێك لە خورما بە گوێل یان بەو (صَاع)ی کە پێوانەیان پێ دەکرد [أخرجه الطحاوی (٤٣/٢) وهذا لفظه وابن شيبة وأحمد وسنده صحيح على شرط الشيخين بروانە تمام المنة للألباني (ل: ٣٨٧)].

وە بۆ چوونی (إِبْنُ تَيْمِيَة) لە [الأختيارات (ل: ٦٠)] یش هەر ئەوەیە کە بە گەنم نیو (صَاع)ە ، وە رای (إِبْنُ القَيِّم)ی قوتابیشێتی وە حەنەفیەکان و (سُفْيَان) و (إِبْنُ مُبَارك) وخەڵکی (كُوفَة)یش ئەو رایەیان هەیە کە لە گەنمدا نیو(صَاع)ە ، وە لەوانی تردا (صَاع)ێکە.

وە فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كُنَّا نُخْرِجُ زَكَاةَ الفِطْرِ صَاعاً مِنْ طَعَامٍ أَوْ صَاعاً مِنْ شَعِيْرٍ أَوْ صَاعاً مِنْ تَمْرٍ أَوْ صَاعاً مِنْ أَقِطٍ أَوْ صَاعَاً مِنْ زَبِيْبٍ )) واتە: ئێمە زەکاتی سەر فترەمان دەردەکرد — لە سەردەمی پێغەمبەری خوا( ﷺ) — (صَاع)ێك لە خواردن ، یان (صَاع)ێك لە جۆ ، یان (صَاع)ێك لە خورما ، یان (صَاع)ێك لە کەشك ، یان (صَاع)ێك لە مێوژ [رواه البخاری (١٥٠٦/٣٧١/٣) ومسلم (٩٨٥/٦٧٨/٢) وغيره]. جا کە دەڵێ لە(طعام) (صَاع)ێکمان دەردەکرد ، (خَطَّابِي) دەفەرمێ: مەبەست لە (طَعَام) لێرەدا گەنمە ، بەڵام (إِبْنُ المُنْذِر) وەڵامی دەداتەوە بەوەی (أَبُو سَعِيْد) (خوای لێ رازی بێت) لە پێشدا بە گشتی باسی (طَعَام) دەکا ، پاشان (تَفْسِيْر)ی (طَعَام)ەکە دەکات ، پاشان (إِبْنُ المُنْذِر) فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد) دەهێنێتەوە کە لە لای (البُخَارِي) بەم (لَفْظ)ە هاتوە: ((كُنَّا نُخْرِجُ فِي عَهْدِ رَسُوْلِ الله (ﷺ) يَوْمَ الفِطْرِ صَاعاً مِنْ طَعَامٍ - قَالَ أَبُو سَعِيْد - وَكَانَ طَعَامُنَا الشَّعِيْرُ وَالزَّبِيْبُ وَالأَقِطُ وَالتَّمْرُ )) واتە: لە سەردەمی پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) ئێمە زەکاتی سەر فترەمان دەردەکرد (صَاع)ێك خواردن __ أَبُو سَعِيْد فەرمووی: __ وە خواردنی ئێمە لەو کاتەدا جۆ و مێوژ و کەشك و خورما بوو . پاشان (الحَافِظ إِبْنُ حَجَر) بۆ فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد) چەند رێگا و(لَفْظ)ێکی تر دەهێنێتەوە پاشان دەفەرمێ: ئەم رێگایانە هەموو بەڵگەن کە مەبەست بە (طَعَام) لە فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد)دا گەنم نییە ، جا لەوانەیە مەبەست گەنمە شامی(زورات) بێت ، چونکە ئەوە زیاتر ناسراوە لای خەڵکی حیجازی ئێستا ، وە زیاتر ئەوە(قُوْت)یانە [بروانە تمام المنة (ل ٣٨٦)].

وە بۆ زانینی ئەندازەی (صَاع) ، بڕوانە (پ ٣٦١) .


منتدى إقرأ الثقافي

**پێش نوێژی جەژنی ڕەمەزان(٣٩٦) ، بیدات بە هەژار و دەست کورتی موسڵمانان(٣٩٧) ، وە دروستە یەك دوو ڕۆژێك پێشی ڕۆژی جەژنیش بدرێت(٣٩٨) ، بەڵام دروست نییە دوا بخرێت بۆ دوای نوێژی جەژن(٣٩٩) .**

(٣٩٦) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ ٣٩٣) و( پ ٣٩٤).

(٣٩٧) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ ٣٩٣).

(٣٩٨) لە بەر فەرموودەکەی (نَافِع) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کەوا (إِبْنُ عُمَر (خوایان لێ ڕازی بێت) دەیدا بەوانەی وەریان دەگرت ، وە پێش ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان بە ڕۆژێ یان دوو ڕۆژ دەیان دا [رواه البخاري (٣/٣٧٥/١٥١١)].

(٣٩٩) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە (٣٩٣).



منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی پێنج یەك (بَابُ الخُمْسِ)

پێنج یەك($\frac{1}{5}$) پێویست(وَاجِب) دەبێت لە دەست كەوتی جەنگ(الغَنِيْمَه)دا[٤٠٠]، وە لە گەنجینەی شاراوە(الرِّكَاز)دا[٤٠١].

(٤٠٠) لە بەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (الأنفال: ٤١)دا كە دەفەرمێ: ﴿ وَاعْلَمُوْا أَنَّمَا غَنِمْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَإِنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُوْلِ وَلِذِي القُرْبَى وَاليَتَامَى وَالمَسَاكِيْن ...﴾ واتە: ئەی موسوڵمانان بزانن كەوا ئەوەی دەستتان دەكەوێت - لە جەنگ دا - ئەوە پێنج یەكی($\frac{1}{5}$) بۆ خوایە و بۆ پێغەمبەری خوایە و بۆ خزمان وهەتیوان وكەم دەستانە...

(٤٠١) (رِكَاز): ئەو پارە و ماڵە شاراوەی كاتی نەفامیە كە ئێستا خاوەنی نییە ، ئەگەر بدۆزرێتەوە پێنج یەكی($\frac{1}{5}$) تێدا پێویست(وَاجِب) دەبێت بە بێ دانانی ڕادە(نِصَاب)ی زەكات یان تێپەڕ بوونی ساڵ(حَوْل) بە سەریدا ، بەڵكو هەر بە دۆزینەوەی پێنج یەك($\frac{1}{5}$)ەكە پێویست دەبێت لە سەری ، لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( ... وَفِي الرِّكَازِ الخُمْس )) واتە: ... وە لە دۆزینەوەی ماڵی شاراوەدا پێنج یەك($\frac{1}{5}$) هەیە [رواه البخاري (٣/٣٦٤/١٤٩٩) ومسلم (٣/١٣٣٤/١٧١٠) وابن ماجة (٢/٨٣٩/٢٥٠٩) والنسائي وغيرهم].

**تێبینی:**

وە چۆنێتی دابەش كردنیشی دەكەوێتە دەست پێشەوا(إِمَام) كەوا بە پێی بەرژەوەندی(مَصْلَحَة)ی موسوڵمانان دابەشی دەكات .

**( الحَمْدُ للهِ ) ئەوە بەشی زەكات و پێنج یەكیش كۆتایی پێ هات**

**وئێستا دەست بە بەشی ڕۆژوو دەكەین .**



منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی ڕۆژوو (الصَّوْم)

## ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزان (صِيَامُ شَهْرِ رَمَضَان)

ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان[٤٠٢] گرتنی پێویست(وَاجِب)ە لە سەر هەموو موسوڵمانێکی ژیری ، پێ گەیشتووی[٤٠٣] ، لەش ساغ کە توانای ڕۆژوو گرتنی هەبێت و لە سەفەردا نەبێت[٤٠٤]، بە بینینی مانگی ڕەمەزان لە لایەن

---

(٤٠٢) ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان پایەیەکی گرنگە لە پایەکانی ئیسلام و فەرزێکە لە فەرزەکانی ، خوای گەورە لە سورەتی (البقرة: ١٨٣-١٨٥)دا دەفەرمێ: ﴿ يَآ أَيُّهَا الَّذِيْنَ آمَنُوْا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِيْنَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُوْن ... شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيْهِ القُرْآنُ هُدَىً لِلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الهُدَى وَالفُرْقَانِ فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ .. ﴾ واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ڕۆژووتان لە سەر نووسراوە(فەرز کراوە) هەر وەك چۆن لە سەر ئەوانەی پێش ئێوە نووسرا بوو ، بۆ ئەوەی خۆتان بپارێزن ... ئەو مانگی ڕەمەزانەی کەوا قورئانی تێدا دابەزیە ڕێ پیشاندەرێك بێت بۆ خەڵکی ...

وە فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( بُنِيَ الإِسْلَامُ عَلَى خَمْسٍ : ... وَصَوْمُ رَمَضَان )) واتە: ئیسلام لە سەر پێنج پایە دامەزراوە... وە ڕۆژووی - مانگی - ڕەمەزان . بڕوانە (پ ١٠٠)

وە ئوممەتی ئیسلام هەموو یەکڕا(مُجْمِع)ن لە سەر پێویست(وَاجِب) بوونی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان ، وە لە سەر ئەوەیشی کەوا یەکێکە لە پایەکانی ئیسلام ... وە هەر کەسێك نکۆڵ(إِنْكَار)ی بکات بێ باوەڕ دەبێت و لە ئیسلام هەڵدەگەڕێتەوە...

(٤٠٣) لە بەر فەرموودەکەی (عَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ ١٠١) .

(٤٠٤) لە بەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة: ١٨٢)دا کە دەفەرمێ: ﴿ فَمَنْ كَانَ مَرِيْضاً أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ﴾ واتە: جا ئەگەر کەسێکتان نەخۆش بوو یان لە سەفەردا بوو ، ئەوە چەند ڕۆژێکی تر بگرێت .

بەڵام ئەگەر نەخۆش و (مُسَافِر) بیگرن ئەوە لە سەریان دەکەوێت.


منتدى إقرأ الثقافي

موسوڵمانێکی ڕاستگۆی دادپەروەرەوە ، یان بە تەواو بوونی سی(٣٠) ڕۆژەی مانگی (شَعْبَان) ئەگەر کەس مانگی نەدی یان ئاسمان هەوری بوو ، وە بەردەوام دەبێت لە سەر ڕۆژوو گرتن تا بینینی مانگی(شَوَّال) ، یان تەواو کردنی سی(٣٠) ڕۆژەی ڕەمەزان ئەگەر مانگ نەبینرا یان ئاسمان هەور بوو[٤٠٥] ، وە ئەگەر لە وڵاتێك لە وڵاتانی ئیسلامدا مانگ بینرا ، ئەوە ڕۆژوو گرتن لە سەر ووڵاتانی تریش پێویست(وَاجِب) دەبێت[٤٠٦] ، وە ئەو بینینە (ثَابِت) دەبێت بە شایەتی دانی دوو کەسی موسوڵمانی دادپەروەر[٤٠٧] ، یان بە شایەتی دانی کەسێك جێی متمانە(ثِقَة)بێت[٤٠٨] .

---

(٤٠٥) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( صُوْمُوْا لِرُؤْيَتِهِ وَأَفْطِرُوْا لِرُؤْيَتِهِ ، فَإِنْ غُمِّيَ عَلَيْكُمُ الشَّهْرُ فَعُدُّوا ثَلاَثِيْنَ )) واتە: ڕۆژوو بگرن بە بینینی – مانگی ڕەمەزان – وە واز بێنن لە ڕۆژوو گرتن بە بینینی – مانگی شەوال – جا ئەگەر هەور بەر مانگی لێ گرتن ، ئەوە سی(٣٠) ڕۆژ بژمێرن [رواه البخاری (٤/١١٩/١٩٠٩) ومسلم (٢/٧٦٢/١٠٨١) وهذا لفظه].

(٤٠٦) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالرَّحْمَن بن زَيْد بن الخَطَّاب) لە هاوەڵانی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کەوا پێغەمبەری خوا فەرمووی: (( .. فَإِنْ شَهِدَ شَاهِدَانِ مُسْلِمَانِ فَصُوْمُوْا وَأَفْطِرُوا )) واتە: .. جا ئەگەر دوو شایەتی موسوڵمان شایەتیان دا – کە مانگیان بینیوە – ئەوە ڕۆژوو بگرن __ ئەگەر مانگی ڕەمەزانیان بینی __ ، وە وازیش لە ڕۆژوو گرتن بێنن – ئەگەر مانگی شەوالیان بینی – [رواه أحمد (٩/٢٦٥/٥٠) والنسائی (٤/١٣٢) وهو حديث صحيح ، بڕوانە الإرواء(٩٠٢) صحيح الجامع (٣٨١١)].

وە بۆ دڵنیا بوون لە ڕاستی ئەم ڕایە کە ڕا و بۆچوونی جەماوەری زانایانە(جُمْهُور العُلَماء) [بڕوانە تمام المنة (ل:٣٩٨)].

(٤٠٧) لە بەر فەرموودەکەی پێشوو بڕوانە (پ٤٠٦) .

وە فەرموودەی تریش هەیە کە هەر ئەو واتایە دەدات .

(٤٠٨) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: ((تَرَاءَى النَّاسُ الهِلاَلَ، فَأَخْبَرْتُ رَسُوْلَ اللهِ(ﷺ) أَنِّي رَأَيْتُهُ، فَصَامَ وَأَمَرَ النَّاسَ


منتدى إقرأ الثقافي

# ئەوانەی ڕۆژوویان لە سەر پێویست نییە
# (الَّذِيْنَ لاَ تَجِبُ عَلَيْهِم الصَّوْم)

نەخۆش و (مُسَافِر)، کەوا دەتوانن بیگرن و دەیشتوانن نەیگرن(٤٠٩)، جا ئەگەر زیانیان لێ نەدات و ناڕەحەتیان نەکات باشتر وایە بیگرن، بەڵام ئەگەر ناڕەحەتی دەکردن وزیانی لێ دەدان، ئەوە باشتر وایە نەیگرن(٤١٠)، پاشان بە قەزا دەیگێڕنەوە(٤١١)، وە هەروەها کەسێك ئەگەر توانای گرتنی نەبێت لە بەر پیری بێت یان لە بەر نەخۆشیەك کە هیوای چاك بوونەوەی نەبێت، ئەوە نایگرێت و لە جیاتی

---

بصيامه)) واتە: خەڵکی تەماشایان دەکرد مانگ ـ ی ڕەمەزان ـ ببینن، منیش بە پێغەمبەری خوام (ﷺ) ووت: من بینیومە، جا ڕۆژووی گرت و فەرمانیشی بە خەڵکی کرد ڕۆژوو بگرن [رواه أبو داود (٦/٤٦٨/٢٣٢٥) وهو حديث صحيح، بڕوانە الإرواء (٩٠٨)].

(٤٠٩) لە بەر فەرموودەکەی خوای گەورە ﴿فَمَنْ كَانَ مَرِيْضاً أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾، بڕوانە (پ ٤٠٤).

(٤١٠) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد الخُدْرِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: ((كُنَّا نَغْزُوا مَعَ رَسُوْلِ الله (ﷺ) فِي رَمَضَان، فَمِنَّا الصَّائِمُ وَمِنَّا المُفْطِرُ، فَلاَ يَجِدُ الصَّائِمُ عَلَى المُفْطِرِ وَلاَ المُفْطِرُ عَلَى الصَّائِمِ، يَرَوْنَ أَنَّ مَنْ وَجَدَ قُوَّةً فَصَامَ فَإِنَّ ذَلِكَ حَسَنٌ، وَيَرَوْنَ أَنَّ مَنْ وَجَدَ ضَعْفَاً فَأَفْطَرَ فَإِنَّ ذَلِكَ حَسَنٌ)) واتە: لە گەڵ پێغەمبەری خوادا(ﷺ) غەزامان دەکرد لە ڕەمەزاندا، جا لێمان هەبوو بە ڕۆژوو دەبوو، وە لێیشمان هەبوو بە ڕۆژوو نەدەبوو، جا ئەوانەی بە ڕۆژوو دەبوون هیچیان نەبوو بەرانبەر بەوانەی بە ڕۆژوو نەدەبوون، وە ئەوانەیشی بە ڕۆژوو نەدەبوون هیچیان نەبوو بەرانبەر بەوانەی بە ڕۆژوو دەبوون، وایان دەبینی هەر کەسێك بە هێزبێت وتوانای هەبێت ڕۆژوو بگرێت چاك وایە ڕۆژوو بگرێت، وە هەر کەسێکیش لاواز بوو و توانای ڕۆژوو گرتنی نەبوو ئەوە چاك وایە نەیگرێت [رواه مسلم (٢/٧٨٧/ ١١١٦) والترمذي (٢/١٠٨/٧٠٨)].

(٤١١) لە بەر فەرموودەکەی خوای گەورە: ﴿... فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ بڕوانە(پ٤٠٤)

منتدى إقرأ الثقافي

هەموو ڕۆژێك خواردنی كەم دەستێك دەدات[٤١٢]، وە ئافرەتی دووگیان (حامِلَه) و ئافرەتی شیر دەریش ئەگەر ترسان لە خۆیان یان لە منداڵەكانیان ئەوە ڕۆژوو ناگرن ، وە لە جیاتی هەر ڕۆژێكدا خواردنی كەم دەستێك بەدەن وە قەزایشیان لە سەر نییە[٤١٣].

(٤١٢) لە بەر فەرموودەی خوای گەورە كە لە سورەتی (البقرة:١٨٤)دا كە دەفەرمێ: ﴿ ... وَعَلَى الَّذِيْنَ يُطِيْقُوْنَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِيْنٍ ...﴾ واتە : ... وە لە سەر ئەوانەی كە توانای – ڕۆژوو – گرتنیان نییە _ لە جیاتی ئەوە _ خواردنی كەم دەستێك بدەن ... (عَطَاء) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێ : لە (إِبْنُ عَبَّاس)م بیست ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە ، جا فەرمووی: ئەم ئایەتە (نَسْخ) نەبوەتەوە ، ئەمە بۆ ئەو پیرەمێرد و پیرەژنەیە كە ناتوانن ڕۆژوو بگرن ، جا لە جیاتی هەموو ڕۆژێك خواردنی كەم دەستێك دەدەن [رواه البخاري(٨/١٧٩/٤٥٠٥)].

(٤١٣) لە بەر فەرموودەكەی (أَنَسُ بْنُ مَالك الكَعْبِي) (خوای لێ رازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( إِنَّ اللهَ وَضَعَ عَنِ المُسَافِرِ شَطْرَ الصَّلَاةِ ، وَعَنِ الحَامِلِ _ أَوِ المُرْضِعِ _ الصَّوْمَ )) واتە: بە ڕاستی خوای گەورە لە سەر (مُسَافِر) ڕۆژوو ونیوەی نوێژی لاداوە ، وە لە سەر دوو گیان(حَامِلَة) وشیردەریش ڕۆژووی هەڵگرتوە [رواه أبوداود (٢٤٠٨) والنسائي (٤/١٨٠) وإبن ماجة (١/رقم/١٦٦٧) وغيرهم وهو حديث حسن صحيح ، بڕوانە المشكاة(٢٠٢٥) وصحيح أبي داود(٢٠٨٣) وصحيح الترمذي (٥٧٥) وصحيح إبن ماجه(١٣٥٣)].

جا ئەگەر كەسێك بڵێت لابردنی ڕۆژوو لە سەر ئافرەتی دوو گیان وئافرەتی شیردەر وەكو (مُسَافِر)ە ، چۆن لە سەر ئەو قەزا پێویستە لە سەر ئەوانیش پێویستە ، ئێمەیش دەڵێین : ئەم ڕایە جێی خۆی نییە ، چونكە قورئان كاتێك كە ڕۆژووی لە سەر (مُسَافِر) لادا ڕوونی كردوەتەوە كە دەبێت بە قەزا بیداتەوە ، وەك دەفەرمێ: ﴿ فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيْضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ﴾ ، هەروەها كاتێك لایداوە لە سەر ئەوانەیشی كە ناتوانن بیگرن ، ڕوونی كردوەتەوە كە دەبێت خواردن لە جیاتیدا بدرێت ، نەك بە قەزا بیدەنەوە ، وەك دەفەرمێ : ﴿ وَعَلَى الَّذِيْنَ يُطِيْقُوْنَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِيْنٍ ﴾ ، وە دوو گیان و شیردەریش دەكەونە بەر ئەمەی دووەمیان ، وەك (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) لە بارەی ئایەتی ﴿ وَعَلَى الَّذِيْنَ يُطِيْقُوْنَهُ..﴾ دەفەرمێ: (( كَانَتْ رُخْصَةً لِلشَّيْخِ الكَبِيْرِ وَالمَرْأَةِ الكَبِيْرَةِ وَهُمَا يُطِيْقَانِ الصِّيَامَ أَنْ يُفْطِرَا وَيُطْعِمَا مَكَانَ كُلَّ يَوْمٍ مِسْكِيْنًا


منتدى إقرأ الثقافي

**وە ئافرەت ئەگەر لە حەیزدا بوو یان لە زەیسانیدا بوو نابێت ڕۆژوو بگرێت(٤١٤)، بەلاَم قەزای لە سەرە(٤١٥)، وە خواردن دانەکەیش ئەوەیە لە جیاتی هەر ڕۆژێك ژەمێك یەك کەم دەست(مسْکیْن) تێر بکات(٤١٦).**

وَالحُبْلَى وَالمُرْضِعِ إِذَا خَافَتَا )) واتە: ئەمە ڕوخسەتێك بوو بۆ پیرەمێرد و پیرەژن کە ناتوانن ڕۆژوو بگرن کەوارۆژوو نەگرن ، وە لە جیاتی هەموو ڕۆژێکدا خواردنی کەم دەستێك بدەن ، وە دووگیان و شیردەریش ئەگەر ترسان ڕۆژوو نەگرن و خواردن بدەن [رواه ابوداود (٢/رقم/٢٣١٨) والبيهقى (٤/٢٣٠) وإبن جارود (٣٨١) وغيرهم وسنده صحيح ، بروانه (صفة صوم النبى (ﷺ)) لسليم بن عيد الهلالى وعلى بن حسن (ل٨٠) الطبعة الثانية].

وە (إِبْنُ عَبَّاس) (أُمُّ وَلَد)ێکی خۆی بینی دووگیان(حَامِلَه) بوو ، جا پێی فەرموو: (( أَنْتِ مِنَ الَّذِيْنَ لاَ يُطِيْقُوْن ، عَلَيْكَ الجَزَاء وَلَيْسَ عَلَيْكَ القَضَاء )) واتە: تۆ لەوانەی کە توانای گرتنیان نییە ، جا (فِدْيَه)ت لە سەرە ، و قەزات لە سەر نییە [رواه الدارقطني (١/٢٠٧) وصحح إسناده بروانه صفة صوم النبي (ل٨٥)].

وە هەروەها (نَافِع) دەفەرمێ: پرسیاریان لە (إِبْنُ عُمَر) کرد (خوایان لێ رازی بێت) لە بارەی ئافرەتی دووگیانەوە ئەگەر لە منالەکەی ترسا ، ئەویش فەرمووی: (( تُفْطِرُ وَتُطْعِمُ مَكَانَ كُلِّ يَوْمٍ مِسْكِيْنَاً مُدَّاً مِنْ حِنْطَة )) واتە: ڕۆژوو ناگرێت و لە جیاتی هەر ڕۆژێك گوێلێك خواردنی گەنم بە کەم دەستێك دەدات [رواه مالك والبيهقى فى سننه (٤/٢٣٠) من طريق الشافعى وسنده صحيح ، بروانه صفة الصوم النبى (ﷺ) (ل: ٨٥ )].

(٤١٤) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد الخُدْرِي) (خوای لێ رازی بێت) بڕوانە (پ٩٤).

(٤١٥) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) بڕوانە (پ ٩٧).

(٤١٦) لە بەر (أَثَر)ەکەی (أَنَسُ بنُ مَالِك) (خوای لێ رازی بێت) (( أَنَّهُ ضَعُفَ عَنِ الصَّوْمِ عَامَاً فَصَنَعَ جِفْنَة ثَرِيْد وَدَعَا ثَلاَثِيْنَ مِسْكِيْنَاً فَأَشْبَعَهُم )) واتە: ساڵێك لاواز بوو نەیتوانی ڕۆژوو بگرێت جا یەك (صَاع) نانەولاوی کرد و بانگی سی(٣٠) کەم دەستی کرد وتێری کردن [رواه الدارقطنى (٢/٢٠٧/١٦) وهو أثر صحيح الإسناد ، بروانه الإرواء (٤/٢١)].



منتدى إقرأ الثقافي

## پایەکانی ڕۆژوو ( أَرْكَانُ الصَّوْم )

نیەت(٤١٧) ، وخۆ گرتنەوە لە هەموو ئەو شتانە کە ڕۆژوو دەشکێنێت ، هەر لە دەرکەوتنی (فَجْر)ەوە تا خۆر ئاوا بوون(٤١٨) .

## ئەوانەی ڕۆژوو بەتاڵ دەکەنەوە ( مُبْطِلاَتُ الصَّوْم )

خواردن و خواردنەوە(٤١٩) و جیماع کردن(٤٢٠) بە قەستەوە ،

(٤١٧) لە بەر فەرموودەکەی (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) (خوای لێ ڕازی بێت) ، بڕوانە(پ٣١) .

(٤١٨) لە بەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی : (البقرة: ١٨٧)دا کە دەفەرمێ: ﴿ .. فَالآنَ بَاشِرُوْهُنَّ وَابْتَغُوْا مَا كَتَبَ اللهُ لَكُمْ ، وَكُلُوا وَاشْرَبُوْا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الفَجْرِ ، ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ ..﴾ واتە: جا ئێستا – دەتوانن – بچنە لایانەوە وە ئەوەی خوای گەورە بۆی نووسیون __ بۆی حەڵاڵ کردون __ داوای بکەن ، وە بخۆن وبخۆنەوە تا سپیایی ڕۆژتان لە تاریکی شەودا بۆ ڕوون دەبێتەوە لە بەرەبەیاندا ، پاشان ڕۆژووەکانتان تەواو بکەن تا وەکو شەو __ خۆر ئاوا بوون __ .

(٤١٩) لە بەر ئەو ئایەتەی پێشوو کە باسمان کرد ، بڕوانە (پ ٤١٨) ، وە ئەگەر بە قەستەوە نەبێت ئەوە نە قەزای لە سەرە و نە(كَفَّارَة)یش ، لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ نَسِيَ وَهُوَ صَائِمٌ ، فَأَكَلَ أَوْ شَرِبَ ، فَلْيُتِمّ صَوْمَهُ ، فَإِنَّمَا أَطْعَمَهُ اللهُ وَسَقَاهُ )) واتە: هەر کەسێك لە بیری چوو کەوا بە ڕۆژووە ، جا خواردن یان خواردنەوەی خوارد ، ئەوە با ڕۆژووەکەی تەواو بکات ، چونکە ئەوە خوای گەورە تێری کردوە و تینویەتی شکاندوە [رواه مسلم (٢/٨٠٩/١١٥٥) وهذا لفظه والبخاري (٤/١٥٥/١٩٢٣) وغيرهما].

(٤٢٠) لە بەر ئایەتەکەی پێشوو بڕوانە (پ٤١٨) ، وە ئەگەر بە قەستەوە جیماع بکات ، ئەوە دەبێت قەزای بکاتەوە و(كَفَّارَة)یش بدات ، لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: لە کاتێکدا کە ئێمە لای پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دانیشتبووین پیاوێك هاتە لای ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا تیاچووم ، فەرمووی: (( مَا لَكَ ؟ )) واتە:



منتدى إقرأ الثقافي

## وە حەیزو زەیسانی[٤٢١] ، وە خۆ ڕشانەوە[٤٢٢] .

چیتە ؟ فەرمووی: جیماعم لە گەڵ ژنەکەمدا کرد و بە ڕۆژوویش بووم ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی: (( هَلْ تَجِدُ رَقَبَةً تَعْتِقُهَا ؟ )) واتە: ئایا بەندەیەکت هەیە ئازادی بکەیت؟ ووتی: نەء ، فەرمووی: (( فَهَلْ تَسْتَطِيعُ أَنْ تَصُومَ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ ؟ )) واتە: ئەی دەتوانیت دوو مانگ بە سەر یەکەوە ڕۆژوو بگریت ؟ ووتی: نەء ، فەرمووی: (( فَهَلْ تَجِدُ إِطْعَامَ سِتِّينَ مِسْكِينًا ؟ )) واتە: ئەی هەتە خواردنی شەست کەم دەست بدەیت ؟ ووتی: نەء ، (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: جا پێغەمبەری خوا (ﷺ)بێ دەنگ بوو ، جا ئێمە لەو حاڵەتەدا بووین ، سەبەتەیەکی خورمایان بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) هێنا ، جا فەرمووی: (( أَيْنَ السَّائِلُ ؟ )) واتە: کوا ئەوەی پرسیاری کرد ؟ ئەویش ووتی: منم ، فەرمووی: (( خُذْ هَذَا فَتَصَدَّقْ بِهِ )) واتە: ئەمە ببەو بڕۆ بیبەخشە ، جا پیاوەکە ووتی: ئایا بە سەر لە خۆم هەژار تردا ئەی پێغەمبەی خوا ؟ دە بەخوا لە نێوان هەردوو (حَرَّة)ەکەی (مَدِيْنَه)دا ماڵێك نییە لە ماڵی من هەژارتر بێت ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێکەنی تا ددانەکانی دەرکەوت ، پاشان فەرمووی: (( أَطْعِمْهُ أَهْلَكَ )) واتە: بڕۆ بیدە بە کەس و کاری خۆت با بیخۆن [رواه البخاري (٤/١٦٣/١٩٣٦) ومسلم (٢/٧٨١/١١١١) وغيرهما ، وە لە ڕوایەتی أبو داود (٢/٧٨٦/٢٣٩٣) وابن ماجه (١/٥٣٤/١٦٧١) : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە پیاوەکەی ووت : (( وَصُمْ يَوْماً مَكَانَهُ )) واتە: وە ڕۆژێك لە جیاتی بگێڕەوە . وهي رواية صحيحة ، بروانە الإرواء(٤/٩٠-٩٣و٩٤٠) وصحيح إبن ماجة(١٣٥٦)].

(حَرَّة) : زەوییەکی نزمە لە(مَدِيْنَه)دا بەردەکانی ڕەشە ، دەڵێیت سوتاوە .

(٤٢١) ئەگەر لە کۆتایی ڕۆژەکەشدا بێت لە بەر یەکڕای(إِجْمَاع)ی زانایان لە سەری ، بڕوانە [فقه السنة (١/٣٩٣)].

(٤٢٢) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (( مَنْ ذَرَعَهُ القَيْءُ فَلَيْسَ عَلَيْهِ قَضَاءٌ ، وَمَنْ اسْتَقَاءَ عَمْداً فَلْيَقْضِ )) واتە: هەر کەسێك ڕشانەوە زۆری بۆ هێنا و بەڕۆژوو بوو ئەوە قەزای لە سەر نییە ، وە ئەگەر خۆی خۆی بڕشێنێتەوە ئەوە با قەزای بکاتەوە [رواه أبو داود (٢/٧٧٦/٢٣٨٠) والترمذي (٣/٩٨/٧٢٠) وابن ماجه (١/٥٣٦/١٦٧٦) وغيرهم وهو حديث صحيح ، بروانە الإرواء(٩٣٠) وصحيح الجامع (٦٢٤٣)].



منتدى إقرأ الثقافي

# ئەوەی سوننەتە ڕۆژووان بیکات ( آدابُ الصِّيام )

## دواخستنی پارشێو کردن [٤٢٣] وخۆگرتنەوە لە کار و گوفتاری خراپ وبێ سوود [٤٢٤] ، وزیاتر کۆشش کردن لە پەرستن وقورئان خوێندندا [٤٢٥] ،

(٤٢٣) لە بەر فەرموودەکەی (زَيْدُ بنُ ثَابت) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( تَسَحَّرْنَا مَعَ النَّبِيِّ ( ﷺ ) ثُمَّ قَامَ إِلَى الصَّلاَةِ ، قَالَ أنس: قُلْتُ: كَمْ كَانَ بَيْنَ الأَذَانِ وَالسُّحُوْرِ ؟ قَالَ: قَدْرُ خَمْسِيْنَ آيَةً )) واتە: لە گەڵ پێغەمبەری خوادا ( ﷺ ) پارشێومان کرد ، پاشان هەڵسا بۆ نوێژ — نوێژی بەیانی — ، (أَنَس) (خوای لێ رازی بێت) فەرمووی: منیش پێم ووت: ماوەی نێوان بانگ و پارشێوەکە چەندێك بوو ؟ فەرمووی: بە ئەندازەی خوێندنەوەی پەنجا(٥٠) ئایەت بوو [رواه البخاري (٤/١٣٨/١٩٢١) ومسلم (٢/٧٧١/١٠٩٧) وغيرهما] .

**تێبینی:**

وە ئەگەر دەنگی بانگی بیست وخواردن یان خواردنەوەی بە دەستەوە بوو ، ئەوە دەتوانێت لێی بخوات و بخواتەوە ، لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) فەرمووی: (( إِذَا سَمِعَ أَحَدُكُم النِّدَاءَ وَالإِنَاءُ عَلَى يَدِهِ فَلاَ يَضَعْهُ حَتَّى يَقْضِيَ حَاجَتَهُ مِنْهُ )) واتە: ئەگەر یەکێکتان دەنگی بانگی بیست و پەرداخەکەی بە دەستەوە بوو ، ئەوە با دای نەنێت تا پێویستی خۆی لێ بەجێ دەهێنێت [رواه أبو داود (٢/رقم/٢٣٥٠) والحاكم (١/٤٢٦) وهو حديث صحيح ، بروانە المشكاة(١٩٨٨) السلسلة الصحيحة(١٣٩٤) وصحيح الجامع (٦٠٧)].

(٤٢٤) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) فەرمووی: (( مَنْ لَمْ يَدَعْ قَوْلَ الزُّوْرِ وَالعَمَلَ بِهِ ، فَلَيْسَ لِلَّهِ حَاجَةٌ فِي أَنْ يَدَعَ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ )) واتە: هەر کەسێك واز نەهێنێ لە ووتە و کرداری خراپ و درۆ ، ئەوە خوای گەورە هیچ پێویستی بەو نییە واز لە خواردن و خواردنەوەی بێنێ [رواه البخاري (٤/١١٦/١٩٠٣) وأبو داود (٦/٤٨٨/٢٣٤٥ مع العون) وغيرهما].

(٤٢٥) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كَانَ رَسُوْلُ اللهِ ( ﷺ ) أَجْوَدَ النَّاسِ ، وَكَانَ أَجْوَدُ مَا يَكُوْنُ فِي رَمَضَانَ حِيْنَ يَلْقَاهُ جِبْرِيْلُ ، وَكَانَ يَلْقَاهُ فِي كُلِّ لَيْلَةٍ مِنْ رَمَضَانَ فَيُدَارِسُهُ القُرْآنَ ، فَلَرَسُوْلُ اللهِ ( ﷺ )


منتدى إقرأ الثقافي

وپەلە کردن لە شکاندنیدا پاش خۆر ئاوا بوون[٤٢٦] ، وەسوننەتە بە خورمای تەڕ بیشکێنێت ئەگەر هەبوو یان بە هەر خورمایەکی‌تر یان بە چەند قومێکی ئاو ئەگەر خورما نەما[٤٢٧] وە لە کاتی شکاندنیشی‌دا دوعای خێر بکات[٤٢٨].

أَجْوَدُ بِالخَيْرِ مِنَ الرِّيحِ المُرْسَلَةِ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە هەموو خەڵکی خێراتر و سەخی تر بوو لە چاکە کردندا ، وە لە ڕەمەزاندا لە هەموو کاتەکانی تر خێراتر دەبوو لە چاکە کردندا ، کاتێك کە(جِبْرِيْل)ی پێ دەگەیشت ، وە (جِبْرِيْل) (عَلَيْهِ السَّلام) لە هەموو شەوێکی ڕەمەزاندا پێی دەگەیشت ، تا تەواو دەبوو ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) قورئانی بە سەردا دەخوێندەوە ، جا ئەگەر ( جِبْرِيْل) پێی بگەیشتایە لە بای تیژ خێراتر دەبوو لە چاکەکردندا [رواه البخاري (٦/٣٠/١) ومسلم (٢٣٠٨/١٨٠٣/٤)].

(٤٢٦) لە بەر فەرموودەکەی (سَهْلُ بْنُ سَعْد) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لاَ يَزَالُ النَّاسُ بِخَيْرٍ مَا عَجَّلُوا الفِطْرَ )) واتە: بەردەوام خەڵکی لە خێردان تا پەلە لە ڕۆژوو شکاندن(إِفْطَار)دا بکەن [رواه البخاري (١٩٥٧/١٩٨/٤) ومسلم (١٠٩٨/٧٧١/٢) وغيرهما].

وە سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وا بووە ، ئەگەر بە ڕۆژوو بوایە فەرمانی بە پیاوێك دەکرد سەر بکەوتایەتە سەر شتێك ، جا ئەگەر بیوتایە خۆر ئاوا بوو ڕۆژووی دەشکاند [رواه إبن خزيمة (٢٠٦١) والحاكم (٤٣٤/١) وصححه على شرط الشيخين بروانه صفة الصوم النبي (ﷺ) (ل٤٠) ، وە لەم بارەیەوە فەرموودە و (آثار) ی تر زۆرە بروانە صفة الصوم النبي (ﷺ) (ل٦٢-٦٤)].

(٤٢٧) لە بەر فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كَانَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) يُفْطِرُ عَلَى رُطَبَاتٍ قَبْلَ أَنْ يُصَلِّي ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ رُطَبَاتٌ فَعَلَى تَمَرَاتٍ ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ حَسَا حَسَوَاتٍ مِنْ المَاءِ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژووی بە چەند تەڕە خورمایەك دەشکاند پێش ئەوەی نوێژ بکات ، جا ئەگەر تەڕە خورما نەبووایە ئەوە بە چەند خورمایەك – لە جۆرەکانی تر– وە ئەگەر ئەویش نەبوایە ئەوە چەند قومێك ئاوی دەخواردەوە [رواه أبو داود(٢/رقم/٢٣٥٦) والترمذي(٦٩٢/١٠٢/٢) وهو حديث حسن صحيح ، بروانە صحيح أبي داود(٢٠٦٥)].

(٤٢٨) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر ڕۆژووی بشکاندایە دەیفەرموو: (( ذَهَبَ الظَمَأُ وَابْتَلَّتِ العُرُوْقُ ، وَثَبَتَ الأَجْرُ إِنْ شَاءَ اللهُ )) [رواه أبو داود (٢٣٤٠/٤٨٢/٦) وهو حديث حسن بروانە صحيح أبي داود (٢٠٦٦)].


منتدى إقرأ الثقافي

## ئەوانەی بۆ ڕۆژو وان دروستە ( مَا يُبَاحُ للصَّائم )

**خۆ فێنك كردنەوە بە ئاو[٤٢٩] ، وئاو هەڵدانە دەم لووتدا بە بێ هەڵمژین[٤٣٠] ، وكەڵە شاخ وخوێن گرتن[٤٣١] ،**

(٤٢٩) لە بەر فەرموودەكەی (أُبوبَكر بْن عَبْدالرَّحْمَن) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا فەرموویەتی: (( لَقَدْ رَأيْتُ رَسُوْلَ اللهِ ( ﷺ) بِالعَرْجِ يَصُبُّ عَلَى رَأسِهِ المَاءَ وَهُوَ صَائِمٌ مِنَ العَطَشِ أوْ مِنَ الحَرِّ )) واتە: بینیم پێغەمبەری خوا ( ﷺ) ئاوی دەكردە سەریا و بەڕۆژوویش بوو ، لە تینوێتیدا یان لە گەرمادا [رواه أحمد (٥/٣٧٦) وأبوداود (٢/رقم/٢٣٦٥) وهو حديث صحيح ، بږوانە صحيح أبي داود (٢٠٧٢)].

وە لە بەر فەرموودەكەی (عَائشَة و أُمِّ سَلَمَة) (خوایان لێ ڕازی بێت) فەرموویان: (( أنَّ رَسُوْلَ اللهِ ( ﷺ) كَانَ يُدْرِكُهُ الفَجْرُ وَهُوَ جُنُبٌ مِنْ أهْلِهِ ثُمَّ يَغْتَسِلُ وَيَصُوْمُ )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) بەرە بەیانی بە سەردا دەهات و لەش گرانیش بوو لە – جیماع كردن لە گەڵ – خێزانەكانی ، پاشان خۆی دەشۆرد و بە ڕۆژوویش دەبوو – واتە بەردەوام دەبوو لە ڕۆژوو گرتنەكەیدا و نەیدەشكاند – [رواه البخاري (٤/١٤٣/١٩٢٦) ومسلم (٤/٧٧٩/١١٠٩) وغيرهما].

(٤٣٠) لە بەر فەرموودەكەی (لَقِيطُ بنُ صَبْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمووی: (( .. وَبَالِغْ فِي الإسْتِنْشَاقِ إلاَّ أنْ تَكُوْنَ صَائِماً )) واتە: ... وە لە ئاو هەڵدانە لووتتدا زیادە ڕەوی بكە مەگەر بە ڕۆژوو ببیت – واتە ئەگەر بە ڕۆژوو بویت ئەوە (مُبَالَغَة) مەكە – [رواه أبو داود (١/٢٣٦/١٤٤) وهو حديث صحيح ، بږوانە صحيح أبي داود (١٣١)].

(٤٣١) لە بەر فەرموودەكەی (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: (( إحْتَجَمَ النَّبِيُّ ( ﷺ) وَهُوَ صَائِمٌ )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) كەڵە شاخ(حِجَامَە)ی كرد لە كاتێكدا كە بە ڕۆژوویش بوو [رواه البخاري (٤/١٧٤/١٩٣٩) وأبوداود (٦/٤٩٨/٢٣٥٥) و الترمذي (٣/١٣٧/٧٧٢) بزيادە (( ..وَهُوَ مُحْرِمٌ )) واتە: وە لە كاتێكدا كە لە ئیحرامیشدا بوو ].

**تێبینی:**

بەڵام ئەگەر ترسا لە خۆی كەوا بەرگەی نەگرێت ، ئەوە باش نییە(حِجَامَة) بكات ، (ثَابِتُ البناني) دەفەرمێ : پرسیار لە (أنَسُ بنُ مَالك) كرا (خوای لێ ڕازی بێت): (( اكُنْتُمْ تَكْرَهُوْنَ الحِجَامَةَ لِلصَّائِمِ ؟ )) واتە: ئایا ئێوە كەڵە شاخ كردنتان بە باش نەدەزانی بۆ



منتدى إقرأ الثقافي

**وماچ کردنی خێزان بۆ کەسێك خۆگر بێت[٤٣٢] ، ومانەوە بە لەش گرانی[٤٣٣] ، وبەردەوام بوون لە سەر رۆژووەکەی تا پارشێوی رۆژی داهاتوو نەك زیاتر[٤٣٤] ، وسیواك کردن وبۆن خۆ خۆش کردن ورۆن لە خۆدان[٤٣٥] .**

---

ڕۆژووان ؟ (أَنَس)یش فەرمووی: (( لاَ ، إلاَّ مِنْ أَجْلِ الضَّعْفِ )) واتە: نەء ، مەگەر لە بەر لاوازی [رواه البخاری ( ٤/١٧٤/١٩٤٠)].

وە بە هەمان شێوە بۆ کەسێکیش بیەوێت خوێن ببەخشێت ئەگەر لە خۆی ترسا ، ئەوە باش نییە بە ڕۆژوو بێت و خوێن بدات .

(٤٣٢) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **كَانَ النَّبِيُّ** (ﷺ) **يُقَبِّلُ وَيُبَاشِرُ وَهُوَ صَائِمٌ ، وَكَانَ أَمْلَكَكُمْ لِإِرْبِهِ** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ماچی – خێزانەکانی – دەکرد و نزیکیانیش دەکەوتەوە لە کاتێکدا کە بە ڕۆژوویش بوو ، وە ئەو لە هەمووتان خۆگر تر بوو [رواه البخاری (٤/١٤٩/١٩٢٧) ومسلم (٢/٧٧٧/١١٠٦) وغيرهما].

(٤٣٣) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة وَ أُمِّ سَلَمَة) (خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٤٢٩).

(٤٣٤) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد الخُدْرِي) (خوای لێ رازی بێت) کەوا بیستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: (( **لاَ تُوَاصِلُوْا ، فَأَيُّكُمْ أَرَادَ أَنْ يُوَاصِلَ فَلْيُوَاصِلْ حَتَّى السَّحَر** )) واتە: بەردەوام مەبن – لە سەر ڕۆژوو گرتن بە بێ شکاندن دوو ڕۆژ بە سەر یەکدا – جا ئەگەر یەکێکتان ویستی بەردەوام ببێت ، با بەردەوام بێت تا پارشێو-ی ڕۆژی داهاتوو – ، وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا خۆت بەردەوام دەبیت – دوو ڕۆژ بە سەر یەکدا – ، فەرمووی: (( **لَسْتُ كَهَيْئَتِكُمْ ، إِنِّي أَبِيْتُ لِي مُطْعِمٌ يُطْعِمُنِي وَسَاقٍ يَسْقِيْنِ** )) واتە: من وەکو ئێوە نیم ، من شەو دەمێنمەوە خواردن بەخشێك – خوای گەورە – تێرم دەکات و ئاو بەخشێك تینوێتیم دەشکێنێت [رواه البخاری (٤/٢٠٨/١٩٦٧) وأبو داود (٦/٦٨٧/٢٣٤٤ مع العون)].

(٤٣٥) بنەڕەت لە بە کار هێنانی ئەم شتانەدا حەڵاڵ و سوننەتە.. وە هیچ بەڵگەیەکیش نییە لەو بنەڕەتە لای بدات .



منتدى إقرأ الثقافي

# رۆژووی سوننەت ( صِيَامُ التَّطَوّع )

**شەشەڵە – شەش ڕۆژی مانگی(شَوَّال) – (٤٣٦)، و نۆمینەی حاجیان – نۆ ڕۆژی یەکەمی مانگی(ذُو الحِجَّة) – بە گشتی (٤٣٧) ، و ڕۆژی عەرەفە _ کە نۆیەم ڕۆژە _ بە تایبەتی (٤٣٨) ،**

**تێبینی :**

هەروەها کل و قەترە لە چاو کردن و دەرزی لێ دانیش دروستە ، بە مەرجێك دەرزییەکە بۆ خۆراك دان نەبێت ، چونکە ئەگەر بۆ خۆراك دان بێت ئەوە وەکو خواردن وخواردنەوەیە و ڕۆژوو دەشکێنێت ، بڕوانە [(فقه الصيام في الإسلام) لأحمد مصطفى سليمان (ل: ١١٦–١٢١) و(حقيقة الصيام) لشيخ الإسلام إبن تيمية وه (زاد المعاد) لإبن القيم الجوزية]. وە ئیمامی (البُخَارِي) فەرموویەتی: وَلَمْ يَرَ أَنَس وَالحَسَن وَإِبْرَاهِيم بِالكُحْلِ لِلصَّائِمِ بَأْسَاً [صحيح البخاري (١٥٣/٤) مع الفتح].

(٤٣٦) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو أَيُّوب الأَنْصَارِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ صَامَ رَمَضَانَ ، ثُمَّ أَتْبَعَهُ سِتَّاً مِنْ شَوَّالٍ ، كَانَ كَصِيَامِ الدَّهْرِ )) واتە: هەر یەکێك ڕەمەزان بگرێت ، پاشان شەش ڕۆژی شەوال بە دوایدا بگرێت ، وەك ئەوە وایە هەموو ژیانی بە ڕۆژوو بوو بێت [رواه مسلم (١١٦٤/٨٢٢/٢) وأبو داود (٢٤١٦/٨٦/٧) مع العون) وغيرهما].

(٤٣٧) لە بەر فەرموودەکەی (هُنَيْدَةُ بنُ خَالِد) لە خێزانەکەیەوە ئەویش لە هەندێك لە خێزانەکانی پێغەمبەری خواوە (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كَانَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) يَصُوْمُ تِسْعَ ذِيْ الحِجَّةِ ، وَيَوْمَ عَاشُوْرَاءَ ، وَثَلَاثَةَ أَيَّامٍ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ أَوَّلَ إِثْنَيْنِ مِنَ الشَّهْرِ وَالخَمِيْسَ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژووی نۆ ڕۆژی (ذُو الحِجَّة) و ڕۆژووی عاشورا و سێ ڕۆژی لە هەموو مانگێکدا – یەکەم دووشەممەی مانگ وپێنج شەممەی – دەگرت [رواه أبو داود(٢٤٣٧/٨١٥/٢) وغيره ، وهو حديث حسن ، حسنه الشيخ عبد القادر الأرناؤوط في تخريج جامع الأصول(٣٢٠/٦) ].

(٤٣٨) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو قَتَادَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد دەربارەی ڕۆژوو گرتن لە ڕۆژی عەرەفەدا ؟


منتدى إقرأ الثقافي

**بۆ کەسێك لە حە ج دا نەبێت[٤٣٩] ، وە مانگی(مُحَرَّم) بە گشتی[٤٤٠] ، و ڕۆژی نۆیەم و دەیەم(عاشُوراءِ)ی بە تایبەتی[٤٤١]،**

ئـەویش فـەرمووی : (( **يُكَفِّرُ السَّنَةَ المَاضِيَةَ وَالبَاقِيَةَ** )) واتـە: تـاوانی سالّی پێشـوو وسالّی داهـاتوو دادەپۆشێت . وە پرسیاریان لێ کـرد لـە بـارەی ڕۆژوو گرتـن لـە ڕۆژی (عَاشُـوراَء) دا ؟ ئـەویش فـەرمووی: (( **يُكَفِّرُ السَّنَةَ المَاضِيَةَ** )) واتـە: تـاوانی سـالّێکی پێشوو دادەپۆشێت [رواه مسلم (٢/٨١٨/١١٦٢)].

(٤٣٩) لە بەر فەرموودەکەی (أُمِّ فَضْل بِنْت الحَارِث) (خوای لێ ڕازی بێت) (( **أنَّ نَاساً تَمَارَوْا عِنْدَهَا يَوْمَ عَرَفَةَ فِي صَوْمِ النَّبِيِّ** (ﷺ) ، **فَقَالَ بَعْضُهُمْ: هُوَ صَائِمٌ ، وَقَالَ بَعْضُهُمْ: لَيْسَ بِصَائِمٍ . فَأَرْسَلْتُ إِلَيْهِ بِقَدَحِ لَبَنٍ وَهُوَ وَاقِفٌ عَلَى بَعِيْرِهِ فَشَرِبَهُ** )) واتـە: خەڵکانێك لە لایدا دوو بەرەکییان دەکرد لە ڕۆژی عەرەفـەدا لـە بـارەی ڕۆژووی پێغەمبـەری خواوە (ﷺ) جا هەندێکیان وتیان: ها بە ڕۆژووە، وە هەندێکی تریشیان وتیان : بـە ڕۆژوو نییە ، جا منیش پەرداخێکی شیرم بۆ نارد ، وە ئەو وەستابوو بە سەر ووشترەکەیەوە لە - کێـوی - عەرەفـەدا ، جـا لێی خـواردەوە [رواه البخـاری (٤/٢٣٦/١٩٨٨) ومسـلم (٢/٧٩١/١١٢٣) وغيرهما].

(٤٤٠) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمووی: (( **أَفْضَلُ الصِّيَامِ بَعْدَ رَمَضَانَ شَهْرُ اللهِ المُحَرَّمُ ، وَأَفْضَلُ الصَّلاَةِ بَعْدَ الفَرِيْضَةِ صَلاَةُ اللَّيْلِ** )) واتە: باشترین ڕۆژوو لە پاش ڕەمەزان مانگی خوای موحەڕڕەمە ، وە باشترین نوێژ پاش فەرزەکان شەو نوێژییە [رواه مسـلم (٢/٨٢١/١١٦٣) وابوداود (٧/٨٢/٢٤١٢ مع العون ) وغيرهما].

(شَهْرُ الله): مانگی خوا لە بەر پیرۆزی وای پێ دەوترێت ، هەر وەکو بە کەعبەی پیرۆز دەڵێن (بَيْتُ الله) واتە: ماڵی خوا ، وە بە ووشترە موعجیزەکەی پێغەمبەر (صَالِح)یـش (ﷺ) دەوترێت (نَاقَة الله) ..هتد .

(٤٤١) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو قَتَادَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٤٣٨).

وە فەرموودەکەی (غَطَفَـانُ بـنُ طَرِيـف المُرى) کـەوا فـەرمووی: بیسـتم (إِبْنُ عَبَّـاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) دەیفەرموو: کاتێك پێغەمبەری خـوا ( ﷺ) ڕۆژووی عاشورای گـرت و فەرمانی بە گرتنی کرد - لە پێشدا پێویست(وَاجِب) بوو ، بەڵام پاش فەرز بوونـی ڕەمـەزان بوو بە سوننەت - ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە ڕۆژێکە جولەکە وگاوور بە گەورەی


منتدى إقرأ الثقافي

**وە زۆربەی ڕۆژەکانی مانگی(شعبان)(٤٤٢) ، و ڕۆژانی دوو شەممە و پێنج شەممەی هەموو هەفتەیەك(٤٤٣)، و ڕۆژە سپییەکان – سیازدە وچواردە و پازدەی هەموو مانگێك – (٤٤٤)،**

---

دەزانن ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **فَإِذَا كَانَ العَامُ المُقْبِلُ إِنْ شَاءَ اللهُ صُمْنَا اليَوْمَ التَّاسِعِ** )) واتە: جا ئەگەر ساڵی داهاتوو هاتەوە ( إِنْ شَاءَ الله ) نۆیەم ڕۆژیش دەگرین . (إِبْنُ عَبَّاس) فەرمووی: جا ساڵی داهاتوو نەهات ، تا پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد [رواه مسلم (٢/٧٩٧/١١٣٤) و أبوداود (٧/١١٠/٢٤٢٨ مع العون)].

(٤٤٢) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **مَا رَأَيْتُ رَسُوْلَ اللهِ ( ﷺ) إِسْتَكْمَلَ صِيَامَ شَهْرٍ قَطُّ إِلاَّ شَهْرَ رَمَضَانَ ، وَمَا رَأَيْتُهُ فِي شَهْرٍ أَكْثَرَ مِنْهُ صِيَاماً فِي شَعْبَانَ** )) واتە: نەمبینیوە پێغەمبەری خوا ( ﷺ) هەرگیز ڕۆژووی هیچ مانگێك تەواو بکات جگە لە مانگی ڕەمەزان ، وە نەشمبینیوە لە هیچ مانگێکدا زۆر تر ڕۆژووی تێدا بگرێت وەك مانگی شەعبان [رواه البخاری (٤/٢١٣/١٩٦٩) ومسلم (٢/٨١٠/١١٥٦) وغيرهما].

(٤٤٣) لە بەر فەرموودەکەی (أُسَامَةُ بنُ زَيْد) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ)ڕۆژووی ڕۆژی دوو شەممەو پێنج شەممەی دەگرت ، وە پرسیاری لێ کرا لەو بارەوە ، ئەویش فەرمووی: (( **إِنَّ أَعْمَالَ العِبَادِ تُعْرَضُ يَوْمَ الإِثْنَيْنِ وَالخَمِيْس** )) واتە: بە ڕاستی لە ڕۆژی دوو شەممە وپێنج شەممەدا کردەوەی بەندەکان پیشانی خوای گەورە دەدرێت [رواه أبـو داود(٢/رقم/٢٤٣٦) واللفظ لـه ، والترمذي(١/رقم/٧٤٥) والنسائي(رقم/٢٣٥٧) وابن ماجة(١/رقم/١٧٣٩) بألفاظ مختلفة وهو حديث صحيح ، بڕوانە صحيح أبى داود (٢١٢٨) والإرواء(٤/١٠٥_١٠٦)].

(٤٤٤) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عَمْرو) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) پێی فەرمووم: (( **صُمْ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ ثَلاَثَةَ أَيَامٍ ، فَإِنَّ الحَسَنَةَ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا** ، وَذَلِكَ مِثْلُ صِيَامِ الدَّهْرِ )) واتە: لە هەموو مانگێکدا سێ ڕۆژ ڕۆژوو بگرە ، وە بێ گومان چاکە بە دە(١٠) ئەوەندەی خۆیەتی لای خوای گەورە ، جا ئەوە وەك ئەوەیە هەموو ژیان بە ڕۆژوو بوو بیت [رواه البخاری (٤/٢٢٠/١٩٧٦) ومسلم (٢/٨١٢/١١٥٩) وغيرهما].

وە فەرموودەکەی (أَبُو ذَرّ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمووی: (( **يَا أَبَا ذَرّ ، إِذَا صُمْتَ مِنَ الشَّهْرِ ثَلاَثَةَ أَيَامٍ ، فَصُمْ ثَلاثَ عَشْرَةَ وَأَرْبَعَ**



منتدى إقرأ الثقافي

و ڕۆژوو گرتنی ڕۆژ نا ڕۆژێك(٤٤٥) .

## ئەو ڕۆژانەی کە ڕۆژوو گرتنی تێدا قەدەغە کراوە
## ( الأَيَّامُ الَّتِي نُهِيَ الصِّيَامُ فِيهَا )

ڕۆژی هەر دوو جەژنەکە – جەژنی ڕەمەزان وقوربان – (٤٤٦)، سێ ڕۆژی دوای جەژني قوربان – ڕۆژاني(تشريق) – (٤٤٧)،

---

عَشْرَةَ وَخَمْسَ عَشْرَةَ )) واتە: ئەی (أَبو ذَرّ) ئەگەر لە مانگێکدا سێ ڕۆژ ڕۆژووت گرت ، ئەوە سیازدە و چواردە و پازدە بگرە [رواه الترمذي (٢/١٣٠/٧٥٨) والنسائي (٤/٢٢٢) وهو حديث صحيح بروانه الإرواء(٩٤٧) وصحيح الجامع (٧٨١٧)].

(٤٤٥) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عَمْرُو) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( أَحَبُّ الصِّيَامِ إِلَى اللهِ صِيَامُ دَاوُد ، كَانَ يَصُومُ يَوْماً وَيُفْطِرُ يَوْماً )) واتە: خۆشەویسترین ڕۆژوو لای خوای گەورە ڕۆژووەکەی – پێغەمبەر – (دَاوُد)ە (عليه السلام) ، کە ڕۆژێك ڕۆژووی دەگرت و ڕۆژێك نەیدەگرت [رواه البخاري (٣/١٦/١١٣١) ومسلم (٢/٨١٦/١١٥٩) وغيرهما].

(٤٤٦) لە بەر فەرموودەکەی (أَبو عُبَيْد مَوْلَى إِبْنُ أَزْهَر) کەوا فەرمووی: لە گەڵ (عُمَرُ بنُ خَطَّاب)دا (خوای لێ ڕازی بێت) ئامادەی – نوێژی – جەژن بووم ، جا فەرمووی: (( هَذَانِ يَوْمَانِ نَهَى رَسُولُ الله (ﷺ) عَنْ صِيَامِهِمَا: يَوْمُ فِطْرِكُمْ مِنْ صِيَامِكُمْ ، وَالْيَوْمُ الآخَرُ تَأْكُلُونَ فِيهِ مِنْ نُسُكِكُمْ )) واتە: ئەم دوو ڕۆژە پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردوە ڕۆژووی تێدا بگیرێت ، ڕۆژی (فطْار) کردنتانە لە ڕۆژووەکانتان ، وە ئەو ڕۆژەی تر لە قوربانیەکانتان دەخۆن [رواه البخاري (٤/٢٣٨/١٩٩٠) ومسلم (٢/٧٩٩/١١٣٧) وغيرهما].

(٤٤٧) لە بەر فەرموودەکەی (أَبو مُرَّة مَوْلَى أُمّ هَانِيء) کەوا لە گەڵ (عَبْدُالله بن عَمْرُو) چوونە ژوورەوە بۆ لای باوکی (عَمْرُو بنُ عَاص) (خوای لێ ڕازی بێت) ، جا خواردنی لێ نزیك کردنەوە ، فەرمووی: بخۆ ، ئەویش فەرمووی : من بە ڕۆژووم . جا (عَمْرُو) فەرمووی : (( كُلْ ، فَهَذِهِ الأَيَّامُ الَّتِي كَانَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) يَأْمُرُنَا بِإِفْطَارِهَا ، وَيَنْهَانَا عَنْ صِيَامِهَا )) واتە: بخۆ ، ئەم ڕۆژانە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ دەکردین ڕۆژووی تێدا نەگرین وقەدەغەی لێ دەکردین بە ڕۆژوو ببین تێیدا . جا(مَالك) فەرمووی : ئەو ڕۆژانە ڕۆژانی (تَشْرِيق)ە [رواه أبو داود (٢/رقم/٢٤١٨) وهو حديث صحيح ، بروانه صحيح أبى داود (٢١١٣)].



منتدى إقرأ الثقافي

**و ڕۆژی(جُمعَة) بە تەنها[٤٤٨] ، و ڕۆژی شەممە بە تەنها[٤٤٩] ، و نیوەی دووەمی مانگی(شَعْبَان) مەگەر کەسێك کە کردبێتی باو(عَادَة)[٤٥٠] ،**

وە لە بەر فەرموودەکەی (عَائشَة و إبنُ عُمَر)( خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرموویانە: (( لَمْ يُرَخَّصْ فِي أَيَّامِ التَّشْرِيْقِ أَنْ يُصَمْنَ إلاّ لِمَنْ يَجِدِ الهَدْيَ )) واتە: ڕوخسەت نەدراوە لە ڕۆژانی (تَشْرِيْق)دا ڕۆژوو بگیرێت ، مەگەر بۆ کەسێك قوربانی نەبێت – لە حەج دا – [رواه البخاری (٤/٢٤٢/١٩٩٧)].

(٤٤٨) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لاَ يَصُوْمَنَّ أَحَدُكُمْ يَوْمَ الجُمُعَةِ إِلاّ يَوْمَاً قَبْلَهُ أَوْ بَعْدَهُ** )) واتە: کەستان ڕۆژی جومعە ڕۆژوو مەگرن مەگەر لە گەڵ ڕۆژێکی پێشیدا یان ڕۆژێکی پاشیدا [رواه البخاری (٤/٢٣٢/١٩٨٥) ومسلم (٢/٨٠١/١١٤٤) وغيرهما].

(٤٤٩) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن بُسْر السُّلَمِي) لە خوشکەکەیەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەیگێڕێتەوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لاَ تَصُوْمُوا يَوْمَ السَّبْتِ إِلاّ فِيمَا افْتُرِضَ عَلَيْكُمْ ، وَإنْ لَمْ يَجِدْ أَحَدُكُمْ إِلاّ لِحَاءَ عِنَبَةٍ ، أَوْ عُوْدَ شَجَرَةٍ فَلْيَمْغَضْهُ** )) واتە: ڕۆژی شەممە ڕۆژوو مەگرن مەگەر لەوەی فەرز کرا بێت لە سەرتان ، وە ئەگەر کەسێکتان هیچی دەست نەکەوت تەنها تۆکڵە ترێیەك نەبێت یان چوکڵی دارێك با بیجاوێت [رواه ابو داود (٢/رقم/٢٤٢١) والترمذي (٢/١٢٣/٧٤١) وغيرهما وهو حديث صحيح ، بروانە صحيح أبى داود(٢١١٦)].

(٤٥٠) لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **إِذَا انْتَصَفَ شَعْبَانُ فَلاَ تَصُوْمُوْا** )) واتە: ئەگەر مانگی شەعبان نیوە بوو ئەوە ڕۆژوو مەگرن [رواه ابو داود (٢/رقم/٢٣٣٧) والترمذي (٢/١٢١/٧٣٥) وابن ماجه (١/٥٢٨/١٦٥١) بألفاظ متقاربة وهو حديث صحيح ، بروانە المشكاة(١٩٧٤) وصحيح أبي داود(٢٠٢٥) وصحيح إبن ماجة (١٣٣٩)] .

وە فەرموودەکەی تری (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لاَ يَتَقَدَّمَنَّ أَحَدُكُمْ رَمَضَانَ بِصَوْمِ يَوْمٍ أَوْ يَوْمَيْنِ ، إِلاّ أَنْ يَكُوْنَ رَجُلٌ كَانَ يَصُوْمُ صَوْمَهُ فَلْيَصُمْ ذَلِكَ اليَوْم** )) واتە: کەس ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ پێش ڕەمەزان ڕۆژوو نەگرێت ، مەگەر پیاوێك ڕۆژوویەکی گرتوە و کردویەتی بە(عَادَة) ، ئەوە بۆی هەیە ئەو ڕۆژە بگرێت [رواه البخاری (٤/١٢٧/١٩١٤) ومسلم (٢/٧٦٢/١٠٨٢) وغيرهما].


منتدى إقرأ الثقافي

**و ڕۆژی گومان(يَوْمُ الشَّكّ)[451] ، و ڕۆژووی کەسێك هەموو ڕۆژانی ساڵ بگرێت[452] ، ئەگەر چی ڕۆژە قەدەغە کراوەکانیشی نەگرێت[453] ،**

(٤٥١) لە بەر فەرموودەکەی (عَمَّارُ بنُ يَاسِر) (خوایان لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( مَنْ صَامَ اليَوْمَ الَّذِي يَشُكُّ فِيهِ فَقَدْ عَصَى أَبَا القَاسِمِ (ﷺ) )) واتە: هەر کەسێك ڕۆژوو لەو ڕۆژەدا بگرێت کە گومانی تێدا هەیە – ڕەمەزانە یان نە ء– ئەوە بێ گوێیی (أَبو القَاسِم)ی کردوە (ﷺ) [رواه الترمذي(٢/٩٧/٦٨١) وأبو داود(٢/رقم/٢٣٣٤) وابن ماجه(٢/رقم/١٦٤٥) وغيرهما وهو حديث صحيح ، بروانە الإرواء(٩٦١) وصحيح أبي داود(٢٠٢٢)و صحيح ابن ماجة (١٣٢٤) وصحيح الترمذي(٥٥٣)].

(٤٥٢) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عَمْرُو) (خوایان لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرمووم: (( يَا عَبْدَ الله بنَ عَمْرُو ! إِنَّكَ لَتَصُومُ الدَّهْرَ وَتَقُومُ الدَّهْرَ وَتَقُومُ اللَّيْلَ ، وَإِنَّكَ إِذَا فَعَلْتَ ذَلكَ هَجَمَتْ لَهُ العَيْنُ وَنَهِكَتْ ، لاَ صَامَ مَنْ صَامَ الأَبَدِ )) واتە: ئەی (عَبْدُالله بن عَمْرُو)! تۆ هەموو ژیانت بە ڕۆژوو دەبیت ، وە بە شەویش شەو نوێژی دەکەیت ، وە تۆ ئەگەر ئەوە بکەیت ئەوە چاوت لاواز دەبێت و تیا دەچێت ، ڕۆژووی کەسێك دروست نییە هەموو ژیانی بە ڕۆژوو بووبێت [رواه البخاري (٤/٢٢٤/١٩٧٩) ومسلم (٢/٨١٥/ ١١٥٩) واللفظ لمسلم].

وە لە بەر فەرموودەکەی (أَبو قَتَادَة) (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی: ... (عُمَر) فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ، چۆنە کەسێك هەموو ژیان بە ڕۆژوو بێت ؟ جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لاَ صَامَ وَلاَ أَفْطَرَ )) واتە: ڕۆژووی نە گرتوە و گرتویشێتی [رواه مسلم (٢/٨١٨/١١٦٢) وأبو داود (٢/رقم/٢٤٢٥) وغيرهما]. کەوا بوو نە بە ڕۆژوو بۆی دەژمێردرێت تا پاداشتی بدرێتەوە ، وە نە خواردنیشی خواردوە تا وەکو بڵێی بەڕۆژوو نەبوە .

(٤٥٣) چونکە ئەگەر دروست بوایە تەنها دوو ڕۆژەکەی جەژن وڕۆژانی تەشریق نەگیرێت ئیتر هەموو ڕۆژانی ژیان بگرێت ، ئەبوایە ئەمە خۆشەویست ترین ڕۆژوو بوایە لای خوای گەورە نەك ڕۆژووەکەی (دَاوُد) (عَلَيْهِ السَّلاَم) ، چونکە ئەوە کردەوە و تێکۆشانی زیاتر دەوێت تا وەکو ڕۆژووەکەی (دَاوُد) ، کەوا بوو ئەو قەدەغە کردنەی (( لاَ صَامَ مَنْ صَامَ الأَبَد )) تەنها بۆ ڕۆژە قەدەغە کراوەکان نییە ، وەك (إِبْنُ القَيِّم) (ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت) ڕوونی دەکاتەوە و دەفەرمێ: وَلَيْسَ مُرَادُهُ بِهَذَا مَنْ صَامَ الأَيَّامُ المُحَرَّمَة... و (حَافظ إِبْنُ حَجَر)یش (ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت) لە (فتح الباري ٤/١٨٠)دا ، هەر بەم شێوەیە باسی دەکات. بروانە [تمام المنة فی تعلیق علی فقه السنة) للألباني (ل٤٠٨ ، ٤٠٩)].


منتدى إقرأ الثقافي

وڕۆژووی – سوننەتی – ئافرەتێکیش کە پیاوەکەی لە ماڵدا بێت مەگەر بە پرسی ئەو(٤٥٤).

## مانەوە لە مزگەوتدا بۆ خوا پەرستی (الإعْتكَاف)

مانەوە لە مزگەوتدا لە هەموو کاتێکدا سوننەتە(٤٥٥)، بەڵام لە ڕەمەزاندا زیاتر جەخت(تَأْكِيْد)ی لە سەر کراوە، بە تایبەتی لە دە(١٠) ڕۆژی دواییدا(٤٥٦)،

---

(٤٥٤) لە بەر فەرمودەکەی (أبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لاَ تَصُمِ المَرأةُ وَبَعْلُهَا شَاهِدٌ إلاّ بِإذْنِه )) واتە: نابێت ئافرەت ڕۆژوو بگرێت و پیاوەکەی ئامادە – لە ماڵدا – بێت مەگەر بە پرسی ئەو [رواه البخاري (٩/٢٩٣/٥١٩٢) ومسلم (٢/٧١١/١٠٢٦) وغيرهما].

(٤٥٥) لە بەر ئەوەی (( كَانَ النَّبِيُّ(ﷺ) يَعْتَكِفُ فِي العَشْرِ الأوَاخِرِ مِنْ رَمَضَانَ ... ثُمَّ اعْتَكَفَ عَشْرَاً مِنْ شَوَّال )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دە(١٠)ڕۆژی کۆتایی مانگی ڕەمەزاندا (إعتكاف)ی دەکرد ... پاشان لە(شَوَّال)دا دە(١٠) ڕۆژ (إعتكاف)ی کرد [رواه البخاري (٤/رقم/ ٢٠٣٣) ومسلم (٢/٨٣٢/١١٧٣)].

وە لە بەر فەرموودەکەی (عُمَرُ بنُ خَطَّاب) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا بە پێغەمبەری خوای (ﷺ) ووت: ئەی پێغەمبەری خوا من لە کاتی نەفامیدا نەزرم کردبوو شەوێك لە مزگەوتی حەرامدا (إعْتِكَاف) بکەم ؟ ئەویش فەرمووی: (( أوْفِ بِنَذْرِكَ )) واتە: نەزرەکەت بە جێ بێنە [رواه البخاري (٤/رقم/٢٠٣٢) ومسلم (٣/ رقم/ ١٦٥٦)].

(٤٥٦) لە بەر فەرموودەکەی (أبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كَانَ النَّبِيُّ ( ﷺ) يَعْتَكِفُ فِي كُلِّ رَمَضَانٍ عَشْرَةَ أيَّام ، فَلَمَّا كَانَ العَامُ الَّذِي قُبِضَ فِيْه إعْتَكَفَ عِشْرِيْنَ يَوْمَاً )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) لە هەموو ڕەمەزانێکدا دە(١٠)ڕۆژ (إعْتِكَاف)ی دەکرد ، بەڵام لەو ساڵەیدا کە گیانی تێدا کێشرا ، بیست(٢٠) ڕۆژ (إعْتِكَاف)ی کرد [رواه البخاري (٤/رقم/٢٠٤٤)].

وە فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أنَّ النَّبِيَّ ( ﷺ) كَانَ يَعْتَكِفُ العَشْرَ الأوَاخِرَ مِنْ رَمَضَانَ حَتَّى تَوَفَّاهُ اللهُ تَعَالَى ، ثُمَّ اعْتَكَفَ أزْوَاجُهُ


منتدى إقرأ الثقافي

وە سوننەتە لەو ماوەیەدا خۆی خەریك بكات بە خوا پەرستنەوە ، لە نوێژكردن و قورئان خوێندن و زیكر كردن و... هتد[٤٥٧]، وە دروستە لە مزگەوت دەربچێت بۆ بە جێ هێنانی پێویستیەكانی وەك دەست بە ئاو گەیاندن[٤٥٨]، وە هەروەها دەتوانێت جێگایەك لە مزگەوتدا ڕابخات[٤٥٩]،

مِنْ بَعْدِهِ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دە(١٠) ڕۆژی دوایی ڕەمەزاندا (إعْتِكَاف)ی دەكرد تا خوای گەورە گیانی كێشا ، پاشان خێزانەكانی پاش خۆی (إعْتِكَاف)یان دەكرد [رواه البخاري (٤/رقم/٢٠٢٦) ومسلم (٢/٨٣١/١١٧١)].

(٤٥٧) لە بەر فەرموودەكەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: (( كَانَ النَّبِيُّ ( ﷺ) إذَا دَخَلَ العَشْر شَدَّ مِئْزَرَهُ ، وَأحْيَا لَيْلَهُ ، وَأيْقَظَ أهْلَهُ )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) ئەگەر بچوایەتە ناو دە(١٠) – ڕۆژی دوایی ڕەمەزان – ەوە خۆی لێ توند دەكرد و شەوەكانی زیندو دەكردەوە و كەس و كاری هەڵدەساند [رواه البخاري (٤/٢٦٩/٢٠٢٤) ومسلم (٢/٨٣٢/١١٧٤)].

(٤٥٨) لە بەر فەرموودەكەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: (( وَإنْ كَانَ رَسُوْلُ الله (ﷺ) لَيُدْخِلُ عَلَيَّ رَأسَهُ وَهُوَ فِي المَسْجِدِ فَأُرَجِّلُهُ ، وَكَانَ لاَ يَدْخُلُ البَيْتَ إلاّ لِحَاجَةٍ إذَا كَانَ مُعْتَكِفاً )) واتە: وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەری دەكردە ژوورەكەمدا ، وە لە مزگەوتیشدا (إعْتِكَاف)ی كردبوو ، جا سەریم بۆ شانە دەكرد – لە ڕیوایەتێكی تردا : جا بۆیم دەشۆرد – وە لە نێوان من و ئەودا تەنها دەرگای ماڵ بوو ، وە منیش لە حەیزدا بووم ، وە ئەگەر (إعْتِكَاف)ی بكردایە ، نەدەهاتە ژووری ماڵەوە ، مەگەر بۆ پێویستیەكی مرۆڤ [رواه البخاري ( ٤/٢٧٣/٢٠٢٩) ومسلم (١/٢٤٤/٢٩٧) وە بڕوانە جامع الأصول لأبن أثير (١/٣٤١)].

(٤٥٩) لە بەر فەرموودەكەی ( إبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: (( أنَّ النَّبِيَّ ( ﷺ) كَانَ إذَا إعْتَكَفَ طُرِحَ لَهُ فِرَاشٌ أوْ يُوْضَعَ لَهُ سَرِيْرٌ وَرَاءَ إسْطُوَانَةَ التَّوْبَةَ )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) ئەگەر (إعْتِكَاف)ی بكردایە جێگایەكیان بۆ ڕادەخست لە پشتی دنگەی (التوبة)وە [أخرجه إبن ماجة في الزوائد (٦٤٢) والبيهقي وسنده حسن ، بروانە صفة الصوم النبي (ﷺ) (ل: ٩٤)].

منتدى إقرأ الثقافي

**وە خێزانیشی سەردانی بکات(٤٦٠)، وە لە گەڵیشیدا (إِعْتِكَاف)بکات لە مزگەوتدا(٤٦١)، وە ئەوەیشی (إِعْتِكَاف) بەتاڵ دەکاتەوە: جووت بوون(جیماع کردن)(٤٦٢)، و دەرچوون لە مزگەوت ئەگەر پێویست نەبوو(٤٦٣).**

(٤٦٠) لە بەر فەرموودەکەی (صَفِيَّة) (خوای لێ ڕازی بێت) : پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) (إِعْتِكَاف)ی کردبوو ، جا منیش هاتم سەردانی بکەم بە شەو ، جا ساتێك لە گەڵیدا گفت و گۆم کرد ، پاشان هەڵسام بگەڕێمەوە ، ئەویش لە گەڵمدا هەڵسا ڕەوانەم بکاتەوە ، تا دەرگای مزگەوت ئەودەرگایەیان کە لای دەرگاکەی (أُمِّ سَلَمَه)وە بوو ، جا دوو پیاو لە (أنصَار)ێکان تێپەڕ بوون ، کاتێك پێغەمبەریان ( ﷺ ) بینی پەلەیان کرد ، پێغەمبەریخوایش ( ﷺ ) فەرمووی: (( **عَلَى رِسْلِكُمَا ، إِنَّمَا هِيَ صَفِيَّةُ بِنْتُ حُيَيٍّ** )) واتە: لە سەر خۆتان ئەمە (صَفِيَّةُ بِنْتُ حُيَي)یە . ئەوانیش ووتیان: (سُبْحَانَ الله) ، ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەویش فەرمووی: (( **إِنَّ الشَّيْطَانَ يَبْلُغُ مِنْ الإِنْسَانِ مَبْلَغَ الدَّمِ ، وَإِنِّي خَشِيْتُ أَنْ يَقْذِفَ فِي قُلُوبِكُمْ شَيْئَاً _ أَوْ قَالَ: شَرَّاً _** )) واتە: بە ڕاستی شەیتان لە گەڵ خوێنی ئادەمیزاد دا دێت ودەڕوات ، وە من ترسام شتێك – یان فەرمووی: شەڕێك – بخاتە دڵتانەوە [رواه البخاري (٤/رقم/٢٠٣٥) ومسلم رقم (٢/رقم/ ٢١٥٧)و ابو داود (٢/رقم/٢٤٧٠) والزيادة الأخيرة له].

(٤٦١) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) ، بڕوانە (پ٤٥٦) .

(٤٦٢) لە بەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة: ١٨٧)دا کە دەفەرمێ: ﴿ **وَلاتُبَاشِرُوْهُنَّ وَأَنْتُمْ عَاكِفُوْنَ فِي المَسَاجِدِ** ﴾. واتە: وە جووت مەبن لە گەڵیاندا کاتێك کە لە (إِعْتِكَاف)کردن دان لە مزگەوتەکاندا.

(٤٦٣) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) ، بڕوانە (پ٤٥٨) .

وە لە بەر ئەوەی واتای (إِعْتِكَاف) مانەوەیە لە مزگەوتدا ، جا ئەگەر بە بێ پێویستی ویە بێ هیچ هۆیەکی شەرعی لە مزگەوت دەرچوو ، ئەوە (إِعْتِكَاف)ەکەی بەتاڵ دەبێتەوە .

**تێبینی:**

لە بارەی ئەو شوێنەوە کە درووستە (إِعْتِكَاف)ی تێدا بکرێت زانایان جیاوازیان هەیە ، زۆر بەی زۆریان دەفەرموون: دەبێت لە مزگەوتدا بێت . بەڵام (أَبو لُبَابَة) دەفەرمێ: دروستە لە شوێنی تریشدا بکرێت جگە لە مزگەوت . بەڵام بێ گومان ئەم بۆچوونە ڕاست نییە ، چونکە هیچ بەڵگەیەکی شەرعی لە سەر نییە .

منتدى إقرأ الثقافي

.............................

هەروەها ئەوانەی کە دەفەرموون: دەبێت لە مزگەوتدا بکرێت ، جیاوازن لەوەدا ئایا لە چی مزگەوتێکدا بکرێت ، (أَبو حَنِيْفَة وَ أَحْمَد و إِسْحَاق وَ أَبو ثَوْر) دەفەرموون: دروستە لە هەر مزگەوتێکدا کە پێنج فەرزەی بە کۆمەڵ تێدا بکرێت . بەڵام (شَافِعي وَمَالك وَدَاوُد) دەفەرموون: لە هەموو مزگەوتێکدا دروستە ، چونکە بۆ تایبەت کردنی بە هەندێك مزگەوتەوە هیچ بەڵگەیەکی ڕاشکاو(صَرِيْح) لەو بارەیەوە نەهاتووە .

وە زانا (شَافعي)یەکان دەڵێن : باش وایە لە مزگەوتێکدا بکرێت کەوا نوێژی کۆمەڵ وجومعەیشی تێدا بکرێت ، بۆ ئەوەی نوێژەکانی بە کۆمەڵ بکات و جومعەیشی نەفەوتێت ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وای کردوە .

وە (حُذَيْفَة وسَعِيْدُ بنُ مُسَيَّب) دەفەرموون: دروست نییە لە هیچ مزگەوتێکدا بکرێت تەنها لە سێ مزگەوتەکەدا نەبێت – مزگەوتی حەرام ومزگەوتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ومزگەوتی (بَيْتُ المَقْدِس)– [ بروانە فقه السنة (٤٠٢/١) وبداية المجتهد ونهاية المقتصد (٢٢٨/١)].

وە بەڵگەی ئەم بۆچوونەی دواییان فەرموودەکەی (حُذَيْفَە)یە (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لاَ إِعْتِكَافَ إلاَّ فِي المَسَاجِدَ الثَّلاَث )) واتە: (إِعتِكَاف) نییە مەگەر لە سێ مزگەوتەکەدا [رواه البيهقي في سننه (٣١٦/٤) والطحاوي في مشكل الآثار (٢٠/٤) والذهبي في (سير اعلام النبلاء) (٨١/١٥) وهو صحيح بروانە (رسالة الأنصاف فى أحكام الأعتكاف) لعلى بن حسن کە بە جوانی باسی ئەم مەسەلەیە دەکات و (الأدلة الرضية) (ل: ١٢٨) حيث قال: (( وهو صحيح غريب عال وإسناده على شرط البخاري)] وە هەندێك لە پێشینان(السَّلَف) کاریان بەم فەرموودەیە کردوە .

(عَطَاء) فەرموویەتی: (( لاَ جِوَارَ إِلاَّ فِي مَسْجِدِ مَكَّةَ ، وَمَسْجِدِ المَدِيْنَة ... )) واتە: (إِعتِكَاف) نییە مەگەر لە مزگەوتی مەککە ومزگەوتی مەدینەو... [أخرجه عبدالرزاق في المصنف (٨٠١٩) عن عطاء بسند صحيح].

(إِبْنُ المُسَيَّب) فەرموویەتی: (( لاَ إِعْتِكَافَ إلاَّ فِي مَسْجِدِ نَبِي )) واتە: (إِعتِكَاف) نییە مەگەر لە مزگەوتی پێغەمبەر دا [رواه عنه إبن ابي شيبة في مصنفه (٩١/٣) وعبد الرزاق في المصنف (٨٠٠٨) بسند صحيح].

(مَسْجِدِ نَبِي): مەبەستی هەر سێ مزگەوتەکەیە کە پێغەمبەر (إِبْرَاهِيْم و مُحَمَّد) (ﷺ) دروستیان کردوە .

**( الحَمْدُ للهِ ) ئەوە بەشی ڕۆژوو کۆتایی پێ هات بە پشتیوانی خوا ئێستا دەچینە سەر بەشی حەج .**



منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی حەج (الحَج)

## حەجج وعومرە کردن لە سەرکێ پێویستە ؟
## (عَلَى مَنْ تَجِبُ الحَجّ وَالعُمْرَة ؟)

### حەج وعومرە کردن پێویست(وَاجب)ە[٤٦٤]،

(٤٦٤) (حَج) پایەیەکە لە پایەکانی ئیسلام و فەرزێکەلە فەرزەکانی ، بە دەقی فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (آل عمران: ٩٦،٩٧)دا کە دەفەرمێ: ﴿ إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكاً وَهُدًى لِلعَالَمِيْن ، فِيْهِ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ مَقَامُ إِبْرَاهِيْمَ وَمَنْ دَخَلَهُ كَانَ آمِناً ، وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ البَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيْلاً وَمَنْ كَفَرَ فَإِنَّ اللهَ غَنِيٌّ عَنِ العَالَمِيْن ..﴾ واتە: بە ڕاستی یەکەم ماڵێ کە دانراوە بۆ ئادەمیزاد – و ئامادە کراوە بۆ خواپەرستییان – ئەوەیە کە لە مەککە دایە ، پیرۆز کراوە ، وە ڕێنموویییە بۆ هەموو جیهان ، تێیدایە چەند بەڵگە و نیشانەی ڕوون وئاشکرا – لە سەر گەورەیی وپایە بەرزی ئەو ماڵە لەوانە – شوێنی وەستانەکەی (إِبْرَاهِيْم) ، وە هەر کەسێك چووبێتە ئەو شوێنە ئەوە هەمیشە دڵ ئارام بووە ، بۆ خوایە – حەققی خوایە – بە سەر خەڵکییەوە حەج کردنی ئەو ماڵە لە سەر کەسێك توانای – ڕێ کردن وگەیشتنی بێ بەڵای – ئەو ماڵەی ببێت ، وە هەر کەسێك بڕوا نەهێنێ ئەوە خوای گەورە دەوڵەمەندە – وبێ پێویستە– بە هەموو جیهان .

هەروەها خوای گەورە لە سورەتی (البقرة: ١٩٦)دا دەفەرمێ: ﴿ وَأَتِمُّوا الحَجَّ وَالعُمْرَةَ لِلَّهِ ..﴾ واتە: وە حەجج و عومرە بۆ خوای گەورە بە جێ بێنن بە تەواوی .

وە فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ١٠٠) .

وە فەرموودەکەی (أَبو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ووتاری بۆ داین جا فەرمووی : (( يَا أَيُّهَا النَّاسُ ، إِنَّ اللهَ قَدْ فَرَضَ عَلَيْكُمُ الحَجّ فَحُجُّوا )) واتە: ئەی خەڵکینە ، بە ڕاستی خوای گەورە حەججی لە سەر فەرز کردوون ، جا حەج بکەن . جا پیاوێك ووتی: هەموو ساڵێك ئەی پێغەمبەری خوا ؟ ئەویش بێ دەنگ بوو تا سێ بارەی کردەوە ، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لَوْ قُلْتُ: نَعَمْ ، لَوَجَبَتْ وَلَمَا اسْتَطَعْتُمْ )) واتە: ئەگەر بڵێم بەڵێ ئەوە پێویست دەبێت و نایتوانن ،

منتدى إقرأ الثقافي

...................................

پاشان فەرمووی: (( ذَرُونِي مَا تَرَكْتُكُمْ ، فَإِنَّمَا هَلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ بِكَثْرَةِ سُؤَالِهِمْ وَاخْتِلَافِهِمْ عَلَى أَنْبِيَائِهِمْ ، فَإِذَا أَمَرْتُكُمْ بِأَمْرٍ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ ، وَإِذَا نَهَيْتُكُمْ عَنْ شَيْءٍ فَدَعُوهُ )) واتە: وازم لیٚ بیٚنن بەوەوە کە بۆم بە جیٚ هیٚشتوون ، چونکە ئەوەی بوە هۆی تیا چوونی ئەوانەی پیٚش ئیٚوە ، زۆر پرسیار کردن و جیاوازی کردنیان بوو لە سەر پیٚغەمبەرانیان — چونکە زۆر پرسیار کردن توندڕەوی دروست دەکات ، وەك گاوورەکان تووشی بوون ، وە جیاوازی کردنیش شل ڕەوی و کەمتەرخەمی(إِهْمَال)کردن دروست دەکات کە جوولەکەکان تووشی بوون — جا بۆیە ئەگەر فەرمانیٚکم پیٚ کردن ئەوە لیٚی جیٚ بەجیٚ بکەن چەند تواناتان هەبوو ، وە ئەگەر قەدەغەی شتیٚکم لیٚ کردن ئەوە وازی لیٚ بهیٚنن [رواه مسلم (٢/٩٧٥/١٣٣٧) والنسائی (٥/١١٠) ].

وە فەرموودەکەی (الصُّبَيُّ بنُ مَعْبَد) کەوا فەرمووی : هاتم بۆ لای (عُمَر) (خوای لیٚ رازی بیٚت) ووتم: (( يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ ، إِنِّي أَسْلَمْتُ ، وَإِنِّي وَجَدْتُ الحَجَّ وَالعُمْرَةَ مَكْتُوبَيْنِ عَلَيَّ ، فَأَهْلَلْتُ بِهِمَا ، فَقَالَ: هُدِيتَ لِسُنَّةِ نَبِيِّكَ )) واتە: ئەی فەرماندەی باوەڕداران ، من موسوڵمان بووم ، وە بینیم حەجج وعومرەم لە سەر نوسراوە — فەرزە — جا ئیحرامم بە هەردوکیان بەست ، ئەویش فەرمووی: هیدایەت دراوی بۆ سوننەتی پیٚغەمبەرەکەت [رواه النسائی(٥/١٤٦) وابو داود(٢/رقم/١٧٩٨) وإبن ماجة(٢/٨٩٩/٢٩٧٠) وهو حديث صحيح ، بڕوانە الإرواء(٩٨٣) ].

وە فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لیٚ رازی بیٚت) کەوا پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( الغَازِي فِي سَبِيْلِ اللهِ ، وَالحَاجُّ وَالمُعْتَمِرُ ، وَفْدُ اللهِ ، دَعَاهُمْ فَأَجَابُوْهُ ، وَسَأَلُوْهُ فَأَعْطَاهُمْ )) واتە: تیٚکۆشەر لە پیٚناوی خوای گەورە ، وە ئەوەی بۆ حەجج وعومرە دەڕوات ، وەفدی خوان ، بانگی کردن ئەوانیش وەلامی — بانگی خوا — یان داوەتەوە ، وە داوایان لیٚ کرد ئەویش پیٚی دان [رواه إبن ماجة (٢/٩٦٦/٢٨٩٣) وهو حديث حسن ، بڕوانە السلسلة الصحيحة رقم(١٨٢٠) وصحيح إبن ماجة(٢٣٣٩)].

وە حەجج وعومرەکردن پاداشتیٚکی زۆر گەورەی لای خوا هەیە ، ( أَبُو هُرَيْرَة ) (خوای لیٚ رازی بیٚت) فەرمووی: پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (( العُمْرَةُ إِلَى العُمْرَةِ كَفَّارَةٌ لِمَا بَيْنَهُمَا ، وَالحَجُّ المَبْرُوْرُ لَيْسَ لَهُ جَزَاءٌ إِلاَّ الجَنَّة )) واتە: عومرە بۆ عومرەیەکی تر دەبیٚتە هۆی داپۆشینی تاوانەکانی نیٚوانیان ، وە حەججیٚك پاك کە تاوانی تیٚکەڵ نەبیٚت پاداشتی نییە جگە لە بەهەشت [رواه البخاری (٣/٥٩٧/١٧٧٣) ومسلم (٢/٩٨٣/١٣٤٩) وغيرهما].

منتدى إقرأ الثقافي

**ـە سەر هەموو موسوڵمانێکی پێ گەیشتووی ، ژیری[٤٦٥] ، ئازادی[٤٦٦] ، بە توانا[٤٦٧] ،**

هەروەها لە (أَبو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) فەرمووی : بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ حَجَّ لِلّهِ عَزَّ وَجَلَّ فَلَمْ يَرْفُثْ وَلَمْ يَفْسُقْ ، رَجَعَ كَيَوْمِ وَلَدَتْهُ أُمُّهُ )) واتە: هەر کەسێك حەج لە بەر خوای گەورە بکات ، جا قسەی خراپی تێدا نەڵێت و کاری خراپی تێدا نەکات ، ئەوە دەگەڕێتەوە – لە تاوانەکانی پاك دەبێتەوە – وەك ئەو ڕۆژەی کە تێیدا لە دایك بووە [رواه البخاري (١٥٢١/٣٨٢/٣) ومسلم (١٣٥٠/٩٨٣/٢) وغيرهما].

(٤٦٥) لە بەر فەرموودەکەی (عَلي) (خوای لێ رازی بێت) ، بڕوانە (پ ١٠١) .

(٤٦٦) لە سەر بەندە(کۆیلە) پێویست نییە ، چونکە ئەو سەرقاڵە بە خزمەت کردنی خاوەنەکەی ، وە ئەگەر منداڵ و کۆیلە حەج بکەن ، حەججەکەیان دروستە ، بەڵام فەرزەکەیان لە سەر ناکەوێت ، ئەگەر پێگەیشتن و ئازاد بوون دەبێت حەججێکی تر بکەن ، لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( أَيُّمَا صَبِيٍّ حَجَّ ثُمَّ بَلَغَ فَعَلَيْهِ حَجَّةٌ أُخْرَى ، وَأَيُّمَا عَبْدٍ حَجَّ ثُمَّ عُتِقَ فَعَلَيْهِ حَجَّةٌ أُخْرَى )) واتە: هەر منداڵێك حەججی کرد پاشان پێ گەیشت ، ئەوە حەججێکی تری لە سەرە ، وە هەر کۆیلەیەکیش حەججی کرد پاشان ئازاد کرا ئەوە حەججێکی تری لە سەرە [رواه البيهقي (١٥٦/٥) وهو حديث صحيح ، بڕوانە الإرواء (٩٨٦)].

(٤٦٧) لە بەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (آل عمران: ٩٦،٩٧)دا ، بڕوانە (پ٤٦٤) .

پاشان توانا بەوە دەبێت تەندروستی تەواو بێت ، و پارەی ڕۆیشتن وهاتنەوەی هەبێت بێجگە لە پێویستی خۆی وماڵ ومنداڵی ، وە دڵنیایش بێت لە ترسی ڕێگا .

بۆ بە **مەرج گرتنی تەندروستی** ، لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا ئافرەتێك لە(خَثْعَم) ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ، باوکم حەججی لە سەر فەرز بووە ، وە خۆیشی پیاوێکی پیر و گەورەیە ، توانای نییە خۆی بە سەر ووشترەوە بگرێت ، ئایە لە جێی حەجج بکەم ؟ فەرمووی: (( فَحُجِّي عَنْهُ )) واتە: لە جیاتی حەجج بکە [رواه البخاري (١٨٥٥/٦٦/٤) ومسلم (١٣٣٤/٩٧٣/٢) وغيرهما ].

وە بۆ بە **مەرج گرتنی پارەو پووڵی ڕۆیشتن و هاتنەوەی** جگە لە پێویستی خۆی و ماڵ و کەس و کاری ، لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بْن عَمْرو) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( كَفَى بِالْمَرْءِ إِثْمًا أَنْ يُضَيِّعَ مَنْ يَقُوتُ )) واتە:

منتدى إقرأ الثقافي

**یەکسەر[٤٦٨] ، وە ئەگەر لە جارێك زیاتر حەج یان عومرەی کرد ئەوە با سوننەت بۆی دەنوسرێت[٤٦٩] ، وە پێویستە جۆری حەج کردنەکە دیاری بکات ئایا بە تەنها حەج دەکات(الإِفْرَاد)[٤٧٠] ،**

بەسێتی تاوانباریی بۆ کەسێك ، کەوا ژیانی کەسانێك بفەوتێنێت کە خواردن و بە خێوکردنیان لە سەر ئەوە [رواه ابوداود (٢/رقم/١٦٩٢) وهو حديث صحيح ، بڕوانه الإرواء (٩٨٩)].

ئەمە بۆ پیاو بەڵام بۆ ئافرەت مەرجێکی تریشی هەیە ، ئەویش ئەوەیە دەبێت **مێردەکەی لە گەڵدا بێت یان کەسێکی مەحرەم** ، لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کە فەرمووی: بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لاَ يَخْلُوَنَّ رَجُلٌ بِامْرَأَةٍ إِلاَّ وَمَعَهَا ذُوْ مَحْرَمٍ ، وَلاَ تُسَافِرَ المَرْأَةُ إِلاَّ مَعَ ذِيْ مَحْرَم )) واتە: با هیچ پیاوێك تەنها نەبێتەوە لە گەڵ ئافرەتێکدا مەگەر ئافرەتەکە مەحرەمێکی لە گەڵدا بێت ، وە با ئافرەتیش سەفەر نەکات مەگەر لە گەڵ کەسێکی مەحرەمدا . جا پیاوێك هەڵسا ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خێزانەکەم دەرچووە بۆ حەج ، وە منیش خۆم نووسیوە لە غەزای ئەوە و ئەوەدا ، ئەویش فەرمووی: (( إِنْطَلِقْ فَحُجَّ مَعَ إِمْرَأَتِكَ )) واتە: بڕۆ ، لە گەڵ خێزانەکەتدا حەج بکە [رواه البخاری (٦/١٤٢/٣٠٠٦) ومسلم (٢/٩٧٨/١٣٤١) واللفظ له].

(٤٦٨) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) لە (فَضْل)ەوە یان (فَضْل) لە (إِبْنُ عَبَّاس)ەوە ، کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ أَرَادَ الحَجَّ فَلْيَتَعَجَّلْ ، فَإِنَّهُ قَدْ يَمْرَضُ المَرِيْضُ ، وَتَضِلُّ الضَّالَّةُ ، وَتَعْرِضُ الحَاجَةُ )) واتە: هەر کەسێك ویستی حەج بکات با خێرا بکات ، چونکە جاری وایە نەخۆش دەکەوێت ، وە شتی ون دەبێت ، وە پێویستیەك دێتە پێشەوە بەرگری لێ دەکات [رواه إبن ماجة (٢/٩٦٢/٢٨٨٣) وهو حديث صحيح ، بڕوانه صحيح إبن ماجة (٢٣٣١)].

(٤٦٩) لە بەر فەرموودەکەی(أَبُو هُرَيْرَة) ، بڕوانە (پ ٤٦٤) .

(٤٧٠) ئەوەیە بە تەنها نیەتی حەج بێنێت ، وە نابێت خۆی بکاتەوە لە ئیحرام مەگەر پاش ڕەجم کردنی شەیتانی گەورە(جَمْرَةُ العَقَبَة) ، لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( خَرَجْنَا مَعَ رَسُوْلِ اللهِ (ﷺ) عَامَ حَجَّةِ الوَدَاعِ فَمِنَّا مَنْ أَهَلَّ بِعُمْرَةٍ ، وَمِنَّا مَنْ أَهَلَّ بِحَجَّةٍ وَعُمْرَةٍ ، وَمِنَّا مَنْ أَهَلَّ بِالحَجِّ ، وَأَهَلَّ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) بِالحَجِّ ، فَأَمَّا مَنْ أَهَلَّ بِالحَجِّ أَوْ جَمَعَ الحَجَّ وَالعُمْرَةَ لَمْ يَحِلُّوا حَتَّى كَانَ يَوْمُ النَّحْرِ )) واتە: لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دەرچووین ساڵی حەججیماڵ ئاوایی ، جا

منتدى إقرأ الثقافي

**یان حەج وعومرە پێکەوە دەکات(القِرَان)[٤٧١]، یان لە پێشدا عومرە دەکات پاشان حەج (التَّمَتُّع)[٤٧٢]، وە ئەمەیشیان باشترینیانە[٤٧٣]،**

لێمان هەبوو ئیحرامی بە عومرە بەست ، وە لێشمان هەبوو ئیحرامی بە حەجج وعومرە پێکەوە بەست ، وە لێشمان هەبوو تەنها ئیحرامی بە حەج بەست ، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی ئیحرامی تەنها بە حەج بەست ، جا ئەوانەمان کە ئیحرامی بە حەج بەست بوو یان بە حەجج و عومرە پێکەوە ، خۆ یان نەکردەوە تا ڕۆژی سەربڕین [رواه البخاري(٣/رقم/١٥٦٢) ومسلم(٢/٨٧١/١٢١١)].

(٤٧١) ئەوەیە نییەتی حەجج وعومرە پێکەوە دەهێنێت ، پاشان دەچێتە (مَکّە)وە و لە سەر ئیحرامەکەی بەردەوام دەبێت تا لە کارەکانی حەج دەبێتەوە ، وە لە سەرێتی یەك سوورِخواردنەوە(طَوَاف)و یەك کۆشش(سَعي) بکات بۆ حەجج و عومرەکەیشی ، لە بەر فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر)(خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ أحْرَمَ بِالحَجِّ وَالعُمْرَةِ ، كَفَى لَهُمَا طَوَافٌ وَاحِدٌ ، وَلَمْ يَحِلَّ حَتَّى يَقْضِيَ حَجَّهُ وَيَحِلَّ مِنْهُمَا جَمِيعَاً )) واتە: هەر کەسێك ئیحرامی حەجج وعومرە پێکەوە ببەستێت ئەوە لە سەرێتی یەك سوورِخواردنەوە ویەك کۆشش بۆ هەردوکیان بکات ، وە ئیحرامەکەی ناکاتەوە تا حەججەکەیشی جێ بەجێ دەکات ، پاشان ئیحرامی هەردوکیان پێکەوە دەکاتەوە [رواه الترمذي (٣/٢٨٤/٩٤٨) وابن ماجة (٢/٩٩٠/٢٩٧٥) وهوحديث صحيح ، بروانە صحيح إبن ماجة(٢٤٠٩)].

(٤٧٢) ئەوەیە لە یەکێك لە مانگەکانی حەجدا ئیحرام بۆ عومرە دەبەستێت ، وە لە پێشدا دەچێتە(مَکّە)وە و عومرەکەی ئەنجام دەدات ، پاشان خۆی لە ئیحرام دەکاتەوە و هەموو شتێکی بۆ حەلاڵ دەبێت ، تا لە گەڵ خەڵکیدا لە ڕۆژی(التَّرويه)دا ئیحرام بۆ حەج دەبەستێتەوە ، وە ئەمەیان سەربڕینی لە سەر پێویست دەبێت ، وەك لە شوێنی خۆیدا باسی دەکەین .

(٤٧٣) لە بەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) ئیحرامی حەجمان بەست ، جا کاتێك کە گەیشتینە (مَکّە) فەرمانی پێ کردین خۆمان لە ئیحرامی حەج بکەینەوە و بیکەینە عومرە ، جا ئەمە لامان گەورە بوو و دڵمان پێی تەنگ بوو ، جا ئەمە گەیشتە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ، ئیتر نەمانزانی ئایا شتێکی لە ئاسمانەوە پێ گەیشت ، یان لە لایەن خەڵکیەوە بوو ، جا


منتدى إقرأ الثقافي

**وە خەڵکی هەر وڵاتێك لەو شوێنەوە ئیحرام دەبەستن کە بۆیان دیاری کراوە(٤٧٤)،**

فەرمووی: (( يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَحِلُّوا ، فَلَوْلاَ الهَدِيُ الَّذِي مَعِيَ ، فَعَلْتُ كَمَا فعَلْتُم )) واتە: ئەی خەڵکینە خۆتان بکەنەوە ، ئەگەر ئەم قوربانیانەم پێ نەبوایە ، ئەوە منیش وەکو ئێوەم دەکرد .(جَابِر) فەرمووی: جا خۆمان کردەوە تا لە گەڵ ئافرەتدا (جِمَاع)مان کرد ، وە ئەوەمان کرد کە کەسێکی حەلاڵ دەیکات ، تا ڕۆژی (التَّرْوِيَە)هات و (مَكَّە)مان خستە پشتمانو ئیحرامی حەجمان بەست [رواه البخاری (٣/٤٢٢/١٥٦٨) ومسلم (٢/٨٨٤/١٢١٦)].

(٤٧٤) حەج (مِيْقَات)ی کاتیی هەیە و (مِيْقَات)ی شوێنیشی هەیە ، واتە : دەبێت ئیحرام بەستنەکەی لەو کاتە دیاری کراوانەدا بێت ، وە لەو شوێنە دیاری کراوا نەیشەوە ببەسترێت .

لە بارەی ئەو کاتە دیاری کراوانەوە خوای گەورە لە سورەتی (البقرة: ١٨٩)دا دەفەرمێ: ﴿ يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأَهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيْتُ لِلنَّاسِ وَالحَجِّ ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ، خەڵکی پرسیارت لێ دەکەن لە بارەی مانگی یەك شەوەکانەوە تۆیش بڵێ: ئەوانە بۆ دیاری کردنی کاتن بۆ - ڕێك خستنی کاروباری - خەڵکی وحەجە .

وە هەروەها لە سورەتی (البقرة: ١٩٧) دا دەفەرمێ: ﴿ الحَجُّ أَشْهُرٌ مَعْلُومَاتٌ ﴾ واتە: حەج لە چەن مانگێکی دیاری کراو دایە ، (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرمێ: مانگەکانی حەج کردن (شَوَّال) و(ذُوالقَعِدَة) و دە(١٠) ڕۆژیش لە (ذُوالحِجَّة)یە .

وە (إِبْنُ عَبَّاس)یش (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرمێ: لە سوننەتی پێغەمبەر دا وایە ئیحرام بۆ حەج نەبەسترێت تەنها لە مانگەکانی حەجدا نەبێت [وهما أثران صحيحا الإسناد رواهما البخاری (٣/٣١٩) تعليقا، بروانە (مختصر البخاری ٣١١ / ل: ٣٧٢)].

وە لە بارەی شوێنە دیاری کراوەکانیشەوە (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرمێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) (ذُوْ الحُلَيْفَة)ی دیاری کردوە بۆ خەڵکی (مَدِيْنَة) ، وە (الجَحِفَة)ی دیاری کرد بۆ خەڵکی (شَام) ، وە (قَرْنُ المَنَازِل)یش بۆ خەڵکی (نَجد) ، وە (يَلَمْلَم)یش بۆ خەڵکی (يَمَن) وە فەرمووی: (( فَهُنَّ لَهُنَّ وَلِمَنْ أَتَى عَلَيْهِنَّ مِنْ غَيْرِ أَهْلِهِنَّ مِمَّنْ أَرَادَ الحَجَّ وَالعُمْرَةَ ، فَمَنْ كَانَ دُوْنَهُنَّ فَمِنْ أَهْلِهِ ، وَكَذَا فَكَذَلِكَ ، حَتَّى أَهْلُ مَكَّةَ يُهِلُّوْنَ مِنْهَا )) واتە: ئەمانە بۆ ئەوان و ئەوەیشی بە سەر ئەواندا دێت لە خەڵکی


منتدى إقرأ الثقافي

...............................

شوێنەکانی تر ، لەوانەی ویستی حەجج وعومرەیان هەیە ، وە ئەوەیشی لەو شوێنانە نزیك ترە لە (مَكّه)وە ئەوە لە ماڵی خۆیەوە – ئیحرام دەبەستێت – هەتا خەڵکی (مَكّه) لە(مَكّه)وە [رواه البخاري (٣/٣٨٤/١٥٢٤) ومسلم (٢/٨٣٨/١١٨١) وهذا لفظه وغيرهما].

وە(عَائِشَة) (خوای لیّ رازی بێت) فەرمووی: (( أَنَّ النَّبِيَّ ( ﷺ) وَقَّتَ لِأَهلِ العِرَاقِ ذَاتَ عِرْقٍ )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) (ذَاتُ العِرْق)ی بۆ خەڵکی (عِرَاق) دیاری کردوە [رواه ابو داود (٢/رقم/١٧٤٠) هكذا مختصرا والنسائي (١٢٥/٥) مطولا وهو حديث صحيح ، بروانه الإرواء (٩٩٨)].

(ذُو الحُلَيْفَة) دێیەکە (٤٥٠) کم لە مەککەوە دورە ، وە ئەمەیان دوور ترین شوێنی ئیحرام بەستنە .

وە(الجُحفَة) دێیەکە (١٨٧) کم لە (مَكّه)وە دورە ، ئێستا ڕوخاوە بۆیە خەڵکی ئەمڕۆ لە (رَابِغ)ەوە ئیحرام دەبەستن کە (٢٠٤) کم کە لە (مَكّه)وە دورە.

وە(قَرْنُ المَنَازِل) وە پێیشی دەوترێت (قَرْنُ الثَّعَالِب) (٩٤) کم لە(مَكّه)وە دورە .

وە(يَلَمْلَم) (٥٤) کم لە(مَكّه)وە دورە .

وە(ذَاتُ العِرْق) شوێنێکە لە نێوان ( نَجِد) و(تُهَامَة) دایە کە(٩٤) کم لە(مَكّه)وە دورە .

جا هەر کەسێك ویستی حەجج کردنی هەبوو نابێت لەو شوێنانە تێپەڕ بکات تا ئیحرام دەبەستێت ، وە باشیش نییە(مَكْرُوْه) لە پێش ئەو شوێنانە ئیحرام بەستن ، وە هەر چی فەرموودە هەیە لەو بارەوە کە هانی ئەوە دەدات کەوا لە پێش ئەو شوێنانە ئیحرام ببەسترێت هیچی (صَحِيْح)نییە بروانە [سلسلة الأحاديث الضعيفة (٢١٠/٢١٢)].

وە ئیمامی (مَالِك) کاتێك پیاوێك پرسیاری لیّ کرد کەوا ئیحرام پێش (ذُوالحُلَيْفَة) ببەسێت پێی فەرموو: وا مەکە ، چونکە من لێت دەترسم کەوا تووشی (فِتْنَة) ببیت ، ئەویش ووتی: ئەمە چی (فِتْنَه)یەکی تێدایە ، گشتی چەند میلێکە من زیادی دەکەم ؟ فەرمووی: جا چی (فِتْنَه)یەك لەوە گەورە ترە کە وا بزانیت تۆ پێش پێغەمبەری خوا کەوتویت لە چاکەیەکدا کە ئەو نەیکردبێت ؟ من بیستم خوای گەورە دەفەرمێ: ﴿ فَلْيَحْذَرِ الَّذِيْنَ يُخَالِفُوْنَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيْبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيْبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيْم ﴾ (النور: ٦٣) ).


منتدى إقرأ الثقافي

وە ئەوانەی کە لەوە نزیکترن ئەوە لە شوێنی خۆیانەوە ، ئیحرام دەبەستن وە خەڵکی (مَكَّه) لە (مَكَّه)وە ئیحرام دەبەستن (٤٧٥)

## ئەوەی حەرام دەبێت لە سەر کەسێك ئیحرام ببەستێت
## (مَايَحْرُمُ عَلَى الْمُحْرِمِ)

لە بەر کردنی کراس وکەوا وجوببە و لە سەر کردنی مێزەر و لە پێ کردنی دەرپێ و شەرواڵ وخوف و گۆرەوی - مەگەر کەسێك پشتە ماڵ (إِزَار) و نەعل و پێڵاوی نەبێت - ئەمە بۆ پیاو (٤٧٦)،

---

(٤٧٥) لە بەر فەرموودەکەی پێشووی (اِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) ، بڕوانە(پ٤٧٤) .

(٤٧٦) لە بەر فەرموودەکەی (اِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا پیاوێك ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەسێك ئیحرامی بەستبێت چی جل و بەرگێك لە بەر بکات ؟ پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی: (( لَا يَلْبَسُ الْقُمُصَ وَلاَ الْعَمَائِمَ وَلاَ السَّرَاوِيْلاَتِ وَلاَ الْبَرَانِسَ وَلاَ الْخِفَافَ ، إِلاَّ أَحَدٌ لاَ يَجِدُ نَعْلَيْنِ فَلْيَلْبَسْ خُفَّيْنِ وَلْيَقْطَعْهُمَا أَسْفَلَ مِنَ الْكَعْبَيْنِ ، وَلاَ تَلْبِسُوْا مِنَ الثِّيَابِ شَيْئَاً مَسَّهُ زَعْفَرَانٌ أَوْ وَرْسٌ )) واتە: هیچ جۆرە کراسێك لە بەر نەکات وە هیچ جۆرە مێزەرێکیش لە سەر نەکات وە هیچ جۆرە دەرپێ وشەرواڵێکیش لە پێ نەکات وە هیچ جۆرە کەوا وجوببەیەکیش لە بەر نەکات وە هیچ جۆرە خوف وگۆرەوییەکیش لە پێ نەکات ، مەگەر کەسێك نەعلی دەست نەکەوێت ئەوە با خوف لە پێ بکات و لە ژێر هەردوو قاپەڕەقەیەوە ببڕێتەوە ، وە هیچ جل و بەرگێکیش لە بەر مەکەن زەعفەران و (وَرْس)ی لێ درابێت [رواه البخاري ٣٠٢/٤٠١/١٥٤٢) ومسلم (٢/٨٣٤/١١٧٧)].

وە فەرموودەکەی (اِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) ووتاری دەدا لە عەرەفاتدا و دەیفەرموو: (( مَنْ لَمْ يَجِدِ النَّعْلَيْنِ فَلْيَلْبَسِ الْخُفَّيْنِ ، وَمَنْ لَمْ يَجِدْ إِزَاراً فَلْيَلْبَسْ سَرَاوِيْلَ لِلْمُحْرِمِ )) واتە: هەر کەسێك نەعلی نەبوو با خوف لە پێ بکات ، وە هەرکەسێکیش دەست ماڵ(إِزَار)ی نەبوو با شەرواڵ لە پێ بکات بۆ کەسێك ئیحرامی بەستبێت [رواه البخاري (٥٧/٤/١٨٤١) ومسلم (٢/ ٨٣٥/١١٧٨) وغيرهما].



منتدى إقرأ الثقافي

وە بۆ ئافرەتیش دروست نییە هەر دوو دەست و ڕوومەتی داپۆشێت[٤٧٧]، وە هەروەها بۆیان دروست نییە بۆنی خۆش لە خۆیان بدەن یان جل وبەرگێك لە بەر بکەن بۆنی خۆشی پێوە کرا بێت[٤٧٨] .

وە بۆ پیاو وئافرەت لابردنی تووکی لاشە دروست نییە ، ئیتر بە تاشینی بێت یان هەڵکەندنی ، مەگەر زۆر پێویست بێت[٤٧٩] ،

---

(إِزَار) : دەستماڵێکە لە جیاتی شەرواڵ لە ناووکەوە تا ئەژنۆ دادەپۆشێت .

(الوَرَس): گیایەکی زەردە ، بۆنێکی خۆشی هەیە ، بۆیاخی پێ دەکرێت .

(٤٧٧) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( .. وَلاَ تَنْتَقِبِ المَرْأَةُ المُحْرِمَةُ ، وَلاَ تَلْبَسِ القُفَّازَيْنِ )) واتە: نابێت ئافرەتێك ئیحرامی بەستبێت ڕوومەتی داپۆشێت و پەچە(نِقَاب)بکات و دەست کێشیش بکاتە هەر دوو دەستی [رواه البخاري (١٨٣٨/٥٢/٤) وغيره] .

بەڵام ئەگەر پیاو دای بە لایدا دەتوانێت ڕوومەتی داپۆشێت ، لە بەر فەرموودەکەی (فَاطِمَةُ بِنْتُ المُنْذِر) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: ئێمە ڕوومەتمان دادەپۆشی وئیحرامیشمان بەستوبوو ، وە لە گەڵ (أَسْمَاءُ بِنْتُ أَبُو بَكْرِ الصِّدِّيق)یشدا بووین [رواه مالك (٧٢٤/٢٢٤) والحاكم (٤٥٤/١) وهو أثر صحيح ، بروانە الإرواء (١٠٢٣)].

(٤٧٨) لە بەر فەرموودەکەی پێشووی (إِبْنُ عُمَر) ، بروانە(پ ٤٧٦) .

وە فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس)یش (خوایان لێ رازی بێت) ، بروانە(پ ٢٨٠) .

(٤٧٩) لە بەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة: ١٩٦) دا کە دەفەرمێ: ﴿ وَلاَتَحْلِقُوا رُؤُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الهَدْيُ مَحِلَّهُ ﴾ واتە: وە سەریشتان مەتاشن تا قوربانیەکانتان دەگاتە شوێنی خۆی – سەر دەبڕرێت – .

وە دروستە بۆ کەسێك ئازاری هەبێت لای بدات ، بەڵام (فِدْيَە)ی دەکەوێتە سەر ، وەك خوای گەورە هەر لەو ئایەتەی پێشووی (البقرة: ١٩٦)دا دەفەرمێ: ﴿ فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ بِهِ أَذًى مِنْ رَأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِنْ صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ ﴾ واتە: جا ئەگەر یەکێك لە ئێوە نەخۆش بوو یان ئازارێك لە سەریدا بوو ، ئەوە (فِدْيَە) بدات لە ڕۆژوو گرتن بێت یان بەخشین یان سەربڕین .

وە لە بەر فەرموودەکەی (كَعْبُ بنُ عُجْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا لە (حُدَيْبِيَە)دا پێش ئەوەی بچێتە (مَكَّة)وە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) تێپەڕ بوو بە لایدا ، ئەمیش لە ئیحرامدا بوو ، خەریك بوو ئاگری دەدایە ژێر قازان ، وە سپێ(ئەسپێ) بە ڕوومەتیدا دەهاتە



منتدى إقرأ الثقافي

**ونینۆك كردن(٤٨٠)، وجیماع كردن(٤٨١)، و كوشتنی نێچیری دەشتی هەروەها ئاماژە بۆ كردن و یارمەتی دان بۆ كوشتنی(٤٨٢)، وە خواردن لە نێچیرێك لە بەر ئەو ڕاو كرا بێت یان بە ئاماژە كردنی و یارمەتیدانی ئەو ڕاو كرا بێت(٤٨٣)،**

خوارەوە ، جا ئەویش فەرمووی : (( أَيُؤْذِيكَ هَوَامُّكَ هَذِهِ ؟ )) واتە: ئایا ئەو سپێیانەی سەرت ئازارت دەدەن ؟ ووتی: بەڵێ ، فەرمووی : (( فَاحْلِقْ رَأْسَكَ ، وَأَطْعِمْ فَرَقًا بَيْنَ سِتَّةِ مَسَاكِيْنَ _ وَالفَرْقُ ثَلَاثَةُ آصُعٍ _ أَوْ صُمْ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ ، أَوِ انْسُكْ نَسِيْكَةً )) واتە: دە سەرت بتاشە و (فَرْق)ێك خواردن دابەش بكە بە سەر شەش كەم دەستدا ، یان سێ ڕۆژ ڕۆژوو بگرە ، یان ئاژەڵێك سەر ببڕە [رواه البخاری (١٨١٤/١٢/٤) ومسلم (١٢٠١/٨٦١/٢) واللفظ له وغیرهما].

(فَرْق) : سێ (صَاع)ە ، وە هەر(صَاع)ێكیش (٢١٧٥) غرامە.

(٤٨٠) (إِبْنُ المُنْذِر) دەفەرمێ: زانایان یەكڕا(مُجْمِع)ن لە سەر حەرام بوونی نینۆك گرتن بۆ كەسێك لە ئیحرام دابێت ، [بڕ وانە (الإجماع لإبن المنذر (٥٧))].

(٤٨١) لە بەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة: ١٩٧)دا كە دەفەرمێ: ﴿ الحَجُّ أَشْهُرٌ مَعْلُوْمَاتٌ ، فَمَنْ فَرَضَ فِيْهِنَّ الحَجَّ فَلَا رَفَثَ وَلَافُسُوْقَ وَلَاجِدَالَ فِي الحَجِّ﴾ واتە: حەج كردن چەند مانگێكی زانراو و دیاری كراوە ، جا هەر كەسێك بڕیاری حەج كردنی دا – و ئیحرامی بەست – ئەوە نابێت جیماع و دەست بازی بكات ، وە نابێت كردار و گوفتاری خراپ بكات ، وە نابێت بەربەرەكانێ و دەمەقاڵەیش بكات لە حەجدا .

(٤٨٢) لە بەر فەرموودەی خوای گەورە كە لە سورەتی (المائدة: ٩٦)دا دەفەرمێ: ﴿ وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ البَرِّ مَا دُمْتُمْ حُرُمًا ﴾ واتە: وە حەرام كراوە لە سەرتان ڕاو كردنی نێچیری دەشتی تا بەردەوام لە ئیحرام كردندابن .

وە لە بەر فەرموودەكەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) كاتێك كە پرسیاریان لێ كرد لە بارەی ئەو جاشكە – كێویە –وە كە (أَبُو قَتَادَة) ڕاوی كردبوو كە خۆی لە ئیحرامدا نەبوو ، بەڵام ئەوان لە ئیحرامدا بوون: جا فەرمووی: (( أَمِنْكُمْ أَحَدٌ أَمَرَهُ أَنْ يَحْمِلَ عَلَيْهَا ، أَوْ أَشَارَ إِلَيْهَا ؟ )) واتە: ئایا كەستان فەرمانتان پێ كرد كەوا ڕاوی بكات ، یان ئاماژەتان بۆی كرد ؟ ووتیان: نە ء ، فەرمووی: (( فَكُلُوْا )) واتە: دە بیخۆن [رواه البخاری (١٨٢٤/٢٨/٥) ومسلم (١١٩٦/٨٥٣/٢) وغیرهما].

(٤٨٣) لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو قَتَادَة) پێشوو ، بڕوانە (پ ٤٨٢) .



منتدى إقرأ الثقافي

وکردار و گوفتاری خراپ و بەربەرەکانێ ودەمەقاڵە کردن[٤٨٤] ، وە ژن مارەبڕین نە بۆ خۆی و نە بۆ کەسی تریش ، وە نەداوایشی بکات[٤٨٥] ، وە ئەگەر کەسێك لە ئیحرامدا بوو ونێچیرێکی کوشت ئەوە دەبێت لە تۆڵەی ئەو کارەی دا ئاژەڵێکی وەکو خۆی سەر ببڕێت ، کەوا دوو پیاوی دادپەروەر بڕیاری لە سەر بدەن[٤٨٦] .

وە فەرموودەکەی (الصَّعْبُ بنُ جَثَّامَةَ اللَّيْثِيّ) (خوای لێ رازی بێت) کەوا گوێ درێژێکی کێوی پێشکەش کرد بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك لە (الأبْواء)دا بوو – یان لە (وَدَّان) – جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لێی وەرنەگرت ، جا کاتێك بینی دەم وچاوی تێك چوو ، فەرمووی: (( إِنَّا لَمْ نَرُدَّهُ إِلَّا أَنَّا حُرُم )) واتە: ئێمە نەمانگێڕایەوە بۆت تەنها لە بەر ئەوە نەبێ کەوا من لە ئیحرام دام [رواه البخاري (١٨٢٥/٣١/٤) ومسلم (١١٩٣/٨٥٠/٢)].

(الأبْواء) و (وَدَّان): دوو جێگان لە نێوان (مَكَّە) و (مَدِينَە) دایە .

(٤٨٤) لە بەر فەرموودەی خوای گەورە ، بڕوانە (پ ٤٨١) .

(٤٨٥) لە بەر فەرموودەکەی (عُثْمَانُ بنُ عَفَّان) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لاَ يَنْكِحُ المُحْرِمُ وَلاَ يُنْكَحُ وَلاَ يَخْطُبُ )) واتە: کەسێك لە ئیحرامدا بێت ، نابێت ژن مارە ببڕێت نە بۆ خۆی ، وە نە بۆ کەسی تریش ، وە نابێت داوایشی بکات [رواه مسلم (١٤٠٩/١٠٣٠/٢)].

وە فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) کە دەفەرمێ: (( أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) تَزَوَّجَ مَيْمُونَةَ وَهُوَ مُحْرِمٌ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ئیحرامدا بوو ومارەی (مَيْمُونَة)یشی بڕی [رواه البخاري (١٨٣٧/٥١/٤) ومسلم (١٤١٠/١٠٣٢/٢)] .

ئەم فەرموودەیە دژی فەرموودەکەی (مَيْمُونَةُ بِنْتُ حَارِث)ە (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) تَزَوَّجَهَا وَهُوَ حَلاَلٌ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ئیحرامدا نەبوو کاتێك مارەی بڕی [رواه مسلم (١٤١١/١٠٣٢/٢)] .

جا بێ گومان فەرموودەکەی (مَيْمُونَة) پێش فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) دەخرێت ، (خوایان لێ رازی بێت) ، چونکە (مَيْمُونَة) خۆی خاوەن بەسەرهاتەکەیە ، وە فەرموودەکەی ئیمامی (عُثْمَان)یش کە باسمان کرد ئەوە بە هێز دەکات .

(٤٨٦) لە بەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (المائدة: ٩٥)دا دەفەرمێ: ﴿ وَمَنْ قَتَلَهُ مِنكُمْ مُتَعَمِّدًا فَجَزَاءٌ مِثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ النَّعَمِ ، يَحْكُمُ بِهِ ذَوَا عَدْلٍ مِنْكُمْ ، هَدْيًا


منتدى إقرأ الثقافي

**وە ئەگەر کەسێك لە حەجدا جیماعی کرد پێش ڕەجم کردنی شەیتانی گەورە(جَمْرَةُ العَقَبَة) ، ئەوە حەججەکەی بەتاڵ دەبێت ، وە ساڵی داهاتوو دەبێت بگەڕێتەوە بۆ حەج و قوربانی(هَدْي)یەکیش بکات ، بەڵام ئەگەر پاش ڕەجمی شەیتانی گەورە و پێش سوورپخوار دنەوە(طَوَاف)ی(الإفَاضَة) جیماعی کرد ، ئەوە بەتاڵ نابێتەوە ، بەڵام دەبێت ووشترێك بکاتە قوربانی(هدی)[٤٨٧] .**

---

بَالِغَ الكَعْبَةِ ، أَوْ كَفَّارَةٌ طَعَامُ مَسَاكِيْنَ ، أَوْ عَدْلُ ذَلِكَ صِيَامَاً ، لِيَذُوْقَ وَبَالَ أَمْرِهِ ، عَفَا اللهُ عَمَّا سَلَفَ ، وَمَنْ عَادَ فَيَنْتَقِمُ اللهُ مِنْهُ ، وَاللهُ عَزِيْزٌ ذُو انْتِقَامٍ ﴾ واتە: وە هەر کەسێکتان ئەگەر بە قەستەوە نێچیرێك بکوژێت ، ئەوە دەبێت ئاژەڵی لە وێنەی خۆی لە جیاتیدا بدات ، کە دوو کەسی دادپەروەر بڕیاری لە سەر بدەن ، قوربانیەك بگاتە (مَکّە) – لەوێدا سەری ببڕ ێت – یان _ بە ئەندازەی ئەو نێچیرە _ خواردن بە هەژار و کەم دەستان بدات یان بە ئەندازەی ئەوە بە ڕۆژوو بێت تا سزای ئەو کارەی بچێژێت ، خوای گەورە لەوەی پێشوو خۆش بوو ، وە هەر کەسێك دوو بارەی بکاتەوە ، ئەوە خوای گەورە تۆڵەی لێ دەسێنێتەوە ، وە خوایش بە دەسەڵات و تۆڵە سێنە .

(٤٨٧) لە بەر فەرموودەکەی (عَمْرو بنُ شُعَيْب) لە باوکیەوە: کەوا پیاوێك هاتە لای (عَبْدُاللهِ بنِ عَمْرُو) وپرسیاری لێ کرد لە بارەی کەسێکەوە کە لە ئیحرامدا بێت و(جِمَاع)ی لە گەڵ خێزانەکەیدا کرد بێت ، جا ئاماژەی بۆ(عَبْدُاللهِ بنِ عُمَر) کرد ، فەرمووی: بڕۆ بۆ لای ئەوە پرسیاری لێ بکە ، (شُعَيْب) ووتی: جا پیاوەکە ئەوی نەناسی ، بۆیە منیش لە گەڵیدا ڕۆیشتم ، جا پرسیاری لە(إبْنُ عُمَر) کرد (خوایان لێ رازی بێت) ، ئەویش فەرمووی: حەججەکەت بەتاڵ بوەتەوە ، پیاوەکە ووتی: جا چی بکەم ؟ فەرمووی: لە گەڵ خەڵکیدا دەربچۆ ، ئەوەی ئەوان کردیان بیکە ، جا ئەگەر پێیدا گەیشتی ساڵی داهاتوو حەج بکە وقوربان(هَدْي)ی سەر ببڕە ، جا گەڕایەوە بۆ لای (عَبْدُاللهِ بنِ عَمْرُو) ، ومنیش لە گەڵیدا بووم ، وەڵامەکەی ئەوی بۆ باس کرد ، جا پێی فەرموو: بڕۆ بۆ لای (إبْنُ عَبَّاس) پرسیاری لێ بکە ، (شُعَيْب) ووتی: منیش لە گەڵیدا ڕۆیشتم بۆ لای (إبْنُ عَبَّاس) ، جا پرسیاری لێ کرد ، ئەویش ئەوەی پێ فەرموو کە(عَبْدُاللهِ بنِ عُمَر) پێی فەرموو: جا گەڕایەوە بۆ لای (عَبْدُاللهِ بنِ عَمْرُو) (خوایان لێ رازی بێت) و منیش لە گەڵیدا بووم ، وەڵامەکەی (إبْنُ عَبَّاس)یشی بۆ باس


منتدى إقرأ الثقافي

..........................

کرد ، پاشان ووتی : ئەی تۆ چی دەڵێی ؟ ئەویش فەرمووی: منیش ئەوە دەڵێم کە ئەوان ووتیان [رواه البيهقي (١٦٧/٥) وهو حديث صحيح ، بڕوانە الإرواء (٢٣٤/٤)].

وە لە (إبْنُ عَبَّاس)ەوە دەیگێڕنەوە کەوا پرسیاریان لیٚ کرد: لە بارەی پیاوێکەوە کە لە ئیحرامدا بووە و جیماعی لە گەڵ خێزانەکەی خۆیدا کردووە ، کاتێك لە(مِنَى)دا بوو پێش ئەوەی (طَوَافُ الإِفَاضَة) بکات ، جا (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لیٚ رازی بێت) فەرمانی پیٚ کرد کەوا ووشترێك سەر ببڕێت [رواه البيهقي (١٧١/٥) وهو حديث صحيح ، بڕوانە الإرواء(١٠٤٤)] .

وە ئەگەر کەسێك ووشتر یان شەکی دەست نەکەوت ، ئەوە لە سەرێتی سیٚ ڕۆژ ڕۆژوو لە حەجدا بگرێت وحەوتیش ئەگەر گەڕایەوە ماڵی خۆی ، لە بەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة: ١٩٦)دا کەوا دەفەرمیٚ: ﴿ فَمَنْ تَمَتَّعَ بِالعُمْرَةِ إِلَى الحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الهَدْيِ ، فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاَثَةِ أَيَّامٍ فِي الحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ..﴾ واتە: جا ئەگەر کەسێك بە کۆتایی پیٚ هاتنی عومرەکەیدا (تَمَتُّع)بکات تا کاتی حەج ، ئەوە چەندێك پێی هەڵدەسوڕێت قوربانیەك بکات ، جا ئەگەر یەکێك دەستی نەکەوت ، ئەوە با سیٚ ڕۆژ ڕۆژوو لە حەجدا بگرێت وحەوت ڕۆژیش ئەگەر گەڕانەوە ماڵەوە ،...

وە دەتوانێت سیٚ ڕۆژەکەی دوای جەژن(أَيَّامُ التَّشْرِيْق)یش بگرێت ، لە بەر فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر و عَائِشَة)(خوایان لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرموویانە: (( لَمْ يُرَخَّصْ فِي أَيَّامِ التَّشْرِيْقِ أَنْ يُصمْنَ إِلاَّ لِمَنْ لَمْ يَجِدِ الهَدْيَ )) واتە: ڕوخسەت نەدراوە لە ڕۆژانی (تَشْرِيْق)دا ڕۆژوو بگیرێت ، مەگەر بۆ کەسێك قوربانی دەست نەکەوێت [رواه البخاري (١٩٩٧/٢٤٢/٤)].

## تێبینی:

پیاو و ئافرەت لە مەسەلەی جیماعدا یەکسانن ، کە واتە ئافرەتیش ئەو (حُكْم)انەی پێشووی بە سەر پێویست(وَاجِب) دەبێت ، مەگەر پیاوەکەی زۆری لیٚ کردبێت ، ئەوە لەو حاڵەتەدا قوربانی لە سەر نییە و حەجەکەیشی تەواوە .

(سَعِيْدُ بنُ جُبَيْر) فەرمووی: پیاوێك هاتە لای (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لیٚ رازی بێت) ووتی: (جِمَاع)م کرد لە گەڵ خێزانەکەمدا پێش ئەوەی زیارەت بکەم ، ئەویش فەرمووی: ئەگەر یارمەتیتی نەدابێت ئەوە تەنها تۆ ووشترێکی جوانی چاکت لە سەرە [رواه البيهقي (١٦٨/٥)].


منتدى إقرأ الثقافي

## ئەوانەی لە هەردوو حەرەمدا (مَكَّه) و(مَدِيْنَة)(٤٨٨) حەرام کراوە (مَحْظُورَاتُ الحَرَمَيْنِ)

حەرامە نێچیر(ڕاو)کردنی ئاژەڵ وبالندەی حەرەم و ڕاونانی و یارمەتی‌دان لە سەر ڕاو کردنی ، وە بڕینی ڕوەك ودرکی مەگەر زۆر پێویست بێت ، وە هەڵگرتنی چەك بۆ جەنگ کردن ، وە هەڵگرتنی شتی دۆزراوە بۆ کەسانێك خەڵکی ئەوێ نەبن ، بەڵام بۆ خەڵکی حەرەم دروستە بەو مەرجەی پێناسەی بکات(٤٨٩).

(٤٨٨) (عَبَّادُ بنُ تَمِيْم) لە مامیەوە دەگێڕێتەوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((إِنَّ إِبْرَاهِيْمَ حَرَّمَ مَكَّةَ وَ دَعَا لَهَا ، وَإِنِّي حَرَّمتُ المَدِيْنَةَ كَمَا حَرَّمَ إِبْرَاهِيْم مَكَّةَ )) واتە: (إِبْرَاهِيْم) (مَكّه)ی حەرام کرد و دوعای بۆ کرد ، منیش (مَدِيْنَه)م حەرام کرد ، هەروەکو(إِبْرَاهِيْم) (مَكّه)ی حەرام کرد [رواه البخاري ومسلم وغيرهما بڕوانە (إرشاد الساري) لمحمد إبراهيم شقرة] .

کەوا بوو حەرام کردنی(مَدِيْنَه) لە لایەن خوای پەروەردگارەوە ڕوخسەتی پێ دراوە ، وە درووست نییە بە هیچ شوێنێکی تر بوترێ حەرەم جگە لەم دوو شوێنە . چونکە هیچ بەڵگەیەکی شەرعی لە سەر نییە ، وە حەرام کردنیش شەرعە و بە بێ دەق(نَص)ی قورئان و سوننەت درووست نییە .

(٤٨٩) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕۆژی (فَتْح مَكّه)دا فەرمووی: (( إِنَّ هَذَا البَلَدَ حَرَّمَهُ اللهُ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ ، فَهُوَ حَرَامٌ بِحُرْمَةِ اللهِ إِلَى يَوْمِ القِيَامَةِ ، وَإِنَّهُ لَمْ يَحِلَّ القِتَالُ لِأَحَدٍ قَبْلِي ، وَلَمْ يَحِلَّ لِي إِلاَّ سَاعَةً مِنْ نَهَارٍ ، فَهُوَ حَرَامٌ بِحُرْمَةِ اللهِ إِلَى يَوْمِ القِيَامَةِ ، لاَ يُعْضَدُ شَوْكُهُ ، وَلاَ يُنَفَّرُ صَيْدُهُ ، وَلاَ يَلْتَقِطُ لُقْطَتَهُ إِلاَّ مَنْ عَرَّفَهَا ، وَلاَ يُخْتَلَى خَلاَهَا ، فَقَالَ العَبَّاسُ: يَا رَسُوْلَ اللهِ ، إِلاَّ الإِذْخِرَ ، فَإِنَّهُ لِقَيْنِهِمْ وَبُيُوْتِهِمْ ، فَقَالَ: إِلاَّ الإِذْخِرَ )) واتە: بە ڕاستی ئەم وڵاتە خوای گەورە حەرامی کردوە لەو ڕۆژەوە کە ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێناوە ، جا ئەو حەرام بووە بەو حەرام کردنەی خوای گەورە تا ڕۆژی قیامەت ، وە جەنگ کردنیشی تێدا حەڵاڵ نەکراوە بۆ هیچ کەسێك پێش من ، وە بۆ منیش حەڵاڵ نەبووە تەنها ساتێك نەبێت لە ڕۆژێکدا ، جا ئەو حەرام بووە بەو حەرام


منتدى إقرأ الثقافي

............................

کردنەی خوای گەورە تا ڕۆژی قیامەت ، دڕکی هەڵناکێشرێت ، وە نێچیری ڕاو نانرێت ، وە دۆزراوەی هەڵناگرێت مەگەر لە لایەن کەسێکەوە پێناسەی بکات ، وە گیا و ڕوەکیشی نابڕرێت . جا (عبَّاس) ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا جگە لە(إذْخِر) ، چونکە ئەوە بۆ(قَیْـن) و ماڵەکانیان بە کار دەهێنن ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی: جگە لە(إذْخِـر) [رواه البخاري (١٨٣٤/٤٦/٤) ومسلم (١٣٥٣/٩٨٦/٢) والنسائي (٢٠٣/٥)]. (إذْخِر): ڕوەکێکی بۆن خۆشە ، (قَیْن): ئاسنگەری و ئاڵتوون چێتی .

وە فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لاَ یَحِلُّ لأَحَدِکُمْ أنْ یَحْمِلَ بِمَکَّةَ السِّلاَحَ )) واتە: حەڵاڵ نییە بۆ هیچ کەسێکتان کەوا چەك لە(مکە)دا هەڵبگرێت [رواه مسلم (١٣٥٦/٩٨٩/٢)].

وە فەرموودەکەی (علي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بارەی (مَدِیْنَە)وە فەرمووی: (( لاَ یُخْتَلَى خَلاَهَا ، وَلاَ یُنَفَّرُ صَیْدُهَا ، وَلاَ تُلْتَقَطُ لُقْطَتُهَا إلاَّ لِمَنْ أشَادَ بِهَا (أنْشَدَهَا) ، وَلاَ یَصْلُحُ لِرَجُلٍ أنْ یَحْمِلَ فِیهَا السِّلاَحُ لِقِتَالٍ ، وَلاَ یَصْلُحُ أنْ یَقْطَعَ مِنْهَا شَجَرَةً إلاَّ أنْ یَعْلَفَ رَجُلٌ بَعِیْرَهُ )) واتە: گیا و ڕووەکی هەڵناکێشرێت ، وە نێچیری ڕاو نانرێت ، وە دۆزراوەیشی هەڵناگیرێت ، مەگەر کەسێك بانگی بۆ بکات و پێناسەی بکات ، وە دروست نییە بۆ هیچ پیاوێك چەکی تێدا هەڵبگرێت بۆ جەنگ ، وە دروست نییە هیچ دارێکی لێ ببڕرێت ، مەگەر پیاوێك بۆ خۆراك – ئالف – ی ووشترەکەی بیبڕێت [رواه أبو داود(٢/رقم/٢٠٣٥) وهوحدیث صحیح ، بڕوانە صحیح ابی داود(١٧٩٠)].

وە فەرموودەکەی (أنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( المَدِیْنَةُ حَرَمٌ مِنْ کَذَا إلَى کَذَا ، لاَ یُقْطَعُ شَجَرُهَا ، وَلاَ یُحْدَثُ فِیهَا حَدَثٌ ، مَنْ أحْدَثَ فِیهَا حَدَثاً فَعَلَیْهِ لَعْنَةُ اللهِ وَالمَلاَئِکَةِ وَالنَّاسِ أجْمَعِیْنَ )) واتە: (مَدِیْنَە) حەرەمە لەوێوە بۆ ئەوێ ، داری نابڕرێت ، وە هیچ داهێنراو (بِدْعَە)یێکی تێدا ناکرێت ، وە هەر کەسێکیش داهێنراوێکی تێدا بکات ئەوە نەفرەت(لَعْنَة)ی خوای گەورە و فریشتەکان وهەموو خەڵکی لە سەر بێت [رواه البخاري (١٨٦٧/٨١/٤) ومسلم (١٣٦٦/٩٤٤/٢)].

**تێبینی:**

(١) ئەو شتانەی کە لە فەرموودەکەدا حەرام کراوە بۆ هەموو کەسێکە ئیتر خەڵکی(مکە) و(مَدِیْنَە) بێت ، یان بۆ حەجج وعومرە هاتبێت بۆ ئەوێ ، یان بۆ هەر مەبەستێکی تر ..


منتدى إقرأ الثقافي

# چۆنێتی حەج کردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟
# (كَيْفِيَةُ حَجُّ النَّبِيّ (ﷺ)؟)

لە فەرموودەکەی (جَابِر)دا (خوای لێ ڕازی بێت) بە درێژی باسی حەج کردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکات(٤٩٠).

---

(٢) هەر کەسێك یەکێ لەو حەرامانە بکات ئەوە تاوان بار بووە وپێویستە لە سەری پەشیمان ببێتەوە و داوای لێ بوردن بکات لە خوای گەورە، تەنها بۆ نێچیرەکە نەبێت ئەوە جگە لە(تَوْبَة وإِسْتِغْفَار)ەکە پێویستە لە سەری خوێن بدات، وەکو لە(پ ٤٨٦) باسمان کرد.

(٣) ئەو گیان لە بەرانەی زیانیان هەیە، کوشتنیان دروستە لە هەموو حەرەمدا، لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( خَمْسٌ فَوَاسِقُ يُقْتَلْنَ فِي الحَرَمِ : الفَأْرَةُ ، وَالعَقْرَبُ ، وَالحُدَيَّا ، وَالغُرَابُ ، وَالكَلْبُ العَقُوْر )) واتە: پێنج (فَاسِق) هەیە دروستە لە( حەلاڵ و) حەرەمدا بکوژرێن: مشك و دوو پشك(کولاژدم) و کۆلارە و قەلەباچکە(قەلەبازەڵە) و سەگی هار(گەزندە) [رواه البخاري (٦/٣٥٥/٣٣١٤) ومسلم (٢/٨٥٦/١١٩٨) وغيرهما بألفاظ مختلفة].

وە لە ڕیوایەتێکی ئیمامی(مسلم و أحمد)دا، ماریشی تێدایە.

وە سەگی دڕندە و هار، پڵنگ و شێرو گورگ و ئەو جۆرە دڕندانە دەگرێتەوە.

[بڕوانە شرح مسلم للنووي وشرح البخاري للعسقلاني]

وە(فَاسِق): مەبەست پێی لێرەدا ئەوەیە کەوا ئەم گیان لە بەرانە لە حوکمی گیان لە بەرەکانی تر دەردەچن و جیا دەکرێنەوە، بەوەی زیان بەخش وبێ سوودن ..[بڕوانە سبل السلام للصنعاني].

(٤٩٠) (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) (خوایان لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نۆ(٩)ساڵ مابووەوە حەججی نەکردبوو، پاشان لە دە(١٠)یەم ساڵدا بانگ درا بە ناو خەڵکیدا کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەج دەکات، جا خەڵکێکی زۆر هاتن بۆ (مَدِيْنَة) هەموویان دەیانویست شوێنی پێغەمبەری خوا بکەون (ﷺ)، وەکو کردارەکانی ئەو بکەن، جا لە گەڵیدا دەرچووین تا گەیشتین بە(ذُو الحُلَيْفَة)، لەوێدا (أَسْمَاءُ بِنْتُ عُمَيْس) – کەوتە


منتدى إقرأ الثقافي

زەیسانیەوە وە – (مُحَمَّدُ بنُ أبِي بَكر)ی بوو ، جا هەواڵی بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) نارد کەوا چی بکەم ؟ فەرمووی : (( (( إغْتَسِلِي وَاسْتَثْفِرِي بِثَوْبٍ وَأحْرِمِي )) واتە: خۆت بشۆ و خۆت بە جلێك باش بپێچەوە و ئیحرام ببەستە . جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لە مزگەوتدا کرد ، پاشان سواری ووشترەکەی( القَصْوَاء )بوو ، تا ووشترەکەی گەیشتە بیابان تەماشام کرد چەند چاووم بڕ بکات خەڵکیم لە پێشیەوە بینی بە سواری و بە پێیش ، وە لە لای ڕاستیشەوە هەر وەها ، وە لە لای چەپیشیەوە هەر وەها ، وە لە پشتیشیەوە هەروەها ، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نێوانماندا بوو وقورئانیشی بە سەردا دادەبەزی ، وە ئەو خۆی تەفسیرەکەی دەزانی وە بە هەر چی کاری بکردایە ئێمەش کارمان پێ دەکرد ، جا (إهْلَال)ی بە یەکتاپەرستی دەکرد بە: (( لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْك ، لَبَّيْكَ لاَ شَرِيْكَ لَكَ لَبَّيْك ، إنَّ الحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ لَكَ وَالمُلْك ، لاَ شَرِيْكَ لَكَ )) جا خەڵکیش بەوە (إهْلَال)یان دەکرد کە ئەو دەیکرد ، جا پێغەمبەری خوا ( ﷺ) هیچ (رَدّ)ێکی نەدەدانەوە ، وە بەردەوام دەبوو لە سەر (تَلْبِيَة) کردنی خۆی .

جا (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: ئێمە تەنها نیەتمان حەج کردن بوو ، عومرەمان نەدەزانی ، تا لە گەڵیدا گەیشتینە لای کەعبە دەستی گرتە ڕوکنەوە و سێ جار (طَوَاف)ی کرد بەڕاکردنێکی لە سەرخۆ ، وە چوار جاریش بەڕێ کردن ، پاشان گەیشتە لای شوێنی ڕا وەستانەکە(مَقَام)ی (إبْرَاهِيم) (عَلَيْهِ السَّلَام) ، جا ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ وَاتَّخِذُوا مِنْ مَقَامِ إبْرَاهِيمَ مُصَلًّى ﴾ (البقرة: ١٢٥) جا (مَقَام)ی خستە نێوان خۆی و ماڵی خواوە و دوو ڕکات نوێژی لەوێدا کرد ، پاشان گەڕایەوە بۆ لای ڕوکنەکە و دەستی پێوەگرت ، پاشان دەرچوو بۆ(صَفَا) ، جا کە نزیك بویەوە لە (صَفَا)وە ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿ إنَّ الصَّفَا وَالمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ الله ﴾ (البقرة: ١٥٨) ، وە فەرمووی: (( أبْدَأُ بِمَا بَدَأَ اللهُ بِهِ )) واتە: لەو شوێنەوە دەست پێ دەکەم کە خوای گەورە دەستی پێ کردوە . جا لە(صَفَا)وە دەستی پێ کرد و چووە سەری تا(كَعْبَە)ی بینی ، وە ڕووی کرد لە قیبلە وتەنهاپەرستی خوای دەکرد و(تَكبِير)ی دەکرد و فەرمووی: (( لاَ إلَهَ إلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِير ، لاَ إلَهَ إلاَّ اللهُ وَحْدَهُ ، أنْجَزَ وَعْدَهُ وَنَصَرَ عَبْدَهُ وَهَزَمَ الأحْزَابَ وَحْدَهُ )) پاشان دوعای لە نێوان ئەوەدا دەکرد و سێ جار ئەمەی دوو بارە کردەوە ، پاشان دابەزی بۆ (مَرْوَە) تا پێی گەیشتە ناو دۆڵەکەی


منتدى إقرأ الثقافي

........................
........................

نێوانیان دەستی بە ڕاکردنێکی لە سەرخۆ کرد تا گەیشتە سەرەوە ، بە ڕێکردن ڕۆیشت تا گەیشتە(مَرْوَه) ، جا لە سەر (مَرْوە)یش ئەوەی کرد کە لە سەر (صَفَا) کردی ، تا وەکو دواین جار – جاری حەوتەم – ی کۆشش(سَعْي)کردنەکەی لە سەر (مَرْوە) کۆتایی پێ هێنا ، فەرمووی: (( لَوْ أَنِّي اسْتَقْبَلْتُ مِنْ أَمْرِي مَا اسْتَدْبَرْتُ ، لَمْ أَسُقِ الهَدْيَ وَجَعَلْتُهَا عُمْرَةً ، فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ لَيْسَ مَعَهُ هَدْيٌ فَلْيَحِلَّ وَلْيَجْعَلْهَا عُمْرَةً )) واتە: ئەوەی ئێستا دەیزانم ئەگەر لە پێشدا بمزانیایە ، ئەوە قوربانیەکانم نەدەهێنا و دەمکردە عومرە ، جا هەر کەسێکتان قوربانی پێ نییە با ئیحرام بکاتەوە وبیکاتە عومرە . جا (سُرَاقَةُ بنُ مَالِكِ بْنِ جُعْشُم) هەڵسا و ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ، ئەمە هەر بۆ ئەم ساڵەمانە یا بۆ هەتا هەتایی ؟ پێغەمبەری خوایش (ﷺ) پەنجەکانی بەناو یەکدا کرد و فەرمووی: (( دَخَلَتِ العُمْرَةُ فِي الحَجِّ )) واتە: عومرە تێکەڵ بەهەج بوو . دوو جار دووبارەی کردەوە ، وە فەرمووی: (( لاَ ، بَلْ لِأَبَدِ أَبَدٍ )) واتە: نەء ، بەڵکو بۆ هەتا هەتایی .

جا (عَلِي) لە (يَمَن)ەوە هاتەوە بە ووشترەکانی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) جا بینی (فَاطِمَة) (خوای لێ رازی بێت) لەوانەن کە ئیحرامیان کردوەتەوە وجل و بەرگێکی ڕەنگکراوی لەبەر کردوە و چاوی ڕەشتوە ، جا ئەو کارەی (فَاطِمَة)ی بە دڵ نەبوو ، ئەویش ووتی: من باوکم فەرمانی ئەمەی پێ کردوم ، جا (عَلِي) لە(عِرَاق) دەیفەرموو: جا منیش ڕۆیشتم بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە دڵ گرانییەوە لە(فَاطِمَة) بە هۆی ئەو کارەیەوە کە کردبووی ، تا وەکو پرسیار لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەم لەوەی (فَاطِمَة) لە بارەیەوە ووتوبوی ، ووتی : جا پێم ڕاگەیاند کە من ئەو کارەیم بە دڵ نەبووە ..، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( صَدَقَتْ ، صَدَقَتْ ، مَاذَا قُلْتَ حِينَ فَرَضْتَ الحَجَّ ؟ )) واتە: (فَاطِمَة) ڕاستی کرد ، ڕاستی کرد ، چیت ووت کاتێك کە حەجت فەرز کرد ؟ ووتم: (( اللَّهُمَّ ، إِنِّي أُهِلُّ بِمَا أَهَلَّ بِهِ رَسُولُكَ )) واتە: ئەی خوای گەورە من (إِهْلاَل)دەکەم بەوەی پێغەمبەرەکەت (إِهْلاَل)ی پێ کردوە . جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( فَإِنَّ مَعِيَ الهَدْيَ فَلاَ تَحِلَّ )) واتە: دەی من قوربانیم پێیە ، تۆیش ئیحرام مەکەرەوە ، (جَابِر) فەرمووی: جا ئەو کۆمەڵە قوربانییەی کە(عَلِي) لە(يَمَن)ەوە هێنابووی بۆ پێغەمبەری خوا ( ﷺ) سەد(١٠٠)دانە بوو ، جا خەڵکی هەمووی ئیحرامیان کردەوە و موی سەریان کورت کردەوە ، جگە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەوا قوربانی(هَدْي)پێ بوو ،


منتدى إقرأ الثقافي

..............................

جا کە ڕۆژی (التَّرْوِيَة) - ڕۆژی هەشتەمی مانگی ذي الحجّة - هات کەوتنە ڕێ بۆ (مِنَى) و ئیحرامی حەجیان بەست ، وە پێغەمبەری خوایش (ﷺ) سوار بوو بۆ (مِنَى) و نوێژی نیوەڕۆ و عەسر و مەغریب وعیشا و بەیانی لەوێ پێ کردن ، پاشان ماوەیەکی کەم مایەوە تا خۆر هەڵهات ، وە فەرمانی کرد کەوا بەیداخێکی لە(نَمِرَه)دا بۆ هەڵدرێت ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەوتە ڕێ ، و (قُرَيْش)ێکان گومانیان لەوەدا نەبوو کەوا لە لای (مَشْعَرِ الحَرَام)دا ڕادەوستێت وەك (قُرَيْش)ێکان وایان دەکرد لە کاتی نەفامیدا ، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) تێپەڕی کرد تا هاتە لای (عَرَفَة) بینی بەیداخەکەیان بۆ هەڵداوە لە (نَمِرَه) ، جا لەوێدا مایەوە تا خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان لایدا ، وە فەرمانی کرد کەوا ووشترەکە(قَصْوَاء)ی بۆ ئامادە بکەن ، جا هاتە ناو دۆڵەکەوە - دۆڵی (عُرَنَة) - جا ووتاری بۆ خەڵکی دا و فەرمووی: (( إنَّ دِمَائَكُمْ وَأَمْوَالَكُمْ عَلَيْكُمْ حَرَامٌ ، كَحُرْمَةِ يَوْمِكُمْ هَذَا فِي شَهْرِكُمْ هَذَا ، فِي بَلَدِكُمْ هَذَا ، أَلاَ كُلُّ شَيْءٍ مِنْ أَمْرِ الجَاهِلِيَّةِ تَحْتَ قَدَمَيَّ مَوْضُوعٌ ، وَدِمَاءُ الجَاهِلِيَّةِ مَوْضُوعَةٌ ، وَإِنَّ أَوَّلَ دَمٍ أَضَعُ مِنْ دِمَائِنَا دَمُ إِبْنِ رَبِيعَةَ بْنِ الحَارِثِ ، كَانَ مُسْتَرْضِعاً فِي بَنِي سَعْدٍ فَقَتَلَتْهُ هُذَيْلٌ ، وَرِبَا الجَاهِلِيَّةِ مَوْضُوعٌ ، وَأَوَّلُ رِباً أَضَعُ رِبَانَا ، رِبَا عَبَّاسِ بْنِ عَبْدِ المُطَّلِبِ ، فَإِنَّهُ مَوْضُوعٌ كُلُّهُ ، فَاتَّقُوا اللهَ فِي النِّسَاءِ ، فَإِنَّكُمْ أَخَذْتُمُوهُنَّ بِأَمَانِ اللهِ ، وَاسْتَحْلَلْتُمْ فُرُوجَهُنَّ بِكَلِمَةِ اللهِ ، وَلَكُمْ عَلَيْهِنَّ أَنْ لاَ يُوطِئْنَ فُرُشَكُمْ أَحَداً تَكْرَهُونَهُ ، فَإِنْ فَعَلْنَ ذَلِكَ فَاضْرِبُوهُنَّ ضَرْباً غَيْرَ مُبَرِّحٍ ، وَلَهُنَّ عَلَيْكُمْ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالمَعْرُوفِ ، وَقَدْ تَرَكْتُ فِيكُمْ مَا لَنْ تَضِلُّوا بَعْدَهُ إِنِ اعْتَصَمْتُمْ بِهِ ، كِتَابَ اللهِ ، وَأَنْتُمْ تُسْئَلُونَ عَنِّي فَمَا أَنْتُمْ قَائِلُونَ ؟ )) واتە: بە ڕاستی خوێنتان ومالتان لە سەر یەکتری حەرامە ، وەکو حەرام بونی ئەم ڕۆژە ، لەم مانگەدا ، لەم ولاتەدا ، بزانن کەوا هەموو شتێکی نەفامیی خرایە ژێر پێکانم ، وە خوێنەکانی نەفامیی هەموو ڕۆیشت _ بەتاڵ بویەوە _ وە یەکەم خوێنێك لە خوێنەکانمان - خوێنەکانی تیرەی بَنِي هَاشِم - کە لایدەدەم و داوای ناکەینەوە ، خوێنی (إِبْنُ رَبِيعَة بْنُ الحَارِث) کە شیری خۆر بوو لە لای (بَنِي سَعْد) ، وە(هُذَيْل) کوشتیان . وە هەرچی سوود(رِبَا)ی نەفامی هەیە فەوتا وڕۆیشت - بەتاڵ بویەوە - وە نابێت داوای بکرێتەوە ، وە یەکەم سوود(رِبَا)یێك کە فەوتا و ئیتر داوا ناکرێتەوە (رِبَا)کانی (عَبَّاسُ بنُ عَبْدِ المُطَّلِب)ە ، کە هەمووی فەوتا وئیتر داوای ناکاتەوە . وە تەقوای خوا بکەن لە ئافرەتاندا ، چونکە ئێوە بە ئەمانەتی خوا بردویانتانە ، وە


منتدى إقرأ الثقافي

.......................................

عەورەتیانتان بە ووشەی خوا – کە ئایەتی: ﴿ وَأَنْكِحُوا مَا طَابَ لَكُم ﴾ – حەلاڵ کردوە ، وە مافتان بە سەریانەوە ئەوەیە کەوا کەس نەهێننە سەر جێگاتان کە ئێوە پێتان ناخۆش بێت ، جا ئەگەر ئەوەیان کرد ، ئەوە لێیان بدەن لێدانێك کەوا زیانێکی وایان پێ نەگەیەنێت دیار ببێت ، وە مافی ئەوانیش بە سەر ئێوەوە ، ئەوەیە ڕۆزیان بدەن و پۆشاکیان بۆ بکەن بە چاکە – بە پێی توانا – . وە من ئەوەم تیا بە جێ هێشتوون کە هەرگیز گومڕا نابن ئەگەر دەستی پێوە بگرن و خۆتانی پێ بپارێزن ، ئەویش کتێبەکەی خوای گەورە ، وە ئێوە پرسیارتان لێ دەکرێت – لە دوا ڕۆژ دا – لە بارەی منەوە ، جا ئێوە چی دەڵێن ؟ ووتیان: شایەتی دەدەین کەوا تۆ _ ئایینی خوات _ ڕاگەیاند و بە جێت هێنا و ئامۆژگاری خۆتت کرد ، جا پەنجەی شایەتمانی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و خاڵی لە سەر خەڵکەکە دادەنا و دەیفەرموو: (( اللَّهُمَّ اشْهَدْ ، اللَّهُمَّ اشْهَدْ )) واتە: ئەی خوایە شایەت بە لە سەر ئەمە ، ئەی خوایە شایەت بە لە سەر ئەمە . سێ جار دوو بارەی کردەوە ، پاشان بانگی دا – فەرمانی کرد بانگ بدرێت – جا قامەتی کرد _ فەرمانی کرد قامەت بکرێت _ وە نوێژی نیوەڕۆی کرد ، پاشان قامەتی کرد و نوێژی عەسری کرد ، وە هیچ نوێژێکی تری لە نێوانیاندا نەکرد . پاشان پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) سوار بوو تا گەیشتە شوێنی وەستان لە (عَرَفَە)دا ، جا سکی ووشترەکەی(القَصْوَاء)ی دا بە تاوێرەکان – بەردەکانی کێوی عەرەفات – ەوە ، وە(حَبْلُ المَشَاة)ی خستە پێش هەر دوو دەستی خۆی و ڕووی لە قیبلە کرد ، وە بەردەوام ڕاوەستابوو تا خۆر ئاوا بوو و هەندێکیش لە زەردایەکەی ڕۆیشت تا بە تەواوەتی خۆر ئاوا بوو ، وە (أُسَامَە)ی خستە پشتی خۆی و پێغەمبەری خوا (ﷺ) پاڵی نا بەرەو خوارەوە و ڕەشمەی (القَصْوَاء)ی توند گرتبوو تا سەری خەریك بوو دەیدا لەو بارەی بە سەرێوەی بوو ، وە بە دەستی ڕاستی بە خەڵکەکەی دەووت _ ئاماژەی دەکرد _ : (( أَيُّهَا النَّاس السَّكِينَة ، السَّكِينَة )) واتە: ئەی خەڵکینە لە سەر خۆبن ، لە سەرخۆ بن . جا هەر کاتێك بگەشتایە بە لوتکە و بەرزاییەك تۆزێك ڕەشمەی بۆ شل دەکرد تا وەکو سەرکەوێت ، تا گەیشتن بە(مُزْدَلِفَە) نوێژی شێوانی و عیشای لەوێ کرد بە یەك بانگ ودوو قامەت ، وە هیچ نوێژی سوننەتی لە نێوانیاندا نەکرد ، پاشان ڕاکشا و خەوت تا (فَجْر) هەڵهات و نوێژی بەیانی کرد ، کاتێك کە بەیانی بۆ ڕوون بویەوە بە بانگ و قامەتێك ، پاشان سواری ووشترەکەی(القَصْوَاء)بوو تا هاتە(مَشْعَرِ الحَرَام) جا ڕووی کردە


منتدى إقرأ الثقافي

..............................................

قیبلە و دوعای کرد و (تَکْبِیْر)ی کرد و (تَهْلِیْل)ی کرد و (تَوْحِیْد)ی کرد ، جا بەردەوام ڕاوەستا تا تەواو ڕۆژ بویەوە ، جا پێش خۆر هەڵهاتن پاڵی نا ، و (فَضْلُ بنُ عبَّاس)ی لە پشت خۆیەوە سوار کرد ، کە پیاوێکی سپی پێستی جوانی تووك سەر جوان بوو ، جا کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پاڵی نا – کەوتە ڕێ – چەند ئافرەتێکی جوان بە لایدا تێپەڕ بوون و (فَضْل) دەستی کردە تەماشا کردنیان ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی خستە بەر ڕووی(فَضْل) ، جا (فَضْل)یش ڕووی وەرگێڕایەوە بەودیوەکەی تردا وتەماشای دەکرد ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی لەو دیویشەوە خستە بەر ڕووی (فَضْل) ، جا ڕووی (فَضْل)ی لەولایشەوە وەرگێڕایەوە تا وەکو تەماشا نەکات . تا پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشتە(بَطْنُ مُحَسِّر) ، هەندێك جوولاَ ، پاشان ڕێگا ناوڕاستەکەی گرتە بەر کە بۆ لای شەیتانی گەورە(جَمْرَةُ الكُبْرَى) دەر دەچێت ، تا گەیشتە (جَمْرَه) کەی لای دارەکە ، جا حەوت(٧) بەردی وەکو بەردی (خَذَف) لێ وەشاند ، وە لە گەڵ هەر بەردێکدا (تَکْبِیْر)ی دەکرد ، وە لە ناو دۆڵەکەوە بەردەکانی تێ دەوەشاند ، پاشان کەوتە ڕێ بۆ شوێنی قوربانی سەربڕین(المَنْحَر) ، جا شەست وسێ(٦٣) ووشتری بە دەستی خۆی سەر بڕی ، پاشان دای بە(عَلِي) ئەوەی مابوو سەری ببڕێت ، ئەوی بەشدار کرد لە قوربانییەکەیدا ، پاشان فەرمانی کرد لە هەر ووشترێك پارچەیەك کرایە ناو قاپ(قِدْر)ێك و کرایە چێشت ، جا هەردووکیان لە گۆشتەکەیان خوارد و لە شۆرباکەیشیان خواردەوە ، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوار بویەوە و(طَوَافُ الإِفَاضَه)ی کرد ، وە لە(مَکّه)دا نوێژی نیوەڕۆی کرد و چوو بۆ لای نەوەکانی(عَبْدُالمطَّلِب) کە ئاویان دەدایە خەڵکی لە سەر زەمزەم ، جا فەرمووی: (( انْزِعُوا بَنِي عَبْدِ المُطَّلِبِ ، فَلَوْلاَ أَنْ يَغْلِبَكُمُ النَّاسُ عَلَى سِقَايَتِكُمْ لَنَزَعْتُ مَعَكُمْ )) واتە: هەڵکێشن ئەی نەوەکانی (عَبْدُالمُطَّلِب) ، ئەگەر لە بەر ئەوە نەبوایە دوایی خەڵکی هێرش دەکەنە سەرتان لە سەر ئاودانەکەتان ، ئەوە منیش لە گەڵتاندا هەڵمدەکێشا جا دۆڵەکەیەکیان پێیدا و لێی خواردەوە [رواه مسلم (٢/٨٨٦/١٢١٨) وەبۆ زیاتر تێگەیشتن لەم فەرموودەیە بڕوانە شرح صحيح مسلم للنووی (٨/١٧٠-١٩٤)].

بەردی(الخَذَف): ئەو بەردە بچوکەیە کە بە پەنجە دەوەشێنرێت .



منتدى إقرأ الثقافي

# پایەکانی حەج (أركانُ الحجِّ)

## نیەت[٤٩١] ، و وەستان لە عەرەفە[٤٩٢] ، ومانەوە لە(مُزْدَلِفَة)[٤٩٣] ،

(٤٩١) ئەوەیە کەوا نیەتی حەج کردنی هەبێت ، لە بەر فەرموودەکەی (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) (خوای لێ رازی بێت) ، بڕوانە (پ ٣١) .

(٤٩٢) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالرَّحْمَن بن يَعْمُر) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کرد بانگ دەرێك بانگی کرد (( الحَجُّ عَرَفَةُ ، فَمَنْ جَاءَ قَبْلَ صَلَاةِ الفَجْرِ لَيْلَةَ جَمْعٍ فَقَدْ تَمَّ حَجُّهُ ، أَيَّامُ مِنَىً ثَلَاثَةٌ ، فَمَنْ تَعَجَّلَ فِي يَوْمَيْنِ فَلاَ إِثْمَ عَلَيْهِ ، وَمَنْ تَأَخَّرَ فَلاَ إِثْمَ عَلَيْهِ )) واتە: حەج عەرەفاتە ، هەر کەسێك پێش نوێژی بەیانی هات لە شەوی (جَمْع)دا – شەوی مانەوە لە (مُزْدَلِفَة) – ئەوە حەجەکەی تەواوە ، وە ڕۆژانی(مِنَى) سێ ڕۆژە ، جا هەر کەسێك پەلە بکات لە دوو ڕۆژدا تەواوی بکات ، ئەوە تاوانی لە سەر نییە ، وە هەر کەسێك دوای بخات بە سێ ڕۆژ تەواوی بکات ، ئەوە تاوانی لە سەر نییە [رواه الترمذي(٢/١٨٨/٨٩٠) وأبو داود(٢/رقم/١٩٤٩) والنسائي(٥/٢٦٤) وابن ماجة(٢/١٠٠٣/٣٠١٥) وهذا لفظه وهو حديث صحيح ، بڕوانە الإرواء(١٠٦٤) والمشكاة(٢٧١٤) وصحيح أبي داود(١٧٠٣) وصحيح إبن ماجة (٢٤٤١)].

وە لە بەر فەرموودەکەی (عُرْوَةُ الطَّائِي) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: هاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك دەرچوو بۆ نوێژ ، ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا من لە وڵاتی (طَيْء)ەوە هاتووم ، ووشترەکەم خاوە خاوی پێ کردم و خۆیشم ماندو کرد ، سوێند بێت بە خوا هیچ کێوێکم بە جێ نەهێشتووە (ئیللا) لە سەری ڕاوەستام ، ئایە حەجم بۆ هەیە ؟ پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی: (( مَنْ أَدْرَكَ مَعَنَا هَذِهِ الصَّلَاةَ ، وَأَتَى عَرَفَاتٍ قَبْلَ ذَلِكَ لَيْلاً أَوْ نَهَاراً ، فَقَدْ تَمَّ حَجُّهُ وَقَضَى ذَلِكَ تَفَثَهُ )) واتە: هەر کەسێك ئامادەی ئەم نوێژە بوو لە گەڵماندا ـ نوێژی بەیانی ـ وە لە گەڵیشماندا ڕاوەستا تا پاڵ دەنەین ـ بە ڕێ دەکەوین بۆ ڕەجم کردنی شەیتان ـ وە لە پێشیشدا لە (عَرَفَة)دا ڕاوەستا بێت بە شەو یان بە ڕۆژ ئەوە حەجەکەی تەواوە .. [رواه الترمذي(٢/١٨٨/٨٩٢) وابو داود(٢/رقم/١٩٥٠) وابن ماجة(٢/١٠٠٤/٣٠١٦) وغيرهم وهوحديث صحيح ، بڕوانە الإرواء(١٠٦٦) وصحيح أبي داود(١٧٠٤) وصحيح إبن ماجة(٢٤٤٢)].

(٤٩٣) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالرَّحْمَن بن يَعْمُر)ی پێشوو ، بڕوانە (پ ٤٩٢) .


منتدى إقرأ الثقافي

وکردنـــی نوێـــژی بـــەیانی لـــەوێ وســـوورپخواردنی(إفَاضَـــة)(٤٩٤) ، وكۆشش(سَعي)كردنی نێوان (صَفَا) و (مَرْوَة)(٤٩٥) .

# پێویستیەكانی حەج (وَاجِبَاتُ الحَجّ)

## ئیحرام بەستن لە شوێنی دیاری كراو(٤٩٦)

(٤٩٤) لە بەر فەرموودەی خوای گـەورە: لـە سـورەتی (الحـج: ٢٩) دا كـە دەفـەرمێ: ﴿ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ العَتِيْقِ ﴾ واتە: وە با بە دەوری ماڵە كۆنەكە(كَعْبَه)دا سوڕبخۆنەوە . وە لە بەر فەرموودەكەی (عَائشَة) (خوای لێ رازی بێت) كـەوا فـەرمووی: (صَفِيَّةُ بِنْتُ حُيَي) تووشی حەیز هات پاش (طَوَافُ الإِفَاضَة) فەرمووی: جا منیش بۆ پێغەمبـەری خـوام (ﷺ) گێڕایەوە ، ئەویش فەرمووی: (( أَحَابِسَتُنَا هِيَ ؟ )) واتە: ئەو دوامان دەخات ووتم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)، ئـەو (طَـوَافُ الإِفَاضَـە)ی كـردوە و بـە دەوری مـاڵدا سـووڕی خواردوە پاشان دوای (طَوَافُ الإِفَاضَـة) تووشـی حـەیز بـوو ، فـەرمووی: (( فَلْتَنْفِرْ إِذَنْ )) واتـە: كـەوا بـوو بـا بـە ڕێ بكـەوێت [رواه البخاري (١٧٣٣/٥٦٧/٣) ومسلم (١٢١١/٩٦٤/٢) وغيرهما].

(٤٩٥) لـە بـەر فەرموودەكـەی (حَبِيْبَةُ بِنْتُ أَبِي تجراة) (خـوای لێ رازی بێـت) كـەوا فـەرمووی: بیستم پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی: (( إِسْعَوْا فَإِنَّ اللهَ كَتَبَ عَلَيْكُمُ السَّعْيُ )) واتە: كۆشش(سَعي) بكەن ، چونكە بە ڕاستی خوای گەورە كۆششی لە سەرتان نوسیوە [رواه احمد (٢٧٧/٧٦/١٢) والحاكم (٧٠/٤) وهو حديث صحيح ، بڕوانە الإرواء (١٠٧٢)].

(٤٩٦) ...وەی هەموو جل و بەرگەكەی لە بەر داكەنێ و پۆشاكی ئیحرام لە بـەر بكـات پاشان نیەت بهێنێت و بڵێت: (( لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ بِعُمْرَة )) ، یـان بڵێـت: (( لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ بِحَجَّةٍ وَعُمْرَة )) ، بگەڕێرەوە بۆ(پ ٤٧٤) .

وە فەرموودەكـەی (جَـابِر) (خـوای لێ رازی بێـت) كـاتێك كـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)پرسیاری لە(عَلِي) كرد (خوای لێ رازی بێت) : (( .. مَاذَا قُلْتَ حِيْنَ فَرَضْتَ الحَجَّ ؟ )) واتە: .. چیت ووت كاتێك كە حەججت فـەرز كـرد ؟ ووتـی: ووتم: (( اللَّهُمَّ ، إِنِّي أُهِلُّ بِمَا أَهَلَّ بِهِ رَسُوْلُكَ )) واتــە: ئـەی خـوای گـەورە مـن (إِهْلَال)دەكـەم بـەوەی پێغەمبەرەكـەت (إِهْلَال)ی پێ كردوە . جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( فَإِنَّ مَعِيَ الهَدْيَ فَلَا تَحِلَّ )) واتە: دەی من قوربانیم پێیە ، بۆیە ئیحرام مەكەرەوە . بڕوانە (پ ٤٩٠) .

منتدى إقرأ الثقافي

**و مانـــەوە لـــە(مِنـــى) شـــەوەکانی(تَشْـــرِيق)[٤٩٧]، و ڕەجـــم کردنـــی شەیتانەکان(الجَمَرَاتُ الثَّلاث) بە ڕیز[٤٩٨]،**

(٤٩٧) چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) شەوان لەوێ دەمایەوە . وە لە(أبي البَدَّاحِ بن عَاصِم)ەوە ئەویش لە باوکیەوە (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( رَخَّصَ رَسُوْلُ اللهِ لِرُعَاءِ الإِبِلِ فِي البَيْتُوْتَةِ ، أَنْ يَرْمُوا يَوْمَ النَّحْرِ ، ثُمَّ يَجْمَعُوْا رَمِيَ يَوْمَيْنِ بَعْدَ النَّحْرِ ، فَيَرْمُوْنَهُ فِي أَحَدِهِمَا ، ثُمَّ يَرْمُوْنَ يَوْمَ النَّفْرِ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕوخسەتی دا بە شوانی ووشترەکان کەوا لە شوێنی خۆیاندا بمێننەوە ، ڕۆژی سەربڕین(جەژن) ڕەجمی شەیتان(جَمَرَات)ەکان بکەن ، وە پاشان ڕەجمی سبەینێ دەکەن وە ڕەجمی دووەم ڕۆژ و سێیەم ڕۆژ لە ڕۆژێکیاندا پێکەوەیەکەن [رواه ابو داود (٢/رقم/١٩٧٦) والترمذي ٠٢/٢١٥/٦٩٢) وابن ماجة (٢/١٠١٠/٣٠٣٧) عن عاصم بن عدي وهو حديث صحيح ، بروانە الإرواء(١٠٨٠)صحيح إبن ماجة (٢٤٦٣)]

وە هەروەها (( إِسْتَأْذَنَ العَبَّاسُ بْنُ عَبْدِ المُطَّلِب رَضِيَ اللهُ عَنْهُ رَسُوْلَ اللهِ (ﷺ) أَنْ يَبِيْتَ بِمَكَّةَ لَيَالِيَ مِنَىً مِنْ أَجْلِ سِقَايَتِهِ ، فَأَذِنَ لَهُ )) واتە: (عَبَّاس)ی مامی پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای ڕوخسەتی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد کەوا شەوانی (مِنَى) لە(مکە)دا بمێنێتەوە لە بەر ئاو دانەکەی — ئاو دانی حاجیەکان _ جا ئەویش ڕوخسەتی پێدا [رواه البخاری (٣/٥٩٦/١٦٣٦) ومسلم (٢/٩٥٣/١٣١٥) عن إبن عمر].

ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە مانەوە لە(مِنَى) پێویست(وَاجِب)ە ، ئەگینا پێویست بە ڕوخسەت وەرگرتن ناکات بۆ نەمانەوە .

(٤٩٨) ڕۆژی جەژن تەنها (جَمْرَةُ العَقَبَة) ڕەجم دەکات بە حەوت بەرد ، پاش خۆر هەڵهاتن لە چێشتەنگادا ، بروانە فەرموودەکەی (جَابِر) (پ ٤٩٠) .

بەڵام بۆ ئافرەت ومناڵ و پیاوی لاواز دروستە لە پێش خۆر هەڵهاتنیش ڕەجمەکەیان بکەن ، لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( بَعَثَنِي رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) فِي الثَّقَلِ( أَوْقَالَ: فِي الضَّعَفَةِ ) مِنْ جَمْعٍ بِلَيْلٍ )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) منی لە گەڵ لاوازەکاندا ڕەوانە کرد بە شەو - پێش خەڵکی - [رواه البخاری (٣/٥٢٦/١٦٧٨) ومسلم (٢/٩٤١/١٢٩٣)] .

وە فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( نَزَلْنَا المُزْدَلِفَةَ ، فَاسْتَأْذَنَتِ النَّبِيَّ (ﷺ) سَوْدَةُ أَنْ تَدْفَعَ قَبْلَ حَطْمَةِ النَّاسِ _ وَكَانَتْ إِمْرَأَةً بَطِيْئَةً —

منتدى إقرأ الثقافي

........................

**فَأَذِنَ لَهَا ، فَدَفَعَتْ قَبْلَ حَطْمَةِ النَّاسِ ، وَأَقَمْنَا حَتَّى أَصْبَحْنَا نَحْنُ ، ثُمَّ دَفَعْنَا بِدَفْعِهِ ..** )) واتە: دابەزین بۆ(مزدلفة) ، جا (سَوْدَة) _ کە ئافرەتێکی قورس بوو _ داوای لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد کەوا پێش کەڵەکە کردنی (قەرەباڵغی) خەڵکی ڕوخسەت بە ئەو بدات کەوا بە ڕێ بکەوێت بۆ ڕەجم کردنی شەیتان شەوی (مُزْدَلِفَة) ، فەرمووی: جا — پێغەمبەری خوا (ﷺ)— ڕوخسەتی پێدا ، ئەویش پێش پاڵنان وکەڵەکە کردنی خەڵکی دەرچوو ، بەڵام ئێمەی دواخست تا بەیانی ، پاشان هەموومانی پێکەوە نارد .. [رواه البخاري (٣/٥٢٧/١٦٨١) ومسلم (٢/٩٣٩/١٢٩٠)].

وە سێ ڕۆژەکەی تر(أَيَّامُ التَّشْرِيق) دەبێت هەر سێ (جَمْرَه)کە ڕەجم بکات ، هەموو ڕۆژێك دوای نیوەڕۆ لە هەریەکەیان حەوت بەرد بوەشێنێت ، وە لە (جَمْرَةُ الدُّنْيَا)وە دەست پێ بکات ، پاشان (جَمْرَةُ الوُسْطَى) ، پاشان (جَمْرَةُ العَقَبَة) . (سَالِمُ بن عَبْدالله) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمووی: (( **أَنَّ عَبْدَ اللهِ بنَ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا كَانَ يَرْمِي الجَمْرَةَ الدُّنْيَا بِسَبْعِ حَصَيَاتٍ ، ثُمَّ يُكَبِّرُ عَلَى إِثْرِ كُلِّ حَصَاةٍ ، ثُمَّ يَتَقَدَّمُ فَيُسْهِلُ ، فَيَقُومُ مُسْتَقْبِلَ القِبْلَةِ قِيَاماً طَوِيلاً ، فَيَدْعُوا وَيَرْفَعُ يَدَيْهِ ، ثُمَّ يَرْمِي الجَمْرَةَ الوُسْطَى كَذَلِكَ ، فَيَأْخُذُ ذَاتَ الشِّمَالِ فَيُسْهِلُ ، وَيَقُومُ مُسْتَقْبِلَ القِبْلَةِ قِيَاماً طَوِيلاً ، فَيَدْعُوا وَيَرْفَعُ يَدَيْهِ ، ثُمَّ يَرْمِي الجَمْرَةَ ذَاتَ العَقَبَةِ مِنْ بَطْنِ الوَادِي وَلاَ يَقِفُ عِنْدَهَا ، وَيَقُولُ: هَكَذَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) يَفْعَلُ** )) واتە: (عَبْدُالله بن عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) ڕەجمی (جَمْرَةُ الدُّنْيَا)ی دەکرد بە حەوت بەرد ، پاشان (اللهُ أَكْبَر)ی دەکرد لە پاش هەموو بەردێك ، پاشان دەچوە پێشەوە ڕوو بە ڕووی قیبلە ڕا دەوەستا ڕاوەستانێکی درێژ و دوعای دەکرد و هەردوو دەستی بەرز دەکردەوە ، پاشان بەو شێوەیە ڕەجمی (جَمْرَةُ الوُسْطَى)ی دەکرد ولای چەپی دەگرت و ڕوو بەرەو قیبلە ڕا دەوەستا ڕاوەستانێکی درێژ و دوعای دەکرد هەردوو دەستی بەرز دەکردەوە ، پاشان ڕەجمی (جَمْرَةُ العَقَبَة)یشی دەکرد لە ناو دۆڵەکەوە وە لە لایدا ڕا نەدەوەستا ، وە دەیفەرموو: بەم شێوە پێغەمبەری خوام بینی وای دەکرد [رواه البخاري (٣/٥٨٣/١٧٥٢)].

وە (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) فەرمووی: (( **كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) يَرْمِي يَوْمَ النَّحْرِ ضُحَىً ، وَأَمَّا بَعْدَ ذَلِكَ فَبَعْدَ زَوَالِ الشَّمْسِ** )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕۆژی قوربانیدا ڕەجمی شەیتانەکانی لە چێشتەنگادا دەکرد ، بەڵام لە ڕۆژانی تردا پاش

منتدى إقرأ الثقافي

**وسوورخواردنی ماڵ ئاوایی(طَوَافُ الوَدَاع)[499]، وسەرتاشین یان کورت کردنەوەی[500].**

لادانی خۆر لە ناوڕاستی ئاسمان ڕەجمی دەکردن [رواه الترمذي وغيره وهو حديث صحيح ، بڕوانە صحيح الترمذي(٧١٤) وله شاهد آخر عن (جابر) بڕوانە صحيح الترمذي(٧١٠) وصحيح إبن ماجة(٣٠٣٥)].

وە هەروەها تەماشای فەرموودەکەی (عَاصِمُ بنُ عَدِي) بکەرەوە لە (پ ٤٩٧) .

(٤٩٩) لە بەر فەرموودەکەی (إِبنُ عَبَّاس) (خوایان لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أُمِرَ النَّاسُ أَنْ يَكُوْنَ آخِرُ عَهْدِهِم بِالبَيْتِ ، إِلاَّ أَنَّهُ خُفِّفَ عَنِ الحَائِضِ )) واتە: فەرمان کراوە بە خەڵکی کەوا دواین کار لە کارەکانی حەج کردنیان – پێش دەرچوون لە (مَکّه) – (طواف)کردنی ماڵئاوایی(کَعْبَه) بێت ، بەڵام ئەوە سووك کرایەوە لە سەر ئەو ئافرەتەی لە حەیزدا بێت [رواه البخاري (١٧٥٥/٥٨٥/٣) ومسلم (١٣٢٨/٩٦٣/٢)].

(٥٠٠) لە بەر فەرموودەکەی (إِبنُ عُمَر) (خوایان لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) لَبَّدَ رَأْسَهُ وَأَهْدَى ، فَلَمَّا قَدِمَ مَكَّةَ أَمَرَ نِسَاءَهُ أَنْ يَحْلِلْنَ ، قُلْنَ مَا لَكَ أَنْتَ لَمْ تَحِلَّ ؟ قَالَ: إِنِّي قَلَّدْتُ هَدْيِي وَلَبَّدْتُ رَأْسِي ، فَلاَ أَحِلُّ حَتَّى أَحِلَّ مِنْ حَجَّتِي وَأَحْلِقُ رَأْسِي )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەری (تَلْبِيْد)کرد – هەندێك شەکراوی لیٚ دا بۆ ئەوەی لە کاتی ئیحرام بەستندا تێك نەچێت – وقوربانیشی ئامادە کرد ، جا کە گەیشتە (مَکّه) فەرمانی بە خێزانەکانی کرد کەوا خۆیان لە ئیحرام بکەنەوە ، ووتیان: ئەی تۆ بۆ خۆت ناکەیتەوە ؟ فەرمووی: من قوربانیەکانم(تَقْلِيْد) – نیشانەدار – کردوە و سەرم (تَلْبِيْد) کردوە ، جا خۆم ناکەمەوە تا خۆم لە ئیحرامەکەم دەکەمەوە و سەرم دەتاشم [رواه احمد].

وە ( مَجْدَالدِّيْن أَبِي البَرَكَات عَبْدُالسَّلاَم ) لە (مُنْتَقَى الأَخْبَار مِنْ أَحَادِيْث سَيِّد الأَخْيَار) لە پاش ئەم فەرموودەیە فەرموویەتی: ئەمەیش بەڵگەیە لە سەر پێویست(وَاجِب) بوونی سەرتاشینیش . بڕوانە [نيل الأوطار للشوكاني (٨٠/٥)].

وە فەرموودەکەی (إِبنُ عَبَّاس) (خوایان لیٚ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( لَيْسَ عَلَى النِّسَاءِ الحَلْقُ إِنَّمَا عَلَى النِّسَاءِ التَّقْصِيْرُ )) واتە: ئافرەتان سەرتاشینیان لە سەر نییە ، بەڵکو تەنها کورت کردنەوەیان لە سەرە [رواه أبوداود (١٩٨٤/٥٠٢/٢) وغيره وهو حديث صحيح ، بڕوانە السلسلة الصحيحة(٦٠٥) وصحيح الجامع(٥٤٠٣)].

منتدى إقرأ الثقافي

# سوننەتەکانی حەج (سُنَنُ الحَجّ)

## بۆ ئیحرام بەستن سوننەتە خۆشۆردن لە کاتی ئیحرام (٥٠١)، وبۆن خۆش لە لاشەدان پێش لە بەر کردنی پۆشاکی ئیحرام (٥٠٢)،

وە فەرموودەکەی (أنَسُ بنُ مَالك) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أنَّ رَسُوْلَ اللهِ (ﷺ) أتى مِنَى ، فَأتَى الجَمْرَةَ فَرَمَاهَا ، ثُمَّ أتَى مَنْزِلَهُ بِمِنَى وَنَحَرَ ، ثُمَّ قَالَ لِلْحَلاَّقِ: خُذْ وَأَشَارَ إلَى جَانِبِهِ الأيْمَنِ ، ثُمَّ الأيْسَرِ ، ثُمَّ جَعَلَ يُعْطِيَهُ النَّاس )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە (مِنَى) و هاتە(جَمْرَة) و ڕەجمی کرد ، پاشان هاتەوە بۆ شوێنەکەی خۆی بۆ (مِنَى) و قوربانی سەر بڕی ، پاشان بە سەرتاشەکەی فەرموو: لەمە بېڕە ، وە ئاماژەی بۆ لای ڕاستی سەری کرد ، پاشان لای چەپی ، پاشان دایە خەڵکەکە [رواه البخاري (رقم ١٦٩ البغا) ومسلم (٢/٩٤٧/١٣٠٥)] .

وە بۆ پیاو سەرتاشین لە کورت کردنەوە باشترە ، لە بەر فەرموودەکەی (أبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِلْمُحَلِّقِيْن )) واتە: ئەی خوای گەورە لەوانە ببورە کەوا سەریان تاشیوە ، خەڵکەکە ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ! وە لەوانەیشە کەوا کورتیان کردوەتەوە ؟ فەرمووی: (( اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِلْمُحَلِّقِيْن )) واتە: خوایە لەوانە ببورە کەوا سەریان تاشیوە ، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا وە لەوانەیشە کەوا کورتیان کردوەتەوە ؟ فەرمووی: (( اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِلْمُحَلِّقِيْن )) واتە: خوایە لەوانە ببورە کەوا سەریان تاشیوە ، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا وە لەوانەیشە کەوا کورتیان کردوەتەوە ، جا فەرمووی: (( وَلِلْمُقَصِّرِيْن )) واتە: وە لەوانەیشە کەوا کورتیان کردوەتەوە [رواه البخاري (٣/٥٦١/١٧٢٨) ومسلم (٢/٩٤٦/١٣٠٢)].

(٥٠١) لە بەر فەرموودەکەی (زَيْدُ بنُ ثَابِت) (خوای لێ رازی بێت): (( أنَّهُ رَأى النَّبِيَّ (ﷺ) تَجَرَّدَ لإهْلاَلِهِ وَاغْتَسَلَ )) واتە: پێغەمبەری خوای (ﷺ) بینی خۆی ڕووت کردەوە بۆ ئیحرام بەستن و خۆی شۆرد [رواه الترمذي (٢/١٦٣/٨٣١) وهو حديث صحيح ، بڕوانە صحيح سنن الترمذي (٦٦٤)].

(٥٠٢) لە بەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( كُنْتُ أُطَيِّبُ رَسُوْلَ اللهِ (ﷺ) لإحْرَامِهِ حِيْنَ يُحْرِمُ ، وَلِحِلِّهِ قَبْلَ أنْ يَطُوفَ بِالبَيْتِ )) واتە:

منتدى إقرأ الثقافي

وە لە بەر کردنی دوو دەستماڵی سپی ، یەکێکیان بکرێتە (إِزَار) — لە ناوکەوە تا ئەژنۆ – ئەوی تریشیان بدرێتە سەر شاندا[٥٠٣]، ونوێژ کردن لە دۆڵی(عَقِيْق)دا بۆ هەر کەسێك بەوێدا تێبپەڕ یێت[٥٠٤]، و دەنگ بەرز کردنەوە بە(تَلْبِيَة)کردن[٥٠٥]،

---

من پێغەمبەری خوام ( ﷺ) بۆن خۆش دەکرد بۆ ئیحرام بەستن کاتێك ئیحرامی دەبەست ، وە بۆ خۆکردنەوەی لە ئیحرام پێش ئەوەی (طَوَافُ البَيْت)ی بکردایە [رواه البخاری (١٥٣٩/٣٩٦/٣) ومسلم (١١٨٩/٨٤٦/٢) وغيرهما].

(٥٠٣) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( إِنْطَلَقَ النَّبِيُّ ( ﷺ) مِنَ المَدِيْنَةِ بَعْدَمَا تَرَجَّلَ وَادَّهَنَ وَلَبِسَ إِزَارَهُ وَرِدَاءَهُ هُوَ وَأَصْحَابَهُ .. )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) لە(مَدِيْنَه) دەرچوو ، پاش ئەوەی سەری شانە کرد و ڕۆنی لێدا و (إِزَار)ی لە بەر کرد ودەست ماڵێکیشی بە سەر شانیدا دا ، خۆی وهاوەڵەکانیشی [رواه البخاری (١٥٤٥/٤٠٥/٣)].

وە سوننەتیشە سپی بێت لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی: (( اَلْبِسُوا مِنْ ثِيَابِكُمُ البيَاضَ ، فَإِنَّهَا مِنْ خَيْرِ ثِيَابِكُمْ ، وَكَفِّنُوا فِيهَا مَوْتَاكُمْ )) واتە: جل و بەرگە سپێکانتان لە بەر بکەن ، چونکە ئەوە چاکترین پۆشاکتانە ، وە کفنی مردوەکانیشتان بەوە بکەن [رواه الترمذي (٩٩٩/٢٣٢/٢) وابو داود(٢/رقم/٣٨٧٨) وهو حديث صحيح ، بڕوانە صحيح الجامع (١٢٣٦) واحكام الجنائز(ل٦٢)].

(٥٠٤) لە بەر فەرموودەکەی (عُمَر) (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی: بیستم پێغەمبەری خوا ( ﷺ) لە دۆڵی (عَقِيْق)دا فەرمووی: (( أَتَانِي اللَّيْلَةَ آتٍ مِنْ رَبِّي فَقَالَ: صَلِّ فِي هَذَا الوَادِي المُبَارَكِ ، وَقُلْ عُمْرَةٌ فِي حَجَّةٍ )) واتە: ئەم شەو یەکێك لە لایەن پەروەدگارەوە هات بۆ لام و پیٚی ووتم: لەم دۆڵە پیرۆزەدا نوێژ بکە ، وە بڵیٚ ئەوە کردمە (عُمْرَة) [رواه البخاری (١٥٣٤/٣٩٢/٣) وأبو داود (٢/رقم/١٨٠٠) وغيرهما].

(٥٠٥) لە بەر فەرموودەکەی (السَّائِبُ بنُ خَلَاد) (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمووی: (( أَتَانِي جِبْرِيْل فَأَمَرَنِي أَنْ آمُرَ أَصْحَابِي أَنْ يَرْفَعُوْا أَصْوَاتَهُمْ بِالإِهْلَالِ أَو التَّلْبِيَةِ )) واتە: جبریل هات بۆ لام و فەرمانی پیٚ کردم کەوا فەرمان بە هاوەڵەکانم بکەم کەوا دەنگ بەرز بکەنەوە بە (إِهْلَال)کردن و (تَلْبِيَه)کردن [رواه الترمذي (٨٣٠/١٦٣/٢) وأبو داود (٢/رقم/١٨١٤) وغيرهما وهو حديث صحيح ، بڕوانە المشكاة(٢٥٤٩) وصحيح أبي داود(١٥٩٢) وصحيح الترمذي (٦٦٣)].


منتدى إقرأ الثقافي

و(الحَمْدُلِلّـه)کـردن و(سُـبْحَانَ الله)کـردن و(اللهُ أكْـبَر)کـردن پێـش ئیحـرام بەستن(٥٠٦) ، وە ڕوو کردنە قیبلە بـۆ ئیحـرام بەسـتن(٥٠٧) ، وە سـوننەتە شـەو لـە(ذِي طُـوَى) بمێنێتـەوە وە سـبەی خـۆی بشـوات ، وە بـە ڕۆژ دا بچێتە(مَكّە)وە(٥٠٨) ، وە لە(ثَنِيَةُ العُلْيَا)وە بچێتە ژوورەوە(٥٠٩) ،

(٥٠٦) لە بەر فەرموودەکەی (أنس) (خـوای لێ رازی بێت) کەوا فـەرمووی: (( صَلّى رَسُوْلُ الله ( ﷺ) وَنَحْنُ مَعَهُ بِالمَدِيْنَةِ الظُهْرَ أرْبَعاً وَالعَصْرَ بِذِي الحُلَيْفَةِ رَكْعَتَيْنِ ، ثُمَّ بَاتَ بِهَا حَتَّى أصْبَحَ ، ثُمَّ رَكِبَ حَتَّى اسْتَوَتْ بِهِ عَلَى البَيْدَاءِ حَمِدَ اللهَ وَسَبَّحَ وَكَبَّرَ ، ثُمَّ أهَلَّ بِحَجٍّ وَعُمْرَةٍ )) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێـژی نیـوەڕۆی لـە(مَدِيْنَـه) کـرد بـە چوار ڕکاتی ، بەڵام نوێژی عەسری لە(ذُوْ الحُلَيْفَة) کرد بە دوو ڕکاتی ، پاشان لـەوێ مایـەوە تا ڕۆژ بوویەوە ، پاشان سوار بوو تا کەوتە بیابان (الحَمْدُ لله) و (سُـبْحَانَ الله)( اللهُ أكْبَر) ی کرد ، پاشان ئیحرامی حـەجج و عومـرەی پێکـەوە بەسـت [رواه البخاري (٢/٤١١/١٥٥١)وأبو داود (٢/رقم/١٧٩٦) بنحوه ].

(٥٠٧) لـە بـەر فـەرموودەکـەی (نَـافِع) کـەوا فـەرمووی: (( كَـانَ إبْـنُ عُمَـرَ إذَا صَلّـى بِالغَدَاةِ بِذِي الحُلَيْفَةِ أمَرَ بِرَاحِلَتِهِ ، فَرُحِلَتْ ثُمَّ رَكِبَ ، فَإذَا اسْتَوَتْ بِهِ اسْتَقْبَلَ القِبْلَةَ قَائِماً ثُمَّ يُلَبِّي... وَزَعَمَ أنَّ رَسُوْلَ اللهِ ( ﷺ) فَعَلَ ذَلِكَ )) واتە: (إبْنُ عُمَر) ئەگـەر نوێـژی بەیانی لە(ذُو الحُلَيْفَة) بکردایە فـەرمانی دەکـرد کـەوا ووشـترەکەی بـۆ ئامـادە بکرێـت ، جـا ئامادە دەکرا ، پاشان سوار دەبوو ، جا ئەگەر بکەوتایەتە(بَيْدَاء) ڕووی لە قیبلە دەکـرد بـە ڕاوەسـتانەوە ، پاشـان (تَلْبِيَـة)ی دەکـرد ... وە دەیفـەرموو : پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) وای کردووە [رواه البخاري ( ٢/٤١٢/١٥٥٣) ] .

(٥٠٨) لـە بـەر فـەرموودەکـەی (نَـافِع) کـەوا فـەرمووی: (( كَـانَ إبْـنُ عُمَـرَ رَضِـيَ اللهُ عَنْهُمَا إذَا دَخَلَ أدْنَى الحَرَمِ أمْسَكَ عَنِ التَّلْبِيَـةِ ، ثُمَّ يَبِيْتُ بِذِي طَوَىً ثُمَّ يُصَلِّي بِهِ الصُّبْحَ وَيَغْتَسِلُ ، وَيُحَدِّثُ أنَّ النَّبِيَّ ( ﷺ) كَانَ يَفْعَلُ ذَلِكَ )) واتە: (إبْنُ عُمَر) (خوایـان لێ ڕازی بێت) ئەگەر بچوایەتە نزیك ترین ناوچەی حەرەموە وازی لە (تَلْبِيَه) کردن دەهێنـا ، پاشان لە(ذُو طُوَى) دەمایەوە ، جـا نوێـژی بەیانیشـی لـەوێ دەکرد وخـۆی دەشـۆرد ، وە دەیفـەرموو: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) وای دەکـرد [رواه البخـاري (٣/٤٣٥/١٥٧٣) و مسلم (٢/٩١٩/١٢٥٩) بنحوه].

(٥٠٩) لە بەر فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فـەرمووی: (( كَانَ رَسُوْلُ اللهِ ( ﷺ) يَدْخُلُ مَكَّةَ مِنَ الثَّنِيَةِ العُلْيَا ، وَيَخْرُجُ مِنَ الثَّنِيَةِ السُّفْلَى )) واتە:


منتدى إقرأ الثقافي

**وە بۆ(طَـوَاف)کـردن سـوننەتە دەسـت ماڵەکـەی بداتـە سـەر شـانی چـەپیدا وشانی ڕاستی دەربخات[510]، و دەست پێوەدانی بەردە ڕەشەکە[511].**

پێغەمبەری خوا ﷺ لە (ثَنِيَةُ العُلْيَا)وە دەچووە (مَـکَّە)وە و لـە (ثَنِيَـةُ السُّفْلَى)یشـەوە دەر دەچوو [رواه البخاري (٣/٤٣٦/١٥٧٥) وهذ لفظه ومسلم (٢/٩١٨/١٢٥٧) وغيرهما].

(٥١٠) لە بەر فەرموودەکەی (يَعْلَىُّ بنُ أُمَيَّة) (خوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا فـەرمووی: (( أَنَّ النَّبِيَّ ( ﷺ) طَافَ مُضْطَبِعًا )) واتـە: پێغەمبـەری خـوا ( ﷺ ) بـە (مُضْطَبِـع)ی (طَوَاف)ی دەکـرد [رواه ابوداود(٢/رقم/١٨٨٣) والترمذي(٢/١٧٥/١٦١) وابن ماجة(٢/١٩٤/٤٨٤) وهو حديث حسن ، بڕوانە صحيح أبي داود(١٦٤٥) وصحيح إبن ماجة (٢٣٩١)]. (مُضْطَبِع): ئەوەیـە دەسـت ماڵەکەی بە سەر شانی چەپیدا بدات ، وە شانی ڕاستی ڕووت بێت ودەری بخات .

(٥١١) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێـت) کـەوا فـەرمووی: (( لَمْ يَكُنْ رَسُوْلُ اللهِ ( ﷺ) يَسْتَلِمُ مِنْ أَرْكَانِ البَيْتِ إِلاَّ الرُّكْنَ الأَسْوَدَ وَالَّذِي يَلِيْهِ ، مِنْ نَحْوِ دُوْرِ الجُمَحِيِّيْنَ )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) دەست بـە هیـچ (ڕُکْن)ەکـانی (بَيْـت)ەوە نەئەدا جگە لە (ڕُکْن)ە ڕەشەکەو ئەوەی تریان کە لە پاش ئەوەوە دێـت کـە دەکەوێتـە لای ماڵە(جمحيين)ەکانەوە [رواه مسلم( ٢/رقم/١٢٦٧)].

وە (إِبْنُ عُمَر) (خوایـان لێ ڕازی بێــت) دەفــەرمێ: (( أَنَّ رَسُوْلَ اللهِ ( ﷺ) كَـانَ لاَ يَسْتَلِمُ إِلاَّ الحَجَرَ وَالرُّكْنَ اليَمَانِيَ )) واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەست بە هیـچ شـوێنێکی (بَيْت)ەوە نەئەدا تەنها بەردەکە و(ڕُکْن)ە (يَمَاني)یەکە نەبێت .[رواه مسلم(٢/رقم/١٢٦٧) ].

وە (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرمێ: (( لَـمْ أَرَ رَسُوْلَ اللهِ ( ﷺ) يَسْتَلِمُ غَيْرَ الرُّكْنَيْنِ اليَمَانِيَيْنِ )) واتـە: نـەمبینی پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەسـت بـدات بـە هیـچ شـوێنێکی (بَيْـت)ەوە جگـە لـە دوو (ڕُکْـن)ە (يَمَـاني)ەکـە نـەبێت [رواه مسـلم (٢/رقم/١٢٦٩) والبخاري (١/٢٦٣/١٦٠٦) عن إبن عمر أيضاً].

**تێبینی:**

(كَعْبَە)ی پیرۆز چوار (ڕُکْن)ی هەیـە دوانیـان دەکەوێتـە لای وڵاتـی (شَـام)ەوە وپێـی دەوترێت (ڕُکْن)ە شامیەکان وە ئەو دوانەکەی تریشیان دەکەوێتە لای وڵاتی (يَمَن)ەوە بۆیە پێی دەوترێت (ڕُکْن)ە یەمانیەکان ، جا (ڕُکْـن)ە یەمانیـەکان ئـەوەیان کـە لـە پێشـدا پێـی دەگەیت لە کاتی (طَوَاف)کردندا بـەردە ڕەشـەکە(الحَجَرُ الأَسْوَد)ی تێدایە ، بۆیە پێیشـی دەوترێت (رُكْنُ الأَسْوَد) ، جا ئەمەیان دوو (فَضْـل)ی هەیـە یـەکێکیان ئەوەیـە کـە لـە سـەر (قَوَاعِد)ی(إِبْرَاهِيْم)ە (عَلَيْهِ السَّلاَم) و دووەمیش ئەوەیە کە بەردە ڕەشەکەی تێدایە ، بۆیە

منتدى إقرأ الثقافي

وماچ کردنی وسوجده بردن لە سەری[٥١٢] ، و ئاماژە کردن بۆی و(اللهُ أكْبَر) کردن هەر کاتێك تێپەڕ بوو بە لای (رُكْن)دا[٥١٣] ، و دەست پێوەدانی هەر دوو (رُكْن) یەمانیەکە و دوعا کردن لە نێوانیاندا[٥١٤] ،

ئەمەیان تایبەت کراوە بە دوو شت ، دەست پێوە دان وماچ کردنیش ، بەلاّم (رُكـن)ە یەمانیەکەی تر تەنها دەستی پێوە دەدرێت ، بەلاّم ماچ ناکرێت ، چونکە یەك (فَضْل)ی تێدایە ، بەلاّم ئەو دوو (رُكْن)ە کەی تر نە دەستی پێوە دەدرێت و نە ماچیش دەکرێت (وَاللهُ أعْلَم). [ بڕوانە شرح صحيح مسلم للنووي (١٤/٩)].

(٥١٢) لە بەر فەرموودەکەی (زَيْدُ بنُ أسْلَم) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب)م بینی بەردە ڕەشەکەی ماچ دەکرد و دەیفەرموو: (( إنِّي أعْلَمُ أنَّكَ حَجَرٌ لاَ تَضرُّ وَلاَ تَنْفَعُ ، وَلَوْلاَ أنِّي رَأيْتُ رَسُولَ اللهِ ( ﷺ ) يُقَبِّلُكَ مَا قَبَّلْتُكَ )) واتە: من دەزانم تۆ بەردی نە زیان دەگەیەنیت وە نە سوود بەخشیت ، وە ئەگەر پێغەمبەری خوام ( ﷺ ) نەبینیایە ماچی دەکردی ، ئەوە ماچتم نەدەکرد [رواه البخاري (١٥٩٧/٤٦٢/٣) ومسلم (١٢٧٠/٩٢٥/٢) وغيرهما].

وە لە بەر فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : (( رَأيْتُ عُمَرَ بْنَ الخَطَّابِ قَبَّلَ الحَجَرَ ، وَسَجَدَ عَلَيْهِ ، ثُمَّ عَادَ فَقَبَّلَهُ وَسَجَدَ عَلَيْهِ ثُمَّ قَالَ: هَكَذَا رَأيْتُ رَسُولَ اللهِ ( ﷺ ) )) واتە: (عُمَرُ بْنُ الخَطَّاب)م بینی ماچی بەردەکەی کرد و سوجدەی لە سەری برد ، پاشان دوو بارە هاتەوە و ماچی کرد و سوجدەی لە سەری برد پاشان فەرمووی: بینیم پێغەمبەری خوا( ﷺ) وای کرد [رواه البزار (١١١٤/٢٣/٢) وهو حديث حسن ، بڕوانە الإرواء (٣١٢/٤)].

(٥١٣) لە بەر فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) فەرمووی: (( طَافَ النَّبِيُّ ( ﷺ ) بِالبَيْتِ عَلَى بَعِيرٍ ، كُلَّمَا أتَى الرُّكْنَ أشَارَ إلَيْهِ بِشَيْءٍ كَانَ عِنْدَهُ وَكَبَّرَ )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) (طَوَاف)ی کرد بە دەوری (بَيْت)دا بە سەر ووشترەکەیەوە هەر کاتێك بگەشتایەتە لای (رُكـن)ە کە ئاماژەی بۆی دەکرد بە شتێك کە پێی بوو ، و(اللهُ أكْبَر)ی دەکرد [رواه البخاري (١٦١٣/٤٧٦/٣)].

(٥١٤) لە بەر فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس وإبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) ، بڕوانە (پ٥١١).



منتدى إقرأ الثقافي

و دوو ڕکات نوێژ ، پاش حەوت جار سووڕ خواردنەوە ، وە لە پشتی (مَقَامُ إِبْرَاهِيْم) و پێش دەست پێ کردنی دوو ڕکاتەکە ئایەتی: ﴿ وَاتَّخِذُوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيْمَ مُصَلًّى ﴾ دەخوێنێتەوە ، وە لە دوو ڕکاتەکەیشدا سورەتی (الكَافِرُوْن) و(إِخْلَاص) بخوێنێت ، و خواردنەوە لە ئاوی زەمزم و سەرتەڕ کردن لێی ، وە دەست پێوەدانی(رُكْن)ەکە جارێکی تر پێش دەرچون بۆ کۆشش کردنی نێوان (صَفَا)و( مَرْوَة) [٥١٥] ، وە بۆ کۆشش(سَعِي)کردنیش ، سوننەتە خوێندنی ئایەتی: ﴿ إِنَّ الصَّفَا وَالمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللهِ فَمَنْ حَجَّ البَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِ أَنْ يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَنْ تَطَوَّعَ خَيْرَاً فَإِنَّ اللهَ شَاكِرٌ عَلِيْمٌ ﴾ کە لە(صَفَا)وە نزیك دەبێتەوە ، وە بڵێ: (نَبْدَأُ بِمَا بَدَأَ اللهُ بِهِ) وە لە سەر (صَفَا)وە ڕوو لە قیبلە بکات و بڵێ : (اللهُ أَكْبَرُ ، اللهُ أَكْبَرُ ، اللهُ أَكْبَرُ ، لَا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيْكَ لَهُ ، لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيْر ، لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ ، أَنْجَزَ وَعْدَهُ ، وَنَصَرَ عَبْدَهُ ، وَهَزَمَ الأَحْزَابَ وَحْدَهُ ) ، پاشان هەرچی دوعایەك ویستی لێی بێت بیکات – سێ جار ئەمە دووبارە بکاتەوە – جا هەر کە گەیشتە دۆڵەکەی نێوان (صَفَا ومَرْوَة) دەست بە ڕاکردن بکات ، وە ئەوەی لە سەر(صَفَا)کردی لە ڕووکردنە قیبلە و زیکر و دوعا کردن لە سەر (مَرْوَة)یش بیکاتەوە [٥١٦] ، وە بۆ دەرچوون بۆ (مِنَى) سوننەتە لە ڕۆژی (التَّرْوِيَة) – کە ڕۆژێ پێش ڕۆژی عەرەفاتە – ئیحرام ببەسێتەوە هەر لە شوێنی خۆیەوە ،

---

وە فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن سَائِب) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : (( سَمِعْتُ رَسُوْلَ اللهِ ( ﷺ) يَقُولُ مَا بَيْنَ الرُّكْنَيْنِ: ﴿ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّار ﴾ واتە: بیستم پێغەمبەری خوا ( ﷺ) لە نێوانی هەردوو (رُكْن)ەکەدا دەیفەرموو: ﴿ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّار ﴾ [رواه أبوداود (١٨٩٢/٤٤٨/٢) وهو حديث حسن ، بڕوانە صحيح ابي داود (١٦٦٦)].

(٥١٥) لە بەر فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ ٤٩٠).

(٥١٦) لە بەر فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٤٩٠).


منتدى إقرأ الثقافي

وە نوێژی نیوەڕۆ وعەسر وشێوان و عیشایش لە(منی) بکات وە شەویش لەوێ بمێنێتەوە تا نوێژی بەیانیش لەوێ دەکات وخۆر هەڵدێت ، پاشان لەوێوە بەرەو کێوی عەرەفات بکەوێتە ڕێ ، وە نوێژی نیوەڕۆ وعەسر بە کورت کراوی وکۆ کراوی(قصر و جمع) لە (نمرە) دەکات ڕۆژی عەرەفات وە لە کێوی عەرەفات دانابەزێت تا پاش خۆر ئاوا دەبێت [٥١٧].

## مەرجەکانی سووڕ خواردنەوە (شُرُوطُ الطَّوَاف)

### لەش پاکی وبوونی دەست نوێژ [٥١٨] ، و داپۆشینی عەورەت [٥١٩] ،

(٥١٧) لە بەر فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ ٤٩٠).

(٥١٨) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (( الطَّوَافُ بِالبَيْتِ صَلاَةٌ ، وَلَكِنَّ اللهَ أَحَلَ فِيْهِ المَنْطِقَ ...)) واتە: سووڕخواردنەوە بە دەوری (كَعْبَه)دا نوێژە ، بەڵام خوای گەورە قسە کردنی تێدا حەڵاڵ کردوە ... [رواه الترمذی (٢/٢١٧/٩٦٧) وهو حديث صحيح ، بروانه الإرواء(١٢١) وصحيح الجامع(٣٩٥٤ )].

وە فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کاتێك تووشی حەیز بوو لە حەجدا ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: (( إِفْعَلِي كَمَا يَفْعَلُ الحَاجُّ غَيْرَ أَنْ لاَ تَطُوفِي بِالبَيْتِ حَتَّى تَطْهُرِي )) واتە: ئەوە بکە کە حاجی دەیکات ، تەنها ئەوە نەبێت کەوا (طَوَاف) نەکەیت تا خۆت دەشۆیت [رواه البخاری (٣/٥٠٤/١٦٥٠) ومسلم (٢/٨٧٣/١٢١١)].

(٥١٩) لە بەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (الأعراف: ٣١)دا کە دەفەرمێ:: ﴿ يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ ﴾ واتە: ئەی ڕۆڵەکانی ئادەم بە جلەکانتان خۆتان برازێننەوە بۆ هەموو نوێژێك .

وە لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا (أَبُو بَكْر الصِّدِّيق) (خوای لێ ڕازی بێت) ڕەوانەی کرد لە کۆمەڵێکدا لەو حەججەدا کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوی لە سەر کردە فەرماندە ، پێش حەججیماڵئاوایی کردن(حَجَّةُ الوَدَاع) لە ڕۆژی سەربڕین(جەژن)دا کەوا جاڕ بدات بە ناو خەڵکیدا (( أَنْ لاَ يَحُجَّ بَعْدَ العَامِ مُشْرِك وَلاَ يَطُوف بِالبَيْتِ عُرْيَانٌ )) واتە: ئیتر پاش ئەم ساڵە نابێت هاوەڵ بڕیار دەر (مُشْرِك) حەج بکات ، وە ڕووتیش بە دەوری (بَيْت)دا (طَوَاف) بکات [رواەالبخاری (١/٤٧٧/٣٦٩) ومسلم (٢/٩٨٢/١٣٤٧) وغيرهما].



منتدى إقرأ الثقافي

**وحەوت جاری تەواو بێت[٥٢٠] ، ولە بەردە ڕەشەکەوە دەست پێ بکات و لەوێشدا کۆتایی پێ بێت ، و ماڵەکە(بَیت)یش بخاتە لای چەپی خۆی[٥٢١] ، و سووڕخواردنەوەکە بە دەوری ماڵەکەدا بێت[٥٢٢] ، و نابێت بچڕانێکی زۆر بکەوێتە نێوان سووڕخواردنەکانیشەوە[٥٢٣] .**

(٥٢٠) چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەوت جار (طَوَاف)ی کردووە ، وە پێغەمبەری خوایش (ﷺ) خۆی ڕوونکەرەوەی ئایەتی ﴿ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ ﴾ە ، جا بۆیە ئەگەر لە حەوت جار کەمتر بکات بە(طَـوَاف) بۆی نازمێررێت ، وە ئەگەر کەوتە گومانەوە کەوا چەند جاری کردووە ، ئەوە کەمەکەیان دەژمێرێت پاشان حەوت جارەکە تەواو دەکات .

(٥٢١) لە بەر فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( لَمَّا قَدِمَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) مَكَّةَ أَتَى الحَجَرَ الأَسْوَدَ فَاسْتَلَمَهُ ، ثُمَّ مَشَى عَنْ يَمِينِهِ ، فَرَمَلَ ثَلاثَاً وَمَشَى أَرْبَعَاً )) واتە: کاتێك کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ حەجج و گەیشتە(مَكَّه) هاتە لای بەردە ڕەشەکە و دەستی پێوە دا ، پاشان بە لای ڕاستیدا کەوتە ڕێکردن ، جا سێ جار بە دەوریدا سوڕی خواردەوە بە ڕا کردنێکی لە سەرخۆ ، وە چوار جاریش بە ڕێ کردن بڕوانە [الوجيز في فقه السنة والكتاب العزيز (ل٢٥٠)].

(٥٢٢) چونکە ئایەتی : ﴿ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ ﴾ ئەوە دەگەیەنێت ، کە دەبێت بە دەور ی هەموو ماڵەکەدا (طَوَاف)ەکە بکرێت ، بۆیە ئەگەر بە ناو ماڵەکەدا سووڕبخواتەوە ، ئەوە بە (طَـوَاف) بـۆی نـاژمێررێت ، وە سـوننەتی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) وهاوەڵـان وشوێنکەوتوان تا وەکو ئەمڕۆ هەر بەو شێوەیە بوە .

(٥٢٣) چونکە (طَوَاف)کردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بچڕانـی تێدا نـەبوە ، جا ئەگـەر کەسێك بچڕانی ، بۆ ئەوەی دەست نوێژ بگرێتەوە ، یان بـۆ ئـەوەی نوێـژی فـەرز بکات کە قامەتی بۆ کرا ، یان بۆ پشوو دانەوە ، ئەوە چەند جاری کردوە هەر لە سەر ئەوەوە دەست پێ دەکاتەوە ، ئەمە ئەگەر زۆری پێ نەچوو ، بەڵام ئەگەر ماوەیەکی زۆر کەوتە نێوانەوە ، ئەوە جارێکی تر لە سەرەوە دەست پێ دەکاتەوە .



منتدى إقرأ الثقافي

## مەرجەکانی کۆشش کردن (شُرُوْطُ السَّعِي)

دەبێت پاش سووڕ خواردنەوە(طَواف) بکرێت وە حەوت جاریش بێت وە لە سەر (صَفَا)وە دەست پێ بکات وە لە سەر (مَرْوَة) کۆتایی پێ بهێنێت، وە کۆشش کردنەکەیش دەبێت لە ڕێگای نێوان (صَفَا و مَرْوَة)دا بێت[٥٢٤] .

## ئەوانەی حەج بەتاڵ دەکاتەوە (مُبْطِلاَتُ الحَجِّ)

جوت بوون(جِمَاع )[٥٢٥] و بە جێ نەهێنانی پایەکانی حەج[٥٢٦] .

(٥٢٤) لە بەر ئەو فەرموودانەی کە باسی چۆنێتی حەج کردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکەن ، لەوانە فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لێ رازی بێت) ، بڕوانە (پ ٤٩٠).

(٥٢٥) ئەگەر پێش ڕەجم کردنی (جَمْرَةُ العَقَبَة) جوت بوو(جیماعی کرد) لە گەڵ خێزانەکەیدا ، ئەوە حەجەکەی بەتاڵ دەبێتەوە ، بەلام ئەگەر پاش ئەوە و پێش (طَوافُ الإِفَاضَة) بوو ، ئەوە تاوانبار دەبێت ، بەلام حەجەکەی بەتاڵ نابێتەوە ، بڕوانە (پ ٤٨١) و (پ ٤٨٧) .

(٥٢٦) چونکە بە جێ نەهێنانی پایە(رُکْن)ی هەر پەرستنێك ، ئەو پەرستنە بەتاڵ دەکاتەوە .

**تێبینی:**

ئەگەر بە یەکێك لەم دوو شتەی پێشوو حەجەکەی بەتاڵ بویەوە ، ئەوە پێویست دەبێت لە سەری ساڵی داهاتوو بگەڕێتەوە بۆ حەج ، ئەگەر توانای هەبوو . بڕوانە (پ٤٨٧) .



منتدى إقرأ الثقافي

# عومرە کردن (العُمْرَة)

## پایە کانی عومرە کردن (أرْكَانُ العُمْرَة)

ئیحرام بەستن[٥٢٧]، و سووڕ خواردنەوە(طَواف)[٥٢٨]، و کۆشش(سعی)کردن[٥٢٩]، و سەر تاشین یان کورت کردنەوەی[٥٣٠].

## پێویستیەکانی عومرە کردن (واجِباتُ العُمْرَة)

وە پێویستە لەو شوێنە دیاری کراوانەوە ئیحرامی بۆ ببەسرێت، ئەگەر ماڵی لە پێش ئەو شوێنانەوە بوو، بەڵام ئەگەر ماڵی لە شوێنە دیاری کراوەکان نزیکتر بوو لە (مَكَّه)وە ئەوە یەکسەر لە ماڵی خۆیەوە ئیحرام دەبەستێت[٥٣١].

---

(٥٢٧) ئەوەیە کە نیەتی عومرەکردنی هەبێت، لە بەر فەرموودەکەی (عُمَرُ بْنُ الخَطَّاب) (خوای لێ رازی بێت)، بڕوانە (پ ٣١).

(٥٢٨) لە بەر فەرموودەی خوای گەورە، بڕوانە (پ ٤٩٤).

(٥٢٩) لە بەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة: ١٥٨)دا کە دەفەرمێ: ﴿ إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللهِ ﴾ واتە: بە ڕاستی (صَفَا) و(مَرْوَه) لە دروشمەکانی خوای گەورەن لە حەجج و عومرە کردنیشدا.

وە فەرموودەکەی (حَبِيْبَةُ بِنْتُ أَبِي تجراة) (خوای لێ رازی بێت) بڕوانە (پ ٤٩٥).

(٥٣٠) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (( مَنْ لَمْ يَكُنْ مَعَهُ هَدْيٌ فَلْيَطُفْ بِالبَيْتِ، وَبَيْنَ الصَّفَا وَالمَرْوَة، وَلْيُقَصِّرْ وَلْيُحَلِلْ )) واتە: هەر کەسێك قوربانی پێ نییە ئەوە با (طَوَاف)ی(بَيْت) و - سَعِي - نێوان (صَفَا) و (مَرْوَه) بکات و تووکی سەری کورت بکاتەوە و خۆی لە ئیحرام بکاتەوە [رواه البخاری (٣/٥٣٩/١٦٩١) ومسلم (٢/٩٠١/١٢٢٧) وغيرهما].

(٥٣١) بڕوانە (پ ٤٧٤).


منتدى إقرأ الثقافي

وە ئەوەیش کە لە(مَكّه)دایە وخەڵکی(مَكّه) نییە ، بۆ ئیحرام بەستنی عومرە دەچێتە دەرەوەی ناوچەی حەرەم[٥٣٢] ، وە لە هەموو کاتەکانی ساڵدا عومرە کردن دروستە ، بەڵام لە ڕەمەزاندا پاداشتی زیاترە [٥٣٣] ، وە دەتوانرێت پێش حەج کردنیش بکرێت [٥٣٤] .

(٥٣٢) لە بەر فەرموودەکەی (عَبْدُالرَّحْمَن بْن أَبِي بَكْر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) أَمَرَهُ أَنْ يُرْدِفَ عَائِشَةَ وَيُعْمِرَهَا مِنَ التَّنْعِيمِ )) واتە: کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کرد کەوا (عَائِشَه)ی خوشکی لە پشتی خۆیەوە سوار بکات ، وە لە(تَنْعِيم)ەوە ئیحرامی (عُمْرَة) ببەسێت [رواه البخاري (١٧٨٤/٦٠٦/٣) ومسلم (١٢١٢/٨٨٠/٢) وغيرهما]. (تَنْعِيم): شوێنێکە لە نزیکی (مَكَّة).

(٥٣٣) لە بەر فەرموودەکەی (أُمِّ مَعْقِل) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (( عُمْرَةٌ فِي رَمَضَانَ تَعْدِلُ حَجَّةً )) واتە: عومرەیەك لە ڕەمەزاندا وەکو حەجێك وایە [رواه الترمذي (٩٤٣/٢٠٨/٢) وابن ماجة (٢٩٩٣/٩٦٦/٢) وهو حديث صحيح ، بڕوانە صحيح إبن ماجة (٢٤٢٤) وصحيح الترمذي (٧٤٧) وصحيح الجامع (٤٠٩٧)].

(٥٣٤) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( إِعْتَمَرَ النَّبِيُّ ( ﷺ) قَبْلَ أَنْ يَحُجَّ )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) عومرەی کرد پێش ئەوەی حەج بکات [رواه البخاري (١٧٧٤/٥٩٨/٣)].

**( الحَمْدُ لِلّهِ ) ئەوە بەشی حەج و عومرەیش کۆتایی پێ هات**

**بەم جۆرە بەشی (عیبادات) کۆتایی پێ هات ، وە ئێستا دەچینە سەر بەشی دووەمی ئەم کتێبە کە بەشی(موعامەلات)ە .**


منتدى إقرأ الثقافي

# پوختەی

# فیقهی شەریعەت

## بەشی ( موعامەلات )

منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی ژن هێنان (باب النكاح)

## حوکمی ژن هێنان ( حُكمُ النكَاح )

ژن هێنان لە سوننەتی پێغەمبەرانە [1] ، وەپێویستیشە لەسەر هەرکەسێك توانای هەبێت و

(١) لەبەر فەرمودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (الرعد:٣٨)داکە دەفەرموێ :﴿وَ لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلاً مِنَ قَبلِكَ وَ جَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجَاً وَ ذُرِّيَّةً﴾ واتە: وە بێ گومان ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە لە پێش تۆ پێغەمبەرانمان ناردووە و ژن و نەوەشمان پێ داون .
وە لەبەر فەرمودەکەی (أَنَسُ بنُ مَالِكٍ) (خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی:((سێ "رهط"هاتن بۆ مالّی خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاریان کرد لە بارەی خواپەرستی پێغەمبەرەوە (ﷺ) ، جا کە پێیان ڕاگەیاندن ...، وەکو بە کەمیان زانی ، جا ووتیان : ئێمە لەکوێ و پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کوێ ؟ خوای گەورە لەتاوانەکانی پێش و پاشی خۆش بووە ، جا یەکێکیان ووتی:بەلاّم من ، ئەوە ئیتر شەو نوێژی دەکەم تا ماوم ، وە ئەوەی تریان ووتی: من ڕۆژووی هەموو سالّ دەگرم و هەرگیز نایشکێنم ، وە ئەوی تریان ووتی : من لە ئافرەتان دوور دەکەومەوە و ژن ناهێنم هەتا ماووم ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات و فەرمووی : ((أَنْتُمْ الَّذِيْنَ قُلْتُمْ كَذَا وَ كَذَا؟ أَمَّا وَاللهِ إنِّي لأَخْشَاكُمْ للهِ ، وَ اتْقَاكُمْ لَهُ ، وَلَكِنِّي أَصُومُ وَ أُفطِرُ ، وأُصَلِّي وَأَرْقُدُ ، وَأَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ ، فَمَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي)) واتە:((ئەوە ئێوە بوون ئەمە و ئەوەتان وتبوو؟ بەلاّم بە خوا من لە هەمووتان زیاتر لە خوا دەترسم و زیاتریش خۆم دەپارێزم ، وە ڕۆژوویش دەگرم و دەیشکێنمیش ، وەشەو نوێژیش دەکەم و دەشخەوم ، وە ژنیش دەهێنم ، جا هەر کەسێك لەسوننەتی من لابدات ئەوەلە من نیە)) . [رواه البخاري (٩/رقم :٥٠٦٣)و هذا لفظه و مسلم (١٤٠١/١٠٢٠/٢)و غيرهما] .


منتدى إقرأ الثقافي

لەخۆی ترسا توشی تاوان بێت [٢]، وە ئەگەر لە خۆی ترسا بەڵام توانای نەبوو ئەوە با ڕۆژوو بگرێت [٣]، وە واز هێنان لێی و لێ بڕان بۆ خوا پەرستی دروست نیە [٤] مەگەر بۆ کەسێك توانای جێبەجێ کردنی

---

(٢) لەبەر فەرمودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (النور:٣٢)دا کەدەفەرمویٚ: ﴿وَ أنْكِحُوا الأَيَامَىٰ مِنْكُمْ وَ الصَّالِحِيْنَ مِنْ عِبَادِكُم وَ إِمَائِكُمْ إِنْ يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْنِهِمُ اللهُ مِنْ فَضْلِهِ﴾ واتە: ژن بهێنن بۆ ئەو پیاوانەتان کە ژنیان نیە و ئەو ژنانەشتان کە شویان نیە بە شویان بدەن، هەروەها بۆ بەندە وکەنیزە چاك و صالحەکانیشتان، ئەگەر هەژاریش بن ئەوە خوای گەورە لە چاکە و فەزڵی خۆی دەوڵەمەندیان دەکات، وە لەبەر فەرمودەکەی (عَبْدُالله بن مَسْعُود)(خوای لیٚ رازی بێت) کەوا فەرمووی: ((ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خوا بووین (ﷺ) لاو بووین هیچمان نەبوو، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموین: ((يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ البَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّج، فَإِنَّهُ أغَضُّ لِلبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلفَرْجِ وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ، فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ)) واتە: ((ئەی کۆمەڵی لاوان، هەرکەسێکتان توانای ژن هێنانی هەبوو با ژن بهێنێت، چونکە ئەوە باشترین پارێزە بۆ چاو و داوێن، وە هەر کەسێکیش نەیتوانی ئەوە با ڕۆژوو بگرێت، چونکە ئەوە بۆ ئەو بڕینی ئارەزووی جیماع کردنە)) [رواه البخاري (٤/رقم :١٩٠٥)و مسلم (٢/١٠١٨/١٤٠٠) و غيرهما].

(٣) لەبەر فەرمودەکەی (عَبْدُالله بن مَسْعُود) بڕوانە (پ٢) وە فەرمودەکەی (عَائِشَة)(خوای لیٚ رازی بێت) کە لە (پ٤)دا باسی لێوە دەکەین.

(٤) لەبەر فەرمودەکەی (عَائِشَة)(خوای لیٚ رازی بێت) کە وا فەرموی: ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: ((النِّكَاحُ مِنْ سُنَّتِي، فَمَنْ لَمْ يَعْمَلْ بِسُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي، وَتَزَوَّجُوا، فَإِنِّي مُكَاثِرٌ بِكُمْ الأُمَمَ وَمَنْ كَانَ ذَا طَوْلٍ فَلْيَنْكِحْ وَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَعَلَيْهِ بِالصِّيَامِ فَإِنَّ الصَّوْمَ لَهُ وِجَاء)) واتە: ((ژن هێنان لە سوننەتی منە، جا هەر کەسێك کار بە سوننەتی من نەکات ئەوە لەمن نیە، وە ژن بهێنن چونکە من شانازی بە زۆریتانەوە دەکەم لەلای ئوممەتەکانی تردا وە هەر کەسێك دەستی دەڕوات با ژن بهێنێت، وە هەر کەسێکیش نەیبوو ئەوە با ڕۆژوو بگرێت چونکە ئەوە بۆ ئەو بڕینی ئارەزووی


منتدى إقرأ الثقافي

ئەرکەکانی نەبێت (٥)

جیماع کردنە)) [رواه ابن ماجة(١/٥٩٢/١٨٤٦)و هو حديث حسن بروانە صحيح سنن ابن ماجة رقم (١٤٩٦) و السلسلة الصحيحة(٢٣٨٣)]

وە هەروەها لەبەر فەرمودەکەی (أَنَسُ بنُ مَالِكٍ)بروانە (پ١)، وە لەبەر فەرمودەکەی (سَعْدُ بنُ أَبِي وَقَّاص)(خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی١: ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) داواکەی (عُثْمَانُ بنُ مَظْعُون)ی گێڕایەوە کە وا ویستی واز لە ژن هێنان بێنێت وە لێ ببڕێت بۆ خوا پەرستی ، وەئەگەر ڕووخسەتی بە ئەو بدایە ئەوە هەموو خۆمانمان دەخەساند)) [رواه البخاري(٩/رقم:٥٠٧٣)و مسلم(٤/١٢٩) طبعة الآفاق الجديدة]

وە هەروەها لەبەر فەرمودەکەی (أَنَسُ بنُ مَالِكٍ)(خوای لێ رازی بێت) کەوا فەرمووی :((پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کردین بە ژن هێنان و قەدەغەی لە ژن نەهێنان دەکرد زۆر بە توندی و دەیفەرموو: ((تَزَوَّجُوا الوَدُودَ الوَلُودَ ، فَإِنِّي مُكَاثِرٌ بِكُمُ الأَنْبِيَاءَ يَوْمَ القِيَامَةِ))واتە:((ژن بهێنن ژنێك کەوا ڕووخۆش بێت ، وە منداڵیشی ببێت ، چونکە من شانازی بە زۆریتانەوە دەکەم لەلای پێغەمبەراندا لە ڕۆژی دوایی‌دا ...)) [رواه أحمد (٣/١٥٨/٢٤٥)و ابن حبان (١٢٢٨/٣٠٢)و أبوداود (٦/٤٧/٢٠٣٥)و النسائي (٦/٦٥)أيضا بألفاظ متقاربة عن معقل بن يسار و هو صحيح بروانە صحيح النسائي (٣٠٢٦) و صحيح أبي داود(١٧٨٩)و صحيح الجامع(٢٩٤٠)].

(٥) لەبەر ئەوەی خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا قەدەغە دەکات لە زیان لێدانی ئافرەتان وە فەرمان دەکات بەوەی کە وا ژیانێکی چاکیان لەگەڵدا ببەنە سەر وەك لە سورەتی (النساء :١٩)دا دەفەرموێ :﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا يَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَرِثُوا النِّسَاءَ كَرْهًا وَلا تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُوا بِبَعْضِ مَا آتَيْتُمُوهُنَّ إِلاَّ أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِنْ كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا﴾جا ئەگەر یەکێك تواناى ئەوەی نەبوو ئەوە دروست نیە کارێك بکات کەوا خۆی تووشی حەرامی بکات ، وە ئەو بەڵگانەی کە هاتوون و هانی موسوڵمان دەدەن لەسەر تەنهایی و گۆشەگیری بەسەر ئەم حاڵەتەدا (حَمْل)دەکرێت.



منتدى إقرأ الثقافي

## تێبینی :

### ژن هێنان فەزڵ و سوودی زۆر زۆرە لەوانە :

(أ) منداڵ بوون ، چونکە مەبەست لێی مانەوەی ڕەگەزە، ئەویش سودی بەدەست هێنانی خۆشەویستی خوای گەورەی تێدایە بە کۆشش کردن بۆی .

(ب) بە دەست هێنانی خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ) لە شانازی کردن بە زۆری موسوڵمانانەوە .

(ج) سوود وەرگرتن لە دوعای ڕۆڵەی چاك و بەدەست هێنانی (شَفَاعَة)بە مردنی منداڵی بچوك .

(د) خۆ پاراستن لەشەیتان بە تێر کردنی ئارەزوو بە ڕێگای حەڵاڵ .

(ﻫ) خۆشی دان بە دەروون بە تێکڵاوی کردنی ماڵ و منداڵ .

(و) خەریك نەبوون بە ئیش و کاری پێویستی ناو ماڵ وەك دروست کردنی خواردن و خواردنەوە و جل شۆردن و گزگ (گسك) دان و ... هتد . چونکە ئافرەتی چاك یارمەتی دەرێکی چاکە بۆ ئەوەی پیاو زۆربەی کاتەکانی بەدەست هێنانی زانستە شەرعیەکان و کار کردن بەسەرببات .

(ی) ڕاهێنانی نەفسە لەگەڵ پەروەردەکردن و سەرپەرشتی کردن و بەجێ هێنانی مافەکانی کەس و کارو ئارام گرتن لەسەر ڕەوشت و سرووشتیان ، وە خۆ گرتنیش لەبەرانبەر ئازاریان و کۆشش کردن بۆ چاککردنیان و ڕێ پیشاندانیان بۆ ڕێگای ئایین وەکۆشش کردن بۆ بەدەست هێنانی ڕۆزی حەڵاڵ بۆیان و ... هتد ئەو کارانەی کەلە ڕاستی دا ئەگەر نیەتی ڕازی کردنی خوا بێت هەمووی بەپەرستن (عِبَادَة) بۆی دەژمێردرێت ئەوەتا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێ : ((دِيْنَارٌ أَنْفَقْتَهُ فِي سَبِيْلِ الله ، وَ دِيْنَارٌ أَنْفَقْتَهُ فِي رَقَبَةٍ ، وَدِيْنَارٌ تَصَدَّقْتَ بِهِ عَلَىٰ مِسْكِيْنٍ ، وَ دِيْنَارٌ أَنْفَقْتَهُ عَلَىٰ أَهْلِكَ ، أَعْظَمُهَا أَجْراً الَّذِي أَنْفَقْتَهُ عَلَىٰ أَهْلِكَ)) واتە : دینارێك لە ڕێگای خوادا ببەخشیت وە دینارێك بۆ ئازاد کردنی بەندەیەك ببەخشیت وە دینارێك بدەی بەدەست کورتێك وە دینارێك لەسەر ماڵ و منالی خۆت خەرجی بکەیت ، گەورەترینیان لە پاداشت



منتدى إقرأ الثقافي

# سیفەتی ژنی باش و پیاوی باش

## باش وایە پیاو کچێکی (٦)

دا ئەوەیە لەسەر ماڵ و منداڵی خۆت خەرجی بکەیت)) [رواه مسلم رقم (٩٩٥) عن أبی هريرة بڕوانە صحيح الجامع رقم (٣٣٩٨)] .

(٦) لەبەرفەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدُاللهِ) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوافەرمووی : ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بووین (ﷺ) لەغەزایەکدا ، جا کە گەڕاینەوە ، بەسەر وشترێکی خاوەوە بووم پەلەم دەکرد ، جاسوارێك لەپشتمەوە پێم گەیشت جابەدارێك کەپێی بوو ژەنی بە وشترەکەمەوە ، جاووشترەکەم کەوتەڕێ و خێرا بویەوە ، وەك باشترین ووشتر بینیبێتت جاکاتێك ڕووم وەرچەرخاند بینیم پێغەمبەری خوایە (ﷺ) جافەرمووی ((مَايُعْجِلُكَ يَاجَابِر ؟)) واتە : ئەوە چی پەلەت پێ دەکات ئەی(جَابِر)؟ منیش ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من تازە ژنم هێناوە ، جافەرمووی : ((أبِكراً تَزَوَّجْتَهَا أمْ ثَيْبَاً)) واتە : ئەوە کچە خواستوتە یان بێوەژنە ؟)) فەرمووی ، ووتم : بەڵکو بێوەژنە . فەرمووی : ((هَلّا جَارِيَة تُلَاعِبُهَا وَتُلَاعِبُك)) واتە : ((ئەی بۆکچێکت نەهێنا کاڵتەو گەپی لەگەڵدا بکەیت وە کاڵتەو گەپت لەگەڵدا بکات ؟)) فەرمووی جاکە گەیشتینەوە مەدینە چووینەوە بۆ ئەوەی بچینەوە ژوورەوە ئەویش فەرمووی : ((أمْهِلُوا حَتَّىٰ نَدْخُلَ لَيْلاً (أي عِشَاءً) كَيْ تَمْتَشِطَ الشَّعْثَةُ وَتَسْتَحِدَّ المَغِيبَةُ)) واتە : پەلەمەکەن تاشەو دەچینەژوورەوە ، بۆئەوەی ئافرەتی (شَعِثَة) ، (مَغِيْبَة) سەریان شانەبکەن و خۆیان پاك بکەنەوە . وەفەرمووی : ((إذَا قَدِمْتَ فَالكَيْسُ الكَيْس)) واتە: ئەگەر چویتەوە (الكَيْسُ الكَيْس) [رواه البخاری (٩/ رقم /٥٠٧٩) ومسلم (٢/١٠٨٨/ ٧١٥)] .

(شَعِثَةَ) : ئەو ئافرەتەیە کەسەری تێك چووە بۆئەوەی خۆی جوان کاتەوە (مَغِيْبَة) : ئەو ئافرەتەیە کەپیاوەکەی ماوەیەك لێی دوور کەوتۆتەوە . (الكَيْس)ی یەکەم : جیماع کردنە . وە (الكَيْس)ی دووەم : ژیریيە ، واتە هانی داوە کەوا جیماع بکات بۆ ئەوەی منداڵی ببێت .



منتدى إقرأ الثقافي

موسوڵمانی (٧) ڕوو خۆش بخوازێت کەوا نەزۆك نەبێت (٨) وەسەرپەرشتیاری ئافرەتیش دەبێت ئەو ئافرەتە بدات بەموسوڵمانێکی ڕەوشت جوان (٩)

---

تێبینی:

مەرج نییە هەردەبێت پیاو کچ بخوازێت ، بەڵکو ئەوەئەگەر (ظُرُوف) وحاڵی وابوو کەوا کچ بخوازێت ئەوە باشترە کەوا کچ بخوازێت ، بەڵام هەندێ حاڵەتی واهەیە بێوەژن بخوازێت باشترە . بەبەڵگەی فەرموودەکەی پێشوو ، لەهەندێك لەڕیوایەتەکانی تریدا هاتووە کەهۆی بێوەژن خواستنی (جَابِر) ئەوەبووە کە (جَابِر) باوکی لەجەنگی (أُحُد) دا شەهید بوو جا حەوت خوشکی لێ بەجێ مابوو دەبوا یە (جَابِر) بەخێوی بکردایە جا بۆ ئەو حاڵەتە بێوەژن باشترە،وەهەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی تەنها یەك کچی خواستووە کەدایکە (عَائِشَة) یە بەڵام ئەو خێزانەکانی تری هەموو بێوەژن بوونە .

(٧) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُوهُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەواپێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((تُنْكَحُ المَرْأَةُ لأَرْبَعٍ : لِمَالِهَا ، ولِحَسَبِهَا ، ولِجَمَالِهَا ، ولِدِيْنِهَا . فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّيْنِ تَرِبَتْ يَدَاكَ)) واتە : ((ئافرەت لەبەر چوارشت دەخوازرێت لەبەر پارەی و لەبەر بنەماڵەی و لەبەر جوانی و لەبەر ئایینی،جا تۆ خاوەن ئاینەکەیان هەڵبژێرە دوو دەستەت خۆڵاوی بێت)) [رواه البخاري (٩/١٣٢/٥٠٩٠) ومسلم (٤/١٧٥ ، الآفاق)].

مەبەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (دوودەستەت خۆڵاوی بێ) دوعای خێر بۆکردنە.

(٨) لەبەر فەرموودەکەی (أَنَسُ بنُ مَالِكٍ) بڕوانە (پ٤)

(٩) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو حَاتِمِ المُزَنِي) (خوای لێ ڕازی بێت) . کەواپێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((إِذَا جَاءَكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِيْنَهُ وَخُلُقَهُ فَأَنْكِحُوْهُ ، إِلاَّ تَفْعَلُوا تَكُنْ فِتْنَةٌ فِي الأَرْضِ وَ فَسَادٌ كَبِيْر)) واتە : ((ئەگەر کەسێك هات بۆلاتان –داوای کچی لێ کردن– و لە ئاین و ڕەوشتی ڕازی بوون ئەوە ژنی پێ بدەن ، ئەگەر نەیکەن ئەوە دەبێتە فیتنە لەزەویدا وە خراپەیەکی گەورە)) . ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا : وە ئەگەر شتێکی تێدابوو ؟ فەرمووی : ((إِذَا جَاءَكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِيْنَهُ وَ خُلُقَهُ فَانْكِحُوهُ)) واتە : ((ئەگەر کەسێك هات بۆ لاتان لەئاین و ڕەوشتی ڕازی بوون ئەوە مارەی لێ بکەن)) سێ جار دووبارەی کردەوە [رواه الترمذي (٢/٢٧٥/١٠٩٧) وهو حديث صحيح بروانە الإرواء (١٨٦٨) . و صحيح سنن الترمذي (٨٦٦)] .



منتدى إقرأ الثقافي

# جۆرەکانی تەماشاکردن

## تەماشا کردنی پیاو بۆ ئافرەتی نامەحرەم ، هەروەها ئافرەتیش بۆ پیاوی نامەحرەم دروست نی‌یە بەبێ پێویستی (١٠) بەڵام ئەگەر زەرور بوو ،

١

**تێبینی :**

هیچی تێدا نی‌یە ئەگەر سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە خۆی کەسێکی بەشایستە زانی بۆ کچەکەی کەوا خۆی بەو کەسە بڵێ من کچەکەمت پێ دەدەم . لە (عَبْدُالله بن عُمَر) ەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کەوا (عُمَرُ بنُ خَطَّاب) کاتێك کە (حَفصَة)ی کچی بێوەژن کەوت لە (خُنَيْسُ بنُ حُذَافَةَ السَّهْمِي) کە یەکێك بوو لەهاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) و لە مەدینە وەفاتی کرد (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) فەرمووی : هاتم بۆلای (عُثْمَانُ بنُ عَفَّان) و (عَرْض)ی (حَفْصَه)م بەسەری‌دا کرد ، ئەویش ووتی : تەماشای حاڵی خۆم دەکەم ، جا چەند شەوێك چاوەڕوانی بووم ، پاشان پێم گەیشت و ووتی : بۆم دەرکەوتووە کەلەم ڕۆژەم دا ژن نەهێنم باشە ، (عُمر) فەرمووی : جا گەیشتم بە (أبوبَکرِ) و پێم ووت : ئەگەر ویستت لەسەرێتی (حَفْصَه)ت لێ مارە دەکەم ، جا (أبوبکر) بێ دەنگ بوو و هیچ وەڵامی نەدامەوە ، و منیش لەوەی (عُثْمَان) زیاتر لە دڵم گرت ، جا چەند شەوێك مامەوە ، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای کرد جامنیش لێم مارە بڕی ، جا (أبوبَکْر)م پێ گەیشت ، فەرمووی : لەوانەیە لەدڵت دا بەرانبەرم شتێکت هەڵگرتبێت کاتێك کە (حَفصَه)ت بەسەرم دا (عَرْض) کرد وەمنیش هیچ وەڵامم بۆت نەگێڕایەوە؟ (عُمَر) ووتی : ووتم بەڵێ ، (أبوبَکْر) ووتی : ئەوە هیچ بەرگری نەکرد کەوەڵامت بۆ بگێڕمەوە لەوەی (عَرْض)ت کردم تەنها ئەوە نەبێت کەمن زانیبووم کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی لێ کردبوو ، جا نەبوو من نهێنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاشکرا بکەم ، وە ئەگەر ئەو وازی لێ بهێنایە ئەوە من ڕازی دەبووم)) [رواه البخاری (٩/رقم/٥١٢٢) وغیره] .

(١٠) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (النور : ٣٠)دا کە دەفەرمێ : ﴿قُلْ لِلْمُؤْمِنِيْنَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَ يَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ﴾ واتە : ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە پیاوانی باوەڕداران بڵێ : با چاوی خۆیان دابخەن و تەماشای ئافرەتی نامەحرەم



منتدى إقرأ الثقافي

## وەك تەماشاكردنی پیاو بۆ خێزانی و كەنیزەی خۆی (١١) یان بۆ ئەوەی مارەی بكات (١٢)

---

نەكەن و داوێنی خۆیان بپارێزن لە حەرام . وە هەروەها لەهەمان سوورەت دا دەفەرمێ : ﴿وَقُل لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَ يَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ﴾ واتە : ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە ئافرەتانی موسولمان بڵێ : با چاوانی خۆیان دابخەن و تەماشای پیاوی نامەحرەم نەكەن و داوێنی خۆیان لە حەرام بپارێزن .

(١١) لەبەر فەرموودەكەی خوای گەورە لە سورەتی (المؤمنون : ٥-٧)دا كە دەفەرمێ : ﴿وَ الَّذِيْنَ هُمْ لِفروجهمْ حَافِظونَ ، إلاَّ عَلَى أَزْوَاجِهمْ أَوْ مَامَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ ، فَمَنِ ابْتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ العَادُونَ﴾ واتە : یەكێكی تر لە سیفەتی باوەڕدارە سەرفرازەكان ، وە ئەوانەی كە داوێنی خۆیان دەپارێزن تەنها لەسەر خێزان و كەنیزەكانیان نەبێت ئەوە لەئەوەدا لۆمەیان لەسەر نییە ، جا هەركەسێك بەدوای جگە لەوانە -ژن و كەنیزە- بگەڕێت ئەوە ئەوانە لەسنوور دەرچووەكانن . واتە: لەسنووری خوا دەرچوونە .

(١٢) لەبەرفەرموودەكەی (المُغيرةُ بنُ شُعْبَة) (خوای لێ ڕازی بێت) ((كەوا داوای ئافرەتێكی كرد ، جا پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو : ((إذْهَبْ فَانْظُرْ إلَيْهَا . فَإنَّهُ أجْدَرُ أنْ يُؤْدَمَ بَيْنَكُمَا)) واتە : بڕۆ تەماشای بكە ، چونكە ئەوە لەوانەیە واتان پێ بكات زیاتر گونجاو ترین پێكەوە [رواه أحمد (٤/٢٤٤) والنسائي (٦/٦٩) و الترمذي (٢/٢٧٥/١٠٩٩) و هو صحيح بروانە صحيح الترمذي (٨٦٨) و صحيح النسائي (٣٠٢٤)].

وە فەرموودەكەی (أبو هُرَيْرَة) كەوا فەرمووی : ((لای پێغەمبەر (ﷺ) دا بووم جاپیاوێك هاتە خزمەتی و پێ ی ڕاگەیاند كەوا ژنێكی لەئەنصارێكان داواكردووە . جا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ((أنَظَرْتَ إلَيْهَا)) واتە : ((ئایە تەماشات كردووە)) ؟ ووتی : نەخێر ، فەرمووی ((فَاذْهَبْ فَانْظُرْ إلَيْهَا ، فَإنَّ فِي أعْيُنِ الأنْصَارِ شَيْئًا)) واتە: بڕۆ تەماشای بكە ، چونكە لەچاوی ئەنصارێكاندا شتێك هەیە [رواه مسلم (٢/١٠٤٠/ ١٤٢٤) واحمد (٢/٢٨٦) والنسائي (٦/٦٩)] .

مەبەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەوەی كەفەرمووی: (چونكە چاوی ئەنصارێكان شتێكی تێدایە) یان شینی یەكی تێدا بووە یان بچوك بووە .


منتدى إقرأ الثقافي

یان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی [13] یان بۆ شایەتی دان و ئاڵو گۆڕ و کڕین و فرۆشتن ئەوە دروستە [14]

## داواکردن ( الخِطبَة ) [15]

**کەسێك داوای ئافرەتێك بکات هیچی بۆ حەڵاڵ ناکات باکەس و کاریشی رازی بوبن تامارەی دەبڕێت [16] وە بۆ هیچ موسوڵمانێك نییە داوای ئافرەتێك بکات کەموسوڵمانێکی تر داوای کردبێت تاوەکو وەڵامی ئەو دەدرێتەوە [17]**

---

(١٣) ئەگەر پزیشك (دکتۆر) ی ئافرەت نەبوو ، وەپێویستە مەحرەمیشی لەگەڵدا بێت ، لەبەر فەرمودەکەی (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوافەرمووی:((أُمّ سَلَمَة) ڕوخسەتی لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) خواست کەوا کەڵەشاخ (حِجَامَة) بکات ، جا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی بە (أبوطِيبَة) کرد کەوا کەڵەشاخی بۆبکات)) [رواه مسلم رقم (٢٢٠٦)]

(١٤) ئەگەر پێویست بوو کەوا ئەو ئافرەتە بناسرێت ، وە نەیش دەناسرا مەگەر بەتەماشاکردنی ، ئەوە لەو کاتەدا لەبەر پێویستی دروستە ئەوەندە تەماشا بکرێت تا دەناسرێت .

(١٥) داواکردن (الخِطبَة) : ئەوەیە کەوا خواست بێنی ئافرەتێك بکەیت بەو شێوەیەی کە لەناو خەڵکیدا باوە .

(١٦) چونکە تا مارەیدەبڕێت بێگانەیە و هیچ شتێك دروست نییە لەگەڵی دا ، نەتەنها بوونەوە لەگەڵ یەکدا بەبێ مەحرەمی ئافرەتەکە وە لەشتی تریش لەوەی کەئێستا لە هەندێ وولات دا باوە بەبیانووی هیچ و پووچ وەك زیاتر یەك ناسین و ... هتد.

(١٧) لەبەرفەرموودەکەی (إبنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوافەرمووی ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە کەوا هەندێکتان لەکڕین و فرۆشتن دا زەم لەسەر هەندێکی ترتان بکەن ، وە هیچ پیاوێك [redacted]

خوازبێی ئافرەتێك نەکات بەسەر خوازبێی



منتدى إقرأ الثقافي

وەدروست نی یە داوای ئافرەتێك بكرێت كەلەماوە(عِدّە) ی تەلاقی (رِجْعِي) دا بێت تاماوەی (عِدَّة) كەی تێ پەڕ دەبێت [18] وەهەروەها ئافرەتێكیش ئەگەر لەماوە (عدە) ی پیاو مردندا بێت مەگەر بەشێوەی (تَعْرِيْض) [19]

---

دا.برای دبنى - تاشەو

[redacted] وازی لیّ دەهێنێت ، یان داواكەرەكە خۆی ڕوخسەتی پیّ دەدات)) [رواه البخاری (٩/ رقم /٥١٤٢) والنسائی (٧٣/٦)].

(١٨) چونكە تاوەكو ماوە (عِدَّة) كەی تێپەڕ دەبێت هەرژنی پیاوەكەی خۆیەتی .

(١٩) لەبەر فەرمودەكەی خوای گەورە لەسورەتی (البقرة : ٢٣٥) دا كەدەفەرموێ : ﴿وَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُمْ بِهِ مِنْ خِطْبَةِ النِّسَاءِ أَوْ أَكْنَنْتُمْ فِي أَنْفُسِكُمْ عَلِمَ اللهُ أَنَّكُمْ سَتَذْكُرُونَهُنَّ ، وَلَكِنْ لاتُوَاعِدُوهُنَّ سِرّاً إِلاَّ أَنْ تَقُولُواْ قَوْلاً مَعْرُوفاً وَلَا تَعْزِمُوا عُقْدَةَ النِّكَاحِ حَتَّى يَبْلُغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ ...﴾ واتە : ((هیچ تاوانتان لەسەر نییە لەوەی كە (تَعْرِيْض) بكەن لەداواكردنی ئەو ئافرەتانەدا (كەپیاوەكانیان مردووە) یان لەدڵتاندا بیشارنەوە (كەوا پاش (عِدَّة) داوایان بكەن) ، خوای گەورە زانی كەوا ئێوە (خۆتان ناگرن) و باسیان بۆ دەكەن (كەوا دەتانەوێ داوایان بكەن ، بۆیە ڕوخسەتی (تَعْرِيْض) كردنی پیّ دان) بەلاّم پەیمانیان پیّ مەدەن بە نهێنی مەگەر قسەیەكی چاك بكەن — كە (تَعْرِيْض) كردنەكەیە — وەبڕیاری خواستنیان مەدەن تاوەكو ماوەی (عِدَّة) كەی تێپەڕدەبێت ....)) . (التَّعْرِيْض):ئەوەیە كەوا بەڕاشكاوی (صَرَاحَة) نەڵێت من دەمەوێت داوات بكەم ، بەڵكو تەنها ئامـاژەی بۆدەكات وەك ئەوەی بڵێ: (بەخوا تۆ ئافرەتێكی جوانیت و چەند كەس مەمنونە شوی پیّ بكەیت) یان (بەخوا من ئافرەتێكی چاك بوایە ژنم دەهێنا....) .



منتدى إقرأ الثقافي

# پرس کردنی ئافرەت پێویستە
# ( وُجوبُ إسْتِئْذَانُ المَرْأَةِ )

**پێویستە لەسەر سەر پەرشتیاری ئافرەت پرس بەئافرەتەکە بکات کاتێك دەیداتە شوو [٢٠] وە دروست نییە زۆری لێ بکات وە ئەگەر بەزۆریش مارەی ببڕێت ئەوە ئەو (عَقْد)ە بەتاڵە . [٢١]**

---

(٢٠) لەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((الثَّيِّبُ أَحَقُّ بِنَفْسِهَا مِنْ وَلِيِّهَا وَ البِكْرُ تُسْتَأْمَرُ وَإِذْنُهَا سُكُوتُهَا)) واتە : بێوەژن مارە ناکرێت تاداوای فەرمانی لێ دەکرێت (واتە خۆی بڵێت : مارەم بکە) وە هەروەها کچیش مارە ناکرێت تا پرسی پێ نەکرێت و ڕوخسەتی لێ وەرنەگیرێت و بێ دەنگ بوونیشی ڕوخسەت دانە (واتە ئەگەر پرسی پێ کراویێ دەنگ بوو ئەوە مانای وایە ڕازی یە) [رواه البخاری (٩/رقم/١٥٣٦) و مسلم (٢/١٠٣٦/١٤١٩) و غيرهما] .

(٢١) لەبەر زۆر فەرموودە ، لەوانە فەرموودەکەی (خَنْسَاءُ بِنْتُ خَدَامِ الأنْصَارِيَّة) کەوا بێوەژن بوو باوکی بە زۆر بەشوویدا جا ئەو پێی ناخۆش بوو ، جاهاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) و پێغەمبەریش مارەبڕینەکەی گێڕاوە .. (واتە : مارە بڕینەکەی بەتاڵ کردەوە)) [رواه البخاری (٩/رقم/٥١٣٨) و أبوداود (٦/١٢٧/٢٠٨٧) مع العون) و غيرهما] .

وە فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) کەوا فەرمووی : ((کچێکی عازەب هات بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) و بۆی گێڕاوە کەوا باوکی بە زۆر مارەی بڕیوە و ئەو پێی ناخۆشە ، جا پێغەمبەریش (ﷺ) مەسەلەکەی دایە دەستی خۆی)) [ رواه أبوداود (٦/١٢٠/٢٠٨٢) و ابن ماجە (١/٦٠٢/١٨٧٥) وهو صحيح بروانە صحيح ابن ماجە (١٥٢٠)] .


منتدى إقرأ الثقافي

# دابەستنی مارە بڕین ( عَقْدُ النِّكَاح )

مەرج (شَرْط)ە بۆ ڕاستێتی دابەستنی مارەبڕین ، سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە لەگەڵ دووشایەتدا ئامادە بن .[٢٢] وە پایە (رُكْنَ) کەشی وتنی :

---

(٢٢) لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((أَيُّمَا إِمْرَأَةٍ لَمْ يُنكِحْهَا الوَلِيُّ ، فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ ، فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ ، فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ . فَإِنْ أَصَابَهَا ، فَلَهَا مَهْرُهَا بِمَا أَصَابَ مِنْهَا . فَإِنِ إشْتَجَرُوا ، فَالسُّلْطَانُ وَلِيُّ مَنْ لا وَلِيَّ لَهُ)) واتە : ((هەر ئافرەتێك سەر پەرشتیارەکەی مارەی نەکات ئەوە مارە بڕینەکەی بەتاڵە ، ئەوە مارە بڕینەکەی بەتاڵە ، ئەوە مارە بڕینەکەی بەتاڵە ، جا ئەگەر چووە لای (جیماعی لەگەڵدا کرد) ئەوە هەموو مارەییەکەی بەردەکەوێت ، جا ئەگەر سەرپەرشتیارەکان دەمە قاڵەیان لە نێوان دا دروست بوو ئەوە دەسەڵات دار سەرپەرشتیاری کەسێکە کەسەر پەرشتیاری نەبێت)) [رواه ابن ماجه (١/٦٠٥/١٨٧٩) و أبو داود (٦/٩٨/٢٠٩٨ مع العون) و الترمذي (٢/٢٨٠/١١٠٨) وهو صحيح بروانە صحيح ابن ماجه (١٥٢٤)] .

وە لەبەر فەرموودەکەی(عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لا نِكَاحَ إلاّ بِوَلِيٍ وَشَاهِدَيْ عَدْلٍ)) واتە : مارە بڕین دانامەزرێت مەگەر بەئامادەبوونی سەرپەرشتیارو دوو شایەتی داد پەروەر)) [رواه البَيْهَقي (٧/١٢٥) و ابن حِبَّان (٣٠٥/١٢٤٧) وهو صحيح بروانە صحيح الجامع (٧٥٥٧) و الأرواء (١٨٣٩)] .

**تێبینی :**

ئەگەر ئافرەتێك چەند سەرپەرشتیارێکی هەبوو ، وە لە نێوان خۆیان دا بوو بەدەمەقاڵەیان ئەوە لەو کاتەدا دەسەڵات دار دەبێتە سەرپەرشتیار ، لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَه)ی پێشوو بڕوانە (پ ٢٢) ، وە فەرموودەیەکی تری (عَائِشَه) کەوا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی : ((لا نِكَاحَ إلاّ بِوَلِيٍ وَ شَاهِدَيْ عَدْلٍ فَإِنْ تَشَاجَرَ الأَوْلِيَاءُ


منتدى إقرأ الثقافي

(ئەوە مارەم لیٚ کردیت) لە لایەن سەرپەرشتیارەکەوە وە ڕازیبونیش لەلایەن مێردەکەوە [٢٣] وە سوننەتیشە هەر ئەوکاتە مارەیی بۆ دیاری بکات [٢٤]

---

فَالسُّلْطَانُ وَلِيُّ مَنْ لا وَلِيَّ لَهُ)) [رواه الدَّارَقُطْني (٣/٢٢٥/٢٣) و البَيْهَقِي (٧/١٢٥) وهو صحيح بطرقـه و شواهده بروانه صحيح الجامع (٧٥٥٦ ، ٧٥٥٧)] .

(٢٣) چونکە هەموو (عَقد)ێك بۆ دامەزراندنی پێویستی بەڕەزامەندی هـەردوولا هەیە ئەگینا دانامەزرێت .

(٢٤) مارەیی مـافێکی ئافرەتـە بەسـەر مـێردەوە ، پێویستـە پـێی بـدات و بۆیشـی نییە لیٚ ی بسێنێتەوە با پێویستیشی پێی هەبێت لەبەر فەرموودەکـەی خـوای گـەورە لـە سورەتی (النساء : ٤) کە دەفەرمویٚ : ﴿وَآتُوا النِّسَاءَ صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً فَإِنْ طِبْنَ لَكُمْ عَنْ شَيْءٍ مِنْهُ نَفْسَاً فَكُلُوْهُ هَنِيْئَاً مَرِيْئَاً﴾ واتـە : ((وە مـارەیی ئافرەتـان بدەن بـەدڵ فراوانـی یەوە (وە بەبێ مەبەستی لیٚ سەندنەوەیان) جا ئەگـەر بـە رەزامـەندی خۆیـان گـەردنتانیان ئازاد کرد ئەوە بیخۆن نۆشی گیانتـان بێـت )) . وەلـە شـەرعدا دروستە پێش چوونـەلای هەموو مارەیی یەکەی پێ بدرێت یا پاش ئەوە هەمووی پێ بدات یان هەندێکی‌لە پێـش دا بدات و هەندێکی تریش لەپاشان ، بەڵام دەبێت ئەو پیاوە زۆر وریـابێت نـەوەك مـافی ئـەو ئافرەتەبخوات،پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمویٚ : ((أَحَقُّ مَا أَوْفَيْتُمْ مِنَ الشُّرُوطِ أَنْ تُوْفُوا بِهِ مَا اسْتَحْلَلْتُمْ بِهِ الفُرُوْجَ)) واتە : ((شایەن تریـن مـەرج کـە پێویستـە بـەجێی بێنـن ئـەو مەرجەیە کە عەورەتی (ئافرەتان) تـان پـێی حـەڵاڵ کـردووە)) [رواه البخاري (٩/رقم/٥١٥١) و مسلم (٢/١٣٥/١٤١٨) و غيرهما] .

## تێبینی :

(١) ئەگەر مارەیی بۆ ئەو ئافرەتە دیاری نەکرا ئەوە مارەیی ئافرەتێکی وەکو خـۆی بۆ دیاری دەکرێت (مَهْرُ المِثْل) .

(٢) ئەگەر پیاوەکە مرد پـاش مـارە برینەکـە و پێش چوونـەلای ، ئـەوە ئافرەتەکـە مارەییەکەی هەموو بەر دەکەوێت لەبەر فەرموودەکـەی (عَلْقَمَة) کـەوا فـەرمووی : ((هـاتن پرسیاریان لە (عَبْدُالله) کرد لەبارەی ئافرەتێکـەوە پیـاوێك مـارەی کـردووە ، پاشـان مـرد



منتدى إقرأ الثقافي

**وە تا کەمیش بێت ئەوە باشترو بە بەرەکەت ترە (٢٥) وە سوننەتیشە (عَقْد)ی (نِکَاح) بە ووتاری (الحَاجَة) دەست پێ بکرێت . (٢٦)**

---

بەبێ ئەوەی مارەیی بۆ دیاری بکات و پێش ئەوەی بچێتە لای ؟ جا ئەویش فەرمووی : من وادەبینم مارەیی ئافرەتانی هاو وێنەی خۆی بۆ هەیە و میراتیشی بۆ هەیە و (عِدَّە)یشی لەسەرە ، جا (مَعْقَل بنُ سنَان الأشْجَعِي) شایەتیدا کەوا پێغەمبەریش هەر بەم شێوەیە بریاریدا لەبارەی (بُرُوعُ بِنْتُ وَاشِق)ەوە)) [رواه الترمذي (٢/٣٠٦/١١٥٤) و أبـوداود (٦/١٤٧/٢١٠٠ مع العون) و غيرهما وهو صحيح بروانە الأرواء (١٩٣٩) مەبەست بە (عبدالله) (عبدالله بن المسعود)ە] .

بەلام ئەگەر تەلاقی بدات پێش ئەوەی بچێتە لای ئەوە ئافرەتەکە نیوەی مارەییەکەی دەکەوێت ، لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (البقرة : ٢٣٧)دا کە دەفەرمووێ : ﴿وَإِنْ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُم﴾ واتە : ((وە ئەگەر تەلاقیانتان دا پێش ئەوەی دەستیان پێوە بدەن (مەبەست جیماع کردنە) وە مارەییتان بۆ دیاری کردوون ئەوە نیوەی ئەو مارەییە کە بۆتان دیاری کردوون پێیان بدەن .

(٢٥) لەشەرعدا هیچ سنورێك بۆ مارەیی ئافرەت دیاری نەکراوە وەك خوای گەورە لەسورەتی (النساء : ٢٠)دا دەفەرمێ : ﴿وَإِنْ أَرَدْتُمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنطَاراً فَلا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئاً﴾ واتە : وە ئەگەر ویستان بوو ژنێك تر بهێنن لەجێی ژنەکەی ترتان وەیەك کێو ئالتونتان پێیان دابوو (بەمارەیی) ئەوە لێیان مەسێننەوە ... ، بەلام ئیسلام هانی موسولمانی داوە کەوا مارەیی سوك و ئاسان بکەن لەسەر پیاوان بۆ ئەوەی لاوان بەئاسانی بتوانن ژن بهێنن ، لەبەر فەرموودەی زۆر ، لەوانە فەرموودەکەی (عُقْبَةُ بنُ عَامر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ((خَيْرُ الصَّدَاقِ أَيْسَرُهُ)) واتە : ((باشترین مارەیی ئەوەیە کە سوك و ئاسان بێت)) [رواه أبو داود (٢/٥٩٠/٢١١٧) و الحاكم (٢/١٧٤) وهو صحيح بروانە الارواء (١٩٢٤) وهو صحيح الجامع (٣٢٧٩)].

(٢٦) چونکە پێغەمبەر (ﷺ) ووتاری وانە و ئامۆژگاریێکانی بەو پێشەکییە دەست پێ دەکرد ، بروانە پێشەکی ئەم کتێبە .



منتدى إقرأ الثقافي

# ژن گواستنەوە (٢٧)

## باش وایە دایك و باوك ئامۆژگاری كچەكەیان بكەن كاتێك بەشوی دەدەن . (٢٨)

---

(٢٧) بۆ زیاتر تێ گەیشتن لەم باسە دەتوانیت تەماشای كتێبی (آدابُ الزِّفَاف)ی شێخ (محمد ناصر الدّين الألباني) بكەیت ، كە بەتێر و تەسەلی باسی ئەم مەسەلەیەی كردووە .

(٢٨) لە (أنس)ەوە ئەفەرمێ : (هاوەڵەكانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر ئافرەتێكیان بگواستایەتەوە بۆلای مێردەكەی فەرمانیان پێ دەكرد بە خزمەت كردنی پیاوو پاراستنی مافەكانی) بڕوانە[(فِقْهُ السُّنَّة) (١٩٩/٢)]. وە ئەمەش لەناو پێشینیاندا باو بووە ئەوەتا (عَمْرُو بنُ حِجْر)ی پاشای (كِنْدَة) مارەی (أُمُّ إِيَّاس بِنْت عَوْف الشَّيْبَانِي) بڕی جاكەكاتی گواستنەوەی نزیك بویەوە دایكی كە (أُمَامَةُ بِنْتُ الحَارِث) بوو چەند ئامۆژگاری‌یەكی كرد كەتیایدا بنەماكانی ژیانی خۆش گوزەرانی ژن و مێردایەتی بۆ ڕوون كردەوە ، وە ئەوەیشی كەلە سەریەتی بیكات بەرامبەر بە پیاوەكەی ، جا ووتی : ئەی كچی شیرینم بەڕاستی ئەگەر واز لە ئامۆژگاری كردن بهێنرایە لەبەر ڕەوشت جوانی ، ئەوە بۆ تۆ وازم لێ دەهێنا ، بەڵام یاد خستنەوەیەكە بۆ بێ ئاگایان ، و یارمەتی دەرێكیشە بۆ ژیران ، وە ئەگەر ئافرەتێك پێویستی بە پیاو نەبوایە لەبەر دەوڵەمەندی دایك و باوكی ، وە لەبەر زۆر پێویستی ئەوان بەو،ئەوە تۆ لەهەموو كەس زیاتر پێویستت بە پیاو نەدەبوو ، بەڵام ئافرەتان بۆ پیاوان دروست كراون ، وە بۆ ئەوانیش پیاوان دروست كراون .

كچی شیرینم،بەڕاستی تۆ ئەو ئاوو هەوایەی كە تیایدا پەروەردە بو بویت لێی برایت ، وە ئەوماڵەی كە تیایدا پێگەیشتی بەجێت هێشت بۆ ماڵ و شوێنێك كە ڕانەهاتویتە پێ‌ی وە هاوسەرێكیش كەپێ‌ی ئاشنا نەبویتە ، جا هەر بە بونت بەموڵكی ئەو ، بوو بە چاودێرو خاوەن بەسەرتەوە ، جا تۆش ببە بەكەنیزە بۆ ئەو ، ئەویش دەبێتە بەندەیەكی ئامادە بۆتۆ .



منتدى إقرأ الثقافي

هەروەها ئامۆژگاری زاوایش بکرێت (٢٩) ، وە سوننەتە زاوایش زۆر ڕووخۆش و قسە شیرین بێت لەکاتی گواستنەوەدا ، وە خواردنێك یان خواردنەوەیەکی پێ بدات (٣٠) پاشان دەستی بخاتەسەر پێشی سەری و

---

*وە دە (١٠) خەسڵەتی (خِصَال) بۆ بپارێزە دەبێتە توێشوو بۆتۆ :*

جا یەکەم و دووەمیان : کزۆڵ بە بۆی بەڕازی بوونەوە ، وە بەجوانی گوێگرو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بکە .

سێیەم و چوارەم : وە وریای چاوو لوتی بە ، با هەرگیز بەرچاوی نەکەوێ شتی ناشیرین ، وە با بۆنت لێ نەکات مەگەر خۆشترین بۆن .

وە پێنجەم و شەشەم : وریای کاتی خەوتن و خواردنی بە ، چونکە زۆر برسێتی ، ئاگر تێ بەردەرە ، وە خۆش نەخەوتنیش مرۆڤ تورە کەرە .

وە حەوتەم و هەشتەم : پاراستنی ماڵ و سەروەت و منداڵە ، وەکۆڵەکەی سەرپەرشتی ماڵ جوان (تَقْدِیْر) کردنە ، وە سەرپەرشتی منداڵیش جوان بەڕێوە بردنە .

وە نۆیەم و دەیەم : بێ گوێیی هیچ فەرمانێکی مەکە وەهیچ نهێنی‌یەکی ئاشکرا مەکە ، چونکە ئەگەر فەرمانی بشکێنیت دڵی لێت برین دار دەبێت ، وە ئەگەر نهێنیشی ئاشکرا بکەیت لە (غَدْر)ی ئەمین نابیت ، پاشان وریابە دڵ خۆش نەبیت لەبەر دەستی‌دا ئەگەر ئەو خەفەت باربوو ، وە خەفەت باریش نەبیت لەبەر دەستی‌دا ئەگەر ئەو دڵ خۆش بوو ، بڕوانە [(فقه السنة) (٢/٢٠٠)] .

(٢٩) چونکە زاوایش وەکو بوك پێویستی بە ئامۆژگاری هەیە کاتێك کە ئیمامی (عَلِي) داخوازی (فَاطِمَة)ەی کچی پێغەمبەری کرد ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ((فَاطِمَة بۆ تۆیە وە لە سەرتە بەباشی و چاکی هەڵس و کەوت و ڕەفتاری لەگەڵدا بکەیت)) [رواه الطبراني بإسناد صحيح بڕوانە (تُحْفَةُ العَرُوس)] .

(٣٠) لەبەر فەرموودەکەی (أَسْمَاءُ بِنْتُ يَزِيد إِبْن السَّكَن) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی : (عَائِشَة) م بۆ پێغەمبەر (ﷺ) جوان کردەوە لەشەوی گواستنەوەیدا پاشان چوملای پێغەمبەر بانگم کرد بۆ ئەوەی تەماشای بکات بە ئاشکرایی —پاش هەڵدانەوەی



منتدى إقرأ الثقافي

## (بِسْمِ اللّه) بكات و دوعای بەرەكەتی بۆ بخوێنێ [٣١] پاشان دوو ڕكات نوێژ پێكەوە بكەن [٣٢]

پەردە لەسەر دەم و چاوی- جا ئەویش هات لە پاڵیدا دانیشت ، لەپەرداخێكی گەورە دا شیریان بۆ هێنا ، جا پێغەمبەری خواش (ﷺ) لێی خواردەوە و ، پاشان دایە (عَائِشَة) ، جا ئەویش سەری دانەوی و شەرمی كرد ، (أسْمَاء) یش فەرمووی : منیش سەرزەنشتی (عَائِشَة)م كردو پێم ووت : لەدەستی پێغەمبەری خوای وەرگرە ، (أسْمَاء) فەرمووی : (عَائِشَة) لە پێغەمبەری وەرگرت و لێی خواردەوە پاشان — پێغەمبەر (ﷺ)- پێی فەرموو : ((إعْطِي تِرْبَكِ )) واتە : ((بیدە بە هاوڕێكانت ..)) [رواه أحمد (٤٣٨/٦) و غيره وهو صحيح بروانە (آداب الزفاف)] .

(٣١) لەبەر ئەو فەرموودەیەی كەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ((إذَا تَزَوَّجَ أحَدُكُمْ إمْرَأةً ، أو إشْتَرَى خَادِماً [فَلْيَأخُذْ بِنَاصِيَتِهَا] [وَلْيُسَمِّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ] [وَلْيَدْعُ بِالبَرَكَةِ] وَلْيَقُلْ : اللّهُمَّ إنِّي أسألُكَ مِنْ خَيْرِهَا وَ خَيْرِ مَا جَبَلْتَهَا عَلَيْهِ ، وَ أعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا وَ شَرِّ مَا جَبَلْتَهَا عَلَيْهِ)) واتە : ((ئەگەر كەسێك لە ئێوە ژنی هێنا یان خزمەت كارێكی كڕی و گواستیەوە با پێشەوەی سەری بگرێت و ناوی خوای لەسەر بهێنێ و بڵێ (بِسْمِ اللّه) و دوعای بەرەكەتی بۆ بكات و بڵێ : ((خوایە من داوای خێرو خۆشی ئەو ژن هێنانەت لێ دەكەم و داوای چاكەو خێری خوو ڕەوشت و ڕەفتاری ئەو ئافرەتەت لێ دەكەم ، خوایە پەنا دەگرم بەتۆ لە خراپەی ئەو ئافرەتە و خراپی خوو ڕەوشت و ڕەفتاری)) [رواه البخاري في (أفعال العباد) (ل : ٧٧) و أبوداود (٣٣٦/١) و ابن ماجه (٥٩٢/١) و الحاكم (١٨٥/٢) و البيهقي (١٤٨/٧) بروانە (آداب الزفاف) للشيخ الالباني] .

(٣٢) لەبەر ئەوەی لە نێو پێشینان دا باو بووە وە دوو (أثر)ی (صحيح) لەو بارەوە هاتووە یەكێكیان (أثر)ەكەی (أبو سَعِيد مَولَى أبِي أسَيد) كەوا فەرمووی : ژنم هێنا ، لە كاتێكدا كە بەندەبووم، جابانگی چەند كەسێكم كرد لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ نان خواردن (إبْنُ مَسْعُودُ و أبُو ذَر و حُذَيْفَة) یان لەگەڵدا بوو ، فەرمووی : وە نوێژ دابەسترا ، جا (أبُو ذَر) چووە پێشەوە بۆ ئەوەی پێش نوێژی بكات ، ئەوانیش ووتیان : ڕاوەستە ، ئەویش ووتی:وایە ؟ ووتیان : بەڵێ (مەبەستیان ئەوەیە كە پیاو خۆی لە ماڵی خۆیدا

منتدى إقرأ الثقافي

وە یاری و گاڵتە و گەپی زۆری لەگەڵ بکات پێش جیماع کردن [٣٣] پاشان دووعای جیماع کردنیش بخوێنن [٣٤] وەدەتوانێت لەشوێنی منداڵ بوونەوە جیماعی لەگەڵدا بکات بەهەرشێوەیەك خۆی ویستی لەسەربێت [٣٥] بەڵام لە

---

پێش نوێژی دەکات) فەرمووی : جا من پێشیان کەوتم و هێشتا کۆیلە بووم وەفێریان کردم ووتیان : ((ئەگەر خێزانەکەت هاتە ژوورەوە بۆ لات ئەوە دوو ڕکات نوێژ بکە ، پاشان داوا لە خوابکە لە خێری ئەوەی هاتۆتە ژوورەوە بۆلات وە پەناش بگرە لەشەڕی ، پاشان ئیتر کاری خۆت و کاری خێزانەکەت)) [أخرجه إبن شيبة في مصنفه (٧/٥٠) وهو صحيح بروانە (آداب الزفاف)] .

(٣٣) لەبەر فەرموودەکەی (جَابِر) بروانە (پ٦) .

(٣٤) لەکاتی چونەلای خێزان (جیماع) کردن دا ئەم دووعایە دەڵێ ((بِسْمِ اللهِ ، اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبِ الشَّيْطَانَ مَارَزَقْتَنَا)) واتە ((بەناوی خوا ، خوایە بەدوورمانبگرە لەشەیتان و شەیتانیش دوور خەرەوە لەوەی پێمان دە بەخشیت . پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((فَإِنْ قَضَىٰ اللهُ بَيْنَهُمَا وَلَداً لَمْ يَضُرُّهُ الشَّيْطَانُ أَبَداً))واتە: ((ئەگەر ئەم دووعایە بڵێن ،ئەوا ئەگەر خوای گەورە منداڵیان پێ کەرەم بکات ئەوە هەرگیز شەیتان زیانی پێ ناگەیەنێت)) [رواه البخاری (٩/١٨٧) وغيره من أصحاب السنن إلاالنسائي فقد رواه في (عشرة النساء ١/ ٧٩) بروانە آداب الزفاف] .

(٣٥) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لەسورەتی (البقرة : ٢٢٣) دا کەدەفەرموێ : ﴿نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ . واتە : خێزانەکانتان کێڵگەن بۆتێوە جابۆیە بچنە لایانەوە هەرچۆنێك ویستتان لەسەر بوو ، واتە:لەڕووی پێشەوەبێت یان لەڕووی پاشەوە بەڵام بەمەرجێك جیماع کردنەکە لەشوێنی منداڵ بوونەوە بێت کەخوای گەورە بەکێڵگە ناوی دەبات . وەفەرموودەش زۆرە لەوبارەوە لەوانە فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوافەرمووی: ((جوولەکە دەیان ووت: لەڕووی پاشەوە بچێتە لای خێزانەکەی بۆ پێشەوە ئەوە منداڵە کە خێل دەبێت ! جا ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ [رواه البخاری (٨/١٥٤) ومسلم (٤/١٥٦)] .



منتدى إقرأ الثقافي

کۆمەوە حەرامە (٣٦) وەبا نیەتی خۆیشیان پاك بکەنەوە بۆ خوا بۆ ئەوەی بە پەرستن بۆیـان بنوسرێت (٣٧) وە حەرامیشە هیچ نهێنییەکی نێوانیان بۆ خەڵکی بگێڕنەوە (٣٨)

---

جاپێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((مُقْبِلَة وَمُدْبِرَة إذَا كَانَ ذَلِكَ فِي الفَرْجِ)) واتـە: ((ئیتر لەڕووی پێشەوە بێت یان پاشەوە ئەگەر لەشوێنی منداڵەوە بوو ((الفَرْج)) [رواه إبن أبـي حَاتِم (٣٩/١) بروانه ٠ (آداب الزّفاف)].

(٣٦) بروانە پەراوێزەکەی پێشوو وەلەبەر فەرموودەی زۆر ، لەوانـە فەرموودەکـەی (ابْنُ عبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەواپێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی : ((لا يَـنْظُـرُ اللهُ إلَىٰ رَجُلٍ يَأْتِي إمْرَأَتَهُ دُبُرَهَا)) واتە : خوای گەورە تەماشای پیاوێك ناکات کەوا دەچێتـە لای خێزانەکەی لە کۆمەوە [رواه النسائي في (العُشرة) (٧٧/٢) و الترمذي (٢١٨/١) و غيرهمـا وهـو حسن بروانـه (آداب الزفاف)] .

وە فەرموودەکەی (أبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەر (ﷺ) فـەرمووی : ((مَنْ أتَىٰ حَائِضَاً أوْ إمْرَأةً فِي دُبُرِهَا أوْ كَاهِنَاً فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَىٰ مُحَمَّدٍ)) واتـە : ((هەرکەسێك بچێتـە لای ئـافرەت لەحـەیزدا یـان ئـافرەتێك لەکۆمەوە یان تالۆکرێك جا باوەڕی پێ بکات بەوەی دەیڵێت ئەوە کوفری کـردووە بـەوەی بۆ (مُحَمَّد) دابەزیوە)) [رواه أبوداود (٤/رقم/٣٩٠٤) و الترمذي (١٣٥/٢٤٢/١) و إبن ماجة (٦٣٩/٢٠٩/١) و غيرهم وهو حديث صحيح بروانه الإرواء (٢٠٠٦) و صحيح ابن ماجة (٥٢٢)] .

(٣٧) لەبـەر فەرموودەکـەی (أبُوذَر) (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمووی : ((... وَفِي بُضْعِ أحَدِكُمْ صَدَقَةٌ ..)) واتـە : ((وە لەویشدا ئەگـەر یـەکێکتان بچێتە لای خێزانەکەیەوە بەخێر بۆی دەنوسرێت)) [رواه مسلم (٨٢/٣) و غيره] .

(٣٨) لەبـەر فەرموودەکـەی (أسْمَاءُ بِنْتُ يَزِيد) (خـوای لێ ڕازی بێـت):کـەوا لـەلای پێغەمبـەری خـوادا (ﷺ) پیـاوان و ئـافرەت دانیشـتبون جـا پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی : ((لَعَلَّ رَجُلاً يَقُولُ مَا يَفْعَلُ بِأهْلِهِ ، وَلَعَلَّ إمْرَأةً تُخْبِرُ بِمَا فَعَلَتْ مَعَ زَوْجِهَا؟)) واتـە : لەوانەیە پیاوێك باسی ئەوە بکـات کەبـە خێزانەکـەی کردوویـەتی ، وە لەوانەیـە ئـافرەتێك باسی ئەوە بکات کە لەگەڵ پیاوەکەیدا کردوویەتی ؟ ، (أسْمَاء) ووتی : جـا خـەڵکەکە بـێ


منتدى إقرأ الثقافي

وەپێویستیشە لەماڵی خۆیان دا جێگای خۆشۆردن (حَمَّام) دروست بکەن [٣٩]

---

دەنگ بوون وەڵامیان نەدایەوە ، جامنیش ووتم : بەڵێ بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا ئافرەتان دەیکەن و پیاوانیش دەیکەن ، جا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ((فَلَا تَفْعَلُوا ، فَإنَّمَا مَثَلُ الشَّيْطَانِ لَقِيَ شَيْطَانَةً فِي طَرِيقٍ فَغَشِيَهَا وَ النَّاسُ يَنْظُرُونَ)) واتە : وا مەکەن ، ئەوە نموونەی وەکو نموونەی شەیتانێکی نێر وایە لە ڕێگایەك دا بکات بەشەیتانێکی مێ و ئەو کارەی لەگەڵدا بکات و خەڵکیش تەماشا بکەن)) [رواه أحمد (١٦/٢٢٣/٢٣٧) و غيره و له شواهد به يكون الحديث صحيحاً أو حسناً على الأقل ، بروانە (آداب الزفاف)] .

(٣٩) چونکە چوونی ئافرەت بۆ گەرماو(حَمَّام)ی بازاڕ حەرامە لەبەر ئەو فەرموودانەی کە لەو بارەوە هاتوون لەوانە فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَ اليَوْمِ الآخِرِ فَلا يُدْخِلْ حَلِيلَتَهُ الحَمَّام وَ مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَ اليَوْمِ الآخِرِ فَلا يَدْخُلِ الحَمَّامَ إِلَّا بِمِئْزَر ..)) واتە : هەرکەسێك باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هێناوە با خێزانەکەی نەباتە (حَمَّام)ەوە (واتە : نەهێڵێت بڕوات بۆ گەرماو(حَمَّام)ی بازاڕ) ، وە هەرکەسێك باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە ، ئەوە با نەچێتە (حَمَّام)ەوە مەگەر بە (إزَار)ەوە (واتە : ئەگەر پیاو ڕۆیشت بۆ (حَمَّام) ئەوە باعەورەتی داپۆشێت ، کە لە ناوکەوە تا ئەژنۆیە [رواه الحاكم (٤/٢٨٨) و اللفظ له و الترمذي و النسائي بعضه و أحمد (٣/٣٣٩) و الجرجاني (١٥٠) من طرق عن أبي الزبير عن جابر .. (آداب الزفاف)] .

## تێبینی :

دروستە پیاو (عَزْل) بکات ، بەوەی نەهێڵێ تۆوی منداڵ بوون بکاتە ڕەحمی ئافرەت لەبەر ئەوەی نەبێتە منداڵ ، لەبەر ئەو فەرموودانەی کەلەو بارەوە هاتووە لەوانە فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((كُنَّا نَعْزِلُ وَ القُرآنُ يَنْزِلُ)) واتە : ئێمە (عَزْل) مان دەکرد و قورئان دادەبەزی . لە ڕیوایەتێکی تردا ((ئێمە (عَزْل)مان دەکرد لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) جا باسی گەیشتە پێغەمبەری خوا


منتدى إقرأ الثقافي

# خواردن دروست کردن ( الوَلِیْمَة )

## پێویستە خواردن دروست بکرێت پاش گواستنەوە (٤٠) وە خەڵکیشی بۆ بانگ بکرێت بە تایبەت هەژاران (٤١) وە سوننەتیشە سێ ڕۆژ پاش

---

(ﷺ) و قەدەغەی لێ نەکردین)) [رواه البخاری (٩/٢٥٠) و مسلم (١٦٠٤) و الروایة الثانیة لمسلم و الترمذي (١٩٣/٢) و صححه و غیرهما بڕوانە (آداب الزفاف)] .

بەڵام باش وایە هەر نەیکات لەبەر ئەوەی هەندێك لەمەبەستەکانی ژن هێنان ، کەزۆر بوونی ئوممەتی پێغەمبەرە (ﷺ) ، دەفەوتێت ، وە لەوانەیە زیانیش بە ئافرەتەکە بگات لە لایەنی تەندروستی و لەلایەنی دەروونیشەوە وە پێغەمبەریش لەهەندێ شوێندا بە زیندە چاڵی شاراوە (الوَأْدُ الخَفِي) ناوی بردووە وەك لەفەرموودەکەی (جُذَامَةُ بِنْتُ وَهَب)دا کە [مسلم (١٦١/٤) و أحمد (٣٦١/٦)] گێڕاویانەتەوە هاتووە [بڕوانە (آداب الزفاف)] .

(٤٠) لەبەر فەرموودەکەی (أنس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی بە (عَبْدُالرَّحمَن بنُ عَوْف) کرد کاتێك ژنی هێنا و فەرمووی : ((أَوْلِمْ وَلَوْ بِشَاةٍ)) واتە : ((خواردن دروست بکەو (وَلِيمَة) بکە ئەگەر چی بەسەر بڕینی شەکێکیش بێت)) [رواه البخاری (٢٣٢/٤ ، ٨٩/٧ ، ٩٥/٩) و النسائي (٩٣/٢) و غیرهما ، بڕوانە (آداب الزفاف)] .

وە فەرموودەکەی (بُرَيْدَةُ بنُ الحَصِيب) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : کاتێك کە (عَلِي) مارەی (فَاطمَة)ی بڕی (خوایان لێ ڕازی بێت) ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ((إِنَّهُ لابُدَّ لِلْعِرْسِ مِنْ وَلِيمَةٍ)) واتە : ((پێویستە بۆ ژن گواستنەوە (وَلِيمَە) بکرێت)) ووتی : جا (سَعْد)یش فەرمووی : شەکێك لەسەر من ، و فلان کەسیش ووتی : ئەوەندە گەنمەشامی لەسەر من ، لە ڕیوایەتێکی تردا ((وەکۆمەڵێك لە (أنصار)ەکان چەند ڕیە (صَاع)ێك گەنمەشامیان بۆ کۆ کردەوە)) [رواه أحمد (٣٥٩/٥) و الطبراني (١/١١٢/١) و سنده صحیح بڕوانە (آداب الزفاف)] .

(٤١) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ((شَرُّ الطَّعَامِ طَعَامُ الوَلِيمَةِ يُدْعَىٰ لَهَا الأَغْنِيَاءُ وَ يُمْنَعُهَا المَسَاكِينُ وَ



منتدى إقرأ الثقافي

گواستنەوەکە بکرێت [٤٢] و شەکێك یان زیاتر سەر بپڕێت [٤٣] وە ئەگەر نەبوو هەرشتێکی تر [٤٤] وە پێویستە لەسەر ئەوکەسەی بانگ دەکرێت بۆ خواردنیژن هێنان بڕوات [٤٥] ئەگەر ترسی تاوانی نەبوو [٤٦]

---

مَنْ لَمْ يُجِبْ الدَّعْوَةَ فَقَدْ عَصَىٰ اللهَ وَرَسُولَهُ)) واتە : خراپترین خواردن خواردنی ژن هێنانە بانگی دەوڵەمەندەکانی بۆ دەکرێت و قەدەغەی هەژارانی لێ دەکرێت ، وە هەرکەسێك وەڵامی بانگەوازەکە نەداتەوە ئەوە بێ گوێیی خواو پێغەمبەرەکەی کردووە .
[رواه مسلم(٤/١٥٤) و البيهقي (٧/٢٦٢) و البخاري (٩/٢٠١) موقوفاً] .

وە (الحَافِظ ابنُ حَجَر) لە (شَرْح)ی ((يُدْعَىٰ لَهَا الأغْنِيَاءُ)) دا فەرموویەتی : ((و الجُملةُ في مَوضِعِ الحال لِطَعَامِ الوَلِيْمَة ، فَلَو دَعَا الدَّاعِي عَامّاً لم يَكُنْ طَعَامُهُ شَرَّ الطعام) واتە : (ڕستەی ((يُدعىٰ لها الأغْنِيَاءُ)) لە جێگەی (حال)ە بۆ ((طَعَامُ الوَلِيْمَةِ)) ، جا ئەگەر (دعوة)ەکەی بۆ هەموان بێت —هەژاران و دەوڵەمەند— ئەوە خواردنەکەی خراپترین خواردن نییە ، بڕوانە [(آداب الزفاف)].

(٤٢) لەبەر فەرموودەکەی (أَنَسْ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك کە (صَفِيَّة)ی گواستەوە ، ئازاد کردنەکەیکردە مارەیی و پاش سێیەم ڕۆژ خواردنی دروست کرد ، وەنان و گۆشت نەبوو لەوکاتە تەنها خورما و ڕۆن و کەشك نەبێت جا خەڵکی تێریان لێ خوارد)) [رواه البخاري (٧/٣٨٧) و مسلم (٤/١٤٧) و أبو يعلى و غيرهم بألفاظ مختلفة هذا معناه .. بڕوانە (آداب الزفاف)] .

(٤٣) لەبەر فەرموودەکەی (أَنَسْ) (خوای لێ ڕازی بێت) ، بڕوانە (پ ٤٠)

(٤٤) لەبەر فەرموودەکەی تری (أَنَسْ) (خوای لێ ڕازی بێت) ، بڕوانە (پ٤٢)

(٤٥) لەبەر ئەو فەرموودانەی کەوا لەو بارەوە هاتووە ، لەوانە فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرمووی : ((إِذَا دُعِيَ أَحَدُكُمْ إِلَىٰ الوَلِيْمَةِ فَلْيَأْتِهَا)) واتە : ئەگەر یەکێکتان بانگ کران بۆ (وَلِيمَة) با بچێت بۆی . لە ڕیوایەتێکی تردا ((وَلِيْمَة)ی ژن هێنان بێت یا هەرشتێکی تر)) [رواه البخاري (٩/١٩٨) و مسلم (٤/١٥٢) وأحمد رقم (٦٣٣٧) و غيرهم وە هەروەها لەبەر فەرموودەکەی (أبو هريرة) بڕوانە (پ ٤١)] .

(٤٦) دروست نییە ئامادەی (وَلِيْمَة) یەك ببێت کەوا تاوانی تێدا بکرێت مەگەر بۆ ئەوەی بیگۆڕێت جا ئەگەر گۆڕا ئەوە باشە ئەگینا پێویستە بگەڕێتەوە، لەبەر فەرموودەکەی (عَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((خواردنێکم ئامادە کردبوو



منتدى إقرأ الثقافي

بابە ڕۆژویش بێت [٤٧] وە سوننەتیشە دوعای خێریان بۆ بکات . [٤٨]

# خۆشی کردن و ئاشکراکردنی

# ( إِعْلانُ النِّكَاح )

ژن هێنان دەبێت ئاشکرابکرێت [٤٩]

---

جا بانگی پێغەمبەرم بۆ کرد (ﷺ) جا کەهات بینی لەماڵدا وێنەیەك هەیە ، گەڕایەوە)) لە ڕیوایەتێکی تردا ((ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا لەجێی باوك و دایکم بیت چی وای پێ کردیت گەڕایتەوە ؟ فەرمووی : ((إِنَّ فِي البَيْتِ سِتْرٌ فِيهِ تَصَاوِير ، وَإِنَّ المَلائِكَةَ لا تَدْخُلُ بَيْتاً فِيهِ تَصَاوِير)) واتە : ((لەماڵدا پەردەیەك هەبوو وێنەی تێدا بوو ، وە فریشتە ناچنە ماڵێکەوە کەوا وێنەی تێدا بێت)) [رواه ابن ماجة (٣٢٣/٢) و أبو (يعلى) في مسنده (٣١/١) و الزيادة له ،بسند صحيح ، بروانە (آداب الزفاف)] .

(٤٧) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِذَا دُعِيَ أَحَدُكُمْ إِلَىٰ طَعَامٍ فَلْيُجِبْ فَإِنْ كَانَ مُفْطِراً فَلْيُطْعِمْ ، وَإِنْ كَانَ صَائِماً فَلْيُصَلِّ ، يَعْنِي الدُّعَاءَ)) واتە ((ئەگەر یەکێکتان بانگ کران بۆ خواردنێك با وەلام بداتەوە،جا ئەگەر بەڕۆژوو نەبوو ئەوە با خواردن بخوات ، وە ئەگەر بەڕۆژوو بوو ئەوەبا دوعا بکات)) [رواه مسلم (١٥٣/٤) و النسائي في الكبرى (٦٢/٢) و أحمد (٥٠٧/٢) و غيرهم بروانە (آداب الزفاف)] .

(٤٨) لەبەر فەرموودەی زۆر، لەوانە فەرموودەکەی (عَبْدُالله بنُ بُسْر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا باوکی خواردنێکی دروست کرد بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) جابانگی کرد ، ئەویش وەلامی دایەوە ، جا کە لەخواردنەکەی بویەوە فەرمووی: ((اللَّهُمَّ إغْفِرْ لَهُمْ ، وَارْحَمْهُمْ ، وَبَارِكْ لَهُمْ فِيمَا رَزَقْتَهُمْ)) واتە: خوایە لێیان ببورە ، وەڕەحمیان پێ بکە ویەرەکەت بخەرە ئەورۆزییەی پێیانت داوە . [رواه مسلم (١٢٢/٦) وابوداود (١٣٥/٢) والترمذي (٢٨١/٤) وصححه وغيرهم . آداب الزفاف] .

(٤٩) لەبەر ئەوفەرمودانەی کەپێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمان دەکات بەئاشکراکردنی ژن گواستنەوە لەوانە فەرموودەکەی (عَبْدُالله بنُ زُبَيْرِ عَنْ أَبِيهِ) (خوایان لێ ڕازی بێت)



منتدى إقرأ الثقافي

**وەسوننەتیشە خۆشی بۆ بکرێت و ئافرەتان دەف لێ بدەن و گۆرانی بڵێن بۆخۆیان ، بەمەرجێك ووشەی نابەجێی تێدا نەبێت (٥٠)**

---

کەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی ((أَعْلِنُوا النِّكَاحَ)) واتە : ژن هێنان ئاشکرا بکەن [رواه ابن حبان (١٢٨٥) والطبراني (٦٩/ ١/ ١) والضياء المقدسي في المختاره (١٥٠/ ١) وغيرهم وسنده حسن . بروانە آداب الزفاف] .

(٥٠) لەبەر ئەو فەرموودانەی لەبارەی چۆنێتی ژن گواستنەوە وەهاتوون لەوانە فەرموودەکەی (الرُّبَيِّعُ بِنْتُ مُعَوِّذ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە ژوورەوە کاتێك منیان گواستەوە جادانیشت لەسەر جێگاکە وەکو دانیشتنی تۆ لەبەرانبەرم (مەبەستی ئەوکەسەیە کەبۆی دەگێڕێتەوە) جاچەند کچێکمان هاتن دەفیان لێدەدا و باسی باشەی باو باپیرانمیان دەکرد کەلەجەنگی بەدردا کوژرابوون ، جایەکێکیان ووتی: پێغەمبەرێکمان تیدایە دەزانێت چی لەسبەینێ دا ڕوودەدات . جاپێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ((دَعِي هَذِهِ وَقُولِي بِالَّذِي كُنْتِ تَقُولِينَ)) واتە: واز لەوەبێنە، هەر ئەوە بڵێ کە لەپێش دا دەتووت .[رواه البخاري (٩/رقم/ ٥١٤٧) وابوداود (٤/رقم/٤٩٢٢) والترمذي (٢/٢٧٦/١٠٩٦)].

وەفەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا ئافرەتێکی بۆ پیاوێکی ئەنصاری گواستەوە جاپێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((يَاعَائِشَةُ مَا كَانَ مَعَكُمْ لَهْوٌ ، فَإِنَّ الأَنْصَارَ يُعْجِبُهُمُ اللَّهْوُ)) واتە: ئەی (عَائِشَة) ئایە هیچ گاڵتەو خۆشییەکتان پێنەبوو؟ چونکە ئەنصارییەکان حەزیان لەگاڵتەو خۆشییە [رواه البخاري (٢/٣٥٢) واحمد (٦/٣٥٩)وغيرهما] .

وەلەڕیوایەتێکی تردا فەرمووی ((فَهَلْ بَعَثْتُمْ مَعَهَا جَارِيَةً تَضْرِبُ بِالدُّفِّ وَتُغَنِّي ؟)) واتە((ئایاکچێکتان لەگەڵدا ڕەوانەنەکرد دەف لێ بدات و گۆرانی بڵێت)) ووتم: ((چی بڵێت؟)) فەرمووی:

أَتَيْنَاكُمْ أَتَيْنَاكُمْ فَحَيُّونَا نُحَيِّيكُمْ
لَوْلَا الذَّهَبُ الأَحْمَرُ مَاحَلَّتْ بِوَادِيكُمْ
لَوْلَا الحِنْطَةُ السَّمْرَاءُ مَاسَمِنَتْ عَذَارِيكُمْ

[رواه الطبراني كما في زوائده (١/١٦٧/١) وهو حسن .بروانە(آداب الزفاف)] .



منتدى إقرأ الثقافي

# مافەکانی ژن و پیاو بەسەر یەکەوە

# ( الحُقُوقُ الزَّوْجِيَّة )

## پێویستە لەسەر پیاو بەچاکە هەڵس وکەوت لەگەڵ ئافرەت دا بکات (٥١) وەئارام بگرێت لەسەر ئازاردانی (٥٢)

---

(٥١) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لەسورەتی (النساء:١٩) دا کەدەفەرموێ ﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾ واتە: لەگەڵ ئافرەتاندا بەچاکە هەڵس وکەوت بکەن و ژیانیان لەگەڵدا بەسەربەرن . وەلەبەر فەرموودەکەی (أبوهُرَيرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەواپێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((أكْمَلُ المُؤْمِنِينَ إِيمَاناً أحْسَنُهُمْ خُلُقاً ، وَخِيَارُكُمْ خِيَارُكُمْ لِنِسَائِهِمْ)) واتە: تەواوترین باوەڕدار لەباوەڕدا ئەوەیانە کەڕەوشتی جوانەوچاکترینتان چاکترینتانە بۆ خێزانەکانیان . [رواه الترمذي (٢/٣١٥/١١٧٢) واحمد (٢/٢٥٠) وهو صحيح بروانه صحيح الترمذي (٩٢٨) وآداب الزفاف] .

وەچاکە ئەوەیە تێری بکات ئەگەر پێویستی بەخواردن هەبوو ، بیپۆشێت ئەگەر پێویستی بەپۆشاك هەبوو ، وەمافی ژن و مێردایەتی بداتێ ، وەهەردەم ئامۆژگاری چاکی بکات بەبێ جوێن و نەفرین و قسەی ناشرین . لەبەرفەرموودەکەی (مُعَاوِيَةُ بنُ حِيْدَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پرسیاری لەپێغەمبەر (ﷺ) کرد: ئایامافی خێزانی هەریەکێکمان بەسەرمانەوە چییە؟ ئەویش فەرمووی ((أنْ تُطْعِمَهَا إذَا طَعِمْتَ ، وَتَكْسُوهَا إذَا اكْتَسَيْتَ وَلاتَضْرِبِ الوَجْهَ وَلاتُقَبِّحْ وَلاتَهْجُرْ إلَّا فِي البَيْتِ)) واتە: تێر خواردنی بکات ئەگەر خواردنی ویست وەبیپۆشێت ئەگەر پێویستی بەپۆشاك هەبوو وەلەڕوومەتی نەدات و قسەی ناشیرینی پێ نەکات وەپشتی لێ نەکات مەگەر لەماڵی خۆیدا [رواه ابوداود (٦/١٨٠/٢١٢٨) مع العون وابن ماجه (١/٥٩٣/١٨٥٠) وهو صحيح بروانه صحيح ابن ماجه (١٥٠٠)] .

(٥٢) لەبەر فەرموودەکەی (أبوهُرَيرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((لايَفْرُكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً ، إنْ كَرِهَ مِنْهَا خُلُقاً رَضِيَ مِنْهَا آخَرَ)) واتە:



منتدى إقرأ الثقافي

وەشەرەفی بپارێزێت (٥٣) وە شارەزای بکات لەوەی پێویستە لە ئاین دا یان بواری بۆ بڕخسێنێت خۆی شارەزا ببێت (٥٤) وە فەرمانی پێ بکات کەوا

---

هیچ باوەڕدارێکی پیاو قین لەهیچ باوەڕدارێکی ئافرەت هەڵنەگرێت ، ئەگەر ڕەوشتێکی بەدڵ نەبێت ڕەوشتێکی تری بەدڵ دەبێت [رواه مسلم (٢/١٠٩١/٤٦٩)] .

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمێ : ((إستَوْصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْراً فَإِنَّهُنَّ خُلِقْنَ مِنْ ضِلَعٍ ، وَإِنَّ أعْوَجَ مَافِي الضِّلَعِ أعْلاهُ ، فَإِنْ ذَهَبْتَ تُقِيمَهُ كَسَرْتَهُ ،وَإِنْ تَرَكْتَهُ لَمْ يَزَلْ أعْوَجَ ، فَاسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْراً)) واتە: ئامۆژگاری ئافرەتان بکەن بەچاکە ، چونکە ئەوان لەپەراسوو بەدی هێنراون ، ولارترین شوێن لەپراسوودا سەرەوەیەتی ، جائەگەر بچیت ڕاستی بکەیتەوە دەیشکێنیت ، وەئەگەر بیهێڵیت ئەوە بەلاری دەمێنێتەوە ، جابۆیە ئامۆژگاری ئافرەتان بکەن بەچاکە [رواه البخاري (٩/٢٥٣/٥١٨٦) ومسلم (٢/١٠٩١/٦٠)] .

هەندێك لەپێشینان فەرموویانە: بزانە کەوا ڕەوشت جوانی لەگەڵ ئافرەت دا ئەوەنییە کەوا ئازاری نەدەیت ، بەڵکو ئارام بگرێت لەسەر ئازاری وەنەرم و نیان و لەسەرخۆبێت بەرانبەر بە تورەیی و هەڵەکانی وەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەوا ((جاری واهەبووە خێزانەکانی ڕۆژێك تاوەکو شەو لێ ی بزرو تورە بوونە)) .

(٥٣) پاراستنی شەرەف و کەرامەتی ئافرەت لەهەموو شتێك کەلەکەداری بکات مافێکی سەرەکی ئافرەتە بەسەر پیاوەکەیەوە ، چونکە پیاو بەرپرسە لە ئافرەت لەبەر فەرمودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (النساء:٣٤) دا کەدەفەرمێت ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ﴾ واتە: ((پیاوان دەسەلاًت دارن بەسەر ئافرەتاندا)) .وەفەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) کەدەفەرمێ : ((وَالرَّجُلُ رَاعٍ فِي أهْلِهِ وَهُوَ مَسْؤُلٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ)) واتە: ((وەپیاو سەر پەرشتیارە لەناو ماڵ و خێزانی خۆی داو ئەویش بەرپرسە لەوەی لەژێر دەستی دایە)) [رواه البخاري (٢/رقم/٨٩٣) ومسلم (٣/١٤٥٩/١٨٢٩)] .

وەلەپاراستنی شەرەف و کەرامەتی ئەوەیە نەهێڵێت بەبێ پۆشاکی شەرعی دەربچێت لەماڵ و نەهێڵێت تێکلاوی پیاوانی نامەحرەم بکات و قەدەغەی هەرشتێکی لێ بکات کە دەبێتە هۆی خراپ بوونی ڕەووشت و ئایینی .

(٥٤) چونکە پێویستی ئەو بە چاککردنی ئایینی و پاککردنەوەی دەروونی لە پێویستی ئەو بە خواردن و خواردنەوە و پۆشاك کەم تر نییە ، بەڵکو زیاتریشە چونکە



منتدى إقرأ الثقافي

**هەستێت بەجێ بەجێ کردنی دروشمە ئایینێکان و پارێزگاری لەسەر بکات وە ڕوخسەتی پێ بدات کەوا لەماڵ دەربچێت ئەگەر پێویستی پێ هەبوو (٥٥) وە پارێزگاری لە نهێنێکانی بکات (٥٦) (٥٧)**

---

ئەوەیان تەنها دەبێتە هۆی تیاچوونی دونیای بەڵام ئەوی تریان دەبێتە هۆی تیاچوونی دونیاو دواڕۆژی ، لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (التحریم : ٦) دا کە دەفەرمێ : ﴿يَآ أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمْ وَ أَهْلِيكُمْ نَاراً وَقُودُهَا النَّاسُ وَ الحِجَارَةُ﴾ واتە : ((ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە خۆتان و خاو وخێزانتان لە ئاگر بپارێزن ، ئاگرێك کە سووتەمەنێکەی مرۆڤ و بەردە)) . وە پارستنیشیان بێ گومان بە باوەڕو کردەوەی چاك دەبێت وە کردەوەیش بێگومان پێویستی بە زانین و شارەزا بوون هەیە بۆ ئەوەی بەو شێوەیە بێت کە شەرع داوای کردووە .

(٥٥) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (طه : ١٣٢) دا کە دەفەرمێ : ﴿وأْمُرْ أَهْلَكَ بِالصَّلاةِ وَ اصْطَبِرْ عَلَيْهَا﴾ واتە : وە فەرمان بکە بە خاو خێزانت کەوا نوێژ بکەن و ئارامیشی لەسەر بگرە . وە چەندەها فەرموودەی تری خوای گەورە لە قورئان دا وە فەرموودەی پێغەمبەریش (ﷺ) کەوا داوای ئەوەمان لێ دەکات .

(٥٦) وەکو ئەوەی بچێت بۆ نوێژی بە کۆمەڵ یان سەردانی کەس وکاری بکات یان دەرهاوسێکانی بەمەرجێك پۆشاکی شەرعی لەبەر بکات و دوور بێت لەڕووتی و جل وبەرگی ناشەرعی و بۆن لەخۆدان و(هەروەها ئاگاداری بکاتەوە کەوا تێکەڵاوی نەکات لەگەڵ پیاوانی نامەحرەم دا و تەو قەیان لەگەڵ نەکات)ترسی‌تووش بوونی فیتنەی ڕێگا و بانی نەبێت وە ئەگەر ڕێگاکە دوور بێت نابێت بهێڵێت بە تەنها دەرچێت بەبێ مەحرەم وە (هەروەها وریایشی بکاتەوە لە تەماشاکردن و بیستنی حەرام وەك تەلەفزیۆن و گۆرانی و مۆسیقا).

(٥٧) چونکە ئافرەت ئەمانەتە لەلای پیاوەکەی دەبێت پارێزگاری لە نهێنی و کەم و کورێکانی بکات ، وەترسناك ترینی ئەو نهێنیانەش نهێنی سەرجێکایە .

بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) زۆر وریامان دەکاتەوە لێ ی (پیاوان و ئافرەتان) بڕوانە (پ ٣٨) .



منتدى إقرأ الثقافي

وە ڕاوێژی پێ بکات (٥٨) وە زۆر لە دەرەوە نەمێنێتەوە پاش نوێژی عیشا (٥٩) وە ئەگەر دوو ژن یان زیاتری هەبوو دەبێت بە دادپەروەریانە هەڵس و کەوتیان لەگەڵ دا بکات لە دابەش کردنی شەو و ئەوەشی کە

---

(٥٨) بە تایبەتی لەو مەسەلانەی کە تایبەت مەندن بەخۆیان و منداڵەکانیانەوە هەروەکو (رسول الله ﷺ) کە چۆن ڕاوێژی بە خێزانەکانی دەکرد و ڕای وەردەگرتن ، لەوانە لە ڕۆژی (حُدَیْبِیَة) کاتێك لە نووسینی (صُلْح)ەکە بویەوە ، بە هاوەڵەکانی فەرموو : ((قُومُوا فَانْحَرُوا ، ثُمَّ احْلِقُوا)) واتە : ((هەستن قوربانیێکانتان سەر ببڕن ، پاشان سەر بتاشن)) سوێند بە خوا یەك کەسیان لێ هەڵنەسا تاسێ جار دووبارەی کردەوە ، جا کەکەس هەڵنەسا چووە ژوورەوە بۆلای (أُمّ سَلَمَة) (خوای لێ ڕازی بێت) ، ئەوەی بۆ باس کرد کە لەلایەن خەڵکیەوە تووشی بوو ، جا ئەویش فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ئایە حەز لەوە دەکەیت ؟ دەرچۆ و قسە لەگەڵ کەسیاندا مەکە تاوشترەکەت سەر دەبڕیت وە بانگی سەرتاشە —حلاق—ەکەت دەکەیت سەرت دەتاشێت ، جا ئەویش دەرچوو قسەی لەگەڵ هیچ کەسێکیان دا نەکرد تا ئەوەی کرد ، جا کە ئەوەیان بینی هەڵسان و قوربانیێکانیان سەر بڕی وەسەری یەکتریان تاشی تا خەریك بوو یەکتر بکوژن لەدلخاندا)) [رواه البخاری (٥/رقم/٢٧٣٢)] .

(٥٩) ئەگەر زۆر پێویست نەبوو ، چونکە بێ تاقەت دەبن و توشی دڵە ڕاوکێ دێن و لەوانەیە شەیتان گومانی خراپ بخاتە دڵیانەوە ، بەڵکو مافی ئافرەتە لەسەر پیاو کەوا شەوان لەگەڵ ئەوان دا بەسەر ببات ، هەر لەسەر ئەوە بوو پێغەمبەر (ﷺ) بە (عَبْدُاللهِ بن عَمْرو)ی فەرموو : ((إِنَّ لِزَوْجِكَ عَلَيْكَ حَقًّا)) واتە : بەڕاستی خێزانەکەت مافی بەسەرتەوەیە [رواه البخاری (٤/رقم/١٩٧٥) و مسلم (٢/٨١٣/١٨٢) وغيرهما] .

کاتێك کەزانی (عَبْدُالله) زۆر دوور دەگرێت لە خێزانەکەی و بەشەو شەو نوێژی دەکات و بە ڕۆژیش بەڕۆژووە .



منتدى إقرأ الثقافي

پێویستە [٦٠] وە پێویستە لەسەر ئافرەتیش کەوا گوێڕایەڵی تەواوی مێردەکەی بکات مەگەر لە شتێك دا کەبێ فەرمانی خوای تێدا بێت . [٦١]

---

(٦٠) لە خواردن و خواردنەوە و پۆشاك و خانوو هتد ... وە نابێت لە شتێك لەوانە دا کەمتەرخەمی و ستەمیان لیّ بکات ، چونکە خوای گەورە ئەوەی حەرام کردووە ، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ : ((مَنْ كَانَ لَهُ إمْرَأتَانِ فَمَالَ إلَىٰ أحَدِهِمَا دونَ الأُخْرَىٰ جَاءَ يَومَ القِيَامَةِ وَ شَقُّهُ مَائِل)) واتە : هەر کەسێك ئەگەر دوو ژنی هەبێت جالا بکرێت بۆلای یەکێکیان جگە لەوی تریان ئەوە لە ڕۆژی قیامەت دا بەلاری دێتە گۆڕەپانی مەحشەر [رواه أبوداود (٦/١٧١/٢١١٩) مع العون و الترمذي (٢/٣٠٤/١١٥٠) و ابن ماجة (١/٦٣٣/١٩٦٩) و النسائي بألفاظ متقاربة وهو صحيح برواته (صحيح إبن ماجه) (١٦٠٣)] .

## چەند تێبینیەك :

(أ) ئەگەر پیاو دوو ژنی بوو یان زیاتر و سەفەری کرد و خێزانی لەگەڵ خۆیدا برد ئەوە (قُرعَة) لە نێوانیان دا دەکات لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لیّ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر ویستی سەفەری ببوایە (قُرعَه)ی لە نێوان خێزانەکانیدا دەکرد ، جا هەرکامیان دەرچوایە ئەویانی دەبرد لەگەڵ خۆیدا ، وە بۆ هەر خێزانێك لە خێزانەکانی شەو و ڕۆژی خۆی بۆ دابەش کرد بوو جگە لە (سَودَةُ بِنتُ زَمعَة) کەوا شەوو ڕۆژەکەی خۆی بەخشی بوو بە (عَائِشَة)ی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) لەبەر ڕەزامەندی پێغەمبەری خوا (ﷺ))) [رواه البخاري (٥/رقم/٢٥٩٣)] .

(ب) ئەگەر پیاو ژنێکی تری هێنا ، ئەگەر کچ بوو ئەوە حەوت شەو لای ئەو دەمێنێتەوە لە پێش دا پاشان بەشی بۆ دیاری دەکات وەك ئەوانی تر ، وە ئەگەر بێوەژن بوو ئەوە سێ شەو لای دەمێنێتەوە پاشان بەشی بۆ دیاری دەکات لەبەر فەرموودەکەی (أنس) (خوای لیّ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((لە سوننەتە کەوا پیاو ئەگەر کچی هێنایە سەر بێوەژن ئەوە حەوت شەو لای دەمێنێتەوە پاشان دابەشی دەکات ، وە ئەگەر بێوەژن بێنێتە سەر کچ ئەوە سێ شەو لای دەمێنێتەوە پاشان دابەشی دەکات)) [رواه البخاري (٩/رقم/٥٢١٤) و مسلم (٢/١٠٨٤/١٤٦١)] .


منتدى إقرأ الثقافي

...............

(ج) ئافرەت دەتوانێت بەشەکەی ببەخشێت یان (صُلْح) بکات لەگەڵ پیاوەکەیدا کەلایەدا ، لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (النساء : ۱۲۸) دا کە دەفەرمێ : ﴿وَإِنِ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِنْ بَعْلِهَا نُشُوزاً أَوْ إِعْرَاضاً فَلا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحَاً وَ الصُّلْحُ خَيْر ...﴾ دایکە (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) لە بارەی ئەم ئایەتەوە دەفەرمووێ : ئەمە ئافرەتێکە لەلای پیاوێکە زۆر ناچێتە لای و دڵی پێ خۆش نییە ، بۆیە دەیەوێت تەڵاقی بدات و ئافرەتێکی تر بخوازێت ، جا ئەویش پێی دەڵێت : ((دەستم پێوە بگرە و تەڵاقم مەدە ، پاشان ژنێکی تریش بخوازە گەردنت ئازاد بێت بەشم بۆ دابەش مەکەو خەرجی (نَفَقَە) پێشم مەدە)) [رواه البخاری (۹/رقم/۵۲۰٦) و مسلم (٤/۲۳۱٦/۳۰۲۱)] وە بڕوانە فەرموودەکەی (عَائِشَة) لە تێبینی (أ) .

(٦١) بەڕاستی مافی پیاو بەسەر خێزانەکەیەوە زۆر گەورەیە ، پێغەمبەر (ﷺ) گەورەیی ئەو مافەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لەو فەرموودەکەی (أبوسَعید) دا (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی ((حَقُّ الزَّوجِ عَلَىٰ زَوْجَتِهِ أَنْ لَو كَانَتْ بِهِ قُرْحَةٌ فَلَحِسَتْهَا مَا أَدَّتْ حَقَّهُ)) واتە : مافی پیاو لەسەر خێزانەکەی ئەوەیە ئەگەر لاشەی چڵك و خوێنی پێوەبێت ئەو بەزمانی بیلیسێتەوە ئەوە مافی هێشتا نەداوە [رواه أحمد (١٦/٢٢٧/٢٤٧) وهو صحيح بڕوانە صحيح الجامع (٣١٤٨)] .

وە گوێ ڕایەڵی کردنی ئافرەت بۆ پیاوەکەی هۆیەکە لەو هۆیانە کە خوای گەورە بەهۆیەوە دەیانخاتە بەهەشتەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمێ : ((إِذَا صَلَّتِ الْمَرْأَةُ خَمْسَهَا وَ صَامَتْ شَهْرَهَا وَ حَفِظَتْ فَرْجَهَا وَ أَطَاعَتْ زَوْجَهَا قِيلَ لَهَا ادْخُلِي الْجَنَّةَ مِنْ أَيِّ أَبْوَابِهَا شِئْتِ)) واتە : ((ئەگەر ئافرەت پێنج فەرزە نوێژەکەی بکات و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانی بگرێت و (فَرْج)ی خۆی لە خراپەکاری بپارێزێت و گوێڕایەڵی پیاوەکەی بکات پێی دەوترێت بڕۆ بەهەشتەوە لەهەرلەرگایەکییەوە دەتەوێت)) [رواه أحمد وهو صحيح بڕوانە صحيح الجامع (٦٦٠)] .

وە بێ فەرمانی و بەگوێ نەکردنی هۆیەکە بۆ تورە بوونی خوا ، ئەوەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمێ : ((وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ ، مَا مِنْ رَجُلٍ يَدْعُوا امْرَأَتَهُ إِلَىٰ فِرَاشِهِ فَتَأْبَىٰ عَلَيْهِ إِلاَّ كَانَ الَّذِي فِي السَّمَاءِ سَاخِطاً عَلَيْهَا حَتَّىٰ يَرْضَىٰ عَنْهَا)) واتە :


منتدى إقرأ الثقافي

وە پارێزگاری لەشەرەف و ماڵ و منداڵی بکات [٦٢] وە خۆی بۆ جوان بکاتەوە و ڕووی خۆش بێت لەگەڵی دا [٦٣]

---

سوێند بەو کەسەی نەفسی منی بەدەستە ، هەر پیاوێك بانگی خێزانەکەی بکات بۆ سەر جێگاکەی خۆی و ئەو نەچێت (ئیلا) ئەو کەسەی کە لەئاسمانە –خوای گەورە– لێی تورەیە تا ئەو لێی ڕازی دەبێت [رواه مسلم (٢/١٠٦٠/١٤٣٦)] .

بۆیە دەبێت لە هەموو شتێك دا گوێڕایەڵی پیاوەکەی بکات جگە لەوەی کەبێ فەرمانی و بێ گوێیی خوای گەورەیە چونکە نابێت گوێ ڕایەڵی هیچ کەسێك بکرێت لەهەرشتێك دا کەبێ فەرمانی خوا بێت ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمێ : ((لَاطَاعَةَ فِي المَعْصِيةِ إِنَّمَا الطَّاعَةُ فِي المَعْرُوفِ)) . واتە : نابێت گوێڕایەڵی هیچ کەسێك بکرێت لەتاوان دا بەڵکو گوێڕایەڵی تەنها لە چاکەدایە [رواه البخاری (١٣/رقم/٧٢٥٧)] ، بۆیە دەبێت زۆر ئاگادار بێت .

(٦٢) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (النساء : ٣٤)دا کە دەفەرمێ : ﴿فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِلغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللَّهُ﴾ واتە : ((جا ئافرەتە چاکەکان گوێڕایەڵی فەرمانی خواو پیاوەکانیانن پارێزکاری لەماڵ و منداڵیان دەکەن لەکاتی ئامادە نەبونیان دا وە مافەکانیان دەپارێزن بەوەی خوای گەورە پارستویەتی)) وە فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێ : ((وَالمَرْأَةُ رَاعِيَةٌ فِي بَيْتِ زَوْجِهَا وَهِيَ مَسؤُلَةٌ عَنْ رَعِيَّتِهَا)) واتە : ((وە ئافرەتیش سەرپەرشتیارە لە ماڵی پیاوەکەیدا وە بەرپرسە لەسەر ئەوەی سەر پەرشتی دەکات)) [رواه البخاری (٢/رقم/٨٩٣) و مسلم (٣/١٤٥٩/١٨٢٩)] .

(٦٣) لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُاللّٰه بن سَلام) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ((خَيْرُ النِّسَاءِ مَنْ تَسُرُّكَ إِذَا أَبْصَرْتَ وَتُطِيعُكَ إِذَا أَمَرْتَ وَ تَحْفَظُ غَيْبَتَكَ فِي نَفْسِهَا وَمَالِكَ)) واتە : باشترین ئافرەتان ئەوەیە ئەگەر بیبینی دڵ خۆشت بکات و ئەگەر فەرمان بکەی گوێڕایەڵت بێت وە پارێزگاری لەخۆی و ماڵت بکات ئەگەر لەماڵ نەبویت [رواه الطبراني وهو صحيح بروانە صحيح الجامع (٣٢٩٩)] .



منتدى إقرأ الثقافي

وە لەماڵ دەر نەچێت بەبێ پرس ئەگەر چی بۆ مزگەوتیش بێت (٦٤)

---

وە سەیرو سەرسوڕمان لەوەدایە ئەمڕۆ ئافرەتان لەماڵ دا بۆ پیاوەکانی خۆیان هیچ خۆیان ڕێك ناخەن بەڵكو هەر بەپۆشاكی ئیش و كارەوە دێنە پیریانەوە ، بەڵام كاتێك دەردەچن لەماڵ دەڵێی بوكن ، عەرەب وەتەنی : (قِردٌ فِي البَيْتِ وَ غَزَالٌ فِي الشَّارِعِ) واتە : (لە ماڵ دا دەڵێی مەیموونە ، بەڵام لەسەر شەقامەكان دا دەڵێی ئاسكە) (فَلا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ العَلِيِّ العَظِيْمِ) .

(٦٤) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لەسورەتی (الأحزاب : ٣٣) دا كە دەفەرمێ : ﴿وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ﴾ واتە : وە قەرار و ئارام بگرن لە ماڵەكانتان دا و زۆر دەشت و دەر مەكەن . وە لەبەر فەرموودەكەی (مُعَاذُ بنُ جَبَل) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ((لايَحِلُّ لِلْمَرْأَةِ تُؤْمِنُ بِاللهِ وَ اليَوْمِ الآخِرِ أنْ تَأْذَنَ فِي بَيْتِ زَوْجِهَا وَهُوَ كَارِهٌ وَلا تَخْرُجَ وَهُوَ كَارِهٌ وَلا تُطِيْعَ فِيْهِ أَحَداً وَ لا تُخْشِنَ بِصَدْرِهِ وَ لاتَعْتَزِلَ فِرَاشَهُ وَلا تَضْرِبَهُ فَإِنْ كَانَ هُوَ أَظْلَمَ فَلْتَأْتِه حَتَّى تُرْضِيَهُ فَإِنْ هُوَ قَبِلَ فَبِهَا وَ نِعْمَتْ وَ قَبِلَ اللهُ عُذْرَهَا وَ أَفْلَحَ مَحَبَّتَهَا وَلا إِثْمَ عَلَيْهِ وَ إِنْ هُوَ أَبَى بِرِضَاهَا عَنْهَا فَقَدْ أَبْلَغَتْ عِنْدَاللهِ عُذْرَهَا)) واتە : حەڵاڵ نیيە بۆ ئافرەتێك باوەڕی هەبێت بە خوا و بەڕۆژی دوایی ڕوخسەت بدات بە هیچ كەسێك لەماڵی پیاوەكەیدا و ئەو پێی ناخۆش بێت، یان دەربچێت و ئەو پێی ناخۆش بێت ، وە نابێت گوێ ڕایەڵی هیچ كەسێك پێشی گوێ ڕایەڵی پیاوەكەی بخات و یان دڵی زامدار بكات و یان جێگای لێ جیا بكاتەوە ، وە نابێت لێی بدات ، جا ئەگەر ئەو ستەمی لێ كرد ئەوە با ئەم بڕوات بۆلای تا ڕازی دەكات ، جا ئەگەر لێی ڕازی بوونەوە چاكەو خوایشی لێ ڕازی دەبێت و (عُذْر)ی قبوڵ دەكات و پیاوەكەش سەر فراز دەبێت بە خۆشەویستی ئەم و هیچ تاوانی لەسەر نامێنێت ، وە ئەگەر پیاوەكەی لێی ڕازی نەبوو ئەوە ئەم ئەوەی لەسەرێتی بەجێی هێناو (عُذْر)ی خۆی گەیاندە لای خوای گەورە)) [رواه البيهقي في السنن الكبرى (٢٩٣/٧) و الحاكم (١٨٩/٢) وهو حديث حسن بشواهده بروانە الأدلة الرضية (ل ١٧٨)] .



منتدى إقرأ الثقافي

وە ڕوخسەت بەکەس نەدات بێتەماڵەوە بەبێ پرسی ئەو [٦٥] وە ڕۆژووی سوننەتیش نەگرێت ئەگەر لەماڵدا بوو بەبێ پرسی ئەو [٦٦] وە بەکەم ڕازی بێت و باری مێردەکەی قورس نەکات [٦٧] وە منەت بەسەریدا نەکات [٦٨]

---

(٦٥) لەبەر فەرموودەکەی (مُعَاذ) بڕوانە (پ ٦٤) ، وە فەرموودەکەی (عَمْرُو بنُ الأحْوَص) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((فَحَقُّكُمْ عَلَيْهِنَّ أَنْ لا يُوَاطِئْنَ فُرُشَكُمْ مَنْ تَكْرَهُونَ ، وَلا يَأْذَنَّ فِي بُيُوتِكُمْ لِمَنْ تَكْرَهُونَ)) واتە : جا مافی ئێوە بەسەریانەوە ئەوەیە کەس نەهێننە سەر جێگاتان کە ئێوە پێتان ناخۆش بێت وە ڕوخسەت بەکەسیش نەدەن لەماڵی ئێوەدا ، ئێوە پێتان ناخۆش بێت [رواه الترمذي (٢/٣١٥/١١٧٣) وابن ماجة (١/٥٩٤/١٨٥١) وهو حسن بڕوانە صحيح ابن ماجة (١٥٠١) و آداب الزفاف] .

(٦٦) لەبەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە دەفەرمێ : ((لايَحِلُّ لِمَرْأَةٍ أَنْ تَصُومَ وَ زَوْجُهَا شَاهِدٌ إِلَّا بِإِذْنِهِ)) واتە : ((حەلاڵ نییە بۆ ئافرەتێك کەوا ڕۆژوو بگرێت و پیاوەکەی لەماڵدا بێت مەگەر بەپرسی ئەو)) [رواه البخاري (٩/رقم/٥١٩٥) عن ابي هريرة] .

(٦٧) وە زیاتر لە توانانی خۆی ئەرکی نەخاتە سەرشان ، ئەوەتا خوای گەورە لە سورەتی (الطلاق : ٧) دا دەفەرمێ : ﴿لِيُنْفِقْ ذُو سَعَةٍ مِنْ سَعَتِهِ وَمَنْ قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ فَلْيُنْفِقْ مِمَّا آتَاهُ اللهُ لا يُكَلِّفُ اللهُ نَفْساً إِلَّا مَا آتَاهَا سَيَجْعَلُ اللهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْراً﴾ واتە : ((با هەر کەسێك دەستی فراوانە و توانای هەیە.با ببەخشێ لەوەی هەیەتی وە هەر کەسێکیش ڕۆزی (رِزْق) کەمەو دەست کورتە باڵەوە ببەخشێ کە خوای گەورە پێی داوە خوای گەورە ئەرك ناخاتە سەر هیچ کەسێك بەئەندازەی ئەوە نەبێت کە پێی داوە، خوای گەورەیش لەپاش هەموو تەنگانەو ناخۆشییەك خۆشی و فراوانی دەهێنێت)) .

(٦٨) چونکە منەت کردن بەسەر مێرددا بەوەی کە یارمەتی داوە بە پارەو ماڵی خۆی وە ڕازی بووە بە بردنە سەری ژیانێکی سەخت و کەم دەستی لەگەڵیدا دەبێتە هۆی بەتاڵ بوونەوەی پاداشتی خوایی ئەو کارانە ، وەك لە سورەتی (البقرة : ٢٦٤) دا دەفەرمێ : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تُبْطِلُوا صَدَقَاتِكُمْ بِالْمَنِّ وَ الأَذَى﴾ واتە : ((ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە خێروچاکە کانتان بەتاڵ مەکەنەوە بە منەت کردن و ئازاردان)) .



منتدى إقرأ الثقافي

وە هەردەم چاکەکانی لەبەر چاو بێت [٦٩] وە ڕەوشت و هەڵس و کەوتی لەگەڵ کەس و کاری مێردەکەیدا جوان بێت [٧٠] وە هەرکاتێك پێویستی

---

(٦٩) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيد الخُدْرِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕۆژی جەژنی قوربان یان ڕەمەزان دا دەرچوو بۆ شوێنی نوێژ (مُصَلَّى) جا دای بەلای کۆمەڵێ لە ئافرەتان دا وپێی فەرموون : ((يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ تَصَدَّقْنَ فَإِنِّي أُرِيتُكُنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ النَّارِ)) واتە : ((ئەی کۆمەڵی ئافرەتان خێرو بەخشین زۆر بکەن ، پێم پیشان درا لەشەوی (میعراج)دا کەوا ئێوە زۆربەی خەڵکی دۆزەخن)) ئەوانیش وتیان : لەبەر چی ئەی پێغەمبەری خوا ؟ ئەویش فەرمووی : ((تُكْثِرْنَ اللَّعْنَ وَ تَكْفُرْنَ العَشِيرَ ...)) واتە : ((چونکە نەفرەت (لَعْنَة) زۆردەکەن وە کوفری ژیانیش دەکەن ...)) [رواه البخاري (١/رقم/٣٠٤)] .

وە فەرموودەکە بەگشتی لەبەشی عیبادات دا (پ ٩٤) هێناومانەتەوە . (کوفری ژیانیش):مەبەست ئەوەیە کەوا چاکەی پیاوەکانیان لەبەر چاو ناگرن وەك بەڕوونی لە ڕیوایەتەکانی تری ئەم فەرموودەیەدا باس کراوە .

(٧٠) چونکە ڕێز گرتن لەدایك و باوك وکەس و کاری پیاو ڕێزگرتنە لە پیاو ، وە ئازاردانیان ئازاردانی ئەوە ، وە(مُعَاذُ بنُ جَبَل) (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لا تُؤْذِي إمْرَاءةٌ زَوْجَهَا فِي الدُّنْيَا إلَّا قَالَتْ زَوْجَتُهُ مِنَ الحُوْرِ العِيْن : لا تُؤْذِيهِ قَاتَلَكِ اللهُ ، فَإنَّمَا هُوَ عِنْدَكِ دَخِيْلٌ ، يُوْشِكُ أنْ يُفَارِقَكِ إلَيْنَا)) واتە : ((هیچ ئافرەتێك نییە ئازاری مێردەکەی بدات لە دونیادا (ئیللا) خێزانەکەی کەلە (حور العين)ە پێی دەڵێ : ئازاری مەدە خوا بتکوژێت ، چونکە ئەو لای تۆ میوانە و زۆری نەماوە بە جێت بهێڵێت وە بێت بۆلای ئێمە)) [رواه الترمذي (٢/٣٢٠/١١٨٤) و إبن ماجة (٦٢١/١) و غيرهما وهو حديث صحيح بروانە صحيح إبن ماجة (١٦٣٧)وآداب الزفاف(١٧٨)] .



منتدى إقرأ الثقافي

پێی هەبوو خۆی بۆ ئامادە بکات (٧١) وە پارێزگاری لە نهێنیکانی بکات(٧٢) وە هەرگیز داوای تەڵاقی لێ نەکات (٧٣)

---

(٧١) لەبەر ئەو فەرموودەیەی کەوا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێ : ((إِذَا دَعَا الرَّجُلُ إِمْرَأَتَهُ إِلَىٰ فِرَاشِهِ فَلَمْ تَأْتِهِ فَبَاتَ غَضْبَانَ عَلَيْهَا لَعَنَتْهَا المَلَائِكَةُ حَتَّىٰ تُصْبِحَ)) واتە : ئەگەر پیاو خێزانەکەی خۆی بانگ کرد بۆسەر جێگاکەی (بۆ جیماع کردن) جا ئەویش نەیەت بۆ لای وە پیاوەکەی ئەوشەوە بە تورەیی بباتە سەر لێی ، ئەوە فریشتە نەفرەت (لَعْنَة)ی لێ دەکەن تا رۆژ دەبێتەوە [رواه البخاري (٩/رقم/٥١٩٤) و مسلم (٢/١٠٦٠/١٤٣٦)] .

وە لە ریوایەتێکی (أَحْمَد)دا هاتووە : ((.. تاوەکو رازی دەکات)) . وە هەروەها دەفەرمێ : ((إِذَا دَعَا الرَّجُلُ زَوْجَتَهُ لِحَاجَتِهِ فَلْتَأْتِهِ وَإِنْ كَانَ عَلَىٰ التَّنُّورِ)) واتە : ئەگەر پیاو خێزانەکەی بانگ کرد بۆ پێویستی خۆی بابێت بۆ لای، ئەگەر چی لەسەر تەنوریش بوو (نانی دەکرد) [رواه الترمذي (٢/٣١٤/١١٧٠) وهو صحيح بروانە (صحيح الجامع : ٥٣٤)] .

(٧٢) نهێنییەکانی خۆی و ماڵ ومنداڵەکانی بە تایبەتی نهێنی ژن و مێردایەتی ، لەبەر فەرموودەکەی (أَسْمَاء بِنْتُ يَزِيْد) (خوای لێ رازی بێت) بروانە (پ ٣٨) .

(٧٣) بەبێ هۆیەکی شەرعی لەبەر فەرموودەکەی (ثَوبَان) (خوای لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((أَيُّمَا إِمْرَأَةٍ سَأَلَتْ زَوْجَهَا الطَّلَاقَ مِنْ غَيْرِ مَا بَأْسٍ فَحَرَامٌ عَلَيْهَا رَائِحَةَ الجَنَّةِ)) واتە : هەر ئافرەتێك داوای تەڵاق لە پیاوەکەی بکات بەبێ هیچ هۆیەك ئەوە بۆنی بەهەشتی لەسەر حەرامە)) [رواه الترمذي (٢/٣٢٩/١٠٩٩) و أبوداود (٦/٣٠٨/٢٢٠٩) و إبن ماجة (١/٦٦٢/٢٠٥٥) وهو صحيح بروانە الارواء (٢٠٣٥)] .

وە هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێ : ((المُخْتَلِعَاتُ هُنَّ المُنَافِقَاتُ)) واتە : ئەو ئافرەتانەی کە داوای (خُلْع) تەڵاق دەکەن لە مێردەکانیان بەراستی ئەوانە دوورووە (مُنَافِق)کانن [رواه الترمذي (٢/٣٢٩/١١٩٨) وهو صحيح بروانە صحيح الجامع (٦٦٨١) و السلسلة الصحيحة للألباني (٦٣٢)] .



منتدى إقرأ الثقافي

# ئەو مارە بڕینانەی کە حەرامە
# ( الأَنْكِحَةُ المُحَرَّمَةِ )

ئەوەی کە خوای گەورە لە قورئان دا حەرامی کردووە (٧٤) وە ئەوەیشی کە پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەدا حەرامی کردووە کە کۆ کردنەوەی ئافرەتە

---

(٧٤) کەوا لە سورەتی (النساء :٢٣-٢٤)دا دەفەرمێ : ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَ أَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالاتُكُمْ وَبَنَاتُ الأَخِ وَبَنَاتُ الأُخْتِ وَأُمَّهَاتُكُمُ اللَّاتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ مِنَ الرَّضَاعَةِ وَ أُمَّهَاتُ نِسَائِكُمْ وَرَبَائِبُكُمُ اللَّاتِي فِي حُجُورِكُمْ مِنْ نِسَائِكُمُ اللَّاتِي دَخَلْتُمْ بِهِنَّ فَلا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلائِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلابِكُمْ وَأَنْ تَجْمَعُوا بَيْنَ الأُخْتَيْنِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّ اللهَ كَانَ غَفُوراً رَحِيماً وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ كِتَابَ اللهِ عَلَيْكُمْ ، وَ أُحِلَّ لَكُمْ مَا وَرَاءَ ذَلِكُمْ أَنْ تَبْتَغُوا بِأَمْوَالِكُمْ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ ..﴾ واتە : حەرام کراوە لەسەرتان (مارە کردنی) دایکانتان و ، کچانتان و ، خوشکانتان و ، پور (خوشکی باوکانتان) و مەتی (خوشکی دایکانتان) و ، کچانی براو ، کچانی خوشك و ، دایکانێ کەشیریان بە ئێوە داوە و خوشکانی شیری و دایکانی خێزانتان و کچانی ژنانتان کە لە ماڵی ئێوەدا گەورە بوون ، لە ژنانێ کە لەگەڵیاندا جووت بوونە ، بەڵام ئەگەر جووت نەبووین لەگەڵیان دا ئەوە تاوانتان لەسەر نییە (مارەیکچەکانیان بکەن) وە (هەروەها) ژنانی کوڕانی پشتی خۆتان (لەسەرتان حەرامە) وە مارەکردنی دوو خوشك پێکەوە ، مەگەر ئەوەی لە پێش ئەم حوکمە کرابێت ، بێ گومان خوای گەورە لێ بووردەو بەبەزییە ، وە ژنانی شوودار (تان لەسەر حەرامە) مەگەر ئەوانەی کە موڵکی خۆتانە (واتە : لەجەنگ دا دەستگیر کرا بێت با مێردیشیان هەبێت دوای پاك بوونەوە لەحەیز دروستە لەگەڵیان دا جووت ببن) ئەمانە حوکمی خوایە ، لەسەرتان نوسراوە و فەرز کراوە ..


منتدى إقرأ الثقافي

## لەگەڵ خوشکی دایکیدا یان خوشکی باوکیدا پێکەوە (٧٥) وەژن مارەکردنی کاتیی (مُتْعَة) (٧٦)

---

(٧٥) لەبەر فەرموودەکەی (أبو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ((لاتُجْمَعُ بَيْنَ المَرْأَةِ وَ عَمَّتِهَا وَ لا بَيْنَ المَرْأَةِ وَ خَالَتِهَا)) واتە : ((ئافرەت کۆناکرێتەوە لەگەڵ خوشکی باوکیدا یان لەگەڵ خوشکی دایکیدا)) [رواه البخاری (٩/رقم/٥١٠٩) و مسلم (٢/١٠٢٨/١٤٠٨) و أصحاب السنن] .

(٧٦) ئەو مارە برینە کەوا بۆ ماوەیەك بێت ئیتر ڕۆژێك یان مانگێك یان ساڵێك ... ئەم مارە برینە ماوەیەك حەڵاڵ بووە ، وەك خوای گەورە لە سورەتی (النساء : ٢٤) دا دەفەرمێ : ﴿فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَـآتُوهُنَّ أُجُورَهُـنَّ﴾ واتە : ئەگەر لەگەڵ ئەو ئافرەتانەدا جووت بوون (کە لەپێش دا باس کران) ئەوە مارەیی و حەقەکانیان بدەنێ . جا هەندێك لە زانایان دەفەرمون : ئەمە بۆ مارە برینی کاتییە (مُتْعَة) ، وە لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن مَسْعُود) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا دەفەرمێت : ((ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا غەزامان دەکرد وە ئافرەتمان لەگەڵ دا نەبوو، جاووتمان : ئەی بۆ خۆمان نەخەسێنین ؟ جا قەدەغەی ئەوەی لێ کردین ، پاشان ڕوخسەتی پێ داین کەوا ژن بخوازین بەجل و بەرگێك پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِيْـنَ آمَنُـوا لاتُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا﴾ (المائدة : ٨٧) [رواه البخاری (٨/رقم/٤٦١٥) و مسلم (٢/١٠٢٢/١٤٠٤)] .

بەلام پاشان بەیەك جاری حەرام کرا تا ڕۆژی قیامەت (سَبْرَةُ الجُهَنِي) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی : ((لە ساڵی (فتح) دا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کردین بە مارە برینی کاتی کاتێك چوینە مەککەوە پاشان دەرنەچووین تا قەدەغەی لێ کردین)) [رواه مسلم (٢/١٠٢٣/١٤٠٦)] .

وە لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرمێ : کەوا ئەو لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بوو (ﷺ) کاتێك فەرمووی : ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي قَدْ أَذِنْتُ لَكُمْ فِي الإِسْتِمْتَاعِ مِنَ النِّسَاءِ وَ إِنَّ اللهَ قَدْ حَرَّمَ ذَلِكَ إِلَى يَوْمِ القِيَامَةِ ، فَمَنْ كَانَ عِنْدَهُ مِنْهُنَّ شَيْءٌ فَلْيُخَلِّ سَبِيْلَهُ وَلَا تَأْخُذُوا مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا)) واتە : ئەی خەڵکینە من ڕووخسەتم پێ دابوون بە مارە برینی



منتدى إقرأ الثقافي

## وە ژن مارەکردنی حەڵاڵ کردن (التَّحْلِيل) (٧٧) وەژن بەژن (الشِّغَار) (٧٨)

---

کاتیی (مُؤَقَّت) ئافرەتان جا بێگومان خوای گەورە ئەوەی حەرام کرد تا ڕۆژی قیامەت ، جا هەر کەسێك شتێك لەوەی – لەو ئافرەتانەی– لەلایە ڕێگای بەریدات وازی لیٚ بێنێت وە هەرچی پیٚداوە هیچی لیٚ نەسێنێتەوە [رواه مسلم (٢/١٠٢٥/١٤٠٦) و غيره]

(٧٧) لەبەرفەرموودەکەی (عَلِي) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوافەرمووی (( لَعَنَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) المُحَلِّلَ والمُحَلَّلِ لَهُ)) واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەفرەت (لَعْنَة)ی کردوە لەوەی ژن مارەبکات لەبەرئەوەی بۆخەڵکی تر حەڵاڵی کات وەلەوەیشی کە بۆی حەڵاڵ دەکرێت [رواه ابوداود (٦/٨٨/٢٠٦٢) والترمذي (٢/٢٩٤/١١٢٨) وابن ماجه (٢/٦٢٢/١٩٣٥) وهو صحيح بروانە صحيح الجامع (٥١٠١)] .

(٧٨) ژن بەژن (الشِّغَار) ئەوەیە کەوا پیاو کچەکەی یاخوشکەکەی یا... مارە ببڕیٚ لەپیاوێك بەو مەرجەی ئەویش کچی یاخوشکی یا... لەئەم مارە بکات . وەئەم دابەستن (عَقْد) ی مارە بڕینە بەم شێوەیە بەتاڵە، ئیتر مارەیی تێدا باس بکرێت یان نەء ، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی لێکردووە و موسوڵمانانی لیٚ وریاو ئاگادار کردووەتەوە . وەخوای گەورەش دەفەرمیٚ ﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَانَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾ (الحشر: ٧) واتە : وە ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) پیٚ ی دان ئەوە وەری بگرن وەئەوەی ئەو لیٚ ی قەدەغە کردن ئەوە وازی لیٚ بهێنن . (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لیٚ ڕازی بێت) دەفەرمویٚ ((إِنَّ النَّبِيَ (ﷺ) نَهَىٰ عَنِ الشِّغَارِ)) واتە : پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی کردوە لەژن بەژن [رواه البخاري (٩/١٦٢/٥١١٢) ومسلم (٢/١٠٣٤/١٤١٥) وغيرهما] .

وە (أَبُوهُرَيْرَة) دەگێڕێتەوە کەوا پێغەمبەر (ﷺ)قەدەغەی لەژن بەژن کردووەوفەرمووی: ((وَالشِّغَارُ أَنْ يَقُولَ الرَّجُلُ لِلرَّجُلِ: زَوِّجْنِي إِبْنَتَكَ وَأُزَوِّجُكَ إِبْنَتِي ، أَوْ زَوِّجْنِي أُخْتَكَ وَأُزَوِّجُكَ أُخْتِي)) . واتە : وەژن بەژن ئەوەیە کەوا پیاوێك بەپیاوێك بڵیٚ: کچەکەتم لیٚ مارەبکە منیش کچەکەی خۆمت لیٚ مارە دەکەم ، یان بڵیٚ خوشکەکەتم لیٚ مارەبکە منیش خوشکەکەی خۆمت لیٚ مارە دەکەم [رواه مسلم (٢/١٠٣٥/ ١٤١٦)] .


منتدى إقرأ الثقافي

............

وە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێ ((لَاشِغَارَ فِي الإِسْلَامِ)) واتە ((ژن بەژن لەئیسلام دا نی یە)) [رواه مسلم (١٠٣٥/٢/١٤١٥) . بروانه صحيح الجامع الصغير (٧٥٠١) للألباني].

جا ئەم فەرموودە (صَحِيح)انە هەموو بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ژن بەژن بەتاڵە و لە ئیسلام دا دروست نی‌یە و پێچەوانەی شەرعی خوایە ، ئیتر پێغەمبەر (ﷺ) هیچ جیاوازی نەخستووە لە نێوان ئەوەی مارەیی تێدا باس بکرێت یان نەء ، وە ئەوەی کەلە فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر)دا هاتووە کەوا تەفسیری (شِغَار) دەکات بەوە(پیاو کچەکەی مارە ببڕێت بەو مەرجەی ئەوەی تر کچەکەی خۆی لە ئەم مارە ببڕێت ، وە مارەیی نەبێت لە نێوانیاندا) ، ئەم تەفسیرە بۆ (شِغَار) زانایان فەرموویانە قسەی (نَافِع)ە کە قوتابی (إِبْنُ عُمَر)ە ، وە فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) نی‌یە ، وە پێغەمبەر (ﷺ) خۆی لە فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) دا بەو شێوەیە تەفسیری کردووە کە باسمان کرد .( إِبْنُ عَبْدِالبَرّ) دەفەرمێ: زانایان (إِجْمَاع) یان کردوە لەسەر ئەوەی کەوا ژن بە ژن دروست نی‌یە بەڵام لەوەدا جیاوازن ئایە (صَحِيْح)ە یان (بَاطِل)ە ، وە جەماوەری زانایانیش لە سەر ئەوەن کەوا (بَاطِل)ە . ئیمامی (الشَّافِعِي)دەفەرمێ: ئەم مارە برینە (بَاطِل)ە وەکو مارەبڕینی کاتی (المُتْعَة). وە ئەم ڕایەیشیان ڕاستە ، لە بەر ئەو (أَثَر)ەی (العَبَّاسُ بنُ عَبْدِالله بِنْ عَبَّاس) کەوا کچەکەی خۆی مارە کرد لە (عَبْدُ الرَّحْمَنِ بن الحَكَم) وەئەویش کچەکەی خۆی لە ئەو مارە کرد ، ومارەییشیان دانا بوو، جا (مُعَاوِيَة) (خوای لێ ڕازی بێت)بۆ (مَرْوَان)ی نووسی وفەرمانی پێ کرد کەوا لە یەك جیایان بکاتەوە .[ رواه أبو داود (٣٢٤/١) وأحمد (٩٤/٤) وإسناده حسن حسنه ألباني في تعليقاته على الروضة الندية ]. وە بێ گومانیش ئەم ژن بەژنە زیانێکی زۆر گەورە لە کۆمەڵگای موسوڵمانان بەدات وە دەبێتە هۆی تەلاق و گیرو گرفت و خراپەیەکی زۆر ، وە دەبێتە هۆی ئەوەیشە کەوا ئافرەتان بە زۆر بدرێن بەکەسانێك کەوا خۆیان پێی ڕازی نین لەبەر بەرژەوەندی باوك و برا وە ئەمەیش زوڵم و ستەمێکی گەورەیە و ئیسلام پێی ڕازی نی‌یەو لێی بەریی (بَرِيْ) یە وەك لەو فەرموودانەی پێش دا باس کرا لە باسی ڕازی بوونی ئافرەت لەمارەبڕین دا وە هەروەها دەبێتە هۆی فەوتانی مافی ئافرەت لەمارەیی یەکەیدا وەك ئەمڕۆ بە چاوی خۆمان


منتدى إقرأ الثقافي

وەتیٚ پەڕ کردنی پیاو (ئازاد بێت یان بەندە) لەوژمارەی کە بۆی دیاری کراوە [٧٩] وەئەوەی بەخزمایەتی (النَّسَب) حەرام دەبێت، بەشیر دانیش(الرَّضَاع) حەرام دەبێت [٨٠] وەمارە بڕینی پێش موسوڵمان بوون دانی پێدا دەنرێت لەئیسلام دا ئەگەر ژن و مێرد هەردووکیان موسوڵمان

---

دەبینین ، جا بۆ زیاتر شارەزا بوون لەم باسە دەتوانیت تەماشای نامیلکەی (حُكْمَ السُّفُورِ وَ الحِجَابِ وَ نِكَاحِ الشِّغَار)ی شێخ (إِبْنُ بَاز) بکەی .

(٧٩) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (النساء: ٣) دا کەدەفەرمویٚ ﴿فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَ رُبَاعَ﴾ واتە : .....ئەوە مارەبکەن لەئافرەتان چەند پێتان خۆشە دوو یان سیٚ یان چوار . وەلەبەر فەرموودەکەی (الحَارِثُ بنُ قَيْس) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەر مووی: من موسوڵمان بووم وەهەشت ژنم هەبوو ، جاباسم کرد بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِخْتَرْ مِنْهُنَّ أَرْبَعًا)) واتە: چوار یانی لیٚ هەڵبژێرە [رواه ابو داود (٢/٦٧٧/٢٢٤١) وابن ماجه (١/٦٢٨/١٩٥٢) وهو حسن صحيح بروانەصحيح ابن ماجه(١٥٨٨)] .

وەفەرموودەکەی (إِبنُ عُمَر) کەوا (غَيْلَانُ بنُ سَلَمَة) (خوای لیٚ ڕازی بێت) موسوڵمان بوو دە(١٠) ژنی هەبوو لەکاتی نەفامی دا ، وەهەموو یان لەگەڵی دا موسوڵمان بوون ، جاپێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پیٚ کرد کەوا چواریان هەڵبژێرێت [رواه الترمذى (٣/٤٣٥/١١٢٨) وابن ماجه (١/٦٢٨/١٩٥٣) وغيرهما وهو صحيح بروانه صحيح ابن ماجه (١٥٨٩)] .

(٨٠) لەبەر فەرموودەکەی (إِبنُ عَبَّاس) (خوایان لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەبارەی کچەکەی (حَمْزَة)ە وە فەرمووی: ((لاتَحِلُّ لِي ، يَحْرُمُ مِنَ الرَّضَاعَةِ مَايَحْرُمُ مِنْ النَّسَبِ هِيَ إِبْنَةُ أَخِي مِنَ الرَّضَاعَةِ)) واتە: بۆ من حەڵاڵ نییە ، بەشیر دان (رَضَاعَة) ئەوە حەرام دەبێت کەبە خزمایەتی (نَسَب) حەرام دەبێت ، ئەو کچی برامە لەشیرەوە [رواه البخارى (٥/رقم/٢٦٤٥) ومسلم (٢/١٠٧١/١٤٤٧)] .

<u>تێبینی</u>:(حَمْزَة) مامی پێغەمبەری خوا بوو وەهەردووکیان شیری ئافرەتێکیان خواردبوو کەوابوو برای شیریشن.


منتدى إقرأ الثقافي

بوون وە ئەو مارە بڕینە گونجاویش بێت لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام دا [(٨١)] بەڵام ئەگەر بەتەنها یەكێكیان موسوڵمان بوو ، ئەوەمارە بڕینەكە بەتاڵ دەبێتەوە وماوە (عِدَّە)ی لەسەر پێویست دەبێت ئەگەر ئافرەتەكە موسوڵمان بوو [(٨٢)] پاشان ئەگەر مێردەكەش موسوڵمان بوو و ئافرەتەكە شوی نەكردبوو ئەوە دەتوانن لەسەر مارە بڕینەكەی پێشوو ببنەوە بەهاوسەری یەك ئەگەر چەند ماوەی دابڕینەكەش دوور بێت [(٨٣)]

---

(٨١) لەبەر فەرموودەكەی (الضَّحَاكُ بنُ فَيْرُوز) لەباوكیەوە كەوا فەرمووی : ووتم ئەی پێغەمبەری خوا من موسوڵمان بووم و دوو خوشكم لەژێردایە (هەردوو ژنەكەی خوشك یەك بوونە) فەرمووی: ((طَلِّقْ أَيَّتُهُمَا شِئْتَ)) واتە: ئەوەیان ویستت لێ یەتی تەلاقی دە [رواه الترمذي (٣/٤٣٦/١١٣٠) وأبوداود (٢/٦٧٨/٢٢٤٣) وابن ماجه (١/٦٢٧/١٩٥١) وغيرهم وهو حديث حسن بروانە الإرواء (١٨٨٥) وصحيح أبي داود (١٩٣٩)] .

(٨٢) لەبەر فەرموودەكەی (إبنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی : (مُشْرِك)ەكان دوو (مَنْزِلَە) لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) و باوەڕدارانەوە دوور بوون ، لەو (مُشْرِك) انە هەبوو دەجەنگان لەگەڵیدا (أَهْل حَرْب) بوون ، ئەویش دەجەنگا لەگەڵیاندا ، وەهەشیان بوو لەو (مُشْرِك) انە پەیمانیان دابوو نەجەنگن (أَهْل عَهْد) بوون ، جا ئەویش نەدەجەنگا لەگەڵیان دا ، ئەگەر ئافرەتێك كۆچی بكردایە لەوانەیان كە (أَهْل حَرْب) بوون مارەنەدەكرا تا دەكەوتە حەیزو پاك دەبویەوە ، جائەگەر پاك ببوایەتەوە ئەوە حەڵاڵ دەبوو بۆی شوی بكردایە ، وە ئەگەر مێردەكەی كۆچی بكردایە پێش ئەوەی شوی بكردایە ئەوە دەدرایەوە پێ ی ، وەئەگەر بەندەیەكیان یان كەنیزەیەكیان (عَبْدٌ أَوْ أَمَة) كۆچی بكردایە ئەوە ئازاد دەبوو وەمافی كۆچ كەرانیان بۆ هەبوو [رواه البخاری (٩/رقم/٥٢٨٦)] .

(٨٣) لەبەر فەرموودەكەی (إبنُ عَبَّاس)كەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) (زَيْنَب) ی كچی گەڕانەوە بۆ (أَبُو العَاص) بەو مارە بڕینەی یەكەم جار ، هیچی تری نەكرد ، (مُحَمَّدُ بنُ عَمْرو) لەفەرموودەكەیدا فەرمووی: پاش شەش ساڵ ، وە(الحَسَنُ بنُ عَلِي) فەرمووی: پاش دووساڵ [رواه ابو داود (٢/٦٧٥/٢٢٤٠) والترمذي (٣/٤٤٨/١١٤٣) وابن ماجة (١/٦٤٧/٢٠٠٩) وغيرهم وهو حديث صحيح بروانە الارواء (١٩٢١) وصحيح ابن ماجة (١٦٣٥)] .



منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی تەڵاق (الطَّلَاق)

دروستە مێرد ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات [٨٤] ئەگەر چی باش نی یە ئەگەر بەبێ هیچ هۆیەکی شەرعی بێت [٨٥]

## جۆرەکانی تەڵاق ( أَقْسَامُ الطَّلَاقِ )

جۆری یەکەم : لە ڕوانگەی ووتنەکەیەوە دەبێتە تەڵاقی ئاشکرا (الصَّرِيْح) [٨٦] وەتەڵاقی نائاشکرا (غَيْرُ الصَّرِيْح ) [٨٧] تەڵاقی ئاشکرا تەڵاقی

---

(٨٤) لەبەر (نَص) ی فەرموودەکەی خوای گەورە کەلەسورەتی (البقرة:٢٢٩) دا دەفەرموێ : ﴿الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ ....﴾ واتە: تەڵاق دووجارە پاشان یان بەرێك و پێکی دەستی پێوە بگرێت وەیان بەجوانی دەستی لێ بەردات و وازی لێ بهێنێت . وەلەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) کەلەمەوپاش دێت، وەیەك ڕایی و یەك دەنگی زانایانی ئیسلامیشی لەسەرە لەکۆن و تازە دا .

(٨٥) چونکە یاری کردنە بە(أَحْكَام)ە کانی شەریعەتی ئیسلام لەبەر فەرموودەکەی (ثَوْبَان) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە(پ٧٣) بەڵام فەرموودەی: ((أَبْغَضُ الحَلَالِ إِلَى اللهِ الطَّلَاق)) کە [ابو داود (٢/٦٣١/٢١٧٨) وابن ماجة (١/٦٥٠/٢٠١٨) والحاكم في المستدرك (٢/١٩٦)] ڕیوایەتیان کردووە (ضَعِيف)ە ئەگەر چی (الحَاكِم) فەرمویەتی: صحيح الاسناد و(ذَهَبِي) فەرموویەتی: صَحِيحٌ على شَرْطِ مُسْلِم . بەڵام خۆی وانی یە وەك شێخ (الألباني) فەرموویەتی بڕوانە[الارواء (٢٠٤٠)] .

(٨٦) ئەوەیە کە لەقسەکەوە تێ بگەیت کاتێك لەدەم دەردەچێت وەك بڵێیت بڕۆ تۆم تەڵاق دا ، یان تۆ تەڵاق دراویت، یا هەر ووشە (لَفظ)ێك واتای تەڵاق بگەیەنێت .

(٨٧) ئەوەیە قسەکەی واتای تەڵاق بگەیەنێت و واتای شتی تریش بگەیەنێت ، وەك بڵێت بڕۆڕەوە بۆماڵی باوکت یان ، بگە بەکەس و کارت دا .



منتدى إقرأ الثقافي

پێدەکەوێت با بەگاڵتە شەوە بێت یان وەکو نیەتی تەلاقیشی نەبێت ،[88]
بەڵام نا ئاشکرا تەلاقی ناکەوێت مەگەر نیەتی تەلاقی هەبێت[89]

---

(٨٨) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيرَةَ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ((ثَلاَثٌ جَدُّهُنَّ جِدٌّ ، وَ هَزْلُهُنَّ جِدٌّ : النِّكَاحُ وَ الطَّلَاقُ وَ الرَّجْعَةُ)) واتە : سێ شت هەیە ڕاستیان ڕاستی‌یە و گاڵتەشیان هەر ڕاستی‌یە ، ژن مارەکردن و تەلاق دان و گێڕانەوە)) [رواه أبوداود (٢/٦٤٣/٢١٩٤) وابن ماجة(١/٦٥٨/٢٠٣٩) و الترمذي (٢/٣٢٨/١١٩٥) وهو حسن بروانە الارواء (١٨٢٦)] .

وەلەم بارەیەوە فەرموودەی (مَرْفُوع و مَوْقُوف) زۆرە ، هەمووی یەکتری بەهێزدەکەن بڕوانە (الرَّوْضَةُ النَّدِيَة) ( لِمُحَمَّد صِدِّيق حَسَنْ خَان) و (إِبْنُ القَيِّم) دەفەرمێ : (وە تەلاقی کەسێك گاڵتە بکات دەکەوێت لای جەماوەری زانایان هەروەها مارە بڕینیشی ڕاستە وەکو بە (نَص) (تَصْرِيح)ی پێ کراوە —مەبەستی فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيرَة)یە— وە ئەو ڕایەش پارێزراوە لە (صَحَابَه) و (تَابِعِين) ەوە ...) بڕوانە [إعلام الموقعين (٣/١٢٤)] .

(٨٩) لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((کاتێك کچەکەی (الجُون)یان هێنا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و لێی نزیك بویەوە وتی : پەنا بەخوا ئەگرم لەتۆ ، جا پێغەمبەریش پێی فەرموو : ((لَقَدْ عُذْتِ بِعَظِيمٍ ، الْحَقِي بِأَهْلِكِ )) واتە : بەڕاستی پەنات بە گەورە و مەزن گرت ، بڕۆ بکە بەکەس و کارت دا . [رواه البخاری (٩/رقم/٥٢٥٤) و غيره] .

وە فەرموودەکەی (كَعْبُ بنُ مَالِك) کاتێك پێغەمبەر و خەڵکی پشتیان تێ کردن لەبەر دوا کەوتنیان لە غەزای (تَبُوك)دا ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی بۆ نارد کەوا دوور بگرە لە خێزانەکەت ، جا ئەویش وتی : تەلاقی دەم یان چی بکەم ؟ فەرمووی : بەڵکو دووری لێ بگرە و نزیکی مەکەوەرەوە ، جا بە خێزانەکەی فەرموو : ((الْحَقِي بِأَهْلِكِ )) واتە : ((بڕۆ بکە بەکەس و کارت دا)) [رواه البخاری (١٣/١١٢/٤٤١٨) و مسلم (٤/٢١٢٠/٢٧٦٩) و غيرهما ..] .


منتدى إقرأ الثقافي

جۆری دووەم : لە ڕوانگەی شێوەکەیەوە دەبێتە تەڵاقی سوننی وەتەڵاقی داهێنراو (بـدْعِي) ، تەڵاقی سوننی ئەوەیە یەك تەڵاقی بدات لە پاکێتی یەك (طُهْر) دا کە جیماعی لەگەڵ دا نەکرد بێ تێیدا [90] وەتەڵاقی داهێنراو (بِدْعِي) یش وەك لەحەیزدا تەڵاقی بدات یان لەپاکێتی(طُهْر) یّك دا

---

ئەوا دەبینین ووتەکەی پێغەمبەری خوا بەکچەکەی (الجُون) و وتەکەی (كَعْب)یش بە خێزانەکەی هەریەك ووتەبوو ، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) نیەتی تەڵاق دان بوو بۆیە بەتەڵاق ژمێردرا ، بەڵام (كَعْب) نیەتی تەڵاق نەبوو، بۆیە بە تەڵاق نەژمێردرا .

(٩٠) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة : ٢٢٩) دا کە دەفەرمێ : ﴿الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ﴾ بڕوانە (پ٨٤) وە هەروەها فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (الطلاق : ١)دا کە دەفەرمێ : ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ﴾ واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر ئێوە ئافرەتانتان تەڵاق دا ئەوە لەماوە (عِدَّە)ی خۆیان دا تەڵاقیان بدەن . وەپێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی تەفسیری ئەم ئایەتەدەکات کاتێك کە (إبْنُ عُمَر) خێزانەکەی تەڵاق دا لەحەیزدا بوو ، جا (عُمَرُ بنُ الخطّاب) پرسیاری لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد لەبارەی ئەوەوە ؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی ((مُرْهُ فَلْيُرَاجِعْهَا ثُمَّ لِيُمْسِكْهَا حَتَّى تَطْهُرَ ثُمَّ تَحِيضَ ثُمَّ تَطْهُرَ ثُمَّ إِنْ شَاءَ أَمْسَكَ بَعْدَ ذَلِكَ وَإِنْ شَاءَ طَلَّقَ قَبْلَ أَنْ يَمَسَّ ، فَتِلْكَ العِدَّةُ الَّتِي أَمَرَاللهُ سُبْحَانَهُ أَنْ تُطَلَّقَ لَهَا النِّسَاءُ)) واتە: فەرمانی پێ بکە با بیگێڕێتەوە پاشان دەستی پێوە بگرێت تاپاك دەبێتەوە پاشان دەکەوێتە حەیزەوە پاشان پاك دەبێتەوە پاشان ئەگەر ویستی هەبوو دەستی پێوە دەگرێت پاش ئەوە، یان ئەگەر ویستی لەسەری بوو تەڵاقی بدات پێش ئەوەی جیماعی لەگەڵ دا بکات ، ئەوەیە ئەو ماوە (عِدَّة) یەیەکەخوای گەورە فەرمانی پێ کردووە ئافرەتی تێدا تەڵاق بدرێت . [رواه البخاري (٩/رقم/٥٣٣٢) ومسلم (١٠٩٣/٢/١٤٧١) وابوداود (٢١٦٥/٢٢٧/٦) وفي لفظ مسلم ((مُرْهُ فَلْيُرَاجِعْهَا ثُمَّ لِيُطَلِّقْهَا طَاهِراً أَوْ حَامِلاً)) واتە ((فەرمانی پێ بکە بیگێڕێتەوە پاشان باتەڵاقی بدات کاتێك کە پاکە یان سك پڕە))(١٠٩٥/٢/١٤٧١) .]



منتدى إقرأ الثقافي

کە جیماعی لەگەڵ دا کردبێت تێیدا (٩١) یان هەرسێ تەڵاقەکە بەیەك جار بڵێت (٩٢) یان بەسێ جار، بەڵام لەیەك دانیشتن دا (٩٣) جائەگەر بەشێوەی داهێنراو (بِدْعِي) تەڵاقی بدات تاوان بار دەبێت (٩٤) وەلەکەوتنی دا زانایان جیاوازییان هەیە بەڵام ڕای ڕاستیان ئەوەیە کەوا تەڵاقی داهێنراو (بِدْعِي) ناکەوێت (٩٥)

---

(٩١) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) ی پێشوو (پ٩٠) .

(٩٢) وەك بڵێت ((سێ تەڵاقەم کەوتوویێت)) .

(٩٣) وەك لەیەك دانیشتن دا بڵێ ((تەڵاقم کەوتبێت ، تەڵاقم کەوتبێت ، تەڵاقم کەوتبێت))

(٩٤) چونکە بەپێچەوانەی شەرع و فەرمانی پێغەمبەری خوای کردووە(ﷺ) .

(٩٥) ئەم مەسەلە لەو مەسەلانەیە کەدوو بەرەکی و (قیل و قال) یەکی زۆر توندی تێدا دروست بووە لەنێوان زانایاندا لەکۆن و تازەدا هەتا وای پێ هاتووە زانای وابووە لەزانا (مُحَقِّق) ەکان لەماوەی ژیانی دا چەند جار ڕای گۆڕیوە لەوانە خاوەنی (سُبُلُ السَّلَام شَرْح بُلُوغُ المَرَام) کە (الأَمِيْر الصَّنْعَانِي) یە ، بۆیە ڕوون کردنەوەی ڕاستی لەم مەسەلەیە و دەرخستنی کەم کەس لەزانایان توانیویانە پێی هەڵسن ، جائەو زانایانەی کەفەرموویانە تەڵاقی (بِدْعِي) دەکەوێت زیاتر بەڵگەیان ئەوەیە کەدەکەوێتەژێر(عَام) ی ئایەتەکانی تەلاق و فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) کەفەرمووی: ((حُسِبَتْ عَلَيَّ بِتَطْلِيْقَة)) واتە: ((بەتەڵاقێك لەسەرم ژمێردرا)) [رواه البخاري (٩/رقم ٥٢٥٣)] جا (الحَافِظ إِبنُ حَجَر) لەشەرحی ئەم فەرموودەیە دا لە (فَتْحُ البَارِي) دا (٩/٣٥١) دەفەرموێ: ((پێغەمبەر (ﷺ) خۆی فەرماندەرە بەگێڕانەوەیەوەئەویش ڕێنومای کەرەوە بۆ (إِبْنُ عُمَر) کەوا چی بکات ئەگەر پاش ئەوە بیەوێت تەڵاقی بدات ، وەئەگەر (إِبْنُ عُمَر) خۆی بڵێت کەوا ئەوەی لێی کەوت بەتەڵاقێك لەسەری ژمێردرا ، ئەوە (إِحْتِمَال)ی ئەوەی کەبڵێت ئەوەی لەسەری ژماردوە کەسێکی تربووە جگەلەپێغەمبەر(ﷺ) زۆر دورە ...)) بەڵام ئەوانەی کەدەڵێن ناکەوێت فەرموویانە: تەڵاقی (بِدْعِي) ناکەوێتە ژێر (عَام) ی ئایەتەکانی تەڵاقەوە ، چونکە ئەوە لەو تەڵاقە نییە کەخوای گەورە ڕوخسەتی پێ داوە بەڵکو لەوتەڵاقەیە کەخوا فەرمانی بەپێچەوانەی کردووە وەك دەفەرموێ : ((فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ)) بڕوانە (پ٩٠) .



منتدى إقرأ الثقافي

جگە لەوەی کەوا هەرسێ تەلاقەکە بەیەك جار بدات یان لەیەك دانیشتن دا ئەوە تەنها یەك تەلاقی دەکەوێت (٩٦)

---

وەپێغەمبەریش (ﷺ)بە(عُمَر)ی فەرموو: ((مُرْهُ فَلْيُرَاجِعْهَا))، وەلە (صَحِيْح) یش دا هاتووە کە تورەیش بووە کاتێك کەئەم هەواڵەی پێ گەیشت ، وەبێ گومان پێغەمبەر (ﷺ) لەشتێك تورەنابێت خوا حەلاڵی کردبێت . وەفەرموودەکەی (إبنُ عُمَر) یش کەفەرمووی ((إنَّهَا حُسِبَتْ عَلَيَّ بِتَطْلِيْقَةٍ)) ، ڕوونی نەکردووەتەوە کێ لەسەری ژماردویەتی ، بەڵکو لەڕیوایەتی [أحمد (٧/٢٤٩/٥٥٢٤) بتخريج احمد شاكر وابو داود(٢/٦٣٦/٢١٨٥)] دا هاتووەبە(صَحِيْح) ی بڕوانە((الرَّوْضَةُ النَّدِيَّة)) لمحمد صديق حسن خان بتحقيق محمد صبحى حلاق) لە(إبنُ عمر)ە وە کەوا ((أنَّهُ طَلَّقَ إمْرَأتَهُ وَهِيَ حَائِضٌ فَرَدَّهَا رَسُولُ الله (ﷺ) وَلَمْ يَرَهَا شَيْئَاً)) واتە (ئەو ژنەکەی تەلاق داو لە حەیزدا بوو جاپێغەمبەر(ﷺ) گێڕایەوە و بەهیچی نەبینی - مەبەستی بەتەلاقی نەژمارد-) جادەبینین لێرەدا بەئاشکرا ڕوونی دەکاتەوە کەوا ئەوەی بەهیچی نەبینیوە پێغەمبەری خوا بووە (ﷺ) ، جافەرموودەکەی تری ((حُسِبَتْ عَلَيَّ...)) ناتوانێ دژایەتی ئەمەبکات چونکە بەڵگەیەکە لەڕیوایەتی (إبْنُ عُمَر) دایە نەك ڕای خۆی (وَالحُجَّةُ فِي رِوَايَتِهِ لَا فِي رَأْيِهِ) بۆزیاتر تێ گەیشتن لەم باسە بڕوانە[ (المُحَلّى) لإبنِ حَزْم (٩/٣٥٨-٣٨٩) المَسْألة (١٩٤٥) ونَيْلُ الأوْطَار (٦/٢٢١/٢٢٦) ومُؤَلّفَات (إبْنُ القَيِّم) وجَمَعَ فِيْهِ العَلّامَة (مُحَمَّد بن إبْرَاهِيم الوَزِيْر) مُصَنَّفَاً حَافِلاً وَلِلشَّوْكَانِي رِسَالَة فِيْهَا أيْضَاً ] .

(٩٦) *زانایان لەم مسەلەیەداچوار ڕایان هەیە :-*

<u>یەکەم</u> : دەڵێن هەرسیانی دەکەوێت ئەمەش بۆ چوونی پێشەوای هەرچوار مەزهەبەکەیە و ڕای جەماوەری زانایانە .

<u>دووەم</u> : دەڵێن هەرناکەوێت نەیەك تەلاق و نەزیاتر چونکە ئەمە تەلاقێکی بیدعی یە ، ئەمەش بۆچوونی کۆمەڵێك لە (تَـابِعِيْن)وەکو (اللَّيْث) باسی کردووە ، وەبۆچوونی (إبْنُ عُلَيَّة) و (هَاشِمُ بنُ الحَكَم) و هەموو (إمَامِيە) کانە وەلە (أهْلُ البَيْت) یش (البَاقِر والصَّادِق والنَّاصِر) و( أبُوعُبَيْدَة) یش وای ووتووە ، وە بۆچوونی هەندێك لە (ظَاهِرِيَّة)


منتدى إقرأ الثقافي

کانیشه . چونکه ئەوان ووتویانه: تەلاقی (بِدْعِي) ناکەوێت وەسیانیش بەیەک جاو یان بەچەند جارێك لەدوای یەك ناکەوێت .

**سێیەم** : دەڵێن هەرسێ تەلاقەکەی بەیەك جار دەکەوێت ، ئەگەر لەگەڵ ئافرەتەکەداجیماعی کردبێت ، وەیەك تەلاقیش دەکەوێت ئەگەر جیماعی لەگەڵ دا نەکردبێت ، ئەمەش بۆ چوونی کۆمەڵێکە لە هاوەڵانی (إِبْنُ عَبَّاس)وە بۆچوونی (إسْحَاقُ بنُ رَاهَوَيْه)ە .

**چوارەم** : دەڵێن یەك تەلاقی دەکەوێت ، ئەمەش بۆ چوونی (إِبْنُ عَبَّاس)ە لە (رِوَايَةُ الأَرْجَح)دا ، وە بۆچوونی (إِبْنُ إِسْحَاق) و (عَطَاء) و (عِكْرِمَة) و زۆر یەی (أَهْلُ البَيْت) و کۆمەڵێکی تری زۆرە وەك (أَبُو مُوسَىٰ الأَشْعَرِي) و (طَاوُوس) و (جَابِرُ بنُ زَيْد) و (أَحْمَدُ بنُ عِيسَى) و (عَبْدُالله بن مُوسى) وە (رِوَايَه) تێکیش لە (عَلِيُّ بنُ أَبِي طَالِب)ەوە و (رِوَايَه) تێکیش لە(زَيْدُ بنُ عَلِي)ەوە ، وە بۆ چوونی (إِبْنُ مَسْعُود) و (عَبْدُالرَّحْمَن بنُ عَوف) و (الزُّبَيْرُ بنُ العَوَّام)ە وە کۆمەڵێکی زۆر لە زانا (مُحَقِّق)ە کانیش رایان وایە ، لەوانە (شَيْخُ الإِسْلاَم ابنُ تَيْمِيَة) و (الحَافظ ابنُ القَيِّم) و (الإِمَامُ الصَّنْعَانِي) و (مُحَمَّد صِدِّيق حَسَن خَان) وە زۆرێکیش لە زانا (مُحَقِّق)ەکانی سەردەمیش ، جەماوەری زانایان (کەخاوەنی بۆ چوونی یەکەمن) بە هێز ترین بەڵگەیان فەرموودەکەی (رُكَانَةُ بنُ عَبْدُالله)یە (خوای لێ رازی بێت) : ((أَنَّهُ طَلَّقَ إِمْرَأَتَهُ سَهِيمَةَ البَتَّةَ ، فَأَخْبَرَ النَّبِيُّ (ﷺ) بِذَلِكَ، فَقَالَ : وَ اللهِ مَا أَرَدْتُ إِلَّا وَاحِدَةً، فَقَالَ رَسُولُ الله (ﷺ) : و اللهِ مَا أَرَدْتَ إِلَّا وَاحِدَةً ؟ قَالَ رُكَانَةُ : وَاللهِ مَا أَرَدْتُ إِلَّا وَاحِدَةً ، فَرَدَّهَا إِلَيْهِ)) واته : (رُكَانَة) (سُهَيْمَة)ی خێزانی تەلاق دا بەیەك جاری ، جا ئەم هەواڵەی بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) راگەیاند و فەرمووی : بەخوا مەبەستم تەنها یەك تەلاق بووە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : بەخوا مەبەستت تەنها یەك تەلاق بووە ؟ (رُكَانَة)یش ووتی : بەخوا مەبەستم تەنها یەك تەلاق بوو ، جا ئەویش خێزانەکەی بۆ گێرایەوە ، [أخرجه الشافعي في ترتيب المسند (٢/٣٧١/١١٧) وابو داود (٢/رقم/٢٢٠٨) و الترمذي (٢/٤٨٠/١١٧٧) و صححه ابن حبان و الحاكم في المستدرك (٢/١٩٩) و للحديث اسنادان ففي إسناده الاول (الزبير بن سعيد الهاشمي) و ضعَّفَهُ غير واحد و قيل إنه متروك وە بۆ زانینی ژیانی بڕوانە، الميزان (٢/٦٧/٢٨٣٦) للذهبي ، و التقريب (١/٢٥٨/٢٠) لإبن حجر فهو لين الحديث وفي إسناده الثاني



منتدى إقرأ الثقافي

(نافع بن عُجير) وهو مجهول و متنه مضطرب كما قال البخاري ، ففي لفظ منه (أَنَّهُ طَلَّقَهَا ثَلَاثاً) وفي لفظ ((.. وَاحِدَةً)) وفي لفظ ((..اَلْبَتَّةَ)) و قال أحمد : طرقه كلها ضعيفة وضعفه الألباني في الإرواء] .

وە ئەوە دوو فەرموودەی خوای گەورە ﴿الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ﴾ (البقرة :٢٢٩) وە ﴿فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُ﴾ (البقرة :٢٣٠ ) کە دەیکەنە بەڵگە ، هیچ بەڵگەیەکی تێدا نییە لەسەر ئەوەی کە تەڵاقی سێ بە سێ بەیەك جار یا جیا جیا لەیەك دانیشتن دا هەرسیانی دەکەوێت ، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوەوە دەبێتە بەڵگە بەسەریانەوە ، کەوا ناکەوێت . جا (ابن القیم) ئەم مەسەلەیەی زۆر بەجوانی لە [(زاد المعاد)دا (٥/٢٤١-٢٧١) (تحقیق) کردووە] .

***وە ئەوانەیش کە دەڵێن بەیەك تەڵاق دەکەوێت (کە خاوەنی بۆ چوونی چوارەمن) زیاتر ئەمە بەڵگەکانیانە :-***

فەرموودەکەی (إبنُ عبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) ((إنَّ الطَّلاقَ كَانَ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) ، وَ ابِي بَكْر ، وَصَدْراً مِنْ إِمَارَةِ عُمَر ، الثَّلاثُ وَاحِدَة ، فَلَمَّا كَانَ فِي عَهْدِ عُمَر تَتَابَعَ النَّاسُ فَأَجَازَهُ عَلَيْهِمْ)) واتە : بێ گومان لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) وە لە سەردەمی (أبوبكر)یش دا و ماوەیەکیش لە سەرەتای خیلافەتی (عُمَر)دا سیان بەیەك بوو واتە : (سێ تەڵاقە پێکەوە بەیەك تەڵاق دەژمێرا) ، جا کە لە سەردەمی (عُمَر)دا خەڵکی زۆر لە سەر یەك وایان دەکرد ، (واتە : سێ تەڵاقیان بە جارێك دەووت) بۆیە ئەویش لەسەریانی بەسێ تەڵاق دەژمارد. [رواه مسلم (٢/١٠٩٩/١٤٧٢) و غيره ، وكل رجاله اسناده أئمة وله ألفاظ و أسانيد] .

وە ئەوانەی کە هەوڵیان داوە لەم بەڵگە بەهێزە خۆیان ڕزگار بکەن توانایان نەبوە ، وە بەڵگەکانیشیان زۆر لاوازە . وە لە (إبْنُ عَبَّاس) ەوە هاتووە کەوا فەرموویەتی : ((انَّ رِكَانَةَ طَلَّقَ إمْرَأتَهُ ثَلاثاً فِي مَجْلِسٍ وَاحِدٍ فَحَزِنَ عَلَيْهَا حُزْناً شَدِيْداً ، فَسَألَهُ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) كَيفَ طَلَّقْتَهَا ؟ فَقَالَ : طَلَّقْتُهَا ثَلاثاً، فَقَالَ : فِي مَجْلِسٍ وَاحِدٍ ؟ قَالَ : نَعَمْ ، قَالَ : إِنَّمَا تِلْكَ وَاحِدَةٌ ، إنَّ شِئْتَ فَرَاجِعْهَا)) واتە : (ڕكانة) خێزانەکەی خۆی سێ بەسێ لەیەك دانیشتن دا تەڵاق دا ، جا زۆر بۆی غەم بار بوو ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسیاری لێ کرد : چۆن تەڵاقت دا ؟ ئەویش فەرمووی : سێ بەسێ تەڵاقم دا ، جا فەرمووی : لەیەك دانیشتن دا ؟ ووتی : بەڵێ ، فەرمووی : ئەوە تەنها یەك تەڵاقە ، ئەگەر


منتدى إقرأ الثقافي

**جۆری سێیەم : لە ڕوانگەی ئەنجام دان و هەڵوا سینەوە دەبێتە ، تەڵاقی ئەنجام دراو (مُنْجز)** (٩٧) **وە تەڵاقی هەڵبەستراو (مُعلّق) ،** (٩٨) **تەڵاقی ئەنجام دراو یەکسەر دەکەوێت لەگەڵ وتنیدا ، بەڵام هەڵبەستراو ناکەوێت تا ئەو مەرجە بەدی نەیەت کە تەڵاقەکەی پێوە بەستوە** (٩٩)

---

ویستت هەبوو ئەوە بیگێڕەوە . [رواه أحمد (٤/١٢٢/٢٣٨٧) بتحقیق أحمد شاكر و البیهقي في السنن الكبرى (٧/٣٣٩) و غیرهما ، وهو حدیث حسن بڕوانە (الروضة الندیة) بتخریج محمد صبحي حسن الحلاق (٢/١١٠)]

ئەمە کورتەی بەڵگەی هەردوو لابوو ، وە ئەم مەسەلەیەش زۆر دوو بەرەکی و قیل و قالی تێدا بووە لە کۆن و تازە دا ، وەکەم زانا توانای هەبووە ڕاستی تێدا یەك لا بکاتەوە بەبێ هیچ دەمارگیریەکی (مَذهَبي) جا بۆ زیاتر تاو تۆ کردنی مەسەلەکانی ئەم باسە و زانینی بەڵگەکانی هەموو لایەك و تێگەیشتنی زیاتر دەتوانیت بڕوانیتە [إعلام الموقعین (٣/١٠-٤٠) و إغاثة اللهفان (١/٢٨٣-٣٣١) لإبن القیم الجوزیة ، و مجموعة الفتاوى الكبرى (٣/٢٢) لإبن تیمیة و مؤلفات الإمام الشوكاني كـ(نیل الأوطار) و (سبل السلام) للأمیر الصنعاني ، و فقه السنة (٢/٢٢٨-٢٣٢) لسید سابق و الروضة الندیة شرح الدرر البهیة (٢/١٠٦-١١٢) محمد صدیق حسن خان بتخریج محمد صبحي الحلاق) وە شێخ (أحمد شاكر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) (تحقیق)ێکی جوانی هەیە لەسەر مەسەلەی تەڵاقی سێبەسێ بڕوانە (تعلیقاته على الروضة الندیة (٢/ص٢٥٤) بتحقیق على حسن الحلبی)] .

(٩٧) ئەو تەڵاقەیە کاتێك کابرا دەیڵێت ، مەبەستی پێی ئەوەیە یەکسەر تەڵاقەکە بکەوێت ، وەك ئەوەی مێرد بە ژنەکەی خۆی بڵێ : بڕۆ تۆ تەڵاق دراویت یان بڕۆ تەڵاقت کەوتوبێت.

(٩٨) ئەوەیە کەوا مێردەکە کەوتنی تەڵاقەکە ببەستێت بەمەرجێکەوە، وەك بە ژنەکەی بڵێت : ئەگەر بڕۆیت بۆ ماڵی فلانە کەس ئەوە تەڵاق دراویت .

(٩٩) حوکمی تەڵاقی هەڵبەستراو (مُعَلّق) ، ئەگەر مەبەستی کەوتنی تەڵاقەکە بێت لەکاتی بەجێ هاتنی مەرجەکەدا دەکەوێت ، بەڵام ئەگەر مەبەستی هاندان بێت لەسەر کارێك یا قەدەغە کردنی کارێك بێت، ئەوە بە سوێند دەژمێردرێت ، ئەگەر ئەوەی سوێندی لەسەرخواردوە نەکەوت ئەوە هیچی لەسەر نییە ، بەڵام ئەگەر کەوت ئەوە کەففارەتی سوێند دەدات ... ئەمە ڕاوو بۆ چوونی (شَیْخُ الإسْلَام إبْنُ تَیْمِیة) و (إبْنُ القَیِّم)ی قوتابیەتی .. وە ئەمەش ڕای ڕاستە و (اللهُ أعلم) [بڕوانە مَجْمُوعَة الفَتَاوى الكُبرى (ج ٣٢)] .



منتدى إقرأ الثقافي

**جۆری چوارەم :** لە ڕوانگەی گێڕانەوە و نەگێڕانەوە وە ، دەبێتە تەلاقی (رِجْعِي) [١٠٠] وە تەلاقی (بَائِن) [١٠١] وە (بَائِن)یش دەبێتە (بَيْنُونَة)ی بچوك و (بَيْنُونَة)ی گەورە [١٠٢] [١٠٣] جا تەلاقی (رِجْعِي) دەتوانێت پێش تەواو بوونی ماوە (عِدَّە)کەی بیگێڕێتەوە بۆ (نِكَاح)ی خۆی لەسەر مارەییەکەی پێشوو و بەبێ مەرجی ڕازی بوونی ئافرەتەکە و پرس کردنی سەرپەرشتیار (وَلِي)ەکەی ، [١٠٤] ، بەڵام تەلاقی (بَائِن) ئیتر لە ژنی ئەو مێردە

---

(١٠٠) تەلاقی (رِجْعِي):ئەو تەلاقەیە کەوا ئافرەتێك مێردەکەی گواستبێتیەوە و جیماعی لەگەڵدا کردبێت و تەلاقی بدات بەبێ بەرانبەری پارە و ماڵ (خُلْع) وە لەپێش دا تەلاقی تری نەدا بێت یان تەنها یەك تەلاقی دابێت جا ئەوە دەتوانێت بەبێ مارەیی تازە بیگێڕێتەوە.

(١٠١) تەلاقی (بَائِن):تەلاقی کەسێکە کە هەرسێ تەلاقەکەی دابێت یان وەکو جارێك یان دووجار تەلاقی دا بێت ، بەڵام ماوە (عِدَّە)ی بەسەردا تێپەڕ بووە بەبێ گێڕانەوە یان وەکو پێش گواستنەوە تەلاقی دابێت ، یان لەسەر پارە و ماڵ تەلاقی دابێت واتە (خُلْع)ی کردبێت .

(١٠٢) (بَيْنُونَة)ی بچوك تەنها ئەوە نییە کەسێ تەلاقەی دابێت ، وە دەتوانرێت جارێکی تر مارەی بکاتەوە بە مارەییەکی تازە .

(١٠٣) (بَيْنُونَة)ی گەورە ئەوەیە کە هەرسێ تەلاقەکەی تەواو کردبێت ، و جارێکیتر ناتوانێت بە مارەییەکی تازە مارەی بکاتەوە ، تا شوو نەکاتە پیاوێکی تر و ئەویش تەلاقی نەدات و ماوە (عِدَّە)ی ئەویش تەواو نەبێت.

(١٠٤) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە (البقرة : ٢٢٨)دا کە دەفەرمێ : ﴿وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ ثَلاثَةَ قُرُوءٍ وَلا يَحِلُّ لَهُنَّ أَنْ يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ إِنْ كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللهِ وَ الْيَوْمِ الآخِرِ وَ بُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَلِكَ إِنْ أَرَادُوا إِصْلاحاً﴾ واتە : وە ئەو ژنانەی تەلاق دراوون دەبێ بۆ ماوەی سێ تێ کەوتنی خوێنی حەیز چاوەڕوان بن لەسەر مێردەکانیان ، وە حەڵاڵ نییە بۆیان ئەوەی خوا لە


منتدى إقرأ الثقافي

دەر دەچێت ، جا ئەگەر (بَیْنُونَه) ی بچوك بوو ئەوە دەتوانێت بەو تەلاقەی یان دوو تەلاقەی ماوەیەتی لەسەری جارێکی تر مارەی بېڕێتەوە لەسەر مارییەکی تازە بەو مەرجەی ئافرەتەکە و سەرپەرشتیار (وَلِي) ە کەی ڕازی بن وە ئەو لە کەسێکی تر بە بەرترە کەوا سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە مارەی لێ بکاتەوە ، ئەگەر زانی دەتوانن بەیەکەوە ژیانێکی چاك بەسەر بەرن [١٠٥] وە ئەگەر (بَیْنُونَه) ی گەورە بوو ئەوە بەهیچ شێوەیەك مارەی لێ

---

منداڵدانیان دا دروستی کردووە بیشارنەوە ، ئەگەر باوەڕیان بەخوا و بەڕۆژی دوایی هەیە ، وە مێردەکانی خۆیان لەکەسانیتر مافدارترن کەوا بیانگێڕنەوە ئەگەر مەبەستیان چاکەیە .

وە لەبەر فەرموودەکەی تری خوای گەورە لەپاش ئەو ئایەتە (البقرة :٢٢٩) کە دەفەرموێ : ﴿الطَّلاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوْفٍ أَوْ تَسْرِيْحٌ بِإِحْسَانٍ﴾ بڕوانە (پ٨٤) وە لەبەر فەرموودەکەی (إِبنُ عُمَر)ی پێشوو کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ((مُرْهُ فَلْيُرَاجِعْهَا)) بڕوانە (پ٩٠) .

(١٠٥) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة :٢٣٢) دا کە دەفەرمێ ﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلا تَعْضُلُوْهُنَّ أَنْ يَنْكِحْنَ أَزْوَاجَهُنَّ إِذَا تَرَاضَوا بَيْنَهُمْ بِالْمَعْرُوْفِ ...﴾ واتە : هەرکاتێك ئەگەر ئافرەتانتان تەلاق دا و ماوە (عِدَّه) ی خۆیان تەواو کرد ، ئەوە قەدەغەیان لێ مەکەن کەوا شوو بکەنەوە بە مێردە پێشووەکانیان ئەگەر لەسەر چاکە بەیەکتری ڕازی بوونەوە ...

(إِبنُ کَثیر) لە تەفسیرەکەی دا لە تەفسیر کردنی ئەم ئایەتەدا لە (بُخَارِي) و (أبُودَاود) و کەسانی تریشەوە دەگێڕێتەوە کەوا ئەم ئایەتە لە بارەی خوشکێکی (مَعْقِل بنُ يَسَار) ەوە دابەزی(خوای لێ ڕازی بێت)کەوا (مَعْقِل) ئەو خوشکەی مارە بڕی بوو لە پیاوێکی موسوڵمان ، پاش ماوەیەك تەلاقێکی دا ، جا نەیگێڕایەوە تا ماوە (عِدَّه) ی تەواو بوو ، پاش ئەوە خوازبێنی کردەوە ، جا ئەو یش مارەی لێ نەکردەوە ، خوای گەورەیش ئەم ئایەتەی دابەزاند ...بڕوانە [ تفسير إبن كثير ( تفسير هذه الآية ) ]



منتدى إقرأ الثقافي

نایەتەوە تاوەکو مارە دەبڕڕێت لە کەسێکی‌تر و جیماعیشی لەگەڵ بکات نەك بە مەبەستی حەڵاڵ کردن (التَّحْلِيل) ، پاشان ئەویش تەڵاقی بدات و ماوە (عِدَّە) ی بەسەردا تێپەڕ ببێت [١٠٦]

---

(١٠٦) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة :٢٣٠) دا کە دەفەرمێ ﴿فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّىٰ تَنْكِحَ زَوْجاً غَيْرَهُ فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يَتَرَاجَعَا إِنْ ظَنَّا أَنْ يُقِيمَا حُدُوْدَاللهِ ....﴾ واتە : جا ئەگەر ـ دوای دووجار تەلاق دان و گەڕا نەوەی بۆ جاری سێیەم ـ ژنەکەی تەلاق دا ، ئەوە بۆی نی‌یە پاش تەلاقی سێیەم مارەی بکاتەوە ، مەگەر شوو بە مێردێکی‌تر بکات و ـ وجیماعیشی لەگەڵ بکات ، پاش ئەوە ئەگەر ئەو مێردی دووەمیشە ـ تەلاقی دا ، ئەوە تاوانیان لەسەر نی‌یە ئەگەر بگەڕێنەوە لای یەکتر و ببنەوە حەلاڵی یەکتر ، ئەگەر بزانن کەوا دەتوانن سنووری شەرعی خوا ڕابگرن (لەگەڵ یەك دا) ... جا بەڵگەیش لەسەر ئەوەی کەوا پیاوی دووەم دەبێت جیماعی لەگەڵ دا بکات فەرموودەکەی (عَائِشَة) یە (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرموویەتی : ((خێزانەکەی (رِفَاعَة القُرَضِي) هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و فەرمووی : ((من لای (رِفَاعَة) بووم ، جا تەلاقی دام و تەلاقەکانی تەواو کردم ، جا شووم کرد بە (عَبْدُ الرَّحْمَن بن الزُّبَيْر) وە ئەوەی پێی بوو ـــ مەبەستی زەکەرێتی ـــ وەکو پەڕی بۆشاك (طَرَفُ الثَّوْب) وایە ـــ مەبەستی زۆر خاوە ـــ جا ئەویش فەرمووی : ((أَتُرِيْدِيْنَ أَنْ تَرْجِعِي إِلَى رِفَاعَةَ ؟ لا ، حَتَّى تَذُوْقِي عُسَيْلَتَهُ وَيَذُوْقَ عُسَيْلَتَكِ)) واتە : ئایە دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆلای (رفاعە) ؟ نەء ، تاوەکو ئاوی نەچێژیت و ئاوت نەچێژێت ، ... . [رواه البخاري (٥/ رقم ٢٦٦٣٩) ومسلم (٢/١٠٥٥/١٤٣٣) وغيرهما] .

**تێبینی :**

ئەگەر مەبەستی مێردی دووەم بەو مارە بڕینەی حەلاڵ کردن (جاش) بێت بۆ مێردی یەکەم ئەوە حەرامەو نەفرەتی لێ کراوە . بڕوانە (پ٧٧) .



منتدى إقرأ الثقافي

# ئەوانەی تەڵاقیان ناکەوێت

## ( اَلَّذِينَ لايَقَعُ طَلاقُهُمْ )

**منداڵ و شێت و خەوتوو[107] و زۆر لێ کراو[108] تەڵاقیان ناکەوێت ، هەروەها کەسێکیش کە زۆر تووڕە ببێت و هەست نەکات چی دەڵێ[109]**

---

(١٠٧) لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) خوای لێ ڕازی بێت کەوا پێغەمبەری خوا فەرمووی : ((رُفِعَ القَلَمُ عَنْ ثَلاثَةٍ : عَنِ النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ وَعَنِ الصَّغِيرِ حَتَّى يَكْبُرَ وَعَنِ المَجْنُونِ حَتَّى يَعْقِلَ أوْ يُفِيقَ)) واتە : پێنووسی تاوان هەڵگیراوە لەسەر سێ کەس لە سەر خەوتو تا هەڵدەسێت وە لەسەر منداڵ تا گەورە دەبێت وە لەسەر شێت تا ژیر دەبێتەوە . [رواه إبن ماجة (٢٠٤١/١)) والترمذي رقم (١٤٢٣) وغيره عن علي بألفاظ متقاربة وهو صحيح بروايه صحيح إبن ماجة (١٦٦٠) و صحيح الجامع الصغير (٣٥١٢) و الإرواء (٢٩٧)] .

(١٠٨) لەبەر فەرموو دەکەی (أبوذَرُّ الغِفَارِي) خوای لێ ڕازی بێت کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إنَّ اللهَ تَجَاوَزَ عَنْ أُمَّتِي الخَطَأَ وَالنِّسْيَانَ وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ)) واتە : بەڕاستی خوای گەورە تاوانی هەڵگرتوە لەسەر ئوممەتەکەم لە هەڵە کردن و لەبیرچوونەوە و ئەوەیشی کە زۆریان لێ دەکرێت . [رواه إبن ماجة (٢٠٤٣/١) والطبراني وغيره بألفاظ مختلفة وهو حديث صحيح بروايه صحيح سنن إبن ماجة (١٦٦٤) وصحيح الجامع (٣٥١٥) و الارواء(٨٢)] .

(١٠٩) لەبەر فەرموودەکەی (صَفِيَّة بِنْتُ شَيْبَة) کەوا فەرمووی (عَائِشَة) بۆی گێڕاوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لاطَلاقَ وَلا عِتَاقَ في إغْلاقٍ)) واتە: تەڵاق دان و ئازاد کردنی کۆیلە لەکاتی (إغْلاق) دا نییە . [رواه أحمد (٢٧٦/٦) وأبوداود (٢١٩٣/٦٤٢/٢) وإبن ماجة (٦٦٠/١/٢٠٤٦) وهو حديث حسن بروايه صحيح سنن أبي داود (١٩٠٣) وصحيح إبن ماجة (١٦٦٥) الإرواء (٢٠٤٧)] .

وە (إغْلاق) یش زانایان بە تووڕە بوون و زۆر لێ کردن و شێتیش تەفسیریان کردوە ، ئیمامی (أحْمَد) (إغْلاق) ی لەم فەرموودەیەدا بە تووڕە بوون (غَضَب) داناوە . (أبوداود)

منتدى إقرأ الثقافي

# ئەو حاڵەتانەی کەداوەر لەجیاتی مێرد تەڵاقی ئافرەت دەدات

# ( الحَالَاتُ الَّتِي يُطَلِّقُ فِيهَا القَاضِي )

**داوەر (القَاضِي) خۆی دەتوانێت لە دوو حاڵەت دا لە جیاتی مێرد ئافرەت تەڵاق بدات ، لەکاتی (نَفَقَة) نەدان [110] و لەکاتی وون بوون دا [111]**

---

دەفەرمێ : من وا بۆی دەڕوانم کە توڕە بوون بێت . (الشَّافِعِي) یش ئەزری توڕەیی بە ئەزری (غَلَق) ناو بردوە . چونکە توڕەیی دەرگای مەبەست و لەیەك جیاکردنەوە (قَصْد و تَمِيْز) دادەخات ، وە ئەگەر زۆر لێکردن (غَلَق) بێت ، ئەوە توڕە بوون پێشترە کەوا (غَلَق) بێت . بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم مەسەلەیە بڕوانە [ کتێبی (إغَاثَةُ اللَّهْفَان فِي طَلَاقِ الغَضْبَان) لِابْنِ القَيِّمِ الجَوْزِيَّة ] .

(١١٠) ئەگەر مێرد توانای هەبوو و هەوڵی نەدا خۆراك و پۆشاك و جێگای حەسانەوە بۆ خێزانەکەی پەیدا بکات ئەوە ئەو ئافرەتە دەتوانێت سکاڵای حاڵی خۆی بە داوەر بکەیەنێت ، ئەویش دەسەڵاتی ئەوەی هەیە لەیەك جیایان بکاتەوە ، چونکە ئەوە زیان لێدانە ئەو مێردە لەو ئافرەتە دەیدات ، خوای گەورەیش لە سورەتی (الطلاق: ٦) دا دەفەرمێ : ﴿ولَا تُضَارُوهُنَّ﴾ واتە : هیچ زیانێکیان لێمەدەن ، وە ئەو حاڵەتە ژیانی بەچاکە نییە لەگەڵ ئافرەت دا ، خوای گەورەیش دەفەرمێ لە سورەتی (النساء : ١٩) دا ﴿وعَاشِرُوهُنَّ بِالمَعْرُوف﴾ واتە : وە ژیانیان لەگەڵ دا ببەنە سەر بە چاکە ، وە لە سورەتی (البقرة : ٢٢٩) دا دەفەرمێ : ﴿فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ﴾ واتە : جا یان بەچاکە دەستیان پێوە بگرن وەیان بەچاکە دەستیان لێبەردەن . وە جیاکردنەوەی مێرد لە ژنەکەی لە فەرموودەو کاری پێشینانیش دا (ثَابِت) بووە . بڕوانە [الروضة الندية بتخريج محمد صبحي حلاق (٢/١١٤)] .

(١١١) مەسەلەی تەلاق دان وجیاکردنەوەی ئافرەت لە مێردی وون بوو ، جیاوازییەکی زۆری تێدایە لە نێوان زانایان دا ، هەندێکیان دەڵێن : تا تەمەنی پیاوەکە دەگاتە سەدو بیست (١٢٠) ساڵ چاوەڕێی دەکات ، لە ڕۆژی لەدایك بوونیەوە ، هەندێکی



منتدى إقرأ الثقافي

# جیابوونەوە لەیەك بەرانبەر بە شتێك ( الخُلع ) (١١٢)

## دروستە مێرد (خُلْع) ی ژنەکەی خۆی بکات لەسەر شتێك کە

تریان دەڵێن پەنجا (٥٠) ساڵ چاوەڕێ دەکات . هەندێکیتریان دەڵێن چوار (٤) ساڵ ، وە هەندێکیتر جیاوازی دەخەنە نێوان پیاوێك ئەگەر پارەو ماڵو کەس و کاری هەبێت وە کەسێکیتر کە نەبێت ، جا ڕاو بۆچوون زۆرە لەم بارەیەوە ، بەڵام هەمووی لەسەر (رَأي) دامەزراوە ، جا ئەوەی بۆچوونی ڕاستە لەم مەسەلەیەدا ئەوەیە، کەوا ئەو ئافرەتە (مُحْصِن)ە ، و خواستنی ئافرەتی (مُحْصِن) یش دروست نییە ، بە دەقی ئایەتی قورئان ، وە هەموو موسوڵمانانیش لەسەر ئەمە کۆن (مُجْمِع) ن . جا ئەگەر ئەو ئافرەتە هیچی نەبوو لەسەر خۆی خەرجی بکات ، ئەوە مانەوەی بە ژنی ئەو مێردە ون بووە زیانە بۆی ، بۆیە لەم ڕووەوە دەتوانێت داوا لە داوەر بکات (نِکَاحَ)کەی هەڵوەشێنێتەوە ، وە هەروەها ئەگەر ماوەی ون بوونەکە زۆری خایاند و ئەو ئافرەتە ترسی هەبوو لە خۆی کەوا بەبێ مێردی بمێنێتەوە، لەم ڕوەیشەوە دەتوانێت داوا لە داوەر بکات کەوا (نِکَاحَ)کەی هەڵوەشێنێتەوە ، چونکە دەقەکانی قورئان و سوننەت زۆر بە ئاشکرا ئەوە باس دەکەن کەوا دەست پێوە گرتنی ئافرەت بە زیانەوە حەرامە ئیتر ئەو زیانە بەهۆی (نَفَقَة) نەدانەوە بێت یان بەهۆی جیماع نەکردنەوە بێت . بۆ زیاتر تێگەیشتن بڕوانە [ الروضة الندية (٢/١١٢-١١٦) بتحقيق محمد صبحي حلاق ].

(١١٢) لەزمانی عەرەبیدا لە (خَلْع) ەوە ، وەرگیراوە ، واتە : داکەندن . (أبومَنْصُور) دەڵێ : خَلَعَ امْرَأتَهُ وَخَالَعَهَا . ئەگەر خۆی (فِدْيَة) بکات لە مێردەکەی بەپارەو ماڵێکی خۆی کە پێی دەدا ، جا ئەویش تەڵاقی دەدات و یەکسەر (بَائِن) دەبێت لێ ی ، وەئەم جیابوونەوە بە(خُلْع) ناوبراوە ، چونکە خوای گەورە ئافرەت و پیاوی بە پۆشاکی یەکتری ناو بردووە وەك لە سورەتی (البقرة:١٨٧) دا دەفەرمێ : ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ﴾ بڕوانە [لسان العرب لابن المنظور (باب خ ل ع)] .

وە زانایانی شەرعیش (الفُقَهَاء) پێناسەی (خُلْع) دەکەن بەوەی کەوا مێرد ژنەکەی لە خۆی جیابکاتەوە بەرانبەر بە شتێك لێ ی وەردەگرێت ، وە پێشی دەوترێت (فِدْيَە) و (إفْتِدَاء) بڕوانە [(مَنَارُ السَّبِيْل ٢/٢٢٦) ، و (فَتْحُ البَارِي ٩/٣٩٥)] .



منتدى إقرأ الثقافي

## ئافرەتەکە پێی دەدات (١١٣)

(١١٣) ئەگەر جیاوازییە زۆر کەوتە نێوان ژن و مێردەوە وە نەتوانرا چارە بکرێت وە ئافرەتەکە پێی باش بوو کەوا جیاببێتەوە لە مێردەکەی دروستە بۆی خۆی لێ ی (فِدْيَه) بکات بەماڵێك یان بە پارەیەك کەوا دەیداتە مێردەکەی ، لەجیاتی ئەو زیانەی کەلە مێردەکە دەکەوێت بە هۆی ئەو جیابوونەوە . خوای گەورە لە سورەتی (البقرة : ٢٢٩) دا دەفەرمێ : ﴿وَلا يَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَأْخُذُوا مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا إِلَّا أَنْ يَخَافَا أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللهِ ، فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللهِ فَلا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ﴾ واتە : وە حەلاڵ نییە ئەوەی کەوا پێتان داوون بە مارەیی لێیان وەریگرنەوە —ئەگەر تەلاقی یەکجاریتان دا— مەگەر ئەو ژن و مێردە بترسن کەوا نەتوانن سنووری خوا رابگرن ، جا ئەگەر ترسان کەوا سنووری خوایان پێ رانەگیرێت ، ئەوە لەوکاتەدا تاوانیان لەسەر نییە کەوا ژنەکە (فِدْيَة) بدات ـ بە مێردەکە بۆ ئەوەی دەستی لێ هەڵبگرێت ـ ...)) . هەروەها (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ رازی بێت) دەفەرمێ : ژنەکەی (ثَابِتُ بنُ قَيْس بنُ شَمَّاس) هات بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) جا ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا من هیچ گلەییەکم لە ئایین و رەوشتی (ثَابِت) نییە ، بەڵام لە کوفر دەترسم ـ کوفری ژیان و گوزەرانی ـ جا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ((فَتَرُدِّينَ عَلَيْهِ حَدِيقَتَهُ))؟ واتە : جا باخەکەی بۆ دەگێڕیتەوە ؟ ئەویش ووتی : بەڵێ ، جا بۆی گێڕایەوە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی بە (ثَابِت) یش کرد ـ کە لێ ی جیا بێتەوە ـ (ثَابِت) یش لێ ی جیا بوویەوە . [رواه البخاري (٩/رقم ٥٢٧٦)] وفي رواية ((أَقْبِلِ الحَدِيقَةَ وَطَلِّقْهَا تَطْلِيقَةً)) واتە : باخەکەی لێ وەریگرەو تەلاقێکی بدە .

### تێبینی :

بەڵام دەبێت ئافرەت زۆر ئاگادار بێت بەبێ هیچ هۆیەکی شەرعی داوای تەڵاق لە مێردەکەی نەکات، لەبەر فەرموودەکەی (ثَوْبَان)(خوای لێ رازی بێت)بڕوانە (پ٧٣) .

وە هەروەها پێویستە لەسەر پیاوانیش ئەگەر حەزیان لە خێزانەکانیان (ژنەکانیان) نەکرد لەبەر هەر هۆیەك وە پێیان خۆش بوو تەلاقیان بدەن ، ئەوە پێویستە بەچاکی لێ ی جیاببێتەوە وەك خوای گەورە فەرمانی کردووە ، وە دروست نییە گیری



منتدى إقرأ الثقافي

وە بەو (خُلْع) کردنە ئافرەتەکە خۆی دەبێتە خاوەن خۆی ، وە مێردەکەی ناتوانێت بە مارییەکەی پێشوو بیگێڕێتەوە ،

---

بدات و زیانی لێ بدات بۆ ئەوەی خۆی لێ (فِدْيَه) بکات بە پارە و ماڵ ، خوای گەورە لە سورەتی (البقرة : ٢٣١) دا دەفەرمێ : ﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَلَا تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لِتَعْتَدُوا وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ وَلَا تَتَّخِذُوا آيَاتِ اللَّهِ هُزُوًا وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَمَا أَنْزَلَ عَلَيْكُمْ مِنَ الْكِتَابِ وَالْحِكْمَةِ يَعِظُكُمْ بِهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ واتە : وەهەر کاتێك ژنەکانتان تەلاق داو ئەوانیش گەیشتن بە کۆتایی ماوە (عِدّە) ی خۆیان ، ئەوە یان بەچاکی دەستیان پێوە بگرن وە یان بەچاکی دەستیان لێ بەردەن و تەلاقیان بدەن وە دەستیان پێوە مەگرن بۆ زیاتر زیان لێ دانیان ، وەبە مەبەستی لە سنوور دەرچوون بەرانبەریان ، وە هەرکەسێك ئەو کارەبکات ئەوە ستەمی لە خۆی کردوە ــ خۆی تووشی سزای خوا دەکات ــ ...)) .

هەروەها خوای گەورە لە سورەتی (النساء : ١٩) دا دەفەرمێ : ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَرِثُوا النِّسَاءَ كَرْهًا وَلَا تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُوا بِبَعْضِ مَا آتَيْتُمُوهُنَّ إِلَّا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِنْ كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا﴾ واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە بۆتان حەڵاڵ نی‌یە کەوا بەزۆر ــ بەبێ ڕەزامەندی خۆیان ژنان بە میرات ببەن ــ وا بزانن ئێوە ماف دار ترن بەسەریانەوە ، جا بیانخوازن بەبێ مارەیی یان بەشوویان بدەن و مارەییەکەیان بخۆن ــ وە بەر گرییان لێ مەکەن کە شوو بە پیاوانی‌تر بکەن ــ کاتێ خۆتان لە گەڵیان جۆرنین ــ وە زۆریان پێ مەهێنن بۆ ئەوەی هەندێك لەوەی ــ کە بەناوی مارەییەوە ــ پێتان داوون لێیان وەربگرنەوە ، مەگەر خراپەیەکی ئاشکرایان کردبێت ، وە بەچاکی و شیاوی ژیانیان لەگەڵ دا ببەنەسەر ، وەهەرکاتێك لێیان بێزار بوون ــ ئەوە کوتوپڕ تەلاقیان مەدەن ــ چونکە لەوانەیە ئێوە لە شتێك بێزار بووبن وە خوای گەورەیش خێرێکی زۆری تێدا دانابێت .



منتدى إقرأ الثقافي

با ماوە (عِدَّە) یشی تەواو نەکردبێت (١١٤) ، وە بەو (خُلْع) کردنە (عَقْد) ی مارەبڕینەکە هەڵدەوەشێتەوە ، (فَسْخ) دەبێت (١١٥)

---

(١١٤) واتە : مێردەکە هیچ دەسەڵاتێکی بەسەردا نامێنێت ، چونکە (خُلْع) (عَقْد) ی مارە بڕینەکە هەڵدەوەشێنێتەوە ، (فَسْخ) ی دەکاتەوە .

(١١٥) وەبە تەڵاق نائژمێردرێت ئەگەر چی بە ووشەی تەلاقیش (خُلْع)ەکەی بکات ، بەڵکو هەڵوەشاندنەوەی (عَقْد)ەکەیە لەبەر بەرژەوەندی ئافرەتەکە بەرانبەر بەوەی دەیدات بە (فِدْیَة) ی خۆیدا . (إبنُ القَیِّم)(ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت)دەفەرمیٚ : ((وە ئەوەی کە دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە بە تەڵاق نائژمێردرێت ، ئەوەیە خوای گەورە لەسەر تەلاقی پاش جووت بوون کە ژمارەی تەلاقەکانی تەواو نەکردبێت سیٚ حوکمی داناوە هیچی لە (خُلْع) دا نایەتە دی ؛ یەکەم : مێرد ماف دار ترە بە گێڕانەوەی ئافرەتەکە ـ پێش تەواو بوونی (عِدَّة) ـ . دووەم: لەسەر سیٚ تەلاقەکە دەژمێردرێت ـ لە ژمارەی تەلاقەکانی کەم دەبێتەوە ـ بۆیە ئەگەر سیٚ تەلاقەکە تەواو بوو ئیتر بۆی حەلاڵ نابێت مەگەر پاش مێرد کردنێکی تر و جووت بوونیش لەگەڵیدا ـ بیٚگومان بەبیٚ مەبەستی حەلاڵ کردن ـ . سیٚیەم : ماوە (عِدَّە) ی دوای تەلاق سیٚ (قُرْء)ە کە دەکاتە سیٚ حەیز . بەلاّم بۆ (خُلْع) ، بیٚ گومان (ثابِت) بووە بە (نَص) و یەکڕایی زانایان (إجْمَاع) کەوا گێرانەوە (رجْعَة) لە (خُلْع) دا نییە ـ مەگەر بە مارەبییەکی تازە بەلاّم بە ووشەی (رَجَعْتُهَا) بەتەنها نا گێڕدرێتەوە وەك تەلاق ـ . وەهەروەها (ثابت) بووە بەسوننەت و فەرموودەی هاوەلاّن (الصَّحَابَة) کەوا ماوە (عِدَّە) لە (خُلْع) دا یەك حەیزە . هەروەها (ثابت) بووە بە(نَص) کەوا دروستە (خُلْع) دوای دوو تەلاق و خستنی تەلاقی سیٚ یەمیش دوای (خُلْع)ەکە،ئەمەیش زۆر ئاشکرایە کە (خُلْع) تەلاق نییە ، ئەوەتا خوای گەورە لە سورەتی (البَقَرَة:٢٢٩) دا دەفەرمیٚ : ﴿الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْتَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ وَلَايَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَأْخُذُواْ مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئاً إِلاَّ أَنْ يَخَافَا أَلاَّ يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ ، فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّيُقِيمَا حُدُودَ اللهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ﴾ واتە: تەلاقی دوو جارە پاش ئەوە یان دەست پێوەگرتنە بەچاکی یان دەست لیٚ بەردانە بەچاکی وەحەلاڵ نییە بۆتان ئەوەی کەوا پێتان داوون — بەمارەیی ـ لێیان وەربگرنەوە ، مەگەر ئەوژن و مێردە



منتدى إقرأ الثقافي

بترسن کەوا نەتوانن سنووری شەرعی خوا ڕابگرن ، جا ئەگەر ترسان کەوا سنووری شەرعی خوا یان پێ ڕاناگیرێت ، ئەوە لەو کاتەدا هیچ تاوانێکیان لەسەر نی‌یە لەوەی کەوا دەیدات بە (فِدْيَة) ی خۆی دا . ئەم ئایەتە ئەگەر چی تایبەت کراوە بەو ئافرەتەوە کەدوو تەلاق درا بێت بەلاَم ئەوە (غَيْر) ی ئەویش دەگرێتەوە ، وەدروست نی‌یە (ضَمِير)ەکە بگەڕێتەوە بۆ شتێك کەباس نەکراوە — کەیەك تەلاقەیە — و شتێکی لێ دەربکرێت کەباسی کراوە — کەدوو تەلاقەیە —بەڵکو یاتایبەتە بەوەی پێشی —کەدوو تەلاقەیە — وەیان ئەو (غَيْر) ی ئەویش دەگرێتەوە —واتە یەك تەلاقە و دوو تەلاقەیش — ، پاشان خوای گەورە دەفەرمێت : ﴿فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ﴾ واتە : جا ئەگەر تەلاقێکی تریدا - پاش ئەو دووتەلاق و (خُلْع) ە - ئەوە پاش ئەوە بۆی حەلاَڵ نی‌یە تا مێردێکیتر نەکات ، وەئەمە ئەو ئافرەتە دەگرێتەوە بێگومان کەوا تەلاق دراو بێت پاش (فِدْيَة) و دووتەلاق ، چونکە ئەوەیە کەوا لەپێش دا باس کراوە ، بۆیە دەبێت بکەوێتە ژێر (لَفظ) ەکەوە ، (إِبْنُ عَبَّاس) یش کە (تَرْجُمَانُ القُرآن)ە وا لەم ئایەتە تێگەیشتوە - کە پێغەمبەر (ﷺ) دوعای بۆ کرد کە خوای گەورە فێری تەفسیری قورئانی بکات وەئەو دوعایەیش بێگومان وەرگیراوە - .

وە ئەگەر (أَحْكَام) ی (فِدْيَة) جیاواز بوو لەگەڵ (أَحْكَام) ی تەلاق دا ، ئەوە دەبێتە بەڵگە کەوا (خُلْع) لە (جِنْس) ی تەلاق نی‌یە ، ئەمە (مُقْتَضَى) ی (نَص) و (قِيَاس) و فەرموودەی هاوەڵانە)) بڕوانە [زاد المعاد (١٩٩/٥)] .

ئەمە بۆچونی کۆمەڵێکە لە زانایان لەوانە (ابنُ عبَّاس) [رواهُ عنهُ إبنُ عبدالبر في التَّمهيد وكذلك رواهُ عن أحمد وإسحاق وداود وهو قولُ الصَّادق والبَاقر وأحدُ قَوْلَي الشَّافعِي] . وە ئەوانەیش کە ئەم بۆچوونەیان هەیە بە مەرجیان نە گرتوە کەوا لەسەر شێوەی (طلاق السُّنِّي) (خُلْع) ی بکات ، وە بە دروستیان زانیوە لەکاتی (حَيْض) یش دا (خُلْع) ی بکات .ئەگەر چی هەندێکیان ڕایان وایە (طَلَاق)ی (بِدْعِي) ناکەوێت بەلاَم ئەمە بە تەلاق نازانن بۆیە جیایان کردوەتەوە لە تەلاق . بەلاَم جەماوەری زانایان بە تەلاقی دەژمێرن وە بەڵگەشیان فەرموودەکەی (إبنُ عبَّاس) ە کە ئیمامی [(البخاری) دەیگێڕێتەوە (٩/رقم/٥٢٧٣) ] بڕوانە (پ١١٣) ، کەلە ڕیوایەتێکی (البخاری) و (النسائی) دا بە (لَفظ) ی



منتدى إقرأ الثقافي

و ماوەی (عِدَّة) کەیشی یەك حەیزە (١١٦) ، وە دروستە لەسەر هەر پارەو ماڵێك بکرێت ، زۆربێت یان کەم ، بەمەرجێك لەو مارەییە تێپەڕ نەکات کە خۆی پێی داوە (١١٧) ، وە پێویستە ژن و مێرد هەردوکیان لە

---

((طَلِّقْهَا تَطْلِيقَة)) هاتووە واتە : تەلاقێکی بدە . جا وەلامیان دراوەتەوە کەوا هەر لەو فەرموودەیەدا لە ڕیوایەتێکی [ النسائی (٦/١٦٨/٣٤٩٧) ] دا بە (لَفظ) ی ((وَخَلِّ سَبِيلَهَا)) هاتووە وەلە ڕیوایەتی [مالك (٢/٥٦٤/٣١) و ابوداود (٢/ رقم /٢٢٢٧)]دا بە (لَفظ) ی : ((خُذْ مِنْهَا ، وَجَلَسَتْ هِيَ فِي أَهْلِهَا)) هاتووە وەهەر لە ڕیوایەتی تری (البخاری) یش دا بە (لَفظ)ی تر هاتووە ؛ بڕوانە (پ١١٣) . کەوابوو مەرج نی یە ئەو (لَفظ)ە ببێتە بەلگە لەسەر ئەوەی کە بە تەلاق دەژمێردرێت ، بە تایبەت (اِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کە خۆی فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە خۆی ڕای وایە کە بە تەلاق ناژمێردرێت وەك (اِبنُ القَيِّم) باسی کردووە وە (الأمِير الصَّنْعَانِي) یش لە (سُبُل السَّلَام) دا دەیگێڕێتەوە .

(١١٦) لەبەر فەرموودەکەی (الرُّبَيِّعُ بِنْتُ مُعَوِّذ) (خوای لێ ڕازی بێت) لە بارەی خێزانەکەی (ثَابِتُ بنُ قَيْس)ەوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (ثَابِت) ی فەرمووی : ((خُذِ الَّذِي لَهَا عَلَيْكَ وَخَلِّ سَبِيلَهَا . قَالَ : نَعَمْ ، فَأَمَرَهَا رَسُولَ اللهِ (ﷺ) أَنْ تَعْتَدَّ بِحَيْضَةٍ وَاحِدَة ، وَتَلْحَقَ بِأَهْلِهَا)) واتە : ئەوە ببە کە های بەسەرتەوە و وازی لێ بێنە ، ووتی : بەڵێ ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی بە ئافرەتەکە کرد کەوا ماوەی (عِدَّە) ی یەك حەیز دانیشێت ، ویگاتەوە بە کەس و کاری خۆیدا . [رواه النسائی (٦/١٨٦/٣٤٩٧) وغیره وهو صحیح بڕوانە صحیح ابی‌داود (١٩٣١) و صحیح النسائی (٣٢٧٢)] . وەلە ڕیوایەتی [الترمذی (٣/٤٩١/١١٨٥) وابن ماجة (١/٦٦٣/٢٠٥٨)] دا بە ئاشکرا هاتووە کە فەرمانی پێکرد کەوا یەك حەیز ماوە (عِدَّە) ی بێت . [(وهو صحیح ایضا) بڕوانە صحیح سنن الترمذی (٩٤٥)] .

(١١٧) لەبەر فەرموودەکەی (اِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ١١٣) جا لە ڕیوایەتی [ابن ماجة (١/٦٦٣/٢٠٥٦) و النسائی (٦/١٦٩)] دا هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو : ((ئایە باخەکەی بۆ دەگێڕیتەوە ، ئەویش ووتی : بەڵێ ، جاپێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی بە (ثَابِت) کرد کەوا باخەکەی بباتەوە بەبێ زیاتر)) [وهو صحیح بڕوانە الارواء (٢٠٣٦) و صحیح ابن ماجة (١٦٧٣)] . وەلە ڕیوایەتێکی [دارقطنی (٣/٢٥٥/٣٩)] دا هاتووە


منتدى إقرأ الثقافي

سەری ڕازی بن (118) ، یان داوەر خۆی دایبنێت و بڕیاری لەسەر بدات ، ئەگەر ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە . (119)

---

((کەوا (أبو زُبیر) پێی ووت : کەوا ئەم باخێکی بە مارەیی پێداوە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ئایە باخەکەی دەگێڕیتەوە کە پێی داویت ؟ ووتی : بەڵێ وزیاتریش ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ؛ بۆ زیاترەکە ئەوە نایێت ، بەڵام باخەکەی بدەرەوە ، ئەویش ووتی : باشە)) [وإسناده صحيح برواته (الروضة الندية) (٢/١٢٥) بتخريج محمد صبحي حلاق] .

بەڵام ئەوانەی کە دەڵێن دروستە زیاتریشی لێ وەربگرێت ئایەتی : ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ﴾ (البقرة :٢٢٩) دەکەنە بەلگە . بەڵام ئەوەی ڕاست بێت ئەم ئایەتە (عام) ە بۆ کەم و زۆر ، وەئەو ڕیوایەتانەیش ئەو (عام) ە تایبەت (خاص) دەکەن ، وە ئایەتی : ﴿وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَأْخُذُوا مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا إِلَّا أَنْ يَخَافَا أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ﴾ (البقرة :٢٢٩) کەلە (پ١١٣) و (پ١١٥) دا واتاکەیمان باس کرد بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە دروست نییە لەوە ببەن کە پێیانتان داوە بە مارەیی مەگەر ترسی ئەوەتان هەبێ کەوا سنووری خوای گەورە ڕا نەگرن ، جا ئەگەر ترسان ، ئەوە دەتوانن لەوەی پێیانیان داوە ببەن ـ لە هەندێکی نەك هەموویشی ـ ، دەبینین لەوەیشی کە پێیانیان داوە قەدەغەی کردوە هەموویان لێ وەربگرنەوە ، چی جا ئەگەر لەویش زیاتر ؟! ئەوە بێگومان هەر دروست نییە .

(118) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (النساء :١٢٨) دا کە دەفەرمێ : ﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا وَالصُّلْحُ خَيْرٌ﴾ واتە : .. ئەوە هیچ تاوانێك لەسەر هەردوکیان نییە ئەگەر (صُلح) ێك لە نێوانی خۆیان دا ئەنجام بدەن وە (صُلح) چاکترە ، وە بێگومان کاتێك (صُلح) ئەنجام دەدرێت ئەگەر هەردوولا ڕەزامەندی لەسەر هەبێت .

(119) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (النساء :٣٥) دا کەوا دەفەرمێ : ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِنْ أَهْلِهَا إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا ...﴾ واتە : وە ئەگەر لە ناکۆکی ترسان لە نێوانیان دا ئەوە داوەرێك لەکەس و کاری مێردەکەو داوەرێکیش لە کەس و کاری ئافرەتەکە بنێرن ، ئەگەر


منتدى إقرأ الثقافي

# ماوەی مانەوەی ئافرەت پاش جیابوونەوە

## ( العـدَّة ) [120]

ماوە (عِدَّە) ی ئافرەتێك تەلاق دراوبێت ، ئەگەر ئاووس و سك پڕ (حَامِلَە) بێت ئەوە بە دانانی سکەکەی کۆتایی پێ دێت [121] وە ئەگەر لە حاڵەتی حەیزدا بوو ئەوە سێ حەیزە . [122] وە ئەگەر منداڵ بوو – کە

---

مەبەستیان ئەوەبێت ساز و ڕێك بن پێکەوە، ئەوە خوای گەورە پێکەوە ئەیانسازێنێت ...)) هەروەها لەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) ی پێشوو بڕوانە (پ١١٣) وە ڕیوایەتەکانی تریشی لە (پ١١٥) و (پ١١٦) و (پ١١٧) .

(١٢٠) (العِدَّة) لە ژمارەو ژمارە کردنەوە وەرگیراوە لە زمانی عەرەب دا . بەڵام لای زانایانی شەرع مەبەست پێی ناوێکە بۆ ئەو ماوەیەی کە ئافرەت تێیدا چاوەڕوان دەکات و شوو ناکات دوای جیابوونەوەی لە پیاوەکەی یان پاش مردنی ، جا یان ئەو (عِدَّە)یە بە مانگە ، یان بە (قُرْء) ە یان بە منالْ بوونە .

(١٢١) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (الطلاق :٤) دا کە دەفەرمێ : ﴿وأُولاتُ الأَحْمَالِ أَجلُهُنَّ أَنْ يَضَعْنَ حَمْلَـهُنَّ﴾ واتە : وەئەو ئافرەتانەی خاوەن سك (حَامِلَە) ن ، ماوە (عِدَّە) یان تا ئەو کاتەیە سکەکانیان دادەنێن ـ منداڵ بوون ـ .

(١٢٢) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة : ٢٢٨) دا کە دەفەرمێ : ﴿وَالمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ ثَلاثَةَ قُرُوْءٍ﴾ واتە : ((وە ئەو ئافرەتانەی کە تەلاق دراون خۆیان دەگرن و چاوەڕوان دەکەن سێ (قُرْء) ، وە (قُرْء)یش لە زمانی عەرەب دا بە واتای حەیز و بەواتای پاکێتیش هاتووە، بەڵام لێرەدا بەڵگەی سوننەتمان هەیە کەوا مەبەست پێی حەیزە نەك پاکێتی ، لەوانە فەرموودەکەی (عَائِشَـة) یە (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((أُمِرَتْ بَرِيْرَةَ أَنْ تَعْتَدَّ بِثَلاثِ حِيَضٍ)) واتە : فەرمان بە (بَرِيْرَة) کرا کەوا



منتدى إقرأ الثقافي

هێشتا تووشی حەیز نەبوو بوو- یان زۆر گەورە بوو- لەحەیز بڕا بوو- ئەوە ماوە (عِدَّە)کەی سێ مانگە ، [(١٢٣)] وە ئەگەر جووت نەبوبێت لەگەڵیا ئەوە هیچ ماوە (عِدَّە)یەکی لەسەر نییە ، [(١٢٤)]

---

ماوە (عِدَّە)ی سێ حەیز چاوەڕوان بکات . [رواه أبوداود و إبن ماجة (١/٦٧١/٢٠٧٧) وهو صحيح بروانە صحيح أبي داود (١٩٣٧) و صحيح إبن ماجة (١٦٩٠)] .

هەروەها فەرموودەکەی تری (عَائِشَة) کەوا (أمُّ حَبِيبَة) (خوای لیّ ڕازی بێت) تووشی (إسْتِحَاضَة) دەهات جا پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد ئەویش فەرمانی پێ کرد : ((أنْ تَدَعَ الصَّلاةَ أيَّامَ أقْرَائِهَا)) واتە : واز بێنێت لە نوێژ کردن لە ڕۆژانی (قُرْء)ی دا — کەحەیزە— . [رواه أبوداود (١/رقم/٢٧٨) وهو حديث صحيح لغيره بروانە صحيح أبي داود (٢٥٢)] .

(١٢٣) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (الطلاق : ٤)دا کە دەفەرمێ : ﴿و اللَّائِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِنْ نِسَائِكُمْ إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَاثَةُ أَشْهُرٍ وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ﴾ واتە : وە ئەوانەی بێ ئومێد بوون لە کەوتنە حەیز لە ئافرەتەکانتان ، ئەگەر لە گوماندان — لەبارەی ماوەیانەوە— ئەوە ماوە (عِدَّە) یان سێ مانگە وە هەروەها ئەوانەیشی کە هێشتا تووشی حەیز نەبوونە .

**تێبینی :**

ئەو ئافرەتانەی کەبە کاتیی (مُؤَقَّت) لە حەیز بڕاوون لەبەر هۆیەکی پەیدا بوو (لِعَارِضٍ) ئەوانە زانایان جیاوازن لە بارەیانەوە ، بەڵام ئەوەی ڕاست بێت ماوەی (عِدَّە)ی ئەوانیش هەر سێ مانگە . [بروانە الروضة الندية (٢/١٤٣) بتخريج محمد صبحي حلاق] .

(١٢٤) لەبەر فەرمودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (الأحزاب : ٤٩) دا کەوا دەفەرمێ : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَكَحْتُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا﴾ واتە : ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە هەرکاتێك ئافرەتانی موسوڵمانتان مارەکرد پاشان تەڵاقیانتان دا پێش ئەوەی دەستیان پێوە بدەن ـ پێش جیماع کردن ـ ئەوە هیچ ماوە (عِدَّە) یەکتان بەسەریانەوە نییە .



منتدى إقرأ الثقافي

بەلام ماوە (عِدَّە) ی ئافرەتێك مێردەكەی مردو بێت چوار مانگ و دە(١٠)ڕۆژە .[١٢٥] ئەگەر هەتا جووتیش نەبوبێت لەگەڵیا ،[١٢٦] وە ئەگەر ئاووس بوو بە دانانی سكەكەی كۆتایی پێ دێت .[١٢٧] وە لەمەدا ئافرەتی

(١٢٥) لەبەر فەرمووەدەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة :٢٣٤) كە دەفەرمێ : ﴿ وَالَّذِيْنَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَ يَذَرُوْنَ أَزْوَجَاً يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْـهُرٍ وَعَشْـرَاً ﴾ واتە : وە كەسانێ كە لەنێوە دەمرن و ژنانێك بەجێ دەهێڵن ، با چوارمانگ و دە (١٠) ڕۆژ چاوەڕوان بن ماوە (عِدَّە) ڕاگرن .

(١٢٦) چونكە ئایەتی ﴿وَالَّذِيْنَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُوْنَ أَزْوَاجَاً يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِـهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرَاً﴾ (عَام) ە ، بۆ هەموو ئافرەتێكە پیاوی مردوو بێت ، ئیتر جووت بوبێت لەگەڵیدا یان نەء ، وە ئایەتی ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِيْنَ آمَنُوا إِذَا نَكَحْتُمُ الْمُؤْمِنَـاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوْهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوْهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّوْنَهَا﴾ تەنها بۆ ئافرەتێكە پیاوەكەی تەلاقی دابێت نەك بۆ ئەوەی پیاوەكەی مردوبێت .

(١٢٧) لەبەر فەرمووەدەكەی خوای گەورە لە سورەتی (الطَّلَاق :٤) بڕوانە (پ١٢١) ئەم ئایەتە ماوە (عِدَّە) یە بۆ ئافرەتی ئاووسی تەلاق دراو و ئافرەتی ئاووسی مێرد مردوویش ، لەبەر فەرمووەدەكەی (المِسْوَر بنُ مَخْرَمَـة) : كەوا(سُبَيْعَةُ الأَسْلَمِيَّة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوتە زەیسانی (منداڵ بونەوە) پاش مردنی مێردەكەی بە چەند شەوێك جا هات بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) كەوا ڕێی پێ بدات شوویكات ، ئەویش ڕێی پێ دا ، جا شووی كرد . [رواه البخاری واصله فی الصحیحین البخاری (٩/رقم/٥٣١٨) ومسلم (٢/١١٢٢/١٤٨٥) عن أم سلمة] .

## تێبینی :

(إِبنُ القَيِّم) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێ : لەنێوان پێشینان (سَلَف) دا جیاوازی هەبووە لە بارەی ئەو ئافرەتەی مێردەكەی بمرێت و ئاووس(حَامِلَە) بێت كەوا ماوە (عِدَّە) كەی دوور ترین ماوەیانە ـ ئەگەر سكی پێش چوار مانگ و دە (١٠) ڕۆژەكە دانا ئەوە دەبێت چوارمانگ و دە(١٠) ڕۆژ چاوەڕوان بێت ، بەلام ئەگەر دوای چوار مانگ و


منتدى إقرأ الثقافي

کەنیزە (أَمَة) وەك ئافرەتی ئازاد وایە (١٢٨) وە پێویستە لەسەر ئەو ئافرەتەی کەلە ماوە (عدە) ی مردنی مێردەکەی دایە واز لە خۆ جوانکردنەوە و ئارایشت کردن بێنێت . (١٢٩)

---

دە(١٠) ڕۆژەکە سکی دانا ئەوە دەبێت تا سك دادەنا چاوەڕوان بێت ــ بەڵام پاشان (إِتِّفَاق) کرا لەسەر ئەوەی کە بە دانانی سکەکە ماوە (عِدَّە) کەی کۆتایی پێ دێت ــ ئەگەر سکیشی پێش چوارمانگ و دە(١٠) ڕۆژەکەیش دانا ــ ، بەڵام ماوە (عِدَّە) ی مردن پێویست دەبێت لەسەر ئافرەت بە مردنی مێردەکەی جگە لە ئافرەتی سك پڕ ئیتر جووت بوبێت لە گەڵیا یان نەء وەك (عُمُوم) ی قورئان و فەرموودەی (صَحِیْح) و (إِتِّفَاق) ی خەڵکی (زانایان) بەڵگەن لەسەری . بڕوانە [إعلام الموقعين لابن القيم (٨٦/٢)] .

(١٢٨) لەبەر (عُمُوم) ی ئەو بەڵگانەی کە باسمان کرد ، وە ئەو فەرموودەیەی کە [(الترمذي) (١١٨٢/٤٨٨/٣) وابوداود (٢١٨٩/٦٣٩/٢) والبيهقي (٣٦٩/٧)] دەیگێڕنەوە لە (عائشە) ەوە کەوا گوایە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((طَلَاقُ الأَمَةِ تَطْلِيقَتَانِ وَعِدَّتُهَا حَيْضَتَانِ)) (ضَعِيْف) ە ، [بڕوانە (الارواء) (٢٠٦٦)] .

وە هەروەها فەرموودەکەی [ابن ماجة (٢٠٧٩/٦٢٧/١) والدار قطني (١٠٩/٣٨/٤) ومالك (٥٠/٥٧٤/٢)] کەلە (إِبْنُ عُمَر)ەوە دەیگێڕنەوە ((طَلَاقُ الأَمَةِ إِثْنَتَانِ وَعِدَّتُهَا حَيْضَتَانِ)) ئەمیشیان هەر (ضَعِيْف) ە بڕوانە [ضَعِيْف سُنَن إِبْنُ مَاجَة (٤٥١)]وە بێگومان حوکمی شەرعیش بە فەرموودەی لاواز (ضَعِيْف) ، دانامەزرێت و (ثَابِت) نابێت .

(١٢٩) لەبەر فەرموودەکەی (أُمِّ سَلَمَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لايَحِلُّ لِإِمْرَأَةٍ مُسْلِمَةٍ تُؤْمِنُ بِاللهِ وَاليَوْمِ الآخِرِ أَنْ تَحِدَّ فَوْقَ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ إِلَّا عَلَىٰ زَوْجِهَا أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْراً)) واتە : حەڵاڵ نییە بۆ هیچ ئافرەتێکی موسوڵمان کە باوەڕی بەخوا و بە ڕۆژی دوایی هەبێت کەوا تازێ بارای بۆ هیچ مردویەك بکات لە سێ ڕۆژ زیاتر مەگەر بۆ مێردەکەی خۆی ، ئەوە چوارمانگ و دە(١٠) ڕۆژ دەیکات . [رواه البخاري (٩/رقم/٥٣٢٤) ومسلم (١٤٨٦/١١٢٣/٢) وغيرهما] . وە لەبەر فەرموودەکەی (أُمِّ عَطِيَّةَ الأَنْصَارِيَّة) ( خوای لێ ڕازی بێت ) کەوا فەرمووی : ((ئێمە قەدەغەمان لێ دەکرا کەوا تازێ باری بۆ مردو بکەین لە سێ ڕۆژ زیاتر ، مەگەر بۆ


منتدى إقرأ الثقافي

وە لەماڵی مێردەکەی‌دا بمێنێتەوە تا ماوە (عِدَّە) کەی تەواو دەبێت ، (١٣٠)
بەڵام دروستە لەبەر پێویستی لەماڵ بچێتە دەرەوە . (١٣١)

---

مێرد ئەوە چوارمانگ و دە(١٠) ڕۆژ دەمانکرد ، چاو مان نەدەڕەشت و خۆمان بۆن خۆش نەدەکرد و جل و بەرگی ڕەنگاو ڕەنگمان لەبەر نەدەکرد، مەگەر پۆشاکی (عَصَب) ، وە ڕوخسەتمان پێ دەدرا لەکاتی پاککردنەوەدا ، ئەگەر یەکێکمان خۆی لە حەیز پاك بکردایەتەوە پارچەیەکی بچوك لە (كُسْتِ أظْفَار) بەکار بێنێت ، وە قەدەغەشمان لیٚ دەکرا لە شوێن کەوتنی جەنازە)) [رواه البخاری (٩/رقم/٥٣٤١) ومسلم (٢/١١٢٨/٩٣٨) وغيرهما] وە پۆشاکی (عَصَب):جۆرە پۆشاکێکە دەڕێسرێت و ڕەنگ دەکرێت پاشان دەچنرێت ، وە (كُسْتِ أظْفَار):جۆرێکە لە میخوری بۆن خۆش .

(١٣٠) لەبەر فەرمودەی خوای گەورە لە سورەتی (الطَّلَاق :١) دا کە دەفەرمێ : ﴿لاتُخْرِجُوْهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَّ إلَّا أنْ يَأْتِيْنَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ ...﴾ واتە : ئافرەتی تەلاق دراو لە ماڵەکانیان دەر مەکەن تا ماوە (عِدَّە) کەیان تەواو دەبێت وە نابێت خۆشیان لە ماڵەوە دەربچن مەگەر کارێکی خراپیان کردبێت ... وە لەبەر فەرموودەکەی (الفُرَيْعَةُ بِنْتُ مَالِك) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا مێردەکەی کوژرا ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کرد و فەرمووی : ((أمْكُثِي فِي بَيْتِكِ الَّذِي أتَاكِ فِيْهِ نَعِي زَوْجِكِ حَتَّى يَبْلُغَ الكِتَابُ أجَلَهُ)) واتە : بمێنەوە لەو ماڵەت دا کە هەواڵی کوشتنی پیاوەکەتت تێدا پێ گەیشت تا ماوە (عِدَّە) کەت کۆتایی پێ دێت . (فُرَيْعَة) یش ووتی : جا منیش لەو ماڵەدا چوارمانگ و دە (١٠) ڕۆژ مامەوە . [رواه احمد (٦/٣٧٠) وابو داود (٢/٧٢٣/٢٣٠٠) و الترمذی (٣/٥٠٨/١٢٢٤) و النسائی (٦/١٩٩) وابن ماجة (١/٦٥٤/٢٠٣١) وهو حديث صحيح بروانه صحيح الترمذی (٩٦٢) و صحيح إبن ماجة (١٦٥١) والارواء (٢١٣١ التحقيق الثانی) وە ئەم (لَفْظ)ە لای (ابن ماجة) یە] .

(١٣١) لەبەر فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : خوشکێکی دایکم تەلاق درا ، جا ویستی کەوا بەری دار خورماکانی بکاتەوە ، جا پیاوێك قەدەغەی لیٚ کرد کەوا لە ماڵ دەربچێت ، جا ئەویش چووە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەمووی : ((بَلَىٰ ، فَجُدِّي نَخْلَكِ ، فَإنَّكِ عَسَىٰ أنْ


منتدى إقرأ الثقافي

# سوێند خواردنی مێرد کەوا لە گەڵ خێزانەکەی دا جووت نەبێت (الإِیْلاء)

ئەگەر مێرد سوێندی خوارد کەوا لەگەڵ ژنەکەیدا جووت نەبێت بۆ ماوەیەك لە چوارمانگ کەمتر، ئەوە دەتوانێت سوێندەکەی بەجێ بێنێت وە پێویستە ئافرەتەکەیش ئارام بگرێت تا ئەو ماوەیە تەواو دەبێت (١٣٢) ئەگەر چی باشتر وایە سوێندەکەی بشکێنێت و کەففارەتی بدات (١٣٣) بەلام ئەگەر لەچوار مانگ زیاتر بوو، ئەوە ژنەکەی تا چوار مانگ چاوەڕوان دەکات پاشان داوای لێ دەکات یان دەبێت سوێندەکەی بشکێنێت و جووت

---

تَصَدَّقِي أَوْ تَفْعَلِي مَعْرُوفًا)) واتە : بەڵێ ، بڕۆ بەری دارخورماکانت بکەرەوە ، چونکە تۆ لەوانەیە خێرێکی لێ بکەیت یان کارێکی چاکە بکەیت . [رواه مسلم (رقم/١٤٨٣)] .

(١٣٢) چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێندی خوارد یەك مانگ نزیکی خێزانەکانی نەکەوێتەوە ، جا ئەو مانگە لە ژوورێکی بەرزی خۆیدا دەمایەوە ، کاتێك کە بیست و نۆ(٢٩) ڕۆژ تێپەڕیوو دابەزی بۆ لایان ، جا کەپێی ووترا : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ! ئەی باشە تۆ سوێندت نەخواردوە یەك مانگ نزیکیان نەبیتەوە ؟ فەرمووی : ((الشَّهْرُ تِسْعٌ وَ عِشْرُوْنَ)) واتە : مانگ بیست و نۆ ڕۆژە . [رواه البخاری (٩/ رقم /٥٢٨٩) والنسائی (١٦٦/٦) والترمذی(٦٨٥/٩٩/٢)] .

(١٣٣) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُوهُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ حَلَفَ عَلَىٰ يَمِيْنٍ فَرَأَىٰ غَيْرَهَا خَيْرًا مِنْهَا فَلْيَأْتِ الَّذِي هُوَ خَيْرٌ وَلْيُكَفِّرْ عَنْ يَمِيْنِهِ)) واتە : هەرکەسێك سوێندی خوارد لەسەر شتێك ، جابینی شتێکیتر لەوە چاکترە ، ئەوە با ئەوە بکات کە چاکترە و کەففارەتی سوێندەکەی بدات)) [رواه مسلم (١٦٥٠/١٢٧١/٣) والنسائی (١١/٧)] .



منتدى إقرأ الثقافي

ببیٰ لەگەڵیدا و کەففارەتی سوێندەکەی بدات ، وەیان دەبێت تەلاقی بدات ، [134] وە ئەگەر تەلاقی نەدا ئەوە داوەر بۆی هەیە پیٰی تەلاق بدات . [135]

## مێرد بەژنەکەی بڵێ:

## تۆ وەکو دایك و خوشکم وای ( الظِّهَار )

ئەگەر مێرد بە ژنەکەی خۆی بڵێ:تۆ لای من وەکو پشتی دایکم وای یان وەکو پشتی خوشکم وای ئەوە (الظِّهَار) ی کردوە لە ژنەکەی ، وە ئەگەر بڵێ وەك دایکم یان خوشکم وای بە مەبەستی (الظِّهَار) کردن ئەوە (ظِهَار) ی کردوە . [136]

---

(١٣٤) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة :٢٢٦،٢٢٧) دا کە دەفەرمێ : ((لِلَّذِيْنَ يُؤْلُونَ مِنْ نِسَائِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ ، فَإِنْ فَاءُوا فَإِنَّ اللهَ غَفُوْرٌ رَحِيْمٌ ، وَإِنْ عَزَمُوا الطَّلَاقَ فَإِنَّ اللهَ سَمِيْعٌ عَلِيْمٌ)) واتە : وە کەسانێ کە سوێند دەخۆن کەوا لەگەڵ خێزانەکانیان دا جووت نەبن ، دەتوانن چوار مانگ چاوەڕێ بکەن ، جا ئەگەر لەو ماوەیەدا گەڕانەوە (وسوێندی ناهەقی خۆیان شکاند و کەففارەتیان دا) ئەوە خوای گەورە لێبوردەو بەبەزەییە ، وە ئەگەر بڕیاری تەلاقیشیان دا ، ئەوە بێگومان خوای گەورە بیسەرو زانایە .

(١٣٥) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەر مووی : ((ئەگەر چوارمانگ تێپەڕ بوو دەوەستێنرێت تا تەلاقی دەدات)) [رواه البخاری (٩/ رقم /٥٢٩١)] . ئیمامی (البُخاری) دەفەرمێ : ئەمە لە (عُثْمَان) و (عَلِي) و (أَبُو دَرْدَاء) و (عَائِشَه) و دوانزە (١٢) پیاو لە هاوەڵانی پێغەمبەرەوە دەگێڕنەوە . بڕوانە [فتح الباری لابن حجر العسقلانی (٩/٤٢٨)] .

(١٣٦) ئەمە پێناسەی (ظِهَار)ە لە شەرع دا .


منتدى إقرأ الثقافي

وە شەرعیش ئەم (ظِهَار)ەی حەرام کردوە ، (١٣٧) وە بەو (ظِهَار) کردنیشە ئافرەتەکە لە مێردەکەی حەرام دەبێت ، جا ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاری کراو نەبێت ئەوە نابێت نزیکی ژنەکەی ببێتەوە تا کەففارەتی دەدات کە ئا زاد کردنی کۆیلەیەکە ، ئەگەر نەبوو دوومانگ ڕۆژو بەسەر یەکەوە ، ئەگەر نەیتوانی ئەوە خواردن دانی شەست کەم دەستە ، (١٣٨) وە ئەگەر بۆ

---

(١٣٧) لەبەر ئەوەی خوای گەورە بە ووتەیەکی خراپ و درۆ ناوی بردوە ، وەك لە سورەتی (المجادلة :٢) دا دەفەرمێ : ﴿ الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنكُمْ مِن نِسَائِهِمْ مَا هُنَّ أُمَّهَاتِهِمْ إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ إِلاَّ اللاَّئِي وَلَدْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَراً مِنَ الْقَوْلِ وَزُوراً وَإِنَّ اللهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ﴾ واتە : وە ئەوانەتان کەلە ژنەکانیان (ظِهَار) دەکەن ، لەڕاستیدا ئەو ژنانە دایکیان نین ، بەڵکو دایکی ئەوان تەنها ژنانێکن کە ئەوانیان لێوە لە دایك بووە ، وە بێگومان ئەوان قسەیەکی خراپ و درۆ دەکەن ، بەڕاستی خوای گەورە بەخشەرەو لێبوردەیە .

(١٣٨) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (المجادلة :٣،٤) دا کە دەفەرمێ :﴿وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِن قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا ، ذَلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ وَاللهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ، فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِن قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا ، فَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِيناً ذَلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللهِ وَرَسُولِهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللهِ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ واتە : وە ئەوانەتان کە (ظِهَار) دەکەن لە ژنەکانی خۆیان پاشان پەشیمان دەبنەوە ، ئەوە با بەندەیەك ئازاد بکەن پێش ئەوەی جوت ببن لەگەڵیاندا ، ئەمە پەندێکە ئامۆژگاری ئێوەی پێ دەکرێت وە خوای گەورە ئا گادارە لە هەر کارێك دەیکەن ، جا ئەوانەتان کە بەندەیان دەست ناکەوێت، ئەوەبا دوو مانگ ڕۆژوو بگرن بەسەر یەکەوە پێش ئەوەی جووت ببن لە گەڵیاندا ، جا هەر کەسێك نەیتوانی ئەوە با خواردنی شەست کەس بدات ...)) .

وە لەبەر فەرموودەکەی ((خُوَيْلَةُ بِنْتُ مَالِك بن ثَعْلَبَة)) (خوای لێ ڕازی بێت) ((کەوا مێردەکەی (ظِهَار) ی لێ کرد ، ئەویش سکاڵای حاڵی خۆی هێنا بۆلای پێغەمبەری خوا


منتدى إقرأ الثقافي

ماوەیەکی دیاری کراو بوو ئەوە نابێت نزیکی ببێتەوە ، تا ئەو ماوەیە تەواو دەکا ، وە ئەگەر جووت بوو لە گەڵیدا پێش تەواو کردنی ئەو ماوەیە ، ئەوە کەففارەتی (ظِهَار)ی لەسەر پێویستە . (١٣٩)

---

(ﷺ) جا خوای گەورە ئایەتەکانی (ظِهَار) ی سورەتی (المجادلة) ی لەبارەی ئەوەوە دابەزاند)) [رواه ابوداود (٦/٣٠١/٢١٩٩) مع العون ،وهو حسن بروانه صحيح ابى داود (١٩٣٤)]

وە فەرموودەکەی (عَائِشَة) کەلەو بارەوەیە لە [سنن إبن ماجة (١/٦٦٦/٢٠٦٣) دا هاتووە وهو صحيح بروانه صحيح إبن ماجة (١٦٧٨)] .

(١٣٩) لەبەر فەرموودەکەی (سَلَمَةُ بنُ صَخْرِ البيَاضِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : من پیاوێك بووم زۆر دەچوومەلای ئافرەت ، وا نازانم هیچ پیاوێکی تر وەکو من زۆر تووشی ئەوە ببوایە ، جا کاتێك کە ڕەمەزان هات (ظِهَار)م لە ژنە کەم کرد تا ڕە مەزان تەواو دەبێت ، شەوێکیان قسەی لە گەڵ دەکردم شتێکم بۆ دەرکەوت ، جا خۆمم پێ نەگیرا و لەگەڵیدا جووت بووم ، کاتێك کە ڕۆژ بوویەوە ، چووم بۆلای هۆزەکەم و هەواڵی خۆمم پێ ڕا گەیاندن و پێم ووتن : پرسیارم بۆ بکەن لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەوانیش ووتیان : ئێمە شتی واناکەین ، دوایی خوای گەورە نوسراوێکمان لە بارەوە دادەبەزێنێت یان پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بارەمانەوە فەرموودەیەك دەفەرمێ : دەبێتە (عَار) ێك بەسەرمانەوە ، بەڵام ئێمە کاری خۆت دەدەینە دەستی خۆت ، خۆت بڕۆ باسی حاڵی خۆت بۆ پێغەمبەری خوا بکە ،فەرمووی : جا منیش چووم تا هاتمە خزمەتی وهەواڵم پێ ڕاگەیاند ،جا ئەویش فەرمووی : ((تۆ خۆت ئەو کارەت کردوە ؟)) ووتم : من کردومە ، وەمن ئەوەتا ئامادەم ئەی پێغەمبەری خوا ، ئارام گرم بۆ حوکم و بڕیاری خوای گەورە بەسەرم دا ، فەر مووی : ((دە کۆیلەیەك ئازاد بکە)) فەر مووی : منیش ووتم : بەو کەسەی تۆی بەحەق ڕەوانە کردوە تەنها خاوەنی ئەم گەردنەی خۆمم ، فەرمووی : ((دە دوومانگ ڕۆژوو بەسەر یەکەوە بگرە)) فەرمووی : ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەم هەموو بەڵایە تووشم بووە هەمووی بە هۆی ڕۆژووەوە بوو ؟ فەرمووی : ((دە خواردنی شست (٦٠)کەم دەست بدە )) فەرمووی: ووتم: بەو کەسەی تۆی بە حەق ڕەوانە کردوە ئێمە ئەم شەومان بەبێ خواردن بردوەتەسەر ،



منتدى إقرأ الثقافي

# ( لِعَان ) کردن

## ئەگەر مێرد تۆمەتی زینای کردە ژنەکەی خۆی دا ، وچوار شایەتی نەبوو ، ئەوە یان داری ئابڕو بردنی (حَدَّ القَذْف) لێ دەدرێت [140] وەیان

---

فەرمووی : ((دە بڕۆ بۆلای خاوەنی زەکاتی (بَنِي زُرَيْق) و پێی بڵێ با پێتی بدا ، وە خواردنی شەست کەم دەستی لێ بدە و سوودیش لە پاش ماوەکەی وەریگرە بۆ خۆت)) [رواه ابوداود (٦/٢٩٨/٢١٩٨) مع العون ، والترمذی (٢/٣٣٥/١٢٢٠) وإبن ماجة (١/٦٥٥/٢٠٦٢) وهو صحيح بروانه صحيح إبن ماجة (١٦٧٧)] .

وە لەبەر فەرمودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (ظِهَار) ی لە ژنەکەی کردبوو ، و جیماعیشی لەگەڵ کردبوو ، جا ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من (ظِهَار) م کردوە لە ژنەکەم و جووتیش بووم لەگەڵیدا ، پێش ئەوەی کەففارەت بدەم . پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : ((مَاحَمَلَكَ عَلَىٰ ذَلِكَ يَرْحَمُكَ اللهُ ؟)) واتە : چی هەڵینایت ئەوە بکەی خوا ڕەحمت پێ بکات ؟ ووتی : (خلخال) ە کەییم لەبەر تیشکی مانگ دا بینی ، فەرموی : ((فَلا تَقْرَبْهَا حَتَّىٰ تَفْعَلَ مَا أَمَرَكَ اللهُ)) واتە : دە نزیکی مەبەرەوە تا ئەوەی خوای گەورە فەرمانی پێ کردویت بەجێی دەهێنیت)) [رواه الترمذی (٢/٣٣٥/١٢١٩) وإبن ماجة (١/٦٦٥/٢٠٦٥) وهو حديث حسن بروانه صحيح الترمذی (٩٥٨)] .

وە لە ریوایەتی (إبْنُ مَاجَة) ەدا ((کاتێك کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : چی وای پێ کردیت ئەوە بکەیت ؟ ئەویش ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا سپیایی حجیلەکانیم لەبەر تیشکی مانگ دا بینی ، جا خۆمم پێ نەگیرا تا جووت بووم لەگەڵی دا ...)) .

(١٤٠) چونکە بۆ (إثْبَات) کردنی تاوانی زینا لەسەر هەر موسوڵمانێك پێویستی بە چوار شایەت هەیە ، ئەگەر چوار شایەتەکەی هەموویان ئامادە نەبوون ئەوە ئەو کەسەی بوختیانەکەی هەڵبەستوە هەشتا (٨٠) داری ئابڕو بردنی لێ دەدرێت لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (النور :٤) دا کە دەفەرمێ : ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً ، وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً


منتدى إقرأ الثقافي

دەبێت (لِعَان)ی لێ بکات ، بەوەی چوار جار بڵێ : شایەتی دەدەم بەخوا من ڕاست دەکەم‌کەبەفلانە ژنی خۆم ووتم : زینات کردوە ، وە لە جاری پێنجەمیش دا - پاش ئامۆژگاری کردنی دا وەر و ترساندنی لە تاوانی بۆختیانی ئابڕو- بڵێ : لەعنەتی خوام لەسەر بێت ئەگەر درۆ بکەم ، وە داریی (حَدّ)ی زینایش لەسەر ئافرەتەکە لا دەچێت بەوەی چوار جار بڵێت : شایەتی دەدەم بەخوا کەوا فلانە کەسی مێردم درۆ دەکا لەو قسەیەی‌دا کە بۆ من هەڵیبەستوە کە تۆمەتی زیناکردنە ، وە لە جاری پێنجەمیش دا- پاش ئامۆژگاری کردنی داوەر، کەوا سزای قیامەت زۆر سەخت تر و گەورەترە لە سزای دونیا- بڵێ : تووڕەیی و غەزەبی خوام‌لەسەر بێت ئەگەر ئەو ڕاست بکات لەو قسەیەی‌دا [141] وە ئەگەر ئافرەتەکە بەو تۆمەتی زینایە

---

أَبَدًا وَأُولَئِكَ هُمُ الفَاسِقُونَ﴾ واتە : وە ئەوانەی کە تۆمەتی زینا دەدەنە پاڵی ئافرەتانی داوێن پاك ، پاشان چوار شایەت ناهێنن کەوا شایەتی بدەن لەسەر تۆمەتەکەیان ، ئەوانە هەشتا( ٨٠) داریان لێ دەن وئیتر هەرگیز شایەتیان لێ وەرمەگرن ، وە ئەوانە تاوانبارانن .

(١٤١) تەنها پیاو ئەگەر تۆمەتی زینای بە ژنەکەی خۆی‌دا کرد ئەوە دەتوانێت لەجیاتی چوار شایەتەکە (لِعَان) بکات ، لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (النور : ٦-٩)دا کە دەفەرمێ : ﴿وَالَّذِيْنَ يَرْمُوْنَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُمْ شُهَدَاءُ إِلَّا أَنْفُسُهُمْ فَشَهَادَةُ أَحَدِهِمْ أَرْبَعُ شَهَادَاتٍ بِاللهِ إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِيْنَ ، وَ الخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَتَ اللهِ عَلَيْهِ إِنْ كَانَ مِنَ الكَاذِبِيْنَ ، وَيَدْرَؤُا عَنْهَا العَذَابَ أَنْ تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللهِ إِنَّهُ لَمِنَ الكَاذِبِيْنَ ، وَ الخَامِسَةُ أَنَّ غَضَبَ اللهِ عَلَيْهَا إِنْ كَانَ مِنَ الصَّادِقِيْنَ﴾ واتە : ((وە ئەوانەی کە ژنەکانی خۆیان تاوانبار دەکەن بە زینا وەجگە لە خۆیان شایەتی تریان نی‌یە ئەوە شایەتی هەر یەکەیان ئەوەیە کەوا چوار جار بەناوی خواوە (خوا بگرێ بە شایەت) کەوا ئەو لەڕاست بێژانە ، وە لە پێنجەم جاریش دا بڵێت کەوا لەعنەتی خوای لەسەر بێت ئەگەر درۆ بکات ، وە ئافرەتەکەیش سزا (داری حەدی زینا)ی لەسەر لا دەچێ بەوەی چوار جار شایەتی بەناوی خواوە بدات (خوا بگرێ بە شایەت) کە ئەو پیاوە لە درۆزنانە و



منتدى إقرأ الثقافي

لەو تاوانەی داویێتیێ پالێ درۆ دەکات ، وە لە پێنجەم جاریش دا بلێیت : کەوا تورەیی خوا و غەزەبی خوای لەسەر بێت ئەگەر مێردەکەی ڕاست بکات .

وە لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لیّ رازی بێت) کەوا (هِلَال بن أُمَيَّة) تۆمەتی زینای داوە پالێ ژنەکەی خۆی لەلای پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) لەگەلّ (شُرَيْك بنُ سَحْمَاء)دا ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((البَيِّنَةُ اَوْ حَدٌّ فِي ظَهْرِكَ)) واتە : شایەت بێنە یان وەکو داری (حَدّ) لە پشتت دەدرێت ، ئەویش ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ، ئەگەر یەکێکمان پیاوێکی بەسەر ژنەکەیەوە بینی دەڕوات بەدوای شایەت دا دەگەڕێت ؟ جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو : ((البَيِّنَةُ وَ إِلَّا حَدٌّ فِي ظَهْرِكَ)) جا (هِلَال)یش ووتی : بەو کەسەی تۆی بەحەق ناردووە من ڕاست دەکەم ، وخوایش ئەوە دا دەبەزێنێت کە پشتم لە داری (حَدّ) بەری بکا ، جا (جِبْرِيل) (عليه السلام) دابەزی و ئەم ئایەتانەی سورەتی (النور : ٦-٩) بەسەردا دابەزاند : ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ ... إِنْ كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ﴾ جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) رۆیشت و ناردی بەشوێنی هەردوکیان دا ، کاتێك هاتن ، (هِلَال) هەستا و شایەتی دا و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) دەیفەرموو : ((خوای گەورە ئاگادارە و دەزانێ یەکێکتان درۆ دەکەن؛ ئایا کەستان پەشیمان دەبنەوە ؟ پاشان ئافرەتەکە هەستا و شایەتی دا ، جا کە گەیشتە پێنجەم جار ، وەستانیان و پێیان ووت : ئەمە (غَضَب)و تورەیی خوات لەسەر پێویست دەکات ، (إِبْنُ عَبَّاس) فەرمووی : جا گێتی کرد و سەری داخستەخوار تا گومانمان برد کەوا بگەڕێتەوە ، پاشان ئافرەتەکە ووتی : نەء ئابڕووی قەوم و کەس و کارەکەم نا بەم لەمە بەدواوە ، جا سوێندی خوارد ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : ((أُنْظُرُوْهَا ، فَإِنْ جَاءَتْ بِهِ أَكْحَلَ العَيْنَيْنِ ، سَابِغَ الإِلْيَتَيْنِ خَدَلَّجَ السَّاقَيْنِ فَهُوَ لِشُرَيْك بنِ سَحْمَاءَ فَجَاءَتْ بِهِ كَذَلِكَ)) واتە : تەماشای بکەن، ئەگەر ئەو منداڵەی کە دەیبێت چاو ڕەش بوو ، هەردوو سورێنی تەواو بوو ، هەردوو قوڵێ توند و ئەستوور بوو ئەوە لە (شُرَيْك بن سَحْمَاء)ە ، جا منداڵەکەی بەو شێوەیە بوو- کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەسفی کرد- بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (( لَوْ مَامَضَىٰ مِنْ كِتَابِ اللهِ لَكَانَ لِي وَ لَهَا شَأْنٌ)) واتە : ئەگەر


منتدى إقرأ الثقافي

ئاووس (حَامِلَه) بوو یان منداڵی بوو بوو ، ئەوە (حاشا) کردنی مێردەکە لەو منداڵە دەخرێتە نێو سوێندەکەوە ، (١٤٢) جا پاش ئەوە داوەر لەیەك جیایان دەکاتەوە بەهەتا هەتایی (١٤٣) و منداڵەکەیش دەدرێتە دایکەکە (١٤٤) پاش ئەوە هەر کەسێك ئەو ئافرەتە تاوان بار بکات بە زینا یان منداڵەکەی بە منداڵی زینا ئەوە داری ئابڕو بردنی (حَدُّ القَذْف)ی لێ دەدرێت . (١٤٥)

---

لەبەر ئەوە نەبوایە کە ڕابورد لە کتێبی خوادا ئەوە من لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا شتێکی ترم دەبوو . [رواه البخاری (٨/رقم/٤٧٤٧) و غیره] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (عُوَيْمِر العَجْلانِي) لەگەڵ ژنەکەیدا ، بڕوانە [البخاری (٩/رقم/٥٢٥٩) و مسلم (٩/١١٢٩/١٤٩٢) و غیرهما] .

(١٤٢) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڕیاری (لِعَان)ی جێبەجێ کرد لە ژن و مێردێك دا ، جا پیاوەکە (حاشا)ی لە منالی ژنەکەی کرد ، پاشان لەیەك جیای کردنەوە و منداڵەکەیش کرایە ناو ژنەکەوە)) [رواه البخاری (٩/رقم/٥٣١٥) و مسلم (٢/١١٣٢/١٤٩٤)] .

(١٤٣) لەبەر فەرموودەکەی (سَهْلُ بنُ سَعْد) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((لە پاش ئەوە — پاش ئەو ژن و مێردەی کە لەبەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) (لِعَان) یان کرد — سوننەت وابووە لەو ژن و مێردەی کە (لِعَان) دەکەن ، کەوا لەیەك جیا بکرێنەوە ، پاشان بەیەك نەگەیەنەوە بەهەتا هەتایی)) [رواه أبو داود (٢/٦٨٣/٢٢٥٠) و البیهقی فی السنن الکبری (٧/٤١٠) وهو حدیث صحیح و له شواهد أخری عن (إبنُ عَبّاس) و (إبنُ عُمَر) بڕوانە مسند أحمد (٦/٢٢١/٤٤٧٧) بتخریج أحمد شاکر ، والروضة الندیة (٢/١٤٠-١٤١) بتخریج الحلاق] .

(١٤٤) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) بڕوانە (پ١٤٢) .

(١٤٥) چونکە ئەو ئافرەتە بەو (لِعَان)ە هیچ تۆمەتێکی لەسەر نامێنێت لە دونیا ، بۆیە هەر کەسێك تاوا نباری بکات دەبێت چوار شایەتی هەبێت ئەگینا داری (حَدّ)ی بوختیان هەڵبەستن و ئابڕو بردنی (القَذْف) لێ دەدرێت ، بەهەمان شێوە بۆ کوڕەکەیشی .


منتدى إقرأ الثقافي

# بەخێو کردن و پەروەردەکردنی منداڵ

# ( الحَضَانَة )

ئەگەر ژن و مێرد لەیەك جیا بوونەوە و منداڵیش لە نێوانیان دا هەبوو ، ئەوە ماف دار ترین کەس لە بەخێو کردنی ئەو منداڵە تا دەگاتە تەمەنی وریا بوون و تێ گەیشتن دایکی منداڵەکەیە ئەگەر شوویەکی‌تر نەکات (١٤٦) پاشان خوشکی دایك ئەگەر دایك نەبوو (١٤٧) پاشان باوك وپاشان ئەگەر

---

(١٤٦) لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُاللهِ بن عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ئافرەتێك ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا من ئەم کوڕەمە سکم بۆی بوویە (وِعَاء) ، وە هەردوو مەمکیشم بۆی بوو بە (سِقَاء) وە کۆشیشم بۆی بوو بە (حَوَاء) ، جا باوکی تەلاقی دام و دەیەوێت لێم بسێنێتەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو : ((أَنْتِ أَحَقُّ بِهِ مَالَمْ تَنْكِحِي)) واتە : تۆ پێی ماف دار تری تا شوو نەکەیت . [رواه أبوداود (٢٢٥٩/٣٧١/٦) وهو حديث حسن بروانه الإرواء (٢١٨٧)] .

وە (وِعَاء) : قاپێکە شتی تێ دەکرێت و دەپارێزێت ،وە (سِقَاء): لە پێست دروست دەکرێت ، ئاو وخواردنەوەکانی تێ دەکرێت :وە (حَوَاء): جێی حەوانەوە و لاواندنەوە یە ،

**تێبینی :**

(إبْنُ المُنْذِر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) یەك دەنگی (إجْمَاع) زانایانی هێناوەتەوە ، لەسەر ئەوەی کەوا ئافرەت مافی بە خێو کردنی نامێنێت ئەگەر شوویەکی تر بکات ، [بروانه الإجماع لإبن المنذر (ل ٩٩ ژ ٣٩٢ ، ٣٩٣)] .

(١٤٧) لەبەر فەرموودەکەی (البَرَّاءُ بنُ عَازِب) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((... جا کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەرچوو ، کچەکەی (حَمْزَه) شوێنیان کەوت — ئەی مامە ، ئەی مامە— جا (عَلِي) دەستی گرت و بە (فَاطِمَة)ی ووت : بیگرە کچی مامتە هەڵیگرە ، جا (عَلِي و زَيْد و جَعْفَر) بوو بە دەمە قاڵەیان لەسەری ، (عَلِي) ووتی : من ماف دار ترم کچی مامە ، (جَعْفَر)یش ووتی : کچی مامە و خوشکی دایکیشی خێزانمە ،

منتدى إقرأ الثقافي

ئەمانە نەبوون ئەوە دادوەر خۆی کەسێك دیاری دەکات لە خزم و کەس و کاری کەوا بەرژەوەندی ئەو منداڵە لەهەموو کەس زیاتر ڕەچاو بکات ، جا پاش تەمەنی تێگەیشتن ، ئەو منداڵە ئازاد دەکرێت لە هەڵبژاردنی نێوان دایك و باوك دا (١٤٨)

---

(زَيد)یش ووتی : کچی برامە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دای بە خوشکی دایکی و فەرمووی : ((الخَالَةُ بِمَنْزِلَةِ الأُمُّ)) واتە : خوشکی دایك لە جێگەی دایکە، وە بە (علي) فەرمووی : ((أَنْتَ مِنِّي وَ أَنَا مِنْكَ)) واتە : تۆ لە منی و منیش لەتۆم ، وە بە (جَعْفَر)ی فەرموو : ((أَشْبَهْتَ خَلْقِي وَ خُلُقِي)) واتە : تۆ لە من دەچیت لە شێوە و ڕەوشتیش دا ، وە بە (زَيد)یشی فەرموو : ((أَنْتَ أَخُونَا وَ مَوْلَانَا)) واتە : تۆ برا و پاڵپشتی ئێمەی [رواه البخاري (٥/رقم/٢٦٩٩)] .

(١٤٨) لەبەر فەرمودەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا ((ئافرەتێك هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا مێردەکەم دەیەوێت کوڕەکەم ببات ، وە ئاوی پێ دام لە بیری (أبو عنبة) و سوودی زۆری پێ گەیاندم ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە منداڵەکەی فەرموو : ئەوە باوکتە و ئەویش دایکتە ، ئیتر ویستی خۆتە دەستی هەر کامەیان دەگریت ، جا دەستی دایکی گرت ، دایکیشی بردی و ڕۆیشت)) [رواه أبوداود (٢/رقم/٢٢٧٧) و النسائي (٦/١٨٥/٣٤٩٦) و غيرهما وهو صحيح بروانە صحيح أبي داود (١٩٩٢)] .

**تێبینی :**

**پێویستە ئەو کەسەی دەکرێتە سەرپەرشتیار و بەخێوکەری منداڵ ئەم مەرجانەی تێدا بێت :**

(١) موسوڵمان بێت ، (٢) ئازاد بێت ، (٣) ژیر بێت ، (٤) داد پەروەر بێت ، واتە: دەست پاك و داوێن پاك بێت ، چونکە ئەگەر وا نەبێت ئەوەبێ گومان زیانی ئاشکرای هەیە بۆ بەرژەوەندی ئەو منداڵە .



منتدى إقرأ الثقافي

# شیردان (الإِرْضَاع)

ئەگەر ئافرەتێك لە شیری خۆی شیری بە منداڵێك دا ، ئەوە دەبێتە دایكی شیری ئەو منداڵە بە دوو مەرج : تەمەنی ئەو منداڵە لە دوو ساڵ كەمتر بێت (١٤٩) وە لەپێنج جاری جیاجیا كەمتر نەبێت هەرجارێكیش تێری بكات (١٥٠)

---

(١٤٩) لەبەر فەرموودەكەی (أُمّ سَلَمَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لايَحْرُمُ مِنَ الرَّضَاعَةِ إلّا مَافَتَقَ الأَمْعَاءَ فِي الثَّدْيِ وَكَانَ قَبْلَ الفِطَامِ)) واتە : حەرام نابێت بە شیردان مەگەر ئەوەی تێری بكات لە مەمكیەوە ، وەپێش برانەوەیشی بێت لە شیر ـــ پێش دووساڵان ـــ [رواه الترمذی (١١٦٨/٤٥٨/٣) وهو صحيح بروانه صحيح سنن الترمذی (٩٢١) ] .

وَقَالَ التِّرْمِذِيُّ : (وَالعَمَلُ عَلَى هَذَا عِنْدَ أَكْثَرِ أَهْلِ العِلْمِ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (ﷺ) وَغَيْرِهِمْ، أَنَّ الرَّضَاعَةَ لاتُحَرِّمُ إلّامَا كَانَ قَبْلَ الحَوْلَيْنِ ، وَمَا كَانَ بَعْدَ الحَوْلَيْنِ الكَامِلَيْنِ فَإِنَّهُ لايُحَرِّمُ شَيْئًا).

(١٥٠) لەبەر فەرموودەكەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی : ئەوەی لە قورئان دا دابەزی كەوا مارە برین حەرام بكات دە(١٠) جار شیردانی جیاجیا كەوا تێری بكات ، پاشان (نَسْخ) بویەوە بە : پێنج جاری جیاجیا كەوا تێری بكات ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی كرد هێشتا هەر دەخوێندرایەوە لە قورئان دا)) [رواه مسلم (١٤٥٢/١٠٧٥/٢) وغيره]

مەبەستی دایكە(عَائِشَه) لەوەی كە فەرمووی : پێغەمبەر وەفاتی كردو هێشتا هەر خوێنرایەوە ، ئەوەیە كەوا هەندێك لە هاوەڵان بەوەیان نەزانی بوو كەوا دە(١٠)جارەكە لە قورئان دا (نَسْخ) كراوە بۆیە هەر دەیانخوێندەوە ، تا ماوەیەكیش دوای وەفات كردنی پێغەمبەر (ﷺ) . وە لەبەر فەرموودەكەی تری (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی : ڕۆژێكیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە ژوورەوە بۆلای ، پیاوێكی لابوو ، جا


منتدى إقرأ الثقافي

جا مێردی ئەو ئافرەتەش دەبێتە باوکی شیری ، (١٥١) وە ئەوەی بە خزمایەتی (نَسَب) حەرام ببێت بە شیریش حەرام دەبێت (١٥٢) بەڵام خوشك و براو دایك و باوك و کەس و کاری شیرخۆرەکە حەرام نابێت لە شیردەر و کەس و کاری (١٥٣) وە قسەی شیر دەر وەرگیراوە بۆ شایەتی دان (١٥٤)

---

وەکو ئەوەی ڕووی تێك بچێت و پێی ناخۆش بێت ، (عَائِشَة) یش ووتی : ئەوە برامە ، پێغەمبەری خوایش فەرمووی : ((أُنْظُرْنَ مَا إِخْوانكُنَّ ، فَإِنَّمَا الرَّضَاعَةُ مِنَ المَجَاعَةِ)) واتە : باش تەماشا کەن کێ براتانە ، چونکە شیردان تەنها لە برسێتی دایە ، ــ واتە : کاتێك شیردان دەبێتە هۆی حەرام بوون ئەگەر لە کاتێك دا منداڵەکە برسی بێت و بەو شیردانە تێر ببێت ــ [رواه البخاري (٩/رقم/٥١٠٢) ومسلم (٢/١٠٧٨/١٤٥٥)] .

(١٥١) لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پاش ئەوەی ئایەتی حیجاب دابەزی (أَفْلَح) ی برای (أَبُوالقُعَيْس) ڕوخسەتی لێ وەرگرتم کەوا بێتە ماڵەوە ، منیش ووتم : ڕوخسەتت پێ نادەم تا پرسی پێغەمبەری خوا نەکەم لە بارەیەوە چونکە (أَبُوالقُعَيْس)ی برای شیری بەمن نەداوە ، ئەوەی شیری بەمن داوە خێزانەکەی (أَبُوالقُعَيْس)ە . جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە ژوورەوە بۆلام ومنیش پێم ووت : ئەی پێغەمبەری خوا (أَفْلَح) ی برای (أَبُوالقُعَيْس) ڕوخسەتی لێ وەرگرتم ، منیش ڕوخسەتیم نەدا تا پرست پێ نەکەم ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : ((وَمَا مَنَعَكَ أَنْ تَأْذَنِي ، عَمُّكِ)) واتە : جاچی وای پێ کردی کەوا ڕوخسەتی نەدەیت ؟ مامتە . [رواه البخاري (رقم ٤٥١٨ ديب البغا) ومسلم (رقم/١٤٤٥)]

(١٥٢) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٨٠) .

(١٥٣) چونکە جگە لە شیر خۆر خۆی نەبێت کەوا حەرام دەبێت لە شیر دەر و کەس وکاری ، هیچ بەڵگەیەکی شەرعی نییە کەوا کەس و کاری شیر خۆریش حەرام ببن.

(١٥٤) لەبەر فەرموودەکەی (عُقْبَةُ بنُ الحَارِث) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ژنێکم مارە کرد ، جا ئافرەتێکی ڕەش پێست هات بۆلامان ووتی : من شیرم بە هەردووکتان داوە ، منیش هاتم بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ووتم : من (فُلَانَةُ بِنْتُ فُلَان)م مارە کردوە ، جا ئافرەتێکی ڕەش پێست هات بۆ لامان و پێی ووتم : من شیری



منتدى إقرأ الثقافي

# بەخێو کردنی ژن و کەس و کار

## (نَفَقَةُ الزَّوْجَةِ وَالأَهْلِ) (١٥٥)

خەرجی (نَفَقـە) کـردن مـێرد لەسـەر ژنەکـەی پێویسـت (واجـب)ە تـا بەیەکەوە بژین بەچاکە (١٥٦) وە هەروەها ئەگەر تەڵاقی (رِجْعي) یشی بدات ،

---

هەردووکتانم داوە ، وەئەو درۆ دەکات ، جا پێغەمبەری خوا پشتی تێ کردم ، جا لەبەرەو رووییەوە هاتمەوە ووتم : بێگومان ئەو درۆزنە . فەرمووی : ((كَيْفَ بِهَا وَقَدْ زَعَمَتْ أَنَّهَا قَدْ أَرْضَعَتْكُمَا ، دَعْهَا عَنْكَ)) واتـە : چـۆن ئـەو درۆ دەکات ، ئـەو وا دەڵێت کـەوا ئـەو شیری بە هەردووکتان داوە ، وازی لێ بێنە ـ لەو ژنەی کە مارەت کـردوە ـ . [رواه البخاری (٩/ رقم /٥١٠٤)] .

(١٥٥) کاتێك باسی بەخێو کردن (النَّفَقَة) دەکەین ، مەبەستمان دابین کردنی هـەموو پێویستیەکانی ژیانە لە خواردن و خواردنەوەو پۆشاك و جێگـای حەسـانەوەیش ، چونکـە تەواوی ووشەی (النَّفَقَة) ئەوە دەگەیەنێت ، وەلـە شـەریعەتیش دا بـەو واتایـە هـاتوە وەك لەو بەڵگانەی دا هاتودا زیاتر روون دەبێتەوە .

(١٥٦) ئەمە هیچ جیاوازییەکی تێدانییە لە نێوانی زانایان دا ، لەبـەر فەرموودەکـەی خوای گەورە لە سورەتی (النساء :٥) دا کە دەفەرمێ : ﴿ وَارْزُقُوهُمْ فِيهَا وَاكْسُـــوهُمْ ﴾ ئیمامی (الشَّوْكَاني) لە تەفسیرەکەی‌دا دەفەرمێ : بە شێکی رۆزیان بۆ دابنێـن تێیـدا ، وە بۆیان دیاری بکەن ، وە ئەمەش بۆ کەسانێکە کەوا خەرجی (نَفَقَه) لەسەر کـردن و پۆشـاك بۆ کردنیان پێویست بێـت لـە ژنـان و کـوڕان و ئەوانـەی وەکـو ئـەوانن .. [بڕوانە فتح القدير (٤٢٦/١)] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَـة) (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا فـەرمووی : (( (هِنْدُ بِنْتُ عُتْبَة) بە پێغەمبەری خوای (ﷺ) ووت ـ لەکاتێك دا کە (بَيْعَة) ی بـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دا ـ : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، (أَبُوسُفْيَان) پیـاوێکی چروکـە وە ئـەوەندەم پـێ



منتدى إقرأ الثقافي

تا ماوە (عِدَّة) ی بەسەر دەچێت (١٥٧) بەڵام ئەگەر تەڵاقی (بَائِن) ی بدات ئەوە (نَفَقَە) ی لەسەر مێرد نییە ، (١٥٨) هەروەها ئەگەر لە ماوە (عِدَّە)ی

---

نادات کەوا بەشی خۆم و منداڵەکانم بکات ، مەگەر ئەوەی لێ ی ببەم بێ ئەوەی خۆی بزانێت ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی : ((خُذِي مَايَكْفِيكِ وَوَلَدَكِ بِالمَعْرُوفِ)) واتە : ئەوەندەی لێ ببە کە بەشی خۆت و منداڵەکانت بکات بە چاکە [رواه البخاري (٩/ رقم /٥٣٦٤) ومسلم (٣/١٣٣٨/١٧١٤) ] وە لە بەر فەرموودەکەی(مُعَاوِيَة)بڕوانە(پ٥١) .

(١٥٧) لەبەر فەرموودەکەی (فَاطِمَةُ بِنْتُ قَيْس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ڕۆیشتم بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ووتم : من کچی (آل خَالِد)م وە مێردەکەم فلانە کەسە ، و تەلاقی بۆ ناردوم ، وەمن داوای (نَفَقە) و جێگام لەکەس و کاری کردوە ، ئەوانیش پێیان نەدام و ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەرسێ تەلاقەکەی بۆ ناردوە ، فەرمووی : جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِنَّمَا النَّفَقَةُ وَالسُّكْنَى لِلمَرْأَةِ إِذَا كَانَ لِزَوْجِهَا عَلَيْهِ الرَّجْعَةُ)) واتە : (نَفَقە) و جێگا کاتێك بۆ ئافرەتە ئەگەر مێردەکەی مافی گێڕانەوەی بەسەرەوەبێت . [رواه النسائي (٦/١٤٤/٣٤٠٣) و احمد (٦/٤١٦) وهو صحيح بڕوانە صحيح النسائي (٣٣٢٣)] .

وە بەڵگەیش لەسەر ئەوەی کە ئەگەر تەلاقی (رِجْعِي) بێت جێگای بۆ (ثَابِت) دەبێت فەرموودەکەی خوای گەورەیە لە سورەتی (الطلاق :١) دا کە دەفەرمێ : ﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا العِدَّةَ وَاتَّقُوا اللهَ رَبَّكُمْ لاتُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ﴾ واتە : ئەی پێغەمبەر ، ئەگەر ئافرەتانتان تەلاق دا ئەوە لەماوە (عِدَّە) ی شەرعی خۆیان دا تەلاقی بدەن ــ بە تەلاقی سوننی تەلاقی بدەن ــ و ژمارەی ماوە (عِدَّە) کەی ڕابگرن ، ولە خوای گەورە بترسن و دەریان مەکەن لە ماڵەکانی خۆیان ... جا بێگومان لە گەڵ جێگایش دا دەبێت خواردن و خواردنەوەو پۆشاکیشی بۆ بکرێت .

(١٥٨) لەبەر فەرموودەکەی (فَاطِمَةُ بِنْتُ قَيْس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بارەی ئەو ئافرەتەوە کە تەلاقی سێ بەسێ درابێت فەرمووی : ((لَيْسَ لَهَا سُكْنَى وَلانَفَقَة)) واتە : نەجێگای بۆ هەیە و نە (نَفَقَە) یش . [رواه مسلم (٢/١١١٩/١٤٨٠)] .


منتدى إقرأ الثقافي

مردنی مێردەکەیشی دا بێت ، (نَفَقَه)ی بۆ نی‌یە بەڵام جێگای بۆ هەیە (١٥٩) مەگەر ژنەکە ئاووس (حَامِلَه) بێت . (١٦٠) وە ئەگەر باوك و دایك دەست کورت بن ئەوە (نَفَقَه) یان لەسەر کوڕ پێویستە (١٦١) وە بە پێچەوانەیشەوە ، (١٦٢) وە (نَفَقَه) ی کۆیلە و ئاژەڵ لەسەر خاوەنەکەیەتی (١٦٣)

---

(١٥٩) لەبەر فەرموودەکەی (فَاطِمَةُ بِنْتُ قَيْس) بڕوانە (پ١٥٧) ، بەڵام بۆ ئەوەی کە جێگای بۆ هەیە لەماوە (عِدَّه) ی مردنی مێردەکەدا ، لەبەر فەرموودەکەی (الفُرَيْعَةُ بِنْتُ مَالِك) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ١٣٠) . وە خەرجی (نَفَقَه) و پێویستیەکانی تری لە بەشە میراتیەکەی خۆی دەبێت کەلە مێردەکەی بۆی بەجێ دەمێنێت . (وَاللهُ أَعْلَم) .

(١٦٠) لەبەرفەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (الطلاق :٦) دا کە دەفەرمێ : ﴿وَ إِنْ كُنَّ أُوْلَاتِ حَمْلٍ فَأَنفِقُوا عَلَيْهِنَّ حَتَّىٰ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ﴾ واتە : وە ئەگەر خاوەن سك بوون (حَامِلَه) ئەوە خەرجی (نَفَقَه) یان لەسەر بکەن تا سکەکانیان دادەنێن . وە لەبەر فەرموودەکەی (فَاطِمَةُ بِنْتُ قَيْس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو : ((لانَفَقَةَ لَكِ إلاَّ أَنْ تَكُونِي حَامِلًا)) واتە : (نَفَقَه)ت بۆ نی‌یە مەگەر سکت هەبێت . [رواه مسلم (٢/١١١٧/١٤٨٠) و ابو داود (٢/رقم/٢٢٩٠) و غيرهما] .

(١٦١) لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إنَّ أَطْيَبَ مَا أَكَلَ الرَّجُلُ مِنْ كَسْبِهِ وَإِنَّ وَلَدَ الرَّجُلِ مِنْ كَسْبِهِ)) واتە : بێگومان پاك ترین و حەڵاڵ ترین خواردن کە پیاو بیخوات ئەوەیە لەکار و کاسبی خۆی بێت وە کوڕی پیاویش لەکاسبی خۆیەتی . [رواه ابوداود (٣/رقم/٣٥٢٨) والنسائي (٧/٢٤٠/٤٤٤٩) وابن ماجه (٢/٧٦٨/٢٢٩٠) والترمذي (٣/٦٣٩/١٣٥٨) وهو حديث صحيح بروانە صحيح الجامع (١٥٦٦) و الارواء (١٦٢٦)] .

(١٦٢) لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) لە بارەی (هِنْدُ بِنْتُ عُتْبَة) ەوە بڕوانە (پ١٥٦) .

(١٦٣) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لِلْمَمْلُوكِ طَعَامُهُ وَكِسْوَتُهُ وَلايُكَلَّفُ مِنَ العَمَلِ إلاَّ مَايُطِيق)) واتە : کۆیلە خواردن و پۆشاکی خۆی بۆ هەیە – واتە پێویستە خاوەنەکەی بۆی بکات–


منتدى إقرأ الثقافي

..................

وەلەکار کردنیش دا زۆری لێ ناکرێت مەگەر بە ئەندازەی توانای خۆی . [رواه مسلم (٣/٢٨٤/١٦٦٢)] .

وە لەریوایەتێکی تریدا (رقم/٩٩٦) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ((كَفَىٰ بِالمَرْءِ إِثْماً أَنْ يَحْبِسَ عَمَّنْ يَملِكَهُ قُوتَهُ)) واتە : بەسێتی بۆ مرۆڤ تاوان باری ، کەوا خواردن لەوە بگرێتەوە کە ڕۆزی لە ژێر دەستی ئەو دایە . وە فەرموودەکەی (أَبُوذَرْ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((فَلْيُطْعِمَهُ مِمَّا يَأْكُل وَيَلْبَسُهُ مِمَّا يَلْبَسْ)) واتە : با لەو خواردنەی پێ بدات کە خۆی دەیخوات وە لەو پۆشاکەیشە بکاتە بەری کە خۆی دەیپۆشێت [رواه البخاری (١٠/رقم/٦٠٥٠) ومسلم (٣/١٢٨٢/١٦٦١)] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((عُذِّبَتْ إِمْرَأَةٌ فِي هِرَّةٍ سَجَنَتْهَا حَتَّىٰ مَاتَتْ فَدَخَلَتْ فِيهَا النَّارَ ، لاهِيَ أَطْعَمَتْهَا وَ سَقَتْهَا ، إِذْ هِيَ حَبَسَتْهَا وَلا هِيَ تَرَكَتْهَا تَأْكُلُ مِنْ خَشَاشِ الأَرْضِ)) واتە : خوای گەورە ئافرەتێکی سزادا بە هۆی پشیلەیەکەوە کەوا زیندانیی کرد تا مرد ، جا بە هۆیەوە چووە ئاگرەوە نە خواردن و خواردنەوەی پێدا کاتێك زیندانیی کرد ، وە نە بەریشیدا تاوەکو خۆی لە خواردنی سەر زەوی بخوات . [رواه البخاری (٥/رقم٣٤٨٢) و مسلم (٤/رقم٢٢٤٢)] .

**( الحَمْدُ لِلّه ) ئەوە بەشی ژن هێنان و تەلاق دان کۆتایی پێ هات وئێستایش دەچێتە سەر بەشی کڕین و فرۆشتن**



منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی کڕین و فرۆشتن و ئاڵو وێڵ کردن
# (البيوعِ وَالمُعامَلات)

ئاینی پیرۆزی ئیسلام کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردوە [(١٦٤)] وە هانی موسوڵمانی داوە کەوا کار و کاسبی بکات [(١٦٥)] .

---

(١٦٤) بنەڕەت (الأصْل) لە هەموو کڕین و فرۆشتنێك دا حەلاڵییە (الأصْلُ فِي المُعَامَلاتِ الإِبَاحَةُ)، بەهەر شێوەیەك بێت بەو مەرجەی هەردوو لایەی ڕازی بن . مەگەر ئەوەی کەلە شەرع دا قەدەغە کراوبێت . لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة : ٢٧٥) دا کە دەفەرمێ : ﴿وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا﴾ واتە : وە خوای گەورە کڕین و فرۆشتنی حەلاڵ کردووە و سوود. (رِبَا) خواردنیشی حەرام کردووە وە هەروەها لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (النساء :٢٩) دا کە دەفەرموێ : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِيْنَ آمَنُوا لاتَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إلاَّ أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ﴾ واتە : ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ماڵەکانتان لە نێوانتان دا مەخۆن بە ناهەق ، مەگەر بە بازرگانی و کڕین و فرۆشتنێك بەڕەزامەندی هەردوو لا ئەنجام درابێت . وە لەبەر فەرموودەکەی (حَكِيْمُ بنُ حزَام) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((البَيِّعَانِ بِالخِيَارِ مَالَمْ يَتَفَرَّقَا)) واتە:کڕیارو فرۆشیار بەڕەزامەندی خۆیانە تا لەیەك جیانەبوونەتەوە ، واتە : بۆیان هەیە پەشیمانببنەوە تا لەیەك جودا دەبنەوە لەدانیشتنی (مەجلیسی) کڕین و فرۆشتنەکەدا [رواه البخاري (٤/رقم ٢١١٠) ومسلم (٣/١١٦٤/١٥٣٢) وغيرهما] .

(١٦٥) لەبەر فەرموودەکەی (المِقْدَام) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((مَا أَكَلَ أَحَدٌ طَعَاماً قَطُّ خَيْراً مِنْ أَنْ يَأْكُلَ مِنْ عَمَلِ يَدِهِ وَإِنَّ نَبِيَّ اللهِ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلامُ كَانَ يَأْكُلُ مِنْ عَمَلِ يَدِهِ)) واتە : هیچ کەسێك خواردنێکی


منتدى إقرأ الثقافي

وە هەموو ڕێگایەکی حەڵاڵی بۆ بگرێتەبەر و دوور بکەوێتەوە لە هەموو ڕێگایەکی حرام و فێڵ (١٦٦)

---

نەخواردووە هەرگیز چاکتربێت لەوەی لە کاری دەستی خۆی بخوات ، و پێغەمبەر (دَاوُد) سەلامی خوای لێ بێت لەکاری دەستی خۆی دەخوارد)) [رواه البخاري (٤/٣٠٣/٢٠٧٢)] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لیّ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((لأَنْ يَحْتَطِبَ أَحَدُكُمْ حُزْمَةً عَلَىٰ ظَهْرِهِ خَيْرٌ مِنْ أَنْ يَسْأَلَ أَحَداً فَيُعْطِيَهُ أَوْ يَمْنَعَهُ)) واتە : ئەگەر یەکێکیان بەپشتی خۆی کوڵە چیلکە ڕابکێشێت چاکترە لەوەی داوا لە کەسێك بکات ئەویش یان پێی بدات یان پێی نادات)) [رواه البخاري (٤/٣٠٣/٢٠٧٤) وغيره] .

(١٦٦) لەبەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدُالله) (خوایان لیّ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((أَيُّهَا النَّاسُ إتَّقُوا اللهَ وَأَجْمِلُوا فِي الطَّلَبِ فَإِنَّ نَفساً لَنْ تَمُوتَ حَتَّىٰ تَسْتَوفِيَ رِزْقَهَا وَإِنْ أَبْطَأَ عَنْهَا ، فَاتَّقُوا اللهَ وَأَجْمِلُوا فِي الطَّلَبِ ، خُذُوا مَاحَلَّ وَدَعُوا مَاحَرَّمَ)) واتە : ئەی خەڵکینە ، لەخوا بترسن وەلە داوا کردنی دونیادا زیادە ڕەوی مەکەن چونکە هیچ نەفسێك نامرێت تا ڕۆزی خۆی تەواو نەکات ئەگەر چی هەندێك دوایش کەوێت ، دە لەخوا بترسن و زیادە ڕەوی مەکەن لە داواکردنی دونیادا ، ئەوە ببەن کە حەڵاڵە وەواز لەوە بێنن کە حەرامە [رواه إبن ماجه (٢/٧٢٥/٢١٤٤) وهو صحيح ابن ماجه (١٧٤٣)] .

وە فەرموودەی (حَكِيمُ بنُ حِزَام) (خوای لیّ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((البَيِّعَانِ بِالخِيَارِ مَالَمْ يَتَفَرَّقَا ، فَإِنْ صَدَقَا وَبَيَّنَا بُورِكَ لَهُمَا فِي بَيْعِهِمَا وَإِنْ كَتَمَا وَكَذَبَا مُحِقَتْ بَرَكَةُ بَيْعِهِمَا)) واتە: کڕیار و فرۆشیار وان لە (إِخْتِيَار) دان دەتوانن پەشیمان ببنەوە تاوەکو جیا نەبونەتەوە، جا ئەگەر هەردووکیان ڕاست بکەن وە عەیبەکانی ڕوون بکەنەوە ئەوە بەرەکەت دەخرێتە کڕین و فرۆشتنەکەیانەوە ، وە ئەگەر عەیبەکانی بشارنەوەو درۆ لەگەڵ یەك دا بکەن ئەوە بەرەکەت لە کڕین و فرۆشتنەکەیاندا نامێنێت)) [رواه البخاري (٤/٣٢٨/٢١١٠) ومسلم (٣/١١٦٤/١٥٣٢) وغيرهما] .


منتدى إقرأ الثقافي

وە ئەگەر دەوڵەمەندیش بوو فەرمانی خوای تێدا بەجێ بهێنێت ، (١٦٧) وە هەروەها هانی داوە کەوا لەکڕین و فرۆشتن دا ئاسان و لێبوردە بێت

---

وە فەرموودەی (عُقْبَةُ بنُ عَامِرٍ) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((المُسْلِمُ أخُو المُسْلِمِ وَلايَحِلُّ لِمُسْلِمٍ بَاعَ مِنْ أخِيْهِ بَيْعاً فِيْهِ عَيْبٌ إلا بَيَّنَهُ لَهُ)) واتە : موسوڵمان برای موسوڵمانە، وە حەلاڵ نییە بۆ هیچ موسوڵمانێك شتێك بە براكەی بفرۆشێت وعەیبێکی تێدا بێت ڕوونی نەکاتەوە بۆی)) [رواه ابن ماجه (٢/٧٥٥/٢٢٤٦) وهو صحيح بروانه صحيح الجامع (٦٧٠٥)]

وە لەبەر فەرموودەکەی (أبُو هُرَيْرَة) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دای بەلای پیاوێك دا خواردنی دەفرۆشت جا دەستی کردە ناویدا پەنجەکانی تەڕ بوو جا پیٚی فەرموو : ((ئەی خاوەنی ئەم خواردنە ئەمە چییە؟)) ووتی : ئاوی ئاسمان لیٚداوە ، ئەی پێغەمبەری خوا ! فەرمووی : ((ئەی بۆ نەتخستوە تە سەرەوەی خواردنەکەوە تا خەڵکی ببینێت؟)) پاشان فەرمووی : ((مَنْ غَشَّ فَلَيْسَ مِنَّا)) واتە: هەرکەسێك فێڵ بکات ئەوە لە ئێمە نییە)) [رواه مسلم (١/٩٩/١٠٢) وابوداود (٩/٣٢١/٣٤٣٥) مع العون و الترمذي (٢/٣٨٩/١٣٣٧) واللفظ له وغيرهم وهو صحيح بروانه صحيح الترمذي (١٠٦٠) وصحيح ابن ماجة (١٧٠٩)

(١٦٧) لەبەر فەرموودەکەی (مُعَاذُ بنُ عَبْدُالله بنُ خُبَيبٍ عَنْ أبِيْهِ عَنْ عَمِّهِ) کەوا فەرمووی : ڕۆژێك دانیشتبوین لە شوێنێك دا ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات و شوێنەواری ئاو بەسەریەوە دیار بوو ، جا هەندێکمان پیٚی ووت : ئەمڕۆ دەبینین نەفس خۆشی ، ئەویش فەرمووی : ((أجَلْ وَالحَمْدُ لِلّه)) واتە : بەڵیٚ سوپاس بۆ خوا ، پاشان خەڵکەکە باسی دەوڵەمەندیان کرد جا ئەویش فەرمووی ((لَا بَأسَ بِالغِنَى لِمَنْ إتَّقَى ، وَالصِّحَّةُ لِمَنْ إتَّقَى خَيْرٌ مِنَ الغِنَى ، وَطِيْبُ النَّفْسِ مِنَ النَّعِيْمِ)) واتە : ((دەوڵەمەندی هیچ خراپەیەکی تێدا نییە بۆ کەسێك لە خوا بترسێت ، وە لەش ساغی بۆ کەسێك لە خوابترسێت لە دەوڵەمەندی چاکترە ، وە نەفس خۆشی لە بەهرە هەرە گەورەکانە)) [رواه ابن ماجة (٢/٧٢٤/٢١٤١) و هو صحيح بروانة السلسلة الصحيحة (١٧٤) وصحيح ابن ماجة (١٧٤١)].


منتدى إقرأ الثقافي

وەچاوی لەنەدارەکانەوە بێت (١٦٨) وەهانیشی داوە کەوا بەیانیان زوو دەربچێت بۆ کارو کاسبی (١٦٩) وئەگەر چوە بازاڕە وە دوعای بازاڕ بخوێنێت (١٧٠)

---

(١٦٨) لەبەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدالله) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((رَحِمَ اللهُ رَجُلاً سَمْحاً إِذَا بَاعَ وَإِذَا إِشْتَرَىٰ وَإِذَا إِقْتَضَىٰ)) واتە : (ڕەحمەتی خوا لە پیاوێك بێت کەوا لێبوردەیە ئەگەر شتێك بفرۆشێت وەئەگەر شتێك بکرێت وەئەگەر داوای حەقی خۆی بکاتەوە) [رواه البخاري (٤/٢٠٦/٢٠٧٦)] .

وەفەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((كَانَ تَاجِراً يُدَايِنُ النَّاسَ فَإِذَا رَأَى مُعْسِراً قَالَ لِفِتْيَانِهِ تَجَاوَزُوا عَنْهُ ، لَعَلَّ اللهَ أَنْ يَتَجَاوَزَ عَنَّا ، فَتَجَاوَزَ اللهُ عَنْهُ)) واتە : بازرگانێك (تَاجِر) هەبوو قەرزی بەخەڵك ئەدا ، جائەگەر کەسێکی دەست کورتی ببینیایە ، بەکرێکارەکانی دەووت : لێی خۆش بن بەڵکو خوای گەورە لێمان خۆش بێت جا خوای گەورە لێی خۆش بوو[ رواه البخاري (٤/٣٠٨/٢٠٧٨)] .

(١٦٩) لەبەر فەرموودەکەی (صَخْرُالغَامدي) و (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((اللَّهُمَّ بَارِكْ لِأُمَّتِي فِي بُكُورِهَا)) واتە : خوایە بەرەکەت بۆ ئوممەتەکەم بخەرە بەرەبەیان(بەیانیان زوو) یانەوە [رواه ابوداود (٧/٢٦٥/٢٥٨٩)مع العون والترمذي (٢/٣٤٣/١٢٢٠) وابن ماجه (٢/٧٥٢/٢٢٣٦) وهو صحيح بروانە صحيح ابن ماجه (١٨١٨)]

(١٧٠) لەبەر فەرموودەکەی (سَالِمُ بنُ عَبْدُالله بنُ عُمَرِ عَنْ أَبِيْهِ عَنْ جَدِّهِ) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((هەر کەسێك کاتێك دەچێتە بازاڕەوە بڵێ ( لَا إِلَهَ إِلَّااللهُ وَحْدَهُ لَاشَرِيكَ لَهُ ، لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ ، يُحْيِي وَيُمِيتُ وَهُوَ حَيٌّ لَايَمُوتُ ، بِيَدِهِ الخَيْرُ كُلُّهُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيْر ) ئەوە خوای گەورە هەزار هەزار چاکەی بۆ دەنوسێت ، و هەزار هەزار خراپەی لەسەر دەسڕێتەوە وە ماڵێکی بۆ دەکات لە بەهەشت دا )) [ رواه ابن ماجه (٢/٧٥٢/٢٢٣٥) وهو صحيح بروانە صحيح ابن ماجه (١٨١٧) ] .


منتدى إقرأ الثقافي

# ئەو کڕین و فرۆشتنانەی کە قەدەغەی لێ کراوە

# ( البُيُوعُ المَنْهِي عَنْهُ )

هەر کڕین و فرۆشتنێك کە نادیار بێت وببێتە هۆی فریودان (الغَرَر) (١٧١) وە ئەمەش جۆری زۆرە وەك فرۆشتنی ماسی لەئاودا وە فرۆشتنی

---

(١٧١) لەبەر فەرموودەکەی (أبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) ((کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە لە فرۆشتنی بەردو لە فرۆشتنی نادیار و فریودان(الغَرَر) [رواه مسلم (١٥١٣/١١٥٣/٣) وابوداود (٣٣٦٠/٢٣٠/٩) وغيرهما] .

ئیمامی (النَّوَوِي) دەفەرمێ : قەدەغە کردن لە فرۆشتنی (غَرَر) بنەڕەتێکی زۆر گەورەیە لە بنەڕەتەکانی بەشی کڕین و فرۆشتن ، هەر لەبەر ئەوە ئیمامی(مُسْلِم) پێشی خستووە لە کتێبەکەیدا ، وەمەسەلەیەکی زۆر زۆری بەر دەکەوێت وەك(فرۆشتنی کۆیلەی ڕاکردوو ، و شتی نادیار ، و نەزانراو ، وە ئەوەی نەتوانرێت بدرێتە دەست ، وئەوەی کە بەتەواوی نەبووەتە مولکی فرۆشیار ، وە فرۆشتنی ماسی لەئاودا و شیریش لە گوان دا وەبەچکە لەسگ دایك دا وە ... هتد) ئەوانەی لەم شێوەن ، وە فرۆشتنی ئەمانە هەموو بەتاڵە ، چونکە (غَرَر) یکە بەبێ پێویست بوون ... جا ئەگەر پێویست بوو کەوا (غَرَر) بکرێت و خۆی لێ نەدەپارێزرا مەگەر زۆر بە نارەحەتی ، وە (غَرَر)ەکەی بێ نرخ بوو ، ئەوە ئەو فرۆشتنە دروستە ... وە بزانە فرۆشتنی دەست تێوەدان (المُلامَسَة) و فرۆشتنی فڕێ دان (المُنَابَذَة) و فرۆشتنی بەچکە لەسك دایك دا یان تازە لەدایك بوو (حَبَل الحَبَلَة) و فرۆشتنی بەرد (الحَصَاة) وە ئاوی نێر (عَسْبُ الفَحْل) وە ئەوانەیشی وەك ئەمانەن کەوا دەقی تایبەتیان لەسەر هاتووە ، هەمووی دەکەوێتە بەر فرۆشتنی (غَرَر) لە قەدەغە کردن دا ، بەلام بەجیا باس کراوە و قەدەغەی لێ کراوە ، چونکە لە فرۆشتنە نەفامییە(جَاهِلِيَّه) بەر بلاوەکان بووە، (والله اعلم) [ شرح مسلم (١٥٦/١٠) بەدەست کارییەوە ].



منتدى إقرأ الثقافي

بەچكە لە سكی دایك دا [١٧٢] وە فرۆشتنی دەست تێوەدان وە فڕەدان (المُلاَمَسَةُ وَالمُنَابَذَة) [١٧٣] وە فرۆشتنی شیر لەگوان دا [١٧٤] وە فرۆشتنی دەست كەوت پێش دابەش كردنی [١٧٥]. وە فرۆشتنی بەری دار پێش پێگەیشتنی (المُزَابَنَة) وە فرۆشتنی كشتوكاڵ پێش پێگەیشتنی بە ئەندازەیەكی دیاری كراو لە خواردن ، و فرۆشتنی بەری دارخورما بۆ ساڵێك زیاتر بەیەك عەقد (المُعَاوَمَة) ، وە فرۆشتنی بەری دار خورما بەئەندازەیەكی دیاری كراو لە خورما بەلاّم روخسەت بە (عَرَايَا) دراوە ، [١٧٦]

---

(١٧٢) بڕوانە بۆ (پ ١٧١) .

(١٧٣) لەبەر فەرمودەكەی (أَبُو هُرَيْرَةَ) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی كردووە لەدوو فرۆشتن : دەست تێوەدان (المُلاَمَسَة) وە فڕەدان (المُنَابَذَة)..)) ، [رواه مسلم (١٥١١/١١٥٢/٣)] .

وە لەبەر فەرموودەكەی (أَبُو سَعِيدِ الخُدْرِي)یش (خوای لێ ڕازی بێت) لەم بارەوە ، [رواه البخاری (٢١٤٣/٣٥٨/٤) ومسلم (١٥١٢/١١٥٢/٣) وغيرهما.]

(مُلاَمَسَة) : ئەوەیە هەریەكەیان دەست لە پۆشاكی ئەوی تردەدات بەبێ تێ ڕوانینی تەواو . وە (مُنَابَذَة) : ئەوەیە هەریەكەیان پۆشاكی خۆی بۆ ئەوی تر فڕە دەدات وە كەسیان تەماشای پۆشاكی ئەوی تریانی نەكردووە) .

(١٧٤) بڕوانە (پ ١٧١) .

(١٧٥)لەبەر فەرموودەكەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی كردووە لە فرۆشتنی دەست كەوت تا دابەش دەكرێت ...)) [رواه النسائی (٤٦٤٥/٣٠١/٧) و هو صحيح بڕوانە صحيح النسائی (٤٣٣٠) والارواء (١٤٢/٥)] .

(١٧٦) لەبەر فەرمو دەكەی (أَنَسُ بنُ مَالِك) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی كردووە لە ((المُحَاقَلَةُ وَالمُخَاضَرَةُ وَالمُلاَمَسَةُ وَالمُنَابَذَةُ وَالمُزَابَنَة)) [رواه البخاری (٢٢٠٧/٤٠٤/٤)] .



منتدى إقرأ الثقافي

...............

وە لەبەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْـدُالله) (خوایـان لێ ڕازی بێـت) فـەرمووی : ((پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی کـردووە لـە ((المُحَاقَلَةُ وَالمُزَابَنَةُ وَالمُعَاوَمَةُ وَالمُخَابَرَةِ)) وەلە (ثُنيًا) وە ڕوخسەتی داوە بە (العَرَايَا) [ رواه البخاری (٥/٥/٢٣٨١) ومسلم (٣/١١٧٥/١٥٣٦)]

(المُحَاقَلَة) واتە : فرۆشتنی کشتوکاڵ بە ئەندازەیەکی دیاری لە خواردن .

(المُزَابَنَة) واتە : فرۆشتنی بەری دار خورما بە چەند ویسقێکی خورما .

(المُعَاوَمَة) واتە : فرۆشتنی بەری دار خورما بۆ چەند ساڵێك بەیەك (عقد) .

(المُخَاضَرَة) واتە : فرۆشتنی میوە بەسەوزی ، واتا:پێش پێگەیشتن (بە کاڵی).

(المُخَابَرَة) واتە : بەکرێ دانی زەوی بەهەندێك لەو بەرهەمەی لێ ی دەردەچێت .

(الثُنيًا) واتە : جیاکردنەوەی سودێکی نادیار لە فرۆشراوەکەدا .

(عَرَايَا) (النَوَوي) دەفەرمێ :(العَرَايَـا) ئەوەیە کەوا کەسێکی (خَـرْص) زان(تَخْمِينـی) خورمای چەند دار خورمایەك بکات و بڵێت ئەم خورما تەڕەی بەسەر ئەم دار خورمایانــەوە ئەگـەر ووشـك ببێتــەوە سێ ویسـق (بۆ نموونـە) خورمـای تێدا دەبێـت جـا خاوەنەکـەی دەیفرۆشێتە کەسێك بەسێ ویسق خورمـای ووشـك وەهـەر لـەو دانیشتنەدا هـەردووکیان دەیدەنە دەست یەك ، کابرای کڕیار خورما ووشکەکە و کابرای بفرۆشـیش خورمـا تەڕەکـە ، ئەمە دروستە ئەگەر لە پێنج ویسق کەمتربێت ، وە دروست نىیە لـە پێنـج ویسـق زیـاتر ... وە ئەوەی ڕاست بێت ئەمە دروستە بۆ دەوڵەمـەندو هـەژاریش ، وەلـە خورمـای تـەڕو ترێ زیاتر لە هیچی تر دا دروست نىیە، بڕوانە [شرح صحیح مسلم (١٠/١٨٨)] .

**تێبینی :**

یەك ویسق = (٦٠) (صَاع)ە ، وەهەر (صَاع) ێکیش = (٤) گوێلە، وەهەر گوێلێکیش = (٥٥٤) غرامە ، کەوابوو هەر (صَاع)ێك = ٤ × ٥٥٤= ٢,١٧٦ غرام دەکات ، کەوابوو یەك ویسق = ٦٠ × ٢,١٧٦ = ١٣٠,٥٦٠ کیلۆ غرام دەکات، کەواتە پێنج ویسـق = ٥ ×١٣٠,٥٦٠ = ٦٥٢,٨ کیلۆ غرام دەکات.


منتدى إقرأ الثقافي

وەفرۆشتنی بەرد [177] وەفرۆشتنی ئاوی نێر ( عَسْبُ الفَحْلِ) [178] وەکڕین و فرۆشتنی ئـەوەی کەبەدەستی نەگەیەشتوە (مَـالَمْ يَقْبِضْـهُ) [179] وەئەوەیشی کە لای خۆی نییە (مَالَيسَ عِنْدَهُ) [180] وەفرۆشتنی خواردنێك تالەکاتی

(١٧٧) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْـرَةَ) بڕوانـە (پ١٧١) ، ئیمامی (النَّـوَوِي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ فرۆشتنی بەرد (بَيْـعُ الحَصَـاةِ) بەسێ جۆر لەیەك دراوەتەوە :-

یەکەمیان : ئەوەیە بڵێ : لەم پۆشاکانەدا ئەوەیانت پێ دەفرۆشم کەئەم بەردەی دەکەوێتە سەرکاتێك هەڵیدەدەم ، یان لەم زەویەت پێ دەفرۆشم ، لەم شوێنەوە تاوەکو ئەو شوێنەی ئەم بەردەی پێ دەگات .

دووەم : ئەوەیە بڵێ : پێتم فرۆشت لەسەر ئەوەی بۆت هەیە پەشیمان ببیتەوە تائەم بەردە فڕێ دەدەم .

سێیەم : ئەوەیە فڕێدانی بەردەکە خۆی بکەنە فرۆشتن ، جادەڵێ : ئەگەر ئەم پۆشاکەم بەم بەردەوە فڕێ دا ئەوە بەتۆ فرۆشراوە بەئەوەندە .

(١٧٨) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایـان لێ ڕازی بێـت) کـەوا فـەرمووی: پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی کردوە لە (عَسْـبُ الفَحْـل) واتـە : پیـاوێك ئـاژەڵێکی نێری هەیە بەپارە کەڵی ئاژەڵی مێی کەسێکیتری پێ ئەدات .[رواه البخاري (٤/٤٦١/٢٢٨٤) وغيره] .

(١٧٩) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی : ((مَنْ ابْتَـاعَ طَعَامَـاً فَـلاَ يَبِعْـهُ حَتَّـىٰ يَقْبِضَـهُ)) واتـە : هەرکەسێك خواردنێکی کڕی با نەیفرۆشێت تاوەری دەگرێت (إِبْنُ عَبَّـاس) فـەرمووی : وادەزانم هـەموو شتێك وەك خواردن وایە لەم قەدەغە کردنەدا [رواه البخاري (٤/٤٣٩/٢١٣٥) ومسلم (٣/١١٦٠/١٥٢٥) واللفظ له] .

(١٨٠) لەبەر فەرموودەکەی (حَكِيمُ بنُ حِزَام) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرموویـەتی : ووتم ئەی پێغەمبەری خوا ، پیاوێك داوای شتێکی فرۆشتنم لێ دەکات و لەلای خۆم نییـە ، ئایا بیفرۆشم ؟ فەرمووی ((لاَتَبِعْ مَالَيْسَ عِنْدَكَ)) واتە : ئەوە مەفرۆشە کـە لـەلای خۆت


منتدى إقرأ الثقافي

کڕینی دا کێشانەی دەکات و لەکاتی فرۆشتنیشی دا کێشانەی دەکات (حَتَّى يَجْرِيَ فِيهِ الصَّاعَان)[181] وە دروست نی‌یە خەڵکی شاریٚ شت بۆ خەڵکی بێگانە بفرۆشێت (الحَاضِرِ لِبَاد)[182] وە زیادکردنی نرخ بەمەبەستی فریودانی خەڵکی (التَّنَاجُش)[183] وەزەم کردن بەسەر کڕینی

---

نی‌یە [رواه ابن ماجه (٢/٧٣٧/٢١٨٧) والترمذي (٢/٣٥٠/١٢٥٠) وابو داود (٩/٤٠١/٣٤٨٦) مع العون والنسائي (٧/٢٨٩) وهو صحيح بروانه الارواء (١٢٩٢)] .

(١٨١) لەبەر فەرموودەکەی (عُثْمَان) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پیٚی فەرموو : ئەگەر شتێکت کڕی ئەوە پێوانەی کە، وەئەگەر فرۆشتیشت ئەوا پێوانەی کە [رواه احمد (١/٦٢) والبخاري (٤/٢٤٣-٣٤٤) معلقا].

وە لەبەر فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرموویەتی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە لەفرۆشتنی خواردن تا دوو (صَاع)ی بەسەردا تیٚ نەپەڕێت (صَاع)ی فرۆشیار و (صَاع)ی کڕیار)) [رواه ابن ماجه (٢/٧٥٠/٢٢٢٨) والدار قطني (٣/٨/٢٤) والبيهقي (٥/٣٠٦) . وهو حديث صحيح بروانه صحيح ابن ماجه (١٨١٢)] .

(١٨٢) لەبەر فەرموودەکەی (أَنَسُ بنُ مَالِك) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی :(( قەدەغەمان لیٚکرا کەوا کەسێکی خەڵکی شار شت بفرۆشێت بۆ کەسێکی دەرەوەی شار ، ئەگەر چی برایشی بێت یان باوکی)) [رواه البخاري (٤/٣٧/٢١٦١) ومسلم (٣/١١٥٨/١٥٢٣) وغيرهما] .

وەفەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((لاَيَبِعْ حَاضِرٌ لِبَادٍ دَعُوا النَّاسَ يَرْزُقَ اللهُ بَعْضَهُمْ مِنْ بَعْضٍ)) واتە : باخەڵکی شار بۆ خەڵکی دەرەوە هیچ نەفرۆشن ، واز لەخەڵکی بێنن با خوا ڕۆزی هەندێکیان بەهەندێکی تریان بدات [رواه مسلم (٣/١١٥٧/١٥٢٢)] . قەدەغەکردنی فرۆشتنی کابرای شاری بۆ کابرای لادێی لەبەر ئەوەیە ، چونکە کابرای شار لەنرخی شار چاك دەزانیٚ جا ئەگەر ئەو بۆی بفرۆشێت ، ئەوە نایەڵێت خەڵکی سوودی لیٚ وەربگرن .

(١٨٣) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی کردووە لە (النَّجَش) [رواه البخاري (٤/٣٥٥/٢١٤٢) ومسلم (٣/١١٥٦/١٥١٦)].


منتدى إقرأ الثقافي

خەڵکی دا (البَیْعُ عَلَى بَیْعِ بَعْضٍ) (١٨٤) وەچون (ڕۆیشتن)بەپیری بارەوە پێش گەیشتنی بەبازاڕ (تَلَقِّي الرُّكْبَان) (١٨٥) وەدروست نییە هیچ سوودێك لەفرۆشراوەكە جیا بكرێتەوە مەگەر شتێكی دیاری كراو بێت وەك سوار بوون

---

وە(نجش): ئەوەیە کەسێك نرخی فرۆشراوەكە زیاد كات نەك بەمەبەستی كڕین ، بەڵكو بەمەبەستی ئەوەی خەڵكی پێ فریو دات بۆ ئەوەی بەنرخێكی گران بیكڕن.

(١٨٤) لەبەر فەرموودەكەی (أبُوهُرَیرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی ((پێغەمبەری خوا قەدەغەی كردووە لەوەی خەڵكی شار شت بۆ خەڵكی دێ بفرۆشێت و لەفرۆشتنی (نَجَش) وەلەوەی پیاوێك شت بكڕێت بەسەركڕینی براكەی دا وە لەوەی داوای ژنێك بكات بەسەر داوای براكەی دا ...)) [رواه البخاري (٢١٤٠/٣٥٣/٤) ومسلم (١٥١٥/١١٥٥/٣)] .

وەفەرموودەكەی (إبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((لاَیَبِعْ أحَدُكُمْ عَلَىٰ بَیْعِ أخِیْهِ)) واتە : هیچ كە سێكتان شت مەكڕن بەسەر كڕینی براكەتان دا [رواه احمد (١٢١/٢) والنسائي (٤٥٠٣/٢٥٨/٧) . وهو صحيح بروانه صحيح النسائي (٤١٩٥)] .

(١٨٥) لەبەر فەرموودەكەی (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی:((لاتَلَقَّوا الرُّكْبَان ولاَیَبِعْ حَاضِرٌ لِبَادٍ)) واتە : مەچنە(نەڕۆنە) پیری بارەوە و كەسێكی شاری بۆ كەسێكی لادێیی هیچ نەفرۆشێت [رواه البخاري (٢١٥٨/٣٧٠/٤) ومسلم (١٥٢١/١١٥٧/٣)] .

وە (تَلَقِّي الرُّكْبَان): ئەوەیە كەوا كۆمەڵێك ، باری بازرگانی دەهێنن بۆ شار جا ئەم بچێتە ڕێگایان لێیان بیكڕێت پێش گەیشتنیان بەبازاڕ و زانینی نرخی بازاڕ . وەئەو كەسەی بەو شێوەیە فریو بدرێت دەتوا نێت لێی بسێنێتەوە و بەنرخی بازاڕ پێی بفرۆشێت ، لەبەر فەرموودەكەی (أبو هُرَیْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی كردووە لەوەی بچێتە سەر ڕێگای كاروان ، جا ئەگەر یەكێك چوو و لێی كڕین ، ئەوە خاوەن بارەكە بۆی هەیە پەشیمان ببێتەوە ئەگەر گەیشتە بازاڕ)) [رواه مسلم (١٥١٩/١١٥٧/٣) واحمد (٤٨٧/٢) وابو داود (٢٤٣٧/٧١٨/٣) والترمذي (١٢٢١/٥٢٤/٣) والنسائي (٢٥٧/٧) وابن ماجه (٢١٧٨/٧٣٥/٢) وغيرهم] .


منتدى إقرأ الثقافي

بۆ ماوەیەکی دیاری کراو [(١٨٦)] وەقەدەغە (نَهي) کراوە لەهەڵگرتنی هەرشتێکی پێویست و شاردنەوەی (الإحْتِكَار) بەمەبەستی گران کردنی لەسەر موسوڵمانان [(١٨٧)]

---

(١٨٦) لەبەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) بڕوانە (پ ١٧٦) وەلە ڕیوایەتی [الترمذی (٣/٥٨٥/١٢٩٠) والنسائي (٧/٣٧/٣٨٨٠)] دا بەم (لَفظ)ە هاتووە عن جابر ((أنَّ رَسُولُ اللهِ ﷺ نَهىٰ عَنِ المُحَاقَلَةِ وَالمُزَابَنَةِ وَالمُخَابَرَةِ وَالثُّنيَا إلاّ أنْ تُعْلَمَ)) [وهو صحيح بڕوانە صحيح سنن الترمذی (١٠٣٦)] .

وەلەبەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِاللهِ) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا بەسەر ووشترێکەوە بوو پەکی کەوتوبوو ، جا ویستی وازی لێ بێنێ ، فەرمووی : جا پێغەمبەری خوام (ﷺ) پێ گەیشت و دوعای بۆ کردم و لێیدا ، جا ڕێ کردنێك کەوتە ڕێ هەرگیز لەوەو پێش بەو شێوە ڕێی نەکردبوو جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : بیفرۆشە پێم بەوەقەیەك، ووتم : نەء ، پاشان فەرمووی : بیفرۆشە پێم ، جا منیش پێم فرۆشت بە وەقەیەك زیو ، وەئەوەم لێ بەجیاگرت کەوا هەڵم بگرێت (سواری بم) تالای کەس و کارم ، جا کە گەیشتم ووشترەکەم بۆ هێنا ، ئەویش یەکسەر نرخەکەی پێ دام، پاشان گەڕامەوە ، جا ناردی بە شوێنم دا و فەرمووی : ((أَتُرَانِي مَاكِسْتُكَ لِآخُذَ جَمَلَكَ ؟ خُذْ جَمَلَكَ وَ دَرَاهِمَكَ، فَهُوَ لَكَ)) واتە : واتبینی من مامەڵەم لەگەڵ کردی بۆ ئەوەی ووشترەکەت ببەم ؟ ببە ئەوە ووشترەکەت و دەرهەمەکانیشتە ، ئەویش بۆ تۆیە [رواه البخاری (٥/٣١٤/٢٧١٨) ومسلم (٣/١٢٢١/٧١٥)] .

(١٨٧) لەبەر فەرموودەکەی (مَعْمَرُ بنُ عَبْدِالله) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((لا يَحْتَكِرُ إلّا خَاطِئ)) واتە : کەس ماڵی فرۆشتن هەڵناگرێت بۆ گران کردنی مەگەر کەسێك بەهەڵە دا چووبێت [رواه مسلم (٣/٢٢٨/١٦٠٥)] .

دەبینین فەرموودەکە بە (عَام) هاتوە ، وتایبەتی (إحْتِكَار)ی بەخواردنەوە نەکردوە ، بەڵام ئیمامی (النَّوَوي) دەفەرموێ : هاوەڵەکانمان (هاوەڵانی شافیعی) دەڵێن : (إحْتِكَار)ی حەرام ئەوەیە کەوا تایبەتە بەو خواردنەوە کەهەڵبگیرێت (قُوت) ، ئەوەیش بەوەی ئەوخواردەمەنییە هەڵ بکرێت لەکاتی گرانی دا ، وەنەیفرۆشێت یەکسەر ، بەڵکو



منتدى إقرأ الثقافي

## وە هەروەها قەدەغەیش کراوە لە نرخ دیاری کردن (التَّسْعِير) مەگەر لەبەر پێویستی (١٨٨)

---

هەڵیدەگرێت بۆ ئەوەی نرخی گران بێت ، بەڵام ئەگەر بیکڕێت یان لەلادێوە بیهێنێت لەکاتی هەرزانی دا و هەڵیبگرێت ، یان بیکڕێت لەکاتی گرانی دا بۆ پێویستی خواردنی ، یان بیکڕێت بۆ ئەوەی بیفرۆشێت لەکاتی خۆیدا ئەوە (إِحْتِكَار)نییە وەهیچ حەرامییەکی تێدا نییە ، وەئەگەر خواردەمەنی(قُوت) نەبێت ئەوە(إِحْتِكَار)ی تێدا نییە بەهیچ حاڵەتێك ، ئەمە درێژەی بۆ چوونی ئیمەیە [ بڕوانە شرح صحيح مسلم (٤٣/١١)] .

وە (أَبُو يُوسُف) دەفەرمووێ : (هەموو شتێك گیردانی زیان بەخەڵکی بگەیەنێت ئەوە (إِحْتِكَار)ە ئەگەر ئاڵتونیش بێت یان پۆشاك) بڕوانە (سُبُلُ السَّلَام) وەشێخ (مُحَمَّد صِدِّيق حَسَن خَان) دەفەرمووێ : زۆر لێ کردن لەکەسێك (إِحْتِكَار)ی کردبێت کەوا بیفرۆشێت هیچ نەبێت دروست (جَائِز)ە، ئەگەر پێویست (وَاجِب)یش نەبێت ، چونکە ئەمە لە بەشی فەرمان بەچاکەو قەدەغە کردن لە خراپەیە ، جا ئەویش پێویستە لەسەر هەموو (مُكَلَّف)ێك [ بڕوانە الروضة الندية] .

(١٨٨) لەبەر فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) نرخی شت و مەك زۆر بەرز بویەوە جاووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا نرخمان بۆ دیاری بکە ، ئەویش فەرمووی : ((إِنَّ اللهَ هُوَ الْمُسَعِّرُ الْقَابِضُ الْبَاسِطُ الرَّازِقُ وَإِنِّي لَأَرْجُوا أَنْ أَلْقَىٰ اللهَ وَلَيْسَ أَحَدٌ مِنْكُمْ يُطَالِبُنِي بِمَظْلَمَةٍ فِي دَمٍ وَلَامَالٍ)) واتە : بەڕاستی خوای گەورە خۆی دانەری، نرخە خۆی (الْقَابِض)ە (الْبَاسِط)ە (الرَّازِق)ە ، وەمن هیوام وایە بگەمەوە بەخوای گەورە وەکەستان نەبێت داوای مافێکی خۆیم لێ بکاتەوە نە لەخوێن دا ونە لە ماڵ دا [رواه احمد (١٥٦/٣) وابي داود (٣٤٥١/٧٣١/٣) والترمذي (١٣١٤/٦٠٥/٣) وابن ماجه (٢٢٠٠/٧٤١/٢) وغيرهم وهو حديث صحيح صححه الالباني في غاية المرام رقم (٣٢٣) وە بڕوانە صحيح ابن ماجة (١٧٨٧)] .

( مُحَمَّد صِدِّيق خَان)دەفەرمێ : وە لە(الْهِدَايَة)دا هاتوە: وە نابێت دەسەڵات دار نرخی شتو مەك بەسەر خەڵکیدا دیاری بکات جا ئەگەر خاوەن خواردنەکان بەئارەزووی خۆیان نرخیان دا دەنا وەستەمێکی زۆریان لە نرخ دەکرد وەقازیش نەیدەتوانی


منتدى إقرأ الثقافي

وەلەقەرزو فرۆشتن بەیەکەوە (سَلَفٌ وَبَيْع) (١٨٩) وەلەدوو مەرج لە فرۆشتنێك دا (شَرْطَانِ فِي بيع) (١٩٠) وە هەروەها قەدەغەیش کراوە لە

---

پارێزگاری لەمافی موسوڵمانان بکات تەنها بەدیاری کردنی نرخ نەبێت ، ئەوە لەو کاتەدا هیچ خراپەیەکی تێدا نیە بەپاوێژ کردنی خاوەن ڕاو عەقڵەکان نرخ دیاری بکرێت .

(١٨٩) لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لَايَحِلُ سَلَفٌ وَبَيْع ، وَلَاشَرْطَانِ فِي بَيْعٍ وَلَارِبْحُ مَالَمْ يَضْمَنْ وَلَابَيْعُ مَالَيْسَ عِنْدَكَ)) واتە : حەڵاڵ نیە قەرزو فرۆشتن پێکەوە وەنە دوو مەرج لە فرۆشتنێك دا وەنەقازانجی فرۆشتنی شتێك وەرنەگیرابێت وەنە فرۆشتنی ئەوەی لات نیە [رواه ابو داود (٣/٧٦٩/٣٥٠٤) والترمذي (٣/٥٣٥/١٢٣٤) والنسائي (٧/٢٨٨/٤٦١١) واحمد (٢/١٧٤) وغيرهم وهو حديث حسن صحيح بروانە صحيح الترمذي (٩٨٨) وصحيح النسائي (٤٢٩٧) وابن ماجه (١٧٨١) و السلسلة الصحيحة (١٢١٢)] .

وەشێوەی قەرزو فرۆشتن لەیەك مامەڵەدا ئەوەیە وەك ئیمامی (أحْمَد) دەفەرموێ: قەرزێکی بداتێ ، پاشان شتێکی پێ بفرۆشێت زیادەی بخاتە سەر . وەیان لەوانەیە شتێکی بەقەرز بخاتەلا جا بڵێ ئەگەر لات ئامادە نەبوو لەماوەی دیاری کراودا ئەوە بەفرۆشتن بەسەر تەوە حسێبە [ بروانە صحيح الترمذى (٩/٢)] .

[redacted] (شَرْحُ السُّنَّة) دا دەفەرموێ: (ئەوەیە بڵێ : ئەم پۆشاکەت پێ دەفرۆشم بە دە(١٠) درهەم بەومەرجەی دە(١٠) درهەم قەرزم بدەیتێ ، وەمەبەست بە (سَلَف) لێرەدا قەرزە ، جا ئەمەش (فَاسِد)ە ، چونکە ئەو دە(١٠) درهەمەی بەپێی قەرزەکە کردوە بەنرخی پۆشاکە ، جا ئەگەر ئەو مەرجە — نەیەتەجێ و— بکەوێت ئەوە هەندێك لەنرخی پۆشاکە دەکەوێت جا ئەوەی مایەوە لەنرخی فرۆشراوەکە جگە لە دە(١٠) درهەمەکە بەرانبەر بە نادیار دەبێت) واتا بە نادیاری دەمێنێتەوە جا کەوابوو ئەگەر قەرزەکەی بداتێ ئەوە سوودە (رِبَا)یە چونکە وەك زانایانی (أصُول) دەفەرمن: ((كُل قَرْضٍ جَرَّ نَفْعاً فَهُوَ رِبَاً)) و ئەگەر پێشی نەدا ئەوە هەندێك لە نرخەکەی بەنادیاری (مَجْهُول) دەمێنێتەوە [ بروانە الروضة الندية] .

(١٩٠) لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) . بروانە (پ/١٨٩) .



منتدى إقرأ الثقافي

## دوو فرۆشتن لە فرۆشتنێك دا (بَيْعَانِ فِي بَيْعَة) [191] وە لە فرۆشتنی (عِينَة) [192]

وە شێوەی (شَرْطَانِ فِي بَيْع) ئەوەیە، وەك خاوەنی (الحُجَّةُ البَالِغَة) دەفەرموێ: (وەمانای دوو مەرج ئەوەیە کەوا مافی فرۆشتنەکە بە مەرج بگرێت و شتێکی تری دەرەوەیش لەگەڵیدا بە مەرج بگرێت وەك بڵێ: ئەبێ ئەوەم پێ ببەخشیت یا لای فلانەکەس تکایەکم بۆ بکەیت یان ئەگەر پێویستت بە فرۆشتنی هەبوو بەخۆم زیاتر بەکەسی تری نەفرۆشیتەوە، وەلەوجۆرە مەرجانە، جا ئەمە دوو مەرجە لەیەك مامەڵەدا) [الحجة البالغة (١٠٩/٢) بروانه الروضة الندية].

(١٩١) لەبەر فەرمودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردوە لەدوو فرۆشتن لە فرۆشتنێك دا)) [رواه احمد (٤٣٢/٢) وابوداود (٣٤٦١/٧٣٨/٣) والترمذي (١٢٣١/٥٣٣/٢) والنسائى (٤٦٣٢/٢٩٥/٧) وهو صحيح بروانه صحيح الترمذي(٩٨٥) وصحيح النسائى (٤٣١٨)].

وەلە (لَفْظ)ی (أبوداود) دا فەرمووی: ((مَنْ بَاعَ بَيْعَتَيْنِ فِي بَيْعَةٍ فَلَهُ أَوكَسُهُمَا أَوِ الرِّبَا)) واتە: ((هەرکەسێك دوو فرۆشتن لە فرۆشتنێك دا بفرۆشێت ئەوە یان کەمەکەیان دەبات یان وەکو ڕیبا دەبات)) [(٣٤٦١/٧٣٨/٣) وهو حديث حسن حسنه الالبانى الارواء(٥/١٤٩-١٥٠)].

و (بيعتين فى بيعه): ئەوەیە (وەك هەندێك لە زانایان فەرموویانە): بڵێ ئەم پۆشاکەت پێ دەفرۆشم بەپارەی حازر بە دە(١٠) و بەقەرزیش بە بیست(٢٠) [بروانە صحيح الترمذي (٩/٢)].

وە هەر کەسێك ویستی زیاتر شارەزا بێت با تەماشای کتێبی(السِّلْسِلَةُ الصَّحِيْحَة لِلأَلْبَانِي) رقم(٢٣٢٦) وە نامیلکەی (القَوْلُ الفَصْل في بَيْعِ الأَجَل لِلشَّيْخ عَبْدُالرَّحْمَن عَبْدُالخَالِق) بکات.

(١٩٢) لەبەر فەرموودەکەی (اِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((إِذَا تَبَايَعْتُمْ بِالعِينَة، وَأَخَذْتُمْ أَذْنَابَ البَقَرِ، وَرَضِيتُمْ بِالزَّرْعِ، وَتَرَكْتُمُ الجِهَادَ سَلَّطَ اللهُ عَلَيْكُمْ ذُلًّا لَايَنْزِعُهُ حَتَّى تَرْجِعُوا إِلَى دِينِكُمْ)) واتە:


منتدى إقرأ الثقافي

وەکڕیار دەتوانێت بە مەرجی بێفێڵی شت بکڕێت (١٩٣) .

## ئەو شتانەی کە فرۆشتنی حەرامە

## ( مَايَحْرُمُ بَيْعُهُ )

حەرامە فرۆشتنی مەی و مردارەوە بوو و بەراز (١٩٤)

---

هەرکاتێك فرۆشتنی (عِيْنَة) تان کرد ، وکلکی مانگاتان گرت وەڕازی بوون بەکشت و کاڵ و ماڵ داری ووازتان لە خەبات (جِهَاد) کردن هێنا ئەوە خوای گەورە زەلیلی و سەر شۆڕیتان بەسەردا زاڵ دەکات ، وە لەسەرتان لای نابات تا نەگەڕێنەوە بۆ ئاینەکەتان)) [رواه ا بودلود (٣/رقم/٣٤٦٢) وهو حديث صحيح بروانە صحيح الجامع(٤٢٣)] .

(بَيْعُ العِيْنَة) ئەوەیە : شتێك بفرۆشێت بەقەرز و بیداتە دەستی کابرای کڕیار ، پاشان پێش وەرگرتنی نرخەکەی لێی بکڕێتەوە بەنرخێکی حازری کەم تر لەوەی پێی فرۆشتووە لەپێشا [ بروانە الوجيز في فقه السنة والكتاب العزيز ل(٣٣٥)] .

(١٩٣) لەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا لای پێغەمبەری خوادا (ﷺ) باسی پیاوێکیان کرد کە بەردەوام فریو دەدرێت لە کڕین و فرۆشتن دا ، جا ئەویش فەرمووی : ((إِذَا بَايَعْتَ فَقُلْ لَاخِلَابَةَ)) واتە : ئەگەر شتێکت کڕی ئەوە بڵێ : بەبێ فریودان)) [رواه البخاری (٤/رقم ٢١١٧) ومسلم (٣/١١٦٥/١٥٣٣) و غيرهما] .ئەمەش بەڵگەیە کەوا ئەگەر یەکێك وای ووت ئەوە بۆی هەیە پەشیمان ببێتەوە ئەگەر فێڵی لێ کرا .

(١٩٤) لەبەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا بیستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مەککەدا لەساڵی ئازاد کردنی دا (عَامُ الفَتْح) دەیفەرموو : ((إِنَّ اللهَ ورَسُولَهُ حَرَّمَ بَيْعَ الخَمْرِ وَالمَيْتَةِ وَالخِنْزِيرِ وَالأَصْنَامِ)) واتە : بەڕاستی خواو



منتدى إقرأ الثقافي

و خوێن [(١٩٥)] و هەموو وێنەیەکی گیان لەبەر [(١٩٦)] وپشیلەو

---

پێغەمبەرەکەی فرۆشتنی مەی و مردارەوە بوو و بەرازو بتیان حەرام کرد ، جا ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا ڕۆنی مردارەوە بوو حەڵاڵە ؟ چونکە کەشتی پێ چەور دەکرێت وە پێستی پێ چەور دەکرێت وە خەڵکی بەکاری دێنن بۆ چراو ڕووناکی ، ئەویش فەرمووی : نەء ، ئەوە حەرامە، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەوێدا فەرمووی : ((قَاتَلَ اللهُ اليَهُودَ ، إِنَّ اللهَ لَمَّا حَرَّمَ شُحُومَهَا جَمَلُوهُ ثُمَّ بَاعُوهُ فَأَكَلُوا ثَمَنَهُ)) واتە : خوا جوولەکە بکوژێت ، خوای گەورە کاتێك کە (شَحْم)ەکەی لەسەر حەرام کردن ، تاواندیانەوە ، پاشان فرۆشتیان و نرخەکەیان خوارد [رواه البخاري (٤/رقم ٢٢٣٦) ومسلم (١٥٨١/١٢٠٧/٣) وابو داود (٣٤٦٩/٢٧٧/٩) والترمذي (١٣١٥/٣٨١/٢) وغيرهم] .

(١٩٥) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو جُحَيْفَـةَ)(خوای لێ ڕازی بێت) (( کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە لە نرخی خوێن)) [رواه البخاري (٢٢٣٨/٤٢٦/٤)] .

(١٩٦) لەبەر فەرموودەکەی (سَعِيدُ بنُ أَبِي الحَسَنِ) کەوا فەرمووی : ((لای (إِبْنُ عَبَّاس) بووم (خوایان لێ ڕازی بێت) پیاوێك هاتە خزمەتی جا ووتی : ئەی (إِبْنُ عَبَّاس) من مرۆڤێکم ژیانم لەسەر کاری دەستم دەڕوات وەمن ئەم وێنەیانە دروست دەکەم ، جا (إِبْنُ عَبَّاس) فەرمووی : هیچت پێ نالێم تەنها ئەوە نەبێت کەلە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بیستومە ، دەیفەرموو : ((مَنْ صَوَّرَ صُورَةً فَإِنَّ اللهَ مُعَذِّبَهُ حَتَّى يَنْفُخَ فِيهَا الرُّوحَ ، وَلَيْسَ بِنَافِخٍ فِيهَا أَبَداً)) واتە : هەر کەسێك وێنەیەك بکات ئەوە خوای گەورە سزای دەدا تا گیانی بەبەردا دەکات ، وە هەر گیز گیانی بەبەریشدا ناکات)) جا کابرا پێی تێك چوو وەڕەنگی زەرد هەڵگڕا ، ئەویش فەرمووی:(وَيْـح) بۆتۆ ، ئەگەر هەرویستت بیکەیت ئەوە وێنەی ئەو دارانە بکە ، وهەر شتێکیش گیان لە بەر نەبێت)) [رواه البخاري (٢٢٢٥/٤١٦/٤) واللفظ لە ومسلم (٢١١٠/١٦٧/٣)]. وە(وَيْـح) : ووشەی بەزەییە،بە پێچەوانەی (وَيْل)ەوە کە بۆ سزایە.

منتدى إقرأ الثقافي

سەگ (١٩٧) مەگەر بۆ پێویستی (١٩٨) و زیادە ئاوو (١٩٩) هەموو شتێکی حەرامیش (٢٠٠)

# پەشیمان بوونەوە لەکڕین و فرۆشتن

# ( الخِيَارَات )

## کڕیار و فرۆشیار بۆیان هەیە پەشیمان ببنەوە تا لەیەك

---

(١٩٧) لەبەر فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کرد لەنرخی سەگ و پشیلە)) [رواه مسلم (١٥٦٩/١١٩٩/٣) وابوداود (٣٤٧٩/٧٥٢/٣) والترمذي (١٢٧٩/٥٧٧/٣) وغيرهم] .

(١٩٨) هەر لەبەر فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) کە لە ریوایەتی (النَّسَائِي) دا هاتووە : ((کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە لەنرخی سەگ و پشیلە . تەنها سەگی ڕاو نەبێت)) [رواه النسائي (٤٦٦٨/٣٠٩/٧) وهو صحيح بروانە صحيح النسائي (٤٣٥٣)] .

(١٩٩) لەبەر فەرموودەکەی (إِيَاسُ بنُ عَبْد) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە لە فرۆشتنی زیادە ئاو)) [رواه احمد (١٣٨/٤) وابوداود (٣٤٧٨/٧٥١/٣) والترمذي (١٢٧١/٢٧١/٣) والنسائي (٤٦٦٢/٣٠٧/٧) وهو حديث صحيح النسائي (٤٣٤٧) وصحيح ابن ماجه (٢٠٠٨)] .

(٢٠٠) لەبەر فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) لە (پ١٩٤) جا لە (طریق)کەی (إِبْنُ عَبَّاس)دا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لَعَنَ اللهُ اليَهُودَ حُرِّمَتْ عَلَيْهِمْ الشُّحُومُ فَبَاعُوهَا وَأَكَلُوا ثَمَنَهَا ، وَإِنَّ اللهَ إِذَا حَرَّمَ عَلَى قَوْمٍ أَكْلَ شَيْءٍ ، حَرَّمَ عَلَيْهِمْ ثَمَنَهُ)) واتە : نەفرینی خوا لە جوولەکەبێت ڕۆنەکەی لەسەریان حەرام کرد جا فرۆشتیان و نرخەکەیان خوارد ، وە خوای گەورە ئەگەر خواردنی شتێکی لەسەر قەومێك حەرام کرد ، ئەوە نرخەکەیشی لەسەر حەرام کردوون)) [رواه احمد (٣٧٠/٣) وابوداود (٣٤٨٨/٧٥٨/٣) وهو حديث اسناده صحيح بروانە صحيح الجامع(٥١٠٧)] .


منتدى إقرأ الثقافي

جیادەبنەوە [٢٠١] وە حەرامیشە هەڵسان لە دانیشتنی (عَقْد)ەکەدا لەترسی پەشیمان بوونەوە [٢٠٢] وە بۆیشیان هەیە ماوەیەك دیاری بکەن بۆ پەشیمان بونەوە [٢٠٣] ، و ئەگەر کەم و

---

(٢٠١) لەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر) (خوایان لیٰ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەر مووی : ((إذَا تَبَايَعَ الرَّجُلانِ فَكُلُّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا بِالخِيَارِ مَالَمْ يَتَفرَّقَا وكَانَ جَمِيْعاً ، أَوْ يُخَيِّرُ أَحَدُهُمَا الآخَر ، فَإنْ خَيَّرَ أَحَدُهُمَا الآخَر فَتَبايَعَا عَلَى ذَلكَ فَقَدْ وَجَبَ البَيْعُ ، وَإنْ تَفَرَّقَا بَعْدَ أَنْ تَبَايَعَا وَلَمْ يَتْرُكْ وَاحِدٌ مِنْهُمَا البَيْعَ فَقَدْ وَجَبَ البَيْعُ)) واتە : ئەگەر دووپیاو شتێکیان بەیەك فرۆشت ئەوە هەریەکەیان بۆیان هەیە پەشیمان ببنەوە تا بەیەکەوەن و جیا نەبوونەتەوە ، یان یەکێکیان پەشیمانی دەداتە دەستی ئەوی تر یان ، جا ئەگەر یەکێکیان پەشیمانی داوە دەستی ئەوی تریان جا فرۆشتنەکە لەسەر ئەوە ڕوویدا ئەوە فرۆشتنەکە دامەزرا ، وە ئەگەر لەیەك بونەوە پاش ئەوەی (عَقْد)ی فرۆشتنەکەیان کرد وە کەسیان فرۆشتنەکەیان بەجیٚ نەهێشت ئەوە فرۆشتنە کە دامەزراوە)) [رواه البخاري (٤/٣٣٢/٢١١٢) ومسلم (٣/١١٦٣/١٥٣١)] .

(٢٠٢) لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عُمَرو) (خوایان لیٰ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((البَيِّعَان بِالخِيَارِ مَالَمْ يَتَفرَّقَا إلا أَنْ تَكُونَ صَفْقَة خِيَارٍ ، فَلا يَحِلُّ لَهُ أَنْ يُفَارِقَ صَاحِبَهُ خَشْيَةَ أَنْ يَسْتَقِيْلَهُ)) واتە : ((کڕیار و فرۆشیار بۆیان هەیە پەشیمان ببنەوە تا لەیەك جیا دەبنەوە ، مەگەر خۆیان ماوەی بۆ دیاری بکەن ، جا حەلاڵ نی یە بۆی لە هاوڵەکەی جیابێتەوە (لەدانیشتنەکە)دا لەترسی ئەوەی ئەوەك پەشیمان ببێتەوە [رواه ابوداود (٩/٣٢٤/٣٤٣٩) و الترمذي (٢/٣٦٠/١٢٦٥)والنسائي (٧/٢٥١) وهو صحيح بروانە صحيح الجامع (٢٨٩٥) وصحيح النسائي (٤١٧٥)] .

(٢٠٣) لەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر) (خوایان لیٰ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إنَّ المُتَبَايِعَيْنِ بِالخِيَارِ فِي بَيْعِهِمَا مَالَمْ يَتَفَرَّقَا أَوْ يَكُونَ البَيْعُ خِيَارًا)) واتە : بەڕاستی کڕیار و فرۆشیار بۆیان هەیە پەشیمان ببنەوە لە فرۆشتنەکەیان دا تالەیەك جیادەبنەوە یان خۆیان پەشیمان بوونەوەی بۆ دانانەن)) [رواه البخاري


منتدى إقرأ الثقافي

کورپییەك لە فرۆشراوەکەدا هەبوو ، فرۆشیار ئاگاداری کڕیاری نەکردبووەوە ، ئەوە کڕیار بۆی هەیە پەشیمان ببێتەوە ئەگەر پێی زانی (٢٠٤)

# سوود خواردن ( الرِّبَا ) (٢٠٥)

وەرگرتنی سوود (رِّبَا) دوو بەشی هەیە:

---

(٢١٠٧/٢٢٦/٤) ومسلم (١٥٣١/١١٦٣/٣) وە فەرموودەکەی تری (إِبْنُ عُمَر) و (إِبْنُ عَمْرو)یش بڕوانە (پ ٢٠١) و (پ ٢٠٢)] .

(٢٠٤) لەبەر فەرموودەکەی(أَبُوهُرَيرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنِ إشْتَرىٰ غَنَماً مُصَرَّاةٍ فَاحْتَلَبهَا فَإِنْ رَضِيَهَا أَمْسَكَهَا ، وَإِنْ سَخِطَهَا فَفِي حَلْبَتِهَا صَاعٌ مِنْ تَمْرٍ)) واتە : ئەگەر کەسێك مەڕی کڕی بەنەدۆشراوی جا کاتێك کە دۆشی، ئەگەر پێی ڕازی بوو ئەوە دەستی پێوە بگرێت ، وە ئەگەر پێی ڕازی نەبوو ئەوە لەجیاتی ئەو دۆشینە (صَاع) ێك خورمای پێ بدات ، وەمەڕەکەی بداتەوە [رواه البخاری (٢١٥١/٣٦٨/٤) وهذا لفظه ، ومسلم (١٥٢٤/١١٥٨/٣) وغيرهما] .

وەلەبەر فەرموودەکەی تری (أَبُوهُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لا تُصَرُّو الإِبِلَ وَالغَنَمَ فَمَنْ إِبْتَاعَهَا بَعْدَ فَإِنَّهُ بِخَيْرِ النَّظَرَيْنِ بَعْدَ أَنْ يَحْتَلِبهَا ، إِنْ شَاءَ أَمْسَكَ ، وَإِنْ شَاءَ رَدَّهَا وَصَاعٌ مِنْ تَمْرٍ)) واتە : ئەگەر ویستان مەڕو وشتر بفرۆشن ئەوە نەیهێڵنەوە بەبێ دۆشین، جا هەرکەسێك پاش ئەوەی کڕی ئەوە بۆی هەیە پاش دۆشینی تەماشا بکات ئەگەر ویستی لێ هەبوو ئەوە دەستی پێوە دەگرێت وە ئەگەر ویستیشی لێ نەبوو ئەوە دەیگێڕێتەوە لەگەڵ (صَاع) ێك خورما دا لەجیاتی ئەو شیرەی دۆشیویێتی)) [رواه البخاری (٢١٤٨/٣٦١/٤) وغيره] .

(٢٠٥) (الرِّبَا) لە زمانی عەرەبیدا لە (رَبَا يَرْبُو)وە وەرگیراوە ، وە ماناکەیشی لەزمانی عەرەبیدا واتە : سوود .



منتدى إقرأ الثقافي

## سوودی قەرز (النَّسِيئَة) (٢٠٦) و سوودی زیادە (الفَضْل) (٢٠٧) وە هەردوو جۆرەکەی حەرامە لە شەرع دا (٢٠٨)

---

(٢٠٦) (رِبَا النَّسِيْئَة) ئەو زیادەیە یە کە قەرز دەر وەری دەگرێت لەو کەسەی قەرزی دەداتێ بەرانبەر بەو ماوەیەیی کە لایەتی بۆ نموونە : (١٠٠٠) دیناری دەداتێ بەقەرز بۆ ماوەی مانگێك پاش مانگەکە (١٢٠٠) دیناری لێ دەوێت ، جا ئەو (٢٠٠) دینارە زیادەیە ، (رِبَا النَّسِيْئَة) یە .

(٢٠٧) (رِبَا الفَضْل) فرۆشتنی پارەیەکە بە پارەیەکی جۆری خۆی بەزیاتر، یان فرۆشتنی خواردنێك بە خواردنێکی جۆری خۆی بەزیاتر ، بۆ نموونە : ملوانکەیەکی ئاڵتون کە (١٢) مثقال پاك دەربکات بفرۆشرێتەوە بە (١٣) دیناری ئاڵتونی ، ئەو مثقاڵە زیادەیە (رِبَا الفَضْل)ە . یان کیلۆیەکی گەنمی کەڵەتی بدرێ بە دوو کیلۆ گەنمی مەکسی ئەوە ئەو کیلۆ زیادەیە ، (رِبَا الفَضْل)ە .

(٢٠٨) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة :٢٧٨-٢٧٩) دا کە دەفەرموێ : ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِيْنَ آمَنُوا اتَّقُوا اللهَ وَذَرُوا مَابَقِيَ مِنَ الرِّبَا إنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِيْنَ ، فَإنْ لَمْ تَفْعَلُوا فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِنَ اللهِ وَرَسُولِهِ وَإنْ تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُؤُوس أَمْوَالِكُمْ لاتَظْلِمُونَ وَلا تُظْلَمُونَ﴾ واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە لەخوا بترسن وە ئەوەی ماوە لە سوودتان (بەسەر خەڵکەوە) وازی لێ بێنن ، ئەگەر باوەڕدارن ، جا ئەگەر دەست لە (سوود خۆری) هەڵنەگرن ، ئەوە جاڕی جەنگ کردن لێ بدەن لەگەڵ خواو پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ) ، وە ئەگەر پەشیمانیش ببنەوە ئەوە تەنها سەرمایەکانتان هی خۆتانە بەبێ سوود . بەم شێوەیە نەستەم دەکەن و نەستەمیشتان لێ دەکرێ .

وە فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة :٢٧٦) دا کە دەفەرموێ : ﴿يَمْحَقُ اللهُ الرِّبَا وَيُرْبِيْ الصَّدَقَاتِ وَاللهُ لايُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيْمٍ﴾ واتە : خوای گەورە سوود (وسوود خواردن) بێ بەرەکەت دەکات وە بەرەکەتیش دەخاتەخێرو چا کەوە وە خوای گەورەیش هیچ بێ باوەڕێکی تاوانباری خۆش ناوێت . وە ئایەتی ﴿وَأَحَلَّ اللهُ البَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا﴾ بڕوانە (پ ١٦٤) .

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) سود خواردن بەیەکێك لەتاوانە گەورەکان ناو دەبات کە دەبنە هۆی تیاچوونی مرۆڤ وەك لە فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) دا هاتووە کەوا



منتدى إقرأ الثقافي

# ئەوشتانەی کە سوود (رِبا)ی تێدا حەرامە
# (الأَصْنَافُ الَّتِي يَحْرُمُ فِيهَا الرِّبَا)

سوود(رِبَا) لەشەش شت دایە زێڕ (ئاڵتون) وزیو[٢٠٩] وگەنم و جۆو خورماو خوێ[٢١٠] هەرجۆرێك لەم شەش جۆرە ئەگەر بەجۆرەکەی خۆی

---

دەفەرموێ : ((إِجْتَنِبُوا السَّبْعَ المُوبِقَات)) جا یەکێك لەوانە فەرمووی : ((وَأَكْلُ الرِّبَا)) [رواه البخاري (٥/٣٩٢/٢٧٦٦) ومسلم (١/٩٢/٨٩) وغيرهما] .

وە (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێ : ((لَعَنَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) آكِلَ الرِّبَا ومُوكِلِهِ وكَاتِبِهِ وَشَاهِدَيْهِ وَقَالَ هُمْ سَوَاءٌ)) واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەفرەتی کردووە لە سوود خۆر وە ئەوەیشی دەیداتە دەرخواردی وەئەوەی دەینوسێت وە ئەوانەیشی کە دەبنە شایەت جا فەرمووی : ئەمانە هەموویان لە تاواندا وەکو یەك وان)) [رواه مسلم (٣/١٢١٩/١٥٩٨)] .

وە (إبنُ مَسْعُود) (خوای لێ ڕازیبێت) دەفەرموێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((الرِّبَا ... وَسَبْعُونَ بَاباً أَيْسَرُهَا مِثْلَ أَنْ يَنْكِحَ الرَّجُلُ أُمَّهُ)) واتە : سوود وەرگرتن هەفتاو سێ جۆری هەیە ئاسان ترین و سوك ترینیان وەکو ئەوە وایە پیاو لەگەڵ دایکی خۆیدا جووت ببێت)) [رواه الحاكم (٢/٣٧/) و هو صحيح بروانه صحيح الجامع (٣٥٣٩)] .

(٢٠٩) پارەو پولی ئێستایش هەر (رِبَا) ی تێدا حەرامە چونکە ئەو لەجێگەی ئاڵتوون و زیو دانراوە .واتە : دیناری عێراقی کاغەز یان ئاسن ، دروست نییە بە دیناری عێراقی بگۆڕیتەوە ، مەگەر وەکو یەك و دەست بەدەست بێت . بەڵام دروستە دیناری عێراقی بەپارەی وڵاتێکی تر بگۆڕیتەوە (بۆ نموونە)بە تومەنی ئێرانی یا لیرەی تورکی بەزیاتر یان بەکەمتر. چونکە جۆرەکەی جیاوازە .

(٢١٠) لەم شەشەدا جیاوازی نییە لەنێوان زانایان دا کەوا (رِبَا) ی تێدایە بەڵام جگە لەم (شەش) ە زانایان جیاوازن ، ئایە شتی تر هەیە (رِبَا) ی تێدا بێت یان نییە . ئەو ڕایەی کە ئێمە بەڕاستی دەزانین ئەوەیەکەوا جگە لەم شەشە کە لەفەرموودەدا باس


منتدى إقرأ الثقافي

فرۆشرا ئەوە دەبێت لەکێشانەدا وەك یەك بێت بەبێ تەماشاکردنی چاکی و خراپی وەهەروەها دەبێت لەدانیشتنی کڕین و فرۆشتنەکەدا هەردوو لایەن وەریبگرن (٢١١) وەئەگەر هەرجۆرێك لەم جۆرانە بەجۆرێکی تری فرۆشرا

---

کراوە لەهیچی تردا (رِبَا) نییە ، چونکە هیچ بەلگەیەکی ڕاست و ڕاشکاو (صَرِيْح)مان لەسەری نییە . بڕوانە [ (الرَوْضَةُ النَّدِيَة لِمَتْنِ الدُّرَرِ البَهِيَة) لمُحَمَّد صِدِّيْق حَسَن خَان و(سُبُلُ السَّلَام) للأَمِيْرِ الصَّنْعَانِي و(المُحَلَّى) لإبْنِ حَزْمٍ وَ(سَيْلُ الجَرَّار) لِلشَّوْكَانِي] .

(٢١١) لەبەر فەرموودەکەی (عُبَادَةُ بنُ صَامت) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ والفِضَّةُ بِالفِضَّةِ وَالبُرُّ بِالبُرِّ وَالشَّعِيْرُ بِالشَّعِيْرِ وَالتَّمْرُ بِالتَّمْرِ والمِلْحُ بِالمِلْحِ مِثْلاً بِمِثْلٍ ، سَوَاءً بِسَوَاءٍ يَداً بِيَدٍ ، فَإذَا إخْتَلَفَتْ هَذِهِ الأَصْنَافُ فَبِيْعُوا كَيْفَ شِئْتُمْ إذَا كَانَ يَداً بِيَدٍ)) واتە : ئاڵتون بەئاڵتون و زیو بەزیو و گەنم بەگەنم و جۆ بەجۆ و خورما بەخورماو خوێ بەخوێ وەکو یەك ئەوەندەی یەك ، دەست بەدەست ، بەڵام ئەگەر ئەم جۆرانە لەیەك جیابوون ئەوە چۆن ویستان لێ بوو بیفرۆشن ئەگەر دەست بەدەست بوو [رواه مسلم (٣/١٢١١/١٥٨٧)].

وەلەبەر فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد الخُدْرِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لاتَبِيْعُوا الذَّهَبَ بِالذَّهَبِ إلاَّ مِثْلاً بِمِثْلٍ ولاَ تُشِفُّوا بَعْضَهَا عَلَىٰ بَعْضٍ ولاَ تَبِيْعُواْ الوَرِقَ بِالوَرِقِ إلاَّ مِثْلاً بِمِثْلٍ ولاَ تُشِفُّواْ بَعْضَهَا عَلَىٰ بَعْضٍ ولاَ تَبِيْعُواْ مِنْهَا غَائِباً بِنَاجِزٍ)) واتە : ئاڵتون بەئاڵتون مەفرۆشن مەگەر بەئەندازەی یەك ، وە هەندێکی فەزڵ مەدەن بەسەر هەندێکی تری دا ، وەزیو بە زیویش مەفرۆشن مەگەر بەئەندازەی یەك ، وەهەندێکی فەزڵ مەدەن بەسەر هەندێکی تردا ، وەحازریشی مەفرۆشن بەقەرز [رواه البخاري (٤/٣٧٩/١٧٧) ومسلم (٣/١٢٠٨/١٥٨٤) وغيرهما] .

وەفەرموودەکەی‌تری (أَبُو سَعِيْد) کەوا فەرمووی : خوا ڕۆزی ئەداین بە خورمای کۆکراوە لەسەر دەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) کەخورمایەکی تێکەڵی جۆراو جۆر بوو ، جائێمەیش دەمانفرۆشت بەخورمای چاك دوو (صَاع) بە (صَاع) ێك ، جا ئەمە گەیشت بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) جافەرمووی ((لاَصَاعَيْ تَمْرٍ بِصَاعٍ ولاَ صَاعَيْ حُنْطَةٍ بِصَاعٍ ولاَ دِرْهَمٍ بِدِرْهَمَيْنِ)) واتە : دوو (صَاع) خورما بە (صَاع) ێك نابێت ، وەدوو (صَاع) گەنم بە


منتدى إقرأ الثقافي

ئەوە دروستە یەکێکیان کێشەکەی زیاتریش بێت بەلام بەو مەرجەی ئەگەر هەر لەو دانیشتنەدا هەردوو لایەن وەریبگرن [٢١٢] وەئەگەر جۆرێك لەم جۆرانە فرۆشرا بەجۆرێکی تری جیاواز لە (صِفَة) و (علّة) دا ئەوە دروستە ئەگەر یەکێکیان زیاتریش بێت و قەرزیش بێت. [٢١٣] وەدروست نییە جۆرێك بەجۆرەکەی خۆی بفرۆشێت بەبێ ئەوەی بزانێت کێشانەیان وەك

---

(صَاع) یێك نابێت و درهەمێك بەدوودرهەم نابێت . [رواه البخاري (٤/٣١١/٢٠٨٠) ومسلم (٣/١٢١٦/١٥٩٥) واللفظ له وغيرهما] .

(٢١٢) لەبەر فەرموودەی (عُبَادَة) ی پێشوو بڕوانە (پ ٢١١) و لەڕیوایەتێکی تری دا فەرمووی ((وَلاَ بَاسَ بَيْعِ الذَّهَبِ بِالفِضَّةِ ، وَالفِضَّةُ أكْثَرُهُمَا ، يَداً بِيَدٍ وَامَّا نَسِيْئَةً فَلاَ ، وَلاَ بَاسَ بِبَيْعِ البُرِّ بِالشَّعِيْرِ وَالشَّعِيْرُ أكْثَرُهُمَا يَداً بِيَدٍ وَامَّا النَّسِيْئَةَ فَلاَ)) واتە : وەهیچ خراپەیەکی تێدا نییە ئەگەر ئاڵتون بەزیو بفرۆشێت ، بازیوەکەش زیاتر بێت ، دەست بەدەست بەلام بەقەرز نابێت ، وەهیچ خراپەیەکی تێدا نییە ئەگەر گەنم بەجۆ بفرۆشرێت باجۆکەیش زیاتربێت دەست بەدەست بەلام بەقەرز نابێت [رواه ابوداود (٩/١٩٨/٣٣٣٣) وهو صحيح بڕوانە الارواء (٥/١٩٥)] .

(٢١٣) لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەندێ خواردنی لەکابرایەکی جولەکە کڕی ، جا قەڵغانەکەی بەبارمتە (رَهْن) خستبوە لای [رواه البخاري (٤/٣٩٩/٢٢٠٠)] .

(الأمِيْرُالصَّنْعَانِي)(رەحمەتی خوای لێ بێت)دەفەرموێ : وەبزانە زانایان یەکڕا (مُتَّفِق)ن لەسەر ئەوەی کەوا دروستە فرۆشتنی شتێك لەو شتانەی کە (رِبَا)ی تێدایە بەشتێ تر کە (رِبَا)ی تێدایە،بەلام لەیەك ڕەگەز (جِنْس) نەبن،بەقەرزو بەزیاتریش وەك: فرۆشتنی ئاڵتون بەگەنم و وزیویش بەجۆ ، وە جگە لەمانەش [ بڕوانە سُبُلُ السَّلَام (٣/٣٨)] .

منتدى إقرأ الثقافي

**یەك وایە [٢١٤] وەئەگەر شتی تری لەگەڵ دابێت دەبێت جیا بکرێتەوە لەکاتی کێشانەدا [٢١٥] وەدروست نی‌یە فرۆشتنی تەڕ (رُطب) بەوەی ووشك بوەتەوە ، مەگەر بۆ (العَرايَا) [٢١٦] هەروەها فرۆشتنی گۆشت بەئاژەڵی**

---

(٢١٤) لەبەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) (خوايان لیّ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە لەفرۆشتنی بڕێك خورما کەوا کێشانەی نەزانرێت بەهەندێك خورما کەوا کێشەکەی دیاری بێت)) [رواه مسلم (١٥٣٠/١١٦٢/٣)] .

(٢١٥) لەبەر فەرموودەکەی (فَضَالَةُ بنُ عُبَيْدٍ) (خوای لیّ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : لەڕۆژی (خَيْبَر) دا ملوانکەیەکی ئاڵتونم کڕی بە (١٢) دینار ئاڵتون و ملوانکەکەیش مووری پێوە بوو ، جا کەلەیەك جیا مکردەوە بینیم زیاتر لە (١٢) دیناری تێدایە ، جا باسم کرد بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش فەرمووی : ((لاَ تُبَاعُ حَتَّىٰ تُفَصَّلَ)) واتە : نابێت بفرۆشرێت تا لەیەك جیا دەکرێتەوە [رواه مسلم (١٥٩١/١٢١٣/٣)] .

(٢١٦) لەبەر فەرموودەکەی (اِبْنُ عُمَر) (خوایان لیّ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە لە (المُزَابَنَة) و (مُزَابَنَة)یش فرۆشتنی بەری دار خورمایە بەخورمای ووشك بەیەك کێشانە وەفرۆشتنی تریّ یە بەمێوژ بەکێشانە)) [رواه البخاري (٢١٨٥/٣٨٤/٤) ومسلم (١٥٤٢/١١٧١/٣)] .

وە فەرموودەکەی (زَيْدُ بنُ ثَابِتٍ) (خوای لیّ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : (پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕوخسەتی بە (العَرَايَا) داوە کەوا بفرۆشرێت بەتەخمین (خَرْص)ە کەی بەکێشانە) [رواه البخاري (٢١٩٢/٣٩٠/٤) ومسلم (١٥٣٩/١١٦٩/٣)] . بڕوانە (پ١٧٦) وەئەم قەدەغە کردنەش هۆی ئەوەیە تەڕ کەووشك بویەوە کێشەکەی کەم دەکات لەبەر فەرموودەکەی (سَعدُ بنُ أبي وَقَاص) (خوای لیّ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسیاری لیّ کرا لەبارەی فرۆشتنی خورمای تەڕ بەخورمای ووشك جا ئەویش فەرمووی : ئایا تەڕ ئەگەر ووشك بویەوە کەم دەکات ؟ ووتیان:بەڵیّ ، جا ئەویش قەدەغەی لەوەکرد)) [رواه ابو داود (٣٣٤٣/٢١١/٩) وابن ماجه (٢٢٦٤/٧٦١/٢) والنسائي (٢٦٩/٧) والترمذي (١٢٤٣/٣٤٨/٢) وهو صحيح بروانه الارواء (١٣٥٢)] .


منتدى إقرأ الثقافي

زیندوو (حَیَوان) [217] بەڵام دروستە فرۆشتنی ئاژەڵێك بەدوو ئاژەڵ یان زیاتر لەجۆری خۆی [218] وە سەلەم کردنیش دروستە [219] بەوەی

---

(٢١٧) لەبەر فەرموودەکەی (سَمُرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە لەفرۆشتنی شەك (ئاژەڵی زیندوو) بەگۆشت))[رواه الحاكم في المستدرك (٢/٣٥) وقال صحيح الاسناد و وافقه الذهبي والبيهقي في السنن الكبرى (٥/٢٩٦) وقال هذا اسناد صحيح وهو حسن بروانه الارواء (٥/١٩٨) رقم (١٣٥١)] .

وەلەبەر (أثر)ەکەی (سَعِيدُ بنُ المُسَيَّب) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کەوا فەرموویەتی: ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردوە کەوا ئاژەڵی زیندوو (حیوان) بەگۆشت بفرۆشرێت))[رواه مالك (٢/٦٥٥) مرسلاً] .

(٢١٨) لەبەر فەرموو دەکەی (عَبْدُاللهِ بن عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کرد سوپایەك ئامادە بکات ، جا ووشتر تەواو بوو ، جا فەرمانی پێ کرد کەوا لەبەچکە ووشترەکانی زەکات ببات ، جا هەر ووشترێکی بەدوو بەچکە ووشتر وەردەگرت)) [رواه ابوداود (٣/٦٥٢/٣٣٥٧) وغيره هو حديث حسن . بروانه الادلة الرضية (ل٢١٤)] .

(٢١٩) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة :٢٨٢) دا کە دەفەرموێ : ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى فَاكْتُبُوهُ﴾ واتە : ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەگەر قەر زێکتان کرد بۆ ماوەیەکی دیاری کراو ئەوە بینوسنەوە . (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) فەرمووی : ((شایەتی ئەدەم کەوا سەلەمی زەمانەت کراو بۆ ماوەیەکی دیاری کراو خوای گەورە لە قورئانەکەیدا حەڵاڵی کردوەو ڕوخسەتی پێداوە ، پاشان ئەم ئایەتەی پێشووی خوێندەوە ...)) [رواه الحاكم (٢/٢٨٦) والبيهقي (٦/١٨) وهو صحيح بروانه الارواء (١٣٦٩)] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس)یش کەوا فەرمووی : ((کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ (مَدِينَه) خەڵکی (مَدِينَه) سەلەمیان دەکرد بەخورما بۆ دووساڵ و سێ ساڵ جا ئەویش فەرمووی : ((مَنْ أَسْلَفَ فِي شَيْءٍ فَفِي كَيْلٍ مَعْلُومٍ وَوَزْنٍ مَعْلُومٍ إِلَىٰ أَجَلٍ مَعْلُومٍ)) واتە : هەرکەسێك لە شتێك دا سەلەمی کرد ئەوە با بەپێوانەو کێشانەیەکی دیاری کراوبێت بۆ ماوەیەکی دیاری کراویش بێت [رواه البخاري (٤/٤٢٩/٢٢٤٠) ومسلم


منتدى إقرأ الثقافي

کەسێك شتێکی نەبینراو بفرۆشێت کەلە پاشان دەیداتە دەستی بەنرخێکی حازر کەلەو دانیشتنەدا دەیداتێ بەو مەرجەی سیفەت و کێشی شتە نەبینراوەکە دیاری بکرێ لەگەڵ کاتی دانە دەستیدا (٢٢٠)

# قەرز ( القَرْض )

قەرزدان بەخەڵکی خێرو پاداشتی زۆری هەیە (٢٢١)

---

(١٦٠٤/١٢٢٦/٣) واصحاب السنن] . و (إِبْنُ المُنْذِر) لە کتێبی (الإِجْمَاع) دا دەفەرمێ : (أَجْمَعَ كُلُّ مَن نَحْفَظُ عَنْهُ أَنَّ السَّلَمَ جَائِزٌ) .

(٢٢٠) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس)ی پێشوو بڕوانە (پ ٢١٩).
(مُحَمَّد صِدِّيق حَسَن خَان) دەفەرموێ : ((مەرجەکانی سەلەم دیاری کردنی ڕەگەز (جِنْس)ی سەلەم کراوەکەیە و وەئەبێتیش دیاری بێت بەپێوانە یان بەکێشانەو بۆ ماوەیەکی دیاری کراویش بێت ، جا ئەمە سێ‌مەرجە وەهیچ بەڵگەیەکمان نییە بەڵگەبێت لەسەر بە مەرج گرتنی مەرجی‌تر جگە لەم سێ مەرجە)) [بڕوانە الروضة الندية] .
منیش دەڵێم : مەبەستی مامۆستا (مُحَمَّد) ئەوەیە کەوا ئەو مەرجانەی کە هەندێ لە زانایان دایان ناوە هیچ پێویست ناکات ، چونکە پەیوەندی بەتێکچون و تێك نەچونی نێوان کڕیار و فرۆشیارەوە هەیە ، کەوابوو پەیوەندی بە دامەزراندن و دانەمەزراندنی (عَقْد)ی سەلەمەکەوە نییە . بۆیە گونجاو ڕاستە نییە هیچ مەرجێك بە مەرجی ڕاستی دامەزراندنی سەلەم دابنرێت جگە لەوسێ مەرجە کە بەڵگەی لەسەرە . بەڵام ئەوەی کە هەندێك لە زانایان دەیکەن بەمەرج وەك دیاری کردنی شوێنی دانە دەستی و ... دەتوانی بڵێیت ئەگەر دیاری بکرێت چاکترە بۆ ئەوەی لەکاتی دانە دەستی هیچ دووبەرەکیەك دروست نەبێت لە نێوانی کڕیارو فرۆشیاردا .

(٢٢١) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ مَسْعُود) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی : ((مَامِنْ مُسْلِمٍ يُقْرِضُ مُسْلِماً قَرْضاً مَرَّتَيْنِ إِلاَّ كَانَ كَصَدَقَتِهَا مَرَّةً)) واتە : هەر موسوڵمانێك دووجار قەرز بە موسوڵمانێك بدات ئەوە وەك ئەوە وایە جارێك

منتدى إقرأ الثقافي

## وە قەرز کردنیش تاوانە و هەرەشەی زۆری لەسەرە مەگەر زۆر پێویست بێت (٢٢٢)

---

خێری پێ کردبێت و بەخێر پێی دابێت)) [رواه ابن ماجه (٢/٨١٢/٢٤٣٠) وهو صحيح بروانە الإرواء (١٣٨٩) وصحيح ابن ماجه (١٩٧٢)] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (أبو هُرَيْرَةَ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُسْلِمٍ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ الدُّنْيَا نَفَّسَ اللهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ القِيَامَةِ ، وَمَنْ يَسَّرَ عَلَىٰ مُعْسِرٍ يَسَّرَ اللهُ عَلَيْهِ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَاللهُ فِي عَوْنِ العَبْدِ مَادَامَ العَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ)) واتە : هەرکەسێك نارەحەتییەك لەسەر موسڵمانێك لابدات لەنارەحەتێکانی دوونیا ئەوە خوای گەورە نارەحەتییەك لە نارەحەتییەکانی ڕۆژی قیامەتی لەسەر لادەبات ، وە هەرکەسێك بارێکی قورس لەسەر موسڵمانێك ئاسان بکات لەدونیا ئەوە خوای گەورە باری دونیاو قیامەتی لەسەر سووك و ئاسان دەکات وە خوای گەورە لە یارمەتی بەندەکەیدایە تائەو بەندە لە یارمەتی دانی براکەی دابێت)) [رواه مسلم (٤/٢٠٧٤/٢٦٩٩) وابوداود (١٣/٢٨٩/٤٩٢٥) مع العون والترمذي (٤/٢٦٥/٤٠١٥)].

(٢٢٢) لەبەر ئەو فەرموودانەی کەلەو بارەیەوە هاتوون . لەوانە فەرموودەکەی (ثَوْبَان)ی مەولای پێغەمبەری خوا (ﷺ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ فَارَقَ الرُّوحُ الجَسَدَ وَهُوَ بَرِيءٌ مِنْ ثَلَاثٍ دَخَلَ الجَنَّةَ : مِنَ الكِبْرِ وَ الغُلُولِ وَالدَّيْنِ)) واتە : هەرکەسێك گیانی لەلاشەی جیا ببێتەوەو بەری بێت لەسێ شت دەچێتە بەهەشتەوە : لەفیز زلی و دەست کەوت دزین و قەرزاری)) [رواه ابن ماجه (٢/٨٠٦/٢٤١٢) والترمذي (٣/٦٨/١٦٢١) وهو صحيح بروانە صحيح ابن ماجه (١٩٥٦)] .

وە فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَةَ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((نَفْسُ المُؤْمِنِ مُعَلَّقَةٌ بِدَيْنِهِ حَتَّىٰ يُقْضَىٰ عَنْهُ)) واتە : نەفسی باوەڕدار بەستراوەتە قەرزەکەیەوە (لەڕۆژی قیامەت دا) تا بۆی دەدرێتەوە ، [رواه الترمذي (٣/٢٧٠/١٠٨٤) وهو صحيح بروانە صحيح الجامع (٦٧٧٩)].

وە فەرموودەکەی (أَبُو قَتَادَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژێکیان هەستا و باسی جیهادی بۆ کردن لە پێناوی خوادا وە باوەڕ بەخوا


منتدى إقرأ الثقافي

وە حەرامە بردنی پارەی خەڵکی بەمەبەستی نەدانەوەی [(٢٢٣)] وە پێویستە لەسەر ئەوکەسەی قەرز دەکات لەکاتی خۆیدا بەجوانی بیداتەوە [(٢٢٤)] وە

---

چاکترین کردەوەکانە ، جا پیاوێك هەستا ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر من کوژرام لەپێناوی خوادا ، ئایە لە هەموو تاوانەکانم خۆش دەبێت؟ جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پـێی فـەرموو : ((نَعَمْ ، إِنْ قُتِلْتَ فِي سَبِيْلِ اللهِ وَأَنْتَ صَابِرٌ مُحْتَسِبٌ مُقْبِلٌ غَيْرُ مُدْبِرٍ)) واتە : بەڵێ ، ئەگەر لەپێناوی خوادا بکوژرێیت و ئارام گریبیت و داوای پاداشت لەخوای گەورە بکەیت و پشتت هەڵنەکەیت . پاشان پێغەمبەری خوا فەرمووی : ((كَيْفَ قُلْتَ؟)) واتە : چۆنت ووت؟ ووتی : ئایە ئەگەر لەپێناوی خوادا بکوژرێم ئایە لەهەموو تاوانەکانم خۆش دەبێت؟ جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((نَعَمْ ، إِنْ قُتِلْتَ فِي سَبِيْلِ اللهِ وَأَنْتَ صَابِرٌ مُحْتَسِبٌ مُقْبِلٌ غَيْرُ مُدْبِرٍ إِلَّا الدَّيْنَ فَإِنَّ جِبْرِيْلَ عَلَيْهِ السَّلَامُ قَالَ لِي ذَلِكَ)) واتە : بەڵێ ، ئەگەر لەپێناوی خوادا بکوژرێیت و ئارام بگریت و داوای پاداشت لەخوا بکەیت و پشت هەڵنەکەیت ئەوە لە هەموو تاوانەکانت خۆش دەبێت ، جگە لە قەرز ، چونکە (جبریل) وای پێ ووتم [رواه مسلم (١٨٨٥/١٥٠٥/٣) والترمذي (١٧٦٥/١٢٧/٣) وغيرهما].

(٢٢٣) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَةَ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ أَخَذَ أَمْوَالَ النَّاسِ يُرِيْدُ أَدَاءَهَا أَدَّى اللهُ عَنْهُ ، وَمَنْ أَخَذَ يُرِيْدُ إِتْلَافَهَا أَتْلَفَهُ اللهُ)) واتە : هەرکەسێك پارەی خەڵکی ببات و ویستی ئەوەی بێت بیداتەوە ئەوە خوای گەورە خۆی بۆی جێبەجێ دەکات وە دەیداتەوە، وە هەرکەسێك بیبات و ویستی ئەوەی بێت نەیداتەوە و لەناوی بدات ئەوە خوا لەناوی دەبات)) [رواه البخاري (٢٣٨٧/٥٣/٥)] .

(٢٢٤) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (النساء :٥٨) دا کە دەفەرموێ : ﴿إِنَّ اللهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالعَدْلِ ، إِنَّ اللهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ إِنَّ اللهَ كَانَ سَمِيْعاً بَصِيراً﴾ واتە : بەڕاستی خوای گەورە فەرمانتان پێ دەکات کەوا ئەوەی بە ئەمانەت دراوەتە دەستتان بیدەنەوە



منتدى إقرأ الثقافي

دروستە چاکترو زیاتریش بێت ئەگەر بەمەرج نەگیرابوو [٢٢٥] وە پێویستە لەسەر ئەوەی قەرزیش دەدات ، لەکاتی خۆیدا بەجوانی داوای بکاتەوە [٢٢٦] و چاوی بەزەیی و سۆزی لەو

---

بە خاوەنەکانیان وە ئەگەر دادوەریتان کرد لەنێوان خەڵکی دا ئەوە بەڕاستی و دادگەری بیکەن ، بەڕاستی خوا باشترین ئامۆژگاریتان دەکا بەڕاستی خوای گەورە بیسەرو بینەرە.

وە لەبەر فەرموودەکەی (إِسْمَاعِيْلُ بنُ إبْرَاهِيْم بن عَبْدالله بن أَبِي رَبِيْعَةَ المَخْزُومِي عَنْ أَبِيْهِ عَنْ جَدِّهِ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێ کە غەزای (حُنَيْن)ی کرد سی(٣٠) هەزار یان چل(٤٠) هەزاری لێ قەرز کرد ، جا کاتێك گەڕایەوە دایەوە پێی ، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو : ((بَارَكَ اللهُ لَكَ فِي أَهْلِكَ وَمَالِكَ ، إِنَّمَا جَزَاءُ السَّلَفِ الوَفَاءُ وَالحَمْدُ)) واتە : خوا بەرەکەت بخاتە ماڵ و کەس و کارتەوە ، بەڕاستی پاداشتی قەرز ، ئەوە بیدەیتەوە وسوپاسیشی بکەی.
[رواه ابن ماجه (٢/٨٠٩/٢٤٢٤) والنسائی (٧/٣١٤) وهو حسن بروانە صحیح ابن ماجە (١٩٦٨) والارواء (١٣٨٨)].

(٢٢٥) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پیاوێك چەند ووشترێکی بە قەرز لای پێغەمبەری خواوە بوو (ﷺ) جا هات وەری بگرێتەوە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی بیدەنەوە پێی ، جا بەدوای ووشتری ئەو ساڵەدا گەڕان نەبوو، تەنها ووشتری لەوە گەورەتر هەبوو ، جا فەرمووی : پێی بدەن ، جا ئەویش فەرمووی : داتەوە پێم خوای گەورە پێت بدات ، پێغەمبەری خوایش فەرمووی : ((إِنَّ خِيَارَكُمْ أَحْسَنَكُمْ قَضَاءً)) واتە:بەڕاستی باشترینتان ئەو کەسانەتانە کە بەجوانی قەرز بداتەوە [رواه البخاری (٤/٥٨/٢٣٩٣) ومسلم (٣/١٢٢٥/١٦٠١) وغيرهما] .

وە فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((هاتم بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و لە مزگەوت دا بوو جا فەرمووی : دوورکات نوێژ بکە ، وە قەرزێکم لای بوو ، جا پێی دامەوە وزیاتریشی پێدام)) [رواه البخاری (٥/٥٩/٢٣٩٤) وابوداود (٩/١٩٧/٣٣٣١) الجملة الأخيرة فقط] .

(٢٢٦) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) و (عَائِشَة) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا فەرمووی : ((مَنْ طَالَبَ حَقّاً فَلْيَطْلُبْهُ فِي عَفَافٍ ، وَافٍ أَوْ غَيْرِ وَافٍ))


منتدى إقرأ الثقافي

کەسانەبێت کە نەدارن و نیانە بیدەنەوە (٢٢٧) وە ئەگەر هەیبێت و نەیداتەوە یان دوای بخات ئەوە ستەمی کردوە (٢٢٨) و دروستە سکالای لێ بکرێت لای دەسەلات دارو سزا بدرێت (٢٢٩) وە هەر قەرزێکیش ببێتە هۆی قازانج بۆ

---

واتە : هەرکەسێك ئەگەر داوای مافێکی خۆی کرد با تا دەتوانێت بەپاکی داوای بکات ئیتر بۆی جێبەجێ بوو یان نە · [رواه ابن ماجه (٢/٨٠٩/٢٤٢١) وهو صحيح بروانە صحيح ابن ماجه (١٩٦٥)].

(٢٢٧) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورتی (البقرة :٢٨٠) دا کە دەفەرمێ : ﴿وَإِنْ كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَى مَيْسَرَةٍ وَأَنْ تَصَدَّقُوا خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ واتە : وە ئەگەر قەرزار و نەداربوو ئەوە تا پێتان دەکرێت مۆڵەتی بدەن ، وە ئەگەر هەر بیبەخشن ئەوە چاکترە بۆتان ئەگەر بزانن . وە لەبەر فەرموودەکەی (حُذَيْفَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی بیستم پێغەمبەر دەیفەرموو : ((مَاتَ رَجُلٌ فَقِيلَ لَهُ : مَاكُنْتَ تَقُولُ؟ قَالَ : كُنْتُ أُبَايِعُ النَّاسَ ، فَأَتَجَوَّزُ عَنِ الْمُوسِرِ وَأُخَفِّفُ عَنِ الْمُعْسِرِ ، فَغُفِرَ لَهُ)) واتە : پیاوێك مرد ، جا پێی وترا : چیت دەووت؟ فەرمووی : شتم بەخەڵکی دەفرۆشت ، جا لێبوردە بووم بەرامبەر ئەوەی دەست ڕۆیبوایە و سووکیشم دەکرد بۆ نەدارو ئەوەی نەیبوایە ، جا لێی خۆش بوو ، واتە : خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش بوو . [رواه البخاري (٥/٥٨/٢٣٩١) وابن ماجه(٢/٨٠٨/٢٤٢٠)وهو صحيح بروانە (صحيح ابن ماجه (١٩٦٤)]

وە فەرموودەکەی (أَبُو الْيُسْر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ أَحَبَّ أَنْ يُظِلَّهُ اللهُ فِي ظِلِّهِ ، فَلْيُنْظِرْ مُعْسِراً أَوْ يَضَعَ عَنْهُ)) واتە : هەرکەسێك ئەگەر پێی خۆشە خوای گەورە بیخاتە ژێر سێبەری خۆی بامۆڵەت بە کەسێکی نەدار بدات تا دەیبێت یان هەر بیبەخشێت [رواه ابن ماجه (٢/٨٠٨/٢٤١٩) وهو صحيح بروانە صحيح ابن ماجه(١٩٦٣)] .

(٢٢٨) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَطْلُ الْغَنِيِّ ظُلْمٌ)) واتە : هەر کەسێك قەرزێکی لابێت و دەوڵەمەندبێت و بتوانێت بیداتەوە ئەگەر نەیداتەوە و دوای بخات ئەوە ستەمە [رواه البخاري (٥/٦١/٢٤٠٠) ومسلم (٣/١١٩٧/١٥٦٤) وأصحاب السنن] .

(٢٢٩) لەبەر فەرموودەکەی (عَمْرُو بنُ الشَّرِيد عَنْ أَبِيهِ) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لَيُّ الْوَاجِدِ يُحِلُّ عِرْضَهُ وَعُقُوبَتَهُ)) واتە :


منتدى إقرأ الثقافي

قەرز دەدرەکە ئەوە سوود(ڕبا)یە. (٢٣٠)

هەرکەسێك قەرزار بێت و ببیێت بیداتەوە بەڵام نەیداتەوە ئەوە غەیبەت – بەوەی بڵێت : زوڵمی لێ کردووم – و سزا دانی حەڵاڵ دەبێت [رواه البخاری (٦٢/٥) معلقاً وابوداود (٣٦١١/٥٦/١٠) وابن ماجه (٢٤٢٧/٨١١/٢) والنسائی (٣١٧/٧) وهو حسن بڕوانه صحیح ابن ماجه (١٩٧٠) وصحیح النسائی (٤٣٧٣)] .

(٢٣٠) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو بُرْدَةَ بن أَبِي مُوسَىٰ) فەرمووی : هاتم بۆ (مَدِيْنَه) جا گەیشتم بە (عَبْدُاللهِ بن سَلَام) ئەویش پێی ووتم : ((تۆ لە زەویەك دای سوود (رِبَا) خواردنی تێدا بەربڵاوە ، جا ئەگەر مافێکت بەلای کەسێکەوە بوو بارێك (کا) یان بارێك جۆ یان بارێك ئالف (قت)ی پێشکەش کردی ئەوە وەری مەگرە ، چونکە ئەوە سوود (رِبَا)یە)) [رواه البخاری (٣٨١٤/١٢٩/٧)] . جا (الحَافظ إبْنُ حَجَر) لە بارەی (فإنَّه رِبَا) وە دەفەرموێ : ((لەوانەیە ئەوە تەنها بۆ چوونی (عَبْدُاللهِ بن سَلَام) خۆی بێت ، ئەگینا زانایانی شەرع (الفُقَهَاء) رایان وایە کاتێك ئەوە – ئەو (هَدِيَّه) – دەبێتە سوود ئەگەر بیکاتە مەرج کاتێك کە قەرزەکەی پێ دەدات ، بەڵێ ، باش وایە خۆی لێ بپارێزێت))[فتح الباری (١٢١/٧)] .

وە ئیمامی (البَيْهَقِي) لە (السُّنَنُ الكُبْرَىٰ) دا لە (إبْنُ مَسْعُود و أُبَيُّ بنُ كَعْب وَعَبْدُاللهِ بن سَلَام وَإبْنُ عَبَّاس)ەوە دەیگێڕێتەوە کەوا فەرموویانە : ((إنَّ كُلَّ قَرْضٍ جَرَّ مَنْفَعَةً فَهُوَ وَجْهٌ مِنْ وُجُوهِ الرِّبا)) [السنن الكبرى (٣٥٠/٣٤٩/٥)] واتە : هەر قەرزێك ببێتە هۆی ڕاکێشانی قازانجێك ئەوە جۆرێکە لە جۆرەکانی سوود (الرِّبَا) .

منیش دەڵێم : ئەگەر ئەو قازانجە بە مەرج بگیرێت وەك (إبْنُ حَجَر) فەرمووی ، ئەو کاتە دەبێتە (رِبَا) ، بڕوانە (پ٢٢٧) .



منتدى إقرأ الثقافي

# زەوی دان بەکەسێك بیچێنێت و کشتوکاڵی لەسەر بکات بە هەندێك لەبەرهەمەکەی (المُزَارَعَة و المُسَاقَاة)

دروستە زەوی بدرێت بە کەسێك بیچێنێ بە هەندێك لە بەرهەمەکەی (٢٣١) ئیتر با تۆو و کرێی جووت و درەویشی لەسەر خاوەن زەوی بێت یان کرێکارەکە یان لەسەر هەردووکیان (٢٣٢) بەڵام لەسەر ئەوە دروست نییە

(٢٣١) ئیتر بە دوو کوت بێت یان سێ کوت یان چوار کوت یان هەرچەندە خۆیان لەسەری ڕازی بن . لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُاللهِ بن عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) ((کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) مامەڵەی لەگەڵ خەڵکی (خَیْبَر) دا کرد لەسەر کوتێك (بەشێك) لەبەر هەمەکەی کە لێی دەردەچێت لە میوەو کشت و کاڵیش (زَرْع) [رواه البخاری (٢٣٢٩/١٣/٥) ومسلم (١٥٥١/١١٨٦/٣) وغیرهما] .

وە ئیمامی (البُخَارِي) فەرموویەتی : (قَیْسُ بنُ مُسْلِم) لە (إبْنُ جَعْفَر)ەوە گێڕاویەتەوە کەوا فەرموویەتی : ماڵێك نەبوو لە (مَدِینَه)دا لە کۆچەران (مُهَاجِرِیْن) ئیللا کشت و کاڵیان دەکرد لەسەر سێ کوت و چوار کوت ، و (عَلِي) و (سَعْدُ بنُ مَالِك) و (عَبْدُ اللهِ بن مَسْعُود) و (عُمَرُ بنُ عَبْدِ العَزِیْز) و (القَاسِم) و (عُرْوَه) و (آل إبِي بکر) و (آل عُمَر) و (آل عَلِي) و (إبْنُ سِیْرِیْن) هەموویان دەیانکرد [في الصحیح (١٠/٥)] .

(٢٣٢) ئیمامی (البُخَارِي) فەرموویەتی:(عُمَر) مامەڵەی لەگەڵ خەڵك دا دەکرد ئەگەر (عُمَر) خۆی تۆوی بهێنایە ئەوە بەشێکی بۆ ئەوە ، وە ئەگەر خۆیان تۆویان بهێنایە ئەوە ئەوەندە بۆ ئەوانە)) [في الصحیح (١٠/٥)] .

جا فەرمووی : (الحَسَن) فەرموویەتی : هیچی تێدا نییە کەوا زەویەکە هی یەکێکیان بێت،جا هەردووکیان (مَصْرُوف)ی لەسەر بکەن ، جا ئەوەی لە بەرهەمەکەی دەرچوو ئەوە لەنێوانیان دا دابەش دەکرێت ، وە(الزُهْرِي)یش هەر بۆچوونی وایە .


منتدى إقرأ الثقافي

کەوا بەرهەمی ئەم پارچە زەوی‌یە بۆ خاوەن زەوییەکە وە ئەوی تریشیان بۆ کرێکارەکە،واتە:هەریەکە بەرهەمی پارچە زەوییەك بۆ خۆی دیاری بکات ،[٢٣٣] هەروەها ئەگەر خاوەن زەوی‌یەکە بڵێت:ئەوەندە – بەکێشانە یان پێوانە – لەبەر هەمەکەی بۆمن[٢٣٤] جا بۆ بەرو بومیش هەروایە .[٢٣٥]

---

(٢٣٣) لەبەر فەرموودەکەی (رَافِعُ بنُ خَدِیْج) کەوا فەرمووی : ((مامەکانم بۆیان باس کردم کەوا لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) زەویان دەدایە کرێ بە بەرهەمی ئەو زەویانەی لەسەر جۆگە ئاوەکان دەردەچوو یان بەپارچە زەوی‌یەك کە خاوەن زەوی‌یەکە جیای دەکردەوە ، جا پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی لەوەکرد)) جا (حَنْظَلَه) کە فەرموودەکە دەگێڕێتەوە فەرمووی پرسیارم لە (رَافِع) کرد ، ئەی چۆنە ئەگەر بەدینار و دەرهەم بەکرێ بدرێت؟ (رَافِع) فەرمووی:هیچی تێدانی‌یە بەدینار و دەرهەم [رواه البخاری (٥/٢٥/٢٣٤٧) والنسائي (٧/٤٣)] .

وەلە ریوایەتێکی تردا (رَافِع) فەرمووی : ((هیچی تێدا نی‌یە – مەبەستی بەدینار و دەرهەم – چونکە خەڵکی لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بە بەرهەمی سەر رووبارو جۆگە ئاوەکان دەیانکرد ، جا ئەمە تیادەچوو و ئەویان دەمایەوە ، ئەمە دەمایەوە و ئەویان تیا دەچوو ، جا خەڵکی هەر ئەم جۆرە بەکرێ دانەیان بوو ، بۆیە قەدەغەی لێ کرا ، جا ئەگەر لەسەر شتێکی دیاری زەمانەت کراو (مَضْمُون) بێت، ئەوە هیچی تێدانی‌یە)) [رواه مسلم (٣/١١٨٢/١٥٤٧) و ابوداود (٩/٢٥٠/٣٣٧٦) والنسائي (٧/٤٣)] .

(٢٣٤) چونکە لەوە دەچێت هەموو بەرهەمەکەی هەر ئەوەندە دەرکات ، جا ئەگەر بیداتە خاوەن زەوییەکە خۆی هیچی بۆ نامێنێتەوە .

(٢٣٥) لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عُمَر) [ بڕوانە (پ ٢٣١)] .


منتدى إقرأ الثقافي

# بەکرێ دان ( الإِجَارَة ) (٢٣٦)

دروستە بەکرێ دانی هەرشتێکی دیاری کە سوودی لێ وەربگیرێت وە خودی شتەکەیش بمێنێتەوە (٢٣٧) بەمەرجێك کرێ و ماوە کەیشی دیاری بێت (٢٣٨)

---

(٢٣٦) (الإِجَارَة) : لە زمانی عەرەب دا واتە : پاداشت دانەوە ، دەڵێی (آجَرْتُـهُ) واتە : پاداشتم دایەوە . لە شەرعیش دا واتە : بەخاوەن بوونی سوودی شتێك بە بە رانبەرێك . [بڕوانە فَتْحُ البَارِي (٤٣٩/٤)].

(٢٣٧) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (الطلاق :٦) دا کە دەفەرموێ : ﴿فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ﴾ واتە : ئەگەر (ئافرە تە تەڵاق دراوەکانتان) شیریان بەمناڵەکانتان دا ئەوە کرێیان بدەنێ)) وە فەرموودەی خوای گەورە لە سوورەتی (القصص :٢٦) دا کە دەفەرمێ : ﴿قَالَتْ إِحْدَاهُمَا يَا أَبَتِ اسْتَأْجِرْهُ إِنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الأَمِينُ﴾ واتە : یەکێك لەدوو کچەکەی پیاو ساڵحەکە بەباوکی ووت : ئەی باوکی خۆم بەکرێ بیگرە ، چونکە چاکترین کەسێکە بەکرێ بیگریت ، پیاوێکی بەهێزو دەست پاکە . وە فەرموودەی خوای گەورەش لە سورەتی (الكهف :٧٧) دا لەبارەی بەسەرهاتەکەی (مُوسَىٰ) و (خَضِر)ەوە فەرمووی : ﴿فَوَجَدَا فِيهَا جِدَارًا يُرِيدُ أَنْ يَنْقَضَّ فَأَقَامَهُ قَالَ لَوْ شِئْتَ لَتَّخَذْتَ عَلَيْهِ أَجْرًا﴾ واتە : ((جا لەو دێیەی کە میوانداریانیان نەکرد دیوارێکیان بینی خەریك بوو دەڕوخا ، جا ئەویش (خَضِر) ڕاستی کردەوە ، (مُوسَىٰ) یش ووتی : ئەگەر ویستت ببوایە کرێت لەسەر وەردەگرت .

وەلەبەر فەرموودەی زۆریش لەوانە فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەکاتی کۆچ کردنیدا لەگەڵ (أَبُو بَكْر) دا ڕێ پێشاندەر (دَلِيل) ێکیان بەکرێ گرت ڕێگای (مَدِينَه) یان پێ پیشان بدات)) [رواه البخاری (٢٢٦٢/٤٤١/٤)] .

(٢٣٨) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (القصص : ٢٧) دا کەوا پیاوە ساڵحەکە بە (مُوسَىٰ) ی ووت : ﴿إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أُنْكِحَكَ إِحْدَى ابْنَتَيَّ هَاتَيْنِ عَلَىٰ أَنْ تَأْجُرَنِي ثَمَانِيَ حِجَجٍ ، فَإِنْ أَتْمَمْتَ عَشْرًا فَمِنْ عِنْدِكَ﴾ واتە : فەرمووی :



منتدى إقرأ الثقافي

وە شەرعیش قەدەغەی لێ نەکردبێ [٢٣٩] وە پێویستە یەکسەر کرێ کەی بداتێ ، مەگەر بە مەرجیان گرتبێ دواخستنی [٢٤٠]

---

من دەمەوێ یەکێ لەم دوو کچەم لە تۆ مارە بکەم بەو مەرجەی هەشت ساڵ کارم بۆ بکەی ، جا ئەگەر دەساڵ کارم بۆ بکەی ئەوە چا کەی خۆتە .. وە لەبەر فەرموودەکەی (سُوَيْدُ بنُ قَيْس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی من و (مَخْرَمَةُ العَبْدِي) پۆشاکمان هێنا لە (هَجَر)ەوە ، جا هێنامان بۆ (مَكَّه) جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ لامان ڕێی دەکرد ، جا مامەڵەی شەرواڵی لەگەڵ دا کردین ئێمەش پێیمان فرۆشت ، وە پیاوێکیش بەکرێ کێشانەی دەکرد ، جا پێغەمبەری خوا پێی فەرموو : ((زِنْ وَأَرْجِحْ)) واتە : بیکێشەو قورس بیکێشە [رواه احمد (٤/٣٥٢) ابوداود (٣/٦٣١/٣٣٣٦) و الترمذي (٣/٥٩٨/١٣٠٥) وابن ماجه (٢/٧٤٨/٢٢٢٠) والنسائي (٧/٢٨٤/٤٥٩٢) وهو حديث صحيح بروانه صحيح الترمذي (١٠٥١) وصحيح ابن ماجه (١٨٠٥)] .

وە فەرموودەکەی (رَافِعُ بنُ خَدِيْج) لە ڕیوایەتی (مُسْلِمُ و أَبُودَاوُد) دا بڕوانە (پ ٢٣٣).

(٢٣٩) هەرشتێك لە شەرع دا قەدەغەی لێ کرابێت ئەوە بەکرێ دانیشی دروست نییە وەك وێنەی گیان لەبەر....هتد، بڕوانە (پ١٩٤- ٢٠٠) .

(٢٤٠) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەی خوا (ﷺ) فەرمووی : ((أَعْطُوا الأَجِيْرَ اَجْرَهُ قَبْلَ اَنْ يَجُفَّ عَرَقَهُ)) واتە : کرێی کرێکار بدەن ، پێش ئەوەی عەرەقی ووشك ببێتەوە [رواه ابن ماجه (٢/٨١٧/٢٤٤٣) وهو صحيح بروانه صحيح ابن ماجه (١٩٨٠)] .

وە فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ثَلَاثَةٌ أَنَا خَصْمُهُمْ يَوْمَ القِيَامَةِ رَجُلٌ أَعْطَىٰ بِي ثُمَّ غَدَرَ وَرَجُلٌ بَاعَ حُرّاً فَأَكَلَ ثَمَنَهُ ، وَرَجُلٌ إِسْتَأْجَرَ أَجِيْرَاً فَاسْتَوْفَى مِنْهُ وَلَمْ يُعْطِهِ أَجْرَهُ﴾ واتە : خوای گەورە فەرموویەتی : سێ کەس هەن من بەرانبەریان دەگرم لەڕۆژی قیامەت دا : پیاوێك بەناوی منەوە شتی دا پاشان خیانەتی کرد ، وەپیاوێك کەسێکی



منتدى إقرأ الثقافي

## وە کرێی داوێن پیسی حەرامە (٢٤١) هەروەها کرێی تاڵۆگریی (٢٤٢) وئاوی نێر (کەڵ دان) (٢٤٣) وقورئان خوێندن (٢٤٤)

---

ئازادی فرۆشتبێت و پارەکەی خواردبێت ، وەپیاوێك کرێکارێك بگرێت بەکرێ جا ئیشی خۆی پێ ئەنجام بدات و کرێیشی پێ نەدات [رواه البخاری (٤/٤٦٧/٢٢٢٧)] .

(٢٤١) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (النور:٣٣) دا کە دەفەرمویَ : ﴿وَلَاتُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى البِغَاءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِتَبْتَغُوا عَرَضَ الحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَنْ يُكْرِهْهُنَّ فَإِنَّ اللهَ مِنْ بَعْدِ إِكْرَاهِهِنَّ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ واتە : وەزۆر لەکەنیزەکانی خۆتان مەکەن کەوا داوێن پیسی (زِنَا) بکەن ، ئەگەر ویستیان بەپاکی خۆیان ڕابگرن ، لەبەر بەدەست هێنانی ماڵی دونیا ، جا بەڕاستی خوا بەرانبەر ئەو کەنیزانەیزۆریان لێ دەکرێ لێبوردەو بەبەزەییە . (جَابِر) دەفەرمووێ : کەنیزەیەکی (عَبْدُاللهِ بنِ أُبَيِّ بنِ سَلُول) کەپێی دەوترا (مَسِيكَة) ویەکێکی تریش کەپێی دەوترا (أُمَيمَة) ، جا زۆری لێ دەکردن لەسەر داوێن پیسی (زِنَا) کردن ، جا ئەوانیش سکاڵای حاڵی خۆیان لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد ، جا خوای گەورەش ئەم ئایەتەی دابەزاند [رواه مسلم (٤/٣٢٢٠/٣٠٢٩)] .

(٢٤٢) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو مَسْعُودٍ الأَنْصَارِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە لە ((ثَمَنِ الكَلْبِ وَمَهْرِ البَغِي وَحُلْوَانِ الكَاهِنِ)) [رواه البخاری (٤/٤٦١/٢٢٨٢) ومسلم (٣/١١٩٨/١٥٦٧)] .(ثَمَنُ الكَلْبِ) : پارەی فرۆشتنی سەگ ، (مَهْرُ البَغِي) : ئەو پارەیەیە کە ئافرەتی داوێن پیس لەجیاتی داوێن پیسی وەری دەگرێت ، (حُلْوَانُ الكَاهِن): ئەو کرێ یەیە کەدەدرێت بە تاڵۆگر لەجیاتی تاڵۆ گرێکەی.

(٢٤٣) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە لە (عَسْبُ الفَحْل))) وە(عَسْبُ الفَحْل) واتە: ئاژەڵێکی نێر بدات بەکرێ بۆ کەڵدانی ئاژەڵی مێ [رواه البخاری (٤/٤٦١/٢٢٨٤) وغیره] .

(٢٤٤) لەسەر قەبر و لەسەر جەنازە و بۆ مردو لەتەعزیە خانەو شوێنەکانی تردا ، لەبەر ئەو فەرموودانەی کەلەو بارەوە هاتووە ، لەوانە فەرموودەکەی (عَبْدُالرَّحْمَن بنِ شِبْلٍ الأَنْصَارِي) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی : بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :


منتدى إقرأ الثقافي

((إِقْرَؤُا القُرآنَ ، وَلَاتَأْكُلُوا بِهِ ، وَلَا تَسْتَكْثِرُوا بِهِ وَلَا تَجْفُوا عَنْهُ وَلَا تَغْلُوا فِيهِ)) واتە : قورئان بخوێنن و بەسەر یەوە مەخۆن ، وەبە قورئان خۆتان دەوڵەمەند مەکەن ، و ووشك مەبن بەرامبەری بەوەی کەم بیخوێننەوە ، وەزیادە ڕەویشی تێدا مەکەن .[رواه احمد (١٥/١٢٥/٣٩٨) . وهو صحيح بروانە صحيح الجامع (١١٦٨)] .

وەفەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ڕۆژێکیان پێغەمبەر دەرچوو بۆ لامان وە ئێمە قورئانمان دەخوێند ، وە (إِعْرَابِي) و (أَعْجَمِي) یشمان لەگەڵ دابوو ، جا فەرمووی ((إِقْرَؤُوا فَكُلٌّ حَسَنٌ ، وَسَيَجِئُ أَقْوَامٌ يُقِيمُونَهُ كَمَا يُقَامُ القِدْحُ يَتَعَجَّلُونَهُ وَلا يَتَأَجَّلُونَهُ)) واتە : بخوێنن ، هەمووی چاکە ، وەکۆمەڵانێك دێن ئەوەندە ڕێك و پێکی دەکەنەوە وەك پەرداخ (واتەئەوەندە هەوڵدەدەن بەڕێکی بیخوێننەوە و زۆر لەخۆیان دەکەن لەدەرخستنی ووشەکانی دا لەبەر ڕیاو سومعەت و ناوو خۆ دەرخستن) پەلەیانە لەدونیا پاداشتەکەی وەربگرن (لەلایەن خەڵکەوە) وەدوای ناخەن تاوەکو پاداشتەکەی لەدوا ڕۆژدا وەربگرن (لەلایەن خوای گەورەوە) [رواه ابو داود (١/رقم/٨٣٠) وهو صحيح بروانە السلسلة الصحيحة للألباني (٢٥٩)] .

وەفەرموودەکەی (أَبُو سَعِيد) کەوا بیستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((تَعَلَّمُوا القُرْآنَ وَسَلُوا اللهَ بِهِ الجَنَّةَ قَبْلَ أَنْ يَتَعَلَّمَهُ قَوْمٌ يَأْتُونَ بِهِ الدُّنْيَا فَإِنَّ القُرْآنَ يَتَعَلَّمُهُ ثَلاثٌ : رَجُلٌ يُبَاهِي بِهِ ، وَرَجُلٌ يَسْتَأْكِلُ بِهِ ، وَرَجُلٌ يَقْرَأُهُ لِلّهِ)) واتە : قورئان فێر ببن وەداوای بەهەشتی پێ بکەن لەخوا ، پێش ئەوەی کەسانێك فێری ببن داوای دونیای پێ بکەن ، چونکە قورئان سێ جۆر کەس فێری دەبن : کەسێك شانازی پێوە دەکات ، وەکەسێك بەسەر یەوە دەخوات ، وەکەسێك بۆ خوای گەورە دەیخوێنێ . [رواه إِبْنُ نَصْر في ((قِيَامُ اللَّيْل)) ل ٧٤ وهو صحيح بروانە السلسلة الصحيحة (٢٤٦٣)] .

بەڵام قورئان خوێندن بۆ شیفا (رُقْيَة)، یان بۆ فێرکردنی خەڵکی، ئەوە دروستە کرێی لەسەر وەربگیرێت لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : چەند کەسێك لەهاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دایان بەلای (مَاء) دا کە کەسێکیان تێدا بوو پێیوە درا بوو ، جا پیاوێك لەخەڵکی (مَاء) پێی گەیشت و ووتی : کەستان تێدایە دوعا (رُقْيَة) بکات چونکە لە (مَاء) دا پیاوێکی پێوە دراو هەیە ، جا یەکێکیان ڕۆیشت و (فَاتِحَةَ الكِتَاب) ی بەسەردا خوێندەوە لەسەر شەکێك جا شەکەکەی هێناوە بۆ لای هاوەڵەکانی جا ئەوان بەباشیان نەزانی و پێیان ووت : لەسەر کتێبی خوا کرێت وەرگرتووە ، تاگەیشتنەوە (مَدِينَه) جا ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) :


منتدى إقرأ الثقافي

وە ئەو شتەی بەکرێ دراوە ئەگەر بەدەستی ئەو کەسەوە کەبەکرێ گرتویەتی فەوتا ، یان کەم و کورِی تێ کەوت زەمانەتی ناکات مەگەر بەزیادەرِەوی یان کەم تەرخەمی کردن تێیدا (٢٤٥)

---

لەسەر کتێبی خوا کرێی وەرگرت ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِنَّ أَحَقَّ مَا أَخَذْتُمْ عَلَيْهِ أَجْراً كِتَابَ اللهِ)) واتە : شایەن ترین شت کە کرێی لەسەر وەربگرن کتێبی خوایە [رواه البخاري (١٠/١٩٨/٥٧٣٧)] .

وەلە (لَفظ) ێکی فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد)دا : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((أَصَبْتُمْ إِقْتَسِمُوا وَاضْرِبُوا لِي مَعَكُمْ سَهْمَاً وَضَحِكَ النَّبِيُّ (ﷺ))) ، واتە : پێکاتان ، دابەشی بکەن وەبەشێکیشی بۆ من لەگەڵ خۆتاندا دابنێن ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێ کەنی [رواه البخاري (٤/٤٥٣/٢٢٧٦) ومسلم (٤/١٧٢٧/٥٧٣٦) واحمد (٣/٤٤) واصحاب السنن] .

وەپێغەمبەری خوایش (ﷺ) فێرکردنی قورئانی کردوە بەمارەیی ، وەك لە فەرموودەکەی (سَهْل بنُ سَعْد) دا هاتووە (خوای لێ رازی بێت) [رواه البخاري (٩/٢٠٥/٥١٤٩) ومسلم (٢/١٠٤٠/١٤٢٥) واصحاب السنن] .وە مارەیش کرێیە وەك خوای گەورە لەقورئان دا وا ناوی بردوە ،وەك لە سورەتی (الممتحنة:١٠) دا هاتوە ،کەوابوو دروستە لە سەر فێر کردنی قورئان کرێ وەربگیرێت ، ئەمەش رِای جەماوەری زانایانە، بروانە [سبل السلام (باب الاجارة) للصنعاني وله رسالة خاصة في هذا].

(٢٤٥) لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُاللهِ بن عُمَر) (خوایان لێ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((مَنْ تَطَبَّبَ وَلَمْ يُعْلَمْ مِنْهُ طِبٌّ فَهُوَ ضَامِنٌ)) واتە : هەرکەسێك کار لەزانیاری پزیشك بکات و بەجوانی شارەزایی لێ نەبێت ئەوە کارێکی خراپی کردوەو ئەبێت بیبژێرێت وەکەفالەتی بکات [رواه ابوداود (٤/٧١/٤٥٨٦)وابن ماجه (٢/١١٤٨/٢٤٦٦) والنسائي(٨/٥٢/٤٨٣٠) وغيرهم وهو حديث حسن بروانە (السلسلة الصحيحة للألباني(٦٣٥)) وصحيح ابن ماجه (٢٧٩١) وشرح السنة لشعيب الأرناؤوط (١٠/٢٤١)] .

دەبینین کابرای خۆ بە پزیشك زان زەمانەتی کارە خراپەکەی خۆی کرد ، لەبەر ئەوەی لێ ی نازانێت ، هەروەها کەسێك کەبەکرێ گیرابێت کارێك بکات ، ئەگەر لەو کارە نەزانێت و خراپی بکات ئەوە دەبێت زەمانەتی بکات ، هەروەها کەسێك کەئۆتۆمبیلێك بەکرێ دەگرێت بۆ ئەوەی پێی بروات بۆ شوێنێك جا ئەگەر زیاتر لەپێویست پێی رِۆیشت جا بەو هۆیەوە زیانی لێ کەوت ئەوە دەبێت بیبژێرێت،بەهەمان شێوە بۆ شتی


منتدى إقرأ الثقافي

# ماڵ تێکەڵ کردن و شەریکایەتی

## ( الشَّرْكَةُ ) (٢٤٦)

شەریکایەتی دروستە (٢٤٧) لەسەر ئەوە هەر یەکێك ئەندازەیەکی دیاری کراو پارە تێکەڵ بکەن ، پاشان کارو کاسبی پێوە بکەن ، وەهەریەکێك بە

---

تریش . بەڵام ئەگەر زیادەڕەوی یان کەم تەرخەمی نەکرد و زیانیلێ کەوت ئەوە بەهۆی ئەمەوە نەبوە و ئەم زەمانەتی ناکات و نایبژێرێت .

(٢٤٦) شەریکایەتی(الشَّرْكَة) لەزمانی عەرەبدا واتە : تێکەڵ کردن (الإخْتِلاط). وەلەشەرعیش دا : ئەوەیە کەبەڕەزامەندی لەنێوان دووکەس یان زیاتر دا ڕوو دەدات لەتێکەڵ کردنی ماڵ بۆ بەدەست هێنانی قازانج ، (وەجاری وایش هەیە بەبێ مەبەست ڕوو دەدات وەك لەمیراتی دا) [بڕوانە فتح الباری (١٢٩/٥)] .

(٢٤٧) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لەسورەتی (ص:٢٤) دا کەدەفەرمووێ : ﴿وَإِنَّ كَثِيرًا مِنَ الْخُلَطَاءِ لَيَبْغِي بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَقَلِيلٌ مَا هُمْ﴾ واتە : بەڕاستی زۆر لەشەریکەکان ، هەندێکیان ستەم لەهەندێکی تریان دەکەن مەگەر ئەوانەیان کەباوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکە دەکەن ، وەئەوانەیش زۆر کەمن .وەفەرموودەیتری خوای گەورە لەسورەتی (النساء:١٢) دا کەدەفەرمویێ ﴿وَإِنْ كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوِ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ فَإِنْ كَانُوا أَكْثَرَ مِنْ ذَٰلِكَ فَهُمْ شُرَكَاءُ فِي الثُّلُثِ﴾ واتە : وە ئەگەر پیاوێك یا ئافرەتێك مرد نە باوانیبوو ونە نەوە یش ، وەبرا یان خوشکی دایکی هەبوو ئەوە ئەو برایە یان ئەو خوشکە شەش یەکی ($\frac{1}{6}$) بۆ هەیە چی ئەگەر برابوو یا خوشك جا ئەگەر لەیەکێك زیاتر بوون برا یان خوشکی دایکی ئەوە شەریکن لەسێ یەکی ($\frac{1}{3}$) ماڵەکەیدا براو خوشك بەیەك سانی ..)) وەلەبەر فەرموودەکەی (السَّائِبُ بنُ أَبِي السَّائِبِ المَخْزُومِي) کەوا بەپێغەمبەری خوای (ﷺ) فەرموو : ((تۆ لەکاتی نەفامیدا شەریکم بوی ، جا چاکترین



منتدى إقرأ الثقافي

ئەندازەی ئەو پارەیەی داویەتی قازانج و زەرەری بەر بکەوێت ، وە دروستە قازانجیان وەك یەك بەربکەوێت با ئەندازەی پارەکەشیان جیاواز بێت بەمەرجێك رەزامەندی خۆیانی لەسەر بێت (٢٤٨) وە خەڵکی هەموو لەئاوو

---

شەریك بویت ، هەرگیز بەرگری و دەمەقاڵەت لەگەڵ نەدەکرم)) [رواه ابن ماجه (٢/٧٦٨/٢٢٨٧) وهو صحيح بروانه صحيح ابن ماجه (١٨٥٣)] .

(٢٤٨) لەبەر فەرموودەکەی (رُوَيْفِعُ بنُ ثَابِت) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((لەکاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) یەکێك لە ئێمە ووشترە لەڕی براکەی دەبرد بۆ غەزا بەشەریکی لەسەر ئەوەی نیوەی ئەوەی دەستی دەکەوێت بۆ ئەو وە نیوەیشی بۆ ئێمە جا جاری وا هەبوو تیروپەڕەکەی بەری ئەو دەکەوت و کەوانەکەشی بەری ئەوی تریان ...)) [رواه احمد (٤/١٠٨) وابوداود (١/٣٤/٣٦) وهو حديث صحيح بروانه صحيح ابي داود (٢٦) ومشكاة المصابيح (٣٥١)] .

ئیمامی (الشَّوْكَانِي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێ : ((وە شەریکایەتی شەرعی پەیدا دەبێت بەبوونی ڕازی بوون لەنێوانی دووکەس دا یان زیاتر لەسەر ئەوەی کەوا هەریەکێکیان ئەندازەیەکی دیاری کراو لە پارەی خۆی دەدات بەوی‌تر ، پاشان دەگەڕێن بەدوای کاسبی و قازانج دا ، لەسەر ئەوەی‌کەوا بۆ هەریەکێکیان بەئەندازەی ئەو پارەیەی داوێتی قازانجی دەست دەکەوێت وە لەسەر هەریەکێکیانە بە ئەندازەی ئەوەیشە بدەن بۆ (مَصْرُفَات) و ئەو پێویستیانەی کە لەماڵی شەریکایەتی دەردەکرێت، جا ئەگەر ڕەزامەندی دروست بوو لەسەر یەکسانی لە قازانج دا لەگەڵ جیاوازی ئەندازەی پارەکان ئەوە دروستە و ڕەوانە ، ئەگەر چی پارەی یەکێکیان کەمتریش بێت و پارەی ئەوانی‌تر زۆرتریش بێت، وە هیچ خراپەیەك لەم شێوەیە لەشەریعەت دا نیە ، چونکە بازرگانیە لەسەر ڕەزامەندی،وە لێبوردنە بەخۆش حاڵی نەفسەوە)) [بروانه سيل الجرار (٣/٢٤٦) ، (٣/٢٤٨)].

جا خوای گەورەیش لە سورەتی (النساء :٢٩) دا دەفەرموێ : ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاتَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالبَاطِلِ إِلاَّ أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ﴾ واتە : ئەی


منتدى إقرأ الثقافي

ئاگر (سوتەمەنی) و گیا (لەوەڕ)دا شەریکن [249] وە ئەگەر چەند کەسێك زەوییەکانیان نزیك یەك بوو جا بوبە دەمەقاڵەیان لەسەر جۆگەیەك ئاو ، ئەوە ماف دار ترینیان پێی ئەوکەسەیە کە لەسەرەوەیە تاوەکو قاپە ڕەقە ڕای دەگرێت پاشان بەری بەردەدا بۆ ئەوەی خوارەوەی خۆی ئیتر بەو شێوەیە تا ئاوەکە بڕ بکات [250]

---

ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ماڵ و سامانی یەکتری لەنێوان خۆتاندا بەناحەق مەخۆن ، مەگەر بازرگانییەك بەڕەزامەندی خۆتان ئەنجام درابێت .

(٢٤٩) لەبەر فەرموودەکەی (أبو خَدَّاش) کە پیاوێکە لە کۆچەران (المُهاجرين) لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : سێجار لەگەڵ پێغەمبەری خوادا غەزام کرد بیستم دەیفەرموو : ((المُسْلِمُونَ شُرَكَاءُ فِي ثَلَاثٍ فِي الكَلَأ وَالمَاءِ وَالنَّارِ)) واتە : موسڵمانان شەریکن لەسێ شت دا گیاو ئاوو ئاگر [رواه احمد (٣٦٤/٥) وابوداود (٣/٧٥٠/٣٤٧٧) وهو حديث صححه الالبانى فى الارواء رقم (١٥٥٢) وصحيح الجامع (٦٧١٣)] .

مەبەست : بەگیا لەوەڕێکە لەسەر زەوییەك دا سەوز بوبێت کە موڵکی کەس نەبێت ، ئەوە کەس بۆی نییە داگیری بکات و تایبەتی بکات بەخۆیەوە ، بەڵام ئەو لەوەڕەی کە لە زەوییەك دا سەوز بووبێت موڵکی خەڵك بێت ئەوە موڵکی خاوەن زەوییەکەیە ، وە کەس بۆی نییە ببێتە شەریکی مەگەر بە ڕوخسەتی خۆی . هەروەها سوتەمەنی (ئاگر) و ئاویش ، بەڵام بۆ ئاو خاوەنەکەی بۆی نییە ئەگەر ئاوەکەی لەپێویستی خۆی زیاتر بوو قەدەغەی خەڵکی لێ بکات کەوا خۆیان لێ ی بخۆنەوە وە ئاژەڵەکانیانی لێ ئاو بدەن بەڵام دەتوانێت لێیانی بگرێتەوە بۆ شتیتر لەبەر ئەو فەرموودەیەی کەلە (پ ٢٥١) باسی دەکەین .

ئیمامی (الخَطَّابِي) دەفەرموێ : مانای (الكَلأ) ئەو گیایەیە کە لە زەوییەکی مردو (بێ خاوەن) دا سەوز بووە ، وە ئاویش ئەوەیە کەلەو شوێنانەوە دێت کە بە کەسەوە تایبەت نییە ، ...)) [ بڕوانە (مَعَالِمُ السُّنَن) . شەرحی ئەم فەرموودەیە] .

(٢٥٠) لەبەر فەرمودەکەی (عُرْوَةُ بنُ الزُّبَير) کەوا (عَبْدُاللهِ بن الزُّبَيْر) (خوایان لێ ڕازی بێت) بۆی گێڕاوەتەوە ((کەوا پیاوێك لە ئەنصار سکاڵای لە (زُبَيْر) کرد لەلای پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لەسەر (شِرَاجُ الحَرَّة) – کە جۆگە ئاوێك بوو خەڵکی (مَدِينَە) ئاوی



منتدى إقرأ الثقافي

دار خورما یان لێ دەدا - جا کابرای (أنْصَار) ی ووتی: بەری ئاوەکە بەردە ، جا (زُبَیْر)یش ڕازی نەبوو -واتە: لە پێش دا دار خورماکانی خۆی ئاو دەدا پاشان بەری ئاوەکەی بەر دەدا- جا هەردووکیان هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، جا ئەویش بە (زُبَیْر)ی فەرموو : ((إِسْقِ يَا زُبَيْرُ ، ثُمَّ أَرْسِلِ المَاءَ إِلَى جَارِكَ)) واتە : ئەی (زُبَیْر) تۆ ئاوی بدە ، پاشان بەری بەردە بۆ دەرهاوسێکەت ، جا کابرای (أَنْصَارِي) توورە بووووتی : لەبەر ئەوەی کوڕی پورتە ، -(زُبَیْر) کوڕی (صَفِيَّةُ بِنْتُ عَبْدِالمطلب) بوو- جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕەنگی دەم و چاوی گۆڕا پاشان فەرمووی : ((يَا زُبَيْرُ إِسْقِ ، ثُمَّ احْبِسِ المَاءَ حَتَّىٰ يَرْجِعَ إِلَى الجَدْرِ)) واتە:ئەی (زُبَیْر) ئاوی بدە ، پاشان بەر ئاوەکە بگرە تا دەگەڕێتەوە بۆ (الجَدْر) - بن دارەکان- (مەبەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەیە تاوەکو بەتەواوەتی ئاو دەخواتەوە ، پاشان بەری بەریدە ، چونکە لە پێش دا پێغەمبەری خوا فەرمانی بە (زُبَیْر) کرد تەنها ئاوی بدات وەکو ئاسان کردنەوەیەك لەسەر کابرای (أَنْصَار)ی بەلام کە ئەو قسە ناخۆشەی کرد وویستی مافی (زُبَیْر) پێشێل بکات پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە تەواوی حوکمەکەی ڕوون کردەوە ومافی (زُبَیْر)ی بە تەواوی دا) جا (زُبَیْر) فەرمووی : وە(الله)ی من وا دەزانم ئەم ئایەتە لەبارەی ئەوەوە دابەزی : ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ (النساء : ٦٧) واتە : بەلام سوێند بە پەروەردگارت -ئەی موحەممەد- ئەوانە بڕوایان تەواو نییە تا تۆ نەکەن بەدادوەر لەو ناکۆکیەی کە لە نێوانیان دا ڕوو دەدات ، پاشان لە دڵی خۆیان دا هەست بە هیچ ناڕەحەتیەك ناکەن لەوەی تۆ بڕیارت داوە و بەتەواوی مل کەچی فەرمانی تۆ دەبن [رواه البخاري (٥/٢٤/٢٣٥٩) و مسلم (٤/١٨٢٩/٢٣٥٧)] .

وە لە ڕیوایەتێکی تری البخاري (رقم/٢٣٦٢) فەرمووی : وە ئەو (الجَدْر)ە بە ئەندازەی هەردوو قاپە ڕەقە بوو .

وە لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عَمْرو) (خوایان لێ ڕازی بێت) فەرمووی: ((پێغەمبەری خوا بڕیاری دا لەبارەی ئاوی (سَيْل مَهْزُور)ەوە -کە دۆڵێك بوو لە (مَدِينَه)- کەوا هەرکەسێك بەری بگرێت بە ئەندازەی هەردوو قاپەڕەقە ، پاشان ئەوانەی سەرەوە بەری بدەن بۆ ئەوانەی خوارەوە [رواه أبوداود (٤/٥٣/٣٦٣٩) و إبن ماجة (٢/٨٣٠/٢٤٨٢) وهو حديث حسن صحيح بروانە صحيح ابن ماجة (٢٠١٣)] .



منتدى إقرأ الثقافي

وە دروست نی‌یە بەری زیادەی ئاو بگرێت بۆ ئەوەی بەرگری زیادە گیا (لەوەڕ) ی پێ بکات [٢٥١] وە بۆ پێشەوای موسوڵمانان هەیە پارچە زەوییەك کە موڵکی کەس نەبێت پارێز (حِمَى)ی بکات بۆ لەوەڕگای ئاژەڵی موسوڵمانان لەکاتی زۆر پێویست دا [٢٥٢] وە ئەگەر چەند شەریکێك بوو

---

(٢٥١) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لاتَمْنَعُوا فَضْلَ المَاءِ لِتَمْنَعُوا بِهِ فَضْلَ الكَلأ)) واتە : قەدەغەی زیادە ئاو مەکەن بۆ ئەوەی قەدەغەی زیادە لەوەڕی پێ بکەن [رواه البخاری (٥/٣١/٢٣٥٤) و مسلم (٣/١١٩٨/١٥٦٦)] .

مەبەستی ئەوەیە کەوا لە دەوروبەری ئەو بیرەدا هەندێ لەوەڕ هەیە ، وە ئاوی تر نی‌یە لەو دەوروبەرە ، جا خاوەن ئاژەڵ و مەڕو ماڵات ناتوانن ئاژەڵەکانیان بلەوەڕێنن لەو لەوەڕە مەگەر لەو بیرە ئاوی بدەن بۆ ئەوەی زیانیان لێ نەکەوێت بە تینوێتی ، پاشان لەوەڕاندنیش ، جا قەدەغە کردنیان لە ئاوەکە قەدەغە کردنیانە لە لەوەڕەکەیش وە ئەمە بۆ چوونی جەماوەری زانایانە بۆ تەفسیری ئەم فەرموودەیە و لەسەر ئەم بۆچوونە : بەخشینی زیادە ئاو تایبەت دەبێت بەو کەسانە کە ئاژەڵ و مەڕو ماڵاتیان هەیە وە شوانە کانیش بەمەوە دەلکێنرێن (إلْحَاق) ئەگەر پێویستیان بە ئاو خواردن هەبوو ، چونکە ئەگەر قەدەغەی ئەوان بکرێت لە خواردنەوەی ئەو ئاوە ، ئەوە ئەوانیش لەوێدا ناتوانن ئاژەڵە کانیان بلەوەڕێنن [ بروانە (فتح الباری) شەرحی ئەم فەرموودەیە] .

(٢٥٢) لەبەر فەرموودەکەی (اِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا (المُصْعَبُ بنُ جُثَامَة) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لَاحِمَى إلاَّ لِلّهِ وَ لِرَسُولِهِ)) واتە : پارێز نی‌یە مەگەر بۆ خوا و بۆپێغەمبەری خوا ، جا (اِبنُ شِهَاب) کە یەکێکە لەوانەی ئەم فەرموودەیان گێڕاوەتەوە فەرمووی : جا پێمان گەیشتوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) (النَّقِيْع)ی کردووە بە پارێز و ئیمامی (عُمَر)یش (الشَّرَف) و (الرَّبَذَة)ی کردووە بە پارێز [رواه البخاری (٥/٤٤/٢٣٧٠)] .

ئیمامی (الشَّافعِي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی : ئەو فەرموودەیە دوو مانا هەڵدەگرێت یەکەمیان : بۆکەس نی‌یە پارێز بۆ موسوڵمانان بکات مەگەر ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردویەتی ، وە ئەوی تریشیان ئەوەیە : کەوا بۆ کەس نی‌یە مەگەر


منتدى إقرأ الثقافي

بەدەمەقاڵەیان لەسەر پانی ڕێگایەك کەلە نێوان زەوییەکانیان دایە ئەوە پانیەکەی حەوت باڵە [253] وە دروست نییە هاوسێ بەرگری لە دەرهاوسێکەی بکات کەوا دارێك بچەقێنێت بەدیوارەکەی ئەودا [254] هەروەها نابێت شەریکیش زیان لەشەریکەکەی بدات ، یان ئەوەی زیانی لێ دراوە زیان لەوی تربدات بۆ تۆڵە سەندنەوە [255]

---

ئەوەی وەکو پێغەمبەری خوایە (ﷺ) ، کە (خَلِيْفَـە)ی موسوڵمانان دەگرێتەوە جا هاوەڵەکانی (الشَّافِعِي) لەمەوە وەریان گرتووە کە (الشَّافِعِي) لەم مەسەلەیەدا دوو (قَوْل)ی هەیە ، وە ڕاست ترینیان لە لایان دووەم ڕایانە. [ بڕوانە (فتح الباری) شەرحی ئەم فەرموودەیە] .

وە پارێز (حِمَى) : ئەوەیە کەوا قەدەغەی لەوەڕاندن بکرێت لە زەویەکی تایبەت دا کە موڵکی کەس نییە ، جا پێشەوا تایبەتی دەکات بە لەوەڕی ئاژەڵ و مەڕو ماڵاتی زەکاتەوە یان هەرشتێکی تر کەخۆی بە بەرژەوەندی موسوڵمانانی ببینێت .

(٢٥٣) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڕیاری داوە ، ئەگەر جیاوازی و دوبەرەکی دروست بوو لەسەر ڕێگا — کەوا پانێکەی چەندە — ئەوە حەوت باڵ دابنرێت)) [رواه البخاری (٥/١١٨/٢٤٧٣) ومسلم (٣/١٢٣٢/١٦١٣) و غيرهما] .

(٢٥٤) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لايَمْنَعُ جَارٌ جَارَهُ أَنْ يَغْرِزَ خَشَبَةً فِي جِدَارِهِ)) واتە : هیچ دراوسێیەك قەدەغەی دراوسێکەی نەکات لەوەی دارەکانی بچەقێنێت بەدیوارەکەیدا پاشان (أَبُو هُرَيْرَة) فەرمووی : چیە دەتانبینم پشت لەمە هەڵدەکەن بەو(الله)ی دەیدەم بە نێو هەردوو شانتان دا)) [رواه البخاری (٥/١١٠/٢٤٦٣) ومسلم (٣/١٢٣٠/١٦٠٩) وغيرهما] .

(٢٥٥) لەبەر فەرموودەکەی (عُبَادَةُ بنُ الصَّامت) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڕیاری دا کەوا ((لاضَرَرَ وَلا ضِرَار)) واتە : بۆ هیچ کەسێك نییە زیان لە خەڵکی تر بدات ، وە بۆ کەسیش نییە کەوا زیان لە کەسێکیتر بدات بەنیەتی تۆڵە لێ کردنەوە [رواه احمد (١/٣١٣) وابن ماجه (٢/٧٨٤/٢٣٤١) وغيرهما . وهو صحيح بڕوانە السلسلة الصحيحة (٢٥٠) وصحيح ابن ماجه (١٨٩٥)] .

منتدى إقرأ الثقافي

بەڵکو هەر کەسێك زیان لە شەریکەکەی بدات لەسەر دەسەڵات دارە سزای بدات .[٢٥٦]

# بازرگانی بە پارەی خەڵکی

## ( المُضَارَبَة )[٢٥٧]

### دروستە بازرگانی کردن بەپارەی

---

(٢٥٦) هەر کاتێك زیان لەکەسێك بدرێت لەلایەن کەسێکی ترەوە ، ئەگەر خۆی هەڵسێت بەماف سەندنەوە ، ئەوە شەرع قەدەغەی لێ کردووە وەك لە فەرموودەکەی پێشوودا باسمان کرد ، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی دوژمنایەتی و گیروگرفتێکی زۆر لە نێوان کۆمەڵگادا ، وە ئەگەر خۆیشی ئەو مافە نەسێنێتەوە ئەوە خەڵکێکی زۆر مافی دەفەوتێت و زوڵم و ستەمێکی زۆر بەرپا دەبێت ، بۆیە شەرع ئەو کارە (کاری ماف سەندنەوەی خەڵکی) خستوەتە ئەستۆی دەسەڵات داری وڵات تاوەکو مافی خەڵکی پێشێل نەکرێت وهیچ گیروگرفت و دوژمنایەتیەکیش لەنێوان خەڵك دا دروست نەبێت .

(٢٥٧) (قِرَاض)یشی پێ دەوترێت ، (المضَارَبَة) لە زمانی عەرەب دا لە (الضَرْبُ فِي الأَرْض)ە وە وەرگیراوە ، واتە : سەفەر کردن بۆ بازرگانی ، خوای گەورە لە سورەتی (المزمل :٢٠) دا دەفەرموێ : ﴿وَآخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِي الأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِنْ فَضْلِ اللهِ﴾ واتە : وە کەسانێکیتر هەن سەفەر دەکەن لە زەویدا بەدوای فەزڵ و ڕۆزی خوادا دەگەڕێن ؛ وە (قِرَاض)یش لە زمانی عەرەب دا لە (قَرْض)ەوە وەرگیراوە واتە : دابڕین ؛ چونکە خاوەن پارەکە پارچەیەك لە پارەی خۆی دادەبڕێت بۆ ئەوەی بازرگانی پێوە بکات .

وەلە شەرعیش دا مەبەست بە (مُضَارَبَة) و (قِرَاض) : ئەو (عُقْد)ەیە کە لەنێوان دوولایەن دا دادەمەزرێت لەسەر ئەوەی یەکێکیان پارەیەکی حازر دەدەن بەوەی‌تر بۆ ئەوەی بازرگانی پێوە بکات ، وقازانجەکەیشی بەش دەکەن بەو شێوەیەی هەردوولا لەسەری ڕێك دەکەوون .


منتدى إقرأ الثقافي

**یەکێکی‌تر لەسەر بەشێك (٢٥٨) لەقازانجەکەی ئەگەر قازانجی کرد ، بەڵام ئەگەر زەرەری کرد ئەوە تەنها لەسەر خاوەن پارەکەیە (٢٥٩)**

---

(٢٥٨) ئەو بەشە قازانجەی کە دەدرێت بەکرێکارەکە دەبێت لەپێش دا دیاری بکرێت ئایە دوو کوتە یان سێ کوت یان چوار کوت یا هەر چەنێك خۆیان لەسەری رێك دەکەون (إبْنُ المُنْذِر) دەفەرموێ : ((زانایان یەکدەنگیان (إِجْمَاع) کردووە لەسەر ئەوەی کە وا پێویستە لەسەر کرێکارەکە کەوا ئەوە بەمەرج بگرێت لەسەر خاوەن پارەکە سێ کوتی قازانجەکەی یا نیوەی یان ئەوەندەی کە هەردوولایان لەسەری کۆدەبن بۆ ئەوە [بڕوانە الاجماع (لابن المنذر) ل/١٢٤] .

بەڵام نابێت هیچ کامیان یا هەردووکیان پارەیەکی دیاری کراو دانەن بۆ خۆیان (إبْنُ المُنْذِر) دەفەرموێ : ((ئەوەی ئێمە لێیەوە دەزانین کەوا زانایان هەموویان (إِجْمَاع) یان کردوە لەسەر ئەوەی کەوا (القِرَاض) بەتاڵە ئەگەر یەکێکیان (خاوەن پارە یان کرێکار) یان هەردووکیان چەند دەرهەمێکی دیاری کراو بۆ خۆی دانێ)) [بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو] .

(٢٥٩) بنەڕەت (الأصْل) لە دروست بوونی (مُضَارَبَة) یەکدەنگی (الإجْمَاع) زانایانی ئیسلامەو کارپێ کردنی هاوەڵانی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) ، (إبْنُ المُنْذِر) لە (الإجْمَاع) دا (ل١٢٤) فەرموویەتی : ((زانایان (إِجْمَاع) یان کردوە لەسەر ئەوەی کەوا (القِرَاض) کردن بەدینار و دەرهەم دروستە)) ، وە دەفەرموێ : وە زانایان (إِجْمَاع) یان کردوە کەوا (مُضَارَبَة) دروستە بەگشتی [ بڕوانە تكملە المجموع للنووي (١٩١/١٤)] .

(الأمِيْرُ الصَّنْعَانِي) فەرموویەتی : جیاوازی نییە لەنێو موسوڵمانان دا لەسەر دروستێتی (القِرَاض) وە لەکاتی نەفامی (الجَاهِلِيَّة) دا بووە و ئیسلامیش ڕازی بووە لەسەری ، وە زانراویشە لە ژیاننامەی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) کەوا پێش پێغەمبەرایەتی (ﷺ) (مُضَارَبَة)ی بۆ (خَدِيْجَە) کردووە ، وە سەفەری بۆ شام کردووە .


منتدى إقرأ الثقافي

وه (الحَافِظُ إِبْنُ حَجَر) فەرموویەتی : ((وه ئەوەی ئێمە بڕیاری پێ دەدەین کەوا (مُضَارَبَة) لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بووه وپێیشی زانیوه و ڕازی بووه لەسەری وه ئەگەر وانەبوایە ئەوه بە هیچ شێوەیەك دروست نەئەبوو)) [بڕوانە تلخيص الحبير (٥٨/٣)] .

له (زَيْدُ بنُ أَسْلَم عنْ أَبِيْه) کەوا فەرمووی : ((عَبْدُ الله و عُبَيْدُالله)ی هەردوو کوڕی (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) لەگەڵ سوپای عێراق دا دەرچوون ، جا کە گەڕانەوه بەلای (أَبُو مُوسَىٰ الاشْعَرِي) دا تێپەڕ بوون ، کە ئەمیر بوو لەسەر (البَصْرَة) ، جا بەخێرهاتنی کردن و کاری بۆ ئاسان کردن پاشان فەرمووی : ئەگەر توانام لەسەر کارێك ببوایە کەوا سوودتان پێ بگەیەنم ئەوه دەمکرد پاشان فەرمووی : بەڵێ ، هەندێك ماڵی زەکات لێرەیە دەمەوێت بۆ (أَمِيْرُ المُؤْمِنِيْن)ی بنێرم ، جا بە قەرز دەیدەم پێتان ، جا هەندێك شت و مەکی عێراقی پێ بکڕن ، پاشان لە مەدینە بیفرۆشن ، جا سەرمایەکەی بدەنە (أَمِيْرُ المُؤْمِنِيْن) و قازانجەکەشی بۆ هەردووکتان دەبێت ، جا ئەوانیش فەرموویان : ئەوەمان پێ خۆشە ، ئەویش ئەوەی کرد ، ونوسراوی نووسی بۆ (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) کەوا پارەکەیان لێ وەربگرێت ، جا کە گەڕانەوه قازانجیان کرد ، جا کە ئەوەیان دابە (عُمَر) فەرمووی : ئایا بە هەموو سوپاکە قەرزیدا وەکو بەئێوەیدا؟ فەرموویان : نەء ، جا (عُمَر) فەرمووی : هەردوکتان کوڕی (أَمِيْرُ المُؤْمِنِيْن)ن بۆیە قەرزی پێدان، کەواتە پارەکەو قازانجەکەیشی بدەنەوه ، جا (عَبْدُالله) بێدەنگ بوو ، بەلام (عُبَيْدُ الله) ووتی : بۆتۆ نییە ئەی (أَمِيْرُ المُؤْمِنِيْن) ئەمە بکەی؟ ئەگەر ئەم پارەیە کەمی بکردایە یان تیابچوایە ئێمە دەمانبژارد جا (عُمَر) فەرمووی : بیدەنەوه ، جا (عَبْدُالله) بێ دەنگ بوو ، بەلام (عُبَيْدُالله) دەگەڕایەوه بۆلای ، جا یەکێك لە دانیشتوانی لای (عُمَر) ووتی : ئەی (أَمِيْرُ المُؤْمِنِيْن) ئەگەر بتکردایە بە (قِرَاض)؟ ئەویش فەرمووی : ئەوه کردم بە (قِرَاض) ، جا (عُمَر) سەرمایەکەی بردو نیوەی قازانجەکەیش ، وه(عَبْدُالله) و (عُبَيْدُالله) هەردوو کوڕەی (عُمَر) نیوەی قازانجی پارەکەیان برد)) [رواه مالك (١٣٩٦/٤٧٩) والبيهقي (١١٠/٦) وهو صحيح بڕوانە الارواء (٢٩١/٥)] .



منتدى إقرأ الثقافي

وە هیچ بژاردن (ضَمَان)ێك لەسەر كرێكارەكە نییە مەگەر لەو سنورە تێپەڕێت كە خاوەن پارەكە بۆی دیاری كردووە یان بە پێچەوانەی مەرج (شَرْط)ی ئەو كاربكات . (٢٦٠)

---

(إِبْنُ حَزْم) فەرموویەتی : ((هەموو بەشەكانی فیقه هیچ بەشێكی نییە (ئیللا) بنەڕەتێكی هەیە لە قورئان و سوننەتەوە ، دەیزانین سوپاس بۆ خوا ، جگەلە (القِرَاض) — المُضَارَبَة — كە هیچ بنەڕەت (أَصْل)ێكمان نەبینیوە بەهیچ شێوەیەك لە قورئان و سوننەت دا بەڵكو تەنها (إِجْمَاع)ێكی ڕاستە ، وە ئەوەی ئێمە بڕیاری لەسەر دەدەین ئەوەیە كەوا لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) بووە وەپێی زانیوە ، جا پێشی ڕازی بووە ، وە ئەگەر وانە بوایە ئەوە دروست نەئەبوو)) [بڕوانە مراتب الاجماع (ل/٩١)] .

جا شێخی فەرموودە ناس (الأَلْبَانِي) لە پاش ووتەكەی (إِبْنُ حَزْم) لە (الإِرْوَاء) دا دەفەرموێ : ((وە چەند شتێكی تێدایە : گرنگ ترینیان بنەڕەت لە مامەڵە كردن دا دروست بوونە مەگەر بەبەڵگە (الأَصْلُ فِي المُعَامَلَاتِ الجَوَازُ إِلاَّ لِنَص) بەپێچەوانەی پەرستنەكانە كە بنەڕەت تێیدا قەدەغە كردنە مەگەر بەبەڵگە (الأَصْلُ فِي العِبَادَاتِ المَنْعُ إِلاَّ بِنَص) . وەك (شَيْخُ الإِسْلَام إِبْنُ تَيْمِيَه) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) زیاتر ڕوونی كردوەتەوە ، وە (القِرَاض) و (المُضَارَبَه) لە بەشی یەكەمیانە — بەشی مامەڵە — وەك دیارە ، وە هەروەها دەق (نَص)ی قورئان هاتووە لەسەر ئەوەی كەوا بازرگانی بە ڕەزامەندی دروستە ، وە ئەویش (القِرَاض) دەگرێتەوە وەك شاراوە نییە ، جا ئەمەش هەموو بەسە بەڵگەبێت لەسەر دروست بوونی (مُضَارَبَه) ، و پاڵپشتێتی ئەو (إِجْمَاع)ەی كە لەبارەیەوە هاتووە)) [بڕوانە الارواء (٥/٢٩٤)] .

(٢٦٠) (إِبْنُ المُنْذِر) فەرموویەتی : ((وە زانایان (إِجْمَاع) یان كردوە لەسەر ئەوەی كەوا خاوەن پارە ئەگەر قەدەغەی كرێكارەكەی كرد لەوەی بە قەرز شت بفرۆشێت ، جا ئەو بەقەرز فرۆشتنی ئەوە دەبێت بیبژێرێت)) [الاجماع (ل/١٢٥)] .

وەلە (حَكِيم بنُ حزَام) ەوە(خوای لێ ڕازی بێت) كە هاوەڵی پێغەمبەری خوا بوو(ﷺ) دەگێڕنەوە كەوا فەرموویەتی : ((إِنَّهُ كَانَ يَشْتَرِطُ عَلَىٰ الرَّجُلِ إِذَا أَعْطَاهُ مَالاً مُقَارَضَةً يَضْرِبُ لَهُ بِهِ : أَنْ لاَيَجْعَلَ مَالِي فِي كَبدٍ رَطبَةٍ وَلاَ تَحمِلَهُ فِي بَحْرٍ وَلا تَنزل بِهِ



منتدى إقرأ الثقافي

# بـــارمتـــه ( الرَّهْنُ ) [٢٦١]

دروسته هەرکەسێك شتێك کە موڵکی خۆی بێت بیکات بە بارمتە (رَهْن) لەجیاتی قەرزێك کە لەسەرێتی، [٢٦٢] ئیتر لەسەفەردابێت یان لەماڵ دا [٢٦٣] وە دروست نی‌یە بۆ ئەو کەسەی کە بارمتەکە دەخرێتە لای هیچ

---

بَطنَ مسيلٍ فَإنْ فَعَلْتَ شَيْئاً مِنْ ذلِكَ فَقَدْ ضَمِنْتَ مَالي)) واتە : بە مەرج وەردەگیرا لەسەر ئەو پیاوەی کە پارەی پێ دەدرا بە (مُضَارَبَە) کەوا کاسبی پێوە بکات : کەوا نەیدا بەگیان لەبەر و لەگەڵ خۆی نەیبات بۆ شوێنێ ترسی فەوتانی هەبێت وەك ناو دەریاو ... ، جا ئەگەر شتێ لەمانە بکەیت ئەوە دەبێت ماڵەکەم ببژێریت [رواه الدارقطني (٢/٦٣/٢٤٢) والبيهقي (٦/١١١) وهو صحيح الاسناد بڕوانە الارواء (٥/٢٩٣)] .

(٢٦١) (الرَّهْن) لە زمانی عەرەب دا واتە : گیردان و بەستنەوە لەو قسەیەیانەوە هاتووە : رَهَنَ الشَّي : ئەگەر بەردەوام و جێگیربێت . خوای گەورە لە سورەتی (المدثر :٣٨) فەرموێ : ((كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِيْنَةٌ)) واتە : هەموونەفسێك بەو کردەوانەیەوە بەستراوەو گیردراوە کە ئەنجامی داوە ، وەلە شەرعیش دا ، دانانی (ماڵێك)ە کە لەجیاتی قەرزێك دا ، بۆ ئەوەی ئەگەر ئەو قەرزەی نەداوە لەو ماڵە بدرێتەوە [ بڕوانە فتح الباري (٥/١٤٠) ومنار السبيل (١/٣٥١)] .

(٢٦٢) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە کە لە سورەتی (البقرة :٢٨٣) دا دەفەرموێ : ((وَإِنْ كُنْتُمْ عَلَى سَفَرٍ وَلَمْ تَجِدُوا كَاتِبَاً فَرِهَانٌ مَقْبُوضَةٌ)) واتە : وە ئەگەر لەسەفەردا بوون و شتێکتان لە یەکتری قەرز کرد وە نوسەرتان دەست نەکەوت ، ئەوە لای خاوەن قەرزەکە بارمتەیەك دابنێن .

(٢٦٣) لەسەفەردا ، لەبەر ئەو ئایەتەی پێشوو ، وەلە ماڵیش دا لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ)



منتدى إقرأ الثقافي

**سوودی لێ وەربگرێت (٢٦٤) مەگەر بارمتەكە پشت بێت بتوانێت سواری بێت یان شیر دەربێت ئەوە دروستە سواری بێت و شیرەكەی بدۆشێت ئەگەر خۆی بەخێوی بكات (٢٦٥)**

---

هەندێك خواردنی لە كابرایەكی جولەكە كڕی — أَبُو الشَّحْم — بە قەرز تا ماوە یەك ، جا لەجیاتی دا قەڵغانەكەی بە بارمتە لا دانا)) [رواه البخاری (٥/رقم ٢٥١٢) ومسلم (٥/١٤٥/١٦٠٢) وغیرهما] .

**تێبینی :**

هەندێك لە زانایان وەك (مُجَاهِد) و (ضَحَّاك) و (ظَاهِرِیَه)كان دەڵێن : بارمتە دروست نییە تەنها لەسەفەردا نەبێت . لەڕاستیدا ئەم ڕایەیان جێی خۆی نییە لەبەر فەرموودەكەی (عَائِشَة)ی پێشوو .

(٢٦٤) چونكە هەر قەرزێك ببێتە هۆی قازانج ئەوە سوودە (رِبَا) ، وەك لەباسی قەرزدا باسمان كرد بڕوانە (پ ٢٣٠) .

(٢٦٥) لەبەر فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ)- فەرمووی ((الظَهْرُ يُرْكَبُ بِنَفَقَتِهِ إِذَا كَانَ مَرْهُونَاً ، وَلَبَنُ الدَّرِّ يُشْرَبُ بِنَفَقَتِهِ إِذَا كَانَ مَرْهُونَاً ، وَعَلَىٰ الذِي يَرْكَبُ وَيَشْرَبُ النَّفَقَةِ)) واتە : پشتی وڵاغی بارمتەكراو بۆ سواری بەكار دەهێنرێت بە بەخێو كردنی وەشیری گوانی ئاژەڵی بارمتە كراویش دەخورێتەوە بە بەخێوكردنی ، وە لەسەر ئەو كەسەیە كە سواری دەبێت و دەیخواتەوە ، بەخێوی بكات [رواه البخاری (٥/١٢٣/٢٥١٢) وابو داود (٣/٧٩٥/٣٥٢٦) والترمذی (٣/٥٥٥/١٢٧٧) وابن ماجه (٢/٨١٦/٢٤٤٠) وغیرهم] .

ئەمەش ڕاو بۆچوونی ئیمامی (أَحْمَد) و (إِسْحَاق) و (اللَّيْث) و (الحَسَن) و كەسانی تریشەوە (ظَاهِر)ی فەرموودەكەیش ئەوە دەگەیەنێت وەك مامۆستا(زُهَيْر شَاوِيش) لە (صَحِيْح سُنَنْ إِبْنْ مَاجَه) دا دەفەرمێ : (التعلیق علی حدیث رقم (٢٤٤٠) ) .

**تێبینی :**

جەماوەری زانایان دەڵێن دروست نییە ئەوەی (رَهْن)ەكە دەخرێتە لا هیچ سودێكی لێ وەربگرێت با پشتیش بێت و بتوانرێت سواری بێت یان شیردەریش بێت ، وەڕایان لەبارەی فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَه)ی پێشووەوە (تَأْوِيل)ی دەكەن و دەڵێن : مەبەستی


منتدى إقرأ الثقافي

وە هیچ بژاردن (ضَمَان)ێك ناكەوێتە سەری مەگەر بەزیادەڕەوی یان كەم تەرخەمی . (٢٦٦)

# سپاردن ( الوَدِيْعَة ) (٢٦٧)

سوننەتە لەسەر موسوڵمان ئەگەر یەكێ شتێكی بە ئەمانەت دانا لەلای

---

خاوەنەكەیەتی خۆی بۆی هەیەو دەتوانێت سواری بێت و شیرەكەی بخوات . نەك ئەو كەسەی بە (رَهْن) خراوەتە لای چونكە ئەمە بەپێچەوانەی (قِيَاس)ە لەدوو ڕووەوە ، (إِبْنُ حَجَرِ العَسْقَلَانِي) لە (فَتْحُ البَارِي) دا لەشەرحی ئەم فەرموودەیەدا باسی ئەو دوو ڕووە دەكات و (رَدّ)ی ئەوانەیش دەداتەوە كە فەرموودەكە (تَأْوِيْل) دەكەن زۆر بەجوانی ، دەتوانیت تەماشای بكەیت . وە (مُحَمَّد صِدِّيْق حَسَن خَان)یش لە (الرَّوضَةُ النَّدِيَّة) (رَدّ)ی ئەوانە دەداتەوە كە دەڵێن ئەم فەرموودەیە بە پێچەوانەی (قِيَاس)ە و دەفەرموێ : (وَيُجَابُ بِأَنَّ هَذَا القِيَاسَ فَاسِدُ الإِعْتِبَارِ مَبْنِيٌّ عَلَى شَفَا جُرُفٍ هَارٍ وَلَا يَصِحُّ الإِحْتِجَاجُ بِهِ ...) پاشان ..تەیەكی (إِبْنُ القَيِّم) دەهێنێتەوە كە لە (إِعْلَامُ المُوَقِّعِيْن) دا (٢/٤١١) فەرموویەتی كەوا تێیدا ئەوە دەسەلمێنێ كەوا ئەو فەرموودەیە پێچەوانەی (قِيَاس)نییە بەڵكو ئەو پێچەوانەی (قِيَاس)ە كەوا بڵێ : ((ئەو فەرموودیە پێچەوانەی (قِيَاس)ە)) هەروەها تەماشای (سُبُلُ السَّلَام)ی ئیمامی (الصَّنْعَانِي) بكە حديث رقم (٨٠٠) .

(٢٦٦) چونكە ئەگەر بژاردن بكەوێتە سەری ئەوە خەڵكی بارمتە وەرناگرن لەترسی بژاردنیدا ، جا ئەمەش دەبێتە هۆی قەرز نەدان یان هیچ نەبێت كەم بوونەوەی قەرزدان ، جا بەهۆیەوە زیانێكی زۆر لە خەڵكی دەكەوێت و بەرژەوەندی خەڵكێكی زۆر ڕادەوەستێت بڕوانە (پ ٢٧٠) .

(٢٦٧) (الوَدِيْعَة) لەزمانی عەرەب دا لە (وَدَعَ الشَّيْء)ەوە وەرگیراوە ، واتە وازلێ هێنانی شتێك ، و لە شەرعیش دا : بەو شتە دەوترێت كە مرۆڤ لای كەسێك دای دەنا بۆ ئەوەی بۆی بپارێزێت .



منتدى إقرأ الثقافي

وەریبگرێت ئەگەر توانای هەبوو بیپارێزێت (٢٦٨) وە پێویستە لەسەری هەرکاتێك خاوەنەکەی داوای کردەوە بۆی بیگێڕێتەوە (٢٦٩) وەبەتیاچوونی هیچ بژاردنێك ناکەوێتە سەری مەگەر کەم تەرخەمی کردبێت لە پاراستنیدا . (٢٧٠)

---

(٢٦٨) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (المائدة :٢) دا کە دەفەرمێ: ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَىٰ البِرِّ وَالتَّقْوَىٰ﴾ واتە : وە یارمەتی و هاوکاری یەك بکەن لەسەر چاکەو لە خواترسان . و لەبەر فەرموودەکەی (سَالِم عَنْ أَبِيْهِ) (خوای لێ ڕازی بێت) کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((... مَنْ كَانَ فِي حَاجَةِ أَخيْهِ كَانَ اللهُ فِي حَاجَتِهِ ...)) واتە : هەرکەسێك پێویستی برایەکی موسوڵمانی بەجێ بهێنێت خوای گەورەیش پێویستی ئەو بەجێ دەهێنێ ...)) [رواه مسلم (٤/رقم/٢٥٨٠)] .

(٢٦٩) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (النساء :٥٨) دا کە دەفەرموێ : ﴿إِنَّ اللهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَىٰ أَهْلِهَا﴾ واتە : بەڕاستی خوای گەورە فەرمانتان پێ دەکات کەوا ئەمانەتەکان بدەنەوە بەخاوەنەکانیان وە فەرموودەی خوای گەورەیش لە سورەتی (البقرة :٢٨٣) دا کە دەفەرموێ : ﴿فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُمْ بَعْضاً فَلْيُؤَدِّ الَّذِي اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ وَلْيَتَّقِ اللهَ رَبَّهُ﴾ واتە : جا ئەگەر باوەڕتان بەیەکتری هەبوو ، دەبا ئەوەی دڵنیایی پێکراوە با ئامانەتەکە بداتەوە بە خاوەنی خۆی وە با لەخوایەك بترسێت کە پەروەردگاریتی . وە لەبەر فەرموودەکەی (أَبُوهُرَيْرَة) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((أَدِّ الأَمَانَةَ إِلَىٰ مَن إِئْتَمَنَكَ وَلاتَخُنْ مَنْ خَانَكَ)) واتە:سپاردەو ئەمانەتی ئەو کەسە بدەرەوە کە دڵنیایی پێ کردیت وە خیانەت بەرانبەر ئەو کەسە مەکە کە خیانەتی لێ کردیت [رواه ابوداود (٣/٨٠٥/٣٥٣٥) والترمذي (٣/٥٦٤/١٢٦٤)] وهو حديث صحيح بروانە صحيح الجامع (٢٤٠) والسلسلة الصحيحة (٤٢٤) وصحيح الترمذي (١٠١٥)] .

(٢٧٠) لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُاللهِ بن عَمْرو) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ أَوْدَعَ وَدِيْعَةً فَلاَ ضَمَانَ عَلَيْهِ)) واتە : هەرکەسێك ئەمانەتێك لای دانرا ئەوە هیچ بژاردنێك لەسەری نییە [رواه ابن ماجە (٢/٨٠٢/٢٤٠١) وهو حديث حسن بروانە صحيح ابن ماجە (١٩٤٥) و الارواء (١٥٤٧)] .


منتدى إقرأ الثقافي

# دەستیار ( العَارِيَةُ ) (٢٧١)

## هەرشتێك سوودی لێ وەرگیرا ئەگەر خەڵكی داوایان كرد سوننەتە بدرێتە دەستیان (٢٧٢) ئەگەر ترسی تیاچوونی نەبوو ، (٢٧٣) بەڵام بۆ شت

---

وە فەموودەكەی تری (عَبْدُاللهِ بن عَمْرو) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لاَضَمَانَ عَلَىٰ مُؤْتَمَنٍ)) واتە : ((بژاردن (ضَمَان) لەسەر كەسێك نییە دڵنیایی لەسەر كرابێت و كرابێت بە ئەمین [رواه الدار قطني (٣/٤١/١٦٧) والبيهقي (٦/٢٨٩) وهو حديث حسن بڕوانە صحيح الجامع (٧٥١٨) والارواء(١٥٤٧)] .

وە (أَنَسُ بنُ مَالِك) فەرموویەتی : ((كەوا (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) ئەمانەتێكی بۆ بژاردوە كە لەنێو ماڵەكەیدا دزرابوو)) ئیمامی (البَيْهَقِي) فەرموویەتی : ((لەوانەیە (عُمَر) كەم تەرخەمی كردبێت لە پاراستنیدا ، جا بۆی بژاردەوە لەجیاتی ئەو كەم تەرخەمییە)) [ بڕوانە سُنَنُ البَيْهَقِي(٦/٢٨٩)] .

(٢٧١) (العَارِيَة) لەزمانی عەرەب دا وەكو لە (العَار) ەوە هاتبێت ، چونكە داوا كردنی (عَار)ی تێدایە واتە : بێ شەرمی .

وەلە شەرعیش دا حەڵاڵ كردنی سوود وەرگرتنە لە شتێك بەبێ بەرانبەر [بڕوانە نيل الاوطار (٦/كتاب الوديعة والعارية)] .

(٢٧٢) لەبەر فەرموودەكەی خوای گەورە لە سورەتی (المائدة :٢) كەلە (پ ٢٦٨)دا باسمان كردووە لەبەر فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((وَاللهُ فِي عَوْنِ العَبْدِ مَاكَانَ العَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ)) واتە:خوای گەورە لە یارمەتی بەندەی دا یە تاكو بەندە لە یارمەتی دانی براكەیدابێت [رواه مسلم (مختصر مسلم/١٨٨٨) وغيره] .

(٢٧٣) وەك ئەوەی ئەو كەسە كە داوای دەكات خراپ و دەست پیس بێت یاوەكو كەم تەرخەم بێت ، چونكە كەس ماڵی خۆی لێ زیادە نییە ئەگەر بزانێت دەفەوتێت دەتوانێت نەیدا .



منتدى إقرأ الثقافي

**وەکی زۆر پێویستی ماڵ ئەوە پێویست (وَاجِب)ە ئەگەر ترسی فەوتانی نەبوو ، (٢٧٤) ،وەپێویستە لەسەر ئەو کەسەی دەدرێتە دەستی بیگێڕێتەوە بە چاکی (٢٧٥) وەئەگەر تیا چویش بۆی ببژێرێت (٢٧٦)**

---

(٢٧٤) چونکە خوای گەورە زەمی ئەوانەی کردووە کە (مَاعُون) قەدەغە دەکەن وەك لە سورەتی (الماعون :٧) دا لە سیفەتی ئەوەی کەباوەڕ بەڕۆژی دوایی ناکات یەکێ لەسیفەتەکانی ﴿وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ﴾ (إِبْنُ مَسْعُود) دەفەرموێ (ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) (مَاعُون)مان بە (عَارِيَە)ی دۆلکەو قاپ دادەنا) [(رواه ابوداود ١٦٧٥/٣٠٢/٢) وأورده الحافظ في الفتح (٧٣١/٨) عَنْ أبي داود والنَّسائي وقال : وَإِسْنَاده صحيح إلى إِبْنِ مَسْعُود] .

وله (إِبْنُ مَسْعُود) و (إِبْنُ عَبَّاس)ە وە دەگێڕنەوە کەوا تەفسیری ﴿وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ﴾ یان کردوە بەوەی کەشتومەکی ماڵە کە دەیدەنە دەستی یەکەوە لەپاچ و دۆلکە و حەبل و قاپ و قاپ لەمە و ئەو جۆرە شتانە [رواه البيهقي في السنن الكبرى (٨٨/٦) وابن جرير الطبري في تفسيره (جامع البيان) (٣١٩/٣١٦/٣/١٥)] .

(٢٧٥) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لەسورەتی (النساء :٥٨) کەلە (پ ٢٦٩) دا باسمان کرد . وەلەبەر فەرموودەکەی (أَبُو أُمَامَةَ البَاهِلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((العَارِيَةُ مُؤَدَّاةٌ وَالمِنْحَةُ مَرْدُودَةٌ وَالدَّيْنُ مَقْضِيٌّ وَالزَّعِيمُ غَارِمٌ)) واتە : دەستیار دەبێت بدرێتەوە — ئەگەر خۆی مابوو یالەجیاتی دا نرخەکەی ئەگەر نەمابوو وەك (الخَطَابِي) لە (مَعَالِمُ السُّنَن) دا وا دەفەرموێ - وە(مِنْحَە) یش دەبێت بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وەقەرزیش دەبێت بدرێتەوە وەکەفیلیش دەبێت لەجیاتی ئەوەی کەفیلی بۆ کردوە بیبژێرێت .[رواه ابو داود (٣٥٦٥/٨٢٣/٣) والترمذي (١٢٨٢/٥٦٦/٣) بلفظ (العَارِيَةُ مُؤَدَّاةٌ وَالمِنْحَةُ مَرْدُودَةٌ) وهو صحيح بروانە السلسلة الصحيحة (٦١٠و٦١١) وَالارواء (١٥١٣)] .

(مِنْحَة) واتە : ئەو شتەیە کەدەدرێت بەکەسێك سوودی لێ وەربگرێت وەك باخ بۆ میوەکەی و ئاژەڵیش بۆ شیرەکەی ، جا دەبێت بیگێڕێتەوە پاش ئەو سوودە ، وەك لەفەرموودەکەدا هاتووە .

(٢٧٦) لەبەر فەرموودەکەی (أُبُو أُمَامَة) ی پێشوو (پ٢٧٥) ، وەلەبەر فەرموودەکەی (صَفْوَانُ بنُ أُمَيَّة) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەند قەڵغانێکی لێ داوا کرد


منتدى إقرأ الثقافي

# گواستنەوەی قەرز ( الحَوَالَة ) (٢٧٧)

**ئەگەر کەسێك قەرزەکەی گواستراوە بۆلای قەرزارێکی تری دەوڵەمەند با بیگواستێتەوە (٢٧٨) جا ئەگەر قەرزارەکەی‌تر قەرزەکەی نەدایەوە ، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆلای قەرزاری یەکەم (٢٧٩)**

---

بە(عَارِيَە)لەڕۆژی (حُنَيْن)دا ، جا ئەویش ووتی بەداگیر کردن ئەی (مُحَمَّد) ؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی ((لَابَلْ عَارِيَةٌ مَضمُونَة)) واتە : نەء ، بەڵکو بە (عَارِيَة) ی (ضَمَان)ەت کراو [رواه ابو داود (٣/٨٢٢/٣٥٦٢) وهو حديث حسنه الأرناؤوط تخريج جامع الاصول (٨/١٦٣) وصححه الالباني في الارواء (١٥١٢)] .

(٢٧٧) (الحَوَالَة) لە (التَّحْوِيل)ەوە هاتووە یان لە (الحُوْل)ەوە دەڵێ : (حَالَ حُوْلاً إِذَا إِنْتَقَلَ عَنْهُ) لە هەردووکیان دا بەواتای گۆڕان و گواستنەوەی دێت . وەلە شەرعیش دا : گواستنەوە قەرزێکە لەلای کەسێکەوە بۆلای کەسێکی‌تر [بڕوانە فتح الباری (٥/باب الحوالة)] .

(٢٧٨) بەو مەرجەی ئەگەر قەرزەکەیان وەکو یەك بوو وە ماوەی دانەوەکەیشی یەك کات بوو ، لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَطلُ الغَنِيِّ ظُلمٌ ، فَإِذَا أُتبِعَ أَحَدُكُمْ عَلَىٰ مَلِيءٍ فَلْيَتْبَعْ)) واتە : دواخستنی دانەوەی قەرز لەلایەن دەوڵەمەندەوە ستەمە ، جا ئەگەر هەرکەسێکیان نێرران بۆ لای قەرزارێکی تری دەوڵەمەند با بڕوات [رواه البخاری (٤/٤٦٤/٢٢٨٧) وهذا لفظه ومسلم (٣/١١٩٧/١٥٦٤) بلفظ ((وَإِذَا أُتْبِعَ ...)) وفي رواية ((وَإِذَا أُحِيلَ أَحَدُكُمْ عَلَىٰ مَلِيءٍ فَلْيَحْتَلْ)) رواه احمد (٢/٤٦٣)] .

(٢٧٩) چونکە هێشتا قەرزەکە لە ئەستۆی قەرزاری یەکەم دا هەرماوە ، لەسەری ناکەوێت تا قەرزاری دووەم دەیداتەوە بە خاوەن قەرزەکە ، جا ئەگەر نەیداتەوە ئەوە هەر قەرزەکە لە ئەستۆی قەرزاری یەکەم دا ماوە ، هەروەکو پێش گواستنەوەکە ، ئەمە هەر لە فەرموودەکەوە وەردەگیرێت کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمویٚ : ((عَلَىٰ مَلِيءٍ)) واتە : بۆلای قەرزارێکی تری دەوڵەمەند هاندانە بۆ خاوەن قەرزەکە چونکە کابرای دەوڵەمەند دەیداتەوە و دوای ناخات جا ئەم قبوڵی ئەرکی گواستنەوەکە دەکات بە ئومێدی ئەوەی



منتدى إقرأ الثقافي

وە دروستە قەرزی مردو بگواسترێتەوە بۆ کەسێکی‌تر.[٢٨٠]

---

قەرزەکەی دوانەکەوێت ، جا ئەگەر هات و ئەو نەیدایەوە یان دوای خست یان پارەی نەما یان مرد ئەوە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆلای قەرزاری یەکەم ، و داوای قەرزەکەی خۆی لێ بکاتەوە.

(٢٨٠) لەبەر فەرموودەکەی (سَلَمَةَ بنُ الأكوَع) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((جەنازەیەکیان هێنا بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ ئەوەی نوێژی لەسەر بکات ، جا فەرمووی : ((هَلْ عَلَيْهِ مِنْ دَيْنٍ؟)) واتە : ئایە هیچ قەرزێکی لەسەرە؟ ووتیان : نەء ، جا نوێژی لەسەر کرد ،پاشان جەنازەیەکی تریان هێنا جا فەرمووی : ((هَلْ عَلَيْهِ مِنْ دَيْنٍ؟)) واتە : ئایە هیچ قەرزی لەسەرە ؟ ووتیان : بەڵێ ، فەمووی : ((صَلُّوا عَلَىٰ صَاحِبِكُمْ)) واتە : نوێژ لەسەر هاوەڵە کەتان بکەن . (أَبُو قَتَادَة) فەرمووی : قەرزەکەی لەسەر من ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، جا نوێژی لەسەر کرد)) [رواه البخاری (٥/رقم/٢٢٩٥) ] وفی روایة ((جا هەر کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاوی بە (أَبُو قَتَادَة) بکەوتایە دەیفەرموو : ((مَاصَنَعَتِ الدِّيْنَارَانِ؟)) واتە : چیت بە دوودینارەکە کرد — قەرزەکەی کابرا — ، تا دواین جار فەرمووی : ئەوە دامەوە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)،پێغەمبەریش فەرمووی : ((اَلآنَ حِيْنَ بَرِدَتْ عَلَيْهِ جِلْدَهُ)) واتە : ئێستا پێستی سارد بوویەوە)) [رواه الحاكم (٢/٥٨) والبيهقي (٦/٧٤) عن جابر بن عبدالله . وهو صحيح بروانه أحكام الجنائز رقم(١٦) للألباني] .

**تێبینی :**

ئەم ڕیوایەتەی (جَابِر) باشترین بەڵگەیە کەوا بەتەنها گواستنەوەی قەرزەکە ، قەرزەکە لە سەر قەرزاری یەکەم ناکەوێت ، بەڵکو بەدانەوەی لەلایەن قەرزارەکەی ترەوە ئەو جا لەسەری دەکەوێت .



منتدى إقرأ الثقافي

# لـەجـێی خـۆدانــان

## ( الـوكَـالَـة ) (٢٨١)

**دروستە كەسێك یەكێكی‌تر لەجێی خۆی دانا بەوەكیل (٢٨٢) لەهەرشتێك دا كە خۆی بۆی هەبێت بیكات (٢٨٣) مەگەر لەشتێكدا شەرع**

---

(٢٨١) (الوكَالَة) لەزمانی عـەرەب دا بـەواتای (التَّفْوِيْضُ وَالحِفْظُ) دێـت واتـە : بەدەستەوەدان و پاراستن،وەلەشەرعیش دا واتە : كەسێك كەسێك بخاتە جێگەی خۆی بەرەهایی و بەبەستراوی (مُطْلَقاً وَمُقَيَّداً) [بڕوانە فتح البارى (٥/كتاب الوكالة)] .

(٢٨٢) لەبەر فەرموودەكەی خوای گەورە لەسورەتی (كهف:١٩) دا كەوا دەفەرموێ: ﴿فَابْعَثُوا أَحَدَكُمْ بِوَرِقِكُمْ هَذِهِ﴾ واتە : جـا ئێستا یەكێكتان بـەدراوێ (زیوو) كەهەتانـە بنێرنە شار ... وەفەرموودەی تر كەخوای گەورە لەسورەتی (یوسف:٥٥) دا ﷺدەفەرموێ ﴿ اجْعَلْنِي عَلَىٰ خَزَائِنِ الأَرْضِ﴾ واتە : پێغەمبەر (یُوسُف) ووتی : مـن لەسـەر خەزێنـەی میسر دانێ ...

وەلەبەر ئەو هەموو فەرمودانەی كەلەو بارەوە هاتووە كەتەنها ئیمامی (البُخَارِي) لە (كِتَابُ الوكَالَة) دا بیست و شەش (٢٦) فەرموودەی لەسەر هێناوەتەوە شـەش (٦) دانـەی (مُعَلَّق)ە و ئەو بیستەكەی (٢٠)تری (مَوْصُول)ە وەزانایانی ئیسلام (إِجْمَاع) یان لەسـەر دروست بوونی كردووە بڕوانە [الاجماع لابن المنذر ل ١٥٩-١٦١ رقم (٧٥٦-٧٦٦)] .

(٢٨٣) پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەكیلی داناوە بۆ قەرز دانەوە وەك فەموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة) (پ ٢٢٥) و لەجێ بەجێ كردنـی (حَدّ)ی شـەرعی دا وەك لەفـەرموودەكـەی (أَبُو هُرَيْرَة) و (زَيْدُ بنُ خَالد) دا (خوایان لێ ڕازی بێت) كـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی : ((وَاغْدُ يَا أُنَيْسُ إِلَىٰ إِمْرَاةِ هَـذَا فَإِنْ إِعْتَرَفَتْ فَارْجُمْهَا)) [رواه البخارى (٥/رقم ٢٣١٤،٢٣١٥) ومسلم (٣/١٣٢٤/١٦٩٨)) وغيرهمـا] كەلەباسـی (حُـدُود)دا بـەدرێژی ڕوونـی دەكەینـەوە ، وەهەروەها وەكیلی داناوە لەسەر ووشتری حەج و سەربڕین و دابەشكردنی بڕوانە [البخـارى



منتدى إقرأ الثقافي

قەدەغەی کردبێت (٢٨٤) وەئەگەر (وَكِيل)ەکە شتێکی فرۆشت بەزیاتر لەوەی بۆی دانراوە ، ئەوە زیادەکە بۆ ئەو کەسەیە کە وەکالەتی بۆ کردوە (٢٨٥) وەئەگەر بەپێچەوانەی ڕای خاوەنەکەی شتێکی کرد کەخۆی بە باشی دانا

---

(٥/رقم/٢٢٩٩،٢٣٠٠)ومسلم (٢/٩٥٤/١٢١٧)] وەبۆ پاراستنی زەکاتی سەر فترە وەك لەفەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة)دا[رواه البخاری (٥/رقم/٢٣١١)] وەلەژن مارەبڕین دا وەك (أَبُو رَافِع) ی کردە وەکیلی خۆی (مَيْمُونَة)ی لێ مارەکرد [رواه احمد (٦/٢٩٢-٢٩٣) والدراسی (٢/٣٨) وهو صحيح الاسناد برواته (الارواء ٦/٢٥٢)] وشتی تریش بڕوانە [صحيح البخاري (كتاب الوكالة)].

(٢٨٤) وەك موسوڵمانێك کابرایەکی (گاور) یان (جولەکە) یان (أَهْلُ الذِّمَّة) بکاتە وەکیلی بۆ فرۆشتنی مەی (خَمْر) یان گۆشتی بەراز ، یان هەرشتێکی تر کەشەرع قەدەغەی کردبێت وەکیلەکە بیکات لە جێگەیدا .

(٢٨٥) لەبەر فەرموودەکەی (عُرْوَةُ البَارِقِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دینارێکی پێ دا بۆ ئەوەی شەکێکی بۆ بکڕێت جا ئەو دوو شەکی بۆ کڕی ، پاشان یەکێکیانی فرۆشت بەدینارێك ، جا دینارەکەو شەکێکیشی هێنا بۆ پێغەمبەری خوا ، جا پێغەمبەری خوا دوعای بەرەکەتی بۆ کرد لە کڕین و فرۆشتنی دا وەلەدوای ئەوە ئەگەر گڵ(خۆڵ)یشی بکڕیایە هەر قازانجی لێ دەکرد [رواه البخاري (٦/٦٣٢/٣٦٤٢) وغيره] .



منتدى إقرأ الثقافي

وەئەویش پیێ ڕازی بوو ئەوە دروستە (٢٨٦) وەوەکیل دەست پاك (أَمِیْن)ە هیچ بژاردن (ضَمَان) ێکی لەسەر نیيە مەگەر بەکەم تەرخەمی کردن . (٢٨٧)

# زەمانەت وە کەفالەت کردن

## ( الكَفَالَةِ ، وَالضَّمَانْ ) (٢٨٨)

زەمانەت کردنی قەرزی کەسێکی زیندو یان مردو دروستە (٢٨٩)

---

(٢٨٦) لەبەر فەرموودەکەی (مَعْنُ بنُ يَزِيد) (خوایان لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : (باوکم چەند دینارێکی کرد بووە خێر جا لای پیاوێك دانابوو لەمزگەوت جا منیش هاتم بردم و هێنامەوە بۆ لای باوکم ئەویش ووتی (وَالله)ی من نەمویست بۆ تۆبێت ، جا سکالاّی لیٚ کردم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش فەرمووی ((لَكَ مَانَوَيْتَ يَايَزِيْدُ ، وَلَكَ يَامَعْنُ مَاأَخَذْتَ)) واتە : ئەو (پاداشتەت) کەنیەتت بوو بۆت بوو ئەی (يَزِيْد) وە ئەو (پارە)ی کەبردت بۆ خۆت ئەی (مَعْن)) [رواه البخاری (٤/رقم/١٤٢٢)] .

(٢٨٧) وەکیل لەشەرع دا دەست پاك (أَمِيْن)ە لەوەدا وەری دەگرێت وەلەوەی خەرجی دەکات وەهیچ نابژێرێت مەگەر بەکەم تەرخەمی کردن لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدِالله بن عَمْرو) (خوایان لیٚ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((لَاضَمَانَ عَلَى مُؤْتَمَنٍ)) بروانە (پ٢٧٠)

(٢٨٨) (كَفَالَة) و (ضَمَان) پێشی دەوترێت (حَمَالَة) و (زَعَامَة) . لەزمانی عەرەبدا واتە : خستنە ئەستۆ ، خوای گەورە لەسورەتی (آل عمران :٣٧) دا دەفەرمووێ ﴿وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّا﴾ واتە : پێغەمبەر (زکریا) ئەرکی سەر پەرشتی کردنی (مَرْيَم)ی خستە ئەستۆی خۆی ، وەلە شەرعیش دا : خستنە ئەستۆی خۆ دانەوەی قەرزی کەسێکی تر یاخستنە ئەستۆی خۆ تەسلیم کردنی و هێنانی کەسێك بۆ شوێنێکی دیاری کراو .

(٢٨٩) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لەسورەتی (یوسف : ٧٢) دا کەدەفەرمووێ ﴿وَلِمَنْ جَاءَ بِهِ حِمْلُ بَعِيرٍ وَأَنَا بِهِ زَعِيمٌ﴾ واتە : وەهەرکەسێك بیهێنێتەوە - پێوانەکەی


منتدى إقرأ الثقافي

## ئەگەر ئەندازەکەی زانرا (٢٩٠)

پادشا — ئەوە بارێك ووشتر — خواردنی — پێ دەدرێت ، وەمن زامنی ئەو بارە ووشترە دەکەم .

وەلەبەر فەرموودەکەی (سَلَمَةُ بنُ الأكْوَع) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٢٨٠) وەلە ڕیوایەتێکی تردا لە (عَبْدُالله بن أبِي قَتَادَة) ە وە لەباوکیەوە (خوای لێ ڕازی بێت) ٠کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) جەنازەیەکیان بۆلای هێنا بۆ ئەوەی نوێژی لەسەر بکات فەرمووی ((صَلُّوا عَلَىٰ صَاحِبِكُمْ ، فَإنّ عَلَيهِ دَيْناً)) واتە : نوێژی لەسەر بکەن ، چونکە قەرزی لەسەرە ، جا (أبو قَتَادَة) فەرمووی : من کەفالەتی دەکەم . پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((بِالوَفَاءِ؟)) وەفای پێ دەکەیت ؟ ووتی : وەفای پێ دەکەم ، [رواه ابن ماجه رقم (٢٤٠٧) وهو صحيح بروانه صحيح ابن ماجه (١٩٥١)] وە درێژەی فەرموودەکە لە(پ٢٨٠) دایە٠وە لەبەر فەرموودەکەی (أبو أُمَامَة البَاهِلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((الزَّعِيمُ غَارِمٌ)) بڕوانە (پ٢٧٥) وەلەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پیاوێك داوای قەرزێکی خۆی کردەوە لە کابرایەك کەدە (١٠) دینار بوو لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) جا کابرایش ووتی : هیچم نیە بیدەمەوە پێت ، پیاوەکەش ووتی : نەء (وَالله)ی ! بەجێت ناهێڵم تا دەمدەیتەوە یان کەسێکم بۆ بێنە زەمانەتی بکات جا ڕایکێشا بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێغەمبەریش پێی فەرموو: چەندێك چاوەڕوانی لێ دەکەیت ؟ ئەوویش ووتی : یەك مانگ ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : من زەمانەتی بۆ دەکەم ، جا کابرا لەو کاتەی کەپێغەمبەری خوا (ﷺ) دیاری کرد هاتەوە جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو : ((ئەمەت لەکوێ دەست کەوت ؟ ووتی : لەکانزا (مَعْدن) ، فەرمووی ((لاَخَيْرَ فِيهَا)) واتە : خەیری تێدانییە،وەقەرزەکەی بۆ دایەوە)) [ رواه ابن ماجه رقم (٢٤٠٦) وهو صحيح بروانه الارواء (١٤١٣) أحاديث لبيوع وصحيح ابن ماجه (١٩٥٠)] وەفەرموودەکەی (قَبِيصَةُ بنُ مُخَارِقِ الهِلاَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) [کەئیمامی (مسلم) دەگێڕێتەوە (٢/٧٢٢/١٠٤٤) کەلە (پ٢٨٩) ی بەشی عیبادات دا باسمان کرد] .

(٢٩٠) (إبْنُ حَزْم) دەفەرموێ : وەدروست نیە زەمانەت کردنی ئەوەی ئەندازەی نەزانرێت وەکو پێی بڵێت : من زەمانەتت بۆ دەکەم ئەوەی لەسەرتە هێن فلانە کەس ، لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لەسورەتی (النساء : ٢٩) دا کەدەفەرموێ ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ



منتدى إقرأ الثقافي

وەپێویستە بیداتەوە لەكاتی داواكردن دا [٢٩١] وەبەدانەوەی قەرزەكە ئەو جا قەرزەكە لەسەر قەرزارەكە دەكەوێت [٢٩٢] وەكەفالەت كردنی خودی كەسێك دروستە ئەگەر مافێكی ماڵیی خەڵكی بەسەرەوە بوو [٢٩٣] وەپێویستە لەسەر كەفالەت كەر لەكاتی پێویست دا ئامادەی بكات ئەگینا دەبێت چی لەسەرێتی بیبژێرێت . [٢٩٤]

---

آمَنُواْ لاتَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالباطِلِ إلاَّ أنْ تَكُونَ تِجارَةً عَنْ تَراضٍ مِنْكُمْ﴾ وەلەبەر فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) كەوا حەلاڵ نىیە ماڵی موسوڵمان مەگەر بە ڕەزامەندی و پێ خۆش بوونی خۆی . وەڕەزامەندی و پێ خۆش بوون نابێت مەگەر لەسەر ئەندازەیەكی دیاری كراو ئەمە شتێكە بەبینین و هەست دەزانرێت [بڕوانە المحلى (٨/مسألة ١٢٣٢)] .

(٢٩١) لەبەر فەرموودەكەی (أَبُو أُمَامَةَ) (الزَّعِيمُ غَارِمٌ) بڕوانە (پ٢٧٥) وە ئەوفەرموودانەی تریش (پ٢٨٩) .

(٢٩٢) لەبەر فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەلەبەشی عیبادەت دا (پ٢٧٩)دا باسمان كرد كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (نەفسی باوەڕدار هەڵبەستراوە بەقەرزەكەیەوە تابۆی دەدرێتەوە) وەلەبەر ڕیوایەتەكەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) بۆ فەرموودەكەی (سَلَمَةُ بنُ الأكْوَع) كە (الحَاكِم) و (البَيْهَقِي) ڕیوایەتی دەكەن كەدەفەرموێ ((الآنَ حِيْنَ بَرِدَتْ عَلَيْهِ جِلْدُهُ)) بڕوانە (پ٢٨٠) .

(٢٩٣) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لەسورەتی (يوسف : ٦٦) دا كەدەفەرموێ : ﴿قَالَ لَنْ أُرْسِلَهُ مَعَكُمْ حَتَّىٰ تُؤْتُونِ مَوْثِقاً مِنَ اللهِ لَتَأْتُنَّنِي بِهِ إلاَّ أَنْ يُحَاطَ بِكُمْ﴾ واتە : - پێغەمبەر (يَعْقُوب) كاتێك كەكوڕەكانی داوای كوڕە بچوكەكەیان لێ كرد بیبەن بۆمیسر لەسەر داوای عەزیزی میسر بۆ ئەوەی بارێك خواردنی زیاتریان بداتێ — فەرمووی لەگەڵتان دا ناینێرم تا بەڵێنێكی بتەوی خواییم پێ نەدەن كەبەبێ وەی بۆ منی بهێننەوە ، مەگەر ئەوەی لەدەستی ئێوەدا نەبێت . وەلەبەر فەرموودەكەی(أَبُو أُمَامَةَ) (الزَّعِيمُ غَارِمٌ) بڕوانە (پ٢٧٥) وەفەرموودەكەی (إبْنُ عَبَّاس)یش لە (پ٢٨٩) .

(٢٩٤) لەبەر فەرموودەكەی (أَبُو أُمَامَةَ) و فەرموودەكەی (إبْنُ عَبَّاس) بڕوانە (پ٢٨٩) .



منتدى إقرأ الثقافي

# دیـاری و بـەخـشـین

## ( الهَدِيَةُ وَالهِبَةُ )[295]

بـۆ زیـاتر بڵاوکردنـەوەی خۆشەویستی سـوننەتە دیـاری و بەخشـین بەیـەکتری دان [296] وەدروسـتـە لـەنێوان کـافرو موسـوڵمانیش دا [297] ،

---

(٢٩٥) دیاری و بەخشین ئەوەیە کەوا ماڵێکی خۆت بـدەی بەکەسێکی تـر لـەژیاندا ، بەبێ بەرامبەر .

(٢٩٦) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لەسورەتی (النساء : ٤) دا کەوا دەفـەرمێ : ﴿وَآتُوا النِّسَاءَ صَدُقَاتِهِنَّ نِحلَةً ، فَإنْ طِبْنَ لَكُمْ عَنْ شَيْءٍ مِنْهُ نَفساً فَكُلُوهُ هَنِيئاً مَرِيئـاً﴾ واتـە : بـەناوی بەخشینەوە فـەرزی مـارەیی ئافرەتـان بـدەن ، جـا ئەگـەر خۆیـان بـەدڵ شتێکیان لەو مارەییە بـەئێوە بەخشی ئـەوە بەخۆشی و حـەڵاڵی بیخۆن .وەپێغەمبـەر (ﷺ) لـەو فـەرموودەدا کـە (أَبُو هُرَيْرَة) (خـوای لێ ڕازی بێـت) دەیگێڕێتـەوە دەفـەرموێ ((تَهَادَوْا تَحَابُّوا)) واتە : دیاری بەیەك بدەن ، دەبێتـە هـۆی خۆشەویستی لـەنێوانتان دا ، [رواه البيهقي (١٦٩/٦) وهو حديث حسن بروانه الارواء (١٦٠١) وصحيح الجامع (٣٠٠٤)].

(٢٩٧) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لەسورەتی (المُمْتَحَنة : ٨) دا کەدەفـەرموێ : ﴿لاَيَنهَاكُمُ اللهُ عَنِ الَّذِيْنَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّيْنِ وَلَمْ يُخرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقسِطُوا إِلَيـهِمْ﴾ واتـە : خـوای گـەورە قەدەغـەی چاکـە کـردن و داد پـەروەری لـەئێوە نەکردوە لەگەڵ ئەوانەی کەلەسەر ئـایین نەجەنگاون لەگـەڵ تـاندا وەلەشـاروو لادێکانتـان دەریان نەکردوون ، وە (أُكَيْدِر)ی (دَوْمَةجَنْدَل) دیاری بـۆ پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نـاردوە و ئەویش لێی وەرگرتوە . وەك لەفەرموودەکەی (أَنَس) دا هـاتوە [رواه البخاري (٥/رقم ٢٦١٥) ومسلم (١٩١٦/٤ رقم ٢٤٦٩)] وە لەفەرموودەکـەی (عَلِي)یشدا هـاتووە [رواه مسلم (١٩٤٥/٣) رقـم (٢٠٧١)] .



منتدى إقرأ الثقافي

## وەسوننەتە وەرگرتنی ئەگەر شەرع قەدەغەی لێ نەکردبێت با چەند کەمیش بێت (٢٩٨)

وە لەبەر فەرموودەکەی تری (أَنَسُ بنُ مَالِكٍ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا ئافرەتێکی جولەکە شەکێکی ژەهراوی هێنا بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، جا پێغەمبەریش لێی خوارد جا ووترا : ئایە نایکوژیت ؟ فەرمووی:نەء .... [رواه البخاری (٥/رقم ٢٦١٧)] .

وەفەرموودەکەی (عَبْدُالرَّحْمَن بن أَبِـي بَكْـرٍ) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەر (ﷺ) بەکابرایەکی (مُشْرِك) کە مەڕی پێ بوو فەرمووی : ((بَيْعَاً أَمْ عَطِيَّةً ؟)) واتە:ئایە بەفرۆشتن دەیدەیت پێمان یان بە بەخشین ؟ کابرا ووتی : بەفرۆشتن ... [رواه البخاري (٥/رقم ٢٦١٨)] .

وەلەبەر فەرموودەکەی (أَسْمَاءُ بِنْتُ أَبِي بَكْرٍ) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی (دایکم هات بۆ سەردانم وەهێشتا (مُشْرِكَة) بوو ، لەپەیمانەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (صُلْحُ الحدَيْبِيَـة) وەلەگەڵی خۆی دا دیاری بۆ (أَسْمَاء) هێنابوو ، جامنیش پرسیارم لەپێغەمبەری خوا (ﷺ)کرد ووتم : دایکم هاتوە بۆ سەردانم و بەتەمای شتێکە ئایە (صِلَـةُ الرَّحْم)ی لەگەڵ دا بتەوێ بکەم ؟ فەرمووی : بەڵێ ، (إِبْنُ عُيَيْنَـة) فەرمووی :(جا خوای گەورە ئایەتی ﴿لاَيَنْهَاكُمُ اللهُ عَنِ الَّذِيْنَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّيْـنِ...﴾ (الممتحنـة : ٨) ی لەو بارەیەوە دابەزاند) .

**تێبینی :**

فەرموودەمان هەیە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دیاری لە (مُشْرِك) وەرنەگرتوە ، وەفەرموویەتی ((إِنِّـي نُـهِيْتُ عَـنْ زَبْـدِ المُشْرِكِيْنَ)) واتە : مـن قەدەغـەم لێ کـراوە لەبەخشینی موشریکەکان [رواه احمد (١٥/١٦٩/٢٩) في الفتح الربانى وابو داود (٣/٤٤٢/٣٠٥٧) والترمذى (٤/١٤/١٥٧٧) وقال حسن صحيح وهو كما قال بروانه صحيح الترمذى (١٢٨١)] (إِبْنُ حَجَـر) [لەفتح البارى دا (٥/باب قبول الهدية من المشركين)] ئەو ڕایە بەڕاست دەزانێ : کەوا کاتێك وەرگرتنی بەخشینی کافر قەدەغە دەکرێت ئەگەر ئەو بەو دیاری و بەخشینە بیەوێت خۆشەویستیت و دۆستایەتیت (المُـوَالاة) بۆ خۆی ڕابکێشێت ، وەدروستە وەرگرتنیشی لەو کەسەی کە هیوای ئەوەی لێ دەکرێت دڵی ڕابگیرێت و نزیك ببێتەوە لەئیسلام .

(٢٩٨) لەبەر فەرموودەی زۆر لەوانە فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت ﴿کەوا فەرمووی:پێغەمبەری خوا (ﷺ) دیاری وەردەگرت و پاداشتیشی لەسەر دەدایەوە﴾



منتدى إقرأ الثقافي

...............

[رواه البخاری (٥/رقم ٢٥٨٥) وغیره] وەبا چەند کەم و بێ نرخیش بێت لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَةَ)(خوای لیٚ ڕازی بێت)کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((لَوْ دُعِيتُ إِلى كُرَاعٍ أَوْ ذِرَاعٍ لأَجَبْتُ وَلَو أُهْدِيَ إِلَيَّ ذِرَاعٍ أَوْ كُرَاعٍ لَقَبِلْتُ)) واتە : ئەگەر دەعوەت بکرێم بۆ (کُرَاع)ێك یان (ذِرَاع)ێك وەلاٚم دەدەمەوە و دەچم و ئەگەر (ذِرَاع) ێك یان (کُرَاع) ێکم بەدیاری بدەنیٚ وەری دەگرم [رواه البخاری (٥/رقم ٢٥٦٨)].(ذِرَاع):دەستی ولاٚخە وە (کُرَاع) یش:لەخواری قاپە ڕەقەوەیەتی کە ئیسقانێکی کەم گۆشتە .

وەئەگەر لەشەرعیش دا قەدەغەی لیٚ نەکرابێت وەك دیاری کرێکارانی زەکات لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو حُمَيْدٍ السَّاعِدِي) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەر (ﷺ) کابرایەکی لە (الأَزْد) کرد بە کرێکاری زەکات کەپیٚی دەوترا (إِبْنُ اللُّتَيْبَةِ) جا کەگەڕایەوە ووتی : ئەمە بۆ ئێوە و ئەمەش بەدیاری پێم دراوە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەستایە سەر مینبەرو سوپاسی و ستایشی لەسەر خوای گەورە کرد پاشان فەرمووی : ((مَا بَالُ العَامِلِ نَبْعَثُهُ فَيَأْتِي فَيَقُولُ : هَذَا لَكَ وَ هَذَا لِيْ ، فَهَلاَّ جَلَسَ فِي بَيْتِ أَبِيهِ وَأُمِّهِ فَيَنْظُرَ أَيُهْدَىٰ لَهُ أَمْ لاَ ؟ وَ الَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ ، لاَيَأْتِي بِشَيءٍ إِلاَّ جَاءَ بِهِ يَوْمَ القِيَامَةِ يَحْمِلُهُ عَلَىٰ رَقَبَتِهِ ، إِنْ كَانَ بَعِيراً لَهُ رُغَاءٌ أَوْ بَقَرَةً لَهَا خُوَارٌ أَوْ شَاةً تَيْعَر)) پاشان هەردوو دەستی بەرز کردەوە تا سپێتی بن باڵیمان بینی و فەرمووی : ((أَلاَ هَلْ بَلَّغْتُ)) (سێ جار) واتە : ئەوە چیە کرێکارێك دەنێرین جا کە دێتەوە دەڵیٚ : ئەمە بۆتۆ و ئەمەیش بۆ خۆم ، جا بۆدانەنیشت لە ماڵی باوك و دایکی دا جا ببینێت ئایە دیاری پیٚ دەدرێت یانە؟ بەو کەسەی نەفسی منی بەدەستە هیچ شتێك ناهێنێتەوە ئیلا لە ڕۆژی قیامەت دا بە کۆڵێوە هەڵی دەگرێت ئەگەر حوشتربێت ئەوە (رُغَاء) دەکات یان مانگا بێت ئەوە (خُوَار) دەکات وەئەگەر شەکیش بێت ئەوە (تَيْعَر) دەکات پاشان فەرمووی : ((ئایا ڕامگەیاند)) (سێ جار) [رواه البخاری (١٣/رقم/٧١٧٤) و مسلم (٣/١٤٦٣/١٨٣٢) و غیرهما] . وە (رُغَاء): دەنگی ووشترە و (خُوَار):دەنگی مانگایە و (تَيْعَر)یش:دەنگی مەڕە .

منتدى إقرأ الثقافي

**و پاداشتی خاوەنەکەشی بداتەوە [299] وە زیاتر سوننەتە ئەو دیارییە بدرێت بەوانەی نزیکن ئیترچی خزم و کەس و کاربن یا دەرهاوسێ [300] وە**

**پێویستە بەخشینی لەنێوان ڕۆڵەکانی خۆیدا بەیەکسانی بێت [301]**

---

(٢٩٩) لەبارەی پاداشت لەسەر دیاری فەرموودەمان زۆرە لەوانە فەرموودەکەی (عَائِشَة)ی پێشوو بڕوانە (پ٢٩٨) .

(٣٠٠) فەرموودەی زۆر هەیە لەبارەی خێرو چاکە کردن بەرانبەر کەس و کار وە دەرهاوسێ لەوانە فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((يَانِسَاءَ المُسلِمَاتِ لاتَحقِرَنَّ جَارَةٌ لِجَارَتِهَا وَلَوْ فِرسِنَ شَاةٍ)) واتە : ئەی ئافرەتانی موسوڵمان بەکەمی مەزانن دیاری و بەخشینی دەرهاوسێ بە دەرهاوسێکەی ئەگەر چی (فِرسِن) شەکێکیش بێت [رواه البخاري (٥/٢٥٦٦) و مسلم (٢/٧١٤/١٠٣٠)] .

وە (فِرسِن) واتە : ئێسقانێکی کەم گۆشت ، وە فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : (وتم ئەی پێغەمبەری خوا ، دوو دەرهاوسێم هەیە ، بە کامیان دیاری بدەم؟ فەرمووی : ((إِلَىٰ أَقرَبِهِمَا مِنكِ بَابًا)) واتە : بەوە یان دەرگاکەی نزیك ترە [رواه البخاري (٥/رقم (٢٥٩٥) وأبوداود (٤/٦٣/٥١٣٢)] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (كُرَيب)ی (مَولَىٰ)ی (إِبنُ عَبَّاس) : کەوا (مَيمُونَةُ بِنتُ الحَارِث) (خوای لێ ڕازی بێت) کە خێزانی پێغەمبەر بوو ﷺ پێی ڕاگەیاند ، کەوا (وَلِيدَة) کەی ئازاد کرد و پرسی بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەکرد ، جا کە ڕۆژی خۆی هات کە تێیدا پێغەمبەر بە سەری دا دەگەڕا ، فەرمووی : ئایە هەستت کردوە ئەی پێغەمبەری خوا من (وَلِيدَة) کەی خۆمم ئازاد کردوە؟ فەرمووی : ((ئایە وات کرد؟)) ووتی : بەڵێ . فەرمووی : ((أَمَا إِنَّكِ لَو أَعطَيتِهَا أَخوَالَكِ كَانَ أَعظَمُ لأَجرِكِ)) واتە : ئەوە ئەگەر بتدایەتە خاڵۆکانت پاداشتەکەت گەورەتر دەبوو)) [رواه البخاري (٥/رقم/ ٢٥٩٢) ومسلم (٢/٦٩٤/٩٩٩) وغيرهما] .

(٣٠١) لەبەر فەرموودەکەی (النُّعمَانُ بنُ بَشِير) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی : باوکم هەندێك لە ماڵەکەی خۆی پێ بەخشیم . جا دایکم (عَمرَةُ بِنتُ رَوَاحَة) ووتی : من

منتدى إقرأ الثقافي

**وە پەشیمان بوونەوە لە دیاری و بەخشین یان کڕینەوەی دروست نییە (٣٠٢) مەگەر باوک لەگەڵ ڕۆڵەی خۆیدا**

ڕازی نابم تا پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەکەی بە شایەت ، جا باوکم ڕۆیشت بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ ئەوەی بیکاتە شایەت لەسەر ئەوەی پێمی بەخشیوە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو : ((أَفَعَلْتَ هَذَا بِوَلَدِكَ كُلِّهِمْ؟)) واتە : ئایە ئەمەت بۆ هەموو ڕۆڵەکانت کردوە؟ ووتی:نەء ، فەرمووی : ((إِتَّقُوا اللهَ وَاعْدِلُوا فِي أَوْلَادِكُمْ)) واتە : لەخوا بترسن و دادوەر بن لەنێوان ڕۆڵەکانتان دا . جا باوکم گەڕایەوە وئەو بەخشینەی گێڕایەوە . وَفِي رِوَايَةٍ قَالَ : ((فَلَا تُشْهِدْنِي إِذاً ، فَإِنِّي لَا أَشْهَدُ عَلَىٰ جَوْرٍ)) واتە : جا من بەشایەت مەکە ، چونکە من شایەتی لەسەر ستەم نادەم ، وفي رِوَايَةٍ ثُمَّ قَالَ : ((أَيَسُرُّكَ أَنْ يَكُونُوا إِلَيْكَ فِي الْبِرِّ سَوَاءً؟)) واتە : ئایەپێت خۆشە کەوا لە گوێڕایەڵیت دا وەك یەك وابن . ووتی : بەڵێ . فەرمووی : دەء وامەکە [رواه البخاري (٥/رقم/٢٥٨٧) ومسلم (٣/١٢٤١/١٦٢٣) وأبوداود (٩/٤٥٧/٣٥٢٥)] .

(٣٠٢) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لَيْسَ لَنَا مَثَلُ السُّوءِ ، الَّذِي يَعُودُ فِي هِبَتِهِ كَالْكَلْبِ يَرْجِعُ فِي قَيْئِهِ)) واتە : بۆ ئێمەی ئیماندار نییە نموونەی خراپ — کەوا لە سیفەتی بێ نرخ ترین ئاژەڵ بکات لە ناشرین ترین حاڵەتی دا — ئەوەی لەدیاری و بەخشینەکەی پەشیمان دەبێتەوە وەکو سەگ وایە کە لەڕشانەوەی خۆی بگەڕێتەوە — جارێکیتر ڕشانەوەکەی خۆی بخواتەوە — [رواه البخاري (٥/رقم/٢٦٢٢) و هذا لفظه و مسلم (٣/١٢٤٠/١٦٢٢) و أصحاب السنن إلا إبن ماجة] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ئەسپێکم دا لە ڕێگای خوا ، جا ئەوە کەلای بوو فەوتانی،خزمەتی باش نەدەکرد،جاویستم لێی بکڕمەوە وەگومانم دەبرد کە بەهەرزان بیفرۆشێت جا پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش فەرمووی : ((لاتَشْتَرِهِ ، وَإِنْ أَعْطَاكَهُ بِدِرْهَمٍ وَاحِدٍ ، فَإِنَّ العَائِدَ فِي صَدَقَتِهِ كَالْكَلْبِ يَعُودُ فِي قَيْئِهِ)) واتە : مەیکڕەوە ئەگەر بەدرهەمێکیش پێی دای ، چونکە ئەوەی لەبەخشینەکەی بگەڕێتەوە وەکو سەگ وایە لە ڕشانەوەی خۆی بگەڕێتەوە [رواه البخاري (٥/رقم/٢٦٢٣) و مسلم (٣/١٢٣٩/١٦٢٠)و غيرهما] .


منتدى إقرأ الثقافي

**کچ بوو ، لە ڕۆژ حەوتەمی لەدایك بوونیدا بۆی سەر دەبڕدرێت (٤١٣) وەهەر لەو ڕۆژەدا ناوی دەنێت و سەری دەتاشێت وە تووکی سەری کێشانە**

---

(رَهِين) یان (مُرْتَهَن) – وەك لەهەندێ ڕیوایەت دا وا هاتووە – مانای ئەوەیە کەوا پێویستە گوێزەبانەی بۆ بکرێت وەك بڵێی : ئەو منداڵەی خراوەتە بارمتەوە تا گوێزەبانەکەی بۆ نەکرێت لە (رُهْن) دەرناچێت، واتە:ئەو منداڵە وەکو شتێك وایە بە بارمتە (رُهْن) دانرابێت لای کەسێك لەجێگەی قەرزێك دا ، بێ کەڵکە بۆخاوەنەکەی و هیچ سوودێکی بۆی نییە تا ئەو قەرزە دەداتەوە و لەژێر بارمتەیی دەری دەکات ، جا ئەو کاتە کەڵك دار و سوود بەخش دەبێت بۆ خاوەنەکەی ، جا ئەو گوێزەبانەیە وەکو قەرزەکەیە کاتێك کەکرا — وەك ئەوەیە قەرزەکە درابێتەوە – جا ئەوەئیتر ئەو منداڵە لە (رُهْن) دەردەچێت و کەڵك دار و سوود بەخش دەبێت بۆ خاوەنەکەی .

وە لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێکردین کەوا گوێزەبانە بکەین بۆ منداڵی کوڕ دووشەك وە بۆ منداڵی کچ شەکێك)) [رواه الترمذي (٣/٣٥/١٥٤٩) وابن ماجه (٢/١٠٥٦/٣١٦٣) وهو حديث صحيح بروانه الإرواء (١١٦٦) و صحيح ابن ماجه (٢٥٦٢)] .

(٤١٣) لەبەر فەرموودەکەی (سَمُرَة) و (عَائِشَة)ی پێشوو( خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٤١٢) .

## تێبینی :

ئەگەر ڕێك نەکەوت لەڕۆژی حەوتەمی (٧) لەدایك بوونیدا بکرێت ئەوە دروستە لەڕۆژی چواردەیەمی (١٤) یان بیست و یەکەمی (٢١) دا بکرێت لەبەر فەرموودەکەی (بُرَيْدَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((العَقِيْقَةُ تُذْبَحُ لِسَبْعٍ أَوْ لأَرْبَعَ عَشْرَةَ أَوْ لإِحْدَىْ وَعِشْرِيْنَ)) واتە : گوێزەبانە لەحەوتەم ڕۆژیدا سەردەبڕدرێت یا چواردەیەم ڕۆژ یان بیست و یەکەم ڕۆژ [رواه البيهقي (٩/٣٠٣) والطبراني في الأوسط وغيرهما وهو صحيح بروانە الارواء (١١٧٠) وصحيح الجامع (٤١٣٢)] .

بەڵام ئەوەی کە هەندێ دەڵێن کەوا هەموو کاتێك دەکرێت هەتا پاش مردنی منداڵەکەش ئەوە هیچ بەڵگەیەکی شەرعی لەسەر نییە .



منتدى إقرأ الثقافي

دەکات و بە ئەندازەی سەنگەکەی زیو دەبەخشێتەوە وە بانگیش دەدات بەگوێی ڕاستیدا (٤١٤) وە سوننەتە پاش لەدایك بوونی دەمی شیرین بکرێت بەخورما (التَّحْنِيك) (٤١٥) پاشان پێویستە لەسەر دایك و باوك پێش پێگەیشتنی خەتەنەیشی بکەن (٤١٦)،

---

(٤١٤) لەبەر فەرموودەکەی ( سَمُرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٤١٢) وە فەرموودەکەی (سَلْمَانُ بنُ عَامِر) یش کە دەفەرمێ : ((وَأَمِيطُوا عَنْهُ الأَذَىٰ)) واتە : تووکی سەری لابدەن وەك ئیمامی (الخَطَّابِي) لە (مَعَالِمُ السُّنَن) دا دەفەرموێ وە فەرمودەکەمان لە (پ٤١٢) دا باس کرد. وە فەرموودەکەی (أَبُو رَافِع)یش (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (فَاطِمَة)ی فەرموو کاتێك کە (حَسَن)ی بوو ((إِحْلِقِي رَأْسَهُ وَتَصَدَّقِي بِوَزْنِ شَعْرِهِ فِضَّةً عَلَى المَسَاكِيْن)) واتە : سەری بتاشە و بەئەندازەی سەنگی سەری زیو ببەخشەوە بەسەر کەم دەستان دا [رواه احمد (٦/٣٩٠) والبيهقي (٩/٣٠٤) وهو حديث حسن بروانه الارواء رقم (١١٧٥)] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (أَبو رَافِع) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی : ((بينيم پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگیدا بەگوێی (حَسَنُ بنُ عَلِي) دا کاتێك کە (فَاطِمَة) بووی وەکو بانگ دانی نوێژ)) [رواه احمد وابو داود والترمذي رقم (١٥٦٩) وهو حديث حسن بروانه الارواء (١١٧٣) وصحيح الترمذي (١٢٢٤)] .

(٤١٥) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو مُوسَىٰ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((منداڵێکم بوو ، جا هێنام بۆلای پێغەمبەر ، ئەویش ناوی نا (إِبْرَاهِيم) و (تَحْنِيك) ی کرد بەخورما و دوعای بەرەکەتی بۆ کرد ، و دایەوە بەدەستمەوە)) [رواه البخاري (٩/رقم/٥٤٦٧) وهذا لفظه ومسلم (٣/١٦٩٠/٢١٤٥)] .

(تَحْنِيك):ئەوەیە کەوا خورمایەك لەدەم دا بجاوێت پاشان بیساوێتە دەمی منداڵەکەدا.

(٤١٦) لەبەر فەرموودەکەی (أَبو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((خَمْسٌ مِنَ الفِطْرَةِ : الإِسْتِحْدَادُ وَالخِتَانُ وَقَصُّ الشَّارِبِ وَنَتْفُ الإِبِطِ وَتَقْلِيمُ الأَظَافِرِ)) [رواه البخاري (١٠/رقم/٥٨٨٩) ومسلم (١/٢٢١/٢٥٧) واصحاب السنن] . بڕوانە بەشی عیباداتی ئەم کتێبە (تێبینی (أ) لەسەر (پ٢٩) .



منتدى إقرأ الثقافي

بێت [٣٠٣] وە ئەگەر شتێك بەكاتی بە (عُمْرَىٰ) [٣٠٤] یان بە (رُقْبَىٰ) [٣٠٥] ببەخشێت ئەوە بۆ ئەو کەسە دەبێت کەپێی دەبەخشێت وە بۆ میرات بەرانیشی لەدوای خۆی،جارێکی‌تر گێڕانەوەی نی‌یە [٣٠٦]

---

وە هۆکەشی ئەوەیە چونکە زۆر جار ئەو کەسە بەدیاری پێی دراوە چاوە خواری ئەوە،بۆیە کاتێك لێی بکرێتەوە لە ڕووی نایەت مامەڵەی لەگەڵ بکات و بەنرخێکی هەرزان پێی دەدات .

(٣٠٣) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس و إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((لايَحِلُ لِلرَّجُلِ أَنْ يُعْطِي العَطِيَةَ ثُمَّ يَرْجِعُ فِيهَا إِلاَّ الوَالِدِ فِيمَا يُعْطِي وَلَدَهُ)) واتە : حەڵاڵ نی‌یە بۆ هیچ پیاوێك شتێك ببەخشێت پاشان لێی بگەڕێتەوە مەگەر باوك لەوەی دەیبەخشێت بە کوڕەکەی خۆی [رواه ابوداود (٣/رقم /٣٥٣٩) والترمذي (١٣١٦/٣٨٣/٢) والنسائي (٦/٢٦٥) وابن ماجه (٢٣٧٧/٧٩٥/٢) وهو صحيح بروانه صحيح الترمذي (١٠٤٤) وصحيح الجامع (٧٦٥٥)] .

(٣٠٤) (العُمْرَىٰ) لەتەمەن (العُمْر)ە وەرگیراوە کەژیانە ، ناو نراوە (العُمْرَىٰ) چونکە لە کاتی نەفامی پێش ئیسلام دا باو بووە پیاوێك خانوویکی دەدایە پیاوێکی‌تر و پێی دەووت : (أَعْمَرْتُكَ إِيَّاهَا) واتە : من ئەم خانوەت پێ دەبەخشم بەدرێژایی تەمەن و ژیانت ، وەلەپاش مردنی ئەو کابرایە خانوەکە دەگەڕایەوە بۆ ژێر موڵکی خاوەنەکەی یەکەم جاری .

(٣٠٥) (الرُّقْبَىٰ) لەچاوەڕوانی (المُرَاقَبَة)ە وە وەرگیراوە ، واتە : کەسێك شتێك دەداتە کەسێکی ترو پێی دەڵێ من ئەوەم پێ بەخشیت ، ئەگەر من لەپێش دا مردم ئەوە هەر بۆ خۆت وەئەگەر تۆیش لەپێش دا مردیت ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ خۆم ، جا هەردووکیان چاوەڕوانی مردنی ئەوی تریان دەکەن بۆیە ناو نراوە (الرُّقْبَىٰ) .

(٣٠٦) لەکاتی نەفامی‌دا دروست بووە بەڵام ئیسلام بەوشێوەیە نەیهێشت ، بەڵکو هەرکەسێك ئەگەر بە (عُمْرَى) یان بە (رُقْبَى) شتێکی بە کەسێکی‌تر ببەخشێ ئەوە بە یەکجاری بۆ خۆیەتی وەبۆ میرات بەرانیشێتی لەپاش خۆی بەهیچ شێوەیەك گێڕانەوەی نی‌یە . لەبەر فەرموودەی زۆر لەوانە فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوافەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڕیاری دا لە (عُمْرَىٰ) دا کەوا بۆ ئەو کەسەیە کەپێی بەخشراوە [رواه البخاري (٢٦٢٥/٢٣٨/٥) ومسلم (١٦٢٥/١٢٤٦/٣)] .



منتدى إقرأ الثقافي

# گیر دانی شتێك لەڕێگەی خوا

## (الوَقْف) (٣٠٧)

### هەرکەسێك موڵکێکی خۆی بوە ستێنێت لەڕێگای خوادا ئەوە (وَقْف)ە (٣٠٨)

وە فەرموودەکەیتری (جَابِر) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((أَمْسِكُوا عَلَيْكُمْ أَمْوَالَكُمْ وَلا تُفْسِدُوهَا فَإِنَّهُ مَنْ أَعْمَرَ عُمْرَى فَهِيَ لِلَّذِي أَعْمَرَهَا حَيًّا وَمَيِّتًا وَلِعَقِبِهِ)) واتە: دەست بە پارە و ماڵی خۆتانەوە بگرن و تێکی مەدەن ، چونکە هەرکەسێك بەخشینی (عُمْرَىٰ) بەکەسێك بدات ئەوە بۆ ئەو کەسەیە کە (عُمْرَىٰ) ی پێ کراوە بەزیندویی و بەمردوییش وە بۆ نەوەکەیشی لەپاش خۆی [رواه مسلم (١٦٢٥/١٢٤٦/٣)] .

وەفەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((لَا عُمْرَىٰ وَلَا رُقْبَىٰ فَمَنْ أَعْمَرَ شَيْئًا أَوْ أَرْقَبَهُ فَهُوَ لَهُ حَيَاتَهُ وَمَمَاتَهُ)) واتە : (عُمْرَىٰ) و (رُقْبَىٰ) نییە جا هەر کەسێك (عُمْرَىٰ)ی شتێك بەکەسێکیتر بکات یان (رُقْبَىٰ) ی پێ بکات ئەوە بۆ ئەوە لەکاتی زیندوییدا و لەپاش مردنیشی [رواه النسائي (٣٧٣٢/٢٧٣/٦) وابن ماجه (٢٣٨٢/٧٦٩/٢) وبِلَفْظ (لَا رُقْبَىٰ ....) وهو حديث صحيح بروانه صحيح ابن ماجه (١٩٢٩)] .

(٣٠٧) (الوَقْف) لەزمانی عەرەب دا واتە: گیردان(حَبْس). وەلەشەرعیش دا : گیردان و وەستاندنی ماڵێکی سوود بەخشە خاوەنەکەی (أَصْل)ە کەی گیر دەدات و دەیوەستێنێت لە ڕێگای خوادا نایفرۆشێت و نایبەخشێت وەسوودەکانیشی تەرخان دەکات بۆ بەرژەوەندیەکی موسوڵمانان تاوەکو ببێتە خێرێکی بەردەوام(صَدَقَةٌ جَارِيَة) بۆی .

(٣٠٨) جەماوەری زانایان لەسەر ئەوەن کە (وَقْف) دروستە بەڵکو سوننەتیشە . هەتا ئیمامی (القُرْطُبِي) دەفەرموێ : ((ئەوەی (وَقْف) (رَد) دەکاتەوە (مُخَالِف) ی (إِجْمَاع)ە، بۆیە ئاوڕ نادرێتەوە لایەوە)) [تفسير القرطبي (٣٣٩/٦)] .

بەڵگەیش لەسەری فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) یە (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِذَا مَاتَ الإِنْسَانُ إِنْقَطَعَ عَمَلُهُ إِلاَّ مِنْ ثَلاثَةِ أَشْيَاءِ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُوا لَهُ)) واتە : ئەگەر مرۆڤ مرد ئیتر


منتدى إقرأ الثقافي

..............

کردەوەکانی دەبچڕێت مەگەر لەسێ شتەوە : خێرێکی بەردەوام یازانیار یەك سوودی لێ وەربگرێت یا ڕۆڵەیەکی چاك کەوا دوعای خێری بۆ بکات [رواه مسلم (٣/١٢٥٥/١٦٣١) والبخاري في الأدب رقم (٣٨) وابو داود (٣/٣٠٠/٢٨٨٠) وغيرهم] .

وە فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا (عُمَر) زەوییەکی دەست کەوت لە (خَيْبَر) دا جا فەرمووی:ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) من زەوییەکم دەست کەوتوە لە (خَيْبَر) دا خۆم وادەزانم هەرگیز ماڵی وا بەنرخم دەست نەکەوتوە جا فەرمانی چیم پێ دەکەیت ، ئەویش فەرمووی : ((إِنْ شِئْتَ حَبَسْتَ أَصْلَهَا وَتَصَدَّقْتَ بِهَا)) واتە : ئەگەر ویستت لێ بێت (أَصْل)ە کەی گیر دەدەیت و بەرهەمەکەی دەبەخشیت ، جا (عُمَر) وەقفی کرد کەوا نەفرۆشرێت و نەبەخشێنرێت و نەکرێت بەمیراتی وەبدرێت بەهەژاران و خزمان و کۆیلەو لاوازان و رێبواران ، وەتاوان نییە لەسەر ئەوەی سەرپەرشتی دەکات کەوا لێی بخوات بەچاکە وەبیداتە دەرخواردی خەڵکیش بەبێ ئەوەی لێی کۆبکاتەوە و هەڵیبگرێت [رواه البخاري (٥/رقم/٢٧٣٧/) ومسلم (٣/١٧٥٥/١٦٣٢) وأصحاب السنن وغيرهم] .

وەفەرموودەکەی (عُثْمَانُ بنُ عَفَّان) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ (مَدِيْنَه) ئاوی شیرینی تێدا نەبوو جگە لەبیری (رُوْمَة) نەبێت بۆیە فەرمووی ((مَنْ يَشْتَرِي بِئْرَ رُوْمَةَ فَيَجْعَلَ فِيهَا دَلْوَهُ مَعَ دِلَاءِ الْمُسْلِمِينَ بِخَيْرٍ لَهُ مِنْهَا فِي الْجَنَّةِ)) واتە : کێ بیری (رُوْمَة) دەکڕێت جا دۆڵەکەکەی خۆیشی دەخات لەگەڵ دۆڵەکەی موسوڵمانان دا بە بیرێکی لەوە چاکتر لەبەهەشت دا . جا منیش لەکرۆکی ماڵی خۆم کڕیم [رواه البخاري (٥/٢٩) تعليقاً بصيغة الجزم والترمذي (٥/٦٢٧/٣٧٠٣)والنسائي (٦/٢٣٥/٣٦٠٨) وهو حديث حسن بروانه الارواء (١٥٩٤)] .

وەلەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة)یش (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((أَمَّا خَالِدٌ فَقَدْ حَبَسَ أَدْرَاعَهُ وَأَعْتُدَهُ فِي سَبِيلِ اللهِ)) واتە : بەڵام (خَالِد) ، ئەوە هەموو قەڵغانەکانی وپێویستیە جەنگیەکانی گیر داوە لەپێناوی خوادا [رواه البخاري (٣/رقم١٤٦٨) ومسلم (٢/٦٧٦/٩٨٣) وغيرهم] .


منتدى إقرأ الثقافي

وەبۆی هەیە بەرهەمەکەی بۆ هەرشتێك بەکار بێنێت قازانجی موسوڵمانانی تێدا بێت وەبە پاداشت بۆی بنوسرێت (٣٠٩) وەخۆیشی و ئەو کەسەشی کەسەر پەرشتی دەکات بۆ یان هەیە وەکو موسوڵمانانی تر سوود لەبەر هەمەکەی وەربگرن بەچاکی (بِالمَعْرُوف) (٣١٠) وەدروست نییە کەسێك شتێك (وَقْف) بکات بەمەبەستی زیان لێ دانی میرات بەرەکانی (٣١١) وەهەرماڵێك (وَقْف) کرابێت بۆ مزگەوت یان هەرشوێنێك کەوا سوودی لێ وەرنەدەگیرا

---

(٣٠٩) لەبەر فەرموودەکەی (إبنُ عُمَر)ی پێشوو بڕوانە (پ٣٠٨) کەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ((إنْ شِئْتَ حَبَسْتَ أصلَهَا وَتَصدَّقْتَ بِهَا)) جا کەبە ڕەهایی (مُطْلَق) باسی بەخشینەکەی کرد وەنەییەستەوە بەجۆرێك خێر ، ئەوەی لێ تێ دەگەین کەوا دروستە (وَقْف)ەکە بۆ هەرشتێك بێت کەوا بەرژەوەندی موسوڵمانانی تێدا بێت و کابرای (وَقْف)کەر لەخوای گەورەوە نزیك کاتەوە ، بەڵام دروست نییە (وَقْف) لەسەر شتێك لەخواوە نزیك نەکاتەوە یان وەکو دووری بخاتەوە چونکە مەبەست لە (وَقْف) کردن خێری بەردەوامە بۆ ژیان و پاش مردنیش .

(٣١٠) لەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر)(خوایان لێ ڕازی بێت) کەفەرمووی ((لاَجُنَاحَ عَلَىٰ وَلِيِّهَا أنْ يَأكُلَ مِنْهاَ بِالمَعْرُوفِ وَيُطْعِمَ غَيْرَ مُتَمَوِّلٍ)) کەلە (پ٣٠٨) دا بەکوردی واتاکەیمان نوسیوە . وەلەبەر فەرموودەکەی (عُثْمَان) یش (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی ((فَيَجْعَلُ فِيهَا دَلْوَهُ مَعَ دِلاَءِ المُسْلِمِينَ)) بڕوانە هەمان پەراوێز .

(٣١١) چونکە ئەوە ستەمەو تاوانە ، مەبەستیش لە (وَقْف) خێری بەردەوامە نەك خراپەی بەردەوام . خوای گەورە قەدەغەی کردوە لەزیان دان لەقورئانی پیرۆزدا وەك لەسورەتی (الطلاق : ٦) دا وەلەسورەتی (البقرة : ٢٨٢) وەلەسورەتی (البقرة : ٢٣١) وەلەسورەتی (النساء : ١٢) وەپێغەمبەریش (ﷺ) قەدەغەی لێ کردوە بڕوانە (پ : ٢٥٥).



منتدى إقرأ الثقافي

دروستە خەرج بکرێت بۆ پێویستی و بەرژەوەندی موسولمانان (٣١٢) وە (وَقْف) کردنی پارەو ماڵ بۆ بەرزکردنەوەی گۆڕو ڕازاندنەوەی حەرامە (٣١٣)

---

(٣١٢) لەبەر فەرمودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لَوْلاَ أَنَّ قَومَكِ حَدِيثُواْ عَهْدٍ بِجَاهِلِيَةٍ (أو قَالَ بِكُفرٍ) لأَنْفَقْتُ كَنْزَ الكَعْبَةِ فِي سَبِيلِ اللهِ)) واتە : ئەگەر قەوم مەکەت — ئەی عائیشە — تازە نەبوایەن لەسەردەمی نەفامیەوە ، ئەوە گەنجینە (كَنْز)ی (كَعْبَة)م دەبەخشی لەڕێگای خوادا [رواه مسلم (٢/٩٦٩/١٣٣٣) وغيره].

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەخشینی گەنجینە (كَنْز)ی (كَعْبَة) دروستە ئەگەر ئەو هۆیە نەمێنێ کەتازەیی موسوڵمانان بوو و نزیکیانە لەسەردەمی نەفامیەوە . وەبێ گومان ئەو هۆیە ئێستا نەماوە بۆیە ئەوە دروستە . جا کەئەمە بۆ ماڵی ناو (كَعْبَة) دروست بوو ئەوە بۆ مزگەوتەکانی تر پێشتر دروستە .

(٣١٣) لەبەر فەرموودەکەی (عَلِي)(خوای لێ ڕازی بێت) کەوا بە (أَبُو الهَيَاج الأَسَدِي) فەرموو : ئایە نەتنێرم — ڕەوانەت نەکەم — بۆ ئەو کارەی کەپێغەمبەری خوا (ﷺ) منی بۆ نارد ((أَنْ لَا تَدَعَ تِمْثَالاً إِلاَّ طَمَسْتَهُ وَلاَ قَبْراً مُشْرَفاً إِلاَّ سَوَّيْتَهُ)) واتە: کەوا هیچ پەیکەرێك نەهێڵیت ئیللا وردوو خاشی کەیت وەهیچ قەبرێکی ڕێز لێ نراو و بەرزکراو نەهێڵیت ئیللا لەگەڵ زەوی تەخت و یەکسانی کەیت [رواه مسلم (٧/٣٦/بشرح النووى) وابو داود (٣/٥٤٨/٣٢١٨) والترمذي (٣/٣٦١/١٠٤٩) والنسائي (٤/٨٨/٢٣١) واحمد (١/٨٩)].

لەڕاستی دا (وَقْف) کردن لەسەر گۆڕ خراپەو (فَسَاد)ێکی زۆر گەورەی تێدا یە مەگەر بۆ چاککردنەوەی ئەودی لە (أَصْل)ی گۆڕەکە ڕوخاو بێت نەك ئەوەی بۆ بەرزکردنەوە و ڕێزلێ نان و جوانکردنەوە بێت ، ئەگەر چی لەم حاڵەتەیش دا هەر زیندوان زیاتر پێویستیان بەو (وَقْف)ە هەیە تامردو وەك (أَبُو بَكْرِ الصِّدِّيق) (خوای لێ ڕازی بێت) کاتێك کەویستیان کفنی تازەی بۆ بکڕن فەرمووی : ((إِنَّ الحَيَّ أَحَقُّ بِالجَدِيدِ مِنَ المَيِّتِ)) [رواه البخارى (٣/٢٥٢/١٣٨٧) وغيره عن (عائشة)] .


منتدى إقرأ الثقافي

# زیندوو کردنەوەی زەوی و دابڕ کردنی

## ( إِحْيَاءُ المَوَاتِ وَ الإِقْطَاعِ ) (٣١٤)

هەرموسوڵمانێك زەوییەكی مردووی زیندوو كردەوە كە پێشی ئەو كەسی تر زیندووی نەكردبووەوە ئەوە خۆی دەبێتە خاوەنی (٣١٥) وەدروستە پێشەوای موسوڵمانان زەوییەك كەموڵكی كەسی بەسەرەوە نەبێت بۆ كەسێك دابڕ (إِقْطَاع)ی بكات كەبەرژەوەندی تێدا دەبینێت . (٣١٦)

---

(٣١٤) (المَوَات):ئەو زەوییە یە كەلە پێش دا ئاوەدان نەكرابێتەوە ، ئاوەدان كردنەوە (العمَارَة)[تشبیه] دەكات بەزیندو كردنەوە (الحَیَاة) وەئاوەدان نەكردنەوەیش بەمردن (المَوْت)،وە (إِحْیَاءُ المَوَاتِ):ئەوە یە موسوڵمانێك زەوییەكی مردو كە موڵكی كەسی بەسەرەوە نەبێت ئاودان بكاتەوە بەئاو دان و كشت و كاڵ كردن تێیدا و ناشتنی دار و دروست كردنی خانوو لەسەری ، بەم شێوەیە دەبێتە موڵكی . وە (الإِقْطَاع):لەزمانی عەرەب دا دەوترێت ( أَقْطَعَهُ) ئەگەر پارچەیەكی بداتێ ، (الإِقْطَاع):پارچەیەك زەوییە دەسەلاَت داری موسوڵمانان دابڕی بكات و بیدات بە موسوڵمانێك ، پێی دەوترێت (الإِقْطَاع) چونكە دابڕ دەكرێت لەزەوی یەكی زۆر .

(٣١٥) لەبەر فەرموودەكەی (عَائشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((مَنْ أَعْمَرَ أَرْضاً لَیسَتْ لأَحَدٍ فَهُوَ أَحَقُّ)) واتە : هەركەسێك زەوییەك ئاوەدان بكاتەوە كەموڵكی كەس نەبێت ئەوە ئەو پێی مافدارترە [رواه البخاری (٥/رقم ٢٣٢٥)] (عُرْوَة) فەرمووی : (عُمَر) لەكاتی خەلیفایەتی دا داد وەری بەمە دەكرد . وەلەبەر فەرموودەكەی (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((مَنْ أَحْیَا أَرْضاً مَیْتَةً فَهِيَ لَهُ)) واتە : هەركەسێك زەوی یەكی مردو زیندو بكاتەوە ئەوەهی خۆیەتی [رواه الترمذي (٢/٤١٩/١٣٩٥) وهو حدیث صحیح بروانه صحیح الجامع (٥٩٧٥)] .

(٣١٦) لەبەر فەرموودەكەی (أَسْمَاءُ بِنْت أَبِي بَكْر) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا ((تۆوی ئەگواستەوە لەزەوییەكەی (زُبَیْر) كەپێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆی دابڕ كردبوو))[رواه البخاری (٩/رقم ٥٢٢٤) ومسلم (٤/١٧١٦/٢١٨٢)] .


منتدى إقرأ الثقافي

# مافی کڕینی بەشی شەریکێك بەو پارەیە کە بەکەسێکی تری فرۆشتوە

## ( الشُّفْعَة ) (٣١٧)

پێویست (وَاجِب)ە شەریك بەشەکەی خۆی نەفرۆشێت تا پرسی شەریکەکەی دەکات (٣١٨) وەئەگەر بەبێ پرس فرۆشتی ئەوە مافی (شُفْعَة)

---

وە فەرموودەکەی (وَائِلُ بنُ حِجْر) (خوای لێ ڕازی بێت)(کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) زەوییەکی بۆ دابڕی لە (حَضْرَ مَوْت))[رواه ابو داود (٣/٤٤٢/٣٠٥٨) والترمذي (٣/٦٦٥/١٣٨١) وغيرهما وهو صحيح بڕوانە صحيح الترمذي (١١١٦)] وقال الترمذي : قال مَحْمُودُ بنُ غَيْلان وحدثنا النَّضْرُ بنُ شُعْبَة ، وزاد فيه :(( وە (مُعَاوِيَة)ە یشی لەگەڵ دا ڕەوانە کرد بۆ ئەوەی بۆی دابڕی کات)). وەفەرموودەی ترمان زۆرە لەم بارەیەوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) و خەلیفەکانیش دابڕیان کردوە بۆ هەندێ کەس . بڕوانە [(الروضة الندية/ باب الاحياء والاقطاع] .

(٣١٧) (الشُّفْعَة) لەزمانی عەرەبدا لە (الشَّفع)ە وە وەرگیراوە واتە : جووت ، دەوترێت (شَفَعْتُ الشَّيْءَ) ئەگەر بیدەیتە پاڵی شتێکیتر ، وە لەشەرعیش دا ئەوەیە : یەکێك لە شەریکەکان بەشەکەی خۆی دەفرۆشێت لەپارچە زەوییەك دا یان ماڵێك دا بەکەسێکی تر بەبێ پرسی شەریکەکانی ، جا بۆ ئەو شەریکانەی تری هەیە ئەو بەشە ببەن بەو پارەیەی کەوا بەو کەسەی فرۆشتووە .

(٣١٨) لەبەر فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((مَنْ كَانَتْ لَهُ نَخْلٌ أَوْ أَرْضٌ فَلا يَبِيْعُهَا حَتَّىٰ يَعْرِضَهَا عَلَىٰ شَرِيْكِهِ)) واتە : هەرکەسێك ئەگەر دارخورمای بوو یان زەوییەك ئەوە با نەیفرۆشێت تا عەرزی دەکاتە سەر شەریکەکەی [رواه ابن ماجه (٢/٨٣٣/٢٤٩٢)والنسائي (٧/٣١٩)وهو صحيح بڕوانە صحيح ابن ماجه (٢٠٢١)] .



منتدى إقرأ الثقافي

دادەمەزرێت ئەگەر ماڵە شەریکێکە دابەش نەکرابێت با ئەو شتەش بگواستریتەوە [(٣١٩)]

وە هەروەها دەرهاوسێش ئەگەر لەمافێکدا شەریک بوو لەگەڵ دەرهاوسێکەی دا ئەوە مافی (شُفعَه)ی بۆ دادەمەزرێت ئەگەر بەبێ پرسی بیفرۆشێت . [(٣٢٠)]

---

وەلەبەر فەرموودەکەی (أَبو رَافِع) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((الشَّرِيكُ أَحَقُّ بِسَقَبِهِ مَا كَانَ)) واتە : شەریك ماف دار ترە بەهۆی نزیکیەوە کەوا ماڵی شەریکەکەی وەربگرێتەوە ئەگەر هەرچی بێت [رواه ابن ماجه (٢/٨٢٤/٢٤٩٨) وهو صحيح بروانه صحيح ابن ماجه (٢٠٢٧)] .

(٣١٩) لەبەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڕیاری (شُفعَه)ی داوە لەهەموو شتێکی هاو بەش دا کەبەش نەکرابێت خانوو بێت ، یان باخ بێت حەڵاڵ نییە بیفرۆشێت تاپرس بە شەریکەکەی دەکات ، جا ئەگەر ویستی ئەوە دەیبا وەئەگەر ویستیشی نەبوو ئەوە نایبا ، جا ئەگەر فرۆشتی و پرسی شەریکەکەی نەکرد ئەوە ئەو مافدارترە بەو زەوییە لە کەسێکی تر)) [رواه مسلم (٣/١٢٢٩/١٦٠٨) وابو داود (٣/٧٨٣/٣٥١٣) والنسائي (٧/٣٠١/٤٦٤٦) وغيرهم] .

وەفەرموودەکەی تری (جَابِر) (( کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڕیاری (شُفعَه) ی داوە لەهەر شتێکدا دابەش نەکرابێت ، جا ئەگەر سنور دانراو ، وڕێگاکان لەیەك جیا کرایەوە ئەوە (شُفعَه) نییە)) [رواه البخاري (٥/رقم /٢٢٥٧) وهذا لفظه وابو داود (٣/٧٨٣/٣٥١٤) وابن ماجه (٢/٨٣٥/٢٤٩٩) وغيرهم].

(٣٢٠) بۆ نموونە ئەگەر ڕێگایان یەك ڕێگابێت ، لەبەر فەرموودەکەی (جَابِر) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((الجَارُ أَحَقُّ بِشُفعَةِ جَارِهِ ، يُنْتَظَرُ بِهَا وَإِنْ كَانَ غَائِبَاً، إِذَا كَانَ طَرِيقُهُمَا وَاحِدَاً)) واتە : دەرهاوسێش مافدارترە بە (شُفعَه) کردنی دەرهاوسێکەی ، پرسی پێدەکرێت و چاوەڕوانی دەکرێت با لەوکاتەدا لەوێش ئامادە نەبێت، ئەگەر ڕێگاکەیان یەکێك بوو .[رواه احمد (٣/٣٠٣) وابو داود (٣/٧٨٧/٣٥١٨) وابن ماجه (٢/٨٢٣/٢٤٩٤) والترمذي (٣/٦٥١/١٣٦٩) وهو حديث صحيح بروانه الارواء (١٥٤٠) وصحيح ابن ماجه (٢٠٢٣)].


منتدى إقرأ الثقافي

# داگـیر کـردن ( الغَصْب ) (٣٢١)

## داگیر کردنی ماڵی خەڵکی ستەم و تاوانە (٣٢٢) وستەمیش لەڕۆژی قیامەت دا تاریکی و بەد بەختییە (٣٢٣) وە [illegible] حەرامە لەسەر ئەو

---

وەفەرموودەکەی (شَرِيدُ بنُ سُوَيد) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ! زەوییەك کەس بەش و شەریکی تێدا نییە تەنها دەرهاوسێت نەبێت؟ فەرمووی ((الجَارُ أحَقُّ بِسَقَبِهِ)) واتە : دەرهاوسێ مافدارترە بەهۆی نزیکیەوە کەوا بە (شُفْعَه) وەریبگرێتەوە [رواه البخاري (٥/رقم /٢٢٥٨) وابو داود (٣٥١٦/٧٨٩/٢) والنسائي (٣٢٠) وابن ماجه (٢٤٩٥/٨٣٣/٢)] .

(٣٢١) (الغَصْب) : واتە بردن و داگیرکردنی مافی خەڵکییە بە ناحەق (بەزۆر) .

(٣٢٢) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (البقرة : ١٨٨) دا کەدەفەرموێ ﴿وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالبَاطِلِ﴾ واتە : وەماڵ و سامانی خۆتان لەنێوان خۆتاندا مەخۆن بەناحەق . وەلەبەر فەرموودەکەی (أبو بَكر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا لەووتاری (حَجَّةُ الوَدَاع) دا فەرمووی : ((فَإنَّ دِمَائَكُمْ وَأمْوَالَكُمْ وَأعْرَاضَكُمْ بَيْنَكُمْ حَرَامٌ كَحُرْمَةِ يَوْمِكُمْ هَذَا فِي شَهْرِكُمْ هَذَا فِي بَلَدِكُمْ هَذَا ...)) واتە : جا بەڕاستی خوێنتان و ماڵتان و شەرەفتان لەنێوان یەکتری دا حەرامە وەکو حەرامی ئەم ڕۆژە لەم مانگەدا لەم وڵاتەدا ..[رواه البخاري (١/رقم ٦٧) ومسلم (١٦٧٩/١٣٠٥/٣) وغيرهما] .

وەفەرموودەکەی (أبو حُمَيْد السَّاعدي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((لايَحِلُ لامْرِيءٍ أنْ يَأْخُذَ عَصَى أخِيْهِ بِغَيْرِ طِيْبِ نَفْسٍ مِنْهُ)) واتە : حەڵاڵ نییە بۆ هیچ کەسێك کەوا دار دەستی براکەی (برای موسوڵمانی) ببات بەبێ ڕەزامەندی و خۆشی خۆی ، (أبوحُمَيْد) فەرمووی : ئەمەیش لەتوندی ئەوەدا ، خوا ماڵی موسوڵمانی لەسەر موسوڵمان حەرام کردوە . [رواه احمد (٥/٤٢٥) والبيهقي (٦/١٠٠) وغيرهما وهو حديث صحيح بطرقه برواته الارواء (١٤٥٩)] .

(٣٢٣) لەبەر فەرموو دەکەی خوای گەورە لەسورتی (ابراهيم : ٤٢،٤٣) دا کەفەرمووی ﴿وَلَاتَحْسَبَنَّ اللهَ غَافِلاً عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ إنَّمَا يُؤَخِرُهُمْ لِيَومٍ تَشْخَصُ فِيْهِ الأَبْصَار ، مُهْطِعِينَ مُقْنِعِي رُؤُوسِهِمْ لايَرْتَدُّ إلَيْهِم طَرْفُهُمْ وَأَفْئِدَتُهُمْ هَوَاء﴾ واتە : وامەزانە


منتدى إقرأ الثقافي

کەسەی ماڵی خەڵکی داگیر کردوە بەڕاستەوە یان بەگاڵتەوە سودو کەڵکی لێ وەربگرێت وە پێویستە لەسەری یەکسەر بیگێڕێتەوە (٣٢٤) وەدروستە مرۆڤ بەرگری لەماڵی خۆی بکات وە ئەگەر بکوژرێتیش ئەوە شەهیدە (٣٢٥) وەهەرکەسێك شتێك لەزەوی کەسێکی‌تر داگیر بکات ئەوە تاوانێکی زۆر گەورەی کردوە (٣٢٦) وەئەگەر خانووی تێدا کردبێت یان داری تێدا

---

کەوا خوا لەکارو باری ستەم کاران بێ ئاگایە ، بەڵکو تەنها دوایان دەخات بۆ ڕۆژێك ، کەچاو لەو ڕۆژەدا (لەترسی دا) ئەبڵەق دەبێت ، بەپەلە دەچنە دەمی بانگکەری خواوە تەماشای سەرەوە دەکەن ، چاویان لەتروکان کەوتوە و دڵیان لەترسان دا لەتێ گەیشتن و بیرکردنەوە ڕاوەستاوە ، هیچی تێدا نەماوە وەکو بۆ شایی و هەوای پێ هاتووە .

(٣٢٤) لەبەر فەرموودەکەی (السَّائِبُ بنُ يَزِيْد) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (( **لَا يَأْخُذَنَّ أَحَدُكُمْ مَتَاعَ صَاحِبِهِ لَاعِباً وَلَاجَاداً وَإِنْ أَخَذَ عَصَا صَاحِبِهِ فَلْيَرُدَّهَا عَلَيْهِ**)) واتە : هیچ کەسێکتان شت و مەکی هاوەڵەکەتان مەبەن نەبە گاڵتەوە و نەبە ڕاستەوە ، وەئەگەر یەکێکتان دار دەستی هاوەڵەکەی برد بابیگێڕێتەوە بۆی .[رواه احمد وابو داود (١٣/٢٤٦/٤٩٨٢ مع العون) والترمذي (٣/٣١٣/٢٢٤٩) وغيرهما بألفاظ متقاربة وهو حديث حسن بروانه الارواء (١٥١٨) والمشكاة (٢٩٤٨) وصحيح الجامع (٧٥٧٨) وأخذنا لفظ الحديث منه)] .

(٣٢٥) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ، ئایە ئەگەر پیاوێك هات ماڵەکەم ببات چی بکەم؟ فەرمووی : ((**فَلَا تُعْطِهِ مَالَكَ**)) واتە : جا ماڵەکەتی مەدەرێ . ووتی : ئایە ئەگەر جەنگی لەگەڵ کردم ؟ فەرمووی : (**قَاتِلْهُ**) واتە : تۆیش لەگەڵیدا بجەنگە . ووتی : ئایە ئەگەر کوشتمی ؟ فەرمووی : ((**فَأَنْتَ شَهِيْدٌ**)) واتە : جا تۆ شەهیدی ، ووتی ئایە ئەگەر کوشتم ؟ فەرمووی : ((**هُوَ فِي النَّارِ**)) واتە : ئەوە دەخرێتە ئاگرەوە [رواه مسلم (١/١٢٤/١٤٠) والنسائي (٧/١١٤)].

(٣٢٦) لەبەر فەرموودەکەی (سَعِيْدُ بنُ زَيْد) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو : ((**مَنْ أَظْلَمَ مِنَ الأَرْضِ شَيْئاً طَوَّقَهُ عَلَى سَبْعِ أَرْضِيْنَ**)) واتە : هەرکەسێك ستەمی (داگیری) شتێك لەزەوی بکات ئەوە خوای گەورە لە

منتدى إقرأ الثقافي

ناشتبێت دەبێت خانوەکەی بڕوخێنرێت وەدارەکانی هەڵبکەنرێت (٣٢٧) وەئەگەر تۆویشی تێدا وە شاندبێت ئەوە بۆ خاوەن زەوییەکەیە وە چی

---

حەوت (طَبَق)ەی زەوی (طَوْق) دەکاتە گەردنی .[رواه البخاري .(٥/رقم/٢٤٥٢) ومسلم (٣/١٢٣٠/١٦١٠)] .

وەلەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ أخَذَ مِنَ الأرْضِ شَيْئاً بِغَيْرِ حَقِّهِ خُسِفَ بِهِ يَوْمَ القِيَامَةِ إلى سَبْعِ أرْضِيْنَ)) واتە : هەرکەسێك شتێك لەزەوی خەڵکی بەناحەق داگیر بکات ئەوە خوای گەورە لەڕۆژی قیامەت دا دەیباتە حەوت (طَبَق)ەی زەوی دا [رواه البخاري (٥/رقم/٢٤٥٤)] .

(٣٢٧) لەبەر فەرموودەکەی (سَعِيْدُ بنُ زَيْد) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((مَنْ أحْيَا أرْضاً مَيْتَةً فَهِيَ لَهُ وَلَيْسَ لِعِرْقِ ظَالِمٍ حَقٌّ)) واتە : هەرکەسێك زەوییەکی مردو زیندو بکاتەوە ئەوە بۆ خۆیەتی و (عِرْقِ ظَالِم) یش هیچ مافێکی نییە [رواه الترمذي (٢/٤١٩/١٣٩٢) وابو داود (٣/٤٥٣/٤٠١٣) والبيهقي (٦/١٤٢) وغيرهم وهو حديث صحيح بروانە صحيح سنن الترمذي (١١١٣) والاراواء (١٥٢) ].

(عِرْقِ ظَالِم): ئەوەیە کابرایەك بێت لەزەوییەك دا کەکەسێکی‌تر زیندوی کردۆتەوە دار بچێنێت بۆ ئەوەی زەوییەکە بکاتە موڵکی خۆی ، جا ئەوە هیچ مافێکی بۆ نییە هەرچی ناشتبێت ڕیشە کێش دەکرێت و ئەگەر خانویشی تێدا کردبێت دەڕوخێنرێت .



منتدى إقرأ الثقافي

تێدا خەرج کردبێت پێی دەداتەوە [٣٢٨] وەهەرکەسێك ماڵێکی داگیر کراو بفەوتێنێت دەبێت بیبژێرێت . [٣٢٩]

---

(٣٢٨) لەبەر فەرموودەکەی (رَافِعُ بنُ خَدِيج) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((مَنْ زَرَعَ فِي أَرْضِ قَوْمٍ بِغَيْرِ إِذْنِهِمْ فَلَيْسَ لَهُ مِنَ الزَّرْعِ شَيءٌ وَلَهُ نَفَقَتُهُ)) واتە : هەرکەسێك شتێك بنێژێت لەزەوی کەسانێکی تردا بەبیٚ پرسیان ئەوە هیچی بۆنییە لەو کشت و کاڵەو هەرچی خەرج کردبێت پێی دەدرێتەوە [رواه احمد (٣/٤٦٥) وابو داود (٣/٦٩٢/٣٤٠٣) والترمذي (٣/رقم /١٣٧٨) وابن ماجه (٢/٨٢٤/٢٤٦٦) وغيرهم وهو حديث صحيح صححه الالباني في الارواء (١٥١٩) بشواهده بروانه صحيح الجامع أيضاً (٦٢٧٢)].

(٣٢٩) لەبەر فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لای هەندیٚ لە خێزانەکانی بوو جایەکێك لەدایکی موسوڵمانان ـ لەخێزانەکانی پێغەمبەر ـ لەگەڵ خزمەت کارێکی دا قاپێکی بۆ نارد خواردنی تێدا بوو جا ئەویش (عَائِشَة) دەستی لیٚ داو شکاندی جا لکاندی بەیەکەوە و خواردنەکەی کردەوە ناوی و فەرمووی بخۆن ، وە قاپە چاکەکەی داوە پێغەمبەری خوا و قاپە شکاوەکەیشی لای خۆی گیردا . وله (لَفظ) ی (التِّرمِذِي) دا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : خواردن بەخواردن و قاپیش بەقاپ جا (عَائِشَە)یش قاپێکی خستە جێگەی وقاپە شکاوەکەی لای خۆی هێشتەوە [رواه البخاري(٥/رقم/٢٤٨١) وابو داود (٣/٨٢٦/٢٥٦٧) والترمذي(٣/رقم ١٣٥٩) وابن ماجه (٢/٧٨٢/٢٣٣٤) والنسائي (٧/٧/٣٩٥٥)] .

ئەمە بۆ شتێك کەکەسێك خۆی ناردبێتی جا بۆ شتێك کەداگیر کرابێت ئەوە بەبەر ترەکەوا دەبێت بیبژێرێت بەشتێکی تر وەکو خۆی یان بەنرخەکەی ئەگەر وەکو خۆی دەست نەدەکەوت .

**( الحَمْدُ لِلَّهِ ) ئەوە بەشی کڕین و فرۆشتن ( ئاڵ ووێڵ کردن ) کۆتایی پیٚ هات و ئێستایش دەچینە سەر بەشی شتی دۆزراوە .**


منتدى إقرأ الثقافي

# شتی دۆزراوە (اللُّقْطَة)

هەرکەسێك ئەگەر شتێکی وون بووی نرخ داری هەڵگرت ئەوە پێویستە لەسەری بزانێ ئەوە چیە و لەناو چی دایەو ژمارەیشی چەندە (٣٣٠) پاشان دوو شایەتی دادپەروەر بکاتە شایەت لەسەری (٣٣١) پاشان بیپارێزێت و یەك ساڵ لەناو خەڵکی دا باسی بکات ، جا ئەگەر خاوەنەکەی هات و ناونیشانی دا ، ئەوە پێی دەداتەوە وەئەگەر نەهاتیش ئەوە دەتوانێت

---

(٣٣٠) لەبەر فەرموودەکەی (أُبَيُّ بنُ كَعْب) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : کیسەیەکم دۆزییەوە سەد (١٠٠) دیناری تێدا بوو ، جا هاتم بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش فەرمووی : سالێك پێناسەی بکە ، جا منیش سالێك پێناسەم کرد ، وکەسم نەبینیەوە ناونیشانی بدات ، پاشان هاتمەوە بۆ لای ئەو یش فەرمووی : سالێك پێناسەی بکە ، جا منیش پێناسەم کرد و کەسم نەبینیەوە ، پاشان سێیەم جارهاتمەوە بۆلای فەرمووی : ((إحفظ وِعَائَهَا وعَدَدَهَا ووِكَائَهَا ، فَإِنْ جَاءَ صَاحِبَهَا وإلا فَاسْتَمْتِعْ)) واتە : کیسەکەو ژمارەی و ئەو پەتەی پێی بەستراوە بزانەو لەبەری بکە جائەگەر خاوەنەکەی هات ئەوە بیدەرەوە ئەگینا ئەوە بۆ خۆت سوودی لیٚ وەربگرە . جا منیش سوودم لیٚ وەرگرت جا پاش ئەوە لە (مَكَّة)بینیمەوە . [رواه البخاري (٥/رقم٢٤٢٦) ومسلم (١٧٢٣/١٣٥٠/٣) وغيرهما] .

(٣٣١) لەبەر فەرموودەکەی (عِيَاضُ بنُ حِمَار) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :((مَنْ وَجَدَ لُقْطَةً فَلْيُشْهِدْ ذَا عَدْلٍ أوْ ذَوَي عَدْلٍ . ثُمَّ لَايُغَيِّرْهُ وَلَايَكْتُمْ . فَإِنْ جَاءَ رَبُّهَا ، فَهُوَ أحَقُّ بِهَا ، وَإلا فَهُوَ مَالُ اللهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ)) واتە : هەرکەسێك وون بویەکی دۆزیەوە ئەوە با شایەتی داد پەروەری لەسەر بگرێت یان دووشایەتی دادپەروەر ، پاشان : نەیگۆڕێت و نەیشارێتەوە ، جا ئەگەر خاوەنەکەی هات ، ئەوە مافدارترە پێی ، و ئەگەر نەهات ئەوە ماڵی خوایە دەیداتە هەر کەسێك بیەوێت . [رواه ابو داود (٢/رقم١٧٠٩) وابن ماجه (٢٥٠٥/٨٣٧/٢) وهو صحيح بروانە صحيح ابن ماجه (٢٠٣٢)].

منتدى إقرأ الثقافي

دەتوانێت پاش ساڵێك سوودی لێ وەربگرێت [٣٣٢] وەئەگەر شتە دۆزراوەکەبێ نرخ بوو دەتوانیت یەکسەر سوودی لێ وەربگریت [٣٣٣] وەدۆزراوەی ئاژەڵیش هەڵدەگیرێت مەگەر ئاژەڵێك بێت بتوانێت بەرگری لەخۆی بکات [٣٣٤] وەدۆزراوەی حەرەم (الحَرَم) دروست نییە هەڵبگیرێت

---

(٣٣٢) لەبەر فەرموودەکەی (زَيدُ بنُ خَالِد الجُهَني) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پرسیار لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) کرا لەبارەی شتی دۆزراوە وە ، ئاڵتون بێت یان زیو ؟ ئەویش فەرمووی : ((أعْرِفْ وِكَاءَهَا وَعِفَاصَهَا ثُمَّ عَرِّفْهَا سَنَةً فَإنْ لَمْ تَعْرِفْ فَاسْتَنْفِقْهَا ، ولْتَكُنْ وَدِيْعَةً عِنْدَكَ فَإنْ جَاءَ طَالِبُهَا يَوْماً مِنَ الدَّهْرِ فَأدِّهَا إلَيْهِ)) واتە : ئەو پەتەی کەپێی بەستراوە بیناسە وبزانەچۆنە لەگەڵ ئەو سەر قەباغەی کەهابەسەریەوە ، پاشان ساڵێك پێناسەی بکە جا ئەگەر ناونیشان نەدرا ئەوە خەرجی بکە و باسپاردەبێت لات ، جا هەرڕۆژێك لەڕۆژان خاوەنەکەی هات ئەوە پێی بدەرەوە .[رواه البخاري (٥/٢٤٢٨) ومسلم (٣/١٣٤٩/١٧٢٢) وغيرهما] .

(٣٣٣) لەبەر فەرموودەکەی (أنَسُ بنُ مَالِك) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) خورمایەکی دۆزییەوە ، جا فەرمووی :((لَوْلَا أنْ تَكُوْنَ مِنَ الصَّدَقَةِ لَأكَلْتُهَا)) واتە : ئەگەر لەبەر ئەوە نەبێت لەوانەیە ئەمە لە ماڵی زەکات بێت ئەگینا دەمخوارد . [رواه البخاري (٥/رقم ٢٤٣١) ومسلم (٢/٧٥٢/١٠٧١)] .

(٣٣٤) لەبەر فەرموودەکەی (زَيدُ بنُ خَالِد الجُهَني) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ......وەپرسیاری لێ کرد لەبارەی گوم بووی ووشترەوە ؟ ئەویش فەرمووی : ((مَالَكَ ولَهَا ؟ دَعْهَا فَإنَّ مَعَهَا حِذَائَهَا وَسِقَائَهَا ، تَرِدُ المَاءَ وَتَأكُلُ الشَّجَرَ ، حَتَّى يَجِدَهَا رَبُّهَا)) واتە : تۆچیتە بەسەریەوە ؟ وازی لێ بێنە پێڵاووکونەی خۆی پێیە دەچێتە سەر ئاوو لەداریش دەخوات ، تاخاوەنەکەی دەیدۆزێتەوە ، وەپرسیاری لێ کرد لەبارەی مەڕەوە ؟ ئەویش فەرمووی : ((خُذْهَا . فَإنَّمَا هِيَ لَكَ أوْ لِأخِيْكَ أوْ لِلذِّئْبِ)) واتە : بیبە ، چونکە یابۆتۆیە وەیا بۆ براکەتە وەیا بۆ گورگە . [رواه البخاري (٥/رقم/٢٤٢٨) ومسلم (٣/١٣٤٩/١٧٢٢) وغيرهما] .



منتدى إقرأ الثقافي

مەگەر بۆ کەسێك هەردەم پێناسەی بکات بەهەتا هەتایی [٣٣٥] وەئەگەر دۆزراوەکە منالێکی پێ نەگەیشتو بوو ئەوە هەڵگرتنی فەرزی (کِفَایَه) یە . [٣٣٦]

جا ئەگەر پارەی پێ بوو ئەوە لەپارەکەی خۆی بۆ خەرج دەکرێت وە ئەگەر پێشی نەبوو ئەوەخەرجی لەسەر (بَيْتُ المَال)ە . [٣٣٧]

---

(٣٣٥) لەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازای بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :((إِنَّ اللهَ حَرَّمَ مَكَّةَ فَلَمْ تَحِلَّ لِأَحَدٍ قَبْلِي وَلَاتَحِلُّ لِأَحَدٍ بَعْدِي ، وَإِنَّهَا أُحِلَّتْ لِي سَاعَةً مِنْ نَهَارٍ لَايُخْتَلَىٰ خَلَاهَا . وَلَا يُعْضَدُ شَجَرُهَا وَلَا يُنَفَّرُ صَيْدُهَا وَلَا تُلْتَقَطُ لُقْطَتُهَا إِلَّا لِمُعَرِّفٍ)) واتە : بەڕاستی خوای گەورە (مَكَّه)ی حەرام کردوە ، جا لەپێشی من دا بۆ کەس حەڵاڵ نەکرا وە لە پاش منیش بۆ کەس حەڵاڵ ناکرێت ، وە تە نها یەك ساتی ڕۆژ بۆمن حەڵاڵ کرا گیای هەڵناکێشرێت و داری هەڵ ناکەنرێت و نێچیری ڕاو نانرێت و دۆزراوەیشی هەڵناگیرێت مەگەر کەسێك پێناسەی کات هەردەم . [رواه البخاري (٤/رقم/١٨٣٣) بروانه صحيح الجامع (١٧٥١)].

(٣٣٦) بۆ ئەوەی تیا نەچێت لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لەسورەتی (المائدة :٢) دا کەدەفەرموێ ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَىٰ﴾ واتە : وەهاریکاری و یارمەتی یەکتری بدەن لەسەر چاکەو لەخواترسان .

(٣٣٧) لەبەر (أَثَر)ە کەی (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا بەپیاوێکی فەرموو کەمنالێکی دۆزراوەی هێنا بۆ لای ((بیبە ، ئازادە ، وەدۆستایەتی (وَلَاء) ی بۆ تۆو (نَفَقَه) یشی لەسەر ئێمەیە)) [رواه البيهقي (٦/٢٠١) وسعيد بن منصور في سننه وهو صحيح بروانه الارواء (١٥٧٣)] .


منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی سوێند خواردن (ألأيمَان) (٣٣٨)

**سوێند دانامەزرێ تەنها بەخوا (اللّه) نەبێت یا ناوێك لەناوەكانی یان سیفەتێك لەسیفەتەكانی (٣٣٩) وەحەرامەو شیركە (شیركی بچوك) ئەگەر بە غەیری ئەو سوێند بخورێت (٣٤٠)**

---

(٣٣٨) (الأيمَان) كۆی (يَمِيْن)ە و ە(أصْـل) ی (يَمِيْـن)یش لـەزمانی عـەرەبدا واتـە : دەست ، وەسوێند خواردنیش بە (يَمِيْن) ناو براوە ، چونكە كاتێك كە سوێندیان بخواردایە هەر یەكە دەستی ڕاستی هاوەڵەكەی دەگرت . وەلەشەرعیش دا جەخت كردنە لەسەر شتێك بەناوێك لەناوە كانی خوای گەورە یان سیفەتێك لە سیفاتەكانی.

(٣٣٩) چونكە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی وا سوێندی خواردووە وەئێمەیشی فێر كردووە كەوا بەو شێوەیە سوێند بخۆین ، لەبەر ئەو هەموو فەرموودانەی كەلەو بارەیەوە هاتووە لەوانە فەرموودەكەی (إِبْنُ عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی : سوێند خواردنی پێغەمبەر (ﷺ) بە ((لَا ، وَمُقَلِّبَ القُلُوبِ)) بووە واتـە : نـەء ، بەو كەسەی كە هەڵگێڕەوەی دڵانە . [رواه البخاری (١١/رقم ٦٦٢٨)].

وەفەرموودەكەی تری (إِبْنُ عُمَر) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی (زَيْدُ بنُ حَارِثَة) فەرمووی ((وَأَيْمُ اللهِ إِنْ كَانَ لَخَلِيْقاً لِلإِمَارَةِ)) واتـە : سوێند بەخوا ئەو شایەن بوو بۆ فەرمان ڕەوایی . [رواه البخاری (١١/رقم/٦٦٢٧) ومسلم (٤/١٨٨٤/٢٤٢٦)] .

وە لـە فـەرموودەی زۆریش دا هاتووە كەبـە ((وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ)) سـوێندی خواردووە واتە : بەو كەسەی كەنەفسی منی بەدەستە . [بڕوانە صحيح البخاری /باب كيف كانت يمين النبي ؟ ].

(٣٤٠) لەبەر فەرموودەكەی (عَبْدُالله بن عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا فـەرمووی : پێغەمبەری خوا(ﷺ) گەیشت بە (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) دا كەڕێی دەكرد لەگـەڵ قافڵەیەك دا و سوێندی بەباوكی دەخوارد جا ، پێی فـەرموو ((أَلَا إِنَّ اللهَ يَنْهَاكُمْ أَنْ تَحْلِفُوا بِآبَائِكُمْ ، مَنْ كَانَ حَالِفاً فَلْيَحْلِفْ بِاللهِ أَوْ لِيَصْمُتْ)) واتە : بزانن كەوا خوای گەورە قەدەغـەتان


منتدى إقرأ الثقافي

لێ دەکات لەوەی سوێند بەباوکتان بخۆن ، هەرکەسێك سوێندی خوارد بابە خوا سوێند بخوات یان بێ دەنگ بێت .[رواه البخاري (١١/رقم٦٦٤٦) ومسلم ٣/١٢٧٦/١٦٤٦) وابو داود (٣/رقم ٣٢٤٩) والترمذي (٣/٤٥/١٥٧٣) وغيرهم].

وەفەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت ) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((لاَتَحْلِفُوا إِلّا بِاللهِ وَلاَتَحْلِفُوا إِلاّ وَأَنْتُمْ صَادِقُونَ)) واتە : سوێند مەخۆن ئیللا بەخوا نەبێت ، وەسوێندیش مەخۆن ئیللا بەڕاستەوە نەبێت . [رواه ابو داود (٣/رقم ٣٢٦٨) والنسائي (٧/٥/رقم ٣٧٦٩) وغيرهما وهو حديث صحيح بروانه الارواء (٢٦٩٨) وصحيح الجامع (٧٢٤٩) وصحيح النسائي(٣٥٢٩)] .

وەلەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((مَنْ حَلَفَ بِغَيْرِاللهِ فَقَدْ كَفَرَ)) . واتە : هەر کەسێك سوێند بە (غَيْر)ی خوا بخوات ئەوە کوفری کردووە .[رواه ابو داود (٣/رقم ٣٢٥١) الترمذي (٤/١١٠/١٥٣٥) والحاكم في المستدرك (٥٢/١) ورواه أحمد (٢/٢٤) بلفظ ((فَقَدْ أَشْرَكَ)) واتە: ئەوە شیرکی کردووە ، و في لفظ الترمذي (٤/١١٠/١٥٣٥) والحاكم (٤/٢٩٧) ((فَقَدْ كَفَرَ وَأَشْرَكَ)) وهو صحيح بروانە الارواء (٢٥٦١) والسلسلة الصحيحة (٢٠٤٢) الجامع (٦٢٠٤)].

## تێبینی:

یەکەم : هەندێ کەس دەڵێن دروستە سوێند خواردن بەکەسێکی تر جگە لەخوا چونکە خوای گەورە لەقورئاندا سوێندی بەخۆرو مانگ و .... هتد لەدروست کراوەکانی خواردوە و پێغەمبەریش (ﷺ) لەفەرموودەی کابرای دەشتەکی (الأَعْرَابِي) دا فەرمووی :((أَفْلَحَ وَأَبِيهِ إِنْ صَدَقَ)) واتە : سوێند بەباوکی سەرفراز بوە ئەگەر ڕاست بکات. درێژەی ئەم فەرموو دەیە [رواه البخاري (١/رقم ٤٦) وابو داود (١/رقم ٣٩١) والنسائي (١/٢٢٦) ومالك (١/١٧٥/٩٤) واحمد (١/١٦٢٩) ومسلم (١/٤٠/١١)] .بەبێ (وَأَبِيْهِ) بەڵام تەنها لە ڕیوایەتێکی(مُسْلِم) دا بەو (لَفْظَ) ی پێشوو هاتووە ، جا منیش لەوەڵام دا دەڵێم : لەبارەی ئەوەوە کەخوای گەورە سوێند بەدروست کراوەکانی دەخوات ئیمامی (الشَّعْبِي) دەفەرموێ : بەدیهێنەر (الخَالِق) سوێند بەو دروستکراوانەی دەخوات کەخۆی ویستی لەسەرێتی ، وەبەدیهێنراویش (المَخْلُوق) سوێند ناخوات تەنها بە بەدیهێنەر (الخَالِق) نەبێت بروانە [فتح


منتدى إقرأ الثقافي

الباری شرح حدیث رقم (٦٦٤٦)] بۆیە ئێمە نابێت لاسایی بەدیهێنەر(الخَالِق) بکەینەوە .
وەئەوەی کەوا لەڕیوایە تێکی ئیمامی (مُسْلِم) دا هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێندی بەباوکی کابرای دەشتەکی خواردووە . هەندێك لەزانایان دەفەرموون (أصْل)ەن ئەو (لَفْظَ) ی ئیمامی (مُسْلِم) ڕاویەکان (تَصْحِيْف) یان کردووە-- واتە : لەکاتی نوسینەوەدا بەهەڵە نوسراوە (وَأَبِيهِ) ، چونکە شێوەی نوسینی (وَاللهِ) و(وَأَبِيهِ) لەیەکەوە نزیکە ، بۆیە لێیان گۆڕاوە(وَاللهِ) یان کردۆتە( وَأَبِيهِ) -- چونکە لەڕیوایەتەکانیتردا بە (لَفظ)ی ((أَفْلَحَ وَاللهِ إِنْ صَدَقَ)) هاتووە ، وەهەندێکیتر لەزانایان دەفەرموون ئەگەر هەتا ئەم ڕیوایەتە (صَحِيْح) یش بێتەئەوە لەپێش دا بووە کەهێشتا قەدەغە نەکرابوو سوێند بە ( غَيْر) ی خوا بخورێت،بەڵام لەپاشان قەدەغەی لێ کرا . (إِبْنُ العَرَبِيِّ المَالِكِي) دەفەرموێ : ((وَرُوِيَ أَنَّهُ (ﷺ) كَانَ يَحْلِفُ بِأَبِيْهِ حَتَّىٰ نُهِيَ عَنْ ذٰلِكَ)) وە ئیمامی (السُّبْكِي) دەفەرموێ : زۆربەی (شَارِح)ەکان لەسەر ئەم ڕایەن ، جا منیش دەڵێم : بێ گومان ئەم ڕایە ڕاستەو هیچ پێویست بەپێچ و پەنا ناکات وەفەرموودەی قەدەغەکردنەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە (عُمَر) کەوا سوێند بەباوکی نەخوات ، بەلگەیەکی ڕون و ئاشکرایە کەوا لەپێش دا سوێندیان بەشتی تر خواردووە بەڵام پاش ئەوە قەدەغەی لێ کراوە وەفەرموودەکەی (قُتَيْلَة ) ی خێزانی ( جُهَيْنَة) (خوای لێ ڕازی بێت) ئەمە زیاتر ڕوون دەکاتەوە کەوافەرمووی : کابرایەکی جوولەکە هات بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ووتی : ئێوە (نِد) بڕیاردەدەن و (شِرْك) یش دەکەن دەڵێن : ((مَاشَاءَ اللهُ وَشِئْتَ)) وەدەڵێن : ((وَالكَعْبَةِ)) جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پاش ئەوە فەرمانی کرد کەوا ئەگەر سوێندیان خوارد بڵێن : ((وَرَبِّ الكَعْبَةِ)) وەبڵێن : ((مَاشَاءَ اللهُ ثُمَّ شِئْتَ)) [رواه النسائی(بروانە صحیح النسائی(٣٥٣٣)) والسلسلة الصحیحة للألبانی (١٣٦)].

دووەم : هەندێك کەس ئەوە دەکەنە بیانوو بۆ ئەوەی سوێند بەکەسێکی تر جگە لە خوا بخۆن کەوا ئەوەك سوێند بەخوا بەدرۆوە بخۆن . وەیان ئایەتی ﴿وَلَا تَجْعَلُوا اللهَ عُرْضَةً لِأَيْمَانِكُمْ ...﴾ (البقرة : ٢٢٤) دەکەنە بەلگە ئێمەش لەوەلامیان دا دەڵێین : چاکترین وەلامی ئەم بیانووە بێ هێزە ووتەکەی (عَبْدُالله بن مَسْعُود)ە (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا دەفەرموێ : ((لأَنْ أَحْلِفَ بِاللهِ كَاذِبًا أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَحْلِفَ بِغَيْرِهِ صَادِقًا)) واتە : ئەگەر سوێند بەخواوە بەدرۆ بخۆم پێم خۆشترە لەوەی سوێند بە کەسێکیتر جگە لە ئەو بخۆم بەڕاستەوە . ڕەزای خوا لە (عَبْدُالله) بێت بەڕاستی وایە



منتدى إقرأ الثقافي

## وەزانایان جیاوازن لەوەدا ئەگەر سوێند بخوات بەسوێندی میللەتێکی تر جگە لەئیسلام کافر دەبێت یانەء (٣٤١)

چونکە سوێند خواردن بەخوا بەدرۆوە تاوانە !!! بەڵام سوێند خواردن بەکەسێکی تر بەڕاستیشەوە شیرکە کەگەورەترین تاوانە !!! ئەم ووتەیە لە (إبْنُ عَبَّاس وإبْنُ عُمَر) یشەوە دەگێڕنەوە (خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە [فتح الباری شرح حدیث رقم (٦٦٤٦)] وەئایەتەکەش ئەو مانایەی نییە کەهەندێك وای لێ تێگەیشتون: (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) لەتەفسیری دا دەفەرموێ: سوێند خواردن بەخوا مەکەنە بەرگری کەوا ئیتر چاکە نەکەن بەڵکو هەرکاتێك سوێندتان بەخوا خوارد کە چاکەیەك نەکەن ئەوە کەففارەتی سوێندەکەتان بدەن و چاکەکە بکەن (إبْنُ كَثِير) ئەم تەفسیرە لە (مَسْرُوق وشَعْبِي وإبْرَاهِيم النَّخْعِي ومُجَاهد وطَاوُس وسَعِيْدُ بْنُ جُبَيْر وعَطَاء والزُّهْرِي والحَسَن وقَتَادَة و مُقَاتِل والرَّبِيع بنُ أنَس والضَّحَّاك وعَطَاء الخرَاسَاني والسُّدِّي) یەوە دەگێڕێتەوە ڕەحمەتی خوا لەهەموویان بێت و ڕەزای خوایش لە (إبنُ عَبَّاس) بێت بڕوانە [تفسیر ابن کثیر (٢٦٦/١) تفسیر هذه الآیة].

(٣٤١) لەبەر ئەو فەرموودانەی کەهەڕەشەی کوفر لەو کەسە دەکەن کەسوێند بەسوێندی میللەتێکی تر بخوات جگە لەئیسلام. لەوانە فەرموودەکەی (ثَابِتُ بنُ الضَّحَّاك) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: **((مَنْ حَلَفَ بِمِلَّةٍ سِوَى الإسْلام كَاذِباً مُتَعَمِّداً فَهُوَ كَمَا قَالَ))** واتە: هەرکەسێك سوێند بەمیللەتێکی تر جگە لە ئیسلام بخوات و درۆبکات و بەدڵ نەنقەستەوە ئەوە وەکو ووتەکەی وایە [رواه مسلم (١٠٥/١/١٧٧) والبخاري (١١/رقم ٦٦٥٢) وغیرهما].

وەفەرموودەکەی (عَبْدُالله بنُ بُرَيْدَة عَنْ أبِيه) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی **((مَنْ قَالَ إنِّي بَرِيءٌ مِنَ الإسْلامِ فإنْ كَانَ كَاذِباً فَهُوَ كَمَا قَالَ وَإنْ كَانَ صَادِقاً لَمْ يَعِدْ إلَيْهِ الإسْلَامُ سَالِماً))** واتە: هەرکەسێك بڵێ: من بەریم لەئیسلام – ئەگەر فلانەشت وابێت یان وانەبێت – ئەوە ئەگەر درۆ بکات ئەوە وەکو ئەوە وایە کەدەڵێت وەئەگەر ڕاستیش بکات ئەوە بەسەلامەتی ئیسلامی بۆ ناگەڕێتەوە. [رواه ابو داود ٣/رقم(٣٢٥٨) والنسائي (٧/٦) وابن ماجه (٦٧٩/١/٢١٠٠) وهو صحیح بروانه الارواء].

وەلەبەر فەرموودەکەی (أبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: **((مَنْ حَلَفَ مِنْكُمْ فَقَالَ فِي حَلِفِهِ: بِاللّاتِ، فَلْيَقُلْ: لاإلَهَ إلاّ اللهُ، وَمَنْ قَالَ لِصَاحِبِهِ: تَعَالَ أُقَامِرْكَ فَلْيَتَصَدَّقْ))** واتە: هەرکەسێك لەئێوە ئەگەر سوێندی



منتدى إقرأ الثقافي

وەهەرکەسێك سوێندی بۆ خورا بە خوا با ڕازی بێت [٣٤٢] وەسوێند خواردن سێ جۆرە :-

**یەکەم :** سوێندی سەر زمان (یَمِیْنُ اللَّغوِ) ئەوەیە کە بە مەبەستی سوێندەوە نەوترێت وەك بڵێ : (وَاللهِ) ی ناخۆم ، نا(وَاللهِ) ی ناچم ، ئەم جۆرە هیچی لەسەر نی یە . [٣٤٣]

---

خوارد و لەسوێنەکەی دا ووتی : سوێند بێت بە (اللَّات) ئەوە با بڵێ : ((لَاإِلَهَ إِلَّااللهُ)) وەهەرکەسێك ئەگەر بەهاوەڵەکەی ووت : بێ قومارت لەگەڵ دا بکەم (یابامەرج بکەین) ئەوە باشتێك ببەخشێت . [رواه مسلم (٣/١٢٦٧/١٦٤٧)والنسائی (٧/٧)وابو داود (٣/رقم ٣٢٤٧)].

(٣٤٢) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لاتَحْلِفُوا بآبَائِكُمْ ،مَنْ حَلَفَ بِاللهِ فَلْيَصْدُق ، وَمَنْ حُلِفَ لَهُ بِاللهِ فَلْيَرْضَ ، وَمَنْ لَمْ يَرْضَ بِاللهِ فَلَيْسَ مِنَ اللهِ)) واتە : بەباوکتان سوێند مەخۆن هەرکەسێك سوێندی بەخوا خوارد با ڕاست بکات ، وەهەرکەسێك سوێندی بۆ خورا بەخوا باڕازی بێت ، وەهەرکەسێك بەخوا ڕازی نەبێت ئەوە لەئێمە نی یە . [رواه ابن ماجە (١/٦٧٩/٢١٠١) وهو صحيح بروانە صحيح ابن ماجه (١٧٠٨)] .

وەلەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((رَأَىٰ عِيسَى بْنُ مَرْيَمَ رَجُلَاًيَسْرِقُ فَقَالَ : أَسَرَقْتَ ؟ قَالَ : لاَ ، وَالَّذِي لَا إِلَهَ إِلاَّهُوَ فَقَالَ عِيسَىٰ : آمَنْتُ بِاللهِ ، وَكَذَبْتُ بَصَرِي)) واتە : (عِيسَىٰ) ی کوڕی (مَرْيَم) پیاوێکی بینی دزی دەکرد جا فەرمووی :ئایە دزیت کرد ؟ ووتی نەء ، بەو کەسەی کەکەس شایەنی پەرستن نی یە جگە لەو، جا (عِيسَىٰ)یش فەرمووی باوەڕم بەخوا هێناو چاوم بەدرۆ خستەوە [رواه البخاري (٦/رقم ٣٤٤٤) ومسلم (٤/١٨٣٨/٢٣٦٨) وغيرهما] .

(٣٤٣) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (البقرة :٢٢٥) دا کەدەفەرموێ ﴿لاَيُؤَاخِذُكُمُ اللهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ ، وَلَكِنْ يُؤَاخِذُكُمْ بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ﴾ واتە: خوای گەورە بەو جۆرە سوێندە سەر زاریانە لێتان ناگرێت ، بەڵکو بەوەی لێتان دەگرێت کەلەدڵتانەوە دەردەچێت . وەلەسورەتی (المائدة :٨٩) دا کە دەفەرموێ : ﴿لَايُؤَاخِذُكُمُ اللهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِنْ بِمَا عَقَّدْتُمُ الأَيْمَانَ﴾ واتە : خوای


منتدى إقرأ الثقافي

دووەم : سوێندی دامەزراو (يَمِيْنُ المُنْعَقِدَة): ئەوەیە کەبەمەبەستی سوێند لەدڵەوە سوێند بخوات ئەم جۆرە یا دەبێت سوێندەکەی بەجێ بهێنێت وەیان دەبێت کەففارەتی سوێند بدات (٣٤٤) جا ئەگەر بینی سوێندەکەی بەجێ بێنێت باشترە ئەوە سوێندەکەی بەجێ بێنێت وەئەگەر بینی باشتر وایە بەجێی نەهێنێ ئەوە کەففارەتی بدات (٣٤٥) کەخواردنی دە (١٠) کەم دەست (فَقِیْر)ە لەمام ناوەندی ترین خواردن کەدەیداتە کەس و کاری خۆی یان پۆشاك بۆکردنیان یان ئازادکردنی بەندەیەك، ئەگەر ئەمانەی نەتوانی ئەوەسێ ڕۆژ ڕۆژوو بگرێت . (٣٤٦)

---

گەورە بەوسوێندە سەرزاریانەتان لێتان ناگرێت بەڵکو بەوەی کەلەدڵتانەوە گرێی دەدەن وەلەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی ﴿لاَيُؤَاخِذُكُمُ اللهُ بِاللَّغْوِ﴾ لەبارەی ئەو قسەیەوە دابەزی کەدەڵێیت : نە (وَاللهِ) ، وبەڵێ (وَاللهِ) [رواه البخاری (١١/رقم٦٦٦٢)] .

(٣٤٤) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (المائدة :٨٩) دا ﴿وَلَكِـنْ يُؤَاخِذُكُمْ بِمَا عَقَّدْتُمُ الأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ﴾ کەلەپەراوێزی پێشوودا باسمان کرد .

(٣٤٥) لەبەر فەرموودەکەی (أبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :((مَنْ حَلَفَ عَلَىٰ يَمِيْنٍ فَرَأَىٰ غَيْرَهَا خَيْراً مِنْهَا فَلْيَأْتِ الَّذِي هُوَ خَيْرٌ ، وَلْيُكَفِّرْ عَنْ يَمِيْنِهِ)) واتە : هەرکەسێك ئەگەر سوێندی خوارد لەسەر شتێك جابینی شتێکیتر لەوە چاکترە ئەوە با ئەوە بکات کەچاکترە و کەففارەتی سوێندەکەی بدات .

[رواه مسلم (٣/١٢٧٢/١٦٥٠) والترمذي (٣/٤٣/١٥٦٩)].

(٣٤٦) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لەسورەتی (المائدة :٨٩) دا کەدەفەرمووێ ﴿لاَيُؤَاخِذُكُمُ اللهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِنْ يُؤَاخِذُكُمْ بِمَا عَقَّدْتُمُ الأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِيْنَ مِنْ أَوْسَطِ مَاتُطْعِمُوْنَ أَهْلِيْكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيْرُ رَقَبَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاَثَةِ أَيَّامٍ ذَلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ وَاحْفَظُوا أَيْمَانَكُمْ ...﴾ واتە : خوا لێتان ناگرێت لەو سوێندە سەر زاریانەتان بەڵکو لەو سوێندانەتان دەگرێت کەلەدڵتانەوە گرێی دەدەن جا


منتدى إقرأ الثقافي

**سێیەم : سوێندی درۆ فێڵ بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی (يَمِينُ الغَمُـــوس)** :ئەوەیە کەبەدرۆوە بخورێت بەمەبەستی هەڵخەڵەتاندنی بەرانبەر و ماف خواردنی و ناپاکی کردن لەگەڵی داو ئەوە پێی دەوترێت (غَمُوس) چونکە خاوەنەکەی قووت (شڵەپاندن)ی ناو تاوان دەکات پاشان قووتی ناو ئاگری دۆزەخ ی دەکات ، ئەمیش یەکێکە لە تاوانە گەورەکان وەکەففارەتیشی نییە(٣٤٧)

---

کەففارەتەکەی خواردن دانی دە(١٠) کەم دەستە لەمام ناوەندی ترینی ئەو خواردنەی دەیدەنە کەس و کارتان یان پۆشاک بۆ کردنیان یان ئازادکردنی بەندەیەکە جا ئەگەر کەسێك ئەمانەی نەبوو ئەوە سێ ڕۆژ ڕۆژوو بگرێت ئەوە کەففارەتی سوێندەکانتانە ـ ئەگەر سوێند بخۆن و بەجێی نەهێنن ـ جا سوێندی خۆتان بپارێزن .

(٣٤٧) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (النحل :٩٤) دا کەدەفەرمووێ : ﴿وَلَا تَتَّخِذُوا أَيْمَانَكُمْ دَخَلًا بَيْنَكُمْ فَتَزِلَّ قَدَمٌ بَعْدَ ثُبُوتِهَاوَتَذُوقُوا السُّوءَ بِمَا صَدَدْتُمْ عَنْ سَبِيلِ اللهِ وَلَكُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ واتە : ئەو سوێندانەتان کەدەیخۆن بۆ ئەو کەسانەی پەیمانیان پێ دەدەن مەیکەنە ڕێگایەك بۆ فێڵ لێ کردن و هەڵخەڵەتاندنی ئەوان تاوەکو ئەوان لێتان ئەمین ببن و ئێوەیش نیەتتان پیسە بەرانبەریان دوایی بەرهەمی ئەو خراپانەتان دەچێژن کەبەرگری پێ دەکەن لەڕێگای خوا ،وە بۆ ئێوە هەیە سزایەکی زۆر گەورە ـ ئەگەر وابکەن ـ وەلە بەرفەرموودەکەی (عَبْدُاللهِ بن عَمْرو) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :((الكَبَائِرُ : الإِشْرَاكُ بِاللهِ وَعُقُوقُ الوَالِدَيْنِ وَقَتْلُ النَّفْسِ ، وَاليَمِينُ الغَمُوسِ)) واتە : تاوانە گەورەکان ئەمانەن : هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوابەگوێ نەکردنی دایك و باوك،کوشتنی کەسێك،وەسوێندی درۆ فێڵ . [رواه البخاري (١١/رقم ٦٦٧٥) والترمذي (٤/٣٠٣/٣٠١٠) والنسائي (٧/٨٩)] .

وەفەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((خَمْسٌ لَيسَ لَهَا كَفَّارَةٌ : الشِّرْكُ بِاللهِ عَزَّوَجَلَّ ، وَقَتْلُ النَّفْسِ بِغَيْرِ حَقٍّ ، أَوْ نَهْبُ المُؤْمِنِ أَوْ الفِرَارُ مِنَ الزَّحْفِ أَوْ يَمِينٌ صَابِرَةٌ يَقْتَطِعُ بِهَا مَالًا بِغَيْرِ حَقٍّ)) واتە : پێنج تاوان هەیە کە کەفارەتی نییە : شەریك بڕیاردان بۆ خوا وکوشتنی نەفسێك بە


منتدى إقرأ الثقافي

وەدامەزراندنی سوێند پەیوەستە بەنیەتی سوێند خۆرەوە (٣٤٨) ئەمە ئەگەر خۆی سوێند بخوات ، بەڵام ئەگەر کەسێك سوێندی بدات ئەوە پەیوەست دەبێت بەنیەتی ئەوکەسەوەکە سوێندی دەدات (٣٤٩) وەئەگەر کەسێك سوێند

---

ناحەق وە ڕووت کردنەوەی موسوڵمانان وەڕاکردن لەغەزادا وەسوێندێکی فێڵ و درۆ بۆ ئەوەی ماڵی موسوڵمانی بە ناحەق پێ بخوات .[رواه احمد (١٤/٦٨/٢٢٠) وهو صحيح بروانە صحيح الجامع (٣٢٤٧) والإرواء (١٢٠٢)] .

(٣٤٨) لەبەر فەرموودەکەی (عُمَرُ بنُ الخَطّاب) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :((إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ)) واتە : بەڕاستی کردەوەکان هەموو بەنیەتە ... . [رواه البخاري (١/رقم ١) ومسلم (٣/١٥١٥/١٩٠٧)] .

جا هەرکەسێك سوێندی لەسەر شتێك خوارد و شتێکی تری لەژێرەوە شاردەوە ، نیەتەکەی لای خوای گەورە دەژمێرێت نەك قسەکەی لەبەر فەرموودەکەی (سُوَيْدُ بنُ حَنْظَلَة) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی : دەرچووین بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و (وائِلُ بنُ حِجْر) مان لەگەڵ دا بوو ، جا دوژمنێکی گرتی . جا خەڵکی نەیانوێرا سوێند بخۆن ، جا منیش سوێندم خوارد ، ووتم:برامە جا ئەویش بەری دا ، جا کەهاتین بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگادارم کردەوە کەوا خەڵکەکە نەیانوێرا کەوا سوێند بخۆن ، وەمن سوێ[illegible]ارد کەوا برامە ، جا فەرمووی ((صَدَقْتَ ، المُسْلِمُ أَخُو المُسْلِمِ)) واتە : ڕاستت کرد، موسوڵمان برای موسوڵمانە . [رواه ابو داود (٣/رقم ٣٢٥٦) وابن ماجه (١/٦٨٥/٢١١٩)وهو صحيح بروانە صحيح ابن ماجه (١٧٢٢)].

(٣٤٩) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت ) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :((إِنَّمَا اليَمِينُ عَلَىٰ نِيَّةِ المُسْتَحْلِفِ)) واتە : بەڕاستی سوێند لەسەر نیەتی ئەو کەسەیە کەداوای سوێند خواردن دەکات [رواه مسلم (٣/١٢٧٤/١٦٥٣) بدون زيادە (إنّما) وابن ماجه (١/٦٨٥/٢١٢٠)] .

وەفەرموودەکەی تری (أَبُو هُرَيرة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((يَمِينُكَ عَلَىٰ مَا يُصَدِّقُكَ بِهِ صَاحِبُكَ)) واتە : سوێندەکەت لەسەر ئەوەیە کەهاوەڵەکەت باوەڕت پێ دەکات . [رواه مسلم (٣/١٢٧٤/١٦٥٣) وابن ماجه (١/٦٨٦/٢١٢١) وغيرهما].


منتدى إقرأ الثقافي

لەسەر شتێك بخوات نەیكات پاشان لەبیری بچێت یان نەزانێت بیكات، ئەوە سوێندەكەی ناكەوێت [350] وەئەگەر سوێند خۆر پاش سوێندەكەی (إِنْ شَاءَ اللهُ) بكات ئەوە سوێندەكەی ناكەوێت [351] وە ئەگەر كەسێك

---

(٣٥٠) لەبەر فەرموودەكەی خوای گەورە لەسورەتی (البقرة :٢٨٦) دا كەدەفەرمویّ ﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا﴾ واتە : ئەی پەروەردگار لێمان مەگرە لەوەی لەبیرمان چوە یا نەمانزانیوە . پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی خوای گەورە لەوەلامی باوەڕداران دا فەرمووی : بەڵێ : [رواه مسلم (١/١١٥/١٢٥) عن ابي هريرة].

وەفەرموودەكەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لیّ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((إِنَّ اللهَ وَضَعَ عَنْ أُمَّتِي الخَطَأَ وَالنِّسْيَانَ وَمَا اُسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ)) واتە : بەڕاستی خوای گەورە لەسەر ئوممەتەكەم تاوانی هەڵگرتوە لەنەزانین و لە بیر چونەوە و ئەوەی زۆریان لیّ دەكرێت . [رواه ابن ماجه (رقم / ٢٠٤٥) وهو صحيح بروانە الارواء (٨٢) وصحيح ابن ماجه(١٦٦٤)] .

(٣٥١) لەبەر فەرموودەكەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لیّ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ حَلَفَ وَاسْتَثْنَى ،إِنْ شَاءَ رَجَعَ وَإِنْ شَاءَ تَرَكَ غَيْرَ حَانِثٍ)) واتە : ئەگەر هەركەسێك سوێندی خوارد و (إِنْ شَاءَالله)ی كرد ، ئەگەر ویستی بێت دەگەڕێتەوە وە ئەگەر ویستیشی هەبێت وازی لیّ دەهێنێت بەبیّ ئەوەی سوێندەكەی بكەوێت [رواه ابوداود (٤/رقم/٣٢٦٢) و إبن ماجه (١/٦٨/٢١٠٥) والنسائي (٧/١٢) وهو حديث صحيح بروانە صحيح ابن ماجه (١٧١١)] .

وەلەبەر فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيرَة) (خوای لیّ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : قال(سُلَيْمَانُ بنُ دَاوُد نَبِيُّ الله): ((لأَطُوفَنَّ اللَيْلَةَ عَلَى تِسْعِينَ إِمْرَأةٍ ، كُلُّهُنَّ تَأتِي بِفَارِسٍ يُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ الله ، فَقَالَ صَاحِبُهُ ، قُلْ إِنْ شَاءَ الله ، فَلَمْ يَقُلْ فَنَسِيَ ، فَطَافَ عَلَيْهِنَّ جَمِيعَاً ،فَلَمْ تَحْمِلْ مِنْهُنَّ إلاَّ إِمْرَأةٌ وَاحِدَةٌ جَاءَتْ بِشِقِّ رَجُلٍ )) فَقَالَ رَسُولُ الله (ﷺ) : ((وَأيْمُ الَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَوْ قَالَ : إِنْ شَاءَ الله لَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ الله فُرْسَانَاً أَجْمَعُونَ)) واتە : (سُلَيْمَانُ بنُ دَاوُد) ی پێغەمبەری خوا(درودو سڵاوی خوایان لەسەر بێت) فەرمووی : ئەمشەو دەگەڕێم بەسەر نەوەت (٩٠)ئافرەت دا هەریەكەیان كوڕێك دێنیّ بجەنگێت لە پێناوی خوادا ، جا هاوەڵەكەی (یان فریشتەیەك) پیّی ووت : بڵیّ (إِنْشَاءَ الله) ، جا نەیووت و لەبیری چوو ، جا هیچ لە ئافرەتەكانی هیچیان نەهێنا تەنها یەكێكیان نەبێت نیوە كوڕێكی هێنا ، جا پێغەمبەری


منتدى إقرأ الثقافي

**سوێندی خوارد شتێکی حەڵاڵ لەسەر خۆی حەرام کات ، ئەوە حەرام نابێت (٣٥٢) وە ئەگەر ئەو شتەشی کرد ئەوە لەسەرێتی کەففارەتی سوێند بدات . (٣٥٣)**

---

خوا (ﷺ) فەرمووی : سوێند بەوکەسەی کە نەفسی موحەممەدی بەدەستە ئەگەر بیوتایە (إِنْشَاءَ اللهُ) ئەوە هەموویان دەبوونە سوارو لە پێناوی خوادا تێ دەکۆشان . [رواه البخاري (١٣/رقم/٦٦٣٩) وهذا لفظه ومسلم (٣/١٢٧٥/١٦٥٤) وغيرهما] .

وە لەریوایەتی مسلم فەرمووی : ((لَوْ قَالَ إِنْشَاءَ اللهُ ، لَمْ يَحْنَثْ)) واتە : ئەگەر بیفەرموایە (إِنْشَاءَ اللهُ) ئەوە سوێندەکەی نەدەکەوت .

(٣٥٢) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (التحريم :١) دا کە دەفەرمێ : ﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَاأَحَلَّ اللهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ وَاللهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ ، قَدْ فَرَضَ اللهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَانِكُمْ﴾ واتە : ئەی پێغەمبەر بۆچی شتێك کە خوا بۆتۆی حەڵاڵ کردوە لەبەر ڕازی کردنی خێزانەکانت لە خۆتی حەرام دەکەی وە خوای گەورە لێبوردەو بەبەزەییە ، بەڕاستی خوای گەورە چۆنێتی لابردنی سوێندەکانتانی بەدانی کە ففارەت کردۆتەوە ،وە هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە لە فەرموودەکەی (عَائِشَة) دا (خوای لێ ڕازی بێت) هاتوە کە دەفەرموێ : پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەنگوینی لای (زَيْنَبُ بِنْتَ جَحْش) دەخوارد و لای دەمایەوە جا من و (حَفصَة) دەستمان تێکەڵ کرد کەوا ئەگەر هاتە ژوورەوە بۆلای هەرکاممان بابڵێین پێی تۆ (مَغَافِير)ت خواردوە؟ من بۆنی (مَغَافِير)ت لێ دەکەم . جا فەرمووی نەء ، بەڵکو من هەنگوینم دەخوارد لای (زَيْنَبُ بِنْتُ جَحْش) جانیتر بۆی ناگەڕێمەوە ، وە سوێندم خواردووە ، جا کەس لەمە ئاگادار مەکەرەوە [رواه البخاري (٩/رقم/٤٩١٢) ] (مَغَافِير) چرێشێکە لەداری (العرفط) دێتە دەرەوە ، دەخورێت ، بۆنێکی زۆر ناخۆشی هەیە.

(٣٥٣) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا دەیفەرموو ((شت حەرام کردن لەسەر خۆ ، سوێندە و کە ففارەتی دەدات ، وە دەیفەرموو : ﴿لَقَدْكَانَ لَكُمْ فِي رَسُوْلِ اللهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾ (الأحزاب :٢١) واتە : بەڕاستی لە پێغەمبەری خوادا (ﷺ) باشترین سەرمەشق هەیە بۆ ئێوە)). [رواه البخاري (٩/رقم/٥٢٦٦) ومسلم (٢/١١٠٠/١٤٧٣)] .کەوا بوو ئەگەر کەسێك شتێکی حەڵاڵی لە سەر خۆی حەرام کرد ئەوە دەبێت( پێویستە) واز لەو حەرام کردنە بێنێت وکەففارەتی سوێند خواردن بدات .



منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی نەزرکردن (النذور)[٣٥٤]

نەزر کردن دروستە ئەگەر بەتەنها لەبەر خوای گەورە بکرێت[٣٥٥] وە بۆ ئەوەی نزیکی بکاتەوە لەخوا ، نەك تاوان بێت و دورت بخاتەوە لەخواوە[٣٥٦] وە قەدەغە کراوە لە نەزرێ هەڵبەستراو بێت بە بەرژەوەندیەکی دونیاوە[٣٥٧].

---

(٣٥٤) (نَذَر): لە زمانی عەرەب دا واتە : (أَوْجَب) : پێویستی کردوە ، دەڵێت : (نَذَرْتُ عَلَى نَفْسِي) .. واتە : لەسەر خۆم پێویستم کردوە ،وە لەشەریعیش دا : پێویست کردنی شتێك لەسەر خۆ کەلە (أَصْل)دا پێویست نیە ، بە هیوای زیاتر نزیك بوونەوە لەخوای گەورە .

(٣٥٥) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة : ٢٧٠) دا کە دەفەرمووێ : ﴿وَمَا أَنْفَقْتُمْ مِنْ نَفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُمْ مِنْ نَذْرٍ فَإِنَّ اللهَ يَعْلَمُهُ﴾ .. واتە : هەر بەخشینێك دەیبەخشن یان هەر نەزرێك دەیکەن ئەوە خوای گەورە پێی دەزانێ ، وەلە سورەتی (الحج : ٢٩)دا دەفەرمێ : ﴿ثُمَّ لْيَقْضُوا تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ﴾ .. واتە : پاشان باخۆیان لە چڵك و پیسی پاك بکەنەوە وەنەزرەکانیان بەجێ بێنن وە بەدەوری ماڵە کۆنەکەی خوای گەورەدا سوڕ بخۆن و(طَوَاف) بکەن ، وەلە سورەتی (الإنسان : ٧)دا لەوەسفی جێبەجێ کەرانیدا دەفەرمێ : ﴿يُوفُونَ بِالنَّذْرِ وَيَخَافُونَ يَوْمًا كَانَ شَرُّهُ مُسْتَطِيرًا﴾ .. واتە : نەزرەکانیان جێبەجێ دەکەن وە دەترسن لە ڕۆژێك کەوا شەڕەکەی پەرەدارە ـ کە ڕۆژی قیامەتە ـ.

(٣٥٦) لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ نَذَرَ أَنْ يُطِيعَ اللهَ فَلْيُطِعْهُ ، وَمَنْ نَذَرَ أَنْ يَعْصِيَهُ فَلَا يَعْصِيَهُ)) .. واتە : هەرکەسێك نەزری کرد کەوا گوێ ڕایەڵی خوا بکات باگوێ ڕایەڵیی بکات ، وەهەر کەسێك نەزری کرد کەوا بێ گوێی بکات ئەوە بابێ گوێی نەکات [رواه البخاری (١١/رقم : ٦٦٩٦) و أصحاب السنن] .

(٣٥٧) لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا قەدەغەی کردووە لەنەزرکردن و فەرمووی : ((إِنَّهُ لَايَرُدُّ شَيْئًا وَلَكِنَّهُ


منتدى إقرأ الثقافي

**وەهەرکەسێك نەزری شتێکی ناشەرعی بکات (٣٥٨) یان شتێك شەرعی بێت تواناى لەسەر نەبێت (٣٥٩) ئەوە لەسەری نیيە نەزرەکەی بەجێ بێنێ و کەففارەتی سوێند دەدات (٣٦٠)**

---

يُسْتَخْرِجُ بِهِ مِنَ البَخِيْلِ)) واتە : نەزر کردن هیچ قەدەرێکی خوا ناگێڕێتەوە ، بەلاّم شتێك لە کەسێکی ڕژدە (پیسکە) دەردەکات ـ کەلەپێش دا نەیدەکرد ، بەلاّم لەبەر دەست هێنانی بەرژەوەندیەك یان لابردنی خراپەیەك دەیکات ـ[رواه البخاري (١١/رقم : ٦٦٩٣) و مسلم (٣/٢٦٠/١٦٣٩) و غيرهما] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (سَعِيْدُ بنُ الحَارث) کەوا فەرمووی : لە لای (إبْنُ عُمَر)دا بوین (مَسْعُودُ بنُ عَمْرو) کە یەکێك بوو لە (بَنِي عَمْرُو بن كَعْب) جا فەرمووی : ئەی (أبُو عَبْدالرَّحْمَن) کوڕەکەم لەگەڵ (عُمَرُ بنُ عُبَيْدالله بن مَعْمَر)دا بوو لە زەوی فارس جا نەخۆشی و (طَاعُون) ێکی توند بەر ئەو وڵاتە کەوت،جامنیش لەسەرخۆم نەزرم کرد کەوا ئەگەر خوا کوڕەکەم بەسەلامەتی بگێڕێتەوە ئەوە دەبێت بەپێ ڕێ بکات تامالّی خوا ، جا گەڕایەوە بۆ لامان بە نەخۆشی پاشان مرد ،جا تۆ چی دەفەرمووی؟ جا (إبْنُ عُمَر) فەرمووی : ئایا قەدەغەتان لێ نەکراوە لەنەزر کردن ؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إنَّ النَّذْرَ لاَ يُقَدِّمُ شَيْئَاً وَ لاَيُؤَخِّرُ ، وَ إنَّمَا يُسْتَخْرَجُ بِالنَّذْرِ مِنْ البَخِيْلِ)) .. واتە : بەڕاستی نەزرکردن نەشتێك پێش دەخات و نەدوایشی دەخات ، بەڵکو تەنها بەنەزر کردن شتێك ـ پارە بێت یان کردەوەی چاك ــ لە کەسێکی ڕژدە (پیسکە) دەردەکات : پاشان فەرمووی برۆ نەزرەکەتان بەجێ بێنە [روى البخاري (١١/رقم ٦٦٩٢) جواب (ابن عمر) منه و مسلم (٣/١٢٦١/١٦٣٩) قول رسول الله (ﷺ) منه و القصة بأكملها رواه الحاكم في المستدرك كما ذكره ابن حجر في الفتح في شرح هذ الحديث] .

(٣٥٨) وەك شتێك نەزر بکات کەوا پێچەوانەی یەکسانی نێوان ڕۆڵەکانی بێت ، یا فەزڵ دانی هەندێ لە میرات بەرەکانی بەسەر ئەوانی تردا یان هەرشتێکی تری ناشەرعی کە خوای گەورە یان پێغەمبەری خوا(ﷺ) قەدەغەیان لێ کردبێت ، وەبەباشیان نەزانی بێت .

(٣٥٩) وەك نەخۆش بێت و نەزری ئەوە بکات کەوا بەپێ حەج بکات ، وەیان بەبەردەوامی لەبەر خۆری هاوین دا ڕابوەستێ وە هەرشتێکی تر کەوا لە تواناىدا نە بێت بەجێی بهێنێت .

(٣٦٠) لەبەر فەرموودەکەی (عَائشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لَانَذْرَ فِي مَعْصِيَةٍ ، وَ كَفَّارَتُهُ كَفَّارَةُ يَمِيْنٍ)) .. واتە : نەزرکردن


منتدى إقرأ الثقافي

**وە هەرکەسێك لەکاتی کافرێتیدا نەزرێکی شەرعی کردبێت پاشان کە موسوڵمان بوو ئەوە دەبێت بەجێی بێنێت** (٣٦١)

---

لەبێ گوێیی خوادا نییە وەکەففارەتەکەیشی کەففارەتی سوێندە [رواه ابوداود (٣/رقم/٣٢٩٢) و الترمذي (٣/٤٠/١٥٦٢) و النسائي (٧/٢٦) و ابن ماجة (١/٦٨٦/٢١٢٥) وهو صحيح بروانە الإرواء (٣٥٩٠) و صحيح ابن ماجة (١٧٢٨)] .

وەلەبەر فەرموودەکەی (عُمْرَانُ بنُ الحُصَيْن) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لَانَذْرَ فِي المَعْصِيَةِ ، وَلَانَذْرَ فِيمَا لاَ يَمْلِكُ إبْنُ آدَم)) .. واتە : نەزرکردن لەبێ گوێییدا نییە وە نەزر کردن لەوەدا نییە کە مرۆڤ نەیبێ [رواه مسلم (٤/رقم/١٦٤١) و ابن ماجة رقم (٢١٢٤) و هو صحيح بروانە صحيح ابن ماجة (١٧٢٧)] ..

وە فەرموودەکەی (أبُو هُرَيرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) پیاوێکی پیری بینی بەسەر شانی دوو کوڕێوە بوو ڕێی دەکرد ئەویش فەرمووی : ئەمە چییەتی ؟ هەردوو کوڕەکە ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا نەزرێکی لەسەر بووە جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إرْكَبْ أيُّهَا الشَّيْخُ فَإنَّ اللهَ غَنِيٌّ عَنْكَ وَعَنْ نَذْرِكَ)) .. واتە : سواربە ئەی پیاوی پیر، بەڕاستی خوای گەورە دەوڵەمەندە و پێویستی بەتۆ و بەنەزرەکەی تۆ نییە [رواه مسلم (٣/١٢٦٤/١٦٤٣) و البخاري (٤/رقم/١٨٦٥)] .

وە فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەلای پیاوێك دا تێپەڕ بوو ڕاوەستابوو لەبەر خۆردا جا فەرمووی : ئەمە چییە ؟ ووتیان نەزری کردووە کەوا ڕۆژوویگرێت و نەیەتە بەر سێبەر تاشەو وقسەیش نەکات وەبە بەردەوامیش ڕابوەستێ ، فەرمووی : ((لِيَتَكَلَّمْ وَلِيَسْتَظِلْ وَلِيَجْلِسْ وَلِيُتِمَّ صَوْمَهُ)) .. واتە : باقسە بکات و بابێتە بەر سێبەر و دابنیشێت وەبا ڕۆژووەکەی بەسەر ببات [رواه البخاري (١١/رقم/٦٧٠٤) وا بوداود (٣/رقم/٣٣٠٠) و ابن ماجة (١/٦٩٠/٢١٣٦) و غيرهم] ..

وە فەرموودەکەی (عُقْبَةُ بنُ عَامِر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((كَفَّارَةُ النَّذْرِ كَفَّارَةُ اليَمِيْنِ)) .. واتە : کەففارەتی نەزرکردن هەر کەففارەتیسوێندە [رواه مسلم (٣/١٢٦٥/١٦٤٥)] .

(٣٦١)لەبەر فەرموودەکەی : (إبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا (عُمَر) پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد و فەرمووی : من لەکاتی نەفامیدا نەزرم کرد کەوا شەوێك



منتدى إقرأ الثقافي

وە نەزرکردنی ماڵ لەسێیەکی بەسەرەوە جێبەجێ ناکرێت (٣٦٢) وە ئەگەر کەسێك مردو نەزری چاکەی لەسەر بوو ئەوە ڕۆڵەکانی بۆی جێ بەجێ دەکەن (٣٦٣)

---

لە مزگەوتی حەرام دا (إعتِكَاف) بکەم ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((أَوْفِ بِنَذْرِكَ)) .. واتە : نەزرەکەت بەجێ بهێنە [رواه البخاری (٤/رقم/٢٠٣٢) و مسلم (٣/١٢٧٧/١٦٥٦) و غيرهما] .

(٣٦٢) لەبەر فەرموودەکەی (كَعْبُ بنُ مَالِك) (خوای لێ ڕازی بێت) لەفەرموودەکەیدا کەلەبارەی: ﴿وَعَلَى الثَّلَاثَةِ الَّذِينَ خُلِّفُوا﴾ . (التوبة: ١١٨) لە کۆتایی فەرموودەکەی دا فەرمووی : لە پەشیمانەوە (تَوْبَة) کەم ئەوە نەزرمکرد کەوا دەست لە ماڵەکەم هەموو هەڵبگرم خێربێت بۆ خواو پێغەمبەرەکەی ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((أَمْسِكْ عَلَيْكَ بَعْضَ مَالِكَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكَ)) .. واتە : دەست بگرە بە هەندێك لەماڵەکەتەوە ئەوە بۆتۆ چاکترە [رواه البخاری (١١/رقم/٦٦٩٠) و مسلم (٤/٢١٢٠/٢٧٦٩)] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِنَّ اللهَ تَصَدَّقَ عَلَيْكُمْ عِنْدَ وَفَاتِكُمْ بِثُلُثِ أَمْوَالِكُمْ زِيَادَةً لَكُمْ فِي أَعْمَالِكُمْ)) .. واتە : بەڕاستی خوای گەورە بەخشیوێتی پێتان کەوا لەکاتی مردن تان دا ... ماڵەکەتان ببەخشن بۆ زیاتر بوونی کردەوەکانتان [رواه ابن ماجة (٢/٩٠٤/٢٧٠٩) و البيهقي في السنن الكبرى (٦/٢٦٩) و غيرهما وهو حديث حسن بروانە الإرواء (١٦٤١) و ابن ماجة (٢١٩٠)] .

وە فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ئەگەر خەڵکی بگەڕایەنەوە بۆ چواریەك باشتر ئەبوو ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((الثُّلُثُ وَ الثُّلُثُ كَثِيرٌ)) .. واتە : سێیەك وسێ یەکیش زۆرە [رواه البخاری (٥/رقم/٢٧٤٣) و مسلم (٣/١٢٥٣/١٦٢٩)] .

(٣٦٣) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : (سَعْدُ بنُ عُبَادَةَ الأَنْصَارِي) پرسیاری لە پێغەمبەری خوا کرد (ﷺ) لەبارەی نەزرێکەوە کەوا لەسەر دایکی بووە وەفاتی کردووە پێش ئەوەی جێبەجێی بکات ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لَا ، فَاقْضِهِ عَنْهَا)) .. واتە : لە جێگەی ئەو بۆی جێبەجێ بکە [رواه البخاری (١١/رقم/٦٦٩٨) و مسلم (٣/١٢٦٠/١٦٣٨)] .


منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی خواردەمەنی (ألأطعِمَة)

## ئەو خواردنانەی کە حەرامە

## (الأطعِمَةُ المُحَرَّمَةَ)

بنەڕەت (الأصل) لە هەموو خواردنێکدا حەڵاڵ بوونە ، کەواتە هیچ خواردنێك حەرام نییە مەگەر ئەوخواردنانەی خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی حەرامیان کردبێت ، وە ئەوەیشی لێ ی بێ دەنگ بوونە حەڵاڵە [٣٦٤] خوای

---

(٣٦٤) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة : ١٦٨) کە دەفەرمووێت : ﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ كُلُوا مِمَّا فِي الأَرْضِ حَلَالاً طَيِّباً﴾ واتە : ئەی خەڵکینە ئەوەی وا لەزەویدا پاك و حەڵاڵە بیخۆن) وەهەروەها لە سورەتی (الأعراف : ٣١-٣٢)دا کە دەفەرموێ : ﴿وَكُلُوا وَ اشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِيْنَ ، قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِيْنَةَ اللهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَ الطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ﴾ واتە : وە بخۆن و بخۆنەوە و ئیسراف و زیادە ڕەوی مەکەن ، چونکە خوای گەورە موسریفانی خۆش ناوێت ، بڵێ زینەتی خوا کە بۆ بەندەکانی بەدیهێناوە بەپاك و جوانی کێ حەرامی کردووە؟.

وە لە سورەتی (الأنعام : ١٤٥) دا دەفەرمووێ : ﴿قُلْ لَا أَجِدُ فِي مَا أُوْحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّماً عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ﴾ واتە : بڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەوەیدا کە بۆمن هاتووە هیچ نابینم حەرام کرا بێت لەسەر هیچ کەسێك کە بیخوات ، مەگەر ئەوەی خوای گەورە لە قورئاندا و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) لە فەرموودەدا حەرامیان کردبێت .

وە لە خۆوە حەرام کردنی شتێك درۆ و تاوانێکی زۆر گەورەیە ، خوای گەورە لە سورەتی (یونس : ٥٩-٦٠)دا دەفەرمووێ : ﴿قُلْ أَرَأَيْتُمْ مَا أَنْزَلَ اللهُ لَكُمْ مِنْ رِزْقٍ فَجَعَلْتُمْ مِنْهُ حَرَاماً وَ حَلَالاً قُلْ ءَآللهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى اللهِ تَفْتَرُونَ وَمَا ظَنُّ الَّذِيْنَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللهِ الْكَذِبَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ واتە : بڵێ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئایا چی دەبینن لەو ڕۆزیە



منتدى إقرأ الثقافي

که خوای گەورە بۆی دابەزاندن ، هەندێکیان لێ حەرام کردو هەندێکیشی حەڵاڵ ، بڵێ ئەرێ خوا ڕوخسەتی پێدان یان بەناوی خواوە درۆدەکەن ئایا ئەوانە ئەبێ لەبارەی سزادانی ڕۆژی قیامەتەوە بیر وگومانیان چۆن بێت؟ وەلە سورەتی (النحل : ١١٦-١١٧)دا که دەفەموویێت : ﴿وَلَا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَٰذَا حَلَالٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ لِتَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ ، إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ مَتَاعٌ قَلِيلٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ واتە : وە لەبەر درۆیەك کە بەزوبانتان دا دێت مەڵێن ئەمە حەڵاڵە و ئەمە حەرامە تا بەدەم خواوە درۆ بکەن ، بەڕاستی ئەوانەی بەدەم خواوە درۆ دەکەن هەرگیز سەرفراز نابن ڕابواردنێکی کەم لە دوونیادا وە سزایەکی زۆر بەئازاریان بۆ هەیە لە دوا ڕۆژدا .

وەلەبەر فەرموودەکەی : (سَعْدُ بنُ أَبِي وَقَّاص) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِنَّ أَعْظَمَ المُسْلِمِينَ فِي المُسْلِمِينَ جُرْمًا مَنْ سَأَلَ عَنْ شَيْءٍ لَمْ يُحَرَّمْ عَلَى النَّاسِ فَحُرِّمَ مِنْ أَجْلِ مَسْأَلَتِهِ)) واتە : لەهەموو موسوڵمانێك تاوان بارتر بەرامبەر بەموسوڵمانان ئەو کەسەیە کەپرسیار لەشتێك بکات کەحەرام نەکرابێت جا بەهۆی پرسیارەکەی ئەوەوە حەرام بکرێت [رواه البخاري (٦٨٥٩البغا) ,ومسلم (٢٣٥٨/١٨٣١/٤)] .

لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو دَرْدَاء) (خوای لێ ڕازی بێت) . کەواپێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَاأَحَلَّ اللهُ فِي كِتَابِهِ فَهُوَ حَلَالٌ وَمَاحَرَّمَ فَهُوَ حَرَامٌ وَمَاسَكَتَ عَنْهُ فَهُوَ عَفْوٌ فَاقْبِلُوا مِنَ اللهِ عَافِيَتَهُ ، فَإِنَّ اللهَ لَمْ يَكُنْ لِيَنْسَى شَيْئًا وَتَلَا ﴿وَمَاكَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا﴾ .)) (مريم :٦٤) واتە : ئەوەی خوا حەڵاڵی کردبێت لەکتێبەکەیدا ئەوە حەڵاڵە وە ئەوەیش حەرامی کردبێت ئەوە حەرامە وە ئەوەیشی لێ ی بێدەنگ بوبێت ئەوە لێبوردنە دەلێبوردنی خوا وەربگرن ، چونکە خوای گەورە شتی لەیاد ناچێت پاشان ئەم ئایەتەی سورەتی (مريم :٦٤) ی خوێندەوە ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا﴾ [رواه الحاكم في المستدرك ((٢/٣٧٥)) وقال صحيح الاسناد ولم يخرجاه ووافقه ذهبي وأخرجه البزار في كشف الأستار (٣/٢٢٥/٢٨٥٥) وقال سنده صالح وقال الهيثمي في المجمع (١٠/١٧١) ورواه البزار والطبراني في الكبير وإسناده حسن ورجاله موثوقون وحسنه الألباني في غاية المرام رقم (٢)] .



منتدى إقرأ الثقافي

گەورە لە قورئان دا ئەوەی حەرامی کردوە بەجوانی ڕوونی کردووەتەوە لە سورەتی (المائدة :٣ ، ٩٦) (٣٦٥) و (الأنعام :١٤٥،١٢١) (٣٦٦) و

---

(٣٦٥) خوای گەورە لە سورەتی (المائدة :٣) دا دەفەرموێ : ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيْرِ اللهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلَّا مَاذَكَّيْتُمْ وَمَاذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَنْ تَسْتَقْسِمُوا بِالأَزْلَامِ ذَلِكُمْ فِسْقٌ﴾ واتە : حەرام کراوە لەسەرتان مردارەوەبوو و خوێن و گۆشتی بەراز وە ئەوەی بەناوی کەسێکی‌تر جگەلە خوا سەردەبڕدرێت وە ئاژەڵی خنکاو وە ئەوەی بەلێدان مردوبێت وە ئەوەی لەبەرزاییەوە کەوتبێتە خوارەوە و مردبێ ، وە ئەوەی کە ئاژەڵێکی‌تر شاخی لێ دابێت و مردبێت وە ئەوەی دڕندە لێ ی خواردبێت (بەرماوەی دڕندە) مەگەر ئەوەی پێش مردنی سەرتان بڕی بێت ، وە ئەو ئاژەڵەی کە لەسەر بت -غەیری خوا- کە خەڵکی دەیپەرستن سەربڕابێت وە ئەوانەی بەدارتیر بەش کرابن ئەمانە هەمووی لادانە لەڕێگای خواو لەسنووری خوا دەرچوونە . وە لەهەمان سورەتدا لە ئایەتی (٩٦) دا دەفەرموێ : ﴿أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ الْبَحْرِ وَطَعَامُهُ مَتَاعاً لَكُمْ وَلِلسَّيَّارَةِ وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ الْبَرِّ مَادُمْتُمْ حُرُماً وَاتَّقُوا اللهَ الَّذِي إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴾ واتە : حەڵاڵ کراوە بۆ ئێوە نێچیری دەریا و خواردنی تاوەکو ئێوە و موسافیران کەڵکی لێ وەربگرن ، بەڵام تا لە ئیحرام دان نێچیری وشکانیتان لەسەر حەرامە ...

(٣٦٦) خوای گەورە لە سورەتی (الأنعام : ١٢١) دا دەفەرموێ : ﴿وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ﴾ واتە : وە لەوەمەخۆن کە ناوی خوای لەسەر نەبراوە چونکە گوناح و تاوانە .

وەهەر لەهەمان سورەت دا لە ئایەتی (١٤٥) دا دەفەرموێ : ﴿قُلْ لَا أَجِدُ فِيمَا أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّماً عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلاَّ أَنْ يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَماً مَسْفُوحاً أَوْ لَحْمَ خِنْزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ أَوْ فِسْقاً أُهِلَّ لِغَيْرِ اللهِ بِهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَاعَادٍ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ واتە : ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ لەوەی وا بۆمن هاتوە هیچ نابینم حەرام بێت ، بۆ کەسێك خۆراکێك بخوات مەگەر ئەوەی مردارەوەبێت یا خوێن بێت کە لەلاشەی ئاژەڵەکەوە بڕژێتە دەرەوە یاگۆشتی بەراز ، چونکە بەڕاستی ئەوە پیسە یان لەڕێگای



منتدى إقرأ الثقافي

(الاعراف:١٥٧)(٣٦٧) وەلە فەرموودەی ڕاست (صَحِيْح)ی پێغەمبەریشدا هاتووە : هەرپارچەیەك لە ئاژەڵی زیندو بپڕدرێت بە مردو دەژمێررێت (٣٦٨) وە مردووی ماسی و کوللە لە مرداڕۆبوو جیا دەکرێتەوە وەجگەرو سپڵیش لە خوێن (٣٦٩)

---

خراپە و گوناهدا ، کاتی سەربڕینی ئاژەڵەکەدا ناوی کەسێکیتر جگەلە خوای گەورەی لەسەر برابێت ، جا ئەگەر یەکێ ناچاربێت (وبرسێتی زۆری پێ بێنێ) بەبێ زوڵم و لەسنوور دەرچوون ئەوە تاوانی لەسەر نییە ئەگەر لەو حەرامانەیش بخوات بەڕاستی خوای پەروەردگارت لێبوردەو بەبەزەییە .

(٣٦٧) خوای گەورە لە سورەتی (الأعراف :١٥٧) دا دەفەرموێ : ﴿وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الخَبَائِثَ﴾ واتە : خوای گەورە لە وەسفی پێغەمبەردا (ﷺ) دەفەرموێ : وەشتی پاکیان بۆ حەڵاڵ دەکات وەشتی پیسیان لەسەر حەرام دەکات . کەوابوو هەموو پاکێك حەڵاڵە و هەموو پیسێك حەرامە . بەڵام بۆ زانینی چی پاکە و چی پیسە ئەوە تەماشای (پ٢٧٨) بکە کە لەمەو پاش دێت .

(٣٦٨) لەبەر فەرموودەکەی (أبُو وَاقِد اللَّيْثِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَاقُطِعَ مِنَ البَهِيمَةِ وَهِيَ حَيَّةٌ فَهِيَ مَيْتَةٌ)) واتە : هەر پارچەیەك لە ئاژەڵێ بپڕدرێت بەزیندویی ئەوە مردارەوەبووە [رواه ابوداود (٣/رقم/٢٨٥٨) وابن ماجة (٢/١٠٧٢/٣٢١٦) وهو حديث صحيح بروانە صحيح ابن ماجة (٢٦٠٦) وصحيح أبى داود(٢٥٤٦)] .

(٣٦٩) لەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((أُحِلَّ لَنَا مَيْتَتَانِ وَدَمَانِ . أَمَّا المَيْتَتَانِ فَالحُوتُ وَالجَرَادُ أَمَّا الدَّمَانِ فَالكَبِدُ وَالطِّحَالُ)) واتە : دوو مردارەوە بوو و دوو خوێنمان بۆ حەڵاڵ کراوە : دوو مردارەوەبوەکە ماسی و کوللەیە ودوو خوێنەکەیش جەرگ (جگەر) و سپڵە [رواه احمد (٢/٩٧) وابن ماجة (٢/١١٠٢/٣٣١٤) والحاكم والبيهقي (٩/٢٥٧) وهو حديث صحيح بروانە السلسلة الصحيحة (١١١٨) وصحيح ابن ماجة (٢٦٧٩)] .

منتدى إقرأ الثقافي

**وەهەر بە فەرموودەیش حەرام کراوە : گۆشتی گوێ درێژی ماڵی (٣٧٠) وە هەموو دڕندەیەکی کەڵپ دار (٣٧١) وە هەموو باڵندەیەکی چنجڕوك(چنڕوك)**

---

(٣٧٠) لەبەر فەرموودەکەی (أَنَسُ بنُ مَالِك) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا پیاوێك هات بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ)— لە ڕۆژی (خَيْبَر) دا وەك لە فەرموودەی تردا هاتووە — ووتی : گوێ درێژەکان خوریان ، پاشان پیاوێك هات بۆلای و ووتی :گوێ درێژەکان خوریان ، پاشان یەکێك هات بۆلای و ووتی : گوێ درێژەکان خوریان ، پاشان کەسێك هات بۆلای و ووتی : گوێ درێژەکان تەواو کران ، جا پێغەمبەری خوا فەرمانی کرد کەوا بانگ دەرێك بانگ بدات لەنێو خەڵك دا ((إِنَّ اللهَ وَرَسُولَهُ يَنْهَاكُمْ عَنْ لُحُومِ الحُمُرِ الأَهْلِيَّةِ فَإِنَّهَا رِجْسٌ ، فَأُكْفِئَتِ القُدُوْرُ وَأَنَّهَا لَتَفُورُ بِاللَّحْمِ)) واتە : بەڕاستی خواو پێغەمبەرەکەی قەدەغەتان لیٚ دەکەن لە گۆشتی گوێ درێژی ماڵی چونکە بەڕاستی پیسە،جا قازانەکان لە سەر ئاگر داگیران ، هەموو پڕ لە گۆشت بوو .

(٣٧١) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە لە هەموو دڕندەیەکی کەڵپ دار وە لەهەموو باڵندەیەکی چڕنوك دار [رواه مسلم (٣/٥٣٤/١٩٣٤) وابوداود (١٠/٢٧٧/٣٧٨٥) والنسائي (٧/٢٠٦) بزيادە (نَهَى يَومَ خَيْبَر)] .

## تێبینی :

دڕندەی کەڵپ دار وەك گورگ و شێر و پڵنگ و سەگ ... بەڵام ئیمامی (الشَّافِعِي) دەفەرموێ : ڕێوی و کەمتیار حەڵاڵە چونکە دڕندە نییە ، و (أَبُو حَنِيْفَة) دەفەرموێ : حەرامە وەك ئەوانیتر ، چونکە کەڵپی هەیە و دڕندەیشە ، بەڵام ئەوەی ڕاست بێت کەمتیار حەڵاڵە هەندێك لە زانایان ووتویانە هەموو ددانەکانی (دگانەکانی) یەك ئێسقانە وەکو لاناڵی ئەسپ . ئەمە ووتەی (إِبْنُ أَرْسَلَان) ە لە (شَرْحُ السُّنَن) دا .

بەڵام ئێمە دەڵێین: با کەڵپەیشی هەبێت ، ئەوە ئێمە فەرموودەی ترمان هەیە کەوا کەمتیار دەردەکات و جیای دەکاتەوە لە (عُمُوم)ی ئەو قەدەغە کردنە کەلە دڕندەی کەڵپ دار کراوە ، ئەویش فەرموودەکەی (جَابِر)ە (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا پرسیاری لیٚ کرا ((ئایە کەمتیار نێچیرە؟ فەرمووی : بەڵێ جا پرسیارکەرەکە ووتی : بیخۆم؟ فەرمووی


منتدى إقرأ الثقافي

## (چرۆك)دار كەوا ڕاوی پێ بكات (٣٧٢) وە ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی بە كوشتنی كردووە (٣٧٣)

: بەڵێ ،جا پـێی ووت : ئایە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) وای فـەرمووە؟ فـەرمووی : بـەڵێ [اخرجه ابوداود (٣/رقم/٢٨٠١) وابن ماجة (٢/١٠٧٨/ ٣٢٣٦) والترمذی (٤/رقم/١٧٩١) والنسائی (٧/٢٠٠/٤٣٢٣) وصححه البخاری والبیهقی وابن خزیمة وابن حبان بروانه (تلخیص الحَبیر لابن حجر (٤/١٥٢/١٩٩٨) وهو صحیح بروانه الإرواء (١٠٥٠) وصحیح ابن ماجة (٢٦٢٠)] .

(٣٧٢) لەبەر فەرموودەكەی (إبْنُ عَبَّاس)ی پێشوو (پ٣٧١) (عَلِي) دەفـەرمووێ : لای عەرەب هیچ باڵندەیەك بە چرۆك دار ناژمێردرێت مەگەر ئەوەی تەنـها بـە چرۆك ڕاو بكات (نێچیر بگرێت) بڕوانە[ المُحلَّى لابنِ حَزْمِ الأندَلسي (٨/المسألة ٩٩٥)] جا (إبْنُ حَـزْم) دەفەرمێ : بەڵام كەڵەشێرو چۆلەكە و (الـزُرْزُور) و كۆتـرو ئـەوەی بـەچنچرۆك ڕاو ناكـات ، ئەوە بە چرۆك دار ناونابرێت لە زمان دا .

(٣٧٣) ئەوەی پێغەمبەری خـوا (ﷺ) فـەرمانی بـە كوشتنی كـردووە چـەند شتێكە (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێـت) دەفـەرموێ : پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی : ((خَمْسُ فَوَاسِقٍ يُقْتَلْنَ فِي الحَـرَمِ : الفَـأرَةُ وَالعَقْـرَبُ وَالحُدَيَّـا وَالغُـرَابُ وَالكَلْـبَ العَقُـور)) واتە : پێنج (فَاسِق) هەن دەكوژرێن هەتا لە حەرەمیش دا : مشك و دوو پشك (كـوڵاژدم) و كـولارە (كۆلـلارە) و قەلـەڕەش و سـەگی گــەزندە [رواه البخـاری (٦/رقـم/٣٣١٤) ومسـلم (٢/٨٥٦/١١٩٨) و غیرهما بألفاظ مختلفة ففي رواية مسلم زيادة (فِي الحِلِّ وَالحَرَم)] .

وە ماری لە جێگەی دووپشـك دانـاوە وە لـەجیاتی (الغُرَاب) دەفـەرمێ : ((الغُرَابُ الأَبْقَعُ)) واتە : قەلەبازەڵە (قەلەباچكە)،وە فەرموودەكەی تری (عَائِشَـة) كـەوا پێغەمبـەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((الحَيَّةُ فَاسِقٌ وَالعَقرَبُ فَاسِقَةٌ وَالفَارَةُ فَاسِقٌ وَالغُرَابُ فَاسِقٌ)) واتە : مار (فَاسِق)ە و دووپشك (فَاسِق)ە ومشـك (فَاسِق)ەو قەلەڕەشیش (فَاسِق)ە [رواه ابن ماجة (رقم/٣٢٤٩) وهو صحيح بروانه الصحيحه (٨٨٢٥) وصحيح ابن ماجة (٢٦٢٩)] .

وە كاتێك پێغەمبەریخوا (صلى الله عليه وسلم) دەڵێ(فاسق):مەبەستی ئەوەیە لـە حوكمی (غَیر)ی خۆی دەرچووە . بەوەی ئـازاری هەیـە و خراپـەی زۆرە و هیـچ سـوودی نییـە وە كارەكانی لەكاری كەسێكی خراپەكارو (فَاسِق) دەچێت .


منتدى إقرأ الثقافي

## وەئەوەیشی کە قەدەغەی لەکوشتنی کردووە (٣٧٤)

وە سەگی درندە:مەبەست هەموو دڕندەیەکە وەك گورگ و شێر و ... هتد وەك ئیمامی (النَّوَوِي) وئیمامی(قَسْطَلانِي) لە شەرحیان دا بۆ (صَحِيْح مُسْلِم)وا دەفەرموون وە مەبەست لە (الغُرَاب) یش دا هەموو ئەو جۆرە قەلەڕەشکانە دەگرێتەوە وەکو قەلەبازەڵە زیانی هەیە جگەلە ئەو (الغُرَاب) بچوکە نەبێت کە تۆم دەخوات و پێ ی دەوترێت (غُرَابُ الزَّرْع) کە زانایان (مُتَّفِق)ن کە ئەوە لەوانیتر جیادەکرێتەوە وە فتوای خواردنیان داوەبڕوانە [فتح الباری شرح حديث رقم (١٨٢٩)] .

وەهەروەهافەرمودەکەی(سَعِيْدبْنُ مُسَيَّب) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کەوا فەمووی (أمّ شُرِيك )(خوای لێ ڕازی بێت )هەواڵی پێ داوەکەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کردوە بەکوشتنی سەرەمازولە (الوَزَغْ) [رواه البخاری (٦/رقم/٣٣٠٧) ومسلم (رقم/٢٢٣٨) وغيرهما] .

وەلە هەندێ ڕیوایەت دا لە هۆی کوشتینیشیدا فەرموویەتی ((چونکە فوی بە ئاگرەکەی ئیبراهیم پێغەمبەردا دەکرد (ﷺ) بۆ ئەوەی باشتر گڕ بگرێت)) [وەلە ڕیوایەتی بوخاریدا (٦/رقم/٣٣٠٦) ] . ئەمیشی هەر بە (فَاسِق) ناو بردووە .

(٣٧٤) ئەوەیشی پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی لە کوشتنی کردووە چەند شتێکە (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) فەرموی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە لە کوشتنی چوارشت: مێرولەو هەنگ و پەپوولە سولەیمانی و (صُرَد)))[رواه ابوداود (٤/رقم/٥٢٦٧) وابن ماجة (٢/١٠٧٤/٣٢٢٤) وغيرهما وهو صحيح بروانه الارواء (٢٤٩٠) وصحيح ابن ماجة (٢٦٠٩)] .

وە (أبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمێ :(پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردوە لە کوشتنی (الصُرَد) و بۆق و مێرولە و پەپوولە سولەیمانی)[رواه ابن ماجة (٢/١٠٧٤/٣٢٢٣) وهو صحيح بروانه صحيح ابن ماجة (٢٦٠٨)] .

وە (الصُرَد):باڵندەیەکی سەر زلە لە پاساری (چۆلەکە) گەورەترە ژێر سکی سپیەو پشتیشی سەوزە ڕاوی باڵندە بچووکەکان دەکات . وە هەروەها فەرموودەکەی (عَبْدُالرَّحْمَنِ بن عُثْمَان) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا(پزیشکێك پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد لەبارەی بۆقەوە کەوا دەیکاتە دەرمان ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کرد لە کوشتنی)[رواه ابوداود (٤/رقم/٥٢٦٩) والنسائی رقم (٤٣٦٦) وهو صحيح بروانه صحيح سنن النسائی (٤٠٦٢)] .

منتدى إقرأ الثقافي

خواردنی حەرامە (٣٧٥) وە هەروەها ئەوەیشی کەقەدەغەی لەنرخەکەی کردووە (٣٧٦) وەئەوەیشی کەوا پاشەڕۆو پیسی دەخوات پێش پاککردنەوەی (٣٧٧)

(٣٧٥) (إبنُ حَزْم) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێ : هەرشتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی بە کوشتنی کردبێت ئەوە سەربڕینی نییە ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە لە فەوتاندنی ماڵ ، وە حەلاڵ نییە کوشتنی شتێك بخورێت بڕوانە [المحلى بالآثار (٨/المسألة/٩٩٥)] .
و (إبْنُ عُمَر) دەفەرموێ : کێ هەیە (غُراب) بخوات؟ و پێغەمبەریش (ﷺ) بە فاسقی ناویردووە ، (والله)ی ئەوە لە (طَيِّبات) نییە [رواه ابن ماجة (٣٢٤٨)وهو صحيح بروانه صحيح ابن ماجة رقم (٢٦٢٨)] .
وە هەروەها ئەوەیشی کوشتنی حەرام بێت بێگومان سەربڕینیشی حەرامە ، وە هەرشتێك سەربڕینی حەرام بێت خواردنیشی حەرامە .
ئیمامی (الخَطَّابِي) دەفەرموێ :(پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە لەسەربڕینی هەر ئاژەڵێك مەگەر بۆ خواردن). بڕوانە [معالم السنن شرح حديث (رقم/٥٢٦٩) حديث الضفدع] .
(٣٧٦) وەك سەگ و پشیلە بڕوانە (پ ١٩٧،١٩٨) وەئەوەی قەدەغەی لەنرخەکەی کرابێت خواردنی حەرامە لەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) بڕوانە (پ٢٠٠) .
(٣٧٧) لەبەرفەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردوە لەگۆشتی (الجَلاَّلَة) وەشیرەکەیشی)) [رواه ابو داود (٣/رقم ٣٧٨٥) والترمذي (٣/١٧٥/١٨٨٤) وابن ماجه (٢/١٠٦٤/٣١٨٩) وهو حديث صحيح بروانه الإرواء (٢٥٠٣ ، ٢٥٠٤) وصحيح ابن ماجه (٢٥٨٢)] .
وەلەبەر فەرموودەکەی تری (إبْنُ عُمَر) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردوە لە (الجَلاَّلَة) لەوشتردا : کەوا سواربێت لەسەری یان لەشیرەکەی بخواتەوە)) [رواه ابو داود (٢/رقم ٢٧٨٧) وهو صحيح بروانه صحيح أبي داود (٣٢١٧)] .
(الجَلاَّلَة) لە (جَلَّه) وە وەرگیراوە واتە : پاشەڕۆ ، (الجَلاَّلَة): ئەو ئاژەڵەیە : کەپاشەڕۆ دەخوات و شوێنەواری پێوە دیارە وەك بۆنی دێت ،جا دەبێت چەند ڕۆژێك گیر بدرێت تاپاك دەبێتەوە ، ئەو کاتە دروستە سەرببڕێت و شیرەکەی بخورێت (إبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) مریشکی (جَلاَّلَه)ی گیر دەدا تاسێ ڕۆژ پاشان دەیخوارد [رواه ابن أبي شيبة (٨/١٤٧/٤٦٦٠) وهو صحيح بروانه الارواء (٢٥٠٤) ] .


منتدى إقرأ الثقافي

## وەجگە لەمانە هەموو شتێکی تر حەڵاڵە (٣٧٨) لەکاتی ناچاری و زۆر پێ هێنان ئەوانەی حەرامە دروستە تا لەو حاڵەتە ڕزگاری دەبێت (٣٧٩)

---

(٣٧٨) ئیمامی (الشَّافِعِي) دەفەرموێ : ئەوەی کەدەق (نَص) ی لەسەر نییە کەحەرامە یان حەڵاڵە وەفەرمان بەکوشتنی نەکراوە وەقەدەغەیش لەکوشتنی نەکراوە ، ئەوە تێیدا دەگەڕێنەوە بۆلای عەرەب ، لەخەڵکی شارو دێهاتەکان نەك دەشتەکان ، جا ئەوەی ئەوان بەپاکیان زانی بێت وەناوی ئاژەڵی حەڵاڵیان لێ نابێت ئەوە حەڵاڵە وەئەگەر بەپیسیان زانی بێت یاناوی ئاژەڵی حەرامیان لێ نابێت ئەوە حەرامە ... هتد بڕوانە [الروضة الندية (٢/٣٩٣) بتعليق محمد صبحي حلاق ] .

وەمەبەستی ئیمامی (الشَّافِعِي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەگێڕانەوە بۆلای عەرەب ئەوەیە چونکە ئەم قورئانە لەنێو جەرگەی ئەوان دا دابەزیوە وەئەوان لەهەموو کەسێك زیاتر شارەزاترن لەبەکارهێنانی (لَفظ)ە کانی دا . وەلەهەموو کەسێکی تر باشتر لە واتاکانی تێ دەگەن .

### تێبینی:

## هەندێك لەو شتانەی کەخواردنیان حەڵاڵە بەڵام خەڵکێکی زۆر لەخواردنیان خۆی دەپارێزێ :

(١) کەروێشك (الأَرْنَب) : لەبەر فەرموودەکەی (أَنَسُ بنُ مَالك) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((لە (مَرِّ الظَّهْرَان) کەوتینە شوێنی کەروێشکێك بۆ ئەوەی ڕاوی بکەین وەخەڵکەکە کۆششیان بۆ کرد ، جا هەموویان هیلاك (شەکەت) بوون، جامن پێی گەیشتم و بردم هێنام بۆ (أَبُو طَلْحَة) ئەویش سەری بڕی و هەردوو ڕانەکەی بۆ پێغەمبەری خوا نارد جا پێغەمبەریش وەری گرت)) [رواه البخاری (٥/رقم ٢٥٧٢) ومسلم (رقم ١٩٥٣) وابو داود (٣/رقم ٣٧٩١) وبقية أصحاب السنن بألفاظ مختلفة] .

(٢) ئەسپ و ماین (الخَيْل) لەبەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدالله) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەڕۆژی (خَيْبَر) دا قەدەغەی لێ کردین لەگۆشتی گوێ درێژ - ماڵی - وەڕوخسەتی پێ داین لە گۆشتی ئەسپ)) [رواه البخاری (٨/رقم/٤٢١٩) ومسلم (٣/رقم/١٩٤١) وابو داود (٣/رقم٣٧٨٨) وغيرهم] .

(٣٧٩) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (المائدة :٣) دا پاش باسکردنی ئەوانەی حەرامی کردوە دەفەرموێ : ﴿فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ



منتدى إقرأ الثقافي

**ڕاو کردنی ئاو ووشکانی لەهەموو حاڵەتێك دا دروستە (٣٨٠) تەنها لەکاتی ئیحرام دانەبێ ئەوە ڕاوی ووشکانی دروست نییە (٣٨١) وەدروستە ئەو ڕاو**

---

لإثم فَإنَّ اللهَ غَفُورٌ رَحِيْمٌ﴾ واتە : جا هەرکەسێ کە برسێتی زۆری پێ بێنێ و ناچاری بکات بێ ئەوەی مەیلی تاوانکردنی هەبێ ئەوە هیچ تاوانێکی لەسەر نییە ئەگەر لەو گۆشتانە بخوات ، بەڕاستی خوای گەورە لێبوردەو بەبەزەییە . (إبْنُ عُمَر) دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی ((إنَّ اللهَ يُحِبُّ اَنْ يُؤْتَيَّ رُخَصَهُ كَمَا يَكْرَهُ اَنْ تُؤْتَىٰ مَعْصِيَتَه)) واتە : بەڕاستی خوای گەورە پێی خۆشە بەندەکانی ڕوخسەتەکانی وەربگرن هەروەك چۆن پێی ناخۆشە بێ گوێیی بکەن . [رواه أحمد (١٠٨/٢) وغيره وهو صحيح بروانه الارواء وصحيح الجامع (١٨٨٦)] .

بۆیە زانایانی شەریعەت دەفەرموون : جاری واهەیە وەرگرتنی ئەوڕوخسەتانە پێویست (وَاجِب) دەبێت ئەگەر ئەو کەسە ترسی مردنی هەبوو وەشتێکی تر نەبوو بیخوات جگە لەوە ...

(٣٨٠) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (المائدة :٤) کەدەفەرموێ : ﴿يَسْئَلُونَكَ مَاذَا أُحِلَّ لَهُمْ قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ وَمَا عَلَّمْتُمْ مِنَ الجَوَارِحِ مُكَلِّبِيْنَ تُعَلِّمُوْنَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ اللهُ فَكُلُوا مِمَّا أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللهِ عَلَيْهِ﴾ واتە : پرسیارت لێ دەکەن ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چی بۆ ئەوان حەڵاڵ کراوە ، بڵێ هەموو شتێکی پاك و خاوێن بۆ ئێوە حەڵاڵ کراوە ، هەروەها خواردنی نێچیری سەگ و تانجی لەوانەی فێرتان کردون ، ئەوەیان فێردەکەن کە خوا فێری کردوون ، جا لەوە بخۆن کە بۆ تانی ڕاو دەکەن وەناوی خوای لەسەر بێنن - لەو کاتەدا کەبەری دەدەن بۆ گیانی نێچیرەکەی - .

(٣٨١) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە بسورەتی(المائدة :٩٦) دا کەدەفەرموێ ﴿أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ البَحْرِ وَطَعَامُهُ مَتَاعاً لَكُمْ وَلِلسَّيَّارَةِ وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ البَرِّ مَادُمْتُمْ حُرُمَاً﴾ واتە :نێچیری دەریاو خۆراکی بۆ ئێوە حەڵاڵە تاوەکو کەڵك و لەززەتی لێ وەربگرن بۆ ئێوە وەموسافیرانی تریش ، وەحەرام کراوە لەسەرتان نێچیری ووشکانی تا ئەو کاتەی لەئیحرام دابن . وە لەسورەتی (المائدة :٢) دا دەفەرموێ : ﴿وَإذَا حَلَلْتُمْ فَاصْطَادُوا﴾ واتە : وەهەرکاتێك لەئیحرام دەرچوون ئەوە حەڵاڵە بۆ تان ڕاو بکەن .



منتدى إقرأ الثقافي

کردنە بەهەر چەکێك زام کەر (چەقۆو شمشێر و تیرو ڕم و چەکی تازە) [٣٨٢] وەبە ئاژەڵی گزندە و تانجی و سەگی فێرکراو و باڵندەی ڕاو [٣٨٣] هەرکاتێك ڕاو بەچەك کرا مەرجە ناوی خوای لەسەر ببات و بەتێژایەکەی بیکوژێت ئەگینا دروست نی‌یە مەگەر بگاتە سەر بڕینی‌دا [٣٨٤] وەئەگەر بەئاژەڵ ڕاوی کرد مەرجە ناوی خوای لەسەر ببات و ئاژەڵەکەیش فێر کراو بێت و

---

(٣٨٢) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لەسورەتی (المائدة : ٩٤) دا کەدەفەرموێ : ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَيَبْلُوَنَّكُمُ اللهُ بِشَيْءٍ مِنَ الصَّيْدِ تَنَالُهُ أَيْدِيكُمْ وَرِمَاحُكُمْ﴾ واتە : ئەی ئەوانەی کەباوەڕتان هێناوە خوای گەورە ئێوە تاقی دەکاتەوە بەهەندێك لەو نێچیرانەی کەبەدەست و ڕمەکانتان دەیانگرن ... وەلەبەر ئەو فەرموودانەی کە باسی دەکەین بڕوانە (پ٣٨٥) .

(٣٨٣) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لەسورەتی (المائدة : ٤) دا کەدەفەرمووێ : ﴿وَمَا عَلَّمْتُمْ مِنَ الْجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ اللهُ فَكُلُوا مِمَّا أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ ...﴾ . بڕوانە (پ ٣٨٠) وەلەبەر ئەو فەرموودانەی کەباسی دەکەین بڕوانە (٣٨٥) .

(٣٨٤) لەبەر فەرموودەکەی (عَدِيُّ بنُ حَاتِمٍ الطَّائِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پرسیارم لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد لەبارەی ڕاو کردن بە تیری بێ پەر (المِعْرَاض) ئەویش فەرمووی : ((إِذَا أَصَبْتَ بِحَدِّهِ فَكُلْ فَإِذَا أَصَابَ بِعُرْضِهِ فَقَتَلَ فَإِنَّهُ وَقِيذٌ ، فَلاَ تَأْكُلْ)) واتە : ئەگەر بەتیژایەکەی لێیت دا ئەوە لێی بخۆ وەئەگەر بەپانیەکەی لێی دا و کوشتی ئەوە لێی مەخۆ چونکە ئەوە بەلێ دان مردوە - (مَوْقُوذَة) یە کە لەئایەتی (المائدة :٣) باسمان کرد بڕوانە (پ ٣٦٥) - [رواه البخاری (٩/رقم ٥٤٧٦) ومسلم (٣/١٥٢٩/١٩٢٩) وغيرهما] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو ثَعْلَبَةَ الخُشَنِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەتێیدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((وَمَا صِدْتَ بِقَوْسِكَ فَذَكَرْتَ اسْمَ اللهِ فَكُلْ)) واتە : وەئەوەی بەکەوانەکەت ڕاوی دەکەیت و ناوی خوات لەسەرهێنابێت ئەوە بیخۆ [رواه البخاری (٩/رقم ٥٤٧٨) ومسلم (٣/١٥٣٢/١٩٣٠) وغيرهما] .



منتدى إقرأ الثقافي

**لەنێچیرەکەی نەخوات و ئاژەڵێکی تری لەگەڵ دا نەبێت ئەگینا دەبێت بگاتە سەربڕینی دا [٣٨٥] وەئەگەر ئەو نێچیرەی کە لێی داوە پاش چەند ڕۆژێك**

---

(٣٨٥) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە (المائدة :٤) بڕوانە (پ٣٨٠) وەفەرموودەکەی (عَدِيِّ بنُ حَاتِم) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ... جا ووتم : سەگەکەم دەنێرم بۆ ڕاو . فەرمووی : ((إِذَا أَرْسَلْتَ كَلْبَكَ وَسَمَّيْتَ فَكُلْ)) واتە : ئەگەر سەگەکەت ناردو ناوی خوات لەسەر برد ئەوە بیخۆ ، ووتم:جا ئەگەر سەگەکە لێی خوارد ؟ فەرمووی : ((فَلا تَأْكُلْ ، فَإِنَّهُ لَمْ يُمْسِكْ عَلَيْكَ ، إِنَّمَا أَمْسَكَ عَلَىٰ نَفْسِهِ)) واتە : ئەوە لێی مەخۆ چونکە بۆتۆ نەیگرتووە بەڵکو بۆ خۆی گرتوویەتی ووتم : سەگەکەم دەنێرم جا سەگێکی تری لەگەڵ دا دەبینم ؟ فەرمووی : ((لاتَأْكُلْ ، فَإِنَّكَ إِنَّمَا سَمَّيْتَ عَلَىٰ كَلْبِكَ وَلَمْ تُسَمِّ عَلَىٰ الآخَرِ)) واتە : لێی مەخۆ ، چونکە تۆ ناوی خوات لەسەر سەگەکەی خۆت هێناوە و ناوی خوات لەسەر ئەوەی تر نەهێناوە [رواه البخاري (٩/رقم٥٤٧٦) ومسلم (١٥٢٩/٣/١٩٢٩) وغيرهما] .

وەلەبەر فەرموودەکەی (أَبُو ثَعْلَبَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە لەزەوی خەڵکانێك داین (أَهْلُ الكِتَاب)ن ئایە لەقاپەکانیان دا خواردن بخۆین ؟ وەلە زەوییەکی نێچیریی داین بە کەوانەکەم و بەسەگە فێر نەکراو و سەگە فێرکراوەکەیشم ڕاو دەکەم ، ئایە چیم بۆ دروستە ؟ فەرمووی ((أَمَّا مَا ذَكَرْتَ مِنْ أَهْلِ الكِتَابِ فَإِنْ وَجَدْتُمْ غَيْرَهَا فَلا تَأْكُلُوا فِيهَا وَإِنْ لَمْ تَجِدُوا فَاغْسِلُوهَا وَكُلُوا فِيهَا وَمَا صِدْتَ بِقَوْسِكَ فَذَكَرْتَ اسْمَ اللهِ ، فَكُلْ وَمَاصِدْتَ بِكَلْبِكَ المُعَلَّمِ فَذَكَرْتَ اسْمَ اللهِ فَكُلْ وَمَا صِدْتَ بِكَلْبِكَ الغَيْرِ مُعَلَّمٍ فَأَدْرَكْتَ ذَكَاتَهُ فَكُلْ)) واتە : سەبارەت بەوەیان کەباست کرد لە (أَهْلُ الكِتَاب) ، ئەگەر قاپی‌تر هەبوو ئەوەتێیدا مەخۆن وەئەگەر نەتانبوو ئەوە بیشۆن و تێیدا بخۆن . وە ئەوەی بەکەوانەکەت ڕاوی دەکەی و ناوی خوات لەسەر هێنابوو ئەوە بیخۆ ، وەئەوەی بەسەگە فێرکراوەکەت ڕاوی دەکەیت و ناوی خوات لە سەرهێنا بوو ئەوە بیخۆ ، وەئەوەی بەسەگە فێر نەکراوەکەت ڕاوی دەکەیت ئەگەر گەیشتی بەسەر بڕینی دا ئەوە لێی بخۆ [رواه البخاري (٩/رقم ٥٤٨٧) ومسلم (١٥٣٢/٣/١٩٣٠) وغيرهما] .



منتدى إقرأ الثقافي

بەکوژراوی بیبینێتەوە ئەوە دروستە بیخوات ئەگەر تەنها زامی لێدانەکەی خۆی پێوە بینی و نەیشگەنی بوو [٣٨٦] و نەکەوتبوە ئاویشەوە . [٣٨٧]

## سەربڕینی شەرعی ( الذَّبْحُ الشَّرْعِي )

سەربڕینی هەریەکێ لە موسڵمانان یان لە خاوەن کتێبەکان (جولەکەو گاور) حەڵاڵە ، پیاوبێت یان ئافرەت [٣٨٨] ئەگەر ناوی خوای گەورەی لەسەر

---

(٣٨٦) لەبەر فەرموودەکەی (عَدِيُّ بنُ حَاتِم) کەوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) پـێی فەرموو : ((وإِنْ رَمَيْتَ الصَّيْدَ فَوَجَدْتَهُ بَعْدَ يَوْمٍ أَوْ يَوْمَيْنِ لَيْسَ بِهِ إِلاَّ أَثَرُ سَهْمِكَ فَكُلْ)) واتە : وەئەگەر تیرت لە نێچیرەکە وەشاند جا پاش ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ بینیتەوە — بە کوژراوی — هیچ شوێنەوارێکی تری پێوە نەبوو جگە لە تیرەکەی خۆت ئەوە بیخۆ [رواه البخاري (٩/رقم/٥٤٨٤)] .

وە فەرموودەکەی : (أَبُو ثَعْلَبَة) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِذَا رَمَيْتَ بِسَهْمِكَ فَغَابَ عَنْكَ فَأَدْرَكْتَهُ ، فَكُلْهُ مَالَمْ يَنْتِنْ)) واتە : ئەگەر تیرەکەت وەشاند جا نێچیرەکەت لێ وون بوو ، پاشان پێگەیشتیتەوە ، ئەوە بیخۆ ئەگەر نەگەنی بوو [رواه مسلم (٣/١٥٢٢/١٩٣١)] .

(٣٨٧) لەبەر فەرموودەکەی (عَدِيُّ بنُ حَاتِم) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِذَا رَمَيْتَ سَهْمَكَ فَاذْكُرِ اسْمَ اللهِ ، فَإِنْ وَجَدْتَهُ قَدْ قُتِلَ فَكُلْ إِلاَّ أَنْ تَجِدَهُ قَدْ وَقَعَ فِي المَاءِ ، فَإِنَّكَ لاتَدْرِي ، المَاءُ قَتَلَهُ أَوْ سَهْمُكَ)) واتە : ئەگەر تیرەکەت وەشاند ئەوە ناوی خوای لەسەربێنە ، جا ئەگەر نێچیرەکەت بینیەوە کوژرا بوو ئەوە بیخۆ مەگەر بیبینیتەوە کەوتبێتە ئاوەوە ، چونکە تۆ نازانیت ئاوەکە کوشتویەتی یان تیرەکەی خۆت [رواه مسلم (٣/١٥٣١/١٩٢٩)] .

(٣٨٨) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (المائدة :٥) دا کە دەفەرموێ : ﴿وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُوا الكِتَابَ حِلٌّ لَكُمْ﴾ واتە: وە خواردنی ئەوانەی کتێبیان پێ دراوە

منتدى إقرأ الثقافي

بێنێت بەتەنها [٣٨٩] جا ئەگەر ئاژەڵەکە لەتوانادا هەبوو بگیرێت و سەر بپڕدرێت ئەوە سەربڕینەکەی لەت کردن و بڕینی قوڕگێتی کەوا خوێنی لێوە بەزۆری بڕژێتە دەرەوە بەشتێکی تیژ جگە لەنینۆك و ددان [٣٩٠] وە ئەگەر نەتوانرا بەهۆی هەرهۆیەکەوە بەو شێوەیە سەر بپڕدرێت ئەوە دروستە بە شتێکی تیژ لێی بدرێت لەسەر سینگی یان لەهەر شوێنێکی تری کەوا خوێنی لێ بڕژێتە دەرەوە [٣٩١] بەڵام بەو مەرجە ناوی خوای لەسەر بێنێ

---

(جولەکەو گاور) حەڵاڵە بۆتان. (إبنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرموێ : خواردنیان سەربڕینی دەستیانە [رواه البخاری (٩/باب ذبائح أهل الكتاب] .

و(الزُهْرِي) دەفەرموێ : سەربڕاوی گاورە عەرەبەکان هیچی تێدانییە ، وە ئەگەر بیستت ناوی جگەلە خوای لەسەر هێنا ئەوە مەیخۆ وە ئەگەر نەتبیست ئەوە خوا حەڵاڵی کردووەو کافر بونیشیانی زانیوە .

وە لەبەر فەرمودەی ئەو ئافرەتە جولەکەیە کە دەستی شەکێکی ژەهراوی بە دیار[illegible] پێغەمبەری خوا (ﷺ) جا پێغەمبەر (ﷺ) لێ ی خوارد [رواه البخاری (٥/رقم٢٦١٧)باب قبول الهدية من المشركين ومسلم رقم(٢١٩٠) وغيرهما] .

(٣٨٩) لەبەر ئەو ئایەت و فەرموودانەی لەباسی ڕاوکردن دا باسمان کرد ، وە لەبەر فەرموودەکەی (رَافِعُ بنُ خَدِيْج) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ، ئێمە چەقۆمان نی یە، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((مَاأنهَرَ الدَّمَ وَذُكِرَ اسْمَ اللهِ فَكُلْ لَيْسَ الظُفُرُ وَالسِّنُّ وَأَمَّا الظُفُرُ فَمُدِيُ الحَبَشَةِ وَأَمَّا السِّنُّ فَعَظْمٌ)) زانە : ئەوەی خوێن بڕێژێتە دەرەوە و ناوی خوای لەسەر برا ئەوە لێی بخۆن جگە لە نینۆك و ددان نەبێت ، چونکە نینۆك ئەوە چەقۆی (حَبَشَە) یەکانە وە ددانیش ئێسقانە [رواه البخاری (٩/رقم ٥٥٠٣/) ومسلم (٣/١٥٥٨/١٩٨٦) وأصحاب السُّنَن] .

(٣٩٠) لەبەر فەرموودەکەی (رَافِعُ بنُ خَدِيْج) ی پێشوو بڕوانە (پ/٣٨٩) .

(٣٩١) لەبەر فەرموودەکەی (رَافِعُ بنُ خَدِيْج) (خوای لێ ڕازی بێت) کە تێیدا دەفەرمێ : جا دەست کەوتی باشمان دەست کەوت لە ووشتر و مەڕ ، جا ووشترێکیان

منتدى إقرأ الثقافي

## کاتێك کە ئەوشتەی تێ دەگرێت [٣٩٢] وە سەربڕینی دایك سەر بڕینی بەچکەکەی سکێتی [٣٩٣] وە سوننەتە ڕووی بکرێتە قیبلە لەکاتی سەربڕین دا [٣٩٤]

هەڵهات ، جا پیاوێك تیرێکی تێ گرت و گیریدا ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : ((إِنَّ لِهَذِهِ الإِبَلِ أَوَابِدَ كَأَوَابِدِ الوَحْشِ ، فَإِذَا غَلَبَكُمْ مِنْهَا شَيءٌ فَاصْنَعُوا بِهِ هَكَذَا)) واتە : بەڕاستی ئەم ووشترانە سڵاندنەوەو هەڵهاتنێکیان هەیە وەکو هەڵهاتنی ئاژەڵی کێوی ، جا هەرکاتێك لە دەستتان دەرچوو ، ئەوە وای پێ بکەن [رواه البخاري (٩/رقم/٥٥٤٣) ومسلم (٣/٥٥٨/١٩٦٨) وغيرهما] .

وە لەریوایەتی (الطَّبَرَاني)دا ((فَاصْنَعُوا بِهِ ذَلِكَ وَكُلُوُهُ)) واتە : جا ئاوای پێ بکەن و بیخۆن . بڕوانە [فتح الباري شرح حديث رقم (٥٤٩٨)] .

(٣٩٢) لەبەر فەرموودەکە (أَبُو ثَعْلَبَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ ٣٨٥) .

(٣٩٣) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيد) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پرسیارمان لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد لەبارەی بەچکەی سکی دایکەوە جا ئەویش فەرمووی : ((كُلُوهُ إِنْ شِئْتُمْ فَإِنَّ ذَكَاتَهُ ذَكَاةُ أُمِّهِ)) واتە : بیخۆن ئەگەر ویستتان لەسەری بوو ، چونکە سەربڕینی ئەو سەربڕینی دایکێتی)) [رواه ابوداود (٣/٢٥٢/٢٨٢٧) واللفظ له والترمذي (٤/٧٢/١٤٧٦) وابن ماجة (٢/١٠٦٧/٣١٩٩) واحمد (٣/٣١،٥٣) وغيرهم وهو حديث صحيح بڕوانە الارواء رقم (٢٥٣٩) وصحيح أبي داود (٢٤٥١)] .

(إِبنُ المُنْذِر) دەفەرموێ : ((ریوایەت نەکراوە لەکەسێك لە هاوەڵانە (الصَّحَابَه) وە و نە لە کەسێك لەزانایانیشەوە کە بەچکەی سکی دایك ناخورێت ئیللا بەسەر بڕین نەبێت ، تەنها ئەوە نەبێت کەلە (أَبُو حَنِيفَه) ەوە دەگێڕنەوە)) جا (إِبْنُ القَيِّمِ الجَوْزِيَّه) زۆر بەجوانی وەڵامی ئەو (شُبْهَه) یەی (أَبُو حَنِيفَة) دەداتەوە لە [(إعلام الموقعين) دا (٢/٣٥٣)] . دەتوانیت تەماشای بکەیت .

(٣٩٤) لەبەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕۆژی سەربڕین دا دوو بەرانی شاخ داری ڕەش و سپی خەساوی سەربڕی جا کە ڕووی کردن — لە قیبلە — فەرمووی : ((إِنِّي وَجَّهْتُ وَجْهِي لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ عَلَى مِلَّةِ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفاً مُسْلِماً وَمَا أَنَا مِنَ المُشْرِكِينَ



منتدى إقرأ الثقافي

وە حەرامیشە ئازاردانی (٣٩٥) وە نەفرەت (لَعْنَة) کراوە لەو کەسەی بۆ جگە لەخوا شت سەرببڕێت (٣٩٦)

---

، إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحيَايَ وَمَمَاتِي للهِ رَبِّ العَالَمِين لاَشَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا مِنَ المُسْلِمِيْنَ)) . خوایە ئەمە لەتووەیە بۆ تۆ یە لەجیاتی موحەممەدو ئوممەتەکەی ، (بِسْمِ اللهِ وَ اللهُ أَكْبَر) پاشان سەری بڕی [رواه ابو داود (٣/رقم٢٧٩٥) وهو صحيح بروانە صحيح أبي داود (٢٤٢٥)] .

(٣٩٥) لەبەر فەرموودەکەی (شَدَّادُ بنُ أَوْس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِنَّ اللهَ كَتَبَ الإِحْسَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ ، فَإِذَا قَتَلْتُمْ فَأَحْسِنُوا القِتْلَةَ وَإِذَا ذَبَحْتُمْ فَأَحْسِنُوا الذِّبْحَةَ ، وَلِيَحِدْ أَحَدُكُمْ شَفْرَتَهُ وَلِيُرِحْ ذَبِيحَتَهُ)) واتە : بەڕاستی خوای گەورە چاکەی پێویست کردوە کەوا لەگەڵ هەموو شتێك دا بکرێت ، جا ئەگەر یەکێکتان شتێکی کوشت بابەچاکی بیکوژێت ، وە ئەگەر یەکێکتان ئاژەڵێکی سەربڕی بابەچاکی سەری ببڕێت وە با هەر یەکێکتان چەقۆکەی تیژ بکات وە پشوو بەسەر براوەکەی بدات — پێش سەربڕینی یان پەلەبکات لەکاتی سەربڕینیدا — [رواه مسلم (١٩٥٥/١٥٤٨/٣) وابو داود (٣/رقم/٢٨١٦) والترمذي (١٤٣٠/٤٣١/٢) والنسائي (٢٢٧/٧) وابن ماجة (٣١٧٠/١٠٥٨/٢)] .

(٣٩٦) لەبەر فەرموودەکەی (عَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا چوار ووشەی پێ ووتم : ((لَعَنَ اللهُ مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللهِ ، لَعَنَ اللهُ مَنْ لَعَنَ وَالِدَيْهِ ، لَعَنَ اللهُ مَنْ آوَى مُحْدِثاً ، لَعَنَ اللهُ مَنْ غَيَّرَ مَنَارَ الأَرْضِ)) واتە : نەفرەتی خوا لەوکەسەی بۆ جگە لەخوا شت سەر دەبڕێت ، نەفرەتی خوا لەوەی نەفرەت لەدایك و باوکی دەکات ، نەفرەتی خوا لەوەی داڵدەی (بِدْعَة) کارێك دەدات ، نەفرەتی خوا لەوەی نیشانەکانی زەوی — ئەوەی خەڵکی سەر زەوی یەکتری پێ دەناسنەوە — دەگۆڕێت [رواه مسلم (١٩٧٨/١٥٧٦/٣)] .

منتدى إقرأ الثقافي

# قوربانی ( الأُضْحِيَة ) (٣٩٧)

## پێویست (وَاجِب)ە لەسەر هەر موسوڵمانێك توانای هەبێت کەوا قوربانی بکات (٣٩٨)

---

(٣٩٧) (الأُضْحِيَة) : ئەو ئاژەڵەیە(حَيْوَان) کەلە ڕۆژی قوربان و ڕۆژانی (تَشْرِيق) دا سەردەبڕێت بەمەبەستی نزیك بوونەوە لەخوای گەورە .

(٣٩٨) زانایان جیاوازن ئایە قوربانی پێویست (واجب)ە ، یان سوننەتە ، جەماوەری زانایان دەڵێن سوننەتە لەوانە ئیمامی (مَالك) فەرموویەتی : پێم خۆش نییە کەوا هەرکەسێك توانای نرخەکەی هەبێت وازی لێ بێنێت ، وەئیمامی (الشَّافِعِي)یش ، لەسەر ئەم ڕایەیە ، بەلام (رَبِيعَة) و (الأَوْزَاعِي) و (أَبُوحَنِيفَة) و (اللَّيْث) و هەندێك لە (مَالِكِيَە)کان دەڵێن پێویست (واجب)ە لەسەر کەسێك هەبێت وە ڕیوایەتێشکراوە لە (مَالِك) و (النَّخْعِي) ، وە لەبەر فەرموودەکەی (مِخْنَفُ بنُ سُلَيم) (خوای لێ ڕازی بێت) کە بیستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((**يَاأَيُّهَا النَّاسُ عَلَىٰ كُلِّ أَهْلِ بَيْتٍ فِي كُلِّ عَامٍ أُضْحِيَةً وَعَتِيْرَةً**)) واتە : ئەی خەڵکینە لەسەر خەڵکی هەموو ماڵێکە لە هەموو ساڵێك دا قوربانیەك و (عَتِيرَة) یەك سەربڕن ، ئایە دەزانن (العَتِيْرَة) چییە؟ ئەوەیە کە خەڵکی پێی دەڵێن (رَجَبِيَة) [رواه احمد (٤/٢١٥) وابو داود (٣/٢٢٦/٢٧٨٨) والترمذى (٣/٣٧/١٥٥٥) والنسائى (٧/١٦٧/٤٢٢٤) وابن ماجة (٢/١٠٤٥/٣١٢٥) وهو حديث حسن بروانه صحيح سنن ابن ماجة (٢٥٣٣)] .

(عَتِيْرَة):سەربڕینی ئاژەڵێکە لە مانگی ڕەجب دا دەکرا بەلام پاشان (نَسْخ) بوویەوە بەفەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((**لَافَرْعَ وَلَاعَتِيرَةَ**)) واتە : نە (فَرْع) هەیە و نە (عَتِيرَة) جا (أَبُو هُرَيْرَة) فەرمووی : وە (الفَرْع) یەکەم بەرهەمی ئاژەڵە کە خەڵکی لەکاتی نەفامیدا بۆ بتەکانیان سەریان دەبڕی و (العَتِيْرَة) لە (ڕەجب) دایە [رواه البخارى (٩/رقم/٥٤٧٤) ومسلم (٣/١٥٦٤/١٩٧٦) وغيرهما] .

بەلام (أُضْحِيَة) هەر لەسەر حوکمەکەی خۆی ماوەتەوە هیچ لای نەداوە . کەوا پێویستە . وە لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری



منتدى إقرأ الثقافي

## لەپاش نوێژی جەژنی قوربان (٣٩٩) تا خۆرئاوابوونی سێیەم ڕۆژی دوای ڕۆژی جەژن (أَيَّامُ التَّشْرِيق) (٤٠٠)

خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ كَانَ لَهُ سَعَةٌ وَلَمْ يُضَحِّ فَلاَ يَقْرَبَنَّ مُصَلاَّنَا)) واتە : هەرکەسێك دەستی فراوان بوو و قوربانی نەکرد ئەوە بانزیکی شوێنی نوێژەکەی ئێمە نەکەوێتەوە [رواه احمد (٣٢١/٢) وابن ماجة (١٠٤٤/٢/٣١٢٣) وغيرهما وهو حسن بروانە صحيح ابن ماجة (٢٥٣٢) ] .

وەلەبەر فەرموودەکەی (جُنْدُبُ بنُ سُفْيَان البَجَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی : پێغەمبەری خوام بینی لەڕۆژی قوربانیی دا فەرمووی : ((مَنْ ذَبَحَ قَبْلَ أَنْ يُصَلِّي فَلْيُعِدْ مَكَانَهَا أُخْرَى وَمَنْ لَمْ يَذْبَحْ فَلْيَذْبَحْ)) واتە : هەرکەسێك ئەگەر پێش نوێژ سەری بڕی ئەوە با لەجێگەی دا یەکێ تر سەر ببڕێتەوە وەهەر کەسێکیش سەری نەبڕیوە باسەری ببڕێت [رواه البخاري (١٠/رقم/٥٥٦٢) ومسلم (١٥٥١/٣/١٩٦٠) وغيرهما] .

وە لەبەر چەند بەڵگەی تریش ، لەڕاستی‌دا ئەوانەی کە دەڵێن سوننەتە بەڵگەکانیان یا (حَدِيْث) ێکی (ضَعِيْف)ە ، وەیان نابێتە (قَرِيْنَة) کەوا ئەم (أَمر) انە لە (وَاجِب)ە وە لابدات بۆ سووننەت .

(٣٩٩) لەبەر فەرموودەکەی (جُنْدُبُ بنُ سُفْيَان البَجَلِي)ی پێشوو بڕوانە (پ ٣٩٨) . وەفەرموودەکەی (البَرَّاء بنُ عَازِب) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : خاڵۆیەکم کەپێی دەوترا (أَبو بُرْدَة) قوربانی کرد پێش نوێژ ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو ((شَاتُكَ شَاةُ لَحْمٍ) واتە : شەکەکەت شەکی گۆشتە . جا فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ، بزنێکی دانی تەمەن یەك ساڵیم هەیە ، فەرمووی ((إِذْبَحْهَا وَلاَتَصْلُحُ لِغَيْرِكَ)) واتە : سەری ببڕە ، وەبۆ کەسێکی ترجگە لەتۆ دروست نییە ، پاشان فەرمووی : ((مَنْ ذَبَحَ قَبْلَ الصَّلاَةِ فَإِنَّمَا يَذْبَحُ لِنَفْسِهِ وَمَنْ ذَبَحَ بَعْدَ الصَّلاَةِ فَقَدْ تَمَّ نُسُكَهُ وَأَصَابَ سُنَّةَ المُسْلِمِيْنَ)) واتە : هەرکەسێك ئەگەر پێش نوێژ سەری بڕی ئەوە بۆ خۆی سەری دەبڕێت وەهەرکەسێکیش دوای نوێژ سەری ببڕێت ئەو سەر بڕینەکەی تەواوە و سوننەتی موسوڵمانانی پێکاوە [رواه البخاري (١٠/رقم/٥٥٥٦) ومسلم (١٥٥٢/٣/١٩٦١) وغيرهما] .

(٤٠٠) لەبەر فەرموودەکەی (جُبَيْرُ بنُ مُطْعِم) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((كُلُّ أَيَّامِ التَّشْرِيْقِ ذَبْحٌ)) واتە : هەموو ڕۆژانی (تَشْرِيْق) ڕۆژی


منتدى إقرأ الثقافي

**وەئەوئاژەڵانەی کەدروستە بکرێنە قوربانی لەمەڕدا تەمەن یەك ساڵی بەسەرەوە وەلەبزن و ڕەشە وڵاخ دا (مانگا یان گامێش) تەمەن دوو ساڵی بەسەرەوە وەلەووشتردا تەمەن چوار ساڵی بەسەرەوە [٤٠١] جا هەرمەڕێك یان بزنێك دروستە یەك كەس بیكاتە قوربانی بۆ خۆی و كەس و كاری لەماڵەوە [٤٠٢]**

---

سەربڕینە [رواه احمد (٨٢/٤) وابن حبان (٣٨٤٣/٦٢/٦) والبيهقي في السنن الكبرى (٢٩٥/٩) وهو حديث صحيح . بڕوانە صحيح الجامع (٤٥٣٧)] .

(٤٠١) لەبەر فەرموودەكەی (جَابِر) (خوای لیٚ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((لاتَذْبَحُوا إِلاَّ مُسِنَّةً إِلاَّ أَنْ يَعْسِرَ عَلَيْكُمْ فَتَذْبَحُوا جَذَعَةً مِنَ الضَّأْنِ)) واتە : هیچ ئاژەڵێك سەر مەبڕن تەنها (مُسِنَّة) نەبێت ، مەگەر نارەحەت بێت لەسەر تان ئەوە (جَذَعَة) یەك لەمەڕ سەربڕن [رواه مسلم (١٩٦٣/٥٥٥/٣)] .

وە (مُسِنَّة):ئەو ئاژەڵەیە كەتەمەنی چەند ساڵێكە ، وە (جَذَعَة):لەمەڕدا ئەوەیە ساڵێكی تەواو كردبێت و پیٚی نابێتە دووساڵ .

وە هەروەها لەبەر فەرموودەكەی (البَرَّاءُ بنُ عَازِب) (خوای لیٚ ڕازی بێت) بڕوانە (پ ٣٩٩) . ئیمامی (النَّوَوِي) فەرموویەتی : زانایان (إتِّفَاق) یان كردوە لەسەر ئەوەی كەوا لەووشتر و مانگا و بزن دا دروست نییە لە (ثَنِي) كەمتر بكرێتە قوربانی بەڵام لەمەڕدا (جَذَعَة) یش دروستە بڕوانە [شرح النووي على صحيح مسلم (١٣ / ١١٣)] .

وە (الثَّنِي):لە مانگا و بزن دا ئەوەیە پیٚی نابێتە سیٚ ساڵی ، بەڵام لە ووشتردا ئەوەیە كەپیٚی نابێتە پێنج ساڵی .

(٤٠٢) لەبەر فەرموودەكەی (أَبُو أَيُّوبُ الأَنْصَارِي) (خوای لیٚ ڕازی بێت) كەوا پرسیاری لیٚ كرا : قوربانی لای ئێوە چۆن بوو لەسەر دەمی پێغەمبەردا (ﷺ) ؟ فەرمووی پیاوێك لەسەر دەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) شەكێكی دەكردە قوربانی لەجیاتی خۆی و كەس و كاری لەماڵەوە ، جا لێیان دەخوارد و لێیشیان دەبەخشی ، پاشان خەڵكی شانازیان كرد ، جا وایپیٚ هات وەك دەیبینیت [رواه الترمذي (١٥٤١/٣١/٣) وابن ماجه (٣١٤٧/١٠٥١/٢) وهو صحيح بڕوانە صحيح ابن ماجة (٢٥٤٦) والارواء (١١٤٢)] .

وەمەبەستی (أَبُو أَيُّوب) لەقسەكەی ئەوەیە كەوا ئەمڕۆ خەڵك شانازی دەكەن بۆ هەر نەفەرێك ئاژەڵێك دەكەنە قوربانی .



منتدى إقرأ الثقافي

وەمانگا بۆ حەوت (٧) کەس و ووشتریش بۆ دە (١٠) کەس خۆیان و کەس و کاریان لەماڵەوە (٤٠٣) وەباشترین قوربانی ئەوەیە قەڵەو بێت و کەم و کوڕی لەچاووگوێیدا نەبێت (٤٠٤) وەنابێت کوێر بێت یان شەل بێت یان نەخۆش بێت یان زۆر لەڕو لاواز بێت (٤٠٥)

---

(٤٠٣) لەبەر فەرموودەکەی (إبنُ عبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بووین (ﷺ) لەسەفەرێکدا و جەژنی قوربان هات ، جا هاو بەش بوینەوە هەر دە (١٠) کەس لەووشترێك دا و هەر حەوت (٧) کەسیش لەمانگایەك دا)) [رواه الترمذي (٢/١٩٤/٩٠٧) وابن ماجه (٢/١٠٤٧/٣١٣١) والنسائي (٧/٢٢٢) وهو حديث صحيح بروانە صحيح ابن ماجه (٢٥٣٦) والمشكاة (١٤٦٩)] .

کەوا بوو قوربانی (الأُضْحِيَة) جیاوازە لە گەڵ(الهَدِي) دا چونکە لە (هَدِي)دا ووشتر و مانگا هەر دووکیان لەجیاتی حەوت (٧) کەسە وەك لەفەرموودەکەی جابردا هاتوە کە ئیمامی[مسلم (٢/رقم/١٣١٨) و کەسانی تریش ڕیوایەتی دەکەن].

(٤٠٤) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو أُمَامَةَ بن سَهْل) کەوا فەرمووی(ئێمە لە (مَدِيْنَە) دا قوربانێکانمان قەڵەو دەکرد و موسوڵمانانیش قەڵەویان دەکرد)[رواه البخاري (١٠/باب الاضحية النبي بكبشين أقرنين ويذكر سمينين) تعليقاً ووصله أبو نعيم في المستخرج من طريق أحمد بن حنبل عن عباد بن العوام أخبرني يحى بن سعيد الأنصاري . بروانە (فتح الباري شرح هذا الحديث)] .

وەلەبەر فەرموودەکەی (عَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کردین بگەڕێین بۆ - قوربانیەك کەوا کەم و کوڕی-لە چاو و گوێی دا نەبێت [رواه ابن ماجه (٢/رقم ٣١٤٣) وهو حسن صحيح بروانە الإرواء (٣٦٢،٣٦٤) وصحيح ابن ماجه (٢٥٤٤)] .

(٤٠٥) لە (عُبَيْدُ بنُ فَيْرُوز) ە وە کەوا فەرمووی : بە (البَرَّاءُ بنُ عَازِب) م ووت : بۆم بگێڕەوە لەوەی پێغەمبەر (ﷺ) پێی باش نەبووە یان قەدەغەی لێ کردووە کەوا بکرێتە قوربانی ، جا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((أَرْبَعٌ لاتُجْزِئُ فِي الأَضَاحِي : العَوْرَاءُ البَيِّنِ عَوَرُهَا وَالمَرِيْضَةُ البَيِّنِ مَرَضُهَا وَالعَرْجَاءُ البَيِّنِ ظَلْعُهَا وَالكَسِيْرَةُ (العَجْفَاءُ) الَّتِي لاتُنْقِي)) واتە : چوار جۆر ئاژەڵ ناکرێتە قوربانی ، ئەو


منتدى إقرأ الثقافي

**وەسوننەتە پاش نوێژ هەر لەشوێنی نوێژ (مُصَلَّى)دا سەری ببڕێت (٤٠٦) وەبەدەستی خۆشی سەری ببڕێت (٤٠٧) وەگۆشتەکەیشی خۆی لێی بخوات و لێیشی هەڵبگرێت و لێیشی ببەخشێتەوە (٤٠٨)**

---

ئاژەڵە کوێرەی کەکوێرێکەی پێوە دیارە وە ئەو ئاژەڵە شەلەی کەشەلیەکەی پێوە دیارە . وە ئەو ئاژەڵە نەخۆشەی کە نەخۆشیەکەی پێوە دیارە وەئەو ئاژەڵە لەڕو لاوازە کە وا مێشکی نەماوە لەلەڕیدا . جا (عُبَیْد) ووتی : من پێم خۆش نییە کەوا کەم و کوڕی ببێت لە گوێی دا ، (البَرَّاء)یش فەرمووی : هەرچی پێت خۆش نییە بۆ خۆت وازی لێ بێنە و حەرامی مەکە لەسەر کەس [رواه ابو داود (٣/رقم ٢٨٠٢) والترمذي (٤/٨٥/١٤٩٧) والنسائي (٧/٢١٤/٤٣٦٩) وابن ماجه (٢/١٠٥٠/٣١٤٤) وهو صحيح بروانه الإرواء (١١٤٨) وصحيح ابن ماجه (٢٥٤٥)] .

(٤٠٦) لەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەربڕین و (نَحْر) کردنی هەر لەجێی نوێژ ( مُصَلَّى) دا دەکرد [رواه البخاري (١٠/رقم ٥٥٥٢)] .

(٤٠٧) لەبەر فەرمودەکەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) قوربانی دەکرد بەدوو بەرانی ڕەش و سپی شاخ دار (بِسْمِ اللهِ) و (اللهُ أَكْبَر)ی دەکرد وەبینیم بەدەستی خۆی سەری دەبڕی ، پێی خستبوە سەر گەردنی)) [رواه البخاري (١٠/رقم ٥٥٥٨) ومسلم رقم (٣/رقم ١٩٦٦) وغيرهما] .

وەلەبەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) بڕوانە (پ ٣٩٤) .

(٤٠٨) لە (عَبْدُالله بن وَاقِد)ەوە فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کرد لە خواردنی گۆشتی قوربانی لەدوای سێ ڕۆژ . (عَبْدُالله بن أَبِي بَكْر) ووتی : جا ئەمەم بۆ (عَمْرَة) گێڕایەوە ئەویش ووتی : ڕاست دەکات ، بیستم (عَائِشَة) فەرمووی : کۆمەڵێك ووشتر سوار هاتن لەخەڵکی دەشت لەچێشتەنگای ڕۆژی قورباندا لەکاتی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((أَدْخِرُوا ثَلَاثاً ثُمَّ تَصَدَّقُوا بِمَا بَقِيَ)) واتە : بەشی سێ ڕۆژ هەڵبگرن ، پاشان ئەوەی مایەوە بیبەخشن ، جا پاش ئەوە ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا خەڵکی لەقوربانیەکانیان کونەی ئاو دروست دەکەن و ڕۆنەکەی هەڵدەگرن ، جا پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی (وَمَاذَاكَ)؟ : واتە : ئەی


منتدى إقرأ الثقافي

وەدروست نییە لێی بفرۆشرێت هەتا پێستەکەیشی (٤٠٩) وەپێویستە (واجب)ە لەسەر ئەو کەسەی قوربانی سەردەبڕێت کەوا هەر لەکاتی چوونە نێو مانگی (ذي الحِجَّة) وە تاقوربانی سەر دەبڕرێت لەتووك و نینۆکی نەگرێت . (٤١٠)

---

ئەوە چی تێدایە ؟ ووتیان : تۆ قەدەغەت کردوە کەوا گۆشتی قوربانی لەپاش سێ ڕۆژ بخورێت . جا ئەویش فەرمووی ((إنَّمَا نَهَيْتُكُمْ مِنْ أَجْلِ الدَّافَةِ الَّتِي دَفَّتْ فَكُلُوا وَادَّخِرُوا وَتَصَدَّقُوا )) واتە : من تەنها لەبەر ئەو ووشتر سوارانەی خەڵکی دەشت کەهاتن قەدەغەم لێکردن ، جا لێ ی بخۆن و لێ ی هەڵبگرن و لێیشی ببەخشن [رواه مسلم (١٩٧١/١٥٦١/٣)] . مەبەست لەوقەدەغە کردنە کاتێ بووتەنها لە بەر میوانەکان بوو .

(٤٠٩) لەبەر فەرموودەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((مَنْ بَاعَ جِلْدَ أُضْحِيَتِهِ فَلاَ أُضْحِيَةَ لَهُ)) واتە : هەرکەسێك پێستی قوربانیکەی بفرۆشێت ئەوە قوربانی یەکەی دروست نییە [رواه البيهقي (٢٩٤/٩) والحاكم وهو حديث حسن بروانه صحيح الترغيب (١٠٣/٢) وصحيح الجامع (٦١١٨)] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (عَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) منی نارد کەوا سەرپەرشتی دابەش کردنی ووشتری (هَدِي)ە کان بکەم ، وەفەرمانی پێکردم کەوا هەموو گۆشتەکەی و پێستەکەی و جلەکانی دابەش بکەم و هیچی لێ نەدەمە قەسابەکە وەفەرمووی:ئێمە خۆمان لەلای خۆمانەوە پێ ی دەدەین )) [رواه البخاري (٤/رقم ١٧١٦) ومسلم (٢/رقم ١٣١٧) وابو داود (٢/رقم ١٧٦٩) وابن ماجه (٢/رقم٣٠٩٩) بألفاظ مختلفة و نقلنا نحن معناه] .

(٤١٠) لەبەر فەرموودەکەی (أُمّ سَلَمَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِذَا رَأَيْتُمْ هِلاَلَ ذِي الحِجَّةِ وَأَرَادَ أَحَدُكُمْ أَنْ يُضَحِّي فَلْيُمْسِكْ شَعْرَهُ وَأَظْفَارَهُ)) واتە : ئەگەر مانگی (ذي الحِجَّة) تان بینی ، وە کەسێکتان ویستی قوربانی بکات باتووکی و نینۆکی بگرێتەوە واتە : لێی نەگرێت لەو مانگەدا تا قوربانیکەی سەر دەبڕێت [رواه مسلم (١٩٧٧/١٥٦٥/٣)] .



منتدى إقرأ الثقافي

# گوێزەبانە -حەوتەم-

## ( العَقِيْقَة ) (٤١١)

پێویستە لەسەر هەر موسوڵمانێکی بەتوانا ئەگەر منداڵی بوو گوێزە بانەی بۆ بکات (٤١٢) ئەویش دووشەکە ئەگەر کوڕ بوو یان شەکێکە ئەگەر

---

وفي رواية أخرى . ((مَنْ كَانَ لَهُ ذَبْحٌ يَذْبَحُهُ ، فَإِذَا أَهَلَّ هِلَالُ ذِي الحِجَّةِ فَلاَ يَأْخُذَ مِنْ شَعْرِهِ وَ أَظْفَارِهِ حَتَّىٰ يُضَحِّيَ)) واتە : هەرکەسێك قوربانیەکی هەبوو ئەگەر مانگی (ذي الحِجَّة) دەرکەوت باڵەتووك و نینۆکی نەگرێت تاقوربانی دەکات [رواه مسلم (١٥٦٦/٣/١٩٧٧) وابو داود (٣/رقم ٢٧٩١) والترمذي (١٠٢/٤/١٥٢٣) والنسائي(٧/٢١١-٢١٢)] .

(٤١١) عەرەب دەڵێن (عَقَّ الرَّجُلُ عَنْ إِبْنِهِ، يَعِقُّ) ئەگەر (عَقِيْقَة) کەی - واتە : تووکی سەری - بتاشێت و شەکێکی بۆ سەر ببڕێت'وە ئەو شەکەی بۆ ئەوە سەر دەبڕێت پێی'دەوترێت (عَقِيْقَة) بڕوانە [(العين) خليل بن أحمد الفراهيدي (ل ٦٢)] .

(٤١٢) لەبەر فەرموودەکەی (سَلْمَانُ بنُ عَامِرِ الضَّبِّي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ)لەوەفەرمووێ : ((مَعَ الغُلَامِ عَقِيْقَةٌ ، فَأَهْرِيْقُوا عَنْهُ دَماً وَأَمِيطُوا عَنْهُ الأَذَىٰ)) واتە : لەگەڵ هەموو منداڵێك دا گوێزەبانەیەك هەیە ، جا خوێنێکی بۆ بڕێژن و ئازاری لەسەر لابدەن [رواه البخاري (٩/رقم ٥٤٧٢) وأبو داود (٨/٤١/٢٨٢٢) والترمذي (٣/٣٥/١٥٥١) والنسائي (٧/١٦٤)] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (سَمُرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((كُلُّ غُلَامٍ رَهِيْنٌ بِعَقِيْقَتِهِ يُذْبَحُ عَنْهُ يَوْمَ سَابِعِهِ وَيُسَمَّيَ فِيْهِ وَيُحْلَقُ رَأْسُهُ)) واتە : هەموو منداڵێك بارمتە(رَهْن)کراوەتە گوێزەبانەکەیەوە بۆی سەر دەبردرێت لەحەوتەم ڕۆژی دا و ناوی تێدا دەنرێت و سەری دەتاشرێت [رواه أحمد (٥/٧-٨) وابو داود (٣/رقم ٢٨٣٨) والترمذي (٤/١٠١/١٥٢٢) والنسائي (٨/١٦٦/٤٢٢٠) وابن ماجه (٢/١٠٥٦/٣١٦٥) وهو صحيح بڕوانە الإرواء (١١٦٥) وصحيح ابن ماجة (٢٥٦٢)] .



منتدى إقرأ الثقافي

ئەگەر ئەوان پێی هەڵنەسن ئەوە پێویستە خۆی بیکات ئەگەر پێگەیشت .(٤١٧)

# میوان داری ( الضِّيَافَة )

## پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە هەیبێت میوان ڕابگرێت ، میوان داری میوان بکات ئەگەر دابەزیە لای (٤١٨) وەسنووری ڕاگرتنی میوان تا سێ ڕۆژە

---

(٤١٧) لەبەر فەرموودەکەی (عُثَيْمُ بنُ كثير بن كُلَيب الحَضْرَمِي) کەوا فەمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەکابرایەکی فەرموو کە تازە موسوڵمان بوو ((أَلْقِ عَنْكَ شَعْرَ الكُفْرِ وَاخْتَتِنْ)) واتە : تووکی بێ باوەڕی لەخۆت بکەرەوە و خەتەنە بکە [رواه ابو داود (٢/٢٠/٣٥٦) والبيهقى (١/١٧٢) وهو حديث حسن بروانە صحيح الجامع (١٢٥١)] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِخْتَتَنَ إِبْرَاهِيمُ خَلِيلُ الرَّحْمَنِ بَعْدَ مَا أَتَتْ عَلَيْهِ ثَمَانُونَ سَنَةً)) واتە : پێغەمبەر (إِبْرَاهِيم)ی خۆشەویستی خوا(الرَّحْمَن) خەتەنەی کرد پاش ئەوەی کە هەشتا ساڵ بەسەر تەمەنیدا تێپەڕ بوو [رواه البخارى (١١/رقم/٦٢٩٨) ومسلم (٤/١٨٣٩/٢٧٠)] .

وە خوای گەورەیش بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ لەسورەتی (النحل :١٢٣) دا : ﴿ثُمَّ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ أَنِ اتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا﴾ واتە : پاشان وەحیشمان بۆتۆ ڕەوانە کرد کەوا شوێنی میللەت و ڕێبازی (إِبْرَاهِيم) بکەوە .

(٤١٨) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو شُرَيْحٍ العَدَوِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی هەردوو گوێم بیستی و هەردوو چاوم بینی کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) قسەی دەکرد جا فەرمووی : ((مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَاليَوْمِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ جَائِزَتَهُ)) واتە : هەرکەسێك باوەڕی بەخواو بە ڕۆژی دوایی هەیە بارێز لەمیوان بگرێت و خزمەتی (جَائِزَة)ەکەی بکات ، ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا (جائزة)ەکەی چییە؟ فەرمووی : ((يَوْمٌ وَلَيْلَةٌ وَالضِّيَافَةُ ثَلاثَةُ أَيَّامٍ فَمَا كَانَ وَرَاءَ ذَلِكَ فَهُوَ صَدَقَةٌ ، وَلايَحِلُّ لَهُ أَنْ يَثْوِيَ عِنْدَهُ حَتَّى يُخْرِجَهُ)) واتە : شەوو ڕۆژێکە ، وە میوان داریش سێ ڕۆژە ، جا هەرچی دوای ئەو سێ ڕۆژە بوو ئەوە خێرو سەدەقەیە ، وە حەلاڵ نییە بۆ میوان



منتدى إقرأ الثقافي

، ڕۆژی یەکەم چەند لە توانای دا هەبێت خزمەتی دەکات و ڕێزی لێ دەگرێت ، وە ڕۆژی دووەم و سێیەم لەسەر باوو عادەتی ڕۆژانەی خۆی دەچێت و چی خۆی دەیخوات خزمەتی ئەویشی پێ دەکات ، پاش ئەوە ئیتر چەند میوان داری بکات بەخێر دەژمێردرێت بۆی ئەگەر ویستی لەسەر هەبێت میوان داری بکات ، وە ئەگەر ویستی لەسەری نەبێت ئەوە هیچ تەکلیفی شەرعی لەسەر نییە ، وە حەڵاڵیش نییە بۆ میوان لەسێ ڕۆژ

---

لەوماوەیە زیاتر بمێنێتەوە تا وەکو نارەحەتی نەکات — وتووشی تاوان و گوناهیشی نەکات چونکە لەوانەیە بەهۆی زۆرمانەوە وە غەیبەتی بکەن و گومانی خراپیشی پێ ببەن— [رواه البخاری (١٠/رقم/٦١٣٥) و مسلم (٣/١٣٥٢/٤٨) وأصحاب السنن إلا النسائی وغيرهم] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (عُقْبَةُ بنُ عَامِر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : وتمان:ئەی پێغەمبەری خوا تۆ ڕەوانەمان دەکەیت،جا ئێمە لا دەدەینە لای خەڵکانێك میوان داریمان ناکەن ، جا تۆچی دەبینیت؟ پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : ((إِنْ نَزَلْتُمْ بِقَوْمٍ فَأَمَرُوا لَكُمْ بِمَا يَنْبَغِي لِلضَّيْفِ فَاقْبَلُوا فَإِنْ لَمْ يَفْعَلُوا فَخُذُوا مِنْهُمْ حَقَّ الضَّيْفِ الَّذِي يَنْبَغِي لَهُمْ )) واتە : ئەگەر لاتان داوە لای خەڵکانێك و میوان داریان کردن بەوەی بۆ میوان دەبێت بکرێت ، ئەوە وەری بگرن ، بەڵام ئەگەر ئەوەیان نەکرد ، ئەوە ئەوەیان لێ بسێنن کەمافی میوانە و پێویستە بۆیان بکرێت [رواه البخاری (١٠/رقم/٦١٣٧) ومسلم (٣/١٣٥٣/١٧٢٧) وأصحاب السنن إلا النسائی] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (المقدَام) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لَيْلَةُ الضَّيْفِ واجِبَةٌ عَلَىٰ كُلِّ مُسْلِمٍ ، فَإِنْ أَصْبَحَ بِفِنَائِهِ مَحْرُوماً كَانَ دَيْنَاً لَهُ عَلَيْهِ إِنْ شَاءَ إِقْتَضَاهُ وَإِنْ شَاءَ تَرَكَهُ)) واتە : شەوی میوان پێویست (وَاجِب)ە لەسەر هەموو موسوڵمانێك . جا ئەگەر مایەوە لەبن دەستی (ماڵی)دا بەبێ بەش ئەوە دەبێتە قەرز بەسەریەوە ، ئەگەر ویستی هەبێت لێ ی داوا دەکاتەوە ، وە ئەگەر ویستیشی هەبێت وازی لێ دێنێت [رواه احمد (٤/١٣) وابو داود (٣/رقم/٣٧٥٠) وابن ماجة (٢/١٢١٢/٣٦٧٧) وهو صحيح بروانە السلسلة الصحيحة (٢٢٠٤) وصحيح ابن ماجة (٢٩٦٦)] .



منتدى إقرأ الثقافي

زیاتر بمێنێتەوە ، ئەگەر خاوەن ماڵ خۆی پێی خۆش نەبوو چونکە تووشی ناڕەحەتی و تاوانی دەکات [419] ، وە ئەگەر کەسێك تواناى هەبوو ومیوان داری نەکرد ، ئەوە میوانەکە دەتوانێت حەققی میوانی بۆ خۆی ببات ، [420] وە خواردنی خواردەمەنی هیچ کەسێکیتر حەلاڵ نىیە بەبێ پرسی خۆی [421] مەگەر ئەوکەسە زۆر پێویستی بەخواردن هەبێت ،

(٤١٩) لەبەر فەرموودەکەی (أَبو شُرَيْح)ی پێشوو بڕوانە (پ٤١٨) .

(٤٢٠) لەبەر فەرموودەکەی (عُقْبَةُ بنُ عامر) و (المِقْدَامُ أبِـي كَرِيمَـة) (خوايان لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٤١٨).

(٤٢١) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة :١٨٨) دا کە دەفەرموێ : ﴿وَلاتَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بالبَاطِلِ﴾ جا بۆ واتاکەی بڕوانە (پ٣٢٢) .

وەلەبەر فەرموودەکەی (إبنُ عُمَر) (خوايان لێ ڕازی بێـت) کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی : ((لا يَحْلِبَنَّ أحَدُكُمْ مَاشِيَةَ احَدٍ إلاّ بِإذْنِهِ ، أيُحِبُّ احَدُكُمْ أنْ يُؤْتَى مَشْرَبَتَهُ فَيَنْتَثِلَ طَعَامَهُ وَإنَّمَا تَخْزِنُ لَهُمْ ضُرُوعَ مَوَاشِيهِمْ أطْعِمَتَهُمْ فَلا يَحْلِبَنَّ احَدُ مَاشِيَةَ أحَدٍ إلَّا بِإذْنِهِ)) واتە : هیچ کەسێکتان مەڕو وڵاخی هیچ کەسێکیتر نەدۆشێ مەگەر بەپرسی کابرا خۆی ، ئایە هیچ کەسێك لەئێوە پێی خۆشە بێت تەماشا بکات خواردن و خواردنەوەی لە شوێنی خۆیدا نەماوە ، لەڕاستیدا گوانی مەڕو وڵاخەکانیان خواردن بۆ خۆیان هەڵدەگرێت ، بۆیە هیچ کەسێك مەڕو وڵاخی هیچ کەسێك نەدۆشێت مەگەر بەپرسی خۆی [رواه البخاری (٥/رقم/٢٤٣٥) ومسلم (٣/١٣٥٢/١٧٢٦) وغيرهما] .

کەوابوو هەموو بەڵگەیەك لەسەر حەرام بوونی ماڵی کەسێکیتر بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خواردەمەنیشی هەر حەرامە ، چونکە خواردەمەنیش ماڵە ، بەڵکو باشترینی ماڵە وەك پێغەمبەری خوا(صلى اللـه عليـه وسـلم) فەرمووی : ((وَذَلِكَ أفْضَلُ أمْوَالِنَا)) [رواه ابوداود (٩/رقم/٣٥٤٨) والترمذی (٣/٢٩٢/٢٢٠٣) وابن ماجة (٢/٧٧٠/٢٢٩٥) وهو حديث حسن بڕوانە صحيح ابن ماجة (١٨٥٩) ] .


منتدى إقرأ الثقافي

ئەوکاتە بانگی خاوەنەکەی دەکات ئەگەر وەڵامی دایەوە ئەوە چاکە ، ئەگینا دەتوانێت بەچاکە بەپێی پێویست لێ ی بخوات بێ ئەوەی هیچ هەڵبگرێت لەگەڵ خۆیدا (٤٢٢)

بەڵام ئەوەی کە لەم (عام)ەدا تایبەت (خاص) کراوە (خُصِّصَ مِن هَذَا العام) ئەوە بەدەق (نَص)ی ئایەت یان فەرموودە تایبەت کراوە وەك میوان کە دەتوانێت لەخواردنی خاوەنماڵێکی بەتوانا بەشی خۆی ببات ئەگەر میوان داری نەکات .

(٤٢٢) لەبەر ئەو فەرموودانەی کەلەم بارەوە هاتووە لەوانە فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْدُ الخُدْرِي) (خوای لێ ڕازی بێت) ، کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِذَا أَتَيْتَ عَلَىٰ رَاعٍ فَنَادِهِ ثَلاثَ مِرَارٍ فَإِنْ أَجَابَكَ وَإِلاَّ فَاشْرَبْ فِي غَيْرِ أَنْ تُفْسِدَ ، وَإِذَا أَتَيْتَ عَلَىٰ حَائِطِ بُسْتَانٍ ، فَنَادِ صَاحِبَ البُسْتَانِ ثَلاثَ مَرَاتٍ ، فَإِنْ أَجَابَكَ وَإِلاَّ فَكُلْ فِي أَنْ لاَ تُفْسِدَ)) واتە : ئەگەر گەیشتیت بە ڕانێك ئەوە بانگی شوانەکەی بکە سێجار ، جا ئەگەر وەڵامی دایەوە ئەوە چاکە ، ئەگینا لێ ی بخۆرەوە بەڵام بێ ئەوەی هیچ خراپ بکەیت ، وە ئەگەر بەباخێك گەیشتی ئەوە بانگی خاوەن باخەکە بکە سێجار ، جا ئەگەر وەڵامی دایەوە ئەوەچاکە ، ئەگینا ئەوە لێ ی بخۆ بەبێ ئەوەی هیچ خراپ بکەیت [رواه احمد (٣/٧-٨) وابن ماجة (٢/٧٧١/٢٣٠٠) والحاكم (٤/١٣٢) وصححه ووافقه الذهبي وهو كذلك بروانە الارواء (٢٥٢١) و صحيح ابن ماجة (١٨٦٢)] .

وە فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ دَخَلَ حَائِطاً فَلْيَأكُلْ وَلاَ يَتَّخِذْ خُبْنَةً)) واتە : هەرکەسێك ئەگەر چووە باخێکەوە ئەوە لێ ی بخوات و هیچ لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرێت [رواه الترمذي (٣/٥٨٣/١٢٨٧) . وابن ماجة (٢/٧٧٢/٢٣٠١) وغيرهما وهو صحيح صحيح ابن ماجة (١٨٦٣)] .

وە فەرموودەکەی (سَمُرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِذَا أَتَىٰ أَحَدُكُمْ عَلَىٰ مَاشِيَةٍ فَإِنْ كَانَ فِيهَا صَاحِبُهَا فَلْيَسْتَأْذِنْهُ فَإِنْ أَذِنَ لَهُ فَلْيَحْتَلِبْ وَلْيَشْرَبْ وَإِنْ لَمْ يَكُنْ فِيهَا أَحَدٌ فَلْيُصَوِّتْ ثَلاثاً فَإِنْ أَجَابَهُ أَحَدٌ فَلْيَسْتَأْذِنْهُ فَإِنْ لَمْ يُجِبْهُ أَحَدٌ فَلْيَحْتَلِبْ وَلْيَشْرَبْ وَلاَ يَحْمِلْ)) واتە : ئەگەر کەسێکتان گەیشتن بەڕانێك ، ئەگەر خاوەنەکەی لەگەڵ دابوو ئەوە پرسی بکات ، جا ئەگەر ڕوخسەتی پێدا ئەوە بابیدۆشێت و لێ ی بخواتەوە ، بەڵام ئەگەر کەسی تێدا نەبوو ئەوە


منتدى إقرأ الثقافي

# شێوازی نان خواردن ( آدابُ الأكل )

## بەناوی خواوە دەست پێ کردن [423] وبە دەست ڕاست خواردن [424] و بەدانیشتنەوە [425] وە لەبەردەم خۆوە خواردن [426]

---

سێ بانگ بکات ، ئەگەر کەس وەڵامی دایەوە ئەوە پرسی پێ بکات ، بەڵام ئەگەر کەس وەڵامی نەدایەوە ، ئەوە بیدۆشێت ولێی بخواتەوە و لێ ی هەڵنەگرێت لەگەڵ خۆیدا [رواه ابوداود (٣/رقم/٢٦١٩) والترمذی (٣/٥٩٠/١٢٩٦) وهو حديث صحيح بروانه الارواء (٢٥٢١)] .

(٤٢٣) لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَه) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِذَا أكَلَ أحَدُكُمْ طَعَاماً فَلْيَقُلْ بِسْمِ اللهِ ، فَإِنْ نَسِيَ فِي أَوَّلِهِ فَلْيَقُلْ بِسْمِ اللهِ فِي أَوَّلِهِ وَآخِرِهِ)) واتە : ئەگەر یەکێکتان خواردنی خوارد ئەوە با بڵێت (بسم الله) جا ئەگەر لەیادی چوو لەپێشەوە بیلێت ئەوە با بڵێت ((بِسْمِ اللهِ فِي أَوَّلِهِ وَآخِرِهِ)) [رواه احمد (٦/٢٠٧) وابوداود (٤/رقم/٣٧٦٧) والترمذی (٤/٢٨٨/١٨٥٨) وابن ماجة (٢/١٠٨٦/٣٢٦٤) وهو حديث صحيح بروانه الارواء (١٩٦٥) وصحيح ابن ماجة (٢٦٤١)] .

(٤٢٤) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِذَا أكَلَ أحَدُكُم فَلْيَأْكُلْ بِيَمِينِهِ وَإِذَا شَرِبَ فَلْيَشْرَبْ بِيَمِيْنِهِ فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَأْكُلُ بِشِمَالِهِ)) واتە : ئەگەر یەکێکتان خواردنی خوارد ئەوە با بەدەستی ڕاست بیخوات وە ئەگەر خواردنەوەی خواردەوە ئەوە با بەدەستی ڕاست بیخواتەوە چونکە شەیتان بە چەپ دەخوات و بەچەپیش دەخواتەوە [رواه مسلم (٣/١٥٩٨/٢٠٢٠) وابوداود (٤/رقم/٣٧٧٩) والترمذی (٤/٢٥٨/١٨٠٠)] .

(٤٢٥) لەبەر فەرموودەکەی (جُحَيْفَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : من لای پێغەمبەر بووم (ﷺ) جا بەپیاوێکی فەرموو کە لەلای دابوو ((لَا آكُلُ وَأنَا مُتَّكِيءٌ)) واتە : من بەهەڵاژیانەوە (ڕاکشانەوە) خواردن ناخۆم [رواه البخاری (٩/رقم/٥٤٩٩)] .

(٤٢٦) لەبەر فەرموودەکەی (عَمْرُو بنُ أبِي سَلَمَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : من منداڵ بووم لە باوەشی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) جا لەکاتی خواردن دا



منتدى إقرأ الثقافي

**وە لەدەوروبەری قاپەکەوە نەك لەناوەڕاستی‌یەوە [٤٢٧] وە پاك كردنەوەی قاپەكەو لێساندنەوەی پەنجەكانی پاش تەواو كردن [٤٢٨] ولەكۆتایی خواردنیش دا سوپاسی خوای گەورە بكات [٤٢٩]**

---

دەستم بە هەموو لایەكی قاپەكەدادەگەڕاند ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پـێی فـەرمووم : ((يَاغُلَامُ سَمِّ اللهَ وَكُلْ بِيَمِيْنِكَ وَكُلْ مِمَّا يَلِيكَ)) واتـە : ئـەی مـنداڵ نـاوی خوابێنـەو بەدەستی ڕاست بخۆو لەبەر دەستی خۆتەوە بخۆ ، جا لە پاش ئەوە ئیتر خواردنی من بەو شێوەیە بوو [رواه البخاري (٩/رقم/٥٢٧٦) ومسلم (٣/١٥٩٩/٢٠٢٢) وغيرهما] .

(٤٢٧) لەبەر فەرموودەكەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((البَرَكَةُ تَنْزِلُ وَسَطَ الطَّعَامِ فَكُلُوا مِنْ حَافَتَيْهِ وَلَا تَأْكُلُوا مِنْ وَسَطِهِ)) واتە : بەرەكەت بەسەر ناوڕاستی خواردن دا دادەبەزێت ، بۆیە لەلێوار و ئەم لاو ئەولاكانی‌یەوەبخۆن ، وەلە ناوڕاستی‌یەوە مەخۆن [رواه الترمذي (٤/٢٦٠/١٨٠٥) وابن ماجة (٢/١٠٩٠/٣٢٧٧) وهو حديث صحيح بروانه صحيح ابن ماجة (٢٦٥٠)] .

(٤٢٨) لەبەر فەرموودەكەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر خواردنێكی بخواردایە هەرسێ پەنجەكانی — كەخواردنی پـێ دەخـوارد — دەلێسایەوە ، وەدەیفەرموو ((إِذَا سَقَطَتْ لُقْمَةُ أَحَدِكُمْ فَلْيَمِطْ عَنْهَا الأَذَىٰ وَلْيَأْكُلْهَا وَلَايَدَعْهَا لِلشَّيْطَانِ)) واتە : ئەگەر تیكەی یەكێكتان كەوت ئەوە با پاكی كاتەوە و بیخوات ونەیهێڵێتەوە بۆ شەیتان . (أَنَس) فەرمووی : وەفەرمانی پـێ دەكردین كەوا قاپەكە پاك بكەینەوە لەخواردن و دەیفەرموو ((فَإِنَّكُمْ لاتَدْرُونَ فِي أَيِّ طَعَامِكُمُ البَرَكَةَ)) واتە : چونكە ئێوە نازانن بەرەكەت لەچی خواردنێكتان دایە [رواه مسلم (٣/١٦٠٧/٢٠٣٤) وغيره] .

(٤٢٩) لەبەر ئەو فەرموودانەی كەلەو بارەیەوە هاتون ، لەوانە فەرموودەكەی (أَبُو أُمَامَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر خواردنەكەی هەڵبگرتایە دەیفەرموو : ((الحَمْدُ لِلهِ كَثِيراً طَيِّباً مبَارَكاً فِيهِ غَيْرَ مَكْفِي وَلامُوَدَّعٍ وَلا مُسْتَغْنىً عَنْهُ رَبَّنَا)) واتە : سوپاس بۆ خوای گەورە سوپاسێكی زۆری پاكی بەبەرەكەت ، سوپاسێك وەرگیراو بێت لای ئەو وە نەبڕاوەبێت وە بەردەوام پێویست دار بین پـێی ئەی



منتدى إقرأ الثقافي

# خواردنەوە ( الأشرِبَة )

## هەر شتێك مرۆڤ بێ هۆش بكات (ژیری نەهێڵێت) حەرامە (٤٣٠)

[رواه البخاري (٩/رقم/٥٤٥٨) وغيره وفي رواية ابن ماجه (٢/رقم ٣٢٨٥)] جاء بلفظ : پەروەردگارمان ((الحَمْدُ للهِ حَمْداً كَثيراً ...)) .وەئەم سوپاس و دووعاكردنە شێوەی تریشی هەیە دەتوانیت بڕوانیتە كتێبی (الكَلِمُ الطَّيِّب)ی( شَيْخُ الإسْلام إبنُ تَيْمِيَة) بە لێكۆڵینەوەی (تحقيق) (شيخ ألباني) كەناوی ناوە (صَحيحُ كَلِمِ الطَّيِّب) .

(٤٣٠) لەبەر فەرموودەكەی (إبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((كُلُّ مُسْكِرٍ خَمْرٌ وكُلُّ مُسْكِرٍ حَرَامٌ)) واتە : هەموو بێ هۆش كەرێك مەیە و هەموو بێ هۆش كەرێكیش حەرامە [رواه مسلم (٣/١٥٨٧/٢٠٠٣) وأبو داود (٤/رقم ٣٦٧٩) وغيرهما] .

جا ئەم فەرموودەیە هەموو جۆرە بێ هۆشكەرێك دەگرێتەوە ئیتر ئاوی ترێ بێت یان ئاوی خورما بێت یان هەرشتێكیتر بێت ، وەكو (تلياك) ، وە ئەو جۆرە داهاتوە تازانەیش كەمرۆڤ بێ هۆش دەكات ، جا هەمووی بەر فەرموودەكەی خوای گەورە دەكەوێت لەسورەتی (المائدة : ٩٠) . دا كەدەفەرمووێ :﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلاَمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ واتە : ئەی ئەوانەی كەباوەڕتان هێناوە بەڕاستی مەی و قومار و بتەكان و (الأَزْلام) - جۆری بەخت تاقی كردنەوە — پیسن و لە كردەوەی شەیتانن بۆیە خۆتانی لێ بەدوور بگرن بەڵكو ڕزگار وسەرفرازبین .

وەلە فەرموودەكەی (عَائِشَه) دا (خوای لێ ڕازی بێت) هاتوە كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسیاری لێكرا لەبارەی (البِتْع)ە وە كەئاوی هەنگوینە ، كەخەڵكی (اليَمَن) دەیانخواردەوە ، جا پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : ((كُلُّ شَرَابٍ أسْكَرَ فَهُوَ حَرَامٌ)) واتە : هەر خواردنەوەیەك مرۆڤ بێ هۆش بكات ئەوە حەرامە [رواه البخاري (١/رقم/٢٤٢)و(١٠/رقم/٥٥٨٥) ومسلم (٣/١٥٨٥/٢٠٠١) وأصحاب السنن] .



منتدى إقرأ الثقافي

وەفەرموودەی ڕاستمان لەم بارەیەوە زۆرە ، کەوا هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە لەم مەسەلەیەدا .

## تێبینی :

یەکەم : مەی خواردنەوە یەکێکە لەتاوانە گەورەکان لەئیسلام دا وەنەفرەتی(لَعْنَة) لێ کراوە وەلەو کەسەیشی بیخواتەوە ، وەلەوەیشی بیگوشێت وە لەوەیشی بۆی دەگوشێت وەلەوەیشی دەیفرۆشێت وەلەوەیشی بۆی دەفرۆشن وەلەوەیشی هەڵی دەگرێت وەلەوەیشی بۆی هەڵدەگرێت وەلەوەیشی نرخەکەی دەخوات وەلەوەیشی کەتێی دەکات ، لەبەر ئەو فەرموودانەی کەلەم بارەیەوە هاتوون کەلە (صَحِيْح إِبْنُ مَاجَه) وە دەرمان هێناوە :

(أ) فەرموودەکەی (أَبُو دَرْدَاء) (خوای لێ ڕازی بێت) کە فەرمووی : خۆشەویستم (ﷺ) وەسیەتی پێ کردم و فەرمووی ((لاَتَشْرَبِ الخَمْرَ فَاِنَّهَا مِفْتَاحُ كُلِّ شَرٍّ)) واتە : مەی مەخۆرەوە چونکە لەڕاستی دا مەی خواردنەوە کلیلی دەرگای هەموو خراپە یەکە [صحيح ابن ماجه (٢٧١٧) وصحيح الجامع (٧٣٣٤)] .

(ب) فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :((مَنْ شَرِبَ الخَمْرَ فِي الدُّنيَا لَمْ يَشْرَبْهَا فِي الآخِرَةِ إِلاَّ أَنْ يَتُوبَ)) واتە : هەر کەسێك لەدونیا دا مەی بخواتەوە ئەوە لەدوا ڕۆژدا نایخواتەوە — واتە لە مەیی بەهەشت بێ بەش دەبێت — مەگەر تەوبە بکات و پەشیمان بێتەوە [صحيح ابن ماجه (٢٧١٨) والسلسلة الصحيحة (٣٨٤)] .

(ج) فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :((مُدْمِنُ الخَمْرِ كَعَابِدِ الوَثَنِ)) واتە : ئەوەی کەوا لەسەر مەی خواردنەوە ڕاهاتوە وەکو بت پەرست وایە [صحيح ابن ماجه (٢٧٢٠) والسلسلة الصحيحة (٦٧٧) وهو حديث حسن].

(د) فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :((لُعِنَتِ الخَمْرُ عَلَى عَشْرَةِ أَوْجُهٍ : بِعَيْنِهَا وَعَاصِرِهَا وَمُعْتَصِرِهَا وَبَائِعِهَا وَمُبْتَاعِهَا وَحَامِلِهَا وَالمَحْمُولَةِ إِلَيْهِ وَآكِلِ ثَمَنِهَا وَشَارِبِهَا وَسَاقِيهَا)) واتە : مەی لەدە ڕووەوە نەفرەتی لێ کراوە : خودی خۆی وە ئەوەی دەیگوشێت وەئەویشی بۆی


منتدى إقرأ الثقافي

## وەئەوەیشی زۆری مرۆڤ بێ هۆش بکات کەمیشی هەر حەرامە[431] وە ئاو گوشاردن (الأنْتِبَاذ) دروستە لە نێو هەموو قاپ و کاسەیەك دا[432]

دەگوشرێت وە ئەوەی دەیفرۆشێ وە ئەویشی پێی دەفرۆشرێت وە هەلگری وەئەویشی بۆی هەلدەگیرێت وە بخۆری نرخەکەی وەئەوەیشی دەیخواتەوە وەئەوەیشی تێی دەکات [صحیح ابن ماجه (٢٧٢٥) والإرواء (١٥٢٩)] .

دووەم : هەندێك نەفام و ئارەزوو باز دەیانەوێت بە فێڵ هەندێك جۆری مەی بۆ خۆیان حەلاڵ بکەن بە هەر ناوێك وە لە ژێر هەر پەردەیەکیش دا بێت ، پێغەمبەری سەروەرمان ئاگاداری کردوینەتەوە لەم جۆرە کەسانە وەك لەفەرموودەکەی (أَبُو مَالك الأشْعَرِي) دا هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((لَيَشْرَبَنَّ نَاسٌ مِنْ أُمَّتِي الخَمْرَ وَيُسَمُّونَهَا بِغَيْرِ إِسْمِهَا)) واتە : بێ گومان کەسانێك لە ئومەتەکەی من مەی دەخۆنەوە ، وە بەناوێکی ترەوە ناوی لێ دەنێن [رواه ابو داود (٤/رقم/٣٦٨٨) وابن ماجه (٢/١٣٣٣/٤٠٢٠) بلفظ آخر عن (عبادة بن صامت) وهو صحيح بڕوانە صحيح ابن ماجه (٢٧٣٠)] .

(٤٣١) لەبەر فەرموودەکەی (عَائشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :((كُلُّ مُسْكِرٍ حَرَامٌ ، وَمَاأَسْكَرَ الفَرْقُ مِنْهُ فَمِلْءُ الكَفِّ مِنْهُ حَرَامٌ)) واتە : هەموو بێ هۆش کەرێك حەرامە وەئەوەی یەك (فَرْق)ی مرۆڤ بێ هۆش بکات ئەو گوێلێکیشی هەر حەرامە [رواه احمد (٦/١٧/١٣١) وابو داود (٤/رقم ٣٦٨٧) والترمذي (٤/٩٣/١٨٦٦) وهو صحيح بڕوانە الارواء (٢٣٧٦) ] .

وە (الفَرْق) واتە :سێ (صَاع)ە کەدەکاتە (١٢,٦١٧)لتر . وەفەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((مَا أَسْكَرَ كَثِيْرُهُ فَقَلِيْلُهُ حَرَامٌ)) واتە : ئەوەی زۆرەکەی بێ هۆش بکات ئەوە کەمەکەیشی هەر حەرامە [رواه احمد (٢/٩١) وابن ماجه (٢/١١٢٤/٣٣٩٢) وهو صحيح بڕوانە الارواء (٢٣٧٥) وصحيح ابن ماجه (٢٧٣٦) و روى هذا الحديث من طريق (جابر بن عبدالله) و (عَمْرُو بنُ العَاص) (رضي الله عنهما) بڕوانە سنن ابي داود (٤/رقم ١٨٦٥) وابن ماجه (٢/١١٢٥/٣٣٩٣،٣٣٩٤) واحمد (٣/٣٤٣) وهو صحيح بڕوانە صحيح ابن ماجه (٢٧٣٧) و (٢٧٣٨)] .

(٤٣٢) لەبەر فەرموودەکەی (بُرَيْدَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((كُنْتُ نَهَيْتُكُمْ عَنِ الأَشْرِبَةِ إِلاَّ فِي ظُرُوْفِ الأَدَمِ ، فَاشْرَبُوا فِي كُلِّ


منتدى إقرأ الثقافي

وەقەدەغە کراوە لەتێکەڵ کردنی مێوژ و خورمای قەسپ وە هەروەها تێکەڵ کردنی خورمای تەڕ و خورمای (بُسر) و ئاو گوشاردنیان پێکەوە (٤٣٣)

---

وِعَاءٍ غَيْرَ أَنْ لا تَشْرَبُوا مُسْكِراً)) واتە : من لەپێش دا قەدەغەم لیٚ کردبوون لەخواردنەوە لەهەموو جۆرە (ظُرُوف)ێك دا جگە لە (ظَرْف)ی پێست ، جا ئێستا لەهەموو (وِعَاء) ێك دا بخۆنەوە بەڵام تەنها شتێك مەخۆنەوە کەبێ هۆشتان دەکات [رواه مسلم (١٠٨٥/٣/٩٧٧)] .

(ظُرُوف) و (وِعَاء) : ئەو جۆرە گۆزە و بەرمیل و سەتڵ و قازانانەیە کە ئەو خواردنەوانە یان تێدا دروست دەکرێت .

(٤٣٣) لەبەر فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردوە لەناو گوشاردنی خورمای قەسپ و مێووژ پێکەوە وەقەدەغەیشی کردوە لەناو گوشاردنی خورمای تەڕ و خورمای (بُسْر) پێکەوە [رواه البخاري (١٠/رقم/٥٥٩٥) ومسلم (٣/١٥٧٤/١٩٨٦) وغيرهما] .

وەخورمای (البُسْر) : قۆناغی چوارەمە لەو قۆناغانەی کە خورما پێیدا تێپەڕ دەبێت لەپێگەیشتنی دا ، چونکە خورما یەکەم قۆناغی پیٚی دەوترێت (طَلْع) پاشان (خَلَال) پاشان دەبێتە (بَلَح) پاشان دەبێتە (بُسْر) پاشان دەبێتە خورما تەڕ (رُطَب) پاشان دەبێتە قەسپ (تَمْر) [بڕوانە مختار الصحاح] .

وەهۆی قەدەغە لیٚ کردنەکەیشی ئەوەیە کەوا بێهۆشی کردنەکەی زوو تر تووش دەبێت بەهۆی ئەو تێکەڵ کردنە ، جا ئەو کەسەی کە ئاو گوشاری دەکات گومان وا دەبات کەوا هێشتا نەگەیشتوەتە کاتی بێهۆش کردن — چونکە ئەگەر بەتەنها بیگوشێت ئەوە درەنگ تر پیٚ دەکات — بەڵام خۆیشی لەڕاستی گەیشتوەتە کاتی بێهۆش کردن . جا ئیمامی (النَّوَوِي) دەفەرموێ : لە بۆچوونی جەماوەری زانایان دا ئەم قەدەغەکردنە بۆ (كَرَاهَة)ە نەك بۆ (حَرَام) بوون ، چونکە کاتێك حەرام دەبێت ئەگەر بێهۆش کەر بێت و نیشانە کانی شاراوە نەبێت ، وەهەندێك لەزانا (مَالكية) کان ووتویانە ئەم قەدەغەکردنە بۆ (حَرَام) بوونە بڕوانە [شرح صحیح مسلم (٣/١٥٤-١٥٦)] .



منتدى إقرأ الثقافي

**وەکردنی مەی بەسرکەیش هەر حەرامە (٤٣٤) وە ئەو شتانەی کەمەی لێ دروست دەکرێت وەك خورماو مێوژ، ئەگەر ئاو گوشار بکرێت ئەوە دروستە بەتەنها بخورێتەوە، تاتامی دەگۆڕێت، جا ئەگەر گۆڕا ئەوە حەرامە (٤٣٥)**

---

وەلەڕاستی دا ڕاو بۆ چوونی دووەم زیاتر پەسەندە، چونکە ڕاستە هێشتا نەگەیشتوەتە کاتی بێ هۆش کردن و نیشانەکانی بەڕوونی دەر نەکەوتوە، بەڵام لە (بَاب)ی (سدُّ الذَّرَائِع) دا بۆ ئەوەی نەکەوێتە حەرامەوە حەرام کراوە، چونکە ئەو کەسە بەخۆی نازانێت تا لێ ی دەیخواتەوە، و لە (أصُول)یش دا زانراوە کەوا هەموو قەدەغە کردن (نَهي)ێك بۆ حەرام بوونە مەگەر بەڵگە(قَرِيْنَـه)یەك هەبێت لە حەرام بوونەوە لای بدات بۆ (كَرَاهَة). وە لێرەش دا هیچ بەڵگەیەك نییە لە(حَرَام)ەوە لای بدات بۆ (كَرَاهَة).

(٤٣٤) لەبەر فەرموودەکەی (أنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: ((پرسیاریان لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد لەبارەی مەیی (خَمر)ە وە کەوا بکرێتە سرکە (خَل)، ئەویش فەرمووی: نەء)) [رواه مسلم (٣/١٥٧٣/١٩٨٣) و أبو داود (٤/رقم/٣٦٧٥) والترمذي (٣/٥٨٩/١٢٩٤) وغيرهم].

وەفەرموودەکەی (أبُو طَلْحَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پرسیاری لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد لەبارەی چەند هەتیوێکەوە کەوا مەییان بەمیراتی بۆ ماوەتەوە، ئەویش فەرمووی: بیڕێژە، ووتی: ئایە بەسرکەی نەکەین؟ فەرمووی: نەء [رواه ابو داود (٤/رقم/٣٦٧٥) والترمذي (٣/٥٨٨/١٢٩٣) وأحمد في الفتح الرباني (١٧/١٤٠/١٣٠) وهو حديث صحيح بروانه صحيح سنن الترمذي (١٠٣٩)].

وەفەرموودەکەی (وَائِل الحَضْرَمِي) کەوا پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا کرد (ﷺ) لەبارەی مەییەوە بکرێتە سرکە؟ فەرمووی: نەء، ووتی: من تەنها بۆ دەرمان بەکاری دێنم؟ فەرمووی: ((إنَّهُ لَيسَ بِدَوَاءٍ وَلَكِنَّهُ دَاءٌ)) واتە: بەڕاستی ئەوە دەرمان نییە بەڵکو ئەوە نەخۆشییە [رواه مسلم (٣/١٥٧٣/١٩٨٤)].

(٤٣٥) لەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: ((لەڕاستیدا مێوژ بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاو گوشار دەکرا، جا ئەو ڕۆژە لێ ی


منتدى إقرأ الثقافي

# شێوازی خواردنەوە ( آدَابُ الشُّربِ )

## خواردنەوەی بەدەستی ڕاست [٤٣٦] وە بەدانیشتنەوە [٤٣٧]

دەخواردەوە و ڕۆژێ دوای ئەوەیش و ڕۆژێکی تریش ، تا ئێوارەی ڕۆژی سێیەم ، پاشان فەرمانی بەخزمەت کارەکەی دەکرد بیخواتەوە یان دەڕێژرا [رواه مسلم (٣/١٥٨٩/٢٠٠٤) وابوداود (٤/رقم/٣٧١٣) وغيرهما] .

واتە : پاش ڕۆژی سێیەم ئەگەر خراپ بوایە ئەوە دەڕێژرا و حەرام دەکرا خواردنەوەی ، بەڵام ئەگەر خراپ نەبوایە ئەوە دەیدایە خزمەت کارەکەی بیخواتەوە ، چونکە ڕژاندنی ماڵی پاك و فەوتاندنی حەرامە .

(٤٣٦) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ/٤٢٤) .

(٤٣٧) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد الخُدْرِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە لەخواردنەوە بەپێوە)) [رواه مسلم (٣/١٦٠١/٢٠٢٥)].

وە فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لايَشْرَبَنَّ أَحَدُكُمْ قَائِماً فَمَنْ نَسِيَ فَلْيَسْتَقِيء)) واتە : هیچ کەسێکتان بەپێوە شت مەخۆنەوە ، جاهەر کەسێك لەیادی چوو با خۆی بڕشێنێتەوە [رواه مسلم (٣/١٦٠١/٢٠٢٦)] .

وە ئەم فەرموودانە هیچی دژایەتی فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) ناکات (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا بەپێوە لەناوی زەمزەمی خواردەوە)) [رواه البخاري (١/رقم/٥٦١٧) ومسلم (٣/١٦٠١/٢٠٢٧) وغيرهما] .

وە دژایەتی فەرموودەکەی (عَلِي)یش ناکات (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا نوێژی نیوەڕۆی بەخەڵکی کرد ، پاشان لە دەشتایی (كُوفَه)دا دانیشت بۆ پێویستی خەڵکی ، تا نوێژی عەسر هاتە پێشەوە ، پاشان ئاویان بۆ هێنا جا لێی خواردەوەو دەم و چاوی و هەردوو دەستی شۆرد ، وەباسی مەسحیسەر و شۆردنی هەردوو پێیشی کرد ، پاشان


منتدى إقرأ الثقافي

## وە بەسێ جار (٤٣٨) وە هەناسە نەدان و فوو نەکردنە ناوی پەرداخەکەدا (٤٣٩)

هەستاو زیادە ئاوێکی خواردەوە بەپێوە ؛ پاشان فەرمووی : هەندێك خەڵك بە باشی نازانن بەپێوە خواردنەوە ، بەڕاستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وای کرد وەکو من کردم)) [رواه البخاری (١٠/رقم/٥٦١٦) وغیره] .

وە هەروەها لەگەڵ فەرموودەکەی (إبنُ عُمَر)یش دا (خوایان لێ ڕازی بێت) کە [ئیمامی الترمذی (٤/٣٠٠/١٨٨٠) وابن ماجه (٢/١٠٩٨/٣٣٠١) ریوایەتیان کردووە ، وهو حدیث صحیح بروانه صحیح ابن ماجه (٢٦٧٠)] .

چونکە ئەو قەدەغە کردنانە کەلە فەرموودەکەی (أبُو سَعِيْد) و (أبُو هُرَيْرَة) دا هاتوە (حَمْل) دەکرێنە سەر (كَرَاهَة) دا . کەوابوو تا بکرێت باش وایە و سوننەتە موسوڵمان بەدانیشتنەوە خواردنەوە بخواتەوە وە ئەگەر لەهەندێك حاڵەت دا بەپێوە خواردیەوە ئەوە هیچ تاوانێکی لە سەرنییە . (واللهُ أَعْلَم) .

(٤٣٨) لەبەر فەرموودەکەی (أنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرموی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە — خواردنەوەی — پەرداخێك دا سێجار هەناسەی دەدا)) واتە : بەرداخێك ئاوی بەسێ جار دەخواردەوە لەنێوانیان دا هەناسەی دەدا [رواه البخاری (١٠/رقم/٥٦٣١) ومسلم (٣/١٦٠٢/٢٠٢٨) وغیرهما] .

(٤٣٩) لەبەر فەرموودەکەی (أبُو قَتَادَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِذَا شَرِبَ أَحَدُكُمْ فَلاَ يَتَنَفَّسْ فِي الإِنَاءِ)) واتە : ئەگەر یەکێکتان خواردنەوەی خواردەوە ئەوە با هەناسە نەدات لەناو قاپەکەدا [رواه البخاری (١٠/رقم/٥٦٣٠) ومسلم (٣/١٦٠٢/٢٦٧) وغیرهما] .

وە فەرموودەکەی (إبنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە کەوا هەناسە لەنێو قاپدا بدرێت یان فووی تێ بکرێت)) [رواه احمد (١/٢٢٠) وابو داود (٤/رقم/٣٧٢٨) والترمذی (٤/٣٠٠/١٨٨٨) وابن ماجه (٢/١١٣٤/٣٤٢٩) وهو حدیث صحیح بروانه الارواء (١٩٧٧)] .



منتدى إقرأ الثقافي

وە سوننەت وایە لەلای گەورەو پیاو ماقووڵی مەجلیسەوە دەست پێ بکرێت پاشان بەلای ڕاستی ئەودا (٤٤٠) وە ئەوەی کەپێشکەشی دەکات خۆی پاش هەموویان دەخواتەوە (٤٤١) وەحەرامە خواردن و خواردنەوە

---

وە فەموودەکەی (أَبُـو سَعِيْدِ الخُدْرِي) (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا فـەمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردوە لەفوو کردنە نێو خواردنەوە ، جا پیاوێك وتی : ئەی ئەگەر شتێکم بەرچاو کەوت لەنێویدا ، ئەویش فەرمووی : لێ ی بڕێژە ، جا وتی : ئەی من بەیەك هەناسە تێر ناخۆمەوە ، فەرمووی : جا پەرداخەکە لەدەمتەوە دوور بکەرەوە تا هەناسەکە دەدەیت)) [رواه احمد فی الفتح الربانی (١٧/١١٣/٣٥) والترمذی (٤/٢٩٩/١٨٨٧) وهو حدیث حسن بروانه السلسلة الصحیحة (٣٨٥) وصحیح سنن الترمذی (١٥٣٨)] .

(٤٤٠) لەبەر فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا فـەرمووی ((ماستیان بۆ پێغەمبەر (ﷺ) هێنا کەئاوی تێکەڵ کرابوو (ماستاو) لەلای ڕاستیەوە کابرایەکی دەشتەکی بوو وەلەلای چەپیەوە (أَبُو بَكْر) بوو ، جا خۆی لێی خواردەوە ، پاشان دای بەکابرای دەشتەکی و فەرمووی ((الأَيْمَنُ فَالأَيْمَنُ)) واتە : لای ڕاست بخواتەوە جا بیداتە لای ڕاستی خۆی)) [رواه البخاری (١٠/رقم/٥٦١٩) ومسلم (٣/١٦٠٣/٢٠٢٩) وغیرهما] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (سَهْلُ بنُ سَعْد) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەر خوا (ﷺ) خواردنەوە یەکیان بۆ هێنا جا خۆی لێی خواردەوە ، وەلەلای ڕاستیەوە منداڵێك بوو وەلە لای چەپیەوە پیاوە بەتەمەنەکان بوون ،جابەمنداڵەکەی فەرموو: ((ئایە ڕوخسەتم دەدەیت بیدەم بەوان))منداڵەکەیش وتی :(وَ اللهِ) ی ئەی پێغەمبەری خوا بەشی خۆم لەپاش ماوەی تۆ بەکەس نابەخشم ، جا دای بەئەو)) [رواه البخاری (١٠/رقم/٥٦٢٠) ومسلم (٣/١٦٠٤/٢٠٣٠)] .

(٤٤١) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو قَتَادَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((سَاقِي القَوْمِ آخِرُهُمْ شُرْبًا)) واتە : ئەوەی خواردنەوە دەگێڕێت خۆی دوای هەموویان دەخواتەوە [رواه مسلم (١/٤٧٢/٦٨١) فی حدیث طویل وابو داود (٤/رقم/٣٧٢٥) والترمذي (٤/٣٠٧/١٨٩٤) وابن ماجه (٤/١١٣/٣٧٢٥)] .


منتدى إقرأ الثقافي

لەقاپ و کاسە و پەرداخی ئاڵتون و زیودا (٤٤٢) وە قەدەغە کراوە لەخواردنەوە لەدەمی کونە یان هەرشتێکی تر کەئاوەکەی تێدا بەچاو نەبینرێت . (٤٤٣)

---

(٤٤٢) لەبەر فەرموودەکەی (حُذَيْفَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو : ((لاتَلْبِسُوا الحَرِيْرَ وَلَا الدِّيْبَاجَ وَلَاتَشْرَبُوا فِي آنِيَةِ الذَّهَبِ وَ الفِضَّةِ وَلاَ تَأكُلُوا فِي صِحَافِهَا فَإنَّهَا لَهُمْ فِي الدُّنْيَا وَلَكُمْ فِي الآخِرَة)) واتە : پۆشاکی هەوریشم و (دِيْبَاج) لەبەر مەکەن وەلە پەرداخی ئاڵتون و زیودا هیچ مەخۆنەوە و لەقابلەمەکانی –زیو وئاڵتون– دا هیچ مەخۆن ، چونکە ئەوە بۆ ئەوانە –کافران– لەدونیادا وەبۆ ئێوەیە– موسوڵمانان – لەدوا ڕۆژدا [رواه البخاري (٩/رقم/٥٤٢٦) و مسلم (٣/١٦٣٨/٢٠٦٧)] .

(٤٤٣) لەبەر فەرموودەکەی (أبُو سَعِيْد) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردووە لە (إخْتِنَاثُ الأسْقِيَة) کەوا لەدەمەکانیانەوە بخورێتەوە [رواه البخاري (١٠/رقم/٢٦٢٥) ومسلم (٣/١٦٠٠/٢٠٢٣) وغيرهما وفي رواية لمسلم (٣/٦٠٠/٢٠٢٣)] .

وە (إخْتِنَاث):کردنی ئەوەیە کەوا سەرەکەی هەڵبگێڕیتەوە پاشان لێی بخواتەوە .

وە (الأسْقِيَة) : کۆی (سقَاء) ە ، ئەویش ئەوەیە کەئاوی تێدەکرێت ئەگەر لەپێست دروست بکرێت ، وە بەکوردی پێی دەوترێت کونە ی ئاو . جا ئەم قەدەغەکردنە بۆ ئەوەیە نەوەك شتێکی پیسی تێدابێت، پێی نەزانێ وبیخواتەوە ، وەجگە لەوەیشبە ئەو جۆرە خواردنەوەیە زیانی بۆ گەدە (مَعِدَه) هەیە .

**( الحَمْدُ لِلّه ) ئەوە بەشی خواردن و خواردنەوە کۆتایی پێ هات وئێستایش دەچینە سەر بەشی پزیشک و خۆچارە کردن**



منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی پزیشك و خۆچارەكردن لە نەخۆشی (الطِّبّ وَ التَّداوِي)

## دەرمان وەرگرتن و هەوڵدان بۆ خۆچارەكردن لەنەخۆشی پێویستە (٤٤٤) وەحەرامیشە ئەگەر بەشتی حەرام (٤٤٥)

---

(٤٤٤) لەبەر فەرموودەكەی (جَابِرُ بنُ عَبْدالله) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لِكُلِّ دَاءٍ دَوَاءٌ فَإِذَا أُصِيبَ دَوَاءُ الدَّاءَ بَرِيءَ بِإِذْنِ اللهِ)) واتە : بۆ هەموو نەخۆشییەك دەرمانێك هەیە جا ئەگەر دەرمانەكە بەری نەخۆشییەكە بكەوێت ئەوە چاك دەبێتەوە بەویستی خوا . [رواه مسلم (٤/١٧٢٩/٢٢٠٤) وغيره وأخرج ما بمعناه البخاري (١٠/رقم/٥٦٧٨) عن ابي هريرة] .

وەلەبەر فەرموودەكەی (أُسَامَةُ بنُ زَيْد) یش (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی : دەشتەكی (أَعْرَاب)یەكان بەپێغەمبەری خوایان (ﷺ) ووت : ئەی پێغەمبەری خوا ئایە خۆمان چارە سەر نەكەین ؟ فەرمووی : ((نَعَمْ ، عِبَادَ اللهِ تَدَاوَوا فَإِنَّ اللهَ لَمْ يَضَعْ دَاءً إلاَّوَضَعَ لَهُ شِفَاءً إلاَّ دَاءً وَاحِداً)) واتە : بەڵێ ، بەندەكانی خوا خۆتان چارەسەر بكەن چونكە خوای گەورە هیچ نەخۆشییەكی دانەناوە ئیللا چارەسەریشی بۆ داناوە ، جگە لەیەك نەخۆشی ، ووتیان : ئەوە چییە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟ فەرمووی : ((الهَرَمُ)) واتە : پیربوون [رواه ابو داود(٣ /رقم/٣٨٥٥) والترمذي (٤/٣٨٣/٢٠٣٨) وابن ماجه (٢/١١٣٧/٣٤٣٦) وهو صحيح بروانە السلسلة الصحيحة (٤٣٣) وصحيح ابن ماجة (٢٧٧٢)] .

(٤٤٥) لەبەر فەرموودەكەی (أَبُو دَرْدَاء) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِنَّ اللهَ أَنْزَلَ الدَّاءَ وَالدَّوَاءَ وَجَعَلَ لِكُلِّ دَاءٍ دَوَاءً فَتَدَاوَوا ، وَلاَ تَدَاوَوا بِحَرَامٍ)) واتە: بەڕاستی خوای گەورە نەخۆشی و چارەسەركردنیشی دابەزاندوە ، وەبۆ هەموو نەخۆشییەك چارەیەكی داناوە ، جا خۆتان چارەسەر بكەن ، وەخۆتان


منتدى إقرأ الثقافي

## وەباشیش نییە بەداخ کردن بکرێت (٤٤٦)

---

بەشتی حەرام چارەسەر مەکەن .[رواه ابو داود (٤/رقم/٣٨٧٤) وهو حديث حسن بشواهده بروانە تخريج جامع الأصول (٥١٢/٧) لعبد القادر الأرناؤوط التعليقة (١)].

وەفەرموودەکەی (إِبْنُ مَسْعُود) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِنَّ اللهَ لَمْ يَجْعَلْ شِفَاؤُكُمْ فِي مَاحَرَّمَ عَلَيْكُمْ)) واتە : بەڕاستی خوای گەورە چارە سەرتانی لەوەدا دانەناوە کە لەسەر تان حەرامی کردوە . [رواه البخاري معلقاً (٧٨/٩) ووصله إبن حجر في الفتح الباري (٧٩/٩)] .

وە فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەفەرمووی پێغەمبەری خوا (ﷺ) قەدەغەی کردوە لەچارە سەرە پیسەکە ((الدَّوَاءُ الخَبِيْثِ)) [رواه احمد (٣٠٥/٢) وأبو داود (٤/رقم ٣٨٧٠) والترمذي (٢٠٤٥/٣٨٧/٤) وابن ماجه (٣٤٥٩/١١٤٥/٢) وهو حديث صحيح بروانە صحيح ابن ماجه (٢٧٨٥)] .

(٤٤٦) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) ، کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((الشِّفَاءُ فِي ثَلَاثَةٍ ، فِي شَرْطَةِ مُحْجِمٍ أَوْ شُرْبَةِ عَسَلٍ أَوْ كَيَّةٍ بِنَارٍ وَأَنْهِي أُمَّتِي عَنِ الكَيِّ)) واتە : شیفاو چارەسەر لەسیان دایە لەت کردنێك و خوێن دەرکردن لێی (کەڵەشاخ) ، یان لەخواردنەوەیەکی هەنگوین ، یان لەداخ کردنێك دایە بەئاگر ، وەمن ئوممەتەکەم قەدەغە دەکەم لەداخ کردن . [رواه البخاري (١٠/رقم٥٦٨٠) وابن ماجه (٣٤٩١/١١٥٥/٢)] .

وەلە (لَفْظ) ێکی تردا دەفەرموێ : ((وَمَا أُحِبُّ أَنْ أَكْتَوِي)) واتە : وەپێم خۆش نییە داخ بکەم . [رواه البخاري (١٠رقم/٥٧٠٤)ومسلم (٢٢٠٥/١٧٢٩/٤) من حديث (جابر)].

وەلەفەرموودەکەی (أَنَس) دا هاتوە (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) داخی (سَعْدُ بنُ زُرَارَة) ی کرد لەدرکێك [ رواه الترمذى (٢٠٥٠/٣٩٠/٤) وهو حديث صحيح بروانە صحيح الترمذى (صحيح ابن ماجه (٢٨١٤) ] .

وەچەند فەرموودەیەکی تریشمان هەیە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی بۆ هاوەڵانی داخی کردوە بروانە [صحيح ابن ماجه رقم(٢٨١٥،٢٨١٦)].



منتدى إقرأ الثقافي

بەڵام چارەسەرکردن دروستە بەکەڵە شاخ کردن (٤٤٧) وە هەروەها بەئایەتی قورئان (٤٤٨)

---

کەوا بوو ئەو قەدەغەکردنەی فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) بۆ (كَرَاهَـة)ە ، چونکە سزا دانە بە ئاگر ، وە بۆ کەسیش نیيە سزا بدات بەئاگر تەنها پەروەردگاری ئاگر نەبێت.

(٤٤٧) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) و (جَابِر) (خوایان لیٚ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٤٤٦) وەلە بەر فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی :((پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەڵە شاخی دەکرد لەسەر دوو ڕەگەکەی بنار مل وە لەسەر نێو شان ، وەلەڕۆژانی حەڤدە(١٧) و نۆزدە(١٩) و بیست و یەك(٢١) دا کەڵەشاخی دەکرد)) [رواه ابو داود (٤/رقم/٣٧٦٠) والترمذي (٤/٣٩٠/٣٠٥١) وابن ماجه (٢/١١٥٢/٣٤٨٣) وهو حديث صحيح بڕوانە السلسلة الصحيحة للألباني (٩٠٨) وصحيح ابن ماجه (٢٨٠٥)] .

(٤٤٨) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەنای دەگرت خوا لەچاوی جنۆکەو چاوی مرۆڤیش ، جا کە (المُعَوِّذَتَان) دابەزی دەستی بەخوێندنی کرد و وازی لەهەموو شتێکی‌تر هێنا)) [رواه الترمذي رقم (٢١٥٠) وابن ماجه رقم (٣٥١١) وهو صحيح بڕوانە صحيح الترمذي (١٦٨١) وصحيح ابن ماجه (٢٨٣٠) ومشكاة المصابيح تخريج الألباني (٤٥٦٣) ]. (مُعَوِّذَتَان):سورەتی (الفَلَق) وسورەتی(النَّاس)ە .

وەقورئان هەمووی شیفایە وەك لەسورەتی (الإسراء :٨٢) دا کەدەفەرمویٚ : ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ القُرآنِ مَاهُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلمُؤْمِنِينَ﴾ واتە : وەلەم قورئانەدا دا دەبەزێنین ئەوەی کەشیفا و ڕەحمەتە بۆ باوەڕداران . بەڵام چەند سورەت و ئایەتێك هەیە کەوا زیاتر جەخت کراوە لەسەری وەك سورەتی (الفَاتِحَة) وە سورەتی (البَقَرَة) بەگشتی وە بەتایبەتی ئەم ئایەتانەی (١-٤) ، (١٦٣-١٦٤) ، (٢٥٥-٢٥٧) ، (٢٨٤-٢٨٦) (وآل عِمْرَان) ئایەتی (١١٥-١١٨) وەسورەتی (الجِن) هەمووی و (الصَّافَّات) ئایەتی (١-١٠) و (الحَشْر) ئایەتی (٢١-٢٤) و (الرَّحْمَٰن) ئایەتی (٣١-٣٤) و (القَلَم) ئایەتی (٥١-٥٢) وەسورەتی (الإِخْلَاص) و (الفَلَق) و (النَّاس) .



منتدى إقرأ الثقافي

## وە بەدوعای شەر عیش (٤٤٩) وە باش نی‌یە زۆر کردن لەنەخۆش بۆ ئەوەی خواردن بخوات (٤٥٠)

---

(٤٤٩) ئیتر ئەو دوعایە خوای گەورە لەقورئاندا فێری کردبین یان پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسوننەت دا یان هاوەڵەکان و شوێن کەوتوان و پێشینە پیاو چاکەکانی ئوممەت (السَّلَفُ الصَّالِح) کردبێتیان ، یان هەر دوعایەك بێت بەلام (شِرْك)ی تێدا نەبێت ، وەدوعای ئایەتمان زۆرە لە قورئان دا وە لەفەرموودە (صَحِیْح)ە کانی پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) ، وەپێغەمبەری خوا زۆر دوعای فێر کردوین لەوانە زیکرەکانی بەیانیان و ئێواران و نوێژو دەست نوێژو مزگەوت و خواردن و خواردنەوەو لەماڵ دەرچوون و گەڕانەوەو سەفەر کردن خەوتن و هەڵسان لەخەو و ... هتد . [ بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە نامیلکەی (حِصْنُ المُسْلِم) و (صَحِیْحُ كَلِمِ الطَّیِّب) ] ، وە (عَوْفُ بنُ مَالِك) (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێ : لەکاتی نەفامی‌دا – پێش ئیسلام (رُقْیَة) مان دەکرد ، جا وتمان : ئەی پێغەمبەری خوا ئەمە چۆن دەبینی؟ ئەویش فەرمووی : ((أعْرِضُوا عَلَيَّ رُقَاكُمْ ، لاَبَأْسَ بِالرُّقَىٰ مَالَمْ يَكُنْ فِيهِ شِرْكٌ)) . واتە : (رُقْیَە) کانتانم بە سەردا بخوێننەوە ، هیچ خراپەیەك لە (رُقْیَە)دا نی‌یە ، ئەگەر شیرکی تێدا نەبێت [رواه مسلم (٤/١٧٢٧/٢٢٠٠) وابو داود (٣/رقم/٣٨٨٦)] .

وەفەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر کەسێك لەکەس و کاری نەخۆش بکەوتایە ، ئەوە فووی پێدا دەکرد بە (مُعَوِّذَات) جا کەخۆی نەخۆش کەوت ، ئەو نەخۆشییەی کەتێیدا وەفاتی کرد ، من فووم بە سەری دا دەکرد و بەدەستی خۆی مەسحم پێ دەکرد ، چونکە دەستی خۆی لەدەستی من پیرۆزترە [رواه البخاري (١٠/رقم/٥٧٤٨) ومسلم رقم (٢١٩٢) وە فەرموودەی تر لەم بارەیەوە زۆرە] . (مُعَوِّذَات): سورەتی(الإِخْلَاص)و(الفَلَق)و(النَّاس)ە .

(٤٥٠) لەبەر فەرموودەکەی (عُقْبَةُ بنُ عَامِر الجُهَنِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لاتُكْرِهُوا مَرْضَاكُمْ عَلَى الطَّعَامِ فَإِنَّ اللهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ يُطْعِمُهُمْ وَ يُسْقِيهِمْ)) واتە : زۆر لەنەخۆشەکانتان مەکەن لەسەر نان خواردن ، چونکە خوای گەورە خۆی تێریان دەکات و تینوێتیان دەشکێنێت [رواه الترمذي (رقم (٢١٢٨)) وابن ماجه رقم (٣٤٤٤) وهو صحيح بڕوانە السلسلة الصحيحة (٧٢٧) وصحيح الترمذي (١٦٦١) وصحيح ابن ماجه (٢٧٧٧)] .



منتدى إقرأ الثقافي

وەلەقورئان و فەرموودەی ڕاست دا ئاماژە بۆ زۆر چارەسەر کراوە .[٤٥١] .

---

(٤٥١) دەتوانیت تەماشای نامیلکەی (عِلَاجُ الأمْرَاضِ بِالقُرآنِ وَ السُنَّةِ)ی (عَبْدُالمَجِيْد بن عَبْدُالعَزِيْز الزَّحَّام) بکەیت وە هەروەها تەماشای (صَحِيْح البُخَاري / كِتَاب الطِّب) و (صَحِيْح مُسْلِم) و (سُنَن أبي دَاوُد/ كِتَابُ الطِّب) و (سُنَن التِّرْمِذِي /أبواب الطِّب) و (سُنَن إبْنُ مَاجه / كِتَابُ الطِّب) و (سُنَنُ النَّسَائِي) وە (سُنَن) و (مَسَانِيْد) و (مُصَنَّفَات) ی تری زانا پایە بەرزەکانی ئیسلام بکەین .

( الحَمْدُ لِلّٰهِ ) ئەوە بەشی پزیشك و خۆ چارەکردن کۆتایی پێ هات وئێستایش دەچینە سەر بەشی دادگاو بڕیاردان



منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی دادگا و بڕیار دان

## (القضاء)

**دادوەری نێوان خەڵکی پێویستی (کِفَایَه) یە (٤٥٢) وەخێرێکی زۆری تێدایە بۆ کەسێك مافی خۆی پێ بدات (٤٥٣)**

---

(٤٥٢) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (ص :٢٦) دا کە دەفەرموێ ﴿يَادَاوُدُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيْفَةً فِي الأَرْضِ فَاحْكُمْ بَيْنَ النَّاسِ بِالحَقِّ﴾ واتە : ئەی (داود) ئێمە تۆمان کردوە بەجێنشین لەسەر زەوی دا ، جا بەحەق و ڕاستی داوەری نێوان خەڵکی بکە . وەلەسورەتی (المائدة :٤٩)دا دەفەرموێ : ﴿وَأَنِ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللّٰهُ﴾ واتە : وەبەوەی خوا بۆتی دابەزاندوە داوەری بکە لە نێوانیان دا . وەپێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی داوەری کردوە لەنێوان خەڵکیدا ، وە هاوەڵانیشی ڕەوانەکردوە بە وڵاتاندا بۆ ئەوەی داوەری بکەن لەنێوانی خەڵکی دا ، وە خەلیفە ڕاشد یەکانیش ئەوایان کردوە وە بۆ هەموو وڵاتێك داوەریان داناوە ، وەژیانیش بەبێ ئەوە بەڕێوە ناچێت ، چونکە سروشتی مرۆڤ وایە کەوا لەنێوان یەك دا جیاواز بن ...

(٤٥٣) لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن مَسْعُود) (خوای لێ ڕازی بێت) بێت کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لَاحَسَدَ إِلاَّ فِي إِثْنَتَيْنِ : رَجُلٌ آتَاهُ اللّٰهُ مَالاً فَسَلَّطَهُ عَلَىٰ هَلَكَتِهِ فِي الحَقِّ وَرَجُلٌ آتَاهُ اللّٰهُ حِكْمَةً فَهُوَ يَقْضِي بِهَا وَيُعَلِّمُهَا)) . واتە : حەسوودی نییە تەنها لە دوو شت دا نەبێت : پیاوێك خوای گەورە پارەیەکی پێداوە ، جا لەشوێنی خۆیدا خەرجی دەکات بەحەق و ڕاستی ، وە پیاوێك خوای گەورە داناییەکی پێداوە ، جا داوەریی نێوان خەڵکی پێ دەکات وە خەڵکی پێ فێر دەکات .
[رواه البخاري (٣/رقم/٧٣١٦) ومسلم (١/٥٥٩/٨٨٦) وابن ماجه (٢/١٤٠٧/٤٤٠٨)] .

مەبەست بە (حَسَد) لێرەدا (غِبْطَه) یە : ئەوەیە تۆ پێت خۆش بێت وەکو ئەو بیت ، بێ ئەوەی پێت خۆش بێت ئەو نیعمەتە لە دەستی ئەو بچێت . وە لەبەر فەرموودەکەی (بُرَيْدَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((القُضَاةُ ثَلاثَةٌ :


منتدى إقرأ الثقافي

بەڵام ئەوەی مافی خۆی پێ نادات ، زۆر تاوانبار دەبێت [٤٥٤] بۆیە قەدەغە کراوە لەداوا کردنی [٤٥٥]

---

إِثْنَانِ فِي النَّارِ وَوَاحِدٌ فِي الجَنَّةِ ، رَجُلٌ عَلِمَ الحَقَّ فَقَضَىٰ بِهِ فَهُوَ فِي الجَنَّةِ ، وَرَجُلٌ قَضَىٰ لِلنَّاسِ عَلَىٰ جَهْلٍ فَهُوَ فِي النَّارِ ، وَرَجُلٌ جَارَ فِي الحُكْمِ فَهُوَ فِي النَّارِ)) . واتە : داوەر و قازی سیانن ، دوانیان لە دۆزەخ دایە و یەکێکیشیان لە بەهەشت دا ، پیاوێك حەق و ڕاستی دەزانێت ، و داوەریشی پێ دەکات ، ئەوە لە بەهەشت دایە ، وە پیاوێك داوەریی بۆ خەڵکی دەکات بەنەفامی و نەشارەزایی ئەوە لەدۆزەخ دایە ، وە پیاوێك لە داوەریی کردن دا ستەم و زوڵم دەکات ، ئەویش لە دۆزەخ دایە [رواه ابوداود (٤/رقم/٣٥٧٣) والترمذي (٣/٦١٣/١٣٢٢) وابن ماجه (٢/٧٧٦/٢٣١٥) وغيرهم وهو حديث صحيح بروانه صحيح الجامع (٤٤٤٦)] .

(٤٥٤) لەبەر فەرموودەکەی (بُرَيْدَةَ)ی پێشوو (پ٤٥٣) وە فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَةَ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ جُعِلَ قَاضِياً بَيْنَ النَّاسِ فَقَدْ ذُبِحَ بِغَيْرِ سِكِّينٍ)) واتە : هەرکەسێك بکرێتە داوەر لەنێوان خەڵکی دا ئەوە بەبێ چەقۆ سەر بڕا [رواه ابوداود (٤/رقم/٣٥٧١) والترمذي (٣/٦١٤/١٣٢٥) وابن ماجه (٢/٧٧٤/٢٣٠٨) وغيرهم وهو حديث صحيح بروانه صحيح الجامع (٦١٩٠)] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُاللهِ بن أَبِي أَوْفَى) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِنَّ اللهَ مَعَ القَاضِي مَالَمْ يَجِرْ ، فَإِذَا جَارَ وَكَلَهُ إِلَى نَفْسِهِ)) . واتە : بەڕاستی خوای گەورە لەگەڵ داوەر و قازی دایە تا زوڵم و ستەم نەکات ، جا ئەگەر ستەمی کرد ئەوە دەیداتە دەستی خودی خۆی [رواه ابن ماجه (٢/٧٧٥/٢٣١٢) والترمذي (٣/٦١٨/١٣٣٠) والحاكم (٤/٩٣) وغيرهم ،وهوحديث حسن بروانه المشكاة (٣٧٤١) وصحيح ابن ماجة (١٨٧٠)]

وەلە (لَفْظ) ی(التِّرْمِذِي) ((فَإِذَا جَارَ تَخَلَّى عَنْهُ وَلَزِمَهُ الشَّيْطَانُ)) واتە : جا ئەگەر ستەمی کرد ئەوا خوای گەورە وازی لێ دێنێت و شەیتان دەبێتە هاوەڵی و لەگەڵی دا دەبێت .

(٤٥٥) لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُالرَّحْمَنِ بن سَمُرَةَ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((يَا عَبْدَالرَّحْمَنِ بنِ سَمُرَةَ لاتَسْأَلِ الإِمَارَةَ فَإِنَّكَ إِنْ أُعْطِيتَهَا مِنْ غَيْرِ مَسْأَلَةٍ أُعِنْتَ عَلَيْهَا وَإِنْ أُعْطِيتَهَا عَنْ مَسْأَلَةٍ وُكِلْتَ إِلَيْهَا)) واتە : ئەی (عَبْدُالرَّحْمَنِ بن سَمُرَةَ) داوای فەرمان ڕەوایی مەکە ، چونکە ئەگەر تۆ بەبێ داوا کردن



منتدى إقرأ الثقافي

**وە پیاوێك دەبێت پێی هەڵسێت شایەنی ئەو بوارە بێت لەڕووی زانیاریەوە کۆشش کەر (مُجتَهِد) بێت ، وە لەڕووی باوەڕ و ڕەوشتیشەوە دادپەروەر (عَادِل) بێت (٤٥٦)**

---

پێت بدرێت ئەوە خوای گەورە یارمەتیت دەدات لەسەری ، بەڵام ئەگەر بەداوا کردن پێت بدرێت ئەوە دەدرێتە دەستی خۆت و خوای گەورە یارمەتیت نادات [رواه البخاری (١١/رقم/٦٦٢٢) ومسلم (٣/١٢٧٣/١٦٥٢) وغیرهما] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَیْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِنَّكُمْ سَتَحْرِصُوْنَ عَلَىٰ الإِمَارَةِ ، وَسَتَكُونُ نَدَامَةً يَوْمَ القِيَامَةِ فَنِعْمَ المُرْضِعَةُ وَبِئْسَتِ الفَاطِمَةُ)) واتە : بەڕاستی ئێوە زۆر سوور دەبن لەسەر فەرمان ڕەوایی وەلە ڕۆژی قیامەت دا دەبێتە مایەی پەشیمانی ، جا چاکترین شیردەرە و خراپترین بڕینەوەرە ـ لەشیر دان ـ [رواه البخاری (٣/رقم/٧١٤٨)] .

وە فەرموودەکەی (أَبُومُوسَىٰ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : چوومە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) من و دوو پیاو لە ئامۆزاکانم جا یەکێکمان ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، بمانکە بە فەرمانڕەوا لەسەر هەندێك لەوەی خوای گەورە خستویەتیە ژێر دەستت ، وە ئەوی تریشیان هەروەکو ئەوی ووت ، جا ئەویش فەرمووی : ((إِنَّا وَاللهِ لاَنُوَلِّي هَذَا العَمَلَ أَحَدَاً يَسْأَلُهُ أَوْ أَحَدَا يَحْرِصُ عَلَيْهِ)) . واتە : ئێمە وە (الله)ی ئەم کارە بەدەستی کەسێکەوە نادەین خۆی داوای بکات یان کەسێك هەوڵی بۆ بدات و سوور بێت لەسەری [رواه البخاری (٣/رقم/٧١٤٩) ومسلم (٣/١٤٥٦/١٧٣٣)] .

(٤٥٦) (الحَافظ ابنُ حَجَر) دەفەرموێ : (أَبُو عَلِيٍّ الكَرَابِيْسِي) هاوەڵی (الشَّافِعِي) لە کتێبی (آدَابُ القَضَاء)ی خۆیدا دەفەرموێ : هیچ جیاوازیەك نازانم لەنێوان زانایانی پێشوودا کەوا شایەن ترین خەڵکی کە داوەری نێوان موسوڵمانان بکات ئەو کەسەیە : کەوا فەزڵی و ڕاستێتی و زانیاری و (وَرَع)ی دەرکەوێت ، خوێنەری کتێبی خوابێت و زانایش بێت بەزۆر بەی ئەحکامەکانی ، وە زانابێت بە سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا و زۆربەی فەرموودەکانی لەبەربێت ، وە هەروەها فەرمایشتی هاوەڵانیش ، وە زانایش بێت بە شوێنی (إِتِّفَاق) و (إِخْتِلاَف)ی شەرع زانەکانی شوێن کەوتووان (فُقَهَاء التَّابِعِيْن) ، وە زانیاری هەبێت بە جیاکردنەوەی فەرموودەی (صَحِيْح) لە (ضَعِيْف) ، وەلەکاتی


منتدى إقرأ الثقافي

جا ئەگەر کەسێك وابوو ، و دەستی کرد بەداوەری و کۆششی کرد بەپێی توانا ، ئەگەر پێکای ئەوە دوو پاداشتی بۆ هەیە وە ئەگەر نەیشیپێکێت ئەوە هەریەك پاداشتی بۆ هەیە [٤٥٧] وە حەرامە لەسەری بەرتیل (رَشْوَة)

---

(خُصُومَات) دا شوێنی قورئان بکەوێت ، جا ئەگەر لە قورئان دا نەیبینی ئەوە شوێنی سوننەت و فەرموودەی (رَسُول الله) بکەوێت ، جا ئەگەر لەویش دا نەیبینی ئەوە کار بەوە بکات کە هاوەڵان (الصَّحَابَة) یەکدەنگن لە سەری ، جا ئەگەر ئەوانیش جیاواز بن ئەوە کار بەوەیان بکات کە زیاتر لە قورئان دەچێت پاشان لە سوننەت ، پاشان لەفتوای گەورەکانی هاوەڵان (كِبَارُ الصَّحَابَة) ، وە زۆر پێدا چوونەوە بکات لەگەڵ زانایان دا و ڕاوێژیان پێ بکات ، لەگەڵ فەزڵ و (وَرَع) دا ، وە دەبێت زمان وسك و داوێنی لەحەرام بپارێزێت ، وە ووریا بێت وزوو لەقسەی بەرانبەر تێ بگات ، پاشان دەبێت خاوەن بیرێکی تیژ بێت و دووربێت لە ئارەزووەوە ، پاشان فەرمووی ، ئەمە ، وە ئێمەش دەزانین کەوا کەسێك نییە لەسەر ڕووی زەوی دا ئەم هەموو سیفەتانە کۆبکاتەوە ، بەڵام پێویستە بەدوای تەواو ترین و چاکترین خەڵکی ئەو کاتەدا بگەڕێت [بروانە فتح الباري (١٣/١٤٦)] .

## تێبینی :

دەبێت تەنها پیاو بەکاری داوەری هەڵبسێت ، وە دروست نییە ئافرەت بکرێتە داوەر لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو بَكْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی کاتێك هەواڵی ئەوە گەیشتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەوا (فارس)ەکان کچەکەی کیسرایان کردۆتە پادشا ، فەرمووی : ((لَنْ يُفْلِحَ قَوْمٌ وَلَّوا أَمْرَهُمْ إِمْرَأَةً)) واتە : ئەو قەومە هەرگیز سەر فراز نابن کەوا فەرمانی خۆیان بدەنە دەستی ئافرەتێك [رواه البخاري (١٣/رقم/٧٠٩٩) والترمذي(٣/٢٣٦٠/٢٣٦٥) والنسائي(٨/٢٢٧)] .

(٤٥٧) لەبەر فەرموودەکەی (عَمْرُو بنُ عَاص) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِذَا حَكَمَ الحَاكِم فَاجْتَهَدَ ثُمَّ اصَابَ فَلَهُ أَجْرَانِ وَ اِذَا حَكَمَ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ اَخْطَأَ فَلَهُ أَجْرٌ)) واتە : ئەگەر دادوەر دادوەریی نێوان خەڵکی کرد و کۆششی کرد پاشان پێکای ئەوە دوو پاداشتی بۆ هەیە ، وە ئەگەر دادوەری کرد و کۆششی کرد بەڵام نەیپێکا ئەوە پاداشتێکی هەر بۆ هەیە [رواه البخاري (١٣/رقم/٧٣١٦) و مسلم (١/٥٥٩/٨١٦) و ابن ماجة (٢/١٤٠٧/٤٢٠٨)] .

منتدى إقرأ الثقافي

وەرگرتن (٤٥٨) یان وەرگرتنی دیاری و بەخشینێك بەهۆی داوەرییەوە پێی بدرێت (٤٥٩) وە نابێت دادوەری بکات و بڕیار بدات لەکاتێکدا کە لەحاڵەتێکی دەروونی نا ئاسایی‌دایە (٤٦٠) وە پێویستە یەکسانی بکات لەنێوان هەموو خەڵکی‌دا لەهەموو شتێکدا بەداوا کار و داوا لێ کراوەوە

---

(٤٥٨) لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُ اللهِ بنِ عَمْرو) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لَعْنَةُ اللهِ عَلَى الرَّاشِي وَ الْمُرْتَشِي)) . واتە : نەفرینی خوا لەبەرتیل دەر و بەرتیل خۆر [رواه أبو داود (٤/رقم/٣٥٨٠) و الترمذي (٢/٣٩٧/١٣٥٢) و ابن ماجة (٢/٧٧٥/٢٣١٣) و غيرهم وهو صحيح بڕوانە صحيح ابن ماجة (١٨٧١)] .

(٤٥٩) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو حُمَيْدٍ السَّاعِدِي) بڕوانە (پ٢٩٨)

(٤٦٠) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو بَكْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لا يَحْكُمُ أَحَدٌ بَيْنَ إِثْنَيْنِ وَهُوَ غَضْبَانٌ)) . واتە : هیچ کەسێك دادوەری نێوان دووکەس نەکات کاتێك کە تووڕەیە [رواه البخاري (١٣/رقم/٧١٥٨) ومسلم (٣/١٣٤٢/١٧١٧) وغيرهما] .

(إِبْنُ القَيِّمِ الجَوْزِيَّة) دەفەرموێ : بۆ (مُفْتِي) نییە (فَتْوَىٰ) بدات لە حاڵەتی زۆر تووڕە بوون دا یان زۆر برسێتی‌دا یان خەفەتێك کەوا تووشی دوو دڵی و دڵە ڕاوکەی بکات یان لەحاڵەتی ترسێکی زۆردا یان کارێك کەوا دڵی داگیر بکات ، یان لەکاتی تەنگاو بوون بەمیز و پیسی ، بەڵکو هەرکاتێك هەستی کرد کەوا شتێك لەوانە لەحاڵەتی ئاسایی دەری دەکات و نیەتی و لاشەی لەجێگای خۆی دا بەتەواوی نەهێڵێت ، ئەوە خۆی لە (فَتْوَىٰ) دان دەگرێتەوە و نابێت (فَتْوَىٰ) بدات ، جا ئەگەر لەو حاڵەتەدا (فَتْوَىٰ)ی دا و پێکای ئەوە (فَتْوَىٰ)کەی تەواوە ، وە ئەگەر لەو حاڵەتەیشدا داوەری کرد و بڕیاری دا ، ئایە ئەو بڕیارە جێ بەجێ دەکرێت یان نەء ئەوە سێ (قَوْل)ی لەسەرە ... لە بۆچوون (مَذْهَب)ی (أَحْمَد)دا [بڕوانە إعلام الموقعين (٤/٢٢٧)] .



منتدى إقرأ الثقافي

**(٤٦١) وە گوێ بیستی قسەی هەردوولا بێت پێش بڕیار دان (٤٦٢) وەنابێت دەرگاوانێکی وادابنێت کەوا خەڵکی لەهاتوو چۆکردنی قەدەغە بکەن (٤٦٣).**

---

(٤٦١) پێویستە لەسەر داوەر کەوا دادپەروەر بێت لەنێوان هەموو خەڵکیدا لەتەماشا کردنو قسەکردنو دانیشتنو هاتنەژوورەوەیشدا. خوای گەورە لەسورەتی (النساء : ١٥٨) دا دەفەرموێ : ﴿وَ إِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالعَدْلِ﴾ . واتە : وە ئەگەر داوەرییتان کرد لەنێوان خەڵکیدا ئەوە بەدادپەروەری داوەریی بکەن .

(٤٦٢) لەبەر فەرموودەکەی (عَلي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا پێی فەرموو : ((**يَا عَلِيُّ إِذَا جَلَسَ إِلَيْكَ الخَصْمَانِ فَلاَ تَقْضِ بَيْنَهُمَا حَتَّىٰ تَسْمَعَ مِنَ الآخَرِ كَمَا سَمِعْتَ مِنَ الأَوَّلِ فَإِنَّكَ إِذَا فَعَلْتَ ذَلِكَ تَبَيَّنَ لَكَ القَضَاءُ**)) . واتە : ئەی(علي) ! ئەگەر لەلاتدا داواکەر و داوالێکراو دانیشتن ئەوە بڕیار مەدە لەنێوانیاندا تا لەوی تریشیان دەبیسیت وەکو لەیەکەمت بیست چونکە ئەگەر وا بکەیت ئەوە بڕیار دانەکەت بۆ ڕوون دەبێتەوە [رواه أحمد (١١١/١) وابو داود (٤/رقم٣٥٨٢) والترمذي (١٣٣١/٦١٨/٣) وابن حبان (٥٠٤٢/٢٦٠/٧) وهو حديث صحيح بروانە الارواء (٢٦٠٠)] .

(٤٦٣) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو مَرْيَم الأَزْدِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەی فەرموو : ((**مَنْ وَلَّاهُ اللهُ عَزَّوَجَلَّ شَيْئاً مِنْ أَمْرِ المُسْلِمِينَ فَاحْتَجَبَ دُونَ حَاجَتِهِمْ وَخُلَّتِهِمْ وَفَقْرِهِمْ إِحْتَجَبَ اللهُ عَنْهُ دُونَ حَاجَتِهِ وَ خُلَّتِهِ وَفَقْرِهِ**)) . واتە : هەر کەسێك خوای گەورە هەندێك کاری موسوڵمانانی بخاتە ژێر دەست جا ئەویش خۆی بشارێتەوە لەپێویستیەکانیان و کەم دەستی و هەژاریکانیان - کارەکانیانی بۆ ئەنجام نەئەدا - ئەوە خوای گەورە خۆی لەپێویستی و کەم دەستی و هەژاریکانی خۆی دەشارێتەوە - هیچ یارمەتیەکی نادات - [رواه ابو داود (٣/رقم/٢٩٤٨) والترمذي (١٣٣٣/٦٢٠/٣)وهوحديث صحيح بروانە السلسلة الصحيحة (٦٢٩)] .

ئەمە بە پێی توانا ، چونکە مرۆڤ نەفسی خۆیشی مافی بەسەریەوە هەیە ، وەکەس و کاریش مافیان بەسەریەوە هەیە ، بۆیە دەتوانێت چەند کاتێکی دیاری دابنێت بۆ داوەری نێوان خەڵکی وە لەکاتەکانی تریشیدا خەریکی ئەنجام دانی پێویستیەکانی خۆی و کەس و کاری بێت ، وەلە فەرموودەی (صَحِيح) یش دا هاتوە کەوا پێغەمبەری


منتدى إقرأ الثقافي

**وەدەتوانێت یارمەتی دەریش بۆ خۆی دابنێت بەپێی پێویست (٤٦٤) وەبڕیاری داوەر تەنها لەدونیادا جێ بەجێ دەبێت ، بۆیە هیچی پێ حەلاڵ نابێت و ڕاستی (حق)یشی پێ ناگۆڕێت . (٤٦٥)**

[redacted]

وەفەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) لەبارەی سوێند خواردنەکەی پێغەمبەرەوە (ﷺ) کەنەچێتە لای خێزانەکانی ماوەی یەك مانگ ، کەوا (عُمَر) پرسی بە (الأسْوَد) کرد و فەرمووی ئەی (رَبَاح) داوای ڕوخسەتم بۆ بکە .[ متفق علیە] وەلە (البُخَاري) و (مُسْلِم) دا هاتوە کەوا ئیمامی (عُمَر) خۆیشی لەکاتی خەلیفایەتی دا ، دەرگاوانی هەبووە .

(٤٦٤) لەبەر فەرموودەکەی (أنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : (( (قَيْسُ بنُ ثَابِت) لەبەر دوو دەستی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بوو وەك پۆلیس لەبەر دەستی (أَمِيْر) دا)) [رواه البخاری (٣/رقم/١١٥٥)] .

وەجاری وایش هەیە دانانی یارمەتی دەر پێویست دەبێت ، ئەگەر لەحاڵەتێك دا حەق وەکو پێویست جێ بەجێ نەدەکرا .

(٤٦٥) لەبەر فەرموودەکەی (أمّ سَلَمَة)(خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : **((إِنَّمَا أنَا بَشَرٌ وَإِنَّكُمْ تَخْتَصِمُونَ إِلَي وَلَعَل بَعْضُكُمْ يَكُونُ ألْحَنُ بِحُجَّتِه مِنْ بَعْضٍ فَأَقْضِيَ بِنَحْوِ مَا أسْمَعُ فَمَنْ قَضَيْتُ لَهُ مِنْ حَقِّ أخِيهِ شَيْئًاً فَلاَ يَأْخُذَ فَإِنَّمَا أقْطَعُ لَهُ قِطْعَةً مِنَ النَّارِ))** واتە : من تەنها مرۆڤێکم ، وە ئێوەی - داواکارو داوا لێ کراو- ڕوو دەکەنە من بۆ داوەری نێوانتان ، جا لەوانەیە هەندێکتان قسە زان تر بێت لەوی ترتان ، بۆیە منیش داوەری و بڕیار بە گوێرەی ئەوە دەدەم کە دەیبیستم ، جا هەر کەسێك ئەگەر بڕیاری شتێك لەمافی براکەیم بۆ دا ، ئەوە با وەری نەگرێت و نەیبات ، چونکە ئەوە پارچەیەك ئاگرم بۆ بڕیوە [رواه البخاری (١٢/رقم/٦٩٦٧) ومسلم (٣/١٣٣٧/١٧١٣) وغيرهما] .

وەئیمامی (الشَّافِعِي) ، یەکدەنگی زانایان دەگێڕێتەوە لەسەر ئەوەی کەبڕیاری داوەر هیچ حەرامێك حەلاڵ ناکات . وەئیمامی (النَّوَوِي) دەفەرموێ : وە ئەوەی بڵێی : بڕیاری داوەر حەلاڵ دەکات ، لە (ظَاهِر) و (بَاطِن) دا پێچەوانەی ئەم فەرموودە ڕاست(صَحِيْح)ە و ئەو (إجْمَاع)ە باسکراوەیە ، وەبە گشتی ، ئەو بۆچوونەی حەنەفیەکان کە دەڵێن بڕیاری داوەر جێ بەجێ دەبێت لە (ظَاهِر) و (بَاطِن) دا هیچ ڕوویەکی شەرعی نییە ... جا بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم باسە بڕوانە [(نيل الأوطار)لأمام الشوكاني (٨/٢٧٨-٢٨١)] .

منتدى إقرأ الثقافي

# ڕووبەڕووبونەوەی داوا کار و داوا لیٚ کراو (الخُصُومَة)

داوەر (القَاضِي) دوای بیستنی قسەی داواکار (المدَّعِي) پرسیار لەداوا لی‌کراو (المُدَّعىٰ عَلَيْه) دەکات ، جا ئەگەر دانی پیٚدا نا (إِعْتَرَفَ) ئەوە بڕیاری پیٚ دەدات (٤٦٦) وەئەگەر دانیشی پیٚدا نەنا ئەوە لە سەر داواکارە کەوا ڕوون کەرەوە (البَيِّنَة) بێنێت لەسەر داواکەی (٤٦٧)

---

(٤٦٦) داوەر پێویستە لەسەری بڕیار بدات بەدان پیٚدانانی داوا لی‌کراو خۆی ، ئەگەر پیٚگەیشتو (بَالِغ) و ژیر (عَاقِل) بیٚت و زۆریشی لیٚ نەکرابیٚت . چونکە پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) (حدّ)ی شەرعی جیٚ بەجیٚ کردوە لەسەر خەڵکی بەدان پیٚدانانی خۆیان ، وەك لەفەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) و (زَيْدُ بنُ خَالِدٍ الجُهَنِي) دا (خوایان لیٚ ڕازی بیٚت) هاتوە کەپیٚغەمبەری خوا (ﷺ) تێیدا فەرمووی ((وَاغْدُ يَاأُنَيْسُ إِلىٰ إِمْرَأَةِ هٰذَا فَإِنْ إعْتَرَفَتْ فَارْجُمْهَا)) . واتە : ئەی (أُنَيْس) سبەی بڕۆ بۆ لای ژنی ئەمە ، جا ئەگەر دانی پیٚدا نا ئەوە بەرد بارانی بکە [رواه البخاري (٥/رقم/٢٦٩٥) ومسلم (٣/١٣٢٤/١٦٩٧)] .

وە فەرموودەکەی (بُرَيْدَة) (خوای لیٚ ڕازی بیٚت)کەوا پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) ئافرەتە (غَامِدِيَّە) کەی بەرد باران (رَجْم) کرد بەدان پیٚدا نانی خۆی، یەك جار [رواه مسلم (٣/١٣٢٣/١٦٩٥)] .

وەفەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لیٚ ڕازی بیٚت) کەوا پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) پیاوو ئافرەتە جولەکەکەی بەرد باران (رَجْم) کرد بە دان پیٚدانانی خۆیان [رواه البخاري (٦/رقم/٣٦٣٥) ومسلم (٣/١٣٢٦/١٦٩٩)] .

(٤٦٧) لەبەر فەرمودەکەی (عَبْدُالله بن عَمْرُو) (خوایان لیٚ ڕازی بیٚت) کەوا پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((البَيِّنَةُ عَلَىٰ المُدَّعِي وَ اليَمِيْنُ عَلَى المُدَّعىٰ عَلَيهِ)) . واتە : ڕوون کردنەوە لەسەر داوا کارە و سوێند خواردنیش لەسەر داوا لیٚ کراوە [رواه الترمذي (٢/٣٩٩/١٣٥٦) والبيهقي (١٠/١٥٢) بنحوه وغيرهما وهو حديث صحيح بروانە الارواء (٨/٢٦٥-٢٦٧) وصحيح الجامع (٢٨٩٦)] .

منتدى إقرأ الثقافي

## کە هێنانی دووشایەتە (٤٦٨) یان شایەتێك و سوێندی خۆیشی (٤٦٩)

وەلەبەر فەرموودەکەی (الأشْعَثُ بنُ القَيْس) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا لەگەڵ پیاوێکدا ڕووبەڕووی یەك بوونەوە لەسەر زەوییەك لە (يَمَن) ، جا فەرمووی منیش هێنام بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((هَلْ لَكَ بَيِّنَةٌ ؟)) واتە : ئایە هیچ شایەتێکت هەیە ؟ منیش ووتم : نەء ، فەرمووی : ((فَيَمِينُهُ)) واتە : دە سوێند خواردنی ئەو ، ووتم : دەی سوێند دەخوات ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەو کاتەدا فەرمووی : ((مَنْ حَلَفَ عَلَىٰ يَمِينِ صَبْرٍ يَقْتَطِعُ بِهَا مَالَ إِمْرِىءٍ مُسْلِمٍ هُوَ فِيهَا فَاجِرٌ لَقِيَ اللهَ وَهُوَ عَلَيْهِ غَضْبَانٌ)) واتە : هەر کەسێك سوێند بخوات لەسەر سوێندی (صبر) بۆ ئەوەی ماڵی موسوڵمانێکی پیٚ دا ببڕێت و زەوتی بکات ، ودرۆیش بکات لەو سوێندەیدا ، ئەوە لەڕۆژی قیامەت دا دەگاتەوە خوای گەورە و خوایش لیٚی تورەیە . جا ئەم ئایەتە دابەزی ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلًا أُولَئِكَ لَا خَلَاقَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ اللهُ وَلَا يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ (آل عمران :٧٧) واتە : بەڕاستی ئەوانەی کە پەیمانی خوا و سوێندەکانیان بەنرخێکی کەم دەفرۆشن ئەوانە هیچ بەهرەو بەشێکیان لەدوا ڕۆژدا بۆ نییە وە خوای گەورە قسەیان لەگەڵ دا ناکات وەلە ڕۆژی قیامەت دا تەماشایان ناکات وەلە تاوانەکانیان پاکیان ناکاتەوە ، وە بۆ ئەوانە ئامادەکراوە سزایەکی زۆر بە ئازار [رواه البخاري (٥/رقم/٢٦٦٩) ومسلم (١٢٢/١/١٣٨) وغيرهما] .

وە سوێندی (صَبْر) : ئەو سوێندە درۆیەیە کە خۆی گیر دەدلو ئارام دەگرێت لەسەری .

(٤٦٨) دوو شایەتی پیاو یان شایەتێکی پیاوو دوانی ئافرەت ، لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة :٢٨٢) دا کە دەفەرموێ : ﴿وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَىٰ﴾ واتە : دوو شایەت لە پیاوانی خۆتان – موسوڵمانان – بکەن بە شایەت ، جا ئەگەر دووپیاو نەبوو ئەوە پیاوێك و دوو ئافرەت لەو شایەتانەی پیٚی ڕازی دەبن ، تا ئەگەر یەکێکیان لە یادیان چوو ئەوی تریان بیخاتەوە یادی .

(٤٦٩) لەبەر فەرموودەکەی (إبنُ عبَّاس) (خوایان لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڕیاری (قَضَىٰ) بەسوێند و شایەتێك داوە)) [رواه مسلم (١٣٣٧/٣/١٧١٢)] .

منتدى إقرأ الثقافي

جا ئەگەر هێنای ، ئەوە داوەر (قَاضِي) بڕیاری بۆ دەدات ، وە ئەگەر نەیهێنا ئەوە لەسەر داوا لێ کراوە کەوا سوێند بخوات [470] جا ئەگەر سوێندی خوارد ئەوە بڕیاری بۆ دەدات ، ئیتر ئەگەر درۆیش بکات . [471]

---

(٤٧٠) لەبەر فەرمودەکەی (عَبْدُاللهِ بن عُمَر) و فەرموودەکەی (الأَشْعَثُ بنُ القَيْس) (خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٤٦٧) . وە هەروەها لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لَوْ يُعْطَى النَّاسُ بِدَعْوَاهُمْ ، لَادَّعَى نَاسٌ دِمَاءَ رِجَالٍ وَأَمْوَالِهِمْ ، وَلَكِنَّ اليَمِينَ عَلَى المُدَّعِي عَلَيْهِ)) واتە : ئەگەر خەڵکی تەنها بەداوا کردنیان پێیان بدرێت ، ئەوە خەڵکانێك داوای خوێنی وماڵی کەسانێکیتر دەکەن ، بەڵکو سوێند خواردن لەسەر داوالێ کراوە [رواه البخاري (٨/رقم/٤٥٥٢) ومسلم (٣/١٣٣٦/١٧١١) وغيرهما] .

وە فەرموودەکەی (وَائِلُ بنُ حِجْر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پیاوێك لە (حَضْرَمَوت) و پیاوێکیش لە (كِنْدَه)ەوە هاتن بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ)جاکابرای (الحَضْرَمِي) ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ئەمە دەستی گرتوە بەسەر زەوییەکەم دا کەهی باوکم بووە ، جا کابرای (الكِنْدِي) ووتی : ئەوە زەوی خۆمە بەدەستی خۆمەوەیە دەیچێنم ، هیچ مافێکی ئەوی تێدا نییە . پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە کابرای (الحَضْرَمِي) فەرموو : ((أَلَكَ بَيِّنَةٌ ؟)) واتە : ئایە شایەتت هەیە ؟ ووتی : نەء ، فەرمووی : ((فَلَكَ يَمِينُهُ)) واتە : جابۆت هەیە سوێندی بدەیت ، ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، بەڕاستی ئەم پیاوە درۆزنە و گوێی لێ نییە لەسەر هەرچی سوێند بخوات ، وەلە هیچ خۆی ناپارێزێت ، پێغەمبەریش فەرمووی : ((لَيْسَ لَكَ مِنْهُ إِلَّا ذَلِكَ)) واتە : هیچت بۆ نییە لەبارەی ئەوەوە تەنها ئەوە نەبێت ، جا کەوتەڕێ بۆ ئەوەی سوێند بخوات جا کاتێك پشتی هەڵکرد پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((أَمَا لَئِنْ حَلَفَ عَلَى مَالِهِ لِيَأْكُلَهُ ظُلْماً ، لَيَلْقَيَنَّ اللهَ وَهُوَ عَنْهُ مُعْرِضٌ)) . واتە : ئەگەر سوێند بخوات لەسەر ماڵەکەی بۆ ئەوە بەزوڵم و ستەم بیخوات ، ئەوە دەگاتەوە بەخوای گەورە ، وەخوای گەورە ڕووی لێ هەڵکردوە – لەتورەیی دا – [رواه مسلم (١/١٢٣/١٣٩)] .

(٤٧١) لەبەر فەرموودەکەی (وَائِلُ بنُ حِجْر)ی پێشوو بڕوانە (پ ٤٧١) .

منتدى إقرأ الثقافي

# شایەتی دان (الشَّهَادَة)

## شایەتی کەسێك وەر دەگیرێت کەوا موسولمانی [٤٧٢] پێگەیشتووی ژیری [٤٧٣] دادپەروەر بێت [٤٧٤] [٤٧٥] ،

---

(٤٧٢) شایەتی بێباوەڕ وەرناگیرێت هەتا لەسەر خۆیشی لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (الطلاق :٢) دا کە دەفەرموێ : ﴿وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِنْكُمْ﴾ واتە : وە دووکەستان دادپەروەر لەخۆتان بکەن بەشایەت . وە لەبەر فەرموودەکەی تری خوای گەورە لە سورەتی (البقرة :٢٨٢) دا کە دەفەرموێ : ﴿مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ﴾ واتە : لەو شایەتانەی کە پێیان ڕازی دەبن ، جا بێگومان (کافر) دادپەروەر نییە وە موسولمانیش پێی ڕازی نابێت وەلە ئێمەیش نییە ، بۆیە شایەتی دروست نییە .

(٤٧٣) شایەتی منداڵ وەرناگیرێت ، لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة :٢٨٢) دا کە دەفەرموێ : ﴿وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ﴾ واتە : وە دوو شایەت لە پیاوانتان بکەن بەشایەت ، وە منداڵیش لە پیاوان نییە بۆیە شایەتی وەرناگیرێت .

(٤٧٤) شێت و ئەوەی ژیر نەبێت شایەتی وەرناگیرێت ، چونکە ئەوان قسەیان لەبارەی خۆیانەوە وەرناگیرێت ، چی جا لەسەر کەسێکی تر .

(٤٧٥) شایەتی تاوانبار (فَاسِق) وەرناگیرێت لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە ﴿وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِنْكُمْ﴾ بڕوانە (پ :٤٧٢) .

وە لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عَمْرو) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) شایەتی دەست پیس (الخَائِن)ی پیاو و ئافرەتی وەرنەگرتوە ، هەروەها شایەتی داوێن پیسی (الزَّانِي) پیاو و ئافرەت ، وەشایەتی کەسێکی قین لەدڵیش بەرامبەر بە براکەی . [رواه ابو داود (٤/رقم/٣٦٠٠) وابن ماجه (٢/٧٩٢/٢٣٦٦) بالفاظ مختلفة ، والحديث حسن بروانە صحيح ابن ماجه (١٩١٦)] .



منتدى إقرأ الثقافي

وەهەڵگرتنی شایەتی لەمافە ئادەمییەکان دا (حُقُوقُ الآدَمِيِّين) پێویستی (کِفَايَه) یە لەسەر هەموو موسوڵمانێك [٤٧٦] وەدەبێت شایەتی ڕاستی بدات ئەگەر لەسەر خۆیشی بێت [٤٧٧] وەشایەتی دانی درۆ یەکێکە لەگەورەترین

---

**تێبینی :**

(١) سنوور (حَدّ)ی داد پەروەریتی (العَدَالَـة) لەئیسلام دا ، ئەوەیە ئەو کەسە خۆپاریز بێت لەتاوانە گەورەکان ، وەسوور و بەردەوامیش نەبێت لەسەر تاوانە بچووکەکان ، وەئەو کارانە نەکات کەمرۆڤی پێ سووك و هەرزە دەبێت لەنێو خەڵکی دا ..

(٢) دادوەر (قَاضِي) داد پەروەریتی شایەت بەوە دا دەزانرێت کە خۆی بیناسێت یان دوو کەسی داد پەروەر شایەتی دادپەروەری بۆ بدەن لەلای دا .

(٤٧٦) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسوورەتی (البقـرة :٢٨٢) دا کەدەفەرموێ : ﴿وَلَا يَأْبَ الشُّهَدَاءُ إِذَا مَادُعُوا﴾ واتە : وەنابێت شایەتەکان خۆبگرن و نەیەن بۆ شایەتی دان کاتێك کەبانگ کران .

(٤٧٧) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی(البقرة :٢٨٣) دا کەدەفەرموێ : ﴿وَلَا تَكْتُمُوا الشَّهَادَةَ وَمَنْ يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ﴾ واتە : وەشایەتی دانتان مەشارنەوە وەهەر کەسێك بیشارێتەوە ئەوە دڵی تاوان بارە . وەفەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (النساء : ١٣٥) دا کەدەفەرموێ : ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَىٰ أَنْفُسِكُم أَوِ الوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيراً فَـاللهُ أَوْلَىٰ بِهِمَا فَلا تَتَّبِعُوا الهَوَىٰ أَنْ تَعْدِلُوا وَإِنْ تَلْوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيْرَاً﴾ واتە : ئەی ئەو کەسانەی کەبڕواتان هێناوە ، هەستن بەدادپەروەریتی ، لەبەرخوا شایەتی بدەن هەرچەندە لەسەر خۆتانیش بێت یان لەسەر دایك و باوکتان یان لەسەر خزم و کەسە نزیکەکانتان بێت ، ئیتر بائەو شایەتی لەسەر دراوە دەوڵەمەندبێت یان هەژار چونکە خوای گەورە چاکتر لەبەرژەوەندیان دەزانێت ، شوێنی ئارەزووی خۆتان مەکەون کەوا دادپەروەر نەبن ، وە ئەگەر مل بابدەن یان ڕوو وەر بچەرخێنن لەشایەتی دان ، ئەوە بێ گومان خوای گەورە بەوەی دەیکەن ئاگادارە .


منتدى إقرأ الثقافي

تاوانە گەورەکان (٤٧٨) وە ئەو مافانەی کە شایەتیان لەسەر دەدرێت دوو جۆرە : مافی خوای گەورە و مافی ئادەمیزادەکان ، وەمافەکانی ئادەمیزادیش خۆی بۆ خۆی سێ جۆرە :

**جۆری یەکەم :** تەنها دووشایەتی پیاوی تێدا وەردەگیرێت ، ئەوەیش ئەو مافانەیە کەمالی دونیای تێدا مەبەست نییە ، وە پیاوانیش پێی ئاگادارن وەك مارە برین و تەلاق دان . (٤٧٩)

**جۆری دووەم :** ئەوەیە کە دوو شایەتی پیاوی تێدا وەر دەگیرێت یان پیاوێك و دوو ئافرەت یان پیاوێك و سوێندی داواکار ، ئەم جۆرە مەبەست

---

(٤٧٨) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو بَكْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((أَلا أُنَبِّئُكُمْ بِأَكْبَرِ الكَبَائِرِ ؟)) واتە : ئایە پێتان ڕانەگەیەنم گەورەترین تاوانە گەورەکان چییە ؟ ووتمان : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، فەرمووی : ((الإِشْرَاكُ بِاللهِ وَعُقُوقُ الوَالِدَيْنِ)) واتە : هاوەڵ بڕیار دان بۆ خواو بەگوێ نەکردنی دایك و باوك ، وەشانی دابووەوە جا دانیشت و فەرمووی : ((أَلاَ وَقَوْلُ الزُّوْرِ ، وَشَهَادَةُ الزُّوْرِ)) واتە : بەڵێ ، وەقسەی درۆو شایەتی درۆ ، جا بەر دەوام دووبارەی دەکردەوە تاووتمان : خۆزگا بێ دەنگ بوایە [رواه البخاري (٥/رقم/٢٦٥٤) ومسلم (١/٩١/٨٧)] .

(٤٧٩) خوای گەورە لەسورەتی (الطلاق :٢) دا دەفەرموێ : ﴿فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِنْكُمْ﴾ واتە : جا هەر کاتێك نزیك بوو ماوەی (عِدَّه) یان تەواو بێت ئەوە یان بەباشی دەستیان پێوە بگرن وەیان بەباشی وازیان لێ بێنن و تەلاقیان بدەن بەیەکجاری وە دوو شایەتی داد پەروەر لەخۆتان بکەن بەشایەت .

وەپێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ : ((لَا نِكَاحَ إِلَّا بِوَلِيٍّ وَشَاهِدَيْ عَدْلٍ)) بڕوانە (پ٢٢) ، جا دەبینین لەئایەتەکە و لەفەرموودەکەیش دا شایەتەکان بە (لَفظ) ی نێر (مُذَكَّر) باسی کراوە .

منتدى إقرأ الثقافي

پێی ماڵی دونیایە وەك كڕین و فرۆشتن و بەكرێ دان .[480]

<u>جۆری سێیەم</u> : ئەوەیە كەدوو شایەتی پیاو وەردەگیرێت یان پیاوێك و دوو ئافرەت یان چوار ئافرەت ئەم جۆرە ئەوەیە كەزۆر جار پیاوان لێی ئاگادار نابن وەك شیردان و منداڵ بوون و نهێنییەكانی ئافرەتان[481] وەمافەكانی خوای گەورە بەهیچ شێوەیەك شایەتی ئافرەتی تێدا وەر ناگیرێت[482] ئەویش بەهەمان شێوە سێ جۆرە .

<u>جۆری یەكەم</u> : ئەوەیە كەوا لەچوار پیاو كەم تری تێدا وەرناگیرێت[483] ئەویش داوێن پیسیە (الزِّنَا) .

---

(٤٨٠) خوای گەورە لەسورەتی (البقرة :٢٨٢) دا دەفەرموێ : ﴿وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَىٰ﴾ بڕوانە : (پ٤٦٨) . وە (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرموێ : ((أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) قَضَىٰ بِاليَمِيْنِ مَعَ الشَّاهِدِ)) بڕوانە (پ٤٦٩).

(٤٨١) (إِبْنُ أَبِي شَيْبَة) دەگێڕێتەوە كەوا ئیمامی (الزُّهْري) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێ : سوننەت وابووە كەوا شایەتی دانی ئافرەتان دروستە لەو شتانەدا كەتەنها ئافرەتان لێی ئاگادار دەبن . بڕوانە [(الإِقْنَاع : ٢٩٧/٢)] .

(٤٨٢) چونكە شایەتی دانیان گومانی تێدایە ، وەئەم مافانەیش بەپارێزەیی (الاحْتِيَاط)ە وە وەردەگیرێت . (مَالك) لە (الزُّهْري) وە دەگێڕێتەوە كەوا فەرموویەتی : (سوننەت وا بووە كەوا شایەتی دانی ئافرەت لە (حُدُود) دا دروست نییە) . [بڕوانە الاقناع (٢٩٦/٢)]

(٤٨٣) خوای گەورە لەسورەتی (النور :٤) دا دەفەرموێ : ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً﴾ واتە : وەئەوانەی كەوا بوختان بۆ ئافرەتانی داوێن پاك هەڵدەبەستن ، پاشان چوار شایەت ناهێنن ، ئەوە هەشتا داریان لێ بدەن .



منتدى إقرأ الثقافي

**جۆری دووەم :** ئەوەیە کەوا دووشایەتی تێدا وەردەگیرێت ، وەکو ئەو تاوانانەی کەلە داوێن پیسی کەمترە . (٤٨٤)

**جۆری سێیەم :** ئەوەیە کەوا یەك شایەتی تێدا وەر دەگیرێت وەك بینینی مانگی ڕەمەزان . (٤٨٥)

---

(٤٨٤) وەکو (حَدّ)ی تۆمەت هەڵبەستن بۆ ئافرەتانی داوێن پاك و (حدّ) ی مەی خواردنەوە ، ئەوە بەشایەتی دانی دوو شایەت دەچەسپێت ، لەبەر (عُمُوم)ی دەق (نَص)ە شەرعیەکان ، وەك فەرموودەی خوای گەورە : ﴿وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ﴾ . وە فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ((شَاهِدَانِ أَوْ يَمِينِه)) کەلە ڕیوایەتێکی تری فەرموودەکەی (الأَشْعَثُ بنُ القَيْس) دا هاتوە کە لە (پ ٤٧٠) دا هێناومانەوە وە لەبەر ئەو فەرموودانەی تر کەلەباسی (حُدُود)ە شەرعیەکاندا باسی لێ دەکەین .

(٤٨٥) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : خەڵکی تەماشایان دەکرد مانگی (ڕەمەزان) ببینن ، منیش بەپێغەمبەری خوام (ﷺ) ووت : من بینیم ، جا خۆی ڕۆژووی گرت و فەرمانیشی بەخەڵکی کرد ڕۆژوو بگرن [رواه ابو داود (٢٣٢٥/٤٦٨/٦) وهو صحيح بروانه الارواء (٩٠٨)] .

وەحیکمەت لەوەرگرتنی یەك شایەت لەمەدا ئەوەیە کەوا (إِحْتِيَاط) بکرێت لە ڕۆژوو گرتن دا چاکترە ، چونکە لەپەرستن دا هەڵە کردن لە کردنی دا خراپەی کەم تر تا لە هەڵە کردن لەنەکردنیدا ، بەپێچەوانەی (زِنَا) و ئەو شتانەی تر کە پێویستی بەچەند شایەتێك هەیە .

**( الحَمْدُ لِلَّهِ ) ئەوە بەشی شایەتی دان کۆتایی پێ هات وەئێستایش دەچینە سەر بەشی مایە پووچ بوون و قەدەغە کردنی ماڵ و پارە .**

منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی مایە پووچ بوون و قەدەغەکردنی دەستکاری ماڵ و پارە (الإفلاسُ وَالحَجْر)

ئەگەر کەسێك مایەی پووچ (إفْلَاس)بوو وە قەرزاری خەڵك بوو ، ئەوە دروستە بۆ خاوەن قەرزەکان هەرچیان دەست دەکەوێت لە پارە و ماڵی بیبەن ، تەنها ئەو شتە زۆر پێویستیانە نەبێت کەژیانی خۆی وماڵ و منداڵی لەسەر ڕاوەستاوە ئیتر خواردن بێت یان پۆشاك و جل و بەرگ بێت[٤٨٦] وە هەرکەسێك ماڵێکی خۆی لا ببینێتەوە کەلەکاتی خۆی دا پێی فرۆشتوە و پارەکەی نەداوە ئەوە لە هەموو خاوەن قەرزەکانیتر ماف دار ترە بەو شتە[٤٨٧] ، وەئەگەر ماڵی کابرای مایە پووچ بوو (المُفْلِس) هەموو

---

(٤٨٦) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْدِ الخُدْرِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پیاوێك لەسەر دەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) تووشی (زەرەرێك) بوو لەبرێك میوەدا کە کڕی بووی ، جا زۆر قەرزار بوو بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((تَصَدَّقُوا عَلَيْهِ)) . واتە : پێی ببەخشن ، جا خەڵکیش پێیان بەخشی ، بەڵام هەر قەرزەکانی تەواو نەکرد ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەخاوەن قەرزەکانی فەرموو : ((خُذُوا مَا وَجَدْتُمْ ، وَلَيْسَ لَكُمْ إِلاَّ ذَلِكَ)) واتە : هەرچیتان بینیەوە ببەن ، وەهیچتان بۆ نی‌یە تەنها ئەوە نەبێت ، [رواه مسلم (١٥٥٦/١١٩١/٣) وغيره] .

(٤٨٧) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ أَدْرَكَ مَالَهُ بِعَيْنِهِ عِنْدَ رَجُلٍ قَدْ أَفْلَسَ فَهُوَ أَحَقُّ بِهِ مِنْ غَيْرِهِ)) . واتە : ئەگەر هەرکەسێك گەیشت بەماڵەکەی خۆی دا لای پیاوێکی مایە پووچ بوو (مُفْلِس) ، ئەوە ئەو لەکەسێکی تر ماف دار ترە بەوە ، — بەو مەرجە هیچی لەنرخەکەی

منتدى إقرأ الثقافي

قەرزەکانی تەواو نەکرد  ئەوە ئەوەی هەیەتی بەپێی ئەندازەی قەرزەکان دابەش دەکرێت لەنێوانی خاوەن قەرزەکان دا ، وە لەوە زیاتر بۆیان نی یەئیتر داوای هیچی تری لێ بکەن (٤٨٨) وەدروستیش نییە بخرێتە بەندیخانەوە (٤٨٩) وەدروستە داوەر (حَجْر)ی بخاتە سەر و قەدەغەی بکات

---

وەرنەگرتبێت ، بەڵام ئەگەر شتێکی لە نرخەکەی وەرگرتبوو ئەوە بەپێی قەرزەکەی بەشی بەر دەکەوێت لەگەڵ خاوەن قەرزەکانی تردا – [رواه البخاري (٥/٦٢/٢٤٠٢) ومسلم (٣/١١٩٣/١٥٥٩)] .

(٤٨٨) لەبەر فەرمودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((فَإِنْ كَانَ قَضَاهُ مِنْ ثَمَنِهَا شَيْئًا فَمَا بَقِيَ فَهُوَ أُسْوَةُ الْغُرَمَاءِ ، وَأَيُّمَا إِمْرِئٍ هَلَكَ وَعِنْدَهُ مَتَاعُ إِمْرِئٍ بِعَيْنِهِ إِقْتَضَى مِنْهُ شَيْئًا أَوْ لَمْ يَقْتَضِ فَهُوَ أُسْوَةُ الْغُرَمَاءِ)) . واتە : جا ئەگەر شتێکی لە نرخی ئەو شتە وەر گرتبوو ئەوە بەپێی ئەندازەی قەرزەکەی لەگەڵ خاوەن قەرزەکانی تردا بەشی بەر دەکەوێت ، – لەو کاتەدا لەکەس ماف دار تر نی یە بەبردنی ئەو شتە چونکە هەندێکی لەنرخەکەی وەرگرتوە – ، وەهەرکەسێك تیابچێت و شت و مەکی کەسێکی تری لابێت ئیتر هەندێکی لەنرخەکەی وەر گرتبێت یان وەری نەگرتبێت ئەوە هەر بەپێی ئەندازەی قەرزەکەی لەگەڵ خاوەن قەرزەکانی تردا بەشی دەکەوێت [رواه ابو داود (٣/رقم/٣٥٢٢) وابن ماجه (٢٣٥٩) وغيرهما وهو صحيح بروانە الإرواء (٥/٢٦٩–٢٧٠) وصحيح ابن ماجه (١٩١٠)] .

(٤٨٩) چونکە ئەوە پێچەوانەی عەدالەتی قورئان و سوننەتە ، خوای گەورە لەسورەتی (البقرة :٢٨) دا دەفەرمووێ : ﴿وَإِنْ كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَىٰ مَيْسَرَةٍ وَأَنْ تَصَدَّقُوا خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ واتە : وە ئەگەر کابرای قەرزار کەم دەست و نەدار بوو ئەوە مۆڵەتی بدەن تا توانای دەبێت وە ئەگەر هەر بیبەخشن ئەوە چاکترە بۆ ئێوە ئەگەر بە خۆتان بزانن .

وە (عَمْرو بنُ شريد) لە باوکیەوە (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لَيُّ الوَاجِدِ يُحِلُّ عِرْضَهُ وَعُقُوبَتَهُ)) بۆ زانینی واتاکەی بروانە

منتدى إقرأ الثقافي

**لەدەست کاری کردنی پارەو موڵکی ، وە بیفرۆشێت بۆ دانەوەی قەرزەکانی (٤٩٠) وەهەروەها دەتوانێت (حَجْر) بخاتە سەر کەسێکیش کەوا دەست بڵاوەو دەستکاریی (تَصَرّفَات)ە کانی لەجێگەی خۆی دا نیيە (٤٩١) وەهەتیویش پارە و موڵکی نادرێتە دەستی خۆی دەستکاری بکات بەویستی خۆی تا هەست بەژیری و هۆشیار بوونی دەکرێت (٤٩٢)**

---

(پ٤٢٩) ، کەوا بوو سزادان بۆ کەسێکە هەیبێت و نەیداتەوە ، بەڵام کەسێك ئەگەر نەیبوو سزادانی دروست نىيە .

(٤٩٠) قەدەغەکردن لە دەستکاری کردنی ماڵ و موڵك (الحَجْر) لە نێو هاوەڵانی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) کارێکی زانراو بووە و لە شەریعەتیش دا (ثَابِت)ە، لە بەر فەرموودەکەی (عُرْوَةُ بنُ الزُّبَيْر) کەوا فەرمووی : (عَبْدُالله بن جَعْفَر) ئاڵ و وێڵێکی کرد و شتێکی کڕی ،جا(عَلِي) (خوای لیّ ڕازی بێت) –تووڕە بوو– و فەرمووی: دەچم بۆ لای (عُثْمَان) و (حَجْر) دەخەمە سەری ، جا (عَبْدُالله بن جَعْفَر) یش (الزُّبَيْر)ی ئاگادار کردەوە (خوای لیّ ڕازی بێت) ، ئەویش فەرمووی من شەریکتم لەم کڕینەت دا ، جا (عَلِي) هات بۆ لای (عُثْمَان) (خوای لیّ ڕازی بێت) و فەرمووی : (حَجْر) بخەرە سەر ئەمە ، جا (الزُّبَيْر) فەرمووی من شەریکیم ، جا (عُثْمَان) یش (خوای لیّ ڕازی بێت) فەرمووی : من چۆن (حَجْر) بخەمە سەر پیاوێك (زُبَيْر) شەریکی بێت [رواه الشافعي في مسنده (٢/١٦٠/٥٥٦) والبيهقي (٦١/٦) وهو اثر صحيح بڕوانە الارواء (١٤٤٩)] .

(٤٩١) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (النساء :٥) دا کەدەفەرموێ ﴿وَلاَ تُؤْتُوا السُّفَهَاءَ أَمْوَالَكُمْ﴾ واتە : وەئەو ماڵانەتان کەخوای گەورە کردویەتە هۆی سەقام گیری ژیان ، مەدەنە دەستی گێلان و نەفامانەوە . (الزَّمَخْشَرِي) لەتەفسیری دا دەفەرمووێ : (السُّفَهَاء) ئەو دەست بڵاوانەن کەپارەکانیان لەشتێك دا خەرج دەکەن کە جێگەی خۆی نىيە ، وە توانایان نىيە لە (إِصْلَاح) کردن و بەرهەم هێنان و (تَصَرُّف) کردن تێیدا ، جا خوای گەورە ڕوو لە سەرپەرشتیاران دەکات ، و ماڵەکەی داوەتە پاڵی ئەوان ، چونکە ژیان بەوەوە ڕاوەستاوە و سەقام گیر بووە ... [بڕوانە الكشاف (٢٤٦/١)] .

(٤٩٢) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (النساء :٦) دا دەفەرموێ :
﴿وَابْتَلُوا الْيَتَامَىٰ حَتَّىٰ إِذَا بَلَغُوا النِّكَاحَ فَإِنْ آنَسْتُمْ مِنْهُمْ رُشْدًا فَادْفَعُوا إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ

منتدى إقرأ الثقافي

**وەدروستە بۆ سەر پەرشتیارەکە ئەگەر هەژارو کەم دەست بوو بەچاکە (بِالمَعْرُوف) لەماڵەکەی بخوات لەجیاتی بەخێو کردنی** (٤٩٣) **.**

---

...﴾ واتە : وەتاقی هەتیوان بکەنەوە تا دەگەنە کاتی ژنهێنان و شووکردن ، جا ئەگەر ژیری و هۆشیاریتان تیایاندا بەدی کرد ، ئەوە پارەو ماڵە کانیان بدەنەوە دەستی خۆیان ...

( ٤٩٣ ) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (النساء : ٦) دا کە دەفەرموێ : ﴿وَمَنْ كَانَ غَنِيّاً فَلْيَسْتَعْفِفْ وَمَنْ كَانَ فَقِيْراً فَلْيَأْكُلْ بِالْمَعْرُوفِ﴾ واتە : وە ئەو – سەرپەرشتیارە – ی کە دەوڵەمەندە باخۆی بپارێزێت لەخواردنی ماڵی هەتیو ، وە ئەوەیشی کە کەم دەست و هەژارە با بەچاکی و بەبێ زیادە ڕەوی لێ ی بخوات .

دایکە (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێ : ئەم ئایەتە لەبارەی ماڵی هەتیوەوە دابەزیوە ، کەوا ئەگەر سەرپەرشتیارەکە هەژار بوو ئەوە لێ ی دەخوات بەچاکە (بِمَعْرُوف) لەجیاتی هەستانی بەخێو کردنی [رواه البخاری (٨/رقم/٤٥٧٥) ومسلم (٤/٢٣١٥/٣٠٩١)] .

**( الحَمْدُ لِلَّهِ ) ئەوە بەشی مایە پووچ بوون وقەدەغە کردنی دەستکاری ماڵ وپارە کۆتایی پێ هات وە ئێستایش دەچینە سەر بەشی سنووری تاوانەکان .**



منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی سنوور -سزا-ی تاوانەکان

## (الحُدُود) (٤٩٤)

پێویست (وَاجِب)ە لەسەر دەسەڵات داری موسوڵمانان کەوا سنوورە شەرعیەکان جێ بەجێ بکات لە سەر تاوانباران ئیتر با ئەو تاوانبارە کەس و کاری خۆیشی بێت یان لە خێڵێکی ناو داریش بێت (٤٩٥) وەجێ بەجێ

---

(٤٩٤) (الحُدُود):کۆی (حَدٌّ)ە ، وە (حَدٌّ)یش لەزمانی عەرەب دا : ئەو شتەیە کە نێوانی دووشت دەکات ، وە بەواتای بەرگریش هاتووە . وەلەشەر عیش دا ئەو سزایانەیە کەدانراوە لەشەرع دا بۆ تاوانەکان ، بۆ ئەوەی ببێتە بەر هەڵستێك تاوەکو خەڵکی نەیکەن .

(٤٩٥) لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُاللهِ بن صَامت) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((أَقِيمُوا حُدُودَ اللهِ فِي القَرِيبِ وَالبَعِيدِ وَلاَ تَأْخُذْكُمْ فِي اللهِ لَوْمَةَ لاَئِمٍ)) واتە : سنوورەکانی خوای گەورە بەجێ بهێنن لەکەسانی نزیك و دوورتان دا وەتانەی تانە وەشێنەرەکان واتان پیٚ نەکات بەو کارە هەڵ نەسن [رواه ابن ماجه (٢/٨٤٩/٢٥٤٠) وهو حديث حسن بروانە صحيح ابن ماجه (٢٠٥٨)] .

وەلەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : لەڕاستی دا (قُرَيْش) یەکان مەسەلەی ئەو ئافرەتە (مَخْزُومِيَّة) خەفەت باری کردن کەدزی کردبوو ، جا ووتیان : کیٚ دەتوانێت لەبارەیەوە قسە لەگەڵ پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) بکات ، بۆ ئەوەی دەستی نەبڕێتەوە ؟ وەکیٚ دەوێرێت مەگەر (أُسَامَة) ی خۆشەویستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، بۆیە ئەویش لەبارەیەوە قسەی لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) کرد ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((أَتَشْفَعُ فِي حَدٍ مِنْ حُدُودِ اللهِ ؟)) واتە : ئایە تکا (شەفاعەت) لەسنورێك لەسنورەکانی خوای گەورە دەکەیت ؟ پاشان هەڵساو ووتاری دا و فەرمووی : ((أَيُّهَا النَّاسُ ، إِنَّمَا ضَلَّ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ إِنَّهُمْ كَانُوا إِذَا سَرَقَ الشَّرِيْفُ


منتدى إقرأ الثقافي

كردنی سنوورەكانی خوای گەورە لەهەر ولاتێك دا دەبێتە هۆی خێرو بەرەكەت بۆ ئەو ولاتە (٤٩٦) وەتكاو شەفاعەت كردن لەسنوورەكانی خوادا دروست نی‌یە (٤٩٧) وە باش وایە ئەگەر كەسێك خۆی تاوانێكی كرد لێی پەشیمان ببێتەوە و بیشارێتەوەی باسی نەكات (٤٩٨) .

---

تَركُوهُ وَإِذَا سَرَقَ الضَّعِيفُ فِيهِمْ أَقَامُوا عَلَيْهِ الحَدَّ ، وَايْمُ اللهِ لَوْ أَنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ مُحَمَّدٍ سَرَقَتْ لَقَطَعَ مُحَمَّدٌ يَدَهَا)) واتە : ئەی خەڵكینە ، لەڕاستی دا ئەوانەی پێش ئێوە گومڕا بوون ، چونكە ئەگەر پیاوێكی ناودار و بەڕێزیان دزی بكردایە ؛ وازیان لێ دەهێنا ، بەڵام ئەگەر پیاوێكی لاواز و بێ كەس لەناویاندا دزی بكردایە ئەوە سنووریان لەسەری جێ بەجێ دەكرد ، دەی سوێند بەخوا ئەگەر (فَاطِمَة)ی كچی (مُحَمَّد) دزی بكات ئەوە (مُحَمَّد) دەستی دەبڕێتەوە [رواه البخاری (١٢/رقم/٦٧٨٨) ومسلم (٣/١٣١٥/١٦٨٨) وأصحاب السنن] .

(٤٩٦) لەبەر فەرمودەكەی (أبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((حَدٌّ يُعْمَلُ بِهِ فِي الأَرْضِ خَيْرٌ لأَهْلِ الأَرْضِ مِنْ أَنْ يُمْطَرُوا أَرْبَعِينَ صَبَاحاً)) واتە : سنوورێك لە سنوورەكانی خوای گەورە كاری پێ بكرێت لەزەوی دا چاكترە بۆ خەڵكی سەر زەوی لەوەی چل بەیانیان بارانیان بەسەردا ببارێت .

(٤٩٧) لەبەر فەرموودەكەی (عَائِشَة) ی پێشوو بڕوانە (پ ٤٩٥) .

(٤٩٨) لەبەر فەموودەكەی (أبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((كُلُّ أُمَّتِي مُعَافَىً إِلاَّ المُجَاهِرِيْنَ ، وَإِنَّ مِنَ المُجَاهَرَةِ أَنْ يَعْمَلَ الرَّجُلُ بِاللَّيْلِ عَمَلاً ، ثُمَّ يُصْبِحُ وَقَدْ سَتَرَهُ اللهُ عَلَيْهِ ، فَيَقُولُ : يَافُلاَنُ عَمِلْتُ البَارِحَةَ كَذَا وَ كَذَا وَقَدْ بَاتَ يَسْتُرُهُ رَبُّهُ وَيُصْبِحُ يَكْشِفُ سِتْرَ اللهِ عَلَيهِ)) واتە : هەموو ئوممەتەكەم ڕزگار دەبن تەنها ئەوانە نەبێت كەتاوان بەئاشكرا دەكەن وەئەویش لە ئاشكراكردنە كەوا پیاوێك تاوانێك دەكا بەشەو پاشان سبەی هەڵدەستێ خوای گەورە بۆی داپۆشیوە ، جا دەڵێ : ئەی فلانەكەس من دوێنێ ئەوە و ئەوەم كرد ، ئەو مایەوە خوا بۆی داپۆشی بەڵام سبەی خۆی داپۆشینەكەی خوای گەورەی لەسەر خۆی ئاشكرا كرد و هەڵیدایەوە [رواه البخاری (١٠/رقم/٦٠٦٩) ومسلم (٤/٢٢٩١/٢٩٩٠)] .



منتدى إقرأ الثقافي

وەئەگەر کەسێکیش پێی زانی دای پۆشێت [٤٩٩] وەدەبێت دەسەڵات دار خۆی ئەنجامی بدات یان جێگر ونوێنەرەکانی [٥٠٠] وە گەورە (سَيِّد) خۆی دەتوانێت سنوور لەسەر بەندەو کەنیزەی خۆی بەجێ بهێنێت [٥٠١] وەئەو تاوانانەی کەلەقورئان و سوننەت دا سزای بۆ دیاری کراوە ئەمانەیە : داوێن پیسی (زِنَا) و نێر بازی (عَمَلِ قَوْمِ لُوْط) و بوختان هەڵبەستن (القَذْف) و دزی کردن (السَّرِقَة) و بێهۆش بوون (السُّكْر) و دوژمنایەتی کردنی خواو پێغەمبەر (ﷺ) (المُحَارَبَة) و هەڵگەڕانەوە لەئیسلام (الرِّدَّة) وەرچوون لەفەرمانی دەسەڵات دارو پێشەوای موسوڵمانان (أَهْل البَغْيِ) .

---

(٤٩٩) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ سَتَرَ مُسْلِماً سَتَرَهُ اللهُ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ)) واتە : هەرکەسێك کەم و کوڕیو نهێنی موسڵمانێك داپۆشێت ئەوە خوای گەورە کەم و کوڕی و نهێنیەکانی لەدونیاو دوارۆژدا دا دەپۆشێت [رواه مسلم (٤/٢٠٧٤/٢٦٩٩) وابو داود (١٣/٢٨٩/٤٩٢٥) وغيرهما] .

(٥٠٠) چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی سنوورەکانی جیٚ بەجیٚ دەکرد یان جێگرو نوێنەرەکانی ڕادەسپارد بۆ بەجیٚ هێنانی ، بەهەمان شێوە خەلیفە ڕاشیدیەکانیش هەر وایان کردوە ، وەئەگەر ئەو کارە بدرێتە دەستی (عَامَّە)ی خەڵکەوە ئەوە دەبێتە هۆی ڕقەبەرایەتی و دوژمنایەتیدروست بوون لەنێوانی خەڵکی دا .

(٥٠١) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِذَا زَنَتْ أَمَةُ أَحَدِكُمْ فَتَبَيَّنَ زِنَاهَا فَلْيَجْلِدْهَا الحَدَّ وَلاَ يُثَرِّبْ عَلَيْهَا ثُمَّ إِنْ زَنَتْ فَلْيَجْلِدْهَا الحَدَّ وَلاَيُثَرِّبْ عَلَيْهَا ، ثُمَّ إِنْ زَنَتِ الثَّالِثَةَ فَتَبَيَّنَ زِنَاهَا فَلْيَبِعْهَا وَلَوْ بِحَبْلٍ مِنْ شَعَرٍ)) واتە : ئەگەر کەنیزەی کەسێکتان (زِنَا)ی کرد ، جاڕوون بویەوە (زِنَا)ی کردوە ئەوە با داری سنووری لیٚ بدات و زۆریش تانەو قسەیپیٚ نەکات ، پاشان ئەگەر (زِنَا)ی کردەوە ئەوە با داری لیٚ بداتەوە جارێکی تریش و زۆر تانەو قسەی پیٚ نەکات ، پاشان ئەگەر سیٚ یەم جار (زِنَا)ی کرد و بۆی ڕوون بویەوە ، ئەوە بابیفرۆشێت ئەگەر بەگوریسێکیش بێت (حەبلێك لە تووك دروست دەکرێت) [رواه البخاري (١٢/رقم/٦٨٣٩) ومسلم (٣/١٣٢٨/١٧٠٣)] .


منتدى إقرأ الثقافي

# یەکەم: سنوور-سزا-ی داوێن پیسی ونێر بازی

## ( حَدُّ الزِّنَا وعَملِ قَوْمِ لُوْطِ ) (٥٠٢)

### ئەگەر کوڕ - لەژیاندا ژنی نەهێنا بوو - یان کچ - لەژیاندا شووی

---

(٥٠٢) داوێن پیسی یەکێکە لەگەورەترین تاوانە گەورەکان خوای گەورە لەسورەتی (الإسراء :٣٢) دا دەفەرمووێ : ﴿وَلاَتَقرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَ سَاءَ سَبِيْلاً﴾ واتە : وەنزیکی داوێن پیسی مەکەونەوە ، بەڕاستی ئەوە کارێکی خراپ و ڕێگایەکی پیسە . وە (عَبْدُالله بن مَسْعُود) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی : پرسیارم لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد کەوا چی تاوانێك زۆر گەورەیە ؟ فەرمووی : ((أَنْ تَجْعَلَ لِلّٰهِ نِدّاً وَهُوَ خَلَقَكَ)) واتە : کەوا هاوتا و شەریك بۆ خوا بڕیار بدەیت ، کەهەر ئەویش تۆی بەدی هێناوە . ووتم : پاشان چی؟ فەرمووی : ((أَنْ تَقْتُلَ وَلَدَكَ مَخَافَةَ أَنْ يُطْعِمَ مَعَكَ)) واتە : کەوا ڕۆڵەکەت بکوژیت لەترسی ئەوە دا خواردنت لەگەڵ دا دەخوات ، ووتم: پاشان چیتر؟ فەرمووی : ((أَنْ تُزَانِيَ بِحَلِيْلَةِ جَارِكَ)) واتە : کەوا کاری داوێن پیسی لەگەڵ حەلاڵی دراوسێکەت دا بکەیت [رواه البخاري (١٢/رقم/٦٨١١) ومسلم (١/٩٠/٨٦) وغيرهما].

وەخوای گەورە لەسورەتی (الفرقان : ٦٨-٧٠) دا لەباسی سیفەتەکانی بەندە ڕاستەقینەکانی خۆی دا دەفەرمووێ : ﴿والَّذِيْنَ لاَيَدْعُونَ مَعَ اللهِ إِلَهاً آخَرَ وَلاَيَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِيْ حَرَّمَ اللهُ إِلاَّبالحَقِّ وَلاَيَزْنُوْنَ ،وَمَنْ يَفْعَلْ ذٰلِكَ يَلْقَ أَثَاماً ، يُضَاعَفْ لَهُ العَذَابُ يَوْمَ القِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيْهِ مُهَاناً إلاَّ مَنْ تَابَ وَ آمَنَ وَعَمِلَ عَمَلاً صَالِحاً ، فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ﴾ واتە : وەئەوانەی کەوا لەگەڵ خوای گەورەدا داوا و هاوار بە کەسی تر ناکەن وەهیچ نەفسێك کەخوای گەورە کوشتنی حەرام کردوە بەناحەق نایکوژن وە کاری داوێن پیسی (زِنَا) ناکەن ، وەهەرکەسێك ئەوانە بکات ئەوە تووشی تاوانی گەورە دەبێت ، سزا بۆ ئەو لەڕۆژی قیامەت دا دوو جار دەبێتەوە ، وە بەزەلیلی لەوشوێنە ناخۆشەدا بەهەتاهەتایی دەمێنێتەوە ، مەگەر ئەو کەسەی تۆبە بکات و پەشیمان ببێتەوە و باوەڕ بێنێت و کردەوەی چاکە بکات ، جا ئەوانە خوای گەورە خراپەکانیان بۆ دەگۆڕێت بەچاکە ...

منتدى إقرأ الثقافي

**نەکردبوو - ی پێ گەیشتووی ژیر (٥٠٣) ی ئازاد (٥٠٤) وە بەبێ زۆر لێ کردن (٥٠٥) ئەو تاوانەی کرد ئەوە سەد (١٠٠) داری لێ دەدرێت لەگەڵ دوور خستنەوەی ساڵێك دا (٥٠٦)**

---

(٥٠٣) چونکە منداڵ و شێت هیچ (تَكْلِيف)ی شەرعیان لەسەر نییە ، لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) بڕوانە (پ ١٠٧) .

(٥٠٤) چونکە ئەوەی کۆیلە بێت _ بەندە بێت یان کەنیزە _ ئەوە بەرد بارانی لەسەر نییە ، بەڵکو پەنجا داری لێ دەدرێت کە دەکاتە نیوەی سزای کەسێکی ئازاد . لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (النساء :٢٥) دا کەدەفەرموێ : ((فَإِذَا أُحْصِنَّ فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَاحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ)) واتە : جا ئەگەر _ ئەم جۆرە کەنیزانە _ درانە شوو وەکارێکی داوێن پیسیان کرد ئەوە نیوەی سزای ئافرەتە ئازادەکانیان لەسەرە . وە (عَبْدُالله بن عَيَّاش المَخْزُومِي) دەفەرموێ : (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) فەرمانی پێ کردم لەگەڵ چەند لاوێکی تری (قُرَيْش) دا کەوا داری‌سزا بدەین لە چەند بەندەیەکی (إِمَارَة)هەر یەکە پەنجا دار ، پەنجا دار ، لەسەر داوێن پیسی (زِنَا) کردن . [رواه مالك (٥٩٤/١٥٠٨) والبيهقي (٢٤٢/٨) و هو حسن بروانه الارواء (٢٣٤٥)] .

(٥٠٥) ئەگەر کەسێك (پیاو یان ئافرەت) زۆری لێ کرا لەسەر داوێن پیسی ئەوە داری سنوری لێ نادرێت لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو عَبْدالرَّحْمَنِ السُّلَمِي) کەوا ئافرەتێکیان هێنا بۆلای (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا تینوێتی زۆری پێ هێنابوو ، جا بەلای شوانێك دا تێپەڕ بوە و داوای ئاوی لێ کردوە ، جا شوانەکەیش ئاوی پێ نەداوە ، تەنها کاتێك نەبێت کەخۆی بداتە دەستەوەو کاری خراپەی لەگەڵ بکات ، ئەویش ئەوەی کردوە ، جا ئیمامی عومەریش ڕاوێژی بەخەڵکی کرد لەبارەی بەرد باران کردنی‌یەوە ، (عَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی : ئەمە ناچار بووە ، من وا دەبینم وازی لێ بێنیت بڕوات ، جا ئەویش وای کرد [رواه البيهقي (٢٣٦/٨) وهو صحيح بروانه الارواء (٢٣١٣)] .

(٥٠٦) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لەسورەتی (النور: ٢) دا ، کەدەفەرموێ : ((الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ ، وَلَاتَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِيْنِ اللهِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِنَ الْمُؤْمِنِيْنَ))


منتدى إقرأ الثقافي

واتە : ئافرەتی داوێن پیس و پیاوی داوێن پیس ئەوە هەر یەکەیان سەد (١٠٠) داریان لێ دەن ، وە لە کاتی جێ بەجێکردنی سنووری خوادا هیچ سۆزو بەزەییەك نەتانگرێت ئەگەر باوەڕتان هەیە بە خوا و بەڕۆژی دوایی وە با دەستەیەك لەئیمانداران ئامادەی سزا دانەکەیان بن . وەلەبەر فەرموودەکەی (زَيْدُ بنُ خَالِدِ الجُـهَنِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی دەکرد لەبارەی کەسێکەوە کەوا (زِنَـا)ی کردوە و ژنی نەهێناوە کەوا سەد (١٠٠) داری لێ بدرێت و ساڵێکیش دوور بخرێتەوە [رواه البخاري (٢/رقم/٦٨٣١)] .

## تێبینی :

ئەگەر ئەو کەسەی کەداری لێ دەدرێت لاواز بوو بەرگەی سەد (١٠٠) داری نەدەگرت ، دەتوانرێت بەلقێکی دار خورما کە سەد (١٠٠) پەرە (شِمْرَاخ) ی پێوە بێت یەك جار لێی بدرێت ، لەبەر فەرموودەکەی (سَعِيْدُ بنُ سَعْد بن عُبَادَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : لەنێوان ماڵە کانمان دا پیاوێکی نوقسانی لاواز هەبوو ، جا گوێی پێ نەدەدرا ، تارۆژێك گرتیان بەسەر کەنیزەیەك لەکەنیزەکانی ماڵەوە ، خەریك بوو (زِنَـا)ی لەگەڵ دا دەکرد ، جا (سَعْدُ بنُ عُبَادَة) باسی کرد بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، جا ئەویش فەرمووی : ((إجْلِدُوهُ ضَرْبَ مِائَةَ سَوْطٍ)) واتە : دارکاری بکەن بە لێدانی سەد (١٠٠) دار ، ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) : ئەو زۆر لەوە لاوازترە ئەگەر سەد (١٠٠) داری لێ دەیسن دەمرێت ، فەرمووی : ((فَخُذُوا لَهُ عِثْكَالاً فِيْهِ مِائَةُ شِمْرَاخٍ فَاضْرِبُوهُ ضَرْبَةً وَاحِدَةً)) واتە : جا لقی دار خورمایەکی بۆ ببەن کەسەد (١٠٠) پەڕەی پێوە بێت ، جا یەك جار لێی دەن ، [رواه ابن ماجه (٢/٨٥٩/٢٥٧٤) وأبو داود (٤/رقم/٤٤٧٢) ولأحمد في فتح الرباني (١٦/٩٩/٢٥٣) وهو حديث صحيح بروانه صحيح ابن ماجه (٢٠٨٧)] .

وەپێغەمبەری خوا (ﷺ) بەباشی زانیوە دار لە ئافرەتێك نەدرێت کەترس هەبووە بەرگەی نەگرێت وەك لە فەرموودەکەی (عَلـي) دا ، هاتوە وەفەرمووی : ((أَحْسَنْتَ أتْرُكْهَا حَتَّى تَتَمَاثَلَ)) واتە : چاکت کرد وازی لێ بێنە تا باش دەبێتەوە [رواه مسلم (٣/١٣٣٠/١٧٠٥)] .



منتدى إقرأ الثقافي

**وەئەگەر پیاو _ لەژیانی دا ژنی هێنابوو _ یان ئافرەت _ لەژیانی دا شووی کردبوو _ ئەو تاوانەی کرد ئەوە بەرد باران دەکرێت تا دەمرێت (٥٠٧) و ئەو سنوورە لەسەری دەچەسپێت بە دان پێدا نانی تاوان بارەکە خۆی (٥٠٨)**

---

(٥٠٧) لەبەر ئەو فەرموودانەی لەو بارەیە وە هاتون لەوانە فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله الأنْصَارِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پیاوێك لە (أسْلَم) هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و باسی بۆ کرد کە داوێن پیسی (زِنَا)ی کردووە ، جا چوار شایەتی لەسەر خۆی دا ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێی کرد کەوا بەرد باران بکرێت ، وە ئەوە ژنی هێنا بوو [رواه الترمذي (٢/٤٤١/١٤٥٤) وابو داود (١٢/رقم٤٤٠٧)] .

وە فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) (خوای لێ ڕازی بێت) ووتاری بۆ خەڵکی دا ڕۆژێك ، جا فەرمووی : ((بەڕاستی خوا(مُحَمَّد)(ﷺ) ی بە حەق ڕەوانە کردووە ، وەقورئانیشی بەسەر دا دابەزاند وەلەوەی دابەزاندوە ئایەتی بەرد باران کردن (الرَّجْم) ، خوێندمانەوە و چوو بە(عَقْل) مانەوە و لێی تێگەیشتین ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرد بارانی کرد و ئێمەش پاش ئەو کردمان ، جا دەترسم ئەگەر زەمانە درێژە بکێشێت بەخەڵکی کەسێك بڵێت : بەخوا ئێمە ئایەتی بەرد باران کردن لەکتێبی خوادا نابینین ، جا گومڕا ببن بە وازهێنان لەفەرزێك کە خوای گەورە دایبەزاندوە ، وەبەرد بارانکردن لەکتێبی خوادا حەقە لەسەر پیاوێك کەوا ژنی هێنا بێت و ئافرەتێکیش کەشووی کردبێت ئەگەر داوێن پیسی کرد ، ئەگەر شایەت هەبوو لەسەری یان سکی پڕ بوو یان خۆی دانی پێدا بنێت)) [رواه البخاري (١٢/رقم/٦٨٣٠) ومسلم (٣/١٣١٧/١٦٩١) وغيرهما] .

**تێبینی:**

ئەگەر ئەو ئافرەتە سکی هەبوو ئەوە چاوەڕوان دەکرێت تا سکەکەی دا بنێت وە تا مناڵەکەیشی لەشیر دان دەبڕێتەوە ئەگەر کەس نەبوو شیری بدات ، لەبەر فەرموودەکەی (بُرَيْدَة) کە لەپەراوێزەکەی داهاتوو دا باسی دەکەین .

(٥٠٨) لەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : (کاتێك کە (مَاعِزُ بنُ مَالِك) هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پێی ووت : مـن (زِنَـا)م


منتدى إقرأ الثقافي

کردوه ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پـێی فـەرموو : لەوانەیە ماچت کردبێت یاقوڕنجکت لێ گرتبێت یا تەماشات کردبێت ؟ ووتی : نەء ، ئەی پێغەمبەری خوا ، فـەرمووی : ((أَنِكْتَهَا ؟)) واتە : ئەو کارەتکردووە ، (إِبْنُ عَبَّاس) فەرمووی : جا ئەو کاتە فـەرمانی کرد بەبەرد باران کردنی) [رواه البخاري (٢/رقم/٦٨٢٤) وابو داود (١٢/١٠٩/٤٤٠٤)] .

وە فەرموودەکـەی (بُرَيدَة) (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئافرەتێك هات بۆ لای لە (غَامِد) _ عەشرەتێك بوو _ لە (الأَزْد)ەوە ، جاووتی : ئەی پێغەمبـەری خـوا پـاکم کـەرەوە ، ئـەویش فـەرمووی : ((وَيْحَكِ إِرْجِعِي فَاسْتَغْفِرِي اللهَ وَتُوبِي إِلَيْهِ)) واتە : (وَيْح) بـۆ تـۆ ، بگـەڕێرەوە و داوای لێ بوردن لـەخوای گـەورە بکـەو پەشیمان بەرەوە بۆلای ئەو ، ووتی : وا دەتبینم دەتەوێت بمگێڕیتـەوە وەك چۆن (مَاعِزُ بنُ مَالِك) ت گێڕایەوە؟ فەرمووی : ((وَمَاذَاكِ ؟)) واتە : ئەی ئەوە چییە ؟ ووتـی : سکی هەیە لەزینا ، فەرمووی : ((أَنْتِ)) واتە : تۆ ؟ ووتی : بەڵێ ، جا پـێی فـەرموو : ((حَتَّى تَضَعَ مَا فِي بَطْنِكِ)) واتە : تا ئەوەی لەسکت دایە دای دەنێیت ، (بُرَيْدَة) فەرمووی : جا پیاوێك لە (الأَنصَار) کەفالەتی کـرد تاسـکی دانـا ، جـا هاتـەوە بـۆلای پێغەمبـەری خـوا و فـەرمووی : ئـەوە ئافرەتـە (غَامدِيَّة) کـە منداڵەکـەی دانـا ، جـا پێغەمبـەری خوایـش (ﷺ) فەرمووی : ((إِذاً لانَرْجُمُهَا وَنَدَعَ وَلَدَهَا صَغِيراً لَيْسَ لَهُ مَنْ يُرْضِعُهُ)) واتـە : کـەوابوو بەرد بارانی ناکەین و ڕۆڵەکەی بەتەنها جێ بهێڵین کەسی نەبێت شیری بدات ، جا پیـاوێك لە (الأَنصَار) هەڵساو فەرمووی : شیردان و بـەخێو کردنـی لەسـەر مـن ، ئەی پێغەمبـەری خوا(ﷺ) ، (بُرَيْدَة) فەرمووی : جا بەرد بارانی کرد [رواه مسلم (٣/١٣٢١/١٦٩٥)] .

وە (وَيْح) : ووشـەی بەزەییـە ، بەپێچەوانـەی (وَيْل)ە ، کـە ووشـەی سـزایە .

وەفەرموودەیتر زۆرە بڕوانە (پ٤٦٦) .

**تێبینی :**

ئەگەر پاش دان پێدانانەکەی پەشیمان بویەوە ، ووتی : زینـام نـەکردوە ئـەوە وازی لێ دەهێنرێت لەبەر فەرموودەکەی (نُعَيْمُ بنُ هَزَّال) (خـوای لێ ڕازی بێـت) کـەوا فـەرمووی : (مَاعِزُ بنُ مَالِك) هەتیو بوو لە باوەشی باوکم دا گەورە بوو ، جا تووشی (زِنَا) هـات لەگـەڵ کەنیزەیەکی گەڕەکەکەمان دا ، جا بـاوکم پـێی ووت : بـڕۆ بـۆلای پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)


منتدى إقرأ الثقافي

**یان بەشایەتی دانی چوار پیاوی موسوڵمانی دادپەروەر کەوا بڵێن ئێمە (ذَكَرْ)ی فلان کەسمان بینی لە (فَرْج)ی فلانە ئافرەت دا وەکو خەنجەر لەکەوانەکەی دا (٥٠٩)**

---

ئاگاداری بکەرەوە لەوەی کە کردوتە بەڵکو داوای لیٚ بووردنت بۆ بکات ، وە تەنها مەبەستی باوکم لەوەدا بوو بەهیوای ئەوە وە بەڵکو خوای گەورە دەروازەیەکی لیٚ بکاتەوە ، فەرمووی : جا هات بۆلای ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، من کاری داوێن پیسی(زِنَا)م کردووە جا کتێبی خوام لەسەر بەجیٚ بهێنە ، جا پێغەمبەر گوێی پیٚنەدا ، ئەویش دووبارەی کردەوەو ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من (زِنَا)م کردووە کتێبی خوام لەسەر بەجیٚ بهێنە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێی پیٚنەدا جا ئەویش جارێکیتر دووبارەی کردەوە :ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من (زِنَا)م کردووە کتێبی خوام لەسەر بەجیٚ بێنە ، تا چوار جار دووبارەی کردەوە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : تۆ ئەمە چوار جارە دووبارەی دەکەیتەوە جا لەگەڵ کیٚدا؟ ووتی : لەگەڵ فلانە کەس ، فەرمووی : ئایە هەڵتاژاند(ڕاتکشاند)؟ ووتی : بەڵیٚ ، فەرمووی : ئایە پێستت دای لەپێستی؟ ووتی : بەڵیٚ ، فەرمووی : ئایە جووت بویت لەگەڵیدا؟ ووتی : بەڵیٚ (نُعَيْم) فەرمووی : جا فەرمانی کرد کەوا بەردباران بکرێت ، جا دەرکرا بۆ دەشتایی (الْحَرَّةِ) جا کاتێك کە بەرد باران کرا و بەر دەکان دای لەلاشەی ، ترسا ، جا دەرچوو ڕای کرد ، جا (عَبْدُاللهِ بن أُنَيْس)ی پیٚ گەیشت و هاوڕێکانی بیٚ ووزە کردبوو ، جا (وَظِيف)ی ووشترێکی بۆ دەرهێنا وتیٚ ی وەشاند ، کوشتی ، جا هات بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بۆی گێڕایەوە ، ئەویش فەرمووی : ((هَلَّا تَرَكْتُمُوهُ لَعَلَّهُ أَنْ يَتُوبَ فَيَتُوبُ اللهُ عَلَيْهِ)) واتە : ئەی بۆ وازتان لیٚ نەهێنا لەوانەیە پەشیمان بوایەتەوە و تەوبەی بکردایە ، جا خوای گەورە لیٚ ی خۆش دەبوو [رواه ابوداود (٤/رقم ٤٤١٩) وهو حديث صحيح بروانە (٢٧١٦)] .

وە (وَظِيف)ی ووشتر ، خوففەکەیەتی وەکو سمی ئەسپە ، بروانە( لِسَانُ العَرَب) .

(٥٠٩) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (النور :٤) دا ، کەدەفەرمووێ :﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ واتە : وە ئەوانەی کە بوختان بۆ


منتدى إقرأ الثقافي

**ئەوە لەو کاتەدا پیاوەکە و ئافرەتەکەیش سنووریان لەسەر جێبەجێ دەکرێت بەڵام ئەگەر بەدان پێدا نان بێت ئەوە تەنها ئەوەیان دانی پێدا دەنا سنووری لەسەر جێ بەجێ دەکرێت بەڵام ئەوی تریان پرسیاری لێ دەکرێت (٥١٠)**

---

ئافرەتانی داوێن پاکی موسوڵمان هەڵدەبەستن وەلە پاشان چوار شایەت بۆ قسەکانیان ناهێننەوە ئەوە هەشتا (٨٠) داریان لێ بدەن وەهەرگیز شایەتیان لێ وەرمەگرن وە ئەوانە (فاسق)و تاوانبارن . وەلەبارەی رووداوی (الإفك)ەوە لەسورەتی (النور :١٣) دا خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَلَوْ لاَ جَاءوا عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَإِنْ لَمْ يَأْتُوا بِالشُّهَدَاءِ فَأُولَئِكَ عِنْدَاللهِ هُمُ الْكَاذِبُونَ﴾ واتە : ئەی بۆچی چوار شایەت لەسەر قسەکانیان نا هێننەوە ، جا ئەگەر شایەتەکانیان نەهێنا ئەوە ئەوانە لای خوای گەورە درۆزنن .

وە(أثر)ە کەی (قسَامَةُ بنُ زُهَيْر) کەوا (أَبُو بَكْرَةَ) و (شِبْلُ بنُ مَعْبَد) و (أَبُو عَبْدِالله نَافِع) شایەتیان دا لای (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پیاوێکیان بینی (زِنَا)ی کردوە ، جا کە چوارەمیان هات کە (زِيَاد) بوو (عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی : (إِنْشَاءَ الله) تۆ شایەتی ڕاستی دەدەیت ، جا (زِيَاد) ووتی : سەبارەت (زِنَا) ئەوە من شایەتی لەسەر نادەم ، بەڵام من شتێکی زۆر ناشیرینم بینی ، (عُمَر) فەرمووی : (اللهُ أَكْبَر) داریان لێ دەن ، جاداریان لێیان دا ، ووتی : جا (أَبُو بَكْرَة) پاش ئەوەی لێیان دا ووتی : من شایەتی دەدەم کەوا (زِنَا)ی کردوە ، جا (عُمَر) خەریك بوو دووبارە داری لێ بداتەوە ، جا (عَلِي) قەدەغەی لێ کردو فەرمووی : ئەگەر شایەتی (أَبُو بَكْرَة) بەدوو شایەت دەژمێریت ، ئەوە هاوڕێکەت بەرد باران بکە ، ئەگەر نا ئەوە داری خۆیت لێ دا ، جا وازی لێ هێنا [رواه البيهقي (٢/٣٢٤) وإسناده صحيح بروانە الإرواء (٢٩/٨)] .

(٥١٠) جا ئەگەر ئەویش دانی پێدا نا ئەوە ئەویش سنووری لەسەر جێ بەجێ دەکرێت بەڵام ئەگەر دانی پێدا نەنا ئەوە تەنها لەسەر ئەوەی تریان جێبەجێ دەکرێت ، لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : دووپیاو سکاڵای خۆیان هێنایە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) جا یەکێکیان ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا بڕیار بەکتێبی خوا بدە لەنێوانماندا ، وەڕوخسەتم بدە کەقسە بکەم ، فەرمووی : قسە بکە ، ووتی : من کوڕەکەم لای ئەمە کرێکار بوو جا (زِنَا)ی کردووە لەگەڵ ژنەکەی‌دا ، جا پێ یان ڕاگەیاندم کەوا بەرد باران لەسەر کوڕەکەمە ، بۆیە منیش لەجیاتی دا سەد (١٠٠) مەڕو کەنیزەیەکی خۆمم دا ، پاشان پرسیارم کرد لەهەندێك زانا ، جا پێیان ڕاگەیاندم کەکوڕەکەم سەد (١٠٠) دارو دوورخستنەوەی ساڵێکی لەسەرە ، بەردباران لەسەر ژنەکەی


منتدى إقرأ الثقافي

وەهەرکەسێك لەگەڵ ئافرەتێکی (مەحرەم)ی خۆی دا ئەو تاوانە بکات ئەوە دەکوژرێت ، ئیتر کوڕ بێت یان پیاو ، وە ئەگەر (مەحرەم)ێکی خۆی بخوازێت ئەوە دەکوژرێت و ماڵەکەشی دەبرێت (٥١١) وەئەگەر دووکەس نێر بازیان کرد ئەوە هەردووکیان (بکەرو کارلێکراویش) دەکوژرێن ، ئیتر کوڕ بێت یان پیاو (٥١٢) ئەگەر کەسێکیش ئەو تاوانە لەگەڵ ئاژەڵێکیش دا بکات ئەوە ، دەکوژرێت لەگەڵ ئاژەڵە کەدا . (٥١٣)

---

ئەوە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : بەو کەسەی کەنەفسی منی بەدەستە بەکتێبی خوا بڕیار لەنێوانیان دا ئەدەم ، سەبارەت بە کەنیزەو مەڕەکانت ئەوە بۆت دەگەڕێتەوە . وەسەد (١٠٠) داری لەکوڕەکەی داو یەك ساڵ دووری خستەوە وەفەرمانی بە (أُنَيس الأسلَمی) کرد کەوا بڕوات بۆ لای ژنی ئەوی تریان ، جا ئەگەر دانی پێدا نا ئەوە بەرد بارانی بکات ، جادانی پێدا نا ، ئەویش بەرد بارانی کرد [رواه البخاري (١٢/رقم/٦٨٢٨) ومسلم (٣/١٣٢٤/١٦٩٨) وأصحاب السنن] .

(٥١١) لەبەر فەرموودەکەی (البَرَّاء) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی : گەشتم بە مامەم و ئاڵای پێ بوو ، ووتم : بۆکوێ دەتەوێت بڕۆیت ؟ ووتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕەوانەی کردووم بۆ کابرایەك ژنی باوکی خۆی خواستووە ، پاش خۆی ، کەوا لەگەردنی بدەم و ماڵەکەی ببەم [رواه ابو داود (٤/رقم ٤٤٥٧) والنسائي (٦/١١٠) والترمذي (٢/٤٠٧/١٣٧٢) وابن ماجه (٢/٨٦٩/٢٦٠٧) وعند الآخرين بدون زيادة (وەپارەکەی ببەم) وهو حديث صحيح . بڕوانە الإرواء (٢٣٥١) وصحيح ابن ماجه (٢١١١)] .

(٥١٢) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ وَجَدْتُمُوهُ يَعْمَلُ عَمَلَ قَوْمِ لُوطٍ فَاقْتُلُوا الفَاعِلَ وَالمَفْعُولَ بِهِ)) واتە : ئەگەر هەرکەسێکتان بینیەوە کارەکەی قەومی (لُوْط) دەکات ئەوە بکەرو کارلێکراویش بکوژن [رواه الترمذي (٣/٨/١٤٨١) وأبو داود (٤/رقم٤٤٦٢)وابن ماجه (٢/٨٥٦/٢٥٦١) وهو حديث صحيح بڕوانە صحيح ابن ماجه (٢٠٧٥) والارواء (٢٣٥٠)] .

وەئەم تاوانە ، یەکێکە لەتاوانە گەورەکان کەخوای گەورە بەهۆیەوە قەومی (لُوْط)ی لەناوبرد ، بڕوانە [فقه السنة (٢/٣٦١-٣٦٥)] کەبەجوانی باسی مەترسی ئەم تاوانە دەکات .

(٥١٣) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ أَتَى بَهِيمَةً فَاقْتُلُوهُ وَاقْتُلُوهَا مَعَهُ)) واتە : هەرکەسێك کاری



منتدى إقرأ الثقافي

# دووەم: سنوور –سزا– ی بوختان هەڵبەستن بە ( زِنَا ) کردن ( القَذْف ) (٥١٤)

**هەرکەسێك بوختانی (زِنَا) کردن هەڵبەسێت بۆ موسولمانێك ئـەوە**

---

داوێن پیسی لەگەڵ ئاژەڵێك دا بکات ئەوە بیکوژن و ئاژەڵەکەشی لەگەڵ دا بکوژن [رواه أبو داود (٤/رقم٤٤٦٤) والترمذي (١٤٨٩/٨/٣) وابن ماجه (٢٥٦٤/٩٥٦/٢) بلفظ آخر . وهو صحيح بروايه الترمذي (١١٧٦)] .

وە ئەوەی کە لە (إبْنُ عَبَّاس)ە وە دەگێڕنـەوە کـەوا فەرموویەتی : ((لَيْسَ عَلَى الَّذِي يَأتِي البَهِيْمَةَ حَدٌّ)) [رواه أبو داود (٤/رقم ٤٤٦٥) والترمذي (١٤٨٩/٨/٣) وهو صحيح أيضاً] .

بەڵام ئەمە تەنها فەتوای (إبْنُ عَبَّاس)ە ، بەڵام ئەوی تریان فـەرموودەی پێغەمبـەری خوایە (ﷺ) ، وەفەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نابێت بۆ قسەی هیچ کەسێك وازی لیّ بهێنرێت ، بۆیە ئێمە لەسەر مانە کار بەفەرموودەکە بکەین . ((وَخَيْرُ الهَدِي هَدْيُ مُحَمَّدٍ (ﷺ))).

(٥١٤) (القَذْف) : ئەوەیە کەسێك بە موسولمانێك بڵێت : ئەی داوێن پیس یا زیناکـەر یاهەر ووشەیەکی‌تر ئەو واتایە بگەیەنێت کەوا بە (زِنَا) کردن تۆمـەت باری بکات ، وەئـەم کارەیشە یەکێکە لەتاوانە گەورەکان ، خوای گەورە لە سورەتی (النور : ٢٣) دا دەفـەرمێ : ﴿إِنَّ الَّذِيْنَ يَرْمُونَ المُحْصَنَاتِ الغَافِلاَتِ المُؤْمِنَاتِ لُعِنُوا فِي الدُّنْيَا وَالآخِـرَةِ وَلَـهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ واتە: بەڕاستی ئەو کەسانەی کە بوختان و تۆمەتی (زِنَا) هەڵدەبەستن بۆ ئافرەتە باوەڕ دارە داوێن پاکە بێ ئاگاکان ئەوانە نـەفرەتیان لیّ کراوە لـەدونیا و دواڕۆژدا وە سزایەکی زۆر گەورەیان بۆ هەیە .

وە (أبُوهُرَيْرَة) (خوای لیّ ڕازی بێت) دەفەرموێ : پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمووی : ((إِجْتَنِبُوا السَّبْعَ المُوبِقَـات ، قَـالُوا : وَمَـاهُنَّ يـارَسُولَ اللهِ؟ قَـالَ : الشِّـرْكُ بِـاللهِ وَالسِّحْرُ وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللهُ إلاَّ بِالحَقِّ وَأَكْلُ الرِّبَا وَأَكْلُ مَالِ اليَتِيْمِ وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ وَقَذْفُ المُحْصَنَاتِ الغَافِلاَتِ)) واتە : خۆتان لەو حـەوت شتە بپارێزن کە مرۆڤ دەفەوتێنێت و تیای دەبات ووتیان : ئەوانە چین ئەی پێغەمبەری خوا؟ فـەرمووی : هاوەڵ بڕیار دان بۆ خوای گەورە و جادوو کردن و کوشتنی ئەو نەفسەی کە خوای گـەورە حـەرامی کردوە ، مەگـەر بەحـەق و سوود خـواردن ، ومـاڵی هـەتیو خـواردن ، وپشـت هەڵکردن لەدوژمنان لەکاتی غەزادا ، و بوختان هەڵبەسـتن بـەزینا بـۆ ئافرەتـە بـاوەڕ دارە داوێن پاکە بێ ئاگاکان [رواه البخاری (٦/ رقم /٢٧٦٦) و غیره) ] .



منتدى إقرأ الثقافي

هەشتا (٨٠) داری لێ دەدرێت ،[٥١٥] مەگەر چوار شایەت بێنێت [٥١٦] یان ئەو موسوڵمانە خۆی دانی پێدا بنێت و (إعْتِرَاف) بکات کە زینای کردووە [٥١٧] یان وەکو (لِعَان)ی بکات ئەگەر خێزانی خۆی بوو .[٥١٨] وە سنوری بوختان هەڵبەستن بەدان پێدانانی بوختان چیە کە خۆی دەچەسپێت [٥١٩] یان بەشایەتی دانی دوو موسوڵمانی دادپەروەر لەسەری .[٥٢٠]

---

(٥١٥) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سوورەتی (النور :٤) دا کە دەفەرموێ : ﴿وَالَّذِيْنَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَات ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلاَتَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَداً وَأُوْلَئِكَ هُمُ الفَاسِقُونَ﴾ بۆواتای ئایەتەکە بڕوانە (پ٥٠٩). وە (أثَر)ەکەی (قُسَامَةُ بنُ زُهَيْر) بڕوانە (پ٥٠٩) وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) سنووری (قَذْف)ی لەسەر ئەوانەی بوختانیان بۆ دایکە (عَائِشَة) هەڵبەست بەجێ هێنا [رواه ابوداود (٤ / رقم / ٤٤٧٤) والترمذي (٥/٣٣٢/٣١٨٠) وابن ماجه (٢/٨٥٧/٢٥٦٧) وغيرهم وهو حديث حسن بڕوانە صحيح ابن ماجة (٢٠٨١)].

(٥١٦) لەبەر ئایەتەکان و (أثَر)ەکەی پێشوو . بڕوانە (پ٥٠٩) .

(٥١٧) چونکە بەدان پێدانانی خۆی سنوری (قَذْف) لەسەر ئەم نامێنێت بەڵکو سنووری (زِنا) لەسەر ئەو پێویست دەبێت .

(٥١٨) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (النور :٦-٩)دا بڕوانە (پ١٤١) وە باسی لەعنەت کردن (اللِّعَان) بەگشتی لە (پ١٤٠ — پ١٤٥) باس کرا . دەتوانیت بۆی بگەڕێیتەوە .

(٥١٩) چونکە بەدان پێدانانی خۆی تاوانەکە لەسەری دەچەسپێت ، بڕوانە (پ٤٦٦).

(٥٢٠) وەکو هەموو ئەو سنوورو بڕیارانەی کە پێویستی بەشایەت هەیە ، بڕوانە (پ٤٦٧) و باسی شایەتی دانیش کەلە پێش دا باسمان لێ کرد لە (پ٤٧٢) بەسەرەوە .



منتدى إقرأ الثقافي

# سێیەم: سنوور-سزا- ی بێ هۆش بوون
# ( حَدُّ السُكر )

خواردنەوەی شتی بێهۆشكەر یەكێكە لەگەورە ترین تاوانە گەورەكان [٥٢١] بۆیە ئەگەر موسوڵمانێكی پێگەیشتووی ژیری [٥٢٢] زۆر لێ نەكراو شتێكی بێهۆش كەری خواردەوە بەقەستەوە [٥٢٣] ئەوە چل (٤٠) دار تا هەشتا (٨٠) داری لێ دەدرێت ، بەپێی بۆ چوونی پێشەوا و داوەر [٥٢٤]

(٥٢١) لەبەر فەرموو دەكەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((الخَمْرُ أُمُّ الفَوَاحِشِ وَأَكْبَرُ الكَبَائِرِ مَنْ شَرِبَهَا وَقَعَ عَلَىٰ أُمِّهِ وَخَالَتِهِ وعَمَّتِهِ)) واتە : مەی دایكی — ئەصڵی — هەموو خراپەكانە وە گەورەترین تاوانە گەورەكانە ، كێ بیخواتەوە كاری داوێن پیسی لەگەڵ دایكی و خوشكی دایك و خوشكی باوكیشی دا دەكات [رواه الطبراني (١١/١٦٤/١١٣٧٢) وهو حديث حسن بروانە صحيح الجامع (٣٢٤٥)] وە هەروەها (پ٤٣٠) و تێبینیەكانی پاش ئەو پەراوێزە .

(٥٢٢) لەبەر فەرموودەكەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) (پ١٠٧) .

(٥٢٣) لەبەر فەرموودەكەی (أَبُو ذَرِ الغَفَارِي) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ١٠٨) .

(٥٢٤)لەبەر فەرموودەكەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا بۆسنووری مەی خواردنەوە بە شووڵی دارخورما و نەعل ئەیدا لەوەی ئەو تاوانەبكات وە (ابُو بَكْر) چل داری لێ دەدا)) [رواه البخاری (١٢/رقم/٦٧٧٣) و مسلم (٣/١٣٣١/١٧٠٦)] .

وە فەرموودەكەی تری (أَنَس) كەوا فەرمووی : ((پیاوێكیان هێنا بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەی خوارد بووەوە ، جا پێغەمبەری خوا بەدوو شووڵی دار خورما نزیكەی چل (٤٠) داری لێدا ، وە فەرمووی : وە (أَبُوبَكْر) یش هەروای دە كرد جا كە (عُمَر) بوو (بەخەلیفە)، ڕاوێژی بەخەڵكی كرد ، جا (عَبْدُالرَّحْمَنِ بنِ عَوْف) فەرمووی : سووك ترین


منتدى إقرأ الثقافي

**وە ئەگەر سیٚ جار دووبارەی کردەوەو هەموو جاریٚك سنووری لەسەر جیٚبەجیٚ کرا ، پاشان ئەگەر جاریٚکیتر گەڕایەوە ئەوە بۆ داوەر هەیە بڕیاری کوشتنی بدات (٥٢٥)**

---

سنوور — حُدُود — ەکان هەشتایە ، جا (عُمَر)یش فەرمانی پیٚوە کرد)) [رواه مسلم (١٧٠٦/١٣٣٠/٣)] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (حُضَيْنُ بنُ المُنْذِر) فەرمووی : ((کاتیٚك کە دوو کەس شایەتیدا لەسەر (الوَلِيْدُ بنُ عُقْبَة) کەوا مەی خواردوەتەوە (عُثْمَان) (خوای لیٚ ڕازی بیٚت) بە (عَلِي) (خوای لیٚ ڕازی بیٚت) فەرموو : ((هەستە ئەی (عَلِي) داری لیٚ بدە ، ... جا (عَلِي) فەرمووی : ئەی (عَبْدُالله بن جَعْفَر) هەستە داری لیٚدە ، جا ئەویش داری لیٚ دا ، و (عَلِي)یش دەیژمارد تا گەیشتە چل (٤٠) ، جا فەرمووی : دەست هەلگرە ، پاشان فەرمووی : پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) چل داری لەمەی خۆر داوە ، و (أَبُوبَكْر)یش چل داری لیٚ داوە ، وە (عُمَر) هەشتا داری لیٚ داوە ، وە هەمووی سوننەتە ، وە من ئەمەیانم پیٚ خۆشترە)) [رواه مسلم (١٧٠٧/١٣٣١/٣)] .

(٥٢٥) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لیٚ ڕازی بیٚت) کەوا پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((**إِذَا سَكِرَ فَاجْلِدُوهُ فَإِنْ عَادَ فَاجْلِدُوهُ ثُمَّ قَالَ فِي الرَّابِعَةِ فَإِنْ عَادَ فَاضْرِبُوا عُنُقَهُ**)) واتە : ئەگەر بیٚهۆش بوو ئەوە داری لیٚ بدەن جا ئەگەر گەڕایەوە و دووبارەی کردەوە ، ئەوە داری لیٚ بدەن ، جا ئەگەر گەڕایەوە و سیٚبارەی کردەوە ئەوە داری لیٚ بدەن ، پاشان پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) لەچوارەم جاردا فەرمووی : جا ئەگەر گەڕایەوە ئەوە لە گەردنی بدەن [رواه ابوداود (٤/رقم/٤٤٨٤) وابن ماجه (٢٥٧٢/٨٥٩/٢) والنسائي (٣١٤/٨) وهو حديث حسن صحيح بروانە صحيح ابن ماجه (٢٠٨٥)] .

وەئەم فەرمان (أَمْر)ەی پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ (وَاجِب) نییە ، بەلکو دەگەڕیٚتەوە بۆ ویستی پیٚشەوا (إِمَام) ، لەبەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) (خوایان لیٚ ڕازی بیٚت) کەوا فەرمووی : پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((**إِنَّ مَنْ شَرِبَ الخَمْرَ فَاجْلِدُوهُ فَإِنْ عَادَ فِي الرَّابِعَةِ فَاقْتُلُوهُ**)) واتە : هەرکەسیٚك مەی خواردەوە ئەوە داری (حَدّ)ی لیٚ بدەن ، جا ئەگەر چوارەم جار گەڕایەوە بۆ خواردنەوەی ئەوە بیکوژن ، (جَابِر) فەرمووی : جا پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) پیاویٚکیان هیٚنا بۆلای مەی خواردبووەوە چوارەم جار ، جا



منتدى إقرأ الثقافي

وە ئەم سنوور – حَدّ – ەی لەسەر دەچەسپێت بەدان پێدا نانی خۆی [٥٢٦] یان بەشایەتی دانی دوو شایەتی دادپەروەر . [٥٢٧]

# چوارەم :

## سنوور -سزا- ی دزی کردن ( السَّرِقَة ) [٥٢٨]

هەرکەسێکی پێگەیشتووی ژیری [٥٢٩] زۆر لێ نەکراو [٥٣٠] ماڵێکی شاراوەی کەسێکیتر لە شوێنی خۆیدا [٥٣١]

---

لێ ی دا و نەیکوشت)) [رواه الترمذي (٤٩/٤) والنسائي وغيرهما و لە طرق وأسانيد كلها صحيحة بڕوانە (تحقيق المسند لأحمد شاكر) (٩/٥٣-٥٤) ثم قال : وأسانيد حديث جابر كلها صحيحة] .

(٥٢٦) بڕوانە (پ٤٦٦) .

(٥٢٧) لەبەر فەرموودەکەی (الحُصَيْنُ بنُ المُنْذِر) بڕوانە (پ٥٢٤) .

(٥٢٨) (السَّرِقَة) لەزمانی عەرەب دا : ڕۆیشتنە بە شاراوەیی بۆ بردنی ماڵی کەسێکیتر لە شوێنی پاراستنی خۆیدا . (إِبْنُ عَرَفَة) دەفەرمێ : (السَّارِق) لای عەرەب ، ئەو کەسەیە کەدێت بەشاراوەیی بۆ شوێنی پاراستنی ماڵی یەکێکیتر جا لێ ی دەبات . کەوابوو ئەگەر ماڵەکە موڵکی کەسێکیتر نەبوو یان بردنەکەی بەئاشکرا بوو یان ماڵەکە لە شوێنی پاراستنی خۆیدا نەبوو ، ئەوە دەست بڕین پێویست ناکات و حوکمی دزی (سَرِقَة)ی نییە .

(٥٢٩) وەك چەند جارێك دووبارەمان کردەوە منداڵ و شێت لە شەرع دا (تَكْلِيف) یان لەسەر نییە . بڕوانە (پ١٠٧) .

(٥٣٠) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو ذَر) بڕوانە (پ١٠٨) .

(٥٣١) چونکە (السَرِقَة) وەك باسمان کرد لەزمانی عەرەب دا ، لەوماڵە دایە کە لە شوێنێك دا هەڵگیرابێت کەشوێنی پاراستنی خۆی بێت ، وە لەبەر ئەو فەرموودانەی کەلەو بارەیەوە هاتوە ، لەوانە فەرموودەکەی (صَفْوَانُ بنُ أُمَيَّة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا ڕۆژێکیان لە مزگەوت دا خەوتوو بوو وعاباکەی کردبوە سەرین ، جا لەژێر سەری دەرکرا ، جا ئەویش کابرای دزی هێنا بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ)



منتدى إقرأ الثقافي

## بدزێت کەنرخەکەی لە چارەك (رُبع)ە دینارێکی ئاڵتوون کەمتر نەبێت [٥٣٢]

فەرمانی کرد کەوا دەستی ببڕدرێتەوە ، جا (صَفْوَان) ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا مِنِّ ئەمەم نەویست ، عاباکەمی پێ دەبەخشم ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((فَهَلاَّ قَبْلَ أَنْ تَأْتِيَنِي بِهِ)) واتە : جا ئەمەت بۆ نەکرد پێش ئەوەی بیهێنیت بۆلای من [رواه أحمد (٤٦٦/٦) وابوداود (٤/رقم/٤٣٩٤) وابن ماجه (٢/٨٦٥/٢٥٩٥) والنسائي (٦٩/٨) وهو حديث صحيح بڕوانە صحيح ابن ماجه (٢١٠٣) ] .

وە فەرموودەکەی (عَبْدُاللهِ بن عَمْرو)یش (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسیاریان لێ کرد لەبارەی بەری هەڵبەستراو بەدارەکەوە ، جا فەرمووی : ((مَا أَصَابَ مِنْ ذِي حَاجَةٍ غَيْرَ مُتَّخِذٍ خُبْنَةً فَلَا شَيْءَ عَلَيْهِ وَمَنْ خَرَجَ بِشَيْءٍ مِنْهُ فَعَلَيْهِ غَرَامَةُ مِثْلَيْهِ وَالعُقُوبَةُ وَمَنْ سَرَقَ شَيْئاً مِنْهُ بَعْدَ أَنْ يُؤْوِيَهُ الجَرِينُ فَبَلَغَ ثَمَنَ المِجَنِّ، فَعَلَيْهِ القَطْعُ ، وَمَنْ سَرَقَ دُوْنَ ذَلِكَ فَعَلَيْهِ غَرَامَةُ مِثْلَيْهِ وَالعُقُوبَةُ)) واتە : ئەوەی کەسێك بیخوات کە پێویستی پێی هەبێت بەبێ ئەوەی لەگەڵ خۆیدا لێی هەڵبگرێت ، ئەوە هیچیلەسەرنییە ، وەهەرکەسێك لەگەڵ خۆیدا لێی ببات ئەوە بژاردنی دوو ئەوەندەی لەسەرە و سزایش دەدرێت ، وە هەرکەسێك شتێکی بدزێت پاش هەڵگرتنی لەشوێنی پاراستنیدا ئەوە دەستی دەبڕدرێتەوە ئەگەر ئەوشتە دۆزراوە نرخەکەی بگاتە ئەو نرخەی کە دەستی دزی پێ دەبڕدرێتەوە ، وە ئەوەیشی لەوە کەم تر بدزێت ئەوە بژاردنی دوو ئەوەندە و سزایشی لەسەرە [رواه ابوداود (٤/رقم/٤٣٩٠) والترمذي (٣/٥٨٤/١٢٨٩) والنسائي (٨/٨٥/٤٩٥٨) وهو حديث حسن بڕوانە الإرواء (٢٤١٣)] .

(٥٣٢) لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَةَ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی دزی دەبڕییەوە لە چارەك (رُبْع)ە دینارێك بەسەرەوە)) [رواه البخاري (١٢/٩٦/٦٧٨٩) ومسلم (٣/١٣١٢/١٦٨٤)] .

وە چارەکە دینارێك = ١,٠٦٢٥ غرام ئاڵتوونی خۆڵ ( عەیاری: ٢٤) دەکات

[وفي رواية لمسلم (٣/١٣١٢/١٦٨٤) وغيره] .عن (عَائِشَةَ) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((لاتُقْطَعُ يَدُ السَّارِقِ إلاَّ فِي رُبْعِ دِيْنَارٍ فَصَاعِداً)) واتە : دەستی دز نابڕێتەوە مەگەر لە چارەك (رُبْع)ە دینارێك بەسەرەوە)) ، وفي رواية [لأحمد (٦/٨٠-٨١)] (( ... وكَانَ رُبْعُ



منتدى إقرأ الثقافي

ئەوە دەستی ڕاستی لەجومگەی بازنە ( مەچەك)دا دەبڕڕێتەوە (٥٣٣) وەسنووری لەسەری دەچەسپێت بەدان پێدانانی خۆی (٥٣٤) یا بەشایەتی دانی دووشایەتی دادپەروەر (٥٣٥) ، وە ئەم سنوورەی لەسەر دەکەوێت بەلێبوردنی خاوەن ماڵەکە پێش گەیشتنی بەلای دادوەر ، بەڵام گەیشتە لای ئەوە دەبێ جێ بەجێ بکرێت ، (٥٣٦)

---

الدِّيْنَار يَوْمَئِذٍ ثَلَاثَةُ دَرَاهِمٍ وَالدِّيْنَارُ إِثْنَي عَشَرَ دِرْهَمًا)) واتە : ... وە چارەکە دینار لەو ڕۆژەدا سێ درهەمی دەکرد وە دینارێکیش دوانزە درهەمی دەکرد .

(٥٣٣) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (المائدة :٣٨) دا کە دەفەرموێ : (وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِنَ اللهِ وَاللهُ عَزِيْزٌ حَكِيْمٌ)) واتە : وە دزی پیاو و دزی ئافرەت ئەوە دەستیان ببڕنەوە سزایەك بێت بۆ ئەوکارە خراپەیان ، وە پەندێکیش بێت لەلایەن خوای گەورەوە ، وە خوای گەورەیش بەدەسەلات و دانایە .

(الشَّيخ مُحَمَّد صِدِّيْق حَسَن خَان) دەفەرموێ : زانایان (إتِّفَاق) یان کردوە لەسەر ئەوەی کەوا دز ئەگەر یەکەم جار دزی کرد ئەوە دەستی ڕاستی دەبڕڕێتەوە ، پاشان ئەگەر دووبارە دزیکردەوە ئەوە پێی چەپی دەبڕڕێتەوە وە جیاوازن لەوەدا کەوا ئەگەر سێبارە دزی کردەوە پاش بڕینی دەستی ڕاستی و پێی چەپی ، جا زۆربەیان بۆ چونیان وایە کەوا دەستی چەپی دەبڕڕێتەوە ، پاش ئەوەیش ئەگەر دزی کردەوە ئەوە قاچی ڕاستی دەبڕرێتەوە پاشان ئەگەر دزی کرد ئەوە ئازار دەدرێت و دەخرێتە بەندیخانەوە ، و ئیمامی (شَافِعِي) لەسەر ئەم ڕایەیە ، بەڵام (أَبُو حَنِيْفَة) دەفەرموێ : : دەستی چەپی و پێی ڕاستی نابڕڕێتەوە ، بەڵکو ئازار دەدرێت و دەخرێتە بەندیخانەوە . بڕوانە [(الروضة الندية)].

(٥٣٤) بڕوانە (پ٤٦٦) .

(٥٣٥) بڕوانە (پ٤٦٨) وە باسی شایەتی دان کەلە (پ٤٧٢)وە دەست پێ دەکات.

(٥٣٦) لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((تَعَافُوا الحُدُودَ فِيمَا بَيْنَكُمْ فَمَا بَلَغَنِي مِنْ حَدٍّ فَقَدْ وَجَبَ)) واتە : لە نێوانی خۆتان دا با لێبوردنتان هەبێت لە سنوورەکان دا ، جا ئەگەر



منتدى إقرأ الثقافي

وە ئەگەر لەبەری باخێك بخوات پێش هەڵگرتنی ئەوە هیچی لەسەر نییە ئەگەر هیچ لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرێت ، بەڵام ئەگەر لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرت ئەوە دوو ئەوەندەی ئەوەی هەڵیگرتووە دەبژێرێت وە سزایشی دەدرێت ، وە ئەگەر میوەکە هەڵگیرابوو لەشوێنی هەڵگرتنی خۆیدا ، ئەوە ئەگەر ئەوەندەی لێ بدزێت کەوا نرخەکەی بگاتە چارەك (رُبع)ە دینارێکی ئاڵتوون ، ئەوە دەستی دەبڕدرێتەوە ، وە ئەگەر نەگەیشتە ئەو نرخە ، ئەوە دوو ئەوەندەی ئەوەی دزیویەتی دەبژێرێت ، وە سزایش دەدرێت [٥٣٧] وە هەروەها دەستی کەسێکیش دەبڕدرێتەوە کەنکۆڵی لەدەستیار (العَارِيَة) بکات ، کە دەخرێتە لای [٥٣٨] بەڵام دەستی (خَائِن) و (مُنْتَهِب) و (مُخْتَلِس) نابڕدرێتەوە . [٥٣٩]

---

هەرسنوورێك گەیشتە من ئەوە پێویست دەبێت [رواه ابوداود (٤/رقم/٤٣٧٦) والنسائی (٨/٧٠) والحاكم (٤/٣٨٢) وهو حديث صحيح بڕوانە سلسلة الصحيحة (١٦٣٨)] .

وە هەروەها فەرموودەکەی (صَفْوَانُ بنُ أُمَيَّة) یش[بڕوانە (پ٥٢١)].

(٥٣٧) لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عُمَر) بڕوانە (پ٥٢١) .

(٥٣٨) لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: ئافرەتێکی (مَخْزُومِيَّة) شتی ناو ماڵەی دەستیار (عَارِيَة) دەکرد ، پاشان نکۆڵی دەکرد و نەیدەدایەوە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کرد کەوا دەستی ببڕێتەوە ، جا کەس و کاری هاتن بۆلای (أُسَامَةَ بنُ زَيْد) (خوایان لێ ڕازی بێت) بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بکات و تکای بۆ بکات ، جا ئەویش قسەی لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا کرد و ...)) [رواه مسلم (٣/١٣١٦/١٦٨٨) ] تەواوی فەرموودەکە لەباسی (حُدُود) دا باسمان کرد بڕوانە (پ٤٩٥) .

(٥٣٩) لەبەر فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی : ((لَيْسَ عَلَىٰ خَائِنٍ وَلاَمُنْتَهِبٍ وَلاَمُخْتَلِسٍ قَطْعٌ)) واتە : دەست بڕینەوە نە لەسەر (خَائِن) هەیە وەنە لەسەر (مُنْتَهِب) یش وەنە لەسەر (مُخْتَلِس)یش [رواه ابوداود (٤/رقم/٤٣٩٣) والترمذي (٤/٥٢/١٤٤٨) وابن ماجه (٢/٨٦٤/٢٥٩١) والنسائی (٨/٨٨) وهو حديث صحيح ، بڕوانە الارواء (٢٤٠٣) وصحيح ابن ماجه (٢٠٩٩) ] .



منتدى إقرأ الثقافي

# پێنجەم :
# سنوور – سزا – ی ئەوانەی لەگەڵ خواو پێغەمبەردا دەجەنگن (٥٤٠)
## ( حَدُّ المُحَارِبِ )

ئەگەر کۆمەڵێك لە فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا دەرچوون و دەستیان دایە ئەشکەنجە و ئازار دانی بەندەکانی خواو ئاژاوە گێڕان لەوڵاتی ئیسلام دا و مەترسی بخەنە ڕێگای هاتوچۆ کردنی موسوڵمانانەوە ، ئەوە سنوور – سزا – ی ئەوانە ئەوەیە بکوژرێن یان هەڵبواسرێن و لەسێدارە بدرێن یان دەست و پێیان ڕاست و چەپ ببڕرێتەوە ، یان شار بەدەربکرێن و دوور بخرێنەوە لەکەس و کار وولاتی خۆیان (٥٤١)

---

وە (الخَائن) واتە : دەست پیس ، ئەوکەسەیە کەشتێکی بە ئەمانەت دەخرێتەلا بەلام ئەو خیانەتی لیٚ دەکات و دەیفەوتێنێت وە (المُنْتَهِب) واتە : تالان کەر ، ئەو کەسەیە کە بەئاشکراو بەزۆر دەیبیات . وە (المُخْتَلس) واتە : فڕێنەر ، ئەو کەسەیە کەوا شتێکی دیاری دەبات بەپەلە لەکاتی بێ ئاگایی خاوەنەکەیدا .

(٥٤٠) (المُحَارِب) : ئەو کەسەیە کەوا لەفەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەردەچێت ، وەئەو شتانە دەکات کەخوا قەدەغەی لیٚ کردوە ، لەکوشتنی خەڵکی بێ تاوان و ماڵ تالان کردنیان وترساندنیان و ... هتد ، جا ئەم کارانە وەك ئەوە وایە ئەوکەسە لەگەڵ خوا و پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بجەنگێت بۆیە بە (مُحَارَبَة) ناو براوە واتە : جەنگ کردن .

(٥٤١) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (المائدة :٣٣) دا کە دەفەرمویٚ : ﴿إِنَّمَا جَزَاؤُا الَّذِيْنَ يُحَارِبُونَ اللهَ وَرَسُوْلَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَادَاً أَنْ يُقَتَّلُوْا أَوْ يُصَلَّبُوْا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنْفَوا مِنَ الأَرْضِ ، ذٰلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيْمٌ﴾ واتە : بەڕاستی تەنها سنوور – سزا – ی


منتدى إقرأ الثقافي

جا پێشەوا (مُخَيَّر)ە یەکێك لەم سنوورانەیان بەسەردا جێبەجێ دەکات کەخۆی بەشیاو تری بزانێت [٥٤٢] وە هەر کەسێکیش پەشیمان ببێتەوە

---

ئەوانەی کەوا لەگەڵ خواو پێغەمبەرەکەیدا دەجەنگن و کۆشش دەکەن بۆ خراپەکاری لەسەر زەویدا ئەوەیە کەوا بکوژرێن یان هەڵبواسرێن، یان دەست و پێیان ڕاست و چەپ ببڕێتەوە یان دوور بخرێنەوە و دەر بەدەر بکرێن لەزەویدا، ئەمە سەر شۆڕییە بۆیان لەدونیادا وەلە دوا ڕۆژیش دا سزایەکی زۆر گەورەیان بۆ هەیە.

وە لەبەر فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: ((خەڵکانێك لە (عُرَيْنَة) هاتن بۆ (مَدِيْنَة) بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، جا پێیان ناخۆش بوو لە (مدینە)دا بمێننەوە بەهۆی نەخۆشییەکی ناوسك ئێشە، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموون: ((إِنْ شِئْتُمْ أَنْ تَخْرُجُوا إِلَىٰ إِبِلِ الصَّدَقَةِ فَتَشْرَبُوا مِنْ أَلْبَانِـهَا وَأَبْوَالِـهَا)) واتە: ئەگەر ویستتان هەبێت دەربچن بۆلای ووشترەکانی زەکات — لەدەرەوەی مەدینە — جا لە شیر و میزەکەی بخۆنەوە، جا ئەوانیش وایان کرد، جا چاك بوونەوە — لەنەخۆشی ناوسك ئێشە کە لە مەدینەدا تووشیان بوو — پاشان دایان بەسەر شوانی ووشترەکان داو هەموویانیان کوشت وە هەڵیش گەڕانەوە لەئیسلام، وەووشترەکانی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) دا لەبەر لەگەڵ خۆیان داو بردیان، جا ئەم هەواڵە گەیشتە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، جا ئەویش بەشوێنیان دا — هێزێکی — نارد و هەموویانیان هێنایەوە بۆ (مَدِيْنَە)، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەست و قاچی بڕینەوە و چاویانی کوێر کرد — چونکە ئەوان چاوی شوانەکانیان کوێر کردبوو — وەلە (الحَرَّة) دا بەجێی هێشتن تا مردن، [رواه البخاري (١/رقم/٢٣٣) ومسلم (٣/١٢٩٦/١٦٧١) وغيرهما].

وە (عُرَيْنَة) تایەفەیەکن لە (بُجَيْلَة)، وە (الحَرَّة) زەوییەکە لە (مَدِيْنَة) بەردەکانی ڕەشە.

(٥٤٢) چونکە ئایەتەکە (إِخْتِيَار)ی داوە لەنێوان ئەم جۆرانەدا، وەهیچ بەڵگەیەکی تریشمان نییە کەوا دیاری بکات، بۆیە پێشەوا خۆی (مُخَيَّر)ە هەرکام لەم سزایانە بەشیاوتر بزانێت بۆ بن بڕ کردنی ئەوکارە خراپەیە و چاوترساندنی خەڵکانیتر بۆ ئەوەی نزیکی ئەو کارە نەبنەوە، ئەو ئەوەیان بەکار دێنێت.


منتدى إقرأ الثقافي

پێش ئەوەی توانای موسوڵمانانی بەسەردا هەبێت ، ئەوە ئەو سنورەی لەسەر دەکەوێت . (٥٤٣)

# شەشەم :
# سنوور-سزا-ی ئەوانەی لە ئیسلام هەڵدەگەڕێنەوە
## ( حَدُّ المُرْتَدّ ) (٥٤٤)

**هەرکەسێك لەئیسلام هەڵبگەڕێتەوە ئەوە**

---

(٥٤٣) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (المائدة :٣٤) دا کەوا دەفەرمێ : ﴿إِلاَّ الَّذِينَ تَابُوا مِنْ قَبْلِ أَنْ تَقْدِرُوا عَلَيْهِمْ فَاعْلَمُوا أَنَّ اللهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ واتە : تەنها ئەوانەیان نەبێت کەوا پەشیمان دەبنەوە ، پێش ئەوەی تواناتان هەبێت بەسەریان دا ، جا بزانن کەوا خوای گەورە لێبوردەو بەبەزەییە .

(٥٤٤) (الرِّدَّة) گەڕانەوەیە لەو ڕێکایەوەوە کە لێیەوە هاتووە ، ئەمە لەزمانی عەرەب دا ، وە لەشەرعیش دا هەڵگەڕانەوەی موسوڵمانێکی ژیری پێگەیشتووە لەئیسلامەوە بۆ سەر کوفر و بێ باوەڕی بەویستی خۆی بەبێ زۆر لێ کردن ، ئیتر پیاو بێت یان ئافرەت ، هەڵگەڕانەوەی شێت و منداڵ بە (ردّة) ناژمێردرێت ، چونکە هیچ (تَكْلِيف)ێکی شەرعیان لەسەر نییە ، لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ١٠٧) ، وە زۆر لێ کردنیش لە موسوڵمانێك کەوا ووشەی (کفر) بڵێت موسوڵمانەکە لەئیسلام دەرناکات هەتا لەدڵەوە بەردەوام بێت لەسەر ئیمان و ئیسلام . (مُشْرِك)ەکانی مەککە زۆریان لە (عَمَّارُ بنُ يَاسِر) کرد دوای کوشتنی باوك و دایکی و ئازار دانێکی خۆیشی کەوا (کفر) بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکات ، جا ئەویش بەدەم ووتی ، بەڵام دڵی پڕ لەئیمان بوو ، جا خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند ﴿مَنْ كَفَرَ بِاللهِ بَعْدَ إِيمَانِهِ إِلاَّ مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالإِيْمَانِ وَلَكِنْ مَنْ شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْراً فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِنَ اللهِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ (النحل:١٠٦) واتە: هەرکەسێك کوفر بە خوا بکات پاش باوەڕ هێنانی ،مەگەر کەسێك زۆری لێ کرا بێت و دڵی بە ئیمان دڵنیا بێت، بەڵام ئەوەی کە لە دڵەوە کوفر بکات ئەوە ئەوانە توڕەیی وغەزەبی خوایان لە سەرە وە سزایەکی زۆر گەورەیان بۆ ئامادە کراوە . جا لەپاش ئەوە گەڕایەوە بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ)


منتدى إقرأ الثقافي

سنوورەکەی ئەوەیە بکوژرێت .(٥٤٥)

وسکاڵای حاڵی خۆی کرد ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : ((کَیفَ تَجِدُ قَلْبَكَ؟)) واتە : ئەی دڵت چۆنە؟ فەرمووی : دڵنیا بوو بەئیمان ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو : ((فَإنْ عَادُوا فَعُدْ)) واتە : ئەگەر ئەوان گەڕانەوە و ئازاریان دایت ئەوە تۆیش بگەڕێرەوە [بڕوانە (سیرة ابن هشام (١/٣١٩/٣٢٠) و (فقه السیرة لمحمد الغزالی ل٨٢) و (مختصر السیرة للشیخ عبدالله ل٩٢) و (رحیق المختوم لصفی الرحمن المبارکفوری ل٨١)] .

وە لەبەر فەرمودەکەی (أبوذَر) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ١٠٨) .

وە ئەو هەڵگەڕانەوەیە بەوە (إثْبَات) دەبێت کەوا (إنْکَار)ی ئەوە لە ئیسلام دا بکات لەزانینی زەرورەتە ، وەك تاك و تەنیایی خوای گەورە و بوونی فریشتە (المَلاَئِکَة) و پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ) ، وە قورئان (وَحْي)ە لەلایەن خوای گەورە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ، وە بوونی قیامەت و زیندووبوونەوە ، وە فەرز بوونی نوێژ و ڕۆژوو زەکات و ... هتد ، یان شتێك حەڵاڵ بکات کە موسوڵمانان یەکدەنگ (مُجْمِع) بن لەسەر حەرام بوونی وەك مەی خواردنەوە و (زِنَا) کردن و سوو (رِبَا) خواردن و خواردنی گۆشتی بەراز و ... هتد ، یان جوێن دان و گاڵتە کردن بە خوا یان بە پێغەمبەر (ﷺ) یان بەهەر پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرانی خوا یان بەئایین(دِیْن) یان تانە و تەشەر دان لە قورئان و سوننەت و گاڵتەکردن بە فەرمانەکانیان وە حوکم نەکردن پێیان و بەچاك زانینی حوکمی کەسێکیتر ، و ... هتد جا بۆ زیاتر شارەزا بوون لەوشتانەی کە دەبێتە هۆی هەڵگەڕانەوە لەئیسلام بڕوانە [(العقیدة الصحیحة و نواقض الاسلام لشیخ عبدالعزیز بن عبدالله بن باز) و (أرکان الایمانوالاسلام لمحمد بن جمیل زینو) و (فقه السنة لسید سابق (٢/٣٨٤ ، ٣٨٥) ] .

(٥٤٥) لەبەر فەرموودەکەی (إبنُ عَبَّاس) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ بَدَّلَ دِ یْنَهُ فَاقْتُلُوهُ)) واتە : هەرکەسێك ئایینی خۆی — ئیسلام — گۆڕی ئەوە بیکوژن [رواه البخاری (٦/رقم/٣٠١٧) وأصحاب السنن وغیرهم] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (إبنُ مَسْعُود) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لَا یَحِلُّ دَمُ إمْرِیءِ مُسْلِمٍ یَشْهَدُ اَنْ لاَإلَهَ إلاَّ اللهُ ، إلَّا بِإحْدَیٰ ثَلَاثٍ : النَّفْسُ بِالنَّفْسِ وَالثَّیِّبُ الزَّانِي وَالمُفَارِقُ لِدِیْنِهِ التَّارِكُ لِلْجَمَاعَةِ)) واتە : خوێنی هیچ کەسێکی موسوڵمان کەشایەتی بدات بە (لاَ إلَهَ إلاَّ الله) حەڵاڵ نابێت ، تەنها بەیەکێ لەسێ شت نەبێت : کوشتنی کەسێك کەوا کەسێکی بە ناحەق کوشتبێت ، وە کەسێك



منتدى إقرأ الثقافي

## هەروەها دەبێت جادووگەر و تالۆ گریش بکوژرێن . (٥٤٦)

کەژنی هێنابێت یاشووی کردبێت وزینا بکات ، وە ئەوەی کەلە ئایینەکەی هەڵبگەرێتەوە وواز لەکۆمەڵی موسوڵمانان بێنێت [رواه البخاری (١٢/رقم/٦٨٧٨) و اللفظ له ومسلم (٣/١٣٠٢/١٦٧٦) وغیرهما] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو مُوسَى) (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پیٚی فەرموو : برۆ بۆ (يَمَن) پاشان (مُعَاذُ بنُ جَبَل) یشی بەشوێنیدا رەوانە کرد ، جا کە گەیشتە لای (أَبُو مُوسَى) ، جێگایەکی بۆ راخست و فەرمووی : دابەزە وە پیاوێکیش لەلای دا بەسترابووەوە ، (مُعَاذ) فەرمووی : ئەمە چییە؟ فەرمووی : ئەمە جوولەکە بووە پاشان موسوڵمان بووە ، جا ئێستا بوەتەوە بە جوولەکە ، (مُعَاذ) فەرمووی : دانانیشم تاوەکو نەیکوژێت ، بڕیاری خواو پێغەمبەرەکەیەتی)) [رواه البخاری (١٢/رقم/٦٩٢٣) ومسلم (٣/١٣٥٩/١٧٣٣)] .

(٥٤٦) چونکە جا دوو کردن و تالۆگرتنەوە جۆرێکە لە (كُفْر) وە ئەو کەسەیشی ئەو کارە بکات ئەوە لەئیسلام هەڵدەگەڕێتەوە ، خوای گەورە لەبارەی (هَارُوت و مَارُوت)ەوە لەسورەتی (البقرة :١٠٢) دەفەرموێ : ((وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَا إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ ... وَلَقَدْ عَلِمُوا لَمَنِ اشْتَرَاهُ مَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ)) واتە : وە هیچ کەسێکیان فێر نەدەکرد تا پیٚ یان دەووت ئێمە هۆی ئەزموون و تاقی کردنەوەین ، جا وورىابە (كَافِر) نەبیت ... وە بیٚگومان دەیانزانی کەوا هەرکەسێك کڕیاری ئەم جۆرە کالاّیە بێت ئەوە لەرۆژی دواییدا بیٚبەشە .

وە لەبەر فەرموودەکەی (صَفِيَّة) لە هەندێك لە خێزانەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) (خوایان لیٚ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ أَتَىٰ عَرَّافاً فَسَأَلَهُ عَنْ شَيْءٍ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلَاةٌ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً)) واتە : هەر کەسێك بڕوات بۆلای تالۆگرێك پرسیاری لیٚ بکات لەبارەی شتێکەوە ئەوە چل ڕۆژ نوێژی وەرناگیرێت [رواه مسلم (٤/١٧٥١/٢٢٣٠)] .

وە فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة)یش (خوای لیٚ رازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ أَتَىٰ حَائِضاً أَوْ إِمْرَأَةً فِي دُبُرِهَا أَوْ كَاهِناً فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَىٰ مُحَمَّدٍ)) بڕوانە (پ٣٦) .



منتدى إقرأ الثقافي

# حەوتەم :
# سنوور -سزا-ی ئەوانەی لەفەرمانی پێشەوای موسوڵمانان دەردەچن
# ( حَدُّ أَهْلِ البَغِي ) [٥٤٧]

ئەو كۆمەڵە موسوڵمانەی كەوا لەفەرمانی پێشەوای موسوڵمانان دەردەچن بەهۆی تێگەیشتنێكی ناڕاست بۆ دەق (نَص)ێكی قورئان یان فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) ، ئەگەر بوون بە خاوەن هێز و توانایەكی وا كە تەگەرە بخەنە بەڕێوە چوونی كارو باری دەوڵەتی ئیسلامەوە [٥٤٨] ئەوە پێویستە لەسەر موسوڵمانان - پاش ناردنی كەسانی شارەزا بۆ ئامۆژگاری كردنیان و گێڕانەوە یان بۆ ژێر فەرمانی پێشەوا [٥٤٩] -

---

(٥٤٧) (أَهْلُ البَغْي) خەڵكانێكن لە موسوڵمانان ، لەگوێڕایەڵی كردنی پێشەوای ڕاستی موسوڵمانان دەردەچن كە خوای گەورە فەرمانی كردووە بەگوێڕایەڵی كردنی — وەك باسی دەكەین — و كۆمەڵی موسوڵمانان پێی ڕازین ، جا ئەوان دژی بڕیارەكانی ڕادەوەستن و جەنگ لەگەڵ كۆمەڵی موسوڵمانان دا دەكەن و ئازاریان دەدەن ، وە مانی خەڵكی دەدەن ، بەڵكو زۆریشیان لێ دەكەن كەوا بێ گوێی بڕیارەكانی پێشەوا بكەن ، و دژی ڕابوەستنەوە ، وەكو كۆمەڵەی (الخَوارِج) كە لە فەرمانی ئیمامی (عَلِي) دەرچوون (خوای لێ ڕازی بێت) .

(٥٤٨) چونكە ئەگەر خاوەن هێز و توانا نەبن ئەوە ناتوانن ئازاری خەڵكی بدەن و زۆریان لێ بكەن كەوا لەفەرمانی پێشەوا دەربچن ، وە دەتوانرێت بەئاسانی دەستگیر بكرێن و بخرێنە بەندیخانەوە تا پەشیمان دەبنەوە .

(٥٤٩) لەبەر فەرموودەكەی خوای گەورە لەسورەتی (الحجرات :٩) دا كە دەفەرموێ : ((وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ المُؤْمِنِيْنَ اِقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الأُخْرَىٰ فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّىٰ تَفِيْءَ إِلَىٰ أَمْرِ اللهِ ، فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا


منتدى إقرأ الثقافي

کەوا بجەنگن لەگەڵیان دا تا واز لەو کارانەیان دێنن ،(٥٥٠) وە نابێت برین

بِالعَدْلِ وَاَقْسِطُوا إِنَّ اللهَ يُحِبُّ المُقْسِطِيْنَ)) واتە : وە ئەگەر دوو کۆمەڵ لەباوەڕ داران پێکەوە جەنگان ئەوە ئێوە ئاشتیان بکەنەوە و سوڵح لەنێوانیاندا بکەن ، جا ئەگەر کۆمەڵێکیان دەست درێژی کرد بەسەر ئەوی تریان دا ئەوە ئێوەش لەگەڵیان دا بجەنگن و بدەن لەکۆمەڵەی دەست درێژکەر تا دەگەڕێتەوە سەر فەرمانی خوا ، جا ئەگەر گەڕانەوە ئەوە ئاشتیان بکەنەوە و سوڵح لەنێوانیان دا بکەن بەدادپەروەری و داوەری ڕاست بن ، بە ڕاستی خوای گەورە دادپەروەرانی خۆش دەوێت .

جا دەبینین خوای گەورە پێش جەنگکردن فەرمانی بەئاشتی کردوە ، وە ئیمامی (عَلِي)یش (خوای لێ ڕازی بێت) لەگەڵ (خَوَارِج)دا وای کرد ، ئەوەبوو (عَبْدُالله بن عَبَّاس)ی نارد بۆ لایان و قسەی لەگەڵ کردن و ئامۆژگاری کردن ، جا زۆریان لێ پەشیمان بویەوە بەڵام ئەوانیتر هەر نەگەڕانەوە ، بۆیە ئیمامی (عَلِي) لەگەڵیان دا جەنگا [رواه احمد (٨٧/١)] .

(٥٥٠) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (الحجرات :٩) کەلە پەراوێزی پێشوودا باسمان کرد ، کەتێیدا خوای گەورە پێویستی دەکات لەسەر موسوڵمانان کەوا بجەنگن لەگەڵ کۆمەڵی دەست درێژ کەردا ئەگەر دەست درێژی بکەنە سەر کۆمەڵێکیتر لە موسوڵمانان ، جاچی جا لەگەڵ کۆمەڵێك دا ئەگەر دەست درێژی بکەنەسەر پێشەوای موسوڵمانان ، ئەوە بێگومان پێویست ترە کەوا لەگەڵیان دا بجەنگیت . وە لەبەر فەرموودەکەی (عَرْفَجَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ اَتَاكُمْ وَاَمْرُكُمْ جَمِيْعٌ عَلَىٰ رَجُلٍ وَاحِدٍ يُرِيْدُ اَنْ يَشُقَّ عَصَاكُمْ اَوْ يُفَرِّقَ جَمَاعَتَكُمْ فَاقْتُلُوهُ)) واتە : هەرکەسێك هات بۆلاتان لەکاتێك دا کە ئێوە بڕیارتان کۆیە لەسەر یەك پیاو ، جا ئەو ویستی وابوو کەوا ئاژاوە بنێتەوە و جیاوازی و دوویەرەکی بخاتە کۆمەڵەکەتانەوە ، ئەوە بیکوژن [رواه مسلم رقم (٢/رقم/١٨٥٢) وغيره بروانه الإرواء (٢٤٥٢)] .

وەلە ڕیوایەتێکیتردا ((فَمَنْ اَرَادَ اَنْ يُفَرِّقَ اَمْرَ هَذِهِ الاُمَّةَ وَهِيَ جَمْعٌ فَاضْرِبُوهُ بِالسَّيْفِ كَائِنًا مَنْ كَانَ)) واتە : جاهەر کەسێك ویستی جیاوازیبخاتە فەرمانی ئەم ئوممەتەوە کاتێك کۆیە ئەوە بەشمشێر لەگەردنی بدەن هەرکەسێك هەیە .



منتدى إقرأ الثقافي

دار و دیلەکانیان بکوژرێت وە پارە وماڵیشیان نابێتە دەست کەوت . (٥٥١)

---

(٥٥١) چونکە بنەڕەت (أصْل) لەخوێن و ماڵی موسوڵمانان دا حەرام بونە ، وە هیچی لێ حەلاڵ نابێت مەگەر بە بەڵگەی شەرعی .
وە خوای گەورەیش کاتێك کوشتنیانی حەلاڵ کردوە ئەگەر بجەنگن و دەست درێژی بکەن ، بەڵام کاتێك کە بەدیل گیران ، ئەوە ئیتر لەدەست درێژی دەکەون و دەبنە ژێر دەستە کەوابوو کوشتنی دیلیان بەهیچ شێوەیەك حەلاڵ نییە . بڕوانە [ المحلى لابن حزم (١٢/المسألة/٢١٥٨) ] .

( الحَمْدُ لِلّهِ ) ئەوە بەشی سنووری تاوانەکان کۆتایی پێ هات و ئێستایش دەچینە سەر بەشی تاوان کردن دەرهەق بە مرۆڤەکان .



منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی تاوان كردن دەرهەق بە مرۆڤەكان

## (الجِنَايَات) (٥٥٢)

## كوشتن و جۆرەكانی ( القَتْلُ وَأَنْوَاعُهُ )

### كوشتنی كەسێك بە ناحەق یەكێكە لە گەورەترین تاوانە گەورەكان (٥٥٣)

---

(٥٥٢) (الجِنَايَات) كۆی (جِنَايَە)یە ، سەرچاوەی (جَنَىٰ يَجْنِي)یە ، (جَمْع) كراوە ئەگەر چی خۆی (مَصْدَر)یشە ، بەڵام لەبەر جیاوازی جۆرەكانی (جَمْع) كراوە ، چونكە جاری وا هەیە لە (نَفس)دا دەبێت وە جاری واش هەیە لە ئەندامەكان (الأَعْضَاء) دا دەبێت ، وە جاری وا هەیە بەهەڵە دەبێت و جاری وایش هەیە بەقەستەوە دەبێت ، ئەمە لەزمانی عەرەب دا ، وەلە شەرعیش دا (جِنَايَة) : ئەو تاوان و لەسنوور دەرچوون (تَعَدِّي) یە كە دەكرێتە سەر لاشەی بەنی ئادەم (مرۆڤ)كە دەبێتە هۆی پێویستی كردنی تۆڵە سەندن..ی یان پارەی خوێنەكەی .

(٥٥٣) لەبەر فەرموودەكەی خوای گەورە لەسورەتي (النساء :٩٣) دا كە دەفەرمووێ : ﴿وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِناً مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَاوَغَضِبَ اللهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا﴾ واتە : هەركەسێك بەقەستەوە باوەڕدارێك بكوژێت ئەوە سزای ئەوكەسە ئاگری دۆزەخە بەهەمیشەیی تێیدا دەمێنێتەوە وە دەكەوێتە بەر توڕەیی و نەفرەتی خوا وە سزایەكی زۆر گەورەیان بۆ ئامادەكراوە.

وە فەرموودەكەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٥١٤) وە فەرموودەكەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لَزَوَالُ الدُّنْيَا أَهْوَنُ عَلَىٰ اللهِ مِنْ قَتْلِ رَجُلٍ مُسْلِمٍ)) واتە : تیاچوونی هەموو دونیا لای خوای گەورە ئاسان ترە لە كوشتنی مرۆڤێكی موسوڵمان [رواه الترمذي (٢/٤٢٦/١٤١٤) و النسائي (٨٢/٧) وهو صحيح بڕوانە صحيح الجامع (٥٠٧٧)] .

منتدى إقرأ الثقافي

وە هەروەها کەسێکیش خۆی بکوژێت ئەوە دەچێتە دۆزەخەوە بەهەمیشەیی (٥٥٤) وە کوشتن سێ جۆرە :

---

وە فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْدِ الخُدْرِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لَوْ أَنَّ أَهْلَ السَّمَاءِ وَأَهْلَ الأَرْضِ إِشْتَرَكُوا فِي دَمِ مُؤْمِنٍ لأَكَبَّهُمُ اللهُ فِي النَّارِ)) واتە : ئەگەر هەموو خەڵکی ئاسمان و خەڵکی زەوی بەشدار بن لەخوێنی موسوڵمانێك دا ئەوە خوای گەورە هەموو یان لەسەر سەر دەخاتە ئاگری دۆزەخەوە [رواه الترمذي (٢/٤٢٧/١٤١٩) وهو صحيح بڕوانە صحيح الجامع (٥٢٤٧)] .

وە فەرموودەی ترمان لەم بارەیەوە زۆرە . وە کاتێك دەڵێین کوشتنی ناحەق چونکە کوشتنی بەحەق تاوان نییە . بەڵکو ئەوە پێویستە لەسەر دەسەڵات دار ، لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ مَسْعُود) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٥٤٥) وە ئایەتی ﴿إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِيْنَ يُحَارِبُونَ اللهَ وَرَسُولَهُ ...﴾ . (المائدة :٣٣) بڕوانە (٥٤١) وە کوشتنی موسوڵمانی یاخیبوو لە فەرمانی پێشەوای موسوڵمانان تا دەگەڕێتەوە و پەشیمان دەبێتەوە . بڕوانە (پ٥٤٧) بەدواوە.

(٥٥٤) لەبەر ئەو فەرموودانەی لەو بارەیەوە هاتوە ، لەوانە فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ تَرَدَّىٰ مِنْ جَبَلٍ فَقَتَلَ نَفْسَهُ فَهُوَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ يَتَرَدَىٰ فِيْهِ خَالِداً مُخَلَداً فِيْهَا أَبَداً وَمَنْ تَحَسَّىٰ سَمّاً فَقَتَلَ نَفْسَهُ فَسَمُّهُ فِي يَدِهِ يَتَحَسَّاهُ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِداً مُخَلَداً فِيْهَا أَبَداً، وَمَنْ قَتَلَ نَفْسَهُ بِحَدِيْدَةٍ فَحَدِيْدَتُهُ فِي يَدِهِ يجَأبُهَا فِي بَطْنِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمْ خَالِداً مُخَلَّداً فِيْهَا أَبَداً)) واتە : هەرکەسێك خۆی لە شاخێك بەربداتەوەو خۆی بکوژێت ئەوە لەئاگری دۆزەخ دایە بەردەوام بەردەدرێتەوە بەهەتا هەتایی ، وەهەر کەسێکیش ژەهرێك بخواتەوە و خۆی پێ بکوژێت ئەوە ژەهرەکەی بەدەستیەوەیەتی بەردەوام لێ ی دەخواتەوە لە ئاگری دۆزەخ دا بەهەتا هەتایی ، وە هەر کەسێکیش خۆی بە ئاسنێك بکوژێت ئەوە ئاسنەکەی بەدەستیەوەیەتی لە خۆی دەدات لەئاگری دۆزەخ دا بەهەتا هەتایی [رواه البخاري (١٠/رقم/٥٧٧٨) ومسلم (١/١٠٣/١٠٩) وغيرهما] .

منتدى إقرأ الثقافي

یەکەم : کوشتن بە قەستەوە ، ئەوەیە کەوا بە قەستی لە مرۆڤێك بدات بەشتێك کەزۆربەی جار خەڵکی دەکوژێت .

دووەم : کوشتنی بەهەڵە ، ئەوەیە کەوا شتێك فڕێ بدات بۆ شتێکیتر بەڵام بەری مرۆڤێك دەکەوێت و دەیکوژێت .

سێیەم : کوشتنی هەڵە لەشێوەی قەست دا ، ئەوەیە کەوا لێ ی بدات بەشتێك کە زۆرجار مرۆڤ ناکوژێت بەڵام دەیشیکوژێت ، جا لەجۆری دووەم و سێیەم دا خوێن دان لەسەر کەس و کاری بکوژ پێویست دەبێت وە کەففارەتیش لەسەر خۆی (٥٥٥) وەلە جۆری یەکەم دا تۆڵەی لەسەر پێویست دەبێت کە کوشتنەوەیەتی ، مەگەر خاوەنی کوژراوەکە لێ ی خۆش ببێت ، ئەوە خوێنی دەکەوێتەسەر . (٥٥٦)

---

(٥٥٥) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (النساء :٩٢)دا کە دەفەرمێ ((وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يَقْتُلَ مُؤْمِناً إِلاَّ خَطَئاً ، وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِناً خَطَئاً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَ دِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلىٰ أَهْلِهِ إِلاَّ أَنْ يَصَّدَّقُوا ، فَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ عَدُوٍّ لَكُمْ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ ، وَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلىٰ أَهْلِهِ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ ، فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِنَ اللهِ وَكَانَ اللهُ عَلِيماً حَكِيماً)) واتە : بۆ هیچ باوەڕ دارێك نییە باوەڕدارێکیتر بکوژێت ، مەگەر بەهەڵە لە دەستی دەرچێت ، وەهەر کەسێك ئەگەر بەهەڵە باوەڕدارێکی تری کوشت ئەوە بابەندەیەکی باوەڕدار ئازاد بکات و خوێنەکەیشی بداتە دەستی کەس و کاری کوژراوەکە مەگەر خۆیان بیبەخشن ، وە ئەگەر کوژراوەکە لە هۆزێك بوو دوژمنتان بوون ئەوە کۆیلەیەکی باوەڕ دار ئازاد بکات . وەئەگەر لە هۆزێك بوو لەنێوانی ئێوەو ئەوان دا بەڵێن و پەیمان هەبوو ، ئەوە خوێنەکەی بداتە دەستی کەس و کاری و بەندەیەکی باوەڕداریش ڕزگار بکات جا ئەگەر بەندە نەبوو ئەوە دوو مانگ بەسەریەکەوە ڕۆژوو بگرێت ، ئەمە پەشیمان بوونەوەیە لەلای خوا ، وە خوای گەورەش زانایە و دانایە .

(٥٥٦) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لەسورەتی (البقرة :١٧٨) دا کە دەفەرموێ : ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى ، الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ

منتدى إقرأ الثقافي

. . . . . . . . . . . . . .

وَالْأُنْثَىٰ بِالْأُنْثَىٰ ، فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ ، ذَٰلِكَ تَخْفِيفٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ ، فَمَنِ اعْتَدَىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَلَهُ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ واتە : ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە تۆڵە سەندنەوەتان لەسەر پێویست کراوە ، ئازاد بەئازاد و بەندەیش بەبەندە ، وە ئافرەت بە ئافرەت وەئەگەر کەسێك برای دینی خۆی لیّ ی خۆش بوو – کەوا تۆڵەی لیّ نەسەندەوە و بە پارەی خوێنەکەی ڕازی بوو – ئەوە دەبێت بەچاکە شوێنی بکەوێت ، وە ئەویش دەبێت بەچاکی بێ دواخستن خوێنەکەی بدات ، ئەمەیش سووك کردنەوە و بەزەییەکە لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆ ئێوە ، وە هەر کەسێك دوای ئەوە دەست درێژی بکات ئەوە سزایەکی بە ئازاری بۆ هەیە ، وە لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لیّ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ قُتِلَ لَهُ قَتِيلٌ فَهُوَ بِخَيْرِ النَّظَرَيْنِ إِمَّا أَنْ يُودِيَ وَإِمَّا أَنْ يُقَادَ)) واتە : هەریەکێك ئەگەر کەسێکی کوژرا ئەوە یەکێك لەم دوانە هەڵبژێرێت ، یان خوێنەکەی وەردەگیرێت یان تۆڵەی دەسێنێتەوە و دەیکوژێت [رواه البخاری (١٢/رقم/٦٨٨٠) ومسلم (٢/٩٨٨/١٣٥٥)] .

وە فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عَمْرو) (خوایان لیّ ڕازی بێت) کەوا( فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ قَتَلَ مُتَعَمِّداً دُفِعَ إِلَى أَوْلِيَاءِ الْمَقْتُولِ فَإِنْ شَاؤُوا قَتَلُوا وَإِنْ شَاؤُوا أَخَذُوا الدِّيَةَ وَهِيَ ثَلَاثُونَ حِقَّةً وَثَلَاثُونَ جَذَعَةً وَ أَرْبَعُونَ خَلِفَةً وَمَا صَالَحُوا عَلَيْهِ فَهُوَ لَهُمْ ))، وَذَلِكَ لِتَشْدِيدِ الْعَقْلِ) واتە : هەرکەسێك ئەگەر موسوڵمانێك بەقەستەوە بکوژێت دەدرێتە دەستی خاوەنی کوژراوەکە ، جا ئەگەر ویستیان بێت دەیکوژن ، وە ئەگەر ویستیشیان هەبێت ئەوە خوێنەکەی وەردەگرن کە سی (٣٠) ووشتری تەمەن چوار ساڵیە ، وە سی (٣٠)یش تەمەن پێنج ساڵی وە چل (٤٠)یش ئاووس . وە ئەوەی (صُلْح)ی لەسەر بکەن بۆیان هەیە ، بۆ زیاتر توند کردنەوەی خوێنەکە لەسەریان [رواه الترمذي (٢/٤٢٣/١٤٠٦) وابن ماجه (٢/٨٧٧/٢٦٢٦) وهو حديث حسن بروانە الارواء (٢١٩٩) و صحيح الترمذی (١١٢١)]. کەوا بوو دەتوانن داوای زیاتریش بکەن ، بەڵام باشتر وایە هەر لێیان خۆش بن ، لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة :٢٣٧) دا کە دەفەرمێ : ((وَإِنْ تَعْفُوا أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ)) واتە : وە ئەگەر ئێوە لێیشیان خۆش بن ئەوە ئەوەیان لە (تَقْوىٰ) وە نزیك ترە . .


منتدى إقرأ الثقافي

# تۆڵە سەندنەوە و مەرجەکانی

# (القِصَاص وَشُرُوطه)

کاتێك تۆڵەی سەندنەوە پێویست دەبێت ئەگەر بکوژەکە ژیر و پێگەیشتوو بێت (٥٥٧) وە باوکی کوژراوەکە نەبێت ،(٥٥٨) وە کوژراوەکە (کَافِر) نەبێت و بکوژیش موسوڵمان (٥٥٩) وە کوژراو خوێنی پارێزراوبێت (٥٦٠) وە ئەگەر میرات بەرەکانی هەموویان ئەوە هەڵبژێرن

---

(٥٥٧) چونکە شێت و منداڵ هیچ ئەرکێکی شەرعی‌یان لەسەر نی‌یە ، لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) بڕوانە : (پ١٠٧) . کەوابوو تەنها خوێنی دەکەوێتە سەر .

(٥٥٨) لەبەر فەرموودەکەی (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) (خوای لێ ڕازی بێت) ، کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لَایُقْتَلُ الوَالِدُ بِالوَلَدِ)) واتە : باوك بەکوڕ ناکوژرێتەوە [رواه ابن ماجه (٢/٨٨٨/٢٦٦١) وهذا لفظه ، والترمذي (٢/٤٢٨/١٤٢٢) . و روياه عن ابن عباس بألفاظ مختلفة لها نفس المعنى وهو صحيح بروانه (الارواء :٢٢١٤) وصحيح ابن ماجه (٢١٥٦) و (٢١٥٧)] .

(٥٥٩) لەبەر فەرمودەکەی (عَلِيُّ بنُ أبِي طَالِب) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، فەرمووی : ((ألَا لَایُقْتَلُ مُؤْمِنٌ بِكَافِرٍ)) واتە : بزانن کەوا باوەڕدار بەبێ باوەڕ ناکوژرێتەوە [رواه أحمد(١/١١٩) وأبوداود(٤/رقم/٤٥٣٠) والنسائي(٨/٢٤) وهوفي البخاري(في مواضع عديدة من صحيحه منها ١/رقم/١١١)]، مِنْ حديث أبي جُحَيْفَةَ حَيْثُ سَأَلَ عَلِيًّا : ((هَلْ عِنْدَكُمْ شَيْءٌ مِنَ الوَحيِ مَالَيسَ فِي القُرآنِ؟ فَقَالَ : لَا وَالَّذِي فَلَقَ الحَبَّةَ، وَبَرأَ النَّسَمَةَ إِلَّا فَهْمَا يُعْطِيهُ اللهُ رَجُلًا فِي القُرْآنِ ، وَمَا فِي هَذِهِ الصَّحِيفَةِ قُلْتُ : وَمَا فِي هَذِهِ الصَّحِيفَةِ؟ قَالَ : المُؤْمِنُونَ تَتَكَافَأُ دِمَاؤُهُمْ وَفِكَاكُ الأَسِيرِ ، وَأَنْ لَايُقْتَلَ مُسْلِمٌ بِكَافِرٍ)) .

(٥٦٠) چونکە ئەگەر لەوکەسانە بێت کە خوێنیان لەشەرع دا پارێزراو نی‌یە ئەوە تۆڵەی لەسەر نی‌یە ، وە ئەوانەی کە لەشەرعدا خوێنیان پارێزراو نی‌یە ئەوانەن کە کوشتنیان حەق و حەڵاڵە ، بڕوانە کوتایی (پ٥٥٢) .



منتدى إقرأ الثقافي

ئـەگینا بۆیـان هەیـە داوای خوێنەکـەی بکـەن [561] وە کۆمـەڵێکیش دەکوژرێنەوە بەیەکێك ئەگەر هەموویان دەستیان لە کوشتنیدا هەبێت [562] وە هەروەها تۆڵە سەندنەوە لەئەندامەکانی لاشە و برینیش دا ـ بەپێی توانا ـ پێویست دەبێت [563]

---

(561) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُوهُرَيْرَة) وە فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عَمْرو) (خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ556) چونکە بڕیاری تۆڵەسەندنەوە یان خوێن وەرگرتن بەدەستی میرات بەرانە ، جا ئەگەر هەموویان دەستیان لە تۆڵە هەڵگرت ئەوە لەسەری دەکەوێت ، وە ئەگەر یەکێکیشیان دەستی لێ هەڵگرێت ئەوە هەر دەکەوێت چونکە بەش بەش ناکرێت ، وەهەر یەکێکی‌تر لەمیرات بەرەکان بەشەخوێنی خۆی دەبات .

(562) لەبەر (أَثَر)ەکەی (سَعِيدُ بنُ المُسَيَّب) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ((کەوا (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) چەند کەسێکی کوشتەوە — پێنج یان حەوت — بەیەك پیاو کەوا بەفێڵ کوشتو بویان ، وە فەرمووی : ئەگەر هەموو خەڵکی (صَنْعَاء) دەستیان لەکوشتنی دا تێکەڵ بکردایە ئەوە هەر هەموویانم دەکوشتەوە)) [رواه مالك (628/1584) والبيهقي (41/8) والشافعي في الأم (22/6) وهو صحيح بروانه الارواء (2201)] .

(563) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (المائدة :45) دا کە دەفەرموێ : ﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالعَيْنَ بِالعَيْنِ وَالأَنْفَ بِالأَنْفِ وَالأُذُنَ بِالأُذُنِ وَالسِّنَّ بِالسِّنِّ وَالجُرُوحَ قِصَاصٌ﴾ واتە : وەهەر لەو کتێبەدا (التَّوْرَاة) ، لەسەریانمان نووسی و پێویستمان کرد کەوا تۆڵەی گیان لەجیاتی گیانەوە چاویش لەجیاتی چاوە وەلوتیش لەجیاتی لوتە وەگوێیش لە جیاتی گوێ یە وەددانیش لەجیاتی ددانە وە تۆڵەی هەر برینێکیش تۆڵەی خۆی بۆ هەیە . جا ئەمە شەرعی ئوممەتەکانی پێش خۆمانە ، جا بوەتە شەرعیش بۆ خۆمان بە ددان پێدانان و بێ دەنگ بوونی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەری ، وە لەبەر فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((خوشکێکی (الرُّبَيِّع) ، (أُمُّ حَارِثَة) کەسێکی بریندار کرد ، جا سکالایان هێنا بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، جا پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرمووی : ((القِصَاصُ ، القِصَاص)) واتە : تۆڵە کردنەوە ، تۆڵە کردنەوە ، جا دایکی (الرُّبَيِّع) ووتی : ئەی



منتدى إقرأ الثقافي

بەو مەرجەی بتوانرێت وەکو خۆی بێت نەك زیاتر [٥٦٤] وە لەهەموو سیفەتەکانیشی دا وەکو یەك وابن [٥٦٥] ئەگینا پارەی خوێنەکەی لەسەر پێویست دەبێت [٥٦٦] وە تۆڵە سەندنەوە دەبێت بەو ڕێگا و شێوەیە بێت کە بکوژ کوژراوەکەی پێ کوشتوە . [٥٦٧]

---

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایە تۆڵە لە فلانەکەس بکرێتەوە؟ وە(الله)ی تۆڵەی لێ ناکرێتەوە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((سُبْحَانَ اللهِ يَا أُمَّ الرَّبِيِّعِ ، القِصَاصُ كِتَابُ اللهِ)) واتە : (سُبْحَانَ الله) : ئەی دایکی(رُبَيِّع) تۆڵە سەندنەوە فەرزی خوایە ، جا ئەویش ووتی : نەء ، وە(الله)ی تۆڵەی لێ ناکرێتەوە ، (أنَس) فەرمووی : جا بەردەوام بوو تا ــ کەس و کاری لێدراوەکە ــ ڕازی بوون بەخوێنەکەی لەجیاتیدا ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِنَّ مِنْ عِبَادِ اللهِ مَنْ لَو أَقْسَمَ عَلَى اللهِ لأَبَرَّهُ)) واتە : بەڕاستی لەنێو بەندەکانی خوای گەورەدا بەندەی وا هەیە ئەگەر سوێند لەسەر خوای گەورە بخوات بۆی بەجێ دەهێنێت [رواه البخاري (٨/رقم/٤٥٠٠) ومسلم (٣/١٣٠٢/١٦٧٥)] .

(٥٦٤) چونکە ئەوەیە مەبەست لەتۆڵە سەندنەوە ، وە لەبەر ئەو ئایەتانەی کەلە (پ٥٦٧) دا باسی دەکەین .

(٥٦٥) وەکو یەك بن لەناوو شوێن و سوود گەیاندن دا ، بۆ نموونە ڕاست بەچەپ نابڕڕێتەوە ، هەروەها چەپیش بەڕاست نابڕڕێتەوە ، وە پەنجەی شایەتمان بەوەی شانی نابڕڕێتەوە ، وە ئەوەی شانیشی بەشایەتمان نابڕڕێتەوە ، چونکە لەناودا وەکو یەك نین ، هەروەها ئەندام (عُضو)ی سەرەکی بە ئەندامێکی زیادە نابڕڕێتەوە ، چونکە لە شوێن و سوودیش دا جیاوازیان هەیە ، وە هەروەها ئەندامی ساغ و تەواو یان نەخۆش بەئەندامێکی یەك جار پەك کەوتوو نابڕڕێتەوە . چونکە لەسوود گەیاندن دا وەکو یەك نین .

(٥٦٦) لەبەر فەرموودەکەی (أَنَسُ بنُ مَالِك) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٥٦٣) .

(٥٦٧) چونکە وەکو یەك بوون و یەکسانی لەوەدایە ، وە خوای گەورەیش لە سورەتی (البقرة :١٩٤) دا دەفەرموێ : ﴿فَمَنِ اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ﴾ واتە : ئەگەر کەسێك دەست درێژی بەسەرتان دا کرد ئەوە ئێوەش


منتدى إقرأ الثقافي

**وە ئەو تۆڵەیە لەسەر تاوانبار دەچەسپێت بەددان پێدانانی خۆی (٥٦٨) یان بەشایەتی دانی دوو پیاوی داد پەروەر (٥٦٩)**

دەست درێژی بەسەردا بکەنەوە ، وەکو دەست درێژیەکەی خۆی . وە فەرموودەکەیتر خوای گەورە لە سورەتی (النحل :١٢٦) دا کە دەفەرموێ : ﴿وَ إِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُواْ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُمْ بِهِ﴾ واتە : وە هەروەها کاتێك ویستتان تۆڵە بسێننەوە و سزای تاوانبار بدەن ، ئەوە سزایەکی بدەن وەك سزاکەی خۆی بۆ ئێوە . وە فەرموودەکەی (أنس)یش (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((کابرایەکی جوولەکە سەری کچێکی — ئەنصاری — کوتا لەنێوان دوو بەرد دا ، جا پێی وترا — بەکچە کە پێش مردنی — کێ ئەمەی پێ کردیت؟ ئایە فلانەکەس؟ ، ئایە فلانەکەس؟ تا ناوی کابرای جوولەکەیان هێنا ، جا بەسەری ئاماژەی کرد ، کەوا ئەو وای پێ کردووە ، جا کابرای جوولەکەیان هێنا و ددانی نا بەتاوانەکەیدا ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێکرد کەوا سەری بە بەرد بکوتن [رواه البخاري (١٢/رقم/٦٨٧٦) ومسلم (٣/١٢٩٩/١٦٧٢) وأصحاب السنن] .

(٥٦٨) لەبەر فەرموودەکەی (أنس)ی پێشوو . بڕوانە (پ٥٦٧)

(٥٦٩) لەبەر فەرموودەکەی (رَافِعُ بنُ خَدِيج) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : بەیانییەك کە ڕۆژ بویەوە بینرا پیاوێك لە (الأنصَار) ، کوژراوە لە (خَيْبَر) ، جا کەس و کارەکەی ڕۆیشتن بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەوەیان بۆ گێڕایەوە ، ئەویش فەرمووی : ((لَكُمْ شَاهِدَانِ يَشْهَدَانِ عَلَىٰ قَتْلِ صَاحِبِكُمْ)) واتە : دوو شایەتتان هەیە شایەتیتان بۆ بدەن لەسەر کوشتنی هاوەڵەکەتان؟)) وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، هیچ کەسێك لە موسوڵمانان لەوێ نەبووە ، وە ئەوانەیش جوولەکەن و کاری زۆر لەوە گەورەتریش دەکەن؟ فەرمووی : ((فَاخْتَارُوا مِنْهُمْ خَمْسِينَ فَاسْتَحْلِفُوهُمْ)) واتە : دە پەنجا کەسیان لێ هەڵبژێرن و سوێندیان بدەن ، بەڵام هەر ڕازی نەبوون بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی لەلایەن خۆیەوە خوێنەکەیدا [رواه أبوداود (٤/رقم/٤٥٢٤) وهو صحيح بروانە صحيح أبي داود (٣٧٩٣)] .


منتدى إقرأ الثقافي

وە تۆڵە سەندنەوە مافی دەسەڵات داری موسوڵمانە و دەبێت ئەو پێی هەڵبسێت . (٥٧٠)

---

(٥٧٠) (القُرطُبِي) لە تەفسیرەکەیدا دەفەرمێ : ((هیچ جیاواز ییەك نییە لەوەدا کەوا تۆڵە سەندنەوە لە کوشتن دا کەس پێی هەڵناسێت مەگەر خاوەن دەستلات خۆی ، پێویستە لەسەریان هەڵسن بەتۆڵە سەندنەوە و جێبەجێ کردنی سنوورە شەرعیەکان (الحُدُود الشَّرْعِيَّة) و شتی تریش ، چونکە خوای گەورە پاك و بێگەردی بۆ ئەو ، داوای لە هەموو موسوڵمانان کردوە بە تۆڵە سەندنەوە (القِصَاص) ، پاشان ناشێت و ناگونجێ بۆ باوەڕداران هەموویان کۆببنەوە لەسەر تۆڵە سەندنەوە ، جا دەسەڵات دار یان لەجیاتی خۆیان داناوە کەوا هەڵسێت بەجێ بەجێ کردنی تۆڵە سەندنەوە و سنوورەکانی تریش)) [بروانە الجامع لأحكام القرآن (٢/٢٤٥)] .

وە هۆی ئەوەشە (الصَّاوِي) باسی کردووە لە (حَاشِيَة)کەی دا بەسەر (الجَلَالَين)ەوە ، جا دەفەرموێ : (جا کاتێك کە (إِثْبَات) بوو کەوا کوشتن بەقەستەوە دەست درێژی و ستەمە ، پێویست دەبێت لەسەر داوەری شەرعی (القَاضِي الشَّرْعِي) کەوا کار بۆ کەس و کاری کوژراوەکە ئاسان بکات و بکوژ بخاتە ژێر دەستیان ، جا داوەر ئەوەی پێ دەدات کە کەس و کاری کوژراوەکە خۆیان هەڵیدەبژێرن ، ئیتر کوشتنەوەبێت یان لێ خۆش بوون یان پارەی خوێن سەندن ، وە دروستیش نییە بۆکەس و کاری کوژراوەکە دەسەڵات بگرنە سەر بکوژ دا بەبێ پرسی داوەری شەرعی ، چونکە ئەوە خراپە و تێکدانی تێدایە ، جا ئەگەر پێش پرس کردنی داوەر بیکوژێت ، ئەوە سزا دەدرێت [بروانە فقه السنة (٢/٤٥٣)] .

( الحَمْدُلِلهِ ) ئەوە بەشی تۆڵە سەندنەوە و مەرجەکانی کۆتایی پێ هات و ئێستایش دەچینە سەر بەشی نرخی مرۆڤی کوژراو یا ئەندامی فەوتێنراو



منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی نرخی خوێنی مرۆڤی کوژراو یا ئەندامی فەوتێنراو

## (الـدِّ يَّـة) (٥٧١)

**خوێنی پیاوی موسوڵمان سەد (١٠٠) ووشترە یا نرخی ئەو سەد (١٠٠) ووشترە لەو کاتەدا ئەگەر ووشتر دەست نەکەوت (٥٧٢)**

---

(٥٧١) (الدِّيَة) : ئەو پارەو ماڵەیە کە پێویست دەبێت لەسەر تاوانبار بەهۆی تاوانەکەیەوە ، وە دەدرێت بەوکەسەی تاوانەکەی دەرهەق کراوە یان بەخاوەن و کەس و کاری . لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (النساء :٩٢) دا بروانە (پ٥٥٥) . وە پێیشی دەوترێت (العَقْل) . چونکە ئەوەی کەسێکی بکوشتایە ئەبوایە خوێنەکەی بۆ کۆبکردایەتەوە کە ووشتر بووە ، پاشان دەیبرد لە بناری ماڵی کەس و کاری کوژراوەکەدا دەیبەستەوە بە (عِقَال)ەکانی بۆ ئەوەی بیداتە دەستیان . وە ئەوکەس و کارانەیش کە خوێنەکەی بۆ کۆدەکەنەوە پێیان دەوترێت (العَاقِلَة) .

(٥٧٢) لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بنِ عَمْرو) (خوایان لیّ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ قُتِلَ خَطَأً فَدِيَّتُهُ مَائَةٌ مِنَ الإِبِلِ ثَلاَثُونَ بِنْتُ مُخَاضٍ وَ ثَلاَثُونَ بِنْتُ لَبُونٍ وَثَلاَثُونَ حِقَّةٌ وَعَشْرَةُ بَنِي لَبُونٍ ذُكُورٍ)) واتە : هەرکەسێك بەهەڵە کوژرا ئەوە خوێنەکەی سەد (١٠٠) ووشترە ، سی (٣٠) دانەی (بِنْتُ مَخَاض) بێت وسی (٣٠) یشی (بِنْتُ لَبُون)بێت وەسی (٣٠) شی (حِقَة) بێت وە دە (١٠) دانەیش (بَنِي لَبُون)ی نێر . وە (عَبْدُالله) فەرمووی : وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ خەڵکی شارەکانی (القُرَىٰ) بە چوار سەد (٤٠٠) دینار دایدەنا یان بەرامبەرەکەی لەزیو وە بەپێی کاتەکانی نرخی ووشتر دیاری دەکرد . ئەگەر گران ببوایە ئەوە نرخەکەی بەرز دەکردەوە وە ئەگەر هەرزان



منتدى إقرأ الثقافي

**جا لە کوشتنی هەڵە لەشێوەی قەست دا وە کوشتنی قەستیش دا — ئەگەر خاوەنەکەی بە پارەی خوێن ڕازی بوو — خوێنەکە ئەستوور دەکرێتەوە ، بەوەی دەبێت چل (٤٠) ووشتر یان ئاووس بێت (٥٧٣)**

ببوایە ئەوە نرخەکەی کەم دەکردەوە بەپێی کات نرخەکەی دەگۆڕا ، جا نرخی لەسەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا لەنێوان چوار سەد (٤٠٠) دینار تا هەشت سەد (٨٠٠) دیناردا بوو ، یان بەرانبەرەکەی لەزیو هەشت هەزار (٨٠٠٠) درهەم . وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڕیاری دا بۆ ئەوەی مانگای هەیە کەوا دووسەد (٢٠٠) مانگا بدەن و وە ئەویش شەکی هەیە هەزار (١٠٠٠) شەك بدات [رواه ابن ماجه (٢/٨٧٨/٢٦٢٠) و النسائي (٨/٤٢/٤٨٠١) و ابوداود (٤/رقم/٤٥٤١) القسم الأول منه ، وهو حديث الحسن بروانه صحيح ابن ماجه (٢١٢٨)] .

وە(بِنتُ مَخَاض) مێیینەی ووشتری تەمەن یەك ساڵە پێی نابێتە دوو ساڵ . (بِنتُ لَبُون ) مێینەی تەمەن دوو ساڵە پێی نابێتە سێ ساڵ.(اِبْنُ لَبُون) نێرە کەیەتی وە (حِقَّة) مێیینەیە کە سێی تەواو کردووەو پێی نابێتە چوار ساڵ . وەهەر لە (عَبْدُالله بن عَمْرو)ەوە دەگێڕنەوە (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : (نرخی خوێن لەسەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەشت سەد (٨٠٠) دینار بوو وە هەشت هەزار (٨٠٠٠) درهەم ، وە خوێنی خاوەن کتێبەکان لەو ڕۆژەدا نیوەی خوێنی موسوڵمانان بوو . فەرمووی : جاکە (عُمَر) بوویە (خَلِيْفَة) هەستا و وتاری داو فەرمووی : بەڕاستی نرخی ووشتر گران بووە ، جا (عُمَر) هەزار (١٠٠٠) دیناری پێویست کرد لەسەر ئەوانەی ئاڵتونیان هەیە وە ئەوانەیش زیویان هەیە دوانزە هەزار (١٢٠٠٠) درهەم ...) [رواه ابوداود (٤/رقم/٤٥٤٢) وهو حديث حسن بروانه الإرواء (٢٢٤٧)].

(٥٧٣) لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عَمْرو) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەڕۆژی (فَتح)ی (مَكَّة) دا فەرمووی : ((أَلَا إِنَّ دِيَةَ الْخَطَأِ شِبْهُ الْعَمْدِ — مَاكَانَ بِالسَّوْطِ وَ الْعَصَا — مَائَةٌ مِنَ الإِبِلِ مِنْهَا أَرْبَعُونَ فِي بُطُونِهَا أَوْلَادُهَا)) واتە : بزانن کەوا خوێنی کوژراوی هەڵە لەوێنەی قەست ، ئەوەی بە قامچی و دار بێت سەد (١٠٠) ووشترە ، چل (٤٠) دانەی بەچکەکانی لەسکی دابێت [رواه ابو


منتدى إقرأ الثقافي

وە خوێنی (أَهْلُ الذِّمَّة) [٥٧٤] نیوەی خوێنی موسوڵمانانە [٥٧٥] وە پارەی خوێنی ئافرەتیش نیوەی پارەی خوێنی پیاوە و هەروەها لەو ئەندامانەیشیدا کەلە سێیەکی (⅓) پارەی خوێن بەرەو سەرەوەی بەر دەکەوێت ، [٥٧٦] بەڵام لەوانەی دا کەلەسێیەکی پارەی خوێن کەمتری بەر دەکەوێت ئەوە هەر وەکو پیاو وایە ، [٥٧٧]

---

داود(٤/رقم/٤٥٤٧) وابن ماجه (٢/٨٧٧/٢٦٢٧) والنسائي (٨/٤١) وغيرهم وهو حديث صحيح بروانه الإرواء(٢١٩٧) وصحيح ابن ماجة (٢١٢٦)] .

(٥٧٤) (أَهْلُ الذِّمَّة) ئەو خاوەن کتێبانەن (أَهْلُ الكِتَاب) کە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلام دا دەژین و سەرانە(جِزْيَة) دەدەن ، وەك جوولەکە (اليَهُود) و گاوورەکان (النَّصَارَىٰ) .

(٥٧٥) لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عَمْرو) (خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٥٧٢) . وە فەرموودەکەی تری (عَبْدُالله بن عَمْرو) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((دِيَّةُ المُعَاهِدِ نِصْفُ دِيَّةِ الحُرِّ)) واتە : پارەی خوێنی کەسێك کە خاوەن پەیمان بێت نیوەی پارەی خوێنی موسوڵمانێکی ئازادە [رواه ابوداود (٤/رقم/٤٥٣٨) والترمذي (٤/٢٥/١٤١٣) والنسائي (٨/٤٥) وابن ماجه (٢/٨٨٣/٢٦٤٤)] ولفظه ((أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) قَضَىٰ أَنَّ عَقْلَ أَهْلُ الكِتَابَيْنِ نِصْفُ عَقْلِ المُسْلِمِينَ وَهُمْ اليَهُود وَالنَّصَارَىٰ)) [وهو حديث حسن بروانه الارواء (٢٢٥١) وصحيح ابن ماجه (٢١٣٩)].

(٥٧٦) لەبەر (أَثَر)ەکەی (شُرَيْح) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کەوا فەرمووی : (عُرْوَةُ البَارِقِي) لەلایەن (عُمَر)ەوە هات بۆلام ((کەوا برینی پیاو و ئافرەت لە ددان و برینێك دا کە ئێسقان بخاتە دەر وەکو یەك وان — لە نرخی خوێنەکەیدا — وە لەوە زیاتر ئەوە خوێنی ئافرەت لەسەر نیوەی خوێنی پیاوە [رواه ابن أبي شيبة في مصنفه (٩/٣٠٠/٧٥٤٦) باسناد صحيح بروانە الإرواء (٧/٣٠٧) وەهەر (ابن أبي شيبة) لە (علي بن أبي طالب) و (عبدالله بن مسعود) یشەوە ئەمە دەگێڕێتەوە ، ورواه البيهقي (٨/٩٥) أيضا باسناد صحيح عنهما بروانە الإرواء (٧/٣٠٧)] .

(٥٧٧) لەبەر (أَثَر)ەکەی (رَبِيعَةُ بنُ أَبِي عَبْدِالرَّحْمَٰن) کەوا فەرمووی : ((پرسیارم لە (سَعِيْدُ بنُ المُسَيَّب) کرد کەوا پارەی خوێنی پەنجەی ئافرەت چەندە؟ فەرمووی : دە


منتدى إقرأ الثقافي

وە لە ئەندامەکان دا ئەگەر ببڕێتەوە یان وەکو پەکی بخات [٥٧٨] لەوانەی دا کە هەریەك دانـە لـە لاشـەی مـرۆڤ دا هەیـە ، پـارەی خوێنێکـی تـەواوی لەسەرە ، وەك زمان و لووت و ئەندامی نێرینە (ذَكَر) ، وە ئەگەر دوو دانە لە لاشەدا هەبوو ئەوە هـەردووکیان پارەی خوێنێکی تـەواوی لەسـەرە وەهـەر دانەیەکیشیان پارەی نیو خوێنی لەسەرە ، وەك چاو و گوێ و دەست و پێ ، وە لەهـەر پەنجەیەکیش دا – ئیتر دەست بێـت یـان پـێ – دەیـەکی ($\frac{1}{10}$) پارەی خوێنێکی لەسەرە ، وە لەهەموو پەنجەکان دا – دەست بێت یان پێ – خوێنـی تـەواوی لەسـەرە ، وە لە ددانەکانیش دا لـە هـەمووی دا پـارەی

---

(١٠) ووشترە ، ووتم : ئەی دوو پەنجەی؟ فەرمووی : بیست (٢٠) ووشترە وتم : ئەی سێ پەنجەی؟ فـەرمووی : سـی (٣٠) ووشـترە ، ووتم : ئـەی چـوار؟ فـەرمووی : بیسـت (٢٠) ووشترە ، ووتم : کاتێك کـە برینەکـەی زیـاتر بـوو و (مُصِيْبَـة)ەکـەی تونـد تریـوو پـارەی خوێنەکەی کەمتربویـەوە؟! (سَعِيْد) فـەرمووی : تـۆ عـێراقیت؟ ووتم : بـەڵکو ، زانایەکـە دەیەوێت (إِثْبَات)ی کات ، یان نەفامێکە دەیەوێت فێرببێت . فـەرمووی : ئەمـە سـوننەتە کوڕی برام [رواه مالك في الموطأ (٢/٨٦٠) والبيهقي (٨/٩٦) وإسناده صحيح بروانه تحقيق محمد صبحي الحلاق على الروضة الندية (٢/٦٦٣)] .

(٥٧٨) چونکە پەك خستنی هەر ئەندامێکی لاشە لە سوودەکانی وەکو برینەوەیەتی ، وە پارەی خوێنی برینەوەیشی لەسەرە ، لەبەر (أَثَـر)ەکـەی (عَـوْف) ڕەحمـەتی خـوای لەسەر بێت کەوا فەرمووی : پیاوێك بـەردێکی وەشاند بۆ سـەر پیـاوێکی تـر ، جا گوێ وزمان و عەقڵ و (ذَكَر) ی هەموو لەکار خست ، جا نەیئەتوانی نزیکی ئـافرەت ببێتـەوە ، جا (عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕیاری پارەی چوار خوێنـی لـە سـەر دا [رواه ابن أبي شيبة (٩/١٦٧/٦٩٤٣) والبيهقي (٨/٨٦) وهو حسن بروانه الارواء (٢٢٧٩)] .



منتدى إقرأ الثقافي

خوێنێکی تـەواو ، وە لەهـەر دانەیـەکیش دا پـارەی بیسـت یـەکی ($\frac{1}{20}$) خوێنێکی لەسەرە ،(٥٧٩)

---

(٥٧٩) لەبەر فەرموودەکەی (عَمْرُو بنُ حَزْم) (خوای لێ ڕازی بێت) کـەوا فـەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوسراوێکی نووسی بۆ خەڵکی (يَمَن) کە (الفَرائِـض) و (السُّنَن) و (الدِّيَات) ی تێدا بوو ، وە لەگەڵ (عَمْرُو بنُ حَـزْم) دا ڕەوانـەی کـرد ، جا بەسـەر خـەڵکی (يَمَن) دا خوێندرايەوە ، ئەمە (نُسْخَە)ی نوسراوەکەيە : (لە (مُحَمَّد)ی پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆ (شُرَحْبِيلُ بنُ عَبْد كِلَال) و (نُعَيْمُ بنُ عَبْد كِلَال) و (الحَارِثُ بنُ عَبْد كِـلَال ........) جـا تێيدا هاتووە : (وە لـە لـووت دا ئەگـەر هـەمووی ببڕێتـەوە پارەکـەی پـارەی خوێنێکـی تەواوە ، وە لەزمانيش دا پـارەی خوێنێکـە ، وە لەهـەردوو لێـودا پـارەی خوێنێکـە ، وە لەهەر دوو گون دا پارەی خوێنێکە ، وە لە ئەندامی نێرينەدا (ذَكَر) پارەی خوێنێکـە ، وە لەپشت يش دا پـارەی خوێنێکـە ، وە لـە هـەردوو چـاو دا پـارەی خوێنێکـە ، وەلـە يـەك دەست دا نيوەی پارەی خوێنێکە ، وەلە (المَأمُومَة) دا سێيەکی پارەی خوێنێکە ، وەلـە (الجَائِفَة) دا سـێيەکی پـارەی خوێنێکـە ، وەلـە (المُنَقِّلَـة) دا پـانزدە (١٥) ووشـترە ، وە لەهەر پەنجەيەك لە پەنجەکانی دەست و پێدا دە(١٠) ووشترە ، وەلە ددانێکيش دا پێنج (٥) ووشـترە ، وەلـە (المُوضِّحَـة) دا پێنـج (٥) ووشـترە ، وە پيـاويش بـە ئـافرەت دەکوژرێتەوە ، وە لەسەرئەوەی خاوەن ئاڵتوونـە هـەزار (١٠٠٠) دينـار بـدات — لـەجياتی سەد ووشـترەکە —)) [رواه النسائي (٨/٧٥/٤٨٥٣) و مالك (٦١١/١٥٤٤) وهو حديث صحيح بشواهده . بروانه الإرواء (٢٢٧٥) وصحيح النسائي (٤٥١٣)] .

وە (المَأمُومَة) : ئەو برينەيە کە دەگاتە مێشك ، تەنها يـەك پـەردەی دەمێنێـت لـە مێشك بدات ، وە (الجَائِفَة) : ئەو برينەيە کە دەگاتە بۆشايی ناو لاشە وەکـو ناوسـك ، وە (المُنَقِّلَة) : ئـەو برينەيـە کـە ئێسـقان دەشـکێنێت و لەجێگـەی خـۆی لای دەبـات ، وە (المُوضِّحَة) : ئـەو برينەيـە کـە پێسـت و گۆشتەکەيشـی لابـبات و بگاتـە ئێسـقان ، بـەڵام ئێسقان ناشکێنێت . وە فەرموودەی تری (صَحِيـح) لـەم بارەيـەوە هـاتووە بروانـە [الإرواء :٢٢٣٨] .


منتدى إقرأ الثقافي

وە لەبرینیش دا ئەوەی کە بگاتە مێشك یان بگاتە بۆشایی لاشە سێیەکی (⅓) تەواویان لەسەرە ، وە ئەویشی کە ئێسقان بشکێنێت و لەشوێنی خۆی لای بدات پازدە (١٥) ووشتری لەسەرە ، بەلام ئەوەی کە تەنها دەیشکێنێت دە (١٠) ووشتری لەسەرە ، وە ئەو برینەیش کە ئێسقان دەخاتە دەرو نایشکێنێت پێنج (٥) ووشتری لەسەرە [٥٨٠]

وە ئەوانەی تریش کەباس نەکراوە لەڕوانگەی ئەمانەوە کە باس کراوە ئەندازەکەی دیاری دەکرێت [٥٨١] وە کۆرپەی ناوسك ئەگەر لەسکی دایك دا بمرێت ئەوە نرخی خوێنەکەی بەندەیەکە یان کەنیزەیەك ، [٥٨٢] وە ئەگەر بەزیندووی لەدایك ببێت پاشان بمرێت ئەوە نرخی خوێنێکی تەواوی

---

(٥٨٠) لەبەر فەرموودەکەی (عَمْرُو بنُ حَزْم) ی پێشوو بڕوانە (پ٥٧٩) .

(٥٨١) چونکە بێ گومان هەر تاوانێك کە دەرهەق بە مرۆڤێك دەکرێت سزا (عُقُوبَه)ی لەسەرە ، جا ئەوەی کە بە دەق (نَص)ی شەرعی دیاری کراوە ئەوە نابێت لێی لابدرێت ، وە ئەویشی کە دیاری نەکراوە ، خراوەتە ئەستۆی داوەر (القَاضِي) کەوا خۆی (إجتهاد)ی تێدا بکات ، لە ڕوانگەی ئەوانەوە کە دیاری کراوە دیاری دەکات .

(٥٨٢) لەبەر فەرموودەکەی (أبو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : دوو ئافرەت لە (هُذَيْل) بوە شەڕیان ، جا یەکێکیان بەردێکی لەوی تریان وەشاند خۆی و منداڵەکەی سکی کوشت ، جا سکالایان بردە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەویش بڕیاری دا کەوا خوێنی منداڵەکەی سکی بەندەیەك بێت یا کە نیزەیەك ، وە بڕیاریشی دا خوێنی ئافرەتە کوژراوەکە لەسەر کەس و کاری ئافرەتە بکوژەکە بێت ، وە میراتیەکەی — ئافرەتە کوژراوەکە — بۆ ڕۆڵە و میرات بەرەکانی تری بێت [رواه البخاري (١٢/رقم/٦٩١٠) ومسلم (٣/١٣٠٩/١٦٨١)] .



منتدى إقرأ الثقافي

لەسەرە (٥٨٣) وە ئەگەر کەسێك خۆی هۆی سەرەکی بوو لەو زیانەی کە لێ ی کەوتووە ئەوە هیچ حەققی خوێنی ناکەوێت . (٥٨٤)

---

(٥٨٣) چونکە لەوکاتە بە مرۆڤێکی تەواو دەژمێررێت ، وە خوێنی مرۆڤیش منداڵ بێت یان گەورە هەر خوێنێکی تەواوە .

(٥٨٤) لەبەر فەرموودەکەی (عُمْرَانُ بنُ حُصَيْن) (خوای لێ ڕازی بێت) ((کەوا پیاوێك قەپی کردە دەستی پیاوێك دا ، جا کاتێ ئەوی تریان دەستی ڕاکێشایەوە لەدەمی دوو ددانی (ثَنِيَّة)ی کەواند ، جا سکالآیان هێنا بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەویش فەرمووی : ((يَعُضُّ أحَدُكُمْ أخَاهُ كَمَا يَعُضُّ الفَحْلُ لاَ دِيَةَ لَهُ)) واتە : کەسێکتان قەپ دەکاتە براکەی دا وەکو — ووشتری — نێر ، هیچ نرخێکی — خوێنی — بۆ نی یە [رواه البخاری (١٢/رقم/٦٨٩٢)] .

( الحَمْدُ لِلّٰهِ ) ئەوە بەشی نرخی مرۆڤی کوژراو یا ئەندامی فەوتێنراو کۆتایی پێ هات و ئێستایش دەچینە سەر بەشی سوێند دانی ئەوانەی کە گومانی کوشتنیان لێ دەکرێت



منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی سوێند دانی ئەوانەی کە گومانی کوشتنیان لێ دەکرێت (القَسَامَة) [585]

ئەگەر کوژراوێک بەڵگەو نیشانەی هەبوو کەوا بکوژەکەی لە کۆمەڵێک دایە [586]

---

(٥٨٥) (القَسَامَة) شێوەکەی ئەوەیە کەوا کوژراوێك هەبێت و خاوەنەکەی بیخاتە سەر پیاوێك دا یان کۆمەڵێك دا وەنیشانە و بەڵگەی ئاشکرایشی لەسەر هەبێت — نیشانەی ئاشکرا : ئەوەیە کەوا گومانێکی زیاتر لەدڵی کەس و کاری کوژراوەکەدا دروست دەکات کە ئەو کەسە یان ئەو کۆمەڵە کەسە کوشتویانە ، وەك لەنێو گەڕەکێك دا لاشەکەی دۆزرابێتەوە کە دوژمنایەتیەکی ئاشکرا لەنێوانی ئەوان و کوژراوەکەدا هەبێت ، یان کۆمەڵێك لەشوێنێك دا کۆببنەوە ، پاشان کە لەیەك جیادەبنەوە ، لاشەی کوژراوەکە لەشوێنەکەیان دا جێ دەمێنێت ، یان لەنزیك ئەو شوێنەی کە لاشەی کوژراوەکەی تێدا دۆزرابێتەوە پیاوێك گیانی لە خوێندایە ، یا شایەتێکی دادپەروەر دەڵێ فلان کەس یان فلان کۆمەڵ کوشتویانە ... هتد — جا داواکەر دەست پێ دەکات پەنجا سوێند دەخوات کە ئەوکەسە یان ئەو کۆمەڵە کوشتویانە ، بەو شێوەیە خوێنی ئەو کوژراوە دەکەوێتە سەر ئەوانەی کە سوێندیان لەسەرخوراوە ، جا ئەگەرسوێندیان نەخوارد ئەوە سوێندی ئەوان دەدرێت ، جائەگەر سوێندیان خوارد کەوا ئەوان نەیان کوشتووە وەنایش زانن کێ‌کوشتویەتی ، ئەوە لەسەریان دەکەوێت بەڵام ئەگەر نەیانخوارد ، ئەوە خوێنێکی ئەستوور دەکەوێتە سەریان ، ئەمە ئەگەر نیشانەیەکی ئاشکرا هەبوو ، بەڵام ئەگەر نیشانەی ئاشکرای نەبوو ئەوە یەکسەر سوێندی داوا لێ‌کراو دەدرێت وەکو هەر داوایەکی‌تر ، بڕوانە (پ٤٧٠ ، پ٤٧١) .

(٥٨٦) باسی نیشانەمان لە پەراوێزەکەی پێشوودا کرد .

منتدى إقرأ الثقافي

ئەوە بۆ کەس و کاری هەیە پەنجا سوێند بخۆن لەسەر یەکێکیان کەوا ئەو کوشتویەتی ئەوە خوێنەکەی دەکەوێتە سەر ، وە ئەگەر سوێندیان نەخوارد دەتوانن پەنجا لەکەس و کاری ئەوان هەڵببژێرن و سوێندیان بدەن کەوا ئەوان نەیان کوشتووە و نایشزانن کێ کوشتویەتی ، جا ئەگەر سوێندیان خوارد ئەوە لەسەریان دەکەوێت وە ئەگەر سوێندیشیان نەخوارد ئەوە خوێنەکەی دەچەسپێت لەسەریان .(٥٨٧)

---

(٥٨٧) ئەم سوێنددانە لەکاتی نەفامی (جَاهِلِيَّة)ی پێش ئیسلام دا هەبووە، لەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((یەکەم سوێنددان (قَسَامَة) لە نەفامی دا بوو لەنێوان ئێمەی (بَنِي هَاشِم) دا بوو ، پیاوێك لە (بَنِي هَاشِم) کابرایەکی (قُرَيْش)ی بەکرێ گرتبوو لە تیرەیەکیتر ، جا لەگەڵیدا ووشترەکانی دا لەبەر ، لەڕێگا پیاوێکیتر لە (بَنِي هَاشِم) بەلای دا تێپەڕ بوو ، گوریسی (جَوَالِق)ەکانی پڕابوو ، جا بەمی ووت : بگە بە فریام دا (عِقَال)ێکم بدەرێ گوریسی (جوَالِق)ەکانمی پێ توند بکەمەوە بۆ ئەوەی ووشترەکانم لە دەستم ڕانەکەن ، جا ئەویش (عقال)ێکی پێدا و گوریسی (جوَالِق)ەکانی پێ توند کردەوە . جا کەلە شوێنێك دا لایان دا هەموو ووشترەکانی بەستەوە تەنها ووشترێك نەبێت ، جا ئەوەی کە بەکرێ گرتبووی پێی ووت : بۆ تەنها ئەو ووشترە نەبەستراوەتەوە لەنێو هەموو ووشترەکان دا؟ ووتی (عِقَال)ی نییە . ووتی : ئەی (عِقَال)ەکەی کوا؟ (إبْنُ عبَّاس) فەرمووی : جا بەردێکی تێگرت بەو بەردە تیاچوو ، جا پیاوێك لە خەڵکی (يَمَن) بەلایدا تێپەڕ بوو ، پێی ووت : تۆ ئەم ساڵ ئامادەی حەج دەبیت؟ ووتی : ئامادە نابم لەوانەیشە ئامادە بیم ، ووتی : تۆ نامەیەکم بۆ دەگەیەنیت جارێك لەژیانت دا؟ ووتی : بەڵێ ، ووتی : ئەگەر تۆ ئامادەی ساڵی حەج بویت ئەوە بانگ بکە ئەی (آل قُرَيْش) ، جا ئەگەر وەڵامیان دایتەوە ، بانگ بکە ئەی (آل بَنِي هَاشِم) جا ئەگەر وەڵامیان دایتەوە ، ئەوە پرسیاری (أبُو طَالِب) بکە ، جا پێی بڵێ کەوا فڵانەکەس کوشتوومی ، لەسەر (عِقَال)ێك ، جا کابرای کرێکار مرد ، جا ئەوەی کە بەکرێ گرتبووی گەڕایەوە (أبُو طَالِب) هات بۆلای ، ووتی : هاوڕێکەمان چیکرد؟ ووتی :

منتدى إقرأ الثقافي

• • • • • • • • • • • • •

ئەخۆش کەوت ، جا منیش بە جوانی خزمەتم کرد و خۆم دەفنیشم کرد ، ووتی : ئەویش شایەنی ئەوە بوو تۆ ئەوەی بۆ بکەیت ، جـا ماوەیـەك مایەوە ، پاشان ئـەو پیاوەی کـە وەسێتی پێ کردبوو کەوا نامەکەی بگەیەنێت ، لە سالی حەج دا هات بۆ مەککە ، جا ووتی : ئەی (آل قُرَیْش)؟ ووتیان : ئەمە (قُرَیْش)ە ، ووتی : ئەی (آل بَنِي هَاشِم)؟ ووتیان : ئەمە (بَنِي هَاشِم)ە ، ووتی : ئەی کوا (أبُو طَالِب)؟ ووتیان : ئەمە (أبُو طَالِب)ە . ووتی : فلانـە کـەس پـێی ووتـوم کـەوا ئـەم نامەیـەت پـێ بگەیـەنم ، کـەوا فلانەکـەس لەسـەر (عِقَال)ێك کوشتویەتی جا (أبُـو طَالِب) ڕۆیشت بۆلای و پـێی ووت : یـەکێك لـەم سیانـە لەلایەنمانەوە هەڵببژێرە : ئەگەر ویستت لەسەرێتی سەد (١٠٠) ووشتر بدە چونکە تۆ هاوڕێکەمانت کوشتوە ، وە ئەگەر ویستت لەسەرێتی پـەنجا لـە کـەس و کـارت سوێند بخۆن کە تۆ نەتکوشتوە ، وە ئەگەر ڕازی نەبن ئـەوە دەتکوژینـەوە لـەجیاتی ئـەو ، جا ئەویش ڕۆیی بۆلای هۆزەکەی ووتیان : سوێند دەخۆین . جـا ئافرەتێك لـە (بَنِي هَاشِم) هات کە خێزانی پیاوێك لەوان بوو منالێکی لێ بو بوو ووتی : ئەی (أبُو طَالِب) پێم خۆشـە کەوا ڕازی بیت کوڕەکەی مـن یـەکێك لـەو پـەنجا کەسە بێت ، وە کـاتێك کـە سوێندیان دەدەیت سوێندی ئەو نەدەیت ، جا ئەویش وای کرد ، پیاوێکی تریشیان لێ هـات ووتـی : ئەی (أبُـو طَالِـب) پـەنجا پیاوت دەتـەوێت سوێند بخۆن لـەجیاتی سـەد (١٠٠) ووشـتر ، هەریەکە دوو ووشتری بەر بکەوێت ، من ئـەوە دوو ووشـترەکەم لێم وەربگـرە و سـوێندم مەدە کاتێك کە سوێند دەخۆن ، جا لێ ی وەرگرت ، وە ئەو چل و هەشت (٤٨)ەکەی تر هاتن سوێندیان خوارد ، (إِبْنُ عَبَّاس) فەرمووی : جـا بەوکەسـەی نەفسـی منـی بەدەسـتە سالێ بەسەریدا تێنەپەڕی لەو چل و هەشتە کەسێکیان نەمان چاو بتروکێنن)) [رواه البخاری (٧/رقم/٣٨٤٥)] .

جا لە شەریعەت دا هەر وەکو خۆی مایـەوە ، لەبەر فەرموودەکـەی (أبُـو سَلَمَة بن عَبْدالرَّحْمَن) و (سُلَيْمَانُ بنُ يَسَار) (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) لـە پیاوێکی (أنصَار)ی کـە لەهاوەڵانی پێغەمبەری خوا بوە (ﷺ) دەگێڕنەوە کەوا فەرموویەتی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر ئەوە ڕازی بووە کەوا سوێند دان (القَسَامَة) لەسەر ئـەوەی کـاتی نـەفامی بمێنێتەوە)) [رواه مسلم (٣/١٢٩٥/١٦٧٠)] .

منتدى إقرأ الثقافي

. . . . . . . . . . . . .

وە لەبەر فەرموودەکەی : (بَشِيرُ بنُ يَسَار) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کەوا فەرمووی پیاوێك لە (أَنْصَار) پێی دەوترا (سَهْلُ بنُ أبِي حَثْمَة) پێی ڕاگەیاندوە کەوا چەند کەسێك لە هۆزەکەی چوون بۆ (خَيْبَر) ، جا لەوێ لەیەك جیابوونەوە پاشان بینیان یەکێکیان کوژراوە ، جا بەوانەیان ووت کە کوژرا وەکە لەنێوانیان دا دۆزراوەتەوە : ئێوە هاوڕێکەمانتان کوشتوە ، ووتیان : نە ئێمە کوشتومانە و نە دەیشزانین کێ کوشتویەتی ، جا گەڕانەوە بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوین بۆ (خَيْبَر) جا بینیمان یەکێکمان کوژراوە ، ئەویش فەرمووی ((الكُبْرُ ، الكُبْرُ)) واتە : با گەورەکەتان قسەبکات ، دووجار ، پاشان پێی فەرموون : بەڵگە دەهێننەوە لەسەر ئەوەی کوشتویەتی؟ ووتیان : هیچ بەڵگەمان نییە ، فەرمووی: دەی ئەوان سوێند دەدرێن، ووتیان : ئێمە ڕازی نابین بەسوێندی جولەکە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی خۆش نەبوو خوێنە کەی بەفیڕۆدا بچێت بۆیە خۆی سەد (١٠٠) ووشتری زەکاتی پێدان)) [رواه البخاري (١٢/رقم/٦٨٩٨) ومسلم (١٢٩١/٣/١٦٦٩) وغيرهما] .

وە لەڕیوایەتێکی تردا لەجیاتی داوای بەڵگە پێی فەرموون : ((أَتَسْتَحِقُّونَ قَتِيلَكُمْ بِأَيْمَانِ خَمْسِينَ مِنْكُمْ)) واتە : خوێنی کوژراوەکەتان مسۆگەر دەکەن بەسوێند خواردنی پەنجا کەستان — لەسەر ئەوەی ئەوان کوشتو یانە — بەڵام ئەوان ووتیان : چۆن ئێمە سوێند دەخۆین لەسەر شتێك نەمانبینیوە ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((فَتُبْرِئُكُمُ اليَهُود فِي أيمَانِ خَمْسِينَ مِنْهُمْ)) واتە : جا جولەکە خۆیان بێ تاوان دەر دەکەن بەسوێند خواردنی پەنجا کەسیان . ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەوان بێ باوەڕن ...... هتد فەرموودەکە [رواه البخاري رقم (٣١٧٣ ، ٦١٤٣ ، ٧١٩٧) ومسلم وغيرهما] .

**( الحَمْدُ لِلَّهِ ) ئەوە بەشی سوێند دانی ئەوانەی کە گومانی کوشتنیان لێ دەکرێت کۆتایی پێ هات و ئێستایش دەچینە سەر بەشی وەسیەت کردن**



منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی وەسیەت کردن بۆ پاش مردن

## (الوَصِيَّة)(٥٨٨)

وەسیەت کردن پێویست (وَاجِب)ە لەسەر هەر کەسێك شتێکی هەیە وەسیەتی پێ بکات (٥٨٩)

---

(٥٨٨) (وَصِيَ) لە زمانی عەرەبیدا واتە : گەیاندن ، دەڵێی (وَصِيَ الشَّيْءُ بِغَيْرِهِ وَصْيَاً) واتە : ئەو شتەی گەیاند بەشتێکیتر . وە کابرای وەسیەت کەر (الموْصِي) واتە : ئەوشتە دەگەیەنێت ، کەلە پێش دا لەژیانیدا هەبووە ، بۆ پاش مردنی خۆی ، ئەمە لە زمان دا ، وە لەشەرعیش دا (وَصِيَّة) : ئەو بەخشینەیە کە مرۆڤ لەپاش مردنی خۆی بەکەسێکی تری دەبەخشێت .

(٥٨٩) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە کەلە سورەتی (البقرة :١٨٠) دا دەفەرموێ : ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِيْنَ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ﴾ واتە : پێویست کراوە ونوسراوە لەسەر هەر کەسێك لەئێوە چی کاتێك مەرگی نزیك بویەوە ، ئەگەر ماڵێکی لەپاش خۆی بەجێهێشتبوو وەسیەت بکات بۆ دایك و باوك و نزیکانی خۆی ، ئەمەیش حەقە و ئەرکە لەسەر باوەڕدارە خۆپارێزەرەکان دەبێت ئەنجامی بدەن . زانایان دەفەرمن : ئایەتەکانی میرات کە دابەزین (نَسْخ)ی پێویست (وَاجِب) بوونی وەسیەتی کرد بۆ دایك و باوك و ئەو نزیکانەی کە میراتیان بەر دەکەوێت ، بەڵام ئەو ئایەتانە (نَسْخ)ی (وَاجِب) بوونی وەسیەتی نەکردوە بۆ ئەوانەی کە میراتیان بەر ناکەوێت . وە لەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَاحَقُّ إِمْرِيءٍ مُسْلِمٍ يَبِيْتُ لَيْلَتَيْنِ وَ لَهُ شَيءٌ يُرِيْدُ أَنْ يُوصِي فِيْهِ إِلاَّ وَوَصِيَّتُهُ مَكْتُوبَةٌ عِنْدَ رَأسِهِ)) واتە : حەق نییە بۆ هیچ مرۆڤێکی موسڵمان کاتێك شتێکی هەبێت بیەوێت وەسیەتی تێدا بکات دووشەو بەسەریدا بخەوێت مەگەر وەسیەتەکەی نوسیبێتەوە و لەلای سەری خۆی دا دانابێت [رواه البخاري (٢٧٣٨/٣٥٥/٥) ومسلم (١٦٢٧/١٢٤٩/٣) وأصحاب السنن] .



منتدى إقرأ الثقافي

وە حەرامە و دروست نییە ئەگەر مەبەستی بەو وەسیەتە زیان لێ دان بێت (٥٩٠)

---

**تێبینی :**

سوننەتە پێشەکی وەسیەتەکە . بەم شێوەیە دەست پێ بکات : (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێ : هاوەڵان لە پێشەکی وەسیەتەکانیان دا ئەمەیان دەنوسی : (بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيْمِ . هَذَا مَا أَوْصَىٰ بِهِ فُلَانُ إِبْنُ فُلَانٍ ، يَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَٰهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لَاشَرِيْكَ لَهُ وَأَنَّ مُحَمَّدَاً عَبْدُهُ وَ رَسُوْلُهُ وَأَنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ لَارَيْبَ فِيْهَا وَأَنَّ اللهَ يَبْعَثُ مَنْ فِي الْقُبُورِ) وە وەسیەت بەو کەس و کارەی بکات کە بەجێی هێشتون کەوا لەخوای گەورە بترسن و نێوانی خۆیان چاك بکەن و گوێ ڕایەڵی فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەری خوا بن ئەگەر باوەڕدارن ، وە وەسیەتیان پێ بکات بە وەسیەتەکەی (إِبْرَاهِيْم وَ يَعْقُوب) کە وەسیەتی کوڕەکانیان کرد : ﴿يَا بَنِيَّ إِنَّ اللهَ ٱصْطَفَىٰ لَكُمُ الدِّيْنَ فَلَا تَمُوْتُنَّ إِلاَّ وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ﴾ . (البقرة :١٣٢) [رواه الدار قطنى (١٦/١٥٤/٤) والبيهقى (٢٨٧/٦) وهو صحيح بروانه الارواء (١٦٤٧)] .

(٥٩٠) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (النسـاء :١٢) دا کە دەفەرموێ : ﴿مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوْصَىٰ بِهَا أَوْ دَيْنٍ غَيْرَ مُضَارٍ وَصِيَّةً مِنَ اللهِ وَاللهُ عَلِيْمٌ حَكِيْمٌ﴾ واتە : وە ئەم میرات دابەش کردنەیش ، پاش جێ بەجێ کردنی هەر وەسیەت کردن و قەرزاری دانەوەیەك دەبێت — بەو مەرجەی وەسیەتەکە بۆ میرات بەرەکان — زیانی نەبێت ئەمە وەسیەتێکە لەلایەن خوای گەورەوە وە خوای گەورە خۆی زاناو دانایە . (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرموێ : (الإِضْرَارُ فِي الوَصِيَّةِ مِنَ الكَبَائِرِ) واتە : زیان گەیاندن لە وەسیەت کردن دا لە تاوانە هەرە گەورەکانە [رواه سعيد بن منصور (٣٤٣/١٠٩/١) والدار قطني (٧/١٥١/٤) وابن كثير في تفسيره (٤٧١/١) وقال : والصحيح موقوفاً ، وهو كما قال . بروانه (الروضة الندية باب الوصية]. وَقَالَ بَعْدَهَا : (وَقَدْ رَوَىٰ جَمَاعَةٌ مِنَ الأَئِمَّةِ الإِجْمَاعَ عَلَىٰ بُطْلَانِ وَصِيَّةِ الضِّرَارِ) .

وە نموونەی زیان گەیاندن ئەوەیە کەوا کابرای وەسیەت کەر قینی لە هەندێ لەمیرات بەرەکان هەبێت ، جا بۆ ئەوەی بێ بەشیان بکات لە میراتەکەیدا ، وەسیەت


منتدى إقرأ الثقافي

یان وەسیەت بەتاوان بکات .[591] وە دروستیش نییە ئەو وەسیەتە بۆ کەسێك بکات کە میراتی بەر بکەوێت[592] وە نابێت لەسێیەکی ماڵەکەی زیاتر بکاتە وەسیەت[593]

---

دەکات — بۆ نموونە — نیوەی ماڵەکەی بکرێتە مزگەوت ؛ یان دابەش بکرێتەوە بەسەر هەژاران دا ، یان هەرشتێك کەوا ئەوان لەو پارەیە بێ بەش بکات .

(٥٩١) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِنَّ اللهَ تَصَدَّقَ عَلَيْكُمْ عِنْدَ وَفَاتِكُمْ بِثُلُثِ أَمْوَالِكُمْ زِيَادَةً لَكُمْ فِي أَعْمَالِكُمْ)) وفي رواية ((زِيَادَةً لَكُمْ فِي حَسَنَاتِكُمْ لِيَجْعَلَهَا لَكُمْ زِيَادَةً فِي أَعْمَالِكُمْ)) واتە : خوای گەورە لەکاتی مردنتان دا سێیەکی ماڵی پێ بەخشیون کەوا کردەوە چاکە کانتانی پێ زیاتر بکەن [رواه ابن ماجة (٢/٩٠٤/٢٧٠٩) والبيهقي (٦/٢٦٩) و رواه احمد (٦/٤٤٠ — ٤٤١) أيضاً من حديث ابي درداء . وهو حسن بروانه الإرواء (١٦٤١) وصحيح ابن ماجة (٢١٩٠)] .

(٥٩٢) لەبەر فەرموودەکەی (عَمْرُو بنُ خَارِجَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إِنَّ اللهَ أَعْطَىٰ كُلَّ ذِي حَقٍّ حَقَّهُ وَلاَ وَصِيَّةَ لِوَارِثٍ ...)) واتە : بەڕاستی خوای گەورە مافی هەموو خاوەن مافێکی داوە وە ئەوەی میراتی بەر دەکەوێت وەسیەتی بۆ نییە [رواه ابن ماجه (٢/٩٠٥/٢٧٤٢) وابو داود(٨/رقم٢٨٥٣) والترمذي (٣/٢٩٣/٢٢٠٣) وهو صحيح بروانەصحيح إبن ماجه(٢١٩٤) و الإرواء (٦/٨٨ — ٨٩) و رواه ابن ماجه من حديث (أبي أمامة الباهلي وأنس بن مالك) بروانه صحيح ابن ماجه] .

(٥٩٣) لەبەر فەرموودەکەی (سَعْدُ بنُ أَبِي وَقَّاص) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ووتم ، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەمەوێت وەسیەت بکەم بە هەموو ماڵەکەم — لەوکاتەی کە نەخۆشییەکی زۆر گرانی گرتبوو — فەرمووی : ((نەء)) ووتم : ئەی نیوەی؟ فەرمووی : ((نەء)) ووتم : سێیەکی؟ فەرمووی : ((فَالثُّلُثُ وَالثُّلُثُ كَثِيرٌ ، إِنَّكَ إِنْ تَدَعْ وَرَثَتَكَ أَغْنِيَاءَ خَيْرٌ مِنْ أَنْ تَدَعَهُمْ عَالَةً يَتَكَفَّفُونَ النَّاسَ فِي أَيْدِيهِمْ ، وَإِنَّكَ مَهْمَا أَنْفَقْتَ مِنْ نَفَقَةٍ فَإِنَّهَا صَدَقَةٌ حَتَّى اللُّقْمَةَ تَرْفَعُهَا إِلَىٰ فِي إِمْرَأَتِكَ وَعَسَىٰ اللهُ أَنْ يَرْفَعَكَ فَيَنْتَفِعُ بِكَ نَاسٌ وَيُضَرُّ بِكَ آخَرُونَ ، وَلَمْ يَكُنْ لَهُ يَوْمَئِذٍ إِلاَّ إِبْنَةٌ)) واتە : دە سێیەکی بکە بەوەسیەت ، وە سێ یەکیش زۆرە ، چونکە تۆ میرات


منتدى إقرأ الثقافي

ر دەبێت پاش دانەوەی هەموو قەرزێك — قەرزی خوابێت یان قەرزی ئادەمی — جێبەجێ بکرێت . (٥٩٤)

---

بەرەکانت بە دەوڵەمەندی بەجێ بهێڵیت باشترە لەوەی بە هەژاری بەجێیان بهێڵیت ، دەست لە خەڵکی پان بکەنەوە — سواڵ بکەن — وە تۆ هەر بەخشینێك ببەخشیت ئەوە چاکە و خێرە ، هەتا ئەو تیکەیەی کە بەرزی دەکەیتەوە بۆ دەمی ژنەکەت ، بەڵکو خوای گەورە بەرزت بکاتەوە — تەمەنت درێژ بکات — جا خەڵکانێك بەهۆی تۆوە قازانج بکەن — کە موسوڵمانان بوون — وە کەسانێکی تریش بەهۆی تۆوە زیانیان لێ بکەوێت — کە فارسە ئاگر پەرستەکان بوون — ، وە لەو ڕۆژەدا منالی نەبوو تەنها کچێك نەبێت [رواه البخاري (٥/رقم/٢٧٤٢) وهذا لفظه و مسلم (٣/١٢٥٠/١٦٢٨) وغيرهما] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ئەگەر خەڵکی وەسیەت کردنیان کەم بکردایەتەوە بۆ چواریەك ئەوە باشتربوو ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((فَالثُّلُثُ ، والثُّلُثُ كَثِيرٌ)) [رواه البخاري (٥/رقم/٢٧٤٣) ومسلم (٣/١٢٥٣/١٦٢٩)] .

(٥٩٤) لەبەر فەرموودەکەی (سَعْدُ بنُ الأطْوَل) (خوای لێ ڕازی بێت) ، کەوا برایەکی مرد و سێسەد (٣٠٠) درهەمی بەجێ هێشتبوو ، وە منالیشی بەجێ هێشتبوو ، جا ویستم لەسەر منالەکانی خەرجی بکەم ؛ جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((إنَّ أخَاكَ مُحْتَبَسٌ بِدَيْنِهِ فَاقْضِ عَنْهُ)) واتە : براکەت گیر دراوە بەهۆی قەرزاریەکەیەوە ، جا بۆی بیدەرەوە ، جا ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ! بۆیم داوەتەوە جگە لەدوو دینار نەبێت ، ئافرەتێك داوای دەکات و هیچ بەڵگەیەکی نییە . فەرمووی : ((فَأعْطِهَا فَإنَّهَا مُحِقَّةٌ)) واتە : دە بیدەرێ ، چونکە ئەوە ڕاست دەکات [رواه ابن ماجه (١/٨١٣/٢٤٣٣) وهو صحيح بروانه صحيح ابن ماجه رقم (١٩٧٣)] .

ئیمامی (عَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرموێ : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڕیاریدا کەوا قەرز پێش وەسیەت بدرێتەوە ، وە ئێوە لە قورئان دا دەخوێننەوە ﴿مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَىٰ بِهَا أَوْ دَيْنٍ﴾ [رواه ابن ماجة (٢/٩٠٦/٢٧١٥) و الترمذي (٣/٢٩٤/٢٢٠٥) وهو حسن بروانة الإرواء (١٦٦٧)و صحيح ابن ماجة (٢١٩٥)] .


منتدى إقرأ الثقافي

. . . . . . . . . . . . .

**تێبینی :**

لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ خەڵکی لە ئاینن دا شتی تازە زۆر دادەهێنن (يَبْتَدِعُونَ فِي الدِّينِ) بە تایبەت لەمەسەلەی یاساکانی جەنازەدا ، بۆیە پێویستە موسوڵمان وەسیەت بکات کەوا ئامادە کردنی — هەر لەشۆردنەوە و کفن کردن و نوێژ لەسەر کردن و دەفن کردن هەمووی — لەسەر سوننەت بکرێت وە پاش دەفن کردنیش گۆڕەکەی بەرز نەکەنەوە و چەمەنتۆ و گەچی نەکەن ، لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (التحريم :٦) دا کە دەفەرموێ : ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَ أَهْلِيكُمْ نَاراً وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلاَئِكَةٌ غِلاَظٌ شِدَادٌ لاَيَعْصُونَ اللهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ﴾ واتە : ئەی ئەوانەی کە باوەڕ دارن خۆتان و کەس و کارتان لە ئاگرێك بپارێزن کە سوتەمەنیەکەی خەڵکی و بەردە چەند مەلائیکەیەك بەسەریەوەن ، درژ و توند و تیژن ، هیچ بێ گوێی خوای گەورە ناکەن ، لەو فەرمانانەی کە پێیان دەکات ، وەئەوە جێبەجێ دەکەن کە فەرمانیان پێ دەکات . جا هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پیاو چاکە پێشینەکانی ئەم ئوممەتە وەسیەتیان بەمە کردوە ، وە (أَنَس)یش لەم بارەیەوە زۆرە، لەوانە : لە (عَامِر)ی کوڕی (سَعْدُ بنُ أَبِي وَقَّاص) خوای گەورە لە (سَعْد) ڕازی بێت و لە (عَامِر)یش خۆش بێت دەگێڕێتەوە : کەوا باوکی لەو نەخۆشیەی دا کە تێیدا وەفاتی کرد فەرمووی : ((الْحِدُوا لِي لَحْداً وَانْصِبُوا عَلَيَّ اللَّبِنَ نَصْباً كَمَا صُنِعَ بِرَسُولِ اللهِ (ﷺ) )) واتە : ئەڵەحدم بۆ بکەن وە خشتم لەسەر بچەقێنن وەکو بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرا ، بڕوانە [أَحْكَامُ الجَنَائِزِ لِلأَلْبَانِي (ل٨)] .

**( الحَمْدُ لِلَّهِ ) ئەوە بەشی وەسیەت کردن کۆتایی پێ هات و ئێستایش دەچینە سەر بەشی میرات بەشکردن**



منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی میرات بەشکردن

## (الفَرَائِضِ وَ تَقْسِيمِ المِيْرَاثِ) (٥٩٥)

ئەگەر کەسێك مرد سوننەتە لە پێش دا لەپارەو ماڵی خۆی ، ئامادە — کفن و دفن — بکرێت (٥٩٦) پاشان قەرزەکانی هەموو بدرێتەوە و وەسیەتەکانی بەجێ بهێنرێت ،(٥٩٧) پاشان ئەوەی دەمێنێتەوە لە پارەو ماڵەکەی بەپێی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام دابەش بکرێت (٥٩٨)

---

(٥٩٥) الفَرَائِض : کۆی (فَرِيْضَه)یە ، وە (فَرِيْضَة) لە (فَرْض)ەوە وەرگیراوە ، واتە : ئەندازەی دیاری کراو . خوای گەورە لەسورەتی (البقرة :٢٢٧)دا دەفەرموێ : ﴿فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ﴾ واتە : نیوەی ئەندازەی ئەو ئەندازەیەی بۆیانتان دیاری کردووە ، ئەمە لەزمان دا ، وەلە شەرعیشدا (الفَرْض) :ئەو بەشە دیاری کراوەیە کەبۆ میرات بەر دیاری کراوە کاتێك کە کەسێکی دەمرێت .

**تێبینی :**

لە باسی میرات دابەش کردن دا مەسەلەی واهەیە چەند جارێك دوو بارەی دەکەمەوە ، مەبەستم لەوەدا ئەوەیە خوێنەر زیاتر ڕابێت لەسەری ، چونکە جارێك دووبارە بوونەوە و هەرجارێکیش بەشێوەیەك مەسەلەکان بەشێوەیەك ئاسان تر دەکاتەوە .

(٥٩٦) بڕوانە (پ٢٩٠)ی ئەم کتێبەمان ، بەشی (عیبادات)ەکەی .

(٥٩٧) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە : ﴿مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَىٰ بِهَا أَوْ دَيْنٍ﴾ بڕوانە (پ٥٩٠) وە فەرموودەکەی (عَلي) (خوای لێ ڕازی بێت) . بڕوانە (پ٥٩٤)

(٥٩٨) لەبەر ئەو ئایەت و فەرموودانەی کە لەبارەی دابەش کردنی میراتەوە هاتووە ، کە لەمەوپاش باسی دەکەین . إنشاءالله .

منتدى إقرأ الثقافي

بەبێ ئەوەی ستەم بکرێت لەهیچ کەسێك لەوانەی میراتیان بەر دەکەوێت[599] جا خوای گەورە لە سورەتی (النِّسَاء : ١١ ، ١٢ ، ١٧٦)دا[600]

---

(٥٩٩) عەرەب لەکاتی نەفامیدا ، پێش ئیسلام تەنها میراتیان بە پیاو دەدا و ئافرەتیان لێ بێبەش دەکرد ، وەتەنها بە گەورەکانیان دەدا و منالّیان لێ بێبەش دەکرد ، جا کاتێك کە ئیسلام هات هەموو خاوەن مافێك مافی خۆی پێدا و ناوی ئەوەشی بە ﴿وَصِيَّةً مِنَ اللهِ﴾ (النساء :١٢) و ﴿فَرِيْضَــةً مِــنَ اللهِ﴾ (النساء :١١) نا لەپاش ئەوەیش هەڕەشەیەکی زۆر توندی لەوانە کردوە کەوا پێچەوانەی شەریعەتی خوا دەکەن لەمیرات بەش کردن دا وەك لەسورەتی (النساء :١٣ ، ١٤) دا دەفەرموێ : ﴿تِلْكَ حُدُودُ اللهِ ، وَمَنْ يُطِعِ اللهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِيْنَ فِيْهَا وَذَٰلِكَ الفَوْزُ العَظِيْمِ ، وَمَنْ يَعْصِ اللهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَاراً خَالِداً فِيْهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُـهِينٌ﴾ واتە : ئەمە سنووری خوایە ، وە هەر کەسێکیش گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بێت ، ئەوە دەیخاتە بەهەشتانێکەوە کەوا جۆرەها ڕووبار بەژێریدا تێپەڕ دەبێت ، وە بەهەمیشەیی تێیدا دەمێنێتەوە ، وە ئەمەیش سەرکەوتن و بردنەوەی گەورەیە ، وە ئەوەیشی کەوا بێ گوێی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەرەکەی بکات ؛ وە لە سنووری ئەو لادات ئەوە دەیخاتە ئاگری دۆزەخەوە بەهەمیشەیی تێیدا دەمێنێتەوە ، وە سزایەکی زۆر ریسواکەری بۆ هەیە .

(٦٠٠) خوای گەورە لە سورەتی (النساء :١١) دا دەفەرموێ : ﴿يُوصِيْكُم اللهُ فِــي أَوْلَادِكُم لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنْثَيَيْنِ فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ إِثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَــاتَرَكَ وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَـدٌ فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُثُ فَإِنْ كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ السُّدُسُ مِنْ بَعْـدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ ، آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ لَاتَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ نَفْعاً فَرِيْضَةً مِنَ اللهِ إِنَّ اللهَ كَانَ عَلِيْماً حَكِيْمَــاً﴾ واتە : خوای گەورە لەبارەی ڕۆڵەکانتانەوە پێتان ڕادەگەیەنێت کە بۆ کوڕ بە ئەندازەی دوو کچ میراتی بەر دەکەوێت ، جا ئەگەر ڕۆڵەکانتان تەنها ئافرەت بوون لە دوان بەسەرەوە ، ئەوە دوو لەسەر سێ ($\frac{2}{3}$) یان بەر دەکەوێت ، وە ئەگەر یەکێکیش بێت ئەوە نیوە ($\frac{1}{2}$)ی بەر دەکەوێت ، وە بۆ باوك و


منتدى إقرأ الثقافي

دایکی — مردووەکە — هەریەکەیان شەش یەك (١/٦)ی بەر دەکەوێت لەوەی بەجێی دەهێڵێت ئەگەر ڕۆڵەی هەبوو ، جا ئەگەر ڕۆڵەی نەبوو و بەتەنها باوك و دایك میرات بەر بن ، ئەوە دایك سێیەك (١/٣)ی بەر دەکەوێت ، وە ئەگەر مردوەکە برای هەبوو ئەوە دایکی شەش یەك (١/٦)ی بەر دەکەوێت ، ئەمە پاش بەجێ هێنانی وەسیەتەکانی کە وەسیەتی پێ دەکات وە دانەوەی قەرزارێکانی ئێوە نازانن باوك و دایك و ڕۆڵەکانتان کامیان بۆ ئێوە بەسوودترە ، ئەمە ئەندازەیە لەلایەن خوای گەورە خۆیەوە دیاری کراوە ، بەڕاستی خوای گەورە زانایەوە و دانایە .

وە لەسورەتی (النساء :١٢) دا خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُنَّ وَلَدٌ فَإِنْ كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ ، وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَكُمْ وَلَدٌ فَإِنْ كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُمْ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ ، وَإِنْ كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوِ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ فَإِنْ كَانُوا أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ فَهُمْ شُرَكَاءُ فِي الثُّلُثِ مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَى بِهَا أَوْ دَيْنٍ غَيْرَ مُضَارٍّ وَصِيَّةً مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ﴾ واتە : وە نیوە (١/٢)ی میراتی ژنەکانتان بەر دەکەوێت ئەگەر ڕۆڵەیان نەبێت ، وە ئەگەر ڕۆڵەیان هەبێت ئەوە چوارێەك (١/٤)ی میراتیەکانیانتان بەر دەکەوێت ، پاش بەجی هێنانی وەسیەتەکانیان کە وەسیەتی پێ دەکەن وە دانەوەی قەرزارێکانیان ، وە ئەوانیش — ژنەکانتان — چواریەك (١/٤)ی میراتیەکانی ئێوەیان بەر دەکەوێت ئەگەر ڕۆڵەتان نەبێت ، جا ئەگەر ڕۆڵەتان هەبێت ئەوە هەروەها هەشت یەك (١/٨) یان بەر دەکەوێت ، پاش بەجێ هێنانی وەسیەتەکانتان کە دەیکەن وە دانەوەی قەرزارێکانتان ، وە ئەگەر پیاوێك یان ژنێك مردن و باوك و دایك و ڕۆڵەیان نەبوو و میراتیەکەی بۆ برایەکی دایکی یان خوشکێکی دایکی مایەوە ، ئەوە هەریەکە شەش یەك (١/٦) ی بەر دەکەوێت ، وە ئەگەر لەوە زۆرتر بوو — دوو برا وخوشك یان زیاتر ـ ئەوە لە سێ یەك (١/٣) دا شەریکن ـ بەبێ جیاوازی لەنێوان خوشك وبرادا ـ ئەمەپاش بەجێ هێنانی وەسیەتێك کە وەسیەتی پێ کردوە وە دانەوەی قەرزارێکانی ، بەو مەرجەی بۆ زیان لێ دان نەبێت ئەمە وەسیەتێکە لەلایەن خواوە بۆ ئێوە ، وە خوای گەورەیش زانایە و بەئارامە وە لە


منتدى إقرأ الثقافي

وە سورەتەكانی تری قورئان دا [٦٠١] زۆر لەمەسەلەكانی دابەش كردنی میراتمان بۆ ڕوون دەكاتەوە [٦٠٢]

---

سورەتی (النساء :١٧٦)دا دەفەرموێ : ﴿يَسْتَفْتُونَكَ فِي الْكَلَالَةِ إِنِ امْرُؤٌ هَلَكَ لَيْسَ لَهُ وَلَدٌ وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ وَهُوَ يَرِثُهَا إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهَا وَلَدٌ وَإِنْ كَانَتَا اثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا الثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ وَإِنْ كَانُوا إِخْوَةً رِجَالاً وَنِسَاءً فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ أَنْ تَضِلُّوا وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ واتە : پرسیار لەتۆ دەكەن — ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) — لەبارەی (الكَلالَة) وە ، ئەگەر پیاوێك مرد و ڕۆڵەی نەبێت وە — تەنها — خوشكێكی هەبێت ئەوە نیوەی میراتیەكەی بەر دەكەوێت وە ئەویش — پیاوەكە — هەموو میراتیەكەی ئەوی — خوشكەكەی ئەگەر مرد — بەر دەكەوێت ئەگەر ڕۆڵەی نەبوو ، جا ئەگەر خوشكەكان دوان بوون دوو لەسەرسێ (٢/٣)یان بەر دەكەوێت لە میراتیەكەی . وە ئەگەر چەند براو خوشكێك بوون ئەوە بۆ براكان دوو ئەوەندەی خوشكەكانیان بەر دەكەوێت ، خوای گەورە شەرعی خۆی بۆ ئێوە ڕوون دەكاتەوە تاوەكو گومڕا نەبن ، وە خوای گەورە زانایە بەهەموو شتێك .

(٦٠١) وەك لە سورەتی (الأنفال :٧٥) دا خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿وَأُولُوا الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَىٰ بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ واتە : وە خزم و كەس و كار هەندێكیان شیاو ترن بەرانبەر بە هەندێكی تریان لە شەریعەتی خوادا وە خوای گەورە بە هەموو شتێك زانایە . وە لەسورەتی (النساء :٧) دا خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيبًا مَفْرُوضًا﴾ واتە : بۆ پیاوان بەشێك هەیە لەو میراتیەی كە باوك و دایك و خزمان بەجێی دەهێڵن وە بۆ ئافرەتانیش بەشێك هەیە لەوەی باوك و دایك و خزمان بەجێی دەهێڵن ، ئیتر كەم بێت یان زۆر ، ئەمە بەشێكی پێویست كراوە لەلایەن خوای گەورەوە .

وە هەروەها ئایەتی تریش زۆرە كەوا بە (مُجمَل)ی باسی میرات دەكات بەڵام بە (مُفصَّل)ی لەوسێ ئایەتەی پێشوودا كەلە (پ٦٠٠)دا باسمان كرد ڕوون كراوەتەوە .

(٦٠٢) جا ئەو سوودانەی لە ئایەتەكانی میراتەوە وەری دەگرین ئەمانەن :



منتدى إقرأ الثقافي

یەکەم : حوکمی ڕۆڵە (کوڕ و کچ) :

١- ئەگەر مردووەکە یەك کوڕ و یەك کچی لەدوا بەجێ ما ، ئەوە میراتەکە لەنێوانی هەردوکیان دا بەش دەکرێت بۆ کوڕەکە دووبەش و بۆ کچەکەیش بەشێك .

٢- ئەگەر چەند کوڕ و چەند کچێك بوون ، ئەوە میراتیەکە بەش دەکەن بۆ کوڕ دوو ئەوەندەی کچ .

٣- ئەگەر لەگەڵ ڕۆڵەکان دا خاوەن بەشی دیاری کراو هەبوو وەك ژن و پیاو و دایك و باوك ، ئەوە لەپێش دا بەشی خاوەن بەشە دیاری کراوەکان دەدرێت ، پاشان ئەوەی مایەوە دابەش دەکرێت لەنێوان ڕۆڵەکانی دا بۆ هەر کوڕێك دوو ئەوەندەی کچێك .

٤- ئەگەر مردووەکە تەنها کوڕی هەبوو ، ئەوە هەموو ماڵەکە دەبات ، ئەمەش لە کۆی ئەم دوو ئایەتەوە وەردەگیرێت ئایەتی : ﴿لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنْثَيَيْنِ﴾ وە ئایەتی : ﴿إِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ﴾ کەوا ئەگەر تەنها یەك کچی بوو ئەوە نیوەی ماڵەکە دەبات ، وە پیاو یش دوو ئەوەندەی ئافرەت دەبات ، کەوا بوو ئەگەر تەنها کوڕێك بوو ئەوە هەموو ماڵەکە دەبات .

٥- ڕۆڵەی کوڕی مردووەکە لەجێگەی ڕۆڵەی خۆیدا دادەنرێت ، چونکە ووشەی (أولادكم) ڕۆڵەی کوڕی کوڕیش دەگرێتەوە ، ئەگەر دایشبەزێت ، ئەمە بە (إجْمَاع) ی زانایان .

دووەم : حوکمی دایك و باوك :

١- باوك و دایك هەریەکە شەش یەك ($\frac{1}{6}$) یان بەر دەکەوێت ئەگەر مردوەکە ڕۆڵەی هەبێت .

٢- ئەگەر مردوەکە ڕۆڵەی نەبوو ، ئەوە دایك سێ یەك ($\frac{1}{3}$) دەبات ، وە پاش ماوەیشی کە دوو لەسەر سێ یە ($\frac{2}{3}$) بۆ باوکەکە دەمێنێتەوە .

٣- ئەگەر مردوەکە دوو برای هەبوو یان زیاتر ، ئەوە دایکەکە شەش یەك ($\frac{1}{6}$)ی بەر دەکەوێت پاش ماوەکەیشی کە پێنج لەسەر شەش ($\frac{5}{6}$)ە هەموو بۆ باوك



منتدى إقرأ الثقافي

دەمێنێتەوە ، وە براو خوشکەکانیش هیچ بەشێکیان ناکەوێت ، چونکە باوك ئەوان بێبەش (حَجْب) دەکات .

سێیەم : حوکمی مێرد :

١- ئەگەر ژنەکە مردو هیچ ڕۆڵەی نەبوو ، ئەوە بەشی مێردەکەی نیوەیە ($\frac{1}{2}$) .

٢- ئەگەر ژنەکە مرد و ڕۆڵەی هەبوو ، ئەوە بەشی مێردەکەی چوار یەکە ($\frac{1}{4}$) .

چوارەم : حوکمی ژن یان چەند ژنێك :

١- ئەگەر مێردەکە مرد و ڕۆڵەی نەبوو ، ئەوە بەشی ژنەکەی یان چەند ژنەکەی چواریەکە ($\frac{1}{4}$) .

٢- ئەگەر مێردەکە مردو ڕۆڵەی هەبوو ، ئەوە بەشی ژنەکە یا چەند ژنەکەی هەشت یەکە ($\frac{1}{8}$) .

پێنجەم : حوکمی براو خوشکی دایکی :

١- ئەگەر کەسێك مرد و تەنها یەك برای دایکی هەبوو میراتی بەر بکەوێت یان تەنها یەك خوشکی دایکی هەبوو ، ئەوە بەشی هەر یەکەیان شەش یەکە ($\frac{1}{6}$) .

٢- ئەگەر کەسێك مردو تەنها دوو براو خوشکی دایکی یان زیاتری هەبوو ، ئەوە هەموویان بەش دارن لەسێ یەك ($\frac{1}{3}$)دا هەموو یان وەك یەك دەبەن بەبێ جیاوازی نێر و مێ .

شەشەم : حوکمی براو خوشکی دایك و باوکی یان باوکی :

١- ئەگەر کەسێك تەنها یەك خوشکی دایك و باوکی یان باوکی بوو ، ئەوە نیوەی ماڵەکەی ($\frac{1}{2}$) بەر دەکەوێت .

٢- ئەگەر کەسێك مردو تەنها دوو خو شکی دایك و باوکی یا باوکی هەبوو ، ئەوە دوو لەسەر سێ ($\frac{2}{3}$) یان بەردەکەوێت.

٣- ئەگەر کەسێك مرد و تەنها چەند براو خوشکێکی دایك و باوکی یان باوکی هەبوو ، ئەوە میراتیەکەی بەش دەکەن لەنێوان خۆیان دا بۆ کوڕ دوو ئەوەندەی کچ .



منتدى إقرأ الثقافي

# ئەو هۆیانە کە دەبنە هۆی میرات وەرگرتن وە ئەوانەیشی کە دەبنە هۆی میرات وەرنە گرتن

## ( أَسْبَابُ الإِرْثِ وَ مَوَانِعُ الإِرْثِ )

ئەوانەی کە دەبنە هۆی میرات وە رگرتن سیانن : خزمایەتی ،(٦٠٣) و دۆستایەتی و پاڵپشتێتی کۆیلەی ئازاد کراو ،(٦٠٤) و ژن و مێردایەتی (٦٠٥) وە ئەوانەیشی کە دەبنە هۆی میرات وەرنە گرتن هەرسیانن : کوشتن (٦٠٦)

---

٤- ئەگەر کەسێك مردو تەنها یەك برای دایك و باوکی یان باوکی هەبوو ، ئەوە هەموو میراتیەکەی بەر دەکەوێت ، وە ئەگەر چەند برایەکیش بن ئەوە بەشی دەکەن .

(٦٠٣) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (الأنفال :٧٥) دا بڕوانە (پ٦٠١)

(٦٠٤) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((الوَلَاءُ لُحْمَةٌ كَلُحْمَةِ النَّسَبِ لَايُبَاعُ وَلَايُوهَبُ)) واتە : دۆستایەتی و پاڵپشتێتی کۆیلەی ئازاد کراو نزیك بونەوە و خزمایەتیەکە وەکو خزمایەتی پشت ، نە دەفرۆشرێت و نە دەبەخشێنرێت [رواه الحاكم (٣٤١/٤) والبيهقي (٢٩٢/١٠) وهو صحيح بروانه صحيح الجامع (٧١٥٧)] .

(٦٠٥) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (النساء :١٢) دا کە دەفەرموێ : ﴿وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ﴾ . بڕوانە (پ٦٠٠)

(٦٠٦) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((القَاتِلُ لَايَرِثُ)) واتە : بکوژ میرات وەرناگرێت لەوەی کوشتویەتی [رواه الترمذي (٤٢٥/٤/٢١٠٩) وابن ماجه (٨٨٣/٢/٢٦٤٥) وهو صحيح بروانه الارواء (١٦٧٢) وصحيح الجامع (٤٤٣٦)] .

منتدى إقرأ الثقافي

و جیاوازی ئایین (٦٠٧) و کۆیلایەتی . (٦٠٨)

# ئەوانەی کە میراتیان بەردەکەوێت لە پیاوان و ئافرەتان ( الوَارِثُونَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ )

ئەوانەی میراتیان بەر دەکەوێت لە پیاوان دە(١٠)ن : کوڕ و کوڕی کوڕیش با دایشبەزێت (٦٠٩) وە باوك و باوکی باوکیش ئەگەر بەرزیش ببێتەوە (٦١٠) وە براو برازا ئەگەر چەند دووریش ببێتەوە (٦١١)

---

(٦٠٧) لەبەر فەرموودەکەی (أُسَامَةُ بنُ زَيْد) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لَايَرِثُ المُسْلِمُ الكَافِرَ وَلَا الكَافِرُ المُسْلِمَ)) واتە : موسوڵمان میراتی کافر وەرناگرێت وە کافریش میراتی موسوڵمان وەرناگرێت [رواه البخاری (١٢/رقم/٦٧٦٤) ومسلم (٣/١٢٣٣/١٦١٤) وأصحاب السنن إلا الترمذي)] .

(٦٠٨) چونکە کۆیلە و ئەویش هەیەتی هەر موڵکی خاوەن (سَيِّد)ەکەیەتی ، جا ئەگەر هەر میراتییەك لە خزمێکییەوە وەربگرێت ئەوە بۆ خاوەنەکەیەتی نەك بۆ خۆی .

(٦٠٩) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە : ﴿يُوصِيكُمُ اللهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنْثَيَيْنِ﴾ . (النساء :١١) بروانە (پ٦٠٠)

(٦١٠) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە ﴿وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ﴾ . (النساء :١١) ، بروانە (پ٦٠٠) .

وە لەبەر فەرموودەکەی (البَرَاء) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((أَنَا النَّبِيُّ لَاكَذِبْ أَنَا إِبْنُ عَبْدِالمُطَّلِبْ)) واتە : من پێغەمبەرم نەك درۆ من کوڕی (عَبْدُالمُطَّلِبْ)م [رواه البخاری (٨/رقم/٤٣١٥) ومسلم (٣/١٤٠٠/١٧٧٦) وغيرهما] .

(٦١١) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە : ﴿وَهُوَ يَرِثُهَا إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهَا وَلَدٌ﴾ (النساء :١٧٦) بروانە (پ٦٠٠) .



منتدى إقرأ الثقافي

ڕە مامە و ئامۆزا ئەگەر چەند دوریش ببێتەوە [٦١٢] وە مێرد [٦١٣] وە دۆست و پاڵپشت (کۆیلە)ی ئازاد کراو [٦١٤] وە ئەوانەیش کەلە ئافرەتان بەریان دەکەوێت حەوت (٧)ن : کچ و کچی کوڕ با دایشبەزێت [٦١٥] وە دایك و داپیرە با چەند بەرزیش ببێتەوە [٦١٦] وە خوشك [٦١٧] وە ژن [٦١٨] وە دۆست و پاڵپشت (کەنیزە)ی ئازاد کراو [٦١٩] ،

---

(٦١٢) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لیٚ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((اَلْحِقُوا الفَرَائِضَ بِأَهْلِهَا فَمَا بَقِيَ فَهُوَ لِأَوْلِ رَجُلٍ ذَكَر)) واتە : ئەوانەی بەشی دیاری کراویان بۆ هەیە ، بەشەکانیان پێ بدەن ، جا هەرچیمایەوە ئەوە بۆ یەکەم پیاوی نێرە [رواه البخاری (١٢/رقم/٦٧٤٦) و مسلم (٣/١٢٣٣/١٦٠٥) وغيرهما].

(٦١٣) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (النساء :١٢) دا کە دەفەرمویٚ : ﴿وَلَكُمْ نِصْفُ مَاتَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ﴾ . بڕوانە (پ٦٠٠)

(٦١٤) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لیٚ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٦٠٤) وە فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((الوَلَاءُ لِمَنْ أَعْتَقَ)) واتە : دۆستایەتی و پاڵپشتێتی کۆیلەی ئازاد کراو بۆئەو کەسەیە کە ئازادی کردووە [رواه البخاری (١/رقم/٤٥٦) ومسلم (٢/١١٤١/١٥٠٤) وغيرهما] .

(٦١٥) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە : ﴿يُوصِيكُمُ اللهُ فِي أَوْلَادِكُمْ ...﴾ . (النساء :١١) بڕوانە (پ٦٠٠)

(٦١٦) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە : ﴿وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ﴾ . (النساء :١١) بڕوانە (پ٦٠٠) .

(٦١٧) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە : ﴿إِنِ امْرُؤٌ هَلَكَ لَيْسَ لَهُ وَلَدٌ وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَاتَرَكَ﴾ . (النساء :١٧٦) بڕوانە (پ٦٠٠) .

(٦١٨) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە : ﴿وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ﴾ (النساء :١٢) بڕوانە (پ٦٠٠) .

(٦١٩) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) بڕوانە (پ٦٠٤) وە فەرموودەکەی (عَائِشَة) بڕوانە (پ٦١٤) وە فەرموودەکەی (بِنْتُ حَمْزَة) (خوایان لیٚ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی :

منتدى إقرأ الثقافي

جا ئەمانە هەموویان یان بەش بۆ دیاری کراوو (ذُو فَرْض) ن ، وەیان بەهۆی ئەوەوە کە پشت (عَصَبَە)ن بەریان دەکەوێت ، وەیان بەهۆی خزمایەتی (ذُو رَحْم)ەوە بەریان دەکەوێت .

## بەشە دیاری کراوەکان

## ( الفُرُوض المُقَدَّرَة )

ئەو بەشانەی کەلە قورئان دا دیاری کراوە، شەش بەشە : نیوە (١/٢)و چواریەك (١/٤) و هەشت یەك (١/٨) وسێ یەك (١/٣) و شەش یەك (١/٦) و دوو لەسەر سێ (٢/٣) ،[٦٢٠] جا نیوە (١/٢) ، بەشی مێردە لە ژنەکەی ئەگەر ژنەکەی رۆڵە (کچ و کوڕ)ی نەبێت ،[٦٢١] وە بەشی کچیشە ئەگەر خۆی بەتەنها بێت ،[٦٢٢] وە بەشی کچی کوڕیشە ئەگەر تەنها بێت ،[٦٢٣]

---

(مَوْلَى) کەم مرد و کچێکی لێ بەجێما ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ماڵەکەی لەنێوان من و کچەکەیدا دابەش کرد ، نیوەی داوە من و نیوەیشی بۆ ئەو)) [رواه ابن ماجه (٢/٩١٣/٢٧٣٤) و الحاكم (٤/٦٦) وهو حديث حسن بڕوانە صحيح ابن ماجه (٢٢١٠)] .

(٦٢٠) لەبەر ئایەتەکانی سورەتی (النساء :١١ ، ١٢ ، ١٧٦) بڕوانە (پ٦٠٠) .

(٦٢١) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە : ﴿وَلَكُمْ نِصْفُ مَاتَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُنَّ وَلَدٌ﴾ . (النساء:١٢) بڕوانە (پ٦٠٠) .

(٦٢٢) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە : ﴿وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ﴾ . (النساء :١١) بڕوانە (پ٦٠٠) .

(٦٢٣) چونکە کچی کوڕ لە جێ ی کچە بە یەکدەنگی (إجْمَاع)ی زانایانی ئیسلام . (إِبْنُ المُنْذِر) دەفەرموێ : (زانایان (إجْمَاع) یان کردووە کەوا کوڕی کوڕ و کچی کوڕیش لەجێی کوڕ و کچن نێرینە لەجێی نێرینە و مێینەیش لەجێی مێینە ئەگەر مردووەکە خۆی رۆڵەی نەمابوو [بڕوانە الاجماع لابن المنذر (٧٩)] .



منتدى إقرأ الثقافي

وە بەشی خوشکی دایك و باوكی و خوشكی باوكیشە ئەگەر ڕۆڵەو باوك و دایكیشی نەبێت [٦٢٤] وە چوار یەك (١/٤) بەشی مێردە لە ژنەكەی ئەگەر ژنەكەی ڕۆڵەی هەبێت [٦٢٥] وە بەشی ژنە لە مێردەكەی ئەگەر مێردەكەی ڕۆڵەی نەبێت [٦٢٦] وە هەشت یەك (١/٨) بەشی ژنە لەمێردەكەی ئەگەر مێردەكەی ڕۆڵەی هەبێت [٦٢٧] وە سێ یەك (١/٣) بەشی دایكە لە كوڕەكەی ئەگەر كوڕەكەی ڕۆڵە و برایشی نەبێت [٦٢٨] وە بەشی براو خوشكی دایكی‌یە لە براكەیان ئەگەر دوان یان زیاتر بوون بەو مەرجە براكەیان ڕۆڵە و باوك و دایك نەبێت هەروەها براو خوشكی دایكی و باوكی یان باوكیشی نەبێت [٦٢٩] وە شەش یەك (١/٦) بەشی دایكە ئەگەر كوڕەكەی ڕۆڵە یان برای هەبێت [٦٣٠] وە بەشی داپیرەیشە

---

(٦٢٤) لەبەر فەرموودەكەی خوای گەورە : ﴿وَإِنِ امْرُؤٌ هَلَكَ لَيْسَ لَهُ وَلَدٌ وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ﴾ . (النساء :١٧٦) بڕوانە (پ٦٠٠)

(٦٢٥) لەبەر فەرموودەكەی خوای گەورە : ﴿فَإِنْ كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ﴾ . (النساء :١٢) بڕوانە (پ٦٠٠)

(٦٢٦) لەبەر فەرموودەكەی خوای گەورە : ﴿وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَكُمْ وَلَدٌ﴾ . (النساء :١٢) بڕوانە (پ٦٠٠)

(٦٢٧) لەبەر فەرموودەكەی خوای گەورە : ﴿فَإِنْ كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُمْ﴾ . (النساء :١٢) بڕوانە (پ٦٠٠)

(٦٢٨) لەبەر فەرموودەكەی خوای گەورە : ﴿فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُثُ فَإِنْ كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ السُّدُسُ﴾ . (النساء :١١) بڕوانە (پ٦٠٠)

(٦٢٩) لەبەر فەرموودەكەی خوای گەورە : ﴿وَإِنْ كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوِ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ ، فَإِنْ كَانُوا أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ فَهُمْ شُرَكَاءُ فِي الثُّلُثِ﴾ . (النساء :١٢) بڕوانە (پ٦٠٠)

(٦٣٠) لەبەر فەرموودەكەی خوای گەورە : ﴿وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَدٌ فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُثُ فَإِنْ كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ السُّدُسُ﴾ . (النساء :١١) بڕوانە (پ٦٠٠)



منتدى إقرأ الثقافي

ئەگەر دایك نەبوو [(٦٣١)] وە بەشی برای دایکییە یان خوشکی دایکییە ئەگەر تەنها بوو و براکەشی ڕۆڵە و باوك و دایکی نەبوو هەروەها برای دایکی و باوکی و یان باوکیشی نەبوو [(٦٣٢)] وە بەشی کچی کوڕە ئەگەر کچی هەبێت [(٦٣٣)] وە بەشی باوکیشە ئەگەر کوڕە مردووەکەی ڕۆڵەی هەبێت [(٦٣٤)] وە بەشی باپیریشە ئەگەر کوڕەزا مردووەکەی ڕۆڵەی هەبێت و باوکیشی نەمابێت ، [(٦٣٥)] وە دوو لەسەر سێ ($\frac{2}{3}$) بەشی دوو کچە ئەگەر

---

(٦٣١) (إِبْنُ المُنْذِر) دەفەرموێ : ((زانایان (إِجْمَاع) یان کردووە لەسەر ئەوەی کەوا داپیرە شەش یەك ($\frac{1}{6}$) ی بەر دەکەوێت ئەگەر مردووەکە دایکی نەبوو)) [بڕوانە الاجماع لابن المنذر (٨٤)]

(٦٣٢) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە : ﴿وَإِنْ كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوِ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ﴾ . (النساء :١٢) بڕوانە (پ٦٠٠)

(٦٣٣) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو قَيْس) کەوا فەرمووی : بیستم (هُزَيْل بنُ شُرَحْبِيل) فەرمووی : پرسیار کرا لە (أَبُو مُوسَىٰ) لە بارەی کچێك و کچێکی کوڕ و خوشکێکەوە ، ئەویش فەرمووی : کچەکە نیوە ($\frac{1}{2}$) وەردەگرێت و خوشکەکەیش نیوە ($\frac{1}{2}$) ، بڕۆ ... (إِبْنُ مَسْعُود) ئێستا وەك من دەڵێ ، جا پرسیار لە (إِبْنُ مَسْعُود) کرا و قسەکەی (أَبُو مُوسَىٰ) یشیان پێ ووت ، ئەویش فەرمووی : ئەوە گومڕا دەبم و لە هیدایەت دراوەکان نابم ، من لەمەدا بڕیاری ئەوە دەدەم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڕیاری پێ دا : کچەکە نیوە ($\frac{1}{2}$)ی بەردەکەوێت وە بۆکچی کوڕەکە شەش یەك ($\frac{1}{6}$)ی بۆ هەیە ، تەواوی ($\frac{2}{3}$) وە ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ خوشکەکە ، جا هاتینەوە بۆلای (أَبُو مُوسَىٰ) ، وقسەکەی (إِبْنُ مَسْعُود) مان پێ ڕاگەیاند جا ئەویش فەرمووی : پرسیار لەمن مەکەن تا ئەم بلیمەتەتان تێدایە [رواه البخاری (١٢/رقم/٦٧٣٦) وغیرهما] .

(٦٣٤) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە : ﴿وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَدٌ﴾ . (النساء :١١) بڕوانە (پ٦٠٠)

(٦٣٥) (إِبْنُ المُنْذِر) دەفەرموێ : ((وە زانایان (إِجْمَاع) یان کردوە لەسەر ئەوەی باپیرە حوکمی باوکی هەیە [بڕوانە الاجماع (٨٤)] بێگومان کاتێك حوکمی باوکی هەیە ئەگەر باوك نەمابوو .



منتدى إقرأ الثقافي

تەنها بن وە دوو کچی کوڕیش ئەگەر تەنها بن [٦٣٦] وە بەشی دووخوشکی دایکی و باوکی‌یە یان خوشکی باوکی ئەگەر براکەیان دایك و باوك و ڕۆڵە و برایش نەبێت . [٦٣٧]

## بێبەش کردن و بەش کەم کردنەوە

## ( حَجْبُ الحِرْمَانِ ، وَحَجْبُ النُّقْصَانِ ) [٦٣٨]

ئەوانەی کە بەشەکانیان کەم دەبێتەوە : مێردە ئەگەر ژنەکەی ڕۆڵەی هەبێت [٦٣٩] وە ژنە ئەگەر مێردەکەی ڕۆڵەی هەبێت [٦٤٠] وە دایکە ئەگەر کوڕەکەی ڕۆڵە یان برای هەبێت [٦٤١] وە کچی کوڕە ئەگەر مردوەکە کچی

---

(٦٣٦) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە : ﴿فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ﴾ . (النساء :١١) بڕوانە (پ٦٠٠)

(٦٣٧) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە : ﴿فَإِنْ كَانَتَا اثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا الثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ﴾ . (النساء :١٧٦) بڕوانە (پ٦٠٠)

(٦٣٨) (حَجْبُ نُقْصَان) : ئەوەیە کەوا بەشە میراتی یەکێك لە میرات بەرەکان کەم ببێتەوە بەهۆی بوونی کەسێکی ترەوە . وە (حَجْبُ حِرْمَان) ئەوەیە کەوا یەکێك لە میرات بەرە کان بێبەش ببێت بەهۆی بوونی کەسێکی ترەوە .

(٦٣٩) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە : ﴿وَلَكُمْ نِصْفُ مَاتَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ ، إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُنَّ وَلَدٌ فَإِنْ كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ﴾ . (النساء :١٢) بڕوانە (پ٦٠٠)

(٦٤٠) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە : ﴿وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَكُمْ وَلَدٌ فَإِنْ كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُمْ﴾ . (النساء :١٢) بڕوانە (پ٦٠٠)

(٦٤١) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە ، بڕوانە (پ٦٣٠)

منتدى إقرأ الثقافي

هەبوو (٦٤٢) وە بێبەش بوون لەمیرات تەنها بەسەر شەش کەسدا نایەت ، باوك و دایك و کوڕ و کچ و ژن و مێرد . (٦٤٣)

# چۆن دەست بە دابەش کردنی میرات دەکرێت

## ( كَيْفِيَّةُ البَدْأِ بِالتَّقْسِيْمِ )

پێویستە لە پێش دا لە خاوەن بەشەکانەوە دەست پێ بکرێت (٦٤٤) پاشان هەر چی مایەوە بۆ پشتەکان (العَصَبَه) (٦٤٥)

---

(٦٤٢) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو قَيْس)، بڕوانە (پ٦٣٢)

(٦٤٣) **بێبەش بوون لە میرات لەسەر دوو بنچینە (أَصْل) ڕاوەستاوە :**

یەکەمیان : ئەگەر کەسێك خزمایەتیەکەی بەهۆی کەسێکی ترەوە بگاتە مردووەکە ، ئەوە بێبەش دەبێت ، ئەگەر ئەو کەسە خۆی هەبێت — بۆ نموونە کوڕی کوڕ بێ بەش دەبێت ئەگەر کوڕەکە خۆی هەبێت — جگەلە کوڕی دایك ، ئەوە ئەگەر دایکیش هەبێت اتیان بەر دەکەوێت .

دووەم : خزمی نزیك پێش دەخرێتە سەر ئەوانەدا کە دوور ترن — بۆ نموونە برا مامە بێ بەش دەکات — جا ئەگەر لەنزیکی دا وەکو یەك بن ئەوە کامیان زیاتر خزمایەتیەکەی پتەو ترە ئەوە پێش دەخرێت — بۆ نموونە برای دایکی و باوکی برای باوکی بێبەش دەکات — .

(٦٤٤) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٦١٢)

(٦٤٥) (العَصَبَة) کۆی (عَاصِب)ە وەکو (طَالِب وطَلَبَة) : کە نەوەی پیاوو خزمانی پشتی دەگرێتەوە ، لێرە لە بەشی (فَرَائِض)دا مەبەست بە (عَصَبَة) ئەوانەن کە پاش ماوەیان پێ دەدرێت دوای ئەوەی خاوەن بەشەکان بەشی خۆیان دەبەن ، جا ئەگەر خاوەن فەرزەکان هەموو میراتیەکەیان برد وهیچیان لەپاش بەجێ نەما ئەوە بێبەش دەبن ، جگەلە کوڕ نەبێت کەوا هەر گیز بێبەش نابێت ، وە ئەگەر خاوەن بەشەکان

منتدى إقرأ الثقافي

## جا ئەگەر خاوەن بەش و پشت نەبوو ئەوە دەدرێتەوە خزمەکانی تری بەپێی نزیکی (٦٤٦)

میچیان نەبوون ئەوە میراتیەکە هەمووی بۆ ئەوانە . لەبەر فەرموودەکەی (ابن عباس) بڕوانە (پ٦١٢) . وە خوای گەورەیش دەفەرموێ : ﴿وَهُوَ يَرِثُهَا إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهَا وَلَدٌ﴾ . (النساء :١٧٦) بڕوانە (پ٦٠٠) .

**وە (العَصَبَه)یش دوو بەشە :**

<u>یەکەم</u> : (عَصَبَةٌ نَسَبِيَّةٌ) ئەوەیە کە بەهۆی خزمایەتیەوە ببیتە پشت ، جا ئەمەیش سێ جۆرە :

١- خۆی (عَصَبَه) یە ، ئەویش هەموو ئەو پیاوانەی بەر دەکەوێت کە میراتیان بەر دەکەوێت جگەلە مێرد و برای دایکی .

٢- (عَصَبَه)یە بەهۆی کەسێکی ترەوە : ئەویش کچ و کچی کوڕ و خوشکی دایکی و باوکی و خوشکی باوکی بەر دەکەوێت ، هەریەکە لەمانە بەهۆی براکەیەوە (عَصَبَه)یە ، نیوەی ئەوی بەردەکەوێت

٣- (عَصَبَه)یە لەگەڵ کەسێکی تردا ئەویش خوشکە لەگەڵ کچ دا .

<u>دووەم</u> : (العَصَبَةُ السَّبَبِيَّة) : ئەوەیە کە بەهۆی شتێکەوە دەبێتە پشت ، ئەویش ئازاد کردنە ، لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) بڕوانە (پ٦١٤) وە فەرموودەکەی (بِنْتُ حَمْزَة) بڕوانە (پ٦١٩) . وەئەم جۆرە پشتە (عَصَبَة)یە میراتی بەرناکەوێت تەنها ئەو کاتە نەبێت کە پشت (عَصَبَة)ی (نَسَبِي) نەبێت .

(٦٤٦) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (الأنفال :٧٥) دا کە دەفەرموێ : ﴿وَأُوْلُوا الأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَىٰ بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ﴾ بڕوانە (پ٦٠١) وە لەبەر فەرموودەکەی (أبو أُمَامَة بنُ سَهْلِ بن حَنِيف) کەوا فەرمووی : (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) بۆ (أبو عُبَيْدَة)ی نووسی کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((اللهُ وَرَسُولُهُ مَوْلَىٰ مَنْ لاَ مَوْلَىٰ لَهُ وَالخَالُ وَارِثُ مَنْ لاَ وَارِثَ لَهُ)) واتە : خواو پێغەمبەرەکەی دۆست و پاڵپشتی ئەو کەسەن کە دۆست و پاڵپشتی نیە ، وە خاڵۆ یش میرات بەری ئەو کەسەیەکە میرات بەری نییە [رواه الترمذي (٢١٠٣/٤٢١/٤) وابن ماجه (٢٧٣٧/٩١٤/٢) وغيرهما وهو حديث صحيح بروانه الارواء (١٧٠٠) وصحيح إبن ماجه (٢٢١٢)] .


منتدى إقرأ الثقافي

**وە خوشك لەگەڵ كچ دا پشتە (عَصَبَـة) (٦٤٧) وە براو خوشك هیچیان بەرناكەوێت لەگەڵ كوڕدا یان كوڕی كوڕدا یان باوك دا (٦٤٨) بەڵام لەگەڵ باپیردا بەریان دەكەوێت (٦٤٩) هەروەها لەگەڵ كچیش دا بەریان دەكەوێت جگە لەبرای دایكی (٦٥٠)**

---

(٦٤٧) لەبەر فەرموودەكەی (أَبُو قَيْس) بڕوانە (پ٦٣٣) .

(٦٤٨) هیچ جیاوازییەك لەمەدا نییە لەنێوان زاناۤیان دا .

(٦٤٩) **زاناۤیان لەم مەسەلەیەدا دوو ڕایان هەیە :**

یەكەم : بۆ چوونی (أَبُو بَكْر) و (إِبْنُ عَبَّاس) و (إِبْنُ عُمَر) و كەسانی تریشە وەك (أَبُو حَنِيفَة) ، دەڵێن : كەوا براو خوشك ئیتر باوكی و دایكی بن یان باوكی یان دایكی بێبەش دەبن لە میرات بە بوونی باپیر . چونكە باپیر لە جێگەی باوكە لە هەموو حاڵەتێك دا .

دووەم : بۆ چوونی جەماوەری هاوەڵان و شوێن كەوتوانە ، لە پێشی هەموویانەوە (زيد بن ثابت)ە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) شایەتی لێ هاتوێتی بۆ داوە لە (عِلْمُ الفَرَائِض)دا بەسەر هاوەڵانی تردا ، وە بۆچوونی (عَلِي) و (إِبْنُ مَسْعُود) و (الشَّعْبِي) و (أَهْلُ المَدِيْنَة) و (مَالِك) و (الشَّافِعِي) و (أَحْمَد) و (أَبُو يُوسُف) و (مُحَمَّدُ بنُ حَسَن) یشە كەوا براو خوشكی دایكی و باوكی بن یان باوكی میراتیان بەر دەكەوێت لەگەڵ باپیردا وە باپیر بێ بەشیان ناكات وەك چۆن باوك بێ بەشیان دەكات ، وە بەڵگەیشیان ئەوەیە كەوا باپیر و برا لە نزیكیان دا لەمردوەكەوە لەیەك پلە دان ، چونكە باپیر بەهۆی باوكەوە نزیك دەبێتەوە و برایش هەروەها بەهۆی باوكەوە نزیكە ، باپیر (أَصْل)ی باوكە و برایش (فَرْع)ی باوكە ، كەوا بوو پلەیان یەكسانە ، ئیتر هیچ ڕوو یەكی شەرعی تێدا نییە كەوا یەكێكیان میراتی بەر بكەوێت و ئەوی تریان بەری نەكەوێت ... وە ئەمەشیان بۆ چوونی ڕاست ترو وەبەر ترە (وَاللهُ أَعْلَم) .

(٦٥٠) لەبەر فەرموودەكەی (جَابِرُ بنُ عَبْدِالله) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی : ژنەكەی (سَعْدُ بنُ رَبِيْع) هەردوو كچەكەی كەلە (سَعْد)ن هێنا بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) جا ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمە هەردوو كچەكەی (سَعْدُ بنُ رَبِيْع)ە



منتدى إقرأ الثقافي

وە برای باوکی بێبەش دەبێت لەگەڵ برای دایکی و باوکی دا [(٦٥١)] وە منالی ئافرەتی (لِعَان) کراو [(٦٥٢)] و منالی (زِنَا)یش تەنها لە دایك و خزمانی دایك میرات وەردەگرن وەهەر خزمانی دایکیش میراتی ئەوان دەبەن [(٦٥٣)] وە

---

باوکیان لەگەڵت دا لەڕۆژی (أُحُد) دا شەهید بوو ، وە مامیان هەموو ماڵەکەیانی بردوە و هیچی بۆیان بەجێ نەهێشتوە ، وە کەسیش مارەیان ناکات مەگەر پارەیان هەبێت ، فەرمووی : خوای گەورە خۆی بڕیار لەسەر ئەمە دەدات ، جا ئایەتی میرات دابەزی ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناردنی بەدوای مامیان و فەرمووی : ((إِعْطِ إِبْنَتَيْ سَعْدٍ الثُّلُثَيْنِ وَاعْطِ أُمَّهُمَا الثُّمُنَ وَمَا بَقِيَ فَهُوَ لَكَ)) واتە : دوو لەسەر سێ ($\frac{2}{3}$)ی ماڵەکەی (سَعْد) بدەرە هەردوو کچەکەی ، وە هەشت یەکیش بدەرە دایکیان وە هەر چی مایەوە ئەوە بۆ تۆیە)) [رواه أبوداود (٣/رقم/٢٨٩٢) والترمذي (٤/٤١٤/٢٠٩٢) وابن ماجه (٢/٩٠٨/٢٧٢٠) وهو حديث حسن بروانە صحيح أبي داود (٢٥٧٣ ، ٢٥٧٤) وصحيح ابن ماجه (٢١٩٩)] .

(٦٥١) لەبەر فەرموودەکەی (عَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڕیاری داوە کەوا برای دایك و باوکی میراتی یەکتری دەبەن نەك برای باوکی ، پیاو میراتی برای دایك و باوکی بەر دەکەوێت نەك میراتی برای باوکی)) [رواه الترمذي (٤/٤١٦/٢٠٩٤) و ابن ماجه (٢/٩١٥/٢٧٣٩) و وغيرهما وهو حسن بروانە الارواء (١٦٦٧) وصحيح ابن ماجه (٢٢١٤)]

(٦٥٢) ئەو منالەیە کەوا مێرد لەکاتی (لِعَان) کردن دا (إِنْكَار)ی دەکات کە منالی ئەوبێت . بڕوانە باسی (لِعَان) (پ١٤٢) .

(٦٥٣) لەبەر فەرموودەکەی (سَهْل بنُ سَعْد) لە (حَدِيْثُ المُلاَعنَة) : کەوا کوڕەکەی بە دایکەوە بانگ دەکرا ، پاشان سوننەت وابوە کە ئەو میرات لەدایکی دەبات و دایکیشی میرات لەئەو دەبات ، چەندێك خوای گەورە بەشی بۆ دیاری کردبێت)) [رواه البخاري (٩/رقم/٥٣٠٩) ومسلم (٢/١١٣٠/١٤٩٢)] .

وە (مُحَمَّد صِدِّيْق حَسَن خَان) دەفەرمێ : زانایان (إِجْمَاع) یان کردوە کەوا منالی ئافرەتی (لِعَان) کراو و منالی (زِنَا)یش میراتی لە باوك و خزمانی باوك وەرناگرن ، ومیراتیانیش تەنها بۆ دایك و خزمانی دایکە ، وە میراتی ئەوانیشیان بەردەکەوێت [بروانە الروضة الندية بتحقيق محمد صبحي حلاق (٢/٧٠١)] .


منتدى إقرأ الثقافي

منداڵ تا دەنگی لێوە نەبیسترێت میراتی بەرناکەوێت [٦٥٤] وە ئەگەر خاوەن بەشەکان زۆر بوون ئەوە (عَوْل) دەکرێت . [٦٥٥]

---

(٦٥٤) لەبەر فەرموودەکەی (أبُو هُرَيْرَة) (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی : ((إذَا إسْتَهَلَ المَولُودُ وُرِّثَ)) واتە : ئەگەر منداڵی لەدایك بوو دەنگی لیٚ بەرز بویەوە ئەوە میراتی بەردەکەوێت [رواه ابوداود (٣/رقم/٢٩٢٠) وهو حديث صحيح بشواهده بروانه الارواء (١٧٠٧)] .

(٦٥٥) (العَوْل) لە زمانی عەرەب دا واتە : بەرز بونەوە دەوترێت : (عَالَ المِيْزَان) : ئەگەر بەرز بویەوە . وە بەواتای لار بونەوە بۆلای زوڵم وستەمیش دێت خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿وَذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَلَّا تَعُولُوا﴾ .

وە لەشەرعیش دا ، واتە : زیاتر دابەش کردنی بەشی خاوەن بەشەکان و کەم کردنەوەی ئەندازەی هەریەکەیان لە میراتەکەدا هەرکەس بەپێی بەشی خۆی بۆ ئەوەی هیچ کەسێك لە خاوەن بەشەکان بێبەش نەبن لە میراتەکە .

وە یەکەم جار (عَوْل) کردن لە میرات دا لەکاتی ئیمامی (عُمَر) دا کرا (خوای لیٚ ڕازی بێت) کەوا ئافرەتێك مرد بوو جا میرات بەرەکانی مێردەکەیی و دوو خوشکی بوون ، جا ئیمامی (عُمَر) بەو (صَحَابَة)انەی فەرموو کە لەگەڵیدا بوون : ئەگەر بە مێردەکە دەست پێ بکەم یان بە دوو خوشکەکەی ئەوە ئەوی تریان حەق و مافی خۆی بەتەواوەتی وەرناگرێت ، من ڕاوێژتان پێ دەکەم ، جا (زَيْدُ بنُ ثَابِت) (خوای لیٚ ڕازی بێت) ئامارەی کرد حەوا (عَوْل)ی تێدا بکات ، بۆیە ئەویش فەرمووی : ((أعِيلُوا الفَرَائِضَ)) . وەهاوەڵانیش بەوە ڕازی بوون . وەئەو مەسەلانەی کە (عَوْل)ی تێدا دەکرێت ئەوانەیە کە بنچینە (أُصُول)ەکانی شەش (٦) بێت یان دوانزە (١٢) بێت یان بیست و چوار (٢٤) . جا شەش (عَوْل) دەکرێت بۆ حەوت یان بۆ هەشت یان بۆ نۆ یان بۆ دە ، وە دوانزەیش (عَوْل) دەکرێت بۆ سیانزدە یان پانزە یان حەڤدە ، وە بیست و چواریش تەنها بۆ بیست و حەوت (عَوْل) دەکرێت ، وە شێوەی چارە کردنی مەسەلەی (عَوْل) بەوە دەبێت ، کەوا یەکەم جار بنچینەی مەسەلەکە بزانیت وەبەشی هەموو کەسێك لەمیرات بەرەکان بزانیت ، پاشان واز لە بنچینەکە بێنە و کۆی بەشی هەموو میرات بەرەکان بکەرە بنچینە و دابەشی بکەرەوە بە سەر یان دا . بۆ نموونە : ئەگەر ئافرەتێك مرد و مێرد و دوو خوشکی هەبوو ، جا بەشی مێرد نیوە ($\frac{1}{2}$)یە وە بەشی دوو خوشکەکەیش دوو لەسەر سێ ($\frac{2}{3}$)یە ، کەوا بوو بنچینەی مەسەلەکە شەشە (٦) ، نیوەی بۆ مێردەکە کە سێ (٣) بەشە وەدوو لەسەر سێیشی ($\frac{2}{3}$) بۆ خوشکەکانە کە چوار (٤) دەکات ، کەوا بوو دەبێت بنچینەی


منتدى إقرأ الثقافي

مەسەلەکە (عَوْل) بکرێت بۆ حەوت (٧) سێ (٣)ی بۆ مێردەکە و چوار (٤)یش بۆ دوو خوشکەکە . بەم شێوەیە بەشی هەر یەکێك لە میرات بەرەکان بە ئەندازەی بەشەکەی خۆی کەم دەبێتەوە ، بەڵام هەموویان بەش دەبەن و کەسیش بێبەش نابێت ، وەزوڵم و ستەمیش لە کەسیان ناکرێت .

( الحَمْدُ لِلَّهِ ) ئەوە بەشی میرات بەشکردن کۆتایی پێ هات و ئێستایش دەچینە سەر بەشی خەبات کردن و تێکۆشان .



منتدى إقرأ الثقافي

# بەشی خەبات کردن و تێکۆشان

## (الـجِـهَـاد) (٦٥٦)

## فەزڵی جیهاد کردن و موجاهیدان

### جیهاد کردن بە نەفس و بەماڵ و بەزمان بەر دەوامە تا ڕۆژی قیامەت (٦٥٧)

---

(٦٥٦) (الجِهَاد) لە (جُهْد)ەوە وەرگیراوە، واتە : کۆشش کردن ، دەوترێت (جَاهَدَ يُجَاهِدُ جِهَاداً وَمُجَاهَدَةً) . ئەگەر بە هەموو توانایەکەوە کۆشش بکات وە ناڕەحەتی بەرگری کردن و جەنگ کردنی لەگەڵی دا هەڵبگرێت . وە(جِهَاد) پێی ناوترێت جیهادێکی ڕاستەقینە مەگەر تەنها بۆ خوابێت و بۆ بەرز کردنەوەی ناوی ئەو و بەرزکردنەوەی ئاڵای بەرزی ئیسلامەتی بێت ، وە بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی ئەوبێت ، جا هەر کەسێك بۆ بەدەست هێنانی پلەوپایەی دونیایی بجەنگێت یان بۆ دەرخستنی ئازایەتی وچاو نەترسێتی خۆی یا بۆ هەر مەبەستێکی تری دونیایی ئەوە هیچ پاداشتێکی بۆ نییە لای خوای گەورە لەبەر فەموودەکەی (أَبُو مُوسَىٰ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : پیاوێك هات بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) جا فەرمووی : کەسێك لەبەر دەست کەوت دەجەنگێت ، وە کەسێك لەبەر ناوو شوهرەت دەجەنگێت وە کەسێك لەبەر ئەوەی شوێنی دیاربێت دەجەنگێت ، جا ئەمانە کامیان لەپێناوی خوا دایە؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ قَاتَلَ لِتَكُونَ كَلِمَةُ اللهِ هِيَ الْعُلْيَا فَهُوَ فِي سَبِيْلِ اللهِ)) واتە : ئەوەی بجەنگێت بۆ ئەوەی ووشەی خوا بەرزبێتەوە ئەوە لەپێناوی خوادایە [رواه البخاري (٦/رقم/٢٨١٠) ومسلم (٣/١٥١٢/١٩٠٤) وغيرهما] .

(٦٥٧) خوای گەورە لەزۆر ئایەتی قورئان دا فەرمان دەکات بە (جِهَاد) کردن بە نەفس و بەماڵ لەوانە خوای گەورە لە سورەتی (التوبة :٤١) دا دەفەرموێ : ﴿انْفِرُوا خِفَافًا وَثِقَالاً وَجَاهِدُوا بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللهِ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ واتە : ڕاپەڕن بۆ جیهاد بەسووك و قورستانەوە ، وە جیهاد بکەن لەپێناوی



منتدى إقرأ الثقافي

## وە تێکۆشەران (مُجَاهِدِيْن) پلەیەکی زۆر بەرزیان هەیە لای خوای گەورە (٦٥٨)

خوای گەورەدا بە ماڵ و گیانتان ، ئەوە بۆ ئێوە چاکترە ئەگەر بزانن . وە لەئایەتی (٣٨)ی هەمان سورەت دا دەفەرموێ : ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِيْنَ آمَنُوا مَالَكُمْ إِذَا قِيْلَ لَكُمُ انْفِرُوا فِي سَبِيْلِ اللهِ اثَّاقَلْتُمْ إِلَىٰ الأَرْضِ ، أَرَضِيْتُمْ بِالحَيَاةِ الدُّنْيَا مِنَ الآخِرَةِ فَمَا مَتَاعُ الحَيَاةِ الدُّنْيَا فِي الآخِرَةِ إِلاَّ قَلِيْلٌ﴾ واتە : ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ، ئەوە بۆچی کاتێك پێتان بووترێت ڕاپەڕن لەپێناوی خوادا خۆتان لەش قورس دەکەنەوە بەرەو زەوی ، ئایە بە ژیانی دونیا ڕازی بوونە لەجیاتی قیامەت ، دەبزانن کەوا خۆشی و ڕابواردنی ژیانی دونیا لەبەرانبەر قیامەت دا هەر زۆر کەمە .

وە فەرموودەیشمان لەم بارەیەوە زۆرە ، لەوانە فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((جَاهِدُوا المُشْرِكِيْنَ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ وَأَلْسِنَتِكُمْ)) واتە : جیهادی کافران و هاوەڵ بڕیار دەرەکان بکەن بەماڵ و نەفس و زمانتان [رواه ابوداود (٢/رقم/٢٥٠٤) والنسائي (رقم/٣٠٩٦) وهو حديث صحيح بروانه صحيح الجامع (٣٠٩٠)] .

وە فەرموودەی زۆریش هەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا جیهاد کردن لە ئوممەتی ئیسلام دا بەردەوامە تا قیامەت ، لەوانە فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدالله) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لاَتَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي يُقَاتِلُونَ عَلَى الحَقِّ ظَاهِرِيْنَ إِلَىٰ يَوْمِ القِيَامَةِ ، فَيَنْزِلُ عِيْسَى إِبْنُ مَرْيَمَ فَيَقُولُ أَمِيْرُهُمْ : تَعَالَ صَلِّي لَنَا فَيَقُول : لاَ إِنَّ بَعْضَكُمْ عَلَىٰ بَعضٍ أُمَرَاءٌ تَكْرِمَةَ اللهِ لِهَذِهِ الأُمَّةِ)) واتە : بەردەوام دەستەیەك لە ئوممەتەکەم دەجەنگن لەسەر حەقن دیارن تا ڕۆژی قیامەت ، جا (عِيْسَىٰ بنُ مَرْيَم)دا دەبەزێت و فەرماندەکەیان پێی دەڵێ : وەرە پێش نوێژیمان بکە ، ئەویش دەفەرموێ : نەء ، بەڕاستی ئێوە هەندێکتان فەرماندەن بەسەر هەندێکی ترتانەوە ڕێزێکی خوایە بۆ ئەم ئوممەتە [رواه مسلم (٣/رقم/١٩٢٣) وغيره بروانه السلسلة الصحيحة (١٩٦٠) وصحيح الجامع (٧٢٩٣)] .

(٦٥٨) لەم بارەیشەوە فەرموودە زۆرە لەوانە فەرمودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ آمَنَ بِاللهِ وَرَسُولِهِ وَأَقَامَ الصَّلاَةَ وَصَامَ رَمَضَانَ ، كَانَ حَقّاً عَلَى اللهِ أَنْ يُدْخِلَهُ الجَنَّةَ جَاهَدَ فِي سَبِيْلِ اللهِ أَوْ جَلَسَ فِي أَرْضِهِ الَّتِي وُلِدَ فِيهَا)) واتە : هەرکەسێك باوەڕی هێنا بەخواو بە پێغەمبەرەکەیشی و نوێژی کرد و ڕۆژووی ڕەمەزانی گرت ، ئەوە خوای گەورە پێویستی کردوە لەسەر



منتدى إقرأ الثقافي

## وە واز هێنان لەجیهاد کردن مایەی سەر شۆڕی و زەلیلیە بۆ موسوڵمانان (٦٥٩)

خۆی کەوا بیخاتە بەهەشتەوە ، ئیتر جیهادی لەپێناوی خوادا کردبێت یان دانشتوبێت لەو زەوییەی کە تێیدا لە دایك بووە . ووتیان : ئەی مژدە بەخەڵکی نەدەین؟ فەرمووی : ((إِنَّ فِي الجَنَّةِ مائَةَ دَرَجَةٍ أَعَدَّهَا اللهُ للمُجَاهِدِيْنَ فِي سَبِيْلِ اللهِ ، مَابَيْنَ الدَّرَجَتَيْنِ كَمَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ ، فَإِذَا سَأَلْتُمُ اللهَ فَاسْأَلُوْهُ الفِرْدَوْسَ ، فَإِنَّهُ أَوْسَطُ الجَنَّةِ وَأَعْلَىٰ الجَنَّةِ وَ فَوْقَهُ عَرْشُ الرَّحْمَنِ وَمِنْهُ تَفْجَرُ أَنْهَارُ الجَنَّةِ)) واتە : بێگومان لە بەهەشت دا سەد پلە هەیە خوای گەورە بۆ تێکۆشەران لە پێناوی خۆیدا ئامادەی کردووە ، نێوانی هەر پلەیەك بۆ پلەیەکی تر وەکو نێوانی ئاسمان و زەوییە ، جا ئەگەر داواتان لەخوای گەورە کرد ئەوە داوای فیردەوسی لێ بکەن ، کە ناوڕاستی بەهەشتە و سەرەوەی بەهەشتە ، وە سەرەوەی ئەویش عەرشی خوای گەورەیە ، وە لەوێوە ڕووبارەکانی بەهەشت هەڵدە قوڵێ [رواه البخاری (٦/رقم/٢٧٩٠)].

وە فەرموودەکەی تری (أَبُو هُرَيْرَة) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَثَلُ المُجَاهِدِ فِي سَبِيْلِ اللهِ كَمَثَلِ الصَّائِمِ القَائِمِ القَانِتِ بِآيَاتِ اللهِ لايَفْتُرُ مِنْ صِيَامٍ وَلاَ صَلاَةٍ حَتَّىٰ يَرْجِعَ المُجَاهِدُ فِي سَبِيْلِ اللهِ)) واتە : نموونەی ئەو کەسەی لەپێناوی خوای گەورەدا جیهاد دەکات وەکو نموونەی کەسێکە بەڕۆژ بەڕۆژوو بێت و بە شەویش شەو نوێژی بکات و قورئان بخوێنێت ، تووشی هیچ خاوی و ساردییەك نەبێت لە ڕۆژوو گرتن و نوێژ کردن دا ، تا تێکۆشەر لەپێناوی خوا دەگەڕێتەوە [رواه مسلم (٣/١٤٩٨/١٨٧٨) والترمذی (٣/٨٨/١٦٦٩)] .

وە فەرموودەکەی (أَنَسُ بنُ مَالِك) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لَغَدْوَةٌ فِي سَبِيْلٍ أَوْ رَوْحَةٌ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَ مَافِيْهَا)) واتە : دەرچوونێك لەپێناوی خوای گەورە بۆ جیهاد کردن یا گەڕانەوەیە لە جیهاد کردن لای خوای گەورە چاکترە لە دونیا و ئەویشی تێیدایەتی [رواه البخاری (٦/رقم/٢٧٩٢) ومسلم (٣/١٤٩٩/١٨٨٠) ] .

(٦٥٩) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (التوبة :٣٩) دا کە دەفەرموێ : ﴿إِلاَّ تَنفِرُوا يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَيَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلاَ تَضُرُّوهُ شَيْئًا وَاللهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ واتە : ئەگەر ڕانەپەڕن بۆ جیهاد کردن لەپێناوی خوای گەورە ئەوە خوای گەورە سزایەکی زۆر بە ئازارتان دەدات وە دەتانگۆڕێت بە کەسانێکیتر وە هیچ زیانێکیش بەئەو ناگەیەنن و خوای گەورە خۆی بەسەر هەموو شتێك دا بەتوانایە . وە لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر)یش (خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ١٩٢) .



منتدى إقرأ الثقافي

وە ئەوانەی کەلە جیهاد کردنی ڕێگای خوادا دەکوژرێن و شەهید دەبن ، ئەوانە بەمردو ناژمێردرێن بەڵکو لای خوای پەروەردگاری خۆیان ، لە خۆش ترین شوێندان(٦٦٠)

---

(٦٦٠) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (آل عمران :١٦٩) دا کە دەفەرموێ : ﴿وَلاَتَحْسَبَنَّ الَّذِيْنَ قُتِلُوا فِي سَبِيْلِ اللهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ﴾ واتە : وە هەر گیز وامەزانن کەوا ئەوانەی لەپێناوی خوای گەورەدا کوژراوون مردوون ، بەڵکو زیندوون لەلای خوای پەروەردگاریان ڕۆزی دەدرێن . (مَسْرُوق) فەرمووی : پرسیارمان لە (عَبْدُالله بن مَسْعُود) کرد ئەویش فەرمووی : ((أَرْوَاحُهُمْ فِي أَجْوَافِ طَيْرٍ خُضْرٍ لَهَا قَنَادِيْلُ مُعَلَّقَةٌ بِالعَرْشِ ، تَسْرَحُ مِنَ الجَنَّةِ حَيْثُ شَاءَتْ ثُمَّ تَأْوِي إِلَى تِلْكَ القَنَادِيْلِ . فَاطَّلَعَ عَلَيْهِمْ رَبُّهُمْ إِطِّلاَعَةً فَقَالَ : هَلْ تَشْتَهُونَ شَيْئًا؟ قَالُوا : أَيُّ شَيْءٍ نَشْتَهِي ، وَنَحْنُ نَسْرَحُ فِي الجَنَّةِ حَيْثُ شِئْنَا ، فَفَعَلَ بِهِمْ ذَلِكَ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ ، فَلَمَّا رَأَوا أَنَّهُمْ لَنْ يُتْرَكُوا مِنْ أَنْ يُسْأَلُوا : يَارَبِّ نُرِيْدُ أَنْ تَرُدَّ أَرْوَاحَنَا فِي أَجْسَادِنَا حَتَّى نُقْتَلَ فِي سَبِيْلِكَ مَرَّةً أُخْرَى ، فَلَمَّا رَأَى أَنْ لَيْسَ لَهُمْ حَاجَةٌ تُرِكُوا)) واتە : ڕوحەکانیان لەلاشەی باڵندەی سەوز دایە (قِنْدِيْل) یان بۆ هەڵبەستراوە بە عەرشی خواوە ، جا دەگەڕێت بە بەهەشت دا بەهەر شوێنێك دا ویستی لێ بێت ، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو (قِنْدِيْل)انە ، جا خوای گەورە خۆ دەرخستنێك خۆی بۆ دەرخستن و فەرمووی : ئایە حەز لە هیچ دەکەن؟ ووتیان : حەز لەچی بکەین ئێمە بەویستی خۆمان بە بەهەشت دا دەگەڕێین جا سێ جار ئەمەی لەگەڵ دا کردن ، کاتێك کە بینیان وازیان لێ ناهێنرێت کەوا پرسیاریان لێ نەکرێت ، ووتیان : ئەی خوایە دەمانەوێت ڕوحمان بگێڕیتەوە بۆ لاشەکانمان تا لەپێناوی تۆدا جارێکیتر بکوژرێینەوە ، جا کاتێك کە زانی هیچ پێویستیەکیان نیيە وازی لێ هێنان [رواه مسلم (١٨٨٧/١٥٠٢/٣) و الترمذي (٤٠٩٨/٢٩٨/٤)] .

وە فەرموودەکەی (المِقْدَام بنُ مَعْدِ يَكْرِب) (خوای لێ ڕازی بێت) کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لِلشَّهِيْدِ عِنْدَ اللهِ سِتُّ خِصَالٍ : يُغْفَرُ لَهُ فِي أَوَّلِ دُفْعَةٍ ، وَيُرَى مَقْعَدَهُ مِنَ الجَنَّةِ وَيُجَارُ مِنْ عَذَابِ القَبْرِ وَيَأْمَنُ مِنَ الفَزَعِ الأَكْبَرِ وَيُوضَعُ عَلَى رَأْسِهِ تَاجُ الوَقَارِ ، اليَاقُوتَةُ مِنْهَا خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَافِيهَا وَيُزَوَّجُ إِثْنَتَيْنِ وَ سَبْعِيْنَ


منتدى إقرأ الثقافي

# حوکمی جیهاد کردن

## جیهاد کردن پێویست (فَرْض)ی (كِفَايَه)یە [661]

زَوْجَةً مِنَ الحُورِ الْعِيْنِ وَيُشَفَّعُ فِي سَبْعِيْنَ مِنْ أَقْرِبَائِهِ)) واتە : شەهید شەش تایبەت مەندی بۆ هەیە . لەگەڵ یەکەم بڵۆقە خوێنیدا لەگوناهەکانی دەبورێت وە شوێنەکەی پێ پیشان دەدرێت لە بەهەشت دا وە لەسزای ناو گۆڕ دەپارێزرێت وەلە ڕاچەڵەکاندنە گەورەکەی ڕۆژی قیامەت ئەمین دەبێت وە تاجی وەقار دەخرێتە سەری کەهەر یاقوتێکی لەدونیا و ئەوەیشی تێیدایەتی چاکترە وە حەفتا و دوو (٧٢) ژنی لێ مارە دەکرێت لە (حُورُ العِيْن) ، وە تکا (شَفَاعَة) دەکات بۆ حەفتا (٧٠) کەس لە خزم و کەس وکاری [رواه الترمذي (٣/١٠٦/١٧١٢) وابن ماجه (٢/٩٣٥/٢٧٩٩) وهو صحيح بروانە صحيح ابن ماجه (٢٢٥٧)].

وە فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((الشَّهِيْدُ لايَجِدُ أَلَمَ القَتْلِ إِلاَّ كَمَا يَجِدُ أَحَدُكُمْ أَلَمَ القَرْصَةِ)) واتە : شەهید هیچ هەست بە ئێش و ئازاری کوشتن ناکات مەگەر وەکو چۆن یەکێکتان هەست بە ئازاری (قُرص)ێك دەکەن [رواه الترمذي (٣/١٠٩/١٧١٩) وابن ماجه (٢/٩٣٧/٢٨٠٢) والنسائي (٦/٣٦) وهو حسن صحيح بروانە صحيح ابن ماجه (٢٢٦٠)] .

وە (قُرص) پارچە ئاسنێکە وەکو پارەو پووڵی ئاسنی ئەم سەردەمە .

(٦٦١) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (النساء :٩٥) دا کە دەفەرموێ : ﴿لاَيَسْتَوِي القَاعِدُونَ مِنَ المُؤْمِنِيْنَ غَيْرُ أُولِي الضَّرَرِ وَالمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيْلِ اللهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ ، فَضَّلَ اللهُ المُجَاهِدِيْنَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ عَلَى القَاعِدِيْنَ دَرَجَةً وَكُلاًّ وَعَدَ اللهُ الحُسْنَىٰ﴾ واتە : بێگومان کەسانێك لە باوەڕداران کە بەبێ هیچ بیانویەکی شەرعی دەستیان لە جیهاد کردن هەڵگرتوە ، وەلە ماڵ دا دانیشتون یەکسان نین لەگەڵ ئەوانەدا کە بەگیان و ماڵ تێدەکۆشن لەپێناوی خوادا ، بەڵکو خوای گەورە پلەو پایەی ئەوانەی تێکۆشەرن بەرزتر کردوەتەوە بەسەر ئەوانەدا کە دانیشتوون ، وە خوای گەورە بە هەموویان بەڵێنی چاکەی داوە ... دەبینین خوای گەورە ئاگاداری


منتدى إقرأ الثقافي

## لەسەر موسوڵمانی (٦٦٢) پێگەیشتوی (٦٦٣) ژیری (٦٦٤) ئازادی (٦٦٥) پیاوی (٦٦٦)

کردوین کە تێکۆشەران فەزڵیان بۆ هەیە و بەبەرترن وە دانیشتوانیش چاکەیان بۆ هەیە ، جا ئەگەر دانیشتوان فەرزێکیان فەوتانبێت ئەوە بێگومان خراپەیان بۆ هەیە نەك چاکە [بڕوانە تفسیر الطبری (٢/٣٤٥)] .

وە فەرموودەی تری خوای گەورە لەسورەتی (التوبة :١٢٢) دا کە دەفەرموێ : ﴿وَمَاكَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا كَافَّةً﴾ واتە : ناگونجێ بڕوا داران هەموو بۆ جیهاد کردن ڕاپەڕن . هەروەها لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) بڕوانە (پ٦٥٨) ، بەڵام ئەمە لەکاتێك دایە ئەگەر ئەوانەی بەو جیهاد کردنە هەڵدەستن بەس بن وە جیهادەکەی پێ ڕاپەڕێت ، بەڵام ئەگەر ئەوە ئەنجام نەدرا ئەوە دەبێتە فەرز لەسەر هەموو موسڵمانان ، وە هەموو شیان پێی تاوانبار دەبن ئەگەر پێی هەڵنەسن ، وەك لەمەودوا زیاتر لەسەری دەچین . (إِنْشَاءَ الله)

(٦٦٢) جیهاد پێویستە لەسەر موسوڵمان چونکە خۆی دژ بە کافران و موشریکان دەکرێت بۆ ئەوەی موسوڵمان ببن .

(٦٦٣) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) : ((پیشانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) درام لەڕۆژی (أُحُد) دا ، جا لەوکاتەدا من تەمەنم چواردە (١٤) ساڵان بوو ، جا ڕوخسەتی نەدام بەشدار ببم ، پاشان لەڕۆژی (خَنْدَق) دا پیشان درام و تەمەنم پانزدە (١٥) ساڵان بوو ، جا ڕوخسەتی پێدام کەوا بەشداری جەنگ ببم)) [رواه البخاری (٥/٢٧٦/٢٦٦٤) ومسلم (٣/١٤٩٠/١٨٦٨) وغیرهما)] .

(٦٦٤) لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ١٠٧) .

(٦٦٥) چونکە کۆیلە موڵکی گەورەکەیەتی بەبێ پرسی ئەو ناتوانێت دەربچێت بۆ جیهاد .

(٦٦٦) لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ڕوخسەتم خواست لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ ئەوەی لەگەڵیان دا دەربچم بۆ جیهاد جا فەرمووی : ((جِهَادُكُنَّ الحَجُّ)) واتە : جیهاد کردنی ئێوە حەججە [رواه البخاری (٦/رقم/٢٨٧٥) و رواه غیره أیضاً بألفاظ أخری تقارب هذا المعنی] .



منتدى إقرأ الثقافي

بەتوانا [٦٦٧] وە لەسێ حاڵەت دا دەبێتە پێویستی (فَرْض)ی (عَیْن) ، ئەگەر موسوڵمان چووە بەرەکانی جەنگەوە [٦٦٨] وە ئەگەر دوژمن هێرشی هێنا بۆسەر وولاتێك لە وڵاتانی ئیسلام [٦٦٩] وە ئەگەر پێشەوای موسوڵمانان داوا بکات لەموسوڵمانان کەوا ڕاپەڕن بۆ جیهاد . [٦٧٠]

---

(٦٦٧) ئیتر توانای لاشەیی بێت یان توانای ماڵی ، لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسوورەتی (التوبة :٩١)دا کە دەفەرموێ : : ﴿ لَيْسَ عَلَى الضُّعَفَاءِ وَلاَ عَلَى الْمَرْضَىٰ وَلاَ عَلَى الَّذِينَ لاَيَجِدُونَ مَايُنفِقُونَ حَرَجٌ إِذَا نَصَحُوا لِلّٰهِ وَرَسُولِهِ﴾ واتە : هیچ تاوانێك نییە لەسەر ئەوانەی لاوازن وە لەسەر ئەوانەیش کە نەخۆشن وە لەسەر ئەوانەیشی کە هیچیان بەدەستەوە نییە خەرجی بکەن بۆ جیهاد کردن ، لەکاتێك دا کەوا ئەوەی لەتوانایان دایە درێخی نەکەن لەسەرخستنی ئایینی خوا و سەرخستنی پێغەمبەرە کەیشی .

(٦٦٨) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (الأنفال :٤٥)دا کە دەفەرموێ : ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَاثْبُتُوا﴾ واتە ئەی ئەوکەسانەی کە باوەڕتان هێناوە کاتێك کە ڕوو بەڕووی دەستەیەك دەبنەوە لەکاتی جیهاددا ئەوە خۆڕاگر بن . وەلە سورەتی (الأنفال :١٥)دا دەفەرموێ : ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا زَحْفاً فَلاَ تُوَلُّوهُمُ الأَدْبَارَ﴾ واتە : ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئەگەر لەکاتی جیهاددا ڕووبەڕووی بێباوەڕان بوونەوە ئەوە هەرگیز پشتیان تێمەکەن .

(٦٦٩) ئەوە لەوکاتەدا پێویست (فَرْض)ی (عَيْن)ە لەسەر هەموو خەڵکی ئەو وولاتە بە پیاو و ئافرەت و گەورەو منالەوە . بەرهەڵستی دوژمنان بکەن ، وە لەسەر موسوڵمانانی وولاتەکانی تریش پێویست دەبێت کەوا بچنە یارمەتی دانی براکانیانەوە ، هەر کەسێك بەپێی توانای خۆی و بەپێی پێویست .

(٦٧٠) لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لاَهِجْرَةَ بَعْدَ الفَتْحِ وَلَكِنْ جِهَادٌ وَنِيَّةٌ وَإِذَا اسْتُنْفِرْتُمْ فَانْفِرُوا)) واتە : دوای ڕزگار کردنی مەککە ئیتر کۆچ کردن نەما بەڵکو جیهاد کردن ونیەت پاکییە ،


منتدى إقرأ الثقافي

# شێوازی جیهاد کردن ( آدَابُ الجِهَاد )

## دەبێت پێشەوا کاتێك سوپایەك ڕەوانە دەکات بۆ جیهاد کردن پاش ناوی خوای گەورە هێنان ئامۆژگارییان بکات کەوا نیەتەکانیان پاك بکەنەوە بۆ خوا (٦٧١)

---

وە ئەگەر داواتان لێ کرا کەوا ڕاپەڕن بۆ جیهاد ئەوە ڕاپەڕن [رواه البخاري (٦/رقم/٢٧٨٣) ومسلم (٦/٩٨٦/١٣٥٣)] .

(٦٧١) لەبەر فەرموودەکەی (بُرَيدَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر فەرماندەیەکی لەسەر سوپایەك یان (سرِيَّه) یەك دابنایە وەسیەتی بەفەرماندەکە دەکرد بەتایبەتی بەوە تەقوای خوای گەورەی هەبێت ، وە بەوانەیشی کە لەگەڵیدان لە موسوڵمانان بەچاکە پاشان دەیفەرموو : ((أغْزُوا بِسْمِ اللهِ فِي سَبِيلِ الله قَاتلوا مَنْ كَفَرَ بِالله ، أغْزُوا وَلَاتَغُلُّوا وَلاتَغْدِرُوا وَلَا تُمَثِّلُوا وَلَاتَقْتُلُوا وَلِيدَاً ، فَإِذَا لَقِيتَ عَدُوَّكَ مِنَ المُشْرِكِيْنَ فَادعُهُمْ إِلَىٰ ثَلَاثِ خِلَالٍ ، فَأَيَّتُهُنَّ مَا أجَابُوكَ فَاقبَلْ مِنْهُمْ وَكُفَّ عَنْهُمْ ، ثُمَّ ادعُهُمْ إِلَىٰ الإِسْلَامِ ، فَإِنْ أَجَابُوكَ فَاقبَلْ مِنْهُمْ وَكُفَّ عَنْهُمْ ، ثُمَّ ادعُهُمْ إِلَىٰ التَّحَوُّلِ مِنْ دَارِهِمْ إِلَىٰ دَارِ المُهَاجِرِيْنَ وَأَخْبِرْهُمْ أَنَّهُمْ إِنْ فَعَلُوا ذَلِكَ فَلَهُمْ مَالِلْمُهَاجِرِيْنَ وَعَلَيْهِمْ مَاعَلَىٰ فَإِنْ أَبَوا أَنْ يَتَحَوَّلُوا مِنْهَا ، فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّهُمْ يَكُونُونَ كَأَعْرَابِ المُسْلِمِيْنَ ، يَجْرِي عَلَيْهِمْ حُكْمُ اللهِ الَّذِي يَجْرِي عَلَىٰ المُؤْمِنِيْنَ وَلَايَكُونُ لَهُمْ مِنَ الغَنِيمَةِ وَالفَيْءِ شَيْءٌ إِلَّا أَنْ يُجَاهِدُوا مَعَ المُسْلِمِيْنَ ، فَإِنْ هُمْ أَبَوا فَسَلْهُمُ الجِزْيَةَ فَإِنْ هُمْ أَجَابُوكَ فَاقبَلْ مِنْهُمْ وَكُفَّ عَنْهُمْ فَإِنْ أَبَوا فَاسْتَعِنْ بِاللهِ عَلَيْهِمْ وَقَاتِلْهُمْ)) واتە : غەزا بکەن بەناوی خواوە ، لەپێناوی خوادا بجەنگن لەگەڵ ئەوەدا کە کوفر بەخوا دەکات ، غەزا بکەن و لە دەست کەوت دەرمەکەن تا دابەش دەکرێت ، وە ناپاکی (غَدْر) مەکەن و لووت و گوێی کەس(تَمْثِيل) مەکەن ، وە مناڵ مەکوژن وە ئەگەر گەیشتی بە دوژمنەکەت لە هاوەڵ بڕیار دەرەکان(مُشرِك)ەکان ئەوە بانگیان بکە بۆ سێ خاڵ ، جا ئەگەر وەڵامیان دایەوە ئەوە لێیان وەربگرە ووازیان لێ بێنە ، بانگیان بکە بۆ



منتدى إقرأ الثقافي

و گوێڕایەڵی تەواوی فەرماندەکەیان بکەن تەنها لە بێفەرمانی خوای گەورەدا نەبێت (٦٧٢)

---

ئیسلام ، جا ئەگەر وەڵامیان دایەوە ئەوە لێیان وەربگرە و وازیان لێ بێنە ، پاشان بانگیان بکە بۆ ئەوەی خۆیان بگواستنەوە لە وڵاتی خۆیانەوە بۆ وڵاتی کۆچەران (المُهَاجِرِين) وە پێیان ڕابگەیەنە ئەگەر ئەوە بکەن ئەوە ئەوەیان بۆ هەیە کە بۆ کۆچەران هەیە وە ئەوەشیان لەسەرە کە لەسەر ئەوانە ، جا ئەگەر ڕازی نەبوون لەوڵاتی خۆیانەوە بار بکەن ئەوە پێیان ڕابگەیەنە کەوا ئەوان وەکو موسوڵمانە دەشتەکیکانن ، ئەو حوکمەی خوایان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت کە بەسەر باوەڕداران دا جێبەجێ دەکرێت ، وە هیچ لەدەست کەوت و (فَيْء) یان بۆ نییە ، مەگەر لەجیهادەکەدا بەش دار بین لەگەڵ موسوڵمانان دا ، وە ئەگەر ئەوان ڕازی نەبوون ئەوە داوای سەرانە (الجِزْيَة) یان لێ بکە ، جا ئەگەر ڕازی نەبوون ئەوە داوای یارمەتی لەخوا بکە بەسەریان دا و لەگەڵیان دا بجەنگە [رواه مسلم (١٧٣١/١٣٥٦/٣) والترمذی (١٤٢٩/٤٣١/٢) مختصراً] .

(٦٧٢) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (النساء :٥٩)دا کە دەفەرموێ : ﴿وَأَطِيعُوا اللهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الأَمْرِ مِنكُمْ﴾ واتە : گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر و ئەوانەیشی خاوەن فەرمانن لەخۆتان — لەباوەڕداران — بکەن ، وە لەبەر فەرموودەکەی (أَبو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ أَطَاعَنِي فَقَدْ أَطَاعَ اللهَ وَمَنْ يَعْصِنِي فَقَدْ عَصَى اللهَ وَمَنْ يُطِعِ الأَمِيرَ فَقَدْ أَطَاعَنِي وَمَنْ يَعْصِي الأَمِيرَ فَقَدْ عَصَانِي)) واتە : هەر کەسێك گوێڕایەڵی من بێت ئەوەگوێڕایەڵی خوای گەورەی کردووە وەهەر کەسێکیش بێگوێی من بکات ئەوە بێگوێی خوای گەورەی کردووە ، وە هەر کەسێك گوێڕایەڵی فەرماندەی موسڵمانان بکات ئەوە گوێڕایەڵی منی کردوە وە هەرکەسێکیش بێگوێی فەرماندە بکات ئەوە بێگوێی منی کردوە [رواه البخاری (١٣/رقم/٧١٣٧) ومسلم (١٨٣٥/١٤٦٦/٣) وغیرهما] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (عَلِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((لاَطَاعَةَ فِي مَعْصِيَةِ اللهِ إِنَّمَا الطَّاعَةُ فِي مَعْرُوفٍ)) واتە : گوێڕایەڵی هیچ



منتدى إقرأ الثقافي

وە ئامۆژگاری فەرماندەیش بکات کەوا ڕاوێژ یان پێ بکات وە بیانپارێزێت لە حەرام (٦٧٣) وە دروستە پێشەوا ئەگەر ویستی غەزا کردنی شوێنێکی هەبوو لەسوپاکەی بیشارێتەوە (٦٧٤) وە چاویش (عَيْن)لەپێشەوە ڕەوانە بکات تاوەکو هەواڵی دوژمنانی بزانێت (٦٧٥) وە پێویستە فەرماندە

---

کەسێك ناکرێت لەبێ فەرمانی خوادا بەڵکو گوێڕایەڵی لەچاکە کردن دایە [رواه البخاری (٨/رقم/٤٣٤٠) ومسلم (٣/١٤٦٩/١٨٤٠)] .

(٦٧٣) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (آل عمران :١٥٩) دا کەوا دەفەرمووێ : ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ﴾ واتە : ئەی — پێغەمبەری خوا — ڕاوێژیان پێ بکە لەکار و فەرمانەکانت دا . دەی کە لەسەر پێغەمبەری خوا پێویست بووە ڕاوێژ بە موسوڵمانان بکات ، ئەوە لەسەر کەسانی تر پێویست ترە وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی ڕاوێژی کردوە وەك لە فەرموودەکەی (أَنَس) دا هاتووە. بڕوانە [صحيح مسلم (٣/١٤٠٣/١٧٧٩)] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو : ((اللَّهُمَّ مَنْ وَلِيَ مِنْ أَمرِ أُمَّتِي شَيْئًا فَشَقَّ عَلَيهِمْ فَاشْقُقْ عَلَيْهِ وَمَنْ وَلِيَ مِنْ أَمرِ أُمَّتِي شَيْئًا فَرَفَقَ بِهِمْ فَارْفُقْ بِهِ)) واتە : ئەی خوایە هەرکەسێ لە ئوممەتەکەم بوو بەسەر پەرشت کاری کارێك جا گرانی کرد لەسەریان و ئازاری دان ، خوایە تۆیش لەسەری گران بکەو ئازاری بدە ، وە هەرکەسێکیش ئەگەر بوو بەسەر پەرشتکاری موسوڵمانان و لەسەری سووك کردن و بەزەیی پێیان دا هاتەوە ئەوە تۆیش لەسەری سووك بکەو بەزەییت پێدابێتەوە [رواه مسلم (٣/١٤٥٨/١٨٢٨)] .

(٦٧٤) لەبەر فەرموودەکەی (أُبَي بنُ كَعْب) (خوای لێ ڕازی بێت) کەتێیدا هاتوە : ((کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر ویستی غەزا کردنی شوێنێکی هەبوایە دەیشاردەوە ووای پیشان دەدا کەئەو ویستی شوێنێکی تری هەیە)) [رواه البخاری (٨/رقم/٤٤١٨) ومسلم (٤/٢١٢٠/٢٧٦٩)] .

(٦٧٥) لەبەر فەرموودەکەی (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەڕۆژی (خَنْدَق)دا داوای لەخەڵکی کرد کەوا کێ دەچێت هەواڵی دوژمنی بۆ بێنێتەوە ، جا



منتدى إقرأ الثقافي

سوپاکەی ڕێک بخات و کاری هەموویان دیاری بکات پێش چوونە ناو مەیدانی جەنگەوە (٦٧٦) وە فێڵ و درۆ کردنیش بەرانبەر دوژمنان دروستە لەکاتی جەنگ دا (٦٧٧) وە پێش دەست پێ کردنی جەنگ پێویستە دوژمن بانگ بکرێت بۆلای سێ شت : یان موسوڵمان بوون یان سەرانە دان یان

---

(الزُّبَيْر) خۆی هەڵبژارد ، پاشان داوای لێ کردنەوە ، جاهەر (الزُّبَيْر) خۆی هەڵبژاردەوە ، پاشان جارێکیتر داوایِ لێ کردنەوە هەر (الزُّبَيْر) خۆی هەڵبژارد ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ((لِكُلِ نَبِيٍ حَوَارِيٌّ وَحَوَارِيَّ الزُّبَيْرُ)) واتە : هەموو پێغەمبەرێك یارمەتی دەری هەبوە ، جا یارمەتی دەری منیش (زُبَیر)ە [رواه البخاری (٧/رقم/٤١١٣) ومسلم (٤/١٨٧٩/٢٤١٥)] .

(٦٧٦) چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ هەموو جەنگێك سوپای خۆی ڕێك دەخست و ئالاکانی دیاری دەکرد [بڕوانە صحیح البخاری (٨/رقم /٤٠٤٣ ، ٣٩٨٤ ، ٣٩٨٥) وسنن ابی داود (٣/رقم/٢٥٩٢ ، ٢٦٦٣) وسنن الترمذي (٤/١٩٥/١٦٧٩) و سنن ابن ماجه (٢/٩٤١/٢٨١٧) وسنن النسائی (٥/٢٠٠/٢٨٦٦)] .

(٦٧٧) لەبەر فەرموودەکەی (جَابِرُ بنُ عَبْدالله) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((الحَرْبُ خُدْعَةٌ)) واتە : جەنگ فێڵ کردنە [رواه البخاری (٦/رقم/٣٠٣٠) ومسلم (٣/١٣٦١/١٧٣٩)]

ئیمامی (النَّوَوِي) دەفەرموێ : زانایان (إتِّفَاق) یان کردوە لەسەر دروست بوونی فێڵ کردن و خەڵەتاندنی کافران لە جەنگ دا هەرچۆن بۆت بکرێت ، تەنها مەگەر هەڵوەشاندنەوەی پەیمان و بەڵێنی تێدابێت — ئەوە دروست نییە — [بڕوانە شرح صحیح مسلم (١٢/٤٥)] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (أُمُّ كُلْثُوم بِنْتُ عُقْبَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((نەمبیستووە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕوخسەت بە هیچ درۆیەك بدات لەوەی خەڵکی دەیڵێن مەگەر لەجەنگ دا ، وە بۆ چاککردنەوەی نێوان خەڵکی ، وە قسە کردنی پیاو لەگەڵ خێزانەکەیدا و ئافرەتیش لەگەڵ پیاوەکەیدا)) [رواه مسلم (٤/٢٠١١/٢٦٠٥) وکذلك البخاری (٥/رقم/٢٦٩٢) وغیرهما] .



منتدى إقرأ الثقافي

جەنگ کردن (٦٧٨) وە حەرامە کوشتنی ئافرەت و منداڵ و پیری پەککەوتوو مەگەر زۆر پێویست بێت (٦٧٩) وە هەروەها حەرامە سوتاندنی کەسێك بە ئاگر (٦٨٠) وە هەروەها تێك دانی دەم و چاو (لووت و گوێ برین) (٦٨١).

---

(٦٧٨) لەبەر فەرموو دەکەی (بُرَيْدَةَ) بڕوانە (پ٦٧١).

(٦٧٩) لەبەر فەرموودەکەی (بُرَيْدَةَ) و (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٦٧١) زانایان فەرموویانە: ((دروست نییە کوشتنی ئافرەت و منداڵ مەگەر زۆر پێویست ببێت وەك ئەوەی دوژمنان بیانکەنە سەنگەر یان وەکو ئەو ئافرەت و منداڵانە خۆیان لەجەنگ دابن و بجەنگن، لەبەر فەرموودەکەی (عِكْرِمَة) کەوا: ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەڕۆژی (حُنَيْن)دا بەلای ئافرەتێك دا تێپەڕ بوو کوژرا بوو، جا فەرمووی: کێ ئەمەی کوشتووە؟ پیاوێك لە موسوڵمانان ووتی: من ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەست گیرم کردو خستمە پشتی خۆم، کاتێك بینی ئێمە تووشی ڕاکردن بووین، پەلاماری شمشێرەکەی دام بۆ ئەوەی بمکوژێت، بۆیە منیش کوشتم، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەخراپەی نەگرت لەسەری)) [رواه ابوداود (١/رقم/٣٣٣) فى المراسيل ووصله الطبرانى فى الكبير، وقال: الشيخ شعيب الأرناؤوط: رجاله ثقات، رجال الشيخين].

(٦٨٠) لەبەر فەرموو دەکەی (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕەوانەی کردین لەگەڵ (سرِيَّه) یەك دا، جا فەرمووی: ((إِنْ وَجَدْتُمْ فُلَاناً وَفُلَاناً فَأَحْرِقُوهُمَا بِالنَّارِ)) واتە: ئەگەر فلانەکەس و فلانە کەستان بینیەوە ئەوە، بەئاگر بیانسوتێنن. پاشان کاتێك ویستمان دەربچین، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((إِنِّي أَمَرْتُكُمْ أَنْ تُحْرِقُوا فُلَاناً وَفُلَاناً بِالنَّارِ، وَإِنَّ النَّارَ لَا يُعَذِّبُ بِهَا إِلاَّ اللهُ فَإِنْ وَجَدْتُمُوهُمَا فَاقْتُلُوهُمَا)) واتە: من فەرمانم پێکردن کەوا فلانەکەس و فلانەکەس بەئاگر بسوتێنن، وە ئاگریش لەخوا زیاتر کەس سزای پێ نادات، جا ئەگەر بینیانتانەوە ئەوە بیانکوژن [رواه البخارى (٦/رقم/٣٠١٦)].

(٦٨١) لووت و گوێ کردن (المُثْلَة) دروست نییە لەبەر فەرموودەکەی (بُرَيْدَةَ) بڕوانە (پ٦٧١).



منتدى إقرأ الثقافي

# حوکمی دیل ( الأَسِیْر )

**ئەگەر کافران بەدیل گیران ئەوە دوو بەشن : بەشێکیان هەر بەدیل بگیرێت یەکسەر دەبنە کۆیلە ئەوانەیش ئافرەت و منداڵەکانیانە [٦٨٢] وە بەشەکەی‌تریان یەکسەر نابنە کۆیلە ، ئەوانەیش پیاوە پێگەیشتووەکانیانە ، کە پێشەوای موسوڵمانان بەپێی بەرژەوەندی موسوڵمانان یەکێك لە چوار شتیان پێ دەکات یان کوشتن [٦٨٣] یان کۆیلە کردن [٦٨٤] یان بەردانیان بە بێ‌بەرانبەر و منەت کردن بەسەر یان دا [٦٨٥]**

---

(٦٨٢) چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئافرەت و منداڵ کە بەدیل دەگیران دابەشی دەکردن بەسەر موسوڵمانان دا، وەکو چۆن پارەو ماڵی دەست کەوتی دابەش دەکرد [بروانە صحیح البخاری کتاب المغازی / حدیث رقم (٤٠٢٨ ، ٤١٢١ ، ٤٣١٨ ، ٤٣١٩) ومَسنَد أحمد (٤/٣٢٦ ، ٣٢٧) وسنن ابی داود (٢ /قم /٢٦٩٣)] .

(٦٨٣) چونکە (بَنِي قُرَيْظَة) کاتێك دابەزینە سەر حوکمی (سَعْدُ بنُ مُعَاذ) (خوای لێ ڕازی بێت) (سَعْد) بڕیاری دا کەوا پیاوەکانیان بکوژرێت و ژن و منداڵ و ماڵ و پارەکانیشیان دا بەش بکرێتە سەر موسوڵمانان دا ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو ((بەحوکمی خوا حوکمت دا بەسەریان دا)) [بروانە صحیح البخاری / کتاب المغازی حدیث رقم (٤٠٢٨ ، ٤١٢١ ، ٤١٢٢) ومسلم (٣/١٣٨٧/١٧٦٦ ، ١٧٦٨)] .

(٦٨٤) چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دیلەکانی (بَنِي مُصْطَلَق) و (هَوَازِن)ی کردە کۆیلە بەلام لەوەی (هَوَازِن) دا پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی لای موسوڵمانان تکا (شَفَاعَة)ی بۆ کردن کەوا ئازادیان بکەن کاتێك کە (وَفْد) یکیان هات و موسوڵمان بوون .

(٦٨٥) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (محمد :٤) دا کە دەفەرموێ : ﴿فَإِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّىٰ إِذَا أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً حَتَّىٰ تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا﴾ واتە : جا ئەگەر لەکاتی جەنگ دا ڕووبەڕووی کافران بونەوە ئەوە بدەن لەملیان تا بەتەواوەتی تێکیان دەشکێنن ، جا دیلەکانیان



منتدى إقرأ الثقافي

**یان بە بەرانبەر ئیتر پارە وەرگرتن بێت یان دیلی موسڵمانان بێت [٦٨٦]**

## دە ست کەوتی جەنگ ( الغَنِيْمَة )

**هەر موسوڵمانێك لەمەیدانی جەنگ دا کافرێك بکوژێت ئەوە هەرچی پێ بێت بۆ خۆیەتی [٦٨٧] پاشان دەست کەوتەکان دابەش دەکرێت و دەکرێتە پێنج بەشەوە بەشێکی پێشەوا دابەشی دەکات بەو پێیەی کە**

---

توند ببەستنەوە ، پاشان یان منەتیان بەسەردا بکەن و بەریان بدەن بەبێ بەرانبەر وەیان بە بەرانبەر بەریان بدەن تا کۆتایی بە جەنگەکە دێت .

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) منەتی بەسەر (أَبُوالعَاصِ بنُ الرَّبِيْع)دا کرد کە پیاوی (زَيْنَب)ی کچی بوو ، [رواه احمد (٣٧٦/٦) وابوداود (٢/رقم/٢٦٩٢) وسنده صحيح بروانه الفتح الربانى (١٤/١٠٠)] .

وە هەروەها منەتیشی بەسەر (ثُمَامَةُ بنُ أثَال)ی گەورەی (أَهْلُ اليَمَامَة) دا کرد وە بەبێ بەرانبەر بەریدا . لەپاشان خۆی گەڕایەوە و موسوڵمان بوو [رواه البخارى (٨/رقم/٤٣٧٢) ومسلم(كتاب الجهاد والسير / رقم (١٧٦٤) وغيرهما] .

(٦٨٦) چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دیلەکانی (بَدْر)ی بەپارە بەردا ، بڕوانە [البخارى (٨/رقم/٤٠١٨) ومسلم رقم (١٧٦٣) وسنن ابى داود (٢/٢٦٩١) ومجمع الزوائد للهيثمى (٦/٩٠)] .

وە (سرِيِّه) یەکیش لە موسوڵمانان چەند دیلێکیان گرتبوو ئافرەتێکیانیش لەگەڵ دابوو لە (بَنِي فزَارَة) جا پێغەمبەری خوا ڕەوانەی کردووە بۆلای خەڵکی (مَكّة) بۆ ئەوەی بیانگۆڕێتەوە بەچەند کەسێك لە موسوڵمانان کە دیل کرابوون لەلای خەڵکی (مَكّة) [رواه مسلم (رقم/١٧٥٥)] .

(٦٨٧) لەبەر فەرموودەکەی (أَبُو قَتَادَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی : ((مَنْ قَتَلَ قَتِيلاً لَهُ عَلَيْهِ بَيِّنَةٌ، فَلَهُ سَلَبُهُ)) واتە : هەرکەسێك کەسێك بکوژێت ، بەڵگەی هەبێت لەسەری ، ئەوە چی پێیە بۆ خۆیەتی [رواه البخارى (٦/رقم/٣١٤٢) ومسلم (٣/١٣٧٠/١٧٥١) وغيرهما] .



منتدى إقرأ الثقافي

خوای گەورە دیاری کردووە (٦٨٨) وە چوار بەشەکەی تریشی دابەش دەکرێتە سەر ئەوانەدا کە بەشداری جەنگەکەیان کردووە بۆ پیادە (سَهْم)ێك و بۆ سواریش سێ (سَهْم) - (سَهْم)ێك بۆ خۆی و دوو (سَهْم) یش بۆ وڵاخەکەی - (٦٨٩) وە ئەوەی بەشی پێ دەدرێت دەبێت پیاوێکی

(٦٨٨) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لەسورەتی (الأنفال :٤١) دا کە دەفەرموێ : ﴿وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ﴾ واتە : وەبزانن کەوا هەرشتێك دەستان دەکەوێت ئەوە پێنج یەکی بۆ خوایە و بۆ پێغەمبەر و بۆ خزمان و هەتیوان و کەم دەستان و ڕێبوارانە . جا زانایان (إتِّفاق)یان کردووە کەوا دەست کەوتی جەنگ دەکرێتە پێنج بەشەوە ، جا پێنج یەکی بۆ ئەوانەیە کە قورئان باسی کردووە ، چواربەشەکەی تریشی بۆ ئەو جەنگاوەرانەیە کە بەشداری شەڕەکەیان کردوە ، وە فەرموودەی خوای گەورە ﴿فَإِنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ﴾ زۆربەی زانایان ووتویانە باس کردنی خوای گەورە لەنێوانیاندا هەربۆ پیرۆزی و (تَبرُّك)ە و دانە پاڵی ئەم پارەیە بۆلای خوای گەورە لەبەر شەرەفی ئەو پارەیەیە ، پاش ئەوەی کە هەموو پێنج یەکەکەی داوە پاڵی خۆی ، ئەو شوێنانەیشی ڕوون کردووەتەوە کە دەبێت تێیدا خەرج بکرێت .

(٦٨٩) لەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕۆژی (خَيْبَر)دا دەست کەوتی دابەش کرد بۆ ئەسپ دوو (سَهْم) و بۆ پیادەش (سَهْم) ێك)) . جا (نَافِع) ڕوونی کردەوەو فەرمووی : ئەگەر پیاو ئەسپی بێت ئەوە سێ (سَهْم)ی بۆ هەیە ، وە ئەگەر ئەسپیشی پێ نەبێت ئەوە (سَهْم)ێکی بۆ هەیە [رواه البخاری (٧/رقم/٤٢٢٨) ومسلم (٣/١٧٦٢/٢٨٢) وغيرهما ] وفي رواية ابن [ماجه (٢/٩٥٢/٢٨٥٤)] ((کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕۆژی (خَيْبَر)دا دەست کەوتی دابەش کرد. بۆ سوار سێ (سَهْم) دووی بۆ ئەسپەکە و (سَهْم) ێکیشی بۆ پیاوەکە . [وهو صحيح بروانە صحيح ابن ماجه(٢٣٠٢) ].



منتدى إقرأ الثقافي

پێگەیشتوو بێت ، ئیتر جیاوازی نی‌یە لەوەدا . ئەگەر بەهێز بێت یان لاوازبێت جەنگی کردبێت یان نەء [٦٩٠] بەڵام ئافرەت و کۆیلە ئەگەر بەشداریان کرد ئەوە تەنها بەخششیان پێ دەدرێت [٦٩١] وە دروستە کەوا

---

وە لەبەر فەرموودەکەی (إبنُ عَبَّاس) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەسوار سێ (سَهْم)ی دا و بەپیادەیش (سَهْم)ێك [رواه البيهقی (٢٩٣/٦) وهو حديث صحيح بروانە الإرواء (١٢٢٧)].

(٦٩٠) عن (مُصْعَبُ بنُ سَعْد) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی : (سَعْد) (خوای لێ ڕازی بێت) وای بینی کەوا فەزڵ دارترەبەسەر ئەواندا کەلە ئەو کەمتر جەنگیان کردووە — و دەبێت لەدەست کەوتیش دا لەوان زۆرتری پێ بدرێت — جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((هَلْ تُنْصَرُونَ وَتُرْزَقُونَ إِلاّ بِضُعَفَائِكُمْ)) واتە : ئایە ئێوە سەر دەخرێن و ڕۆزی دەدرێن مەگەر بەلاوازەکانتانەوە [رواه البخاری (٦/رقم/٢٨٩٦) والنسائی (٦/٤٥/٣١٧٨) ].

وە فەرموودەکەی (إبنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەست کەوتەکانی (بَدْر)ی دابەش کرد بەیەکسانی پاش ئەوەی ڕوبەڕو بونەوەو دەمەقاڵە ڕووی دا لەنێوان ئەوەی جەنگی کردووەو ئەوەی جەنگی نەکردووە ، و دابەزینی فەرموودەی خوای گەورە : ﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الأَنْفَالِ﴾ [رواه ابوداود (٣/رقم/٢٧٣٧) والمستدرك (١٣١/٢) وصححه ابو الفتح فی الاقتراح على شرط البخاری بروانە فتح الغفار (٢٧٦/٢) وقال محمد صبحی حلاق فی تخريجه للروضة الندية بأنه حديث صحيح ].

(الشَيْخ أحْمَد مَعْرُوف) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێ : (وە ئەو کەسەی کەفەرماندە خۆی ڕەوانەی شوێنێکی بکات لەبەر بەرژەوەندی سوپاکە وەك (بَرِيد) و (طَلِيعَة) و (جَاسُوس) هەموویان (سَهْم) یان پێ دەدرێت ئەگەر بەشداری جەنگەکەش نەکەن وەکو بە(عُثْمَان) درا لەڕۆژی (بَدْر) دا)) بروانە [حجة الله البالغة (١٧٦/٢)] .

(٦٩١) لەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا (نَجْدَةُ بنُ عَامِر الحَرُوْرِي) چەند پرسیارێکی لێ کرد ، یەکێك لەوانە ئایە کۆیلەو ئافرەت ئامادەی دەست کەوت دەبن ؟ ئایە هیچ بەشیان پێ دەدرێت؟ جا ئەویش لەوەلامی‌دا فەرمووی : ((هیچ بەشێکی دیاریان نی‌یە مەگەر هەر تەنها بەخششێکیان پێ بدرێت ....)) [رواه مسلم (١٨١٢/١٤٤٥/٣)].



منتدى إقرأ الثقافي

پێشەوا بۆ هەندێك لەسوپاکە ، هەندێك لە دەستکەوتەکانیان بەتاڵانی بداتە خۆیان جگە لەوبەشەشیان کە لەگەڵ سوپادا پێیان دەدرێت (٦٩٢) وە بۆیشی هەیە بەشێك بۆ دڵ ڕاگیراوان دابنێت ئەگەر بەباشی زانی (٦٩٣) وە

---

وەلە (لَفظ) ێکیتردا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئافرەتانی لەگەڵ خۆیاندا دەبرد بۆ غەزا ، جا تیماری بریندارانیان دەکرد وە لەدەست کەوت بەخششیان پێ دەدرا ، بەڵام بەشی تایبەت (سَهْم) ئەوە بۆ یانیان دا نەئەنا)) [رواه مسلم (١٨١٢/١٤٤٤/٣)] .

وە فەرموودەکەی (عُمَيْر)ی مەولای (أبي اللَّحْم) (خوایان لێ ڕازی بێت ) فەرمووی : ((لەگەڵ گەورەکەم دا دەرچووم ڕۆژی (خَيْبَر) ، وە من کۆیلە بووم ، جا هیچ لە دەست کەوت بەشم نەدرا بەڵام لەشتی ناو ماڵە شمشێرێکم پێدرا ، وەکاتێك لەشانم بکردایە دەمکێشا لەشوێنی خۆم [ رواه ابوداود (٣/رقم/٢٧٢٩) والترمذي (٣/٥٨/١٦٠٠) وابن ماجه (٢/٩٥٢)(٢٨٥٥) وغيرهم وهو حديث صحيح بروانه الإرواء (١٢٢٤) وصحيح ابن ماجه (٢٣٠٤) ].

(٦٩٢) لەبەر فەرموودەکەی (عَبْدُالله بن عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) جاری وا هەبوو هەندێك لەو (سرِيَّە)انەی کە دەینارد دەست کەوتەکانیانی دەکردە تاڵانی بۆ خۆیان بەتەنها تایبەت بێت جگە لەبەشی سوپاکە بەگشتی ، وە پێنج یەك لە هەموو ئەوەدا پێویستە)) [رواه البخاری (٦/٢٣٧/٣١٣٥) و مسلم (٣/١٣٦٩/١٧٥٠) ].

(٦٩٣) لەبەر فەرمودەکەی (عَبْدُالله بن مَسْعُود) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((کاتێك کە ڕۆژی (حُنَيْن) بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەند کەسێکی پێش خست لە دابەش کردنی دەست کەوتەکاندا جا سەد (١٠٠) ووشتری دابە (الأقْرَعُ بنُ حَابِس) وە ئەوەندەش بە (عُيَيْنَـه) ، وە بەشیچەند کەسێك لە پیاوە گەورەکانی دا و پێشی خستن لە دابەشکردنەکەدا ، پیاوێك ووتی : وە (الله)ی ئەم دابەشکردنەدادپەروەرانە دادپەروەرانە نەبوو و بۆ خوای گەورە نەبوو ، منیش ووتم : وە(الله)ی ئەمە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕادەگەیەنم ، جا پێم ڕاگەیاند ، ئەویش فەرموی : ((فَمَنْ يَعْدِلُ إِذَا لَمْ يَعْدِلِ اللهُ وَرَسُولُهُ ؟ رَحِمَ اللهُ مُوسَى قَدْ أُوذِيَ بِأَكْثَرَ مِنْ هَذَا فَصَبَرَ)) واتە : جاکێ دادپەوەری دەکات ئەگەر خوا و پێغەمبەرەکەی داد پەروەرنەبن ؟ ڕەحمەتی خوا لە



منتدى إقرأ الثقافي

## پێشەوا خۆیشی بەشی خۆی هەیە وەکو موسوڵمانانی‌تر لەگەڵ هەڵبژاردە (الصَّفِي) یش دا کەبۆی تەرخان دەکرێت (٦٩٤)

(مُوسَىٰ) بێت بەڕاستی لەمە زیاتر ئازار درا و هەر ئارامی گرت [رواه البخاری (٦/رقم٣١٥٠) و مسلم (٢/٧٣٩/١٠٢٦)] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (أَنس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەست کەوتەکانی دابەش کردە سەر گەورەکانی (قُرَيْش)دا بۆ دڵ ڕاگرتنیان و بەشی (أَنْصَار) و (مُهَاجِرِين)ی نەدا)) . البخاری (٦/رقم٣١٤٦) و مسلم (٢/٧٣٣/١٠٥٩)] .

وە مەبەست بە پیاوە گەورەکان : ( (أَبُو سُفْيَان بنُ حَرْب) و (سُهَيْلُ بنُ عَمْرُو) و (حُوَيْطِبُ بنُ عَبْدِ العُزَّىٰ) و (حَكِيْمُ بنُ حزَام) و (صَفْوَانُ بنُ أُمَيَّة) ) یە ...

(٦٩٤) لەبەر فەرموودەکەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی : (صَفِيَّة)ی خێزانی پێغەمبەر لە هەڵبژاردە (الصَّفِي) بوو [رواه أبوداود (٣/رقم/٢٩٩٤) و هو حديث صحيح وروى البخاری (٥/رقم٢٢٣٥) عن أنس بن مالك نحوه] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (يَزِيْدُ بنُ عَبْدِاللهِ بنِ الشُّخَيْر) کەوا فەرمووی لە (مِرْبَد) — گەڕەکێکە لە بەصرە— بووین پیاوێك هاتە ژوورەوە پارچە پێستێکی پێ بوو جا خوێندمانەوە تێیدا نوسرا بوو ((مِنْ مُحَمَّدٍ رَسُولِ اللهِ إِلَىٰ بَنِي زُهَيْرِ بنِ أُقَيْشَ إِنَّكُمْ إِنْ شَهِدْتُمْ أَنْ لاَ إِلَـٰهَ إِلاَّ اللهُ وَ أَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللهِ وَ أَقَمْتُمُ الصَّلاَةَ وَ آتَيْتُمُ الزَّكَاةَ وَ أَدَّيْتُمُ الخُمسَ مِنَ المَغْنَمِ وَ سَهْمَ النَّبِيِّ (ﷺ) وَسَهْم الصَّفِيِّ فَأَنْتُمْ آمِنُونَ بِأَمَانِ اللهِ وَرَسُولِهِ)) واتە : لە (مُحَمَّد)ی نێرراوی خواوە بۆ (بَنِي زُهَيْر بن أُقَيْش) ئەگەر ئێوە شایەتیتان داوە کەوا هیچ خوایەك نی‌یە شایەنی پەرستن بێت جگە لە (الله) و (مُحَمَّد)یش نێرراوی خوایە و نوێژتان کردبێت و زەکاتتان دابێت و پێنج یەکی دەست کەوتتان دابێت لەگەڵ بەشی پێغەمبەری خوایش دا (ﷺ) و لەگەڵ هەڵبژاردەدا ئەوە ئێوە لە ئەمانی خواو ئەمانی پێغەمبەر دان ، جا ووتمان : کێ ئەمەی بۆت نوسی ؟ ووتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) [رواه أبو داود (٣/رقم ٢٩٩٩) و النسائی (٧/١٣٤/٤١٥٧) و أحمد (٥/٧٧ و ٣٦٣) وهو حديثصحيح بروانە صحيح النسائی (٣٨٦٦)] .


منتدى إقرأ الثقافي

وە ئەگەر شتی موسوڵمانێك گێڕایەوە كە لەپێش دا كافران برد بوویان ئەوە دەدرێتەوە بەخۆی (٦٩٥) وەپێش دابەش كردنی دەست كەوت حەرامە لێ ی ببڕێت (٦٩٦)

---

وە لە (الشَّعْبِي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پرسیار كرا لەبارەی (الصَّفِيّ)ەوە فەرمووی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) (سَهْم) ێكی هەبوو پێی دەوترا هەڵبژاردە (الصَّفِي) . ئەگەر ویستی هەبوایە بەندەیەك دەبوو یان كەنیزەیەك یان ئەسپێك ، پێش پێنج یەك هەڵیدەبژارد [رواه ابوداود (٣/رقم/٢٩٩١) والنسائی (٧/٣٤/٤١٥٦) وهو صحیح الاسناد بروانە صحیح سنن النسائی (٣٨٦٥)] .

(٦٩٥) لەبەر فەرموودەكەی (إبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی : ((ئەسپێكی ڕۆیشت و كەوتە دەستی دووژمن ، جا كاتێك موسوڵمانان سەركەوتن بەسەریان دا ، ئەسپەكەی پێدرایەوە لەسەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە بەندەیەكیشی ڕایكرد و ڕۆیشتە ناو ڕۆمەكان ، جا كاتێك موسوڵمانان سەركەوتن بەسەریان دا (خَالِدُ بنُ وَلِيْد) بۆی گێڕایەوە ، پاش پێغەمبەری خوا (ﷺ) )) [رواه البخاری (٦/رقم/٣٠٦٧)] .

(٦٩٦) لەبەر فەرموودەكەی (بُرَيْدَة) بڕوانە (پ٦٧١) وە لەبەر فەرموودەی تری زۆر لەوانە فەرموودەكەی (أبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) لە بەسەرهاتی ئەو بەندەیەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) كە تیرێك لێ ی دا و كوشتی جا هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویان : ((شەهید بوونی پیرۆز بێت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) )) پێغەمبەری خوا (ﷺ) یش فەرمووی : ((كَلَّا و الَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ إنَّ الشَّمْلَةَ لَتَلْتَهِبُ عَلَيْهِ نَاراً أخَذَهَا مِنَ الغَنَائِمِ يَوْمَ خَيْبَرِ لَمْ تُصِبْهَا المَقَاسِمِ)) واتە : نەء ، بەوكەسەی كە نەفسی موحەممەدی بە دەستە ، دەست ماڵەكە بەسەریەوە ئاگری تێبەر داوە ، كەوا لەدەست كەوتەكان برد بووی لەڕۆژی (خَيْبَر)دا ، پێش ئەوەی دابەش بكرێت ، جا خەڵكەكەی ڕاچەڵەكاند ، تا پیاوێك (شیراك)ە نەعلێك یان دوو (شیراك)ە نەعلی هێنا و فەرمووی : ((شِرَاكٌ مِنْ نَارٍ أوْ شِرَاكَانِ مِنْ نَارٍ)) واتە : شیراكێك لە ئاگر یان دوو شیراك لەئاگر [رواه البخاری (١١/رقم/٦٧٠٧) ومسلم (١/١٠٨/١١٥) وغيرهما] .


منتدى إقرأ الثقافي

یا سوودی لێ وەربگرێت مەگەر خواردن بێت یان ئالفی ولاخ بێت (٦٩٧) وە ئەگەر ئەو دەست کەوتە زەوی بوو ئەوە دەکەوێتە دەستی پێشەوا ، ئەگەر بەباشی زانی ئەوە دابەشی دەکات وەکو دەست کەوتەکانیتر یان دابەشی ناکات بەلام بەرهەمەکەی دابەش دەکات بەسەر ئەو جەنگاوەرانەدا کە بەشداری ڕزگار کردنیان کردوە ، یان بەرهەمەکەی تایبەت دەکات بۆ

---

وە ئیمامی (النَّوَوِي) یەك دەنگی (إِجْمَاع) زانایان دەگێڕێتەوە لەسەر ئەوەی کەوا لەدەست کەوت بردن پێش دابەش کردنی لەتاوانە گەورەکانە . بڕوانە [شرح صحيح مسلم (٢١٧/١٢)] .

(٦٩٧) لەبەر فەرموودەکەی (رُوَيْفِعُ بنُ ثَابِت) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَاليَوْمِ الآخِرِ فَلَا يَرْكَبْ دَابَةً مِنْ فَيْءِ المُسْلِمِينَ حَتَّىٰ إِذَا أَعْجَفَهَا رَدَّهَا فِيهِ ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَاليَوْمِ الآخِرِ فَلَا يَلْبِسُ ثَوْبَاً مِنْ فَيْءِ المُسْلِمِينَ حَتَّىٰ إِذَا أَخْلَقَهُ رَدَّهُ فِيهِ)) واتە : هەرکەسێك باوەڕی بەخوا و بەڕۆژی دوایی هەیە با سواری ولاخێك نەبێت لەدەست کەوتی موسولمانان هەتا کاتێك لەڕ دەبێت بیگێڕێتەوە ، وە هەر کەسێك باوەڕی بەخواو بەڕۆژی دوایی هەیە با جل و بەرگێك لەدەست کەوتی موسولمانان لەبەر نەکات ، تا کاتێك کۆنی دەکات بیگێڕێتەوە [رواه ابوداود (٣/رقم/٢٧٠٨) وغيره وهو حديث حسن حسنه الحافظ في الفتح (٦/٢٥٦) وحسنه الالباني في الإرواء (٢١٣٧) وصحيح الجامع (٦٥٠٧) ].

وە لەبەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا دەیفەرموو : ((ئێمە لەکاتی غەزا کردنمان دا هەنگوین وترێمان دەست دەکەوت ، دەمانخوارد و بەرزمان نەدەکردەوە)) [رواه البخاري (٦/رقم/٣١٥٤)] .

جەماوەری زانایان دەفەرمن : دروستە سوود وەرگرتن لەخواردن و ئالفی ولاخ لەدەست کەوتی جەنگ پێش دابەش کردنیشی ئیتر پێشەوا ڕوخسەتی دابێت یان نەء .



منتدى إقرأ الثقافي

خەزێنەی موسوڵمانان(بَيْتُ المَال) (٦٩٨) وە ئەو دەست کەوتەی کە بەبێ جەنگ دەستی موسوڵمانان دەکەوێت (الفَيْ) وەکو پێنج یەکی دەست کەوتی جەنگ دابەش دەکرێت (٦٩٩)

## سەرانە ( الجِزْيَة ) لەسەر ( أهْلُ الذِّمَّة ) (٧٠٠)

پێویستە لەسەر پێشەوای موسوڵمانان کەوا ڕازی بێت بەدامەزراندنی (عَقْد)ی سەرانە لەگەڵ خاوەن کتێبەکان دا - وەکو جوولەکە و گاوور - وە لەگەڵ ئەوانەیش دا کەوا گومانیان لێ دەکرێت کەوا خاوەن کتێب بن -

---

(٦٩٨) چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) زەوی (بَنِي قُرَيْظَة و بَنِي نَضِيْر) یشی لەنێوان موسوڵمانان دا دابەش کرد وە نیوەی تریشي تەرخان کرد بۆ ئەو (وَفد)انەی کە دادە بەزینە لای وە بۆ پێویستی و کارە گشتیەکان)) [رواه ابوداود (٣/رقم/٣٠١٠ ، ٣٠١٢) واسنادهما صحيح بروانە تحقيق محمد صبحي على الروضة الندية (٢/٧٥٦)] .

وە هاوەڵانیش وازیان لەو زەویانە دەهێنا کە دەستیان دەکەوت لەزۆر شوێن دا بۆ ئەوەی هەموو موسوڵمانان تێیدا بەشدار بن ، ئەمەش ڕاو و بۆچوونی جەماوەری (صَحَابَە)ی پێغەمبەر بووە وەخەلیفە ڕاشدیە کانیش کاریان بەمە کردووە .

(٦٩٩) لەبەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (الحشر :٧) کە دەفەرموێ : ﴿مَا أَفَاءَ اللهُ عَلَىٰ رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَىٰ فَلِلهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ﴾ واتە : ئەو دەست کەوتەی کە بێ جەنگ خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی داوە . لە خەڵکی ئاوایەکان ، ئەوە بۆ خوایە و بۆ پێغەمبەرەو بۆ خزمان و هەتیوان و کەم دەستان و ڕێبوارانە .

(٧٠٠) (الذِّمَّة) واتە : پەیمان و ئەمین بوون ، وە (أهلُ الذِّمَّة) ئەو هاوەڵ بڕیار دەرە (مُشْرِك)ە خاوەن کتێبانەن کە سەرانە دەدەن بە پێشەوای موسوڵمانان بەرانبەر بە پاراستنی سەرو ماڵیان ، جا ئەویش دڵنیایان دەکات کەوا لە ئاسایش دا دەبن لەلایەن موسوڵمانانەوە ، وە دەوڵەتی ئیسلام پارێزگاری لە خوێن و ئابروو ماڵیان دەکات .



منتدى إقرأ الثقافي

**وەکو ئاگر پەرستەکان - ئەگەر ترسی نـەبێت لـەفێڵ و درۆ کردنیـان (٧٠١) بەچوار مەرج :**

**یەکەم : پیاوە پێگەیشتوەکانیان سەرانە بدەن کەلای کەمی دینارێکی ئاڵتوونیە بەپێی دەست ڕۆیشتن و دەوڵەمەندی زیاتر دەکرێت (٧٠٢)**

---

(٧٠١) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە لە سورەتی (التوبة :٢٩) دا کە دەفەرموێ : ﴿قَاتِلُوا الَّذِيْنَ لايُؤْمِنُونَ باللهِ والْيَوْمِ الآخِرِ ولاَيُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللهُ وَرَسُولُهُ وَلاَيَدِيْنُونَ دِيْنَ الحَقِّ مِنَ الَّذِيْنَ أُوتُوا اَلكِتَابَ حَتَّىٰ يُعْطُوا الجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وهُمْ صَاغِرُونَ﴾ واتـە : بجەنگن لەگەڵ ئەوانەدا کە باوەڕیان بەخواو بە ڕۆژی دوایی نییە ، وە ئـەوەی خوای گەورە حەرامی کردووە بە حەرامی نازانن ، [redacted] لەوانەی کە کتێبیان پێ دراوە ، تاوەکو بەدەستی خۆیان بە سەر شۆڕییەوە سەرانە دەدەن . وە لەبەر فەرموودەکەی (بُرَيْدَة) بڕوانە (پ٦٧١) وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی (عَقد)ی سەرانەی لەگەڵ خەڵکی (بَحْرَيْن) و (هَجَر) و (يَمَن) دا دامەزراند . بڕوانە [البخاری (٦/رقم/٣١٥٧ ، ٣١٥٨) و مسلم (٤/٢٢٧٢/٢٩٦١) وابوداود (١/رقم/١٥٧٦) والترمذی (٣/٢٠/٦٢٣) والنسائی (٥/٢٦) وغيرهم] .

(٧٠٢) لەبەر فەرموودەکەی (مُعَاذ) (خوای لێ ڕازی بێت) ((کەوا کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕەوانەی کرد بۆ (يَمَن) فەرمانی پێکرد کەوا لەهەموو پیاوێکی پێگەیشتوو دینارێك وەرگرێت یان بە ئەندازەی ئـەوە — دینار -ە (مَعَافِر) وەرگرێت )) [رواه ابوداود (٨/٢٨٧/٣٠٢٢) وهو صحيح بڕوانە الارواء (١٢٥٤)] وە (مَعَافِر) : جۆرێکە لە پۆشاکی (يَمَن)ی ؛ وە لەبەر (أَثَر)ەکەی (نَافِع عَنْ أَسْلَم) کەوا (عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت) بۆ فەرماندەکانی سوپاکانی نووسی ((لاَتَضْرِبُوا الجِزْيَةَ عَلَىٰ النِّسَاءِ وَالصِّبْيَانِ وَلاَتَضْرِبُوهَا إلاَّ عَلَىٰ مَنْ جَرَتْ عَلَيْهِ المُوْسَىٰ)) واتە : سەرانە لەسەر ئافرەت و منداڵ دامەنێن وە هەروەها دایمەنێن لەسەر هیچ کەسێك مەگەر تووکی بەر عەورەتی هاتبێت — واتە بالغ بووبێت — [رواه البيهقی (٩/١٩٥) وهو صحيح بڕوانە الارواء (١٢٥٥)] .

وەهەروەها لەبەر (أَثَر)ەکەی (أَسْلَم) کەوا (( (عُمَرُ بنُ الخَطَّاب) سەرانەی دانا لەسەر خاوەن ئاڵتوون چوار دینار وە لەسەر خاوەن زیو چل درهەم لەگەڵ ڕۆزیدانی موسوڵمانان ومیوان داری کردنیان سێ ڕۆژ)) [رواه البيهقی (٩/٩٥) وهو صحيح بڕوانە الارواء (١٢٦١)]


منتدى إقرأ الثقافي

**دووەم : شەرعی ئیسلامیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت لەوەدا کە باوەڕیان پێی هەیە .** (٧٠٣)

**سێیەم : باسی ئایینی ئیسلام نەکەن مەگەر بەچاکە .** (٧٠٤)

---

جا پێشەوا تەماشای دەوڵەمەندی و هەژاری دەکات ، لەبەر (أثر)ەکەی (إبْنُ أبِي نَجِيح) کەوا فەرمووی : بە (مُجَاهِد)م ووت : ئایە بۆ خەڵکی (شَام) سەرانەیان چوار دینارە بەڵام خەڵکی (یَمَن) یەك دینارە؟ فەرمووی : ئەوە بەپێی دەست ڕۆیشتن و دەست نەڕۆیشتن دانراوە — خەڵکی (یَمَن) لە خەڵکی (شَام) هەژار ترن [رواه البخاری (٦/٢٥٧) تعلیقاً ووصله غیره وهو صحیح بڕوانە (الارواء) (١٢٦٠)] .

(٧٠٣) لەبەر فەرموودەکەی خوای گەورە ﴿وَهُمْ صَاغِرُونَ﴾ ئیمامی (الشَّافِعِي) لەواتاکەیدا دەفەرموێ : ئەوەیە (أحْكَام)ی ئیسلامیان بەسەردا جێبەجێ بکرێت ، ولەبەر فەرموودەکەی (أنَس)یش کەوا کابرایەکی جوولەکە سەری (جَارِیَە)یەکی لەنێوان دوو بەرد دا پان کردەوە ، جا پێغەمبەری خوایش (ﷺ) سەری ئەوی لەنێوان دوو بەرددا پان کردەوە [کە فەرموودەکە لەباسی تۆڵە سەندنەوەدا باسمان کرد] .

وە لەبەر فەرموودەکەی (إبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) ((کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوو جوولەکەیان بۆ لای هێنا کە زینایان کردبوو پاش ژن هێنان و شوو کردن ، جا ئەویش هەردووکیانی بەرد باران کرد)) [رواه البخاری (٣/رقم/١٣٢٩) ومسلم رقم(١٦٩٩)] .

وە ئەوەیشی کە باوەڕیان پێی نییە ، شەریعەتی ئیسلامیان بەسەردا جێبەجێ ناکرێت وەکو مەی خواردنەوە ، مەگەر لەوشتانەدا کە خۆیان بەرزی بکەنەوە بۆ دادگای ئیسلام ئەوکاتە داوەر بەشەرعی ئیسلام داوەری نێوانیان دەکات .

(٧٠٤) وەکو باس کردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەخراپە یان باس کردنی قورئان یا هەرشتێکیتر کەوا تانە بێت لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام .


منتدى إقرأ الثقافي

چـوارەم : شـتێك نەکـەن کـەوا زیـانی بـۆ ئیسـلام و موسـوڵمانان هەبێت . (٧٠٥)

(٧٠٥) وەك داڵدە دانی سیخور (جَاسُوس) یان ئاگادار کردنەوەی دوژمن لەکەم و کوڕی موسڵمانان و خاڵە لاوازەکانیان ، یان ئاشکرا کردنی خواردن و خواردنەوەی حەرام یان ئاشکرا کردنی شیرك ... هتد .

بەفەزڵی خوا ئەوە لە نوسینەوەی بەشی (معاملات)یش بومەوە .
بەم جۆرە کۆتایی بەم کتێبە هات

« وآخر دعوانا الحمد لله رب العالمين »

باوکی(هُدَیٰ)
پاش نوێژی عەسری
سێ شەممەی ( ١٤ )ی ڕەبیعی دووەمی ساڵی (١٤٢٠) ی کۆچی
مزگەوتی تەقوا — کەلار — کوردستان



منتدى إقرأ الثقافي

# پێڕست

| بـــابـــەت | لاپەڕە |
|---|---|

پێشەکی........................................ ٣

بەشی پاککردنەوە (الطهارة)

جۆرەکانی ئاو (أقسام المیاه)........................................ ٨
ئەو شتانەی کە پیسن (النجاسات)........................................ ١٠
چۆن پیسی پاك دەکرێتەوە (کیفیة تطهیر النجاسة)........................................ ١٢
دەست بە ئاو گەیاندن (قضاء الحاجة)........................................ ١٤
چەند تێبینی یەك........................................ ١٧

دەستنوێژ (الوضوء)

پایەکانی دەست نوێژ (ارکان الوضوء)........................................ ٢٠
چەند تێبینییەك........................................ ٢١
پێویستییەکانی دەستنوێژ (واجبات الوضوء)........................................ ٢٣
سوننەتەکانی دەستنوێژ (سنن الوضوء)........................................ ٢٥
ئەوەی دەستنوێژ بەتاڵ دەکاتەوە (مبطلات الوضوء)........................................ ٢٩
چەند تێبینییەك........................................ ٣١

خۆشۆردن (الغسل)

ئەوەی بۆ خۆشۆردن پێویستە (موجبات الغسل)........................................ ٣٦
تێبینی: دەربارەی خۆشۆردنی جومعە........................................ ٣٩
پایەکانی خۆشۆردن (أرکان الغسل)........................................ ٤٢
پێویستییەکانی خۆشۆردن (واجبات الغسل)........................................ ٤٣
سوننەتەکانی خۆشۆردن (سنن الغسل)........................................ ٤٤
ئەو خۆشۆردنانەی کە سوننەتن (الإغتسالات المستحبة)........................................ ٤٤
مەسح کردن لەسەر خوف و گۆرەوی (المسح علی الخفین والجوربین).. ٤٧


منتدى إقرأ الثقافي

## تەیەمموم (التیمم)


کەی تەیەمموم دروستە؟.......... ٥٠

پایەکانی تەیەمموم (ارکان التیمم).......... ٥٢

سوننەتەکانی تەیەمموم (سنن التیمم).......... ٥٣

ئەوانەی تەیەمموم بەتاڵ دەکەنەوە (مبطلات التیمم).......... ٥٤

حەیز و زەیسانی (الحیض والنفاس).......... ٥٤

ئەوەی لەکاتی حەیز و زەیسانیدا حەرامە (مایحرم بالحیض والنفاس) ٥٨


## بەشی نوێژ (الصلاة)


کاتەکانی نوێژ (اوقات الصلاة).......... ٦١

ئەو کاتانەی کە نوێژ کردنی تێدا قەدەغە کراوە (الأوقات التي نهى عن الصلاة فيها).......... ٦٧

چەند تێبینییەك.......... ٦٨

مەرجەکانی نوێژ (شروط الصلاة).......... ٧٠

ئەوانەی قەدەغەی لێکراوە لە نوێژدا.......... ٧٤

بانگ دان و دابەستنی نوێژ (الأذان والإقامة).......... ٧٥

نوێژە سوننەتەکان (الصلوات المسنونة).......... ٨٢

دوو ڕکات پێش بەیانی نوێژی چێشتەنگاو (الضحی).......... ٨٣

شەو نوێژ و نوێژی تاك (وتر).......... ٨٤

نوێژی دەستنوێژ ..دووڕکات سڵاوی مزگەوت، وە نوێژی (إستخارة).. ٨٧

چۆنێتی نوێژ کردن پایەکانی نوێژ (أركان الصلاة).......... ٨٩

چەند تێبینییەك.......... ٩٣

پێویستیەکانی نوێژ (واجبات الصلاة).......... ٩٧

سوننەتەکانی نوێژ (سنن الصلاة).......... ١٠١

زیکرو دوعای پاش نوێژ (الأذكار و الأدعية عقب الصلاة).......... ١٠٨

ئەوانەی نوێژ بەتاڵ دەکەنەوە (مبطلات الصلاة).......... ١١٢


منتدى إقرأ الثقافي

دوو تێبینی:

تێبینی یەکەم: چەند شتێك لە نوێژدا حەڵاڵە بکرێت........ ١١٣
تێبینی دووەم: ئەوەی لە نوێژدا باش نییە بکرێت........ ١١٧
(سجود)ی هەڵە کردن (سجود السهو)........ ١١٨
(سجود)ی قورئان خوێندن (سجود التلاوة)........ ١٢١
(سجود)ی سوپاس کردنی خوا (سجود الشکر)........ ١٢٢
نوێژی بەکۆمەڵ کردن (صلاة الجماعة)........ ١٢٣
چەند تێبینییەك........ ١٣٠
گێڕانەوەی نوێژە فەوتاوەکان (قضاء الصلوات)........ ١٣٥
نوێژی هەینی (صلاة الجمعة)........ ١٣٧
ئەوانەی سوننەتە لە شەوو ڕۆژی جومعەدا بکرێت........ ١٤١
نوێژی هەردوو جەژنەکە (صلاة العیدین)........ ١٤٥
نوێژی ترس (صلاة الخوف)........ ١٤٩
نوێژی کەسێك لەسەفەردابێت (صلاة المسافر) کورت کردنەوە و کۆکردنەوەی نوێژ (قصر وجمع)........ ١٥١
چەند تێبینییەك........ ١٥٣
نوێژی خۆرگیران و مانگ گیران (صلاة الکسوفین)........ ١٥٧
نوێژی داواکردنی باران (الصلاة الإستسقاء)........ ١٦١
بەشی یاساکانی مردوو (أحکام المیت) پێویستیەکانی سەرەمەرگ (أحکام المحتضر)........ ١٦٤
تێبینی: أ — دروستە بۆ کەس وکاری مردو تەماشای دەم وچاوی بکەن و ماچی بکەن........ ١٦٦
ب — دروستە گریان لەسەر مردوو تاسێ ڕۆژ........ ١٦٧
ئەوانەی پێویستە بۆ مردوو بکرێت (مایجب للمیت) یەکەم: شۆردنی مردوو........ ١٦٩



منتدى إقرأ الثقافي

دووەم: داپۆشین (کفن) کردنی مردوو (تکفين الميت)........ ١٧٢
سێیەم: نوێژی مردوو (صلاة الميت)........ ١٧٤
وە ئەم دوعایانە لە سوننەتدا هاتووە........ ١٧٨
چەند تێبینییەك: یەکەم: دروستە نوێژ لەسەر ئەمانە بکرێت........ ١٨٢
دووەم: وەحەرامە نوێژکردن و داوای لێ بوردن و بەزەیی لە خوای گەورە بۆ بێباوەڕو دووڕووەکان........ ١٨٤
سێیەم: دروستە نوێژ لەسەر گۆڕ بکرێت پاش ئەوەی مردووەکە بخرێتە گۆڕ. ١٨٤
هەڵگرتنی جەنازە و پاداشتی شوێن کەوتنی (حمل الجنازة وأجر إتباعها). ١٨٥
چوارەم: ژێرخاك کردنی مردوو (دفن الميت)........ ١٨٧
دڵ دانەوەی کەس و کاری مردوو (تعزية أهل الميت)........ ١٩٩
ئەو شتانەی سوود بەمردوو دەگەیەنێت (ماينتفع به الميت)........ ٢٠٠
سەردانی گۆڕستان (زيارة القبور)........ ٢٠٢
ئەوانەی حەرامە لای گۆڕ بکرێت (مايحرم عند القبور)........ ٢٠٣
بەشی زەکات (الزكاة)
زەکات لەسەر کێ پێویستە؟ (على من تجب الزكاة)........ ٢٠٨
ئەو پارەو سامانانەی کە زەکاتی تێدا پێویست دەبێ (الأموال التى تجب فيها الزكاة)........ ٢١٢
زەکاتی پارەو پوول (زكاة الأموال والنقود)........ ١١٢
زەکاتی دانەوێڵەو بەروبووم (زكاة الحبوب والثمار)........ ٢١٥
زەکاتی ئاژەڵ (زكاة الحيوان)........ ٢١٨
ئایا لەماڵی بازرگانیدا زەکات پێویستە؟ (هل تجب الزكاة فى عروض التجارة ؟)........ ٢٢٣
زەکات دەبێت بەکێ بدرێت ؟ (المستحقون للزكاة)........ ٢٢٥
زەکاتی سەرفترە (زكاة الفطر)........ ٢٢٩
بەشی پێنج یەك (باب الخمس) ٢٣٣


منتدى إقرأ الثقافي

بەشی ڕۆژوو (الصوم)


ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزان (صیام شهر رمضان)........................ ٢٣٤
ئەوانەی ڕۆژوویان لەسەر پێویست نییە. (الذین لا تجب علیهم الصوم). ٢٣٦
پایەکانی ڕۆژوو (أركان الصوم)........................ ٢٣٩
ئەوانەی ڕۆژوو بەتاڵ دەکەنەوە. (مبطلات الصوم)........................ ٢٣٩
ئەوەی سوننەتە ڕۆژووان بیکات.(آداب الصیام)........................ ٢٤١
ئەوانەی بۆ ڕۆژووان دروستە (مایباح للصائم)........................ ٢٤٣
ڕۆژووی سوننەت (صیام التطوع)........................ ٢٤٥
ئەو ڕۆژانەی کە ڕۆژوو گرتنی تێیدا قەدەغە کراوە (الأیام التی نهی الصیام فیها)........................ ٢٤٨
مانەوە لە مزگەوتدا بۆ خوا پەرستی (الإعتكاف)........................ ٢٥١


بەشی حەج (الحج)


حەج وعومرە کردن لەسەر کێ پێویستە (على من تجب الحج والعمرة). ٢٥٥
ئەوەی حەرام دەبێت لەسەر کەسێك ئیحرام ببەستێت (مایحرم على المحرم). ٢٦٢
ئەوانەی لە هەردوو حەرەمدا (مكه) و (مدینة) حەرام کراوە (محظورات الحرمین)........................ ٢٦٨
چۆنێتی حەج کردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟ (كیفیة حجّ النّبیّ (ﷺ)؟). ٢٧٠
پایەکانی حەج (أركان الحج)........................ ٢٧٦
پێویستیەکانی حەج (واجبات الحج)........................ ٢٧٧
سوننەتەکانی حەج (سنن الحج)........................ ٢٨١
مەرجەکانی سوور خواردنەوە (شروط الطواف)........................ ٢٨٧
مەرجەکانی کۆشش کردن (شروط السعی)........................ ٢٨٩
ئەوانەی حەج بەتاڵ دەکاتەوە (مبطلات الحج)........................ ٢٨٩


عومرە کردن (العمرة)


پایەکانی عومرە کردن (أركان العمرة)........................ ٢٩٠
پێویستیەکانی عومرە کردن (واجبات العمرة)........................ ٢٩٠
پێڕست ........................ ٦٢٩



منتدى إقرأ الثقافي

# ناوەڕۆك

| لاپەرە | بابەت |
|---|---|


بەشی: ژن هێنان ٢٩٣

حوکمی ژن هێنان ........................................ ٢٩٣

تێبینی: ژن هێنان فەزڵی زۆرە ........................................ ٢٩٦

سیفەتەکانی ژنی باش و مێردی باش ........................................ ٢٩٧

تێبینی: مەرج نیيە پیاو هەر کچ بخوازێت ........................................ ٢٩٨

جۆرەکانی تەماشا کردن ........................................ ٢٩٩

داوا کردن و خوازبێنی ژن (الخطبة) ........................................ ٣٠١

پرس کردنی ئافرەت پێویستە بۆ بەشودانی ........................................ ٣٠٣

دابەستنی مارە برین ........................................ ٣٠٤

تێبینی: ئەگەر ئافرەت چەند سەرپەرشتیارێکی هەبوو؟ ........................................ ٣٠٤

دوو تێبینی: یەکەم/ ئەگەر لەدابەستنی مارەبڕین دا مارەیی بۆ ئافرەت
دیاری نەکرا چیدەکرێت ؟ ........................................ ٣٠٥

دووەم/ ئەگەر پیاوەکە پاش مارە بڕین مرد ........................................ ٣٠٥

ژن گواستنەوە ........................................ ٣٠٧

تێبینی: دروستە پیاو (عزل) بکات ........................................ ٣١٢

خواردن دروست کردن (الولیمة) پێویستە ........................................ ٣١٣

خۆشی کردن و ئاشکرا کردنی (شایی) ........................................ ٣١٥

مافەکانی ژن و مێرد بەسەر یەکەوە ........................................ ٣١٧

سێ تێبینی: یەکەم/ ئەگەر پیاو دووژنی هەبوو و سەفەری کرد ........................................ ٣٢١

دووەم/ ئەگەر پیاو ژنێکی تری هێنا ........................................ ٣٢١




منتدى إقرأ الثقافي

سێیەم/ ئافرەت دەتوانێت بەشەکەی خۆی ببەخشێت ............ ٣٢٢
ئەو مارە بڕینانەی کە حەرامە ............ ٣٢٨
**بەشی: تەڵاق** ٣٣٤
جۆرەکانی تەڵاق ............ ٣٣٤
جیاوازی زانایان لەسەر کەوتنی تەڵاقی (بیدعی) ............ ٣٣٧
جیاوازی زانایان لەسەر کەوتنی تەڵاقی سێ بەسێ بەیەك جار ............ ٣٣٨
ئەوانەی تەڵاقیان ناکەوێت ............ ٣٤٥
ئەو حاڵاتانەی کە داوەر لەجیاتی مێرد تەڵاقی ئافرەت دەدات ............ ٣٤٦
جیابوونەوە لەیەك بەرانبەر شتێك (خُلْع) ............ ٣٤٧
ماوەی مانەوەی ئافرەت پاش جیابوونەوە ............ ٣٥٤
تێبنی: ماوەی (عِدَّە) ئافرەتێك لە حەیز بڕابێت لەبەر هۆیەکی کاتی ............ ٣٥٥
تێبینی: جیاوازی پێشینان (سَلَف) لەبارەی ماوەی ئافرەتێك پیاوەکەی مردوو بێت و (حامِلَە) بێت . ............ ٣٥٦
سوێند خواردنی مێرد کەوا لەگەڵ خێزانەکەیدا جووت نەبێت (الإِيْلاء) ............ ٣٥٩
مێرد بەژنەکەی بڵێ: تۆ وەکو دایك و خوشکم وای (الظِّهار) ............ ٣٦٠
(لِعَان) کردن ............ ٣٦٣
بەخێو کردن و پەروەردە کردنی منداڵ ............ ٣٦٧
تێبینی: ئەو مەرجانە کە دەبێت لەبەخێو کەردا هەبێت ............ ٣٦٨
شیردانی منداڵ ............ ٣٦٩
بەخێو کردن و خەرجی دانی ژن و کەس و کار ............ ٣٧١
**بەشی: کڕین و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕ کردن** ٣٧٥
ئەو کڕین و فرۆشتنانەی کە قەدەغەی لێ کراوە ............ ٣٧٩
ئەو شتانەی فرۆشتنیان حەرامە ............ ٣٨٩
پەشیمان بوونەوە لە کڕین و فرۆشتن ............ ٣٩١
سوود خواردن (الرِّبا) ............ ٣٩٣
ئەو شتانەی سوودی تێدا حەرامە ............ ٣٩٥


منتدى إقرأ الثقافي

قەرز (القرض) .................................................. ٤٠٠
زەوی دان بەکەسێك بیچێنێت وشکت و کاڵی لەسەر بکات بەهەندێك لەبەر هەمەکەی . ٤٠٦
بەکرێ دان (الإجارة) .................................................. ٤٠٨
شەریکایەتی (الشِّرْكَة) .................................................. ٤١٣
بازرگانی کردن بە پارەی خەڵکی (المُضَارَبَة) .................................................. ٤١٩
بارمتە (الرَّهْن) .................................................. ٤٢٣
سپاردن (الوَدِيْعَة) .................................................. ٤٢٥
دەستیار (العَارِيَة) .................................................. ٤٢٧
گواستنەوەی قەرز (الحَوَالَة) .................................................. ٤٢٩
لەجیێ خۆ دانان (الوَكَالَة) .................................................. ٤٣١
زەمانەت و کەفالەت کردن .................................................. ٤٣٣
دیاری و بەخشین .................................................. ٤٣٦
تێبینی: لەبارەی ئەو فەرموودەیەوە کە قەدەغە دەکات لەوەرگرتنی دیاری کافران . ٤٣٧
گیردانی شتێك لە ڕێگای خودا (الوَقْف) .................................................. ٤٤٢
زیندوو کردنەوەی زەوییەکی مردوو ودابڕکردن (الإِحْيَاء و الإِقْطَاع) .................................................. ٤٤٦
مافی شوفعەت کردن .................................................. ٤٤٧
داگیر کردن (الغَصْب) .................................................. ٤٤٩
**بەشی: شتی دۆزراوە (اللُّقْطَة)** ٤٥٣
**بەشی: سوێند خواردن** ٤٥٦
**بەشی: نەزکردن** ٤٦٦
**بەشی: خواردەمەنی** ٤٧٠
ئەو خواردنانەی حەرامە .................................................. ٤٧٠
تێبینی: جیاوازی زانایان لە خواردنی گوشتی کەمتیار و ڕێوی .................................................. ٤٧٤
تێبینی: هەندێك لەوانەی کە خواردنیان حەڵاڵە ، بەڵام خەڵکی خۆی لە
خواردنی دەپارێزێت . .................................................. ٤٧٨
سەربڕینی شەرعی .................................................. ٤٨٢

منتدى إقرأ الثقافي

قوربانی .................................................. ٤٨٦
گوێزەبانە (حەوتەم) ............................................ ٤٩٢
میوان داری .................................................. ٤٩٥
شێوازی خواردن ................................................ ٤٩٩
خواردنەوە .................................................. ٥٠١
دوو تێبینی: یەکەم/ مەی خواردنەوە تاوانی گەورەیە ............................ ٥٠٦
دووەم/ هەندێك کەس هەوڵی حەڵاڵ کردنی هەندێك لە جۆرەکانی مەی دەدەن .
شێوازی خواردنەوە ..............................................
٥١٠ بەشی: پزیشك و خۆچارەکردن (الطِّب والتَّدَاوي)
٥١٥ بەشی: دادگاو بڕیار دان (القَضَاء)
تێبینی: دەبێت تەنها پیاو بەکاری دادگا هەڵبسێت ................................ ٢٣٤
ڕووبەڕووبونەوەی داواکار و داوا لێ کراو (الخُصُومَة) ............................ ٥٢٢
شایەتی دان (الشَّهَادَة) ........................................... ٥٢٥
دوو تێبینی: یەکەم/ سنووری (عدالەت) چییە؟ .....................................
دووەم/ قازی چۆن دادپەروەر بناسێت ...........................................
٥٣٠ بەشی: مایە پووچ بوون و قەدەغە کردنی دەست کاری ماڵ و پارە (الإفْلاَس و الحجر)
٥٣٤ بەشی: سنووری تاوانەکان (الحُدُود)
یەکەم: سنووری داوێن پیسی و نێر بازی ..................................... ٥٣٧
دووەم: سنووری بوختیان هەڵبەستن بەزینا .................................... ٥٤٥
سێیەم: سنووری بێ هۆش بوون (إسکار) ...................................... ٥٤٧
چوارەم: سنووری دزی کردن .............................................. ٥٤٩
پێنجەم: سنووری ئەوانەی لەگەڵ خواو پێغەمبەردا (ﷺ) دەجەنگن (المُحَارِب) ... ٥٥٣
شەشەم: سنووری ئەوانەی لە ئیسلام هەڵدەگەڕێنەوە (المُرْتَد) ........................ ٥٥٥
حەوتەم: سنووری ئەوانەی لە فەرمانی پێشەوا دەردەچن (أَهْلُ البَغْي) ........ ٥٥٨
٥٦١ بەشی: تاوان کردن دەرهەق بە مرۆڤەکان (الجنايات)

منتدى إقرأ الثقافي

کوشتن و جۆرەکانی ..............................
تۆڵە سەندنەوە و مەرجەکانی (القصاص و شروطه) ........ ٥٦٥
نرخی خوێنی مرۆڤی کوژراو یان ئەندامی فەوتێنراو (الدِّيَّة) ........ ٥٧٠
سوێندانی ئەوانەی گومانی کوشتنیان لێ دەکرێت (القَسَامَة) ........ ٥٧٧
بەشی: وەسیەت کردن ٥٨١
تێبینی: پێشەکی وەسیەت چۆن دەبێت ..............................
تێبینی: ئەمرۆ پێویستە وەسیەت بکرێت کەوا مرۆڤ لەسەر سوننەت ئامادە بکرێت...
بەشی: میرات دابەش کردن ٥٨٦
ئەو هۆیانەی دەبنە هۆی میرات وەرگرتن وە ئەوانەیش کە دەبنە هۆی وە نەگرتنی .... ٥٩٢
ئەوانەی میرات دەبن لە پیاوان و ئافرەتان .............................. ٥٩٣
بەشە دیاری کراوەکان .............................. ٥٩٥
بێ بەش کردن و بەش کەم کردنەوە .............................. ٥٩٨
چۆن دەست بەمیرات بەشکردن دەکرێت .............................. ٥٩٩
(عَول) کردنی مەسەلەکانی میرات ..............................
بەشی: خەبات کردن و تێکۆشان (الجِهَاد) ٦٠٥
فەزڵی جیهاد کردن و موجاهیدان ..............................
٦٠٩
حوکمی جیهاد کردن ..............................
شێوازی جیهاد کردن .............................. ٦١٢
حوکمی دیل (الأسِيْر) .............................. ٦١٧
دەست کەوتی جەنگ (الغَنِيْمَة) .............................. ٦١٨
سەرانە وەرگرتن لەسەر (أهْلُ الذِّمَّة) .............................. ٦٢٥
ناوەڕۆک .............................. ٦٢٩

تَمَّ بِحَمْدِ اللهِ

منتدى إقرأ الثقافي